موحەمەد
دەبێتەوە بە پێغەمبەر

موحەمەد
دەبێتەوە بە پێغەمبەر

کتێبی دووەم

تەحسین حەمەغەریب

موحەمەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر

کتێبی دووەم

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨٩)

- نووسینی: تەحسین حەمەغەریب
- بابەت: ڕۆمان
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٩٦)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی - نزیک پردی خەسرەوخان
07702422171

بە بێدەنگییەکەی زانیار و
میهرەبانییەکەی نەواز و
ڕوانینەکانی ئاشتیار و
پرسیارەکانی سروش و
دایکایەتییەکەی مەریەم
پێشکەش... کە گەردێك لە موحیببەتی موحەمەد
سەریکرد و هات و بوو بە ئاوەدانی ناو ماڵی ئێمە و
عەیامێکە من و ئەوان بەو موحیببەتە دەژین.

یەکەم: خەڵوەتەکانی عەبدولموتەلیب

(لێرە هەرچی خووگرتنە هەمووی فڕێ دەدات و دیوێکی تری بوونی بۆ دەر دەکەوێت، دوور لەو دونیا بێسەروبەرە، هەست بە ئاشتییەکی قووڵ دەکات.)

پیرەپیاو وەک بە خۆی دەگوت (عەبدولموتەلیب) و خەڵکی پێیان دەگوت (گەورەی قورەیش) هەرکات لە ئەشکەوتی "حەرا" دەهاتە دەرەوە، چاوەکانی دەبڕیە ئاسمان و لە سۆمای چاویەوە دەچووە ناو ئەو هەموو ئەستێرەیەی ئاسمان، کە بەرامبەر بە ئەشکەوتەکە دیار بوون. دواتر چاوەکانی لە ئاسمانەوە بۆ لووتکەی شاخەکەی (نوور)، کە سەری بە بن ئاسمانەوە دابوو و بە ورشەی ئەستێرەی نووری سپیی مانگ نووربارانی دەکرا، بە ڕووناکیی مانگەکە ئەستێرەکانی زەرد هەڵدەگەڕان و جارێکی دیش سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕییەوە هێندە بەرز، کە ڕیشی سپیی درێژی دەکەوتە سەر لووتکەی شاخەکە.

لە ئاسماندا دەمێک، وەک جێپێکانی فریشتە و ئاژەڵان، دەمێک دووپشک و ورچ و شێری لە ئەستێرەکان دەدۆزییەوە و جارێکی تریش ئاسمان لە بیلبیلەی چاوەکانیدا بۆ سەر شاخەکە شۆڕ دەبوویەوە، هەموو شاخەکان بە چاوەکانیدا تێدەپەڕین و نووری لاوازی مەشخەڵ و چراکانی مەککە دەچوونە ڕۆحی، تارمایی مەککەی دەدی لەو شیوەی بەردەمیدا، کە عەبای شەوی دابوو بە خۆیدا و لە بەردەم سەرمای بیابانیدا ڕاکشابوو، ئەوە چەند ساڵە دوو جار هەر بە شەوان دەهاتە ئەشکەوت و چەند شەو لێرە دەمایەوە و وەک ئەم شەویش هەر بە شەودا دەگەڕایەوە.

عەبدولموتەلیب کە دوو مێزەری لە ئاوریشم چنراوی ڕەشی بە خەتی پانی سوور تەنراو لە سەر دەپێچا و بەو چاوە قوولانەیەوە کە بە هۆی پیرییەوە چووبوونە ناو کەللەی سەریەوە و هێشتا گەورەیی خۆیان پاراستبوو و بە ناوشانی پان و باڵای بەرزیەوە (حەکیمی عەرەب) گونجاوترین ناو بوو لەویان نابوو. هەر وا دوای تەواوکردنی خەڵوەتی چەندڕۆژەی لەناو ئەشکەوتی حەرادا، ئاوا ڕادەوەستا و لە ئاسمان و شاخ و شاری دەڕوانی و هۆشی خۆی لە بینراوەوە بۆ نەبینراو دەگواستەوە و لە بن لێوانەوە بە خۆی دەگوت: ئەگەر

خودا بیەوێت هەر کەس لە هەر شوێنێکی دونیا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، تا ئێمە باشتر بین، شتەکانی دەوروبەریشمان لەگەڵمان باشتر دەبن، باشبوون و خراپبوونی ئەم جیهانە پشتی بە باشبوون و خراپبوونی ئێمە بەستووە.

هەمیشە کە دێت بۆ ئەشکەوتەکە کۆڵی بە گیروگرفتەکانی مرۆڤەوە چەمیوەتەوە، سەیر لەوەدایە کە لە ئەشکەوتیش دەچێتە دەر گیروگرفتەکان سووک بوون، بەڵکو زۆریشیان هەر نەماون. لێرە هەرچی خووگرتنە هەمووی فڕێ دەدات و دیوێکی تری بوونی بۆ دەر دەکەوێت، دوور لەو دونیا بێسەروبەرە، لێرەدا هەست بە ئاشتییەکی قوڵ دەکات.

سەیری دووری کرد، بیابانەکە بە مانگ ڕۆشن بووبوویەوە، ئەمی پیری دونیادیدە زۆر شوێنانی بینیوە، ئێستا چاوە کزەکانی لەوە ڕوونتر بوون کە لە سەفەرەکانیدا شتە نوێیەکانی پێ دەبینین، لێرە ڕۆحی تەواو بێدەنگە و دڵی هیچ نااڵێت و تەنها گوێ دەگرێت، گفتوگۆ ناڕاستەوخۆ و یەکلایەنەکان بوونەتە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی دوولایەنە کە ئەوی نەبینراو بۆ ئەم دەدوێت.

هەستایەوە بۆ دەرچوون لە ئەشکەوتەکە، سەری دانەواند بیری لە دەستکەوتە نەبینراوەکانی ئەم جارەی ناو ئەشکەوت کردەوە، لەپڕ هەستی کرد سێبەرەکەی بووەتە دووان و یەکێکیان باڵی هەیە و بەخێرایی بەلایدا تێپەڕی.

پیاوەکە خاڵی نەبوو لە بەسیرەت و بە چاوی دڵ ڕوانیبووی و هەموو شتێکی لا ڕوون بوو و گوشاری فیکری لەسەر نەبوو.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر مەککەی بەجێ هێشت و بۆ ئەشکەوت هات، ئاخر لەو شارەدا بێجگە لە نیگەرانی هیچی دیی پێ نەدەبڕا.

مەکە بە دەست شەڕە دووروددرێژەکانی نێو سەدەکانی خۆی و سەفەرەکانی بۆ شام و یەمەن و بێئورزەیی پیاوانیەوە شەکەت بوو، مەککەییەکان شەیتان دزەی کردبوویە هەناویانەوە، یاخود هەر خۆیان شەیتان بوون، ئەمیش دڵی هەبوو، ئەمما چ دڵێک کە خەفەتی بەدبەختییانی دەخوارد، ئاخر ئەوان کەسوکاری ئەم بوون، بەاڵم ئیدی نە مەکە و نە بیابانیش ئەو مانایەی پێشوویان نەبوو، سەیر بوو بۆ ئەوەی چارەی کێشەی خەڵکەکەی بکات و لە دەردەسەریی ئاژەڵی دووپێ لە جیهان بڕوانێت دەبوو پەنا بۆ ئەم ماڵە کۆنەی مرۆڤ بەرێت، ئەم بە ئەزموونی چەندین ساڵەیدا دەیزانی هەرکام لە پیاوانی قورەیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و ستەم لە برا دووپێکەیان، خۆیان لەم

دەبردە پێشەوە، ئەو دەمانەی ئەوان لەو لافوگەزافەیان دادەبەزین کە حەکیم و ماقوولّ خۆیان پیشان بدەن و خۆیان وا پیشان دەدا گوایە گیریان بە دەست مرۆڤی لە خۆیان کەمتەرەوە خواردووە. ئەو دەمەی کە (دارالندوە) جمەی دەهات، ئەمیش وەک گەورەی شاری پیرۆز لە سەری سەرەوە دادەنیشت و گوێی لە هەمووان دەگرت رێزی لەوان دەنا، وەک چۆن ئەوانیش رێزیان لەم دەگرت، هەمووان قسەیان بۆ دەکرد و ڕووی دەمیان لای ئەم بوو، لای بە لای ئەشکەوتەکەدا کردەوە و وتی: لێرە یەکێک قسەی بۆ دەکردم وەک هیچکام لە کەسەکانی دیکە نییە.

پاشان سەری بۆ لای ئاوەدانی و شار شۆڕ کردەوە گوێی لە دەنگیان نەبوو، بەڵام بە جوولّەیان لەوە دەگەیشت کە خەریکی چین. ئەوەی ئەو بە دەست ئەوانەوە بەرگەی دەگرت، کەس بەرگەی نەدەگرت، هەنگاوی دەنا و ئازاری دەچەشت تاڵاوی ئازار لە دەمیدا بوو، خودایە بە ئومێدم تۆوی ئادەمیانی چاک لە ناو ئەم بەرەهوتەدا بترۆکێت و درەختی ئیمان لێرەدا سەوز ببێت. ئەو خۆشی هەر وەک ئەوان مرۆڤی لە قوڕ خولقاوی گۆشت و ئێسقاندار بوو هەر هێندە هەبوو تێدەگەیشت و بۆ ئەوەش پێبگات پێویستی بە بڕینی هەنگاوەکانی سەرەتا هەبوو کە بەم تەمەنەوە زۆرێکیانی بڕیبوو. هەر زوو ئارەزووە ناچیزەکانی لە ژێر پێ دانابوو، هەرکام لەوانیش دەیتوانی کاری لەو شێوە ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوان نەیاندەکرد. ئیدی بەرگەی هەوای مەککەی نەدەگرت، هەرجار لە فرسەت دەگەڕا و بۆ ئەم ئەشکەوتەی سەر شاری مەککە هەڵدەهات.

وای مەککە! بە ڕۆژ و ڕۆژگارت.

بۆ خوارەوەی ڕوانی، مەککە کەوتبوویە کۆتایی شیوێکی درێژەوە لەناو شاخەکاندا، کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە شاخی "ئەبوقەبیس" و کێوی "قەیقەعان"یش لە ڕۆژئاوا و بەشی کۆنی ئەو شارە لەناو هەناوی ئەم دۆڵەدا بوو، کە بە شیو و سکی مەککە ناو دەبرا، بە ناوەندەکەشیان دەگوت "بەتحان" خانووەکانی ئەم بەشە لە شار لە ماڵی خوداوە نزیک بوون، کە باپیرە نوور (ئیبراهیم) و کوڕەکەی ئیسماعیل دروستیان کردەوە، لە نێوان ماڵەکان و ماڵی خودادا شوێنی پرسوڕا بوو، کە لە بنەڕەتدا کۆشکی باپیرەیان بوو و بۆ شوێنی کۆبوونەوەی پیاوە گەورەکانیان وەرچەرخابوو، هەموو ڕۆژێک پیاوانی سەروو چل ساڵ لەوێ کۆ دەبوونەوە و باسی ئەو شتانەیان دەکرد کە بە لای ئەوانەوە

گرنگ بوون و باسی شار و بیابان و عالەمیان گەرم دەکرد کە پڕ لە فەوزا بوو، دەبوو لەو فەوزایەدا پارێزگاری لە خۆیان بکەن. پیاوانی بەدەسەڵات و سەرۆکی بنەماڵە گەورەکان لەوێ کۆ دەبوونەوە.

ماڵەکانی دیکە لەسەر تەپەکانی خوارتر و بناری کێوەکان شوێنی خەڵکە هەژارەکان بوو، گەرمای بیابان کە بە (ڕەمزا) ناسراو بوو مێشوولە و بێئاوی و بای سەمووم ژیانی ناو مەککەی لەتوانابەدەر کردبوو، ئەو هەموو شوێنەی بیر دەهاتەوە کە لە تەمەنی دوورودرێژی خۆیدا بینیبوونی، لە سەرەوە دیمەشق و باخات و لە خوارەوەش باخەکانی عەدەن لە یەمەن. نهێنیی ئەوە چی بوو کە خودا ئەوانی بۆ ئەم شیوە وشکوبرنگە هەڵدابوو. ئەوێ ماڵی خودا بوو، بەڵام دوو مرۆڤ دروستیان کردبوو، کەواتە ئەو ماڵە هەم ئاسمانی هەمیش زەمینی بوو، ماڵێک بۆ ئەوان دروست نەبوو، بەڵکو ئەوان ڕۆڵیان هەبوو لە دروستکردنیدا، ئەو ماڵە لەو چۆڵەوانیەدا ئەم هەموو شتەی بۆ ئەمان کردووە.

ئەو و عەشیرەتە دەوڵەمەندەکەی لای خۆی زم و هاوین دێن و دەچن، مەملەکەتی کۆشکی ڕۆم لە شام و هەیبەت و دەسەڵاتی شاهەنشاهی فارسیش لە (مەدائین) دەبینن، کەچی ناتوانن سەرێ بۆ ئاسمان هەڵبڕن و خودای خۆیان لەو سەرەوە بدۆزنەوە کە هەموو شتێکی بۆ ئەوان کردووە!

بەرەبەرە بە حەزەرەوە هەنگاوی بەرەو خوارێ دەنا. تاریکیی شەویش بەرەبەرە شاری دەپێچایەوە، کووچە و کۆڵانانی مەککە بۆ با بەجێ دەما، تا تەراتێنی تێدا بکات. زۆرێک لە پیاوانی خاوەن ژن بە ڕەسمی دەیان سااڵەیان لەباتی ئەوەی بۆ ناو ماڵ و منداڵیان بگەڕێنەوە خۆیان دەگەیاندە ماڵی بێوەژنە لەشفرۆشەکان، زۆر جاران پیاوانی ماقوول بەسەر یەکدیدا دەچوون، یاخود بەئاشکرا کۆڕی مەینۆشی و سەمایان ڕێک دەخست و هێندە ئاوی شەیتانیان دەنۆشی تا بە مەستی و سەرخۆشی بەسەر یەکتردا دەکەوتن و ڕابردوویان لەبیر دەکرد، دەموچاوی ناسکیان دەکەوتە ناو شەرابەوە و لە خەوی قوواڵدا غەرق و نغرۆ دەبوون.

ئەگەر ژنەش منداڵێکی ببووایە، ئەوا هەر بە ڕەسمی دەیان سااڵەیان، خۆی یەکێک لەوانی هەڵدەبژارد کە لە باوکی منداڵەکەی بکردایە یان قازانجی ببووایە لە ڕووی مووڵک و ماڵەوە بە باوکی دابنێت، یاخود ئافرەتی سەرناسیان دەدۆزیەوە بە ڕوانینی بۆ جەستەی وردی منداڵەکە، کە هێشتا دەست و

پەنجەی بە تەواوەتییش خاڵی نەدابوو بە سەریاندا دەیدایەوە. زۆر جارانیش هەر لەسەر ئەم بابەتە دەبووە شەڕیان و خەنجەریان لە یەکدی هەڵدەسوو، پیاوی پیاوانەیان تێدا دەکوژرا، ئیدی ڕۆژان و ساڵان تێدەپەڕین و ئەم ڕەسمەیان دووبارە دەکردەوە.

بە بیرکردنەوە دەماری شینی ناوچاوی دەرپەڕی و ڕەنگی زەردی لە شەرماندا سوور هەڵگەڕا. ئەم شارە بێخەوە نە شەوی هەیە و نە ڕۆژ، هەر خەریکی گوناە و زوڵم و ناخودایییە، بە ڕۆژدا بازاڕ و ڕیبا و دەستبڕین و بە شەویشدا مەستی و خواردنەوە. شاری مەککە بۆنی گەنیویی لێوە دەهات، لەو بۆنانەی لە شارە گوناهبارەکانی وەک شارەکانی قەومی عاد و سەمود هەبوون. ئەوان بە بۆنن و ئەو بۆنە هەست پێ ناکەن، دەبێت کەسێکی حەکیمی وەک ئەم ئاوا بۆنێک هەڵبگۆزێت.

مەککە تەنها شاری نەفسە و شاری دڵ نیە!

لەسەر یەکەمینی ئەو بەردانەی وەک قادرمە بۆ سەرکەوتن بۆ ناو ئەشکەوتەکە دانرابوون، بەحەزەرەوە لەسەر لا نەعلەکانی دانان، سەری بۆ ئاسمانی تاریک هەڵبڕی. لە سەرووی خۆیەوە جوولەیەکی هەست پێ کرد، ڕوونا‌کییەک چاوەکانی دەبرد، بەرەبەرە بۆ خوارەوە داگەڕا و بەردی ورد و گەورەش لە تەک هەنگاوی قورسی ئەمدا بەرەو خوار گلۆر دەبوونەوە.

ئەو وەک پاشایەکی بەتوانا و سوڵتان، بەڵام تەنها و بێ پاسەوان بۆ ناو شار گەڕایەوە. ئەو لە زەوی و لە مەککە کاری زۆر بوو ئەنجامیان بدات. وای باپیرە بە چ حیکمەتی گەورە گەیشتبوو، بۆ ئەوە نەچووبوو کە لەوێ لە ئەشکەوت یان ئاسمان بمێنێتەوە. ئەو دەیزانی کە دەبێت مرۆڤ ڕێگای ڕزگاری بگرێتە بەر، ئەوەشی دەزانی ئەو ڕێیە تەنها یەک ڕێگەی هەیە، ئەویش ڕزگاریی ئەوانی دیکەیە.

بەناو مەککەدا گوزەرا، شار چۆڵوهۆڵ دیار بوو، دەرگای حەوشەکان کرابوونەوە، لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵ و جووزەلە دەهات، دیار بوو پیاوانی مەست خەریکی هەڵدانی پێکی شەیتان بوون، ئەوان لەو کۆڕانەدا خراپەکارییان لە نێوان خۆیاندا بەیەکسانی دابەش دەکرد. دەستی چەپی بە پشتیەوە نووساندبوو، بە دەستی ڕاستیشی گاڵۆکەکەی گرتبوو کە خۆی بەسەردا

دەچەماندەوە. کاتێک بە گردی سەفادا هەڵدەگڕا و پرسیاری لە خۆی دەکرد کە بۆچی دەبێت مەککە وای لێ بێت؟ ئەمە تا کوێ بەردەوام دەبێت؟ هەتا کەی نەوە خراپەکان لە زیناکاران و ڕێباخۆران و چەوسێنەرەکان جێگەی باوانیان بگرنەوە؟

کاتێک حەکیمانێکی وەک ئەمیش ویستبێتیان ڕێ لەمە بگرن، هێزی بزوێنەری گشتی لە دژیان وەستاوەتەوە، ئەمان ناچار بوون بدەنە کێو و لە ئەشکەوتان بیر لە چارەنووسی بەشەر بکەنەوە.

هەنووکە گەیشتبووە لووتکەی گردەکەی (سەفا) و دەنگی خیزەی سینگی دەهات کە هەناسەی توند بووبوو، بۆ ساتێک وەستا (وەنەبێت ئەم هەوڵی گۆڕانکاریی نەدابێت، زۆر جاران بووە (دارالندوە) جمەی هاتووە و هاتوبات باڵی کێشاوە بە سەریدا، پیرەپیاوانی مەجلیس سەریان بەسەر ملیاندا شۆڕ بووەتەوە، بەڵام ئەم هاتۆتە گۆ وای لەو خەڵکە کردووە بە دەمێکی دابەشبووەوە گوێی بۆ ڕادێرن و چارەسەرەکانی قەبووڵ بکەن، وا دەزانی ئەم کارە هەر وا ئاسانە کە بەوان بڵێ: زۆرخۆری مەکەن و ئاوی شەیتان نۆش مەکەن و ناوگەڵتان بپارێزن، هەر وا بەگوێی دەکەن. ئەمە ڕاست وەک ئەوە وا بوو پێیان بڵێ، واز لە ژیان بهێنن و بمرن، کە دڵنیا بوو نەوەک هەر بەگوێی ناکەن، بەڵکو تا ئەوپەری بوونیان دژایەتییشیان دەکرد. بەتەواوەتی لە گردە بەردینەکە دابەزی، لەسەر زەوی و لمی تەختایی هەنگاوی نا، زوبانی قورس و ئارەزووی قسەکردنی نەبوو، لە بەرچاوی ئەودا خانوویەک لە ئەرزەوە دەهاتە دەرێ و سەری لە ئاسمان دەسوو، ئەوە ماڵەکەی خۆی بوو کە باوکە گەورەی هاشمی بەخشندە پێکیەوە نابوو.

بیرێک لەو بیرانەی لە وەخت و ناوەختدا لە سەریان دەدا و ویستی بە شوێن خۆیدا بۆ ئەنجامدانی بگەڕێتەوە بۆ بەردەرکەی ماڵەکەی خودا، هەر ئەو جێگەیەی هوبەلی بێبااڵی تێدا دانرابوو، دەیویست بڕوات و کارەکەی باپیری، واتە بتشکاندن، زیندوو بکاتەوە و وردوخاشی بکات، بەڵام وەک هەموو جارێکی تر گوێی لە دەنگێک بوو کە دایە هەناوی و پێی وت: تەنها ئارام بە، ئەوان دەتکوژن سەرت دەبڕن و دەمریت! بەڵام ئەم هیچ، هەر هیچ لەو دەنگە نەدەترسا، چونکە هەر زوو مردبوو، عەقڵی بە ئەزموونی پێی دەگوت سوودی نییە و دڵی

پێگەیشتووشی پێی دەوت کاتێک دێت هەر ئەو کارە ئەنجام بدرێت، ئەوانیش هەنووکە دەبنە قاتڵی ئەو کەسەی کاری لەو شێوەیە ئەنجام بدات.

گوێی لە دەنگی گۆرانیبێژانی وشتران بوو، کە لەگەڵ دەنگی زەنگی ملی وشتراندا دەیانچڕی کە بە ڕێگا لماوییەکانی بیابانداا هەڵدەگژان، چەند حەزی لە کارکردن بوو، ژیانی گران بە ڕزگاربوون لە کۆتی هەژاری سووکەڵەتر دەبوو. بەیانی بە بینینی عەزابی مرۆڤ ئازاری دەچەشت، کاتێک هەژارانی دەبینی بەرگەی بینینیانی نەدەگرت، ئەو منداڵانەی سکی سووربراویان هەڵکشابوو و چاوە پڕ لە ترسەکانیان ئاوسابوون، یان ئەو پیرەپیاو و پیرەژنانەی قاچەکانیان بەشوێن خۆیاندا ڕادەکێشا، بە بازاڕە گەورەکەی قورەیشدا وەک سوپای برسیان تێدەپەڕین، ئەوانەی هەموو خەریکی مامەڵەی خۆیان بوون و ئەوانی هەژاریان نەدەبینی، بەیەکەوە لە بەردەم خوێنمژاندا چۆکیان دادا بوو و داوای نانیان دەکرد. نان بۆ ئەوەی بیخۆن تا لە برسا نەمرن و نەکەون بەسەر لمی بیابانداا، نەوەک بۆ ئەوەی هەڵی بگرن. ئەم هەوڵی دەدا و وشتری بۆ سەر دەبڕین و چڕەدووکەڵ و چز و بەز خواردنی چەوری دەرخوارد دەدان. تەنانەت خۆراکی بۆ وەحشیەکانی کێوەکانیش دەنارد.

بەڵکو زەوی و خۆر و مانگ هەر دەڕۆشتن و دەڕۆشتن و لە سەفەری جەماعیی خۆیان بەردەوام دەبوون و بە گێژاوی مرۆڤ پێدەکەنین و ئەم وردە چارەسەرانەی وەک ئەوەی ئەمیش چارەسەری بابەتەکەی نەدەکرد، گردە لمەکان دەگۆڕان، بەڵام بیابان نەدەگۆڕا، بە ڕووداوە بچووکەکان و مرۆڤە بچووکەکان چاک نەدەکرا، کەسێکی پێویست بوو سەفەرەکە بگەیەنێتە کۆتایی، بابەتەکەش پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی بوو.

ئەم زۆر گەڕابوو، لە هەرکام لە ڕیشسپیانی خیلەکەی زۆرتری بینیبوو، دەیزانی پیاوانی ئایین هەموویان دەیانگوت: کاتی هاتووە بە گوتەی هەموو کتێبە ئاسمانییەکان دیسان دایکە زەوی سکی بە دواین پێغەمبەر دووگیانە و ئەوا ئەمڕۆ ئەو دەزێنێ، ئەم گێرمە و کێشانە مەگەر هەر ئەو چارەسەری بکات و ڕاچەنێنێک و ڕزگاربوونی تر، هەمیشە هەر وا بووە، کاتێک هاتووە کە بەندە و مسکێنان سەریان بەرز کردۆتەوە و بەتەمای خۆڕزگارکردن بوون.

ئازار و ستەم داهێنانی نوێی دەخولقاند، مرۆڤایەتی لە ڕاچەنینێی نوێدا بوو هەمیشە وا بووە کە کاتی هاتنی پێغەمبەرێک هاتووە و دەستی مرۆڤی گرتووە و هەڵی بڕیوە، ڕووگەیەکی نوێی بە مرۆڤ بەخشیوە.

مرۆڤی گەورەی لە تەکدا کەوتووە و خۆیان بۆ شەڕی نوێ و ڕزگاریی نوێ ئامادە کردووە، ئیدی ئاوا هەستی دەکرد نەوەک گەدەی بەڵکو ڕۆحی کرابوویەوە، داستانی پێغەمبەرایەتیی نوێ کە دەبوو ئومێدی نوێی لەسەر هەڵبچنرێت، ئاخری دەهات و ئەمیش وەک ئەو زانا و ئایندەخوێنانەی دی چاوی لە ئاسمان دەبڕی تا کاتەکەی دیاری بکات، هەرچەند ئەگەر نەجاتبەخش بێت و کاتی هاتبێت، ئەوا پێویست بەوە ناکات لە ئاسماندا بۆی بگەڕێیت، چونکە لێرە لە هەر چوارلای دونیا مرۆڤی کڵۆڵ دەینالاند، لێرە دەبوو بێت و ڕزگاریان بکات، لوورەلووری گورگەکان بەرزتر بوو لە نالەنالّی نایەکان، ئاژەڵانی چوارپێ ئەم هاتوهاوارەیان ئاراستەی ئەو دەکرد، ئاخر ئەو ڕزگارکەرێک نەبوو لە فریشتە و تارمایی و نوور بێت، ئەو ڕزگارکەرێک بوو لە گۆشت و ئێسقان و هەر لە خۆیان بوو.

بەو حسێبە بێت ئەو ئێستا هاتبوو یان کاتی هاتبوو کە بێت، بۆیە چاوی لێک ناو لە ناخی دڵیەوە بەخێرهێنانی کرد، بەڵام کەی قورەیش لەوە دەگەن، لەدەست تەماح و هەڵپەیان کەسیان کاتی ئەوەی نییە سەیری ئەستێرەکانی ئاسمان بکات و شەڕ و ئاژاوە و سوپای بیر نەکەوێتەوە. لەبەر قەڵوەزەی مانگەشەودا هەنگاوی دەنا، کەسیان ناتوانێت بە بیاباندا بڕوات و مانگ حاشای لێ نەکات و دیناریکی دەست بکەوێت و دەستی کەسێکی نەبڕیبێت.

سەیری مردووەکانی کرد، کە بە بێدەنگی و ڕاکشاوی و بێ جووڵە، لای خودا دریژەیان بە ژیانی مردووانەی خۆیان دەدا، گۆڕەکان زۆر و زۆرتر و زیندووانیش نازی خودایان نەدەکێشا، تەنها کەمێکی ئیماندار نەبێت. هەرکام لەوان بتێکیان لە ماڵ دانابوو و بتیان لە بەرد بۆ خۆیان تاشیوە و هەزارانیان لە شاری مەککە داناوە، ئیدی پشتیان لە خودا کردووە و متمانەیان بە مرۆڤ نییە.

ئەمەش جیاوازیی ئەم و ئەوان بوو وەک جیاوازیی هەڵۆکان و چەقەڵەکان، ئەمان و ئەوان وەک یەک زمانی بیابان دەزانن، بە جیاوازیی هەڵۆکان لە ئاسمان بە چاوی تیژەوە بۆی دادەبەزن و چەقەڵەکانیش بە گواستنەوەی قاچی بچووکی یەک وەک یەک و یەک ڕیتمەوە هەنگاویان بۆ دەنێن، چەقەڵەکان هەرگیز ناتوانن خۆیان هەڵبڕن و لە سەرەوە لە بیابان بڕوانن، ئەو نەیدەزانی وەک ئەوانی بێهۆش و سەرمەست باوەڕ بە خۆی بێنێت، ئەم هەموو برسێتی و ئازارە بوونی نییە، وەختێک گوێی ڕادەدێرا لە هەر چوارلاوە تەنها دەنگی گریان بوو. ئەم بە بینینی ئەم دۆخەی مرۆڤی تێدا دەتوایەوە، نەدەتوایەوە، بەڵکو بەهێز دەبوو. ئاهی لە ناخی هەڵدەستا و بە دەنگی زۆر بەرز لەناو خۆیدا کتێبی حەقیقەتی دەخوێندەوە، کە تەنها خۆی گوێی لێ بوو.

دوێنێ شەو، کاتێک کۆتایی خەڵوەتە چەند ڕۆژیەکەی بوو، هەنووکە تەنانەت پەردە تەنکەکەش دڕابوو و جیهانی ئەودیوی دیتبوو، ئەشکەوتەکە دەنگی دەدایەوە، مەخلووقێکی نەبینراو هاتبوویە ژوورەوە پێی دەگوت: بڕۆ شوێن پێغەمبەری نوێ بکەوە تا بەشکو زەردەخەنە لەسەر لێوت بنیشێت، لە خزمەکانت گەڕێ، پێغەمبەرایەتی لە سۆز و خزمایەتیش توانای تێپەڕاندنی هەیە، تواناکانی مرۆڤ تەنها لە خوێن و جەستەیدا کورت نابنەوە.

دەرگایەک کرابوویەوە و ئێستا ئەو لەژێر هێرشی حەقیقەتێکدا، کە کەس بەرگەی نەدەگرت، خەریک بوو دەبووڕایەوە، هەر ئەو بۆنە لە کەپوویدا بوو، بۆنێکی سەیر کە ئەشکەوتی تەنیبوو، ڕەنگە سەرزەوی لە بەرایی خیلقەتدا هەمان بۆنی لێ هاتبێت، ئەو دەمەی بێ شەڕوشۆڕی مرۆڤ و یەکەم پێغەمبەر یەکەم مرۆڤ بۆ سەرزەوی دابەزی، هەنووکە هەمان بۆن بۆ دابەزینی کۆتا پێغەمبەر جیهانی گرتبوو. چێژی لە بیرکردنەوە لە ڕزگارکەر بینی، چاوەکانی داخستن و جارێکی دی لە دڵەوە بەخێرهێنانی کرد. گوێی لە لمی ژێر نەعلەکانی بوو کە لە پێدانانە قورس و ئارامەکانی ئەم هاواری لێ هەڵدەستا، جەستەی بە تەنها بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا و زەینی دەمێک بۆ ڕابردوو دەڕۆشت و دەمێکیش بۆ ئێستا دەگەڕایەوە.

گاڵۆکەکەی بە زەویدا کێشا و بۆ ساتێک وەستا و سەری بۆ شیوەکە و خانووەکان هێندەی پێی کرا هەڵسووڕاند، شار لە دەرەوە گەورە بووبوو. زۆر گەورەتر لەوەی ئەو کاتەی کە (موتەلیب)ی بۆ لە یەسریبەوە و لە دواوەی خۆی ئەمی لە پشت کۆپارەی وشترەکەی دانابوو، بۆ ئێرەی هێنابوویەوە، هەموو خەڵکی شاریش بۆ پێشوازیی ئەوی گەورەیان هاتبوون و ئەمی منداڵیان لەگەڵ دیبوو و نەیانزانیبوو برایەتی و وایان زانیبوو ئەم کۆیلەیە و کڕیویەتی و دواتریش کە زانییان و پێگەیشت و ژیرییەکانی دەرکەوتن و بووە گەورەی خێڵەکەی هەر بە (عەبد) و کۆیلەی موتەلیب ناسرا. ئیتر بوویە (عەبولموتەلیب)، بەڵام لە ناوەوە و لەوەدا ئەم شاری پێ لە ناشار جوودا دەکردەوە، مەککە بچووک و بچووکتر دەبوویەوە، خەریک بوو بە پشتی بیابانەوە ون دەبوو.

لە ئەستێرەی نزیک و گەورەی بەیانیی ڕوانی و ڕۆشنایی فەجری بینی وەک پەتێکی سپی لە پەتی ڕەشی چادری شەو جوودا دەبوویەوە. لەپڕ زەینی چالاکی توانای گەڕانەوەی خۆی بۆ دوێنێی سەرلەئێوارە پیشان دا، هەر ئەو کاتانەی شەو کە ساردیی ئاسمان دادەبەزێتە ئەم بیابانە و بیابانیش گەرم، کە بە ڕۆژدا هەر وەک تەنوور دادەگیرسێت، هێندە سارد دەبێت کزەی بە جەرگی مرۆڤ دەگەیەنێت و عەرەبە بیابانناشینەکان عەباکەیان بەخۆوە دەپێچن و لە دەوری ئاگری هەڵایساو خڕ دەبنەوە و سەیری ئەستێران دەکەن و تا بەیانی داستانی قارەمانێتیی باوانیان دەگێرنەوە. لەسەر قارەمانێتیی باوباپیرانیان و لم خەویان لێ دەکەوێت. بە تینی خۆری بەیانی بەخەبەر دێن و لە ئاگریان دەڕوانن کە بووەتە خۆڵەمێش و دواهەناسەی دووکەڵاویی خۆی دەدا. چاوەکانی داخستبوو بۆ ئەوەی بیابانی فراوان باشتر ببینێت و دواتر چاوەکانی کردەوە بۆ ئەوەی بۆ ئێستای ناو شار بگەڕێتەوە.

لەنێو ئەم شیوەدا مەکە بە کەمینەیەکی خۆشگوزەران و بەگلەیی، زۆرینەیەکی زەحمەتکێش و بێگلەیی دەژیان. لە سەرووێشیەوە دوورتر زۆر دوورتر یەسریبی پڕ لە خورما و تریێ و سەوزەڵان و ڕۆحلەتبووی شەڕی

نێوان هەردوو تیرەی (ئەوس) و (خەزرەج)، بەڵام میهرەبان هەڵکەوتبوو و ئەم سەردەمی منداڵیی خۆی لەوێ بەسەر بردبوو.

قوڕەیش لەم بیابانە وشک و بڕینگەدا چۆن دەژیا؟ کە تەنانەت بۆ دەستکەوتنی خورماش دەبوو بۆ تائیف یان یەسریب بڕۆن، وەڵامی ئاسانی ئەمەش هەر ئەوەیە بە فێڵ و تەڵەکە بە زمانپاراوی و سوودبینین لە شوێنی پیرۆز ئەم کارەیان کردبوو.

هێرشی بیری هاودژ ناو کەللەیدا گەرم کردبوو، لە ئانێکدا لە بیرکردنەوەی ناوچەیی لە مەککە و قوڕەیش بۆ بیرکردنەوە لە هەموو جیهان و مرۆڤایەتی بزوا، کە ئەوەش توانایەک بوو کە ئەمی حەکیم دەیتوانی ئەنجامی بدات و هیچکام لە گەورانی تیرەکانی قوڕەیش توانای ئەنجامدانیان نەبوو.

فەرشی پانی سەرزەویی هاتە بەرچاو، کە بە نەخشی ئاوی شین و بیابانی زەرد و شاخی بەرد و باخ و دارستانی سەوزی خۆیەوە مرۆڤ داهێنانی نوێی لە وێرانی و شەڕ و ئاژاوەی تێدا دەخولقاند، مرۆڤایەتی لە ڕاچەنینێکی نوێدا بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: هەمیشە وا بووە، کە پێغەمبەرێک هاتبێت کە دەستی مرۆڤی گرتبێت و هەڵی بڕیبێت، ئەوا ڕاچەنینێک بووە بۆ دونیا و مرۆڤ.

ئەم جارەش ئاوا بوو، داستانی پێغەمبەرایەتیی نوێ کە دەبوو ئومێدی نوێی لەسەر هەڵبچنێت و لە شوێنانی دوور و لە سەفەرانی زۆریدا دەربارەی بیستبوو و فامی پێویستی هاتنی کردبوو. ئەو بەتەمەن بوو، دەیزانی حیکمەتەکانی هەناسەهەڵمژین و هەناسەدانەوە تا سەر نابن، نەیدەزانی دەرفەتی دەبێت بۆ دریژەدان بۆ گەیشتن بەو ڕزگارکەرە، بەڵام ئێستا چەند شەو بوو وەنەوزی نەدابوو، دەبوو بخەوێت و بەیانییش دیسان بیر لە کاروباری خەڵکی مەککە بکاتەوە، کە هەنووکە خەریک بوو ڕوونا کیی ڕۆژ دیوارەکانی سپیی دەکردەوە.

ئەو وەک پاشایەکی بەتوانا و سوڵتان گەرایەوە ناو شار، بۆ ئەوە نەچووبوو کە لە ئەشکەوت یان ئاسمان بمێنێتەوە.

دووەم: لەسەر کانیاوی شاراوەی ئاوی زەمزەم
(جارێکی دییش ڕیشسپیی مەککە)

عەبدولموتەلیب ڕۆحی گەیشتبوو، ئامادەی جوێبوونەوە بوو لە جەستەی پیری. ئەوانەی دەگەن ڕۆحیان ڕێنموونیی جەستەیان دەکات، ئەوان ئیدی تەنها تەپوتۆزی بە حەواوە بووی بیابان نابینن، بەڵکو ئەو باهۆزە نەدیتراوە درک دەکەن کە خاکەکان بە حەواوە لوول دەدا و تەپی گەورەی لم لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ خۆی دەبات و لای ڕۆژئاواوە دایدەنێتەوە و زاری نەدیتراوی دەکاتەوە و هەرچیی بەر زاری بکەوێت لە مرۆڤ و وشتر لەتەک خۆی هەڵی دەگرێت و زیخ و بەردە گەرمەکان بە دەموچاوی مرۆڤەکاندا دەسوێت، بەڵام خۆی نابینرێت.

هەروەها پیرێکی وەک ئەمیش ئەوە ڕۆحی نەبینراویەتی جەستەی وەردەسووڕێنێت و بە زمانی ڕۆحیش کە ئیشارەتە و لە دونیای ڕۆحدا کە جیهانی خەوە هەموو شتەکانی بەو دەگەیەنێت، ئەو خەونەکانی ڕێنموونییان دەکرد و ئەو لە خەوندا ئیدی لە دیدی ئەبەدیەوە شتەکانی دەدی، ئەو کاتەی خەوی دەبینی ڕۆحی سووکەڵەی لە جەستەی پیری جوودا دەبوویەوە و سەفەری داهاتووی دەست پێ دەکرد، خەونی سبەینێی دەبینی لەو خەونانەی ڕاست وەک ڕۆژی ڕوون دەهاتنە دی، ئاخر تەنها لە کاتی خەوندایە مرۆڤ جیاوازی لە نێوان وەهم و ڕاستیدا ناکات، خەونەکان ئەو کاتانەی دەبینرێن هیچیان ڕاست نین، لە دواییدا دەردەکەوت کە هەندێکیان ڕاست هەڵدەگەڕێن و هەندێکیشیان بێمانا دەبن.

خەونەکانی (عەبدولموتەلیب) زۆر جار ڕاست دەگەڕان، نەوەک هەر ئێستا، بەڵکو لە ئانی لاوییەوە، لەو کاتەنانەی خۆی لە گوناە دەپاراست، ئەو یەکێک لە یەکتاپەرستانی عەرەب بوو، ئەو یەکتاپەرستیەشی وای لێ کردبوو لەناو قەومی بتپەرستی خۆیدا هەست بە تەنهایی بکات، کێ چووزانێ شەوی تەنهایی چەندە قورسە! مەگەر کەسێک ببێتە یەکتاپەرست، ئەویش لە سەردەمێکدا خەریک بوو سەردەمی یەکتاپەرستی بەسەر دەچوو، ئەم لە کۆششی خۆڕزگارکردندا بوو و نزا و گوتەکانی تەنها بۆ خودا دەدرکاند، ئەو لە قەومەکەی دەترسا، هەرچەند

گەورەیـان بـوو، خـوداش لە ڕێـگەی خەونەکـانیەوە وەڵامـی ئەوی دەدایەوە، ڕێنموونییەکانی خـۆی بـۆ دەنـارد، خەونـی دەبینـی، خەونانێک کە هەندێک جـار ئارامییان پێ دەبەخشی و هەندێک جاریش ئارامییان لێ هەڵدەگرت. لە خەوندا بە تـاقی تەنیـا دەکەوتە ڕێ و دوای بێـدارییش کە ئەوانـی لە دەور بـوو، هەر تەنهـا بوو!

جارێکیـان فریشـتەی خەو هـاتە سـەروەختی و شـوێنی ئـاوی سـازگاری زەمزەمـی پێ نیشـان دا، ئەو ئاوەی عەیامێک بـوو کوێر بووبـوویەوە، هەرچەند بەنەبینـراوی وەک تەمەنـی نەدیتـراوی ئەو لەژێـر خاکـدا تێـدەپەری و هـاژەی دەکـرد. دوای خەونەکەی فریشـتەی بێـداری وەخەبەری هێنـا و دڵنیـا بـوو لە شوێنی ئاوەکە. بڕیاری دا لەتەک تاقە کوڕەکەی "حاریس"دا دەست بە هەڵکەندنی بکات، دڵنیاش بوو ئەوانی گەورەی قورەیش باوەڕی پێ ناکەن، بۆیە نیازی بوو بەتەنهـا ئـەو کـارە ئـەنجام بـدات، چ خـۆش دەبـوو ئەگەر مرۆڤـانی دی وەک ئەم بیانزانیبا، چونکە ئەوانیش وەک ئەم لە خەباتی بێوچانی خۆیـان بـۆ ڕزگاربوون تێدەکۆشن، ئەوانیش وەک ئەم مەسیریان هەمان مەسیر و ژیانیـان هەمـان ڕەنج و ئـازارە. بریندەکـانی ڕۆحـی خوێنیـان تـێ دەزا و کسـپەیان لە دڵـی هەڵدەسـاند، هەرچەند بوو بۆ گەیشتن بەو قسـانە ئێستا دەبـوو بخەوێت و بەیانییش دیسـان بیر لەوە بکاتەوە و تا بەیان بە یاسای ئەبەدیی خودایی چاوەڕوان بوو.

*** *** ***

ڕۆژ بووبـــوویەوە دەرگـــای ماڵەکـــان کرابـــووەوە و (عەبـــدولموتەلیب) بە کۆڵانەکـانی مەککەدا تێـپەڕی، لە کاتێکـدا تـاکە کـوڕەکەی (حـاریس) وەک ئەو باڵابەرز بە شوێنیەوە هەنگاوی دەنا، هەردووکیان پاچ و بێڵیان بە دەستەوە بوو، هەمووان بەسەرسـوڕمانەوە لێیان دەڕوانین، هەندێک لە شـەرم و هەندێکیش لە ترسانا، نەیاندەتوانی لە گەورەکەی قورەیش بپرسـن ئەو پـاچ و بێڵە بـۆ کـوێ بە کۆڵانە وشکوبرنگ و بە خۆر سووتاوەکانی قورەیشدا بە شوێن خۆیاندا دەبەن؟ بە هەر جێیەکدا تێپەڕ دەبوون هەمووان شوێنیان دەکەوتن.

بە لای دەستە ڕاستدا بایان دایەوە، ئەو هەمـوو حەشـاماتە بە شـوێنیانەوە، لە سـووچی دواتـردا بە لای چەپـدا بایـان دایەوە و عەبـدولموتەلیب لە پێشـیانەوە و

جارێکی تریش به لای کۆتا خانووی ناو شاردا تێپەڕین مەیدانە گەورەکەی بەردەم مالّی خودایان تێپەڕاند و بەرەو ئەو شوێنەی کە لە خەونەکەیدا بۆی دیاری کرابوو.

بە حاریسی وت: من هەڵدەکەنم و تۆش پاکی بکەرەوە، پاشان تۆ هەڵبکەنە و من پاکی دەکەمەوە!

خەڵکەکە نەیاندەزانی باوک و کوڕ خەریکی چین؟ ئەوان بێ ئەوەی بزانن پیرەپیاو چی لە سەردایە؟ دەیانزانی کاری ئەو بێحیکمەت نییە، تەنانەت ئەگەر چاڵکردنی بیابانی فراوانیش بێت، کاری ئەو لە عەقڵ و ڕۆحی بەدەر نییە، خۆ ئەگەر عەقڵی داوای کاری لەو شێوەی کردبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە کێشەی کۆمەڵگەی پێ چارەسەر دەکات. خۆ ئەگەر کاری دڵیشی بێت، ئەوا خەوی بینیوە و لە خەودا بە کاری لەو شێوەیان سپاردووە. بە سرتەسرت وشەیان لە گەروەوە دەهێنایە سەر زار و خامۆش دەبوونەوە، هەر وەک کەرۆشکی کێوی گوێقوڵاخ دەوەستان، نەیاندەوێرا لە پیرەپیاو بپرسن خەریکی چییە؟

ئاخری پیرەپیاوی دووەمی قورەیش بوێریی دایە بەر خۆی و پرسیی: عەبدولموتەلیب ئەوە تۆ و تاکە کوڕەکەت خەریکی چین؟

پیرەپیاو بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت بەدەم کارەوە وتی: بۆ ئاوی زەمزەم دەگەڕێم! عەبدولموتەلیب بە جۆرێک ئەمەی وت، کە بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی ئەم گوتەیەی وی ئاشووب دەخاتە ناو خێڵەوە. ناوی ئاوی زەمزەم مقۆمقۆی بەشوێن خۆیدا هێنا. هەندێک لە پیاوەکان وتیان: ئەی گەورەی قورەیش لێ دەگەڕێیت هاوکاریت بکەین؟

پیرەپیاو لە کاتێکدا ئاماژەی بە کوڕەکەی دەدا کە لەمەکەی چاڵەکە پاک بکاتەوە وەڵامی دایەوە: من خەونم بینیوە نەوەک ئێوە!

بە ناوهێنانی خەون پیرەپیاوەکان تێگەیشتن جارێکی دیش خواکەی فریشتەکانی ناردۆتە سەروەختی و لە خەونیدا ڕێنموونییان کردووە. ئەمیش یەکێکی دی لەو خەونە زۆروزەبەندانەی کە دەیدین و دەهاتنە دی و هەموو جارێکیش ئەوان بەگومانەوە سەیریان دەکرد و باوەڕیان پێ نەدەهێنا، ئەوان

ئەویان بە ژیری خۆیان دەزانی، گەورەی ئەنجومەنی شار و جێی پرسووڕایان بوو، گرفتە زۆروزەبەنەکانی بۆ چارەسەر دەکردن، بەڵام لە باسی خودا و بڕوا بە خەون و داهاتوو خوێندنەوەدا دانیان پێدا نەدەنا، هەمیشە هەر وا دەوەستان تا ئەنجامە باشەکانی خەونەکانی دەردەکەوتن و ئەوجا داوایان لێ دەکرد ببنە برابەشی، چونکە براگەورە و کەسیان بوو!

ئەم جارەش بە هەمان شێوە بە پارێزەوە زوبانیان هیچی نەدەگوت، بەڵام باقیی ئەندامانیان دانیان بە ڕاستیی بۆچوونەکەیدا دەنا و وتیان: با ئێمەش لەگەڵت هاوکار بین، چونکە ئەوە کانیاوی دایەگەورەی هەموومان (هاجەر) و کوڕە سەربڕاوەکەی (ئیسماعیل)ە، کە باپیرە گەورەی هەموومانە. ئەمەی دواییان شێلگیرانە دەربڕی بۆ ئەوەی دوو پیاوەکە ناچار بن ئەگەر ئاوەکەیان دۆزییەوە بەشی ئەوانیش بدەن. (عەبدولموتەلیب) کاتێک دەمەقاڵێی سەر زوبانی ئەوانی بیست، سەری هەڵبڕی و لە دەستی فێڵ و لاریپەکانی ئەوان ئاخێکی هەڵکێشا و سەری داخستەوە و جارێکی دیبش وتی: من خەونم بینیوە نەوەک ئێوە! ئەوجا داوای لێ کردن کە خۆی و کوڕەکەی بەجێ بهێڵن تا کارەکانیان ئەنجام بدەن. تینی گەرمای خۆرەکە عارەقەی بە ناوچاودا دەهێنایە خوارەوە، خەڵکەکە خواخوای داوای وایان بوو، بۆیە ئامادەی هەڵهاتن بوون، زانییان ئەو نایەوێت ئەوان لە تەکیدا بەشداری کارکردن بن، دەستیان بە پەڵپگرتن کرد و بە تەشەرەوە کە ئەوان هەرکامیان ژمارەی کوڕەکانیان لە سەروو دەرزەنەوە بوون، وتیان: جا تۆ و تاقە کوڕەکەت چیتان پێ دەکرێت؟

ئای لە دەستی ئەو قەومە نەزانە. ئەوان لە هیچ تێناگەن و لە هەموو شتیش تێدەگەن، ئەوان لە هیچ شتێکی نەدیتراو تێناگەن کە مانا بە هەموو دیتراوەکان دەبەخشێت. لە کاتێکیشدا کە بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن، لە هەموو شتێکی دیتراو تێدەگەن و باشیش دەزانن چۆن سەری فەنەرەکە دەگرن و بۆ خۆیانی بەکار دەهێنن.

هەموو پێوەریشیان تەنها هەمان شتی بینراو بوو، کە خۆی لە ژمارەکان و ململانێکانیاندا دەبینییەوە، هەموو ژمارەکانیشیان لەوانەش ژمارەی کوڕەکانیان

بۆ ئەوە بوو کە لە ململانێکاندا براوە بن، ئەوان لەوە گچکەتر بوون هەست بە لایەنە بێسنوورەکەی خۆیان بکەن. بتوانن لە شتە کەمتەمەنەکانی ئێرەیان بگوزەرێن، بەتایبەت ژمارەی ڕۆڵەکانیان کە لە هەموو هەبووەکانی تریان لەوە نزیکترن کە خودی خۆیان بن.

ئەو لە کاتێکدا یەقینی بە خودای خۆی هەبوو کە دە کوڕی دەداتێ، لە بەرچاوی ئەوان نەزری بۆ خودای خۆی کرد: ئەگەر بێت و خوا دە کوڕی بداتێ، ئەوا وەک باوە گەورەی یەکێکیان دەکاتە قوربانی و سەری دەبڕێت! ئەم هاواری نەوتراوی خۆی لە ئاسمان و بیابان و هەوا دەبیست، هەستی دەکرد تەنها یەک گوێ دەبیستێت و ئەو داوایەی دەهێنێتە جێ!

ئەوان ختوورەی ئەوە نەدەچووە زەینیان ئاوا وتەیەک لە دواڕۆژدا ئەنجامی خۆی هەبێت. ئەوان قسەکەی ئەویان بیست گاڵتەیان پێ هات: ئەوی پیرەپیاو لەوە بەتەمەنتر بوو وەچەی خۆی فراوان بکات و دە کوڕان بخاتە ناو سکی ژنەکانیەوە. ڕۆشتن پیرەپیاویان بەتەنهایی لە تەک کوڕە تاقانەکەیدا لەو بیابانە وشکوبرنگە بە بەر خۆرەوە لە دونیای خەونەکانیدا بەجێ هێڵا. هەرچەند ئەویان لە ڕێکخستنی کاریاندا بە گەورەی خۆیان قەبووڵ بوو، بەڵام هێندە بۆنی گەورەیی ئەو نەکەوتبووە بەر لووتیان کە کاری لەو شێوەیەی لێ بوەشێتەوە، ئەم گەیشتبوو بە شوێنێک ئەوانی دی بەحاڵ هەناسەیان تێدا دەدا، ئەوان نەیانزانی، بەڵام ئەو بە بینینی فیشقەی خوێنی ڕۆڵەی سەربڕاوی کسپەی جەرگی دەهات! ئەوان لێی نەدەگەیشتن ئەوجا چاوەکانی لێک نا و وتی: ئاە چەند چۆڵە ئەم جیهانە! ئەو لەناو ئەواندا هەستی بە غەریبی دەکرد: غەریبی وا بە من دەکات کە با بە دارخورما و بیابان بە وشتر و سەموم بە مەککەی نەکردبێت، جارجار بەو چرکەساتانە بیر دەکاتەوە کە مەرگ بۆ لای دێت، لە دەستی ئەوان هەڵدەهات، هەر وەک دێوێکی بریندار لە هەوڵی خۆحەشاردانداً بێت.

ئەمان وەک ئیبراهیم و کوڕەکەی بەتەنهایی کاریان دەکرد، بە جیاوازیی ئەوەی ئەوان مااڵیان بۆ خودا هەڵدەبڕی، ئەمان بە ناو چاڵدا دەچوونە خوارەوە،

ڕۆژێک و دووان و سیان، سێبەریان لێ پەیدا دەبوو پاشان سێبەرەکانیان درێژ دەبوونەوە و عارەقە لە گیانیان هەڵدەڕژا، خۆرئاوابوونیش چەند جار بیابانی پەمەیی کرد و ئەوان هیچیان نەدۆزییەوە. ئەوجا ڕۆژێک گوێیان لە خوڕەخوڕی چالاکانەی ئاوێک بوو، کە بە ناو زەویدا لە ژێرەوە تێدەپەڕی، لەگەڵ دەنگی ئاوی جاریدا، چاویان پڕ بوو لە ئەشیای زێڕین کە دەبریسکانەوە، ئەوانە هەموو سەروەت و سامانی باوباپیرانیان بوون لە کانیاوەکەدا شاردبوویانەوە. ڕووی کردە کوڕەکەی و وتی: خەزێنەکەمان کەوتە دەست، نەهەنگە گەورەکە دەمی لە قولاپە ئاڵتوونییەکەمان گیر کرد و بوو بە تەڵەکەمانەوە. بیری لای خزمانی بەدی بوو کە دواتر شەڕیان پێ دەفرۆشت، ئیدی باڕێکی قورسی لەسەر دڵی هەست پێ کرد، بەڵام باڕێکی سووکەڵە و دڵنشینتر لە باخەڵیدا جووڵەجووڵی بوو.

دواتر هەموو شاری لێ خڕ بوویەوە، وتیان ئەوە کانیاوی هەموومانە کە خوا بە دایکە گەورەمان هاجەری بەخشی، کەواتە دەبێت لەو ئاوە بەشمان بدەیت، عەبدولموتەلیب کە باش لە مەرامی ئەوان دەگەیشت، وتی: ئاخر لە خەوندا تەنها پیشانی من دراوە، ئەوانیش وتیان: نابێت!

سێیەم: جێبەجێکردنی نەزری سەربڕینی مرۆڤ
(لە ماتەمخانەی سەربڕینی عەبدوللادا)

جارێکی دی (عەبدولموتەلیب) خەوی بینی، دەنگێک لە ئاسمانەوە پێی وت: قوربانی بکە بۆ خوداکەت! ئەم دەیویست وەڵام بداتەوە، بەڵام لێوەکانی لێک نەدەبوونەوە، بەوەحشەتەوە لە خەو ڕابوو و چاوەکانی دەبریسکانەوە و لووتی پڕ لە هەوا بوو و لێوەکانی وشک بووبوون. بۆ بەیانی قوربانییەکی مەزنی کرد و هەژارەکانی پێ تێر کرد و بۆ ئاژەڵە کێوییەکانیشی نارد. بۆ شەوی داهاتوو هەمان دەنگ و هەمان داوا، بەڵام بەرزتر و سامناکتر و هەمان داچڵەکان، بەڵام موتەحەیرتر، بۆ ڕۆژی دووەم برسییان و ئاژەڵانی کێوی بەهۆی دونیای خەوبینینی عەبدولموتەلیب سکیان تێر بوویەوە!

بۆ شەوی داهاتوو خەونی بینی پێیان وت: نەزرەکەت بۆ خودای خۆت بهێنەرە دی! ئەو چووبوویە ناو جوانیی سکووتی جیهانی عەدەمەوە، خەونی بینی، خەونێکی تۆندوتیژانە و نەمر، کە داوای لێ دەکرد نەزرەکەی بێنێتە جێ، داوای شتێکی تۆندوتیژی لێ دەکرد کە هەر بە بیرلێکردنەوەشی لەرزی لێ دەهات. هەنووکە دوای بەخەبەرهاتنەوە گوێی لە دەنگەکە بوو، پێی دەگوت: "نەزرەکەت بەجێ بهێنە". لە دڵی خۆیەوە ئەو دەنگەی دەبیست.

ئەو لە تەوری ئامادەسازیدا بۆ کارێکی گرنگ، ئەویش نەبەردانە مەشقەکانی خۆی جێبەجێ دەکرد، ئەویش نەک وەک هەموو مەشقێک، بەڵکو مەشقانێک هەر بەڕاست ئازاریان پێ دەگەیاند، دڵی ئینسانیان دەشکاند و ئەزموونی ئینسانیشیان گەورەتر دەکرد. ئەو بەردەوام دەچووە پێشەوە، ئێسقان و گۆشت و بەزی ئینسانی ڕێگر نەبوو لە ڕێگەی سەرکەوتنیدا، بە دەست ئەو خەونەوە چ ئازارێکی نەچەشت، هەر ئەو خەونە پشتی چەماندەوە، دەموچاوی کردە مشتێک ئێسکوپرووسک، ئەو ئامادە بوو بە پێچەوانەوەبا و ئەم خۆی بخستایەتە بەر خەنجەری تیژی کوڕەکە و خوێنی بەو ناوەدا فیشقەی کردبا، وای ڕۆڵە ڕۆ... عەبدوللا ڕۆ... بە دەستی خۆی چیی کرد بە خۆی.

زۆربلێیی و هاوارە درۆزنەکانی خزمانی بەد بەم کارەیان برد، ئەوانی دڵبەرد کە هەموو شتێکیان ڕەق و بەرد بوو، تەنانەت ئەو خودایانەش دەیانپەرستن لە

بەردی دڵڕەقبوون سۆزیان بۆ ئەوی گەورەیان نەبوو، تا ئەو نەزرەیان بەسەر زاریدا هێنا، خۆ ئەم ئیبراهیمیانە نەیدەتوانی لە نەزرەکانی پەشیمان ببێتەوە، ئەو هەرگیز لە فەرمانی خودای خۆی پەشیمان نەدەبوویەوە، ئامادە بوو باشترین کوڕی کە عەبدوللا بوو، بۆ خوداکەی سەر بڕێت کە سەربڕینی وی وەک سەربڕینی خۆی بوو. ئەمە شێتی بوو، لەو شێتییانەی لە ئەزەلەوە خودا یەخەی مرۆڤی خۆشەویستی خۆی پێ دەگرت و لە مەحەکی دەدا، شێتییەک ناوی شێتێتیی ئاسمانی لێ بنرێت... شێتی بۆ خودا، شێتیی قوربانیکردن بە خۆشەویستترین شتی خۆی.

بەیان بوو، کەڵەشێرەکان بانگی بەیانیان هەڵدا، بانگی خۆریان کرد کە زوو ڕابێ تا ئەم گەورەیەی قوربانیش لەو خەوە نامۆیەی ڕزگاری بێت. پیرەپیاو لە ترسی خەونی خۆی هەناسەی توند بووبوو، لە جێی خۆی هەڵسا و خۆی گەیاندە ئەو گۆچانەی لە لای دەرگاکەوە دانرابوو، بانگێکی کردە حارسی کوڕی کە هەر دە ڕۆڵەکەی بۆ بانگ بکات. کاتێک کوڕەکان هاتن، باوکیان دی لە ئاستانەی دەرگادا وەستابوو و لەوانی دەڕوانی، خۆی نەدەگرت و خوڕخوڕ فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە.

لێوەکانی شین هەڵگەڕابوون و دەستەکانی دەلەرزین و چاوەکانی هەموو دەموچاویان داگرتبوو، ڕیشی درێژ و سپیی، ڕەنگی زەردی گرتبوو، خەونەکەی بۆ گێڕانەوە و بۆشی ماناکردن کە پەیوەدیی بە نەزرێکیەوە بوو چەندین ساڵ لەوەوبەر لە تەک خوای خۆی کردبووی، هەنووکە دەبوو یەکێک لەوان سەر ببڕێت. بە بیستنی وشەی سەربڕین، فەزای ژوورەکە گۆڕا و چاوەکانی هەموویان بێجوولە کرابوونەوە و یەک یەک سەیری یەکتریان دەکرد، سێبەری شینی باوکیان یەک یەک بەسەریاندا دەگەڕا و ماچی دەکردن و لەپڕ دەنگی پیرانە و لەرزۆکی ئەویان بەرگوێ کەوت، کە (ئێستا یەکێکتان خۆی بکات بە قوربانیی ڕزگاربوونی خوێنی براکانی)، بەڵام ئەوان هەموویان تووشی هیندمە بوون و تفیان بۆ قووت نەدەدرا، هەموویان بۆ ڕەتبوونی باوکیان بەناویاندا کەناریان گرت، لەرز کەوتبووە گیانیان و هەموویان فیشقەی خوێنی خۆیان، سەری بڕاوی خۆیان هاتە بەرچاو کە بە دەستێک باوکیان سەری ئەمان و چەقۆی خوێناوی بە دەستەکەی دیکەی گرتبوو.

کەسیان وەڵامیان نەدایەوە، ئاخر کەسیان نەیدەویست بمرێت. لەوەدا ئێستا کەسیان نەیاندەتوانی وەڵامی باوکیان بدەنەوە و بەسەر ترسی مردندا زاڵ ببن، شەرمیان دەکرد، باوکە بێ جوولّە لە بەرامبەر ژیان و خۆشەویستیی کوڕەکانیدا وەستابوو، بەزەیی بە خۆی و ئەواندا دەهاتەوە، بەزەیی بە خۆیدا کە کوڕەکانی لە فەرمانی یاخی دەبوون و بەزەیی بەوانیشدا دەهاتەوە کە لە هەلی خۆرزگارکردن هەڵدەهاتن. مرۆڤەکان چەند لە بەرامبەر بەخشینی خۆیاندا لاوازن، پێویست بوو لە فرمانی باوکیان دەر نەچن، لاوازییەکانی مرۆڤ لە کاتی پێویستیدا دەردەکەون.

لەم گەرمەی بیرکردنەوەدا بوو، چ سوودێکی هەیە ئەو هەموو ڕەنج و ئازارە کە مرۆڤ لەژێر تیشکی خۆردا دەیکێشێت! گوێی لە دەنگێک بوو بە باوکی وت: من ئامادەم، بابە! من سەر ببڕە و نەزرەکەت بەجێ بهێنە! کوڕە بە وتنی ئەم قسانەی سەری دانەواندبوو، وای هەست دەکرد هێشتا بە تەواوەتی هەموو شتێکی نەگوتوە قسە لە گەرووی شکا و خامۆش بوو. ئەوە (عەبدوللّا) بوو وای دەگوت! خۆر لە ئاوابوونـدا بـوو، بیابـان زەرد هەڵگەڕاوە، شـاخەکانیش ڕەش داگەڕاون، ئەستێرەکان بەپەلە بوون بۆ خۆپێشاندان، ئەمشەو تێدەپەڕی عەبدوللّا بۆ دواجار لە تەک باوک و براکانیدا دەژیا و سبەینێ سەرلەبەیانی سەر دەبڕدرا و خوێنی بەسەر بەردەکانی قوربانگەکەدا دەپژا.

چ شەوێک بوو، ئەو شەوە کەس لە مەککەی پیرۆز خەو نەچووە چاوەکانی، شـەو لەودیـو پەنجەرەکـانەوە فەرشـی ڕەشـی خـۆی ڕاخسـتبوو، لەمـدیو پەنجەرەکانیشـەوە چراکـان هەڵکرابـوون، بەڵام دەسـتەکانی مـرۆڤ بـۆ بارەگـای خـودا هەڵبڕابـوون. تەنـانەت ئەوانەش خودایـان لەبیـر کردبـوو و لەبـاتی وی بەردیان دەپەرست، ئەمشەو خودا لەناو دەمارەکانی لاملیاندا لێی دەدا و کچانی عاشقی عەبدوللّا خۆیان ئامادە کردبوو لە پەنا جەستەی سەربڕاو و بیسـەری عەبدوللّادا ئەوانیش خەنجەر بـۆ نـاو سینگی خۆیـان ڕۆ بکەن و لەگەڵ مەرگی وێدا ئەوانیش بمـرن، ئـاخر سـبەینێ عەبـدوللّای جوانخـاس و نـوورانی دەکـرایە قوربانی، چۆن ئەوان دەیانتوانی بێ ئەو بژین.

هـاوار و نـزای مرۆڤەکـان دەگەیشـتنە بەردەرگـای خـودا، بەڵام لەو تـاریکییەدا نەدەزانرا ئەو دەرگایانەیان لێ دەکرێنەوە یاخود نا.

عەبدولموتەلیب لە هیچ شوێنێک خۆی نەدەگرت، لە ماڵەکەی چووە دەرەوە بۆ ئاسمانی ڕوانی، سەیری ئەستێرەکانی کرد و پاشان چاوەکانی بۆ شاخەکانی دەوری مەککە و بیابان داگرت، لەناو ئەم مەملەکەتە فراوانەی بە شیرک پیسبووەدا عەبدوللای لەخوداترساو و ناوچاونووڕانی ببێتە قوربانی! ئەمە چ نهێنییەکە خودایە! من لێی تێناگەم هەنووکە لە دەست مەحفبوونەوە بێ ئومێد دانیشتبوو مەحفی تەمەن، مەحفی کوڕەکەی، مەحفی چاکە، مەحفی هێزی و تەنانەت مەحفی حیکمەت، ئیدی خەریک بوو خۆی بە دەستەوە دەدا وەک هەموو پیاوە بەهێزەکانی دونیا لە تەک ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەترین دوژمن، مەزنترین سوپا کە هەڵبکوتێتە سەریان خۆ ڕادەگرن، بەڵام مەرگی خۆشەویستانیان ئەوان بە چۆکدا دەهێنێت. بە مەرگی کوڕەکەی ئازایەتی لە دەست دەدا و ئەژنۆکانی وشک بووبوون و نەیدەزانی چی بکات.

دەستەکانی خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، دەرگاکانی خۆتم لێ بکەرەوە بەزەییت پێمدا بێتەوە، خودایە! بە چی تاقیم دەکەیتەوە بە مەرگی خۆشەویستترین کوڕم. نا ئیتر خودایە! ئەوەم لە تەکدا مەکە!

بە چۆکدا کەوت و مشتی بە لمەکەی حەوشەکەدا کرد و پاشان دەموچاو و ڕیشی بە فرمێسک خوساوی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و ئەستێرەکانی ئاسمان بە فرمێسکی ئەو دەشۆران و تەڕ تەڕ دەبریسکانەوە، چاوەکانی داخست تا گوێی لە دەنگی خودا بێت، بزانێ وەڵامی دەداتەوە. گوێی لە دەنگی نەدیتراوێک بوو شتێکی پێ وت، بەڵام ئەم هیچ تێنەگەیی. لە شوێنی خۆی هەڵسا و بۆ ناو ماڵەکەی گەڕایەوە، گوێی لە دەنگی ژنەکانی بوو کە خەریکی وەلوەلە و گریان بوون. کە بۆ دیوەخانەکە ئاودیو بوو، هەموو کوڕەکانی بینی چاویان سوور سوور لەبەر تیشکی چراکەدا دەبریسکانەوە، تەنها عەبدوللا نەبێت لەوێ نەبوو و لەوان تێپەڕی بۆ لای ئەو ڕۆشت تا لە کۆتا شەوی تەمەنیدا پڕی چاوەکانی سەیری بکات، دیتی لە ژوورەکەی خۆی چاوەکانی لێک ناوە... ناوچاوی درەوشاوەی وەک مانگ ژوورەکەی پڕ لە تریفە کردوە، لە دڵی ئەمیشدا بڵێسەیەک هەڵکرابوو ئەگەر کوژابایەتەوە دونیا وێران دەبوو، ڕۆڵەکەم عەبدوللا!

خەیاڵ لەو دۆخەشدا لێی نەدەگەڕا و بیری کردەوە شتەکان لەژێر پەنجەی ئاوەزیدا دەخزان و دادەچۆڕینە خوارەوە. لەوە تێنەدەگەیشت بۆچی دەبێت عەبدوللا بمرێت، کە لە تێکەڵەیەک لە حەزمی ئینسانی لە قوڕدا شێلراو و لە

سکووتی ئاسمانی سازدرابوو و ڕێک و ڕەوان لە خۆی دەکرد، ئەم بمرێت و کوڕە ڕەزیلەکەی (عەبدولعوزی) بمێنێت. کە نەیدەتوانی سەر بۆ ئاسمان هەڵبڕێت و هەمیشە سەری بەسەر ژمارە و پارەوە دانەواندبوو.

لە عەبدوللاّی ڕوانی، ئارام ئارام خەوتبوو، بیری کردەوە: ئێمە کە دەزانین بۆ کوێ دەچین و بۆ دەچین، ئیدی بۆ دەبێت لە مەرگ بترسین؟ وەک ئەوە وا بوو بڵێ تا لێرەین پێویستمان بەوەیە بە وەحشی بمێنینەوە تا گۆشت و ئێسقانمان بپارێزین، تا پەیوەندیمان بە خاکەوە بهێڵینەوە ئاگای لە دڵی بوو توند توند لێی دەدا، نابێت عەبدوللاّ بڕوات. ئەو دەبێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، ئەرکێک گەورەتر لە بەجێهێنانی نەزری ئەم، ئەرکێک دەیزانی هەیە، بەڵام نەیدەزانی چییە؟ کارێکی مەزنی لە پێش بوو، دەبوو خۆی بۆ ئامادە بکات: عەبدوللاّی وەک ڕۆحی نووڕانی بێجەستە هاتە بەرچاو، بەڵام ڕۆح پێویستی بە گەرموگوڕیی جەستە هەیە، تا ببێتە دەستی و پەل بهاوێت، تا ببێتە قاچی و پێی بڕوات.

بیری لە ڕۆژگاری پێشتری خۆی کردەوە، بیرەوەرییەکانی هەمووی لە ئەشکەوتی یادەوەرییەوە دەهاتنە دەرێ کە دەمێک سزابار و دەمێک بەختەوەریان دەکرد، سینگی تەژی لە حەسرەت بوو، کە نالّە و بیری مرۆڤ و خزمان لە سینگیەوە دەهاتە دەرێ و تا قوڕگی دەگەیشت و کاتێک هەوڵی دەدا بگاتە سەر زمانی بەبێ وشە دەکەوتە سەر دەموچاوی و دەبووە مووی سپی و لەسەر گۆنای دەڕوا، یاخود دەبووە لۆچ و لە ناوچاوانی دەر دەکەوت، یاخود هەندێک لە قووڵایی چاوانی دەبردە دواتر یان پشتی دەچەماندەوە، تا ئەو کاتەی لە کاتی هەڵکەندنی ئاوی زەمزەمدا وشەیەک تەنها وشەیەک هاتە سەر زاری. تەنها وشەیەک بوو هات و ژیانی ئەوی گۆڕی تەمەنی بە بینراوی وەک مرۆڤێک لەبەردەمیدا وەستابوو، بیابان بەر بای دەدا و خۆر پێستی دەسووتێنێت، بەڵام ئەو خەیاڵی هەر لای یەک شتە، ئەو شتەش پێی دەوترێت ڕزگاربوون، ڕزگاربوونی کوڕەکەی، بریا خودا قەبووڵی کردبا و سەری ئەو لەبری سەری ناسکی کوڕەکەی لە جەستەی جوێ بایەتەوە.

هەنووکە ئەو وەک گەورەی هیچ مەملەکەتێک و شارێکی دونیا ئەو گەمەی نەدەکرد چێژی نەدەبرد، بەڵکو عەزابی دەچەشت.

*** *** ***

خۆر خەبەری هاتنی خۆی بە ڕووناکی بە باڵای بیابانـدا دەبڕی، مەلەکانی ڕۆژ بە جریوەجریویان شوێنی ئەستێرەکانیان دەگرتەوە، بای سەبا لە شامەوە هەڵی کردبوو، دەنگی خۆهەڵبژاردنی (عەبدوللا) بۆ بەجێهێنانی نەزری باوکی لە هەموو شاردا، بەڵکو لە هەموو بیابانداً دەنگی دابوویەوە!

ناوچاوی عەبدوللا لەنێو ڕۆشنایی خۆری تازەهەڵاتوودا دەدرەوشایەوە، وەک فریشتەیەکی ناوچاونووڕانی شوێن باوکی کەوتبوو و بۆ بەردەم ماڵی خودا و قوربانگەکە هەنگاوی گەورەی دەنا. هیچ نەدەترسا، ئەو نەدەترسا دەیزانی ئەگەر بترسێ دەبێت لە بەردەم مردندا چۆک دابدات، ئەو وەک ئەوانی دی نەبوو، بوویە فریشتە و هەر وەک ئەوانی دی لەژێر قورسایی گۆشت و ئێسقاندا خۆی ڕادەگرت و هەر وەک ئەوانی دیش بەشوێن مانەوەودا بوو، (عەبدولموتەلیب) لە پێشەوە (عەبدوللا)ش وەدووید، هەموو بنەماڵە و کەسوکارەکەی بە شوێنیەوە. لە هەر کۆڵانێکەوە تێدەپەڕی خەڵکی بە دەربڕینی چرپەیەکیش شوێنیان دەکەوتن، کۆڵانەکان بووبوونە ڕووباری خوێن، لەمە سوورەکان سەریان لە خوێن نابوو، گەرووی دونیا بڕاوە، سەدای بیابان خامۆش بووە، کەسێک نەماوە بۆ خاتری مرۆڤی گوناهکار لە خودا هاوار بکات، گەنجێکی وەک عەبدوللایان بۆ سەربڕین دەبرد!

عەبدولموتەلیبی پیر بە تەکیەدان بە گۆچانەکەی قاچە چەماوەکانی تا حەدی توان ڕاست دەکردەوە، گۆچانی خۆی لە پێش خۆی دادەنا، ئەو بەرەوام ڕێگای هەموار دەکرد و ڕچەی دەشکاند و ئەوانی وەدووی دەخست، هەمووانی خستە شوێن خۆی کە لەم کۆسەیدا هاوکاری بن. ئەوە تەنها ئامۆژگارییەک نەبوو لەو شەوی زوڵمەتەوە سەری هەڵدابێت، ئەوی ئیماندار وای دەزانی ئەوە خەون نەبوو ئەوە حەقیقەت بوو بینیبووی دەبوو وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

دوو چاوی گەورە و ڕەشی کوڕەکە لەبەر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە، کچان لەژێر تاسیری بزەی لەزەتاویدا چاویان دەبڕییە جەستەی ڕێک و جوانی، حەیفیان لێ دەهات، دەبوو لەباتی مەرگ بۆ لای ئەمان بهاتایە، هەستیان بە بۆنی تیژی پیاوانەی لە نزیکی ئەویان بکردایە، بەڵام بڕیار بوو، ئەو دەبوویە زاوا و ڕۆحی شەرمنیش بووک، لە ژێر کەژاوەدا بەشەرمەوە سەری هەڵدەبڕی و بەزەوقەوە دیاریی مەرگی پێشکەش دەکرد.

ئاسمانی تازە خۆشتووی هەتاوی بە سپێتی دەدرەوشایەوە، ئەو بە شوێن باوکیەوە بێترس دەڕۆشت و بەلای ئەو هەموو گۆشتە بە تامەدا تێدەپەڕی، لای بەلایدا نەدەکردەوە. هیچیش نەدەترسا، بگرە قۆناغی ترسی تێپەڕاندبوو، وای هەست دەکرد کە ئەوە ئەو نییە چەند ساتێکی دی خوێن لە برینەکانیەوە دەچۆڕا، نیشانەی سووری لەسەر عەرد و زەریا جێ دەهێشت، لە شەپۆلە لمەکانی دەڕوانی کە بەدەم باوە هەڵدەگژان و پاشان دادەکەوتن و دادەمرکانەوە و دەمردن، چەند ساتێکی دیش ئەویش وەک ئەوان دەمرد، بەڵام ئەوە ئەو نەبوو بیری دەکردەوە ئەو دیل بوو چەند کاتژمێرێکی دی لەم گۆشت و ئێسقانە ڕزگاری دەبێت.

حەشاماتەکە بەیەکەوە حەجمینیان لێ بڕابوو، هەمووان دەیانڕوانی و هەمووان گوێیان دەگرت، چەند ساتێکی دی شتێک ڕووی دەدا و جیهان تەکانی دەخوارد، مەگەر فریشتەکانی خودا بێنە هاواری، بەڵام ئەو بۆ خۆی فریشتە بوو، باڵەکانی لە ژێر جلەکانیەوە بوون، قوربانییەکە بۆ سەرەوەی ڕوانی لە ئاسماندا ئەستێرەیەکی زۆری بینی، دڵی بوو بە دڵی جەنگاوەرێکی ئازا و هەمووان لەویان دەڕوانی بەزەییان پێدا دەهاتەوە، تەنها خۆی نەبێت.

لە حیکمەتی هەموو شتێک گەیشتبوو و ئاسمانەکانی بۆ کرابوویەوە، ڕەنگی ئاسمان لەبەر چاوانی شین نەبوو، بەڵکو سووری سوور، وەک سووری گوڵ دەینواند. ئەو حەزی بوو بمێنێت و زەوی لە ستەمکاران پاک بکاتەوە. ئاخر ئەی خودا بۆچی دەست و قاچی پێ بەخشیبوو ئەگەر بۆ دژایەتیکردنی ستەمکاران نەبێت، بەڵام چی بکات هەنووکە تەنها لەبەر وشەیەکی باوکی دەبوو لە دار بدرێت، هەمیشە وا بووە ئەی هەڵەی باوە ئادەم مرۆڤی تووشی ئەو هەموو دەردەسەرییە نەکردووە لەسەر زەوی. بەڵام خۆ خودا هەلی گەڕانەوەی بە ئادەم و ئێمەش بەخشی، تۆ بڵێی ئەو هەلی ڕزگاربوونەش بە من نەبەخشێتەوە کە خۆم و نەتەوە دیلەکەم ڕزگار بکەم، یاخود نەوە بخەمەوە، ڕۆڵەکانم نەتەوەکەم و هەموو مرۆڤایەتی ڕزگار بکەن.

ئەو ئێستا بەتەواوەتی قوتاری بووبوو، بوون و جوانیی خۆی خستبوویە ژێر پێی، بەڵام ئەو خۆی دەیزانی هێشتا کاری خۆی تەواو نەکردبوو، دەبوا تەورێک بگرێت بە دەستەوە و هەموو بتەکان تێک بشکێنێت، ئەو بۆ چەندین جار گوێی لە باوکی بووە کە ویستوویەتی ئەو کارەی باپیرە گەورەیان ئیبراهیم زیندوو

بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە هەنووکە باوکی کارەکەی دیکەی باپیرە ئیبراهیمی هەڵبژاردبوو کە سەربڕینی کوڕە تاقانەکەی بوو. خۆ خواوەند قۆچی بۆ ڕزگارکردنی ئیسماعیل ناردبووە خوارەوە، با بزانین بۆ ئەم چی دەکات، ڕزگاری دەبێت یاخود خوێنەکەی زەویی بیابان سوور دەکات؟ دڵی ئەو هەموو خاسە کچە دەشکێنێ کە هەر لە لایەن خۆیانەوە بەتەمان ببێتە زاوا و مااڵی ئەوان بە نووری ناوچاوی ڕۆشن بکاتەوە.

ئەوان هەموو پێکەوە نەدەبزوان، یەک یەک دوو قاچیان بەر لمی بیابانەکە دەکەوت و تەپەی دەکرد و تۆزی هەڵدەساند. پیاوان لە پێشەوە و ژنان لە دواوە و لە پاش ئەوانیش منداڵان دەهاتن. گەیشتنە قوربانگە و قوربانییەکەیان لە گۆشەیەک دانا و هەمووان گوێبیست بوون بزانن چی دەقەومێت. ڕیشسپییان لە باوکی قوربانییان پرسیی: بەتەمای چی بکەی؟

خەڵکەکە لە زاری باوکەوە دەنگێکی ڕازدار و پڕ لە وەحشەتیان بیست، وتی: بەتەمام نەزری خۆم بەجێ بهێنم!

ئەو بەو گوتەیەشی کاری خۆی ئەنجام دابوو، عەبدوللای خۆشەویستی سەبارەت بە ئەو سەر بڕابوو. هەموو ڕێگاکانی پاش خۆی کوێر کردۆتەوە و ڕێگەی گەڕانەوەی نییە، عەبدوللاش لەوە دڵنیا بوو کاری تەواو بووە. ئەوجا باوکە پشتی لە دڵی خۆی کرد و پێی وتن: کارەکە تەواو بکەن.

پاشان پشتی لە حەشاماتەکە کرد و بەرەو مزگەوت بزوا، تا خودا چارەیەکی بۆ بکات، لەو کاتەدا کە ئەو لەتری دەدا و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون و پیاوانی دیاری قورەیش شوێنی کەوتن: بۆ خاتری خودا کاری لەو شێوەیە مەکە! بەڵام گەورەکەیان خۆی لە دەستیان ڕاپسکان و ئەم جارە دووبارەیان کردەوە: نەریتێکی خراپ مەهێنەرە نێو قەومەکەت، سبەینێ هەر کەسێک خەوێک ببینێ و بێت کوڕێکی سەر ببڕێت!

(عەبدولموتەلیب) بریسکەیەکی بینی لە ئاسمانەوە کشا و ئەوان نەیانبینی و زانی خودا ڕەحمی بەو کردووە بە قۆچەکەی ئیبراهیم لەباتیی کوڕەکەی. ئازارەکانی پاشەکشەیان کرد، خۆی لەناو ئەوانی دیدا بینی، گوێی لە دەنگیان بوو، ئەوجا لای بە لای ئەواندا کردەوە و وتی: دەی پێم بڵێن چی بکەم؟

وتیان خۆت بگەیەنە ئەوانەی دەنگی ئاسمان دەبیستن، ئەوان دەیانزانی ئەو باوەڕی بە خودا بەردینەکانی ئەوان نییە، بەڵام دەری نەدەبڕی و هەر بۆیە

وایان وت. سواری ڕەخشە تیژڕەوەکەی خۆی بوو و بەرەو وڵاتی شام وەک گەنج تێی تەقاند، ئەوجا کوڕەکانی و پیاوە ناوارەکانی تریش بەشوێنیەوە تۆزیان لە پاش خۆیان بەجێ هێڵا، خەڵکەکە و عەبدوللاش گەڕانەوە ماڵەکانیان تا ئەوان بە خواردنی خۆش، وێنەی سامناکی مەرگ لە زەینیان لەبیر بکەن و بنەماڵەی عەبدولموتەلیبیش لە چاوەڕوانی هەواڵدا ڕوو بە شام، دەستلەسەرچاو و گوێقوڵاخ دابنیشن.

خۆر لە سەفەری ڕۆژانەی خۆی بەردەوام بوو و ئەستێرەکانیش لە درەوشی شەوانەی خۆیان ئاوا بوون. خۆر جارێکی دی لە سەفەری خۆی دوای بانگکردنی کەڵەشێرەکان گەڕایەوە بۆ سەر مەککە و بیابان بەرەو قووڵایی ئاسمان کشا و بەرەو ئاوابوون داگەڕا و ئاسۆی زەرد پاشان سووری لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵا. کاتێک دیتیان سوارەکان لە پێشدا وەک خاڵی ورد دواتر گەورە بوون و بوونە پەڵەی ڕەش و لە پێش هەموویانەوە پیرەپیاو باڵی لە خۆی ڕواندبوو و ژێر مێزەرەکەی پڕ لە هەوا کردبوو، ڕیشی سپی و درێژی بەدەم باوە هەڵبەزودابەزی دەکرد و دواتر گەیشتنە ناو شار، کاتێک خۆیان وڵاخەکانیان خوساوی ناو عارەق بوون و خەبەری ئاسمانیان پێ بوو، کە لە زاری زمانزانانی ئاسمانەوە وەریان گرتبوو.

چاوانی باپیرە بریقەی دەدایەوە، یەکسەر بۆ کوشتارگەکە وڵاخەکەی هەڵسووڕاند لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا چووە سەر بەردێک دەستە پیرەکانی ڕاوەشاند تا هەمووان لێی کۆ بوونەوە تا فەرمانی ناوارترین ژنە هەواڵزانی ئاسمان بەوان ڕابگەیەنێت: تیروپشک ڕابکێشن، دوو تیر، یەکیان ناوی عەبدوللا و ئەوی دیش ناوی وشتری لێ بنووسن، ئەگەر دەستتان برد و ناوی وشتر دەر هات، ئەوا دە دانە وشتر بکەنە قوربانی، بۆ جاری دووەم دەستتان برد و ناوی عەبدوللا دەر هات، ئەوا ئازاد بووە و بە دە وشتری یەکەم ڕزگاری دەبێت تا دە جار هەر جارە و دە وشتر زیاد دەکات.

ئەگەر دە جاران تەواو بوون و لە جاری دواتر ناوی عەبدوللا دەر چوو، ئەوا لە بەرامبەر ڕزگاربوونی سەد وشتر سەر ببڕن، خۆ ئەگەر وشتر هاتە دەرەوە، ئەوا چار نییە دەبێت لاوەکە بخرێتە بەر نووکی تیژی خەنجەر و خوێنی فیشقە

بکات. هێشتا خۆر ئاودیو نەبووبوو، لە ناو شاردا هەواڵەکە ماڵەومااڵ، لە بیابانیشدا بە هەموو خێڵەکاندا گەڕا و دیسان شەو و هاتنەوەی ئەستێرە و چاوەڕوانی و نەخەوتن، دڵی ئەوانیش پڕ لە ئەستێرە بوو.

بۆ سبەینێ ئاپۆرەی خەڵکی لە کات و شوێنی دیاریکراودا کۆ بوونەوە، دەیانویست لە هەوڵی سەربڕینی مرۆڤ خەبەردار ببنەوە، ژنانی منداڵ بە سینگ و کۆیلە و ئازادەکان هەمووان ئامادە بوون، کچانی عاشقیش لەوێ کۆ بووبوونەوە، دەوڵەمەندترینی ئەوان کە (فاتیمە) بوو، بڕیاری دا لە بەرامبەر کەفارەتی خوێنی مرۆڤی قوربانیی خودادا هەندێک لە پارەکەی بگرێتە ئەستۆی خۆی، ئێستا لەناو ئەو خەڵکەدا مجێورەکەی کەعبە لەوێ ئامادە بوو و تووڕەکەی تیرەکانی بەدەستەوە گرتبوو.

مرۆڤی قوربانییش لە پەنای باوکیدا وەستابوو، باوکی ئێسقانی وردیلەی هەبوو، ڕەنگی پەڕیبوو، نووڕێکی کەمڕەنگی لێ دەهاتە دەر، چاوەکانی گەورە و خەمناک بوون. پیرەپیاو دەستی لەناو دەستی کوڕەکەی بوو. ئەوێی بەجێ هێشت و بەرەو کەعبەی پیرۆز بەڕێ کەوت، دەیویست هەموو سامانی دابنێت، بەڵام کوڕەکەی بۆ بمێنێتەوە. چوو تا دەست بە قوفڵی ماڵی خوداوە بگرێت و چاوەکانی کە بە گریان ئاوسابوون و گۆناکانی شۆڕ بووبوونەوە.

مجێوری کەعبەی پیرۆز یەکەم تیری ڕاکێشا، وشتر دەرچوو، دەنگی مجێور لە نێو هەراوزەنای حەشاماتدا ون دەبوو، کە باسیان لە ژمارەی فراوانی وشتری سەربڕاو دەکرد، هەموو جارێک تا دەیەم جار بەردەوام بوو، باوکە پیرەکە نزای بوو با ماڵەکەی بڕوا، چونکە دێتەوە، تەنها کوڕەکەی بۆ بمێنێت!

تا دەیەم جار، کە دواجار بوو، بەردەوام بوو، ئەگەر بهاتایە و ئەم جارە وشتر دەر بچووایە، ئەوا عەبدوللا سەر دەبڕدرا، وای خودایە هەڵبژاردنی نێوان مولک و مرۆڤ بوو، ئەویش چ مرۆڤێک، عەبدولموتەلیب هێندە بەتوندی ئەڵقەی کەعبەی ڕادەوەشاند ئاخ لە دەروونی هەڵدەستا، هێندە بە کوڵ دەگریا، هەناسەی پیرانەی دەدا، تەنانەت دژەکانیشی بەزەییان بەودا دەهاتەوە.

هەموو مەککە و خێڵەکان لەو کۆ بووبوونەوە، باوکە دەستی بە دەرگای مااڵی خۆداوە بەر دا و هاتە ناو حەشاماتەوە تا دوانیگای لە کۆڕەکەی بێت، نەبادا دواجار بێت چاوانی لە چاوانی ببڕێت. لە کۆڕەی چووە پێشەوە، سەری گرتە باوەشی و نەوازشی قژە قەترانییەکانی کرد، لەو کاتەدا باوک و ڕۆڵەکەی و هەموو خەڵکی خەریکی فرمێسکڕشتن بوون، هەور کەوتە ئاسمان و ئەویش فرمێسکی بارانیی ڕشت و زەویی تەڕ کرد، بۆنی باران و بۆنی ئەشک تێکەڵ بوون. مەیدانەکە پڕ بوو لە خەڵک، هەمووان سەریان بۆ الی مجێور وەر سووڕاندبوو تا بزانن دوا هەل چی دەبێت، هەمووان سەودای کۆڕە الوە و پیرەی گەورەی پشتشکاویان بوو، کاتێک کابرا دەستی بەناو تووڕەکەکەدا بردە خوارەوە، سکووت هەمووانی گرتبوو، گوێت لە دەنگی هەناسەش نەبوو، کاتی دەرهێنانی تیرەکەش هەزاران چاو لەویان ڕوانی، وای خودایە! چی ڕوو دەدات ئەم جارەش عەبدوللا دەر نەچێت، وای خودایە! هەمووان خوداکانی خۆیان لەبیر کردبوو، بە خودای کەعبە و ئیبراهیم و ئیسماعیل و عەبدولموتەلیب نزایان بوو، سەردەستەی گەنجانی مەککە و پارێز و پشتی هەژاران ڕزگار بێت.

هەمووان عارەقەیان دەردابوو، هەناسەیان سوار بوو، وەک ئەوەی لە شەڕێک گەڕابنەوە یاخود بۆ ڕووبەڕووبوونەی دوژمن بڕۆن، نەبەردە گەورەکە ئێستا دەستی پێ دەکرد، هەموو لە بیری ئەوەدا بوون کۆڕە جحێڵەکە چی بەسەر دێت. ئەوان ترسیان لە چاوی یەکتردا دەخوێندەوە، پیران دەترسان، ژنان دەترسان منداڵانی شیرەخۆر دەیانڕوانییە دەموچاوی ترساوی دایکیان، ئەوانیش دەیانزریکاند، کچانی عاشق ئامادەی مەرگ و خۆکوژی بوون لەتەک عەبدوللادا، جیهان ئامادەی وێرانبوونی تەواو بوو، تەنها بە پەتێکی باریکەوە گرێ درابوو، ئەویش پەتی تیری دەستی مجێور و دەرنەچوونی عەبدوللا... هەمووان هاوارهاواریان بوو، وەک بڵێی هەمووان لە کەسێکدا کۆ ببنەوە و ئەو کەسەش ئازار بچێژێت.

وەی خودایە چی ڕووی دا کاتێک مجێوری پیر ناوی عەبدوللای خوێندەوە، ئەمە مانای وا بوو ڕزگاری بووە، هەموو بەرەی مرۆڤ ڕزگاری بوو، چ

هەلهەلەکێشـــان و خۆشـــی و شـــادیەک ڕووی دا و چ ســـەما و زەماوەنـــد و ڤۆغانێکیش کرا، عەبدوللا ڕزگاری بوو، عاشقان، لەوانەش فاتیمەی سـەروەتمەند، خەریک بوو چاوە گەورە و وەحشییەکانی عەبدوللای دەخوارد.

حەشـری دوای وێرانـی بـوو، هەمـوو مرۆڤـی مـردوو زیندوو بووبـوونەوە، بووبـوونە یەک مـرۆڤ و لە ڕۆحـی ئەمـدا، بەوپەڕی توانـای خۆیـانەوە نیشـتەجێ بوون، وای ئەمە چی بوو کوشتارگە بە شوێنی هەلهەلە وەرچەرخا.

"عەبدوللا"ش لەتەک ئەوانـی تـردا تەنها بەسـەر لمـی بیاباندا هەنگـاوی نەدەنـا، بەڵکـو لە هەمـان کاتـدا باڵەکـانی کردبـوونەوە و بەرز بەرز هەڵـدەفڕی. کـوڕە فرسەتی گرت و بە بابەی وت: وەرە لەگەڵم با برۆین.

پیرەپیاو کوڕەی بە شوێنەوە بە دڵی پۆشـراو لە زامـی دێرین و لایـان بە لای خـودای بەردینـی بێبـاڵەوە نەکـردەوە و چـوونە بارەگـا، تەنهـا سـەریان نەخسـتە سـەر ئەرز، بەڵکـو ئەوەش لەنـاو سـەریاندا بـوو دایـان نـا. پیرەپیـاو لە مـزگەوت، کوڕە دەستی گرت و تەکیەی دایە سـەر گۆچـانەکەی و هەڵسـایەوە بەهەڵەداوان بـۆ مـاڵ گەڕایەوە و فەرمـانی سـەربڕینی وشـتری دا و سـفرەیان ڕادەخسـت و کوڕان و غوڵامانی خۆی نارده لای ماقوڵان و مەزنانی هەموو وڵاتی عەرەب.

جـارڕەرانی ڕاسـپارد بە هەمـوو لایەکـی بیابانـدا بـانگی خەڵکـی بـکەن و بە هەمووان ڕابگەیەنن بەبێ جیاوازیی لە هەژاری و دەوڵەمەندیدا کە (هەمـوو شت لە مـاڵی گەورەی قورەیشـدا ئامـادەیە و بفەرمـوون بێـنە شـادیی ڕزگـاربوونی کـوڕی خۆشەویسـتی گەورەی عەرەب) ئیـدی حەوت شـەوان و حەوت ڕۆژان خەڵکی خواردیان خواردیانەوە و شادی سەر لێوانی هەمووانی گرتەوە.

پیرەپیـاو زۆر پەلەی بـوو زەماوەنـد بـۆ کـوڕەکەی بگێڕێـت، کە جـارێکی دی خودا پێی دابوویەوە و لە باشترین بنەماڵەی عەرەب ژنی بۆ بخوازێت.

چوارەم: ژنهێنانی عەبدوللا

(ئەو هەستی دەکرد سپاردەیەکی هەبوو، دەبوو بیداتە دەست ئامینە پێش ئەوەی سەفەر بکات، سەفەری نەگەڕانەوە)

جارێکی دی (عەبدولموتەلیب) خەوی بینی، لە خەویدا داوای کچی وەهەبی گەورەی تیرەی (زوهرە)ی بۆ کوڕەکەی کرد. بۆ بەیانی هێشتا دیوارە سپییەکانی ماڵەکانی قورەیش لەگەڵ خۆردا تیشکیان نەگۆڕیبوویەوە، عەبدولموتەلیب ناردیە سەروەختی کوڕەکانی، وتی: هەرچی زووترە بێنە لام، چونکە جارێکی دی خەوم بینیوە، کە هاتن وتی: مەترسن ئەم جارەیان خەوی خۆشییە، عەبدوللا! شوێنم کەوە تا "ئامینەی کچی وەهەب"ت بۆ داوا بکەم!

فاتیمەی کچە دەوڵەمەندی شار دەیویست بەو ساتەوەختە مەلەکووتیانە تێکەڵ بێت، کە چاوە گەورەکان و ناوچاوی نووریني عەبدوللا خەبەری لێ دەدا، بە چاوانێکی نیوەکراوەوە لە تەک خۆی دەدوا: عەبدوللا دەمەوێت بمخوازی، عەبدوللا من خەریکە دەمرم ئەگەر نەمخوازی تێک دەچم!

عەبدوللا بەئارامی جوابی دەدایەوە و هەوڵی دەدا ئارام بگرێت و لە بەرامبەر ئەم داوایانەی فاتیمەدا خۆی لەدەست نەدات. بەتووڕەییەوە بە شێوەیەک هەر ئەو دەیزانی بیلێ، وتی: ئامینە!

عەبدولا، جارێک لەناو خۆیدا و جارێک لە دەرەوەی خۆی لەتەک ئەم ژنەدا شەڕی دەکرد، ژنەی دەوڵەمەند و کچانی دیکەی گەورانی عەرەب خەونیان بە بووکێنی بۆ عەبدوللاوە دەبینی، بەڵام ئەوان چییان لە عەبدوللا دەویست، جەستە و گەنجی و ناوبانگ، بەڵام ئامینە خودی عەبدوللای دەویست، ئەوان چاویان کردۆتە مەحەک، هەرچی لەودا بکەوێتە بەرچاو ئەوەیان دەوێت، ئامینە نەبێت عەبدوللای نەبینراوی دەبینی، برینەکانی ڕۆحی عەبدوللای دەبینی، چاڵە قوولەکە کە کەس دەستی پێ ناگات کە ئەهلی گەیشتن نەبێت، ئەوانە لە عەبدوللا تێنەدەگەیشتن ئەو بەشوێن شتێکی دیکەوە بوو. کچان بە خەیاڵ دەرگاکانیان بە ڕووی پڕ لە خەندەوە بۆ داخوازیکەرانی عەبدوللا دەکردەوە.

وەڵامی یەکەمیانی دەدایەوە بەوەی: کە ئەوە باوکیەتی بووکەکەی ئەم دیاری دەکات نەوەک ئەم.

وەڵامی دووەمیانی دەدایەوە: کە قیسمەت نەیکردووە ببنە بووک و زاوا.

وەڵامی سێیەمیانی دەدایەوە: کە زۆر جوانە، بەڵام نازانێت خەونەکانی باوکی، کام کچ دەکەنە خەزووڕەی.

وەڵامی چوارەمیانی دەدایەوە: ئامۆزا هەموو کوڕە دەوڵەمەندەکان خواخوای لاکردنەوەیەکی تۆیانە، بۆچی تۆ بەم پیاوە هەژارە قایل دەبی؟

بە وەرگرتنی وەڵامی نەرێنی، هەموو کچانی دڵشکاو دەچوونە ژوورەوە و دەرگاکانیش غەمبار لە پاش ئەوان دادەخرانەوە، بەڵام ئامینە شتێکی دیکە بوو، کە نزیک مااڵی ئەوان دەبووەوە، ترپەی دڵی زیاتر دەبوو بە دەستەپاچەییەوە تێدەپەڕی تۆ بڵێی وەڵامی بداتەوە. هەر وەک بڵێی خودا خۆی باسی عیشقی ئەمی نابێتە دڵی باوکیەوە، بە عەبدوللای وت: کوڕم کچەکەی (وەهەب)ت پێ چۆنە کە هاوسەرگیریی لەتەکدا بکەی؟ ئەو هەنووکە تەنها گوێی لە عادەتی گەورانی عەرەب نەگرتبوو، کە دەبێت بووکەکانیان لە ئاست بنەماڵەی خۆیان بن، بەڵکو گوێی لە دەنگی دڵیشی گرتبوو، مەیلی لێبوو زوو بگات و هەواڵی ئەویش بزانێت. شاری بیابانننشینی مەککە لەژێر پەردەی تیشکبارانی ئەو بەیانییەدا دەدرەوشایەوە، عەبدوللا دەیزانی ئەو نوورەی ناوچاوی بۆ ناوزگی ئامینە گواستۆتەوە، دەبێت تۆو بمرێت هەتا گیا و گوڵ بڕوێت ئەو و ئامینە خەریکی ڕواندنی داریک بوون، بۆیە دەبوو تۆوی بوونی ئەوان کۆتایی بێت، کاری ئەوان تەنها هەڵگرتنی ئەو تۆوە بوو.

ئەو نەیدەزانی کەی مەرگی تۆوەکە دەست پێ دەکات، بەڵام لەوە دڵنیا بوو هەر هێندە دەمێنن تا گوڵەکە پێویستی پێی دەبێت، کاتێک گوڵەکە سەری دەر هێنا و لە خاک بۆ ئاسمان تێپەڕی، ئەوان بۆ خاک بەجێ دەهێڵێت.

لە مااڵی (وەهەب) (عبدولموتەلیب) باسی ئەوەی کرد لە خەودا تیشکێک لە مااڵی ئەوەوە بۆ مااڵی ئەوان کشاوە، دڵی پیرەمێرد لە جووڵە وەستا، تا وەڵامی بنەماڵەی ئامینە ببیستێت. ئاخر خەڵکی دی وەک ئەم گوێقوڵاخی خەون و ملکەچیی خەونبینین نەبوون. عەبدوللاش لە وەڵام دەترسا، ئەوانی ناودار گوێ لە دەنگی دڵ ناگرن، بەڵکو لەوانەبوو بۆ گرنگکردن و دەنگدانەوە پەڵپ بگرن، بەڵام سەیر بوو! باوکی ئامینە چاوی بڕییە ئەوان و وتی: من چاوەڕوانی ئێوە بووم.

ئەژنۆکـانی عەبـدوللا سسـت بووبـوون، لێوەکـانی خـۆی دەگەزی و لە پیرەپیاوەکانی دەڕوانی، ئاخۆ بۆچی ئەویش چاوەڕوانی ئەمانی کردووە، چاوی بڕیە لێوەکانی کابرا تا بزانێت بۆچی وا دەڵێت. ئەویش وەک باوکی ئەم خەونی دیتبوو، کارەکە بە خەیر تێپەری و باوکی گۆچانەکەی خۆی لە زەوی گیر کرد و خـۆی دا بەسـەریدا تـا نەکەوێت و کـوڕە دەستی بـاوکی گـرت و لـەوێ بـەناو کۆڵانی مەککەدا بۆ ماڵی خۆیان وەدەر کەوتن، کوڕە گوێی لە باوکی بـوو بە بنی لێویەوە دەیوت: (ئامینە... ئامینە) لە چاوەکانیەوە فرمێسک هەڵدەڕژانە خوارەوە.

ئەو هەستی دەکرد سپاردەیەک هەبـوو، دەبـوو بیداتە دەسـت ئـامینە، پێش ئەوەی سـەفەر بکـات، سـەفەری نەگەڕانەوە. بەشـادییەوە بەشـوێن باوکیـدا هەنگـاوی دەنـا، بـاوکە داوای کردبـوو و خورمـای شـیرینی خواردبـوو و ئەم شیرینییەی بە کامی دڵ دەمژی.

پیرەپیـاویش هەر زوو کە پێشـتر تـرازووی چـاک و خراپی مەسـەلەکەی لێک دابوویەوە و باش ئەوەی زانیبوو کە دیوی چاکی بابەتەکە زۆر سـەنگینتر بـوو، ئێستا لەژێر لێوەوە وتی، بسمیلا بۆ پێشەوە، کوڕەکە وتی: دەڵێی چی؟

پیرەپیـاو شـەویلگەی خـواری جوولانـد و وتـی: هـیچ، هەفتەی داهـاتوو شـایی گەورە دەسـت پـێ دەکەیـن. لە دڵـی خۆیـدا گـوتی: جەژنێـک رێـک دەخەم زۆر گەورەتر لە جەژنێک کە لە گێڕانەوەی دووبارەی ژیانی کوڕەکەمدا گێڕام.

لە سـەرەوە ئاسـمان دەمێـک جلـی شـینی دەپۆشـی و دەمێکـیش کراسـی ئاودامـانی ڕەشـی لەبەر دەکرد و بە ئەستێرەی درەوشـاوە گوڵگـوڵی دەکرد، لە خوارەوەش لەناو ئەو شارە بچووکەی نێو ئەو شیوەدا مەشـخەڵەکان هەڵدەکران و دەکـوژێنرانەوە، ئاگردانەکـان مەنجـەڵی گەورەیـان لەسـەر هەڵگرتبـوو بە داگیرسـاوی دەمـانەوە. دەمـی ژنـان دەبـوونە گـوڵ و لێـوانی پیـاوانیش بە حەسـرەتیان پـڕ لە ئـاو دەبـوو، چـاوی ئـاژەڵانی کێـوییش کە بـۆ بەشـەخۆراکی چەوری خۆیان نزیک دەکەوتنەوە دەبریسکانەوە.

حەوت شـەوان و حەوت ڕۆژان داوەتکـراوان لە پەنـای مـاڵی گەورەی عەبـدولموتەلیب و لە کـۆڵانەکەدا دەوار هەڵـدرابوون تـا "دارولـنەدوە"ی شـوێنی کۆبـوونەوەی مـاقوولانی قـورەیش لە هەمـوو جێیەک بـڵاو بووبـونەوە، زوڕنـا و دەهۆڵ و خۆشی و شادی، شاری پیرۆز زرمەی دەهات و لە شادیدا دەلەرییەوە و سـەدای دەکـرد و لاوانـی جـوامێر شمشـێر بەدەسـت ئەڵقەیـان بەسـتبوو و

دەسووڕانەوە و هەڵدەپەڕین. گۆناکانی ئامینە بە هەڵدانەوەی کەژاوەکەی سوور هەڵگەڕا، عەبدوللا دەستی بە قژی قەترانیی ژنەکەیدا هێنا و لە ناوەڕاستیدا ڕای گرت کە تا ناوقەدی جەستەی هاتبوو، چاوی بڕییە چاوە ڕەشەکانی، ڕۆحی شەرمنی کچەش چاوەکانی بە باڵای ڕێک و بەرزی عەبدوللادا هەڵبڕی، ددانی وردی ناودەمی فراوان و ڕیشی پڕ و ناوچاوی تەختی ئەوی بینی کە هەمووان دەدرەوشانەوە.

*** *** ***

عەبدوللا وەک نەریتی هەموو گەورانی قورەیش بۆ بازرگانی نیازی سەفەری کرد و دەبوو تازەبووکی خۆی بەجێ بهێڵێت، کە هێشتا ڕەنگی خەنەی بووکی دەستوقاچی کاڵ نەبووبوویەوە، زاوا نیازی بوو بەجێی بهێڵێت. تازەزاوا ئەوی بەجێ دەهێڵا، لە کاتێکدا هێشتا تێریان لە یەک نەخواردبوو، ئەو پیاوە قۆز و لە خوداترسەی کە خودا بە ئەمی دابوو. خودا ئەژنۆ بە ئەژنۆ دەست لەناو دەست و چاو لە چاو لە تەنیشت ئەمدا داینیشاندبوو، هەنووکە بەجێی دەهێڵا و ترسێک لە دڵی ئەمدا فڕفڕ باڵەکانی لێک دەدا، بەڵام عەبدوللا وەک ئەوەی هەست بکات باری ئەمانەتی خۆی لەسەر شانی ئەودا و سپاردەی خۆی بەو گەیاند و وتی: مەترسە. بێ ئەوەی بزانێت بوونی هەیە، پێی وت: ئاگای لە کوڕەکەیان بێت، لەناو سکیدا!

عەبدوللا بۆ نەگەڕانەوە ڕۆشت و ئەمیش بەرپرسیاریەتییەکی سەنگینی بۆ مایەوە، ئەویش پێگەیاندنی دواین پێغەمبەر بوو کە ئەو نەیدەزانی کاری وا لەو قۆناغەدا ئەنجام دەدات. ئەوان بۆ دواجار چاوەکانیان لە یەکتر بڕی و نەیانزانی بەو بەیەکەوەبوونە چەندمانگییەیان چ کۆرپەیەک خولقاوە! عەبدوللا لەو کوڕانە بوو بە کۆڵەکەی کۆمەڵ ناو دەبرا، بە ڕۆشتنیشی سابیتەی کۆمەڵی قورەیش و تیرەی بەنی هاشم دەکەوتە زەوی.

ئێستاش نەوەک هەر لە ئامینە پەشیمان نەبوو، بەڵکو دوای هەزار و پێنج سەد ساڵ مێژوو باس لەو ساتە مەلەکووتییە دەکات کە عەبدوللای پیاو بە

ئـامینەی ژن گەیشـتن و بەرهەمـی ئەو بەیەکگەیشـتنەش دوایـین ڕزگـارکەری مـرۆڤ بـوو، هەرچەنـد بەداخەوە کـوڕە و بـاوکە لە یەک کـات و شـوێندا کـۆ نەبـوونەوە و ئەو دەمەی کـوڕە لەدایـک بـوو، بـاوکە مردبـوو، بەڵام منـداڵەکە لە چـاوانی عاشـق و غەمبـاری ئـامینەی دایک و غەمـی قـوواڵی بـاپیرەوە هەسـتی بە عەزیزیی باوکی دەکرد، هەر وا بە گـۆترە نەبـوو کە ئەو هەمـوو کـچە خـانەدانەی قورەیش عاشقی بووبوون.

هەنـووکە گرنـگ نەبـوو بـاوکی کـوڕە چەندە پیـاو و بەشـەهامەت بـوو، گرنـگ ئەوەیە لەبەر لێهـاتوویی و مەزنیـی کـوڕەکەی ئەو لە خـۆی زێتـر گەورە نەکەیـن، ڕێگە نەدەین لەبەر یەقینمان بە پێغەمبەرایەتیی کوڕە خۆمان لە گێلـی بـدەین و لە سـەروو مـرۆڤەوە سـەیری بکەیـن. ئەوە سرووشـتی مرۆڤەکـانە بـۆ ئەوەی لە مەزنیی دەرگـا کراوەکـانی دواتـر تێپەڕێن لە پێکهـاتە و مـادەی دەرگـاکە دەنـۆڕن، لەبـاتی ئەوەی سـەیری ئەو ئاسـۆیە بـکەن کە کـردنەوەی دەرگـاکە دەیکـاتەوە، پێغەمبەرایەتیش کردنەوەی پەنـجەرە و دەرگـایەکە نەوەک ڕوانـین بـۆ ئەوەی ئەو دەرگا و پەنجەرانە لە چی دروست کراون.

پێنجەم: مەرگی عەبدوللا و کاروانی نەگەڕاوە

(ئەوە عەبدوللا نەبوو، ئەوە خەمێک بوو کە وشترەکە لەسەر پشتی هەڵی گرتبوو و بۆ شامی دەبرد)

عەبدوللای تازەزاوا نیازی سەفەری هاوینەی وەک هەموو پیاوانی دیکەی قورەیش و بە نەریتی چەندین ساڵەیان بەرەو شام کرد و هەنووکە کاروان ئامادەی جوولە بوو، ئامینەی تازەبووکیش ئەوانی بینی ولاخەکانیان بار کرد و دەنگی وشترەوانان بۆ لێخوڕینی ئاژەڵەکان بەرز بوونەوە. بە بەرچاوی ئەمەوە وشترەکان تێپەڕین و کاروانەکە ڕیزی بەست و لە قەتارەی ڕێکوپێکدا کەوتە ڕێ، هەموو زەنگی ملی وشترەکان و کاسەی خۆراک و ئەشیای پشت وشترەکانیش دەنگێکی بە ڕیتمیان نابوویەوە، ڕێگا لمینەکەیان گرتە بەر و وشترەکان زۆر بوون، وا دیار بوو کاروانی هەموو وشتری بارهەڵگری زۆری قورەیش بوون، کاروانی دوورودرێژی وشتران، کە پڕ لە باری کەلوپەلی بەنرخ ڕەت دەبوون، بڕانەوەیان بۆ نەبوو، چەند ئەسپ سواریکیش، لە پێشەوە سواری ڕەخشی ڕەش بوون.

ئەم هەر لەوێ وەستابوو هەوڵی دەدا عەبدوللای مێردی و وشترە سپییەکەی لەناو حەشاماتە فراوانەکەدا ون نەکات. عەبدوللا ئەرکە ئاسمانییەکەی جێبەجێ کردبوو، نووری ناوچاوی خۆی بەم گەیاندبوو، ئەرکە جەستەییەکەشی وەک پیاوێکی بەشانوشەوکەت و کۆڕی گەورەی قورەیش، تەواوی چێژی ژنومێردایەتیی بەم گەیاندبوو، تینوویەتیی کچایەتیی مێردکردن و هەستکردن بە نزیکیی پیاو و جوولانی هەر دوو کونە کەپووی بە بۆنی تیژی پیاو شکابوو، بەڵام تینوویەتیی بەردەوامی ژنومێردایەتی و ئەرک و زەحمەت بۆ منداڵخستنەوە و بەدایکبوون بۆ ئەو و باوکبوونی عەبدوللا، گەورەبوونی وەچە لە سایەی ئەوانی دایک و باوکدا قوولتر دەر کەوتبوو. ئەو وەک هەر کچێک حەزی شووکردنی هاتبوویە دی، بەڵام هەنووکە دە حەزی دیکەی تێدا خولقابوو. هەرچەند ئێستا لە قوولایی ناخی خۆیدا وای هەست دەکرد کە ئەو دە حەزەی بۆ دەربڕینی قوول وەر دەچەرخاند.

بۆخۆی نەیدەزانی بۆچی هەستێکی باشی بەرامبەر ئەم سەفەرەی مێردەکەی نەبوو، حاڵی ئامینە لەو حاڵانە بوو کە عەقڵی شتێکی پێ دەوت و دڵی شتێکی دی، عەقڵی پێی دەوت: مێردەکەی ئەم لەگەڵ کاروانی گەورەی قورەیش، کە هەزاران وشتر بوو، بۆ بازرگانی دەڕوات و بە دەستکەوتی زۆرەوە دێتەوە و پاشان جارێکی دی و جارێکی دییش سەفەر دەکات و دەبێتە بازرگانێکی ناودار و ڕەوشتجوان و دەستپاک و شانازیی بنەماڵە و ئەم و ڕۆڵەکانیان.

بەڵام دڵی دەیگوت: ئەمە دواین سەفەریەتی و ئەم ڕوانینانەی ئەمیش دواین ڕوانین، لە دڵی خۆیدا بە خۆی و باوکی عەبدوللاڵی دەوت، بۆچی دەهێڵن کوڕەکەی ئەو و مێردەکەی ئەم بە ڕێگاکانی دواین سەفەریدا گوزەری ڕۆشتن بکات و گەڕانەوەی نەبێت، بۆنی قۆزی مێرد و باوکی کوڕی ئەو تەنانەت بە جێگەپێکانی ئەو و ولاخەکەیەوە بەجێ نەمێنێت و بای بیابان بیسڕێتەوە.

دڵی دەیگوت: ئیدی ئەو ژیانی بێ عەبدوللاڵ بەسەر دەبات، ئەوجا بە خۆی دەوت: مەگەر من چەند جار لەدایک دەبم تا یەکێکیان بێ تۆ بەسەر بەرم عەبدوللاڵ گیان! ئەوە عەبدوللاڵ نەبوو، ئەوە خەمێک بوو کە وشترەکە لەسەر پشتی هەڵی گرتبوو و بۆ شامی دەبرد. دڵی دەیوت: هەمان وشتر بێ عەبدوللاڵ، بەڵام بە هەمان خەمەوە ڕوون و دیارتر لە هەمان کاتدا نەدیتراو دەگەڕێتەوە.

کاروان لە بەرچاوان ون بوو، بەڵام هێشتا ئامینە بێ جووڵە بە چاوانی درشتی خۆیەوە لەوێ وەستابوو. ئەمسەری کاروانی بەڕێ کردبوو، ترسی ئەوسەری بوو. ئەو کاتەی جارەرەکان لە بیابانەوە دێن و تۆپەڵێک تۆزیان وەدوو خۆیان خستووە هاوار دەکەن، ئەهای کاروان بەڕێوەیە ئەی خەڵکی مەککە! ماڵەکانتان بە قازانجی باشەوە گەڕایەوە موژدەمان دەوێت.

ئەی خانمان، مووەکانی جەستەتان دامااڵن، بۆن و بەرامەی عەتر و عەبیر لە سەر جێگەتان پەخش بکەن و سینگ و بەرۆکتان هەڵبڕن و چاوانتان پڕ لە خەندە و زمانتان پڕ لە هەلهەلە و جلی جوان بپۆشن، خشل و زێر و یاقوت و ئەڵماس بە خۆتانەوە بکەن، بۆ پێشوازی کاروان بۆ سەر گردەکانی شیوی (زی تەوا) بەڕێ کەون وا مێردەکانتان خەریکن دەگەن، خەڵاتی موژدەی هاتنەوەی مێردانی شێر بۆ ناو بێشەی باوەشتان بدەن، بەشی خزمەتکاری خۆشتان لەبیر نەکەن!

ڕیشسپییانی قورەیش، ڕۆڵە و براکانتان بە پانتایی فراوانی بیابانەوە بەسەر هەموو دونیا و خێڵە گەورە و بچووکەکانی عەرەبدا تێپەڕیون، دەست بە سینگ لەسەر ڕێ لە بەردەم شکۆ و دەسەڵاتی ئێوەدا وەستاون و سڵاو و پارێزیان لە قەڵەمڕەوەی خۆیاندا بۆ پاراستنی دەوڵەمەندیی سامان و کاروانی نەبڕاوەی ئێوە دەر بڕیوە، بۆیە وا وشترانی کەشتیی زەبەلاحی بیابان بە هەنگاوی گەورە و هێنان و بردنی مل و هەڵبەزودابەزی ڕێکوپێکی کۆپارەی پشتیانەوە کە هەموو کاڵای بە نرخی شامیان لەپشت گرتووە دەگەڕێنەوە.

دەسا ئێوەش ئەی سەروەرانم، بۆ پێشوازیی جگەرگۆشە و برا و دەسەڵاتی بزواوی شاری پیرۆز بۆ گردەکان بەڕێ کەون و تا پێش کاروان بکەون و بەرەو نەزرگەی پارێزەرانتان "هوبەل"ی مەزن و ماڵی خودای گەورە کەعبەی شەریف بە ڕێی بخەن و سوپاسی بە سەلامەتی گەڕانەوەی کاروانی گەورە بەوان بگەیەنن، بڕۆن منداڵانی شار، نووری چاوی باوکان خێرا هەڵبێن سەوقات و دیاری باوکانتان وەربگرن کە ئەوان بەڕێوەن و بە کۆڵێک دیاری و باوەشی گەرمەوە بۆ لاتان دەگەڕێنەوە.

ئەهای! کۆیلانی بەئەمەک و ملکەچی فەرمانی گەورەکانتان کەژاوە و سایەوانەکانتان لەسەر سەر نێن و گەورانی ماندوو شەکەتی خۆتان لەسەر دەست و ملی خۆتان هەڵبگرن و بۆ کۆشک و تەلاری شاهانەی خۆیان بگێڕنەوە. کەنیزەکانی مایەی شادی و دڵخۆشی سەروەرانتان. زوڵفی ڕەشی تا نێو قەدتان بەر بدەنەوە و قەد و باڵای ڕێکتان چەور و پر لە خاڵخاڵ بکەن و گەردنتان بە مێخەک بەند و ناوقەدتان زرینگەی پشتیوێنی ئەڵقەداری بە ڕیتم ببزوێنن. ژنانی سەماکەری وەجووڵەخەری شار و دەهۆڵژەن و دەفلێدەرانی وەزرمەهێنی بیابان بە لەرزەپێ و بە زرمەی دەهۆڵ بە هەموو بیابان بگەیەنن کەوا قورەیش بەڕێوەیە و بە هەموو عەنعەنە و تەنتەنەی خۆیەوە هەموو لمی بیابانی وەژێر پێێ خۆی خستووە و وەک شێرێک لە مەملەکتی خۆیدا گەشتی کردبێت و هەنووکە بۆ لانکەی خۆی گەڕاوەتەوە.

ئێستا هەر ئەو کاتەی دەبینی کە ئەویش وەک هەموو ژنانی دی بۆ پێشوازیی میردەکەی دەچێتە دەرەوە، بار و وشتر و تۆز و عارەق و قاقای خۆشیی گەڕانەوە وەلا دەنێت و لەو کاروانە گەورەدا کە وەک شارێک لەوێ کەوتووە بۆ عەبدوللا دەگەڕێت. ئەم تاسەی میردەکەی دەکرد. ئەو عاشقی ئەو

بـوو و حەوت حەزی پـاک و شـەرمنانەی بـۆ دیـداری ئەو هەڵگرتبـوو. نەیزانـی ئەوانە حەوت حەز نەبـــوون، بەڵکـــو حەوت خەنـــجەر بـــوون لەنـــاو دڵیـــدا شـارابوونەوە و عەبـدوللایان لەو دوور دەخستەوە. ئەم بە خەیـاڵی بینینەوەی مێـردەکەی مـاڵی دەڕازانـدەوە و گـوڵ و ڕێحـانەی ئـاو دەدا و چنینـی دەکـرد و ڕۆژگـاریش خەریکـی چنینـی خـۆی بـوو و کە داسـتانی ڕووداوێکـی گەورەی بـۆ نەخشـــەکەی هەڵبژاردبـــوو، ئەم و عەبـــدوللای وەک قارەمـــانی ئەو نەخشـــەیە دانـــابوو. ئیـــدی بە درێژایـــی ئەو مـــانگە لە بەردەم پەنـــجەرە و ڕوو بە بیابـــان چاوەڕوانی گەڕانەوەی عەبدوللا بوو.

شەوان هەر لە پەنجەرەکەوە سەیری شەوی دەکرد کە داوێنی ڕەشـی خـۆی دادەخست. لە خەو ڕادەپەڕی، خەوی دەبینی، بە هەڵهـاتنی سـپێدە دیسـان چـاوی لە ڕێی کـاروان دەبـڕی، دەسـتی بە نـزا و پـاڕانەوە دەکـرد تـا عەبـدوللای عاشـقی بەســـەلامەتی بگەڕێـتەوە، ڕۆحـی خـاڵی و خـامۆش دەســتەودامان لە ئاســمانی دەنواڕی هەڵڵای دووریی مەعشووقی بـۆ لای خـودا دەبـرد، دەپـاڕایەوە: خـودایە! ئەم نیعمەتـــی عیشـــقەی عەبـــدوللا کە بە منـــت بەخشـــیوە بـــۆم بگێـــڕەوە، ئەمە گەنجینەیە بۆ هەموو کەس ئاشنا نییە، هەرچەند پڕئـازارە، بەڵام لە هەمـان کاتـدا پڕچێژ و بگـرە ئارەزوومەندیە، ئـارەزووی قوربانیـدان بە هەمـوو شـتێک لە پێنـاو مەعشـووقدا، ڕێگەی عیشـق وەک هـیچ ڕێگەیەکـی تـر نیـیە، لەوێ بـێجگە لەوەی عاشقان گیانی خۆیان بدەن هیچ چارەیەکی تریان نییە.

من عاشقی تۆم عەبدوللا گیان، بە خـودا عاشـقتم، بەو عیشـقەی تـۆوە دەژیـم، هەموو شتم خۆش دەوێت. خەریکم هەموو شت ماچ دەکەم، هەمـوو شـت قـووت دەدەم، بیـــر لە هەمـــوو شـــت دەکەمەوە، بیـــر لە تـــۆ دەکەمەوە، هەر وەک کاروانچییەک لە وشتر، وەک ماندوویەک لە خەو، برسیەکیش لە نان!

*** *** ***

دەیپرسی عەبدوللا لەکوێیە، کەس وەڵامی نەدەدایەوە، چونکە وایان دەزانی کە ئەو بەرگەی بیستنی ناگرێت. پیاوەکان دەستی گەورەی قورەیشیان ماچ کرد، باپیرە ڕەنگی پەڕیبوو کە لە ئامینەی ڕوانی، دەم نا دەمێک هەناسەی ون دەبوو و عارەقەی ناوچاوی خۆی دەسڕی. ئەو ئەرکەکانی منی گرتبوویە ئەستۆ، ئەو لەبەر من ڕێگای ناو یەسریبی گرتە بەر، ئەو کاتە هاتەوە لە بەردەم فەرمانی ئەودا نایەکی نەبوو، ئەو کاتەی وەک بەرخێک کە بۆ سەربڕین دەبردرێت شوێن باوکی کەوتبوو بۆ سەربڕین.

هەتا باوکی ئەو وشەیەی وت، ئەم ئاگای لە خۆی نەمابوو تا بیبیستێت، کە چاوەکانی کردەوە هێشتا وشەکە سوور و خوێناوی بە حەواوە وەستابوو، لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت و لێوەکانی خۆی گەست، تا وشەی نەشیاو لە لێوەکانی نەیەنە دەرەوە، خۆی لە ساتەوەختی نابودی نەک زەوی، بەڵکو گەردوون و هەڵسانەوەی گەردوونداا دەبینی. باپیرە دەیزانی ئەمەش یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی دەرکەوتنی ئەو بوو، نیشانەکان بۆ ئەمان پڕ لە ئازار بوون، بەڵام دەرکەوتنی ئەو ئازاری لەوانی دیکە دەکردەوە. ئامینە نیگایەکی بڕییە کاروان و دونیا لە بەرچاویدا تاریک داهات، عاقیبەت خەریکە خۆرەتاوی سوور و خوێناوی دەکەوتە پشت شاخەکان، هەموان لەبەر غەمی عەبدولموتەلیب، شادیی خۆیان شاردەوە.

هەنووکە عەبدوللا تامی مەرگی کردبوو و بۆ خۆی لەو بیابانە ڕاکشابوو، بەڵام عەبدوللا پێش ئەوەی بارگە و بنە لەسەر زەوی بپێچێتەوە کار و ئەرکی خۆی ئەنجام دابوو و ژنەکەشی سکی هەڵئاوسابوو دوای چەند مانگێکی تر عەبدوللایەکی گچکەی دەخستەوە. ئەم لە زەینی خۆیدا عەبدوللا گەڕاوەتەوە و هێشتا لە خزمەت باوکیدا لە سەفەر و کاروان دەدوێ، لەژێر چاوەوە لەم دەڕوانێ و ئەمیش بە چاوەکانی بۆی دەسێنێتەوە، بە ناز و مەکری ژنانەوە وا خەندە دەشارێتەوە کە نە باوک و نە هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵەی فراوانی گەورەی عەرەب ئەوە نەبینن و دواتر درەنگانێکی شەو کە باسی ڕێگەی دووری کاروانی درێژی وشترانی قورەیشی هاوین کۆتایی دێت. عەبدوللا هەڵدەستێت و لەسەر مۆڵەتی باوکی بۆ ژووری خۆی و بووکەکەی ڕێگە دەگرێتە بەر.

عەبدوللا ماندووە، بەڵام گفتوگۆی نوێ لەتەک ئامینە، بە زمانێکی ئارامتر دەست پێ دەکەن و ئامینە بە پێکەنینەوە دەستی مێردەکەی دەگرێت و بۆ سەر

سکی ڕایدەکێشێت و تا بێ وتن خۆی هەست بەو گۆڕانکاریانە بکات کە ئەوان پێکەوە لەو دونیا بچووک و نەبیناوەدا دروستیان کردووە.

ژن و پیاو لە یەک دەڕوانن و ژنە سەری قسە دەگرێتە بەر و داوا لە مێردەکەی دەکات کە لە خزمەتی باوکیدا بڵێت دەبێت گەورەترین گوێزەبانە بۆ یەکەم منداڵیان ئەنجام بدەن.

عەبدوللاّش بۆی دەسێنێتەوە: ئەی چۆن؟ مرۆڤ نابێت هەر وا حەتاڵ و بەتاڵ خودا هەرچی خەڵات کرد بێ پێشوازی و پێخۆشبوونی گەورە قەبوولّی بێت! لە باپیرەی دەڕوانی ئارام و بەویقار، لەو ڕووداوانەی دەڕوانی کە دەشا بۆ کاروانیەک عەبدوللاّی ڕۆشتبوو و هێشتا نەگەڕابوویەوە، منداڵانی برسی چاوەڕێ بوون و خورمایان بۆ بهێنێت. هەنووکە دوای شەش مانگ لە مەرگی، هێشتا چاوەکانی بۆیان دەڕوانی بە تکاوە چاوەڕوانی چارەسەریان دەکرد، بەڵام ئەو کوڕە گوێڕایەڵە کە شەویلگەی نەدەبزواند و هیچی نەدەگوت، هەمووان دەترسان، بەڵام ئەو ترسی پێوە دیار نەبوو، هەنووکە کە ئەو ڕۆشتبوو عەبدوللاّی گچکە گچکەی زۆری وەک خۆی بخاتەوە.

هیچ پەشیمان نەبوو کە سەد وشتری دابوو، چونکە بۆ کوڕەکەی سەلماندبوو ئەگەرچی ئەو ئامادە بوو لەبەر پەیمانێک بە خودای دابوو کوڕەکەی سەر ببڕێت، بەڵام تەنها هەناسەیەکی ئەوی نەوەک بە سەد وشتر، بەڵکو بە هەموو مووڵکی دونیا نەدەدا، ئەو هەموو مووڵکەی دابوو تا عەبدوللاّ لە مەرگ ڕزگار بکات، بەڵام هەنووکە خودا لەناو هەموو کوڕەکانیدا عەبدوللاّی بردبوویەوە، ئەمە چی دەگەیاند؟ بۆچی وابوو؟ ڕاز بوو ڕاز، هەوڵی ئەدا ئاماژە شاراوەکانی لێک بداتەوە، بەڵام ئەوی پیرەپیاوی جەرگسووتاو لەوە ماندووتر بوو بتوانێت بە ئەنجامی ئەمە بگات!

هەموو حەشاماتەکە بە مرۆڤ و وشترەوە بە ژن و پیاوەوە شوێنی عەبدولموتەلیب کەوتبوون، تۆز لە ژێر پێیان هەڵدەستا، کە گەیشتنە پێش "بەیت" ئەژنۆکانی پیرەپیاو چەمانەوە و حاریسی کوڕی بەرزی کردەوە، بیری کردەوە هەنووکە سەری گۆڕی کوڕەکەی پڕ لە سێبەری دارخورما و تڕێیە، هەنووکە داری ڕەقوتەقی مێو زیندوو زیندووە و دونیای پڕ کردووە لە بۆشکە تڕێ، ئەو بۆشکە تڕێیانە ڕۆڵەی تڕێن لە سکی ئەو دارە ڕەقوتەقە هاتوونەتە دەرەوە، هەروەها دارخورما و مەزرا گەورەکانی گەنم و جۆش بە هەمان شێوەن، هەور

دێ و بارانی خۆی دەنێرێت و زەوی ئاوس دەبێت و هەور دەڕوا گەنم و تریێ و خورما بەر دەدەن. عەبدوللاش دەڕوات، بەڵام زگی ئامینە بەردەدا و ژیانی عەبدوللا لەوێوە بەردەوام دەبێت. سەرنجی دەوروبەری خۆی دا، خۆریش خەریک بوو دەڕۆشت و زەوی کە تێر بووبوو لە چەشتنی خۆراکی نوور بە تیشکی ئێوارە دەبریقایەوە و دواتر بە شەو ئاوس دەبوو و دواتر خۆری نوێ لە دایک دەبوو و دونیای نوێ لە دایک دەبوو، ئەگەر خۆری ئەمڕۆ نەڕۆشتایە هەرگیز خۆری سبەینێ نەدەهات، دەبووا خۆری عەبدوللاش بنیشێت تا بە لەدایکبوونی منداڵەکەی ئامینە خۆرێکی نوێ هەڵبێنێت.

عەبدوللا نەمامی نێژراوی ئەم بوو، ئەی وای... نەمامەکەی بە درەختی تەواو وەرگەڕابوو و هەنووکە ئەو نەمامە بۆ خوا لە کاتی بەردانیدا بردبوویەوە؟

عەبدوللا ڕۆشت، ئێوارەی ژینی بەسەردا هاتبوو، دەبوو هەر کەس بە پابەندبوونی بە بەجێهێنانی یەکێک لە ئەرکەکان لە مەحەک بدرێت، هەنووکە ئەو پێش ڕۆشتنی ئەرکی بەرامبەر بە باوکی بەجێ گەیاندبوو، عەبدوللا ببووەوە بە خاک، بەڵام لە چاوانی پیرەمێرددا قۆز قۆزێ دەستەوئەژنۆ گوێقوڵاخ لە بەردەم باوکیدا چۆکی دادابوو.

بە چاوی فرمێسکاویەوە لە بووکەکەی دەڕوانی، هەر وەک جاران هەژار بوو، بەڵام باوکی پێی دەوت لە هەژاری مەترسە ئەگەر ژنێکی باشت هەبێت، موحەمەد سااڵەهای سااڵ یادی مامە حاریسی لەبیر نەدەچوو، کە دایکی بۆی دەگێڕایەوە کە چۆن هەواڵی مەرگی عەبدوللای گەنجی بۆ مەکە هێنایەوە.

هەموو شار بووە ماتەم و شین، هەموو ئەوانەش هەژار و بێ کاروان و بەرژەوەندییش بوون لەوێ ئامادە بوون. لە هەر چوارلای بیابانەوە، جارێک لە تەختایی بازاڕی (ئەبتەح) وەک ڕەشەبا و جارێکیش لە خوارەوە پۆل پۆل بە فڕینەوە وەک پۆلە باڵندە لە ئانی کۆچدا، جارێکی تریش لە ڕۆژئاواوە لە شاخەکان وەک سوپای ڕێکوپێکی زۆری ڕەشپۆش و کەتیبەی گەورەی سواری ئەسپی عەرەبی ڕەخش لە شاخەکان لە ڕۆژئاواوە هاتن.

چ خەڵکێکی بێشومار لە دەوری مزگەوت و بەیت کۆ بوونەوە، جارێکیش لە ڕۆژهەاڵتەوە وشترسوارانی بێ حەدی سەرەک خێڵ و عەشیرەت و گەورە و قودرەتمەند و دەوڵەمەندانی سەرتاسەری گەلانی نزیک و دوور خۆیان گەیاندە

قەرەباڵغی، بە جۆرێک تەنانەت لە کاتی حەجیش لە مەککە ڕووی نەدابوو هاتن هەموو حەوشە و بان و کووچە و کۆڵانی مەککەیان ڕەش کردەوە.

فرمێسکیان هەڵڕشتن و دەستەوئەژنۆ بۆ مەرگی کوڕی میرخاسی گەورەی قورەیش گریان و لە باوکی پیریان دەڕوانی، کە بە ڕدێنی تەواو سپی و لێوی شین و دەموچاوی پەڕیوەوە دانیشتبوو، بە جووڵەی گۆچانەکەی دەستی دەلەرزی و بە تیلی چاو ڕێزی نەوتراویان بۆ دەردەبڕی، شینی وا بوو وەحشیانی شاخ و بیابانی دەوروبەریش هاواری ئەوانیان دەبیست و هەڵدەلەرزین، خەڵکەکە وەک مێروولە لە ماڵەگەورە دەهاتن و دەچوون.

بۆ شەو زۆر هیلاک بوو، لە ماڵ هاتە دەرەوە لە ئەستێرەکانی دەڕوانی هەندێکیان وەستاو و پرشەیان دەدا و هەندێکیش وەک کەسێکی نەبینراو بۆ شوێنێکی نادیاریان هەڵبدات جووڵابوون، لە عەدەمەوە بۆ جیهانی بینراو زۆر بەخێرایی دەردەکەوتن و پاشان بۆ جیهانی عەدەم دەگەڕانەوە.

گوێی بۆ مەلانی شەو هەڵخست، کە لەو مرۆڤە زۆرانەی ژوور و دەری ماڵی خەزووری زێتر ڕۆحیان سەرقاڵ کردبوو، سەرەنجام یەکێک لە کاروانیان هاتە دەنگ و ئەمیش گوێقوڵاخ بوو کە باسی دواساتەکانی مەرگی عەبدوللای کرد و شەویلگەی خواروی جووڵاند: بۆ یەسریب لای دا تا سپاردەی باوکی جێبەجێ بکات و بۆ تێرکردنی سکانی برسی، خورما لە شاری دەختی خورما بێنێت و خاڵوانی باوکی بەسەر بکاتەوە، چووە سەرجادەی چوون بۆ یەسریب و دەستی بۆ ئەمان هەڵبڕی و وتی: ئێوە برۆن دواتر منیش دێم، ئیدی لەسەر ڕێ بەجێ ما و کاروان جووڵا، حەجمی بینراوی ئەو بچووک و بچووکتر بوویەوە.

ئامینە چاوی پڕ لە فرمێسکی داخستبوو و گوێقوڵاخ بووبوو، کابرا وتی: بەڵام هێشتا کاروان زۆر لە سەوزایی و ئاو دوور نەکەوتبوویەوە کە سواریێک لە دوورەوە دەر کەوت کە عەباکەی بە نیشانەی وەستان بۆ ئێمە ڕادەگرت. گەردی تۆزیش لە پشت سمی ولاخەکەی بەرز دەبوویەوە. سەرکردەی کاروان بە نیشانەی وەستان دەستی خۆی ڕایەڵ کرد. کابرای سوار گەیشت و ولاخەکەی سمکۆڵانی بوو و دەهات و دەچوو، گیانی ئەسپەکە و سوارەکەی پشتی شەلالەی عارەق بوون.

کابرای سوارە وتی: هێی کاروانیان، برایانی عەرەب خەبەری ناخۆشم بۆ ئێوە پێیە، کوڕی گەورەکەتان لە پڕ تووشی سکئیشە بوو و پاشان کابرای سوار

چەفتەی سەر دەموچاوی لا دا و پاشان ڕووی کردە سەرقافڵەچی، سەری دانەواند ورتەی هاتێ: بەداخەوە، کوڕی گەورەکەتان کۆچی دوایی کرد!

هەموو کاروانچیان هەموویان کە بە دەمی بەش بووەوە گوێیان ڕادێرابوو، حەپەسان و دواتر بۆ ناو خۆیان ڕۆشتبوون و هیچیان پێ نەدەوترا، ماوەیەک بێدەنگی باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا و وەک بڵێی مەرگی خۆیان لە پاش خۆیان دیتبێ، بە ورەوریٚکەوە لە یەکتریان ڕوانی، بۆ یەکەم جار سەرقافڵەچی و دواتر ئەوانی دی هاواریان لێ بەرز بوویەوە، ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ عەبدوللا مردووە!

قیامەت هەستا و لەناو کاروان هەراوزەنا بەرز بوویەوە، وشتر و مرۆڤ کەوتنە جووڵە و هاتوهاوار، کاروانچیان دەگریان و وشترانی داماویش یاخی دەبوون و خۆیان ڕادەپسکان. پاشان لە نێو دەنگی گریاندا هەمووان موتەحیر مان و ئاقیبەت سەرقافڵەچی لێوی کردەوە: یالا کاروان بۆ یەسریب بگەڕێتەوە، نابێت عەبدوللا بەتەنها بەجێ بهێڵین!

ڕۆشتین، جەستەی ڕێک و بالای نازداری عەبدوللامان بینی لە ناوەڕاستی کۆڕی خاڵوانی، بە شکۆ و ڕەنگی پەڕیوەوە ڕاکشابوو و چاوەکانی لێک نابوو، کەسوکاری کۆسکەوتوو و کپ دانیشتوون، کە ئێمەی هاوڕێی عەبدوللایان دی بانگی شین و ڕۆڕۆیان هەڵدا، ئێمەی هاوڕێی ئەو خۆمان بەسەر جەستەی مردووی هاوڕێکەماندا دا. خزمانی ئەو دەنیشتنە بن دەستمان و لەسەر جەنازەی دانراوی ئەو هەڵیان بڕین. گوێم لێ بوو سەرقافڵەچی سەدای هەڵدا: ئەی هاوار! کێ دەتوانێت هەواڵی مەرگی عەبدوللا بە تازەبووکەکەی و پیرەباوکی بدات. وەی عەبدوللا! ناتوانم جەستەی مردووت لەبەر تینی خۆر و سینگی فراوانی بیاباندا چەندین شەو و ڕۆژ بۆ خاکی باوانت ببەم.

سەرەنجام پیرترینی خێڵی خزمان خۆی هەڵدایە سەر گۆچانی و ڕاست بوویەوە و وتی: عەبدوللا لای ئێمە بۆ هەمیشە میوانە، لەناو خزمانیشی لە شاری خامۆشاندا لە ژێر سێبەری دارخورما و نەسیمی فێنکی یەسریب بۆ تاهەتایە دەخەوێت، پاشان بە دەنگێکی میهرەبانەوە کە حیکمەتی حەقیقەتی مەرگی لێ دەباری وتی: ڕابن! با جەستەی لاواز وەشارین.

لەش هیچ نییە خۆراکی کرمە و ڕۆحی عەبدوللا لە بەهەشتە و ئەو سەفەری جاویدانی خۆی کردوە، گرنگە ئێمەش خۆ ئامادەی سەفەری کتوپڕ یان گەیشتووی وەک ئەوەی عەبدوللا بکەین، لە بیرتان نەچێت کاتێک لەسەر

جەنازەی ئازیزێکی وەک عەبدوللا دادەنیشن و فرمێسک دەرێژن، لەبیرتان بێت کە مردن دەروازەی گەورەی ئاسمانە و دەکرێتەوە و ڕۆح بەرەو سەرزەمینی هەمیشە مانەوە سەفەر دەکات.

پاشان لاشەی ساردی عەبدوللا خرایە سەر دەستان و بۆ گۆڕستان برا، خزمان لەگەڵ دۆستانی کەوتنە کار، ئەویان لەو غەریبیە وەشارد و ڕەشوەی ولاخەکەیان گرت و بەسەر زەویی فراوانی بیاباندا کاروان کەوتە ڕێ، ئاژەڵەکە سەری وەرگێڕا و خاوەنەکەی خۆی ناسییەوە کە هەموو ڕۆژ هاوسەفەری بوو، ئێستا ئەوی بەجێ دەهێڵا و بە تەنها بۆ لای تازەبووکەکەی و باوکی دەگەڕایەوە. عەبدوللا مرد و هیچکام لە کاروانیان کۆتا وشەی پێش مەرگیان نە بۆ ژنەکەی و نە بۆ باوکی نەگێڕایەوە، دوایین وتەکانی لە ناو مێژوودا ون بوون، عەبدوللا خاوەن هەموو ئەو شتانە بوو کە پیاوان پێویستیان پێیەتی، بەڵام ئەوە سەرەنجامی هەموومانە کە دەبێت لە حەشارگەی ژینی دونیا بێینە دەرەوە و بەرەو قیامەت هەنگاو بنێین.

ئامینە هەرچی پێ کرا کردی، تا بەقوولّی لە کارەساتی لەدەستدانی عەبدوللا بگات، ئەو هەلی عومری لەبەردەمدا بوو کە کاری گەورە بکات، کێ چووزانێت، کێ نالّێ کوڕەکەی کاری گەورەتر لەوەی لە توانای عەبدوللادا بوو ئەنجام نادات؟ لە سەردەمی چارەنووسسازدا عەبدوللا مرد، لەوە دەچێ کوڕەکەشی لە سەردەمێکی چارنووسسازدا لەدایک بووبێت.

مەزنیی موحەمەدی کوڕی لەوەدا نەبوو کە تەنها هەر دونیای بینراوی چاک کرد، بەڵکو لەوەشدا بوو کە دونیای نەبینراویشی خولقاند، ئاخر ئەویش وەک کوڕەکەی بە دووی ڕزگارییەوە بوو، کێ دەڵێ ئەگەر ئەو مابا نەبووایەتە پێغەمبەر، یاخود کوڕەکەی لە چاکەی باوکی قەرز کردووە، ئەم هەموو ئەو چاکانەی باوکی لەسەر زاری دایکی بینیوە.

ئامینە ئیدی قسەکانی نەدەبیست، بەڵکو وەک ورتەورتە لا بە لای گوێیدا لە نێو دەنگی کپی شەو و بێدەنگیی غەمدا تێدەپەڕی. ئەو چاوانەی کچانی قورەیش عاشقی بووبوون، ئێستا پڕ لە خۆڵ ببوون، هیچ سینگێ لەو زیاتر شک نابرێت کە سەری ئەم نەوازش بکات، ئاخۆ ئاو و لم و قوڕ و بای بیابان دەتوانن عەبدوللایەکی دیکە دروست بکەن.

چۆن دەبێت خاک پیاوێکی ئاوا لە باوەش بگرێت، ئیدی عەبدوللا لە دڵی ئەمدا بەزیندوویی دەمایەوە، ئاخر خودا دڵی بۆ ئاوا ئەرکێک خولقاندووە بۆ زیندووکردنەوەی ئازیزان، ئیدی وەک ئەوە دیار نەبوو کە مردبێت و چووبێتە ژێر گڵەوە، هەنووکە ئەوی مردووی لە بەردەم خۆیدا دەبینی، لە هیچ شتیش نەدەترسا وەک ئەوەی خووی بە خودی مەرگەوە گرتبێت. کاتێکی زانیی دەموچاوی درەوشاوەی عەبدوللا لەبەردەمی نمایان بوو وتی: عەبدوللا گیان!

گیان! بڵێ ئامینە دڵەکەم چی دەخوازی بە ڕۆح و گیان بۆت جێبەجێ دەکەم. تۆ چووی بۆ ئاسمان لای خودای خۆت نزا بۆ من و ڕۆڵەکەی ناو سکم بکە، ئاخر هەستی پێ دەکەم بە کەناری ناوەوەی سکما دەکێشێت! هەستێکی سەیرم هەیە عەبدوللا گیان، ڕۆڵەکەمان پاشەڕۆژێکی گەورەی دەبێت. دەترسم ئاخر دەترسم، لەم دونیای پڕ لە وەحشەتەدا بەتەنیا بەجێت هێڵاین، تەنها کەسێک دڵسۆزی تەواوی من و کۆرپەکەم بێت تەنها باوکتە، ئەوا ئەوی بەلەنگازیش سەری لە کەناری گۆڕدا دەلەرزێن.

عەبدوللا دەستەکانی ئەمی خستبوویە ناو دەستەکانی و سەرنجی سەردانەواندنی ئەمی دەکرد کە لەبیرکردنەوەدا بوو، دەیگوت: مەترسە خۆشەویستەکەم مەترسە، خودا پاریزگاری لە تۆ و لە ڕۆڵەکەمان و باوکیشم دەکات.

ژنە دەنگی خەیاڵی خۆی، کە لەتەک مێردەکەیدا پێی دەدوا، نزم کردەوە، ئارامی گرت و پاشان وتی: هەق بە تۆیە عەبدوللا گیان، نابێت من بترسم، من ژنێکم وەک هەموو ژنانی دی حەزم لێیە مێردەکەم کۆڵەکەی ماڵەکەم بێت و سێبەری بەسەر من و کۆرپەکەمەوە بێت. پیاوەکە وەک ئەوەی بە گوتەکانی ژنەکەی هەموو گیانی بریندار بێت وتی: نا نا وا مەڵێ ئامینە... وا مەڵێ.

مێردی گۆشت و ئێسقانداری لەدەستچووی ئێستا بووە تارمایی و لەناو تاریکیدا ون بوو، نەیزانی ئەمە خەون بوو یان ڕاستی، ئامینە سەری هەڵبڕی و سەیری مانگی کرد وەک ئەوەی یەکەم جاری بێت مانگ ببینێت، ئەوە مانگ بوو یاخود دەموچاوی عەبدوللا، بەپێکەنینەوە بە نیشانەی ماڵئاوایی نووربارانی ئەمی دەکرد، دەموچاو ون بوو، لەباتی ئەو مانگی چواردە کە غەمبار دیار بوو بەسەر سەری ئەمەوە، ئامینە و حەوشە و مەککە و بیابانی دابوویە بەر ڕێژنەی نوور.

دەنگی ئاژەڵانی کێوییش دەهات، بە دەنگی خۆیان حەشامەتی بە دانیشتنەوە خەوتوویان دادەچڵەکاند، کە هەنووکە وازیان لە جوولّەجوولّ و چەنەبازی زۆرینەی ڕاست یان کەمینەی درۆییەی خۆیان هێنابوو، شەو بەزەیی بەواندا هاتبووبەوە، تاریکیی ناردبوو و پاشان خەوی هێنابوو کە ئەوانی لە خۆیان وەرگرتبۆوە و خەمەکانی لێرە بەجێ هێڵابوون و خەڵکی غەمبار لەژێر مەشخەڵدا بۆ کۆچی عەبدوللّا دانیشتبوون و خەو بردنیەوە و لەتەک خۆیدا بۆ بەهەشت یان دۆزەخی بردن. لەو کاتەدا بایەکی تۆندی بیابانی ئەستێرەکانی لە بەرچاوی ئەم خستە لەرە، هەردوو چاوەکەی وەک دوو پارچە خەڵووزی گەشبوو پرشنگیان دەدا و بە هەڵڕشتنی فرمێسکی بەردەوامیش دانەدەمرکان. بەیانی خەزووری چاوەکانی لە ژێر تۆپەڵی برۆ سپییەکانیدا زیتەیان دەهات و بە سام و هەیبەتەوە لەویان دەڕوانی، زەینی کە بۆ دوور ڕۆشتبوو لە تەک ڕوانینی چاوانی بۆ لای بووکەکەی گەڕایەوە.

باوەشی بۆ ئاوەڵا کرد و وتی: وەرە کچەکەم وەرە، ژنە لە خەزووڕەکەی نزیک بوویەوە، پیرەپیاو بە دەستە گەورەکانی سەری ژنەی خستە سەر سینگی و ماچی تەوقەسەری کرد و ئامینە گوێی لە دەنگی سینەی خەزووری بوو خیزەی دەهات، ئامینە وتی : باوە گەورە! وەی مامە گیان! عەبدوللّا مردووە!

عەبدوللّا مرد و نەیزانی و مەگەر زیندوو بێتەوە بزانێ، لە پاش خۆی عەبدوللّایەکی گچکە، بەڵکو عەبدوللّایەکی گەورەی بەجێ هێڵاوە، کە ناوی بگرە ڕۆح و چاکی و لێبوردەیی تا ئەمڕۆ و نووسینی ئەم دێڕانە، بەڵکو تا قیامەت و بەیەکگەیشتنەوەی لەتەک کوڕەکەی دەبات.

شەشەم: لەدایکبوون

(دوای هاتنەدونیای، کرایە مەلۆتکە و دایکی توند توند بە خۆیەوەی گوشی و پاشان درایە دەست باپیرە و باپیرەش بە هەڵەداوان بەرەو ماڵی خودای برد)

ئاوا ژیانی ئەو دەستی پێ کرد، فریشتەکان داکشان. سەرەنجام ئەمشەو کە شاری مەککە لە پرخەی خەودا بوو دوای ئەو هەموو ساڵە کە چەندین سەدەی خایاندبوو لە ئانی تاریکترین کاتی شەودا، بەڵام ئەم شەوە ڕۆشن و وەک شەوەکانی دی نەبوو، کە مانگی چرای خودا بە زەیتی پیرۆزی ئاسمانی دەبریسکایەوە، بۆشکی ئەستێرە هەزارانیان بە کەپری مێوی ئاسمانەوە هەندێک زەرد و هەندێک سپی دەیانجریواند. فریشتەکان بە فڕتەفڕتی باڵەکانیانەوە لە سەرەوە بەستوونی بۆ گۆی زەوی دابەزین و ڕاست و ڕەوان بەرەو خوار بۆ ناو بیابانی عەرەب کە مەککەی لە باوەش گرتبوو و بە سەربانی ماڵی هەژارانەی بێوەژنەکەی (عەبدوللا)ی جوانەمەرگ داکشان و فەرمانی خودایی لەدایکبوونی دواین پێغەمبەریان بەهەتیوی بەجێ گەیاند.

گەر سەرت بۆ ئاسمان هەڵبڕیبا، ئەوا فریشتەت دەدی سەربەری ئاسمانیان هەڵچنیبوو، لە سەرەوە وەک دووکەڵ، ئەویش دووکەڵی سپی، وەک نوور پێچیان بە باڵە گەورکانیان دەدا و بەسەر مەککەدا دابەزین و لەوێش وەک دووکەڵی نوورین وەک بنی گەردەلوول باریک دەبوویەوە و خۆیان دەکرد بە ماڵەکەدا. هەر وا شەوێک لەم کەینوبەینەدا کە مرۆڤەکان خەریکی بەڕێکردنی کاتی غەفڵەتی خۆیان بوون و شتێک نەبوو بەخەبەریان بهێنێت، خودا وەعدەی خۆی هێنایە دی، فریشتەکان لە سەرەتاوە دوان بوون و پاشان بوونە سیان و چوار و دە و سەدان و هەزاران و ئاسمانیان تەنی و هەموو ئاسمان لە ورشەی نووری باڵی ئەوان وەک شیر، شیرێک لە ڕۆشنایی دەڕژایە سەر مەککە و ئەگەر کەسێک دەستی ڕایەڵ کردبا، نوورێکی وەکو شیر لەپی دەستی پڕ دەکرد بە نێوان پەنجەکانی دەستیدا دەچۆڕایە خوارەوە. فریشتە دەفڕین و دەنیشتنەوە چ ئاهەنگێک بوو.

فریشتەی نوورانی لە سکووتێکی سەیردا خۆیان دەکرد بە ماڵێکدا. ماڵێک کە خاڵی بوو لە بۆنی تیژی پیاوانە، لەوێ کۆرپەیەک لەدایک دەبوو توفلێکی مەعسووم.

ئەمشەو فریشتە دابەزین. بە پێچەوانەی هەزاران شەوی دی کە فریشتەکان لە مەککە هەڵدەهاتن تا لە دەستی حەزی تێرنەبووی پیاوانی بە ڕۆژدا شەریف و بە شەواندا لە باوەشی بیوەژنانی هەوەسبزوێن و لاوانی بەدمەست ڕزگاریان بێت، ئەو زەوییە بۆگەنە بەجێ بهێڵن و هەناسەیەکی پاکی ئاسمانی هەڵبمژن، شەوانی دی مەککەیان دەدایە دەست شەیتانەکان.

فریشتەکان بە جۆرێک دابەزین تا ئەو هەموو جەستە خەوتووەی شاری زۆرینەی گوناهکار بەخەبەر نەیەن. ئەو کاتەی ئەوان گەیشتنە ماڵەکە چرا ڕۆنپیوەکە کزکز دەسووتا و دوو ژنە مامانەکە بەدیار ئامینەوە چاوەڕوانی هاتنەدونیای منداڵەکە بوون، (ئوم ئەیمەن)ی کەنیزەکیش بەپێوە وەستابوو، دەفرێکی گڵینی پڕ لە ئاوی گەرمی بە دەستەوە گرتبوو، چاوانی پڕ لە فرمێسکی دابەزیبوو و بڕیبوونییە دەموچاوی عارەقاوی و گۆنای زەرد و لێوی شینی گەورەکەی کە لە منداڵبوونی بەئازاری دەینااڵند.

تیشکی ڕۆشنایی مانگی چرای خوداش بەئاسمانەوە لە درزی دەرگای تەختەوە خۆی بۆ ناو خانووی فراوانی (عەبدولموتەلیب) یانی ئەو ماڵەی منداڵەکەی تێدا لەدایک دەبوو پەلکێش دەکرد. هەر ئەو درزانە ئەمشەو تا بەرەبەیان مایەی گەیاندنی گرانترین هەواڵ بوون بە خاوەن ماڵ لە ڕێگەی شەپۆلی چرای ژوورەوە سووتاو و نرکەنرکی ژنەیان دەگەیاندە گوێی گران و چاوی کزی گەورەی قورەیش کە جەستەی ژنە لەگەڵ پیرەپیاو هەر ئاە و ناڵە و حەسرەتیان بوو، شەو پڕ بووبوو لە ئاهە ئاهی بووکەکەی کە ئەو هەم حەزی پێ دەکرد و هەمیش ئەوی پیرەپیاوی دەترسان، ژنە لە تاو ئازار و حەسرەتی منداڵەکەی و پیرەپیاویش لە ترسی بووکەکەی و ئاهو حەسرەتی کوڕەکەی کە تاکە دیاریەکەی ئەو کە کۆرپەکەی بوو، وەک بڵێی نەک لە هەناسەی دایکی، بەڵکو لە سینگی باپیریەوە هاتبێتە دەرەوە.

فریشتەش بەردەوام وەک پەڕەیەک بەدەم باوە دەهاتنە خوارەوە وەک دووکەڵێکی نەرم پێچیان لە هەواکە دەدا و ئەوجا خۆیان دەگەیاندە سەر ئەرز دوور لە چاوی گیاندارانی ڕۆژ کە هەنووکە بۆ لانە و ماڵەکانیان گەڕابوونەوە،

هەموو شوێنێکیان پڕ لە ڕەنگی شینی باڵ و یاقووت و مرواری دابارى و لە جەستەیان کردبوو، فریشتە دەبریقانەوە و چاوەکانیان بە نیشانەی کەیف و شادی دادەخستن و دەکردنەوە، چ ئاهەنگێکی پڕ لە سکووت و جوانی دوور لە هەڵای مرۆڤ بوو ئەو شەوە.

باپیرە خۆی بە دنەی دەرگاکەوە دا تا بزانێت ئەو منداڵە بێناوە بەساغی گەیشتووە، ئەوا تەدارەکی ڕێکخرابوو وەک ئەوەی شتێک بکات کە هەرگیز لەبیر نەدەچووبوو لەناو نەبرێت تا قیامەت و بەرەو ناکۆتا هەنگاو بنێت و هەرگیزاوهەرگیز نەکوژێتەوە. لە پشت پەنجەرە نیوە ڕوونا کەوە و درزی دەرگای ماڵەکەوە لە پێشان بەبێ دەنگی تارماییەکان دەبزواند، کە تارمایی ئوم ئەیمەنی کەنیزەک، کە بە لەگانی پڕ لە ئاوی گەرمەوە دەهات و دەچوو، زۆرتر دیار و دوو مامانەکەش کە لەوێ هەڵکوڕمابوون کە لە پێشدا کپ و بێدەنگ دواتر ئاهونالە و دواتر سەدای پێکەنینی ژنەکان و دەنگی گریانی منداڵی تازەلەدایکبوو هات، دەرەنجام یەکەم گریانی سوپاسکراوی ئەو دەمە و نێردراوی دواتریان (محمد) و (رسول الله) بە گوێی سەنگینی پیرەپیاوی گەورەی قورەیش گەیاند.

تا دواجار ڕوخساری منداڵە بێناوەکە لە ڕوونا کیی بێڕەنگی چرا پیوسۆزەکەدا وەدەر کەوت و بە گریانێک و ئیدی هەموو گۆی زەوی لەژێر پەردەی تریفە ڕەنگی مانگەشەو و جریوەی هەزاران ئەستێرەی دابەزیو و جوولەی باڵی فریشتەدا کە نێوان ئاسمان و زەوییان تەنیبوو، دەدرەوشایەوە.

شەوبێدارانی هەموو سەرزەوی دیتیان کە ئەستێرەکانی ئاسمان نزیک و نزیکتر ببوونەوە، باپیرەش لەودیو دەرگاکەوە لە ئاسمانی ڕوانی، وای دەزانی عەبدوللای کوڕی زیندووبووەتەوە و ئەمشەو تا بەیان سێ جاران لەم ماڵە نیوەڕوون و نیوەتاریکەوە بەرەو ماڵی خودا نشێو بووبوو، دەستی بە دەرگای کەعبەوە گرتبوو کە خودا ئەگەر عەبدوللای لێ وەرگرتبوویەوە ئەمەیانی بۆ بکات: منداڵەکەی بەساغی لەدایک ببێت، ژنەکەش لەژێر شەکەتیی سەفەری دوورودرێژی منداڵەکەی لە سکیەوە تا دونیا بەساغی هەڵسێتەوە. ئەو ژنەکەی عەبدوللای بەقەد کچەکانی بگرە زیاتریش خۆش دەویست.

دایکە خەوی بینیبوو کە لە داوێنیەوە نووریک دەردەچێت و هەموو دونیا ڕوونا ک دەکاتەوە و بە ڕۆشناییەکەی کۆشکەکانی شام و ملی وشترەکانی

(بـوصـرى) دەر دەکەون، هەنـووکە نەک هەر ئەو، بەڵکـو هەمـوو ئەوانەی لەوێ بـوون بە باپیرەشـیـەوە لەودیـو پەنـجەرەکەوە ئەو نوورەیـان دی کە کۆشـکەکانی شـامی ڕوون کـردەوە و خـۆی بە گەردنـی دریـژی وشـترەکانەوە پێچـا، کە لە شاری بوصرا بوون.

ڕوونـاکییەک زۆر لە ڕوونـاکیی چـراکە زیـاتر لە ژووڕەکەدا پەخـش ببـوو، بۆنێکی خـۆش هەمـوو ماڵەکەی داگرت، کە لە بـۆنی عەنبەر خۆشـتر بـوو، بـۆنی منداڵەکە بـوو، ئەم بـۆنەش دەرچـوو، دواتر کە بـە ئەمسـەر و ئەوسـەری بیابانـدا دەسـووڕا هەر ئەو بـۆنە بـوو کە یەکەم جـار پەڕەی لـووتی ئەو دوو پیـرەژنە و کەنیزەکە، کە هەر وەک دایکی بوو بە خۆشیەکەی لەرینەوە

دواتـرین پێغەمـبەر لەدایـک بـوو، فریشـتەکان بە جلـی سـپییەوە بە جیهانیـان ڕاگەیانـد کە ئەوا لەدایـک بـوو، دواجـار ئەو کـۆرپەیەی دەبـووە ئەو کـۆڵەکەیەی هەتا هەتایە شانی دەدایە بەر دونیا هەتـا نەکەوێ، یـا ئەڵڵا... خـودایە ئەو لەدایـک بوو تا لە شوێنێک و سەردەمێکدا هیچ شتێک هێندەی ئاشتی نامۆ نەبوو هـاواری ئاشتی هەڵدا. ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێک بـوو ئەو خەڵاتەی ئاسمان بە زەوی بەخشـرا؟ ئەو ڕۆژە ڕۆژی دووشـەممە بـوو، ئەو ڕۆژەش ئەوی تێدا بـووە پێغەمـبەر، ئەو ڕۆژەش دوای شەسـت و سـێ سـاڵی دواتـر کە کـۆچی دوایـی کـرد، هەر دووشەممە بوو! تیشکی ئەستێرەی دواپین پێغەمبەر بە ئاسمانەوە بەرەو شـاری مەککە لار بوویەوە، کە دینناسـانی یەهـوود و نەسـارا بە چـاوانی خۆیـان بینییـان. کۆشـکە هەرە مەزنەکەی دونیـاش، ئەوەش پێـی دەوتـرا تـاقی کیسـرا و ڕەمـزی دەسەڵاتی شا بـوو بەسـەر هەمـوو شـاکانی دونیـادا شـەقی بـرد. چ شـەوێک بـوو ئەو شـەوە دەریـاچەی سـاوە زمـانی دەر هێنـابوو و دەیلووراند و شـەپۆلەکانی کەناری گرت و پیرە پەرستگەی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ئـاگری پەرسـتگای زەردەشـتیش کـوژایەوە، کە چەنـدین سـەدە بـوو نەکوژابوویەوە، وای خودایە هەمـوو موغەکان، واتە پیـاوانی ئایینی، ئاگرپەرست ترسیان لێ نیشتبوو، بە فەرمـانی شاهەنشـاە لە ڕۆژگارێکدا نیشـانەکانی ئـەمڕۆ ئامـاژەی ڕووداوە خـوازراو و نەخوازراوەکـانی سـبەینێ بـوون، کـۆ بـوونەوە، هەموویان ترسیان لێ نیشتبوو. شاهەنشا دەیپرسی و گەورەی پیـاوانی پەرسـتگا دەیگـوت: گەورەم! چـووزانم ئەدی چـۆن بـزانم ئـاگرەکە هەر لەخـۆوە کـوژایەوە.

تـاقەکە شـەقی تـێ بـوو، ئەمە نیشـانەی ڕوودانـی شـتێکی مەزن بـوو، کە لە داهاتوودا ڕووی دەدا.

منداڵێک ئەو شـەوە لەدایک بـوو، وەک هەمـوو منداڵانی دی نە خـودا بـوو نە فریشتە، منداڵێکی بێبەرگ وەک هەموو منداڵانی لەدایکبووی دیکە، بێبەرگ کەوتە سـەر زەویـی بیابـان، چەنـد ڕۆژی دیـکە لەنـاو ڕۆشـنایی و لەنـاو دەسـتانی بنەمـاڵەیەکی گەورەدا کە شـوێنی بـاوکی لەناویانـدا خـاڵی بـوو، نۆ مـام و شـەش پوور و سـەدان ئامۆزا و پـوورزادا ئەمدەسـت و ئەودەسـتی دەکرد. ئـاخۆ چەند منداڵی دی هەر لەو ڕۆژەدا لەدایک بووبن، کە هەر وەک ئەمیش خەڵاتی ئاسـمان بووبن بۆ زەوی، ڕەنگە وەک ئەمیش بێبـاوک، بەڵام ئەم لەدایکبـوونەی ئەم تەواو جیاواز بوو. چاوە شـەکەت و بێدارەکانی ئـامینە، کە هەر وەدووی کۆرپەی تـازە لەدایکبـووەوە بـوون، دواجـار خـوێن و هیلاکـی ڕێگەی دوورودرێـژی جیهـانی عەدەمـی تـا هەرێمـی نـاو سـکی دایکـی و لەوێشـەوە بـۆ دونیـای فانییـان لـێ پـاک کـردەوە و خسـتیانە باوەشـی دایکـی و دایـکەش بە ڕەنگـی زەردەوە لەبەر ڕۆشـنایی چـراکەدا زەردەخەنەی کـرد و هەردوو لێـو و هەردوو چـاوەکەی بریقانەوە.

مەلـۆتکەی کـوڕی تاقـانەی بێبـاوک لە پەنـای دایکیـدا دانـرا، دایە بـۆ دووری یـارەکەی کە بـاوکی کـوڕە بـوو، چـاوانی پـڕ لە فرمێسـک بـوون. ئـوم ئەیمەنـی کەنیزەکیش بە هاتنی میوانی تازە لە جیهانی نادیارەوە پەڕ و باڵی لێ ڕوابوو.

دایە نەیـدەزانی بـاپیرە تەنـانەت لەو دۆخەشـدا بـووکەکەی بەتەنهـایی بەجـێ ناهێڵێت، ناردی بەشوێن خەزووڕەیدا کە مژدەی بدەنێ کـوڕەکەی ئۆجاخڕۆشـنە و کوڕێکی ساغی بۆ هێناوەتە دونیا.

ژنـان بە ڕیـزی هـاتنەژووڕەوەی گەورەی عەرەب کەنارێـان گـرت و پیرەپیـاو بـۆ لای بـووکەکەی بـزوا، دیتـی خەرمـانەیەکی نـوورانی بەدەوری سـەری ژنە و منداڵەکەیەوە بوو.

باپیرە هەر زوو هاتە ژوورسـەری دایک و کۆرپـەوە، مەلۆتکەیـان دایە دەسـت پیـاوە پیـرەکە، بە دەسـتە گەورەکـانی گـرتیە بـاوەش، دایە لە شـەرماندا لە ژێـر دەروازەی سەرپۆشدا خۆی قایم کرد، ئەو منداڵەی گرتە نـاو دەسـتە گەورەکـانی خۆی و سـەری دایکە ماندوو و عارەقاویەکەی ماچ کـرد کە ڕێـز و خۆشـەویسـتی لای ئەو لە هەموو ژنانی قورەیش و کچەکانیشـی زێتـر بـوو. بە بینینـی ناوچـاوی

کـراوەی کـۆرپەکە هەنـدێک بـاری گرانـی سـووک بـوو و کەسـەری مەرگـی کوڕەکەی تا ڕادەیەک لەسەر دڵی نەما.

بـاپیرە لە قـوواڵایی چاوەکانی منداڵەکەدا جوانییەکانی خـۆی دەبینی، پیرەپیـاو تونـد منـداڵەکەی بە خـۆوە دەگوشـی و بە جۆرێـک قاچەکـانی کـە پشـتە چەماوەکەیان هەڵگرتبوو دەگواستەوە کە فەخری بەسـەر هەمـوو گەورەپیاوانی عەرەب و مەککەدا دەکرد، وەک ئەوەی داهـاتووی هەمـوو گۆی زەوی لە چنگی ئەم منـداڵە بچـووکەی نـاو دەسـتیدا بێـت. خـۆی کـرد بە مزگەوتـدا نـاوی نـا "مـوحەمەد"، هەنـووکە ئەو ئیـدی مـوحەمەد بـوو بە ئومێـدی ئەوەی ئەو کـارانەی ئەو دەیکـردن شاییسـتەی ئەوە بـن لەسـەری سـوپاسـیان بکرێـت، کە گەورە بـوو هەموو ئەوەی لە بیری باپیریدا بوو هەمووی تێدا هاتە دی و بەزیاتریشەوە.

پشـتی کـردە پەیکـەرە زل و بێـدەنگەکەی هوبـەل و بەرەو هـاوڕێی دیـرێن، کە خوا بوو، چووە پێشـەوە، ئەو هاوڕێیەی لە چەندین هەڵویستی قورسدا پەنـای بـۆ هێنـابوو، وەک سـەربڕینی بـاوکی ئەم کـۆرپە و سـاڵی فیـل و ئەویـش وەڵامـی دابـوویەوە، لە بەردەم خـودای تاقـانەدا چـۆکی دادا و منـداڵەکەی بـۆ ئاسـمان هەڵبـڕی لەبـاتی ئەوەی نەزری خـودای بکـات، وەک ئەوەی لەتەک بـاوکی کردبووی، هاواری کرد: خودایە خودایە بە تۆی دەسپێرم!

چاوەکانی بڕیبووە منداڵەکە و هەستی کرد نوورێکی میهرەبان ماڵەکەی تەنی، لە ناوەوەیدا دەنگێک دەیوت: جیهان چاوەڕوانی لەدایکبوونێک بوو، ئەوا ئەمشـەو ڕووی دا. ئەمیش لە وەڵامدا بێ ئەوەی هیچ بڵێت وتی، شـەو هەمیشـە لە ڕۆژ بـۆ مرۆڤ بە ڕەحمترە، باپیرە ڕاست و ڕەپ وەک چرا لەنـاو مـاڵەکەدا ڕاوەسـتابوو، منداڵەکەی بە باوەشـەوە گرتبـوو، هەر وا درێژەی بە گفتوگـۆی نەوتـراو دەدا و دەیـوت: تـۆ خـۆت بـاش دەزانـی ئەم ڕۆڵەیەم بە چـی ڕێنمـوونی دەکەی، ئومێـدم وایە کە ئەو کارانە بکات کە لەسەری سوپاسیان بکرێت.

هاوڕێی دێرین، بە خەو و بە ئاشکرا گوتەکانی خـۆتم پێ دەڵێی، ئومێـدم وایە ئەمیش بە ڕێگەی ڕەنجدا نەبەی و بۆ سەرخستنی کاری خـۆت وەک بـاوکی هەر بەگەنجی بۆ خۆتی نەبەیتەوە و ڕەنجبەخەسـاری نەکەی. ئەویـش ژنێکی عاشـقی وەک ئامینە لە پاش خـۆی بەجێ بهێڵێت. خـۆت دەزانـی مـن زۆر پیـر بـووم، ئیـدی بەرگەی ڕەنـج و ئازارەکـانی ئەویـش نـاگرم، دەیـدی لەدەوری کـۆرپەی باوەشـی نـوور مەوجـی دەدا و هـیچ شـتێک بەری لە دڵی لە چاوەکـانی نەدەگرت کە ئەمە

ببینێت. تۆ ئەزانی ئەوەی لە ناوچاوی باوکیدا دەدرەوشایەوە نووری ئەم منداڵە بوو، کە ئەمشەو تریفە بوو لە دەوری منداڵ و دایکدا بوو، چاوە قووڵ و بێ پێڵوەکانی هەڵبڕی، بە گەنجی ئەوسا و پیریی ئێستایەوە و بە چاوانی خەمین بەو جوانییە سەیرەیەوە بۆ کۆرپەکەی دانەواندبوو، منداڵەکە هەردوو قاچ و هەردوو دەستی دەبزواند و دەمی بێددانی بە زەردەخەنەوە دەکردەوە، ڕەنگە لە ڕێی ئەوەوە خودا ویستبێتی شتێک بەم بڵێ، بەڵام ئەو زمانی خودای نەزانیبێت!

ئەو گەنجیی تێپەڕیبوو، بە مەرگ و ژیان و ڕەنج ڕاهاتبوو، بەڵام دونیایەکی وا تەنانەت بۆ ئەمیش تازە بوو، ئەوی پیرەپیاو هەموو بەرەکانی باخی تەمەنی ڕنیبوو، هەستی دەکرد کێڵگەکە بەسووتاوی دەداتەوە و پێویستی بە هیچ نەماوە، بەڵام لەم کۆتاییەدا شتێک مابوو پێویست بوو خودا بۆی یەکلایی بکاتەوە، ئەویش دواڕۆژی ئەم نەوەیەی بێت، شتێک هەبوو کە خۆی نەیدەزانی چییە، ئێستا بۆی دەردەکەوت کە لە منداڵەکەی دەڕوانی، ئەمە مرۆڤ بوو یان فریشتە بەم شەوە لە باوەشی ئەودا دەشنایەوە، وا دیار بوو هەندێ جار خودا فریشتەکانی خۆی بە شەودا دەنێرێت تا ڕووداوەکانی ڕۆژ یەکالا بکەنەوە، تا ڕووگەی ڕۆژگار بەرەو ڕوویەکی دیکە بەرن.

سەیر بوو، ئەو لەو منداڵەدا نەوەک هەر دواڕۆژی خێڵ و تایفەکەی خۆی دەبینی، بەڵکو دەرەنجامی هەموو خێڵەکانی عەرەب و ڕۆم و عەجەمی دەهاتە بەرچاو، ئەو چووزانێ! ڕەنگە داهاتووی هەموو عەرەب، بگرە هەموو بەشەر وابەستە بە ژیانی ئەم منداڵەی ئەم بێت. وا دەهاتە بەرچاوی کە ڕۆژێک دێت لەسەر دەستی ئەم فریشتە گۆشت و ئێسقاندارە، مەککە خاڵی لە هەموو بتان بێتەوە، ئەو بتانەی خێڵەکەی ئەو دەیانپەرستن، ئەوانەی خوداوەندی باوانیان بوون، هیچ نەبوون تەنها دار و بەرد نەبێت.

ساتێک هەر لە خۆوە ورەوریێکی کرد: ئەی بیابان و عەرەب و قورەیش بۆ خۆت دڵشاد بە، ڕزگارکەری تۆ لەدایک بووە، ئەسپ و وشترەکانت بە خۆوە ڕێک بخە، ئیدی تۆ قەومی زەلیلی دونیا نیت، بەڵکو تۆ سەروەری هەموو دونیایت هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە تاوەکو ڕۆژئاوا. پیرەمێرد وشەکانی خۆی لە زەینیدا هێنا و بردنی و نەیزانی چی دەڵێت، سەری با دا و ویستی کەللەی خۆی ڕێک بخاتەوە.

بـووکەکەی چ کـورێکی بـۆ هێنـابووە دونیـا و گۆشـت و ئێسـقانی خـۆی بـۆ تاواندبووەوە، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت زۆری پێ چوو، شـاد و سـەرحاڵ بـوو، منـدااڵەکەی لە باوەشـدا بـوو، پاشـەوپاش کشـایەوە بە لای هوبەلـدا تێـپەڕی، نەیویست لا بـۆ ئەو خـودا قـۆڵبڕاوە بکاتەوە، کە خەریک بـوو لە دەرگـاوە بەرەو نادیـار ئـاودیو بێـت بـۆ لای بـتەکە، گەڕایەوە و وتـی: وەک بـاوەگەورە تێکـت دەشـکێنم، لەوانەیە مـن نەمـابم، بەاڵم لە نـاوەوەی ڕۆڵەکەمەوە دێـمە دەرێ، مەبەستی لە ڕۆڵەکەشی هەر هەمان ئەو موحەمەدە بـوو ئێستا لە باوەشـیدا بـوو (تێکوپێکت دەشکێنم!) ئاگای لە بتەکە بوو پێی پێدەکەنی، دەیوت: ئێستا من خـوای خێڵەکەی تۆم، خودای ڕاستەقینەی باوە بتشکێنەکەت کەنـارگیرکراوە، سـەروەریم لە ئەو و لە تۆش کە باوەڕت بە من نییە وەر گرتۆتەوە.

عەبـدولموتەلیب وتـی: هەمـوو شـتێک ڕێـگەی تـایبەتیی خـۆی هەیە، تەنـانەت تێکشکانی بتێکی وەک تۆش، ڕێگـای چـاککردن وێرانکردن نییە، ئەگەر مـن داخـی بوونی تۆ پیری کردم، ئەوا کۆرپەکەم، واتە هەر ئەو منداڵەی باوەشـم، ئەو کـارە ئەنجام دەدات و ئیتر ئەو دەمە بۆ خۆت پێدەکەنی. ئەوجـا بەخۆشـیی منداڵەکەی باوەشیەوە پێکەنی و لە دەرگاکە ئاودیو بوو.

بە ڕێگادا دەڕۆشت و هەسـتی دەکـرد ئەسـتێرەکان هـاتوونەتە خـوارەوە، وای هەسـت دەکـرد ئەگەر منداڵەکەی لە بـاوەش نەبـووایە ئەوا دەشـا هەوڵـی گرتنـی دەیان لەو چرایانەی خودای بدایە، هەسـتی کـرد دەموچـاوی منداڵەکەی باوەشـی و تەنـانەت ڕیشـە سـپییەکەی خۆشـی هەر وەک ئەسـتێرەکان دەدرەوشـانەوە، خۆی و ئەستێرەکە کە بە هەر دوو دەستی گرتبووی بەرەو ماڵەکەی گەڕایەوە.

هەر سـێ ژنەکە کە بەدەوری بووکەکەیـدا هەڵگورمـابوون و چـاوەڕێی گەڕانەوەی گەورەی قـورەیش بـوون. هەر کە ئەویـان دیـت، کەناریـان گـرت و ئەمـیش دەموچـاوی بـووکەکەی بینـی، ئەویـش بـۆ کـۆرپەکەی دەموچـاوی وەک ئەسـتێرە داگیرسـا، لە دڵیـدا دەیگـوت: خـودایە! ئەمە چیـیە لەم منـدااڵ و دایـکەی دەبینێت. ئەو سـەرسام بوو لەو شتە سـەیرانەی لەو ژنە و لە منداڵەکەی دەدی لە دونیایەکدا کە تەنها گەورەکان و پیاوان تێیدا سـەروەر بـوون ڕووی دەدا. گـوێی لە دەنگی کەڵەشێرەکان بـوو کە جـارێ کۆتاییهاتنی شـەویان هەڵدەدا تـا خـۆر بە باوەشـێک لە ڕووناکییەوە بێـت و مەکـکە بەئاگـا بێنێـت و جـارێ لەدایکبـوونی ڕزگارکەری مەککە و جیهان بە گوێی خەوتوو و بێئاگای قورەیش ڕابگەیەنێت!

پیرەپیاو شەو خەو نەچووبوویە چاوەکانی، ویستی بەرەو ژوورەکەی خۆی بڕوات، بەڵام نەیتوانی. جارێکی دی لە دەروازەی کراوەی کۆشکە گەورەکەی بەرەو دونیای فراوانی مەککە و بیابان و شاخ و بانتر ئاسمانی نیوەشین و نیوەڕەش ڕۆشت و لە ئەستێرەکانی ڕوانی، کە هەنووکە بەرەو ئاسمان هەڵکشابوونەوە، هەندێکیان نەبێت هێشتا لێرە بەجێ مابوون و ئەوانیش پەلەیان بوو پێش ئەوی خۆر دەربکەوێت ڕێی خۆیان بگرنە بەر.

پێکانی بەسەر لمەکەدا دەگواستەوە و بیری لای منداڵەکەی و ڕزگارکردنی قەومەکەی بوو، ئیدی ئەو ڕزگارکەری ئەوان بوو، بەڵام ڕزگارکردنی لە دەست کێ لە دەست دوو کەس. ئەو هەموو زەلیلی و داماوییەی تیر و قەومەکەی هاتەوە بەرچاو، کە بە دەست ستەم و تاڵان و برۆی سوپای لەژمارەنەهاتووی ڕۆم و عەجەمەوە بە تاراج دەچوون. ئەو نەیبینی، مەرگی نزیک بوو، سەد ساڵی تێپەڕاندبوو، ئەو نەیدی، بەڵام ئەوانی دی بینییان کە کوڕەکەی چۆن بووەتە شانازیی خێڵ و مرۆڤایەتی، هەر ئەو کوڕەی ئەو ڕۆژە لەناو دەستانیدا جێی دەبوویەوە، ڕۆژێک دەهات کە تێیدا سەروەری هەموو جیهان بوو.

گوێی لە دەنگی مەلەکان بوو لەگەڵ وی بێدار ببوونەوە، یاخود هەر وەک ئەو نەخەوتبوون، گۆرانیی تایبەتی بەیانیی خۆیان دەخوێند. هەندێکیان دەفڕین و هەندێکیشیان دەنووکیان بۆ خۆر هەڵدەبڕی و هەنووکە بە مەبەستی نانپەیداکردن هێلانەکانیان بەجێ هێڵابوو، ئێوارانیش بە مەبەستی خەوتن بۆ لانەکایان دەگەڕانەوە و سڵاویان لە ڕۆژی نوێ دەکرد.

سەری بۆ خۆر هەڵبڕی، کە ئەو بەیانییە لەبەر خاتری ئەم گڕی لە خۆی بەر دەدا. دەنگێکی بیست کە لە بیابانەوە دەهات، نەخێر لەناو خۆیدا بوو! دەنگی خودا بوو، پێی دەوت: بێ ترس بمرە، چونکە ئیتر کوڕەزاکەت لە پاش خۆت تەگبیری هەموو شتێک دەکات. ئەو هەنووکە لە جیهانی مەککەدا غەریب و نەناسراو بوو و بە چ زەحمەتێک جێی ئەویشی تێدا دەبوویەوە، سەرەنجام یەکێک لە نەوەکانی ئیبراهیمی بتشکێن لەدایک ببوو، کە هەموو شتێکی دەگۆڕی.

ئەو دەیزانی ئەو کوڕەی دەبێتە شت، بەڵام ئەو شتە چییە؟ ئەوە بۆ ئەو ڕازێک بوو، هەرچەند دواتر ئەو ڕازە بۆ ئەوانی دی ئاشکرا بوو، نە لەبەر ئەوەی ئەوان لەو ژیرتر بوون، نا ئەو گەورەی قورەیش و حەکیمی عەرەب بوو،

بەڵام ئەوی باپیرە مەحکوومی زەمەن بوو، زەمەن نەیدەهێشت سەرکەوتنەکانی کوڕەزاکەی ببینێت، هەرچەند تەمەنی درێژ ئەو چاکەیەشی لەگەڵ ئەودا هەبوو کە ڕەنج و ئازارەکانی ئەویشی نەبینی. ئەو ئارەزووی بینینی سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی بردە گۆڕەوە، لە کاتێکدا هەست بە ئازارەکانیشی شتێک نەبوون لەو کاتەدا بچنە خەیاڵی ئەوی گەورەی عەرەبەوە، ئێمەی مرۆڤ لە تەختەبەندی خەیاڵی سەروەری و شادیی بینراومانداً لە ئازاری نەبینراو تێناگەین، ئاخر ڕۆحی ئێمە لە تەختەبەندی گۆشت و ئێسقان و زەمان و مەکاندا دیلە.

ئەو ڕۆژەی نەوەکەی لەدایک بوو، ئەوی پیرەپیاو شادیی لەدایکبوونی خەوی لێ زڕاندبوو، شوێنی بە خۆی نەدەگرت، بێئاگا بوو لەو دەمەی کەسەکانی ئەو نەوەکەیان شاربەدەر دەکەن و کۆچ و سەفەری خۆی بە پانتایی بیابانداً بۆ یەسریب کۆتایی پێ دەهێنێت. جارێکی دی بۆ ماڵەوە گەڕایەوە و جلی جوانی لەبەر کرد، سواری وشترەکەی بوو بەرەو ماڵی خودا گەڕایەوە، زۆر بەجوانی لە بەردەم خوادا وەستابوو، دەیویست خودا باش ببینێ کە چەند پیر بووە و سوپاسی ئەوی کرد کە پێش ئەوەی بمرێت چاوی بە کوڕەکەی عەبدوللاّ شاد بووە، ئەمە لە کاتێکدا لای بە لای هووبەلی بێقۆڵەدا نەدەکردەوە و لە هیچ جێیەک خۆی نەدەگرت، ماڵ و کەعبە و دارولنەدوەی پێ تەنگ بوو، ڕێی گەڕەک و کووچە و کۆڵانانی مەککە و پاشان ڕێی بیابانی فراوانیشی گرتە بەر.

مووە سپی و درێژەکانی ڕیشی بەدەم بای سەباوە کە لە شامەوە دەهات شەپۆلانیان بوو، بابای پیر وا لە شوکری خودادا غەرق بووبوو بە ڕیتمی وشترەکەی هەڵدەبەزی و دادەبەزییەوە. لە شار چووە دەرەوە و لە دەوروبەری خۆی ڕوانی.

مەککەی ئەوسا جیاواز بوو لە هی ئێستا، ئەوێ بیرەوەریی باوەگەورەی ئیبراهیم پێغەمبەر بوو، کە دوای سەربڕاوەکە واتە: ئیسماعیل، بەرەبەرە خەڵکی بەرەو لادان و بتپەرستی چووبوون، بە ڕاست ئەو پیاوە پیرە واتە: ئیبراهیم، چۆن توانیبووی، چۆن دڵی هاتبوو لەناو ئەو هەموو زوڵمەتەی جیهاندا ژنەکەی

و کوڕە تاقانەکەی فڕێ دابووبە ناو دەشتاییەکی فراوانی گەرمەوە، لە کاتێکدا ئەم بۆ لەدایکبوونی نەوەیەکی، ئاوا حەجمینی لێ هەڵگیراوە، بەڵام جارێکی دی وەبیری هاتەوە ئەو نەوەیەی وەک هیچکام لە نەوەکانی دی نییە، هەنووکە لە شار دەر چووبوو و بەرەو خۆر دەکشا، خۆرەکە لەژێر پێی وشترەکەیەوە بۆ لای ئەم لە سەرەوە خزابوو.

چی بکات؟ دەبێت گوێزەبانەیەکی بۆ بکات لە هەموو دونیادا دەنگ بداتەوە و سکی هەموو برسیانی شار تێر بکات و تەنانەت ئاژەڵانی وەحشیی ناو شاخانیش لەبیر نەکات، بۆیە ڕەشوەی وڵاخەکەی تونـد کـردەوە کە بەدەم کاوێژەوە گوێی بۆ وشە نەوتراوەکانی ئەم ڕادێرابوو، بەرەو ناوشار وەرگەڕایەوە، هەر ئەو ڕۆژە بۆ لەدایکبوونی موحەمەد کەیف و شادی ساز درا و خواردیان و خواردیانەوە.

هەر ئەوانەی ئەو ڕۆژە بە خۆشیی لەدایکبوونی موحەمەدەوە زەماوەندیان دەگێڕا و شەرابیان دەنۆشی، دوای چل ساڵی دی دژایەتییان دەکرد. لەدایک بوو بۆ ئەوەی سەری ببڕن، ئەو کارەیان پێ ئەنجام نەدرا. ئەویان سەر نەبڕی، بەڵام خۆی و یارانی ئەویان تووشی مەشەقەتی زۆر کرد و بەو سەرقاڵییەی بۆ ڕۆحیان نایەوە بەو عەزابەی یارانیان دەدا، بەڵام ئەو بۆ خۆی دەیوت: من کوڕی دوو سەربڕاوەکەم، ئەو لەدایک بوو مەککەش ئیقاعە بێماناکەی ژیانی خۆی تێک نەدا.

حەوتەم: سااڵی لەدایکبووون

(یەکەم دڵۆپە باران کەوتە خوارەوە، بەاڵم ئەوە دڵۆپە باران نەبوو بەاڵکو ئەوە وردەبەرد بوو، کە بەسەر سوپادا دەبارین)

شەوەکەی کە ئەوی تێدا لەدایک بوو، شەوێکی سەیر و سااڵەکەشی سااڵێکی سەیر بوو، هەر ئەو سااڵە بوو قولەیەکی ئەڵقەلەگوێ بە ناوی (ئەبرەهە) کە سەری تاشراو و دانی سپی لە بەردەم تیشکی خۆردا دەبریسکانەوە، سوپاکەی بە پانتایی بیابانەدا دابوویە بەر و چەند فیلێکیش لەبەری سوپاوە بە بیابانەدا هەنگاویان دەنا. خێاڵنی عەرەبی بیابانننشین چاویان بە بینینی ئەو ئاژەاڵە زەبەاڵحە کە لە گەورەیی بتەکانی دەکرد ئەبڵەق ببوو.

سوپای ئەبرەهە لە دوورەوە بە تەپڵ و زورناوە بە تەپەی پێی مرۆڤ و ئاژەاڵی زەبەاڵحی فیلەوە، بە تەقەی زرێ و مەنجەاڵی پڕ لە خۆراکەوە، بە دڕەوشانەوەی وەک ئاوێنەی گەورەی بریسکەی هەزاران شمشێڕەوە کە بە ڕیتم هەاڵدەبڕان و دادەگیرانەوە و سوپای بەقەد بیابان بۆ ڕووخانی ماڵی خودا، کەعبەی ڕەمزی پیرۆزی مەککە و بەرەکەتی ڕزق و بازرگانی قورەیش بەڕێوە بوو. سوپای زەبەاڵح لە نزیک شار الی دا و وەک وشتر یەخی دا، ڕاستەوخۆ نەچووە شارەوە نەبادا عەرەب و قورەیش بۆ بەرگری لە ماڵە پیرۆزەکەیان خۆیان ساز دابێت.

بەاڵم شار هەمووی بۆ شاخ هەاڵهاتبوو و ماڵی خودایان بەتەنها لەبەر دەستی دوژمن بەجێ هێاڵبوو، هەموو خانووەکان چۆاڵوهۆاڵ، ئاسەواری مرۆڤ، تەنانەت ئاژەاڵیش لە هیچ جێیەکیەوە دیار نەبوو، خەاڵکی شار هەموو دار و نەدار و ئاژەاڵ و سەروەت و ئەوەی گوازرابێتەوە لەتەک خۆیاندا بۆ مەملەکەتی ئاژەاڵە کێوییەکانیان بردبوو. ئیدی سوپا بێ ترسولەرز لە شار هیچیان دەست نەکەوت، سواریان بە هەر چوارالی بیابانداندا نارد تا هەرچییان لە مرۆڤ و ئاژەاڵ دەست بکەوێت بە تاالنی بەرن. لەم نێوانەشدا لەو شتانەی دەستیان کەوت دوو سەد سەر وشتری ملدرێژی عەبدولموتەلیبی گەورەی قورەیش بوو.

سوپا چەند ڕۆژێک لە نزیک مەککە مایەوە، خواردیەوە و سەمای کرد و ئاگری بەرزی هەاڵگیرساند و چزوبزی ئاژەاڵی گەورەی کردە بریانی و لە شاری

پیرۆزی عەرەبەوە نیشانەی مرۆڤ دەر نەکەوت، ئەبرەهە بە سەری تاشراوەوە قاقا پێدەکەنی و لە ترسنۆکیی عەرەبی بیابانەنشین دەخەنی کە ئەو وای لێی تێنەگەشتبوو و لە بوێریی جەنگاوەری ئەو وەحشیە بیابانەنیشینانە زۆری بیستبوو، کەچی هەنووکە هیچی بەرچاو نەدەکەوت.

تا ئەوەی پەیکەکان دوو سواریان لە دوورەوە کردە چاو، کە لە سەرەتادا تەنها خاڵی بچووک بوون بە بیابانەوە نووسابوون، تا دەهات خاڵەکان گەورە و گەورەتر دەبوون و دەبوونە مرۆڤی بە پشتی ئەسپەوە نووساو و تۆز کە لە پاشیان هەڵدەستا. هەواڵ بە ئەبرەهە درا کە گەورەی مەککە بەڕێوەیە و بۆ لای ئێمە دێت. ئەبرەهەش ڕایسپارد کە زۆر باشە با بۆ چادرەکەی خۆی ڕێنموونیی بکەن. کابرای بااڵبەرز و بەقیافە و سپیپۆش و ڕیشسپی زۆر بەویقار وەک فریشتە دەدرەوشایەوە، کێ چووزانێت لەوانەیە مەخلووقی نوورانی نوێنەری خوداکەی بێت کە بۆ ڕێککەوتن یاخود لاڵانەوەی ناردبێت تا ماڵەکەی نەڕووخێنێت، لە دەرگای چادرە شاهانەکەی دەرکەوت، هێندە بەهەیبەت و سام هاتە بەرچاوی لەسەر عەرشەکەی دابەزی و بەگەرمی پێشوازیی لێ کرد، هەر لەوێ لە خوارەوە لەتەک میوانەکەیدا لێی دانیشت و دنەی ئەوەی کرد ئاخۆ چی لە هەگبەیدایە. ئاخر ئەم هاتبوو شار وێران بکات، پیرۆزترین شوێنی ئەوان بڕووخێنێت کە تەنها ماڵی خودای ئەوان نییە، بەڵکو سەرچاوەی ڕزق و نانپەیداکەریانە.

کابرا هەتا دەمی دابەش نەکرد و زاری هەڵنەهێنابوو زۆر بە کەسایەتی و سەنگین کەوتە بەرچاوی تا ئەو کاتەی وتی: کە سوپاکەی ئەم دەستیان بەسەر گەلە وشترەکانیاندا گرتووە.

ئەم لە جێگەی خۆی هەڵسایەوە و نەڕاندی: من هاتووم کەعبەتان بڕووخێنم و تۆش هاتووی داوای گەڕانەوەی دوو سەد سەر وشترم لێ دەکەیت!

ئەویش بە دەنگێکی پیرانەی نووساوەوە گوتی: ئەم خاوەنی وشترەکانە دەیەوێت وشترەکانی بەدەست بهێنێتەوە. ئەو ماڵەش خاوەنێکی هەیە بەرگریی لێ دەکات. کەس نەیزانی ئەو دەمەی هەواڵی هاتنی سوپای زەبەلاحی ئەبرەهە گەیشت و ئەو چووە بەردەم دەرگا تەختەینە گەورەکەی ماڵی خودا و ئەڵقەکەی گرت و لەراندیەوە و داوای یارمەتیی لێ کرد، ئەوە ڕازێک بوو کەس نەیزانی خوداکەی چۆن وەاڵمی دایەوە، ئەوە ڕازێک بوو لەنێوان ئەواندا کەس پەی پێ

نەبرد، وا ئێستا ئەو ئارام و بەویقار بێجگە لە وشترەکانی هیچ نیگەرانییەکی دیکەی نەبوو.

کابرای مەککە ڕووخێن و کەعبەکەچکەر لەم داوا سەیرەی ئەم پیرەپیاوە سەری سوڕ ما کە ئەو هاتبوو شارەکەی وێران بکات، کەچی ئەو داوای وشترانی دەکرد و لەوە زیاتر نەیتوانی دان بە خۆیدا بگرێت. بە سەدایەکی پڕ لە سووکایەتییەوە فەرمانی کرد وشترەکانی بدەنەوە. لە مامەڵەی سەیری ئەم پیرەپیاوە بیری کردەوە: چ ڕێگایەک لەمە ئاسانتر نییە کە مرۆڤ لە ئەرکەکانی بگەڕێت و بە بیانووی دانەدەست خودا سەری حەوانەوەی لێ بنێتەوە.

لە چادرە شینەکەی ئەبرەهە هاتە دەرێ و لە پێشان لە زەویی فراوان و زەردیی زەوی و پاشان لە ئاسمانی شینی ڕوانی کە هەورە سپییەکان دووریان گرتبوو و بە پەرشوبڵاوی دەسووڕانەوە، وەک بڵێی چاوشارکێیان لەتەک خۆردا دەکرد، لە زەویەیش هیچ باسێک لە هەوای لماویی بیابان نەبوو، هەموو شت دەبریسکایەوە، وەک بڵێی لە ئەوەڵی خیلقەتەوە هەرگیز دونیا بەو سافی و ئارامییە نەبووە، سەری لەوە سوڕ ما ئەدی خاوەنی ماڵەکە لە ڕۆژێکی ئاوادا چۆن کاری خۆی دەکات، ئەبرەهە و سوپای تەفروتوونا دەکات؟ بەڵام ئەو متمانەی بە خودای کەعبە هەبوو، نەیدەویست بیری لێ بکاتەوە و دەبوو بەوی سپاردبا.

کاتێک عەبدولموتەلیب و کوڕەکەی خۆیان هەڵدایە سەر پشتی وڵاخەکانیان و ئوردووی ئەبرەهەیان بەجێ هێڵا. ئەبرەهە فەرمانی جووڵانی سوپای بەرەو وێرانکردنی ماڵی خودا و شاری پیرۆز دەر کرد، لە پێشی سوپاوە فیلەوانان ڕوویان لە شار کرد. هەر پانزە فیلەکەی کە بۆ ڕووخانی کەعبە هێنابوویان و لە پێش هەمووشیانەوە ماموتە گەورەکەیان کە ناوی مەحمود بوو، بە زمانی مەملەکەتی فیلان لەتەکیان دوان و فەرمانی پاشایان بۆ جووڵە پێ گەیاندن، بەڵام فیلەکان خەرتوومی درێژبووی خۆیان لەسەر زەوی کۆنە کردەوە و بە نیازی گوێڕایەڵی نەبزوان. هەربازانی فیلەوان لە ترسی مەرگی خۆیان و کوشتنی فیلان جووڵەجووڵیان تێ کەوت و هونەری خۆیان بە زمانی ساقە و بەقوربانی و هاندانی فیلان خستە گەڕ، بەڵام سوودی نەبوو، فیلان هەر چۆن خۆیان کوتابوویە سەر زەوی هیچ نەبزوان و وەڵامیان نەدانەوە، چاوانی سەربازان پڕ لە فرمێسک بوون، ویستیان تاقییان بکەنەوە و بۆ جووڵەی پێچەوانە و

دوورکەوتنەوە لە مەککە فەرمانیان پێ دان فیلان بە جەستەی زەبەلاحی خۆیانەوە فەرمانبەرداری ئەوان بوون و ئامادەی جووڵە بوون. کاتێک سەربازەکان ویستیان جووڵەی ئەوان بەرەو شاری بێبەرگری بجووڵێنن، فیلەکان خۆیان بە زەویدا دایەوە.

سەربازان فیلەکانیان وەک ڕۆڵەی خۆیان خۆش دەویست، ئەوان ڕایان هێنابوون لە وڵاتی دوورەوە بۆ بیابان و نزیک مەککەیان هێنابوون، هەر لەبەر پارێزیی گیانی ئەوان دەستیان بە ئازاردانیان کرد، بەر قامچییان دان و نووکی نیزە و تیرەکانی خۆیان تێچەقاندن، بەڵام جەنابی فیل لە جێی خۆی نەدەبزوا و ئەبرەهە لە شۆڕشی فیلان و سەرکوتکردنی فیلەوانانی دەڕوانی و چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی سەرکوتکاران و جووڵەی فیلان بوو، ئەگینا فەرمانی لەناوبرنی هەموویانی دەدا، لە پێناو شەڕی پیرۆز و سەرخستنی پەرستگای خۆی و ڕووخانی ماڵە پیرۆزەکەی عەرەبدا ئامادە بوو هەموو شتێک ئەنجام بدات.

ئەسپەکەی عەبدولموتەلیب هەنگاوی گەورەی دەنا و جێی سمەکانی تۆزی لەسەر لمی بیابان هەڵدەستاند و لەپڕێکدا ڕاوەستا و سەیری سەر شاخی نووری کرد کە گەواڵە هەوری گەورەی ڕەش بەری ئاسۆی تەنیوە و لەبەرخۆیەوە زەمزەمەی کرد و لای بە لای کوڕەکەیەوە کردەوە کە تا زووە هەڵێ. دەیویست هەرچی زووە بگاتە کەسوکارەکەی کە لەناو شاخاندا لە ترسی سوپای ئەبرەهە خۆیان حەشار دابوو، وەک بای بەر لە باران تێیان تەقاند و گەیشتنە کەسەکانیان و ئەوانیش لێیان پرسیی: چیت کرد؟

وتی: من بەشەکەی خۆم کاری خۆم کرد و بزانم بەشەکەی ئەو چی دەکات؟ لەم هاتوباتە نەبووبوونەوە، ئەوانی دی بە عەبدولموتەلیبان وت: سەیری دواوە بکە. دیتیان هەوری ڕەش زۆر بەخێرایی بۆ سەر سوپای ئەبرەهە کشابوو سینگی لە ئاستی ئەودا وەک وشتر لە کاتی هەڵسانەوەدا نابوویە ئەرز.

پیرەپیاو ئەبرۆی گرژ کرد و وتی: ئەرێ، ئەوا بەشەکەی ئەویش دەست پێ دەکات.

لە گوتەکەی نەبووبوویەوە کە دەنگی شیلاقی فریشتەی هەور یەکەم قامچی وەشاند و هەوری شێتگیر کرد و زەویی تڵیشاند و بواری نەدا پەلکەزێڕێنە بوێرێ بۆ دوورینەوە خۆی پێشان بدات، ئیدی ئەمان لەم شوێنە دوورەدا

بینییان شێتانە و قامچی لەدوای قامچی لە هەوری ڕەش وەک بیەوێت ئەسپێکی کێویی یاخی ڕام بکات. فریشتە ڕەشەهەوری داگرتەوە و هەورەکەش شێتانە لە ترسی ئازار ملی دەسووڕاند و یاڵەکانی با دەدا و خۆی ڕادەپسکاند.

هەڵدەهات و ڕەشوەی دەستی فریشتە تونـد دەبـوو، هەور دەسـووڕایەوە و عارەقەی دەر دەدا و دەبووە باران و دەڕژایە خوارەوە. ژمارەی قامچی زۆرتر دەبوو، هەور دەستەکانی هەڵدەبری و نەیدەتوانی هەڵبێت و بەردەوام دەتوایەوە، بگرەوبەردە بوو، تەپوتۆز هەڵدەستا و دەبووە بـا و گێژەڵۆکە و تەنها لە ئاستی سـوپای زەبەلاحـی ئەبـرەهە دونیائـاخیر بـوو، لە دووڕەوە بینییـان ئەو هەورە ڕەشە لەژێر زەبری هەورەبرووسکەدا نەتوابوویەوە کە هەورێکی ڕەشـی دیکە دەر کەوت. ئەوان لە دووڕەوە وایـان زانـی هەورە، بەڵام سـوپا کە گەیشـتە سـەریان دیتیـان ئەوە هەور نەبـوو، بەڵکـو باڵندەی ڕەش بـوون و هەرکامیـان بە دەنووک و چڕنووکیانەوە کلۆ خاک و لمی وردیان پێ بوو بەرەو ئەمان دەهاتن.

ئەمـان کپ و بێدەنگ دەیـانبینی کە وێنەکە لە دووڕەوە و لای خەڵکی مەککە بـارانی تـووش و زریـان بـوو تەشـەنەی دەسـەند، بەڵام لای سـوپا ئـاوا نەبـوو، هەمیشـە وایە، ئەوەی لە دووڕەوە سـەیر دەکـات وەک ئەوە نیـیە کە ئـەزموون دەکات.

باڵنـدەکان لە سـوپا نزیـک بـوونەوە، هەزاران شـەپۆلیان دەدا و دەهـاتن و دەچـوون، هیچیـان بەر هیچیـان نەدەکەوتـن، وەک هەوری ڕەشـی خێـرا بەرەو سـوپا دەبـزوان، هەرکـام لەو باڵنـدانە بەردێکـی بەسـەر یەکێـک لە سـەربازاندا دەخست و بەردی لە قوڕ دروستبوو، بەردێک هیچ لە بەردی دیکەی نەدەکرد!

لە یەک ئاندا هەزاران باڵندە دەیانزیقاند و هەڵدەفڕین و دەنیشـتنەوە، ورشـە ورشـە بە سـەرە و چـین لە دوای چـین وەک گەردەلـوول دەهـاتن. گەردەلـوولی باڵنـدە، سـەربازانی سـەرلێتێکچوو و جەسـتەڕزیو لە ژێـر سـێبەری تاریـک و وشەوشـی بـای دروستبووی باڵەکانیـان سـەریان لـێ تێک چووبـوو و دەهـاتن بەناو یەکدا و دەهاتن و دەچوون و گۆشت لە ئێسکیان جـوودا دەبـوویەوە، هەر چاو بوو دەر دەهات و هەر لووت بـوو دەتوایە و هەر پێستی دەموچـاو بـوو بە چەناگە و لاملیاندا دەهاتە خوارەوە.

باڵنـدەی تـووڕەش بە بینینـی دۆخەکەی زێتـر تـووڕەتر دەیانجریوانـد و دەنیشتنە سەر ئەو سەربازانەی بە پشتدا دەکەوتـن و بە چڕنـووک و دەنووکیـان

بەردەبوونە دەموچاو و سک و قاچ و قولیان و ورگیان دەدڕین و ڕیخۆڵەی ڕزیویان بەسەر لمی بیاباندا دەپژاندن.

سوپا و لە پێش سوپاشەوە فیلی زەبەلاح بەرەو دوا کشایەوە، ئەبرەهەش فڕکان فڕکان لەمسەری سوپای زەبەلاحیەوە دەهات و دەچوو و تا بەر لە ڕاکردنیان بگرێت، بەڵام نەیتوانی هەزاران سەربازی بێچاو و بێگوێ و خوێناویی بینی دەبزوان و ڕایان دەکرد و دەکەوتن، سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی کە بێجگە لە یەک پارچە هەوری گەورەی ڕەشی لە باڵندە دروستبوو هیچی نەبینی کە بەرەو ڕووی دەبزوان.

یەکەم دڵۆپە باران کەوتە خوارەوە، بەڵام ئەوە دڵۆپە باران نەبوو، بەڵکو ئەوە وردەبەرد بوو، کە بەسەر سوپادا دەبارین و ئەوە گەواڵە هەور نەبوون، بەڵکو گەواڵە باڵندە بوون بەسەر ئەواندا دەکشان و سێبەریان لەسەر سوپاکەدا کشابوو، دانەیەک بە دەنووک و دووانەکەی دیش بە پێکانیان بەسەر سەری سوپای بێبندا دایان دەبارانـدن و سەرزەویی بیابانیان لە جەستەی ڕەشی سوپای ئەبرەهە ڕەش کردەوە.

ئەبرەهە خۆشی لە دەست ئەم سوپایە ڕزگاری نەبوو، خودا سوپای خۆی بۆ قەتڵوعامی ئەم سوپا لەبننەهاتووە خستبووە گەڕ، فیلی بەستەزمانیش بە نیازی گەڕانەوە بۆ نیشتمان کە هیندستان بوو، بەرەو دواوە هەڵدەهات و گیانی خوێناویی خۆی لە شمشێر و نەیزەی سوپای ئەبرەهە ڕزگار دەکرد.

ئەو کاتەی باڵندەکان لە دەریاوە و بەسەر ساراوە هاتن و بەردی بە دەنووک و چڕنووک هەڵگیراوی خۆیان بەسەر سوپادا بەر دەدایەوە و گۆشتی هەنجن هەنجن کراو و ڕزیوی سەربازانیان بە دەنووکەکانیان پارچەپارچە دەکرد و وەک پاشماوەی دەردراو و قەرسەقول و پشقڵ و خۆراکی فڕێدراو پاش خواردنیان لێ دەکرد. دونیا ببوویە دوو دونیا: دونیای ئەوان بە چاوی ئەبڵەقەوە لە دوورەوە دەیانبینی و دەیانبیست، دەنگی هەوری ڕەش و تۆفان و فیل و سوپا و وشتر بەیەکدا دەهات. دونیای سوپا و هەوای توند و خوێناوی پاڵی بە ڕیزی سوپاوە بۆ دواوە دەنا. با و بەرد لە ئاسمانەوە دەهاتن و سەری دەگرتن و لە دڵیشیاندا ترس و بیم داگیری کردبوون، هەر دەتگوت ئەو سوپایە نەبوون.

پشتیان لە ڕەشەبا کرد و هەڵهاتن، ئەوان هاوڕێیانی ئازای خۆیان دەبینی کە گۆشتی جەستەیان بە بەرکەوتنی بەردی بەربووەوەی باڵندە دەتوایە و دەمردن

و باڵندەی گۆشتخۆر لێیان بەر دەبوون و باڵندەی مرۆڤکوژ بە قیژەی جیقە و بەردی دەنووک و ناو نینۆکی خۆیانەوە شوێن سەربازی هەڵهاتوو دەکەوتن تا کوشتن و تاوانەوە لێیان نەدەگەڕان، سوپای فراوان بەرەو تێداچوون دەچوو.

پاشان لافاو پەیدا بوو و بیابانی لە لاشەی ڕەشی سەربازان پاک کردەوە، پاشتریش سەربازانی کێویی خودا لە شێران بە نەعرەتەتر و لە گورگان کە بە لووڕەلوور بۆ سەربازانی نیوەگیان کەڵبەیان تیژ دەکرد، قەلانی ڕەشیش لە ئاسمانەوە بۆ سەر جەستەی ئاوساو و وەک بەژنی فووتێکراو دەست و قاچ بە حەواوە دەنووکیان تێدەژەنین و پێستی سەر ڕیخۆڵە و ورگی ئاوساویان هەڵدەدڕی و ڕیخۆڵەیان بەسەر لمی گەرمدا دەپژاند.

خۆریش کە لە برژاندنیان هەر وەک ساج بوو، ئەوەشی دەمایەوە بە کرمی زەوی بۆ خاکی وەر دەگێڕا و ئەوەی دەمایەوە لە ئێسک لە بیابان دا بای سەموومی لەگەڵ خۆی دەیبرد، یاخود گەردەلوول دەیکرد بە ژێر گردی لمەوە. ئەو دەمەش گردە لمی بیابان دەبزوا، بای سەبا تۆزێژی لەسەر کەللەسەر لا دەدا و کەللەسەر بە چاوانی قوواڵی بێگلێنەوە لە ئاسمانی دەڕوانی.

زەوی شەقی بردبوو، ئاسمانی ڕەش ئاژەڵ و مرۆڤی ئەبڵەق کردبوو، قیامەتێک لەبەرچاوان هەڵسابوو، سوپای فراوانی لە سەربازی ئازای مرۆڤ و ئاژەڵ تێدا چووبوو، ئەوەشی مابوو و بریندار و خوێناوی هەڵهاتبوو، هەموو شتێک بەرەو کپی و خامۆشی چووبوو، هەورەکان تەنک و نەرم بوونەوە و بە پرشوبڵاوبوونەوەی خۆیان ئاسمانیان شین کرد، پارچەیەک لە ئاسمانی شین دەرکەوت، خۆر کە لە ئانی نیشتندا بوو، لە سەرووی شاخەکانەوە نیوەزەرد و نیوەسوور دەرکەوت، کە خوێنی ئاڵی لە پاش جووڵانی لە شوێنی خۆی بەجێ دەهێڵا، بیابان تووشی تۆفان و باڵندەی نەبڕاوەی دەریایی بوو.

هەنووکە کاتی هەڵسانەوەی قیامەت و کاتی وەرگرتنەوەی نامەی ئەعمال و پەند و عیبرەت بۆ قورەیشی و عەرەبی بیابانننشین بوو: ئەوەی فریای ئەوان کەوتبوو خودای دروستکەری بیابان و دەریا و با و هەور و باران و باڵندەی دەریا بوو، کە سەربازانی خۆی بۆ ڕزگارکردنی ماڵی خۆی و شاری پیرۆز ناردبوو، کە لە دەست ئەبرەهە و فیل و سوپای زەبەلاح ڕزگاریان بکات کە هەنووکەش کردبوونی، نەوەک خوداوەندی بەرد و دارینی ئەوان کە لە مەککە و ناو ماڵی خودا دایان نابوون. هەنووکە کاتی بوو ئەوان پەند وەربگرن، بەڵام ئایا

خەڵکی لە ڕووکەشدا بتپەرست و لە بنەڕەتدا نەفسپەرست ئامادەی وەرگرتنی پەند و عیبرەت بوون؟

ئەوان بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای فیلی دەرەکییان بوو، کە توانای کاری لەو شێوەیان نەبوو، کەچی ئێستا و پێشتریش کۆمەڵێک مێرووڵەی ناوەکی دەیانخوارد. لەناو شاخان هاتنە دەرەوە و دەستیان کردەوە بە شانازیکردن بە گەورەیی خۆیان و پیرۆزیی شارەکەیان. لەبیریان چوو کە هەر کردەوەکانی ئەوان بوون سوپای ئەبرەهەیان هێنابوویە بیابانی بەردەم ماڵی خودا، کە وەک حەوشە بوو بۆ شاری پیرۆز.

ئاخر هەر ئەوانە ئاشووب دەنێنەوە، دەبێت مەککەی پیرۆزیش باجەکەی بدات و یەکێک لەوان بە هەڵی زانی لە کڵێسای پیرۆزی ئەبرەهەی قوڵەی ڕەش میزا بوو و ئەڵقەڵەگوێش لە مەودایەکی دیاریکراودا ئەو هەموو سوپا و فیل و تۆزەی بەرەو ماڵی خوا خستبوویە ڕێ، کە ڕۆژەڕێیەک دەنگیان دەڕۆشت.

هەنووکە کە خودا ترسی لە کۆڵ ئەوان کردبووەوە، خەڵکی مەککە لە بیریان چوو کاتێک لەنێو شاخان سەیری ئەو توانا لەڕادەبەدەرەی سوپای بێئەژماریان دەکرد کە بە نیازی شەڕی سوپای خودا هاتبوون و بەردەرگایان لە خودا گرتبوو و بەنیاز بوون ماڵەکەی بڕووخێنن. دواتریش ئەمان ئەو هەموو پەڵە هەورە ڕەشەیان بە ئاسمانەوە دەدی و لە ترساندا خۆیان بەسەر تاوێرە بەردەکاندا دابوو، لە گوناهەکانی خۆیان و غەزەبی خودا دەترسان کە نەبادا تەنها سوپای ئەبرەهە لەناو نەبات، بەڵکو تووڕەبوونی خودا ئەوانیش بگرێتەوە، دەپاڕانەوە.

سوپا نەمابوو، ئەوان گەڕابوونەوە سەر دۆخی ئاسایی یاخیبوونیان، ئەوان نەیانزانی ئەو دەمەی سوپاکە دابووی بەسەریاندا، خوداش بە کارەکانی هەواڵی بەوان دابوو، بەڵام هەستیان پێ نەکردبوو. سوپای نەفسی خۆیان کە بە شیر و نێزە و تیر هەرکامیان دڵی خۆش کردبوو، بەڵام کابەی حەقیقەتی لە دڵی هەرکامیاندا ڕووخاندبوو.

هەشتەم: دۆخی لەدایکبوون

(بـۆ ئەو دۆخە لە بیابـانەوە هـیچ درەختێکـی چارەسـەر نەدەڕوا و هـیچ هەواڵێکیش لە ئاسمانەوە نەدەگەیشت)

قەڵەم دەستی بە نەخشاندنی ڕووداوەکانی ڕۆژگار و بارودۆخەکەی کرد، کە تێیدا ڕووی دابـوو، تـا لە میـانەی ئەو بەسـەرهات و بـارودۆخەوە لە گرنگیـی لەدایکبوونەکە و ڕووداو و کارەکانی تەمەنی دواتری کۆرپەکە بگات. ئاخر ئەو کە پێگەیـی، بـوو بە پێغەمـبەر. پێغەمبەرایەتـی وەک بـاران وا بـوو، ئەگەر لە شـاخەکان بـاران نەبارێت، ئەوا ڕووبـاری ژیـان وشـک دەبێت، ئەوسـا وا بـوو، چونکە دەمێک بوو بارانی پێغەمبەرایەتی نەبارییوو، ئەوا ئەو ئاوەی پێی دەوترا ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ وشک ببوو، بۆیە لەدایکبوونی کۆرپەکە گرنگ بوو.

ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان و سـەدەکانیش یەک لەدوای یەک تێدەپەڕین و ترس و بێخوایی و غەفڵەت و تۆقاندن و برسێتی دونیای گرتبوو. ئاسمان یەک پارچە زوخـاڵی ڕەش بـوو، ئەسـتێرەیەک کە پێشـبینیی خێـری ئەو مەخلـووقە قیـت و دووپێیەی لێ دەربهێنرێت، نەدەدرەوشایەوە.

ئـاژەڵە دووپێیەکـان لە دەریـایەکەوە بـۆ دەریـایەکی تـر و لە بیابـانێکەوە بـۆ بیابـانێکی دی، لە جەنـگەڵ و شاخێکیشـەوە بـۆ جەنـگەڵ و شـاخێکی تـر بەشـوێن یەکتردا دەگەڕان، تـا یەکدی لەنـاو بەرن. ماڵەکانیـان پڕ لە بت و دڵیـان خـاڵی لە خـودا بـوو، ئەوان دەیـانتوانی ژیـانی خۆیـان بگـۆڕن، بەڵام دڵیـان بـۆ نەدەگـۆڕا، دەیـانتوانی خێڵەکەیـان بگـۆڕن، بەڵام ژیانیـان بـۆ نەدەگـۆڕا. قەڵەم چـونکە قەڵەم بوو، توانی بۆ هەموو شـوێنێکی ئەو ڕۆژگـارە بگەڕێتەوە و ئـاوا بابەتەکەمـان بـۆ بگێڕێتەوە:

ئەسـپەکان بە هەزاران بە خۆیـان و سـوارانی ڕەشـپۆش و شمشـێر بە قەت و زنجیربەندی تا بناگوێی خۆیانەوە بەسەر هەمـوو زەویدا بـڵاو دەبـوونەوە و هەر گیانـدارێکیان بـدیبایە، بە یەک شمشـێر و لەگەڵ قریـوەی خۆشـیی فڕینـی ئەسـپدا سـەریان لە لاشـەیان دەکردەوە، هەر گوند و ڕەز و مەزرایەکیـان بـدیبایە گڕیـان تێ بەر دەدا، هەر شارێکیان بدیایە کاول و وێرانیان دەکرد و بازاڕیـان تێک دەدا و کووپەی هەنگوینیان دەشکاند و شیری چۆلەکە و چـاوی ماریـان تـێ وەر دەدا

و لەســـەر چـــاوانی ژنـــانی لە شـــەڕدا ڕفێنـــراو، دەیـــانکردە شـــەڕ و هەرا و یەکترکوشـتن. لە هەر چـوارلای دونیـاوە دەنگـی داڕووخـان و نالەنـالە دەهـات، نالەی مـرۆڤ نەبـوو، بەڵکـو ئەوە نـالەی زەوی بـوو بە هەمـوو دەریـا و بیابـان و شاخ و جەنگەڵیەوە بە دەست ستەمی مرۆڤەوە دەینرکاند.

لە خوارەوە بیابان و لە سەرەوە ئاسمان بوو، بۆ ئەو دۆخە لە بیابانەوە هـیچ دڕەختێکی چارەسـەر نەدەڕوا و هـیچ هەوالێکیش لە ئاسمانەوە نەدەگەیشت. بێ پێغەمـبەران شـارەکان چەنـد قەرەبـاڵغ و چەنـدیش چـۆڵ بـوون. کەمینەیەکـی ئادەمیی دێوپەیکەر زۆرینەیەکی مەڕتەبیعەتیان کردبوونە کۆیلەی خۆیان.

قەڵەم کەس نەیدەبینی دەچووە هەزاران ماڵی برسییان و هیچی پێ نەبـوو کە بیانداتێ، تەنها هەر هێندە نەبێت گوزەرانی ئەوانـی بـۆ ئێستا و ڕەنگە داهـاتووش دەگێڕایەوە. چ دۆخێکی خراپ بوو، خوداپێداوان هاوکـاریی خـواردنی هەژارانیـان نەدەکـرد، بـابەتەکەش جۆرەکـانی خـواردن نەبـوو، بەڵکـو خـودی خـواردن بـوو، هەژاری ناخۆشییەکەی لەوەدا بوو کە برسییان کوللە و مـارمێلکە و بزنەمژەیـان دەخـوارد تـاوەکو نەمـرن، تێـرانیش دەیـانتوانی نەهـێڵن بمـرن، بەڵام نەیانـدەکرد. دەروەزەکـاران کە ژمارەیـان زۆر بـوو، داوایـان ئەوە بـوو شـتێکیان بـدەنێ تـا بیخـۆن نەوەک هەڵی بگرن، تەنگەدەستی بە جۆرێک بوو کە منداڵەکانیان لەناو دەبرد.

قەڵەم خـۆی دەشـاردەوە و بـێ مـۆڵەت خـۆی دەگەیانـدە سـەر سـفرەی خوداپێداوان و بۆنی خۆشی خۆراک خۆی دەکرد بە کەپوویدا، قەڵەم دەڵێت:

لە کاتێکدا بـۆنی خۆشـی کەبـابی برژاو، دەنگـی زرینگەی لەرینـەوەی پـاوانەی پێی ژنانی سەماکەر، قسـەی حەلەقومەلەقی دوای پڕکردنـی کـووپەی گەدەیـان بە ئاوی شـەیتان و دەنگی دەهـۆڵ و زریکەی چـووزەلە لە مـاڵی خوداپێداوان هەتـا بەیـان زرینگەی دەهـات. قەڵەم زۆر بەخێرایـی لە نێـوان مەککە و ئورشـەلیمدا دەهـات و دەچـوو و ئەو کاروانـانەی تێدەپەڕانـد کە بە هەزاران وشـترەوە ڕێـی دووری نێوان دوو شاری پیرۆزیان تێدەپەراند:

شەرابخۆری و فاحیشە هەموو شوێنێکی زەویی گرتبوو، ئیدی شـاری مەککە و ئۆرشەلیم بۆنی ئیبراهیم و ئیسماعیل و عیسا و موسـایان لێ نەدەهـات، بەڵکـو بۆنی شەرابیان لێوە دەهـات. خەڵکی ئەو دوو شـارە لەبیریـان چووبـوو نەسـەبی ئەوانیش دەچووە سەر ئیبراهیمی گەورەی پێغەمبەران.

فەلەستین خۆی ولاتی تری بوو، بەڵام کەس نەیدەزانی ئەوانی قورەیشی دانیشتووی مەککە لەو بیابانە ڕەقوتەقەدا ئەو هەموو شەرابەیان لە کوێوە هانیبوو، ئاخر بیابانیش مەککەی زاڵم و نەفسپەرستی لەباوەش گرتبوو.

قەڵەمی ژیر تەنها جیهانی بینراوی نەدەنەخشاند و کەس ئەوی نەبینی کە لەسەر شاخێک چوارمشقی بۆی دانیشت، وا بزانم شاخەکە لە شام بوو، باسی ئایین و وەهمی خودای درۆزنە و بتپەرستی لەو ڕۆژەوە بۆ ئێمە هێنایەوە:

ئایین هەم دەنگەدەنگ بوو و هەمیش بێدەنگی زیاتر هیچ نەبوو، ئەگەر وا بێت ئەوا بێدەنگییەکی ترسناک هەموو شوێنی تەنیبوو، چونکە ئایین لە هەموو جێیەکی دونیا هەبوو. ئەم جیهانە پڕ لە شتانێک بوو کە پێیان دەوترا (بت)، دەیانپەرستن و قوربانییان بۆ ئەنجام دەدان، بتپەرستییش لە سادەترین جۆری خۆیدا بوو، کە ئەویش پەرستنی دار و بەردی بێگیان بوو، ئەمە مانای وا بوو خودا هەبوو تا گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات، بەڵام خەڵک بۆ لای ئەو نەدەچوون.

قەڵەم زۆر زەحمەتیی کێشا تا توانیی بچێتە ناو دڵی پیاوانی لە ڕووکەشدا چاکسازی ئەو ڕۆژە، لەو شارە هەندێک گەڕەک لە ڕووکەشدا ڕۆشن و دەوڵەمەند و خاوێن، هەندێک گەڕەکیش وێران و بۆگەن، کە ئەوێی بەدڵ نەبوو، بەڵکو دێ و خەریک بوو ڕێی لێ ون ببێت و نەیەتەوە، بە هەزار حاڵ ڕێگەی دۆزییەوە بەشەکەتی گەیشتەوە ناو ئەم ڕۆمانە و هێشتا هەناسەی توند بوو کە زاری هەڵهێنایەوە: ئەوانەش دەبوو چاکسازی بکەن یان نەیاندەتوانی یاخود نەیاندەکرد. نەیاندەتوانی و کەس مافی ئەوەی نەبوو لە بەرامبەر ئەو دۆخە زاری هەڵبێنێت، هەر لەوسەری کەنار دەریا و باکووری زەوییەوە تا ئەمسەری بیابان و باشوورەوە بە جەستە و خوێنی پیاوچاکان و قوربانیانی چاکەویست و منداڵان و ئاژەڵانی بەستەزمان ڕەش و سوور هەڵگەڕابوو.

چاکسازییشیان نەدەکرد، بەڵکو یان دەبوونە بازرگان، ئەو بازرگانانەی مووڵک و ماڵی فراوانی خۆیان هەبوو و لەگەڵ دەسەڵاتداراندا ڕێک دەکەوتن هی خەڵکی دیکەشیان بۆ خۆیان دەبرد. یان دەبوونە جەنگاوەر و خوێنیان دەڕشت و ئاوی شینی دەریایان سوور هەڵدەگەڕاند و خوێنی ئاڵی مرۆڤیان دەڕژاندە سەر لمی گەرمی بیابان، کە لەبەرچاوی خۆر دەبریسکایەوە، خۆریش چاوی خودا بوو لەو سەرەوە بە ڕۆشنایی تیشکەکانی لێی دەڕوانی.

یان دەبوونە پیاوی ئایینی، بە مانایەکی دی دەبوونە بەتاڵە، هەر ئەوانەی زۆربەیان ئایین لایان مانای تەماعکاری و دووڕوویی و ماستاوچیەتیی دەسەڵاتداران بوو، کەمێکیشیان دڵپاک، بەڵام ترساو هەتا دونیای درەندە نەیانخوات، خۆیان دەکردە وشترمرغ و سەریان لە لمی بیابان دەچەقاند. گوایا ئەگەر ئەوان شەڕی دونیایان نەدیبایە، ئەوا چاوی هەڵۆ ئاسای "گێتی"ش جەستەی زەبەلاحی ئەوانی نەدەدی، یاخود ئەگەر بیانزانیایە خۆیان بۆ ناشارێتەوە ئەوا بە جەستەیان بچووک دەبوونەوە، دەبوونە کرم و دەچوونەوە ناو قۆزاخە و خۆیان تێدا مەڵاس دەدا، ئەم کارەشیان ناو دەنا ڕەهبانیەت و گۆشەگیری، گوێیان دەگرت تا دەنگی هاڕەی ڕووخانی زەوی نەبیستن.

قەڵەم زۆر حەزی لە بینینی دیمەنی هەڵهاتنی خۆرە، تا لەتەک ئەودا سەفەری ڕۆژانە دەست پێ بکات و بە خۆر بڵێت: پەلە مەکە و کەشکۆڵەکەی دەر دەهێنا کە هیچ نەبوو تەنها ئەم ڕۆمانە نەبێت و خۆریش لە سەرەوە بۆی دەڕوانی کە خەریکی نووسینەوەیە.

هەموو بەیانییەکیش کە کەڵەشێران بانگی خۆریان دەکرد کە مۆڵەت لە خودا وەر بگرێت سەفەری دوورودرێژی خۆی بە ڕێگای ئاسماندا دەست پێ بکات، خوداش ئیزنی دەدا گوڵی کراوەی ژیان لە بەردەمی تیشکەکانیدا بکرێتەوە، هەرچی شتێک توانای گۆڕانی هەیە خۆی بگۆڕێت، چاکان ببنە بەهەشت وخراپانیش ببنە دۆزەخ، ئیدی مرۆڤانی ئەو قۆناغە دەبوونە دۆزەخ، چونکە چاکان یان نەبوون ئەگەر هەشبوونایە، ئەوا بەهەشتی خۆیان لە گۆشە و کەناران دەشاردەوە نەوەک بەر لرفەی ئاگری دۆزەخ بکەون و ببنە قەقنەس.

قەڵەم زۆر ڕقی لە باسی کوشتن و خوێنە، بەڵام چونکە کاریەتی دەبێت وەک خۆی بینووسێتەوە و بگرە چەند جار بچێتەوە سەر باسی، چونکە زۆرترین شت بوو کە لە گەشتەکەیدا بۆ سەردەمی لەدایکبوونی کۆرپەکە ڕووبەڕووی دەبوویەوە:

کوشتن هەموو شوێنێکی گرتبوویەوە، مرۆڤ لەتەک مرۆڤ و هەموو شتێکدا شەڕی دەکرد، لەتەک بیابان و شاخ و دەریا و مردن و ژیان و خودا و فریشتەدا. دەریا و بیابانی دەدا بە گژ یەکتردا، هێزی بای لە دژی باران بەکار دەهێنا و ڕۆشنایی و تاریکیی دەکردە میملّی یەکدی. هەمیشە برسێتی تێری دەبەزاند و شەڕیش مولّکەکانی خێری داگیر دەکرد. خوداکانیش هیچیان پێ

نەدەکرا، چونکە یەکەم: بوونیان نەبوو، دووەمیش: نەیاندەتوانی بێلایەن بن، ئاخر هەموو تایەفە و خێڵ و تاقمێک خودای تایبەت بە خۆی هەبوو.

ئیدی خوداکان پاکانەی ئایینیان بۆ ئەو ئاژاوە ئەبەدیە دەهێنایەوە کە لەناو قووڵایی بوونی مرۆڤدا بوونی هەبوو، یان ئەوە مرۆڤەکان بوون دەیانخستە سەر زاری نەبوویان، ئەوە مرۆڤەکان بوون کە ئەوەی لە هەناویاندا نووستبوو بە ناوی خوداکانیانەوە دەریان دەبڕی، ئیدی گورگی دەورانی زۆر دووری ناو هەناویان دەیلووراند، کوشتارەکانی سەردەمی وەحشەتی باپیرانیان بە نەوەکانی داهاتوو دەگەیاند، ئەو وەحشەتەی هەرگیز تێیان نەپەڕاندبوو، مرۆڤەکان نە مرۆڤبوون و نە خزمایەتی و نە دراوسێیەتی، هیچکامی لە ئەوجدا نەبوو، جگە لە درندەیی.

پەتی ماف و مواڵکداری پچڕابوو، گەردەلوولی ئاژاوە لەتەک خۆیدا هەڵی دەگرت و ئەگەر جارجارێک لە شێوەی تەپە بایەکدا، کە پێی دەوترا خێڵ، دەینیشاندەوە، ئەوا زۆر تەمەنی نەبوو، چونکە هەر زوو گەردەلوولێک دەهات و لەتەک خۆیدا هەڵی دەگرت و ئاژاوە و گەردەلوولی شەڕی نێوان تاقم و تایەفە و خێڵەکانی وەک گەردەلوولی دەم بای بیابان قەت نەدەبڕایەوە.

ئیدی ئەم خێڵ وەک با دەیدا بەسەر ئەو خێڵی تردا، تەپە بای ناو و سارای ئەوی لەتەک خۆیدا دەبرد و ئەوەی بۆی بکوژرایە دەیکوشت و ئەوەی نەیکوشتایە وەک غەنیمەت لەتەک خۆیدا دەیبردن، ژن و منداڵان بۆ سەر زەوییەکی دیکە دەبران و لاشەی مردووان لەوێ بۆ ئاژەڵانی وەحشی بەجێ دەمان، ئەو هەزاران هەزار لاشەیەی دەبوونەوە بە کەللەسەر و جەستەیان دەبووەوە بە لمی بیابان. کاری قەڵەم تەنها گواستنەوەی شەڕ و ئاژاوەی بینراو نییە، بەڵکو باسی ترس و زەلالەتی نەبینراویش دەکات:

وای هەسارەی زەوی لەو ڕۆژگارەدا لە چ وەحشەت و ئاژاوەیەکدا دەژیا، جیهان تەنها بۆ بەهێزەکان شەڕ و ئاژاوە بوو، ئەگینا بۆ مرۆڤە لاوازەکان ترس و زەلالەتیش بوو. وەحشەت و ترس وەک باران لە سەرەوە دادەباری و وەک کانی لە ژێرەوە دەتەقی، کە داد نەما، ئیدی مرۆڤ بەر دەبێتە مرۆڤ و لەناوی دەبات، قەڵەمیش ئەم حەقیقەتەمان لەو ڕۆژگارەوە بۆ دەگێڕێتەوە:

مرۆڤ هەوای هەڵڕشتنی خوێنی مرۆڤ لە سەری دەدا و ڕووی دەکردە بیابان و سارا، وەک ئەوەی ئاسک و گامێشی کێوی ڕاو بکات، مرۆڤی ڕاو

دەکرد. هەر هێندە بەس بوو مرۆڤێک لە کاروان ببڕێت، یاخود لە خێڵەکەی بۆ چۆڵایی بیابان دوورەوە کەوێ، ئەوا هەر هێندەی دەزانی لەپڕ بەسەریاندا دەدا وەک چۆن کەرووشکێک لە دەشتایی بیابااندا گوێکانی قوت دەکاتەوە و هەڵدێت و هەڵۆیەک لەو سەرەوە بە چاوە تیژەکانی لێی دەڕوانێ و لەپڕ دەدات بەسەریدا و بە چڕنۆکە تیژەکانی بۆ ئاسمانی هەڵدەبڕێت.

هەر وا ئەسپێکی ڕەسەن لە بەردەمیدا لەسەر دوو قاچی دواوەی دەوەستا، کابرای بان ئەسپەکە پەتی بۆ گەردنی هەڵدەدا و بەشوێن خۆیدا ڕای دەکێشا، خۆ ئەگەر لەو ئاژەڵە دووپێیانە بووایە کە پێیان دەوترا: ئازا و خۆی نەدایە بە دەستەوە و شمشێری لە کێلانە هەڵبکێشایە، ئەوا سوارەکە لە سەرەتادا دەبوونە دووان و پاشان سیان و چوار سوارە دەموچاو داپۆشراوەکان بە جلە ڕەشەکانیانەوە زۆر و زۆرتر دەر دەکەوتن، پیاوەکان دووان بوون و پاشان دەبوون بە سیان، دەبوون بە دە و دەبوون بە هەزار، تیغی شمشێرەکانیان لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەدرەوشایەوە، ئەسپەکان دەستیان دەکرد بە حیلەحیل بە چواردەوریدا دەسووڕانەوە و چاوەکانیان پڕ لە لم دەکرد، ئەو بیابانە فراوانەیان بۆ ئەو مرۆڤە دابڕاوە دەکردە قەفەسێکی داخراو.

قەڵەم زۆر ڕەوانبێژانە هاوشێوەی نێوان باکان و شەڕەکانی مرۆڤ دەنەخشێنێت: شەڕەکانی مرۆڤ وەک باکان وا بوون، کە خاڵی دەستپێکردن و کۆتاییان نەبوو. هەر ئەو کاتەی لە شوێنێک دەنگی گڤەی شەڕ و ئاژاوە و ڕشتنی خوێن و وێرانکردن و سووتانی دار و دیوار و خانوو و شار کۆتایی دەهات، هەر وەک با لە شوێنێکی دیکەوە دەستی پێ دەکردەوە و ئاژاوەی ئاژەڵی دووپێ هەر وەک با نیشتمانی نەبوو، لە هیچ جێیەک نەدەوەستا. بەسەر هەموو زەویدا دەگەڕا و بە هەر شوێنێکیشیدا تێپەڕیبا، ئاگری لە هەموو هەبوویەک بەر دەدا.

مرۆڤ تەنها پێستێکە و بەسەر کۆمەڵێک ئێسکدا دراوە و دڵێک کە نیشانەی زیندوویەتیی ئەوە. هەموو شانازی و جوانیشی لەو بەرگە باریکەدایە کە خۆی نە ڕەنگ و نە سافی و زبریی هەڵنەبژاردووە. کە ئەو بەرگەش دەشێت ببێتە ناشیرینترین مەخلووق کە بە بینینی بێزت بێتەوە، قەڵەم چونکە مرۆڤ نییە، بێ بێزهاتنەوە بەڵای ئەو ڕۆژگارەی پێست و دەردی مرۆڤ دەگێڕێتەوە:

ئیدی دەرد و بەڵای وەک ئاوڵە و گولی با بوەستێت، کە دەهاتن و نیوەی مرۆڤایەتییان قڕ دەکرد و تەنانەت کۆشک و باڵەخانە گەورەکانیشیان لێ بێبەری نەبوون، ئەوا خەڵکە برسی و داماوەکە با بوەستێت کە گەڕەکیان بۆ جوودا دەکردنەوە و هەموو دانیشتیوانی ئەو گەڕەکانە، نیوە لووت، ناوچاو و گۆنا و لێویان نەبوو و لە سەرەتاوە زیپکەیان دەر دەکرد و نینۆکەکانی دەست و قاچیان دەوەرین و دەئاوسان.

بەختەوەریی مرۆڤ لە بوونیدایە، نەوەک لە زۆریی هەبووەکانیدا، قەڵەم بەو حیکمەتە ئەو ڕۆژگارە دەنووسێتەوە: لە هیچ جێیەک دڵی مرۆڤ خۆشیی نەدەبینی، تەنانەت ئەوانەش کە هەیانبوو، یان دەیانتوانی بیانبێت و لەوانی دیکەی ببڕن، تەقەللای زیاتری ئەوەیان بوو هەر بۆ ئەوەی کە ئەو ترس و خەمەی ناو دڵیان فەرامۆش بکەن. قەڵەم گوێی بە پاسەوانەکانی شای فارس و ئیمپراتۆری ڕۆم نەدەدا و خۆی بە کۆشکی بە پاسەوان تەنراوی ئەواندا دەکرد، چونکە ئەوان نەیاندەبینی دەچووە ژوورەوە، قەڵەم دەیتوانی بچێتە ناو دڵی پاشا و بزانێت لەوێ چی دەگوزەرێت.

دەسەڵاتی ڕەهای ڕۆم و پاشای فارس، هەوەسی خوداییکردنی لەواندا زیندوو دەکردەوە. لە سەرووی ئەو دوو دەوڵەتەوە، هیچ کەسی تریان نەدەدی، تەنانەت لەلای ئەوان خوداش بوونی نەبوو، لەژێر پێی سمی ئەسپەکانیان لەو خوارەوە هەموو شارەکان و مەملەکەتەکان، مووڵکی ئەوان و دانیشتووانیان کۆیلەی ئەوان بوون. هەر کە شەڕیان دەبوو، جارێک ئەمیان سەرکەوتنی بەسەر ئەوی دیدا بەدەست دەهێنا و جارێک ئەوی دییان، بەڵام وەک دوو خوداوەند بۆ هەمیشە دەمانەوە و چێژیان لە ئەبەد مانەوەی خۆیان دەبرد و خۆری جاویدانی بەسەر مەملەکەتی فراوانیانەوە ئامادە بوو، بەڵام هەر ئەو چێژبردنەی ئەوان مایەی ئازاری هەتاهەتایی ئەوانی دی بوو، هەموو ئەوانەی دی شتێکیان بۆ خواردن، جلیان بۆ لەبەرکردن و شوێنێکیان بۆ حەوانەوەیان نەبوو.

قەومانێکی وەک عەرەبیش لەناو تەفرەقەی خۆیدا لە ئاستی تاکدا ئازا و لە ئاستی گروپدا لێنەهاتوو و ترسنۆک بوون. ڕووداوەکان لە کتێبە نووسراوەکانی دواتر، بەڵام زۆر دوورتر لەو ڕۆژگارانە بگێڕێتەوە و دیسان مۆڵەتی لە مێژوو وەر دەگرت و هەڵەی هەندێک لە مێژوونووسانیشی ڕاست دەکردەوە، ئاخر ئەوە مێژووە کە قەت هەڵە ناکات، نەوەک مێژوونووسان.

بەداخەوە نەوەی ئادەم بەو حەددە تووشی لادان ببوو، دەسەڵاتداران هەرچی زیاتر ملهوڕ و ملهوڕتر دەبوون، ژێردەستانیش هەر بەو دەرەجەیە زەلیل و سەرشۆڕ کە تیرانی عەرەب بۆ یەکتر زۆر ئازابوون و بەرامبەر دوو دەسەڵاتە گەورەکەی ئەو ڕۆژە سەردانەواندن زیاتر هیچیان پێ نەدەکرا، خۆ ئەگەر وێرابایان سەر هەڵبڕن بەرامبەر هەرکامیان، ئەوا سپیەتیی بیابانی هەموو دوورگەی عەرەبیان لە سوپا بۆ ڕەش دەکردن، ئەوان بە سواری گالیسکە دوو ئەسپیەکانیانەوە بۆ ڕاوی عەرەب دەهاتنە بیابان.

هەموو جارێکیش بە تۆڕی پڕ لە عەرەبەوە بۆ دیوان و قوستەنتینییە دەگەڕانەوە و ژنانی چاوڕەشی عەرەبیان بە کەفەڵی ڕووتەوە دەخستە بەردەم شا و وەک گڵۆڵەیەکی ڕەشی گەورە لەبەردەمیدا خڕ دەبوونەوە، ئاخر کاکۆڵی ڕەشی درێژیان هەموو گیانی دادەپۆشین و لێشی دەمایەوە و دەنیشتە ئەرز، شاش زەردەیەکی دەکرد و سەریان هەڵدەبڕی و پەنجەی قەبووڵی دەبزواند تا لە ژمارەی کەنیزەکەکانی ئەو بێنە ئەژمار.

ژنانی تا ئەو کاتە بەحورمەت و کەنیزەکانی تازە بە قاچ و دەستی لەرزیوەوە هەڵدەسان، ئەوە لەرزینی ئەژنۆ و لەرزینی دەستیان نەبوو کە دەلەرزین، بەڵکو تەپەی دڵیان بوو، کە لە ترساندا لە قەفەسەی سینگیاندا جێی نەدەبوویەوە و کانیاوی فرمێسکیان دەتەقی. قەڵەم بۆ مرۆڤی ئەو ڕۆژگارە پەژارە دایدەگرت و ئیدی فرمێسکی دەبووە گەوهەر و دەڕژایە سەر کاغەزەوە:

هەبوو نەبوو، ئاسمان هەبوو بەولا سەرەوە و لەسەر زەوییش لەم خوارەوە خەریک بوو شتێک بە ناوی مرۆڤ و هەبووەکانیەوە نەدەما، ڕووی دەریا و وشکانیی زەوی بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕایەوە کە شتێک نەبوو بە ناوی مرۆڤەوە (یاخود هەبوو، بەڵام زەوی بە خوێن و ئازاوەکانی ئاشنا نەبوو کە دەیتوانی پێکەوە بژی و زەوی ئاوەدان بکاتەوە و مۆجیزە بنوێنێت) لە خوێن و فێڵ و چڵێسی و گومان و بێدینیدا دەگەوزا و بە دەستی خۆی، خۆی لەناوی دەبرد و زەوییش بۆ قۆناغی پێش مرۆڤ دەگەڕایەوە.

ئاژەڵانی دەریا دەنگیان لە خۆیان بڕیبوو و بەکپی دەخزانە بنی دەریا و لەو خوارەوە و مانگیش لە ترسانا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو لەو سەرەوە. خوداش لە پشتی هەموو شتێکەوە کاری خۆی بۆ کەس تێک نەدەدا و هەر جار خۆی بیویستایە دەستی خۆی دەر دەخست و ڕووگەی ژیانی بەو جۆرە دەبرد کە

خۆی دەیویست، هەر وەک ئەو جارەی یەکەم پەلی مرۆقی گرت و لە بەهەشت دەری هێنا و هەڵی دایە سەر زەوی. وای لە هەموو ئەو سەرگەردانییەی ئەو ڕۆژگارەی مرۆڤ، لە پێناو چیدا ئەو هەموو شەڕەی ئەنجام دەدا؟ خۆشی نەیدەزانی، قەڵەمیش نازانێت. مرۆڤەکان بۆ مردن لەدایک دەبوون، هەر وەک چۆن بە ئازاری دایکیان ئەوان دەهاتنە دونیا، هەر وا بەئاسانییش دەمردن.

قەڵەم هێشتا لەو سەردەمەدایە و گەشتی خۆی درێژە پێ دەدات و دەیەوێت خۆی لە شەڕ لا بدات. ئەو نەیویست دیمەنی دزێوی شەڕ ببینێتەوە، بەڵام لە هەر لایەکەوە بڕۆشتایە دەکەوتە ناو هەرێمی جەنگەوە، خراپەکانی مرۆڤ هێندە زۆر بوون بە هیچ دانەدەپۆشران.

جەنگ و برسێتی و ئازارەکان هەر بوون و هەمیشەش بەردەوامن، بەڵام هەرگیز وەک ئێستا نەبوون. هەرچەندە دەگەڕان دەلیلێک نەبوو لەو خەرابستانە بیانهێنێتە دەرێ، نەوەک هەر مرۆڤە عاقڵ و حەکیمەکان، بەڵکو مرۆڤە سادە و ئاساییەکانیش دەیانزانی کە بەرەو نشێویی ترسناک و دەریای تاریکتر و بیابانی چۆڵتر و شەڕی دەستەویەخەی زیاتر دەڕۆن.

هیچ کەس نەبوو مەحکووم نەبێت بە ڕووداوە لەگرێژنەبەرەکانی ئەو ڕۆژە، ڕۆڵێکی نەبێت لە خراپبوونی ئەو دۆخەدا، جا قوربانی بووبێت یاخود جەللاد، جەللاد بەوەی ستەمی دەکرد، قوربانییش بەوەی بێدەنگ بوو لە ئاست ستەمدا.

قەڵەم دەیەوێت کۆی بکاتەوە: خولاسە مرۆڤایەتی کۆڕەوی مردووان بوو و ڕۆژانە لە گۆڕەکانیان ڕادەبوون و هەندێک بەناو یەکدا دەهاتن و دەچوون و شەوانیش دەچوونەوە ناو گۆڕەکانیان.

قەڵەم دەبێتە هاوڕێی کەمینەیەکی چارەسەرخواز کە لەو ڕۆژگارەدا لە گۆشە و کەناراندا دەژیان: چارە هەبوو و چارەش نەبوو، چارە لەوپەڕی دونیا بوو و ئەوان دەستیان نەدەگەیشتێ، کێ چووزانێت؟ لەوانەیە چارە لە ئاسمان بووبێت، کەس بیری لە چارە نەدەکردەوە، هەموو ئەوانەش بیریان لە چارە دەکردەوە تەنها بیریان لەوە دەکردەوە کە چارەسەرکار، دەبێت لەوان بێت و ئەمەش نەک بۆ چارەسەر، بەڵکو بۆ فەخر و شانازی بوو.

سەدای وشەکانی لە ڕۆحی ئەواندا دەنگی دەدایەوە:

هەر کەس ئەمسەر و ئەوسەری جیهانی بکردایە، بیابان و دەریای ببڕیایە بۆنی خوێنی مرۆڤی لە هەموو شوێنێک دەدی، بۆگەنی جەستەی گەنیوی

دەچووە کەپووەوە، چاوی قوولّی بە چاوی ناو کەللەسەری بێگۆشتی مرۆڤ دەکەوت، مرۆڤ بۆ وای دەکرد؟

ئەو بەسەر زەویدا دەڕۆشت، بەڵام ئەوان وایان دەزانی کە بۆ ئاسمان هەڵدەکشا، با و ئەستێرەکان بۆ سەرەوەیان دەبزوان، ئەفسوونێک، سیحرێک لە وتەکانیدا هەمووانی تووشی شۆک دەکرد.

قەڵەم ماندوو نابێت هەر بۆ ناسینی زێتری مرۆڤی ئەو ڕۆژە سواری وشتر دەبێت: وشترەکان ڕێگای دووری نێوان ئاوەدانییەکانی بیابانی فراوانیان کورت دەکردەوە و مرۆڤ نەیدەتوانی عیبرەت لەو ئاژەڵە بەسەبرە وەر بگرێت، وشتران ئارام و سوارانی پشتیان زبر و بێئارام، وشتر تەنانەت ئەو خۆرەشی خۆش دەوێت کە لە دەشتایی بێداری بیاباندا بە تیشکە سووتێنەرەکانی ئازاری دەدا. هو وشترەی کە قەڵەمی هەڵگرتبوو لە خۆری ڕوانی، تیشکی بەر چاوانی کەوت و خۆشی زایە چاوەکانی، خۆر تیشکی زێڕینی لە ملی ئاژەڵەکە ئاڵاند، قەڵەم گوێی لە دەنگی وشترەوانانی هاوڕێی بوو کە گۆرانیان دەوت و هەیدا هەیدا هەموو شت بە کەیف و خۆشی بوو، لەناو ئەم ئومێدەدا خۆر و مانگ و ئەستێرەکان هەڵدەهاتن و لە بیمی خراپی دۆخی ئەستێرەکەی زەویدا ئاوا دەبوون.

ناڵە و نەفرەت لە دژی ستەمکاری لە سینگی هەزاران مرۆی داماو خیزەی دەکرد و لە زاریان دەهاتە دەر، لە هێکڕا زەنایەک لە گەروویەک دەهاتە دەرەوە، خودای ئاسمان و زەمین هەتا کەی، لەگەڵ ئەم هاوارەدا مووچڕک بە گیانی درەختەکاندا تا ڕەگی بن ئەرزیان دەڕۆشت و گیانی بەبەر ئێسکی ڕزیوی مردووواندا دەهێنایەوە و ئاژەڵانی بێزمانی دەهێنایە زمان و هەرکامیان بە زمانی خۆیان دەکەوتنە نالاندن، ساتێک هەموو "بوون" بێدەنگ دەبوو، ئەوسا دووبارە و سێبارە ناڵە لەم ئەستێرە خرە بچووکەوە فەزای شەق دەکرد و دەگەیشتە ئاسمان و دەیگوت: تاکەی... تاکەی.

قەڵەم و بیرکردنەوەی کاتی کورتی حەوانەوەی شەڕەکان:

وای شەڕەکان بێدەنگییەکی وەحشی و گران بوون کە بۆنی خوێنیان لێ دەهات، دونیای دەگرت و هیچ دەنگێک نەگەیشتە بەر، نە دەنگی مرۆڤ و نە دەنگی ئاژەڵ، بەڵام بۆنی هەموو شتێک لەوێ ئامادە دەبوو، بۆنی گەنیوی لاشەی مرۆڤ و ئاژەڵ کە تێکەڵ دەبوون، بۆنی سووتاوی شار و دێهات و

مــەزرا، نەوەک پێغەمــبەر و ڕزگارکەرێــک دەر بکەوێــت کە بە فریــای مــرۆڤ بکەوێت، مرۆڤان سەریان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی، بەڵام هیچ وەڵامێک نەدەبیسترا.

ئیمانداران وەها دەچووە زەینیان کە خودا لە بەندەکانی گەڕاوە و بێ ئیعتینا پێیان بووە، بێبــاوەڕانیش وەهــا تێدەفکرین وەک ئەوەی خــودا مردبێت و دەنگی مرۆڤ نەبیستێت، یاخود هەر لە بنەڕەتدا بوونی نەبێت. مرۆڤ و ئاژەڵ لەســەر سینگی دایکە زەوی دەکوژران و ئەو کپ و بێدەنگ هیچی پێ نەدەکرا و خــوداش لەو بــانەوە قســەی نەدەکــرد کە هەر قســەیەکی وی نیشــانەی دەرکەوتنــی کۆتــا ڕزگارکەر بوو.

ڕۆحــی شــەکەت و ڕەنجــاوەری مرۆڤایەتی ســەری بــۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و دەینالانــد وەی خــودایە کەی ڕزگــارکەر دەنێــری؟ و کەی بــای بێنیــازیی خــۆت لەســەر شــار و لادێ و دەشــت و دەریــای ئــێمە لە گــڤە دەخەی؟ کە دوا وتەی خــۆت دەنێریتە لای ئــێمە کە گــوتەی تــۆ پــێچەوانەی گــوتەی هەر کەســێکی دی هاتنەدیی دەستبەجێیە و هەر بەوەی فەرمــووت: ببە ئیدی دەبێت، ئەوجــا ڕۆحــی مــرۆڤ چنگی دەخســتە نــاو کەللەی و ســەری دەخســتە ئەرز و هــاواری دەکرد: وەی خوا... وەی خوا... وەفریامان کەوە... وەی خوا.

زریکەی هاواری ئەو وەک ڕەشەبا بەسەر هەموو ئاوەدانیی وێرانەی مرۆڤدا دەکشــا و لە ترسی ئەو منداڵان خۆیان دەخزاندە باوەشــی گەورەکان، ژنان بــۆ ســەر سینگی پیاوان دەکشان و گورگەکان لووڕەیان دەگەیشتە عەرشی عەزیم، سەگەکان پێکەوە بەحەپەحەپ و ئەسپ و ئێسترەکان سمکۆڵانیان بوو.

قەڵەم وەک کۆیلەکان پشتەماڵ دەبەستێت:

پشتەماڵی کۆنە و پێوپلی سووتاو و عارەقە و هەناســەی ســەنگینی کۆیلەکان، داســتانی کــاری ســەخت و لەتوانــابەدەری ڕۆژانەی ئەوانــی دەگێــڕایەوە نە بــۆ داهاتوو نە بۆ هیچ جێیەکی دیکەش نەچوو، بەڵکو ئەوان هەر ژیانیان نەبوو.

قەڵەم دەبێتە سێیەمی خۆر و مانگ لە کۆڕی غەمدا:

هەمــوو ســبەینان چــاوی خــۆر بە دیتنــی دیمەنــی نــاخودایی شــاد دەبــوون، مــانگیش بە بیســتنی نــاڵە و ئــاهونزووڵەی برســییان و مەزڵوومــان و بێنەوایــان گۆش کرابوون، وای خودایە ئەو هەزاران هەزار مرۆیە، پیاو و ساوا و منداڵ و

نەخۆش و بریندارانی شەڕە نەگریسەکانی دەستی مرۆڤ تا بەیان دەگریان، دەردی ئەمانە لەو دەردانە بوون کە خولقاوی دەستی مەخلووقی دووپێی وەستاوی وەک خۆیان بوون، دەردی ئەمان لەو دەردانەی مرۆڤبوونی مرۆڤ نەبوون کە تەنها بەهۆی بوونی مرۆڤەوە بوون. ئەوانەش هەبوون، بەڵام دیار نەبوون ئازاری دەستی مرۆڤ نەیدەهێشت مرۆڤ هەست بەو ئازارە قوولانە بکات، مرۆڤ بێخودایی دەکرد و ئازاری ئەوانەی دەدا وەک خۆی مرۆڤ بوون.

قەڵەم زۆرتر دەژی و دەبینێت کە هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێتەوە:

زەمانە وەر دەچەرخێت و ئەوەی کە دواتر دێت لەوەی پێشوو باشتر نابێت، خەڵکی زۆربەی کۆیلەن و سەریان داخستووە و بێجگە بەرپێکانیان هیچی دیکە نابینن، ئەوانەش کە دەتوانن سەرهەڵبڕن و گەورەن تەنها هەندێکی کەمن و ئەوانیش بەو لاسەرەوە تەنیا ئاسمانی شین دەبینن و خودا لەو سەرەوە بەدی ناکەن.

قەڵەم شەیتان دەبینێت کە دەحەوێتەوە:

شەیتان هەموو کارەکانی خۆی بە مرۆڤ ئەنجام دەدا، لە دەریا و وشکانی دەڕوانی کە گڕی تێ بەر دەبوو، سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکرد و هیچ کەس ئەوی نەدەبینی، قاقا پێدەکەنی گەرەکی بەخۆ ئاشکراکردنی وی نەبوو کە مرۆڤگەل تف و نەفرەتی بۆ ڕەوانە بکەن و لە داخی خراپەکاریی وی خۆیان وەپەنا خودای بدەن، پێویست نەبوو ئەو زەحمەتی ئەوە بکێشێت ئەوان بۆ دۆزەخ بنێرێت، چونکە ئەوان بەپێی خۆیان بۆ ئەو چاڵە قوولە ئاگرینانە دەڕۆشتن، ئەوان خۆیان هێندە خراپ و بەد یومن بوون، بیری خراپەکاریی ئەویان نەمابوو.

ئەوە زمانی ئەو ڕۆژە بوو کە زمانی ئاژاوە بوو، هەر کەسیش بیویستایە ئەو ڕۆژگارە بگۆڕێت، دەبوو لەو زمانە تێبگات و ئاژاە و مرۆڤیش بناسێت، باوەڕ بە ڕزگاربوون نەمابوو.

هێندە نەبێت هەندێک لە چاوەکان بۆیان دەڕوانی، هەندێک لە گوێکان گوێیان لە ئاسمان دەگرت و تا هەواڵی هاتن ببیستن، هەندێک لە قاچەکان لەمسەری

دونیا بۆ ئەوسەر بەشوێنیدا دەڕۆشتن و دەستەکان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕان تکا و لاڵەی هاتنی ئەویان بوو، پەرستگا و کتێب و مرۆڤە دینداڕەکان کە کەمینەیەک بوون بۆ ئەو دەگەڕان و نەیاندەدۆزییەوە و تا بەشی عادیلانەی جەستەی نەخۆش و برسی و چاوی نەخەوتوو و ورگی نەبوو و بڕسیان بدات، دڵی تۆقیو و شایەتی ئەو هەموو کارەسات و بێخودایيە تەسەللا بدا و یارمەتی زەینی ماندووی بە شوێن چارەسەرگەڕاویان بدات تا هێمن بێتەوە.

قەڵەم لە کاری هەمیشەیی چاندن و دووبارەوە ورد دەبێتەوە:

زۆربەنە خەریکی سڕینەوەی ئاساری شەڕەکان بوون، لە پاش هەر شەڕێکیش هەوڵی دروستکردنەوەی پەیوەندیی ئاسایی و بەردەوامیی ژیان و خەو و خۆراک و ماچ و وەچەخستنەوەی نوێدا بوون، ئەمان تۆویان دەوەشاند و نەوەی نوێیان دەخستەوە و دواتر مەرگ و شەڕ دەهات و بە کەرەنتووی مەرگ هەموویانی دەدووریيەوە.

قەڵەم پێش خەڵکی ئەو ڕۆژگارە ڕزگارکەر دەبینێت و ئەو کارانە باس دەکات کە مرۆڤەکان کاتی لەدایکبوونی نەیاندەزانی ڕوو دەدەن:

ئەوە ئەو ڕزگارەکە بوو کە لەدایک بوو. دواجار لەم سەرزەوییە دوورەوە، هەتیو و بێباوک بە دەستی خۆی دروستی کرد و هێنایە دونیا، هەر لەناو مرۆڤ و لە مرۆڤەوە لەو کۆمەڵگە مرۆییەدا بە شوانی و برسێتی هەڵدەگڕا و گەورە دەبوو، تاڵ و شیرینی ژیانی تاقی دەکردەوە و لە بیابان و ئەشکەوت و دەشت و شاردا دەژیا و نەعلەکانی لە خۆڵ دەکشان، لە ئاسمانی دەڕوانی و لەتەک ئاژەڵانی وەحشیدا هەڵسوکەوتی دەکرد، لەتەک بەردانی بێگیان و نەجووڵاوی هەزاران ساڵەدا چاکوچۆنیی دەگۆڕییەوە. برسی دەبوو و لە سەرماندا خۆی دەپێچایەوە و لە ئەستێرە و خۆر و مانگی دەڕوانی کە هەواڵی شوێنی دووریان بۆ دەهێنا، لە هەورەکانی دەڕوانی کە نێردراوی دەریا بوون، تەڕایی و ئاویان بۆ زەوی شەقاربوو و مرۆڤ و ئاژەڵانی لە تینواندا لێو وشکهەڵاتوو دەهێنا و دەبووە هاوڕێی با و ئاگر و وشتر و مەڕی بەستەزمان و پەریان قەتار قەتار لە دەوری کۆ دەبوونەوە.

ئەو دەبووە چەقی جیهانێکی فراوان کە لە دەوری چاویاندا پرشنگی دەدا، ئاپۆرەی مەخلووقی ناسکی نەبینراو کە عەیامێک بوو کەلامی خودایان نەبیستبوو، ئەڵقەیان دەبەست و دەهاتە بازاڕ و بە مامەڵەی ڕاست و دروستیی ئەوانی دەخستە کێشەوە و بە حیکمەتەکانی خوێنی لە سەروەختی ڕژانیدا چارە دەکرد، بە دەستی خۆی (بەردی پیرۆز)ی لە شوێنی خۆی دادەنایەوە، ژنی دەهێنا و ئەزموونی کۆ دەکردە و بەشداریی پەیمانی بەرگریکردن لە چەوساوانی دەکرد.

دواجار بانگی نوێنەرایەتیی ئاسمانی هەڵدەدا و مژدەی قۆناغی ڕزگاریی مرۆڤی هەڵدەڕشت و دەچووە سەر گردی (سەفا)، بەقودرەتەوە ئەوانی بۆ ئایینەکەی بانگ دەکرد و شتێکی باشی پێ بوو لە کەسوکاری خۆیەوە دەستی پێ کردبوو و پێی خۆش بوو ئەو چاکەیە پێش خەڵکی دیکە لەتەک ئەواندا بکات و ڕۆحیان ڕزگار بکات، بەڵام ئەوان پشتیان تێ دەکرد و مامەکەی پێش هەمووان بەردی تێدەگرت و خوێناویی دەکرد و دەیگوت: سەر بە گڵدا بچێت؟ بۆ ئەوە بانگمان دەکەیت؟ لیژنەی پانزدە نەفەری بە سەرکردایەتیی مامەکەی بە بودجەی کراوە و سەرمایەی نەبڕاوەی خۆیەوە بۆ دژایەتیی ئەو و شوێنکەوتووانی تەرخان دەکرد و ئازاریان دەدا، گەمارۆیان دەخستە سەری، دەبوونە هۆکاری مەرگی مامە پشتیوانەکەی و ژنە خۆشەویستەکەی و دڵەکەیان غەمبار دەکرد و ساڵی ناو دەنا ساڵی غەم.

هەوڵی کوشتنیان دەدا و شاربەدەریان دەکرد، بە شوێنیدا دەڕۆشتن و شەڕیان لەتەکدا دەکرد و شاری دروست دەکرد، سەرەنجام بەسەر ئەواندا زاڵ دەبوو و موجیزەی دەنواند و کتێبی پڕ لە حیکمەتی دەکەوتە سەر دڵان و ناو باوەشی خەڵکان و دەیانخوێندەوە و پوختە دەبوون سەفەری ناوەکیان ئەنجام دەدا. چەوساوەکانی یەک دەخست و گەورەترین دەوڵەتەکانی ئەو ڕۆژگارەی کە پایەکانیان لەسەر کوشتوکوشتار و خۆێن و چەوساندنەوە دامەزرابوون لە بنەوە دەر هێنا و نەک عەرەب، بگرە هەموو مرۆڤی بۆ ئەسڵیانەی خۆی

دەگێڕایەوە. ئەوە ئەو منداڵە بوو کە ئەمشەو لە ماڵی هەژارانەی باوکی لە هەناوی دایکی بێمێرد و دڵ پڕ لە غەمدا لەدایک بوو.

مرۆڤ دەتوانێت سووکایەتییەکانی ژیان ڕاست بکاتەوە، بەڵام مرۆڤی ئەو ڕۆژگارە نەیدەتوانی کەللەی سەری ڕێک بخاتەوە، ئیدی کەم لە مرۆڤەکان تاقیبی ڕزگارکەریان دەکرد و ئێستا ڕزگارکەر لەدایک بوو. دوور لە ڕێکخستنی کەللە و بۆچوونی ئەو کەمەش لەسەر زەوییەکی دوور دوور کە سەر زەوییەکەی بۆ بەردانی پێغەمبەرایەتی حاسڵخێز نەبوو، لەدایک بوو.

ئەوی دوایین ڕزگارکەر کە باوەڕی بە خودایانی درۆزنە نییە، هەرچەند باوەڕی بە مرۆڤ و نەوەکانی مرۆڤ هەبوو، ئەو هەمیشە پشتی بە مرۆڤ بەستبوو. بە هاتنی ئەو یاساگەلی بە زەبروزەنگ، دەمردن. خۆری دەم کەل بە پێکەنینی بەهاری ژیانی نوێی مرۆڤەوە دەهاتە ژوورەوە.

چارەی برینە سەرەکییەکەی دەکرد کە لەناو دڵی مرۆڤدا بوو، هەموو گرفتەکەش لەو پارچە گۆشتەدا بوو کە لەرزۆک و بێقەرار بوو و بە شوێن ئارامی و قەرارەوە بوو، دونیا لەرزۆک بوو، چونکە دڵی مرۆڤ لەرزۆک بوو و ئەو لەدایک بوو و کە دەوای دەردی دڵ بوو. ئەو لەدایک بوو، ئەو منداڵە بێباوکەی کە لە مەککەدا لەدایک بوو.

باشت کرد قەڵەم، ئافەرین بۆ خۆت و کارت باش دۆخی ڕزگاربوونت بۆ ئێمە هێنایەوە.

نۆیەم: لە بیابان

(ژنانی کەنیزەک و بیابانگەڕییش شانازیی ئەوەیان پێ بڕا کە دوایین پێغەمبەریان بە شیری مەمکەکانیان گۆش کرد)

ئەوە ڕووداوەکانی دواترن کە گرنگیی ڕووداوەکانی پێشتر دیاری دەکەن، ئەگینا نەنکی موحەمەد، دایکی عەبدوللاّ دەبێت زۆر زۆر ئازاری چەشتبێت بە مەرگی کوڕە گەنجەکەی، لە کاتێکدا ژیانتووسەکانی ئەو سەروەرە تەنها باسی باپیرەی، واتە عەبدولموتەلیب و ئامینەی بووکیان کردووە کە لە چ غەم و مەینەتیەکدا ژیاون و بۆ مەرگی ئەو کوڕە ئارامەی عەبدولموتەلیب و پیاوە قۆز و خۆشەویستەکەی ئامینە، یان لەوانەشە ئەو دەمەی عەبدوللاّ مرد نەنکی موحەمەد هەر نەشمابێت، ئەو دەمەش لە قیامەتدا کوڕەکەی بە خزمەتی گەیشتبێت، دیسان میژوونووسان ئەمەشیان باس نەکردوە.

بە هەرحاڵ هەنووکە موحەمەد لەدایک بووە و سەری بە سینگی دایکییەوە ناوە، خەریکی مژینی شیرە و بە دەستە نەرمەکانی وەک چڕنووک مەمکی دایکی دەگرێت و چاوی دەبڕێتە چاوە غەمبارەکانی و ئەو بۆی دەخەنێتەوە و ئەویش بە هەموو بوونی، نیوە دایکایەتییەکەی خەندەی بۆ دەسەنێتەوە و نیوە بێوەژنیەکەشی بەخەمباری لای خۆی دەهێڵێتەوە، ڕۆڵەکە هەردوو قاچ و هەردوو دەستی لە باوەشی دایکیدا دەبزواند، بێ ئەوەی بێجگە لە تریقانەوەی منداڵانە هیچ شتێکی دیکە بڵێت و ئەویش بێ ئەوەی چاوەکانی ببزوێت لەیەکتر تێدەگەیشتن.

ئامینە زۆر حەزی لەوە بوو تا ڕۆڵەکەی تێرشیر نەبێت و ئەو هەموو بوونی دایکانەی خۆی نەتکێنێتە هەناویەوە منداڵەکەی دانەنێت، بەڵام ئەو یەک کێشەی هەبوو و ئەویش کەمشیری بوو، بۆیە ناچار بوو، ئەگینا هەرگیز نەیدەویست دایکایەتیی خۆی لە تەک ژنانی تردا دابەش بکات، ئەو منداڵە نووڕانی و پیرۆزە دەمی بە سینگی ژنانی ترەوە بنێت بۆ ئەوەی تێر بێت، هەر وەک (سوەیبە) کەنیزەکەی ئەبولەهەبی مامی کوڕە و بەدڵنیاییشەوە ژنانی دەشتەکیی دوورەدەست کە بە حوکمی نەریتی عەرەب منداڵانیان بۆ بیابان بنێرن تا باش بار بێن و زمانیان پاراو بێت.

ڕەنگە ئەمەش کارێکی ویستراو بێت، هەر بۆ ئەوەی دواتر مایەی شانازیی ژنانی کەنیزە و بیابانگەڕ شانازیی ئەوەیان پێ ببڕێت کە دواییـن پێغەمبەریـان بە شیری مەمکەکانیـان گۆش کردووە، ئەگینـا هەر ئەو خـودایەی شیری ئـامینەی وەک فرمێسکی چاوەکانی دوای لەدایکبوونی پێغەمبەر وشک کردبوو، هەر ئەو خـودایە سـینگی حەلـیمەی دایەنـی هێنـدە شـیر تـێ هێنـابوو کە بەشـی بـرا شیرییەکەشـی بکـات، نەک هەر ئەوەش، بەڵکـو گـوانی مەڕومـاڵات و وشـترە لەڕەکـانی خێڵەکەشـی پـڕ لە بەرەکەتـی خـواردنی سـەرەکیی ئەوان، واتە شـیر، کردبوو.

سەیری داستانی منداڵیی موحەمەد بکەن کە هەندێکی بەڕاشکاوی باس کراوە و هەندێکیشـی ئـێمە لە سروشـتی بیابـان و عەرەبـی بیابانشـین و زەمەنـی نەبینراوی ئەو سەردەمەی کۆتایی سەردەمی پێغەمبەرەکان هەڵی دەگۆزین:

خـۆر کەوتبـوویە ئاسـمان و کەڵەشـێرانی بیابانشـینیش لەتـاو گەرمـا سـەری خۆیـان خسـتبووە ژێـر باڵەکانیـان، دوای ئەوەی بەیـانی زوو بـانگی ڕۆژبوونەوەیـان دا بەنـاو دەواری شـرِی تیـرەی (بەنـی سـەعد)، کە لەو بیابـانە وشکوبرنگ و بێ باران و گیا و وشکەساڵیەدا هەریەکەیان لە دووریی یەکەوە فڕێ درابوون، حەلیمەی سەعدیەش لەژێر یەکێک لەو چادرانەدا لە حاڵی خراپی خۆیان لای مێردەکەی شەکوای بوو.

ئەوان ئەو دەمە گەیشتبوونە کەناری بیابان و شاخەکانی (زوێبات)، وەک مێخ لە دڵی بیابان چەقیبوون و چادری شینی ئاسمانیان لەو ئەرزەدا داچەقاندبوو و هەنـووکە خـۆر بەرەو ئـاوابوون هەڵگەڕابـوو و لمـی بیابـانیش وەک دەریـایەکی نوورین لە جیلوەی خۆیدا بـوو، ژنـانی بیابـانیش پەلەیـان بـوو کە زوو خۆیـان بە شار بگەیەنن و نەقیزەیان لە کەرەکانیان دەژەند تا ڕابن و زوو ئەوان بگەیەنن.

بەڵام کەرەکەی سـەعدیە لە دواوە تەکەی دەهـات و دەیویسـت بەوانـی دیکەدا بگات، بەڵام مێینە گوێدرێژە داماوەکە بەئەسـتەم چـوار پێکانی بـۆ دەسـووڕاند و لەتەک هەر جـار وەسـتانەوەدا تەکـانێکی بە خـۆی دەدا و ژنەی سـواری هەڵدەبەزانـد و دادەنـایەوە و ژنـەش ناچـار بە تێسـوینی قاچەکـانی بە سـکی ڕەقەڵەی وڵاخەکە دەبوو.

ئەم و وڵاخەکە کاتێـک گەیشـتنە نـاو شـار، دیتیـان ئەوانـی دی ئامـادەی گەڕانەوەن بـۆ بیابـان هەمـوو شـیر و بابەتەکـانی خۆیـان فرۆشـتووە و هەر

یەکێکیشیان کۆرپەیەکی نازداری گەورەیەکی مەککەی بە باوەشەوە بوو، بە کۆڵێک دیاریی گرانبەهاوە بە ئامانجی بەخێوکردنی لە بیابان وەک خووی هەزاران ساڵەیان باوکان منداڵ بووبوونەوە و لە شێوەی منداڵەکەیاندا بۆ بیابان دەچوونەوە تا لەوێ بەخێو بکرێن و بە زمانی پاکی بیابانننشینی و هەوای پاکی بیابان هەڵمژن.

ئەو کە گەیشتە ناو شار پەنیر و شیری فرۆشت و وشکەگۆشتی کڕی، ئەوەی پێی دەوترا "قەدید" و هەر گۆشتی ئاژەڵ بوو و لەسەر بەردی دۆزەخی گەرم و لەبەر تینی خۆری گەرمی بیابان، کە ئەویش هەر وەک خۆری دۆزەخ گەرم بوو دەبرژێنرا، تەقەی لە دەرگای ماڵانی دەوڵەمەندیش دەدا تا منداڵێکی بدەنێ و داهاتی خۆیانی پێ دابین بکەن، ئەو ماڵانەی منداڵیان هەبوو پێشتر بە ژنە شەریکەکانیان سپاردبوو و یان کاتێک دۆخی جلی شڕ و حاڵی وڵاخەی داماویان دەبینی کە دەچووە چوارچێوەی تەختە دەرگاکانیان هەر وەڵامیان نەدەدایەوە، بەڵام ئەو هەر دەبوو منداڵێک لەتەک خۆیدا بەرێتەوە.

تەنها ماڵێک کە ماڵی گەورەی قورەیش بوو، منداڵێکی لێبوو تا هەنووکەش نەبرابوو. ڕاستە ئەو کوڕەزای گەورەی قورەیش بوو، بەڵام باوکی نەبوو، وتیان لەوێ منداڵێک هەیە، بەڵام باوکی نییە، هەر لەبەر ئەوەش کەس لە تەک خۆی نەبردبوو، کەسێک هەر بە دەنگی خۆی پێی وت نەکەی بیبەیت، چونکە باوکی نییە سفتاحی لێ ناکەی، کەسێکی دیکە هەر بە دەنگی نزمی خۆی بە دڵیدا چرپاند و پێی وت: چارت نییە ئەگەر نەیبەیت هیچ منداڵێکت دەست ناکەوێت!

ئەو دەنگە دەنگی کەس نەبوو، ئەوە دەنگی دڵی بوو، ئەوە دڵی بوو لێی ببووە دوو کەس، کەسێکیان لە تەک بردن و کەسێکیشیان لەتەک نەبردنیدا بوو، سەرەنجام ئەوەیان لەتەک بردنیدا بوو دەستی دایە ئەڵقەی دەرگا و تەقەی لە دەرگا هەڵساند، سەرەنجام دەرگا کرایەوە و کەنیزەکێک کە ئەو نەیدەزانی کەنیزەکە دەرگای لێ کردەوە و پێی وت: دەمەوێت منداڵەکەتان لەتەک خۆمدا بەرمە بیابان تا بەخێوی بکەم.

ژنەش دیار بوو دڵی ببوویە دوو کەس، یەکێکیان دەیویست بڕواتە ژوورەوە و بە خانمەکەی بڵی و ئەوی دیکەشیان کە جەستەی ڕەقوتەق و پڕ لە تەپوتۆز و عارەقاوی دەبینی ویستی جوابی بکات و بڵێت نیازمان نییە کوڕەکەمان واتە موحەمەد بنێرینە بیابان، سەرەنجام ئەوەی دووەمیان لە دڵیەوە کەوتە پشتی و

ڕایکیشایە ئەودیو دەرگاکە و بۆ لای خانمی برد و سەرنجام دایک و کوڕ بە باوەشیەوە لەناو هاڵەیەکی نووردا دەرکەوتن.

هەر بە بینینی هەستی دەکرد ئەوە خۆی بوو نەوەک یەکێکی دی، مرۆڤ چەند خۆی خۆش دەوێت، دایکی ئاوا کوڕەکەی خۆش دەویست، هەروەها کە کوڕەشی بینی وای نەدەزانی ئەو ڕۆڵەی یەکێکی دیکە بێت، وای هەست دەکرد هەر ڕۆڵەی خۆی بێت و لە داوێنی خۆی کەوتبێتە خوارەوە، بە بینینی دەموچاوی نوورینی چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوو، لە دڵی خۆیدا ورتەورتێکی کرد و ئەمە لە کوێ بووی ڕۆڵە گیان لێمیان بردووی، بەخوا ئەگەر هەر هیچیشم نەدەنێ هەر لە تەک خۆمدا دەیبەم، پاشان ورتەورت بووە دەنگێک و هەر وەک دەنگی دایک و وتی: وای ڕۆڵە گیان!

ژنەی بەویقاریش کە هەم غەم و هەمیش شادی و نوور لە ناوچاوانی دیار بوو، تالووکەی ڕۆحی ژنەی بەستەزمانی بینی و ئەو خۆی دایک بوو سۆزی دایکانەی ئەوی هەست پێ کرد و دایکانەش پێشوازیی لێ کرد و منداڵەکەی دایە، دایکانەش لەبەر خاتری کۆرپەکەی تا لە منداڵانی گەورەی قورەیش کەمتر نەبێت منداڵەکەی دایە دەست ئەوی بیابانننشین و دایکانەش هەردوو دەستی خستە سەر کانیاوە وشکەکەی سینگ و دایکانەش فرمێسک لەسەر گۆناکانی جۆگەلەیان بەست.

دایکانەش ڕۆڵەی دایە و عاشقانەش غەمی عەبدوللای، لە دڵی خۆیدا هەڵگرت، هەر ئەوەش بوو جیاوازیی نێوان دایکایەتی و عاشقایەتی، لە عیشقدا وەری دەگرێ و بۆ خۆی دەهێڵێتەوە ئەوە لە کاتێکدا کە دایکبوونی خۆی دەبەخشێت، ئەو هەنووکە هەردووکیان بوو، دایکی موحەمەد و عاشقی عەبدوللای باوکی جوانەمەرگی ئەو بوو، ئەمیانی بە تێسوینی فرمێسک و ماچی نەبڕاوەوە بەخشیە بیابان کە لە شێوەی ئەو ژنەدا لە بەردەرگایان وەستابوو، عەبدوللاشی لەناو دڵیدا و بە بیرهاتنەی ئەوەش تەڵخیی ناوی دایە زمانی و ڕوخساری و لە دەرگاکەوە بردیە ژوورەوە.

کاتێک ژنە بەشوێن هاوڕێکانیدا، کە هەنووکە لە بیاباندا مەعب بووبوونەوە و دیار نەمابوون، بەرەو سارا دەگەڕایەوە، خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، گەرما پاشەکشەی کردبوو، سێبەری خۆی بەسەر گوێدرێژەکەیەوە بەسەر لمی بیابانەکەدا وەک شەپۆل دەلەرایەوە، منداڵێک بە باوەشیەوە هەستی بە جووڵەی

سینگی کرد، لەو جوولانەی ژنانی شیردەر هەستی پێ دەکەن، کاتێک شیری ناو مەمکیان دەخرۆشێت. سەری هەڵبڕی، هەستی کرد هەموو شتێک گۆڕاوە، گوێدرێژەکەی ئازا بووبوو، ئاوا دەڕۆشت هەر وەک پێکانی باڵیان لێ ڕوابێت، بەتەنیا خۆی و منداڵەکەی بەری و گوێدرێژەکە و هەتا چاو بڕکات لە خوارەوە بیابان و لە سەرەوە ئاسمان بوو، هەموو شتێک گۆڕابوو.

دەشتی بەرین لە بەرچاوی ئەو کراوەتر دیار بوو بیابان، لە دوورەوە بە ڕەنگی شین و ئاڵتوونی دەبریقایەوە، تۆز و بای خودا تەواو ببوو، تریفەیەکی نوور بەسەر سەروو ڕوخساری منداڵەکەیەوە لە ورشەدا بوو، تریفەی ڕۆشنایی بەسەر گەردی منداڵەکە نووراندیتر دەبوو، پەڵەهەورێک فریا کەوتبوو و بووبوویە سایەبان بۆیان، هەستی بە بەرەکەتی ئەو منداڵە بێباوکە دەکرد هەنووکە دابوویانە باوەشی ئەو، سەیری دەکرد ئەو جوان بوو، جوانییەکی وەسفنەکردەنی کە ئەوی دەخستە حەیرانەوە، هەستی دەکرد قەتێی دڵی لە خۆشیان باڵ دەگرێت.

بیابان لەبەر تیشکی خۆرەکەدا وەک ئاوی دەریا لە نووردا دەدرەوشایەوە لەو سەر دەترسا و بیری کردەوە لەم بیابانەی گەردشگەی گورگ و شێران ئەگەر تەنها بێتەوە ئاژەڵانی وەحشی دەیخۆن، بەڵام هەنووکە لە هیچ نەدەترسا نە لە مرۆڤی وەحشی کە ئەو ژنە بە تەنها لەو بیابانە ترسناکەدا بەگیر بهێنێت و بیابان هیچ خەبەرێکی لە جیهانی زیندووان نەدەدا، تەنها لە دوورەوە لەوێ دڕکانی موغەیلان و میرووی ورد و بێدەنگ شوێنی خۆیان گرتبوو، ترسناک بوو، بەڵام بۆ ئەم ترسناکییەکان بە شادی وەرگەڕابوون.

وای دەزانی هەموو دونیای لەگەڵە، هەموو شتەکان بووبوونە کەسی ئەو، کەرەکە زوو زوو پێکانی لە لمی گەرمی بیابان دەچەقین و هەودا هەودا تەقەلای بوو ئەمان بگەیەنێتە ئاوەدانی، ڕۆشت و ڕۆشت و ڕۆشتن و هاوڕێکانیان لێ بەدەر کەوتن کە لە دوورەوە بە نەریتی ژنانی بیابانننشین دەنگیان هەڵدەبڕی و دەتریقانەوە و دەنگەکانیان با دەیکردە فیکە و دەیگەیاندە گوێکانی ئەم، تا دەهات لێیان نزیک و نزیکتر دەکەوتنەوە کەرەی ئازا دای بە لایاندا و بە نیشانەی پێشکەوتن کە گەیشتە ئاستی ئەوان پڕماندی و تێی پەڕاندن.

کاتێک ژنەکان هەوڵیان دا پێیدا بگەنەوە پرسیان: ئەوە منداڵە هەتیوەکەت هێناوە، پێش ئەوەی ئەم وەڵام باداتەوە دووبارە وتیانەوە: ئەوە هەر هەمان

کەرەکەت نیـیە کە لەوسـەر گیـانی دەدا، بەڵام ئەم هـیچ وەڵامـی نەدانەوە و بە نیشـانەی گلەیـی کە ئەوی هاوسـەفەریان لەو بیابـانە بەتەنهـا بەجـێ هێڵابـوو بە کلەی چاو بۆی ڕوانین بە لێولێهەڵقرچاندن بە لایاندا تێپەڕی، ئیدی بـۆ دواوە لای نەکـردەوە تـا ئەوەی کە دەوارەکانیـان لـێ دەرکەوت کە دوور و نزیـک گەورە و بچووک لەوێ فڕێ درابوون، هەوارەکەی ئەمان لە هەمووان بچووکتر، هەم شاد لەوەی هەسـتی پـێ کردبـوو هەمـیش لە ترسـی (حـارس)ی مێردی کە سـەرباری دۆخی خراپیان ئەم منداڵە هەتیوەشی هێنابوو.

مەڕەکان دەیانباعاند و گاکـان دەیانبۆراند، وشـترەکان بەبەرچـاویەوە دەهـاتن و دەچـوون و دەیانپڕمانـد، تـێکەڵ بەو دەنـگە ناهەماهەنگـانە گفتوگـۆی مانـاداری مـرۆڤ ئاسـایش و شـادی دەبەخشـییە هەواوە، هەرگیـز هەواری بەو جـوانیە نەدیتبوو، مرۆڤگەلی ئەوێ کە ئەویـان دیت لە دووڕەوە بـۆ هەوارەکـان بە تەنهـا نشـێو دەبوویەوە، هەمووان چـاوە بیابانییەکانی خۆیـان لەو بـڕی و بـۆ پێشـوازی هـاتن. گەدایەکـی زۆر ڕووبەڕووی بـوون، بـێ لاکردنەوە خەبەری دانـێ وا دێـن ئەوانـیش بەدوامەوەن، ئەم گـوتەیەی دوایـی بە لەڕەی شـانازییەوە وت، هەر بـۆ ئەوەی ڕۆڵەکەی نەبینن و لە چـاوی بەد دەموچـاوی نـوورانیی بشـارێتەوە زۆر بەخێرایی بەرەو مااڵی خۆی بزوا.

منداڵەکانی و مێردەکەی کە نەڕە پیاوێکی دەشـتەکیی تـووکن، بەڵام دڵسـاف و کـراوە، وتیـان: دایە دایە چیـت بـۆ هێنـاوین دایە؟ وەڵامـی دانەوە: بـرایەکم بـۆ هێنـاون، بـۆ ئەوان دانەوییەوە تـا منـداڵەکەی باوەشـی ببینـن، مێـردەکەش هـاتە پێشـەوە لە منـداڵەی ڕوانـی کە بە دەمـیەوە خەنیـیەوە زۆری خـۆش ویسـت، کـۆرپەکە کاتێـک لە دیـدگای ڕەش و بریقەداریـان ورد دەبـۆوە، ئەو کـێ بـوو؟ نەیانـدەزانی، بەڵام دەیـانزانی وەک منداڵانی تر نەبـوو، لە یەکەم دیـداردا ئەم بـرا تازەیان خۆش ویست.

ژنە منـداڵەکەی دانـا بە لای کـچەکەیەوە، کە دواتـر بە شـەیمای خوشـکی مـوحەمەد ناسـرا، بەجێـی هـێڵا و هەڵمەتـی دا منـداڵەکەی خـۆی گـرتە بـاوەش، بەترسـەوە خـۆی بەسـەردا دا و منـداڵەی دامـاو لە برسـاندا پـێش ئەوەی بگـاتە سینگی دایکی وەک ئەوەی بۆ مەمکێکی پڕ لە شـیر هەڵمەت بەرێت هەڵمەتـی دا، بـاوکە سـەرێکی خوراند و لەوە دڵنیـا بـوو کە ژنەکەی هێنـدە شـیری نیـیە کە منداڵەکەی تێر بکات، هەنووکە منداڵێکی دیکەیشی هێنابوو.

لە ژنەی پرسیی: منداڵی کێیە؟
ژنە وەڵامی دایەوە: نەوەی گەورەی قورەیش عەبدولموتەلیبە.
پیاوەکە وتی: هەر زانیم ڕەنگی سپی ئەو هەر لەو بنەماڵە دەکات.
پێم بڵێ: چۆن بە تۆیان داوە؟
ژنە وتی: باوکی نییە!
پیاوەکە وتی: بۆچی منداڵی هەتیوت هێناوە؟
ژنە وتی: بێباوکە، بەڵام ڕۆڵەکەم زۆر بەبەرەکەتە!
ژنەکە هەستی دەکرد منداڵەکەی وا لە مەمکانی دەمژی وەک تینوویەک دەمی خستبێتە کانیاوێک، سەیر لەوەدا بوو کە دایکە هەستی نەدەکرد سینگی بێشیری وشک بێت، ئەوەشی لە منداڵەکەدا دەبینی!
سەیرکردنەکانی پیاوەکەش هەر وای دەگەیاند ئەو منداڵە چەند جیاواز بوو، هەتا ئێستا منداڵی لەو شێوەی نەدیبوو، ئەو لە ئاسمانی دەڕوانی، یاخود ئەوە ئاسمان بوو لە ناوچاوی ئەوەوە دەبریسکایەوە، ئەم منداڵە ناسک و بێباوکە خەریک بوو ڕێنموونیی ئەمی بۆ شتێک دەکرد کە خۆیشی نەیزانی چییە.

*** *** ***

ئەوان کە ماڵەکانیان پشتی وشترەکانیان بوو، بەشوێن لەوەڕەوە بە بیاباندا هەر کوێیەک درکێک بۆ ئاژەڵەکان و بیر و ئاوێک ببوایە کە مشتێ ئاویان بداتێ بۆ خواردنەوە ڕوویان تێدەکرد، بەڵام ئەمە چەند ساڵ بوو دڵۆپە بارانێک لە ئاسمانەوە نەهاتبوویە خوارەوە، دەریا لە دوورەوە سڵاوێکی تەڕی بە هەوردا بۆ نەناردبوون. لە نزیک هەوارەکانی ئەوان پیرەپیاوێک دەژیا، خەڵکی وایان دەزانی ئەم پیرەپیاوە و کۆنەمشتەریەی ڕۆژگار لەوان زیاتر لە دین و دونیا دەزانێت، ئیدی لێی کۆ دەبوونەوە و لێیان دەپرسیی: ئاخۆ دەرەنجامی ژیانیان بە کوێ دەگات؟
وای لە حاڵی خوداپێداوانی قورەیش و لە حاڵی ئەمانیش لەم بێبارانییەدا، چییان بەسەر هاتبوو؟ ئەو گەورەی تیرەکەی نەبوو، بەڵام هەموو تیرەکەی بە حەکیم و دونیادیدەیان دەزانی! بیری لە حاڵی تیرەکەی خۆی دەکردەوە وشکەساڵی چی بەسەر ئەوان هێنابوو، ئەوانەی بۆ ڕۆژگارانی ڕابردوو و

ئەوانەی خۆڵەمێشەکانیان و لە دەوری چزوبز و چرای ئاگردان کۆ بوونەوە، تەنوورەکانیان ئێواران وەک شەوی لێ دەهات ئێستا هەمووی کوژابوونەوە.

ڕووت و ڕەجال، لەم بیابانەدا ناوکەخورمای هاڕاویان دەخستە دەمی منداڵەکانیان، گوانی وشتر و مەڕەکان وەک سینگی ژنان بوو، تەنانەت دڕکەکانیش وشک بووبوون، ئەویش سەیری خۆرئاوای کرد کە خۆر لە تەنووری سوورەوەبووی خۆیدا خەریک بوو نوقوم دەبوو، خۆر خراپی بەوان دەکرد: هەموو ئاژەڵەکانی ئێمە دەکوژێت، هەموو درەختەکانی ئێمەی وشک کردوە، بە دەستی خۆی نەبوو نەیدەتوانی خۆشی بوێت، بەڵام کە گوێی لە دەنگی نەرمی شەوبا دەبوو بەوانی دەگوت: ئەمەیان دەم دەنێتە مەمکی دەریاکان و ئاو بۆ ئێمە دەمژێت و کۆی دەکاتەوە، بۆمان دەهێنێت بۆ لەوەڕگا.

هەموو تیرەکە داوای یارمەتییان لەو دەکرد، بابەتەکەش لەو مەسەلانە نەبوو کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بێت، مەسەلەکە پەیوەندیی بە دەریای دووری ئەودیو بیابانەوە بوو کە بارانی سواری پشت هەورەکان دەکرد و بۆ شوێنە دوور دوورەکانی دەنارد. ئەمەش دوور بوو لە گرێدانی پەت و فووکردن و هێنانە سەر زاری وشەی وسی نهێنی، کە پەرییەکانی بەکار دەهێنا و شاراوەکانی پێ دەردەخست و هەواڵی لە داهاتوو دەدا. لە هەموو ئەو تەمەنە دوورودرێژەی ژیانی لەتەک شتی نهێنی و ڕوانین بۆ ئاسماندا ئەوەی دەزانی ئەمە پێویستی بە کەسی تایبەت و لەم پاکتر و بەفەڕ و بەرەکەتتر بوو هەتا بۆیان یەکلا بکاتەوە و بە هۆی ئەوەوە خودا بەزەیی پێیاندا بێتەوە و بارانیان بۆ ببارێنێت.

خێڵی بەنی سەعدیە، کە هەنووکە هەڵای بێبارانی و قوپانی سکی منداڵان و وشکبوونی گوانی ئاژەڵانیان بۆ ئەو هێنابوو، بەویان ڕاگەیاند کە کوڕەکەی سەعدیە ئەو کەسەیە کە ئەو بەشوێنیدا دەگەڕێت، ئەوان ئەوەیان زانیبوو کە لەوەتەی ئەو هاتۆتە ئەو ماڵە بەرەکەت بە سەریاندا باریوە، سەعدیە ڕۆڵەکەی دەشاردەوە تاکو نەوەی گەورەی قورەیش کە هەنووکە وەک ڕۆڵەی خۆی بوو، ڕاست وەک ئەو منداڵانەی لە داوێنی خۆی کەوتوونەتە خوارەوە خۆشی دەوێت، بەڵام کاتێکی زانی هەموو عەشیرەت بە ژن و پیاوەوە بەردەرگای چادریان لێ گرتوون. ساتێک بە ترسان و ساتێک بە دڵدانەوە ناچار بە بردنی کۆرپەی ڕزگارکەریان بۆ لای پیاوی پیرۆز کرد.

ئەویان هەڵگرت و بۆ لای پیرەپیاویان برد، ئەویش چاوەکانی تێ بڕی و مووەکانی کرژ بوونەوە و هەنگاوی لاری نا و زۆر بەباشی بەسەری کردەوە، تەواوی ڕۆحی بووبووە نیگا و لەوی دەڕوانی، دەیویست بڕیار بدات و نەیدەویرا و جارێکی تر بۆ سەر سەری منداڵەکە سەری هێنایە پێشەوە و بە دەنگی لەرزیوی خۆیەوە لە کاتێکدا دڵی بەتوندی لێی دەدا دەستی لەسەر سینگی دانا تا داساکنێ، پاشان دڵی وەک دەرگایەک کرایەوە و هۆشی لێیەوە چووە ژوورەوە پاشان بە دەمی کراوە و چاوانی دەرپەڕیوەوە لە کاتێکدا هەموو جەستەی وشک هەڵگەڕابوو، وتی: خۆیەتی!

ئەو ئیتر کێ بوو ئەو هەموو بەرەکەتەی بۆ ئەوان هێنابوو، چاوانی خڕی داخستبوو تا باش ببینێ، ئەزموونی دوورودرێژی پیاوەکە لە بیابان ئاشنای هەندێک نەزانراوی کردبوو کە لە ناو خێڵەکەی تەنها ئەو دەیزانی، بەوانی وت: هەرچی زووە بۆ لای دایکی (بێگومان دەیزانی باوکی نەماوە) بەرنەوە ئەو ترسی لە خراپەی ئاسمان نەبوو، بەڵکو ترسی لە زیانەکانی مرۆڤە بەدەکان بوو کە بە شوێنی ئەم منداڵەدا دەگەڕان تا لەناوی بەرن.

بۆ ڕۆژی دوایی هەر ئەو دەمەی خۆرەتاو کە لەوپەڕی بیابانەوە وەک شێرێک لەژێر پێی وشترەکەی سەعدیەدا بۆ سەرەوە بەرز دەبووەوە، بە دڵی خەمبار و چاو بە ڕۆندک و ئەشکەوە منداڵەکەی بەرەو ماڵی دایکی لە مەککە گەڕاندەوە. لە کاتێکدا هێزی نەبوو بیڵێ، وتی: کوڕەکەت مرۆڤیکی جیاوازە، ترسا بڵێ کەمتەرخەمیان کردووە، ئەو لە وەڵامدا زۆر سەرسام نەبوو، بەڵام کۆرپەکەی گرتە باوەش و ترسا، لەوە نەترسا کە هەنووکە منداڵەکەی زیانی پێ گەیشتووە، بەڵکو لەوە دەترسا کە لە داهاتوودا ئازاریان پێ دەگەیاند، ئەو چاوەکانی بە ئازارەکانی کوڕەکەی پڕ لە فرمێسک بوون و بە سەرکەوتنەکانی و ناوهێنانی ئەبەدی بەسەر زمانانەوە لە خۆشیدا دەگەشایەوە.

باڵ بوون و لە ئاسمان دابەزیبوون و بۆ ئاسمانیش گەڕابوونەوە و لە کاتێکدا منداڵەکە بە شوێنیاندا دەیڕوانی.

دەیەم: مەرگی دایک

(ژنەی شارەزا بە بینینی نەخۆشەکە زانیی کاری تەواوە، بە هاوسەفەرانی وت: مەرگی خۆشەویستێک بەم حاڵەی گەیاندووە!)

ئـامینە لە مـاڵە خەزووڕەی تەواوی ڕۆژی خـۆی بە چـاودێریی کـوڕەکەی بەسەر دەبرد، هێندە باسی باوکیشی بۆ کوڕە کردبوو هەمـوو حاڵوباڵی ئەو لە زەینی جاویدانیی ئەودا نەخشـی بەسـتبوو. چـاوە گەورە ڕەشـەکانی بەغەمەوە تلابوون، ئەڵێن مانگ لە ڕەوتی نێو هاتن و ڕۆشتنی خۆیدا لە بەردەم پەنـجەرەی ماڵەکەیـدا دەوەسـتێت تـا فرمێسـکی غەمـی بێـوەژنێکی هەتیوبـار ببێنێـت، کە لە دووریی عیشقەکەیدا دەیڕێژێ. ماڵی پاک دەکردەوە و بەرگی دەشـۆرد و گسـکی دەدا و لە ڕۆڵە تاقـانەکەی ورد دەبـۆوە، بـاش بـوو هەناسـەی ئـادەمیزادێکی لە نزیک خۆیەوە هەست پێ دەکرد، ئەویش ڕۆڵە شیرینەکەی بوو.

ئەو غەمێکی پەنهـانی لە دڵی خۆیـدا هەڵگرتبـوو، کە بە هـیچ کەسـی نەدەوت، تەنـانەت بە کوڕەکەشـی، بەڵام ئەوی منـداڵ، ئەو خەمەی لە چـاوی سـوور و خوێناویی دایکیـدا دەبینـی. برینەکـانی دەروونـی تـازە دەبـوونەوە، ئـاخر بـۆچی ئەشکەنجەی ئەویان دابوو، هەر بەو گەنجیە عەبدوللایان لەو وەرگرتبوویەوە.

ڕۆژێـک چـووە لای گەورەی عەرەب کە خەزووری بـوو، ئیزنـی ئەوەی لـێ وەرگرت کە دەیەوێت بۆ یەسـریب بڕوات. وێسـتی هۆکـاری سـەفەرەکەی ڕوون بکـاتەوە بـۆ ئەمەش بـوو کە نەیزانـی لە کوێـوە دەسـت پـێ بکـات، بە خەزووری بڵێت دەردی عەشق هەڵی پێچـاوە، هەرگیز لەوێوە دەسـتی پـێ نەکرد کە ئەبـوو لەوێوە دەست پێ بکات.

سـەفەری ئـامینە لەتەک مـوحەمەد ئەوی بـۆ ناسـاندنی خـاڵوانی بـرد و تـا خەمیش لەسەر دڵی خۆی لابەرێت، ئامینە ئیدی پاڵەوانی شـاراوەی ئەم داسـتانە بوو کە ئەگەر ڕۆژانی تر پیاوان کەشوفشی پاڵەوانێتییان کردبێت.

ڕۆژێک خەریکی پینەکردنی جلی دڕاوی کوڕی تاقانەی بوو، ڕۆژێک دەبێت کـوڕم گەورە دەبێت و لە کاتێکدا ئەم کـاری خـۆی دەکـرد و ئەندێشـەی ژیـانی هاوبەشی خۆی و عەبدوللای مێردی دەکرد، تەمەنی خۆشـی هاوبەشـیان چەند مانـگ درێـژەی کێشـا، ئێسـتا شـەش سـاڵە عەبـدوللا لەبـاتی ئەو لە هەوڵـی

دابینکردنی ژیانی ئەو و کوڕی تاقانەیدا لە هەوڵ و سەفەری زستان و هاویندا بێت بۆ خۆی لەو دوورەوە لەباتی ئەم لە باوەشی خاکدا ڕاکشاوە، ئەمی بۆ ئازار و مەینەت بەجێ هەڵاوە تا ئێستا لە ماڵە خەزوورەی بێ ئەو مەعشوقە هێناویەتی و چەند ئازار و دەردەسەریی چەشتووە و شەوانی بە تەنهایی بەسەر بردووە.

ئامینە لە کاتێکدا لەبیری عەبدوللای مێردیدا بوو بە دەستی لێزانانەی خۆی تەقەڵی لە جلی موحەمەدی کوڕی دەدا، بە موحەمەدی وت کە سەردانی باوکت دەکەین. بە ناوهێنانی باوکی جارێکی دی مووچڕک بە گیانیدا هات، وای هاتە بەرچاوان کە ئەوە عەبدوللایە لە کاروان گەڕاوەتەوە و ئەمیش لە کاتێکدا خەرمانەی قژی بەسەر شانیدا بەر داوەتەوە و بۆنی خۆشی لە خۆی داوە و بێ لەچک و پەچە بۆ پێشوازی دەڕوات و باوەشی پیا دەکات و بۆنی عارەقی تیژ و تۆزاویی ڕێگەی دووری دەچێت بە سەردا، ئەو شیعرەیش بۆی دانـاوە لە پێشوازیدا بە بن گوێیدا دەچرپێنێت و دەستی دەگرێت و بۆ سەر بێشکەی کوڕی نوورینیان کە لە غیابی ئەودا لەدایک بووە لە تەک خۆیدا دەیبات.

عەبدوللاش وەک باوکێک کە هێشتا ئەزموونی باوکایەتیی نەکردبێت و کۆرپەی خۆی نەدیتبێت و لە کۆرپەکەی دەڕوانێ کە لەنێو بێشکەدا بۆی دەخەنێتەوە لەبەردەمیدا چۆک دادەدا و دەمی بێدان و ناسکی کۆرپە ماچ دەکات، ئامینەش لە دواوە بەپێوە وەستاوە و تا دوورترین قوواڵایی خۆی غەرقی لەزەت بووە لە خۆشییاندا نازانێت چی بڵێت و سوور بۆتەوە و قۆڵی بە قۆڵی مێردیدا کرد.

لەپڕ تەقەی دەرگا هات و دەرگا دەکاتەوە دەبینێ هەموو کەسوکار لە خۆشیی گەڕانەوەی عەبدوللا بەر دەرگایان پڕ کردووە، لە پێش هەموویانەوە باوەگەورە باوەش بە کوڕە خۆشەویستەکەیدا دەکات، دواتر چوار دایک و نۆ برا و هەشت خوشک، ئەو هەموو مام و پوور و پووزایانە دێن و ئامینە لە بێلەچکیی خۆی شەرم دایدەگرت و بۆ ژوورەوە وەک بە هەواوە مەلە بکات هەڵدێ و لەچک و جل لەبەر دەکات و بۆ لای مێرد و کەسوکاری دەگەڕێتەوە.

ئامینە وەهۆش خۆی دێت، ئێستا کە عەبدوللا شەش ساڵە ڕۆشتووە و نەگەڕاتەوە، ئەوا دەبێت ئەم بۆ لای ئەو بچێت. ئەم بەتەمایە بڕواتە بیابان و مێردەکەی زیندوو بکاتەوە و کوڕەکەی پیشان بدات، پیشانی بدات دەرەنجامی

خۆشەویستیی ئەوان چ کوڕێکی هێناوەتە بەرهەم، دابووی لە گیانی دەبوو بچێتە لای عەبدوللا، موحەمەدی نارەد لای باپیرە و کاتی سەردانی عەبدوللای پێ ڕاگەیاند و باوەگەورەش بە بیستنی ئەم هەواڵە زەینی بۆ دوور ڕۆشت بۆ ئەوسەری بیابان، بۆ ئەو جێیەی کە کوڕەکەی لێ ڕاکشاوە، باپیرە مۆڵەتی سەفەری دا بە مەرجێک ئەمیش لە تەکیاندا بێت و هەرسێکیان ڕێی دووری یەسریب بگرنە بەر. وشتران بەسەر دڕک و لمدا وەدووی یەکدا قاچەکانیان دەگواستەوە و کاروانی زیندووان بۆ لای مردوو کەوتە ڕێ.

خرمەی وەریەککەوتنی قاچی وشتر و لمەکە و کەللەسەرەکانی زیندوو دەکردەوە و دەیتۆقاندن و بەناو چۆڵەوانی و گەرما و با و وشکانیدا ڕۆشتن و ڕۆشتن، ژنە هەر بە ڕاست وەک ئەوەی سیودوو ساڵ دواتری کوڕەکەی لە بەرچاو بێت هەموو خەڵکی بە شوێنیەوەن و ئەو بیابانە تەی دەکات. هەستی کرد زمانە بچووکە بۆی دەرنابڕدرێت، مێردەکەی زیندووە و لای ئەو و کوڕەکەیەتی.

گەشتن و ئامینە و باپیرە بە خاڵوان و خزمان شاد بوون و موحەمەدی تاقانەی عەبدوللا و خۆشەویستی دایە و باپیرە لەم کۆشەوە بۆ ئەو کۆش گوازرایەوە و موحیبەتیان بۆ نواند و ماچباران کرا. دواتر گەلی خزمان شوێنیان کەوتن و بۆ سەر گۆڕی عەبدوللا لە بن سێبەری دارخورما بزوان. کوڕەش باپیرە و دایەی بینی بەسەر گۆڕی شەقاربوو و نیوە مەعبووی باوکیەوە دانیشتن.

ئامینە بەسەر گۆڕی مێردەکەیەوە بەتەواوەتی گریا و دەستی بە هێنانەدەری گوتەی دڵی بۆ مێردەکەی کرد و ئارەزووی دێرینەی خۆی هێنایە دی، موحەمەد و ئوم ئەیمەنیش چەند نزیک بوون بەحاڵ بیستیان و ئەوجا سکووتی کرد و پاشان کەوتەوە وتن: دەمەوێت باش سەیری کوڕەکەی خۆت بکەی، سەیری من بکەی، بەڵام حەیفی ناتوانیت وەڵام بدەیتەوە، نازانم لەوانەیە منیش بۆ لای تۆ بێم. قسەی دڵی خۆی بە مێردەکەی وت، کە ئەوەندە بەهێواشی قسەی خۆی کرد کە باپیرە نەیبیست. بە دەمی پڕ لە تاسە و چاوانی و پڕ لە ئازارەوە لە گڵەکەی ڕوانی کە پووشی شەش ساڵ بە سەریەوە ڕوابوو و سڕابوویەوە.

باپیرەش گۆچانەکەی کە تا ئەوکات خۆی دابوو بەسەریدا خستە لاوە و دەموچاوی بەڕیشسپی بوو و گەردنی ئێسکاوی بەسەر گەردنی کوڕەکەیدا شۆر کردبووە و لە پەنای گۆڕەکەیدا دانیشتبوو.

ڕۆڵە لە بتپەرستی قەومەکەت بێزار بوویمە، ئێستا کە پیر بوویمە و بڕستم لێ بڕاوە، ئەوانیش خراپەکاری و بتپەرستییان تاو داوە کە من هێزی پێم نەماوە ماڵە و ماڵیان بگەڕێم و دڵی بەبەردبوو و خودای بەردینی ئەوان بشکێنم، تۆیشم نەماوە تا پشتی پێ ببەستم، شەراب و گوناە و ڕیبا ڕۆحی کوێر کردوون لە پێش هەموویانەوە براکەت، دەترسم ڕۆڵە دەترسم خواوەند بەر لە ڕواندنی تۆوی نوێ سەرزەویی ئەوان ئەودیواودیو بکات. من دەتوانم زەینی ئەوان ببڕم عەقڵیان تێر بکەم، هەرچی بە نەفعی جەستەیانە بۆیان دابین بکەم، بەڵام ڕۆڵە من قودرەتی چوونە ناو دڵیانم نییە تا ڕۆحیان تیمار بکەم.

چاوانی پیرەپیاو لە گۆڕەکەیان دەڕوانی، لە کاتێکدا ڕۆحی تەژی لە شەکوای دەستی زوڵم و گوناهکاری قەومەکەی بوو، بەڕاستییش ڕۆحی ماندوو بوو، دەموچاوی تۆزاویی سپی هەڵگەڕابوو و لێوەکانی شین شین بووبوونەوە.

ژنە گەنجەکە لە سەری ئەوسەرەوە بۆ سەر گۆڕەکە خوار بووەوە بە گوێی پیاوەکەیدا چرپاند، من لە ماوەی سێ مانگی لەتەکتدا بە ژیانی هەمیشەیی بە تۆ قەرزارم، تۆ تۆوێکی جاویدانیت لە منداا ڕواندووە ئێستا تۆوەکە ڕواوە و لەمن جوێ بۆتەوە ڕەنگە ئیدی پێویستی بە منیش نەبێت، عیشقەکەم، من هاتووم سوپاست بکەم، سوپاس هاتووم بیرت دەکەم! کاتێک لەو ئەرزە نزیک دەبوویەوە کە مێردەکەی لە ژێریدا ڕاکشابوو لەرزێک دایدەگرت و لەتەک باپیرە لە یەک کاتدا، بەڵام بە تەنها دەگریان.

ژن و باوک بەسەر گۆڕی مێرد و کوڕی جوانەمەرگدا زۆر گریان، منداڵەکەش هەم بۆ مردووی گۆڕەکە و هەمیش بۆ گریانی دایک و باپیرە لە چاوانی فرمێسک بەربووەوە و پیاوانی پیر و ژنانی بەتەمەنی خزمانیش، پیرەپیاو و ژنەی گەنجیان لەسەر گۆڕەکە هەڵبڕی و لەژێر سێبەری دارخومای سەر گۆڕەکە هاتنە دەرێ، کوڕە بەو ناوا دەسووڕاوە، هێشتا ئەزموونی ئەوەی نەبوو کە قاچەکانی بە ئەزموونی ژیاندا ڕۆچوونە خوارەوە، بۆیە ئاسان دەیگواستنەوە.

باپیرەی بەجێماو هێشتا لەسەر گلکۆی کوڕەکەی هەڵکوڕمابوو، هەستی دەکرد کوڕەکەی دەستی لە گۆرەکەی هێناوەتە دەرێ، نە لەبەر ئەوەی ئەمیش لەتەک خۆی بەرێت، بەڵکو تا دەست بە داوێنیانەوە بگرێت و کە ئاگایان لە کوڕەکەی بێت، عەبدوللا تازە خوێنی بووبوویە ڕۆح و چووبوویە جەستەی کوڕەکەی و ئەو نەیدەهێشت جارێکی دی بمرێت.

پیرەپیاو جارێک دەوەستا و دەستی دەخستە سەر ناوچاوی و بۆ دوور دەیڕوانی و لایەکی بە لای کاروانی بووک و کوڕەزاکەیدا دەکردەوە، جارێک سەری بۆ ئاسمانی شین بەو لاسەرەوە هەڵدەبڕی و سوپاسی ئەوی دەکرد کە کوڕەکەی لە کوڕەزاکەیدا زیندوو کردۆتەوە، ئەگەر بمێنێت ئەوا ئەوەی ئەو بۆی دەکرد ئەم ئەنجامی دەدات، بەڵکو کوڕەزا واوەتریش دەیبات.

زۆر زگی بە بووکە گەنجەکەی سووتا، ژنێکی جحێڵی خۆشینەدیو، مەستییەکی هۆنەزانراو ئەوی لە خۆی سەندبوویەوە، چاوەکانی بۆ دوور دەفڕین، هەم غەمبار و هەمیش شاد بوو، شادی سەلامەتی کوڕەکەی کە لەبان وشترەکە لەتەک ئەودا بە ڕێتم و ڕەوتی ئاژەڵەکە دەبزوان، خەمی دووری مێردەکەیشی چنگی لە سینگی گیر کردبوو.

باپیرە خۆی جەموجۆر کرد و لەبان کۆپارەی وشتر هاتە خوارەوە، کە ئاژەڵەکە هەنک هەنک خۆی کوتابوو بە زەویدا و کوڕەکەی بینی لەوێ لەناو خاکدا ڕاکشابوو، یاخود وردتر هەنووکە ئەو بووبوویەوە بە خاک، ڕۆحی بەتوندی تەکانی دا و لەشی پەککەوتەی بەگرانی خستە جوولە کە ئاسان بە دەستیەوە نەدەهات و خۆی گەیاندە گۆرەکە. لە دوای ئەویش بووک و کوڕەزا هاتن لە دوای ئەوانیش خاڵۆ و خاڵۆزایانی (بەنی عەبدولدار) کە ئەو لەتەک باوباپیرانی ئەوان عەیامێک منداڵی خۆی هەر لەم شوێنە بەسەر بردبوو، گۆڕی مردوویەک چەند ساڵ بەرتر لێرە نێژرابوو، بەڵام بۆ ئەو هێشتا تازە تازە بوو.

پیاوەی بەسالاچوو و ژنەی غەمبار لەناو خزمانیان چەند ڕۆژ مانەوە، منداڵەش بە ناسینی خزمەکانی یەسریبی کە ئەوێ ڕۆژێ نەیدەزانی دواتر و زۆر دواتر دەبنە پشتوپەنای، بە سەیرکردنی قەڵا و باخاتی خورما و مێو و مەزرای سەرداپۆشراو، بە گوڵەگەنمی دواتر بە نان کراو و ئەستێرگی پڕ لە ئاو کە لێوەی فێری مەلە بوو، چاوانی ڕەش و گەورەی و بە یاری لەتەک منداڵانی هاوتەمەنی ڕوخساری کرایەوە.

ئەو منداڵە بەو خێراییە فێری مەلەکردن بوو کە ئەوی پەروەردە بووی بیابان هەر وەک بفڕێت مەلەی دەکرد، وەک مرۆڤێک دڵنیا نەبێت کە لە سەرزەمین و لە ناو ئاوایە وەک ماسی بێ و بڕوا یاخود وەک باڵندە لە ئاسمان باڵ بگرێتەوە.

ئامینە دڵی لە دووریی مێردەکەی بە تەواوەتی گوشرابوو، هەنووکە چاوەکانی لە تارمایی هەموو پیاوێک خاڵی بوون، تەنها سێبەری نەبووی عەبدوللا نەبێت، ئیدی پەلەی بوو زوو بگاتەوە پێی.

حەزی دەکرد یەسریب بەجێ بهێڵێت و کوڕەکەشی لە باوەشی خۆیدا بێت، ئێستا ئەو ژنە نووورانییە، نووری خۆی لە ناوچاوی کوڕی دەبینی، ئەو نەیدەهێشت کوڕە لێی وەدوورکەوێ، لە بۆنی کوڕەکەی بۆنی جیهانێکی دیکەی دەکرد کە لێوانلێو لە لەزەت بوو. هیچکام لە خەفەت و ناخۆشیەکانی نەمابوون، پەلەی بوو هەموو ئەوەی لە دڵیدا بوو بە کوڕەکەی بڵێت.

وردە لمەکانیش لەژێر سمی نەرم و پانی وشتردا کەوتبوونە هاوار هاوار کە لە لای ڕاستەوە سەیرت بکردبا، ئەو چاوی غەمبار و غەمگین کە لە لای ڕاستەوەش سەیرت بکردایە ئەو بە کوڕەکەی دڵخۆش و شاد بوو، بەم دواییانە بە خەم و خەفەت جەستە گەورەی بچووک بووبوویەوە، دوو چڵ ئێسقانی مابوو، بەڵام دڵی وەک دڵی هەموو دایکانی دونیا گەورە و مەزن بوو، چ باکی نەبوو تازە خوێنی ئەو و مێردەکەی بووبوویە ڕۆح و چووبوویە جەستەی کوڕەکەیەوە و ئەو نەیدەهێشت جارێکی دی هیچ کامیان بمرن.

ئەوان لەگەڵ ئەوەدا لە سەفەردا بوون، باسی سەفەری دیکەی بۆ کوڕەکەی کرد هەستی دەکرد، بە ژوور ئەو ژیانەی لەتەک مێردەکەی و کوڕەکەی و باپیری کوڕەکەی کردی سەفەرێکی دیکەی هەیە.

خۆرەتاو نزیکەی بەسەر سەریانەوە وەستابوو، کوڕەکە لە دایکی دەڕوانی و ئەشک لە چاوانی دایکیدا ئەڵقەی بەست بوو، لەناوچاوی زەردی ئەودا نوور دەگەشایەوە، ئەو باش ئەوەی دەزانی دایکی بیابانێک لە خاک بوو، ئەو ژنێکی غەمبار و تەنها بوو کە هەر لە تەمەنی لاویی خۆیدا مێردەکەی لە دەست دابوو.

دایکە بە کوڕەی وت: لە یەک کاتدا کچانی چەند بنەماڵەی ناوداری مەککە بەتەما بوون کاروانی زەماوەندی عەبدوللا لە ماڵی ئەوان هەوار بخات، بەڵام ئەو ماڵی ناوداری وەهەبی هەڵبژارد بوو، ئەویش وەک هەموو ژنانی تر حەزی

دەکرد بچێتە سەر کانی و قوماشی جوان بکڕێت و هەستی بە غەمباری و تەنیاییش دەکرد.

هەر وەک ژنانی تر ئەویش مرۆڤ بوو، وتی: لە پاش مەرگی باوکی مالّی باپیری ڕێزیان لێ نا و قسەی موحببەتئامێزیان لەتەک ئەودا کرد، بەڵام ژوورەکەی زۆر بێدەنگ و ئارام بوو. کوڕەکەم! بێدەنگی ژنان ڕازی ناکات، ژنان وەک منداڵان پێویستیان بە وشەی ئەڤینئامێز هەیە. ژن دەیەوێت گوێی لە دەنگی تەقەی پێڵاوی مێردەکەی بێت کە هەر لە حەوشەوە دەنگیان بێت.

قسەکانی ژنەی سوارەی وشتر لە هەوا گوم بوو، بەڵام کوڕەکەی گوێی لێی بوو: تۆ لەدایک بووبت و گەورەش بووبت، بەڵام هێشتا تەنانەت تۆش هاوڕێی تەنهاییەکانی من بەتەواوەتی لە غەمی من تێناگەی، ئاخر تۆ تەنها نیت وەک من، مرۆڤ تا تەنها نەبێت نازانێت تەنهایی چییە؟ ئەوجا ڕەنگی دەموچاوی گۆڕابوو، کاتێک وتی: ڕۆڵە من تۆم بۆ ئەوە نەبووە کە ئازار بچێژیت و چەند سوبحەگاهێ لەم بیابانەدا بژی، پاشان وەک بابت بۆ سکوونەت بگەڕێیتەوە، ئەوجا سەری کوڕەکەی بەسینگیەوە نووساند و وەک نەوازشی بکات وتی: کە هەست بە بوونت دەکەم دەچمە ناو هێوریيەکی قوولّەوە.

باپیرە و هەموو مامە و خاڵەکانت تۆیان خۆش دەوێت، ئەوان نازانن لە چاوی دایکێکەوە سەیری تۆ بکەن، هەموو پیاوانی قورەیش تەنانەت باپیرەشت ناتوانن لە بێدەنگیی دایکێکی بێمێرد تێبگەن.

ئازا بە ڕۆڵە گیان، وەک باوکت وەک باپیرت، بەرگەی سەربڕینی خۆیان گرت ئاخر کاتێک لەو سەربڕینە پەشیمان بوونەوە بۆ ئەوان هیچ جیاوازی نەبوو، چونکە ئەوان ئازاری ئەو بڕیارەیان چەشتبوو، دەزانی باوکت دوای بڕیاری سەربڕین گەڕایەوە، ئاخر مرۆڤ بیابان نییە و تەنانەت باش نییە مرۆڤ ئازار بچێژێت، منیان هێنا بۆ ئەوەی باوکت هەست بەتەنیایی نەکات، کەچی ئەو هەنووکە تەنیا و منیش لێرە تەنیام، ویستی بڵێت: (بۆ ئەوەی هەردووکمان لە تەنهایی ڕزگارمان بێت دەبێت بۆ لای ئەو بگەڕێمەوە) بەڵام نەیوت، هەرچەند موحەمەد لەو نەوتراوەی دایکی تێدەگەیشت.

دەمەوێت لە ناسکیی دایک و حیکمەتی پیری باپیرەت بەهرە بەری. دایکە لێوی بە سەری کوڕەکەیەوە نابوو کاتێک دەیوت: هەرچەند تەنیام، بەڵام هەزار جار سوپاسی خودا کە بەهرەی دایکایەتیی بەش دام، سوپاس بۆ خوا کە پیاو

بووی تا وەک من نەبیت کە کەس هەست بە ئازارەکانت ناکات و لە تەنیاییت ناپرسێت.

من بینیم بە لەدایکبوونی تۆ چ مۆجیزەیەک ڕووی دا، بیستم لە هەمان کاتدا لە شوێنی دییش گەلێک شتی تر ڕووی داوە. ئەوانە هیچیان گرنگ نین تەنانەت ئەگەر ئەوانەش هیچیان نەبان تۆ هەر گرنگ و مەزن دەبووی، هەرگیز بە لامەوە گرنگ نییە بە لەدایکبوونت چی ڕووی دا، تۆ خۆت بۆ من گەورەترین موعجیزە بووی، ئەوە ڕاست نییە ڕۆڵە تۆ، نە خودا و نە فریشتەیت، تۆ مرۆڤی وەک هەموو مرۆڤەکانی دی، گۆشت و ئێسقانی، من باش دەزانم ئازارت هەیە!

تۆ کوڕی خودا نیت، تۆ کوڕی ژنێکی کە گۆشتی وشکەوەبووی ناو بیابانی دەخوارد، ڕۆڵە پێیان بڵێ: هەژاری لە شکۆی مرۆڤ کەم ناکاتەوە، پێویست ناکات لێت بترسن تۆ بە سۆز و بەزەیی گۆش کراوی. پیاوان هەرگیز وەک ژنان نین، سیماکانی داهاتوو لە منداڵەکاندا بدۆزنەوە، هەموو ژنەکانیش وەک دایکان ناتوانن سرووشتە نەدیتراوەکانی باوکیان لە منداڵەکانیاندا کەشف بکەن، ڕۆڵە تۆ بە تەواوەتی لە باوکت دەکەیت، هەمان نووری ئەویش لە ناوچاوتدایە، بگرە بەهێزتریش!

تۆ کێی یاخود دەبیتە کێ؟ من نازانم، بەڵام دەزانم تۆ جیاوازی، تۆ هەرچەند مەزن بیت، بەڵام گەورەیی تۆ بۆ من لە بچووکیتدایە کە دەتخەمە باوەشم چۆڕاوی بوونم کە پێی دوەوتریت شیر چۆڕاندە هەناوت، ئای کە بەچێژە کۆرپەکەم کە هەست دەکەم من تەنیا نیم بەڵکو دوانین، من و تۆ و بەڵکو یەکین.

ئەو گەورەییەکانی ئەوی نەبینی، بەڵام بۆ ئەوی دایک باش بوو، چونکە ئازارەکانی ئەویشی نەبینی.

ئیدی من لە خۆشیی منداڵبوونی دیکە بێبەش دەبم، بەڵام چ باک؟ خۆم بۆ بەخێوکردنی تۆ تەرخان دەکەم، ئیدی پێی قورسی مێردێک لە ماڵەکەمدا نابزوێت، بەڵام چ باک؟ چونکە تۆم دەبی و لەباتی منیش ژنەکەی تۆ نەوەم بۆ بخاتەوە ڕەنگە ئەو دەمە تۆ گەورەی قورەیش بیت شوێنی باپیرەت بگریتەوە!

ئومێدەوارم ئەو عادەتانە تێک بدەی کە وەک بیابان قەت جێمان ناهێڵن، وەک باوە ئیبراهیم بتەکان تێک بشکێنە، ئەمانە چ خوداگەلێکن کە ناتوانن ڕێگەی ڕزگاربوون بە مرۆڤەکان پێشان بدەن، نازانم بۆچی لەوە ناترسم لەناو ئەم زیندان و تاریکییەدا تۆم بۆ دونیا هێناوە، هەر نا لەوە نەترسام بە دەردی باوکت بچیت. هەرچەند دەیزانی کە نامێنێت، بەڵام لەبەر دڵی کوڕەکەی بە پێکەنینەوە وتی: تۆ گەورە بوویت و من بچووک بوومەتەوە، دەستم دەگری لە کۆڵم دەگری هەتا بمبەی، ئاخر ڕۆڵە کە پیر بووم پێویستم بە تۆیە. هەڵسوکەوت نە ژنە و نە پیاو، نە گەورەیە و نە کۆیلە، هەڵسوکەوت و ڕەوشتت جوان بکە وەک بابت وەک دایکت، لە ترسی مەترسی ژیان قەد نەبیتە دێو، هەمیشە مرۆڤ بە.

دایە بۆ کوڕەی ڕوانی، زانی کە لەوە دەگات ئەویش وەک منداڵانی تر حەزی دەکرد باوکی هەبا و بگەڕایاتەوە ماڵەوە و دڵی دایکی خۆش بکردبا. دەیویست هەموو قسەی دڵی خۆی بۆ ئەو بکات، ئێستا ئەو لەوێ دانیشتبوو و وا دیاربوو باش لە دایکی دەگات.

دایە وتی: لە مرۆڤانی دوور لە خودا خۆت بەدوور بگرە! ئاخر هەمووی بە غەفڵەتدا چوون تەنها کەمینەیەکی کەم بە سەرڕاستی مابوون.

وشتر دەڕۆشت و نەغمەی دەنگی دایکی بە ڕەوتی وشترەکە دەبزوا، کاتێک لەو ئەرزە دوور دەکەوتەوە کە مێردی لە ژێریدا ڕاکشابوو لەرز دایدەگرت.

لە حاڵی مەرگدا ئەویان بینی کە فەزای نەبینراو پڕ نۆتەی نەبیستراو بوو، هاتن و ئەویان لەگەڵ خۆیان برد و ئەوانیان بەتەنها جێ هێڵا، ئەوە ئەو نەبوو ئەوە تەنها جەستەی بەجێماوی ئەو بوو لەوێ کەوتبوو. خۆرەتاو بە هەڵهاتن بۆ سەر و بازوو و گەردن و لووڵاقی جوانیان پێشوازیی لێ کردن، سێبەری وشترانی بزواو کاروانی چەندنەفەریی لەسەر لمی بیابان دەبزواند.

کوڕەکە هەستی بە شلبوونی دایکی کرد، لای کردەوە دایکە ئارەقەی زەرد و شینی دەکردەوە و چاوانی گەورە دەبن و گچکە دەبنەوە، ڕەنگی زەردی سپی بۆتەوە، هەستی دەکرد خەریکە بە لادا دەکەوێت، گوێی لە وڕەورێک بوو لە ژێر لێوەوە لە دەنگی ژنە دەهاتە دەرەوە، منداڵەکە هاواری لە باپیرەی کرد:

– دایکم

باپیرە لای کردەوە و ولاخەکەی وەرسووڕاند، هاتە ئاستی بووکەکەی بە ئەزموونی چەند ساڵەیدا زانیی ئەو ڕەنگەی ئەو ڕەنگی مردووانە و فریشتەی مەرگ هاتۆتە سەروەختی.

بە قولەی ڕێنموونیکاری وت، بەرەو ئەو مێرگە ببزوێت و بووکەکەی بە پشتی حوشترەوە شەتەک بدا تا نەکەوێت. گەیشتنە بن دارخورماکان خەڵکی ئەوێیان لێ کۆ بوونەوە، زانییان ژنی نەخۆشیان لەگەڵە، خێرا ژنی دەرمانساز و نزاخوێنیان بۆ بانگ کرد، ژنەی شارەزا بە بینینی نەخۆشەکە زانی کاری تەواوە بە هاوسەفەرانی وت: مەرگی خۆشەویستێک بەم حاڵەی گەیاندووە! بۆ ساتێک چاوی هەڵبڕی و کوڕەی بانگ کردە لای خۆی. منداڵەکەش بەحەپەسانەوە بەگرانی بەرەو پێش چوو، هەرچەند تەمەنی ئەوەی نەبوو کە قاچەکانی بە ئەزموونی ژیاندا ڕۆ چووبنە خوارەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئاسان نەیدەگواستنەوە.

وەک کەسێک لە سەفەرێکی نەگەڕاوە بێت، وتی: ڕۆڵە بە خودات دەسپێرم، پاشان بە پیرەپیاوی وت: ئەمانەتی کوڕەکەم بە تۆی گەورەی عەرەب دەسپێرم، ئینجا بە کەنیزەکی بەوەفای خۆی وت: تاهەتایە تۆ دایکی موحەمەد بە.

ئەوجا چاوەکانی داخست و سەری نایەوە دوا هەناسەی دا و گیانی بە خولقێنەرەکەی سپاردەوە، لە حاڵی مەرگدا ئەویان بینی کە فەزای نەبینراو پڕ وتەی نەبیستراو بوو، چەند نەبینراویش فڕەی باڵیان هات و ئەمان نەیانزانی چەند نەفەرن، هاتن و ئەویان لەگەڵ خۆیاندا برد و ئەوانیان بەتەنها جێ هێڵا، ئەوە ئەو نەبوو، ئەوە تەنها جەستەی بەجێماوی ئەو بوو. بە دڵی پۆشراو لە زامی دێرین ڕۆشتەوە بارەگای خودا و باوەشێنی دایک مردنیش بەسەر گەورەی مرۆڤایەتیدا دەیگڤاند.

لەژێر سێبەری دارخورماکەدا هاتنە دەرێ، دایکی بینی گیانی دا، مەرگ لە بەرچاوی بەرجەستە بووبوو، ئەویش مەرگی کێ؟ مەرگی دایکی کە لەوێ ڕاکشابوو و جارێکی دیکە هەڵنەدەستایەوە، نازانم لەوانەیە زۆر بانگی لێ

کردبێت، بەڵام وەڵامی نەدابێتەوە، دەستی کردبێتە ملی، بەڵام ئەو باوەشی بۆ نەکردبێتەوە.

من نازانم لەوانەیە باوەگەورەی باوەشی پێدا کردبێت لەسەر جەستەی مردووی دایکی هەڵیبڕی بێت، نازام لەوانەیە لەتەک ئوم ئەیمەنی کەنیزەک باوەشیان بەیەکدا کردبێت و فرمێسکبارانی کەسایەتیی یەکدیان کردبێت و ئەو لەو چرکەساتەوە بووبێتە دایکی هەمیشەیی وی، من نازانم پێش ئەو چرکەساتەی مەرگ ئامینە چی بە کۆرپەکەی وتبێت، بەڵام دەزانم ئەوە مەرگە، برینێکی تەڕ بوو لە هەناوی موحەمەد، بۆیە تا دوای سیانزە ساڵ لە کۆچیش هەر سوێی دەخستە دڵیەوە و دوای ئەو هەموو کاتە کە دەچووە سەر گۆڕەکەی هێشتا هەر وەک تازە مردبێت فرمێسکی لەسەر خاکی وشک و شەقاربووی گۆڕەکەی، لمی وشکی سەر گلکۆی دایکی هەر وەک گلکۆی تازە تەڕ دەکرد.

پیرەپیاو لەوە نەدەگەیشت خودای ئەو بۆ هێندە دەڕوات، پێش چەند ساڵ کوڕە خۆش دەویست و سەد وشتر لە خوێندا دراوەکەی و ئێستاش بووکەکەی، ئاخۆ بۆ وایان لێ دەکات؟ ئەوی پیرەپیاو و ئەو توفڵە مەعسوومە چیان کردووە؟ ئەم لە کوڕی لاو و بووکی گەنجی و ئەویش لە نازی دایک و باوکی مەحروومی دەکات.

خەڵکی دێ سەیری ئەو کاروانە بچووکەیان دەکرد کە پیرەپیاوێک بە ڕیشی وشکەوە و ژنێک و منداڵێک و کەنیزەکێک کە هەمان جلی گەورەکەی لەبەر بوو قولەیەکی ڕەشتاڵەش بە سواری گوێدرێژێکەوە بە شادییەوە بەیانی بە بەردەمیاندا تێپەڕین و هەنووکە کە یەکیان کەمی کردبوو و بە بەردەمیاندا جاڕێکی دی بەغەمبارییەوە، کە تەنانەت بە ولاخەکانیشەوە دیار بوو، دەگەڕانەوە.

یانزەیەم: مەرگی باپیر

(عەبدولموتەلیب بە دەنگێک کە لە دونیای مردووانەوە دەهات، وتی: لە کوڕەکەم گەڕێن، چونکە ئەو پێگە و مەنزیلەتێکی گەورەی دەبێت.)

هەر لە منداڵییەوە و لەو ڕۆژەوە کە لە ماڵی خاڵوانی مامی خستییە پاشکۆی خۆی و لە یەسریب گێڕایەوە، هەر ئەو کاتەی ناویان (عەبدولموتەلیب) نا، ئاخر خەڵک نەیدەزانی ئەوە برازایەتی، کوڕی شەیبەی برای و کوڕی گەورەی قورەیشە تا ئەو کاتەی بووە گەورەی قورەیش و هەموو حیکمەت و عەقڵی خۆی بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئەوان خستە گەڕ، هەتا ئەمڕۆ بە هەناسەی بێئەژماری خۆیەوە لە هەوڵی چارەسەری گرفتەکانی ئەوان و هێنانەوەیاندایە بۆ سەر ئایینی ڕاستەقینە و لە ئاگردا سووتاوی باپیرەیان ئیبراهیم، بەڵام ئەوان هەمیشە تەنها لەو شتەدا کە حەزی خۆیان بوو وەڵامیان دەدایەوە و لەوەدا کە پەیوەندیی بە ڕۆحیانەوە بوو دژایەتییان دەکرد. هەمیشە زگی بە کۆنەپۆشان دەسووتا کە هەموو ڕۆژێک دەیدین و حەسرەتی بۆ دەکێشان کەچی هیچی وای پێ نەدەکرا بۆیان.

لەم کۆتاییەدا کە دەستی ڕاستی لەسەر شانی کوڕەزاکەی موحەمەد و دەستی چەپیشی بە قاچی سێیەمی واتە گاڵۆکەکەیەوە بوو چووە بەردەم مزگەوت و بە لێو و چەناگەی لەرزیوەوە داوای لە قەومەکەی کرد کە لە دەوری کۆ ببنەوە.

خۆین هێرشی کردە سەر مێشکی و لاجانگی وەک دەهۆڵ لێی دەدا، هەمووانی وەک مێروولە و ڕەوەگا لێ کۆ بوونەوە، ئینجا وتی: ئەی خێڵەکەم، من دەمرم نەچووە بچێت وەرنەوە سەر دینی باپیرتان، هەر ئەوەی خۆی و کوڕەکەی ئەو ماڵەیان بۆ ئێوە ساز داوە، واز لە پەرستنی بەرد و دار بهێنن، ستەم لە خەڵک و خودا مەکەن، بەڵام ئەوان هیچ شەرمیان بەوە نەهات کە ئەم گەورەیان بێت، وەک دەیان جاری دی وەڵامیان دایەوە.

وتیان: تۆ گەورەی ئێمەی لەباتی ئەوەی ئاشتی بۆ ئێمە بهێنی، ئاژاوە لە نێوانمان دەنێیتەوە، دەبێت تۆ پارێزگاری نەریتی باوباپیران و پاراستنی پێگەی قورەیش بیت لەناو عەرەبدا، کەچی خەریکی دەسەڵاتمان لەناو دەبەی!

وەڵامی دانەوە: مەگەر نەریت و شار و حەج نەریتی باوەگەورە ئیبراهیم و ئیسماعیلی سەربڕاو نییە، مەگەر ئەوان بەیتیان تەنها بۆ بەرژەوەندیی ئێوە ساز داوە، یاخود باوک و کوڕ مااڵیان بۆ هەموو تەوافکاران و کڕنووش بەران و سوژدەکاران پاک نەدەکردەوە. ئەوان کاتێک عەبدولموتەلیب ئاوای دەوت، سەری خۆیان بە هەردوو دەستیان دەگرت نەبا هەڵبێت، ئەوە ئەو چی دەوت، ئاوا بڕوات هەموو الدەلووت و کۆنەپۆشان و برسییان دەکاتە برابەشیان.

ئێوە شەرمتان لە خۆتان نایە هەزاران داهێنانتان هێناوەتە ناو ئایینی باپیرە سەرەتاییەکانتانەوە.

تفیان دەکرد و قژی خۆیان ڕادەکێشا، جلیان لەبەر خۆیان دەدڕاند و هاوار هاواریان بوو، بەسی کە عەبدولموتەلیب، ئەگەر واز نەهێنی خۆمان دەکوژین، لێمان گەڕێ با بەر نەفرەتی بتەکان نەکەوین، ئێمە لە کەس قەبووڵ ناکەین! ئەگەر لەبەر پێگەکەت نەبووایە لەناوماندا، ئەوا دەمانکوشتی و خوێنەکەتمان لە نێوان هەموو تیرەکان دابەش دەکرد، هەر هیچ نا خۆت و ڕۆڵە و نەوەکانت دەرمان دەکردن!

ئەویش دەیگوت: ئێوە شەرم لە خۆتان ناکەن، ئاوا ڕەفتار لەتەک گەورەی خۆتان دەکەن. ئیتر فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە و دەڕۆشت من هیچ کات لە هیچ پەرستنێکی ئێوە بەشداری ناکەم، تەنانەت حەجیش، من نایەمە مزگەوت و تەواف تا ئێوەی ڕووتوقووت ئەویتان بەجێ نەهێشتبێت و ئیدی کۆمەڵیک لە پیاوانی دیکەش لەگەڵ عەبدولموتەلیب ئەوێیان بەجێ هێشت و وتیان: ئێمە باوەڕمان بە خوداگەلی درۆزنانەی ئێوە نییە، ئەوانیش وەک ئەو دێوانە دەژیان هەنووکە بە ئیمانهێنان ئەو دێوانە بۆ فریشتە وەرچەرخابوون، ئەوانە کتێبخوێنان و خەڵوەتنیشینانی وەک وەرەقەی کوڕی نەوفەل و عوسمانی کوڕی خەتاب بوون.

پیرە بیری دەکردەوە هەر لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ تەواوی هەوڵی ئەو ئەوە بووە ئەوان بهێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست، لەو پێناوەدا سااڵن و مانگان بە دوای ئەواندا ڕای کردبوو بۆیان تەوزیحی دابوو، گۆشت بە بەدەنەوە نەمابوو، تەنها پێستێکی چرچوڵۆچ و پڕ لە تووکی سپی ڕواوەوە.

بە باسکردنی ڕازی جیهانی پاش مردن لە غەفڵەت وەئاگای دەهێنان، بەڵام ئەو دەستیان بە دەمیەوە دەگرت یاخود پەنجەیان لە گوێیان دەئاخنی نەبادا بە

باسی ئەو دونیایە شێت و دێوانە بن، دەیانوت ئەگەر بەر لەو نەگرین کارمان خراپ دەبێت. چی بۆ قەومەکەی نەکرد، لە پێناو دونیای ئەوان چ ئازارێکی نەچەشت، چەند بێئەمەک بوون و ئێستا بیری لەو ڕۆژگارە دەکردەوە دڵی وەک منداڵێکی ساوا گریانی دەهات.

گریانی بۆ ئەوانی نەزانیش دەهات ئاخر ئەوان نەیاندەزانی، بۆ خۆشبەختیی زەمین و ئاسمان پێکەوەبوون و لێک دانەدەپچڕان، چاککردنی پەیوەندیی ئاسمان چاککردنی زەوی و خراپکردنیشی خراپکردنی بوو.

خەریک بوو لەشی پیری ئەو لە برسێت دەکەوت. ئەو باوەڕی بە عەقڵی مرۆڤ بوو، بەڵام دەیزانی دەبوو عەقڵیش تێپەڕێنێت. ئەویش وەک بیابانییەک کە لەو دوورەدا دەژی چاوەکانی قوواڵییان تێدا زابوو. تا ئێستا زۆر لە ئاسمانی ڕوانیبوو، هەنووکە دەبوو ڕوانینی ڕابگرێت، تا ئەوانی دیکەش ببینێت.

دڵی پر لە عەزاب بوو، تاکەی؟ ڕێگەی ڕزگاری هیچ دیار نەبوو. ئەگەر توانای هەبووایە دەستی بە وێرانکردنی دونیا دەکرد تا ڕێ خۆش بکات ڕزگارکەری جیهان بهاتایە، هاواری کرد: ئەی خودایە کەنگی ڕزگاربوونی بەندەکانت کاتی دێت؟ کە لە هەر چوار لای زەویەوە هەڵیان دەدڕن و تیکەتیکەیان دەکەن، موسیبەتەکان بە دەستی کراوەوە لە ئاسمان و زەویدا بەسەر مرۆڤدا دەبارێن.

ئەگەر ئێستا گەنج دەبووە لە بنەوە دەستی پێ دەکردەوە بانگی یەکتاپەرستی هەڵدەدا. ئاخ بۆ گەنجی! ئومێدی بە عەبدوللا بوو، بەڵام خودا تەنانەت بۆ کاری خۆشی ئەوی لێ سەندەوە! ئێستا کاری وا بە کێ بسپێرێت؟ بە کوڕە ڕیباخۆرەکانی یاخود بە ئەبوتالیب کە کوڕێکی خراپ نەبوو. ئەبوتالیب پەنایەکی باش بوو، بەڵام پیاوی ئەم مەیدانە نەبوو. باپیرە بانگی کوڕەی کرد و وتی: بڕۆ مامەکانت بانگ بکە تا بەر لە ڕۆشتن شتێکیان لەتەکدا بڵێم، منداڵەکە وتی: باوە گەورە، بەر لە ڕۆشتن! پیرەپیاو ماوەیەک بێدەنگ ما تا گوێی لە دەنگی بای بیابان بێت.

کوڕەکان هاتن بە دەموچاوی تێکڕژاوەوە بەدەوری باوکیاندا بڵاو بوونەوە، ئەو بۆ گێڕانەوەی ڕێگای خودا ئەوانی کۆ نەکردبوویەوە، ئاخر ئەوە بە هیچکام لەوان ئەنجام نەدەدرا. هیچکام لەوان ئەو دەستە نەبوون مااڵی ڕووخاوی خودایان پێ تازە بکاتەوە، ئەو مەشخەڵە نەبوون کە مەککەی نەفسپەرست

بسووتێنێ و لەسەر خۆڵەمێشەکەی شاری خودا ڕۆ بنێتەوە! مەلی ڕۆحی لەناو ئەو قوڕ و لم و بیابانەدا هەڵی نەدەکرد، پێویستی بە فڕین بوو. هەوڵی دا توانای خۆی لەبەرامبەر مەرگدا پێشان بدا. لەو دەمەدا هەر نۆ کوڕەکە وەک تارمایی لە بەرامبەریدا بەبێدەنگی وەستان، باوەگەورە سێیری دوور دووری دەکرد، چاوەکانی لە شوێنێکی دیکە بوون، منداڵە بەهێواشی بە گوێی باوەگەورەیدا چرپاند: باوەگەورە وا هاتوون!

باوەگەورە گەڕایەوە، لە گەورەترینیانەوە کە ئەبوتالیب بوو تا وردتریان کە حەمزە بوو، ئەو دەمە منداڵێ زیاتر نەبوو، لەوێ ئامادە بوون، بۆی سەخت بوو وتەکانی بێنێتە سەر زمان، هەموو ڕۆڵەکانی خۆی خستە ژێر نیگای خۆی، زەینی ئەوان لە کوانووی خامۆش دەچوو، دەبوو هەڵیانسێنێت تا بچنە ناو نماییش و ببینن. بە زمانی شکاو و لێوی وشکەوە وتی: مانەوەی ئەم دونیایە بە لەزەت و ئەوین و پارە و ڕیبا نییە، مانەوەی ئەم دونیایە بە سەبر و زەحمەت و ئازارچەشتن لە پێناو مانەوەدایە، ژیان بۆ ئەوە نەبووە کە نەوەی ئادەم کەفەڵیان لەیەکدی بسوون و درێژ و پانیی ڕانیان ختووکە بدەن، تەواوی وجوودی هەزاران ماچ و هاوار بۆ وجوودی ڕزگارکەر پێویست بوو.

دواهەمین وشەکانم بە ئێوە دەڵێم: لەوانەیە ئەمە دواجار بێت دەنگی من لەم دونیایە ببیستن. گوێی لە دەنگی زەوی بوو کە شەقی دەبرد و ئاسمان لوول دەبوو، شاخەکان دەبوونە تەپوتۆز و مەککە و شارەکانی دیکە وێران دەبوون، ئاژەڵانی کێوی سەریان لێ تێک چووبوو، لەباتی ئەوەی لە دەست یەکدی هەڵبێن بەرەو یەکدی هەڵدەهاتن، مرۆڤەکان بە لای ماڵ و منداڵ و کەسوکار و خێڵ و عەشرەتەوە تێپەڕ دەبوون و نەیاندەناسین، هەمووی نەفسی نەفسیان بوو.

لێرە لە بیابانی مەککەش هێشتا دەنگی گڤەی بای سەمووم دەهات، کە دەر و دیواری دەکوتایەوە و تەواوی ئاژەڵانی ئاسمان و زەوی بەرەو بەرز و کون و جێگە شاراوەکان هەڵهاتبوون و سەریان بردبوویەوە ناو ملی خۆیان و لە ترساندا چاویان داخستبوو. عەبدولموتەلیب دەیزانی ئەوە مانای هەڵسانی قیامەتی ئەو و مەرگی بوو، خەریک بوو هەموو شت تەواو دەبوو و سەرقاپی هەموو شت دەنرایەوە.

لەپڕ هەناسەی لەبەر بڕاو و ئەوان وایان زانی تەواو بووە، بۆیە لێی چوونە پێشەوە. پاشان کەوتەوە هەناسەدان و خەریک بوو دوو پێکەوەنووسێنراو

لەیەک جوودا دەبوونەوە و هەرکامیان دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، جەستە بۆ خاک و ڕۆح بۆ لای خودا! لەپڕ باپیرە هەڵسا، گۆپاڵی بە دەستەوە گرت و خۆی بەسەردا دا، گوێ پڕ لە مووەکانی تیژ کرد، گوێی لە دەنگی بای بیابان بوو، زەوی دەدرەوشایەوە و بە سوپاسەوە سەیری ئاسمانی دەکرد، خۆرەتاو لە کاری ڕۆشتندا بوو بۆ ناوەڕاستی ئاسمان!

بای لماوی کە گەرمیی دادەباران و ڕێسمانی گەورەی گەردەلوول وەک لاولاو بە خۆرەوە دەپێچا و پەسا پەسا ئاسمانی ڕەش و زەوی قاوەیی پێکەوە گرێ دەدا، هەڵی کرد، جەستەیەک دەرکەوت و لەناو لمدا ون بوو، هەستت دەکرد ئەو جەستە ونبووە ئەو بانگ دەکات کە لەتەک خۆیدا ببیات. زەینی لەوە دوورتر چووبوو کە ئەوانی تر بیریان لێ دەکردەوە.

باپیرە کە هەردوو چینگی بە دەستی دووان لە کوڕەکانی دا و هەوڵی دا و هەڵسایەوە و لە شوێنە هەمیشەییەکەی خۆی دانیشت و موحەمەدیش بۆ لای ئەو بەڕێ کەوت، کوڕانی بە تەمەن پێیان ناخۆش بوو کە لە تەک باوکیانەوە و لە سەروو ئەوانەوە دانیشێت، دەستیان گرت و ویستیان نەهێڵن بڕوات. عەبدولموتەلیب بە دەنگێک کە لە دونیای مردووانەوە دەهات وتی: لە کوڕەکەم گەڕێن، چونکە ئەو پێگە و مەنزیلەتێکی گەورەی دەبێت! ئەوجا ویستی ئەوەی ئەوانی بۆ بانگ کردبوو پێیان بڵێت. ئەوان هەموویان لە چاوەڕوانیدا بوون تا بزانن باوکیان چی دەڵێت.

پیرەپیاو بە حاڵی کەسێکەوە کە لە نزیکە مەرگدا بێت بە دوو چاوی کراوەوە لە کوڕەکانی دەڕوانی، دەموچاوی ڕەنگپەڕیو و ڕیشی درێژ و سپی، کە دەموچاوی ئێسکاوی و ملی تا سینگی ڕووتی دادەپۆشی لێوانی شینی بزواند و وتی کە کوڕەکەم موحەمەد دیاریی خودا و تەنها ئاساری عەبدوللایە، ئاگاتان لێی بێت! هەموویان وتیان: خودا سێبەری تۆ بە سەرمانەوە بهێڵێت.

دوایی هەندێک بە تەماحی بەدەستهێنانی دڵی بابە و هەندێکیش لە خۆشەویستیدا وتیان: کەسمان خاوەنماڵ نین لە بەرامبەر برازاکەماندا، بێتە ماڵی هەرکاممان لە منداڵەکانی خۆمان زیاترە.

عەبدولموتەلیب کوڕەکانی باش دەناسی، بەڵکو هەموو بەشەری باش دەناسی، ئاخر تەمەنی دوورودرێژی ئەو کارگەی مرۆڤناسی بوو، ئەو قاڵبانەی

دەردەکرد کە پڕ بە دەروونی نەدیتراوی ئەوان بوو، ویست و هەوای نەدیتراوی ئەوانی نمایان دەکرد.

ڕووی کردە ئەبوتالیب، کە لەوێ قوڵاخ بوو و خۆی لە بەرامبەر نیگای ئامادە بۆ ڕۆشتنی باوکیدا بینییەوە وتی: ڕۆڵە تۆ لە هەموویان کەمدەستتری، منداڵ و کولفەتیشت لەمان زیاترە، بووکەکەشم ژنەکەت (فاتیمە) لە هەموو بووکەکانم ماندووترە، بەڵام تۆ لە هەموان بە شایستەتر دەبینم برازاکەتت بدەمە دەست، ئەمە مانای وا نییە متمانەم بە براکانت نییە، بەڵام نازانم بۆ حەز دەکەم کوڕەکەم بەو جۆرە ژیانەی وەک تۆ ڕابێت، تۆ و ژنەکەت لە هەموو منداڵە دەوڵەمەندەکانم بەبەزەییترن!

ئەبوتالیب بە دەنگێکی نزم سوپاسگوزار بوو، کە گومان دەکرا باوکی گوێی لێ بووبێت، گوزارشتی لە پێخۆشبوونی کرد لەو متمانەیەی باوکی بەوی کردبوو ڕوخساری داگیرسا و خەندەیەک لەسەر لێوەکانی پشکوت.

ئێستا کاتی بوو جێپێکانی خۆی لەو ڕێیە بسڕێتەوە کە لە ڕابردوودا قوڕەیش پێیدا دەڕۆشت کە گەورەکانی دەوڵەمەندترینەکانی بوون، بۆ تەگبیری قەومە دەبوو ڕێگەیەکی دیکە بدۆزێتەوە، دوو دەستی گەورەی لە ئاستی سینگی وەک دوو پەلی داخورما ڕاگرتبوو، هەر یەکێکیان بۆ سەر جێگەکەی شۆڕ بوونەوە، داوای یارمەتی لە کوڕەکانی کرد کە یارمەتیی بدەن تا ڕابکشێت.

کاتێک بە پشتدا لەسەر جێگە ئارامی گرت، بە لای ڕاست و چەپیدا سەری وەر سووڕاند: دوای ئەوەش لەمەودوا (ئەبوتالیب) ئەگەرچی هەژارترینتانە برا گەورەتانە، زانی هەندێکیان کە زۆر دەوڵەمەند بوون پێیان ناخۆش بوو. باوەگەورەش ئەوەی دەزانی، بەڵام کەسیان نەیدەتوانی قسە لە قسەی ئەودا بکات، و پاشان ئەبوتالیب کەسایەتییەکی هێندە بەهێز بوو، قەرەبووی نەداریەکەی دەکردەوە. دەشیزانی ئەگەر وەرچەرخانی گەورە لە ناو عەرەبدا نەکات، ئەوا پشتیوانی ئەو وەرچەرخانە دەبێت کە ڕووادانی بەڕێوە بوو.

هەنووکە ئەو هەموو شتێکی دەست کەوتبوو، نەیدەویست لەوە زیاتر بڕوات، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: لەوە زیاتر نەڕۆیت، ئەگینا دەکەویتە ناو تەڵەکەوە باش و خراپەی کوڕەکانی پێشان بدات، ئەو دڵی بە یەقین گەیشتبوو، عەقڵیش لەم کارەدا هاوڕایی کردبوو.

شوێنکەوتن بۆ خۆڕزگارکردن لە هێزی ناوخۆی مرۆڤەوە دێت و نەوەک لە هەبووەکانی کە لە دەرەوەی مرۆڤ بوونیان هەیە، هەندێک لە کوڕەکانی هەرچەند زۆر دەوڵەمەند بوون، بەڵام نەیاندەتوانی جێی پیاوەتی و مەردایەتیی ئەو بگرنەوە، بەڵکو لەوانە بوو دەبوونە مایەی ئازاری ڕزگارکەری مرۆڤ، پاشان لە کوڕەزاکەی ڕوانی ئەوەی چاوەڕوانی گەورەبوونی ئەو بێت، ئەوی هاتە بەرچاو منداڵێک حەز ناکات لەتەک منداڵانی تر تەنها یاری بکات، یاخود هەرزەکارێک لەتەک هاوڕێکانیدا پیاسە بکات.

ئەو موحەمەدی دەبینی وەک دارخورما ڕەگی لە زەوی گیر دەکرد و سەری بۆ حەوا بەرز دەکردەوە و دەبووە عەبدوللایەکی دی. دەستی منداڵە شەش ساڵەکەی خستە سەر دڵی و چاوانی پڕ لە فرمێسک بوون. ناوی لەسەر بیابان نووسرابوو و با هات و ناوەکەی سڕییەوە، بەڵام نا... نەدەسڕایەوە، چونکە کوڕەزاکەی هەتا هەتایە ناوی ئەو و ویردی و چاکەویستییەکانی ئەوی لەتەک هەی خۆیدا بۆ هەمیشە دەهێشتەوە. کوڕەکەی ئەبوتالیب چووە سەر بێدەنگییەکەی باوکی و دەستی لەسەر دڵی دانا و سەری بۆ لای براکانی لار کردەوە و وتی: تەواو بووە، پاشان جەستە بێگیانەکەی داپۆشی.

ئەبوتالیب لە براکانی ڕوانی کە هەر کەسە و سەری خۆیان بەسەر جەنازەی بێگیانی باوکیانەوە نابوو، هەمووانی خستبوویە ژێر نیگای خۆی. ئەبولەهەبی بینی لێوی بە دەموچاوە ساردەکەی مردوەوەکەوە نابوو، دواتر چاوی لەسەر برازاکەی گیرسایەوە لەلای سەری باپیرە بە پێوە وەستاو بوو، چاوەکانی کەیلی فرمێسک بوون و ئارام و بێجوولە وەستاوە و ڕوخساری بە نوورێک دەمێک زەرد و دەمێک سپی دەدرەوشایەوە.

لەناو ژوورەکەدا دونیای بێدەنگی مەرگ بوو، لە دەرەوەش لە مەککە و دەوروبەر دونیا شڵەژابوو، بیابانی ڕاکشاو هەڵسابوویەوە و سوارەکان بە وشتر و ئەسپەکانیان غاریان دەدا و دەهاتن و دەچوون، ژنە شینگێڕەکان بە دەفژەنین و وەلوەلەوتنەوە کۆبوونەوە و لەخۆدان و شین دەستی پێ کردبوو، ئاخر گەورەی عەرەب مردبوو، ئەو خەڵکە خوویان بە مەرگ و کارەساتەوە گرتبوو، بەڵام ئەوە حەفتا ساڵیش بوو گەورەی عەرەب نەمردبوو. حاڵی موحەمەدی ڕزگارکەریش دەیوت: وەی دایە و باپیرە! زۆر بە تەنیایی منتان جێ هێڵا، وەی باوکە! بێ ئەوەی بتبینم خۆت لە منداڵ شاردۆتەوە.

دوانزەیەم: مامە و ئامۆژن

(ڕۆحم بە قوربانی بێت، ئاخۆ چ ئازارێکی چەشتبێ، ئەو دەمەی کە بۆ یەکەم جار هەواری ژیانی بۆ مااڵی مامەکەی گواستەوە)

باپیرەی و دایکی شوێن بە شوێن یەکدا چوون بۆ ئاسمان و نەیانزانی ئەویان بۆ چ زەحمەتێک لە پاش خۆیان بەجێ هێاڵ. ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا لەو زەحمەتانەی دەیچنیەوە زۆر لەوە کەمتر بوو کە مرۆڤێکی مەزنی وەک ئەوی بۆ بڕەتێنرێت، بەاڵم ئەو ڕەنجبەخەسار نەبوو، هیچکام لە زەحمەتەکانی نەفەوتان و دواتر لە زەمەنێکی تردا ئەو دەمەی بووە پێغەمبەر ئەم کارانەی چرۆیان کرد و بەری چنینەوە. هەموو مێژوو دەربارەی ئەو بابەتانە بێدەنگە، وەک بێدەنگی بیابان. کاتێک ئێمەش دەمانەوێت باسی بکەین وەک ئەوەی بچین بۆ ناو ئەو سکووتە کە بێدەنگییەکە هیچی لێ نازانین و لە هەمووشی تێدەگەین.

بە هەرحاڵ چاک و خراپی مرۆڤەکان و جێکەوتیان لەسەر ژیانی موحەمەد هەر بە باسکردنیان نە لەم کتێبە و نە لە هیچ کتێبێکی دیکەی ژیاننامەی پێغەمبەردا دەر ناکەوێت، لەوانەیە زۆر هەبن ئەویان زۆر خۆش ویستبێت و هەر ناویشیان نەهاتبێت و زۆریش هەبن زۆر بە سیلبی ڕۆڵیان لە ژیانی ئەو منداڵە بێگوناهەدا هەبووبێت و کەسیش لە کوولەکەی تەڕدا ناوی نەهێنابن، لەوانەشە هەبن ناویان هاتبێ و زۆر لەوەش زیاتر لایەقی باسکردن بن، بەاڵم مێژووی گێڕاوەی ئەو قۆناغە و قەاڵمەکانی دواتر نەیانتوانیبێت لەوە زیاتر لێیان بدوێن کە وەک بریسکەیەکی خێرا بە باسکردنی چەند ڕووداوێک کە ئەوان ڕۆڵیان هەبووە لە ژیانی پێغەمبەردا زیاتریان لەسەر نەنووسی بن.

لە کاتێکدا لە دونیای مەعسووم و نەبینراوی ئەودا زۆر زۆرتر ژیابن، هەر وەک دایکی، من دڵنیام دایکی زۆر لەوە زیاتر ڕۆڵی هەبووە کە کتێبەکان باسیان لێوە کردووە، پەتێکی نەپچڕاو لە نێوان ئامینەی دایکی و ژیانی "موحەمەد"دا بوونی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی موحەمەد کە تەمەنی هەڵدەچێت، چل ساڵی تێدەپەڕێنێت کە دەوترێت تەمەنی کاملی مرۆڤە و تەنانەت دوای ئەوەش دەبێتە پێغەمبەر، کە کاملترە لە هەرکاملییەکی مرۆییە.

دوای ئەوەش هەر لەو کـــــاری پێغەمبەرایـــــەتیەیـــــدا کە لە کەم کەس هەڵدەســـووڕێت و دوای بینینـــی چەنـــد ئـــازار و دەردیســـەری و برســـێتی و مەرگەسـات و کوشـت و کوشـتار و کـۆچ و لەشـاردەرکردن، زۆر لە تەمەنێکـی دواتریـدا دەچێتە سـەر گـۆڕەکەی دایکـی و هەر بە حەسـرەتی منداڵییەوە کە لەو سـەرزەوییە دووڕەدا دەمرێت، دەگـری... گریانێـک هەر وەک گریـانی منـدالّی کە لەگەڵ ئوم ئەیمەن ئەو کەنیزەی کە لەگەڵیاندا بـۆ یەسـریب هـاتبوو، جـارێکی دی لەسـەر ئەو گـۆڕە دەگریـەت، گریانێـک مـرۆڤ ئەو خەیاڵەی بـۆ دروسـت دەبێت کە مرۆڤ هەرچەند گەورە بێت هەرگیز منداڵیی خـۆی بەجـێ ناهێڵێت و بـا ئەو مرۆڤەش پێغەمبەر و موحەمەدیش بێت.

هەر ئەمەش ســـەبارەت بە باپیرەشـــی عەبـــدولموتەلیب ڕاســـتە، ئەو پیـــاوە بـاڵابەرزە ڕیشسـپییەی کە کەس لە مەککەدا قسـەی لە قسـەیدا نەدەکرد و دوای دوو سـاڵ لە پـاش مەرگـی دایکـی ئەویـش مـرد و کتێبەکـانیش لەوە زیاتریـان نەنووسـیوە کە ئەو پیرەپیـاوە ئەم منـدالّەی زۆر خـۆش ویسـتووە، بە مەرگـی ئەویش بۆ جاری سێیەم هەتیو کەوت، یەکەمیان بـە مـەرگی بـاوکی کـە بـە چـاوی خـۆی نەبینـی، دووەمیـان کە تەنهـا شـەش سـاڵی تەمەن بـوو لەگەڵ دایکیـدا بـە تەختـایی بیابانـدا بـۆ یەسـریب ڕۆشـت و بـێ ئەو گەڕایەوە. سـێیەم جـاریش ئەم، ئیدی کەس نازانێت لە نێوان ئەم منداڵە شەش ساڵە و باپیرەیدا چـی گـوزەراوە و چ حیکمەتێک لەوەوە فێر بـووە، گەیشـتن بەوەش لە سـەرووی توانـای تەفسـیر و لێکدانەوە و ئەزموونی کەسـێکی بێبـاوک گەورەبـووی وەک منیشـە دەیبـا ئێمەش لێی بگەڕێین.

دوای ئەو دوو مەرگە توانای پشتبەخۆبەستن و ژیری و ئەخلاقی ئەو منداڵە بە شـێوەیەکی سەرسـامکەر دەرکەوت. تـا ئەو ڕۆژەش بـووە پێغەمـبەر خـودا دەستی لەو بەر نەدا و بەخت یـاوەری بـوو، بێجگە لە مردووانێکی وەک بـاپیر و دایـک و بـاوکی نەدیتـراوی. زینـدووانێکی وەک مـام و مـامۆژن و هـاوڕێ و خزمانێکی باش و خراپیش هاودەمی بـوون و لەمـان باشـە، لەوانیشـەوە فێر بـوو کە چۆن لە خراپە دوور بکەوێتەوە و بیانخاتە تاریکییەوە.

ئەو بە غەریبی و تەنهاییەکی سەیر تافی منداڵی و مێردمنداڵیی خۆی بڕی، بـێ ئەوەی وەسوەسەی گوناهێک کەوتبێتە ڕۆحیەوە، بۆ ئەو هەموو شتێک مانـایەکی دیکەی هەبـوو، لە سـەرەتاوە بـابەتەکە پێغەمبەرایەتـی نەبـوو، بەڵکـو ئیحسـاس و

هەستی تایبەتیی ئەو بوو، هەمیشە وا بووە، نەتەنها لە "موحەمەد"دا، بەڵکو لە پێغەمبەرانی دیکەشدا سەرەتا شتی دیکە بوونیان هەبوو، کە ئەوانە دەرگای پێغەمبەرایەتیی ئەوان بوون، مایەی قوڵبوونەوەی پێغەمبەرییەکە و مایەی متمانەی ئەوانی دیکە بوو، هیچ شتێک بە قەت بێ متمانەیی دژی پێغەمبەرایەتی نییە، کاتێک خەڵکی متمانەیان هەیە ئەوسا ئەو هەموو ئازارەی پێغەمبەران دەدەن شاربەدەریان دەکەن.

ئەگەر پێغەمبەرایەتی سەفەرێک بێت، ئەوا هەموو پێغەمبەران ئەو سەفەرە بە تەنهایی دەکەن، نابێت کەس هاوکاریان بێت، ئەمەش بۆ کاتی ئامادەکاریی پێغەمبەرایەتییش بە هەمان شێوەیە، بۆیە موحەمەدیش تەنها بوو و هەموو کەسە نزیکەکانی مردن، سەرەتا باوکی کە بە دوو چاوی سەر نەیبینی و دایکی بەو جوانەمەرگییە، مەرگێکی بیابانی و تەنها لەو دوورەوە لە نیشتمان مرد.

ڕۆحم بە قوربانی بێت، ئاخۆ چ ئازارێکی چەشتبێ، ئەو دەمەی کە بۆ یەکەم جار هەواری ژیانی بۆ مااڵی مامەکەی گواستەوە؟ هەرچەند مامە و مامۆژن وەک دایک و باوکی بوون، زۆر درەنگتر خۆشی دەیگوت. کاتێک فاتیمەی ژنی مامە ئەبوتالیبی مرد، چووە گۆڕەکەیەوە و تێیدا ڕاکشا، وتیان: یا "رسول الله" بۆ کەس وات نەکردووە، فەرمووی: ئەو دایکم بوو، منی تێر دەکرد، کاتێک منداڵەکانی خۆی برسییان بوو و منی خاوێن دەکردەوە ئەو دەمەی منداڵەکانی خۆی تۆزاوی بوون.

ئاخۆ چۆن لە سەرەتاوە وەک جەستەیەکی نامۆ لەناو خێزانەکەیان بۆیان ڕوانیبێت، پاشتر دەرگای دونیای خۆشەویستیی خۆیان بۆ کردبێتەوە و سفرەی ڕۆحیان بۆ ڕاخستبێت، یاساکانی ڕۆح وەک یاساکانی ئەم دونیایە نین، خودا بیەوێت خۆشەویستی هەر کەسێک بخاتە ڕۆحی هەر کەسێکی دیکەوە، ئەوا خۆشی نازانێت چۆن ئەو کەسە خۆی گەیاندۆتە ناو ڕۆحی ئەو، ئەمەش سەبارەت بە ئەو ژن و پیاوە و موحەمەدی بێباوکیش وا بوو، کە خۆیان نەیانزانی چۆن هێندە خۆشیان ویست، ئەو موحیبەت و خۆشەویستییەی ئەو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر بەناو ڕۆحیاندا دەچووە خوارەوە و قوواڵ و قووڵتر دەبوویەوە.

تەنانەت کە مامەکەی باوەڕیشی پێ نەهێنا و کەچی ئەویش لە خزمەتکردنی ئەواندا هیچ قسوورێکی نەکرد، ئەو هەموو زەمەنە لە دەرەوە بوو، شاگردیی

دوکانەکانی دەکرد بۆ هاوکاریی مامەی و ئەو هەموو ڕۆژ و مانگەش شوانیی مەڕانی کرد، ئەو کارەی هەموو پێغەمبەران ئەجامیان دا و ئەو هەموو کاتە بەبەر خۆرەوە مایەوە. وای خودایە لەو هەموو ئازارەی ئەو کوڕە بینی، ئەو زەحمەتە هاتە ڕێگەی ئەو هەموو زەجرەی دەیکێشا کە تەنها بۆ پێگەیاندنی ئەو بوو، هەرگیز بە ڕووی خۆیدا نەدەهێنا و ئاساری غوربەت و تەنهایی خۆی پێشان نەدەدا، زووتر لە هەمووان بەیانیان هەڵدەستا و زووتر لە مامەیشی دەچووە بازاڕ و درەنگتر لە هەمووانیش بە دەستی پڕەوە دەگەڕایەوە.

ئەوان دەیاندی هەمیشە فرسەتی تەنهایی و بێدەنگیی دەهێنا و گۆشەیەکی بۆ خۆی دەدۆزیەوە، هەر وەک لەتەک فریشتاندا بدوێت، سیمایان دەدی هەر وەک غونچە دەکرایەوە و دەبووە گوڵ، بۆ ئەو ڕۆژانی پڕ زەحمەت و شەوانی شەوانێکی بەپیت بوون و ئەو شەوانەی کانیاوی ڕۆحی دەکەوتە قوڵەقوڵ و داری ئیمانی ئاو دەدا، ئەوان دەیاندی لە ئەستێرە و تریفەی مانگ ڕادەما کە لە مانگ بە نوورتر بوو، خەرمانەی نوور دەوری دەدا و ئەو لەتەک خۆیدا غەمگین دیار بوو لەتەک ئەوانی دیکەدا گەشبینانە مامەڵەی دەکرد.

مامە و مامۆژن حەسرەتی گەنجی و منداڵیی خۆیان بۆ دەگەڕایەوە کە لەو منداڵەیان دەڕوانی و دەیانگوت: خودایە! ئەمە چ فریشتەیەکە ئەم ماڵەی ئێمەی پڕ لە عیشق کردووە، خواوەندا ئەوە چییە ئەوی پڕ لە ژیان و پڕ لە بێدەنگییش کردبوو؟ باری ئیلاهی ئەو وەک هیچکام لە منداڵەکان دیکەی شار نەبوو متمانە و ئومێدیکی مەزن لەو جیهانەی پڕ لە خراپە و شەڕەدا وەک نووڕێک ناوچاوی ئەوەی دەبریسکاندەوە.

من نامەویت بڵێم نە باپیری نە باوکیشی پێغەمبەر بوون، یاخود لە سەروو سروشتی مرۆڤەوە بوون، بەڵام لەوە دڵنیام مامە و مامۆژن و هەموو ئەوانەش تێکەڵییان لەگەڵی هەبوو خووی ئەو دووانەی پێشوویان لەم منداڵە وردەدا دەبینییەوە. هەموو ڕۆژێک لە گۆڕاندا بوو، ئەو لەم ماڵە هەژارانەدا ئێواران عاقڵ و بەسەبر و ئارام، بەیانیانیش هەڵدەستا لە ئێوارە عاقڵتر و ئارامتر دەبوو و ڕێی بازاڕ و نانپەیداکردنی دەگرتە بەر.

سیانزەیەم: لە بیابان

(لە دەرەوە لەتەک ئاژەڵان و لە ناوەوەش لە تەک هاوڕێی نەدیتراودا دەژیا)

بە ئەنجامدانی ئازار و ئەرکەکانی، دەورەی بچووکیی هەر لە خۆوە تەواو بوو، موحەمەد ئیستا بووە پیاوێک و مووی نەرم لەسەر دەموچاوی ڕوان، دەچووە سارا و لەگەڵ با و خۆر و مانگ و ئەستێران و ئاژەڵاندا بووە هاوڕێ، با کە بە قژەکانی یاریی دەکرد و خۆشی بە دارەکەی دەستی، لەگەڵ فڕینی باڵندەکان سەری هەڵدەبڕی و فڕندەکان هەرچی زیاتر دەڕۆشتن ئەو خۆشحاڵتر دەبوو.

ئەم بەیانییە موحەمەد لەسەر شاخی نوور جارێکی دی لە شاری مەککەی ڕوانی، کە خۆر پێش ئەوەی خۆی دەرکەوێت ڕۆشنایی بەسەر خانووە لێکدوورەکان و کۆڵانە پانەکانیدا بڵاو کردبووەوە کە بە لمی وردی بیابان داپۆشرابوون، هێشتا جووڵەی نەسیمی سەبا هەندێک لەو وردە لمانەی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و جارێکی دی بەری دەدانەوە.

نیگای پێگەیشتووانەی ئەو کە لە چاوە گەورەکانی دەر دەچوو و لە چاوەکانی زۆر فراوانتر هەموو شاری لەخۆ گرت، شاری پیرۆز زۆر نامیهرەبانانە لە چاوەکانیەوە دڵی پر لە کەموکوڕی و تەنگبوون و لە دڵیشیەوە جەستەی پڕ لە داهێزران کرد. شاری پیرۆز پاکانەی ئایینییانەی بۆ ستەمەکانیان دەکرد بۆ تێرکردن حەزەکانیان دەکرایەوە.

نە دەنگی خودای ڕاستەقینە و نە دەنگی خودا درۆزنەکانی خۆشیان نەدەبیست، یەکەمیان لەبەر ئەوەی گوێیان بۆ ڕانەدێرا و دووەمیش لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی هیچ بڵێن. بیری لە دروستبوونی مەککە کردەوە، هەر وەک ئەوەی باوک و کوڕ ئەم شارە ڕووتەڵەیان لەسەر دەست گرتبێت و لە بەردەم خوادا دایان نابێت و وتبێتیان ئەوە ئێمە کاری خۆمان کرد، ئێتر نۆرەی تۆیە لەم بیابانە بەرینە دەیدەینە دەستی تۆ، هەم لە دەستی وەحشیانی دووپێ لە ئەماندا بیپارێزە و هەمیش لە نێو ئەم کۆمەڵە تاشەبەردە ڕەقوتەقەدا ڕزقی بۆ ببارێنە.

خوداش بە میهرەبانیی خۆی نزای پیرەپیاو و کوڕەی لاوی سەربڕاوی هێنایە دی، نە ئەوەندەی پێی کرا، بەڵکو هێندەی ئەوان پێویستیان بێت و بیانکات بە

گەورەی عەرەب و مەککەش پیرۆزترین شوێن و هەم ئەمان و هەمیش ڕزقی بۆ داباراندن.

خەڵکی لە سەرەتاوە باشیان کرد، هەر بۆ خۆیان نەژیان، فەرمانی باپیرە گەورە و کوڕەکەیان جێبەجێ دەکرد، تا ئەو کاتەی دەوران ئەوانی گۆڕی، ڕاستییەکەی ئەوان بۆ خۆیان ئەو گەرەدەلوولەیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵکردبوو، بیابانی کپ و ئارامیی ئیمانی خۆیان هەڵتەکاندبوو، ئەوانیش هەر لە جێی خۆیان بێ ئەوەی ببزوێن دەستیان بە کۆچ کرد لە سەرزەویی مەککەی ئارام و ئیمانەوە کە هەر وەک شیر و هەنگوین شیرین بوون بۆ شاری مەککەی کوفر و ئاگر کۆچیان کرد، گەورەکانی شار بۆ ئەم کۆچە پێش هەژار و داماو و کەنیزەک و کۆیلەکان کەوتن.

بە لای مالّی خودا و نەریت و ئایینی باوەگەورە و کوڕەیدا تێپەڕین و وتیان: مالّئاوا ئەی ئیبراهیم و ئیسماعیل، ئیدی ئێمە نامانەوێت لە ناو شاری مەککەی ئێوەدا بژین، بەڵکو دەمانەوێت بۆ شاری مەککەی خۆمان کۆچ بکەین، ئەگەر بۆ مرۆڤ زۆر گران بێ لەو شار و خاک و ئاوەی هۆگری بووە جوودا بێتەوە، ئەوا ئەوان هەر بە حەز و شادییەوە ئەو مەککەیان بۆ ئەم مەککە بەجێ هێڵا.

وەک بڵێیت هیچ جێکەوتێکی ئیمانیان لەو شارە نەهێشتبێت، ئەوجا خەڵکەکە هەڵسانەوە و دەستیان کردە ملی یەکتر و هەر وەک لە هێشتنی چاکەدا سەرکەوتبن و دڵی یەکتریان دایەوە، خراپەکارییان لە مەککەی نوێدا دەست پێ کرد، گەورەترین بەردیان لە جێی خودا دەپەرست.

هەموو ئەمەیان لە ناوەوەی خۆیاندا ئەنجام دابوو، کە دوایی لە دڵیانەوە بۆ دەرەوە و ناو شار سەری کردبوو، ئەوەی لە هەناوی ئەوانەوە دەرچوو، بووبووە بت و لە هەموو کووچە و کۆڵانێک و لە مالّی خودادا دانرابوو. بووبووە ئالای خراپەکاری بەسەر مالّی ژنانی فاحیشەکاردا هەڵدرابوو، بووبوو بە کونەی پڕ لە مەی و هەموو مالّانی پڕ کردبوو، بە هەر کۆڵانێکی مەککەدا تێپەڕیتایە بۆنی مەی مەستی دەکردی. بووبووە کەلەی قولەی ڕەش و کەنیزەکی چاوبەڵەک کە ژمارەیان لە مەککە لە خەڵکە ئەسڵیەکە زیاتر بوون و گەورەکان بۆ مانەوە و تێرکردنی حەزی خۆیان بەکاریان دەهێنان.

دەبووە بازاڕی سووخۆری و قۆرخکاری کە سەرەنجام دەبوویە سەرمایەی قورەیش و هەرچیان حەز لێبا پێی بە دەستیان دەهێنا، لەوانیشەوە بۆ نەزرگەی

بتەکان سەررێژ دەبوو، کە بتەکانی وەک هوبەل و لات و عوزا لە هەموو کەس سەرمایەدارتر بوون. ق و کینەیان لە منداڵەکانیاندا هەر وەک دارخورما دەڕواند، ئەویش لە سەرزەویی وشکوبرینگی مەککەدا کە هیچ داریّک تێدا نەدەڕوا تەنها ڕقی تێدا دەڕوا و ڕق و ئازاری تێدا دەڕوا، درکی ڕق و ئازاری تێدا دەڕوا، ئەگەر ڕق جەستەی هەبووایە ئەوا هیچ کۆڵانێکی مەککە بواری بزوانی تێدا نەبوو کە پێیدا تێپەڕی، چونکە هەرهەمووی درکوداڵ بوو.

شاری پیرۆز بۆنی گۆشت و سەرگین و قشپڵی لێوە دەهات، خەڵکی زۆریان دەخوارد و زۆریان دەخواردەوە و ڕۆحیان سەنگین دەبوو، ئیدی خۆشخوویی خەڵک بەرز دەبوویەوە، ئیدی شۆخیی بێتام و خەندەی بێهودە دەستی پێ دەکرد، پیاوانی شار بیشەرمانە بەرەو سۆزانگەکان دەڕۆشتن لەتەک ژنانی خراپەکار لەودیو پەردەکانەوە جووت دەبوون.

ژنان و پیاوان لەوپەڕی سەرزەویی عەرەبەوە دەهاتن تا پیرۆزترین پیرۆزی بپەرستن، بەڵام ئەگەرچی ئەوێ شاری خودا بوو، بەڵام پیرۆزیی خودا ڕووی تێ نەدەکرد و فریشتەکانی بۆ نەدەنارد. ئەوان لەناو خۆیاندا سەفەری هاوینەی خۆیان بەرەو دۆزەخ دەست پێ کردبوو، وردەلمەکان لەژێر سمی نەرم و پانی وشترەکانیاندا کەوتبووە هاوار هاوار.

شارێک بەتەواوەتی لە خۆی سەفەری کردبوو، شارێک هەموو چاکەکانی ناو خۆی سڕیبوویەوە، خراپە و وەحشەتەکانی ناوەوەشی زیندوو ڕاگرتبوو، ئەوان بیانوویان باوباپیرانیان بوو، ئەگینا ئەوان باوباپیری بە ئارەزووی خۆیان دروستکردبوو ئیدی نە ڕووگەی ئەوان ڕووگەی باوباپیریان و نە خوداکانی ئەوانیش خواکەی باپیرە گەورەکانیان ئیبراهیم و ئیسماعیل بوو، لەباتی خوای ڕاستەقینە و تاقانەی ئیبراهیم، خواگەلی درۆزنە هەموو ماڵ و کووچە و شوێنە گشتییەکانی شارەکەیانی تەنیبوو.

تەنانەت ماڵی خوداش هەر کە دەچوویتە ژوورەوە چاوت بە ناوچاوە بەردینەکە و دەستە بەردینە بڕاوەکەی هوبەل ئاشنا دەبوو، ئەو بەرد بوو، بەردێک نەیدەتوانی هیچ شتێک بڵێت، هەموو وتەکانی ئەو چەند وشەیەک بوون، چەند وشەیەک لەناو تووڕەکەیەکدا کە زێوانەکەی دەستی پێدا دەکرد و هەرچی بە دەستەوە بهاتایە ئەوە وتەی هوبەل بوو، ئەو خۆی لە دەست دابوو، مەککە خۆی لەبیر کردبوو، ئەو بووبوویە دێوێکی تەواو.

وای لە شـاری مەکـکە چـی بەسـەر هـاتبوو، کە هەنـووکە بەم بەرزایـیەوە سەیری دەکرد، کە لەو کاتەوە ئەم شارە لە حەقیقەت سەفەری کردووە عەیامێک تێپەڕیوە، بەڵام بە لای هەندێک لە دانیشتووانی شـارەوە، هێشـتا هەوای ئەو یـارە کـۆنە بە حەواوەیە بەو هەوایە دەژیـن، وەک ئەوەی هەمـوو دانیشـتووانی ئەو شارە بۆ ئەم مەملەکەتە هـاتبن، تەنها ئەوان بـن لەوێ بە سەرسـامی و ترسـەوە لەوێ مابنەوە.

ئەوانەی لەسـەر ئـایینی باوباپیریـان بـوون، ئەوانە لەم شـارە تـازە پـڕ لە گوناهەدا بەتەواوی غەریب بـوون، لەوانەش باپیری و باوکی و وەرەقەی کـۆڕی نەوفەل کە شـوێنێکیان نەبـوو بـۆی بـڕۆن، ئیدی ئەوانیش ڕۆژان و سـاڵان بەنـاو خۆیانـدا دەڕۆشـتن و دەڕۆشـتن تـا لەو خەڵـکە دوور بـکەونەوە، لە دەرەوەی خۆشـیان بەناچـاری لەتەک خەڵکیدا دەمـانەوە یـاخود کەناریـان دەگرت و بەرەو ماڵی یەکەمی مرۆڤ، واتە ئەشکەوت لە چاوەڕوانی پەیامی تازە دادەنیشـتن، ئەوا ئەوانیش یەک بەیەک دەمردن و پەیامی تازە هەر دیار نەبوو.

ئەم لە دەرەوەی شـار گـوێی لە لووڕەلـووری ئـاژەڵە وەحشـیەکانی بیابـان دەگرت، کە لە دوورەوە دەهات و ئەو نەدەترسا، لە هەموو شت ورد دەبوویەوە، لە مێروولانـی ورد کە گەنمیـان بە دەمەوە دەگـرت و لەو بیابـانە بـۆ لانکەکـانی خۆیـان دەگواسـتەوە و سـوپاسـی خودایـان دەکـرد کە ئەوانـی لەو بیابـانە لەبیـر نەکردبوو. ئەوە سـاڵێک و شەش مانگ بوو لە ڕووکەشدا بۆ هاوکاریی مـامی بـۆ شـوانی بـۆ بیابـان هـاتبوو، لە ناوەوەشـدا دەسـتێکی نەبینـراو ئەوی شـازادەی بە ئەم سـارایە گەیانـدبوو. ئەو تێـپەڕی، لە ژیـانی ئاسـایی تێـپەڕی، تێـپەڕین بـۆ ئاستانەیەک خۆشی نەیدەزانی کوێیە.

ئەو شتێک هانی دەدا و لەتەک خۆیدا دەیبرد، هەر ئەو شتە بـوو ئەوی خسـتە سـەر پێ و چێژی لە بوونی باپیرە و دایکی پێ بـرد، هـەر ئەو شـتەش بـوو دوای نەمانی ئەوانیش درێژەی پێ دا و هەرگیز نەیدەهێلا تەنها بـێ و ئەمیش لە پەنـای خۆیدا شوێنی بۆ چۆڵ دەکرد تا لەگەڵیدا بێت، لەناو دڵیشیدا مـوحیبەتێکی هەبـوو کە بۆ فەرمانەکـانی مـل بـدات. ئەو لەتەک ئەوانـی تـردا تەنها بەسـەر لمـی بیابانـدا هەنگـاوی نەدەنـا، بەڵکـو لە هەمـان کاتـدا باڵەکـانی کردبـوونەوە و بەرز بەرز هەڵدەفڕی.

گوێی لە دەنگی خرمەخرمی دڕکی ناو دەمی مەڕەکان بوو و هیچ دەنگی هەناسەی مرۆڤ نەدەهات، بۆنی خورمای گەییو و زەویی تەڕی بەر باران دەهات، ئەوی منداڵ بۆ بیابانی ڕوانی کە هەمووی لم و دڕک و ئێسقان بوو، هەستی بە تەنهایی دەکرد، بەڵام جارێکی دی هەستی بە بوونی نەبینراوی ئەو کرد و دەستی بۆ سێبەرێکی نەبینراو بزواند.

نەیدەویست کە تەنها و دوور لە خەڵکی بژی، نەیدەویست ببێتە مشتە لمێک بای سەموومی لەو بیابانە بیهێنێ و ببا، ئەو دەیویست هەمان کاری باپیرەی تازە بکاتەوە کە شکاندنی بتەکان بوو، ئەویش نەوەک شکاندنی ڕووکەش و دیار، بەڵکو دەیویست لە ماناکانیان خاڵییان بکاتەوە، ئیدی پێویستی بوو بڕواتەوە ناو شار و تا خەڵکی دڵی بۆ بکەنەوە، خۆ ئەگەر کاری لەو شێوەیەشیان نەکرد، ئەوا دەبێت ئەم دڵی خۆی بۆ ئەوان بکاتەوە.

هەنووکە ئەزموونی جیهانی دەرەوەی مرۆڤی کردبوو، زمانی ئاژەڵانی کێوی و دار درەخت و بیابان و شاخ و بەرد فێر بووبوو، ئیدی پێویست بوو جیهانی ئاڵۆزی مرۆڤانیش بناسێت، ئیدی لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دی داگەڕا و بەسەر گردێکەوە بۆ سەر گردێکی دیکە هەڵگەڕایەوە تا گەیشتەوە شاری مەککە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە غەریبیی ئارامی بیابان و هاوڕێیەتیی مەڕەکان و ڕوانینی بۆ خۆر لە کاتی هەڵهاتن و ڕەنگی سووری بەجێماو لە پاش ئاوابوونی خۆر و کزەی ساردی شەوان و گرمۆڵەبوونی لە دەوری ئاگری هەڵکراو و ڕوانین لە شارەکانی ئاسمان و مانگی چرای خودا و هەزاران ئەستێرەی دابەزیو لە ئاسمان دەکرد.

ئاخری چووەوە ماڵی مام و دڵی بۆ ماڵی خودا و عەقڵی بۆ بازاڕ و قاچەکانی بۆ ناو خەڵکی و خەیاڵ و بوونیشی بۆ ڕزگاریی خۆی و ئەوانی تریان برد. ئاخر ئەوان کەس و خوشک و برای ئەو بوون، هەمان ئازاری شەقاوەتی فرێدران لەم بیابانە و هەمان غەمی قوولی بوون و هەمان تاسەی نەجات و هەوڵی بەختەوەرییشی لەوانیشدا دەدیت. دەبوو بزانێت غەمی ئەوان چییە و بە چییش دڵشاد دەبن، ئیدی شەوێک مەڕەکانی بە هاوڕێکەی سپارد و بە نیازی بینینی خۆشییەکانی مرۆڤی برای ڕێیی شاری گرتە بەر.

مەککە شین و مەست لەبەر تیشکی مانگدا سەری قیت کردبوویەوە و خۆی بە کۆڵانی ڕوونی شاردا بەرەو لای دەنگی شادی بزوا. نزیک و نزیک بووەوە

شـار له دەنگـی قـیلەی ژنـان و بەزم و گـۆرانیی پیـاوان دەنگـی دەدایەوە، چـرا هەڵکراوەکانی بینی بەرەو ڕۆشنترینیان ڕۆشت و گوێی لە دەنگی جووزەلە بوو، وتی: ئەو دەنگەدەنگە چییە؟ وتیان شاییە فلان کەس بۆ فلان کەس دەگوازنەوە، ئەویش حەزی لێ بوو کە ببینێت چ باسـە، چـوو بینـی سـەما دەکەن و زەوی لە ژێر پێیان کەوتۆتە لەرزە هەر کە لێیان نزیک بوویەوە لێی دانیشت پێش ئەوەی هـیچ ببینێـت لە جێـی خۆیـدا خەوی لـێ کەوت و بە پەنـجە نەرمەکـانی خـۆر خەبەری بوویەوە کە پێ وت: درەنگە هەڵسە و بچۆ بەدەم کارتەوە.

بـۆ شـەوی دوایـیش هەمـان حـاڵ ڕووی دایەوە، بەڵام مـوحەمەد گـوێی لـێ نەبوو، چونکە ئەو خەوی لێ کەوتبوو. زانی هاوڕێی نەدیتراوی ئەو بـرای خەوی بـۆ ئەو هێنـاوە هەتـا هەرگیـز شـتی نەشـیاو نەبینێـت، کە ئەمـیش نەیدەویسـت ببینێـت، بەڵام ئەگەر بەرەو شـادیی ڕووکەش بچـووایە دەیبینـی. تەنهـا بە تینـی گەرمای خۆر کە بە پەنجەی تیشکەکانی بەخەبەری هێنا بەئاگا هـات، کە هەر ئەو جـــارە بـــوو و تەواو. ئەم دەبـــوو وەک هەر منـــدااڵێکی دی خەیـــاڵی ژیـــانی شادیبەخشی نەبێت. دەبوو بۆ ڕزگاریی ئەوانـی دی ئەم خـۆی بە ڕێگەی ئـازاردا بڕوات، ئەو دەبوو بە ڕزگاریی ئەوانی دی دەست پێ بکات.

جـارێکی دیـیش ڕۆشـتەوە، بەڵام ئەم جـارە بـۆ ناسـینی مرۆڤـی بـرای لەتەک سەرهەڵهێنانی خۆردا بە سواری وشترێک خۆی کردەوە بە شـاردا، بەو بەیـانییە زووە تەماشای جوواڵە و لەخەوهەڵسانی خەڵکی مەککەی دەکرد، هەوا پڕ بوو لە دەنگـی گرانـی خۆشەویسـتیی ڕووکەش و ئـازاردانی شـاراوە، بەڵام هێشـتا ئەو ئەوانی خـۆش دەویست، هەسـتی دەکرد ئەو جـووڵە و دەنگانە لە دەرەوەی ئەو نین، بەڵکو لە ناوەوەیدایە، هەر وەک چۆن هەستی بە دەنگی لـم و درک و ئـاژەڵ و تەنانەت تەپەی پێی مێروولەش دەکرد، کە پێش ئەوەی بچێتە ناو شارەکانیەوە پێکانی لە تۆزی بیابان دەتەکاند.

هەرچەند گوێی لە سـکووتی گڕگرتنی پەروانە بـوو شـەوان بە دەوری ئـاگری کـراوەی بیابانـدا خۆیـان بە گـڕەوە دەچـزان، هەر وەک چـۆن جـووڵەی بـاڵی فریشتەی کە بەو ئاسمانەوە ڕایدەوەشـاند، هەر وەک چۆن گوێی لە تـرپەی دڵی خۆی بـوو کاتێک بیری دایک و باپیرەی دەکرد زیـادی دەکرد، هەر وەک چـۆن هەورەکان نەوازشـیان دەکرد و لە خـۆری گەرماسـووتی بیابـان دەیانپاراسـت و بەسـەر سـەریەوە بە گریـانی شـاد دەگریـان و زەوییـان بـۆ نەرم دەکـرد و کە

پووشی پڕ لە بۆنی باران و زەوییش تۆوەکانی ناو سکی بۆ ئازاد دەکرد تا مەڕەکانی پێ بلەوەڕێنێ، هەر وەک چۆن مەڕەکان بە کەیف و شادییەوە دوگی شۆڕیان بۆ با دەدا و بە دەوریدا دەهاتن و دەچوون بە جوولەی خەڵکی مەککەش دڵیان پڕ لە شادی دەکرد.

گوێی لە جارچی بوو بۆ بەردەم مزگەوت دەبزوا و کەڕەنایەکی بەدەمەوە وەک سەدای لەناو ئەشکەوت دەنگی دەدایەوە و دەیوت: ئەهای خەڵکی قورەیش ئەمڕۆ بازاڕی گەورەی عوکاز دەکرێتەوە، ئەی ئەوانەی دەتانەوێت کاڵاکانتان لەو بازاڕە بفرۆشرێت، دەوڵەمەندیی قورەیش بە هەموو عەرەب پێشان بدەن، ئەی ئەوانەی عاشقی شادی و کەیف و سەفان، ئەمڕۆ جوانترین ئافرەتانی سەماکەرانی دوورگە لەوێ خڕخاڵ و کەمەربەندی ناوقەدیان لەگەڵ دەنگی چووزەلە و تەپڵ و عوود، دەنگی نیوە مەست و عاشقانە غەمناکی گۆرانیبێژانی ناوداری بیابان دەبزوێنن.

ئەی ئەوانەی عیشق و غوربەت و بێبارى مەعشووق ڕۆحی دیل کردوون و تەنها بە شیعر نەبێت مانگ ئاسا خەبەردار نابێت، وەرن ئەمڕۆ شاعیران شیعریان دەخوێننەوە و هەواڵی داهاتوومان پێ دەگەیەنن، وەرن با فووکرن و پەت گرێدان و لە ئاسمان ڕوانینی عەراف و جادووگەڕان ببینن کە هاتیف و جنۆکانی هەواڵهێنی ئاسمان لە جیهانی خەبەری ئاسمان و داهاتووی خۆمان ئاگادارمان بکەن. وەرن شانازیی عەرەب بە قوربانی و بەخششەکانیان بە خواوەندەکانیان ببینن و بە بەخشینەکانتان خواوەندی گەورەی قورەیش بە بەخشینی هەرچی زیاترتان سەر بخەن.

بە ناوهێنانی هوبەل و قوربانیی بتەکان سینگی هاتەوە یەک، ئەو بە فڕوفێڵی گەورانی قورەیش و خێڵەکانی عەرەبی دەزانی، ئەوان بۆ شانازی قوربانی بۆ بتەکانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام قوربانییەکانی خودای باڵادەستیان لە بیر کردووە. ئەگەر ئەوان خواوەندی ڕاستەقینە بوونایە، ئەوا سەروەت و سامانی خۆیان بەسەر مرۆڤانی داماو و نەخۆشدا دابەش دەکرد، نەوەک هەرچی زیاتر لە سامانی مرۆڤە فێڵباز و دەسەڵاتدار یاخود داماو و خەڵەتاو کۆ بکەنەوە.

موحەمەد لە دڵی خۆیدا هەستی کرد مرۆڤ توانایەکی بێحەدی لە بەکارهێنانی ناوی خودا هەم لە فێڵ و هەمیش لە بەخشیندا هەیە، مرۆڤانی گەورە و دەسەڵاتدار ناوی خودا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەکار دەهێنن و

داماوان و برسییانیش ناوی خودا به بەخشینی ئەو نانەی کە هەڵیان نەگرتووە تا دوایی بیخۆن، بەڵکو ئێستا برسییانە و دەبێت بیخۆن دەبەخشن.

موحەمەد هێشتا تازە گەیشتبووە شار بە بیستنی دەنگی جارچی و بینینی کاری ئەوان هەستی کرد ژیانی ئەو لەگەڵ دونیای ئەوان نەدەگونجا، عەیامێکە لە خەڵەتاندنەکانی مرۆڤ خۆی پەنا داوە و لەو سارایە لەگەڵ گورگ و مەڕ و ئاژەڵانی داماو و وەحشیدا دەژی، ئێستا کە بڕیاری گەڕانەوەی داوە گوێی لەو قسە ناخۆشانە دەبێت کە بۆنی گەنیویی دونیای شێواو و ناڕێکی ئەوان دەدەنەوە. خەڵکەکەی بینی نەگەیشتنە ئەو شوێنەی کە دایاننابوو بیگەنێ هەموویان ڕووگەی خۆیان بەرەو بازاڕی عوکاز گواستەوە و گوێی لە داخرانی پەنجەرەکان بوو کە بە ئامانجی گوێلێبوونی دەنگی جارەدر کرابوونەوە، دیتی هەموان لە ماڵەکانیان هاتنە دەرێ و دەرگاکانیان لە پاش خۆیان قفڵ دا و بەرەو شوێنی قەرەباڵغی بزوان، شار بەتەواوەتی چۆڵ بوو، ئەمیش بیری کردەوە با ئەمیش بۆ ئەوێ بڕوات لە دونیای نەزانیی ئەوان خۆی بەدوور بگرێت و لە نهێنیی سروشت و مامەڵە و سەودایان تێبگات، کە منداڵیش بوو لەگەڵ باپیرە بۆ ئەو بازاڕە دەچوو.

مامە حەمزەی بینی بەرەو ڕووی دەهات کە پەڕی سەر مێزەرەکەی بە جووڵەی جەستەی پتەو و بای ئەو بەیانیە دەشەکایەوە. هەر لە دوورەوە بە بینینی ئەم، چاوەکانی کە ڕۆشنایی گەنجی و جوانییان دەدایەوە بۆ ئەم دەدرەوشانەوە هەر لە دوورەوە باوەشی بۆ ئەم کردەوە و بانگی کرد: برازا بەخێر بێیتەوە چاکت کرد کە لە بیابان گەڕاویتەوە و ژیانی لەتەک وەحشیانت واز لێ هێناوە، هەرچەند منیش بۆلای ئەوان دەڕۆم، بەڵام من بۆ ئەوە بۆ لای ئەوان دەڕۆم تا بیانکوژم نەوەک وەک تۆ لەتەکیاندا بژیم.

موحەمەد مامە حەمزەی خۆی باش دەناسی کە دەیویست ببێتە یەکێک لە پاڵەوانی ڕاوکەری شێر و تا جوامێری بنوێنێت، ببێتە پشتی چەوساوان و غەریبانی هاتوو بۆ ناو مەککە. دەستی لەناو دەستی مامەی دانا، هەستی دەکرد گیانی دەلەرزی، مامە وتی: ئەوە چیتە موحەمەد ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟

موحەمەد وەخت بوو بداتە پرمەی گریان، بەڵام تەنها چاوە تەڕەکانی بڕییە چاوی مامەی و باوەشی پێدا کرد.

مامە بەقوربانت بێت ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟ پێم بڵێ من گوێت بۆ دەگرم.

دڵنیا بە مامە هیچی شاراوەم لە تۆ نیە، تەنها غەمێکی گەورە دڵمی داگرتووە، ئەوەی لە دڵمدایە زۆر گەورەیە، جیهان زۆر بچووکە، تەنانەت بیابانیش جێگەی منی تێدا نەدەبوویەوە، خۆری ئاسمانیش ڕۆحی ساردمی گەرم نەدەکردەوە، ئارامیی شەویش سوکنایی بە من نەدەدا، من ئازارم هەیە، ئازاری خۆم و ئەوانی دیش، ئەوجا بۆ مامەی خەمیەوە و دەستە لاوازەکانی لەناو دەستی ئەو دەرهێنایەوە.

من دڵم بۆ هاوخوێنەکانم تەنگ بوو، حەزم کرد بگەڕێمەوە لایان، خۆشم دەوێن و بۆیان دەمرم، بەڵام ئایا ناتوانن واز لەو کار و بیروباوەڕ و ئاییە شەرماوەرانەیان بهێنن. چوونە نێو حەشاماتەکەوە و سینگی موحەمەد پڕ لە خۆشەویستی و ناڕازیبوونیش بوو: خۆشەویستیی ئەو هەموو مرۆڤەی لەو بیابانە دڵی بۆیان تەنگ بووبوو، تووڕەیی و ناڕازیبوونیش لەو پشتکردنەی لە حەقیقەتیان کردبوو، وا دەردەکەوت مرۆڤەکان لە ڕەنجی گەیشتن بە حەقیقەتدا دەژیان، بەڵام ئەوان بووبوونە دوو بەرە، بەرەیەکیان ڕوویان لە حەقیقەت بوو بەمەش بوونی ڕاستەقینەیان گۆڕابوو و هەتا دەبزوان لە حەقیقەت نزیک دەکەوتنەوە و هەر دەشگەیشتن. بەرەیەکیش پشتیان لە حەقیقەت بوو و هەتا دەشبزوان لێوەی دوور دەکەوتنەوە و قەت پێی نەدەگەیشتن، لەم بابەتەدا تەنها ڕووورگێڕان گەرەنتیی گەیشتنی دەکرد. بۆنی خۆشی عەتری یەمانی و قوماشی ئاوریشمی ڕۆمی و ڕەنگی جۆراوجۆری فەرشی فارسی چاوەکانی دەرەوشانەوە و بە تێپەڕینی ژنانی بۆنخۆش و جوانپۆش دڵی دادەخورپا، عەیامێک بوو ئەمانەی نەدیتبوو دڵی بۆ ئەو مەعشووقە بزوا کە بە دڵی دەیناسی و زەینی نەیدەزانی کێیە.

مامە و برازا بەلای ئاهەنگ و سەمادا تێپەڕین، بەڵام گوێکانیان نەیانبیست و بە لای شانازی و هاوار هاواری بتپەرستان بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە بۆ بتەکانیان تێپەڕین، بەڵام چاوانیان هیچیان نەبینین، ئەوان شەیتان چووبووە سەرەوەختیان و بە سەرزاری ئەوانەوە بانگەشەی بۆ خودایانی بەردین دەکرد و خوا و فریشتەش بیابانی دڵی ئەمانی تەی دەکرد و فریشتانی باڵشینیش بە فڕین و نیشتنەوەی خۆیان گەردی پاکی ئەو بیابانەیان هەڵدەساند.

ئەوە تەنها حەزێکی شەیتانی نەبوو، بەڵکو ئەوە مرۆڤبوونی ئەو بوو شکۆفەی کردبوو، ئەمڕۆ ئەو و دوێنێ باوکی، پێشتریش باپیری و هەموو

پێغەمبەران تا دەگەیشتەوە بە باوکی هەمووان: باوە ئادەم، کە دڵی تەنها بە دڕووستبوونی دایە حەوا لە پەراسوویەوە، حەوایەوە.

حەزی مرۆییانە لە هەوەسی خۆپەرستانە جیاوازی هەیە، ئەوە هەوەسە بینایی مرۆڤ کوێر دادەهێنێت، ئیدی دەزووی باریکی حەقیقەتی لێ ون دەبێت، ئەو وەک هەر مرۆڤێک مەیلی بۆ لای ڕەگەزی بەرامبەر هەبوو، حەزی دەکرد ژن بخوازێت و ماڵ پێکەوە بنێ و وەچە بخاتەوە، بەڵام هەوەس هەرگیز، ئەڵبەتە ئەویش گەلێک بەهێزە، هەر وەسوەسەی شتی واشی بە خەیاڵیدا نەهاتووە، تەنها دوو جار نەبێت ئەویش دوو شەوی لە دوای یەک، جارێک کە تازە مووی نەرم لە دەموچاوی ڕوابوو و ڕیش و سمێڵی خەتی دابوو جوان و بە کڵافەت لە بیابان لەتەک شوانێکی دی مەڕی دەلەوەڕاند، بە هاوڕێکەی وت، ئاگات لە مەڕەکان بێت تا منیش گەنجی خۆم ببینم. ئیتر یەکاودوو هەر بە تەنها ژنانی خۆش نەدەویست، بەڵکو بۆنی خۆشیش بۆ بەهەشتی دەبرد و بەچێژترین شتیش هەڵسوکەوت و گفتۆگۆ بوو لەتەک خوادا، وای خودایە چەند بەچێژە کە هەست بە ئامادەبوون لە بەردەم خوادا دەکات، تەنانەت لەناو بیابانیشدا بۆ جیهانێکی دیکە وەردەگەڕا و لمی گەرمی بیابان دەبوویە باخ و باخات.

دەیدی خەڵکی شار لە چ غەفڵەتێکدا دەژین وەک ئەو پەپوولەیەی تەنها چەند ڕۆژێکی بەهار دەژی، ئیدی هەرگیز تینی گەرمای هاوین و سەرمای زستان نابینێت، وا دەزانێت هەموو ژیان سەوزە و گوڵاوە، ئەمانە ئاگایان لە وەرزی دوورودرێژی قیامەت نییە کە هەم زستانە و جەستەی ساردی مەرگ و هەمیش هاوین و ئاگر و سووتان، بەڵام ئەم هەرگیز ئەو غەفڵەتەی ئەوانی بەجێ نەهێشت، ئەو کاتەش لە بیابان بوو دوو جاران بە نیازی دیتنی جیهانی غافڵانەی ئەوان شەوان گەڕابوویەوە. هەر ئەو مرۆڤە غافڵ و لەخوایاخیانە ئەگەر بگۆڕێن، ئەوا ئەو خودایەی لە هەموو گەردوون جێی نەبۆتەوە لەناو دڵی ئەواندا جێی دەبێتەوە، لە داهاتوودا بە گژی ئەمدا دەچن و بەزەییان پێدا نایەتەوە، کەچی ئەم ئەوانی خۆش دەوێت، ئەو دەیزانی، بەڵام نەیدەزانی چۆن هەواڵێک لەمەوە سەر هەڵدەدات، دەیەوێت ئەوانی خەوتوو بەئاگا بهێنێ، هەندێک لەو خەڵکە دەبنە پشتیوانی و زۆرینەش دژی.

ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە موحەمەد بۆ لای مامە و مامۆژنی گەڕایەوە. مامۆژن باوەشی پێدا کرد و قژ و سەروملی تۆزاویی لاواندەوە و چاوەکانی بۆی پڕ لە

فرمێسک بوون. مامەش هەستا و سەری خستە سەر سینگی خۆی و سەری ماچ کرد. کوڕەکەیان خەتی دابوو و چڵکنی و ماندوویی بیابانیش نەیانتوانیبوو جوانیی ئەو بشارنەوە، تازە مووی لە ڕووی چەناگەی ڕوابوو کە دەستی بۆ شوانی برد لەگەڵ هەموو شت، بێجگە لە ئاژەڵی دووپێ، سەفەرێکی دوورودرێژی کردبوو، ئێستا ئیدی هاتبووەوە ناو شار و بیابانی لە پاش خۆی بەجێ هێڵابوو و گەڕابووەوە سەر ئەرز و تێکەڵ بە ئەهلی مەککە و دونیا بووبوویەوە.

ئەو شەوە هەرچیی کرد خەو نەچووە چاوەکانی، ئاخر لەو بیابانە فێر نەبووبوو کە لەناو جێگەی نەرمدا بنوێت و دیوار ڕوانینی سنووردار بکات، ئەو و هاوڕێ شوانەکەی و مەڕەکانی پێکەوە لمی بیابان ڕاخەریان بوو، کە تینی گەرمای ڕۆژی دەدایەوە، هەروەها پێخەفی ڕەشی بە ئەستێرە گوڵگونیان بە خۆیاندا دەدا.

بە چاوی لێکناوەوە لەگەڵ خودای خۆی ڕاز و نیازی بوو، پرسیاری خراپی خەڵکی لە خودا دەکرد و دەیوت، هەتا کەنگێ مرۆڤ خراپە دەرهەق بە مرۆڤ دەکات؟ خواش وەڵامی دەدایەوە ئارام بگرە ڕۆژێک دادێت کە مرۆڤێک دێت و مرۆڤایەتی ڕزگار دەکات، ئەمیش لە خامۆشیی شەودا بە خوای دەگوت، ئاخۆ ئەو مرۆڤە کێ بێت کە بەرگەی باری ناخودایی مرۆڤ بگرێت، خوداش وەڵامی بوو با خۆی بێت ئەوسا دەزانی. ئاخر ئەو عەیامێک بوو لە شار و ئاوەدانیی هاوڕێی جیهانی بێدەنگی موحەمەد بوو، ئەو لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆشت، بەڵام بە خۆی وت: ئاخۆ ئەو کەسە کێ بێت کە بە هاتنی وی قیامەت هەڵسێت و ناوەوەی مرۆڤان دەرکەوێت، چاکان چاکەیان دەرکەوێت و خراپانیش خراپەیان.

لە ڕاستیدا ئەوان لە دەرەوە بێ نان و ئاو نەبوون، بەڵکو لە سەرزەوی ناو ڕۆحی ئەو بووبوویە سوتماک و کانی و بیرەکانی وشک بووبوون، ئەوان سەدانیان بە نەخۆشی و شەڕ لە دونیای بەریندا نەدەمردن، بەڵکو لەناو ڕۆحی ئەودا دەمردن، هەر ئەویش کەندڕ و شیو و نزماییەکانی پڕ دەکردەوە بۆ ئەوەی بۆ ڕزگاری بیانپەڕێنێتەوە، ڕۆح و ئەو هەموو مرۆڤە بەوە بەستراوە بارەکەی زۆر قورسە لەتری دەدا و نووچ دەدا و پێویست بە هاوکاریی مرۆڤە تا ئەو کارەی ئەنجام بدات.

ئەو هەستی دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ لەو هاوڕێ نەدیتراوەی نزیکتر دەبێت، ئیدی بڕیاری دا ئەو هاوکاری بێت و سیمای لای ڕوونتر، بەڵام هێشتا نازانێت ئەو کێیە کە لەمەوە هێندە نزیکە، ئەو هەر کەس بێت ئەمی ئێستا بچووک و ئەودەم گەورە پشتیوانی دەبێت، ئەو نەیدەزانی ئەو کەسە هێندە لە ئەو نزیکە کە تەنانەت مووی‌ەکیشیان بەین نیە، ئیدی ئەو شەوە ئەو سیانە تا بەیان ورتەورتیان بوو و گفتوگۆیان دەکرد، خودا و موحەمەدی بچکۆلە و ئەو ڕزگارکەرەی کە سبەینێ دەهات و هەموو مرۆڤایەتیی ڕزگار دەکرد و هەنووکە موحەمەد نەیدەزانی کە کێیە، چراکەش بەدیار گفتوگۆی ئەو سیانەوە عاشقانە خەریکی خۆسووتان بوو، دووانەکەی دیکەی نەدەدی و ڕۆشنایی کزی ئەمیش بە قەد نووری ناوچاوی موحەمەد ڕۆشن نەبوو.

سەرەنجام بەیان هات و کەڵەشێر قووقاندی و بانگی بەیانیی هەڵدا، موحەمەدی بچکۆلە و دۆستی دێرین کەوتنە مامەڵەیەک و ڕازونیازێکی لە جۆرێکی تایبەت کە تەنها قسە نەبوو، بەڵکو لەو ناوەدا لەبەر ڕووناکیی سپێدەی بەیاندا لە بەر ڕۆشنایی پەنجەرەکەدا موحەمەد بێجگە لە حوزوور و ڕۆشتنی ڕۆحی خەریکی هەڵسان و دانیشتن بوو، لەم نێوانەشدا هاورێی سێیەم لەبیر کرا، بۆیە ئەویش خۆی کۆ کردەوە و بۆ ناو هەناوی موحەمەد گەڕایەوە، کە لە بنەڕەتدا لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو و هەر بۆ ئەویش دەگەڕایەوە، وەک جیهانی خەون وا بوو کە لەوێ مرۆڤ لە خۆی سەفەر دەکات و دەڕوا و دەڕوا و دوور دەکەوێتەوە، دواجار هەرچەند دوور بکەوێتەوە هەر بۆ لای خۆی دەگەڕێتەوە، لە ڕاستیدا هاوڕێی سێیەم خەونی داهاتووی موحەمەد بوو، کە وەک ڕۆژی ڕۆشن دێتە دی، خەونێک لە داهاتوودا دەهاتە دی، بەڵام موحەمەد خۆی نەیدەزانی.

چواردەیەم: لە بازاڕدا
(ئەوەی لە بازاڕدا دەست ناکەوێت)

موحەمەد لە بەردەم پەنجەرەکەدا وەستابوو، چاوەکانی داخستبوو و بۆ لای هاوڕێکەی، کە گەڕابوویەوە لەژێر لێوەوە لەتەکیدا دەدوا، کاتێک مامی هاتە ژوورەوە پێی وت: کوڕم هەستاویت، بەڵام محەمەد نەیگوت: من نەخەوتووم، تا هەستم، بەڵکو وتی: بەئاگام مامە دەمبینی ئەوەتام بەپێوەم، مامی هاوڕێکەی نەبینی کە موحەمەد بە خامۆشیدا لە تەکیدا لە گفتوگۆدا بووە.

مامە وتی: زۆر باشە مامۆژن شتێکمان بۆ ئامادە دەکات و دوای ئەوە پێکەوە بەشوێن کارماندا دەڕۆین. دواتر مامە و برازا لە ماڵ چوونە دەرەوە و بە کۆڵانە بێدەنگەکاندا تا کەنار گردی سەفا تێپەڕین، پاشان بەسەر گردی سەفادا سەرکەوتن و لەسەر گردەکە سەیری دواوە و پێشەوەی خۆی کرد، دیتی کە شاری مەککە بێدەنگی بااڵی بەسەردا کێشابوو، خەڵکەکە گوناهی ڕۆژیان دابووە دەم گوناهی شەو لە مەستی و ڕابواردنی شەویان شەکەت و ماندوو بوون و هێشتا لە خەو هەڵنەسابوون.

خۆر لە دوورەوە لەودیو دونیاوە بۆ نزیک مەککە هاتبوو و بەو لاسەرەوە بە ئاسمانەوە نووسابوو و لە نێوان شیوەکەی بان لەسەر سەریان وەستاوە و خانووە ڕەش و لێڵەکانی شاری مەککەی سپی هەڵگەڕاندبوو، هەر وەک ئەوەی بەپرتاو گەچاویان بەسەریاندا ڕژاندبێت، موحەمەد هەستی کرد بای سەبا چاوە نەخەوتووەکانی دەکزێنێتەوە.

پاشان لە گردەکە داگەڕان لەپێشەوە پیرەپیاو تێدەپەڕی، منداڵەکە لەپڕ وەستا، جەستەی لە ناوەڕاستی جادەکە وەک درەخت ڕەق بوو و خوێن بە لاجانگیدا بەتوندی دەهات و دەچوو و سینگی هاتەوە یەک و هەناسەی سییەکانی کە هەوای فێنکی ئەو بەیانییەی هەڵمژیبوو، بووەوە ئاخێک قوواڵ و لە دەمی کراوەیەوە هاتە دەرەوە. مامەی گوێی لە ئاخهەڵکێشانی دووری برازاکەی بوو، کاتێک لای کردوە بینی بۆ دوور دەڕوانێت.

ژمارەیەکی زۆر پشت و ڕانی ڕووت و پێی پەتیی بینی، کە مۆڵ درابوون و لەلایەن سوارانێکەوە کە ئەسپەکانیان سمکۆڵانیان بوو، قامچییان با دەدا بەرەو

پێش دەبران، چاو و دانی سپی و پێستی ڕەش و پێی پەتی، ئەوانە مرۆڤ بوون ئاژەڵ نەبوون، ئەوانی بە ڕوخساری ئاوساو و قڵیش قڵیش و سوور وەک خوێن دەبینین. ئیتر خۆرێک لە ڕۆحیدا هەڵهات، ئەویش خۆری وشە بوو. کە قامچی لە پشتی بریندارى ئەوان دەدرا، هەستی دەکرد بەر پشتی ئەم دەکەوێت.

خودایە ئەمانە مرۆڤن ئاژەڵ نین، ئەو لە بیابان لەتەک وشتر و مەڕەکانیدا هاوڕێ بوو، کەچی ئەوان لەتەک مرۆڤدا چییان دەکرد، سەیری ئەوانی کرد لە ئەشکەوتی دەمیانەوە کە بە دانی سپی چواردەور درابوو، کە ئەم لێی تێنەدەگەیشت، دایکێکیان کە توند منداڵەکەی بە خۆوە نووساندبوو بە دەنگێکی قووڵ ئاوازێکی بەسەردا دا، کە وەک خەنجەرێکی تیژ دڵی ئەمی بە خوێنی سوور و سارد خوێناوی کرد، بەڵام ئەم جارە فرمێسکەکانی چاوی دایکەکە ئەمی لە ئاوازەکەی گەیاند!

لە دڵی خۆیدا بە هاوڕێکەی وت: ئەمانی ئاژەڵانی بەپێوەوەستاو ئاوا بە یەکدی دەکەن، کەچی تۆ زەویت بۆ ڕاخستوون و ئاسمانیشت بەو سەرەوە لەسەریان ڕاگرتووە. ئەم بە پێوە، با کە وەک لقی داری خورما ببزوێنێت قژە ڕەشەکانی ئەمی دەبزواند، بەڵام ئەو زۆر دوور ڕۆشتبوو ئەوە دەنگی مامی بوو بۆ نزیکی هێنایەوە و بیستی کە بانگی دەکرد (خێراکە با برۆین).

ئەوان ڕۆشتن و ڕۆشتن بە لای ماڵی باپیرە گەورەیاندا، کە هەنووکە شوێنی مەشورەتیان بوو، پێیان دەوت "دارو الندوه" تێپەڕین و ئەوجا بە لای مزگەوت و بەیتدا ڕۆشتن و هوبەلی قۆڵبڕاوی غۆلئاسای بینی کە تەنها بەردێکی داتاشراو بوو و دەیانپەرەست، لە ڕاستیشدا ئەویان نەدەپەرست، بەڵکو حەز و نیاز و سەرمایەکانی خۆیان لەودا دەپەرست، موحەمەد بە چاوی هەیبەتەوە بۆ ئەوی ڕوانی لە دڵی خۆیدا دەیوت: دەتبڕمەوە، بەڵام ئەو بەرد بوو، هیچی نەگوت، وەک ئەوەی بە بێدەنگییەکەی بڵێت من بێتاوانم، من بێگیانم، ئەوە ئەوانن منیان بە بیانوو گرتووە، ئەوان کۆڵێکیان بە کۆڵمدا داوە کە توانای هەڵگرتنیم نییە.

موحەمەد وتی: کەواتە ئەی بەردەکە تۆ لەژێر باری تاوانی ئەو گوناهانە ڕزگار دەکەم کە گوناهی هەمیشەیی خۆیان بەسەر تۆدا دەدەن و ڕۆحی نەبووت خوێناوی دەکەن.

پاشان لەوێوە تێپەڕین و ڕوو بە بیابان بەرەو دەرەوەی شار بەو ڕێگایەدا کە ئەوسەرەکەی دەچووە بازاڕ و شوێنی کارەکەی، بیری بیابانی کرد، ئەو لە

دەست شاری مرۆڤی گوناهبار ماندوو بوو، لە دوێنێوە چی دیتبوو، چی بەسەر هاتبوو، چ ئازارێکی چەشتبوو، ڕۆح لە جێی خۆی ترازابوو.

بیابان خۆش بوو، شاخ خۆش بوو، ئەوشکەت خۆش بوو، هاوڕێیەتیی هەورەکانی ئاسمان و باکانی لە دوورەوە هاتوو خۆش بوو، باڵندەکانی لە ئاسمانی پۆل پۆل لە دوورەوە هاتوو و بۆ دوور ڕۆشتوو، خۆری لە سەفەری هەموو ڕۆژدا بەردەوام و مانگ و ئەستێرەی لە ڕێی بیابانی ڕەشی ئاسماندا بارگەخستوو یاخود ڕۆشتوو خۆش بوو، کە ئازاری ڕۆحی ئەمیان نەدەدا، ڕۆحی لەتەک ئەواندا یەکانگیر بوو، ڕۆحی گەورەی ئەمی بچکۆلە لەتەک ئەواندا ئاسوودە بوو، کێ بێت شاری نەفس و شەیتان بۆ ئەو جێیە وەربگێڕێت کە وەک بیابان وەک ئاسمان وەک خۆر و مانگ وەک بۆنی دووریی بیابان ئارام و ئاسوودە بکات.

گەیشتنە دوکانەکەی مامە، کە هەمان بازاڕەکەی دوێنێ بوو کە تا ئێوارە کڕین و فرۆشتیان تێدا دەکرد، خەڵکی بینی لەپێناو پارەی بێگیاندا یەکتر دەخەڵەتێنن و سوێند بە بتی بێگیان دەخۆن، ئەوانی هەمیشە خراپ، بەڵام ئەو ڕۆژە لە هەموو کات خراپتر کە ئەوەی بە زەینیاندا نەدەهات دۆزەخ و بەهەشت بوو، کە لەمیان بترسن لە پێناو ئەویشیان خۆیان بگرنەوە. ئەوانی دەدی کە چۆن هەرکامیان بەشی خۆیان لای خۆیانە و هیچ میهرەبانییەک بەرامبەر یەکتر نانوێنن و ئەوەی ئەوانی دییش بۆ خۆیان دەبەن.

دیتی ژنان بەشوێن شتی ئاڵووالادا دەگەڕێن و دەوڵەمەندەکانی قورەیش کە لە هەمان کاتدا سەروەرەکانیشی بوون ئەو حەزەی ژنان بۆ ڕازانەوە بەکار دەهێنن و لەسەر پێکەوەبوونی نهێنی یاخود ئاشکرای شەوان لەتەکیاندا ڕێک دەکەون. بینی هەموو ئەوان ڕیبایان بە فێڵ و تەڵەکە دەفرۆشت و فێڵ و تەڵەکەشیان دەکردە سوێند بە لات و عوزا و دەهاتە سەر زمانیان، لە ڕووکەشدا ڕووخۆشیی خۆیان وەک کالا بۆ یەکدی بە زمانی شیرین دەخستە ڕوو و ڕق و بوغزیشیان لە ژێر عاباکانیاندا وەک خەنجەرەکانیان لەناو دڵیاندا دەشاردەوە.

بازاڕ ناو سکی ڕاستەقینەی مرۆڤ پێشان دەدات، بۆ ئەوە ئەگەر کەسێک بەوردی چاودێریی بکردایە، دیوی نەدیتراوی قورەیشی دەبینی، دەیدی گەورانی

بازرگانی قـورەیش چـۆن مەسـتی شـەویان هێنـابوویە ئەم ڕۆژە ڕووبە، وایـان دەزانی ژنانی کڕیاریان گۆشتن و دەیانویست زمانیان تێ بسوێنن و بیانخۆن.

هەر لەو کڕین و فرۆشتنەی ئەو ڕۆژەدا، موحەمەد بۆی دەرکەوت کە زێر و زیو لای عەرەب و قورەیش لە هەموو شت تەنانەت لە خوداکانیشیان گرنگترە، هەر بۆیە ئەوانەی زێڕیان هەیە هەر دەخۆن و ئەوانەش کە نیانە ئازار دەچێژن و ڕووت و ڕەجـــاڵن، بەڵام هەر لەو بـــازارە یەک ڕۆژیەدا مـــوحەمەد بـــۆی دەرکەوت، سـەرەڕای دەسـەڵاتی ڕەهـای زێـڕ و زیـو، هەر ئەو ڕۆژەش ئەوەی زانـی کە دوو شـت هەن تەنـانەت لە زێـڕ و زیـو دەسـەڵاتیان زۆرتـرە ئەوانـیش وشە و ڕاستگۆیین.

مـوحەمەد لە بەردەم تینـی گەرمـی خـۆردا کە دەیڕوانـی و نەیـدەتوانی هـیچ بڵێت، ئەوەی بینی کە ئەوانەی ڕەوانی وشـەیان هەیە، دەتـوانن ببنە سـەروەر و خاوەنی زێڕ، هەر وەک بینیی هەرچەند درۆ و ستەم دەسـەڵاتی کورت مەودای هەیە، بەڵام ناتوانێت جیهـان بگۆڕێت کە بنـاغەکەی لەسـەر ڕاسـتی بینـا کـراوە، بۆیە چارەنووسـی جیهـان هەر ڕاسـتی دیـاریی دەکات، هەر ڕاسـتی و ڕاسـتی و دەستە خوشـکەکەی سـپاردەداری کە پشـتیان پێوە نووسـاوە و هەرگیز لەیەکتر جـوودا نـابنەوە و ڕاسـتی ئەمـانەت دەکـاتە شمشـێری دەسـتی خـۆی و ئەمـانەت ڕاسـتی دەکـاتە قەڵغـانی، بەو دووانەش هەم جیهـان دەپـارێزن و هەمـیش خـراپە نـاهێڵن. جـارێکی دیـیش خـۆی پەسـتاندە ژوورەکەی خـۆی لە مـاڵە مـام و بـووە هاوڕێی دوو یارەکەی، کە بێجگە لەو کەس لەو ماڵەدا نەیدەبینین، شەوەکە پڕ لە دەنگی نادیـار بـوو. هەسـتی بە شـیرینییەکی سـەیر کرد کە هەڵدەڕژایە دەروونـی پڕ لە ئازاریەوە، ئەم ئـاوردانەوە لە پڕەی هـاوڕێکەی تەسـەلای دایەوە و ئـازاری نەما و بوێریی زیاتری ڕووبەڕووبوونەوەی پەیدا کرد.

کاتێـک هـاوڕێکەی هـاتە سـەرەوەختی خەریـک بـوو لەنێـو تـاریکییەکەدا دەتوایەوە و لە نێوان شـادی خوداپێداوان و غەمـی بێبەشـاندا هەر پەلـی دەکوتـا، ئەوی بەسـەر کردەوە، هاوڕێکەی زۆر دڵی بە مـوحەمەدی منداڵ خـۆش بـوو، کە وا پێدەگات و لە داهاتوودا دەبێتە پشتیوانی.

ئەویش دەیزانی کە دڵی خودا جێی پیاوخراپانی تێدا دەبێتەوە، بەڵام نەوەک وەک خراپیی ئەمان، بۆ چەندین جار لە دڵی بچووکی خۆیدا ئەم قسانەی سەروبەند کردەوە. بیرەکانی بە هاوڕێکانی وت: کە باشە مرۆڤگەل بۆچی وان؟ بۆچی تەنها زەوی دەبینن، ئەی بۆچی سەر بۆ ئاسمان هەڵنابڕن؟

هەوڵی دەدا هەردوو هێزە مەزنە گەورەکەی کە خودا پێی بەخشیوە، واتە هێزی عەقڵ و مێشکی بۆ ڕزگاریی مرۆڤ بەکار بهێنێت، ئەویش لەو دوو سەرزەوییە نهێنییەدا کە پێیان دەوترێت: ژیان و مەرگ. ئەوان هەر خەریکن ئاو دەکەنە بن ئەو ڕەگانەیان کە لە زەوییان گیر کردوون و بەتەما نین بۆ ئاسمان هەڵبکشێن، کە ئەوی بچووک هەنووکە لە خۆی هەڵکشابوو و بووبووە هاوڕێی ئاسمانی خۆی.

مامە و مامۆژن و ئامۆزاکان هەموویان خەوتبوون، بەڵام ئەم هیچ ئارەزوویەکی خەوی نەبوو، سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، ئەستێرەکان هەموو ئەستێرەکان لە ئاسمانی نێوان ئەمبەر و ئەوبەری شاخەکاندا توابوونەوە، ئاسمان لە شیوێکی ڕەشی تەسکوتروسک دەچوو لەو لاسەرەوە دیار بوو، بیری لە ماڵەکانی ڕوانی، لەوە کردەوە کە شەیتان لە هەزار شێوەی جیاجیادا بۆ ناو ئەو ماڵانە دێت.

منداڵەکە لە دڵی خۆیدا دەیوت: نا... نا... ناتوانم ڕێگا بدەم ئەم کارە لەبەر شەیتان بڕوات، ئەو هەموو وەستایەتیی خۆی لە ئاوەژووکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستیدا بەکار بهێنێت، لە خواردنی گیانی ئینسان تێرخواردنی نەبێت، لەوسەری شارەوە بە ڕیشە سوورەکەی و دەموچاوە کونکونکەی و ئەبرۆی پفکردوویەوە و چاوی سووری بێبرژانگییەوە، بە پێڵاوە چەماوەکانیەوە پێ قورسەکانی بەسەر لمی بیابانداا بنێت.

بیری کردەوە و لەپڕ لە خاڵێبوونی زەوی لە بەرگریکاران لە حەق ترسا. ئەوجا ڕووی کردە خودا و وتی: ناشێت ئەم سەرزەوییە لە بەرگریکاران لە حەق خاڵی بێت، دەبێت ڕزگارکەرێک بێت و ئەمیش پشتیوانیی بکات تا پێکەوە

لەتەک شەیتان و لایەنگرانیدا بچنە ململانێوە. دەبێت ڕزگارکەرێک بێت و بەرەی مرۆڤ لە دەست ئەو شەیتانە نەگریسە ڕزگار بکات.

نابێت واز لە بیرکردنەوە لە ئێش و ئازاری ئەوانی دی بۆ ئەو بهێنم. لە بیابانیش توانای هەڵکەوتنی ڕزگارکەر هەیە، بیابان وشک و دڵڕەق نییە، ئەوە ئەوانن بێگیان و دڵ پڕ لە لم و بەردن، دڵی بچووکی بووبووە پارچە گۆشتێک کە لە حەشمەتی خراپەدا ئازاری دەچەشت، تەنانەت لەم سەرزەوییە وشکەشدا قیامەتێک هەڵدەستێت و مردووان زیندوو دەبنەوە، لە ڕاستیدا هەر هاتنی ئەوی ڕزگارکەر هەڵسانی قیامەتە.

هاوڕێکەی دڵخۆشیی دەدایەوە: خۆشەویستەکەم هیچ ترست نەبێت، هەموو شتێک وەک پێویست دەڕوات و ڕۆژێک بانگی ڕزگاریی مرۆڤ هەڵدەدرێت، ئیدی ئارەقە بە ناوچاویدا دەهاتە خوارەوەوە، هەستی بە حەسانەوە کرد و ئەم شتانەی بۆ مەعشووق دەگێڕایەوە، دەیزانی کە ئەو لەم باشتری لێ دەزانێت، بەڵام دەیویست بزانێت کە گفتوگۆ لەتەک ئەودا بکات، ئاواش قسەی لەتەک خودادا دەکرد، وەک ئەوەی قسە لەتەک هاوڕێیەکی خۆیدا بکات، شەرمی لە خۆشی کرد، خودا بەو لاسەرەوە ئاگای لە هەموو شتێکە، ئەوجا وتی: خودایە لە دڵە ئازارچەشتووەکەم خۆش ببە!

چ بەڵایانێکی وەبیر هاتەوە کە ئەم چەند ڕۆژە لە مرۆڤەکانی دیتبوو، دەستی خستە سەر دڵی، وا دیار بوو کە ئازاری هەیە، بۆ کوێ بڕوات؟ چ دڵێک ئەو لەخۆی دەگرێت و دەبێتە حەساری برینەکانی دڵی لاوی.

لەناو وەحشیاندا ژیا و هەستی بە دۆستییان دەکرد و لەناو مرۆڤدا دەژیا و هەستی بە تەنهایی دەکرد، هەستی دەکرد زۆر بەخێرایی بۆ ناوەوە دەچوو، هەموو شتێکی لەوەی ئەوان دەزانی و هیچیشی نەدەبینی و نەدەبیست. بەرەبەرە چاوی ڕۆشن دەبوویەوە، ڕێگایەکی بەرەو ئاسمان دەدۆزیەوە، وا ئەم دەیزانی وەک ئەوانی دی ناتوانێت هەر سێ و دوو بکات و لە دوورەوە لە چاوەڕوانیدا دابنیشێت، دەبێت هەر ڕێگایەک هەبێت و ئەم بیگاتێ.

ئەوەشی دەزانی کە کاری لەم شێوەیە بێ ئەشک و ئازار نابێت، ئەوە ئاوی زەمزەم نییە کە بەئاسانی بیخۆیتەوە، بەڵکو ئەوە ئاگرە دەبێت بە سەریدا بڕۆیت و پێست بسووتێت و مووەکانت بوەرن، هەر دوێنێ لەولای دوکانەکەی مامیەوە لەو شوێنەی مرۆڤەکانی تێدا حەسار کرابوون، کابرای بازرگانی کۆیلەی بینی کە قامچییەکەی دەستی شریخەی دەهات و هەڵبەز و دابەز دەکرد و دانی لەیەکتر جیڕ دەکرد و ئارەقە بە ناوچاویدا دەهاتە خوارەوە کە هێندەی کێشا بە منداڵێکی کۆیلەی وەک ئەمدا، تا گیانی لە دەست دا و کابراش لەباتی ئەوەی هەست بە ئازاری تێداچوونی مرۆڤێک بە دەست ئەوەوە بکات، دەستی کرد بە جنێودان بەو کۆیلانەی دیکە کە چاوەکانیان کرابوونەوە و بینایی ترساویان بەوەوە نووسابوو: ئاواتان لێ دەکەم، هەرکامتان لە فەرمانی من دەرچن ئاواتان لێ دەکەم. تازە موحەمەد هەستی کرد هەرچەند خودا و هاوڕێکەی لەوێ بوون، بەڵام هەم ژووڕەکەی و هەناوی و هەمیش جیهان لە ڕزگارکەر تەنهایە و تاوێک لە تەڵەبی ڕزگاری ناوەستێت، بۆیە بە ستوونی بۆ هەموو قوتارکەرانی ڕوانی و ئێوە لە کوێن؟ شوێنکەوتووانی ئێوە لە گۆشە و کەنار لێی دانیشتوون جیهانش بەرەو تیاچوون دەڕوات.

نابێت خۆی کەنارگیر بکات و بۆ خۆشیی خۆی بژی، هیچ ماندوو نەبوو، بەڵکو لەبەر پێویستی و جێبەجێکردنی کاری سبەی لەسەر جێگەکەی بە لای ڕاستدا ڕاکشا و دەستی ڕاستیشی کردە سەرینی و چاوەکانی لێک نا.

پانزەیەم: لە سەفەردا

(بۆ موحەمەد گەورەبوونی ڕۆحی بە بینینی شتی نوێ و بۆ خزمەکانی ترسی پاراستنی)

ئەبوتالیب لە دەستەکانی خۆی ڕوانی، بەفری سپی لێ باریبوو. پیری ئەوانیشی گرتبوو، هەستی کرد نەوەک خۆی، بەڵکو هەموو شتێک، دار و بەرد و مەککە و تەنانەت ماڵی خوداش پیر بووە و بن مەلە لۆچبووەکانی دەخوراند، ئەبو تالیب خەریک بوو گیانی پیر دەبوو، هەر ڕۆژێک لۆچێکی زیاتر دەکەوتە ناوچاوانی و قاچەکانی زێتر دەچەمانەوە، جومگەکانی دەئاوسان و دەموچاوی قۆرتی تێدەکەوت، شەوان بەنالەوە ڕۆژی دەکردەوە، لەگەڵ ژنەکەیدا، فاتیمە، منداڵی زۆریان خستبوونەوە، هەنووکە هیچکامیان نەگەیشتبوونە ئەو ئاستە کە لە بەڕێوەبردنی ماڵدا پشتیان پێ ببەستریێت، دووریش بوون لەوەی لە داهاتوودا هەم لە بەڕێوەبردنی بنەماڵە و هەمیش چوار درهەم پێوە بنێن و ئەو بنەماڵە مەزنە لە دەستکورتی ڕزگار بکەن.

ئەو موحەمەدی دەبینی وەک سەرووی شام سەری بۆ سەرەوە بەرز دەکردەوە و ئازاد بوو و هیچ شتێکیش ئەوی بە زەویەوە نەدەبەستەوە و جوامێرانە دەبووە پیاوێکی پیاوانە. ئەوی منداڵ ئەمی شەیدای خۆی کردبوو، زۆر تاڵی و شیرینیی ژیانی تاقی کردبوویەوە، بەڵام هەرگیز منداڵی وەک ئەمی نەدیتبوو، چ منداڵێک دەتوانێت ببێتە خاوەنی پاکییەکی وەها.

ئەوە دەست و قاچەکانی نەبوون کە لە قوڕ درووست کرابوون و نە دڵیشی کە چاڵێکی قوڵ بوو و ئەو هەموو بیرەوەرییەی منداڵی تێدا نێژرابوو کە ئەویان دەبزواند، شتێکی دوورتر تۆ ناوی بنێ غەم و شادیی خێر، بابەتی خێر و شەڕ نا شتێک گەورەتر ئەوی ڕێنموونی دەکرد، کەسێک ئەوی گرتبوو تا نەکەوێت. ئەوە ئەو بوو لە داهاتوودا کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی دەهەژاند، بەڵام چۆن ئەم نەیدەزانی؟ لەو کاتەدا ئەم لە بیری شەڕی ڕزگاریی خۆی و مرۆڤە هاوخوێنەکانی نەهاتبووە دەرەوە، مامە ئەبوتالیب هاتە ژوورە و ماڵەکە بە دەر و دیوارەوە پڕ لە نووربوو، دەموچاوی لە نووری مەشخەڵی ڕۆشنایی خۆری بەیانیدا بینی و هەواڵی سەفەر و هاوڕێیەتیی کاروانی پێ دا.

هەتاو وەک دزێکی خوێناوی لە بیابانـدا سـەری هەڵکێشـا، سـەری مەککەی بازرگـان و دەوڵەمەندیش بە هەمـوو بـوونیەوە دەدرەوشـایەوە، کـاروان دەبـزوا هەزاران وشـتر لە ژێـر بـاری قورسـی سـەر پشـتیاندا بـۆ سـووککردنی کـۆڵی قورسیان هەمووان پێکەوە بە ڕێتم و نەزمەوە ملی دڕێژیـان دەبزواند و هەر بە یەک نەزمیش هەزاران قاچیان لە لمی بیابان دەچەقاند و دەگواستەوە.

گـۆرانیبێژانی وشـترانیش ڕەوتـی ڕۆشـتنی ماندوونەناسـانەی وشـترانیان ڕادەگرت و هەمـوو بازرگانانی گەورەی قورەیشیش لە پەنـای سـەروەت و مـاڵی خۆیـانەوە کە بە پشـتی وشـترەوە بـوو بە دەموچـای داپۆشـراو بە قوماشـی گرانبەهـا دەبزوانـد و مـامە ئەبوتـالیبیش بە سـواری دوو ئەسـپەوە لەتەک بازرگانانداِ خۆی بە شوێنی نان بۆ بنەماڵەی فراوان و ئەمیشی بـۆ کۆکردنەوەی ئەزموون وەگەل خۆی خستبوو.

وەک ڕەسمی هەمـوو پیاوێکی قورەیشی ڕێی دووری بازرگانییان گرتبـوویە بەر. ئەو بـاش شـارەزای ئەو دەر و دەشـت و شـاخانەی دەوری مەکـکەیە، هەرچەنـد سـەرزەوییەکی ڕەقـوتەق زێتـر نیـیە و بـێجگە لە بەرد و چەو و لمـی ڕەش هـیچ شـتێکی تیـدا نیـیە، نە کانیاوێـک نە لـقە درەختێـک، لە دڕکـی (بیبـا) و درەختی (ئەزخر) زیاتر هیچی دیکەی لێ ناڕوێت.

بەڵام هەر هێندەش بەسە کە بیابانیش ڕۆحی تیایە ژیانێک لەوێ دەگوزەرێت، ئەوە لەبەر غەریبەکـانە بیابـان خـۆی دەپێچێـتەوە، ئەگینـا بـۆ ئەوەی بە بیابـان ئاشـنایە بەچـاوی تیـژی بیابـان ئـاوەدان و گەورە و قەرەبـاڵغ و ژیـانی دەبینێت، ئەی ئەوە نیـیە مـرۆڤ و ئـاژەڵ و باڵندانی لەو بیابانەدا خەریکی ڕاون و ڕۆحی کەرووشک و ئاسک و تەنانەت شێریش لە جەستەیان جودا دەکەنەوە و ڕۆحیان دەدەنەوە ئاسـمان، کە ڕەنـگە ئەویـش هەر بیابـان بێـت و جەسـتەی مـردوو و بێڕۆحیشـیان بـۆ نـاو شـار دەهێنـنەوە. ئیتـر بە مـوحیبەتەوە چـاوێکی بەسـەر دەشـتودەرەکەدا گێـڕا و شـانازیی بە هـاوڕێیەتیی خـۆی و بیابـانی گەورە و ئـاژەڵانی ورد و درشـت و درەختـانی نەبـوو یـاخود دەگمەنـی دەکـرد، چەنـاگەی خسـتە سـەر دەسـتەی تەختەپینـی کەژاوەی وشـترەکە، کە لە تەک جـووڵەی بە ڕیتمی وشترەکەدا بیروەرییەکانی ناو سەری ئەمیش دەهاتنەوە.

ئەو ڕۆژەی وەبیر هـاتەوە ئـاژەڵانی کێوی هـاوڕێی بەجـێ هـێڵا و مێرووڵە و سـمۆرە و تەنـانەت پەپـووڵە و کوللەکـانیش بـۆ مـاڵئـاواییلێکردن لە شـوێنەواری

نادیاری خۆیان سەریان دەر هێنا و بە چاوی بەفرمێسکەوە مااڵئاواییان لێ کرد، ئەمیش دڵە میهرەبانەکەی هەم غەمبار و هەمیش بە شادی گاڵۆکی بە نیشانەی مااڵئاوایی لەوان هەڵبڕی و ئەوجا گاڵۆکی نایە سەر شان و بۆ ناو هاوخوێنانی گەڕایەوە.

هەنووکە بیرەوەرییەکانی لە دڵیەوە بۆ چاوانی سەرکەوتن و بوونە فرمێسک و زانە چاوەکانی. ئەوێ ڕۆژێ ئەقڵی پێی دەوت: بۆ کوێ دەڕۆی ئەی بچکۆلە هەر ئێرەت باشترە، لای ئەم هاوڕێ بەستەزمانانەت بمێنەرەوە تۆی بێ دایک و باوک لێرە باشترت دەست ناکەوێت. ڕۆحی داهاتوو بینی دەیوت: نا پێویستە بڕۆی، ڕەوا نییە لە جیهانی پڕ ئازاری هاوخوێنانت بێئاگا بی، ڕەوا نییە، بەاڵم ئەمە لەو حەقیقەتەی کەم نەدەکردەوە کە تەنها بەرد و بیابان و درک، لم و گەردەلوول و وشکانی بوون.

کاروان بەڕێوە بوو، زەنگی ملی وشتران لە دوورەوە سەدایان دەزرنگایەوە و بە نیشانەی تێپەڕبوونی ئاسمانی خۆرهەاڵت سوور هەڵگەڕابوو، قەتێکان لە هەوای گەرمدا سەریان الر کردبوویەوە، باڵندەکان بەسەر سەریانەوە دەهاتن و دەچوون و نزیک دەکەوتنەوە و دەیانجووکاند و پاشان دوور دەکەوتنەوە و بۆ ئاسمانی دوور هەڵدەفڕین. لەبەر ڕووناکیی خۆرەکەدا بەو السەرەوە ون دەبوون مرۆڤە وەحشییەکان کێو و سەحرایان پڕ کردبوو، دووکەڵ لە سەربانی گڵینەدا بەرز دەبۆوە، چاوەکانی بە هەموو شتێکەوە هەڵدەواسرا کە بە الیدا تێدەپەڕی و هەستی بە شادی و بەختەوەری دەکرد، بەختەوەری چییە بێجگە لەوەی مرۆڤ جیهانێکی جیاواز لەوەی خۆی ببینێت.

بە لای چەند شاری وێرانەشدا تێپەڕین، کە ئەم مێزەرەکەی بە دەمولووتیەوە هەڵپێچابوو تا بۆنی گوناە نەکات، گوناهکار ڕۆشتبوو، بەاڵم بۆنی گوناە هەر مابوو، کاروانیانی دی هەستیان پێ نەدەکرد، چونکە ئەوانەیان گوناهی وەک ئەو گوناهانەیان ئەنجام دابوو یاخود هێندە لەناو بۆنی گوناهی وادا ژیا بوون کە بۆنیان بواردبوو و هەستیان بە بۆنەکەی نەدەکرد. ئەو شووڕا بەشکۆکانی ئەو شارانەی بینی بە داڕووخاوی مابوونەوە، هەندێک لە دیوارەکانیان هێشتا هەر بە پێوە بوون و نیوەی دیکەش ڕەش داگەڕابوون. هەندێکی دیکەشیان باران لە نێوان درزەکانیاندا بووبووە گژوگیا و سەری خۆی بە قژی پژاوی سەوزەوە لێ هێنابوویە دەرەوە، پەنجەرەکان هاتبوونە خوارەوە و دیار بوو کە ئیدی کەس

لێیانەوە ناڕوانێت، هەندێک لە دەرگاکان نەمابوون تا بزانرێت چەند دەست بەمبەر و بەوبەریانەوە گیرابوو و جێ پەنجەکانیان بەجێ مابێت، هەندێکیش چوارچێوەکەیان مابوو، دوولاکانیان نەمابوون تا بزانرێت لە کێ دەکرێنەوە لە بەرامبەر کێش دادەخرێن، ناوی قەومەکانی پرسی، بەڵام نەیزانی هەرکام لەوان کێ بوون کە خۆیان بوونە مایەی تیاچوونی خۆیان و وێرانیی شارەکەیان، هەندێ بۆ عیبرەت وەستا و پاشان وڵاخەکەی لێخوڕی تا وێرانی نەبینێت، ئاخر ئەو حەزی لە ئاوەدانی بوو نەوەک وێرانی.

وێرانە و مەرگ زۆر شتیان بۆ وتن پێیە، ئەو هەموو پیاوە دوور لە خوایانەی قورەیش بەلای ئەو هەموو مەرگ و وێرانەیەدا سااڵی دوو جار تێدەپەڕن و لەو زمانە ناگەن کە ئەمی منداڵ ئێستا لێی دەگەیشت، بۆیە ئەوان هەرچی زۆرکردنی ژمارەی سەروەت و سامان گڕی تێ بەردابوون و بە قوواڵبوونەوەی چۆنیەتیی چەشتنی حیکمەت نەگەیشتبوون.

موحەمەد خەریکی دوو سەفەر بوو، یەکێکیان لەناو خۆیدا و یەکێکیشیان لە دەرەوە، لە سەفەری ناوەوەی خۆیدا لەتەک ئەوانەدا بوو کە بەجێیان هێشتبوو و بۆ لای دەهاتنەوە، زۆربوون ئەوانەی لەگەاڵی ژیان و خۆشیان ویست، بەڵام نەیانتوانی لەگەاڵی بێن و ئاسوودە نەبوو، لە یەکەم سەفەریدا لە هاوسەفەرەکانی دەگەڕا، لەم سەفەرەیدا چاوەکانی پڕ بوون لەو ئازیزانەی لە سەفەری دەرەوەیدا لەگەاڵی نەبوون، ناوبەناو دەهاتنەوە لای و لە تەکیدا بوون، ئەو بەردەوام دڵی بۆیان دەبزوا، ئاخر ئەو دڵی زیندوو بوو.

ئەگەر خەاڵکی دیکەی قورەیش سەفەری دەرەکی دەکەن، ئەوا ئەم سەفەری دیکەی هەیە، ئەمەش جیاوازیی ئەم و ئەوانی دیکەیە، جیاوازییەک ئەوانی دی دەیانزانی، لەودا هەیە و بەڵام نەیاندەزانی چییە، هەرگیز مەعقوول نییە خەاڵکی دیکە هەستیان بە جیاوازییەکانی ئەو کردبێت، بەڵام ئەو نەیکردبێت، ئەو دەیزانی هەموو ئەوەی ئەوانی دیکە ئەنجامی دەدەن بۆ ئەو کەمە، سەفەری ڕۆحی ئەو لە ڕەنگڕێژی ئەم سەفەرەی دەرەوەی بێ نسیب نەبوو، هەر بۆیە لە دەرەوە دەیدی هەموشیان نەسەبی خودای خۆیان لەبیر نەچووبوو، سەریان لە سوژدەدا بوو و تەسبیحاتیان دەکرد. ئەو لە ناوەوەیدا جوانی دەڕوانی، بۆیە لە دەرەوەش جوانی دەبینی، جوانییەکی ناوەوە و دەرەکی دەبینی. سەفەر هەرگیز کۆتایی نەدەهات، سەفەری دەرەوە جەستە و زەینی لە دەست دابوو و سەفەری

ناوەوەش ڕۆح و دڵ، لەو سەفەرەیدا گیانی بە دەستیەوە دەگرت و پێشکەشی پاشای ئەو مەملەکەتەی دەکرد کە بۆی دەڕۆشت. لەسەر ئەم بیابانە لماوییە پێستی زەوی لەبەر تیشکی خۆردا ڕەش بۆتەوە، دەریا و ئاوی پێشتر لەوێ وشک بووە و دەشتی کاکی بە کاکییە، دارخورمایەکیش نابینی بە پێوە وەستابێت و قژە پەلەکانی کردبێتە چەتر تا لە تینی خۆر قەدی ڕووتی و گرێ گرێی بپارێزێت. وشتری ملدرێژ و پشتئاوساو بە شوێن یەکدا هەنگاو دەنێن.

لەبەر تینی گەرمای خۆریشدا جارجار قەتیەک قونە دەکات، یاخود کەرویشکێک لەسەر قاچەکانی بوەستێت و کلکی کورتی دەخاتە زەوی و دەست و سەری هەڵدەبڕێت و گوێ گەورەکانی جووت دەکات و بەحەزەوە وەک سەلام بکات بۆ کاروانی دوورودرێژ دەڕوانێت، مارمێلکەیەک یاخود بزنەمژەیەک کە لە ئانی هەناسەدانیدا ژێر سینگی بەرز و نزم دەکات، سەریان هەڵدەبڕن و بێ پرتاندنی چاوەکانیان تا ئەمان تێدەپەڕن دەڕوانن، یاخود ماریک بەسەر لمەکەدا پێچ دەخوا و دەپیشکێنێ و بەخێرایی دەڕوات و شوێنی جەستەی باریک و درێژی و پێ نەبووەکانی بەسەر لمەکەوە بەجێ دەمێنن. لەپڕ وشتر و شترەوان دوور زۆر دوور دەبین، ئەوانی دی نایبینن کە گەردەلوول لە دوورەوە باز دەدات و گەرمای خۆی دەنێرێت و لمی زەوی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێت و گردە لمینەکان گەورە گەورە لەتەک خۆی دەهێنێت، بای نەبینراو دەبێتە بینراو وەک شاخی لمی دەڕوێت و شەپۆلی لمین و گەورەی خۆی بۆ کەنار، بۆ لای ئەمان دەنێرێت.

داوا لە کاروانیان دەکرێت دەموچاوی خۆیان بە چەتفەی سپی و ڕەش دابپۆشن و هیچ لە دەموچاویان بە ڕووتی بە دەرەوە بەجێ نەهێڵن، کەچی با هەر لێیان ناگەڕێت و لە درزی نێوان پێچی قوماشی داپۆشینی دەموچاویان خۆی دەگەیەنێتە چاویان و بنی چاو و ژێر ئەبرۆیان دەخاتە کزەکز بە پیامالێنی لمی وردی خۆیەوە، ئیدی عەیامێک کە تەنها وشترەکان دەزانن چەندە و کە تەنها ئەوان بەناویدا هەنگاو دەنێنن و تێدەپەڕن، بەناو ئەو ئازار و مەرگەدا تێدەپەڕن.

ئێستا ئیدی ئاسمان دامرکایەوە و بای تووڕە لە ئازاردانی کاروانیان گەڕا و بارگە و بنەی خۆی پێچایەوە، وشتری بەستەزمان خۆی بە دەستەوە نەدا و ئەمانی دەربباز کرد و وشتری منداڵەش بە شوێن وشتری مامەیەوە بوو کە

وشتر هەواڵی ڕێز و گەورەیی نەدەزانی و بە گواستنەوەی قاچی گەورە هەوڵی پێشکەوتنی وشتری پیرەپیاوی دەدا، وەک ئەوەی بزانێت ڕۆژێک دادێت پیرەپیاو لەپێناو گەورەیی ئەو منداڵەدا ئازار دەچەژێت، وشترانی ئاوام بە دەنگی گۆرانیبێژانی نازکێش گەرم بوون و بیابانی بەرفراوانیان دەخستە دوای خۆیان، سەرەنجام چۆڵیی بیابان کۆتایی هات و لەو دەشتاییە نەبڕاوەدا بوونی ئاوەدانی و منداڵ و ژن و دووکەڵ خۆی پێشان دا، دەوارەکان لەمبەر و لەوبەری ڕێگەکە وەک گوڵی گەورەی ڕەش لەبەر خۆرەکەدا بریسکەیان دەهات.

خوا چەند مەخلووقی زۆرە، چەند سەرزەویی فراوانە (خودایە چەند پاشایەکی گەورەی کە هەموو مەملەکەتێکت هەیە، بەڵکو زۆر لە پاشاکانیش گەورەتری) سەیری دەوارەکانی کرد کە هەڵدرابوون، دیتی درەخت و دووکەڵ و مرۆڤ پێکەوەن، ژن و مەڕ و بزن و ئەسپ و وشتر لەبەر خۆردا بە پێوە و دێن و دەچن، ڕەشماڵێکیش لە هەموویان گەورەتر، پیاوان لە ژێریدا دانیشتوون و چاویان لە یەکیانە لەو سەری سەرەوە پاڵی لێ داوەتەوە.

ڕۆژێک ڕزگارکەر هەر ئەو هاوڕێ هەم لەبەرچاو و هەمیش نەدیتراوەی ئەو دەگاتە ئەم شوێنە، بانگی ڕزگاری هەڵدەدا و لە بیابانەوە بۆ ئەم وڵاتی درەخت و ئاوەش دەگات، ڕێگا جیاوازە دووڕەکە دەگرێتە بەر ئەوجا هاوسەفەریەکانی پەیامی پێچەوانە دەگەیەنن لە چۆڵەوانییەوە بۆ ئاوەدانی، لە خوارەوە لە خاکی لم و ڕەقانی عەرەبەوە بۆ سەرەوە، بۆ مەملەکەتی گیا و گوڵ و زەیتوون و هەنار و تریێ ڕۆم و فارس هەڵدەگەڕێن.

ئەو دەمەی عەرەبانەچیی ڕۆژگار قامچیی خۆی با دەدات و هەر دوو ئەسپی خۆی، یەکێک سپی و یەکێ ڕەش، ئەسپی ڕۆژ و ئەسپی شەو بۆ پێشەوە وەبەر دەدا و گەڕانەوەیان نییە. لە سەر درۆشکەی خۆی ڕزگاری هەڵدەگرێت و هەواڵی نوێ و پەیامی نوێ سەرتاسەری وڵاتی عەرەب و ڕۆم و عەجەم دەگەیەنێتە هەر لایەک.

لە پێشاندا داماو و هەژارەکان و لە پاشانیش پاڵەوان و سوارەکان یەک و یەک و هەزار هەزار شوێنی دەکەون، ئەویش وەک گەورەی کەشتییەک هەڵدەستێتە سەر پێ و بە هەر چواردەوری خۆیدا دەستیان بۆ هەڵدەبڕی و ئەمیش سەلامیان لێ دەکات و نوتقیان بۆ دەدا و پێیان دەڵێت: دەبێت

قامچییەکان لەسەر پشتەکان ڕابگیرێن و پشتەکان ڕاست ببنەوە، بانگی ڕزگاری دژی برسێتی و بێدادی هەڵبدرێت.

ئەوجا ئەوانی بێ ئەژمار لەو دەڕوانن و مووییان کرژ دەبێت و (اللە اکبر) دەکەن، هەموو ئاژەڵانی کێوییش بەو (اللە اکبر)ەی ئەوان سەر هەڵدەبڕن، خۆریش لە سەفەری ڕۆژانەی خۆیدا لە ناوەڕاستی ئاسماندا بە دەموچاوی بە پێکەنین و داگیرساوی خۆیەوە بۆ ئەوان دەڕوانێت و شادی لە دڵی دەدات و ڕۆشنتر دەردەکەوێت، لەوە دەگات لەو خوارەوەش خۆرێک پەیدا بووە کوژانەوەی نییە و بۆ تاهەتایە. ئەو جیهانی نەدیتراوی مرۆڤ و ئەمیش بەری قایمی زەوی نووڕانی دەکات، با خۆری تازە دەرکەوێت بەو لاسەرەوە لە تەنهایی خۆی ماندوو بووە و وەک ئاوێنەیەک بدەیتە بەر ئاوێنەیەکی دی تا تیشکی ئەم بەو شوێنانە بگات کە لە یەک پەسیون و ئەم ناتوانێت پێیان بگات. ئەو خۆرەش ئەو شوێنە ڕۆشن دەکات کە دەسەڵاتی ئەمی پێ ناگات. ئەو و ئەم وەک دوو برا، ئەم لە سەرەوە و ئەویش لە خوارەوە، ئەم لە دەرەوە و ئەویش لە ناوەوە هەموو جیهان ڕۆشن دەکەن، ئیدی ئەم کاتێک لە سەفەری ڕۆژانەی خۆی بەردەوام دەبێت، لە مەملەکەتێکەوە بۆ مەملەکەتێکی دیکە دەڕوات، ئەوا خۆری برای لەو شوێنانە بەجێ دەهێڵێت و ئەو کاری ئەم تەواو دەکات.

قەیدی نییە، با بێت ئەو چیرۆکە کۆنانە بە درۆ بخاتەوە کە لە تاریکیدا دەخوێنرانەوە و مەملەکەتی تاریکی وایان دەخولقاند، هەرچەند مرۆڤگەل چاویان دەکردوە، بەڵام هیچیان نەدەدی. لێگەڕێ با ئەو خۆرە لە بیابانەوە بێت و هەموو ئەو جیهان تاریکە ڕووناک بکاتەوە و تارمایی لەسەر چاویان لا بچێت و چاویان ڕووناک بێتەوە. درۆبوونی چیرۆکی درۆزنانەی چەند سەدەیان بۆ دەرکەوێت و چیرۆکی ڕاستەقینە دەست پێ بکات لەنێو جیهانی ڕووندا چیرۆکی ڕاستەقینە بخولقێت و لەناو ئەو چیرۆک و داستانەدا مانای بوونی خۆیان بدۆزنەوە.

ئەگەر ئەوان بێ چیرۆک ناژین، دەی لێگەڕێ با ئەم چیرۆکی ڕاستەقینە و هی بەرخۆری زەوی بێت و هەنووکە داستانی نوێ دەستی پێ کردووە، زەویەیش خەریکە هەنگاوی گەورە دەنێت، عەرەبانچیی ڕۆژگاریش هەر زوو ئەسپەکەی هێناوەتە سمکۆڵان و خۆری زەوی لە عارەبانەی خۆی هەڵگرتووە و شارە و شار دەیگێڕێ و خەبەری تازەی پێیە، خەبەری سەرهەڵدانی جیهانی تازە و یان نوێ. ئەم کارەش هەروەها بە سانایی ناڕوات، دوژمنانی ڕزگارکەر

لە هەموو شوێنێک ڕێی پێ دەگرن. ئازاری شوێنکەوتووانی دەدەن، تەنانەت کاتێک ئەو سوپای ڕزگاربووانی پێک دەهێنن ئیتر بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕوویان دەبنەوە، هەموو توانایان دەخەنە گەڕ بۆ لەناوبردنیان و مێشکیان بە دار و بەردەوە دەپژێنن، دەیانکوژن و سەریان لە لاشەیان دەکەنەوە و بە بەر خۆری بیابانەوە گۆشتیان بۆ وەحشیانی گۆشتخۆر بەجێ دەهێڵن و ئێسکوپرووسکیان لە بیابانی چۆڵ بەجێ دەهێڵن. خوێنیان دەڕژێننە ناو ئاو و ڕەنگی سەوز و شینی دەریای پێ سوور دەکەن و لاشەی بێگیان هەڵدەدەنە کەندڕان و دەمی تینوو و کراوەی زەوییان پێ تێر دەکەن.

ئەوان نیازیان شەڕ نییە، ناچار بە بەرگریکردن لە خۆیانیان دەکەن، ئیدی شەڕی نەبڕاوەی مرۆڤ دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بەناچاری و لە پێناو ڕزگاریدا، ئەمان شوێنکەوتووانی ڕزگارکەر دەکوژن یاخود دەکوژرێن، لە کۆتاییدا دوژمنان دەبەزن و مەشخەڵ بە دەستان لەم شار بۆ ئەو شار دەڕۆن و بەری ئەو درەختەی لە بیابان ڕوا دەگوازنەوە بۆ هەموو شوێنێک، ڕزگارکەر زۆر پێی ناخۆش دەبێت، ئاخر ئەو بۆ ڕزگارکرنی مرۆڤ هاتووە و هەروەها شاییستەی خۆبەکەمگرتن نین لە بەردەم گەورە و بتانی بێگیاندا خۆیان زەلیل بکەن، ئەوان دەبێت ڕزگار بکرێن. هەستی کرد دەنگێگی بەرز، وەک دەنگی ڕزگارکەر لە ناخیدا بە بەرزی دەیوت: دەبێت ڕزگار بکرێن، خۆریش لە سەرەوە گوێی لەو دەنگە دەبێت. کوڕەکە گوێی لە دەنگی مامی بوو بانگی کرد و وتی: مامە گیان (منارە و زەنگ و قەڵاکان دەبینی، وا خەریکە دەگەینە شاری بوسرا).

هەر بەو دەنگە ئیدی ڕزگاربوون و خوێن و ڕزگاری دەسڕێنەوە، دێتەوە سەر وشتر و ئەوی ئەو دەمەی سەروو چل ساڵی بچووک دەبێتەوە و دەبێتەوە منداڵێکی سیانزە ساڵە و بۆ یەکەم جار لەتەک مامیدا بەرەو شام سەفەر دەکات. هەنووکە خەریکە دەگەنە بوسرا و ئاسمان دوو پەڵە هەوری لەسەر ئەوی هەژار و هەتیو ڕاگرتووە تا سێبەری بۆ بکەن و خۆریش بە دەموچاوی خڕیەوە لە سەرەوە بۆی پێدەکەنێت لە بەردەمیشیدا شۆێنێک بە خۆی و دیواری ڕۆنراو و جادە و منارە و ڕەنگی ئێوارەوە پێشوازیی لێ دەکات.

شانزەیەم: لە بوسرا

(ئیدی بەهەشت و دۆزەخ دێنە سەر زەوی و ئەو قیامەتە دێت کە چاکان و خراپان لە یەکتر جوودا دەکاتەوە)

خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو و کاروان هەر بەڕێوە لە دوورەوە شاری بوسرا بە خەڵوەتخانەکەی خۆیەوە لەبەر تیشکی سووری ئێوارەدا دەرکەوت، خودایە بۆ موحەمەد ئەمە دونیایەکی تازە بوو، بۆنی گوڵ و بوخورد هەموو شوێنێکی گرتبوو. لەبەرچاوی موحەمەددا ڕەشەبایەک دێت و تۆزی بیابان و بەهەشت و دۆزەخیش لەتەک خۆی دەبات و ئەم جوانییە پێشان دەدات. خودایەک ئەم جیهانە جوانەی خولقاندبێت هەرگیز لەو سووکایەتیانە خۆش نابێت کە مرۆڤ بە بەهەشتەکەی ئەوی دەکات.

بوحەیرای ڕاهیب لە ژوورەوە لەو کاروانە تازەی دەڕوانی کە لە دوورەوە دەهات، سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و پەنجەکانی خستبووە ناو ڕیشە سپییەکەی و بە دەستەکەی دیکەشی گوڵەنگی زینهارەکەی خۆی بە دەستەوە گرتبوو، هەر ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکرد. بە چوارپاڵی دەرگاکەوە وەستا و دەستێکی بە ئەڵقەڕێزەکەوە گرت و ویستی بیکاتەوە و پاشان ترسی لێ نیشت دەرگاکەی داخستەوە و پاڵی بە دەرگاکەوە نا و سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد تا کەس لە دانیشتووانی پەرستگاکە نەیبینێت، چاوەکانی داخست و ئاوی تەڕ لەژێر پەردەی پێڵوەکانیەوە هاتە دەرەوە، تا ئێستا بۆ سەیری کاروانیانی غەریبە دەرگای نەکردبووەوە، دەیویست شتێک بڵێت، بەڵام قسە لە قورگیدا گیرا و نەیتوانی هیچ شتێک بڵێت، پاشان هەوڵی دا بوێریی خۆی بەدەست بهێنێتەوە.

ئەو نیشانەکەی بینیبوو، ئەوە چی بوو خودایە! بەدەوری خۆیدا خولی خوارد و دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، لە کۆتاییدا لە بیابانەوە هات، بیابان چۆڵوهۆڵ بوو و شوێنی قیژەقیژی عەرەبان و ئاژەڵانی وەحشیە، بیابان سکی زەوییە و لەوێ جارێکی دی سکی بوویەوە و ڕۆڵەیەکی بوو حەزی دەکرد هاوار بکات.

ئیدی بەهەشت و دۆزەخ دێنە سەر زەوی و ئەو قیامەتە دێت کە چاکان و خراپان لە یەکتر جوودا دەکاتەوە، بەهەشت بۆ ئەوانەی شوێنی دەکەون و دۆزەخیش بۆ ئەوانەی لە دژی دەوەستنەوە، ئیدی کۆرپەلەی زەوی تەنها خوێن

ناخوات، بەڵکو دێتە دونیا، ئاسمان مەمکی دەخاتە دەمی، خوێن بە شیر دەگۆڕێت و کۆرپەی ڕزگارکەر جەنگ بە ئاشتی دەگۆڕێت و ئەوانەی ویستوویانە لە ڕێی یەکترکوژییەوە بۆ ناو گۆمی ئاگر خۆیان هەڵبدەن، هەنووکە ئیدی ڕێگەی بەهەشت دەگرنە بەر، ئەو نایەت کە شت و ناشت پێشانی مرۆڤی کڵۆڵ بدات، بەڵکو هاتووە ڕێگایان پێشان بدات ئەو ڕێگایانەی ئەوسەریان بەهەشتە. ئیدی دایکە زەوی هەم لە خودا و هەمیش لە شەیتان ڕزگاری دەبێت، لە خودا کە ئیتر بەهۆی کردەی مرۆڤ سزای نەدات و لە شەیتانیش ڕزگاری دەبێت کە ئالاکەی هەڵگرێت و پێش مرۆڤی نەفام بکەوێت و بە گژی یەکتریاندا بدات و خوێنڕشتن کە وەک باکان شوێنی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنیان دیار نییە.

لە سەرەتاوە هیچ ڕێگەیەک نابینرێت، بەڵام ئەو ڕێگە دەکاتەوە مرۆڤگەلی دیکەش هاوکاری دەبن، بە ڕێکی دەستی یەکتری دەگرن، هەر وەک کەڵەک و دیواری وەستای دانا کە بە موو لاریی تێدا نابینی. وەک منداڵی بێباوک خۆیان بە دایکیانەوە هەڵدەواسن، ئەو دەبێتە دایک و بچکۆلانەکانی کە ئێمەی مرۆڤین ڕزگار دەکات، ئەگەر من بمێنم ئەوسا منی ڕیشسپی خۆم دەکەمە شوێنکەوتووی، منداڵ دەبمەوە و دەچمە باوەشی پیغەمبەرانەی ئەو بۆ ڕزگاربوون لە ڕەحمی ئەوی دایکدا خۆمم پەنا دەدەم.

شەو بااڵی ڕاکێشابوو، مانگ بە سەر سەرەوە بە خەرمانەی خۆیەوە نەدەبزوا، تیشکەکانی لە پەنجەرەکەوە بۆ ناو میحرابەکەی ڕاهیب ناردبوون، ئەمیش چاوی لە کاروانسەراکە کلا نەدەکرد، دوودڵ بوو بڕوا... نەڕوا... ئاخر ئەوی ئەمڕۆی منداڵ و سبەینێی گەورەی ئەوی لێیە. گیانی هاتبوویەوە ناو بەدەنی، داوای یەکێک لە خزمەتچیانی کرد: دەچیتە لای ئەو کاروانە نوێیەی عەرەبان و پێیان دەڵێیت سبەینێ میوانی پەرستگە دەبن. کوڕەی خزمەتچی، ئەشکەوتی دەمی کرایەوە و وەک ئەوەی نەیبیستبێت وتی: گەورەم!

ڕاهیب وتی: نەتبیست! دەچیت بەو کاروانیانە دەڵێیت سبەینێ میوانی ئێمەن، لە خوارەوە ڕۆژ بۆی دەرچوو، لە ئاسۆ خۆر ئاودیو بوو و لە ژوورەوەش شەو دابەزییە خوارێ، چراکانی ئاسمان هەڵکران و چراکانی زەوییش یەک یەک کوژانەوە و دێرەکەش کپ و بێدەنگ بوو، حەزی دەکرد بچێتە باخچەی گەورەی دێر و تا بۆنی پاکیی شەو هەڵمژێت کە بۆنی گەاڵی زەیتوون و لیمۆ و هەنار و

خورما و تریێ پێکیان نابوو و هیچکامیشیان نەبوو. بۆنی شەو تێکەڵ بە بۆنی گەنیوی زێراب و بۆنی تیژی مرۆڤ و عارەق و شیاکە و پشقلی ئاژەڵ بوو، هیچ دەنگێک نەبوو دەنگی لووڕەی گورگ و حەپەی سەگ و جارجاریش منداڵێکی برسی بۆ شیری دایکی دەگریا و دەنگی سمکۆڵان و حیلەی ئەسپ و کاوێژی وشتریش لە خانەکەوە دەهات کە ئەوی لێ بوو، ئەم دڵنیا بوو ئەوە خۆی بوو.

ڕاهیب چووەوە ناو دێر و ناو تەختە خەوەکەی، فریشتەی خەو هەر نەهاتە سەروەختی هەتا بەیانی چاوەکانی زیتەیان دەهات، دەبێت زیاتر دڵنیا ببمەوە، ئەم ئەرکی بوو پارێزگاری لەو بکات، لە کتێبەکاندا هاتبوو ئەو دوژمنی هەبوو و هەوڵی لەناودانی ئەویان دەدا، لەم باسەدا نەوەک لە ئازاری خۆی، بەڵکو لە ئازارپێگەیاندنی ئەو دەترسا. نابێت ڕێگە بە ئازاردانی ئەو بدات، ئاخر مرۆڤایەتی ئومێدی ئەو نەبێت، بێجگە لە کەمێک ئیمانی کەنارگرتوو لەنێو دێر و ئەشکەوتان و کەمێک عەقڵی بچووک کە تەنها فریای تەگبیری ناو خێڵ و ناوچەکان دەکەوتن و زۆرێک لە ئاژاوە و خوێن و نەخۆشی و برسێتی و یەکترخەڵەتاندن هیچی دیکەی بۆ نەمابوویەوە. بۆنی بوخورد لە تەک بۆنی شۆربای گەرم و گۆشتی کوڵاو و پاقلە هەواکەی پڕ کردبوو.

جارێکی دیکەش ئازاری مرۆڤ بە بەرچاویەوە بە پرتاو تێپەڕی و پاشان خەیاڵی بۆ دوور فڕی، عەرەبەکان هەموویان هاتبوونە هۆڵەکە کە زۆر بەرز بوو و بە وێنەکانی مەسیح و دایکی و مانیی پێغەمبەر ڕازێنرابوویەوە. ڕەبەنی پیریش بە دەست و چاوێکی بۆ سەر خوانەکە فەرمووی لێ کردن بە چاوەکەی دیش بەشوێن خاوەن نیشانەکەدا دەگەڕا، میوانەکان زۆربەیان لاو و هەندێکیشیان بە تەمەن و پیر بوون، قۆڵیان لێ هەڵماڵیبوو، بە سێ پەنجەیان دەستیان دەسووە خواردنەکە، هەندێکیان بە ڕووی کراوە و کەمێکیش بە ناوچاوی مۆن و گومانەوە لە خواردنەکەیان دەخوارد. ڕاهیبی پیریش خۆی سەرپەرشتیی خۆراکەکەی دەکرد و بەبێدەنگی و دەمبەخەندە دەهات و دەچوو و نانی بەسەردا دەبەشینەوە، دەیزانی ئەمە لای ئەوانی عەرەب بابەتێکی تاسۆخ بوو.

ڕووی لە ڕیشسپیترینیان کرد و وتی: ئەمانە تەواوی ڕێبوارانی کاروانەکەن؟ هیچ کەسیان لێ بەجێ نەماوە؟ ڕیشسپییەکە کاتێک تیکە لە دەمیدا بوو و وەستا تا قووتی بدات، ئەوجا وتی: نەخێر کەسێکی وا نییە تەنها منداڵێک نەبێت کە لای بارەکانمان دامان ناوە تا دەگەڕێینەوە. لە ڕاستیشدا ڕیشسپی حەزی دەکرد

لەگەڵ خۆی بۆ سەر خوانەکەی بهێنێت، بەڵام لەبەر پیاوانی دی نەیوێرا ئەو منداڵە بۆ سەر سفرەی گەورەکان بانگهێشت بکات.

پیرەپیاو لە دڵی خۆیدا دەیوت ئەگەر دەزانن ئەوە نانی ئەوە دەیخۆن، لەوانی ڕوانی بەچڵێسییەوە تیکەیان لە خواردنەکە دەگلاند و بێئاگا لەوەی لە پەنای ئەواندا لە داهاتوویەکی نزیکدا بڕیارە چی ڕوو بدات. بەتاسەوە وتی: نابێت سفرەی ئێمە لە هیچکام لە هاوسەفەرانتان بێبەش بێت.

ڕیشسپیی کاروانیش گوتەی ڕاهیبەکەی پێ خۆشبوو، بۆیە هەر زوو یەکێک لە گەنجەکانی نارده دووی منداڵەکە، هەرچەند دەیزانی پیرانی دی وەک خووی خێڵەکی خۆیان پێیان خۆش نییە منداڵ بێتە سەر سفرەی گەوران، هەرچەند ئەو منداڵ نەبوو، بەڵکو گەورە بوو و باوکی ئەمیش لەپەنا خۆیەوە لە سەروو مەجلیس دایدەنا و پرس و ڕای پێ دەکرد. هەر ئەو دەمەش گەورانی قورەیش ئیرەییان پێ دەبرد و بە میهڵی خۆیان دەزانی، هەرچەند نەیدەزانی ئەوان بۆ وا مامەڵە لەتەک ئەو منداڵە خۆشەویستەدا دەکەن، ئاخر ئەو چی لەتەک ئەواندا کردبوو، هەر ئەوەش بوو ئەمڕۆ ڕێیان نەدا لەتەکیان بۆ سەر سفرەی ڕازاوەی دێر و خۆراکی خۆشی ڕەبەنان بێت.

منداڵەکەیان هێنا، کە لە دووڕەوە لە دەروازە گەورەکە دەر کەوت، شەپۆلی نوور لەتەکیدا وروژمی هێنا، نووری دەڕەوە و نووری ناوچاوی، هەر کە لە سەرەتای هۆڵەکە دەرکەوت ڕەبەنی پیر ناسییەوە، خۆی بوو، میوانێکی بچووکی چاوگەورە و ئەبرۆ پڕ و دەموچاو خڕ و بزە لەسەر لێو، کە لە کاتی قسەکردندا ددانە وردەکانی دەرکەوتن. ڕاهیب چاوی لە جەستەی جیا بووەوە و نووسا بەوەوە و لە جێی چاوەکانی کانیی ئاو تەقی و بەسەر ڕیشی سپیدا جۆگەلەی بەست. نا ئەوە منداڵی بچووک نەبوو، بەڵکو ئەوە ڕزگارکەری هەموو مرۆڤ بوو کە هاتبوویە سەر خوانی ئەو.

ئەو ئەگەرچی مەزن و قوتارکەر بوو، بەڵام شەرم و حەیا لە ناوچاویدا دەباری، حەیایەک هەم ئارامی و هەمیش ئازایەتیی تێدا بوو. دەستی برد و دەستە نوورانییە منداڵانەکەی خستە ناو دەستەکانی خۆی و ویستی لەبەردەمیدا چۆک بدات، بەڵام لەبەر ئەوانی دی نەیوێرا، وتی ئەمە کوڕی کێیە؟ ڕیشسپی وەڵامی دایەوە: کوڕی منە.

ڕەبەنەکە وتی: نا... نابێت ئەم منداڵە باوکی ببێت. هەر کە وای وت، هەموو دەستەکان لە خۆراکەکە کشانەوە و چاوەکان لە سفرە و خۆراکەوە بۆ خاوەن خوان هەڵبڕان کە پێشتر لەبەر فروانی و سەخاوەتی ئەو خۆراکە بۆ یەک جاریش لە خاوەن مااڵیان نەدەڕوانی، پاشان هەموو چاوەکان لەیەکتریان ڕوانی و بەبێ وتە بە یەکتریان وت: ئەو چۆن دەزانێت. پاشان پیرە ڕەبەن بۆ ئەوەی بەر لە خەیاڵی ڕۆشتووی ئەوان لەسەر خۆراک بگرێت وتی: تکایە فەرموون... فەرموون...

هەموو پیاوانی ورگن و زۆرخۆر مشتیان لە گۆشت و خۆراکی چەور دەدا و دەمیان دەنا بە پەرداخی زیوینی شەرابەوە و هەڵیاندەقۆراند و بیریان بە الی وتەکەی پیرە ڕەبەن نەمایەوە، تەنها مامەی پیر نەبێت نەیتوانی سەری بەسەر خۆراکدا شۆڕ بکاتەوە و قسەی ڕەبەنەکە مێشکی بۆ خۆی بردبوو، مەبەستی چی بوو لەوەی کە درکاندی، ئەوجا بە خیبرەی خۆی زانی ئەم نادانەی ڕاهیبەکان پەیوەندیی بە برازاکەی ئەوەوە هەیە.

پیرە ڕەبەن چاوەکانی بە منداڵەوە نووسابوون، پیرە مامیش نیگای لە پیرە ڕەبەن کالا نەدەکرد کە بەردەوام لە برازاکەی دەڕوانی، هەردوو پیرەپیاو چاویان برپیە یەکدی، وەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بکەن. مامە لە دڵی خۆیدا دەیوت: خودایە بەزەییت پێمدا بێتەوە، دڵی پیرم ناتوانێت لەوە بگات کە ڕەبەنی پیر چی لە برازاکەم دەوێت.

هەوا لەتەک جووڵەی دەستەکانی ڕاهیبدا جووالّ، کاتێک دەستی بەسەر منداڵەکەدا هێنا، بە مامەکەی وت: هەتا زووە بگەڕێوە و برازاکەت بپارێزە!

حەڤدەیەم: موحەمەد بووە پیاو

(خۆر گزنگی دا و تیشکە زیوینەکانی گرتە شاخەکەی بەرامبەر و موحەمەد بیری کردەوە کە دەبێت خۆری حەقیقەتیش بەو جۆرە هەڵبێت.)

ئەوێ ڕۆژێ بیابان ڕووکرژ و لێڵ بوو، گەردەلوول هەڵی کردبوو، هێشتا ڕۆژ نەبووبووەوە کە کەڵەشێرێک چاوە خڕەکانی هەڵهێنا و پاشان هەڵی ڕوانییە ئاسمان و باڵەکانی لێکدی دا و ملی درێژ کرد و قووقاندی، شاری مەککە چاوی هەڵهێنا و لەوسەری مەککەوە تا ئەمسەری ژیانی تێدا گەڕایەوە و خۆریش بەو سەری سەرەوەی شاخی (نوور)ەوە سەلامی لە هەمووان دەکرد، تەیر و تیور پێش مرۆڤ کەوتبوون و چووبوون بەدەم کاری خۆیانەوە، بە دەنگی خۆشخوانی خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە خۆشەیان دەسەندەوە، ئاژەڵ وشتر و مەڕ و بزنەکانیش چاوەڕوانی ئەوە بوون بەشە ڕزقی ئەو ڕۆژەیان پێ بگات، خاوەنەکانیان ئالیکیان بۆ بهێنن و هەر نا بەرەڵایان بکەن و ڕێگەیان بدەن لەو دەشتە فراوانەی خودا کە پێی دەوترا سارا، قووتی خۆیان بەدەست بهێنن.

موحەمەد لە جەستەی ڕاکشاوی مەککەی ڕوانی کە ئاسوودە و لەزەتچەشتوو نووستبوو، خەوی دەبینی و وەک کۆتر دەیگماند. مالّی خودای بینی کە بە زەوی تەختەوە لەو بیابانەدا هەڵواسرابوو، هەنووکە تەنها مالّی خودا نەبوو، بەڵکو لە بەشی خودا بتانی بێگیان بە سەدان بەشی خۆیان بردبوو.

بەلای ئەمەوە ئەو ژیانەی مەککە زۆر دوورترە لەوەی کە دەبووایە ببووایە، خۆر گزنگی دا و تیشکە زیوینەکانی گرتە شاخەکەی بەرامبەر و موحەمەد بیری کردەوە کە دەبێت خۆری حەقیقەتیش بەو جۆرە هەڵبێت. بەرەو بازاڕی بۆ دوو ڕۆژ دڕووستکراوی عوکاز بزوا، هەنووکە ئەو بووبوویە پیاوێکی تەواو، وردەموو وەریبوون، مووی ڕەش و چڕ بە خەتی جوانی باریک بە لاجەنگیدا هاتبوونە خوارێ، لەسەر چەناگەی بە ڕێکی کۆ بووبوونەوە، دانە سپییەکانی لەناو دەمی فراوان و لێوی ئاوساویدا بە نیشانەی بوونی لە بنەماڵە ناسراوەکان، بەڵکو ناسراوترین بنەماڵەیان "تیرەی بەنی هاشم" زۆر بەجوانی دەردەکەوتن و لە دوورەوە دەبریسکانەوە.

بێ پارە و پوول، کە سەرمایەی ئەو تەنها ژیری و مامەڵەی پاکی بوون، نانیان دەدا و بنەماڵەی زۆری مامیشی بەڕێوە دەبرد، لەگەڵ بازرگانان دەبووە شەریک، ئەم بە حیکمەت و دەستپاکییەکەی و ئەوانیش بە پوول و سەرمایەیان، هەمیشە خەندەی لەسەر لێوان بوو، هەمووان ئاواتیان دەخواست وەک ئەو بان و ئەو لە خڕکردنەوەی پارەدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە جێکەوت دانان لەسەر هەمووا ندا وەستا بوو.

ڕەوشت و ئاکاری و ژیری و چارەسەری گرفتی هەموو ئەوەیان دەگوت، کە ئەم شازادەیە بەرەو سەروەریی گرنگترین و پیرۆزترین شاری عەرەب هەنگاوی دەنا و هاوڕێی هەمووان و بە ڕۆژدا لەناو بەشەردا هەڵدەسووڕا و سەودای دەکرد و مافی بێدەسەڵاتانی لە دەسەڵاتداران وەر دەگرتەوە.

بە شەویشدا دوور لە بەزم و سەفای دەوڵەمەندانە و وەک گەنجانی خوداپێداوی دیکەی قورەیش مەست و سەرخۆشانە و لە بەردەم پەنجەرەی مااڵندا تا ئەو کاتەی کۆتا ئەستێرە گێژوویژ و دواکەوتووانە ئاسمانی بەجێ دەهێڵا و خۆر بەچالاکیی لەخەوڕابوونانەی بەیانیی خۆیەوە دەڕۆشت و لە شاخەکانەوە زەردەخەنەی دەکرد و سەری دەر دەهێنا لە پەنا ئاگری تا بەیانی سووتاوی هەنووکە بە خۆڵەمیش بوودا سەر هەڵبڕیت، دوو هاوڕێی نەدیتراوی هەبوون و لەتەک ئەواندا بۆ ڕزگاریی خۆی و قەومەکەی تا بەیانی لە هاتوباتدا بوو. ئەم هیچکام لەو کارانەی مایەی شانازیی گەنجانی قورەیش بوون نەدەکرد، کەچی مایەی ڕسوایی خێڵ تیرەکەشی نەبوو.

شەوان لەتەک ئەو دوو هاوڕێیەیدا پێدەگەیی، وەک چۆن میوە پێدەگات و ڕەنگی جوان و درەوشاوە دەبێت و بە ڕۆژ ئەو پێگەیشتنەی بە کردەکانی دەدایەوە و چالاک و کارا شوکری خودای دەکرد کە هەموو نیعمەتەکانی هەر لە منداڵیەوە دەورەیان دابوو، مامە و مامۆژنێکی بەسۆز و میهرەبان، بیابان و ئاسمان و ئەستێرە بە ڕۆژدا خۆر و شەوانیش جوانیی تریفەی مانگ، هەموو جۆرێک لە ئاژەڵی بەستەزمانی ماڵی و گیاندارانی وەحشی کێوان دۆستی بوون، هاوڕێی دێرین لە گومڕایی سەرفرازی کردبوو، لە هەژاری ڕزگاری کردبوو، لە سووڕانەوەی بێئەنجام و ونبوونانەی بیابانی فراوان و بەشوێن مەرگەوە بوون ڕزگاری کردبوو.

هەر ڕۆژە لاوانی بێئەزموون سەرزەنشتکراو لە لایەن بنەماڵەوە کە بۆچی وەک ئەو نین و پیرانی بەئەزموون و سەرکەوتوو و بە تەماحی خڕکردنەوەی پارەی زیاتر لێی خڕ دەبوونەوە، دەیانویست بزانن نهێنیی سەرکەوتنەکانی ئەو چین. ئەو بە ڕوانینەکانی بەوانی دەوت: کە مرۆڤ تەنها بینینە و هیچی دی، بینینی دەرەکی هیچ نییە و چاوە جوانەکان هیچ نین، تەنها ڕێگا و ئەشکەوتی تێپەڕبوونن بۆ کرانەوەی چاوی دڵ و بەسیرەت، ئەو بە زمانی حاڵ پێی دەوتن: تۆزێک عەقڵتان وەخۆ بخەن و چاوتان بکەنەوە، خۆ خودا ئەم چاوانەی بەس بۆ جوانی پێ نەبەخشیون.

چاوەکانی بەوانیان دەوت: جیاوازیی خۆشبەختی و بەدبەختی، بگرە جیاوازیی چاکە و خراپە: جیاوازیی نێوان بیستن و بینینە، چاکە دەبینی، خراپەش دەبیستی، هەموو چاوەڕوان بوون کە وشەکان وەک دەنکە خورما لە زاری ئەو دەرچن تا لە دەمی خۆیاند هەڵیان لووشن. ئەو شت و ناشتی پێشان نەدەدان، بەڵکو ڕێگەی پێ نیشان دەدان، جیاوازیی نێوان دۆزەخ و بەهەشت تەنها ئاگر و باخ نییە، لێرە ئاشتی هەیە و لەوێش ململانێ، لێرە ڕووناکی هەیە و لەوێ تاریکی، لێرە حەقیقەت و لەوێش وەهم هەیە بۆ ئەوە بمانگێڕنەوە.

ئەوان دەیانزانی و نەیاندەزانی کە ئەم حیکمەتانەی بابەتی نەریتی عەرەب نەبوون، هەمووان دەیانوت: یەکێک ئەوی گرتبوو کە نەکەوێت، کەسێک کە هیچ کەس نەبوو و لەو کەسانەی کە ئەوان لێیان فێر دەبوون.

وەک حەکیمێک کە لەسەر نووکی کەشتییەوە وەستابێت و ئەویش وەستابوو، هەمووان لێیان دەڕوانی و بەتەمای ئەو بوون بەسەر ئەم بیابانە ڕەقوتەقەوە بیان پەڕێنێتەوە. ئەوەی شاعیرەکان درکیان نەکردبوو ئەو درکی کرد، ئەوە دەست و قاچەکانی نەبوون کە لە قوڕ دڕووستی کردبوون و نە دڵیشی کە چاڵێکی قوواڵ بوو و ئەو هەموو بیرەوەرییەی منداڵیی تێدا نێژرابوو و ئەویان نەدەبزواند، بەڵکو شتێکی دوورتر بوو، تۆ ناوی بنێ غەم و شادی و خێر، بابەتی خێر و شەڕ نا، شتێکی گەورەتر ئەوی ڕێنموونی دەکرد.

ئەو هەر ڕێگەی خۆی گرتبوویە بەر، نە سووکایەتییێکردنەکانی وەک نەخوێندەواری و بێخانە و لانەیی و هەژاری لە ڕێیان دەخست، نە پیاهەڵدانەکان وەک ئەوەی ڕووی بکردایەتە هەر شوێن و ماڵێک پڕ لە بەرەکەت دەبوو، مەغرووڕ و لەخۆباییان دەکرد، ئەو نە فیز و ئومێدی بێمانای هەبوو و نە

خۆفریـودانیش، ئەو بـاش لەوە حـاڵی بـوو کە ئەوە ئەوانـی دیـکەن مـایەی بەجێگەیاندنی کارەکانی ئەون، هەر بۆیە هەموو ئەوانی دیکەی خۆش دەویست.

موحەمەد دوو ژیانی هەبوو، دوو غەم و دوو شادییش، ژیانێک کە لە نێوان ئاژەڵانی دووپێ ئەو جێیانەی پێ خۆش بوو کە بۆنی تیژی ئارەقەی ئینسان لەو ناوەدا بـڵاو دەبـوویەوە. دەچـووە ئەو گەڕەکـانەی کۆنەپۆشـان کە گەورانـی وەجاخزادەی قورەیش حەزیان پێیان نەبوو، بێزیان لەوان دەهـاتەوە و حەزیان دەکرد هەر سەریان بە لاشەیانەوە نەبێت.

کەچـی ئەم دەسـتی دەخسـتە نـاو دەسـتەکانیان و باسـی جیهـانی دیکەی بـۆ دەکـردن کە ئەوان لەوێ دامـاو و بەسـتەزمان نەبـوون، ئەوان لەوێ سـەروەر و سەردەسـتان بـوون. ڕۆژێـک دێت لەو ڕۆژەدا هەمـوو شـتێک دەگۆڕێت، چاکـان دەبنە بەهەشتی و خراپانیش دەبنە دۆزەخی، بوونی پێشوو ڕۆڵی نامێنێت، ئەبێت ببیتە شتێکی دیکە، باخەڵەکانی بۆ خاڵی دەکـردن و بە گوتەکـانی دڵـی دەدانەوە و لە بیریان دەچوو هێندە بەدبەخت و ستەملێکراون، لە سـەردەمێکدا ستەمکاری تـا ئەوپەڕی خەیاڵ و خەیاڵیشی تێپەڕاندبوو.

لە دڵـی گەورانی قورەیشدا، کە خاوەنیـان بـوون، داوای میهـر و مافدانیان بـۆ دەکـردن، بەڕەکەی لەژێـر پێیـان ڕادەکێشـا و جیـاوازیی ناڕاسـتەقینەی ئەمـان و ئەوانـی بەرچـاو دەخسـتن، خەریـک بـوو تـۆڕەکەی لێـک هەڵدەوەشـاندن لەو گوتانەی دەوتن کە ئەگەر کەسانی تر قسـانی لەو جۆرەی موحەمەدیان بکردایە حسـێبی مردووانیـان بـۆ دەکـردن، مـوحەمەد کـاری خـۆی دەکـرد و لە هەوڵـی چاککردنی دۆخەکەدا بـوو، کافرانی ملهـوڕیش بڕیـاری خۆیـان دەدا و کەسێکیش لە هەمـووان بـاڵاتر دوابڕیـار لای ئەو بـوو، کە ئەویـش گەز و پێـوانەی خـۆی هەبوو لەبەر هیچ کەسێکیش کاری خۆی تێک نەدەدا.

موحەمەد بۆ یارمەتی لە هەموو شوێنێک ئامادە بـوو، ئەو لە شـوێنێک بـوو لە هـیچ شـوێنێکیش نەبـوو، ئەو وەک باکـان وا بـوو کە شـوێنێکیان نیـیە بـۆ دەسـتپێکردن و کۆتاییپێهێنـان. یـارمەتیی هەمـووانی دەدا بـۆ ئەوەی بـۆ خۆیـان بگەڕێـنەوە، دەسـتی هەمـووانی دەگـرت لە سـتەمکاران و لە سـتەملێکراوانیش، سـتەمکاران کە ئیدی سـتەم نەکەن و سـتەملێکراوانیش تـا سـتەمیان لـێ نەکرێت. ئەو کۆترێک نەبوو ئارام و ڕازی بێت، ئەو شەهێنێک بوو بە چـاوی گومـانەوە لە هەمووانی دەڕوانی و خۆی دەکشاندە دواوە.

ئەو هەرکات بە کۆڵانەکاندا تێدەپەڕی کشوماتییەکی سەیر دەنیشتە سەر ناوچاوانیان، هەر ئەو خەڵکەی بۆ تەگبیر پەنایان بۆ دەهێنا، بە دەوڵەمەند و بازرگانی سەرکەوتوویانەوە، تەنانەت هەنووکە سەلامیشیان لێ نەدەکرد، ئەو ئاگای لەو ڕقەی ئەوان بوو، بەڵام خۆ هەمیشە پێغەمبەران لەگەڵ ئازاردا دۆستن، لەگەڵ هەژاریدا بران، بەم کارەشی وا دیار بوو کە کارێکی مەزنی لە بەردەم بوو، کارێک کە ئەوەی هەر لەو تەمەنەدا دەستی پێ کردبوو دەیگەیاندە ئەنجام، چەوساوانی ڕزگار دەکرد و ئاوێنەی دەدایە دەست ستەمکارانیش کە حەقیقەتی دزێو و ستەمکارانەی خۆیانی تێدا ببینن.

ژیانی ئەو ڕۆژانەی وایان دەگەیاند کە ئەم سەفەری پیغەمبەرایەتییەی ئەم ناشێت گەشتێک بێت بەسەر زەوییەکی ئارامی بێترسدا، ئەو کارەی ئەو پێی سپێردرابوو، گوناهێک نەبوو، ئەو مرۆڤە پاکە لەباتیی ئەوانی دیکە بیگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵکو ئەوە ئەرکێک بوو خستیانە گەردنی، ئەرکێک بەم دواییانە کوڕەکەی عەبدوللا و ئامینەیان بۆ هەڵبژاردبوو، کارێک تەنانەت لە کاری پێغەمبەرە ئاساییەکان واوەتریش بوو، هەرچەند ئەوان برای ئەو بوون، ئەوان چوارمێخە دەکێشران یاخود تەنها لە پای ڕزگاریی قەومی خۆیان، هەرچەند لەو پێناوەدا ئازار دەدران و برسی دەکران و بریندار دەهاتەوە سۆ، شوێنکەوتووانیان ئازار دەدران، بەڵام ئەو هەموویانی خۆش دەویست و خوێنی بۆیان دەهاتەوە سۆ.

ئەو لە داهاتوودا پێغەمبەر بوو و پاشا نەبوو، مرۆڤێک وەک هەتیوێکی بێ باوک و دایک گەورە بوو، نە گەنجینەیەکی لە ئاسمانەوە بۆ دەهات و نە باغێکی تایبەت کە میوەی تێدا بخوات، هەموو ئەوەی هەبوو ئەویش وەک ئەو خەڵکە لەو بازارە دەیکڕی و نانی دەخوارد، لەو پێغەمبەرایەتیەیشیدا هیچی بۆ خۆی نەدەویست، تەنها چاکەی بۆ ئەوانی دی و هاوشاری و کەسەکانی دەویست، کەچی ئەو بە کووچە و کۆڵانەکانی ئەو شارەدا تێدەپەڕی و هەستی بە تەنیایی دەکرد. خەڵکی شارەکە ڕقیان لە پێغەمبەرەکەیان بوو، هەرچەندە ئەو ڕاستگۆ و دەستپاکی ناو ئەوان بوو و هەرچەند کوڕەزا، بەڵکو کوڕی سەردار و سەروەرەکەیان بوو، ئەو و هاوەڵەکانی دەیانزانی ئەوان چەندە ڕقیان لێیانە، ئەوان پشتیان دەکرد، دەیانویست لە بیری خۆیانی بەرنەوە، هەرچەندەش بۆیان لە بیر نەدەکرا.

شتەکانی دیکە بۆ خۆیان ئەویان بانگ دەکرد، بە لای هەر شتێکدا تێدەپەڕی گوێی لە سەلامکردنی شتەکانی دیکە بوو، ئەویش لەبەرخۆوە هەر خەریکی لێوبزواندن بوو، یارانی نەیاندەزانی وەڵامی سەلامی هەموویان دەداتەوە، یاخود ئەم پیاوە چۆن دەژی، چۆن فریا دەکەوێت بەدەم ماڵ و منداڵیەوە بێت و بخوات و بنوێت و نوێنەرایەتیی جیهانەکەی تریش بکات. ئەوان هێندەش ڕقیان لێی بێت، کەچی سۆزیان بۆی بزوا، ئەو وجوودی لەسەر دەستی دانابوو، دەیویست پێشکەش بەوانی بکات، بەڵام ئەوان لێیان وەر نەدەگرت، ئەوان کوێرایی چاویان داهاتبوو و تەنها ئەمان بوونی ڕاستەقینەی ئەویان دەدی.

ئەمانیش ئازاریان دەچەشت، بەڵام ئازاری هیچکامیان وەک ئازاری وی نەبوو، لەم بیابانە ڕەقوتەقەدا دەرگای ئاسمانی لەوان کردبوویەوە، بەڵام ئەمە بە بارتەقای ئازاردانی خۆی بوو، کە دەهاتە قسە دونیای وشکی بیابان تەڕ دەبوویەوە، هەر وەک ئەوەی وشەکانی لە ئاو بن، هەر وەک ئەوەی فریشتەکانی خودا بە توانای هەڵبژاردنی خودایانەی خۆی وشەکانی بۆ هەڵبژێرێت و بیانخاتە سەر زاریەوە.

هەر لەو تەمەنەدا دیار بوو کە ڕووداوە گرنگەکان دواتر ڕوو دەدەن، ئەم ڕووداوە وردانە لە چاو ئەواندا شاییستەی فەرامۆشکردن بوون، بەڵام ئەو ژیانێکی دیکەشی هەبوو کە ژیانی خۆی بوو، هی هیچ کەسی دیکە نەبوو و ژیانی جیابوونەوە لەوانی دیکە و تەنهایی، خودا ئەوی وا دروست کردبوو کە دەیتوانی سەر هەڵبڕێت.

سەرەتای ژیانی بیرکردنەوانەی ئەو لە مەککەدا بوو، مەککەش لە ناوجەرگەی بیابانی فراواندا، ئاوا دەستی پێ کردبوو، هەر بۆ گەیشتن بەو ژیانەش ئەمڕۆ ژیانی یەکەمی خۆی بەجێ هێشتبوو، هەمیشە وا بوو، کاتێک جیهانی یەکەم و مامەڵەی ژیانی یەکدیوی ئەوانی بۆ قووت نەدەچوو بۆ ئەم جیهانە دەهات ئەوی گەنج ئاشنا بە جیهانێکی دیکە بووبوو، بەڵام ئەودەم هەرگیز عەقڵی بۆی نەدەچوو جیهایکی ئاوا و دەنگێکی ئاوا و نووریکی ئاوا بوونی هەبێت، دەیگوت: خودایە ئەمە چییە؟ وای خودایە ئەوەی ئەو بینی لە دەرەوە پشتی هەموو شتەکانی دیکە بوو، لە ناوەوەش سەر بە قوولترین سەرزەوییەکانی ڕۆح بوو.

ئەو بازاڕ و کەسابەتی بۆ ئەوان جێ دەهێشت و دەڕۆشت و دەڕۆشت، هەرچەند پێکانی لە زەوی نەدەبڕان، بەڵام بۆ سەرزەوییەکی دیکە دەڕۆشت و

ئەو لە مرۆڤ و دووکەڵ و بازاڕ و گوتە و بیستن دوور دەکەوتەوە و لە خاک و بەرد و تاریکییەوە بۆ یەکەم ماڵی مرۆڤایەتی دەڕۆشت، لە خاک نزیک دەبووییەوە و بۆ خاک دەگەڕایەوە و لە سەرکەوتنیشیدا بە شاخەکەدا لای بە لای شاردا دەکردەوە.

مەککە چەند جوانە! بەهەشتی سەرزەمینە، خۆزگە دەبووییە هەڵۆ و لەو سەرەوە بە چاوی تیژی بە بیابانی پان و بەرینی هەر چوارلای مەککەدا دەگەڕا، ئەگەر مرۆڤ دەبووە هەڵۆ و دەچوویە ئاسمان ئەوا فراوانیی مەملەکەتی عەرەبی بۆ دەردەکەوت بەوپەری ئاسۆییەوە کە خۆر بە خەرمانەی گڕی خۆیەوە تێیدا هەڵدێت و تا ئەو شوێنەی تێیدا ئاوا دەبێت، سەرزەمینی فراوانی ئەوە.

لەو بیابانەدا چەند خانوویەکی لێ ڕوابوون، هەندێک پەڕپووت و هەندێکیش پۆشتە، زەمەنێک لە نزیک یەکدی و زەمەنێکیش لە دووریی یەک لەم شیوە و لەو زەویییە لمە قوت بووبووەوە، لە بنەڕەتدا لە شیوەکەوە کە جێگەی خوداپێداوانی شار بوو، بۆ تەپەکانی خوارتر و لەوێشەوە بەرەو دەشتەکە کشابوون. بە چاوەکانی لە بیابانی دەڕوانی و بینینەکەی بە جیهانی نەدیتراوی دەگەیاند، چەند شەرمەزاریە چاوانی لە قوڕ دروستبووی مرۆڤ نەتوانن نادیار ببینێت، ئیدی چاوانی ئەو قودرەتی بینینی بیابانیان هەبوو.

چ ئەرکێک لەوە بەپەلەتر نییە ڕۆح ببێتە جەستە، بەسەر تۆپکڵی عەرزدا نەوەک هێندەش کە دواتر دەیانوت سادە و ساکار خۆی دەناسی و پێدەگەیی، تا بیستوپێنج ساڵی ڕوانیی و بیری کردەوە و ئازاری چەشت، ژیانی چووە پێشەوە تا لە کۆتایی ئەو بیستوپێنج ساڵەدا پەناگەیەکی دەست بکەوێت. کاتێک ئایەتێکی بۆ دەهاتە خوارەوە، یاخود بە ناوچاوی ئارەقاوییەوە لە شەڕێک دەگەڕایەوە، یاخود ئەو کاتانەش بەردێکی بۆ لەبیرکردنی برسێتی لەناو قەدی دەبەست بیری ئەم ڕۆژانەی دەکردەوە. ئەو هەر بە ڕاست قەرزاری منداڵیی خۆی بوو، کە ئەو دەمەی تۆوێکی لەسەر زەویی دڵیدا وەشێنرابوو، دواتر هەر ئەو تۆوە بووبووە دارێکی بەرزی وا کە سێبەرەکەی بۆ هەموو دونیا بوو.

لە بیابانی پڕ لە ڕازی دەڕوانی، لە لایەک ئەو هەموو بزووت و ژیانەی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە هەزاران هەزار ئاژەڵی وەک شێر و ئاسک و کەرەکێوێی تێدا ونن، بێجگە لە شوانێکی وەک ئەم کە باش بیابان دەناسێت مەگەر ڕاوچییەکان کە بە قەستی گیانیان دەچنە سارا بزانن بوونیان هەیە. لە لایەکی

دیـش هـیچ نیشـانەیەکی ژیـان خـۆی نانوێنێت، دەرەختـان لە تینـی گەرمـا نـاوێرن سـەر دەر بێـنن ئەگەریـش بێـنە دەرێ تینـی بەردەردانیـان نیـیە، بینینـی ژیـانی ئاوەدانیی بیابان گۆڕینی مرۆڤی دەوێت، دەبێت مـرۆڤ لە جەستەوە ببێتە ڕۆح، هیچ شتێک لەوە پەلەتر نییە کە جەستە بۆ ڕۆح وەربگێڕدرێت.

ئەو لە ئەشـکەوت دەمـایەوە و لە نادیـاری دەڕوانـی، ئەو مـاوەی مـانەوەی لەوێ وەک ئەبەدیەتێـک تەماشـا دەکـرد، ژیـانی دووەمـی پێویسـتی بە دوورەپەرێزی بـوو، ئەو دوورەپەرێزییەی ڕێگەی پێدا هەقیقەتـی بـوون بزانێت، ئەوە هەنووکە و هەر جار لە کێشـە حەتمییەکانی ژیـانی یەکەم خـۆبەدوورگرتن بـوو. مەکـکە تەنیـا بتـی تێـدا نەبـوو، بەڵکـو بووبـوویە کارخـانەیەکی گەورەی بتسازی، ئەو دەمەی بۆ ئەم جیهـانەی ڕۆشـتبا وەک ئـەمڕۆ، هەر ڕۆژ دەبـووەوە لە مـاڵ دەر دەچـوو، کە تاریـک دادەهـات دەهـاتەوە بە تـاک و تەنهـا وەک یەک درەخت لە سەر ئەو شاخە و لەناو ئەشکەوتدا سەوز بووبوو.

کۆڵەپشـتەکەی لەنـاو ئەشـکەوت دانـا و بـۆ بەردەم ئەشـکەوت گەڕایەوە و لە بیابـانی ڕوانـی، چۆڵوهـۆڵیی بیابـان سـەرنجی ڕاکێشـا، سـەرنجی ئەو جـووڵەیەی دەدا کە چـاوی ئاسـایی نەیـدەبینی و خـودا بە بەخششـی فراوانـی خـۆی خـاکی ئەمـلای بـۆ ئەولا دەبـرد و تەپوتـۆزی ئەولای بـۆ ئەمـلا دەهێنـا، لە بیابـان هـیچ شتێک ناجووڵێ و هەموو شتێکیش دەجووڵێت.

درەخـت و ئـاو و سـەوزایی، نەبـوونی ئەوانە لای بیابـانی عەرەب مانـای هەبوونیان بوو، لە چۆڵیی خۆیدا لە قەبرێکی مەزنی لەبیرکراوی دەکرد، خـودا و ئاسـمان چ موعجیزەئـامێز بـوو، شـنەیەک لە بیابـانەوە هـات و بەرەبەرە ڕۆحـی دەکـرایەوە و شـتێکی سـەیری دەچەشـت، ژیـان بـابەتێکی بەڕێـزی بە ئـێمە بەخشـیوە، بەڵام ئێمە شایستەیی ڕێزلێنانیمـان بەخشـیوە. بەهەشـتیش ئەوەیە کە ئەوە ئەنجام بدەین و دەبووا ئەنجاممـان دابا، کە گەیشـتن بە ئـەزموونی بـوونی نەدیتراو بوو کە ئەو هەنووکە ئەوەی ئەنجام دەدا، چاوی دەکرایەوە و قیامەتێک لە هەناویـدا بەرپـا دەبـوو، بـوومەلەرزەیەک لە ئاسـمان ڕووی دەدا، سـاتێک لە ئاسـمان سـاتێک لە دەشـتی کاکی بە کاکی و بیابـانی دەڕوانی، ئەو ئامـادەی کار بـوو، پێویسـتی بە خەڵکـی تـر بـوو تـا ڕەگەکـانی دابکوتێـت. خەریـک بـوو بە جیهـانەکەی دیـکە دەگەیشـت و تێگەیشـت بـۆ بەجێهێنـانی ئەرکێـک لەو شـێوەیە

نابێت داوای یارمەتی لە هیچ کەس بکات، دەبوو بەتەنها مشتەکەڵەی خۆی بە دیواری نەهاتیی ژیاندا بمالێت کە دەیویست لەتەک خۆیدا ببات.

ئەو وەک گوڵ ڕووداوێکی سەمەرەی ئەم بوونە بوو کە لە سەرەتا وەک غونچە دڕووست دەبوو پاشان دەبوویە گوڵ و دەکرایەوە، ئەویش لەو بیابانە وشکەدا کە جێی ڕوانی گوڵ نەبوو، ئەویش گوڵی پێغەمبەرایەتی.

ئەو دەبوو تەنها چاوی بکاتەوە و هیچی تر، خودا مرۆڤی خۆش دەوێت، هەموو شتیش دەیوت ئەو مرۆڤی خۆشەویست و لەبەردڵانی خودایە. ئەوجا دارە میوەکانی تەرزی نوێی دەر کرد و بۆ ئەوە ڕادەهێنرا کە بگاتە لووتکەی ژیانی دووەم، تا کارێکی مەزنی لەدەست بێت کە دوای ئەو لە کەس نەهات، کە ئەویش کاری پێغەمبەرایەتی بوو. هەموو ئەوەی ئەو دەمە زەینی ئەو درکی نەکرد ڕۆحی دەیبینی. تابلۆکانی بەهەشتی دەبینی گوێی لە نالەنالێ دۆزەخیش بوو، لە پشتی حەفتا دیوارەوە گوێی لە دۆزەخە، ڕێی هەردووکیشیان لێرەوە دەستی پێ کرد. لە بەردەرکەی ئەشکەوت لەناو چێژی ڕۆح و وشکبوونی جەستەیدا ڕۆشن بوویەوە، بە دڵێکی ئاسوودەوە دەبووە هاوڕێی هەورەکان کە بە ئاسماندا بڵاوەیان لێ کردبوو و لە ئاوابوونی خۆری نواڕی.

لە بەردەم ئەشکەوت و لە ڕوانین بۆ بیابان گەلێ دوورتر ڕۆشتبوو، کاتێک کە هاتەوە بۆ ئێرە، بۆ بەردەم ئەشکەوت گەڕایەوە و لە تەک ئاودیوبوونی خۆردا ئەمیش بۆ ناو ئەشکەوت ئاودیو بوو. ویستی تا دونیا تاریک دانەهاتووە بوخچەی خۆراکی بکاتەوە و دوو تیکەش دەرخواردی جەستەی بدات، ئاخر هەر جۆرێک بێت ئەویش مەخلووقی خودایە و پێویستی بە خزمەتکردنە.

لە کاتی گلاندنی تیکەی خورمای وشک و هەڵدانی تەڕایی ئاو بشوێنیدا سێبەری خەمێکی گەورە لەسەر ڕوخساری نیشتبوو، غەمی ئەوەی هێشا نەبووبوویە ئەوەی کە دەبووا ببێت و ئەرکی گەورەی لەسەر شان بوو، ڕۆحی شتێکی دەویست و زەینی شتێکی تری دەوت و زەینی فریای ڕۆحی نەدەکەوت، زەین و جەستەی بچکۆلە، بەڵام ڕۆحێکی گەیوی هەبوو ئەو پێویستی نەدەکرد بمرێ و لەدایک بێتەوە تا ڕۆحی بگات. وەک هەموو گیاندارە دووپێکانی دی، دوو دەعبا لە ناوەوەیدا لەدایک بوون و خێراش گەورە بوون، یەکێکیان جەستە واتە پڵنگ و دووەمیان زەین، ئەو بازە تێرنەخۆرەی دەیەوێت ناوەوەی مرۆڤ

بخوات. ئەو لە هەموان چاکتر بوو، بەڵام هێشتا نەبووبوویە فریشتە، بۆیە ئەو هەموو خەیاڵ و حەزانەی کە مرۆڤی لە قوڕ ڕۆنراو هەینی، ئەویش هەیبوون.

بیری لەوە کردەوە دوو ژیانی هاودژی وی چ مانایەکی گەورە و ئەرکێکی گەورەیان بەو دەسپارد، لە لایەک لەدەستدانی ئازیزان و لە لایەکی دیش هەر لەبەر ئەوەش فریشتان بە خاترجەمی ڕێنماییان دەکرد و لە هەر شتێک دەیانپاراست. ڕەنگە ئەو جۆرە ژیانە بەس بۆ ئەوە بێت لە منداڵانی دیکەی قورەیش چاکتر و ئارامتر بێت، ئەگینا حیکمەتێک لەوەدا هەبێت کە ئەوی خانەدان ناچار بە شوانی ببێت و زمانی ئاژەڵ و بیابان و هەنووکەش زمانی ئاسمان بزانێت. زیاد لەوەی ئەوان لێی تێدەگەیشتن خێراتر دەگەیی، لەناو ئەو هەموو بگرە و بەردەیەی تێپەڕینی منداڵیدا خۆی بە دەرگای تەمەنی گەنجیدا کرد، سەرەتا وەک هەر منداڵی دیکەی ساوا، پاشان گەورە دەبوو و دەبووە پیاو و ئەوجا تۆوی گوتاری خودای دەوەشاند، ئەوانەی لە تەکیدا ژیان و ڕێزیان لێ دەگرت و ئازاریان دەدا، نەیانزانی ئەگەر بیانزانیایە دواتر ئەو دەبێتە کێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە سەرەیان بۆ بەدەستخستنی دەگرت.

لە پاش خواردن هەڵسایەوە، ڕووی لە دیواری ئەشکەوت کرد و لەگەڵ یاری ئەبەدیدا تا درەنگانێ کەوتە گفتوگۆ، ئەستێرەکانیش بۆ ئەوەی گوێیان لەوان بێت لە ئەشکەوت نزیک دەبوونەوە و تارمایی بزواوی ئەویان بە تیشکەکانیان دەخستە سەر دیواری ئەشکەوت، ئەو دەمەش گفتوگۆ کۆتایی هات و ئەشکەوت بێدەنگیی قووڵی بۆندار و مانادار گرتی، هەر لە ئەشکەوتەکەدا بە نیازی هاتنەسەروەختی بۆ خەوی ڕاکشا، بەڵام خەو نەهات و چاوەکانی لە بنمیچی درز بردووی بەردینی ماڵی کۆنینی مرۆیان دەڕوانی، بیابانیش لەتەک ئەمدا چاوی نەدەچوویە خەو.

کاتێک ڕۆژ بووەوە و ئەستێرەکان کە تا ئەو کاتە بە لاسەرەوە و لە دوورەوە بووبوونە چرای موحەمەد و خۆیان بۆ دەسووتاند و شوێنی خۆیان بە ڕۆژ دەگۆڕی، هێشتا خۆر نەگەیشتبوو و نیشانەکانی بەر لە خۆی بۆ بیابان و مەککە و ئەشکەوت ناردبوو، کە لە جێی خۆی قیت بوویەوە و کە خۆر دەرکەوت لە شاخەکە دادەگەڕا و گەنجەکە لە دونیای فریشتان بۆ دونیای مرۆڤ دەگەڕایەوە.

هەژدەیەم: ژنهێنان

(خەدیجە لە پەنجەرەکەوە چاوە کپەکانی بڕییە ئاسمان و هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و لە دڵی خۆیدا وتی: ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانی، ئەوە لەو شتانەیە کە هەرگیز ناوترێن.)

خەدیجە هەموو شتێکی هەبوو، تەنها دڵی چۆڵ بوو و نەیدەتوانی دڵی بەچۆڵی بهێڵێتەوە، هیچکام لەو پیاوانەش داوای دەستیان کرد ئەو کەسە نەبوون ئاوەدانی بکەنەوە و تەڕایی بۆ بیابانی فراوانی دڵی بگێڕنەوە، ئەم ڕۆژگارانێکی گرانی بەتەنهایی بەسەر بردبوو، پێویستی بە هاوسەرێکی بێغەلوغەش بوو قەرەبووی ئەو سەختیانەی بۆ بکاتەوە و بیکات بە هاودەمی خۆی و لە تەنهایی شەوانیش ڕزگاری بکات.

لە دوو مێردان نەحەوابوویەوە، بڕیاری دابوو ئیدی هێڵانەی دڵی نەکاتە شوێنی مەلی دڵی هیچ پیاوێک، ئەو تەمەنی چل ساڵ دەبوو، بەڵام هێشتا جوان و پڕ بوو لە شادی و چێژ، لەو مرۆڤە میهرەبانانەی کە لە شەڕی لە ئەزەلەوە هەڵایساوی نێوان چاکە و خراپەدا هەمیشە لایەنگری چاکەن و ئامادەن هەموو سەرمایەی مادیی و داناییان لە پێناو پشتگیریی چاکەدا دابنێن، لەو ژن و پیاوانەش بوو کە باش بۆنی فریشتە و شەیتانی لە بۆنی تیژی پیاوان جوودا دەکردەوە و هەر لە یەکەم وەستانی نێوانیان بۆ مامەڵە، ئەو دەمەش مامە ئەبوتالیبی پیریش لە نێوانیاندا بۆنی فریشتەی لە "موحەمەد"دا پڕ بە دەماخی بۆن کردبوو. هەستی دەکرد ئەگەر موحەمەدی بە نسیب ببێت، ئەوا چۆتە بەهەشتەوە، ئاخر بەهەشت بێجگە لە پیاوێکی بەوەفا کە خۆشی بوێت و متمانەت پێ هەبێت و فرمێسکەکانت بسڕێت و شەوان لە پاڵتدا بنوێت و بۆن بە سینگتەوە بکات و کۆتری دڵی لە هێڵانەی دڵی تۆدا بگمێنێ و شانازی بە بوونیەوە بکەیت و تۆی خۆش بوێت، بەڵام ئازاری ئەوانی تریش لە دڵ بگرێت و مرۆڤە ئازاردراو و لەبیرکراوەکانی لە دڵدا بێت.

بە هاوڕێکەی وت: تا نەیبینم و زۆر باشیش دەتوانم ڕوو بە ڕووی ئەویشەوە بنێم و وەک هەموو پیاوانی دی ڕەتی بکەمەوە، بەڵام ئەم کارە هەر هێندەی بەسە کە دەیبینم یاخود لە لام ناوی دەهێنن، ئیدی لەمیاندا دەست و

پەنـــجەم ون دەکەم و زمـــانی پـــاراوم لاڵ دەبێـــت و لەوێشـــیاندا دڵـــم دەبێـــتە چـۆلەکەیەک و بەســـەر مـاڵی مامیـدا کە ئەوی تێـدا دەمێنێـتەوە دەسـت بە فـڕین دەکات. هاوڕێکەی وتی: جا ئەمە چـۆن دەبێت، تـۆ بەشـوێن شـتێکدا دەگەڕێی کە پێگەیشتنی گران نییە و ئێمەی بەڕەی ئـادەمی دامـاو کە نـازانین سـبەینێ چیمـان بەسـەر دێت، من وا دەزانم هێندەش گران نییە، ئاخر من خەونم بینیوە، تۆ نـازانی لە کاتێکدا کە خەوتـووین چەنـد دەرگـای ئاسـمانمان لـێ دەکرێنەوە. ئەویـش لە کاتی تاریکیی شەودا کە هیچ دەسـەڵاتێکمان نییە.

ئەو بەبیری هـاتەوە کە یەکەم جـار ئەوی بینی دوای بینینی خەونەکەی بـوو، شـەو بـوو، مانـگ لە ئاسـمان دەموچـاوی خـۆی لەنـاو سـەرپۆشـی ئاسـماندا دەر خستبوو، کەشتیی مەککەش لەناو دەریای شـینی مانگەشـەودا مەلەی دەکرد، ئەو شـەرمی دەکـرد، بـۆ زەویـی دەڕوانـی چاوەکـانی لێـک نـابوو و ئەمـیش چـاوی لە زەویـی ڕەقـی کـۆڵانەکە گیـر کردبـوو و لەتەک ئەبوتالیبـدا دەربـارەی کـاروانەکە گفتوگـۆی بـوو بـێ ئەوەش بـۆی بڕوانـێ ئاگـای لە مـوحەمەد بـوو کە لە چ شـەرمێکی جوانـدا بـوو، لەو شـەرمانەی پیـاوە بەڕەوشـتەکان لە ژنـایەتیی ئەو ژنانەی دەنێن کە ئازا و بەڕێزن.

تا ئێستا نەیزانیبوو دونیا هێندە دڵرفێنە و پیـاویش ئـاوا بە سـۆز و میهرەبـان، بەڵام ئەو چاوەکانی لێک نان و ئیدی خەدیجەی نەبینی لەنێو دەرگـاوە بەبێدەنگی ئـاوا دەیگـوت: تـۆ نـازانی مەیسـەری خزمەتکـار لەو سـەفەرەیدا کە لەتەکیـدا ئەنجامی دابوو بـۆی گێڕامەوە، جـوودا لەوەش وەرەقەی ئامۆزام لە لێکدانەوەی خەونەکەمدا کە نوورێک لە ماڵی بەنی هاشمەوە هات و بە سینگی منەوە نووسـا، دەیگوت، ئەو دەبێتە مژدەدەر و کۆتـا پێغەمبەر، تـۆش دەبیتە یەکەم بـاوەڕهێنەر پێی و پشتیوانی. ئەو هەموو سەروەتەم خستبوویە بەردەستی، بەڵام ئەو ئامـادە نەبوو دینارێک زیاتر لە کرێکەی خۆی بەرێت، جـوودا لەوەش مـن و ئەو هەمـان خودا دەپەرستین، ئەو ئامـادە نەبووبـوو سـوێند بە بتەکان بخـوات، وتبـووی: مـن باوەڕ بەو خودا پڕوپووچانە ناکەم.

هەسـتی بە بەرزبـوونەی لێـدانی دڵـی دەکـرد کە نـاوی مـوحەمەدی دەهێنـا، هەموو بیرەوەرییە خۆشـەکانی کچێنیی ئەو چاوەروانیانەی لە پیـاوی داهـاتووی هەیبـوون زیندوو دەبـوونەوە، ئەم هەر لە منداڵییەوە کـچە بازرگـان و لە هیچـی کەم نەبووە لە خۆشەویستییەکی ئەبەدی ڕەگەزی بەرامبەر نەبێت، بە ناشکوری

نەبێت لە دوو مێردان تا ئێستاش دەستی نەکەوتبوو، دانی بەوەدا دەنا کە ئەوی زۆر خۆش دەوێت و بە پەیدابوونی تازەی ئەو لەنێو ژیانی ئەودا باخی ژیانی چـرۆی دەر کـردۆتەوە، بەتەمـایە گوڵەکـانی بـۆ بەر وەربگێڕێـت. ئەمەش لەو نهێنییانە بوو کە لە دونیای قوولّی هاوڕێیەتیی ژنانەدا باس دەکرێت و لە پیاوان هیچکەس و لە ژنانیش نزیکترینیان لە ژنەوە گوێیان لێ دەبێت. ئەوجا خەدیجە چـووە بەردەم پەنـجەرەکە و شـاڵە ئاوریشـمینەی سـەر شـانی توند کـردەوە و دەسـتی خسـتە سـەر سـینگی و بـۆ لای هـاوڕێکەی گەڕایەوە و پێـی وت: مـن تکایەکم لە تۆ هەیە، دەتوانی بە موحەمەد بگەیەنی بێتە داوای من؟

چیـی لەودا بینیبـوو کە پێشـتر بـۆ چەنـدین داواکـار پێیـان وتبـوو و وەعـدی دیـاریی گەورەشـیان بەم دابـوو ئەگەر خەدیـجە قایـل بکـات کە هاوسـەرگیرییان لەتەکـدا بکـات، ئەوان ستاییشـی ڕەوشـت و جـوانیی ئەویـان دەکـرد، لەوەشـدا ڕاسـتیان دەگـوت ئەمە هۆکـارە بینـراوەکە بـوو، بەڵام هۆکـاری نەبینـراوی ئەو واتایەش کە دەیانشاردەوە تەماحی سەرمایەکەی بوو، ئاخر خەدیجەی بازرگان دەوڵەمەندترین ژنانی قورەیشی زۆرینە دەوڵەمەند بوو.

ئەو هەمیشە وەڵامی نەرێی بەوان دابوو، چی ڕووی دابوو هـاوڕێکەی چۆن ئەفسـوون کرابـوو وا ئێسـتا بە دەمـی خـۆی داوای هاوسـەگیری لەتەک کـوڕێکی گەنجـی هەژاردا کردبـوو، کە ئەم خـۆی داسـتانی زۆری ئەم جـۆرە گەنجـانەی بیسـتبوو پـاش دەوڵەمەنـدبوون و حەسـانەوە، ئەو دەمەش ئەم هـاوڕێیەی پیرەژنێـک زێتـر نیـیە، ئەوجـا دەڕوات ژنێکـی تەڕ و تـازە دەهێنێت و پشـت لەم هەڵدەکات. نەفیسە هەموو ئەمەی لە زەینی پڕ لە سەرسوڕمانی خـۆی دەرهێنـا و دواتـر بە هاوڕێکەشـی وت. خەدیـجە تەنهـا دەوڵەمەند نەبـوو، بەڵکـو حەکـیم و دەمڕاستی تیرەکەی بوو و پاشان ئەو باش ڕۆحـی ئەوی دەناسـی، خەدیـجە لەو کەسانە نەبـوو تەنهـا بە چـاوی سـەر بڕوایێت، بەڵکـو لەوانەش بـوو بە چـاوی دڵ دەیبینی و ئەو ڕۆحێکـی گەیشـتووی وا بـوو دڵبەندی شـتە ڕۆشـتووەکان نەبێت، کە ئەو لە هیچیانی کەم نەبوو، ڕۆحی ئەوی گواسـتبووەوە جێیەک شـوێنی شـتە ئەبەدی و جاویـدانەکان بـوو. خەدیـجە لە پەنـجەرەکەوە چـاوە کپەکـانی بـڕییە ئاسمان و هەناسەیەکی قوولّی هەڵکێشـا لە دڵی خۆیدا وتـی: ئەوەی مـن دەیـزانم تۆ نایزانی، ئاخر ئەوە لەو شتانەیە کە هەرگیز ناوترێن.

– سەرچاو ئامۆزا، هەوالّی تۆی پێ ڕادەگەیەنم.

هاوڕێ چوو هەواڵی گەیاندە موحەمەد، بە هەواڵی ئەویشەوە بۆ لای خەدیجە گەڕایەوە، دڵی هەردووکیان بە بەخشندەیی خودا فێنک بوویەوە، موحەمەد هەواڵی پێشنیاری خەدیجەی بە مامەی دڵسۆز و پیر گەیاند، ئەویش لەو پێشنیارەی خەدیجە هەم سەری سوڕ ما و هەمیش تێگەیشت، لەوە سەری سوڕ ما کە ژنێکی وەک ئەو ئەو هەموو پیاوماقوولّە خواخوای هاوسەرینیی ئەویان بوو، بەڵام وەڵامی نەدەدانەوە، بەقوولّییش لە ژیریی ئەو ژنە دانایە تێگەیشت کە موحەمەدی باش ناسیبوو، بۆیە بە کاری وا ڕازی بوو. ئەبوتالیب بە موحەمەدی وت با پرسی مامەکانی دیکەشەت بکەین، ئەمە مانای ئەوە بوو ئەو بۆ خۆی ڕازی بوو. مامەکان کە خۆیان بازرگان بوون و ئاواتی گەیشتن بە سەرمایەی وەک ئەوەی ئەو ژنە نەوەک خاوەن سەرمایە بۆ هەر کەس بە هەل دەزانرا، بۆیە ڕازی بوون و براگەورە (ئەبوتالیب)یان سەرپشک کرد هەرچی بۆ برازاکەیان پێی باشە ئەوە بکات. ئەو شەوە موحەمەد گوژمی دایە خۆی و لە شار چووە دەرەوە و چووەوە لای هاوڕێکەی، کۆنە بیابان و ئاگری کردەوە و لەبەر کزەی سەرمای بیاباندا خۆی بە پێستەی مەڕ پێچایەوە و لە ئەستێرەکانی ڕوانی و چاوەکانی بە سەیرکردنی ئاسمان بە فراوانی کرابوونەوە.

موحەمەد خەیاڵی بۆ لای خەدیجە چوو، ڕەنگ لە ڕوخساری پەڕی، ساڵەها قسەیەک لەسەر زاری بوو، بەڵام بە هیچ کەسی نەوتبوو ئەویش وتەی خۆشەویستی بوو، دڵی هەڵۆی بە حەواوە باڵەکانی کردبوونەوە، لە قوواڵایی ئاسماندا وەستابوون و چاوەکانی بڕیبوونە زەوی تا بزانێت لە کام هێڵانە بنیشێت و لای کام مێینە ئارام بگرێت، هەنووکە هەم هێڵانە و هەمیش تاکەکەی دیکەی خۆی دۆزیبوویەوە، دوای گزنگ بۆ شار گەڕایەوە و دیتی هەڵۆیەکی بێجووڵەی لە چاوەڕوانیی هەڵهاتنی خۆردا کە باڵەکانی گەرم بکاتەوە بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە نووسابوو.

کاتێک خۆی کرد بە شاردا چراکان کوژرابوونەوە و مەشخەڵی سەر کۆڵانەکان گڕیان نەمابوو و دووکەڵیان لێ هەڵدەستا، خۆڵەمێشی ئاگری هەڵکراوی ناو شەقامەکان کە گەنجانی شار تا بەرەبەیان بەدیاریەوە دادەنیشتن و بەدەم باوە دەهات و دەچوو و دانیشتووانی شار هەموو خەوتبوون، دیار بوو باش خواردبوویان و خواردبوویانەوە، زۆریشیان وتبوو وا ئێستا قوڕگیان وشک ببوو و باش هەناسەیان بۆ نەدەدرا و پرخەیان دەهات. خشەی نەعلەکانی

و جیـڕەی دەرگـاکەی مـاڵی مـامی هـات کاتێـک ئـاودیو بـوو و دیتـی مـامەی بەخەبەرە و بێ ئەوەی لە جێی خۆی هەڵبسێتەوە سەیری برازاکەی کرد و وتی: ئـێمە هەموومـان وا بـووین یەکەم شـــەو تـــا بەیـــانی خەومـــان لـــێ نەدەکەوت، خەدیـــجەش ئەو شـــەوە تـــا بەیـــان لە ئاســـمانی ڕوانیبـــوو، بەڵام لە بەردەم پەنجەرەکەی کۆشکەکەیدا نەوەک لە بیابان.

چەند ڕۆژێک دواتر، بۆنە ڕێک خرا و پیاوماقوولانی هەردوو لا سەرمایەی وشەیان خەرج کرد و هەرچەند یەکتریان دەناسی، بەڵام هەرکام لەو دوو خێڵە (هاشـم و خوەیلید) سـەنای خێڵ و باوبـاپیر و سـوارچاکان و کـوڕان و کچـانی خۆیان تا گەیشتە سەر مـوحەمەد و خەدیـجە کرا و دەست ماچ کرا و خەدیـجە پێویسـتی نەبـوو، بەڵام مـوحەمەد مـارەیی دا و دوو ژن و پیـاوی بێگـانە بـوونە خزمـی یەکـدی، بـۆ هەمیشـە داری ڕۆحـی یەکتریـان لەو بیابـانە وشـکە بە ئـاوی خۆشەویسـتیی تـرش و تەڕ کـردوەوە و ئەو دوو درەخـتە بە یەکـدی موتـوربە بوون و دارخورمای بەرزی هاوسەرگیرییان هێلانە و سێبەری بـۆ کـۆتری دڵیـان سەوز کرد.

کەڵەشـێری مـاڵیی کلکسـپی و بـاڵ زەرد و شـین لە کـولانەی مریشـکان هـاتە دەرەوە، چـاوە خرەکـانی کردنەوە و دەسـتی کرد بە بـانگکردنی خـۆر، خـۆریش هەر زوو بـێ گوێـدانە خوێنـدن و قـوو... قـوو... قـووکردنی هەزاران کەڵەشـێری وەک ئەو پەڕییە ئاسمان و بە دڵی خۆشـەوە لە دڵخۆشـیی مـوحەمەدی دەڕوانـی کە لە بەردەم مـاڵی خەدیجەدا وەستابوو، سـینیی پڕ لە زێڕ و زیـوی بەدەسـتەوە بوو لە دەرگای دا و خەدیـجە بە جلی بـووکێنییەوە بەدەر کەوت کە ڕۆشـنایی لە مانگ بڕیبوو. خەدیجەش قیافەی ئەمی کەوتە بەرچاوان وەک ئەوەی خـۆر بـێ و بۆ بەردەرگای ئەم دابەزیبێت، بەڵام ئەم سێبەری هەبوو کە کەوتبووە سەر قـاپی کۆشـکەکەی ئەو، هەنـووکە ئیـدی مـاڵەکە ڕەنگـی دیـکەی گرتبـوو، نەوەک تەنهـا غەریبەیەک هاتبووە ماڵەکەوە کە ئەوان بە غەریبەیان دانەدەنـا و هەر واش بـوو، بەڵکـو بەوەی خـانمی مـاڵ جـارێکی دیـکە گەڕابـوویەوە نـاو ژیـان و کەیـف و سـەرحاڵ بـوو. لە دڵی خۆیدا بە بینینی مـاڵی ئـارام و بێدەنگ خۆشـحاڵ بـوو، سڵاوی دەکرد و ئەو زڕکوڕەیان بەقەد کوڕی خۆیان خۆش دەویست، ئەو کوڕە دانـی گەورە و سـپی بـوون، دوو ئەڵقەشـی لە گـوێ بـوون، ئـاخر دانە سـپییەکانی دەتروسـکانەوە. ئەی زەیـدی بچکـۆلە و هینـدی تازەپێگەیشـتوو، ئـارامیی نـاو

کۆشکی پڕ لە وەفا و پاکی، سڵاو لە ئێوە. بە ئەندامبوونی هەموومان لەم ماڵەدا لە خۆم و ئێوەش پیرۆز دەکەم. پێکەوەبوونی ئاژەڵان و مرۆیانی بەوەفا و یادەوەریی دایک و باپیرە بۆ ئەو بەس نەبوو، ئێستا خەندەی خەدیجەی خۆشەویست بۆ ئەو کافی بوو. خەدیجەش لەناو ماڵە گەورەکەیدا جێی نەدەبوویەوە، بە عینوانی خاوەن ماڵ دەهات و دەچوو بەخێرهێنانی ئەو پیاوە غەریبەیە، بەڵام ئاشنایەی دەکرد و ئێستا دژی بێمانڵی و بێنەوازیی خەدیجە شەڕی هەڵدەگیرساند و پێکەوە لەم کۆشکەدا دونیایەکی دیکەیان بەڕێ دەخست.

ئێستا خەدیجە بە دڵنیاییەکی زۆرەوە لە مێردەکەی دەڕوانی و دەگریا، چاوەکانی بوونە ئەفسوون و موحەمەدیان بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، ئەم لە دڵی خۆیدا دەیوت: خەدیجە مەگری، بۆچی دەگری؟ ئەمیش لە دڵی خۆیدا دەیوت: من باوەشم لە تەواوی پیاوانی دونیا داخستبوو، هەنووکە باوەشم بۆ تۆ والایە، فەرموو وەرە باوەشم با بەتەواوەتی بۆنی پیاوانەت کەپووم پڕ بکات، تۆ خاوەن ماڵی و فەرموو فەرمانی خۆت دەر بکە، هیچ شتێک هێندەی ئەوە بۆ ژن خۆش نییە کە داوای ئەو کەسە بهێنێتە دی کە خۆشی دەوێت.

دەموچاوی موحەمەدیش بەتەواوەتی گۆڕابوو، ئیدی دونیای بێکەسی و تەنهایی و بێژنیی ئەم و بێمێردیی ئەو کۆتایی دەهات، لەگەڵ یەکدی دەبوونە دۆست و پێکەوە تاهەتایە دەمیان لە هەوای هاوسەری هەڵدەمژی، ئەگەریش لێرە لە دونیا ڕۆژێک با لەیەکتر جوودا بان، ئەوا بۆ هەمیشە لە بەهەشت پێکەوە دەمانەوە، ئەگەر ڕۆژێکیش لە یەکتری دوور کەوتبان شوێنی خاڵییان لای یەکتر بە هیچی دی پڕ نەدەکرایەوە.

دەچوونە ژووری تایبەتیی خۆیان و لەناو جێگەی دەولەمەندانەی کۆشکی خەدیجە دڵ و جەستەی یەکتریان دەلاواندەوە. جەستەی پاکی خۆی دەکردەوە و ڕێگەی دەدا ئاسمانی موحەمەد بارانی خۆی بەسەردا ببارێنێ و لەو بڕیارەی پەشیمان بوو کە ڕێگە بە بوونی پیاو لە قوواڵایی ماڵی خۆیدا نەدا و لە پاڵ موحەمەدا ڕادەکشا و بیری لە منداڵی دروستبووی خۆشەویستیی هاوبەشی خۆی و موحەمەد دەکردەوە. لە خودا ڕازی بوو کە "موحەمەد"ی لاوی دەستپاک و پاکداوێنی بە نسیبی ئەو کردبوو، بۆ یەکەم جار بیری لە منداڵی داهاتوویان کردەوە، کە هەمان چاو و ئەبرۆ و دەموچاوی خڕی موحەمەدی هەبوو، لە لای سەری موحەمەد و خۆیدا دەنگی گریانی منداڵەی دەبیست و هەستی بە بزوانی

سنگی خۆی دەکرد کە شیری سپیی دەتکاندە گەرووی ناسکی ئەوەوە. بەسەر بێشکەکەیدا باوێشکی دەدا و خەوی دەهات و بزە بەسەر لێوانیەوە دەبریسکایەوە.

خەدیجە لە هەموو شت ڕازی بوو، شتێک هەبوو تەنها شتێک کە لە موحەمەدا ئەو هێشتا ئەو شتەی دەست نەکەوتبوو، شتێک ساڵەهای ساڵ بوو مەراقی بوو، تەنها موحەمەد یارمەتیی ئەوی دەدا کە پێی بگات، بیری ئەو بابەتە لە ڕۆحیدا بروسکەی دا، ئەو بە تەنها ئەو کارەی بۆ ئەنجام نەدرا، دەبوو پێکەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن، بەڵای ئەوە ئازاری هەبوو دەبوو بەناو ئازاردا بۆ لای ئەو ڕەت ببن. سەیری مێردەکەی کرد و دەسەوسان وەستا، ئەم بیرە دڵی دەگرت، ترس دڵی داگرتبوو، ئارەقە بە گیانیدا هاتە خوارەوە، دەستی بۆ مێردەکەی درێژ کرد نەبادا لەو ڕێگەیەدا ئەو لەدەست بدات، دەیویست دەستی بگرێت تا گرۆی بەشەر ڕزگار بکات، ئاخر ئەویش دایک بوو، هیچ جیاوازیی نەبوو، دەموچاوەکان و ناوەکان هەرچی بن، هەموو ڕۆڵەی دایکان ڕۆڵەی ئەویش بوون، سەیری موحەمەدی دەکرد کە خۆی مات دابوو و لە دەنگی مژینی شیری کۆرپەکەی ملچەی لە سینگی دایکی هەڵساندبوو ڕازی بوو.

خەدیجە دەبوو ترس لە دڵی خۆیدا دەر بکات، گوێی لە ورشەیەک بوو وەک ورشەی باڵی فریشتە، نوور بەسەر سەری موحەمەدەوە خەرمانەی دابوو، بە حەپسکردنی هەناسەی کپ بوو خزایە پەنا میردەی و چاوی لێک نا. خزمەتکاران هەبوون، بەڵام خەدیجە بە دەستی خۆی پشت و قاچی موحەمەدی دەشێلا و چاوەکانی دەبڕییە چاوەکانی و ئەوی بەسەر دەکردەوە. موحەمەد دەچووە بازرگانی و زەمەنیش بە باری وشتری شادییەوە هەڵدەڕژایە ماڵەکەیان، هەموو دانیشتووانی ئەم ماڵە بە ئوم ئەیمەنی کەنیزەک و دایکی موحەمەدیشەوە هەوای پاکی ئەم هاوسەرگیرییەیان هەڵدەمژی. تا ڕۆژێ بوو ئەم لە ماڵی مامی بوو، ئەو دەمەی ماڵە بابێکی نەبوو بۆی بڕوات، وا ئێستا قەرزی کۆنی دەدایەوە، لە ڕاستییشدا قەرزێک لە ئارادا نەبوو، چونکە ئەو منداڵەی لە کوڕی خۆی زۆرتر خۆش دەویست.

نۆزدەیەم: موحەمەدی باوک

(زستان و هاوین دەهاتن و دەڕۆشتن و موحەمەد کاروانی گەورەی بازرگانیی ڕێک دەخست و منداڵانی بچووکی خۆی لە کۆش دادەنا.)

پایيز چوو بەڕێی خۆیەوە و کاروانی زستانەش گەڕایەوە و بەهاریش تێپەڕی و هاوین هات، منداڵی یەکەمیان لەدایک بوو، منداڵە کەوتە سەر پێیان و جارێکی دیيش خۆشبەختی ڕووی لە ماڵ کردەوە و ڕۆح و جەستە یەکانگیر بوون، گەردوون و مرۆڤ کەوتنە بەرخۆدان و لە پاراستنی تۆرەمەی مرۆڤ هەوڵیان دا و منداڵێک و دووان و سیان لەدایک بوون و ساڵان دەهاتن و دەچوون، هەموو شتێک باش بوو. زستان و هاوین دەهاتن و دەڕۆشتن و موحەمەد کاروانی گەورەی بازرگانیی ڕێک دەخست و منداڵانی بچووکی خۆی لە کۆش دادەنا. لەو ژیانانەی هەبوو هەرکەس لەوانەی دەوروبەری ئاواتی پێ دەخواست، بەڵام ئەو لە دڵیدا شتی دیکە هەبوو، لەو ژیانەی کە خەڵکی تێدا بوو ڕازی نەبوو، شەوان لە ئەستێران ڕادەما و بیری سەیر بە خەیاڵیدا گوزەری دەکرد، بە ڕۆژدا دەچووەوە ناو ژیانی ئاسایی و ئەو خەیاڵانەی نەدەمان.

ئەو بۆ وا لە خۆی دەکات، ئەو چووەتە ناو بەهەشتی خۆیەوە. زۆر جار بە بینینی ئەو دیمەنانە ڕۆحی لە جوواڵە دەکەوت و جەستەی وشک دەبوو، چاوەکانی دەکوژانەوە و لەو دونیایەی تریان دەڕوانی کە لە ناویدا بوو، دونیایەکی گەورە کە ئەوانی تر نەیاندەبینی و فراوانییەک بەقەد هەمووانی لە ناخیدا دروست کردبوو، لەوێش بە ئاستانەی هاوڕێی دێرین دەگەیشت و شکاتی ئەمدیوی لەلا دەکرد.

ژنەکەی لە لای سەری دادەنیشت و سەری دەخستە سەر باوەشی خۆی، یاخود دەستی بە ناوچاویدا دەهێنا و هەستی دەکرد خەریکە دەست و پەنجەکانی دەبنە قەرەبرووت. ئەوجا چاوی دەکردەوە ڕەشێنەی قەترانیی چاوەکانی وەک دوو بەلەم دەهاتنەوە و لە دەریای سپیی بیلبیلەی و لە بەرامبەر چاوەکانی خێزانەکەیدا لەنگەریان دەگرت. ژنەکەی دەبوویە ئەو مەسافەیەی

دووریی نێوان چاوەکانی و خۆشەویستیی زەبری خۆی دەوەشاند و چاوی مێردەکەی و فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە و بە سۆزەوە دەیوت: ئامۆزا بۆ وا لە خۆت دەکەی بۆ؟ ئەوجا موحەمەد چاوەکانی لێک دەنا و دەیوت: خەدیجە هەمووان بە شوێن شتێکدا دەگەڕێن، بەڵام نایدۆزنەوە. ئەوجا ژنەکە سەری لە مێردەکەی هەڵدەبڕی و بە دڵنەوایی پشتییەکی ڕەنگسوور و شینی دەخستە ژێر سەری و لە نێو نەرمایی سەرینەکە چووە خوارێ.

ئەوجا چاوی بڕییە ژنەکەی و بە ڕوانینی سۆزەوە بۆی ڕوانی، ژنە وای زانی کە ڕوانینەکانی بەناو جیهانی مەزنی ڕۆحی ئەمدا ڕۆ دەچێت، وەک ئەوەی ناخی ئەم زەوییەکی کێڵراوی ئامادەی ڕواندن بێت و ئەویش بەو ڕوانینەی گوڵێکی ناسکی لە خەم ڕسکاوی تێدا بڕوێنێت، لە زەویی دەنۆڕی کە حەزی دەکرد هەڵی لووشێت و لە ئاسمانی دەڕوانی کە هیچ پشتیوانییەکی تێدا بەدی نەدەکرد.

خەدیجە باوەشی بەودا کرد بەنەرمونیانی قژە ڕەشەکانی دەلاواندەوە دەیوت: ئازیزم هیچ غەمت نەبێت، خوا تۆ تووشی ئازار ناکات. دواجار سپێدە هات و تاریکیی شەو بە نووری سپێدە کونی تێکەوت و بای سەباش کەوتە هەڵکردنەوە، ئەستێرەکان لەودیو پەنجەرەکەوە کەوتنە خۆکۆکردنەوە.

بیستەم: لە لای یار

لەناو کووچە و کۆڵانانی مەککە و بینینی ئازاردا (ئەوەی ئازاری مرۆڤ نەبینێت، شایستەی پێغەمبەرایەتی نییە.)

خـوا ڕۆژی کردبـوویەوە و هەر بەوەش نەوەسـتابوو، بەڵکـو گەیانـدبوویە ناوەڕاسـت و خۆریشـی نـاردبوو کە لە بەیـانییەوە هەڵکشـێ و هەنـووکە لە ناوەڕاستی هەردوو شاخەکەی (سورات) بەسەر مەککەوە لەو شارەی دەڕوانی، موحەمەدیش بەستە و زەین لەناو بازاڕ و کەسابەتی تەژی لە قڕەقڕ و یەکدی خەڵەتاندن، بۆ دونیای کپ و ڕووی میهرەبانی خەدیجە بۆ مـاڵ دەگێڕایەوە، دڵی لای خـوا بـوو کە لەودیـو هەر دوو دونیـای ئەمـبەری دەنگەدەنگـی بـازاڕ و ئەوبەری کپی و ئارامی لای خەدیجە بوو.

لە یەک کاتدا دوو هەنگاوی دەنا، یەکێک بەرزی دەکردەوە بۆ ئاسمانی دەبرد و یەکێکیش بەسەر ئەرزدا دەکشا و لە خەدیجە و منداڵەکانی نزیکتر دەکردەوە، لەویاندا چـاوی دڵی ڕێنمـوونی دەکرد و لەمیشـیاندا چاوەکـانی نـووری خـۆری دەقۆسـتەوە و ڕێگە و کۆڵانەکـانی مەککەی ڕووناک دەکـردەوە، بەم کـۆڵانەدا دەیبـرد و بەوی دیـدا دەیهێنـایە دەرێ، کە بە لای وشـترانی بە بـار و منـدااڵنی شەکەت لە یاریکردن و هەڵهاتوو لە تینی خۆر و هەنووکە کشاو بۆ سێبەری بن دیـواران و پیرەژنـانی وەنەوزبـردوو کە لە کـاری ڕۆژانەی خۆیـان شـەکەت بووبوون، ئەویش سەیرکردنی ڕێبوارانی ڕێ دەیبرد تا دەیگەیاندە ملەوە.

ئەو ئیـدی گەنـج نەبـوو، لەوە تێپەڕیبـوو ئەوانـی دیـکە گرنگیـی پـێ بـدەن، هەرچەنـد ئەو لە سـەرەتاوە نە دایـک و نە بـاوک لەو کاتەشـدا پێویسـت بـوو ڕەگەزی بەرامبەر گرنگیی پێ بدات، ژنێکی هێنابوو کە بۆ ئەو دایک بـوو، نەوەک تەنها ژن، خەدیجە دەیزانی ئیتر ئەو دڵی لای ئەم نییە، یارەکەی بۆ کوێ چووە؟

دەیویست بێ ئەوەی ئەم دونیایە بەجێ بهێڵێت بۆ ئەو دونیایەی دی بڕوات، ڕێگـای هاوبەشـی دونیـا و قیـامەت بـدۆزێتەوە، ئەوجـا ناچـار بـوو چاوەکـانی دابخات بۆ ئەوەی باشتر ببینێت و ڕێگەکە بدۆزێتەوە.

خودایە ئەمانە چەند ناشیرینن، مرۆڤەکان هیچیان ناشیرین نین تەنانەت گول و گەڕەکـانیش، ئەوانەی نیـوەی دەم و لێویـان ڕۆشـتوە و چاوێکیـان ئاوسـاوە و

بیلبیلەی چاوی لەناو گۆشتەکەیدا هاتوەتە دەرێ و گوێیەکیان هەیە و کیمی لێ دێتە دەرێ و گوێکەی تریان لە نیوەدا قرتاوە و لاجانگیان لە بنی گوێیانەوە تا پشتەسەریان مووی پێوە نییە و گۆشتی سووڕە، ئەوە خۆیانن خۆیان ناشیرین دەکەن. لە ئانی جوولّەی خۆیدا خەریکی بەیەککردنەوەی هەر دوو سەفەرەکەی بوو گوێی لە قیژە و هەراهەرایەک بوو.

سلّاو لە تۆ نەبێت ئای شاری نەریتی نائینسانی، سلّاو لە تۆ نەبێت ئەی شاری شوێنکەوتەی نەفس و هەوا، سلّاو لە تۆ نەبێت ئەو شارەی کە غەریبەکان بەدلّنیاییەوە ڕووت تێ ناکەن و نامێننەوە، سلّاو لە تۆ نەبێت!

ئەگەر ئەوانی دی توانای هاوارکردنیان نییە دەبێت! ئەوان بۆ ئەوەی خەلّکی دیکە چاویان نەدەن پەنا بۆ بتان دەبەن، ئەوان نازانن کە یەکەم کەس چاویان دەدات ئەوا خودی خۆیانن، خۆیان بکوژ و خۆشیان کوژراون. ئەو لە ناوەوەیدا خەیالّی لای ئەوانی دی بوو ئەو ڕۆحی گەورە بووبوو تا جێی هەموو مرۆڤەکانی تێدا بێتەوە، وەک ئەوەی خۆی و ئەوان پێکەوە جەستەی پێک بهێنن، ئەم مێشک بێت و ئەوانی دی دەست و قاچ، نا... بەلّکو ئەم دلّ بێت و ئەوانی دییش هەموو ئەو ئەندامانەی کە خوێن لەو دلّەوە وەردەگرن.

تا شەو زیاتر چووبایە پێش زیاتر دەنگی زەوی کپ دەبوو، دەنگی ئاسمان دەبیسترا، بە کۆلّانەکاندا تێدەپەڕی و ئەسپ و وشتر و ژن و منداڵی پۆشتەوپەرداخی قورەیشیانی دەدی، خودایە تۆبە! ئەوان خوا و حەقیقەتی ئەویان لەبیر خۆیان بردۆتەوە.

لەم بیابانە فراوانەدا کەمن ئەو خێلّانەی عەرەب وەک ئەمان هەموو شتێکیان پارێزراو بێت، کاتێک عەرەبەکان بە وشتر و هێستر و ئەسپ و قریوەقریوەوە هێرش دەبەنە سەر یەکتری و ئەوان ماندوو دەبن و دەکوژن و دەکوژرێن هەموو دەستکەوتەکانیان بە قورەیش دەفرۆشن، ئیدی پێویست ناکات قورەیش لەتەک کەسدا بچێتە مەیدانی شەڕەوە و پارەکانی لەباتی ئەو شەڕ دەکەن، شەڕێک کە ئەوان هەمیشە تێیدا براوەن.

با دەهات و ڕووباری لمی لە تەک خۆیدا هەلّدەگرت و بە گڤەگڤ و ئازاراوی بە هەر جێیەکدا تێدەپەڕی و هەموو شتێکی دادەپۆشی، ئاژەڵ و مرۆڤ و ئاوەدانی و درەختی نەبووی دادەپۆشی و ڕێگاکانی دەسڕییەوە. دیار بوو ئازاری هەبوو، بەڵام دەیوت ئەمە چیە لە چاو ئەو ئازارانەی ڕزگارکەری

هیدایەتدەر دەیچێژێت، ئەمە چییە لە چاو ئەوەدا کە بۆ ڕزگاریی مرۆڤ دەبێت بچێژرێت. ئەو وا باسی ڕزگارکەری دەکرد وەک ئەوەی دوور بێت، بە ڕێگاوە سواری ئەسپەکەی بووبێت و دوو سەر و شەش قاچ و یەک ڕۆح عەباکەی بە پشتی ئەسپەکەیدا تا کلکی شۆڕ بووبێتەوە لەتەک ئەسپەکەیدا بووبێتەوە یەک، بای سەباش بە یاڵی ئەسپەکەوە قژی ڕەش و مێزەرکەی تەکان بدات، لە دەرەوە نا، بەڵکو لەناو ئەمدا ئەم هەموو بیابانە تەی بکات و کەس نازانێت چەند شار و شاخ و دەریای تەی کردووە تا بە مەککە بگات و لێرەوە دەست پێ بکات و هەموو سەرزەوی ڕزگار بکات.

لە پێشاندا لە مەیدانی سەرەکیی شار، ئەویش لە چێشتنگایەکی درەنگوەختدا بگات و بچێتە سەر گردی سەفا و بە دەنگی بەرز بانگ لە هەر دە خێڵەکەی قورەیش بکات، ئەوانیش بۆ ئەوەی بزانن ئەم غەریبەیە چی دەڵێت! بەڵام ئەو غەریبە نییە بە لایانەوە، وەک ئەوەی باش بیناسن و لەناویاندا گەورە بووبێت خانەدان و شازادە بێت و کوڕی یەکێک لە بنەماڵە ناسراوەکانی خۆیان بێت هەر چەند لە دوورەوە هاتووە، بەڵام ڕەنگ و دەنگی بەوان ئاشنا بێت و بە زمانێکی خۆمانەش لەتەک ئەواندا بدوێت، بزانن ڕاستگۆ و ئەمین بێت و تەنهایەک شتی لەوان دەوێت، دەیەوێت یەک شت بیری ئەوان بخاتەوە، شتێکی نوێیان بۆ ناهێنێت، تەنیا یەک شتیان بیر دەخاتەوە کە لە بیریان چۆتەوە، ئەویش مرۆڤبوونی خۆیانە، ئەوان ئەوەی لە بیریان چووە ئینسانبوونی خۆیانە، ئینسانی برسی و داماو.

کابرا ئازاری هەبوو، بە ئاوازی باوکایەتی وەک دایکێک کە بێچووەکەیان لێ سەندبێت دەیقیژان و دەینەڕاند و تووڕە دەبوو و شەقکاریان دەکردەوە و هەر لێنەدەگەڕا کچەکەش دەگریا و دەیقیژاند، وەک بێچووە پشیلەیەک لە دایکەکەیان سەندبێت و میاو میاو دایکەکەی بانگ بکات و چاویان لەیەکتر بڕیبێت، دایکەش لە هەڵمەت و مراندن و چڕنووکوەشاندنی خۆی نەکەوێت. سەر ئەم دیوار و ئەو دیوار هەڵبەزێت و دابەزێت، بێچووەکەی بە دەست کۆمەڵێک مرۆڤی چەتوونەوە ببینێت و هەر کە ئەم نزیک ببێتەوە بەردبارانی بکەن.

ئەمیش لە دوورەوە بە چاوی پێغەمبەرانەی تووڕەوە لە ڕووداوەکەی دەڕوانی، چاوی لە حەسرەتدا دەبریسکانەوە، بەهەڵەداوان بەرەو شوێنەکە

ڕۆشت تا ئەم گەیشت کچەیان برد و باوکەش دەگریا و هاواری دەکرد، کەسیش نەدەچوو بە دەمیەوە!

دەمێک هەڵدەستایە سەر پێ و دەمێک دادەنیشتەوە و بەسەر خۆڵی سەر شەقامەکەدا دەچەمایەوە و چینگی بە خۆڵەکەدا دەکرد و ئارەق و خوێن و لیک بە دموچاویدا دەهاتە خوارەوە، جارێکی دیش هەڵدەستایەوە و قاچەکانی لە ژێریدا دەچەمانەوە و دەکەوتە سەر ئەرز و چوارمێچکان دادەنیشت و سەیری ئاسمانی دەکرد، بە زمانێک نزای دەکرد کە کەس نەیدەزانی چی دەڵێت؟ زۆرتر لە لووڕەی دووڕودرێژی گورگی دەکرد تا زمانی مرۆڤ، بۆیە قورەیشیانی بێدین پێی پێدەکەنین، ئەم نەبێت بە دڵ لێی دەگەیشت و وشەکانی دڵی بووبوونە فرمێسک و دەڕژانە سەر ڕیشە ڕەشەکەی و بەرەو کابرا بزوا، هەر ئەو دەمەی کابرای بازرگان بەرەو ئەو دەڕۆشت و دەیویست ئازاری پێ بگەیەنێت.

هەستم کرد ئازارەکانی دەبوونە وشە و بەلەرزینەوە لە زاری دەر دەپەڕینە دەرەوە، خێرا خۆم گەیاندە پیرەپیاو، هەوڵی نەوازشیم دا، ئەو دەگریا و منیش لەتەکیدا گریان قوڕگی گرتبووم، بە بینینی ئەو حاڵەی باوکی جەرگسووتاو ناوەوەم هەپڕوون بە هەپڕوون بوو، کچەکانی خۆم هاتەوە بەرچاو کەسێک یەکیانم لێ زەوت بکات.

ژنە باوەشی بە مێردەکەیدا کرد و و دڵنەوایی کرد تا ئەو ئاگرە بکوژێنێتەوە کە بەر بووبوویە گیانی و خەریک بوو دەیسووتاند، ئەو لە مێردەکەی حاڵی باشتر بوو، پیاوە لە بەرگریکردنی لە داماوان و ستەملێکراوان لە بەرگریکردنی لەبەرەی مرۆڤ، لە هەڵەکانیان، ئازارەکانیان بۆ یەکتر، لە ڕزگاریی ئەوان، ئەو چ ئازارێکی بۆ ئەوان دەچەشت، نەیتوانی خەیاڵی ئەوە بکات، لە دڵی خۆیدا دەیوت: خۆشەویستەکەم بڕۆ، لەگەڵتم لە نیوەی ڕێدا مەوەستە بڕۆ. ئەگەر مرۆڤ بتوانێت ڕێی ڕزگاری بە مرۆڤ پشان بدات، ئەوا خەدیجە دەبێتە ڕزگارکەر.

هەر ئەوەندەی زانی ئەم هاواری کرد: هۆو کابرا نەکەی، کابرا بۆ ئەمی ڕوانی و دیتی شێرێکی سەرزلی چاوسوور بەرامبەری دەنەڕێنێت وەک ئەوەی بڵێت دەست لەو غەریبەیە بدەیت دەتخۆم، ئیدی بەترساوی دەستی ڕاگرت و بۆ موحەمەدی ڕوانی، شەرمی کرد و وتی: ئەم کابرایە قەرزی منی لایە نامداتەوە منیش کچەکەی نادەمەوە تا قەرزەکەم نەداتەوە.

کابرای دانیشتوو لەسەر ئەرزەکە بەسەرسامییەوە بۆ ئەمی دەڕوانی لە سەر هەتاوەکو زمانی لاڵ بووبوو و یەک وشە بە زاریدا نەدەهات، دواتر ویستی شتێک بڵێت، بەڵام چەناگە و ڕیشە خوێنینەکەی دەلەرزین و وشەیان بۆ گۆ نەدەکرا، موحەمەد بەرەو ئەو ڕۆشت کە هەنووکە وەک بەرد لەسەر جادەکە چەقیبوو، باوەشی بۆ ئەو کردبوویەوە وەک ئەوەی باوەش بۆ باران و با و ڕەحمەتی خودا بکاتەوە و وتی: چیت لێ قەوماوە ئەی برای عەرەبم.

پیاوە غەریبەکە هەنووکە کە چاوەکانی فرمێسکیان تێ زابوویەوە و دەگریا و هەنسکی دەدا، مرۆڤە داماوەکە دەینااڵند، هاوارهاواری بوو: کچەکەم، کچەکەمیان برد و هەڵسایە سەر پێ و دەستەکانی بۆ ئاسمان هەڵبڕین و دەیقیراند، هاوارم بۆ عەرەب شەرەفیان نییە وا بە ڕۆژی ڕۆشن و لە بەرچاوانی کەسانێک کە خۆیان بە مرۆڤ و مەرد دەزانن لە شاری پیرۆزدا شەرەفی خەڵک بڕفێنرێت و کەس نییە بەرگریی لێ بکات، وای لە غیرەتی پیاوانی شاری ئیبراهیم و ئیسماعیل خۆیان بە گەورەی عەرەب دەزانن، کەچی لە بندەستی ئەوان و خواکانیاندا کە بە پارێزەری خۆیانیان دادەنێن، مرۆڤ داوای مافی خۆی بکات و تۆمەتی دزی خراپەکاری و قەرزکۆڕی دەدرێتە پاڵ.

هەنووکە بە دەنگەدەنگی کابرا خەڵکی لە هەرچوار لاوە کۆ بوونەوە و ئەڵقەیان بەدەوری هەرسێکیاندا بەست. پیاوەکە کە هەر هاوارهاواری بوو و کابراش کە لەوی دابوو و کچەکەی ڕفاندبوو و لە ترسی شێرەکەی سەر سەری ئەو نەیدەوێرا ببزوێت و بە پیاوەکانی بڵێت دەمکوتی بکەن، موحەمەدیش کە هەنووکە لە خەیاڵدا ڕۆ چووبوو و بیری لە هەڵگیرسانی شەڕێکی نوێ بۆ ڕزگاری مرۆڤ دەکردەوە، دەیزانی پشتیوانی گەورەی ستەمکاران خێڵەکانیانن نەوەک خۆیان کە ترسنۆک بوون و نەوەک خواکانیشیان کە تەنها دار و بەرد بوون.

ئەوە خێڵەکان بوون سەرزەویی پیرۆز و سەرمایەی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانیان بۆ خۆیان بردبوو، دەبوو بۆ ڕزگارکردنی شوێنی پیرۆزی هەر مرۆڤێک شەڕ لە دژی ڕۆحی هاوبەشی خێڵەکان هەڵایسێنێت. مرۆڤ بەرامبەر ستەمکاران شتی پێ دەکرێت و دەستی ڕایەڵ دەکات و ناهێڵێت لە تاریکی بوونی خۆیان واوەتر بڕۆن، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە لەتەک خێڵدا، تەنها هەڵسانەوەی مرۆڤی بەس نییە.

ئیدی لێرە گەورە و بچووکی دەست پێ دەکات، خێڵە گەورەکان ناتوانن بەرامبەر بە خێڵە گەورەکان ببنەوە، هەر بەمەش قورەیش بە هەر دە تیرەکەیەوە بووبوو بە گەورەی عەرەب و هیچ خێڵێک ناوێرێت ڕووبەڕووی بێتەوە ئەوەی کە ئەوانی گەورە کردبوو تەنها ژیری و حیکمەتی ئەوان نەبوو، وەک ئەوەی خۆیان دەیانگوت و بانگەشەیان بۆ گەورەیی خواوەندە درۆزنەکانیان دەکرد.

ئەو پیاوەش پێشتر پەنای بۆ خێڵەکەی دەبرد ئەگەر توانیبای، بەڵام کێیە ئەو خێڵەی بەرگری لە تاک و خوێنی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتی قورەیش بکات، بۆیە موحەمەد دەیتوانی وەک کوڕەزای گەورەی پێشتر و برازای سەرۆکی ئێستا بۆ ڕزگاریی ڕۆحی مەزڵوومی مرۆڤ شۆڕش بەرپا بکات. ئەو کە خۆی لە دەستی دونیای پڕ لە خەڵەتاندنی ئەوان ڕزگار کردبوو، هەر هێندە بەس نەبوو.

تەنها هێندە بەس نییە مرۆڤ خۆی ڕزگار بکات، دەبێت بۆ ڕزگاریی ئەوانی دییش تێبکۆشێت، ئەوانی دی وەگەڵ خۆی بخات و یەک و دووان و سیان کۆ ببنەوە تا نەزمە مەزنەکەی خێڵ تێک بدەن، لەپڕ ئەم خەیاڵەی بۆ دروووست بوو کە بۆ ڕزگاریی ئەم ڕۆحە بریندارەی بەردەمی بکاتە دەرگای ڕزگاری بۆ ستەملێکراوانی خێڵەکان و خوا درۆزنەکانیان، ڕزگاریی ڕۆحی مرۆڤ، ئاخر هەموو شتێک لەم زەوییەدا بە خەسار چووە ڕۆحی مرۆڤ نەبێت، پێش ئەوەی ئەویش بەرەو هەڵدێر بڕوات دەبێت بەرەو ڕزگاری بڕوات، بە دەست خۆی نەبوو، خەمێک دەکەوتە سەر دەموچاوی لێوی وشک دەبوویەوە.

دەیزانی ئەمەی لە بەردەمیدایە یەکێک لەو ڕۆحانەیە کە دەبێت ڕزگار بکرێت و ڕێگای ڕزگاریی ئەوانی دییش لەوە ببڕێتەوە تا گەیشتن بە ڕزگارییە گەورەکە کە دواتر دێت. سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، خۆر وەک گوڵی سوور گەشایەوە کە سەرەتای سەردەمی نوێی لە شاری خوادا دەبینی، هەمیش وەک ئەوەی بۆی سەلامی لێ بکات لە کابرای قورەیشی چووە پێشەوە و وتی: مافی ئەو بەستەزمانە بدەرەوە و کچەکەی بۆ بگێڕەوە.

ئەم هەڵوێستەی موحەمەد هەم جێی سەرسوڕمانی کابرای غەریب و هەمیش بازرگانە قورەیشیەکە بوو، ئاخر پشتی لە خێڵەکەی بۆ کەسێکی غەریبە کردبوو، هەروەها هەموو ئەوانەش لەو شوێنە کۆ بووبوونەوە لە هەڵوێستەکەی موحەمەد دەمیان دابەش کردبوو، تەنانەت ژنانیش لە دوورەوە تەنها هاوار

هـاواری کـابرای کچلێسـەندراویان گـوێ لـێ بووبـوو، به جـووڵەی مـوحەمەد تێگەیشتن که به قازانجی ئەو له دژی هاوخێڵەکەی بوو.

کـــابراش دەیزانـــی که ڕووبەڕووی مـــوحەمەدی دەوڵەمەنـــدی ئەمـــین و متمانەپێکراو بۆتەوە، بۆیە نەیدەتوانی وەک لەتەک غەریبەیەکەدا لەتەک ئەمدا بە هێز ڕووبەڕوو ببێتەوە، بۆیە زمانی گۆڕی که نیشانەی گۆڕینی مێشکیشی بوو له ناوەوە و وتـی: ئەی مـوحەمەد، ڕازیـت بێگـانەیەک سـتەم له کەسـێکت لەنـاو خـێڵەکەت بکـات، ئەم کـابرایە قەرزی منـی لایە و نامـداتەوە، ئەگەر قەرزەکەم بداتەوە ئەوا سوێند بێت بە (اللە) منیش کچەکەی بۆ دەگێڕمەوە، ئەگەر نا ئەوا کـچەکەی دەبێتە کەنیزەکی مـن. کابرای غەریبەش بە کەفچڕانەوە وتـی: سـوێند بێت مـن قەرزەکەیـم داوەتەوە. قورەیشـیەکەش بازرگانـانە ویسـتی مـوحەمەد و هەموو ئامادەبووانیش بخەڵەتێنێ و وتـی: هـیچ بەڵگەیەکت نییە، ئەوا مـن سـوێند دەخۆم کە ئەو قەرزەم وەر نەگرتۆتەوە.

مـوحەمەد بازرگـانە و دەیزانـی ئەو درۆ دەکـات و غەریـبەکە ڕاسـت دەکـات، بەڵام لەوە گەشتبوو کە بابەتەکە ئاوا چارەسـەر ناکرێت، هەم هـیچ بەڵگەیەکـی بە دەستەوە نەبوو و هەمیش هەموو ئەوانەی لەوێ بوون قورەیشی بوون و پشـتی کەسەکەی خۆیان بۆ غەریبەیەک تەنانەت بـۆ مـوحەمەدیش نەدەدا لە ئەرز، بۆیە بە کابرای عەرەبی وت: با بڕۆین سوێند بێت بە "اللە" ئەمشەو سەر ناخەمە سـەر سەرین تا مافت بۆ وەر نەگرمەوە.

ئیدی ڕوانینێکی بەمانای بۆ کابرای بازرگانی ڕوانـی و لەتەک کـابرای نەناسـدا وەک دەنـگ لە هەوادا لەنـاو تیشـکی دووری ئێـوارەدا ون بـوون و کـابرای قورەیشیش بۆ دەڕبرینی هەستی سەرکەوتن و لە باوەشدابوونی ئەمشەوی کچە غەریـبەکە قاقـا پێـدەکەنی و خـۆریش بـۆ پێشـاندانی غەمبـاریی خـۆی هەنـدێک هەوری دایە بەرچـاوی خـۆی و تیشـکە زەردەکـانی بـۆر هەڵگەڕان و ئاسـمانی خۆڵەمێشی کرد، سەری لەوە سـوڕ مـا بەرەی ئـادەمی ئەو هەمـوو تەمەنە لەتەک ئەو هەموو خراپیەوە دەتوانن هەڵبکەن.

خۆر بە بەردەکانی لووتکەی شاخی نوورەوە نووسابوو، تیشکەکانی دەگرتە مەکـکە تـا بزانێـت مـوحەمەد بـۆ گێـڕانەوەی مافێـک و داخسـتنی ڕێگـای دوورودرێژی ستەمی پشتبەستوو بە نەریتی خێڵ چی دەکات، خـۆر بینیی لەگەڵ کۆمەڵێک لەو پیـاوانەی کە لە ئـاهەنگی شـەوان و مەسـتی و ڕابـواردنی شـاردا بەشداریان نەدەکرد، لە بەردەم ماڵی خوادا کۆ بـوونەتەوە و دەسـتیان خسـتۆتە نـاو دەسـتی یەک و سـوێند دەخـۆن کە نەهـێڵن لەنـاو مەککەدا کەس مـاڵی کەس بخوات و مافی خوراوی پێشتریش بگێڕنەوە. یەکەم کەسیش لەو پیاوەوە دەست پـێ دەکەن کە خوێنـاوی و ڕەنگـزەرد، چاوەکـانی ئەبلەقـانە لە زەوی بڕیـوە، لێوەکانی شین و نیشتوون و لەولای ئەمانەوە لەسـەر قاچەکانی هەڵنیشتووە.

پەیمانیـان نووسـی و هەموویـان بـوونە یەکەم جـوامێرانی بەرگریکـار لە عەدالەت و نەریتـی خیـڵ تێپەڕێـنن و ناویـان نـا پەیمـانی (فـزول)، هەرکامیـان لە تیـرەیەک لە تیرەکـانی قـورەیش بـوون. ئەوجـا هەموویـان لەدەوری ئەو پیـاوە دانەوینەوە و پێیان وت: با بڕۆین مامە.

- بۆ کوێ؟

- بۆ وەرگرتنەوەی کچەکەت.

پیاوەکە بە بیستنی ناو و باسی کچەکەی لە حەشمەتدا لێوی خـۆی گەست و تەڕایی چاوەکانی کەوتە سـەر ڕیشـی خوێناوی، ئیدی دەسـتی نایە نـاو دەسـتی موحەمەد و هەڵسایەوە.

ئیدی وەک تیمێکی سەربازی چەکداری ڕێکوپێک و مـوحەمەدیش لەبەریانەوە بـۆ جیهـانی نـوێ لە ژیـانی عەرەبـدا بـۆ لای کـابرای بازرگـان شـۆڕ بـوونەوە و وتیان: مافی ئەم پیاوە بدەرەوە و کچەکەشـی بـۆ بگێڕەوە، کابرا سـەیری کرد و لەو شێرە چەکدارانەی ڕوانی کە لەوێ بـوون، پێشـتر لە ترسـی شـێرەکەی سـەر سـەری مـوحەمەد زەندەقی چووبـوو، هەنـووکە شـێرە کـوڕانی هەمـوو خێڵەکانی قورەیش لەبەردەمیدا وەستابوون، هیچی پـێ نەوترا هەر ئەوە نەبێت بێشـەرمانە وتی: با ئەم شەو لام بێت سـبەینێ بـۆی دەگێڕمەوە، بەڵام ئەوان وتیـان نابێت و هەر دەبێت ئێستا بۆی بگێڕیتەوە.

هەر لەوێ وەستابوون کە یەکێک لە کۆیلەکانی نارد بەشوێن کچەدا و هێنایان و موحەمەد لە بەهەشتی لەیەکتڕوانینی باوک و کچەی ڕوانی و هەر لەو بەهەشتەشدا فرمێسکیان ڕشت و خۆریش کاتێک دیتی کارەکەی موحەمەد سەری گرت، ئیدی ئاودیو بوو تا گەیشتنی نیشانەکانی کۆتا پێغەمبەر بەو دانیشتووانەی ئەودیو زەوی بگەیەنێت کە تێدەگەن و ئەستێرەکانیش فریا کەوتن لە هەموو شاری مەککەدا هەواڵی ئەمدەموئەودەمکردنی ئەو کارەی موحەمەد و یارانی هەموو ماڵەکانی مەککە کە هەنووکە سێبەریان لەبەر ڕۆشنایی چراکاندا دەکەوتە سەر شەقامەکە بگات و هەندێکیشان لە گێڕانەوەی بابەتەکە لەسەر زاری موحەمەد ببینن کە بۆ خەدیجەی دەگێڕایەوە.

بیری دەکردەوە ئەم شەڕەی مرۆڤ کەی کۆتایی دێت، جەنگێکی درێژخایەن هەتا سەرکەوتووەکانیش شکست دەهێنن، ڕەنگە ئەمانە ڕاهێنان بن ڕاهێنان بۆ هاتنی ڕزگارکەری گەورە، بەڵام ئایا دەبێت ڕاهێنانەکان هێندە بەئازار بن.

ئێستا شادومان بوو، ڕۆحی ڕۆشن بووبوویەوە، دەیزانی خودا شتێکی لەو ویستووە و ئەمیش هێناویەتیە دی، چەند شیرین بۆ ژنەکەی دەگێڕایەوە، چەند ساڵ دواتر دەیوت: لە سەردەمی نەزانیدا بەشداری پەیمانی فزول بووم، هەنووکەش ئەگەر بۆ پەیمانی لەو شێوەیە بانگم بکەنەوە، ئەوا سەرلەنوێ تێیدا بەشدار دەبمەوە. وەک ئەوە وا بوو وتبێتی: هیچ شادومانییەک لەوە گەورەتر نییە کە پێخۆشبوونی خودا لە ڕزگارکردنی بەندەکان بهێنیتە دی.

بیستویەکەم: سەردەمی خۆشگوزەرانی

(جەستە لەناو کۆشکی حەوانەوە و دڵ لەناو ئازار و خەمی مرۆڤەکاندا.)

ئیدی ئەوە موحەمەد نەبوو، بەڵکو ئەوە ڕق و تووڕەیی بوو، ئەڵبەت موحەمەد بەر لەوە، ئەو سەرگەردان بە کۆڵانانـدا دەسووڕایەوە، وەک ئەوە کەوتبێتە وڵاتێکی نائاشناوە، لە دوای ڕێپێوانێکی زۆری بیابان بەشەکەتی لە ژێر هەتاوی سووتێنەر و تەپوتۆزی بیاباندا بۆ ماڵ گەڕابوویەوە.

خەدیجەش لەچەکە حەریرییەکەی خۆی دەکردەوە و ناوچاوی گەرمی موحەمەدی دەسڕی و باوەشێکی لە پەڕی باڵی شەهێنی هەڵدەگرت و باوەشێنی مێردەکەی دەکرد، دیار بوو مێردەکەی زۆر ئازاری چەشتبوو، ئەم لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکیدا هاودەمی بوو تەسەللای دەدایەوە، ژنە داوای لە مێردەکەی ئەوە نەبوو چاکە بکات، ئەو هەر چاکەی دەکرد و لەبیری بوو کە ئەوانی دی چاکەیان بۆ ئەو بووە، بەڵکو ئەو تەسەللای ئەوەی دەدا کە خودا و فریشتەکانی و گەردوونیش بێ چاکە شتێکی دیکە ناهێننە ڕێگای چاکان.

موحەمەدیش لەوە گەیشتبوو کە چاکە و ئازار لە یەکتر جوودان، ئەوەشی دەزانی کە چاکەکاری ئازاری خۆی هەیە، ئەوەی تالیبی گوڵ بێت دەبێت لەسەر تێچەقینی درکەکانی ئارام بگرێت، ئەو لەوە گەیشتبوو، ئەو ئەوانی خۆش دەوێت ئەگەرچی بە کردەوەکانیشیان قایل نییە.

دەیوت: خەدیجە شتێکی گەورە بەڕێوەیە، پەیوەندیی بە من و تۆوە هەیە، پەیوەندیی بە خەڵکی گوناهکاری مەککەوە هەیە، پەیوەندیی بەم و زەویـیەوە هەیە، ئەوانـی دی بێئاگـان، بەڵام دەبێت ئـێمە ئاگـاداری و ئامادەکـاریی خۆمـان وەربگرین، ئەو هەڵوێستەی بینی کە ئازاری پێ گەیاند، بەرگریکردنە بچووکەکان بەس نـین، دەبێـت دۆخێـک بێـتە پێشـەوە کە کـۆمەڵگە ئەو دۆخە تێپەڕێنێـت. بڕواکەمان ژیانمان دەگۆڕێت. خۆشی هەستی دەکرد لەسەر شتێک ڕادەهێنرێت، ئەمە یەکەم ئـەزموونی مـرۆڤ نییە، هەر هەنگاوێکمـان هەزاران هەنگـاو لە پـێش بووە، هەر ڕوانینێک درێژەی سەدان ڕوانینی پێشترە، هەر دەنگێکمـان دووریی هەزاران ساڵەی بڕیوە تا گەیشتۆتە لای ئێمە.

ڕۆژێک دادێت خەدیجە، ئیتر هەموو شتێک گۆڕاوە، هەموو شتێک! جا نازانم ئێمە دەمێنین تا ئەو ڕۆژە ببینین یاخود نا، چاوەکانی لەپڕ درەوشانەوە و بزەیان تێ زا، سەیری چاوەکانیت بکردایە هەم پێشبینیی ئەو ڕۆژە و و هەمیش پاڕانەوەیان تێدا بوو، پاڕانەوەی ئەوەی ئەمانیش ئەو ڕۆژە ببینن، هەم ئەو و هەمیش ژنەکەی، پاڕانەوەی ئەوەی ئەمانیش ببنە پشتیوانی ڕزگارکەری گەورە.

خەدیجە، ئەوان ترسنۆکن، پێش هەموو شتێک دەبێت ئازا بن. مرۆڤی ترسنۆک دەترسێت بەشی داهاتووی نەمێنێت، ئەوسا ئەوەی ئەوانی دی بۆ خۆی دەبات، بەشێک لە دونیای ئەم بیرکردنەوەیە لە دونیاکەی ئەوان، ڕۆژێک دێت ئەوان بەشوێن خۆیاندا دەگەڕێن، بەڵام خۆیان بۆ نادۆزرێتەوە.

شتێکی چاکە لێرە مرۆڤ هاوسەرێک و دڵنەواییکەرێکی وەک تۆی هەبێت بۆ ئەوەی خۆشی ڕۆحییت پێ ببەخشێت، لەم کەشوهەوا دڵتەنگەش کەمێک ڕزگاری ببێت، سەری لەسەر ڕانی ژنەکەی بە نیگایەکی وەستاوەوە لە بنمیچی ژوورەکە ڕەنگە دوورتر لەسەرەوە لە ئاسمان دەیوت: ئەو جیهانەی ئەوان چەندە نزمە، زۆر بچووکە ئەی خەدیجە، جێی شانسووڕانی تێدا نابێتەوە. ئەوان ئەوەی ئەنجامی دەدەن وا دەزانن کە بردنەوەیە، بەڵام بە ڕاستی خەدیجە ئەوە بردنەوە نییە، بەڵکو دۆڕانە، من هاتووم لەناو ئەمانەدا بمێنمەوە.

ئەو لەو گەنجانەی نەدەکرد کە جلی میرانە لەبەر دەکەن و شانازی بە قورەیشیبوون و گەنجیی خۆیانەوە بکەن و شەرابی تریێی یەسریب و شام هەڵبدەن، ملوانکە و بازنەی ئاڵتوونی فارسی بکەنە دەست و ملیان و بیانەوێت ئاگر لە تەمەنی خۆیان بەر بدەن و بەدیار ئەو ئاگرەوە قاقا پێبکەنن و دەست بکەن بە سەماکردن، ئەو لەو تەمەنی لاوێتییەی خۆیەوە بە پیرێکی وەک ئەو ڕازی بووە، کەوشێک خەڵک بکەوێتە سەر شانی و ئەو دەیتوانی وەک مامی حەمزە و پاڵەوانانی ڕاوچیی دیکەی عەرەب تیر و کەوان هەڵبگرێت و سواری ئەسپەکەی ببێت، بە نیازی ڕاوی شێر بیابان و شاخ تا کەناری سەوزایی و ئاو و ئاوەدانی تەی بکات، خوا ئەمە چ مەخلووقێکی چاکە وەک گوڵێکی جوان لەم بیابانە وشکەدا سەوزت کردووە و داوتە دەستی من. سەرەڕای خراپیی ئەو جیهانە بەلایەوە، کەچی نایەوێت پەیوەندیی خۆی لە تەکدا بپچڕێنێت، هەمیشە باسی چاکە و خراپەی دەرەوە بۆ ژنەکەی دەکات، ئاخر ئەو چاوی ئەمە، ئەم

وەک ژن قەت دەرەوە نابینێت و دۆخی خەڵکی بۆ باس دەکات، مرۆڤەکان لێرە چۆن ژیان بەسەر دەبەن.

کە سەیری مێردەکەی دەکرد، چاوەکانی داخستبوون، سێبەری ئەوەش لە ناویدا دەگوزەرا بە دەموچاویەوە و دەردەکەوت، ئەم لە دڵی خۆیدا دەیوت ئاخۆ ئەوە چی بوو بە ڕەنگیەوە دیار بوو کە دەمێک سوور دەبۆوە و دەمێک دەبوویە مارۆنی، دەمێکیش سوور هەڵدەگەڕا، ئەم شەریکی ژیانی ئەو بوو، بەڵام ئەم جارە ئیدی شەریکی خەونەکانی نەبوو، ئەمە سەرەتای ئەو شتە بوو کە ئامۆزا پیرەکەی "وەرەقەی کۆڕی نەوفەل" پێشبینیی کردبوو. ئەم بە فیراسەتی یەکتاپەرستانەی خۆی درکی ئەوەی دەکرد، هەر بۆیە هەستی بە شادی و هەمیش هەستی بە غەم دەکرد، شادیی ئەوەی ڕووناکیی نوورەکە لە خەونەکەیدا دەرکەوتبوو، دیتبووی و غەمی ئەوەش لە پێناو ئەو نوورەدا مێردەکەی چەند ئازار دەچێژیت، تا کوێ ئەمی لەگەڵ دەبێت و بەجێی ناهێڵێت و تا کوێش خۆشەویستەکەی بە تەنها ڕێگا دەبڕێت، تێدەگەیشت و تێشنەدەگەیشت چەند ئازاری بدەن.

گرنگ ئەوەیە ئەم دەرگای کۆشکەکەی دەکاتەوە و بەشوێنیدا دەڕوا تا هەر شوێنێک بگات، هەموو سەروەت و سامانی لە پێناویدا دادەنێت، ئەو هەنگاوی یەکەم بۆ هەرکوێ بنێت منیش هەنگاوی دووەمی بە شوێندا دەنێنم، پێکەوە بیابان دەبڕین و شاخ و شیو تێدەپەڕینین، لە هەر جێیەک بەردیان تێگرت خۆم دەدەمە بەریان، قاچەکانیان خوێناوی کرد بە جلەکانم بۆی دەبەستم، عارەقی ڕشت بە زولفەکانم بۆی دەسڕم، برسی بوو شیرەی خورمای بۆ دەکڕم، تینووی بوو ئاوی بۆ هەڵدەگۆزم، ئەگەر توانام نەما پێی دەڵێم برۆ پەیامی خوا بگەیەنە، بەدیار منەوە دامەنیشە با من لە ڕێی ئەرکەکەتدا ڕێگر نەبم. ژنەکە خەیاڵی لای پیرەژنێک بوو کە بە هەناسەبڕکێوە شوێن پێغەمبەرێک کەوتبوو، لەپڕ پیاوەکەی چاوی کردەوە و ئەوجا دەستی بە وتان کردەوە بۆ ژنەکەی کە هەنووکە بۆ ئەو دەگریا. دەستی بە قسان کردەوە بە دەنگی تیژ و نەرمەوە وشەکانی دەژمێردران، کە وەک دەنکە مرواری یەک یەک لە زاری دەهاتنە دەرەوە، لەگەڵ هەناسەیدا بۆنی خۆشی هەناوی بەر دەموچاوی ئەم دەکەوت.

بە لاچاو سەیری ئەمی کرد، ئەوجا بەتەواوەتی چاوی لە ئاسمان بڕی و ئەوجا ڕەنگی دەموچاوی بە جۆرێک گۆڕا وەک ئەوەی بۆ داهاتوو چووبێت و

جەستەی بێگیانی لێرە بەجێ هێڵابێت و سەری لەسەر کۆشی ئەم نەدەبزوا، لەپڕ بەتوندی هەناسەی هەڵدەکێشا و دەموچاوی داگیرسا، تینی گەرماکەی لەسەر پێستی خۆی هەست پێ دەکرد. خەدیجە خەونم بینی، ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەر شانی من و تۆ، ئەرکی تاقەتپڕووکێن، ئەرکێک بدرێت بەسەر شاخەکاندا بۆیان هەڵنەگیرێت، بەڵام نەمزانی چیە، دڵنیام پەیوەندیی بە ڕزگاربوونی مرۆڤانی بەستەزمان و لەم زەویە تووڕهەڵدراوەدا هەیە. ڕزگاربوون و ڕزگاری دیارە، ڕزگارکەر زۆر نزیکە هەر لەم ناوەیە، بەڵام نازانم کێیە و چۆن.

خەدیجە بەئەسپایی ناوچاوی مێردەکەی دەسڕی و دەیگوت: ئارام بە خۆشەویستم ئارام، پیاوەکە هیۆر بووەوە زەردەخەنە هەمیشەییەکەی کەوتەوە سەر لێوانی و وتی: خەدیجە، بمبووڕە من هەمیشە بۆ تۆ مایەی ئازار بووم. تۆ نیوەی دیکەی منی تۆ خۆشییەکانی ژیانی خۆت لە تەک منداڵ بەش کرد، منیش ئازار و مەینەتییەکانی خۆم، من پێم خۆش بوو ماڵ و منداڵی خۆم شاد و بەختەوەر بکەم، بەڵام وا دیارە لە داهاتووشدا هەر وا دەبێت، من و تۆ منداڵەکانمان ئازار دەچێژن تا خەڵکی بەدبەخت و ئازارچەشتووو ڕزگار بکەین.

ژنە دڵنیا بوو ئەمە ئاگادارکرنەوەیەک بوو، ئاگاداری هەڵسانەوەیەک ململانێیەک کە لەدەوری ماڵی ئەوان وەک ئاگر هەڵدەگیرسا و ئازارانێکی گەورە کە مێردە لاوەکەی چەشتی و هەندێکیشیان بەر ئەم و ئەوانی دییش دەکەوتن.

خەدیجە، ئەو خەڵکەی ئێرە بەدوای چیەوەن وا دەستیان ناکەوێت و لە پێناویدا هەموو شتێک بە خەرج ئەدەن تا دەستیان بکەوێت.

بە بەرخۆدانێکی قورس و ڕزگاربوون لە هەوەسەکان کە هەمیشە مەیلی شتەکانی مرۆڤ دەکەن نەوەک خودی مرۆڤ، ڕزگاربوون دەست پێ دەکات هەتا ئەگەر تواناکانیشی ئەو نەپارێزن ئەوا توانای پاراستنی ئەوانی دییان هەیە. ئەی خەدیجە، ئەو حەکیمە و ناتوانێت لە ئارامی و ئاسوودەییدا بژی، ئەگەر ئێستا خەو بێت ئەوا ڕۆژێک دێت کە کاتی خەوتنیش نامێنێت، خەدیجە بەسۆز و بەزەیی و کەیفی ئەو بە، ژیانی ئێرە دێت و دەڕوات.

بۆ ئەوانە دەڕوانێت کە لە دەوروبەرینی، کە تا لەتەک ئەوان غەم بخوات و ئازار بچێژێت، ئەوەندەش لە خۆبایی نییە کە وا پێشان بدات پێویستی نییە لە زانین و موحیبەتی ئەوان پێویستی دڵی خۆی تێر بکات. ئەو هێندەش بەهێز نییە

بێ هاوکاریی ئەوانی دی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت، بۆیە ئەگەر ئەوان لە ئەرکەکانیدا هاوبەشن، ئەوا دەبێت لە دەستکەوتەکانیشیدا بەشدار بن، لە گەورەترین شتە دانسقەکان ئەوانیش لەتەکمان شەریکن، ئەو تەنانەت ئەو کاتەش کە تەنهایە کە قەت بەتەنها نییە و بەشێکە لە سوپایەکی گەورەتر، بە تەنیا دانشتووی مەککە نییە، بەڵکو دانیشتووی جیهانێکی گەورەترە. لەناو ڕۆحی تەنهای خۆیدا هاوڕێی وا ڕێنموونی دەکات کە هەرگیز بەجێ ناهێڵێت، ئەم دەبوو ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام ئەی ئەوە کێیە کارە گەورەکە دەکات، ئەم زۆر لەوە بێفیزتر بوو بڕیار لەسەر شتی وا بدات، دەبوو لێگەڕابا هاوڕێ کۆنەکەی بڕیاری شتی وا بدات. ئارام بگرە، خۆشەوستەکەم ئارامبە، خەدیجە من دەزانم من هاتوومەتە ئێرە تا یارمەتیی مرۆڤەکانی دیکە بدەم، ئەگەرچی ئەوان لاروولەوێرن، بەڵام تەنانەت لەوانیش سوود دەبات ئەگەرچی ئەو ڕزگارکەریان دەبێت، بەڵام ئەو فێر دەبێت ئەوان چۆن گرفتەکانیان چارەسەر دەکەن، هەروەها ئەوەش فێر دەبێت کە بزانێت تواناکانی ئەوان چەندن.

بۆچی چاکان هێندە تەنیان خەدیجە، وەک ئەوەی کەسی لێ نەبێت من و تۆ نەبێت، جوبرەئیل بۆ ئەوە نایەت کە بمێنێتەوە، بەڵکو دێت و قسەی خۆی دەکات و دەڕوات، ئەوان قسەی خۆیان کرد و ڕۆشتن، شەیتانەکانی ناویان بەردەوام ئاگاداریان دەکەنەوە، ژیانی خودایی خۆی هیچ عەیبی نییە، بە جیهانی دروستکراوی خۆیان دەیشوبهێنن، مرۆڤەکان لە کاتی ئاژاوەدا خۆپەرست دەبن و لە پێناو جیهان و ئەوانی تر و وازهێنان لە حەزە تایبەتییەکانی خۆیان، ئەوان ناتوانن هەستیان بەرامبەر بە هەستەکەی خۆیان بێت و بزانن ئەوە تەنها جیهانێکی دروستکراوە. قسەکانی مێردەکەی ئاگرێکیان لە دڵی ئەمدا هەڵایساندبوو، کە وەک ئەوە وا بوو وتەکانی مەشخەڵی ڕووناککردنەوەی دونیای تاریک بووبن، ئیدی باش تێگەیشتبوو کە ڕزگارکردنی چارەنووسی مرۆڤ لە مااڵی ئەمانەوە دەست پێ دەکات، ئیدی دەبوو ڕۆحی خۆیان زۆر قایمتر ڕابگرن تا بەرگەی ئەرکی گەورە بگرن.

کۆمەڵگە لەوە ترسناکترە ئەی خەدیجە، کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە، ترسناکە ترسناک، ئەو باش ئەوەی دەزانی کە ئەوان نەزان نین، بەڵکو ئەوان خراپن، ئەوە بوونە زانین و نەزانین من فێر دەکات، بەڵام ئەوە خۆمانین کە چاکبوون یاخود خراپبوون هەڵدەبژێرین، ئەو دەیزانی ئەو مرۆڤە، وەک هەر

مرۆڤێکی دییش برسی و تینوو بووە، وەک هەر مرۆڤیکی دییش دەزانێت کە ڕێی لی ون بووە و وەک هەموو ئەوانی دییش شتێک و دەستێکی لە دەست داوە کە ئەوانن، ئەگەر مابان ئاسانتر بە ئەرکەکانیدا دەگەیشت و وەک هەموو کەسێکی دیکەش دەزانێت ئەوەندەی شتی دیکەی لایە کە هاوکاری بن بۆ ڕاگەیشتن بە ئەرکەکانی. خەدیجە من دەزانم تۆ لەوە تێدەگەی و باجەکەیشت داوە، من شوکرانەبژێری ژیانێکیشم کە خوا بە هاوڕێیەتیی تۆ بە منی بەخشیوە.

ئێمە لەم کارەماندا کەسێک هاوکارمانە دیار نییە، بەڵام بۆ خۆی لە سەرکەوتن دڵنیای کردووین ئەگەرچی نازانین ئەو سەرکەوتنە چ کاتێکە، چونکە ئەو لایەنە نەبیناوە بۆ خۆی پشوودرێژە. ئەو دەیزانی بۆ ئەوەی چاک فێر بێت چاو لە هەڵەکانی ناپۆشێت و هەروەها نابێت بۆ ئەرکی گەورەی واش کە ئەو ڕۆژە نەیدەزانی چییە نابێت گێل و نەفام بار بێت، وا خۆشی لەوێ ئامادەیە، چونکە خوا خۆی باشترین مامۆستایە و باشترین مامۆستاکانیش ئەوانەن کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا لەتەک خوێندکارەکانیاندا ئامادەن.

شەوان بەخەبەر دەهات، موحەمەدی دەدی بە پێوە بوو، یاخود دانیشتبوو یاخود سەری نابوویە سەر ئەرز و دەگریا، یاخود دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕیبوو و دەپاڕایەوە، دیار بوو نیگەرانیی گەورەی هەبوو، کە شەوان بێداری دەکردەوە، ئا بەو هەڵسان و دانیشتنە کاتی بێخەویی خۆی دەگوزەراند، ئەمە شەوێک و دووان و سیان نەبوو، خەدیجە ئەوی دەبینی لەگەڵ هاوڕێکەی، کە دیار نەبوو، هەر ورتەورتیان بوو و نەخشەی ڕزگاریی مرۆڤیان دادەڕشت و ئەم دەیویست بەیانی دەستبەکار بێت و هاوڕێکەی تێی دەگەیاند کە هێشتا زووە، ئەویش بە دەنگێکی وا کە تەنها لە ناوەوە بوو و خۆی گوێی لێ بوو، لە دەرەوە نەبوو تا نیشتەجێیانی ئەو ماڵە گوێیان لێ بێت.

خودایە چ ڕێگەیەک نییە بۆ ڕزگارکردنی ئەو مرۆڤە کڵۆڵەی پێویستی بە ڕزگاربوونە، موحەمەد خەوتبوو و خەدیجە بەدیاریەوە، نەیزانی چەند کاتی برد کە چاوی لەو کلا نەدەکرد تا بەخەبەر نەهات بەجێی نەهێڵا.

بیستوودووەم: ئامادەیی بۆ گرتنەباوەشی ئاسمان
(لە سەروو زەوی و لە خوار ئاسمانەوە)

خەدیجە پەیامی نهێنیی لە هەموو ئاکار و ڕەفتاری مێردەکەیدا هەست پێ دەکرد، بۆیە هەمیشە خەمی ئەوی بوو، بۆ هەر جێیەک لێی جوودا بووایە شوێنی دەکەوت، هەموو جار لە بەردەرگا یان لە پەنجەرەکاندا دەوەستا تا مێردەکەی دەهاتەوە، هەر دەیدی ئەو دەگەڕایەوە، بەهەڵەداوان دەهاتە خوارەوە بە چاوی فرمێسکاوییەوە دەویست بڵێ خۆشەویستەکەم بۆ کوێ ڕۆشتی، بێ تۆ ئارام ناگرم، بەڵام کە دەموچاوی بە بزەو لە هەمان کاتدا ڕەنگپەڕیوی مێردەکەی دەدی، ئیدی هیچی پێ نەدەوترا.

شەوان هەڵدەستایەوە، نووری ناوچاوی خۆی ڕوونکەرەوەی ژوورەکە بوو، بە هەنگاوی گەورە و ئارام بەرەو دەرگاکە دەڕۆشت و دەچووە بەرهەیوانەکە، ئاسمانی ڕەشی شینباو بە چەپکێ ئەستێرەوە پێشوازیی لێ دەکرد و مانگیش بۆ دڵدانەوەی زەردەخەنەی بۆ دەنارد و نووری نەرم و تەنکی خۆی بەسەردا دەبارند، ئازار ئەم شەوە ئەمی لە ماڵ هێنابوویە دەرەوە، بەڵام لەبیری نەبردبوو سڵاو لە هەموو ئەو مەخلووقە جوانانە بکات لەم شەوە جوانەدا بۆ پێشوازیی ئەو خۆیان پێشان دابوو، ئەوان هەموو برا و خوشکی ئەو بوون، ئەوان سڵاویان دەکرد و ئەمیش بە زمانی پێغەمبەرانەی خۆی وەڵامی سڵاوی ئەوانی دەدایەوە.

سڵاو لە تۆ ئەی شەوی نووتەک و ئارام، تۆ خۆت دیاریت کە بە چەپکە ئەستێرەی خۆتەوە هاتوویتە بەردەرگاکەی من، سڵاو لە تۆش ئەی مانگ لەو سەرەوە پێدەکەنی و دڵم دەدەیتەوە، سڵاو لە تۆ ئەی بیابانی گەورە کە هەمیشە حیکمەتە قوڵ و نەدیتراوەکانی خۆتم بۆ نمایان دەکەیت.

سڵاو لە تۆ ئەی شاخ، هەمیشە سەرت هەڵبڕیوە و بۆ ساتێکیش چاوەکانت لێک نانێیت و ئەشکەوتەکانی سەر دەموچاوت ڕێگا بەرین و باریکەکانی لامل و تەوقەسەرت داستانی هەزاران پێغەمبەری پیاوچاکن، کە پێیاندا تێپەڕیون و لەدەست ستەمکاران ئاودیوت کردوون، سڵاو لە تۆ ئەی هەوری ئاسمان، کە

بەردەوام ڕۆحی خۆت بە ئێمەی مرۆڤ دەبەخشی، دوای گەیاندنی سڵاوی دەریای دایک، لە دوورەوە گیانت دەبەخشی و دەبیتە ئاو و دەتوێیتەوە.

سڵاو لە ئێوە باڵندانی شەو بە قریشکە و لێکدانی باڵتان بەو جۆرەی کە تەنها خۆتان دەزانن سڵاوی خۆتان لە منی مرۆڤ دەکەن، سڵاو لە ئێوە ئاژەڵانی کێوی، لە تاو برسێتی و حەسرەت پەلاماری گیانی خۆتان دەدەن.

سڵاو لە ئێوە ئەی تۆرەمەی تایەفەی بەرد بە ورد و درشتتانەوە، کە هەر لە لمی بیابانەوە تا گەورەترین تاشەبەردی ڕەشداگەڕاوی شاخەکان هێندە بە حیکمەتەوە تێدەڕامێنن و یادی خوا دەکەن، مرۆڤی داماو وا دەزانێت مردوو و بێگیانن و هەست و ئازارتان نییە، سڵاو لە ئێوە هەردەم بە لاتاندا تێپەڕ دەبم لە تێڕامانی قوواڵی خۆتان دەگوزەرێن و سەلام لە منی بەشەری داماو دەکەن.

سڵاو لە تۆ ئەی تۆز و خاکی زەوی کە تۆ دایکی ڕاستەقینەی منی و من لە تۆ خولقاوم و بۆ دڵی تۆش دەگەڕێمەوە، سڵاو لە هەموتان بە لوتف و میهرەبانیی خۆتان کە وا لە من دەکەن بەرگەی تەنهایی ئازارچەشتنی ڕۆحی خۆم و ئازارەکانی مرۆڤ بگرم.

پاشان دەهاتە ژوورەوە بەپێوە ڕادەوەستا و دادەنەوییەوە و لەسەر لاقەکانی هەر وەک کڕنووش بەرێت دادەنیشت و چاوی دەبڕییە ئاسمان و یاقووتی فرمێسکی بەر دەبوویەوە کە بەو شەوەدا لەسەر گۆناکانی لە درەوشانەوەدا بوون. ئیدی هەر ماخۆلانی بوو، تێپەڕین لە بیابانی دونیا و نەگەیشتن بە دەریای ئاخیرەت.

خەدیجە گوێی بۆ ئەو نەغمە و هەندێ جار وەحشی و تیژە و هەندێ جار گەرمەی ئەو دەگرت، کە دوعای دەخوێند و ئەمیش لەژێر لێفەکەوە چاوەکانی دەکردەوە، یاخود سەری دەر دەهێنا و بۆ خۆی نەبوو، لەتەک گریانی مێردەکەیدا، گریانی بێدەنگ و تەڕی ئەمیش دەستی پێ دەکرد.

بەیانیان هەڵدەستا و دەستی بۆ ناوچاوی ژنەکەی درێژ دەکرد و پێکەوە هەڵدەستان و ژنە هەستی دەکرد کە تازە ژیان دەستی پێ کردوە، پیاوەش ڕووی دەکردە ژنەکەی و دەیگوت: هەست دەکەم هەموشت گۆڕاوە، یاخود خەریکە دەگۆڕێت. دواتر سەری بۆ لای ژنەکەی لار دەکردەوە ماچێکی دەکردە نەخشی ناوچەوانی و داوای لێ دەکرد بوخچەکەی پڕ لە خۆراک بکات.

خەدیجە دەیزانی هەموو ئەو خۆراکەی دەپێچێتەوە تا دەیگەیەنێتە شاخ لە ماڵە هەژارەکاندا لا دەدا و زۆربەی دەبەخشێت، بەڵام دڵی مێردەکەی نەدەشکاند، بۆی دەپێچایەوە و تا بەردەرگاش ڕایی دەکرد، کە موحەمەد لە ژنەکەی دوور دەکەوتەوە لایەکی خۆشەویستانەی بۆ دەکردەوە و بە چاو بۆ یەکتریان دەڕوانی و دەستیان بۆ یەکتر هەڵدەبڕی. تا موحەمەد لە بەرچاوان ون دەبوو ژنە بەشوێنیدا دەیڕوانی، پاشان دەچووە ژوورەوە، بەڵام دواتر شاڵەکەی بەسەر شاندا دەدا و شوێن مێردەکەی دەکەوت.

ئەو ئەم ڕۆژانە زۆر غەمی مێردەکەی بوو، ئەو لە قەیرانی چل ساڵیی، نا... قەیران نەبوو، بەڵکو لە گۆڕانکارییەکی سەیردا دەژیا، لە چاوەڕوانیی شتێکی گەورەدا دەژیا، ئەو بۆ جیهانێکی نادیار دەیگواستەوە ئەمیش پشتوپەنای بوو. ئەو بە شاخدا سەر دەکەوت و ئەمیش لە دوورەوە چاوەکانی بەشوێندا دەنارد. دەیدی خودا ئەو بەرد و لمانەی بۆ نەخشی ڕێگا دانابوو، تا ئەو لەوێوە بڕوات و سەلامی لێ بکەن، دەیبینی کە بە شاخدا سەرکەوت و گەیشتە بەردەرگای ئەشکەوت.

هەوای فێنک و پیرۆزی ناو ئەشکەوتەکەی بۆ هەناوی خۆی هەڵدەمژی، بە یەقینی پێغەمبەرانەوە گەیشتەوە سەرەتای سەرەتا، ئەو دەمەی ئێمە هیچمان لێرە نەبووین، لەپڕ باپیرە گەورەمان فڕێ درایە ئێرەوە، ئیتر لەبری ئەوەی سەیری ئەولا و ئەملا بکات تا ڕێی ڕۆشن پیشان بدرێت، بەمتمانەوە بەرەو پێشەوە کەوتە ڕێ، ئەم لەم ئەشکەوتە تەنهایەدا چی دەکرد هەورانی دەخستنە ڕێ، ئەستێرانی دەژماردن شوانی بای دەکرد.

ئەم نەیدەزانی، بەڵام ئەوەی دەزانی مێردەکەی پیرۆزییەکی گەورەی لەپێشە، ئەو دەبێتە ئەو نوورە و لە کۆشکی هاشمەوە دەکشێت و دەنیشێتە سەر سینگی ئەم. ئای پیاوی بەوەفای من، ئەی باوکی بەرپرسیاری منداڵەکانم، ئەی جوامێری ماف گێڕەوەی بەشخوراوانی شارەکەم، ئەی تیمارکەری دڵەی بێقەرارم، ئەی غەمخۆری ڕزگاریی خۆت و من و هەموو خزمان و بەرەی ئادەم، بڕۆ بۆ پێشەوە، دڵنیا بە هەر کارێک بکەیت، بە هەر کوێ بگەیت، من پشتیوانتم. نزا دەکەم بەوە بگەیت کە بڕیارە پێی بگەیت و تەنها تۆی بۆ خولقاوە، تەنها تۆ.

ئای چەندی خۆش دەویست! دەتگوت تازە لە دەستی خالیقیەوە داچڵکابوو، هێشتا گڵەکەی وشک نەبووبوویەوە بۆ ئەمی ناردبوو، خوا لوتفی لەتەکدا

کردبـوو له دوای نەحەوانەوەی له دوو مێـرد، ئەمـی بەو گەیانـدبوو، کاتێـک له دیدگای پڕ له نـوور و بـریقەداری ورد دەبـۆوە، ئەو کێ بـوو؟ نەیـدەزانی، بەڵام دەیزانی وەک ئەوانی تر نەبوو، دەیزانی ئەو دەبێتە مرۆڤێکی گەورە، تەنانەت له گەورەی شاری مەککەش زێتر.

ئێستا خەمخۆری و گۆشەنشینیی له باوباپیرییەوە بـۆ بەجێ مـابوو. شـەوانی تاریـک له دەرگـای ئەشـکەتەوە له ئاسـمانی دەڕوانـی، کە مەخلـووقی ڕەش بزیسـکەی ئەستێرەیان له یەکدی دەگرت، ئەو ئەمشـەو له ئەشـکەوت نەبـوو، له دووری دوورانەوە دەهـاتەوە، ئەو، ئەو هەمـوو ڕێـگەیەی بڕیبـوو، کە بـێجگە له خۆی ئەوانی دیکە نەیاندەبینی، تەنانەت خەدیجەش. ئەم باش شـەڕی کردبـوو، یاخود شەڕیان پێ کردبوو بە تەنهایی فڕێیان دابووە ناو ژیانەوە.

هەمیشە غەم له ناوچاوانی بوو، بەڵام خەدیجە دەیدی غەمەکەی قـوواڵتر بـوو. ئەو تەنیا خوا له دڵیدا سامی هەبوو، بەڵام بێشـەکەی خەڵک بـوو، ئـارەزووی بـۆ نەجات ئەویش نەوەک تەنها نەجـاتی خـۆی بەم سـەفەرەی دونیـای دەچـوو، ئەو تەنهـایە و ئەوانـیش خزمـان و دۆسـتان و دوژمنـانی بە تەنیـایی دەرەکـی ئەو دەزانـن و هەر دەڵـێن ئەو وەک ئـێمە نیـیە هەر کە کـاری نەمـا دەچێـتە شـاخ و ئەشکەوت و بیر له خۆی و له ئاسمان دەکاتەوە، ئەو کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدات، لەبـاتیی ئەوەی کاتەکـانی لەنـاو ئـاوەدانی و بـازاڕدا و بەسـەر بەرێـت، هەر ڕۆژ دەبێتەوە دەداتە ئەو شاخە و دەچێتە ئەشکەوت.

ئەوان دەیانگوت: ئێستا کە دەوڵەمەند بووە ژنهێنان و دەوڵەمەندی سەری لێ تێک داوە، تا هەژار بوو باشتر بوو، لەگەڵ ئێمە دەهات و دەچـوو، مـامەڵەی سـاغ و تەندروسـت بـوو، هەر بەوەش شـۆرەتی بـۆ خـۆی پەیـدا کـرد، ئەو خـۆی بـۆ شـتێک ئامـادە دەکـات، یـاخود ئاسـمان ئەو بـۆ شـتێک ئامـادە دەکـات کە خۆشـی نازانێت چییە؟

ئەو له مـاوەی هـاتوچۆی له نێـوان ئەشـکەوت و ماڵـدا ئەگەرچـی کـارە تایبەتەکەی خۆی نەدۆزیبوویەوە، بەڵام زۆر شتی دیکە فێر بوو، فێری ئەوە بـوو کە بێدەنگ بێت بـۆ ئەوەی ببیسـتێت و گـوێی له دەنگی بـا و بیابـان و چـۆلەکە و تەنانەت له گوێی له بێدەنگیی وشتر و مەڕەکانیش بێت.

زۆرتر هۆگری دۆستە کۆنە نەبینراوەکانی بووبـوو، پاشـەڕۆژ و پێش مەرگ و پـاش مەرگـی مرۆڤـایەتیی دەبینـی: ڕووت، وەک یەکەم ڕۆژی لەدایکبـوون

ڕۆحگەلێ هەڵسابوونە سەر پێ و پشتگەلێک پێشوازییان لە قامچی بکەن و زارگەلێک هاواریان دەکرد.

ئەو سەرکەوتنەکانی لەوەدا بوو بەشوێن ئەو شتانەوە بوو کە بەلای ئێمەوە بچووک بوون، گەورەکانی لەبیر نەکردبوو، بەڵام بەدەم ئەوانەوە بووە کە خەڵکی بە کەم سەیریان کردوون، مەککەییەکان دەیانگوت: هەر بۆیەش پێی دەڵێن حەکیم، کە کاری لەو شێوەیە دەکات کە ئەوانی دی نایکەن، کە لە هەڵە ناترسێت، لەو پرسیارەش ناسڵەمێتەوە کە ئەوانی دی ناوێرن لە خۆیانی بکەن.

ئاغازادەیە و شوانی دەکات، ژنێک دەهێنێت کە دواجار ببێتە دایکی، نەوەک ژنی، ئەو بۆ ئەوەی ببێتە گەورەی قورەیش، دەبێت لەگەڵ ئەوانی دیدا بدوێت، کەچی ئەو تەنیا دەبێتەوە لەتەک بیابان و چۆڵەوانی و ئاژەڵانی وەحشی و خێودا دەدوێت، هێشتا منداڵ بوو ئەوان هەستیان کرد ئەو تەنها ئەستێرگێکە و پڕ دەبێت لەو حیکمەتانەی هی ئێرە نین. ئەو بە نیازی هیچ پەیوەندییەک لەتەک جیهانی بالادا ناچێتە ناو بیابان و ئەشکەوتەوە، بەڵام هەر ڕۆژە و لەو جیهانەوە هەواڵی پێ دەگات، بەرەبەرە ئاوێنەکە پاکتر دەبێتەوە و تیشکەکە زۆر جوانتر دەداتەوە.

ئێوە نازانن ئەو لەو جۆرە کەسانەیە کە تەنانەت لە بەهەشتیشدا غەمبارە، غەمباری ئەوانەی لێرە لە دۆزەخی زەویدا ئازار دەکێشن، ئەوانەی دەڵێن دونیا لە ڕووخاندایە و دەبێت ئەو بەشەی دونیا خەریکە بڕووخێت، شانی بدەنە بەری و نەهێڵن بڕووخێ و ئەو بەشەش ڕووخاوە هەڵیسێنەوە، ئەمەش ناکرێت، بە شکاندنی بتانی درۆزن و بە شوێنکەوتنی پەیامی مرۆڤە مەزنەکان ڕوو دەدات، هەنووکە دیار بوو ئەو یەکێک لەو مەزنانەیە، ئەوان چووزانن ڕەنگە دواترینیان بێت. ئەو دەزانێت ئەوان چیی پێ دەڵێن، بەڵام بە وەڵامدانەوەی ئەوانی دیکە خۆی مژوواڵ ناکات، ڕۆحی پێی دەڵێت تۆ کارێکی گەورەترت لەپێشە.

ئەوان گەشت دەکەن، بەر لە هەموو سەفەرێک سەرێک لە بتەکانیان دەدەن و سوجدەیان بۆ دەبەن و مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن، کە ئەوان خەڵاتی باش بۆ ئەوان لەتەک خۆیان لەو سەرەوە بهێننەوە و ئەمانیش بە دەوری خۆیان ئەوان بپارێزن، ئەو دەمە هەستی دەکرد گەشتەکەی دەست پێ کردووە، ئەم خواکەی لەتەکیدایە لە پێشیەوە و لە دواوەی لەتەکیدا سەفەر دەکات و ئەو تاکە هاوڕێی

ڕاستەقینەی سەفەرەکانیەتی، ئەگەرچی لەناو شارەکەی خۆیدا بوو، ئەگەرچی نەیدەزانی ئەو گەشتە بە کوێی دەگەیەنێت.

ئەو هیچ پەلەی نەبوو، دەبوو لێبگەڕێت کارەکە بەو شێوەیە بڕواتە پێشەوە کە بڕیارە بڕوات، ئەو لە خراپەکارانی کۆمەڵگەش نەدەترسا، چونکە باش ئاگاداری جووڵە و ڕووگەی ئەوانە، وەک چۆن شەهێنێک کاتێک دەبینێت کەروێشکەکەی بەرەو کوێ دەڕوات و هەر لەوێوە بەری لێ دەگرێت. ئێستا بە جێیەک گەیشتبوو کە خۆی بناسێت، ئەمەش ترسی لەوانی دی لە دڵدا نەهێشتبوو، وەک چۆن شێرێک لە کەرەکێوییەک ناترسێت، کە ڕاوی دەکات، چونکە هەم ئەو و هەمیش خۆی دەناسێت.

لەناو ئەم ماڵی یەکەمەی مرۆڤدا ڕێی ڕزگاری بۆ خۆی و ئەوانی تریش دەدۆزییەوە، بە شێوەیەکی کاتی خۆی لە جیهانی خراپ و بۆگەنی ئەوان پەنا دابوو، تا دواتر بۆ چاککردنی ئەو جیهانە خراپە بگەڕێتەوە، دڵی غەمباری و دەردمەندی ڕۆشن بووەوە، لە مەداری وشکانیی مرۆیی دابەزیبوو، بەرەو دەریای تەڕی خوایی هەنگاوی دەنا، هەرچەند هێشتا نەگەیشتبوو. وا دیار بوو ڕێگەکە دوورودرێژ بوو، یەکەم هاوسەفەریشی ژنەکەی بوو، ئەو بۆ ئەم زۆر زۆریش بوو، بەڵام بەس نەبوو، بۆیە دەبوو بەشوێن هاوسەفەری دیکەشدا بگەڕێت، ئێستا ئەو لە هەموو شتە زەمینییەکان کشابوویەوە و بۆ جیهانی ئاسمان ڕۆشتبوو.

ڕۆژێک دەبێتە گەورەیەکی وەها، گەورەی دونیا، کە هەموو خراپەکانی دونیا بە چاکە وەردەگێڕێت و ئەگەر خەدیجە نەبووایە ئەو قسانەی بۆ کێ بگێڕایەتەوە و خۆ بە تەنهاش بەرگەی نەدەگرت و دڵی هەپرووون بە هەپروون دەبوو، ئەو دەیخوارد و دەیخواردەوە و جلی تازەی دەپۆشی و ماڵەکەی پڕ لە بزێویی منداڵ و سەری لەو ژنانەش دەدا کە وەک دایکی بوون، چما ئەو لە چیی کەم بوو؟ دڵی لە دووی چی دەگەڕا؟ ئیتر کاتی هاتووە، چیدی بەرگەی ئەو ژیانە خۆش و ئارامەی خۆی و ئەو هەموو وەیشوومە و ئازارەی ئەوانی دیی نەدەگرت.

موحەمەد خۆی لە کەلاوەکانی شاریکی چۆڵدا بینییەوە، لە ڕاستیدا ئەوە شارێک نەبوو، ولاتیک نەبوو، بەڵکو هەموو سەرزەوی بوو، کە ئاوا چۆڵوهۆڵ بوو، دووکەڵیش بەرز نەدەبوویەوە، باڵندەیەکیش نەدەفڕی و ئەسپێک سەر و

یالّەکانی با نەدەدا، سەگێک کلکی نەدەخستە ناوگەڵی و لە سووچی کۆڵانێکەوە ئاودیو بێت، پشیلەیەک خۆی هەڵنەدەدایە سەر دیوارێک و لە مەڵاسدا بێت، تا مشکێک ببزوێ و هەڵمەت بباتە سەری و لەژێر چڕنووکەکانیدا جیکەی بێت، خرمەی کاوێژی مەڕ و بزن و مانگای گوێ لێ نەبوو، هەڵسانەوەی وشترێکی تێدا نەبینی کە هەڵسانەوەی لە خێوەتی پاشایەک دەکات کاتێک هەڵدەدرێت.

وەک ئەوەی هیچکام لە مرۆڤەکان زیندوو نەبن و مردوو بن، بای خوا بێت و هەموویان زیندوو بکاتەوە، دەستی خستە سەر سینگی و هەستی بە دەنگی ئاو کرد لە کاتی ڕۆشتندا، کەس نەبوو پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت، چونکە هەموویان مردبوون، دەبوو لە پێشان زیندوو ببنەوە ئەوجا چاوەکانیان بکەنەوە و تا ببینن و گوێقوڵاخ بن، تاکو ببیستن.

هەموو مرۆڤێک خوای لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، تەنها لە کاتی مەرگدا بەئاگا دێت، یاخود ئەو کاتە ئیمان دەهێنێت و لە خەو ڕادەبێت، دەبێت هەڵسانەوە لە مرۆڤەوە دەست پێ بکاتەوە. مرۆڤ تا کەی هاوڕێی خۆی ناناسێت، خوا دڵ و خۆشەویستیی بەوان بەخشێوە، مرۆڤ تەنانەت لە کاتێکدا لەگەڵ ئەم مەخلووقە دووپێیانەدا دێتەوە، لە زماندرێژییان، لە چاوی بەدیان، لە دڵی پڕلەقینیان، لە ئەماندا نییە، جا وەرە ئەگەر باوەڕ و دینیشیان بە کەم و خراپ بزانێت، ئای چییان پێ نەکرد.

ئاخۆ چەند جار بیری لە مرۆڤ و خاک و بیابان و شاخ و ئاسمان کردبێتەوە و چاوانی پڕ لە فرمێسک بووبن، وەنەبێ پێش پێغەمبەرێتییەکەی بیری لە گۆڕان نەکردبێتەوە، تەنها کاری سەیرکردنی ئاسمان بووبێت، بەڵام کاری لەو شێوەیە لە سەروو توانای ئەوەوە بوو، ئەو لە ناخیدا هەستی بەو پێویستی گۆڕانکارییە دەکرد و دەیویست و بوێریی ئەنجامدانیشی هەبوو.

*** *** ***

موحەمەد بێ مااڵوحاڵ، ئێستا لە مەککە و لەسەر زەوی خەونی دەدی، لەو خەونانەی شەو، کە لای خوا لە ڕاستیی ڕۆژ زیاتر نرخیان هەبوو، بۆیە بۆ خۆیان بە ڕۆژدا دەهاتنە دی، بەڵام هێندە ترسناک بەحاڵ هەناسەی دەدا، خەدیجە دەستی موحەمەدی خستە ناو دەستەکانی خۆی و نەوازشی کرد،

دەستی لەسەر ئەژنۆکانی دانا کە دەلەرزین، ئەو ژن بوو و ژنی لاوازیش بەرگەی ڕازیبوونی گەورە ناگرێت بۆیە دەگەڕی، بەڵام ئەوی ژن کە لە پەراسووی لاری پیاو خولقاوە لە تەنگانەدا پشتی بەر نادا، هەر ئەڵێی لە ئازار خولقاوە، تەنها لە کاتی ئازاردا توانای خۆی پیشان دەدات.

خەدیجە چاوەکانی فرمێسکی تێ زابوو، هەڵسا و چووە بەر پەنجەرەکە، سەیری دەرەوەی دەکرد، پرسیارێک هاتبووە سەر لێوەکانی کە دەیانڕوانی و نەیاندەوێرا بیکات، ئیدی لەوە گەیشتبوو ئەو سەرزەوییەی ئەوی پێدا تێدەپەڕێت، ئەو هەموو موحیبەتی خۆی دەخستە ناو وشەکانیەوە و لەبەر پێی موحەمەددا ڕای دەخستن، ئەگەر وشەش فریای نەکەوتایە، پەنای بۆ چاوپڕکردن لە مرواریی فرمێسک دەبرد، ئای خودایە ئەم ژنە چەند ئەو پیاوەی خۆش دەویست!

هەنووکە موحەمەد بە شاخی نووردا هەڵکشا و لای بە لای مەککەدا کردەوە و سپی و جوان لەناو شاردا دەدرەوشایەوە، هاوشانی مالّی خوا کەمێک نزمتر لە دوورەوە مالّەکەی دیار بوو، ژن و منداڵەکانی وەشاردبوو، سۆزی بۆیان بزوابوو و نەیدەتوانی چەند ڕۆژ بۆ لایان بگەڕێتەوە. دەڕۆشتە ئەشکەوت و دەمایەوە. دەهاتەوە مالّ و بە موحیبەتی زۆرترەوە ژن و منداڵەکانی دەگرتە باوەش، سەری لە کەسەکانی دەدا، لەوانەش کە لە ژیاندا نەمابوون، بە هەموویانەوە خەونی دەبینی.

ئەو دەیزانی شتێک لە بۆسەدایە تا بدات بەسەر ڕۆحیدا، ئەو شتە لە کوێندەرێ بوو و چی بوو؟ خۆی نەیدەزانی، خەدیجە و هیچکام لە خزمان و دۆستانی نەیاندەزانی، لە هەر جێیەک ئەویان بدیایە، چاوی پیاوخراپانی قورەیش لەویان دەڕوانی، دانیان وەک کەڵبە لێ دەکرد، وەک کەڵبەی گورگ لە کاتی هێرشدا. کەی مەککە لە تەنهایی ئەو دەگەیشت؟

دەنگی مەلانی گوێ لێ بوو بە ئاسمانەوە دەڕۆشتن و بۆ لانەکانیان دەگەڕانەوە، چونکە دەم دەمی ئێوارە بوو، چاوی بڕییە ڕۆژئاوا کە ڕەنگی لە ڕەنگی خورمای نەگەییو دەچوو، گوێی لە دەنگی ژنێک بوو کە ئەوی بانگ دەکرد، چی لەو دەویست، نەیزانی ئەوە خەدیجە بوو کە بۆ لای ئەم بۆ ئەشکەوت سەر دەکەوت.

بیستوسێیەم: لەناو مەلەکووتدا (سرووش)

(ئەو تەنها گەیەنەر بوو، گەیەنەری جیهانێک نە لای خەدیجە و نە لای هیچ کەسێکی دیکەوە دیار نەبوو)

ساڵ و ڕۆژ و مانگەکان تێدەپەڕین و مرۆڤی نەحەساوە سەری بە سەرینەوە نەدەنا، موحەمەد شەوان دڵی لای کەسێک و ڕۆژان لای ئەوانی دی، پانزە ساڵی تەواو بازرگانیی کرد و ڕوانی و بیری کردەوە، ئازاری چەشت، ژیانی چووە پێشەوە تا لە کۆتایی بیستوپێنج ساڵیدا پەناگەیەکی دەست بکەوێ، پانزە ساڵی دییش لەناو ماڵی خەدیجە و بە ماڵی ئەو هەمان کاری پێشووی دردێژە پێ دا و هەر ڕۆژەش خۆر خەبەری هاتنی خۆی بە ڕووناکی بە باڵای بیاباندا دەبڕی و سەرەنجام ڕۆحی موحەمەد بووە هەواڵێکی گەورە، وەک نوورێک لە ئاسمانەوە بۆ زەوی هات.

هەواڵێک لە شەوەوە دەستی پێ کرد، هەموو شت دەبووە خەون و شوێنی دەکەوت، ئاخر لە خەوندایە مرۆڤ ناتوانێت جیاوازی لە نێوان وەهم و حەقیقەتدا بکات، هەموو شت دەبووە خەون و شوێنی دەکەوت، بەڵام ئەو چەند ڕوون هەموو شتەکانی لە بەرچاودا دەدرەوشایەوە، فریشتە و دەنگ و ڕەنگ و بۆن. خەون هەموو ڕێگاکانی خۆی بە ڕوودا کردبوویەوە، لێیەوە بەرەو داهاتوو هەنگاوی دەنا، هەر خەونێکی دەبینی وەک ڕۆژی ڕوون دەهاتە دی، ئەوانە خەون نەبوون کە ئەو دەیبینین و پێڵەوکانی بۆ دەپرتاند، ئەوانە حەقیقەت بوون.

ئەو لە ناویاندا دەژیا، لەوێوە بۆ ئێرە دەیگەیاندن. ئەو تەنها گەیەنەر بوو گەیەنەری جیهانێک نە لای خەدیجە و نە لای هیچ کەسێکی دیکەوە دیار نەبوو، هیچ دڵنیا نەبوون لە جیهانی خەونیدا چی دەگوزەرا، بەڵام لەوە دڵنیا بوون لەو کاتەوە ئەم بەسەر فریشتەکەیدا چەماوەتەوە و ئەویش بە دەوری ئەمدا چەماوەتەوە، خۆرێک لە ناوچاوییەوە هەڵهاتووە ڕووناکییەکی گەورەی بەدەوری ئەمدا هەڵایساندووە، هەمووشی بۆ خەدیجە دەگێڕایەوە.

بەردەوام دەڕواتە شاخ و هەر ئەو شوێنەی باپیرەی گۆشەنشینیی تێدا دەکرد، ڕەنگە ئەگەر باوکشی مابا، ئەوا ئەویش وەک ئەم هەر لەوێ گۆشەنشین دەبوو، لە شاخی نوور لە ئەشکەوتی حەرا سکوونەتی دەکرد. سەرەنجام هەر

لەوێ لە ماڵی یەکەمی مرۆڤدا دڵی ڕۆشن بووەوە، لەتەک مەخلووقی ناسک و نائینسانیدا ڕووبەڕوو بوویەوە، هەموو کات و شت و تەواوی ئەشکەوتەکە وەک گەرووپەکی گەورە، بەڵام ئارام و دەنگناسک دەیوتەوە، ڕۆح و جەستە و دڵ و گوێ و چاوانی بێ جووڵە و فریشتەی قەشەنگ و سامناکی باڵدار زۆر جوان بۆی دوا، کە ئەمی بۆ لای خۆی کەمەندکێش کرد، هەنووکە نەیدەزانی ئەو هاوڕێ لەناکاوهاتووە کێیە کە هەم شادی و هەمیش سام بە ئەم دەبەخشێت و لەم ئەشکەوتی تەنیاییەی ئەمدا دەر کەوتووە.

باڵە زێڕینەکانی فریشتەش دەدرەوشانەوە، نەدەزانرا ئەوە نووری فریشتەکە بوو تیشکی ڕوونتر دەکردەوە، یاخود ئەوە سپێتیی ئەو بوو تیشکەکەی درەوشاوەتر پێشان دەدا. ئەمیش چاوی هەڵبڕیبوو ویستی بدوێت، بەڵام لەپڕ زانیی کە بۆی نایەت، بۆیە کپ و بێدەنگ گوێی گرت، شتێک دڵی گرتبوو، هەستی دەکرد ترس نەبوو، بەڵام لە ترس واوەتر بوو، ئەویش سام بوو، بەپێوە وەستا، زۆر باش قاچەکانی لەتەکی هاتن و سینگی کرایەوە، جەستەی سووکەڵە بوو وەک ئەوەی بفڕێت، لێوەکانی دەیانگوتەوە.

ئەوسا ئەژنۆکانی چەمانەوە و چاوی لە نوورەکە بوو نەیدەپرتاند، دەموچاوی خڕی لەناو ڕووناکیی ئەشکەوتەکەدا وەک ئاوێنە نووری دەدایەوە، دانە وردەکانی دەبریسکانەوە و قژی ڕەش و ڕیشی باریکی قەترانیتر دیار بوون، دەنگی فریشتە وا وشەکانی دەردەبڕی وەک ئەوەی لە ناوەوەی ئەمدا بدوێت نەوەک لە دەرەوە. تاوێ بی ئەوەی بە خۆی بێت بە بیستنی دەنگەکە خوڕ خوڕ فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارێ.

بەشوێن هەنگاوی فریشتەدا ڕۆشتم، ئەوە من نەبووم ڕێگام دەگرتە بەر، بەڵکو ئەوە فریشتە بوو، خەدیجە فریشتە بوو پێشم کەوتبوو، ئەوە چاوەکانی من نەبوون ڕێگەی چاک و خراپیان لە یەک جوودا دەکرەوە، بەڵکو ئەوە دوو باڵە نوورینەکانی جوبریل بوون، بووبوونە چرای ڕێگام و ڕۆشتم، بەڵام ئەوم نەدەبینی، هەر کە گەیشتمە ئەو، لەتەک خودای خۆم ڕاز و نیازم بوو، چاوەکانم هەڵبڕی، ئەو لەوێ وەستابوو، میهرەبان و نووڕانی بە باڵی شین و زەرد و سووری خۆیەوە باڵەکانی یاقووت و مرواریان لێ دەباری.

ناوچاوی گەرم و سوورهەڵگەڕاوی خستە ناو دەستەکانی خۆیەوە، خەدیجە تازە تووش بووم، ئەو ئەرکە بە منی لاواز سپێردرا، کە بە کەس هەڵناگیرێت، بۆ

خەدیجەی دەگێڕایەوە کە وای هەست دەکرد لەناو ئەشکەوتدا نییە، بەڵکو منداڵ بووبوویەوە لەناو سکی دایکیدا بوو، بەڵکو بووبووەوە یەکەم مرۆڤ و لە بەهەشتدا لەتەک خوا و فریشتەکاندا بوو. دەرەوە و ناوەوە بووبوو بە یەک، هەم لە دەرەوە و هەمیش لە ناوەوە دەیبینی، نە هیچی دەگوت و نە پێڵوی چاوەکانی دەتروکاند، ئەمە چی بوو دەیدی، هەوڵی دەدا هەناسە نەدا، لە بۆشایی ناو ئەشکەوتەکەدا هەنگاوێکی دی لە فریشتەی وەحی چووە پێشەوە.

فریشتە ئەو سەحیفەیەی بە دەستی نوورینیەوە بوو، کە ئەویش زەرد و نوورین بوو لە ڕەنگی زێڕی دەکرد، بەڵام درەوشاوەتر بۆی خوێندەوە، بە دەنگێک هی خاک و زەوی نەبوو، دەنگی ئاسمانی، ئەمیش لەتەکیدا دەیگوتەوە وەک بیەوێت ڕاهێنان لەسەر شتێکی نوێ بکات، یاخود کەسێک خەریکی خواردنی شتێکی بەچێژ بێت و نەیەوێت هیچی لە دەست بچێت، وەک لە کاتی بینینی دیمەنێکی بێوێنەی جواندا بێت و بیەوێت سورمەی چاوەکانی بەو جوانییە بکێشێت، چاوە گەورەکانی بۆ بینینی زیاتر هەرچی زیاتر بکرێنەوە، کرابوونەوە هیچ پێویست ناکات زەحمەتی وتنەوەی ناوێت، هیچیت لەدەست ناچێت، بەردەوام هەر بە حوزووری لەناو تۆدا بوونی هەیە، ئیدی پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، ئیدی ئەوە تۆ ئەوەیت کە پێت دەدرێ و ترسی جوێبوونەوەشت نەبێت.

ئەو فەرمانی بەم دەکرد کە بخوێنە! چ وشەیەکی سەیر و بەتام (بخوێنە)، ئەم پێشتر پێغەمبەر نەبووبوو، بەڵام لەوە دەگەشت کە وەک ئەوە وا بوو بڵێ دەبێت دونیای ڕووخاو بینا بکەیتەوە، هەر بۆیە وەڵامی ئەمیش دەیفەرموو: خوێنەوار نیم، وەک ئەوە وا بوو کە بڵێ ئەو ئەرکە گرانە چۆن بە من ئەنجام دەدرێت.

ئەویش کە دووبارەی دەکردەوە: بخوێنە، وەک ئەوە وا بوو بێژێت با دەتوانیت، بە مەرجێک بە ناوی خواتەوە بخوێنی، بەڵام ئەم چاوەکانی ئەبڵەق دەبوون و دووبارەی دەکردەوە: خوێنەوار نیم... خوێنەوار نیم، ئەمیش لێی دووبارە دەکردەوە کە دەبێت بگۆڕێی و لەدایک ببیتەوە، بوونت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بگوشرێیت و ببیتە مەوجوودێکی دیکە کە توانای پێغەمبەرایەتیت بێت، وەک ئەم گوشینە و گۆڕینەی کە ئیدی گرتیە خۆی و گوشی و گوشی تا بەتەواوەتی گۆڕا و دەیتوانی بخوێنێت، واتە هەمووی بینی و بیستی و خوێندیەوە و چووە ناویەوە، هەمووی لە نوور بوو، بەڵکو هەمووی خوارد، بوو

بە بەشێک لە بوونی، تەنها شتێکی نوێ فێر نەبوو، بەڵکو جارێکی دیکە لەدایک بووەوە.

مـوحەمەد وشـەکانی دەوتەوە و بە هەناسـەدانی و قـووڵ و ئارەقڕشـتن و ڕەنگپەڕیـنەوە دەسـتی کردبـوو بە هەجـووکردنەوەی وشـەکان، ئەوان وەک باڵندەی تازە باڵەفڕیان دەکرد و ئەم دەیویست بیانگرێت، هەر زەینی بۆ دەبردن ئەوان دەفڕین و دەترسا بۆی نەگیرێن، خوا لەتەکیدا دوا و پێی فەرموو وشەکان دووبـارە مەکەرەوە، ئـێمە لە ڕۆحتـدا ئایەتەکـان دەچەسـپێنین، وەک ئەوە بـوو بێژێت خۆت هیلاک مەکە، کەم ڕەنگ بگۆڕە و ئارەقە بڕێژە و دووبارە دەستت بـبەرەوە و وەدووڕیانـدا ڕابـکە، ئـێمە بـۆ خۆمـان دەیـانگرین و دەیـانخەینە نـاو هێلانەکەیان کە لەناو باخی ڕۆحی تۆدان.

فریشـتەکە دوای تەواوکردنـی، سـەحیفە ئـاڵتوونییەکەی بـۆ گـرت و ئەمـیش دەستەکانی هەڵبڕی و باڵەکانی گرژ بـوون و خلـۆر بـوونەوە، هەم شـاد بـوو و هەمـیش غەمبـار، لە دێـرە نوورینەکـانی ڕوانـی و وەک منـدااڵیی خـۆی چاوەکـانی لەسـەر سـینگی خـۆی وەشـاردی، ئەوجـا دەرگـای نـوورینی هەنـاوی خـۆی بـۆ کردەوە و خستیە نـاو هەناوییەوە و بـۆ هەمیشـە لەتەکیدا بـوو بە یەک، ئیتر بـۆ هەمیشـە ئەوە ئەو بـوو دەیبزواند، بـۆ هەر شـوێنێکی ببردایە لەگەڵی دەکەوت و قسـەیەک لە قسـەیدا نەبـوو، هەرچـی پـێ گەیشـتبا وەک خـۆی بـێ دەسـتکاری بەوانی دیکەی دەگەیاند، نەیزانی ئەوەندەی لەم مامۆستا سەیرە نوێیەوە فێر بـوو لە هیچ شتێکی دیکەوە فێر نەبـوو، ئەو هەمـوو تـاڵاوەی چەشـتبووی ئەو کـاروان بیرکردنەوانەی بەجێی هێنابوون.

فریشتە دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکەی باڵەکانی کردەوە و ئامـادەی عـوروج و فڕین بـوو بـۆ سـەرەوە، باڵەکانی لێک نـا و دوای ئەمەش ئیدی ئەمیش تـوانی چاوەکانی لێک بنێ و پاشان بیانکاتەوە و بـۆ جیهـانی ئاسـایی بێتەوە و بیر لەوە بکـاتەوە کە بەسـەریدا گوزەرابـوو، کە هەم بەچێـژ و بەشـکۆ بـوو، هەمـیش ترسناک، هەنووکە شکۆکەش بە ترس وەرگەڕابوو، گیانی دەلەرزی و هەستی بە سەرما دەکرد هێندە سامی لە دڵ نیشتبوو، قرچە کەوتبووە دانەکانی.

خێرا هەستایە سەر پێ و لە دەرگای ئەشکەوتەکەوە بـۆ دەرەوە دەرکەوت و سـەری بـۆ ئاسـمان هەڵبڕی، فریشـتەکەی بینی بـۆی دەخەنییەوە و دەیـوت مـن فریشتەم و ئەمینی وەحیی جوبریـل و تـۆش کۆتـا پێغەمبەری و سرووشـم بـۆت

هێناوە، وەک ئەوە وا بوو پێی بڵێت: ئەمە درگایەکە بۆت کراوەتەوە و ئەویش دەرگای ئاسمان دوای ئەو پەرۆشیەی بۆ خۆت و بۆ مرۆڤایەتی هەتبوو، ئەم بیابانە هەمیشە نیشانەی قاتوقڕی بووە، کەچی ئێستا توانیبووی غەزاڵێکی چاوڕەشی پێغەمبەرایەتی هەڵبخات.

بە وتنی وشەی کۆتا پێغەمبەریش لە ترسی ئەو شایستەبوون و بەرپرسیارێتییە هێندەی تر لەرزی لێ نیشت و بەرەو شار و ماڵ داگەڕا. هەستی دەکرد پڕە، بەڵام خاڵی بووە وەک فریشتە نیشتبنە بن باڵی بە کۆڵانانی فراوانی مەککەدا ڕۆشتن و بەسەر گردی سەفاشدا هەڵبەزودابەز خۆی گەیاندە ماڵەوە، دوایی هەموو ئەمەی بۆ ژنەکەی دەگێڕایەوە.

بەسەرسامی وەکو ترسابێت ئاوا بوو، بەڵام نەترسابوو، بەڵکو سەرسام بووبوو. ژنە چووە ژێر باڵی مێردەکەی کە شەلاڵەی ئارەق بوو و لە شاخەوە بۆ ماڵ بەهیلاکی ڕێی بڕیبوو، بردیە جێی نووستنەکەی و هەموو دانیشتووانی ماڵ لەدەوری کۆ بوونەوە، بەڵام هەڵدەلەرزی و ئەمیش دەیگوت: ئامۆزا دوور لە بەڵا بیت چی ڕووی داوە؟ پێمان بڵێ، ئەویش نەیدەویست ئەوان بترسێنێ تەنها دەیوت: جارێ دوایی ئێستا دامپۆشن... دامپۆشن... دامپۆشن.

خەدیجە لە مێردەکەیدا بینی کە لە حاڵێکی سەیردا بوو، هێشتا دۆخێک لە ئەشکەوت بینیبووی بەری نەدابوو و غەرقی ئەو وشانە بوو کە لەوێ بیستبوونی، بە بینینی مێردەکەی ئەویش لە جێگەدا ڕاپەڕی و لەو نزیک بوویەوە، بە لاواندنەوە سەری ئەوی لەسەر سینگی دانا و وتی: من بینیم... فریشتەم بینی باڵەکانی کردبوونەوە لەتەکمدا کەوتە گفتوگۆ، خەدیجەش لەبەرخۆوە کەوتە بیرکردنەوە: بە خۆی وت: فریشتە!

ئەو لە مێردەکەی ڕوانی کە چۆن ئەزموونی ترسناکی ئەوێ لەو سەری سەرەوە قورس کەوتۆتە سەر دەموچاوی نووریەنی، سەری ئەوی بردە نزیک سینگی خۆیەوە و گەرمای یاوی دای لە جەستەی. گوێی لە دەنگی بەریەککەوتنی دانەکانی و بڕان و هەڵدانەوەی هەناسەی بوو، بۆ ژنەی گێڕایەوە کە تا ئەوەی سەری هەڵبڕی و ویستی لەتەکیدا بدوێ فریشتەی زەبەلاح و نوورین خۆی لە ئاسمان پێچایەوە و لە چاوانی ئەم ون بوو، تەنها خەرمانەی نوورینی ئەو لە فەزادا بەجێ ما و دوایی نوور تاوایەوە و ئەویش نەما.

هەموو ئەندامانی خێزان لەدەوری پیاوەکە کۆ بوونەوە. موحەمەد لێفەکەی لەسەر خۆی لا دا، هەڵسایەوە و سەیری خەدیجە و زەید و ئوم ئەیمەن و منداڵەکانی دەکرد، وەک ئەوەی لە شوێنێکی دوورەوە هاتبێتەوە و زۆر غەریبی کردبن و پاشان ڕووی لە ماڵەکە و شتەکانی دەکرد، وەک ئەوەی یەکەم جاری بێت دونیا ببینێت و دواتر سەری لەنێو دەستانی خۆی دانا و وەک ئەوەی شتێک وەبیر خۆی بهێنێتەوە یاخود لەبیری بکات، ئەوە چی بوو بەسەری هات، ئەو وشانە چی بوون بیستنی، ئەو نوورە فراوان و تیژە ناو ئەشکەوتەکەی پڕ کردبوو.

خەدیجە هاتە گۆ و وتی: ئەوە چی بوو خۆشەویستەکەم، موحەمەد لەژێر نووری مانگدا دانیشتبوو و کەوتە گێڕانەوە، پیاوەکەش هەر لە بنەوەڕا هەمووی بە دەنگێکی پڕ لە میهرەبانی گوڕ و تیژەوە گێڕایەوە. ئەو لەوە دەترسا کە داهاتوو بۆ ئەمی هەڵگرتبوو، دەیزانی کاری گەورە چاوەڕوانی دەکات، بەڵام ژنە ئەو هەموو دەردەسەریانەی وەبیر هاتەوە کە بەسەر مێردەکەیدا هاتبوون و بۆ ڕۆژێکی وا مەشقیان پێ کردبوو، لە بەرامبەر ناجۆرییەکدا پیاوانە وەستابوو و شانی دابوویە بەر. بە هەیبەت و سامەوە ڕووی کردە ژنەکەی و وتی: ئاخۆ ئەمە چی بێت بەسەرم هاتووە؟

ئەوجا سەری دانەواند و بێدەنگیی قورس و مانادار خۆی بەسەر هەموواندا دا و پاشان سەری هەڵبڕی و بە چاوی سۆزەوە لە خەدیجەی ڕوانی:

– بەڕاستی ترسم هەبوو شتێکم لێ قەومابێت.

– نەخێر، سوێند بێت هەرگیز خودای گەورە سەرت شۆڕ ناکات، تۆ پەیوەندیی خزمایەتی بەجێ دەهێنی، یارمەتیی نەدار دەدەیت و سکی هەژاران تێر دەکەیت و ڕێز لە میوان دەگریت و پشتیوانی لێقەوماوانی.

وەک ئەوە بوو بڵێ لێگەڕێ با فریشتە بەدەورتدا فرتەفرت باڵ ڕاوەشێنن و یاوەریت بکەن و چاکەکانت بکەنە ئامرازی ڕزگاریت و لە هەموو ئازارێک بتپارێزن. ئینجا دەستی لەسەر ناوچاوانی مێردەکەی دانا، هەستی کرد گەرمایەکی ئاگرین و بەرگەنەگرتوو و لە جەستەی مێردەکەی دێتە دەرەوە، سۆزی بۆی بزوا و شەرمی دەکرد لە بەردەم ئەوانی دیدا بە زار بیڵێ، بەڵام بە چاوەکانی دەیوت: بەقوربانت بم، گوناکانت بە قوواڵ چوون، نێوچاوت پڕ بووە لە چرچولۆچ!

ماڵەکەیان بۆ ماڵێکی ئاسمانی وەرگەڕابوو، پڕ لە فریشتە بوو، ئەوانیش هەرچی لە ژێر پێ و ئەملا و ئەولایاندا بوو هیچی نەما، چونکە بۆ ئاسمان فڕین، هەر لەوێ هەموویان باوەڕیان بە نێردراویی ئەو هێنا، خەدیجە کە دەیڕوانیە مێردەکەی و بە خوڕ فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوە و ئوم ئەیمەنی خاوەن خەیاڵی کاڵ کە هێندە موحەمەدی خۆش دەویست و متمانەی پێ بوو باوەڕی بە هەرچی هێنابا ئەویش باوەڕی پێ دەهێنا، چ جای ئەوەی هەنووکە بە چاوی دڵ ئەو فریشتەیەی دەبینی کە پەیامی ئاسمانیی بۆ کوڕەکەی دەهێنا و هەردوو کوڕی ماڵەکەش، واتە عەلی و زەید، کە بە دەمی دابەشبووەوە بۆ یەکەم جار گوێیان بۆ ئاوازی گوتەی خودایی لەسەر زاری موحەمەدەوە ڕادەدێرا، بوونە گرۆی یەکەمی ئیمانداران بە دواپین پێغەمبەر.

ئەمە هەواڵێک بوو بە موحەمەد گەیشت، هەواڵێکی گەورە لە دیوی ئەودیوی بوونەوە، ئەو دیوەی ئەمانەی ئەمدیو هیچکامیان نەیاندەبینی، هەواڵێک هەموو شتێکی بەشوێن خۆیدا هێنابوو، ئەمی ئەمدیو و ئەودیو کرد، ئازاری و خوێنی بە شوێنەوە بوو، لە پێناو ئەو هەواڵەدا چییان لێ نەدەکرد، چیی قەبوولّ نەکرد، کە باشترە بۆ مرۆڤ لە شەهیدبوونێکی کتوپڕدا تیا بچێت و نەوەک ئەوەی ئەو ماڵ و منداڵ و کەسوکار و یارانی لە پێناویدا هەر ئانێکیان مەرگ و شەهیدبوون بوو.

ئەو ئەگەر لەتەک ژن و بۆن و نوێژدا دەژیا، ئەوا چونکە لەواندا ئارامیی بیابان لەپێشدا هەبوو و لەوێشدا بۆ دوور دوور سەفەری دەکرد، کتێبیان دایە دەستی، ئەوە کتێب نەبوو خودی خۆی بوو وشەی خوا بوو، ئەمی دەدایە بەر و دونیای بێدینی پێ سەروژوور دەکرد. وەک ئەوە وا بوو پێی بڵێت: ئەمە درگایەکە بۆت کراوەتەوە و ئەویش دەرگای ئاسمان، دوای ئەو پەرۆشییە بۆ خۆت و بۆ مرۆڤایەتی هەتبوو، ئیتر ڕووناکیی خۆی تنۆک تنۆکە بە سەرتدا باری، کاری ئەو گەیاندنی ئەو نوورە بوو بە جیهانی تاریک، کە هەموو سەرزەوی بوو.

ئەمە هەواڵی جەنگی نوێی نێوان ڕۆشنایی و تاریکی بەرەی خودای تاکانە و خواگەلێ بوو کە ناویان بت بوو و دەستی پێ کرد، خوا خۆی نا، بەڵکو گەورەی فریشتان لە پێشەوە سەرکردایەتیی دەکرد.

وا دیار بوو پێش ئەوەی هەواڵی پێ بگات هەواڵی پێ دەگەیشت، ئەمە هەواڵە گەورەکە بـــوو، ئیـــدی ئەو بە چـــرایەک ڕووناـــاک دەبـــوویەوە کە بەشـــی ڕووناککردنەوەی هەموو جیهانی دەکرد. بۆ ڕۆژی دوایی خەدیجە مێردەکەی بینی هەر دەهات و دەچوو بەتاسەوە چاوەکانی کردبوونەوە و لەمی دەڕوانی، وەک ئەوەی یەکەم جاری بێت ئەم و هەموو شتەکانی دیکەش بینێت، ئەو ئیدی هیچ ڕۆژێکی وەک یەک نەبوو، هەموو ڕۆژێکی نوێ بوو، بینینی نوێ و بیستنی نوێ و بۆنی نوێ خەو و حەوانەوەی نوی، هەموو ژیانی نوێ بوو.

لە ئەستێرەکانی دەڕوانی کە هەر لە فریشتەیان دەکرد، سەرزەویی تاریکیان ڕوون دەکردەوە، جارجاریش گوێی لە ورشەی باڵی فریشتە بوو کە دەیبینین و ون دەبوون وەک ئەوەی دابگیرسێن و بکوژێنەوە.

ڕوانینەکانی لە ژنەکەی وەک ڕوانینی منداڵێک بوون کە برسیی بێت و داوای شیر لە دایکی بکات و بەڵام نەگری، داوای شیری لەو نەدەکرد، داوای پشتیوانیی دەکرد، ئەمیش دەبووە پەنا و پشتیوانی.

بیستوچواره‌م: له‌ناو دڵی ئیماندارانداو نهێنی و شاردنه‌وه
(ئه‌ڵقه‌ی ده‌رگای کوتایه‌وه و ده‌رگای بۆ کرایه‌وه)

(ئه‌و هه‌واڵانه‌ی ده‌رباره‌ی موحه‌مه‌د بڵاو ده‌کرانه‌وه بۆ ئه‌وه به‌س بوون که هه‌موو خه‌ڵکی چاوه‌کانیان زیت ببنه‌وه.) ئه‌گه‌ر من ئاوا بوه‌ستم، ئه‌وا هه‌موو شت ده‌ڕووخێت، مه‌به‌ستم هه‌موو شتی مرۆڤ و خودی مرۆڤیش، نازانم چی بکه‌م!

دونیای ئه‌و له دونیای ئه‌وان جیاواز بوو، ئه‌و له دونیایه‌کی دیکه‌دا ده‌ژیا، ئه‌وان ده‌خۆن و ده‌خۆنه‌وه و له‌وه‌ش زیاتر یه‌کتریان خۆش ناوێت، جیهانی ئه‌وان جیهانی بێمانایی و له جیهانی بێمانایی‌شدا وه‌حشه‌تی پێشتری مرۆڤی تێدا زیندوو ده‌بێته‌وه، جیهانی پێشتر ڕوانینه ئاسمان و خۆر و په‌یوه‌ندیی له‌گه‌ڵ خودای تێدا نیه، جیهانی وه‌حشه‌تی ئه‌وان شه‌یتان هه‌ر خه‌ریکی ئاگادارکردنه‌وه‌یانه، ئاگادارکردنه‌وه له‌وه‌ی خه‌ریکن ده‌بنه نێچیر، ئاگادارکردنه‌وه له‌وه‌ی خه‌ریکه مرۆڤێکی دی دێت و ئه‌وه‌ی ئه‌م هه‌یه‌تی بۆی ده‌بات، ئاگادارکردنه‌وه له‌وه‌ی ئه‌گه‌ر نه‌یشاریته‌وه بۆت ناپارێزرێت، وریا به! باشترین ڕێگه‌ی خۆپاراستن کوشتنه.

ژیان ئاوایه، هه‌ر یه‌ک جار ببه‌زێیت، ئیدی نه‌وه‌ک هه‌موو هه‌بووه‌کانت، به‌ڵکو خۆشت له‌ده‌ست ده‌ده‌یت، ئه‌وسا وه‌ک ئاژه‌ڵ له بازاڕه‌کاندا ده‌تفرۆشن، ئه‌وان له دونیای خۆیاندا هه‌م ده‌یانه‌وێت له دونیای وه‌حشه‌ت هه‌ڵبێن و هه‌میش ده‌یانه‌وێت تێیدا نغرۆ ببن، که دونیای وه‌حشه‌ت له‌واندا زیندوو ده‌بێته‌وه، ئیدی له‌ناو له‌زه‌تی مولکداریی ئه‌وه‌ی که هه‌یانه و حه‌سره‌تی ئه‌وه‌ش که نیانه شێتگیر ده‌بن. ئه‌ویش له‌وێ له‌ناو جیهانی پێغه‌مبه‌رایه‌تیدا له‌ته‌ک هاوڕێی دێرینداو گفتوگۆ ده‌کات و گه‌وره ده‌بێت و ئه‌زموون کۆ ده‌کاته‌وه، ئه‌و ئه‌زموونه‌ش مایه‌ی سوود ده‌بێت بۆ خۆی و بۆ ئه‌وانی دی، له ڕاستییشدا ئه‌و ئه‌زموونانه بۆ خۆی ئازار، به‌ڵام بۆ ئه‌وانی دی مایه‌ی ڕزگاری بوون.

ئه‌م له دونیاکه‌ی خۆیدا ئه‌گه‌ڵ له‌واندا ده‌ژی، به‌ڵام ته‌نهایه، ته‌نیایه به‌و مانایه‌ی له‌وان جوودایه، ئه‌میش هاوڕێی خۆی هه‌ن، هه‌ندێک له هاوڕێکانی

لەوانن، هەندێکیشیان لەوانەن کە ئەوان ناتوانن هاوڕێیەتییان لەتەکدا بکەن، بۆ نموونە ئەوان هەموو شەوێک لە ئاسمان و ئەستێرە و مانگ ناڕوانن، ناتوانن هەست بە ترتی تیشکی مانگیش ناکەن، شاخ و بیابان و با و باڵندانی ڕۆژ و ئاژەڵانی دوور لە مرۆڤ ژیا و لێیان نزیک نابنەوە، لەتەک سەفەری ڕۆژانەیدا خۆر و ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون نابینن، ئەوان ناتوانن فریشتە ببینن، چونکە بینینی فریشتە پێویستی بە چاوداخستن هەیە تا مرۆڤ ببینێت.

ئەوان تەنها هەستیان هەیە کە دەبێت هەستەکانیان بەکار بهێنن تا بژین، ژیانیشان بە ئاژاوە و جەنگی ئەوانی دیە، ئیدی ئەوان ناتوانن هەستنەوە و هەست بە هەستەکانیان بکەن، دەبێت لەو هەستانە تێپەڕێن، هەرچەند ئەوان پێکەوەشن، بەڵام هەرکامیشیان بە تەنها دەژین، مرۆڤە شەڕانییەکان لە دونیایەکی تەنهادا دەژین، ئەمیش تەنهایە، بەڵام ئەو تەنهاییەی ئەم جیاوازە لە تەنهایی ئەوان، ئاخر ئەم دۆستی ڕاستەقینەی هەیە و حەز دەکات بەتەنها پێکەوە بن، دۆستێک لە بێدەنگیدا بۆی دەدوێت، تا بێت غەریبیی ئەو دەکات و بۆ بینینی ئەو ئەوان بەجێ دەهێڵێت و بە شاخەکەدا سەر دەکەوێت و دەڕواتە ماڵی یەکەمی مرۆڤ، ئەو ماڵەی کە باوە ئادەم فڕێ درایە سەر زەویی غەریبیەوە لەتەک هاوسەرکەیدا لەوێ پەنای گرتبوو، لەوێ لەو ماڵەدا بە تەنها دادەنیشێت، لە پشتی ئەو دیوارەوە کە پانتایی ئەشکەوتێکە بیر لەوان دەکاتەوە.

ئەوان هێندەش خراپ نین، خراپییش وەک تەنهایی پلەی جیاوازی هەیە، هەندێک زۆر خراپن و هەندێ کەمتر، هەندێک زۆر باشن، بەڵام گیرۆدەی خراپیی ئەوانی دی بوون، ڕۆژێک دادێت واز لە ڕۆشتن بۆ ئەوێش دەهێنێت، دەگەڕێتەوە ناویان و سەرڕاست و ئارام بە دەستی پڕەوە دیاریان دەداتێ. دیاریەک مایەی بەختەوەرییانە، ئەو بەوان دەڵێت من زۆر باش ئێوە دەناسم. ئەو یارمەتیی ئەوانی دیش دەدات، ئەگەرچی ناشزانێت ئەوان کێن، چونکە ئەو ئازادە، بوێریی دڵی هەیە هەر ئەو بوێرییەش ڕاستگۆیی و متمانەی پێ بەخشیوە.

ئەو لەتەک ئەواندا بەشوێن گیروگرفتدا نەگەڕا، دەشیزانی گیروگرفتی تووش دەبێت، بەڵام هەر ئەو گیروگرفتانە بوون ئەنجامی گەورەیان بە ئەو گەیاند. هەنووکە بەر لە گەیاندنی گرفتە گەورەکان و دوای ئەوەی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لە چاوەکانی ئەوەوە چاویان بڕیبوویە جیهانی نەدیتراو، وەک ڕۆزیی ڕۆژانە لە پێغەمبەرایەتی بەشی هەموویانی دابوو، نەوەک وەک ئەندامی خێزانی خۆی کە هەموویان زۆر خۆشیان دەویست، بەڵکو لەبەر ڕاستیی ئەو حەقەی هێنابووی هەموویان باوەڕیان پێ هێنابوو و دەستی پەیمان و بەیعەتیان خستبووە ناو دەستی، دواتر هەر ئەوان بەس نەبوون، بەڵکو هاوڕێ نزیکەکەی کە لە برا بۆ ئەو لەپێشتر بوو لەو کاتەوە پێشتر و دواتریش متمانەی تەواوی بە ئەو هەبوو، پەیوەندییان هاوڕێیەتیی تێپەڕاند و پایەیەکی بانگەوازی پەیامەکەی لەسەر شانی کوڕەکەی ئەبوقوحافە (ئەبوبەکر) بوو.

ئەوجا هەواڵی فریشتە و ئاسمانی بە مامەی خۆشەویستی (ئەبوتالیب) بە تەمای باوەڕهێنان و دەستخستنە ناو دەستی یان هەر نا بۆ پشتیوانی گەیاند، بە مامی وت: ئەو قسانە کە کردمن هەڵگیر و وەرگیریان بکە و لای هیچکەس نەیانڵێیت مۆری بێدەنگی لە لێوەکانت بدە.

ئەبوتالیبیش دەستی بە ڕیشیدا تا نیوەی هێنا و لەبیرکردنەوەدا نوقوم بوو و تا ئەوەی دەموچاوی وەک خشتی سوورەوەکراوی پێنجکون ڕەق بوو، ئەوجا خشت نەرم بوو، بووەوە بە قوڕ و کونێک کرایەوە و بزەیەکی تێدا سەوز بوو، نە لەبەر ئەوەی باوەڕی بە برازاکەی هێنا و شوێنی بکەوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەمە ناوبانگێکی گەورەی بۆ بنەماڵەکەیان پێ بوو، دەبوو تا دەتوانێت پشتگیری برازاکەی بێت.

بیستوپێنجەم: لەسەر تەپی سەفا (ئاشکراکردن)

(ئەو هەر لە منداڵییەوە خەمی ئەوانی دیی هەبوو، بەڵام هەنووکە خەمی قوواڵتر خۆی خزاندبوویە ناخییەوە)

بە تەواوی بوونی نەبینراویەوە هەستی بەو دەکرد، جارێکی تر گیرۆدەی ڕەنگبزرگانی پیرۆز بوویەوە، هەناسەیەکی تازە لە بوونیەوە دەچۆڕی، ئایەتەکانی (ڕاگەیاندنی بانگەواز) ئەوی بۆ دونیای دەرەوە پەلکێش دەکرد، فریشتەی سرووش ڕاگەیاندنی گۆڕانی بۆ هێنابوو، کە دەبوو هەموو دونیا بگۆڕێت و دەبێت لە کەسە نزیکەکانی خۆیەوە دەست پێ بکات. ئەو چی بوو تا هەموو جیهان بگۆڕێت، ئەمە کاری نەکردە و تاقەتپڕووکێن بوو، ڕەنج و ئازاری دەویست، مەککە بە خراپییەکانی خۆیەوە بیانووی زۆری بەدەستەوە دابوو بۆ دەستێوەردانی ئاسمان.

ئەو هەر لە منداڵییەوە خەمی ئەوانی دیی هەبوو، بەڵام هەنووکە خەمی قوواڵتر خۆی خزاندبوویە ناخیەوە. ئەو ڕێگەی ڕزگاریی بۆ مەککە نەهێنابوو، ئەوە مەککە بوو کە دەبوو خۆی ڕزگار بکات. ئەمە بە ئەندازەی ئەوە قورس بوو کە بوترێت دونیا بڕووخێنی و سەرلەنوێ بونیادی بنێیتەوە، ئەو پێی نابووە چ سنووریکی مەزنەوە، کەچی دواجار هەر وەک مرۆڤ لاواز و ترساو گەڕابۆوە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەو فەرمانە مەزنە بەو مرۆڤە دڵڕەق و خۆپەرستانە بگەیەنێت کە هەموو کارێکی شارەکەیان لە دەستدا بوو.

ئەو هەموو شتێکی لەبارەی خۆگری و ئاراممییەوە دەزانی، لە بیرمان بێت ئەو پێشتر شوان بوو، دەبوو بوێری بداتە بەر خۆی و فەرمانەکەی خودا ڕابگەیەنێت، هەرچەند پێشبینیی دەکرد و بەڵکو لەوە دڵنیا بوو کە ئازاریان دەدا، جەستەی هاوڕێکانی بەسەر لمی بیاباندا ڕادەکێشرا، بەڵام پێویست بوو ببێتەوە بە بەشێک لە خەڵک و لە دیارترین شوێنی شاردا کارەکەی کردبا، ئەگینا فەرمانەکەی بەجێ نەگەیاندبوو.

کاتێک خەدیجە لە موحەمەد نزیک دەکەوتەوە هەستی دەکرد گیانی دەلەرزێت، ئەو لە خۆی نەدەترسا، بەڵکو لە ڕێگری و ڕوبەڕوو بوونەوەکانی ئەوان و ئازار و ڕەنجەکانیانی وەک دڵۆپە ئاوی ناو ئەشکەوت دەتکایە گیانیەوە.

ئەو ئەوانــی بە خۆیــان ئاشــنا کردبــوویەوە، خەتــای ئەو ئەوە نەبــوو کە دوژمنیان بوو، بەڵکو خەتای ئەو ئەوە بوو لە خۆیان زیاتر بەوان ئاشکرا بوو، دەستی دەگرتن بۆ ئەوەی پەنجەیان بخاتە سەر برینەکانیان پێیان بڵێت: ئا ئەوەتا، بەڵام ئەوان دەستی بە میهری ئەویان لەسەر برین لا دەدا و برینیان لەبیر دەکرد و دەکەوتنە دژایەتیی ئەو، هەر وەک چۆن نەخۆشێک لەبری وەرگرتنی چارەسەر دژایەتیی پزیشکەکەی دەکات.

کاری زۆر بوو کە ئەنجامی بدات، دەبوو فریا بکەوێت مەککە لە شەڕی نەفس ڕزگار بکات، بیکاتەوە بە شاری خوا، بتەکان تەنها نەشکێنێت، بەڵکو لە ماناکانیان خاڵییان بکاتەوە، بیابان فێری کردبوو کە زۆر کاری هەیە کە تەنها بەو ئەنجام دەدرێت، تەنیایی فێری کرد تەنها تەنیاییە وا دەکات لە خۆی و خوا و بوون و خەڵک تێبگات. ئەگەر وا نەبا ئەو چۆن دەیتوانی ئاوا کارێکی گەورە بکات، ئەو ڕزگارکەرێک نەبوو لە فریشتە و تارمایی و نوور بێت، ئەو ڕزگارکەرێک بوو لە گۆشت و ئێسقان: (خودایا یارمەتیم بدە تۆ و دەشت و ئیبلیس و برسێتی و مرۆڤ بناسم) دەبوو مەککەی مەملەکەتی لەلایەن نەفس و ئیبلیسەوە داگیرکراو بۆ مەملەکەتی "اللە" بگەڕێتەوە، خواوەند لەتەک ئەودا ڕەحمی کردبوو کارێکی ئاسانتری بەو بەخشیبوو، ئەویش قوربانیدان بوو.

ڕێنموونیی ڕۆحی ئەوانی لە دوای جەنگێکی گەورە بەرەو بەهەشت دەکرد، ئەو بۆ سەروو ئاسمانەکان سەرکەوتبوو، جیهانی ئەو هێندە بەرز و نایاب بوو کە لە سەرووی دوورترین ئەستێرەوە بوو. وای خودایە چەندە جیاواز بوو، حەیفی لێ دەهات کە تەنها هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی هەر کەسە و بەقەد توانای خۆی بۆ ئەو بەرزاییە سەرکەوتبوو، دەیویست هەموو شار لەو ڕوانینە نوێیە بێبەش نەبن. خواش بەگوێرەی کرانەوەی و مەزنبوونی ئەو پەیڤەکانی خۆی بۆ دەنارد، بۆیە فەرمانی پێ دا کە ئەوانەی لە تۆ نزیکترین لە مەککەی هەناوی تۆدا ئەژین، هەر ئەوانەی سەرمایەی خۆتیانت لەتەکدا بەش کردووە کە دەستپاکی و ئەمانەتداریيە، لەمەی پێی گەیشتووی و ئەوان نەیانچەشتووە و نەیانبینیوە ئاگادار بکەرەوە (لەو ترسناکییەی لەو ڕێگەدا ئەوان گرتوویانەتە بەر، کەسەکانت ئاگادار بکەرەوە).

ئەویش بە شادی و خۆشەویستیی ئەوانەوە چووە سەر شاخی سەفا، ئەو شاخەی پشتەوەی مااڵی خواپێداوان و خوارەوەی ماڵە پرشوبڵاوەکانی

هەژارەکان و مـاڵە پڕ لە بـتەکەی خـوا بـوو، وەلـێ هەردوو بەرەکەی وەک یەک خۆش دەویست.

خزمەکـانی دەیـانزانی، بەڵام ئەوانـی دی نەیـانزانی بـۆچی مـوحەمەد بە جـلە سپیە پاک و نەجیبزادەکانیەوە بەم بەیانییە بە شـاخەکەدا سـەرکەوت و دەسـتی بە بانگکردنیـان کـرد، هەمـووان بە پڕتـاو بەرەو لای مـوحەمەدی دانـا ڕۆشـتن، هەمووانی بانگ کرد: کەسەکانم ئەی عیٚلی قورەیش. ناوی هەمـوو تیرەکانی هیٚنا، نـاوی هەرکامیشـیانی دەبـرد وا نـاوی دەهیٚنـا وەک ئەوەی هـیچ کەسـی دیـکەی نەمابیٚـت، تەنهـا ئەوانـی هەبـن، ئەوانـیش لە دڵەوە وەڵامیـان دەدایەوە، زۆریـان نەیانـدەزانی ئەو بـۆچی بانگیـان دەکـات، هەمـوو شـار، تەنـانەت کـۆیلە و غەریبەکانیش لە دەوری ئەو شاخە کۆ بوونەوە، هەمووان بە دەمی بەشکراوەوە لەوێ نزیک بوونەوە و نەیاندەزانی کە ئەو بازرگانە ژیر و حەکیمە چ داوایەکی لەوان هەیە.

چاوە ڕەشـەکانی پڕشنگی دەدا و ناوچـاوی دەدرەوشـایەوە، بە دەنگی ئـارام، بەڵام گڕاوی بەوانی وت: (ئەگەر پیٚتان بڵـیٚم لەو دوورەوە لە پشت ئەو شـاخەوە، کە ئەو لەو سـەرەوە دەیبینـی ئەوان نەیانـدەبینی، دوژمـن بە هەزاران سـواری ڕەشپۆشـەوە هەمـوو لمـی بیابانیـان کردۆتە تۆز و بـۆ لای ئیٚـوە دیٚت، دەیەوێت بدات بەسەرتاندا، باوەڕم پێ دەکەن؟)

ئەوان هەموویان ڕەنگیان سـوور هەڵگەڕا و لە پرسـیارە سـەیرەکەی ڕەنگیـان گـۆڕا، هەمـووان لە دڵـی خۆیانـدا دەیـانوت، وەی توخـوا تـۆی ئـازیز چـۆن چاوەڕوانی وات لە ئیٚمە هەیە، هەرکەس پەلەی بوو پیٚش ئەوان تر وەڵام بداتەوە و بڵێ: ئەی چۆن ئیٚمە هەرگیز درۆیەکمان لە تۆوە نەبیستووە.

دەی ئیٚسـتا کـاتی بـوو ئەوەی بە هەمـوو بـوونی ئـەزموونی کردبـوو و بـۆ ئەوان چـاک بـوو، بەڵام نەیانـدەبینی، هەر وەک چـۆن ئەو هەمـوو سـەربازەیان نەدەبینی بە ئاوزنگدان و هەڵبەزین و دابەزین و قریوەوە بەرەو ئەمان دەهاتن.

ئیدی هەواڵە گرنگەکەی پێ گەیاندن، ئەوەی شاخەکان لە شوێنی خۆیان پیٚی دەبزوان و زەوی کە نەیدەوێرا لەسـەر سینگی خۆی هەڵی بگرێت و ئەسـتێرەکان

لە ترسیدا خۆیان شاردبوویەوە و خۆر لە دوورەوە بەو ئاسمانەوە لە ترساندا دەیویست دوورتر بڕوات، وشەیەکی بەسەر زاردا هات کە هەموو بوون تیا چوو و دروست بوویەوە، هەموو جیهانی کەمی دیتراو و زۆری نەدیتراو گوێیان لێ بوو و تێی گەیشتن و ئەوانەی لەوێ بوون لە کەسەکانی بیستیان و لێی نەگەیشتن.

وای چ قسەیەک بە زاریدا هات چ حەقیقەتێکی بەوان وت، چەند گیانداری بەستەزمانی بینراو و فریشتەی بااڵنەخشینی نەبینراو گوێیان لێ بوو و سەیریان دەکرد، ئای چەند بای بیابان هەڵیان کرد و چەند دەریا کەوتنە شەپۆلان، هەموو بیستیان، بەاڵم خزمە نزیکەکانی نەیان بیست و یاخود وایان لە خۆیان گەیاند کە نەیان بیستووە.

خزمەکانم من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە نێردراوم، تا لەو شتانە ئاگادارتان بکەمەوە کە ئێوە نایان بینن و من دەیانبینم، دەستتان بگرم بۆ ئەوەی ئێوەش سەرکەون، من تەنها ئەوەم ناوێت کە باوەڕم پێ بکەن، بەڵکو دەمەوێت ئێوەش بڕێن و وەرن بە چاوی خۆتان ببینن، بەاڵم ئەوان هەندێکیان هیچیان نەگوت، تەنها بااڵوەیان لێ کرد و هەندێک بە کراسەکانیان دەموچاویان داپۆشی و هەندێکیان تەنها لەیەکتریان ڕوانی و شانیان هەڵبڕی و لچیان هەڵقورچان، هەندێکی دیکەیان دانەوینەوە بە مشتی پڕ لە لم و بەردەوە بەرز بوونەوە و لەویان گرت و هەندێکیان (وەک ئەبولەهەبی مامی) دەمی ئەشکەوتیان کردەوە و ئاگر و بڵێسە لە شێوەی زمانیان هاتە دەرەوە و ئەیانپێشان و دەیانگوت دەک بە قوڕدا بچیت بۆ ئەوەت کۆ کردووینەتەوە؟

ئەو بە شێوەیەکی بەئاگایانە چۆتە دوورییەکی دیکەوە و هەنووکە خەریکی پێشاندانی ئەوە بێت کە لەوێ دەیانبینێت، ئەو حیکمەتی بینینی خۆی هەڵدەڕشت وەک نوور لە سەرەوە بۆ لای ئەوان دادەبەزی، ئەوانیش لەتەک ئەودا شەڕیان بوو و دەستیان لەتەک ئەوی دووردا تێوەردابوو و لە ڕاستییشدا لەتەک خۆیاندا شەڕیان بوو. هەر نەتدەگوت: کە ئەویان خۆش ویستووە، بەڵکو هەر وەک ئەوەی نەیانناسیبێت، دەنگی نەرم و شیرینی ئەو بۆ ئەمان وەک جوێنی لم و

دڕکی بیابانی لێ هاتبوو که به حیکمەته قوواڵەکانی پێغەمبەرایەتی بەوانی دەوت: (عێلی قورەیش خۆتان له دۆزەخ ڕزگار بکەن، خێڵی بەنی کەعب خۆتان له دۆزەخ ڕزگار بەکەن) ناوی هەموو تیرەکانی هێنا و پاشان کچەکەی خۆی خستە پاڵ ناوهێنانەکانی که دڵێکی وەک دڵی دایکی هەبوو (فاتیمەی کچی موحەمەد خۆت له دۆزەخ ڕزگار بکە، سوێند به خوام من له بەردەم خوادا هیچم بەدەست نییە، تەنها ئەوەیە ئێوە کەسی منن و منیش ئەو پەیوەندییە زیندوو دەکەمەوە).

ئەوان دەیانزانی ڕاستە، کێشەکە حەقیقەت نەبوو، ئەوەی ئەو هێنابووی ڕاستی بوو، بەڵام ڕاستییەک لەتەک خراپیی ئەواندا نەدەهاتەوە، ئیمان تەنها زانینی تۆ ناگۆڕێت، بەڵکو وجوودی تۆش دەگۆڕێت، ئەوەی ئەوان نەیاندەویست کە بیگۆڕن، ئەویان به تەنها لەسەر سەفا بەجێ هێڵا و شەرمیان له ناسینی حەقیقەتی ئەو نەکرد.

ئازاری هەبوو، لەسەر برجی گردەکە دانیشت و هەستی دەکرد سکی دێشا، ئارەقەی دەکرد، له بەردەم فریشتە و خوادا که لەوێ ئامادە بوون هەستی به شەرم دەکرد که ئاوا خزمانێکی هەبوون، ئەوان له ڕووکەشدا به تەنها ئەویان بەجێ هێڵابوو، ئەم قایل نەبوو له یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەیان ڕەتی بکەنەوە و بکەوێتە سەر چۆک، دەیزانی ئەوان خراپن، بەڵام هێندەش ئامادە بۆ پشتکردن له نووری حەقیقەت ئەوان کافر بوون، کافری چییە بێجگە له پشتکردنە حەقیقەت و ئیمانیش چییە بێجگە ڕووتێکردن و هەوڵی پێگەیشتنی.

لەسەر لمی گردەکە دانیشت و توند مشتی به گڵەکەدا دەکرد که خەریک بوو به تینی خۆر که به لاسەریەوە وەستابوو گەرم بووبوو، وای له خەیاڵدا بوو که ئەوان هێشتا لەوێ بوون: خزمەکانم خۆشەویستیی ئێوە وام لێ ناکات که له حەق لا بدەم، هەروەها ترسیش وام لێ ناکات، دەزانم ئێوەش شتانێکتان هەن که هەموو ڕۆژ هەڵدەستن و دەتانەوێت لەو شتانە ڕزگارتان بێت، شەرم له ڕوانین له تەنیاییەکانی خۆتان دەکەن، ئێوە بوێریی ڕووبەڕووبوونەوەتان لەتەک خوا و لاوازییەکانی خۆتان و مەرگ و قیامەت و حەشردا نییە، ئێوە هەموتان تەنهان

و دەتانەوێت کەس نەزانێت کە ئێوە تەنهان، بە بوونتان لەتەک ئەوانی دی سەودا و جەنجاڵی و خۆمەستکردنتان دەتانەوێت ئەو تەنهاییەی خۆتان بشارنەوە. لە فەرشەوە بۆ عەرش هەموو مەخلووقات دان بە خودایەتیی خوا و ڕاستیی لاوازیی خۆیاندا دەنێن هەوڵی پێشاندانی موحتاجیی خۆیان بۆ خوا دووپات دەکەنەوە، تەنها ئێوەن نیازی خۆتان لە خودای بوون دەشارنەوە، هەمووان چاویان لە ئاسمانە و ئێرە بە قوربانی ئەوێ دەکەن، ئەوە تەنها ئێوەن کە مەتاعی قەلیلی ئێرە بە خەیری کەسیری ئاسمان ناگۆڕنەوە.

ئێوە پێچەوانەی ئاشەکانن، نەرم وەردەگرن و زبر دەدەنەوە، بابەتەکە ئەوە نییە کە حەق ناناسن، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە کە بەلاتانەوە گرنگ نییە کە بیناسن، ئەی خزمە بێمروەتەکانی من، هەموو مەوجوودات لە ئارەزوویان بۆ ڕزگاری لە جۆشوخرۆشان تەنها ئێوە نەبێت ناتانەوێت بۆ سەرەوە سەر هەڵبڕن و بزانن لە ئاسمان چی دەگوزەرێت، خزمەکانم هێشتا ئەمە سەرەتایە و ئاخری خێر بێت.

ئەوان ڕۆشتن و ئەویان بە تەنهایی و کۆڵێ ئاخ و ئۆفی نەوتراوەوە بەجێ هێڵا. دەنگی وەک هاڕینی لم بە دەنگی مرۆڤ گۆڕایەوە و فریشتە دەستیان خستە ناو دەستەکانی و لە خراپیی قەومەکەی دڵیان دایەوە، لە شاخەکە داگەڕا و بۆ لای فریشتەی ماڵەکەی، خەدیجە، گەڕایەوە، ئەو کاری ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەوان، مانای نەمانی گۆڕانکاری لە بنەمای ژیانی ئەوان و دەستپێکردنی ئازاری ئەو و هاوەڵانی بوو.

بیستوشەشەم: لە کوشتارگەی مرۆڤدا (ڕەنج و ئازار)

(مشتێکی کرد بۆ خۆڵە خوێناوییەکەی بەردەم دارەکەدا و هەستی بە گەرمیی خوێنەکە کرد و بەرەو کەپووی بردی و پەردەکانی لووتی لەرینەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: خوێنی یاسر و سومەییە هەمیشە تازەیە.)

ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو گوێیانەی گوتەی خودایان دەبیست و ڕۆحی خۆیان ئاو دەدا زۆر و زۆرتر دەبوون، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو پشتانەی ڕووت دەبوون و بەر قامچی دەکەوتن و ئەو پێستانەی ئازاریان دەچەشت زۆر دەبوون و خواپێداوانیش لە بیری ئەوەدا بوون تەگبیری ئەمە بکەن.

وا دەهاتە بەرچاو ئەو کابرایە تێک چووبێت، بەڵام گوتەکانی لەوەیان نەدەکرد، هەر ئەوە نەبوو کە گەورەکەیان ئەبوتالیب زۆر بەدڵی بوو و بە عاقڵترینی بنەماڵەکەی خۆیانی دەزانی و وای دانابوو کە بۆ گەورەی بنەماڵە و بەڵکو هەموو قورەیش ئامادەی بکات. دواجار کەس نەیدەوێرا قسە لە قسەیدا بکات، بەڵام دواجار ئەوان بەرپرسی خۆیان و هەموو شاری پیرۆز بەڵکو هەموو سەرزەویی عەرەبیش بوون، ئەگەر لێگەڕابان موحەمەد بەو مەشخەڵەی بە دەستیەوە گرتبوو ئاگری لە ماڵوحاڵی هەموان بەر دەدا و هەر ڕۆژێک کورێکیانی لێ وەر دەگرتنەوە و ئەویش عاقڵترینیان شوێنی دەکەوتن و یاخود کۆیلەیەکیان، ئەویش زیرەکترین و ژیرترینیان لێیان یاخی دەبوو داوای ڕزگاریی خۆی دەکرد.

لە لایەک دەبوو کە دەبێت ئاگایان لە خۆیشیان بێت و نەخۆشیی ساری شوێنکەوتنی کوڕی گەورەکەیان ئەوانیش بگرێت و ئاخر ئەو هەموو ئەو شتانەی ڕەت دەکردەوە کە ئەمان هۆگری بوون و هەموو ئەوانەش مایەی دڵگەرمیی ئەو بوون ئەوانە بوون هی کەسانێکی گەورەی وەک ئەمان نەبوون، هەر ئەمەش مایەی ڕاکێشانی ڕۆڵەکان و کۆیلەکانی ئەمان بوو.

ئەمان هەموو شتێکیان هەبوو، بەڵام خۆیان نەبوون، خودایان هەبوو، ئەمان بووبوونە پاسەوان و پارەیان هەبوو، بەڵام تەنها ڕۆڵی ژمێریاریان پێ سپێررابوو، بازرگانیی زستان و هاوینیان هەبوو و بە درێژایی بیابان خۆیان یاخود پارەکانیان، کە جیاوازی نەبوو ئەوانیش هەر خۆیان بوون، دەهاتن و

دەچـوون، بەڵام لە هەژاران زیـتـر ترسـیان هەبـوو، هەژار ترسـی نەبـوونی و ئەمانیش سەرلێتێکچوونێک بە هۆی هەبوونیانەوە هەیان بوو.

ئەم کابرایە هاتووە و دەیەوێت هەرچییان خڕ کردۆتەوە لێیان وەرگرێتەوە، ئەو هەرگیـز بەڕاشـکاوی وای نەدەوت، بەڵام ڕەفتارەکـانی وایـان دەنوانـد، هەرکامیان لەناو خۆیاندا دەیانهێنا و دەیانبرد، لە ناوەوە هەموو قەرەبالّغ و لە دەرەوەش مەجلیس کپ و بێدەنگ و ئەویش بێدەنگییەکی سامناک کە کەسیان نەیدەوێرا ڕووبەڕووی ببێتەوە.

دواجـار (ئەبوجەهـل) ئەشـکەوتی دەمـی خـۆی کـردەوە، نەوەک بـۆ ئەوەی هەوای لـێ بچێـتە ژوورەوە، بەڵکـو بـۆ ئەوەی هەوای نـاو سـییەکانی تـێکەڵ بە مێشـکی بکـات و لە شـێوەی وشـەدا بە ترسـەوە بیکـاتە دەرەوە. بـۆ ئەوەش کە بەسەر ترسی سامناکی هەناوی خۆیدا زاڵ بێت، هەوڵی دا دەنگی فەرماندەرانە لە خۆی بنوێنێت، بەڵام هیچی پێ نەوترا. پاشـان ماندوو بـوو، دەسـماڵەکەی ژێر جبەکەی دەرهێنا ئارەقەی ناوچاوی خۆی سڕی و سەری بۆ سەر کورسـییەکەی خۆی دانەواند و دانیشتەوە.

هەرکامیـان لەسـەر کورسـیی تـایبەت بە گەورەی خـێڵەکەی خـۆی لە "داروالندوە" دانیشـتبوون، لە خەیـاڵی چارەسـەری ئەو گرفتە گەورەیە بـوون کە (مـوحەمەدی کـوڕی عەبـدولموتەلیب) لە ئاسـمانەوە هێنـابووی و سـەرزەویی بێکێشەی ئەوانی پێ گرفتار کردبوو. ئەبوجەهـل بێدەنگیی شکاند و هەر لەخـۆوە هەڵیدایێ: عیبرەت... دەبێت هێندە ئازار بدرێن و بەئازارەوە بمرن تـا ببنە عیبـرەت بۆ ئەوانەی مەیلێکیان بۆ ئەو لە دین وەرگەڕاوانە دروستبووە.

هەموویـان دوای بگـرەوبەردە ئەم ڕایەی "ئەبولحەکیم"یـان قەبـووڵ کـرد وەک بەرنـامەی ڕووبەڕووبـوونەوی ئەم قۆنـاغەی مـوحەمەد و شـوێنکەوتووانی، بە مەرجێک ئەوان ئازار بدرێن و لە مـوحەمەد بگەڕێن تـا ئـازاری ئەوان لە ئـازادیی موحەمەد کرمێ ببێت.

*** *** ***

حەشاماتێکی زۆر لە پیاو و ژنی بینی بە بەردەم مزگەتدا تێپەڕین و ئالای ڕەنگ جیاوازی هەموو تیرەکانی قورەیشیان بە دەستەوە بوو، چەندینی دیکەیشی بینی لە دەرەوەی شارەوە بەرەو ئەو حەشاماتە کۆ دەبوونەوە، ژنان نیوە ڕووت و بە قژی بژەوە هاتبوونە دەرەوە تا لە ئەنجامی ئەوانە بڕوانن کە لە ئایینی باووباپیرانیان یاخی بوون. تا دەهات ژمارەی خەڵکەکە زیاد و زیاتر دەبوو، پاشان بەرەو سەفا بزوان. سێ کەسیان دابوویە بەر خۆیان و یەکی داریٚکی گەورەیان بە پشتیانەوە بەستبوون و زوو زوو قامچی و نیزەیان تێ دەسرەواندن، ئەوانیش بۆ پێشەوە لەتریان دەدا و لە ڕۆشتنەکەیاندا ئەملا و ئەولای ڕێیان دەکرد و پیاوانی کەتەی زریٚپۆش بۆ ناوەڕاستی ڕێیان هەڵدەدانەوە و ئەوانیش لە کاتی ڕۆشتندا هەڵدەئەنگوتن.

ئەوانە وەرگەڕاوانی ئایین لە شوێنکەوتووانی موحەمەد بوون، پیرەپیاوێک (یاسر) کە قژە سپییەکانی لە پشتی سەریەوە بەستبوویەوە و چاوە گەورەکانی بێ ترس بۆ پێشەوەیان دەڕوانی و نیوە ڕووت تەنها بەردێکی بچووک ساتمەی پێ دەدا و ڕێگەی لێ دەبڕی. جارجارێکیش هەوڵی ئەوەی دەدا کە فریای ژنەکەی (سومەییە) بکەوێت، کە بەرەو پێشەوە تەکانی دەدا و هەڵدەستایەوە، ئەوی تریش کوڕەکەیان عەممار بوو کە قژە لووڵە خوێناوی و تۆزاوییەکانی تا سەر شانە پانەکانی هاتبوون و چاوە ڕەشەکانی دەبڕییە باوک و دایکی بەربەرەکانییان لەتەک ئازار و ماندووبیدا دەکرد و نەیاندەهێشت کە بکەون.

گەیشتنە (بەتیح) و زەنگی گەورەی دەستی جارچی دەنگی دایەوە و تەپڵ و دەهۆڵ و زورنا لە هەموو شاردا دەنگیان دایەوە، ئاوازی زۆریان دەرهێنایەوە، لەو ئاوازانەی تەنها لە کاتی ترسناکیدا دەردەهاتن، سێ دیلەکە بە چاوەکانیان قسەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد. چاوی ڕاستی یاسر هەڵماسیبوو، خوێنی لێ دەچکایەوە و دایک و کوڕ هیچکام دەستیان بەو نەدەگەیشت تا خوێنی برینی بسڕنەوە.

خەڵکەکە بووبوونە چەند بازنە، بازنەی یەکەم گەورەکانی قورەیش بوون، ئەوانەی ئەندامی پرسوڕا و ڕیشسپییانی سەرتاشراوی نیشانەی ئەندامێتی (دارالندوە) بوون، هەروەها زیوانەکانی بتەکان و زمانانی ئەوان بوون کە داوایان دەکرد کارەکانیان ئەنجام بدەن یاخود ڕێگرییان لێ دەکردن یاخود خەڵات و قوربانییەکانیان لە خواپێداوەکان قەبوڵ دەکرد. ڕیزی دواتر پیرەپیاوانی

ئەندامانی هەموو خێڵەکان و کوڕانی ڕیشسپییانی قورەیش بوون، ڕیزی دواتر کوڕانی مرۆڤانی ئاسایی و پیرەپیاوانی ئەوانەی ڕێیان درابوو لەناو خێڵەکاندا بژین، بەڵام خوێنیان لەوان نەبوو، ڕیزی دواتر کۆیلەکان و ژنان و دواتریش منداڵان بوون.

خۆر زۆر گەرم داهاتبوو و دەتوت لەو دۆخەی لە بەرچاویدا بوو زۆر تووڕەیە، ئیدی ئاگری دەباراند. خەڵکەکەش عارەقی گەرم بە ناوچاویاندا دەهاتە خوارەوە، لمی گردەکەش هێندە گەرم داهاتبوو قاچی نەرمی وشتری دەسووتان، هەواکەش ئەوەندە گەرم بوو لە بەرچاوان مێرووڵەی دەکرد. لەپڕ لەناو ژناندا کە ڕێگەیان نەدابوون لە پێشەوە بوەستن، دەنگێک وەک دەنگی باڵی هاتنەخوارەوەی هەڵۆیەک بۆ گرتنی کەرۆشکێک قیژاندی: دەبێت ئەو لە دین وەرگەڕاوانە لە سێدارە بدرێن.

ژنێکی دیکەی ڕەشپۆش یەخەی کراسەکەی دادڕی، ئەمە وەفای پەنادانیان بوو لەلایەن قورەیشەوە، لە کاتێکدا کەس لە ناوچەی عەرەبدا ئامادە نەبوو پەنایان بدات، ئیدی ئەوەندەی پێ نەچوو هەموو ژنانی وەستاو بە یەک دەنگ وتیانەوە: دەبێت لەناو ببرێن، تینوو و برسی بکرێن و سزا بدرێن تا مەرگی خۆیان پێش مردنیان بە ئاوات بخوازن. پاشان منداڵان و بەدمەستەکان بە پێڵاوی دڕاو و سەر و ڕیشی چڵکن و جلوبەرگی شڕەوە هاتنە پێشەوە و لە سێ دیلە دانراوەکە کە بە دارەکانەوە بەسرابوونەوە، پیرەکانیش ئەوەیان دەزانی بە ئامانجی چی دەهاتن بۆیە ڕێگەیان دان، هاتن و بەرد و شەربەی مەی و ورگی حەیوانی سەربڕاو و شیاکەی مەڕ و بزن و قەرسەقولی وشتریان تێگرتن.

ئەو موسڵمانانەش بەنهێنی ئیمانیان هێنابوو، چاویان بە خێزانەکە کەوت کە بۆ ئازاردانیان هێنابوون، بەتوندی دڵیان لێی دەدا. ئەبوجەهلیش ورگی دەرپەڕیوی بردبوویە پێشەوە و دەستەکانی بۆ سەرەوە هەڵبڕیبوو و وەک ئەوەی باوەشی بۆ پێشوازیی کۆڕەوەکە، کە لەوێ کۆ بووبوونەوە، هەڵبڕیبێت.

سەرەنجام کارە گرنگەکە هاتبووە پێش و ئەمڕۆ دەبێت پاشەڕۆژی جیهان دیاری بکرێت، بۆ ئەمیش ئەمڕۆ ڕۆژی یەکلاییکردنەوە بوو، دەبێت کارێک بکات وەحشەت بخاتە دڵی دۆست و دوژمنەوە، ئیدی پیرەکان بابەتێکیان بۆ حیکایەت و بەدگۆیان بابەتێکیان بۆ وتی وتی و منداڵان ڕووداوێکیان بۆ لە یادەوەریدا

تۆمارکردن دەست کەوتبوو. ئەو هەموو چاوە بێڕەحمانە لەو تاوانبارانەیان دەڕوانی و دڵی وەک بەردیان بۆیان نەدەبزوا.

پیاوماقوواڵان و حەشاماتیش لەویان دەڕوانی و چاوەڕوانی ئەوە بوون بزانن لە هەر لاوە دەنگ بەرز بوویەوە و تووڕەیی ئەوان بووبوویە گەردەلوول و ئەوانی ڕادەماڵی، کابرا هەردوو باڵی هەڵبڕی و خەڵکەکە دامرکانەوە و هەردوو دەست و هەر دوو قاچیشی لەتەکدا دەبزواند و بە دەوری دیلەکانیدا دەسووڕایەوە، خۆی دەنواند. ئەمڕۆ ڕۆژی تۆڵەی ئیهانەکردنە بە خواکانمان، دەبێت تۆڵە لە موحەمەد و یارانی وەربگرینەوە، دەبێت هەموومان بۆ ئەم کارە یەکدەست بین، دەبێت مردووەکانیشمان لەتەکدا بێ، وای هەست دەکرد هەموو باوباپیرانی مردووی لەوێ ئامادە بووبوون، هەموو بتەکان گیانیان بە دەوریدا وەک ئاگر بە نیازی سووتاندن هەڵایسابوون.

تیشکی خۆر بەستوونی لە مێزەرەکەی دەدا و ئارەقەی سپییش بە لاجانگەکانیدا دەهاتە خوارەوە، کەف و هاڵاو لە دەمی دەهاتە دەرێ، سمێڵی درێژی وەک پەڕی قەلی نێر لە کاتی بینینی مێینەکەیدا قیت بووبوونەوە، فەخری بەسەر هەموو عالەمدا دەکرد کە هەنووکە کۆمەڵێک کۆیلەی دەستبەستراو و دیلی داماوی دابوویە بەر خۆی و حەشاماتەکە و لێرە بۆ ئازاردانی هێنابوون. کێ دەڵێت هێنانەوەی حورمەتی شار لەسەر دەستی ئەم بێتەوە و بتوانێت مێژوویەک بخولقێنێ بە باوباپیرانیشی نەخولقابێت. ئێستاکە بابەتەکە گەیشتبووە بنی بن و فرمێسکیش نەیدەتوانی ئازاری ئەو بنەماڵە داماوە دەربببڕێت کە ئەو هەزاران چاوە بێڕەحمانە بۆیان دەڕوانین.

کابرای جەلالاد لەناو جەماوەری خۆیدا کەشوفشی دەکرد، قامچیبەدەست، دەهات و دەچوو و لە مرۆڤە خوێن لەبەر ڕۆشتووەکان نزیک دەبۆوە، قامچیی هەڵبڕی و ویستی لە ژنەی دەستبەستراو بدات، بەڵام ئەو دەموچاوی خوێناویی بڕییە ئەو و گۆناکانی بۆ ناو کەلاوەکانی بزواند، دوای هاتنەدەرەوەیان شتێکی گەورەی بەقەت مشتێک لەناو دوو لێوەکانیەوە دەرچوو بەر ناوچاوانی ئەو کەوت، ئەوە تف و لیکی تێکەڵ بە خوێن بوو گرتیە ئەوی خاوەن کۆیلە و گەورەی خێڵەکەی.

لەو کاتەدا یەکەم قامچی بە هەواوە چوو، دەستی کابرا وشک داگەڕا و بە دەستی تفی ناوچەوانی سڕی و ئیدی یەک و دووان و دە، بە قامچی ژنەی

داگـرتەوە. ئێسـتە ئەوی وێرانبـوو تـف لە ناوچـاوی ئەو بکـات. ئەم ئەوی قامچیباران دەکرد و ئەویش بە ئارامییەوە بوێریی بەرگەگرتنی هەبوو و هیچی نەدەوت، ئەم ماندوو بوو وازی لە کارەکەی هێنا و ئەویش هەر بە بوێرییەوە تەنها ئەوەی وت: وا دەزانی کە من دەستم بەستراوە و تۆش دەستەکانت دەسووڕێنیت، ئیدی من لێت دەترسم!

خۆرەکە بەرەو ئاوابوون هەڵگەڕابوو، بۆیە سێبەری بەندییەکان و دارەکانیش لار بووبوونەوە. پێکانی لەناو نەعلەکانیدا دەبزواند و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوو، ڕووی دەمی کردە ئەو خێزانە ئازارچەشتووە و دەیگوت: ئارام بگرن ئەی بنەماڵەی یاسر، چونکە ژوانگەی ئێوە بەهەشتە، کە وەک ئەوە وا بوو بێژێت لەوێ لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ ئێمەش کۆ دەبنەوە. چاوەکانی پڕ بوون لە ڕوانینی کەسێکی بکوژ و دوور لە خودا، بێجگە لە دەنگی پێڵاوە قورسە فارسییەکانی کە بە لمەکەیدا دەنا هیچ دەنگێکی تر نەدەهات.

لەپڕ هەرزەکارێکی دەموچاو زیپکاوی لە حەشاماتەکەوە هاتە دەرێ، کە دەمێکی گەورەی هەبوو تا بناگوێی دەچوو، بە دەم هاواری دەکرد و بە دەستیش بە دەهۆڵیدا دەکێشا و دەیگوت: دەبێت لە سێدارە بدرێن و خەڵکەکەش لەگەڵیان وتەوە: سێدارە... سێدارە.

گەنجەکە تونـد بە دەهۆڵیـدا دەکێشـا و دەنگـی دەهـۆڵ هەمـوو شـاری زرینگاندەوە، بەڵام ئەو پێی باش نەبوو نە لە سێدارە بدرێن و نە لێیان بگەڕێن بە لەچوارمێخەکێشـان وشـک ببـنەوە، بەڵکـو دەبێـت ئەوان ئـازار بچێـژن و بەئازارەوە بمرن بەو شێوەیە ئاژەڵی چێژبەری ناخی ئەو تێر دەبوو، غەریزەی نووستووی مرۆڤکوژی باوباپیران لە خەیاڵیدا زیندوو بووبوویەوە.

سێ دیلەکە جلدڕاو و بە پێی پەتی لچیان شۆڕ و کراوە و چاویان بە قوواڵدا چووبـوو، چاوەکـانی ئەبوجەهـل بە ئاسـمانەوە نووسـان و بە هەمـوو توانـای هاواری کرد دەبێت ئازار بدرێن. دەهـۆڵی لە سێدارەدان لە کوتان کەوت و هەر وا کارگەی ئازاردان دەستی پێ کرد بزمارداکوتـان بە گیـانی پیرەپیـاو و ژنەی سکپڕ، تەق تەق دەستی پێ کرد، هەموو ئامادەبووان نەیانتوانی سـەیریان بکەن، تەنهـا دوو چـاوی بێبەزەیـی (ئەبوجەهـل) نەبێت بەکراوەیـی مـابوونەوە، هەمـوو چاوەکان داخرابوون.

بـه ڕۆچـوونی یەکەم بزمـار بە گۆشـتدا، قیژانـدن و بروسـکە و دەنگـی هەورەتریشـقە لە ئاسـمانەوە هـات و هەمـوو شـت تاریـک داهـات، هەورەکە کە لەسەر بەندییەکان خڕ بووبوویەوە بڵاوەی لێ کرد.

سومەییە بە بینینی ئازاری مێرد و ڕۆڵەکەی زۆر ئازاری پێگەیشت، ئاخر ئەو ژن و دایک بوو، بۆیە بە جۆرێک سۆزی بۆ مێردە پیرەکەی بزاو بۆ کوڕەکەی ئازاری پێگەیی، هەوڵی دا بە جۆرێک تۆڵە لە کابرا بکاتەوە کە هەرگیز بیری لێ نەکردبێتەوە، نەوەک هەر بەرامبەر بە خودا و بە پێغەمبەرەکەی هیچی نەگوت، بەڵکو دەمی پڕ لە تف کرد و سرەواندیە ناوچاوی کابرا.

موحەمەد دڵی بە بینینی دیمەنی ئازارچەشتووی یارانی زۆر ئازاری هەبوو، بووبووە کۆتەڵێکی بێڕۆح، بریا ئەمیان گرتبا و ئەوانیان ئازاد کردبا، ئەو دەیزانی ڕۆح خـوێنی لەبەر دەڕوا و جەسـتە ئـازار دەچێژێ و مرۆڤـی لە قـوڕ ڕۆنـراو و وەک گۆزەی وشککراو درز دەبات و بەرگە ناگرێت.

لە دووڕەوە لەوانـی دەڕوانـی و لە دڵەوە پەیـام و سـەلامی بـۆ دەنـاردن لە دڵەوە بۆ دڵ لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئارام بگرن ئەی بنەماڵەی یاسر، ژوانگە و مـاوای ئێـوە بەهەشـتە، کە وەک ئەوە وا بـوو بێژێـت: تەنهـا لەوێ، بەهەشـت پێکەوەتان کۆ دەکاتەوە، هەروەها سەلامی خودای پێگەیاندن و فەرمـووی: لەوێ چاوەڕوانتـانم وەرن! ئێـدی جلـی خوێنـاویی جەسـتەتان لەبەر دادەکەنرێـت و بە ڕۆحی بریندار و ئازاردراوەوە، بەڵام ئاوی و پوختە بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە.

لە ناوەڕاستی شاردا ئەسکەلەیان بۆ دروسـت کـردن، بـۆ ئەوەی بێکەسـەکان بیـانبینن کە بزماڕڕێژیـان دەکەن و هەڵیـان دەواسـین، تـا بیـر لە هەڵگەڕانەوە لە دەسـەڵاتی گەورانی قورەیش نەکەنەوە. نێزەی تیژی بە دەسـتەوە گرتبـوو دەهـات و دەچـوو و لە نەفرەتـان سـەری زلـی لەنـاو مێـزەری ڕەشـدا دەسـووڕاند. ئەوە خەمخـۆری قـورەیش و سـەرۆکی ئەنجـومەن، ئەبـولەکەم بـوو دەسـتی زل و تـووکنی ڕادەوەشـاند و دەسـتەکانی ڕایەڵ دەکـرد و پەنـجە و ئەنگوسـتەکانی بە نیشانەی هەڕەشـە دەکـردە ئەو کۆیلە جلدڕاو و خوێناوی و پێپەتیانەی هەرکام خـاچێکی بە کـۆڵەوە بـوو، بە عینـوانی لە ئـایین هەڵگەڕاوە و شـوێن مـوحەمەد کەوتوو بە حەشاماتەکەی دەناساندن، کۆمەڵێک جلڕەشـی دەموچـاو داپۆشـراوی شمشێربەدەست وەپێشی خۆیانیان خستبوون و بـۆ شـوێنی کوشـتارگەکە پاڵیـان پێوە دەنان.

سمێڵەکانی لەناو دانەکانی نابوو و ئارەقەی ناوچاوی هیلاکی خۆی دەسڕی، ئەمانە لە دەرەوە نین، بەڵکو ئەوەتان لە ناخیدا، دەبێت لەوێش بیانخنکێنێت، کەواتە لە دەرەوە تا کۆتایی بڕوات و لە ناوەوەش تا قوواڵترین شوێنی ناخی ئەوانەی لە دەرەوە دەیانکوژێت، ئەوانە تەنها کۆیلەی بەبەها یاخود بێبەها نین، بەڵکو ئەوانە لە ناخی وێدان، ئەم خۆیەتی خۆی دەتۆقێنێت نەوەک دەرەوەی خۆی.

دەموچاوی خێزانەکە سووتاو و نەشۆراو و ئارەقە و خوێن تێکەڵ بووبوون، ژنانیش لە ئازار و برسێتیی ڕەنجدا هاوبەشی پیاوان بوون، دیمەنەکە زۆر ترسناک بوو، پیاوەکە چاوی بڕیبوویە خێزانەکەی. وتیان: لە کەللەڕەقی بگەڕێ و لە دینی موحەمەد پەشیمان ببەوە و خۆت و خێزانەکەت دەپارێزین، ئەویش لە ئەنجامدا وتی: من لە هەر شوێنێک بم تەنها خودا لە بەردەممدایە و دەمپارێزێت. ئەوجا دەستی توندی کابرایەکی قەڵەوی چاوئاوساو و سەرتاشراوی پێ گەیشت و ڕیشی هێندە ڕاکێشا کە دانەجیڕەی پێ کەوت.

کوڕ و ژنەکەی بەرگەی ئازاریان دەگرت، ئەویش تینی دەکەوتە بەر تا مەرگ بڕوات و ئامادەی تێکۆشان و ڕزگاری بوو، بە ئازایانەش ڕۆشت و تا ڕۆحی جەستەی پیری بەجێ هێلا و تێکەڵ بە جیهانی فریشتان بوو. یاسر مرد و خوداحافیزیی لە هاوڕێیانی ژیانی پێشووی کرد، هەر ئەو کاتەش مرد لە ژیانێکی نوێدا لەدایک بوو. لە بەهەشت بوون، ئەو بەرهەمەی خوا هەموو ساڵێک دەیداتە ئەو کەسانەی کە کار دەکەن، لەو جۆرە کارەی کە یاسر و سومەییە دەیانکرد.

ژنە هاواری لێ هەڵسا: بەرد و دار پەرستینە لێی بگەڕێن، ویستی بگاتە مێردە پیرەکەی، بەڵام هەردوو دەستە خوێناوییەکەی بە زنجیر بە خاچێکەوە بەستراببوونەوە. کابرای قەبەی ناوچاوشەڕانی نووکی نیزەکەی خۆی لە زەویەکە دەسووی و بە ژنەی ماندوو و قژپژاو و دەموچاوسووتاو و سینەدڕاوی وت: من ئێوە دەناسم ئەگەر بە بزماریش بە دارەوە هەڵتان واسن هەرگیز لە گوتەی خۆتان پەشیمان نابنەوە! هەر ئێستا دەتنێرم بۆ لای مێردەکەت کە تەنها چەند مەتر لێوەی دووری و پێی ناگەیت، ئەوجا بە هەموو هێزی نێزەی لە سکی هەڵاوساوی ژنە چەقاند، کابرا بۆ ئەوەی دڕندەیی ناخی تێر بکات بە دەنگی بەرز پێکەنی و نیزەی بە سکی ژنەی مردووەوە بەجێ

هێشت و ئارەقەی ناوچاوی سڕی و ڕووی لە دیلەکانی دیکەش کرد. خۆریش لەو بەرینە سوورە ئاڵانە ڕادەما و دەیویست زمانی تیشکیان تێ بسوێ و ساڕێژیان بکات.

کوڕە تاقانەکەی کە دایک و باوکی بە مردوویی بە خاچەکانەوە بە پێوە وەستابوون، لەوە دەگەشت کە لە بەرچاویدا ڕووی دەدا، بەڵام نزای بوو کە بەرگەی بگرێت، ئەوان هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد ئاژەڵێکی ئازا و نەبەزیو لە ناخیاندا لێی ڕاکشابێت. خۆرەکە ویستی بڕوات، بەڵام لە شوێنی خۆی وەستا و بۆ کوڕەی دایک و باوک کوژراوی ڕوانی کە لەو حاڵەدا بوو جەستەی لە ڕۆحی جوودا بووبووە، ئازار هەرچی بیویستایە بە جەستەی دەکرد، قژە ڕەشە کاڵەکانی و دەموچاوی زەرد و خوێناوی دەست و قاچە ڕوتەڵەکانی و سینگی دەرپەڕیو خۆراکدانی نەبوو و سکی بە پشتیەوە نووساوی نووربارانی کرد.

خۆر ئاگای لێ بوو کوڕە لە چاو ئازاری دایک و باوکی بە بەرچاویەوە نەیدەتوانی لە سەری چەماوەی باوکی بەسەر ڕیشی سپی و سینگی و سیی دڕاوی دایکی بڕوانێت. گوێی لێ بوو کە ئاژەڵێکی دووپێی دڕندە هات بە گوێیدا چرپاند: ئەگەر بە خواکانی ئێمەدا هەڵنەدەیت و خراپەی موحەمەد نەیەتە سەر زارت ئەوا لاکی گەنیوی دایکت بۆ ئاژەڵانی وەحشیی بیابان فڕێ دەدەین، ڕۆڵەی ئادەم نەوەک کوڕەکە، بەڵکو هەر کەسی دییش هێندە ئازاری هەبووایە زیاتر نەیدەتوانی بڕوات، بۆیە بە هەموو بوونی دەیگوت: ئیتر ئازار بەسە، حەزی لە مەرگ بوو، بەڵام وەک مەرگی دایک و باوکی نەیدەتوانی، ئەو لێی نەدەگەڕا ئیتر ئەویش بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت ئەوەی بە دەمدا هات کە حەزی دەکرد مردبا و شتی وای بە دەمدا نەهاتبا.

خۆر لە ئاسمانەوە بۆ کوڕە گەنجەکە دڵی سووتا و گوتەی کوڕەکەی زۆر لا گران نەبوو، چونکە دەیزانی ئەو گوتەیە بێمانا بوو، شتێک مانای هەیە لە توانای مرۆڤدا بێت و بە ویستی خۆی ئەنجامی بدات، خۆری ڕووناکی سەرزەوییش موحەمەد هەر وای وت، کە دواتر عەماری بێ دایک و باوک ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە وتبووی، ئەویش دەیزانی کە بە چ دۆخێکدا تێپەڕیوە ویستی دڵی بداتەوە پێی وت: دڵت چۆن بوو کاتێک کە وات وت، وتی: ئارام و دڵنیا پڕ لە خۆشەویستیی خوا و پێغەمبەرەکەی، ئەمەی وت و بە جۆرێک وتی، وەک ئەوەی لەو حاڵانەدا مرۆڤ هیچ شتێکی دی نەبێت: ئەگەر ئەم جارەش وایان کردەوە هەر وا بڵێرەوە.

ئەی لە دڵی ڕەقی دێوی مەککە کە ئەمانە دەکوژرێن و ئازار دەدرێن، کەچی لەم شـارەدا دەرگـایەک لاتـرەک ناکرێـت و پەنـجەرەیەک نابزوێـت، هەمـوو ئامـادەبووان لەبـری ئەوەی بە بینینـی خـوێنی لەبەررۆشـتووی سـەر دارەکـان و جەستەیان قاقا پێدەکەنین و تەپڵ و زورنایان لێدەدا. هـیچ سـۆزێکیان بـۆ ئەوان نەبوو، ئەوان نەیاندەتوانی دڵیان بکەنەوە تا جێی ئەوانی دیکەی تێدا بێتەوە بـۆیە چاوانیشیان ئەوانیان نەدەبینی، خەتاکە لە دڵدا بوو.

هەنووکە ئەبوجەهل کە لە مەرگی دیلەکـان دڵنیـا بـوو، ئەو وێژدانـی نەبـوو کە سزای بدات، بۆ ئەوەی سەرکردەبوونی خۆی بسەلمێنێت وتی: بۆنی بـۆگەنی ئەم لاتولووتانە بـای سـەبا نـاخۆش دەکـات، یەکێـک بـڕوات و جەسـتەی گەنیویـان بـۆ بیابان بەرێ و بۆ ئاژەڵانی گۆشتخۆریان بەجێ بهێڵێت!

*** *** ***

جەسـتە زەبـری بەردەکەوێـت، بەڵام ئەوە ڕۆحـە ئـازارە گەورەکە دەچێژێـت، ئەو هەستی بە ئازارێکی گەورە دەکرد لە ڕۆحـی خۆیـدا، هێندە گەورە ئـارامی لە ڕۆحـی گەورەی ئەویـش هەڵگرتبـوو، نەیـدەتوانی بخەوێـت و بـۆ تەسـەلای خـۆی دوای نـوێژ ڕوو بە کەعـبە دانیشـتبوو، هەنـووکە هێشـتا هەر حەزی لە ڕازونیـاز بـوو لەتەک خـودای خۆیـدا، هـاوڕێ هەمیشـەییەکەی کە هەمیشـە بـۆ ئەوەی ئەم ئارام بگرێت ئەنیسی گیانی بوو و دڵی دەدایەوە.

ئـاخر چـۆن بخەوێـت لە کاتێکدا ئـازاری هەر هەمـوو مرۆڤەکـان لەنـاو ڕۆحـی ئەودا بـوون، مەگەر کەسـێک مردبـا بیتوانیـایە ئەو ئـازارانە لە ڕۆحـی خـۆی دەر بکات، ئەم تەنانەت پێش پێغەمبەرایەتیشی درکی ئەو ئـازارانەی هەبـوو، دەیتـوانی جێـی ئەوانـی دی لەژێـر چـادری گەورەی ڕۆحـی خۆیـدا بکـاتەوە، هەنـووکە کە بووبـوویە پێغەمـبەر و جـارێکی دیـش لەنـاو ڕەحمـی ئەشـکەوتەوە لەدایـک بووبوویەوە ئازارەکەی گەورەتر بووبوو.

ئـازارەکەی زۆر گەورەتـر بـوو سـەیری خەدیـجەی کـرد کە دوای نـوێژەکەی ئەم شەو و چوون بۆ ئاسمانی ئەم، چاوەکانی لێک نابوو، بینینی ئەو ئازارەکـانی بەسۆتر کرد، فریشتە بوو و دایکی بوو و ژنی خولقاو لە پەراسـووی بـاوەگەورە

و ئـادەم بـوو، خـوا بـۆ ئەمـی نـاردبوو، ڕۆحـی و هەمـوو سـەروەت و سـامانی خستبوویە بەردەستی ئەم، دیسانەوە ئەویش بۆ ئەم ئازاری چەشتبوو.

وەک ئەوەی خەدیجە بە خەوتووییش ئاگای لە بیر و ڕۆحی بێداری ئەم بێت چاوەکانی کردنەوە و وتی: بخەوە خۆشەویستەکەم!

وەک ئەوەی وتبێتی با کەم ئازارە ئەبەدییەکانی مرۆڤ ئازارت بدات، خەدیجە مێـردەکەی خـۆی بـاش دەناسـی، هەمیشـە لەتەک ئەو و منـدالّەکان و هەمـوو کەسـەکانی و هەمـوو مەوجوودێـک بە بەزەیـی و دەمبەخەنـدە بـوو، بەڵام ئەم دەیزانـی ئـازارێکی ڕەق وەک بەردێکـی گەورە لەسـەر دڵـی بـوو، ئەمەی بە خەسڵەتی عاشقی و ژنانەی خۆی دەبینی.

مـوحەمەد ڕووی دەموچـاوی ڕوونـی چرائاسـای لەو شـەوەدا کـردە ژنەکە و وتی: کاتی خەو تێپەڕی ئەی خەدیجە، بخەوە ئازیزم، ئاخر خوا کارێکی گەورەی بە مـن سـپاردووە، ئـازارم گەورەیە، قوربـانی و ئازارەکـانی هاوڕێکـانم تەسـەلام نادات، بەڵکو ئازارەکانی ئەوان جارێکی دی دەبنەوە بـە بریـنی بەسـوێ و دێنەوە ناو ڕۆحم و ئازارەکانم قوولّتر دەکەنەوە.

خەدیجە دەیبینی مێردەکەی، کە عاشقی بوو، زۆر گۆڕاوە، ئەو لە دڵـێ خۆیدا دەیوت: ئەوانەی عاشق دەبن باش دەبن، خـۆ ئەوانەی دەبنە پێغەمبەر ئەوا زۆر باشتر، پێغەمبەرایەتی یـارمەتیی باشترکردنی ئەوەی داوە کە هەر خـۆی هەبـوو، لە خەدیجە گەڕا کە لەناو خەوی بەچێژدا ئاسـوودە بێت، خـۆی هەڵسـایەوە و لە ماڵەکەی تێپەڕی و بۆنی عەتری پێغەمبەرایەتیی لە پاش خۆی بەجێ هێڵا.

بەنـاو ئەو سەلامسـتانە کـپ و بیسـتراوەدا بەهێمنـی هانگـاوی نـا و بـۆ نـاو جیهـانی کـپ و تاریـک چـووە دەرێ. لە لای ڕاسـت و چەپـی ماڵەکەیانـدا دراوسێکانی مەست یان ماندوو خەوتبوون، هەموویـان بـرای خەو لەتەک خۆیدا بردبوونی تا مرۆڤ و بوون لە خراپەیان ڕزگاری بێت، نزیکترینیـان مـامەی بـوو، خـۆی و کوڕەکـانی تیریـان تێـدەگرت و نوێژەکانیـان لـێ تێـک دەدا، ژنەکەی دەچـووە بیابـان و کـۆڵە دڕکـی بە پشـتی خانەدانـانەی خـۆی دەهێنـا و لەبەردەرگاکەی ئەماندا هەڵی دەڕشت و شیعری پێدا دەوت بە نیـازی داشـۆرینی، ئەو خـۆی دادەشـۆری تاهەتـایە ئەو کـارانەی لەنـاو کتێـبەکەی "مـوحەمەد"دا دەمانەوە.

ئەوانـی دیکەیـان ورگ و ڕیخـۆلەی گەنیویـان دەهێنـا و ئەو هەمـوو بەرامە ناخۆشـەیان بە دەمـاخی عەتراویی خۆیانـدا دەکرد و هەڵیـان دەدایە بەردەرگـا و ژوورەکەی ئەمـــان، ئەمـــانە پیـــاوی گەورە دەوڵەمەنـــدەکانی قـــورەیش و گەڕەکەکەشـیان لە سـەرووی مەکـکە، گەڕەکـی نەجیبزادەکـانی قـورەیش بـوو، کەچـی گەورەیـی و هەبـوونی ئەوان لە سروشـتی وەحشـیانەیان دوورێـان نەخستبوونەوە.

بوونی ئەوان بەسەر باوباپیراندا بۆ باوانە دوورەکانی ئەوانی وەک ئیبراهیم و ئیسـماعیل بـازی دابـوو و بەسـەر باوبـاپیرە دوورترەکانیانـدا کەوتبـوون و هەزارانیـان بە هەمـوو دڵڕەقـی شـەڕانیەت و هەوەسپەرسـتی و بەردتاشـیی خۆیـانەوە لە هەناویانـدا زیندوو بووبـوونەوە و هەمـوو تواناکـانی خۆیـان بـۆ ئازاردانی مرۆڤێکی ڕۆحویستی وەک ئەم و یارە لاوازەکانی خستبووە گەڕ.

هەر دوێنێ ئەوەندە ئازاری پێ گەیشتبوو، لە کاتێکدا ورگە زلەکەی وشـترێکی سـەربڕاوی لەتەک کچەکانیـدا لە بەردەم مااڵەکەیـان لا دەدا، سـەری بـۆ ئاسـمان هەڵبڕی و ویستی نزایان لێ بکات، بەاڵم چاوەکانی داخست و خۆی خواردەوە و دیـوەکەی تـری بـوونی بینـی و بە دەنگێـک، دەنگـی نەرم، بەاڵم ئـاگراوی وتـی: دراوسێیەتی ئاوا نابێت ئەی نەوەی کەعـب، ئاوا نابێت. هەنـووکە ئەو لە بەردەم مـااڵەکەی خـۆیەوە بـزوا و بە بەرچـاوەوە بەرەو پێشـەوە هەنگـاوی ئـازاراوی و غەمبارانەی دەنا، بەاڵم لەودیو چاوەکانیەوە هەر هەنگاوێکی تەکاندانی بااڵەکانی بوو بۆ سەرکەوتن و عوروج.

ئەم بـۆ خـۆی مەخلـووقێکی سـەیر بـوو، شـوێن کۆبوبـوونەوەی دوو جیهـانی جیاواز و دەستپێکردنی دوو سەفەری جیـاواز و دوو هەسـتی جیـاواز بـوو، ئەمە ڕازی پێغەمـبەرانەی ئەو بـوو. شـوێنی کۆبـوونەوەی شـتە جیاوازەکـان، ئـازار و شادیی ڕاکێشانی جەستە و بریندارکردن و بەجێهێاڵن و سەرکەوتن.

لە بەردەم مااڵەوە دەرچوو ڕۆحی سەر دەکەوت، بەاڵم جەستەی بەرەو خوار وەک باڵنـدەیەک لە لـووتکەی شـاخێکەوە نیشـتبێتەوە و بەسـەر تاشـەبەردەکانی ئەم بەرد و ئەو بەرد بـۆ شـیوی بـن بەردەکە دابگەڕێـت، ئـاوا بەرەو خـواری شـیوی مەککە داگەڕا و بە پـەنای ئەو مـااڵنەدا تێدەپەڕی کە چـرای ئیمانیـان تێدا هەڵگرابوو و ئەو ڕۆحانەی تێدا بـوون و باڵیـان لـێ ڕوابـوو و بـۆ سـەرەوە سـەر دەکەوتن.

بەلای ئەوانەشدا کە خانووەکانیان پێش مرۆڤەکانی ناویان لە خەوی غەفڵەتدا بووون و نزای بۆ ئەوانیش کرد. شوێنە نهێنییەکانی پەرستنی ئەسحابەکانی لەودیو دیوارەکانەوە ئاگا لێبوو کە بە چەند پارچە نووسراوێکی قورئانەوە سووچێکیان گرتبوو. دواتر بە لای شوێنی ئازاردانی ئاشکرای ئەوانیشدا گوزەری کرد و بەرەو ئازارگە و قوربانیگەکەیان تێپەڕی.

گوێی لە ناڵەی ئازاری مااڵی خوداش بوو، هەرچەند دوور کەوتبوویەوە، بەاڵم بەرەو لای گەڕایەوە و سەلامی لێ کرد و دڵی دایەوە: کە خاوەنی هەموو ماڵەکانی مەککە مردوون و بۆ نەوەکانیان بەجێ ماوە تەنها خاوەنەکەی ئەوە زیندووە و هەرگیز نامرێت و ڕۆژێک دادێ دەستی خودایانەی خۆی دەداتە ژێر فەرشی کۆنینەی ئەو و هەرچی تێدایە هەڵی دەتەکێنێت.

هەرچی شەیتان و خودای بەردین و دارینی ئەوان و فێڵ و زێڕ و زیویان هەیە هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکات و ئەو هەموو خوا بەردینە دەبنەوە بە بەرد، تەنها بەردێک لەناو بەردەکاندا دیتی لەو ماڵە دارین و بەردینەدا بۆ ماڵێکی نووریـن وەرچەرخا و وەک مرۆڤی بەکەیف و شاد دەموچاوی کرابوویەوە و نووریـک لێیەوە تا ئاسمان کشا. ئەمیش بەردە ڕەشەکە بوو، کە پەیوەندیی بە پەرستن و خواکانی ئەوانەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندیی بە ئیبراهیم و کەمهێنانی دیواری ڕۆنراوەوە بوو، کە کەس نەیزانی خوا لە کوێوە ئەم بەردە ڕەشەی نارد تا دیواری پێ تەواو بکات و بیکاتە خاڵی سەرگۆنای ماڵەکەی.

برژانگەکانی بەردەوام بەسەر چاوە پرشنگدارەکانیدا دەپرتان، ئیدی ڕێگای بەرەو شوێنی ئیستا خاڵی و بە ڕۆژدا پڕ لە خوێن و ئازاری گرتە بەر. دەنگی پێکانی خۆی گوێ لێبوو و کە کپیی ترسناکی ئازارگەی هاوڕێکانی دەشڵەقاند، سەرەتا بەردە گەورەکان کە لەژێر تیشکی کزی ئەستێرەکاندا ڕەشتر دەیاننواند، دەیزانی ئەوە خەتای مرۆڤە ئەوان لەسەر سینگی یارانی دادەنێن و گۆشت و ئێسقانی ئەوان لە قورسیی جەستەی سەنگینی ئەماندا دەهارن.

سەلامی لێ کردن و دڵی دانەوە و پاشان سەری بۆ لای ئەو شوێنە هەڵبڕی کە داری قایمی بە زنجیر شەتەکدار و بزمارکوتی سومەییەی پێدا هەڵواسراوە و لەوێ بە ئازار و خوێناوی بە پێوە وەستابوو. لەو قولاپە ئاسنینانەی ڕوانی کە هێشتا گۆشت و پێست و مووی سەری ئەو مەخلووقە ناسکەی پێوە بەجێ مابوو، بۆ ئەو دارەی دیکەی ڕوانی کە ئاسن پێوەی پێچی خواردبوو و خوێن

پژاو و له بەردەمیدا بە درێژایی چەند کەزێکی ڕەشی مەیلەو سوور زەوییەکەی گرتبوو، ئەوە شوێنی یاسری پیرەپیاو بوو کە دوای مەرگی ژنە هەڵواسراوەکەی بە دارەکەی بەرامبەرەوە خەنجەری تیژیان لە گەردنی ئەویش نابوو و سەریان لە لاشەی جوێ کردبوویەوە.

مشتێکی کرد بۆ خۆڵە خوێناوییەکەی بەردەم دارەکەدا و هەستی بە گەرمیی خوێنەکە کرد و بەرەو کەپووی بردی و پەردەکانی لووتی لەرینەوە، لە دڵی خۆیدا دەیوت: خوێنی یاسر و سومەییە هەمیشە تازەیە و فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە. ئەو بەو خوێنە ئاشنا بوو، هی ئەو جیهانە بوو لەوێوە هاتبوو، خوێنەکە زیندوو بوو، بەڵام بێ جەستە و وێنە، وێنەکان لە بێوێنەکانەوە دێن، ڕەنگی بینی، هەموو شتێ تەنها ڕەنگ بوو، ڕەنگی نوور سپی و زەرد و سوور فریشتەی باڵ سوور و زەرد و سپی لە ئاسمانەوە دادەبەزینە خوارەوە. ئەو چووە سەرەوە دەستەکانی ڕایەڵ کرد: وای خودایە ئەوان چۆن دەتوانن خوێن بڕێژن، مرەکەبی ناو مرەکەبدانەکانی سەر نامەکانی تۆ تێک بدەن. لە سەرەوە لە یاسر و سومەییە و عەماری کوڕیانی ڕوانی، کە لە زەوی یاخود لەسەر زەوییەکی دیکە بوون، پێی دەوتن: ئارامتان بێت بنەماڵەی یاسر چونکە شوێنی مانەوەی ئێوە بەهەشتە، یان هەنووکە ئەوێیان بەهەشت بوو و ڕاستیی گوتەکەی ئەویان دەبینی، یاخود دەیانچەشت.

پاشان بەو ناوەدا سووڕایەوە، زەوییەکە دەنگی هێشتا نااڵەنااڵی ئازاری چەند ڕۆژەی هاوڕێکانی دەدایەوە و کۆتەکەی ملی بیلال لەوێ کەوتبوو و کە کردبوویانە گەردنی و زنجیریان پێوە بەستبوو و دابوویانە دەست منداڵان و هەرزەکاران وەک بێچوە پڵنگێکی ڕەش ڕایاندەکێشا و پارچە ئاسنە گەرم و بە ئاگر سووركراوەکانی پشتی خەبابی بینی کە هێشتا بۆپڕووز و دووکەڵکردنی سووتانی پێستی ئەو حەواریيە دەستڕەنگینەی هەست پێ دەکرد.

بۆ تاوێک سەری هەڵبڕی و وێنەی خەیاڵی ئێرە و ڕاستەقینەی جیهانی غەیبی هاتە بەرچاو کە دوای دە ساڵی دی دەیهێنن هەر لەم جێیەدا چوارمێخەی دەکێشن و ئەو دەمەش ئەم لە یەسریب چاوی لەو بڕیوە کە لەتر دەدات و توانای لەکۆڵنانی خاچەکەی نییە بە قامچی هاوکاری دەکەن تا لە پێ نەکەوێت و بەرەو شوێنی لەخاچدانی خۆی هەنگاو بنێت.

بێدەنگیی شەو بە گوێکانی ئەو دەنگە نەبیستراوەیان دەبیست کە هاوڕێ زیندانکراوەکانی وەک "موسعەبی کوڕی عومەیر" لە ماڵەوە بە نەوتراوی بەم ڕادەگەیاند، تو خوا ئەی پێغەمبەری خوا: تۆ کە عەقڵی منت قەناعەت پێ کرد و دڵی منت ئارام کرد و ڕۆحی منت تێر کرد، دە وەرە بۆ لای دایکم، دایکی خۆشەویستم باوەڕ پێ بهێنە تا وەک جاران خۆشی بوێم و خۆشم بوێت و جوانترین بەرگم بۆ بکڕێت، عەتربارانم بکات تا لە هەر شوێنێکەوە تێپەڕم چەند کۆڵان لەولاوە بۆنی خۆشی من بێت.

ئەمیش هەر بەنەوتراوی لەو دووڕەوە، وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت: موسعەب گیان، ئەی شازادەی پێشتر جوانپۆش و هەنووکە برسی و تینوو و کۆنەپۆش و زیندانیکراو، ئەوە نە بە دەستی من و نە بە دەستی تۆشە، تۆ چەندە دایکت خۆش دەوێت، منیش هێندە مامم، بەڵام هیدایەت و ئیمان بە دەست خودایە، ئیمە ئەوەندەی ئەرکمانە خۆمان بەرگە بگرین، ئەوجا سیمای موسعەب دەبووە فرمێسک و بەسەر ڕیشیدا دەهاتە خوارەوە.

بۆ بینینی پێویستییەکانی ڕۆح شتێکی دیکەی پێویستە، دڵنیا بوو موسعەب و هاوڕێ لاوەکانی لەوە گەیشتبوون کە بوونی ئەوان تەنها لە شتەکانیاندا کورت نابێتەوە. ئەوان دەیانزانی دەکرێت پشت بە ئازاردانی لەشیان ببەستن و بەرەو حەقیقەت ڕۆشتنیان بخەن.

بینینەکانی بۆ ڕۆژ گەڕابوونەوە لە ڕۆژی ڕووندا لە هاوڕێکانی دەڕوانی، پارچە گۆشتێکی درێژ و چەماوە و گرمۆڵەبوو لەسەر زەوی کەوتبوو. پشتیان بە زەوی گەرمەوە نابوو لە دڵی خۆیاندا ئاە و نزوولەیانی بوو، نەوەک ئاغاکان گوێیان لێیان بێ و دڵ بە ئازارەکانیان خۆش بکەن. ڕووت وەک یەکەم ڕۆژی لەدایکبوون ڕۆحگەلێ هەڵسابوونە سەر پێ و پشتگەلێک پێشوازییان لە قامچی دەکرد و زارگەلێک هاواریان دەکرد و (الله اکبر)یان دەوتەوە.

بە ئیمانەوە دەژیان، بەڵام چ ژیانێک، ژیانێک لەسەر لای چەقۆ. ژیانێک چۆنێتی بوو چەندێتییەکەی گرنگ نەبوو و ملیان نەدەدا. ئەوە ئەم نەبوو خودای ئەم بوو ئەو هاوڕێ لە چاو ئەمدا گەورە و لە چاوی دوژمنانیدا بچووک گەیاندبوو، بێ ئەوەی کەس لەوێ بێت سڵاوی لە ڕۆحی بوێر و خوێنی گەش و پێستی سووتاو و سکی برسیی ئەوان کرد.

ئەوجا پێکانی بەسەر لمی بریقەداری ناو شەوی (بەتیح)ی‌دا دەگواستەوە، لەپڕ بیری ئەبوبەکری دەکرد کە هەنووکە لە ڕازونیازی خۆی لەتەک خوادا و کپی شەو کە دەنگی نزمی ئەو و فرمێسکی سەرگۆناکانی کە بە ئاسمان دەگەیشت.

ئەی خودا چۆن زۆر بە هەرزان شتەکانت بە ئێمە دەدەیت هەندێ پارە دەدەین و برایەکمان ڕزگار دەکەین و برسییەک ڕزگار دەکەین و بۆ هەمیشە ڕۆحمان تێر دەبێت. شتە زیادەکانی مالّ و منداڵ دەدەین و دەبینە هاوڕێی پێغەمبەر و چوار دڵۆپ فرمێسکی بەلاش هەڵدەڕژین، بە بینینی تابلۆی جوانی شەو چاومان دەکەینەوە و نزایەک دەکەین و دوو جار هەڵدەسین و دادەنیشین و دەبینە دۆستی خودا و لە ئاگری دووری و بیابانی ئازار چەشتن ڕزگارمان دەبێت و دەچینە خانووی ئەبەدیی ئەوەوە، ئەو ئازاردانی برا و خوشکەکانی دەبینی و دەچووە لای ئازاردەران و تکای بۆیان دەکرد: بۆچی دەتانەوێت ئەوان ئازار بدەن، مەگەر ئەوان چییان لەوان کردووە؟

ئەبوبەکر هەرکەس دەست لە ڕێی پیرۆزی باوباپیرانی بەر بدات سزاکەی مەرگە. هەست بە ڕیسوایی دەکەین کە خواکانمان بە کەم بگیرێن ئەویش لە لایەن کوڕی گەورەی خۆمانەوە، ئەبوبەکر پشتی هاوڕێکەت بەر بدە و پارەکانت بۆ خۆشیی خۆت و منداڵەکانت سەرف بکە!

ئەو پەیڤی خودای (ئەحەد ئەحەد) لەسەر زاری بیلال دەبیست، کە بە زامی وشک و پەشمالّی پشت و پێستی ڕەشەوە لەناو دانەکانیدا دەهاتە دەرەوە کە لە سپێتیدا لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکایەوە و بەردی قورس لەسەر زگ دانراو و پێستی بە بیابانەوە نووسراو و پەراسووەکانی جوان دەژمێردران کە تیشکی خۆرەکە دەیژماردن و وەک تەلی ئامێری مۆسیقا پەنجەی تیشکی پێدا دەهێنان، لەگەڵ گەرمبوونی ئەحەدی ئەو بەرکەوتنی پەنجەی خۆریش خێرا و خێراتر دەبوو و پێکەوە دەبوونەوە بەیەک.

پێکدا هەڵدەپژان و هێنان و بردنی پەنجە و خۆر و سەدای "ئەحەد ئەحەد" بەردەوام بوو تا تەلەکان پچڕان و پەنجەی نوورینیش خوێناوی بوون، بەڵام کافرانی گوێ و دڵ کوێر بەلای ئەودا تێدەپەڕین و هیچیان نەدەبیست، ئەگەر شتێکیشیان ببیستایە تەنها دەنگی لەعنەت و تف و جنێوی خۆیان بوو کە لەو کۆیلە قولەڕەشانەیان دەکرد، کە لەوێ ئازاریان دەچەشت و دەنگی شڵپوهۆڕی

ئەو قامچی و بۆنی خوداش بەو ناوەدا لەسەر زاری ئیمانداران بڵاو دەبوویەوە، بەڵام ئەمان هیچ شتێکیان بۆن نەدەکرد، تەنها بۆنی چزانی ئاسن گەرم نەبێت، کە بە پشت و سک و ڕان و ناو ڕانی ئەوانیانەوە دەنا و ئەوانیش بۆ ئەوەی دڵی سزادەرانیان خۆش نەکەن گازیان لە زمانی خۆیان دەگرت و خوێن بە لالێویاندا دەهاتە خوارەوە.

خودای ڕاستەقینەی ئاسمان بە چاوی کراوەوە سەیری ئەوەی دەکرد کە دوژمنە دڵڕەقەکانیان چی بە بەندەکانی دەکەن، خواگەلی دارین و بەردینی درۆزنیش بە چاوی کوێرەوە نەیاندەزانی کە سەربازە ترسنۆکەکان بەرامبەر بە دیلی دەستبەستراو چەند ئازان کە هونەرەکانی سزادانی درۆزنانەی خۆیان بنوێنن، مرۆڤ تەنانەت لە کاتێکدا لەگەڵ ئەم مەخلووقە دوو پێیانەدا دێتەوە لە زماندرێژییان لە چاوی بەدیان لە دڵی پڕ لە قینیان لە ئەماندا نییە جاوەرە ئەگەر باوەڕ و دینیشیان بە کەم و خراپ بزانێت، ئای چییان بەم و هاوڕێکانی نەکرد.

ئەبوبەکر هەموو ماڵەکەی کە سەرمایەی ژیانی ئەو و مایەی چێژی بوو بۆ ڕزگاریی ئەو ئازاردراوە کۆنەپۆشانە دەبەخشی، دەوڵەمەندەکانی دیکەی قورەیش بە لای ئەم کارەی ئەبوبەکردا تێدەپەڕین و ئاهیان هەڵدەکێشا و دەیانوت: حەیفی ئاوا سەروەت و سامانێک بۆ کێ سەرف دەکرێت؟

ئێستا ئەو کۆیلە ئازادکراوانە بە چ هەڵەداوانێک دەستیان لە ملی بازرگان کرد و خوا دەزانێت کە چۆن پێکەنین، چۆن لە خۆشیدا دەگریان و چاویان دەبڕییە یەکتر و دەتگوت هەر لێرە پێش مەرگ چوونەتە بەهەشت و لەوێ سوعبەت و کەیف و شادی دەکەن. خوا دەزانێت هەنووکە ئەوان لە چ خۆشی و شادیەک و کافرانیش لە چ ئازارێکدا دەژیان. خوا ئەمە چ خۆشی و شادییەکە برایەتی بە مرۆقی دەبەخشێت و ئەمە چ ڕزگاربوونێکە ئیمان بە مرۆقی دەبەخشێت و ئەمە چ جووتە باڵێکە دیاریی سەرقافڵەی کاروانی سەفەری ئاسمانن، کە بچێتە سەر سەکۆی جەستە و پێیان بەرەو سەروو ئاسمانەکان بفڕێت.

ئەمیش و ئەوانیش لە پەنای یەکدا بوون، لە یەک بازاڕدا کاریان دەکرد، ئەم دەیزانی ئەوان لە کوێدان، بەڵام ئەوان دەوەستان و بەسەرسوڕمانەوە سەیری کارەکەی ئەمیان دەکرد و نەیاندەزانی ئەم خەریکی چ بازرگانییەکە کە ئەوانی تێدا بەجێ ماوە و پێش ئەوان کەوتووە، یاخود ئەوە ئەویش وەک هاوڕێ بازرگانەکەی تر سەری لێ تێک چووە و خەریکی بەهەدەردانی سەرمایەی

عومریەتی. ئەبوبەکریش لە دڵی خۆیدا دەیوت: ئەمانە هەمووی باری قورسن ڕێ لە سەفەرکردن دەگرن، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت دەبێت هەموو ئەوانە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەبوبەکر لە دەرەوە کەمتر دەدوا و قەرەبالّغییەکەی لە ناوەوە بوو، خەڵکی ناو بازاڕی بۆ ڕۆحی ئەو هەر گیزە و ویزەیان بوو و دەهاتن و دەچوون ئەگەر لە دەرەوە بتدیایە دەتگوت: ئەم پیاوە بێدەنگە هیچ شتێک لە زەینیدا نییە.

هەر هێندە دەچووە ناو نوێژ و نزاوە و چاوەکانی لێک دەنا و لەژێر پێڵوەکانیەوە کانیاوی فرمێسک دەتەقی بۆ سەر گۆناکانی و بزوانی لێوە باریکەکانی ئەوسا دەتخەملاند کە لە ناوەوە لەگەڵ کێ و لە چ جیهانێکدا دەدوێت، دەتزانی ئەم پیاوە چەندە لە موحەمەد سوودی بردووە، ئیدی هەنووکە هەوای ناو مەککە گۆڕابوو، هەمووی بۆنی دونیای نوێیان دەکرد و بۆی دەبزوان هەر وەک چۆن هەنگان بۆنی شیلەی گوڵان دەکەن و بۆی دەبزوێن.

دەهاتن و خۆیان لە جلی جوان و پارەی زۆر و شەرابی خەست و ژنی جوان دوور دەخستەوە و خۆیان دەخستە ژیانی پڕ لە ئازار و زەحمەتی، هەستیان دەکرد لەو دونیا دووبارەبووەوەی خواردن و خواردنەوە و ڕابواردن بێزار بوون و خۆی لێ دادەڕنی و دەهاتن و هەر کە بە نزیک جیهانی موحەمەدا تێپەڕ دەبوون، موحەمەد دەستێکی دەبردە ئەودیو و دەیگرتن و فرێی دەدانە ناو بەهەشتەوە.

چرای خوا بەو لاسەرەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو. ڕەنگی ڕەشی شەو بۆ سپی بێ بوونی هەورێک بە ئاسمانەوە وەربگێڕێت. ئەم بیری دەکردەوە بەڕاست ئەم و هاوڕێکانی چیان لەوان ویستبوو کە وایان لێ دەکردن. بۆچی کاروانەکە بە ئێرە گەیشتبوو، ئەمە چی بوو تووشی هات؟ ئەوسا کە خەڵکی دەبینی دەستیان بۆ هەڵدەبڕی و سڵاویان بۆ دەکرد، بەڵام هەنووکە هەر بۆ ئەوەی نەیبینن پشتی لێ دەکەن، ئێستا کۆڕەکەی عەبدولموتەلیب لەناو شارەکەی خۆیدا بووبووە غەریبە و بەناو کۆڵانەکاندا گوزەری دەکرد و ئەگەر بۆ دونیای خۆشیان پرسوڕایان لای هەبووایە، تەنانەت کە ڕاسپاردەکانیشیان پێ دەسپارد، شەوان سەریان لێ دەدا نەبادا بە شوێنکەوتنی تۆمەتبار بکرێن.

بۆچی ئەو و یارانیان خۆش نەدەویست! خۆشەویستی و ڕقی خۆیان لەسەر شتێک وەک دیوار هەڵدەبڕی کە لە شتێک دروست دەکرا، کە کەس لە دەست

خۆیدا نەبوو، ئاخر مرۆڤ بە دەست خۆی نییە لە چ خێڵێک و بنەماڵە و نەتەوەیەکە ئەمە ئەو شتە بوو کە ئەو دەیویست بیگۆڕێت.

ئەوان دەبوو بگۆڕێن ئەوجا لەیەک دەگەیشتن، مرۆڤە دڵڕەقەکان بەو بوونەی ئەوسایانەوە قەت لەمە نەدەگەیشتن، خۆ ئەگەر لەویان بپرسیایە ئەو چی لەوان دەوێت، بۆچی خواکانیان شانازی و پێگەیان وەک کلۆ بەرد دەخاتە ناو دەستەکانی و وردی دەکات؟ وەڵامی ئەو ئەوە بوو ئەوەی دەیویست لەوان هەر ئەوە بوو کە دەبێت ئەوان خۆیان نەبن. ئەوکات کە خۆیان گۆڕان، ئیتر لەتەکیدا هەموو شتێک دەگۆڕێت و ڕوانینیان بۆ هاوڕێیەکانی ئەمیش دەگۆڕێت.

ئاخر ئەوان لەواندا هەرگیز ئەودیویان نەدەبینی ئەوان نانەکەیان دەبینی، بەڵام ئەو موحیبەتەیان نەدەبینی کە نانەکەی پێ ئامادەکرابوو، کۆیلەکانیان دەبینی، بەڵام ئەو چاوانەیان نەدەبینی کە بەترسەوە سەیری ئەوانیان دەکرد، کۆیلەکانیان دەبینی، بەڵام پشتی ئازاراویی ئەوانیان نەدەبینی، کۆیلەکانیان دەبینی، بەڵام سکی ئەوانیان نەدەبینی.

لە ماڵی خوای ڕوانی، ئەوان لە ماڵی خودایان دەڕوانی بێ ئەوەی بیر لەو دونیایە بکەنەوە کە ئەبەدیەتی بەم دەدایەوە، ئیماندارەکان هەموو لێرە سزا دەدران، هەر لێرە بۆنی سووتانی پێستی ئەمانی لە دین دەرچووەکان بەسەر لمەکەوە بەجێ دەما. ئاسمان بەسەر سەریانە وەک ساجی شین گەرم دادەگەڕا و ئازاریان دەچەشت.

ئیدی نە فریشتەیەک نە مەشخەڵێک نە دەنگێک، هیچ نیشانەیەک لە ئاسمانەوە دیار نەبوو، تا ئەوەی موحەمەد و یارانی لە خۆیان دەپرسی، نەبادا ئێمە دۆڕابین و هیچ سەرکەوتنێک بوونی نەبێت، وا دیار بوو ئەو خودایەی بەو لاسەرەوە لە زەوی دەڕوانێت نیازی هیچ سەرکەوتنێکی ئەمانی نییە!

بیستوحەوتەم: لە بەردەم "مالّی موحەمەد"دا، حالّی گەورانی قورەیش (ئەوەی ئەو دەیخوێند دەربارەی خواکەی و حەقیقەتە مەزنە شاراوەکان بوو، کە ئەمان توانای گەیشتنیان بەو جێگە دوورانە نەبوو)

هەرکامیان لەسەر نووکی پێ دەچووە پێشەوە و سەیری ئەملاو و ئەولای خۆی دەکرد، لەودیو پەنجەرە شاهانەکەیەوە گوێیان لەو دەنگە دەگرت کە گۆرانیی نەدەبێژا و عاشقە زەمینیەکانی نەلاواندەوە، بەڵکو بە دەنگی ئاسمانی لەتەک خوادا دەدوا و قورئانی دەخوێند. وەی خودایە چ دەنگێک بوو! ئەوە دەنگی پیاوە بە پێوە وەستاوەکە بوو و سێبەرەکەی لە بەردەم چرا پیوسۆزەکەدا دەلەرایەوە کە هەردوو دەستی وەک ئەڵقەی زنجیر لەسەر یەک دانابوو.

خودایە چ گوتارێک چ دەنگێک چ نەغمە و سروودێک، چ مەستییەک بێ ئەوەی قومێک مەی لەسەر زار نابێت، دەڵین موحەمەد عاشقی خواکەی بووە، ڕاست دەڵێن. کەسێک عاشق نەبێت، ئاوا ئاە و نااڵینێک و گڕگرتن و سووتانێک هاوار هاوار و فوغانێک کە ئاهونااڵەی هەموو بەرەی ئادەمیە لە هاناوی نایەتە دەرەوە، ئاوا فرمێسک و گریانێک کە وەک باران لە چاوان دەبارێت.

وەی خودایە هەرکامیان دەیویست بڕێک لەو سۆز و مەستییە لەو دەنگ و قووڵییە، لەو نااڵە و فوغانە لەتەک خۆیدا هەڵبگرێت و بۆ ئەبەد لە بوونیدا بیپاریزێت، ئەمان بە دەست خۆیان نەبوو چاوەکانیان ئەبڵەق بووبوو، ڕۆحیان خاڵی خۆیان و خوا و هەبووەکانیان لە بەردەم ئەو ئەفسوون و سیحر و وشانەدا وەک هیچ، هەر هیچ، دەهاتە بەرچاو، بەڵام نەیانتوانی وەک ئەو بیچێژن و وەک ئەویش بچنە ناویەوە، ئاخر ئەمان نەگۆڕابوون تا بتوانن بیچێژن.

وەک ئەو ئامادەی گۆڕان نەبوون، ئەوەی ئەو دەیخوێند دەربارەی خواکەی و حەقیقەتە مەزنە شاراوەکان بوو، کە ئەمان توانای گەیشتنیان بەو جێگە دوورانە نەبوو، یاخود ڕاستتر وایە بڵێین نەیاندەویست بەوێ بگەن، بۆیە هەر ئەم چێژە جەستەیی و خۆشیە ئانیانە بۆ ئەوان بەس بوو، کە خۆشیی دەنگی

موحەمەد بەوانی دەدا، ئیدی هەرکامیان گوێیان ڕادەدێرا و ئەوان نەیاندەزانی کات تێپەڕ دەبوو و ئەمانیش ئارام و لەسەرخۆ گوێیان ڕادەدێرا، نەبادا ئەو چڕین و عیشقبازییە، ئەو نزا و پاڕانەوانە، ئەو بێداری و نەنووستنەی لەودیو دیوارەکەی موحەمەدەوە بوو تێک بدەن.

وەی خودایە ئەمان هەرکامیان لە لایەک حەزی نەدەکرد کات بڕوات و شەو تێپەڕێ تا گوێیان لە موحەمەد بێت، کاتێکیان دەزانی شەو تێپەڕیوە و ئەگەر ڕۆژ بێتەوە ئەوان لەدەوری موحەمەد ببینرێن ئەوا حەیایان دەچێت، بۆیە هەرکامیان بەناچاری هەڵسایەوە و هەنگاوی دوورکەوتنەوەیان هەڵهێنا و لە سووچی کۆڵانەوە داگەڕان و لووتیان بە لووتی یەکترەوە هەڵزنا، ترس هەموویانی داگرت، ترسی ئابڕووچوون و ناوزڕان.

هەموویان هەمان کاریان ئەنجام دابوو، بۆیە هەرسێکیان پەیمانیان دا ئەمە دووبارە نەبێتەوە و هیچکامیان بۆ گوێگرتن لە دەنگی موحەمەد و ڕاز و نیازی لەتەک خودای و ڕزگاربوونیان لە بێمانایی و پەنابردن لە دونیای درۆییەنی خۆیان بۆ ئێرە نەیەنەوە، بەڵام ئەوان خۆیان نەگرت و بۆ شەوی دواتر و دواتریش هەمان بابەت ڕووی دایەوە و هەمان وەعد و پەیمان دووبارە بوویەوە، پاشان بە خۆیان وت بۆ وا دەکەن!

هیچکامیان نەیاندەزانی پێیەکانیان لە خۆوە لەباتی ئەوەی بۆ شوێنی ڕابواردن و سەرگەرمکردن و باوەشی گەرمی بێوەژنانی لەشفرۆشیان بەرێت بۆ بەردەم مااڵی موحەمەد و گوێگرتن لە دەنگ و سۆزی ئەوی دەهێنان. لە کوێوە زانیبایان ئەوە چی بوو دەستی دەگرتن و وەدووی خۆی دەخستن و تا ئەم ماڵە بەری نەدەدان؟ خۆ هیچکامیان باوەڕیان بە موحەمەد نەهێناوە، بگرە دوژمنی سەرسەختی وی بوون. لەپێناو دژایەتیکردنی وەدووی سوپای شەیتان و لایەنگریان کەوتبوون، خۆ ئەگەر ئەو لایەنانە بەم کارەی ئەمان بزانن ئەوا پشتیان تێدەکەن و دەبنە گاڵتەجاری هەموو سەرزەویی عەرەب.

هەرکامیان دەستی ئەوی تری گرت و وتیان: ئاخر ئێمە لە چیمان کەمە؟ لە وشک دەخۆین و لە تەڕ دەخۆینەوە، ڕابواردن و سەرگەرمکردنی خۆمان هەیە

و ژیانمان سەراپا شادی و سەروەرییە، ئیدی لەم ئابڕووچوونەمان چی، هەرسێکیان بە یەک دەنگ وتیان: موحەمەد کێیە خۆی لە ئێمە کردووە بە شت، تەنها یەکێک لە بنەماڵەی هاشم نەبێت، ئێمە لە هەموو شتێکدا وەک ئەوان بووین، ئێستا دەیەوێت بەم پێغەمبەرایەتییەی لە ئێمەی بەرێتەوە، ئیدی غوروروری خۆپەرستی و ململانێی بنەماڵەیی بەسەر چێژی گوێ لە موحەمەد گرتنیان زاڵ بوو و پەیمانیان دا ئەگەرچی گرانیشە، بەڵام جارێکی دی بۆ ئێرە نەیەنەوە، هەرکامیان ترسی پەیمانشکێنییان هەبوو و خۆیان گرت و نەهاتنەوە.

هەریەکەیان وەک منداڵێک کە نهێنیی ئاشکرا بووبێت، بە ترسیان لە یەکدی و شەرم لەو کەشوفشەی لە هەمووانیان دەگەیاند شێت و ساحیرە. هەنووکە بەم کارەیان ئەوەیان دەسەلماند ئەمان دژایەتییان تەنها لە ئیرەییەوە بووە و ئەوان عاشقی خوێندنەوە و نزا و پەیامەکەی موحەمەدن و لە ڕاستیدا ڕقیان لە خۆیانە، هەر بۆیە دژایەتیی دەکەن و لە ترسی یەکدی بەردەم ماڵی موحەمەدیان بەخێرایی بەجێ هێڵا.

کاتێک لایان بە لای ئەو ماڵەدا دەکردەوە، ئیتر خانووەکە سپی سپی لەژێر شوولّی قەڵوەزەی نووردا دەدرەوشایەوە و پێدەکەنی. ئەوان سێ شەو بوو لەو خانووە نوورینەدا گوێیان لە موحەمەد بوو کە ئاوازی ئاسمانیی دەچڕی و لە بەردەم خوداکەیدا ئاهەنگی مەلەکووتیی لەتەک فریشتە نەبینراوەکاندا دەچڕی و چاوەکانی ئەمانی پڕ لە ئۆخژن دەکرد، سەد مەخابن ئیدی لە ترسی یەکتر و پێگەی خۆیان گوێیان لەو چڕینە لەناو سکووتی شەودا نابێت.

بیستوهەشتەم: لە ماڵی ئەرقەم "ئیمانهێنانی عومەر و حەمزە"
(ڕوانینێک بۆی ڕوانی، کە پڕ بوو لە لوتفی خوشک بۆ برا و تکای گەڕان بەشوێن حەقیقەتدا.)

سەرکردەکان هار بوون، وا سەیری خەڵکی دەکەن وەک ئەوەی گۆشت بن بیاخۆن. ئەوان بەوە ڕازی نابن کە خۆیان چ باوەڕێکیان دەوێت هەڵی بژێرن، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە کە ڕازی نابن ئەوانی دیش ئەو باوەڕەیان هەبێت کە ئەوان نایانەوێت. ئەوان نایانەوێت ئەوانی دی بەو شێوەیە بژین کە خۆیان هەڵی دەبژێرن، دەیانەوێت ببنە تەنها و بۆ خۆیان ببنە پارچەیەک لە ئاگری دۆزەخ یاخود بەهەشتی بن و باڵی شینی نەرمی پێچاوپێچ لەسەر پشتیان بڕوێت.

عومەر سەری لەو هەموو گەورە و ماقوولانەی قورەیش سوڕ دەما، کە بەرامبەر موحەمەد و مشتێک لە لاتولووتی شوێنکەوتووی هیچیان پێ ناکرێت، بەسەر گردی سەفادا سەر کەوت و ویستی بڕوات بۆ ماڵی مامی موحەمەد و لە یەکەم بینیدا خوێنی بڕێژێت و دەیوت: دەیکوژم و قورەیش و عەرەب لە شەڕی ڕزگار دەکەم.

لەسەر گردەکە پیاوێک ئەوی بینی، وا دیار بوو لە نیازی پاڵەوان تێگەیشتبوو:

وتی: خەیرە عومەر بۆ کوێ؟

عومەر لەو کەسانە نەبوو کە پلان و نیازی دڵی بشارێتەوە، وتی: دەچم موحەمەد دەکوژم.

کابرا وتی: تۆ عومەری پاڵەوان بەرامبەر بە موحەمەد هیچت پێ ناکرێت، سمێڵت با مەدە، وەرە دانیشە بزانین چی بکەین.

عومەر بە چاوی سوورەوە لای بە لای کابرادا کردەوە و وتی: یانی چی، چی بکەین؟

کابرا ویستی بیڵێت، بەڵام زاری بۆ هەڵنەهاتەوە و چاوی بڕییە زەوی و دواتر سەری بۆ لای عومەر هەڵبڕی و چاوەکانی بە قیافەی بەرزی ئەودا گێڕا و وتی: عومەر باشتر وایە فریای بنەماڵەکەی خۆت بکەویت، نەوەک موحەمەدی کوڕی عەبدولموتەلیب، کە ئەگەر دەستی بۆ بەرێت شمشێرەکانی بەنی هاشم

بۆت ڕادەکێشرێن بۆت و دەچنە حەواوە و لەبەر تیشکی خۆردا بریسکەیان دێت و بە ڕژانی خوێنت سوور دەبن.

بـرۆ فریـای بنەمـاڵەکەی خـۆت بـکەوە، چونکـە خوشـک و زاواکەت لە دیـن وەرگەڕاونەتەوە، موحەمەد دەستی بە بنەماڵەی تۆش گەیشتووە.

عـومـەر چـۆن ڕۆشـتبوو، هـەر واش تـووڕەتر و خێراتـر گەڕایەوە، لە بەردەم ماڵی زاواکەیدا نەوەستا و چـووە ژوورەوە. هـەنـووکە هێشتا لە پشت دەرگاکەدا بوو لە ژوورەوە دەنگی کپی خوێندنێکی سـەیری هـاتە گـوێ، عـومـەر دەرگاکەی کـردەوە فـاتیمە لە شـوێنەکەی خـۆی بـازی دا و پەڕیـیە بەردەم بـراکەی و بە ڕەنگی زەردەوە لەوی ڕوانی و وتی: ها برا گەورە خەیرە ڕێت لێ ون بـووە وا هاتوویتە ماڵی خوشکی خۆت؟

عـومـەری تـوندوتیژ و قەڵافەت بەرز، بەڵام ژیـر و وریـا، وەڵامـی خوشـکەکەی نەدایەوە، بەڵکو وتی: ئەوە کێ بوو بۆ ئێوە دەدوا، ئەوە چی بوو دەتانخوێندەوە؟

زاواکەشـی کە وەک ژنەکەی و خوشـکی ئەم ترسـابوو، عـومـەریش غەریـزەی نووستووی مرۆڤکوژیی باووباپیران لە خەیاڵیدا زیندوو بووبـوویەوە، چاوەکـانی هیچی نەدەبینی تەنها ئەوە نەبێت کە بە شـوێنیدا دەگەڕا، گـورگی دەورانـی دوور لە ناوەوەیدا دەیلووراند. نە خزمـایەتی، نە دراوسـێیەتی، هـیچ شـتێکی لە بوونیدا نەبـوو بێجگە لە درندەیی، کـابرا کە لە جەسـتە قورسـەکەی عـومـەر دەترسـا، بـۆ دواوە کشایەوە. عومەری باڵابەرز بە پیادەش هەر لە سوار دەچوو، پاڵی پێوە نـا و بەپشـتدا خسـتی. خوشـکە ترسـاوەکە هـەنـووکە عیشـقی مێـردەکەی بەسـەر سۆزی برایی و خوشکیدا زاڵ بوو و لە ژنێتی دەرچوو و بووە شـێرەپیاوک و لە بەرامبەر براکەیدا وەستا: بۆ لێی دەدەی چیت لە ئێمە دەوێت؟ عـومـەر زللەیەکـی لەویش سرەواند و گوێی شەقار بوو و خـوێن فیشـقەی کرد و زرینگەی ئەڵقەی گوێ هات کە لە زەویدا دەسـووڕایەوە.

ژنە بە بـراکەی وت: ئەمە ڕەسـمی جـوامێرییە؟ ئەی عـومـەر پیـاو ئـاوا لەتەک شـەرەفی خۆیدا دەکات. عـومـەر بـۆ سـاتێک وەسـتا، نەفرەت لەو بـاوەڕەی وا لە مرۆڤ دەکات و بێ بیرکردنەوە ئاوا لە خوشکی خۆی بدات.

لە خوشک و زاوا نزیک بوویەوە لە پەنایاندا دانیشت و دەستی بـۆ زاوا ڕایەڵ کـرد تـا هەڵسـێتەوە، کە لەژێـر عەباکەیـدا وەک لەژێـر پێخەفێکـی گەورە لەسـەر

زەوییەکە ڕاکشا بوو. دەستی لە بناگوێی خوشکی نزیک کردەوە و ویستی خوێنەکەی بسڕێت و ئارامی بکاتەوە.

ژنەکە دەموچاوی کرژ کرد و خوێن بۆ ناو چاوەکانی هوروژمی هێنا و بەپەلە دەستی ژنانەی نا بە دەستی تووکنی براکەیەوە و خێرا لە خۆی دوور خستەوە و هاواری کرد: بێبەزەیی لێم دوور کەوە! هەنووکە خۆی لە بەردەم هێرشی سۆزی خوشکەکەیدا ملی دابوو و هیچی نەدەگوت، ئەو هەستی دەکرد براکەی سرووشتی میهرەبانانەی خۆی بۆ گەڕاوەتەوە. هەستا و چووە پەنا مێردەکەیەوە وەستا. من نامەوێت ئازارتان بدەم بەس پێم بڵێن ئەوە ڕاستە کە ئێوە شوێن ئایینی موحەمەد کەوتوون، کێ بوو بۆی دەخوێندن کوا پێم بڵێن؟ فاتیمە بینی کە تووڕەیی براکەی نیشتبوویەوە، تەنانەت بینی کە چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بووبوون، بەڵام هێشتا لەو دڵنیا نەبوو، هیچی نەوت، بەڵام ڕوانینێک بۆی ڕوانی کە پڕ بوو لە لوتفی خوشک بۆ برا و تکای گەڕان بەشوێن حەقیقەتدا. لەم کاتەدا پیاوێک کە نووسراوێکی بە سینگیەوە نابوو لە پشت پەردەکەوە بە پێکەنینەوە کە چاوانی پرشنگی دەدا، هاتە دەرەوە و لە عومەر نزیک بوویەوە، عومەر ویستی دەست بۆ نووسراوەکە بەرێت، کابرا کشایە دواوە.

فاتیمە هاتە بەین و وتی: برا گەورە ئەو هیچی نەکردووە تەنها لەسەر داوای ئێمە هاتۆتە ماڵەکەمان، خوشکە هێشتا لە کاردانەوەی براکەی دڵنیا نەبوو، بۆیە ئاوای وت. مامۆستا داوای کرد کە لێی بگەڕێ و پێی وت: ئەگەر دەتەوێت ئەم نووسینە بەمە دەستت دەبێت لە پێشدا خۆت بشۆیت.

عومەر بێدەنگ بوو، هەرسێکیان لەویان دەڕوانی. لای بە لای خوشکەکەیدا کردەوە کە ئاوی پێشان بدات و ڕۆشت و هاتەوە، کە هێشتا ئاو بە قژە ڕەشەکەیدا دەبریسکایەوە. مامۆستا ویستی نووسینەکە بداتە دەستی. عومەر وتی: پێویست ناکات، دەمەوێت خۆت بۆم بخوێنیتەوە.

عومەر غیرەتی دایە بەر خۆی و گوێی بۆ نووسراوی موحەمەد گرت و دەرگای دڵی بۆ کردەوە، نوور و بروسکە هاتنە ژوورەوە. عومەر بە زەینی هەموو ئەوەی دەبیست و هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکرد و بە دڵیش دەیچەشت. ئەمە چی بوو ئارامیی لێ تێک دا و خستیە ناو تەنهایی بیابانی گومانەوە لە ئایینی باوباپیرانی، بەرەبەرە لەوە گەیشت کە ئەمە ئەو شتە بوو کە لە هەموو

تەمەنیدا بەشوێنیدا دەگەڕا و دەیهێنا و دەیبرد. لە شوێنی خۆی دانیشت و کابرا لەسەر خوێندنی قورئانەکەی بەردەوام بوو، ئەمە بوو لەبەردم دڵاندا داوای پەنای دەکرد، کەچی ئەوان دەستیان بە ڕوودا دەنا.

ئەم چۆن ویستبووی خاوەنی ئەم گوتانە بکوژێت، کە ئەم شیعرناس بوو، ئەزموونی جادوو و ئەفسوون و چیرۆکی پەری و قارەمانانی بیستبوو، هیچکام لەوانە نەبوو، غەمی لەوە خوارد کە چەندێکە بێخەم و تووڕە لە پەنا ئەمەدا دەگوزەرێت. بۆ یەکەم جار زانیی ئێمە ئەگەر لەپەنا یەکدا دێین و دەچین، بەڵام ئەمە لەیەک ڕۆژگاردا ناژین، ئەم و موحەمەد لە یەک کات و زەمەندا نەدەژیان، ئەگەرچی هەنووکە هەردووکیان لە مەککە بوون. لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە. دوای ئەوەی خوباب لە خوێدنەوەی قورئانەکە بووبووە. وتی: پێم بڵێن موحەمەد لەکوێیە. ئەوان دوودڵ بوون، بۆ ساتێک وەستان و وەڵامیان نەدایەوە. عومەر پەلەی بوو، زۆر بە دیار وەڵامەوە نەوەستا و لە ماڵەکە ئاودیو بوو.

عومەر بۆ لای موحەمەد نەچوو، بەڵکو بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە، دەرگای لەسەر خۆی داخست، عومەر لەو ماڵەدا جێی نەدەبووەوە کە تێیدا هەڵکشابوو، لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی دەکرد، ئەو لەتەک هیچکەسدا نەدەدوا، تەنها بیری دەکردەوە و هەندێک جاریش دەگریا و فرمێسکی دەهۆنییەوە، گریان ئەوی دەلاواندەوە، چەند ڕۆژ لەتەک خۆیدا ژیا دەنگی ناوەوەی خۆی دەبیست و لەتەک کەسی ڕاستەقینەی خۆی لە گفتوگۆدا بوون، کەس نەیزانی ئەو دووانە چییان وت و بە چی گەیشتن.

دواجار ڕۆژێک دەرگای کردەوە و لێی چووە دەرەوە بۆ ئەوەی بەشوێن حەقیقەتدا بگەڕێت، بەناو کووچە و کۆڵانانی مەککەدا بەشوێن موحەمەد و یارانیدا گەڕا، بەڵام ئەوەی پێی بڵێیت ئۆقرە و ئارامی لە ڕۆحی ئەودا بوونی نەبوو، بە درێژایی ڕۆژ بە شوێنیاندا گەڕا، بەڵام هیچ ئەسەرێکیان نەبوو و شەویش هەر تێکۆشا و ئەو عومەری پاڵەوان بوو، بەڵام ئەویش مرۆڤ بوو، بۆیە هەستی بە ماندووبوون کرد، خودایە ئەو گەردوونەی دروستت کردووە چەند سەیرە! من تێناگەم، هەستی کرد ڕزگاری بووە، ڕزگاربوو ئەو کەسەیە کە بە دەنگی وەهمینەی ئەم بتانە ناترسێت.

گوێی لە دەنگی پێیەکی سست و ماندووی پیاوێک بوو، خەڵکی پێی دەڵێن موحەمەدی ڕاستگۆ و بوێر، ئەویش بە خۆی دەوت موحەمەدی بێتوانا و

موحتاج به بەزەیی خوا، دیتی لە لایەک دەرگایەک کرایەوە و چرای پیوسۆزی کوژاندەوە و خستیە ژوورەوە، مێزەرێکی ڕەشی پیناوی بە دەموچاویەوە پێچا و سەیری هەموو لای کرد، کۆڵانەکە چۆڵ بوو، کەسە دەموچاوپێچراوەکە چالاکانە بەسەر لمەکەدا تێپەڕی کە دەنگی خشەی نەعلەکانی دەهات بەسەر لمەکەدا و دەخشاند. ئەوجا خۆی گەیاندە پەنا دیوار و لە پێچی کۆڵانەکەوە ئاودیو بوو و پاشان گەڕایەوە و سەیری دوای خۆی کرد تا بزانێت کەس شوێنی نەکەوتووە، ئیتر بە پسکە چووە بەردەم ماڵی ئەرقەم، سەیری دەوروبەری کرد و چووە ژوورەوە ئەوجا غەریبە زانی کە ئەوان لەوێن.

دەرگاکە لاتراز کرا و غەریبەکە دەرگاکەی کردەوە، غەریبەکە ناوچاوی بە ڕەنگی مانگەکە ڕوون بووەوە و ئەوان ناسییانەوە، غەریبەکە عومەری کوڕی خەتاب بوو. کاتێک موحەمەد ئەوی بینی، داچڵەکا، لەپڕ هەڵسایەوە و بەرەو ڕووی ڕۆشت، یەخەی گرت و بە دەنگی وەک گڕی ئاگر وتی: عومەر!

وەک ئەوە وا بوو لێی بپرسێت: عومەر تۆ کێیت؟ چیت لە دار و بەردی ئەم خانووە دوورە هەژارانە و بەکەڵکنەهاتووە دەوێت، عومەر چاوەکانی داخست و ویستی خۆی بۆ قسەکردن کۆ بکاتەوە و ئەوجا چاوەکانی کردنەوە کە بیلبیلەی چاوەکانی کەوتبوونە سەر ئاو و خووسابوون و بە دڵێکی لە پێشدا گوشراو و دواتر کراوەوە هاواری کرد: ئەی پێغەمبەری خوا.

ئەوجا تۆزێک بێدەنگ بوو و پاشان تفی قووت دا و بەرزایی گەرووی بۆ خوارەوە بزواو ڕەنگی بزرکابوو، پێغەمبەر چاوی بڕییە ناوچاوی عومەر و چاوەکانی لەو دۆخەدا بوون کە شتی نادیاریان دەدی و زانیی نزاکەیەتی کە داوای لە خوا کردبوو دینەکەی خۆی بە یەکێک لە دوو عومەرەکە سەر بخات، یەکیان ئەم و ئەوی دییان هەر ئەوەی بە ئەبوجەهل ناوی بردبوو، پاشان باوەشی گەرمی پێغەمبەرانەی بۆ کردەوە و وتی: عومەر بەخێر بێیت.

پێغەمبەر هەستی کرد جەستەی بەرزی ئارەقاویی عومەر لە باوەشیدا دەلەرزێت، زۆر هەوڵی دابوو بەرگری لە بیروباوەڕەکانی پێشووتری بکات، بەڵام خۆی نەگرتبوو و دواجار تەسلیم بە ڕووناکییەکە بوو، لە دۆزەخی دوودڵی ڕزگاری بووبوو، کە چەند ڕۆژە پێوەی دەتلایەوە. لە کۆتاییدا بەڵێی کرد و چاوێکی بە ماڵە هەژارانە و تاریکەکەدا گێڕا، کە ناوچاوی پێغەمبەر وەک مانگ تێیدا دەدرەوشایەوە، ئەوجا لە دڵی خۆیدا وتی: چەند بەدبەختە ئەو

مرۆڤەی کە نەخێر دەکات، مرۆڤ ناتوانێت لە دوورەوە بخولێتەوە یان دەبێت بەڵێ یاخود نەرێ بکات.

خەڵکی ناو ماڵەکەش دەموچاوێکی ئەوتۆیان هاتە بەرچاو کە هەم غەم و هەم شادییشی دەبەشیەوە و ناسییانەوە، بە هاتنی شادمان بوون، دەنگیان هەڵبڕی و لەناو دەنگی کپی شەودا سەری هەڵدا و "الله اکبر"یان کرد و گەردوون لەتەک ئەو دەنگەدا دەنگی دایەوە و فریشتەکانی ئاسمان کەوتنە بااڵەفڕتە و باڵی زەرد و شینیان بزواند و لە ئاسمانەوە بۆ زەوی هاتنە خوارەوە، دەنگی بۆ چرکەساتێک نەما و دەنگی ئاسمان دابەزی. جارێکی دیش دەنگەکانی شەو هاتنەوە لە دوورەوە دەنگی گورگان بە لوورەلوور بەسەر مەککەدا تێپەڕی.

بە هەموو چاو و گوێی خۆیەوە لەم جیهانە نوێیەی دەڕوانی، ئەمە ئەو شتە بوو کە ئەو لێی بێبەش بوو، ئەوە ئەمانەن بەو بێدەستییەی خۆیانەوە شمشێر با دەدەن و دونیا لە خراپەکاران پاک دەکەنەوە و بتانی ناو دڵ دەشکێنن و هەر دەمێکیش بتانی ناو دڵ شکان، ئەوا بتانی ناو ماڵ و کووچە و پەرستگەکانیش دەشکێن.

دڵی عومەر لە چ سەرزەوییەکی دووردا بوو، ئێستا چاوەکانی نوقاندبوو، ئێستا گوێی لە دەنگی نەوازشئامێزی خوێندنی موحەمەد بۆ قورئان بوو، ئەوە ئەم لەسەر چ سەرزەوییەک بوو، ماڵێک نەبوو کە کۆمەڵێک چەوساوە بە نهێنی باسی خودایان دەکرد، ئەوە بەهەشت بوو لەناو باخ و لەناو ڕەنگی شین و سەوز و سووری میوەهاتدا بۆ خۆیان بیریان لە دونیای فانی دەکردەوە، کە لە پاش خۆیان بەجێیان هێڵابوو.

ڕۆحی وەک مانگی سپی کە بە ڕەنگی سوور و زەرد و سەوزی بەسەر ئەو باخی ترێ و خورما و زەیتوون و ڕووباری فێنک و شیرینداتێدەپەڕی و مانگی گیانی ئەم بە فێنکیی ئاوەکەی ئۆخژنی پێ دەهات، کە لەناویدا مەلەی دەکرد و تیشکە شۆراوەکانی لەناو ئاوەکەدا دەدرەوشانەوە، تەم و ڕۆشنایی سەر دارە بەرزەکانی گرتبوو، ئەمیش بۆ ساتێک دابەزییە ناو خۆشی و شادیی ئەو هەموو دانیشتووانەی لەناو چادر و خانووی ڕازاوەدا بە کەیف و شادی دانیشتبوون و قاقا پێدەکەنین. ئەوانەی لەوێ بوون هەر ئەوانە بوون کە چەند ساتێک پێشتر لەم ماڵەدا دانیشتبوون، هەر هەمان دەنگ لەوێ ئاوازی ئەبەدیی بۆ دەخوێندن،

لەپڕ دەنگی بەهەشتی نەما و مانگی ڕۆحی ئەمیش هاتە ناو سینگی ئەم و چاوەکانی کردەوە و لەناو مالّی ئەرقەمدا خۆی بینییەوە.

دەیانویست بە کەنارگیریی ئەوان هەرچی حەقویستی و چاکویستی و ئازادییە بیخەنە زیندانەوە، ئەوان چەند ترسنۆک بوون کە نەیاندەتوانی ڕاستی ببیستن، چەند زەلیل بوون، ئەوان کە نەیاندەویرا ڕزگاریی مرۆڤ لە دەست کۆتی خۆی ببینن، ئەوان چەند تاریکپەرست بوون کە نەیاندەتوانی ئەستێرەی شادیی ئازادیی مرۆڤ ببینن، چەند بێخودایی دەبینی لە شێوەی بتەکانی قورەیشدا لە هەموو جێیەکی مەککەدا خۆی پێشان دەدا.

بێخودایی لەسەر زاری پیاوانی ڕیباخۆری قورەیش و کڕیارانی خۆیان دەخەڵەتاند، بێخودایی دەبووە پاسەوان و بە دیار مرۆڤانی ڕەشپێستی لەپەرژینناراو خۆی دەشاردەوە، بێخودایی خۆی دەکردە درز جلی ئافرەتانی فاحیشە و تا سەروو ناوکیان دەچووە خوارەوە و دەبووە سینگ و قوت دەبوویەوە، دەبووە کەفەڵ و لە ژێر جلەکانیاندا یەک و دووی دەکرد و دەبووە کەزیی دڕێژ و بە پشتیاندا تا ناوقەدیان دەهاتە خوارەوە، دەبووە حیلکە و هۆرەی قاقا و پێکەنین و پیاوانی بەدخوویان لە باوەشی ژنانی حەڵاڵی خۆیان بۆ باوەشی خۆیان ڕادەکێشا. عومەر هێندە گریابوو چاوەکانی سوور بووبوون و بۆ ئەوانەی دەوروبەری موحەمەدی دەڕوانی، بەڵام هیچکامیانی نەدەدی، تەنانەت دۆستەکە واتە موحەمەدیشی نەدەدی، وەک کوڕێک بە پێی پەتی هەنگاوی بەسەر هەموو ئەوانەی دەوروبەردا نا کە بە ئەڵقەیی لە دەوری پێشەواکەیان کۆ بووبوونەوە و وتی: "یا ڕسول اللە" من گوناهم کردووە، گوناهێکی وا مایەی بەخشین نییە.

لە پێشدا لە مالّەکان و بە نهێنی کۆبوونەوەکانیان دەکرد و پاشان ئێستا دوای باوەڕهێنانی عومەر بردیانە دەرەوە بۆ لای خوا، بۆ کەنار مالّەکەی.

*** *** ***

لە تاریکیی ناو کونجی ماڵە بەجێماوەکەی باپیرانی ئیبراهیم و ئیسماعیل چرپەچرپ لەتەک خواکەیدا لە گفتوگۆی گەرموگوڕدا بوو، گوێکانی بۆ دانەدەخران، بەڵام چاوەکانی داخستبوو بۆ ئەوەی باشتر گوێی لە دەنگی ئەو بێت، ئەم زۆر حەزی لە هاوەمیی ئەو بوو و تەنها بە پەنابردن بۆ لای وی سوکنایی بۆ دەهات. لە ژیانێکی ڕاستەقینە و مانابەخشدا بوو لەتەک ئەودا و ناوی ئەوی بە ژێر لێوانەوە بوو و زیکری ئەوی دەکرد.

زیکرە پیرۆزەکانی لەو ئارامییەی ئەو ماڵەدا بە بنی دڵەوە دەنیشت، گوێی لە دەنگە نەبیستراوەکان ڕۆحیشی بوون کە بۆ ئاسمان هەڵدەفڕین و داوای کردنەوەی پەنجەرەیەکیان لەو سەرەوە دەکرد و تا لەم تاریکستانە ئەو و شوێنکەوتووانی و هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاریان بێت، ئەوسا خۆی گرمۆڵە دەکرد و سەری دەهێنا و دەبرد و وەک بڵێی ئەو پەنجەرەیە لە خوارەوە و لە ناوەوە بێت نەک لە دەرەوە، ئەوجا وەک وشەکانی بۆ قوواڵایی خۆی دەبردە خوارێ و تا ئەو منە ڕاستەقینەی لەو بنی بنەوە لە تاریکییەکی قووڵتردا دەنگی بە ئاسان بگات و بۆ خۆی نا کە لەو خوارەوە پەنجەرەی لێ کرابوویەوە.

بەرچاوی ڕۆشن و ئامادەی ڕۆشتن بوو، بگرە نەوەک جارێک، بەڵکو دەیان جار ڕۆشتبوو و لەبەر خاتری ڕزگاربوونی ئەوانی دی لە دونیای تاریکی نەوەی خۆیان گەڕابوویەوە نزای دەکرد. لەپڕ سەری هەڵبڕی و لە پەنجەرەی گەورە و مەزنی مزگەوتەوە گڵۆڵە بەنی داگیرساوی خۆری بینی کە بە ئاسماندا بە دەست خواوە هەڵدەکێشرا و بۆ سەرەوە بە دیواری ساف و شینی ئاسماندا هەڵدەزنی، پێگەیشتوویی ئەم تیشکی ڕۆحی نازداری خۆی لە شێوەی تیشکدا بۆ لای ئەم دادەبڕی و بە زمانی نەوتراوەوە دەیگوت: بە ئومێدی خوا زۆری نەماوە تاریکیی جیهانی مرۆڤ بە تیشکی خۆری دوایین پێغەمبەرانەی ئەو درزی تێ بووە و خەریکە پەنجەرەیان لێ دەکرێتەوە و بە وروژم نوور مااڵی تاریک ڕۆشن دەکاتەوە و ئەوان ڕزگاریان دەبێت.

ئەو تاریکییەی لە شێوەی بتپەرستی و کۆیلایەتی و شەڕ و برسێتی و نەخۆشیدا هەموو زەویی تەنیوە هیچی نامێنێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا هیچکام لەوانە بوونیان نییە و مرۆڤەکان خۆیان بۆ خۆیان خولقاندوە و لە ڕاستیدا بوونی نییە، مرۆڤگەل خۆیان بۆ خۆیان دانیان بە بوونیاندا ناوە، گەلێ لە شتە ئازاردەرە مەزنەکانی مرۆڤ هەر وان لە خۆیاندا بوونیان نییە، تا ئەو کاتەی مرۆڤ باوەڕ

بە بوونیان دەکات، ئیدی بوونی قورس و بۆنی گەنیوی خۆیان پێشان دەدەن، ڕزگارکەر کە ئەو بابەتانە لە کۆڵ مرۆڤ ناکاتەوە، بەڵکو لای مرۆڤ بۆ لای خۆی وەردەگێڕێت تا باوەڕ بهێنێت کە ئەوانە بوونیان نییە، تەنها سەمەرەیەکن لە سەری ئەودا و هیچی دی.

چاوانی ئەو لە تاریکییەکەدا کە لە تیشکە کەمەکانی دەڕوانی بریقەیان دەدا و گوێی لە ورتەورتی ناو نیوە تاریکی و نیوە ڕوونییەکە بوو. هەنووکە لە دەرگاوە جەستەی خۆی هێنایە ژوورەوە و خۆی هەڵدایە ناو گۆمی نەبینراوی تیشک و مەلەی تێدا دەکرد و تاریکی تێیدا شڵپەشڵپ شەپۆلانی دەدا.

بازووەکانی بەلای سەریەوە ڕاگرت و هەڕەشەی لێ کرد، ئەی من نەموت: جارێکی دیکە نەیەیتە ناو مزگەوتەوە؟ ویستی دەستی بگەیەنێتە لای، بەڵام دەستی بە حەواوە ڕاگیرا و نەیتوانی، یاخود نەیوێرا دەستی لێ بدات و موحەمەد کە لای بۆ کردەوە چاوەکانی دەبریسکانەوە و سامی چووە دڵیەوە و نەیوێرا لێی نزیک بێتەوە، بۆیە چەند هەنگاوێک بۆ دوا و دواتر چووە دواوە و لە دوورەوە هەڕەشەی دەکرد. ئەو دەنگی هەڵبڕی و هەڕەشەی کرد، هەڕەشەی بوێرانە نەبوو، هەڕەشی ترساوانە بوو، موحەمەد بەئارامییەوە سەرەتا نەیویست هیچ بڵێت. دواتر وەڵامی قورسی هەڕەشەی ئەوی دایەوە و جێگەی خۆی لەناو دۆزەخ پێ پێشان دا.

کابرا لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی دووبەدووی خۆی و موحەمەددا دەستی کرد بە هاوارهاوار، بە دەنگەدەنگی بەرزی ئەو مزگەوت زڕنگایەوە و هەموو پیاوەکانی کە پێیان دەوتن درکەکانی بە هووروژم خۆیان بە ژووردا کرد. ئەبوجەهل کە ئەوانی بینی ئازا بوو و شیراندی: موحەمەد هەڕەشە مەکە سوێند بێت لەم شارەدا کەس بەقەد من پیاوی لەم شوێنە نییە! هەمیشەش وا بووە ئەوانەی ناتوانن بە هێزی بەڵگە ڕووبەڕوو ببنەوە، ئیدی پەنا بۆ پشتبەستن بە هێز دەبەن.

هەرکە وای وت، ئیدی هەموو پارێزەرانی بەسەر موحەمەدی تەنهادا بارین و جەستەی لەژێر تۆبزی ئەو هەموو زەلامە زل و چەکدارە ڕەشپۆشەدا شارایەوە و ئەوسا ئەبوجەهلیش وێرای لێی نزیک بێتەوە، لەوەدا بوێریی نواند کە لە مرۆڤێکی بەستراوە و شەتەکدراو بە عەباکەی بدات، سەری قامچییەکەی بە سەرە بێ میزەر و قژە پەخشبووەکەی تا سەر شانیدا کێشا، خۆێن لە سەری

پیرۆزی موحەمەدەوە هاتە خوارەوە و هاوارهاوار لەناو مزگەوت و دواتر لەناو بازاڕ و دواتر هەموو شار و دواتریش گرد و شاخ و بیابان دەنگی دایەوە کە موحەمەد کوژرا.

ژنێکیش (کەنیزەکی عەبدوللای کوڕی جەدعان) کە ماڵیان لەسەر گردی سەفا بوو لە بەردەم ماڵیاندا ڕاوچی شێرانی (حەمزەی مامی موحەمەد)ی بینی کە لە ڕاو دەگەڕایەوە و هەنگاوی گەورەی دەنا و لە جووڵەی ئەو زەوی لەرزەی دەکرد، بە عینوان و دەعیەوە تیروکەوان لە گەردن بەرەو ماڵ دادەگەڕا، نەیوێرا بڵێ کە کوژراوە، گوتی: فریای برازاکەت بکەوە، ئەبوحەکەم و پیاوەکانی ئازاریان پێ گەیاندوە.

حەمزە وەک شێر، ئازاترین و جوامێرترین پیاوی قورەیش تووڕە بوو و ڕووی بۆ دواوە وەر گێڕا و لەتەکیدا هەموو دونیا وەر سووڕا و دڵی وەرگەڕا و کەوتە جووڵەم هەر وا بووە گرنگ جووڵە نییە، ئەگەر بە تووڕەبوونیش بێت بۆ ئەوەی بگەیتە ئامانج و دەبێت ڕووی تێبکەیت، ئەو دەمەی ڕووت تێکرد تەنانەت ئەگەر هێواش بشجووڵێیت هەر دەگەی، هەنووکە حەمزە ڕووی لە مزگەوت و ئەبوجەهل و برازاکەی کردبوو و خێرا بۆ ئەوێ بزوا، هەموویان سەیری حەمزەی پاڵەوانیان دەکرد وەڵامی سەلامی کەسی نەدەدایەوە و لەتەک کەسیش نەوەستا تا سەرەخۆشیی مەرگی برازاکەی لێ بکەن.

هەمووان دەیانزانی کە شتێکی مەزن دەقەومێت، لەوانە بوو مەرگ و کوشتن و خوێن بێت، لەوانە بوو شتێ لەوەش گەورەتر. ئەمەی دووەمیان بوو و حەمزە چووە مزگەتەوە و بە بینینی برازاکەی کە خوێن بە ناوچاوی ماندوو و شەتەکدراو بە عابا و میزەرەکەی خۆی ئەو مرۆڤە مەزن و حەکیمە لە دەست پاسەوانە هەرزەکانی ئەبولجەهلدایە. هەر لە دوورەوە شێرەکەی ڕاکێشا و ئامادەی تێسرەواندنی ئەبوجەهل بوو. هەر کە چووە مزگەتەوە ئەوی بینی، زۆر شڵەژا لە تووڕەبوونەکەی حەمزە و ڕەنگی گۆڕا و لە ترسدا زاری بەستڕا و هیچی پێ نەوترا.

حەمزە ئەوی بە وەستای فیتنە ناوزەد کرد و لەو تووڕەبوونەشدا باش دەیزانی سەری هەموو خراپەکارییەک لە لای ئەم کابرایەیە. ویستی لێی بدات و بیکوژێت، بەڵام بە بیری هاتەوە شتێ لە مەرگ خراپتری پێ بکات و لە مەراقدا بیکوژێت، دەنگی هەڵبڕی، لە کاتێکدا کابرا سەری دانەواندبوو: جنێو بە برازای

من دەدەیت لە کاتێکدا من لەسەر ئایینی ئەوم. ئەو بەتووڕەییەوە وای وت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بڕیاری تووڕەیی و پەلە نەبوو.

چاوانی حەمزە پڕ لە فرمێسک بوون کە وای وت: لەناو پیاوانی ئەبوجەهلدا ڕێگەی خۆی کردەوە کە هەنگاوی دەنا و هەمووان ڕێگەیان بۆ چۆڵ دەکرد و لە برازاکەی نزیک بووە و دەستە گەورەکانی لە گەردنی ئالاند و سەری خوێناویی لاواند و لای بە لای ئامادەبووانداا کردەوە و بەتووڕەییەوە هاواری کرد: دەی لە بەرچاوم ون بن! دەستی برازاکەی گرت و لە مزگەوت دەرچوون، هەمووان دیتیان کە موحەمەد نەمردبوو، بۆ لای ماڵ بە دەستکەوتی گەورەی باوەڕپێهێنانی حەمزەوە دەگەڕایەوە.

کەس نازانێت حەمزە دواتر چی دەربارەی ئیمانهێنانەکەی وت، چونکە کتێبەکان هیچیان لەو بارەیەوە نەگێڕاوەتەوە، لەوانە بوو لەتەک دووبارە پێغەمبەربوونەی برازاکەی لەم سەردەمەدا زیندوو ببووایەتەوە دەربارەی ئیمانەکەی وای بوتایە. بێگومان جوامێرانە و نەترسانەتر لەوەی قەڵەمەکەی من دەینووسێت: ژیانی من تا ئێستا هەر ڕابواردن و چوونەبیابان و ڕاوەشێر و جلی ئاوریشمین لەبەرکردن و پەڕی تاوس لەسەردان و تەژی لە گوناە بوو، ئیدی ئێستا کاتیەتی دڵی تەژیم لە گوناە خاڵی بکەمەوە. حەمزەی پاڵەوانی ڕاوکەری شێرانی ماندووی بیابان بمرێت، لە ژیانی گرانی بێباکی قوتاری بێت و بحەوێتەوە و حەمزەی سەرخەری حەق و ڕاوکەری دڵان لەدایک بێت.

پاشان کەوانەکەی لە گەردن دەر هێنا و کێشای بە سەری ئەبوجەهلدا و نە کابرای زەبەلاح و نە پیاوەکانیشی نەیانوێرا هیچ بڵێن و بە چاوەکانیان سەیری گەورەکەیان دەکرد، حەزیان دەکرد هێندە ئازا با و ئەو تاکە پیاوەیان بە فەرمانی بەگیر هێنابا.

هەنووکە چەند پیاوێک لەپڕ نێر و پیاوترین خێڵی قورەیش، واتە: (بەنی مەخزوم) خزمەکانی ئەبوجەهل شیریان هەڵکێشا و ورووژان و خزمەکانی حەمزە و موحەمەدیش کە تووڕە و چاوئەبڵەق و پڕچەک تازە گەیشتبوون و ئامادەی خوێنڕشتن بوون. ئەبوجەهل هەستی کرد دۆخەکە خەریکە دەتەقێتەوە خێرا ڕووی کردە خزمەکانی خۆی و وتی: لە "باوکی عەمار" بگەڕێن، چونکە جنێوی خراپم بە برازاکەی داوە.

ئیدی ئیمانهێنانی حەمزە و عومەر، دوو قارەمانی قورەیش، گەیشتە ئاستێکی دی، کە پێغەمبەر دڵی بە باوەڕهێنانەکەیان خۆش بێت و پێیان بڵێ: خوا ئاگاداری هەردووکتان و هەموو شوێنکەوتووان بێت، بەڵام لەولاش قورەیش بە دەستەوانی لە ئاستانی دەرگا بێکار نەوەستا و هەوڵی مەحکەمکردنەوەی ژێر پێی لەرزۆکی خۆی دایەوە، ئەگەر دووان لە قارەمانەکانیان لە دەستیان دەرچوون، ئەوا ئەوان پارە دەسەڵات و هەزاران شوێنکەوتووی خاوەن بەرژەوەندییان هەبوو، کە لە دژی یارانی موحەمەد بەکاری دەبردن.

ئێستا ڕێگاکان بووبوونە دوو ڕێگە، یەکیان ڕێگەی موحەمەد، کە ڕێگەی بۆ ئاسمان دەڕۆشت و ڕێگەی کەمینەیەک لە مەککە و نەتەوەی عەرەب و هەموو جیهان و سەرمایەکەی نەبینراو و ئیمان بوو، ڕێگەیەکی دییش بە سەرزەویدا دەکشا و سەرمایەکەی پارە و دەسەڵات و زێڕ و زیو بوو و شوێنکەوتووانیشی قورەیش، هەموو عەرەب و زۆرینەی دەسەڵاتی دونیا بوو.

بیستونۆیەم: کۆچ بۆ حەبەشە

(بێدەنگییەکی قوڵ لە هۆڵی پاشایەتیدا باڵی کێشا، هەمووان گوێیان لە پاشا بوو کە قورس و حەیران هەناسەی دەدا و کەس نەیدەزانی بیری لە چی دەکردەوە.)

شەستوشەش قاچ بەسەر لمدا دەگوازرانەوە، سیوسێ جەستە کە گوێیان لە وشترەوانان دەبوو گۆرانییان دەوت، دەنگی زرینگەی زەنگی ملی وشتریان دەبیست کە دەزرنگانەوە، تۆزی پاش غاری ئەسپانیان دەبینی کە بەخێرایی هەڵدەستا و خۆیان لە پەنا و پەسێوان لە بیابانی بێدار و بەرددا دەشاردەوە. ڕۆشتن و ڕۆشتن تاریکیی شەو لوولی دان و هەتاوی بەتینی بیابان بە شەرارەی خستن و بە دەریا گەیشتن.

بێدەنگییەکی قوڵ هەر وەک جیهان کەوتبێتە ناو هەڵدێرێکەوە، ئیدی ئەو شەوە هەموو شت خەوتبوو، بە دار و شار و بیابان و دەریاشەوە. دەبێت بۆ سبەینێ کون و قوژبنیان لێ بگرن و نەهێڵن بۆ هیچ جێیەک هەڵبێن.

هەنووکە خەریک بوو مەککە بۆ ڕەوتی ئاسایی خۆی دەگەڕایەوە، هەموو شتەکانی ڕەنگ و بۆی ڕەنگاوڕەنگی پیرۆزی خۆی وەردەگرتەوە. ئیدی مەککەی سەرمەست هۆشی بۆ گەڕابوویەوە لە بۆنی گەنیوی هەناوی خۆی دەگەڕا، دایکێک لە دوای شەڕێکی قورس بەشوێن منداڵە ونبووەکانیدا بگەڕێتەوە و لە باوەشیان بگرێت و لە دوژمنانی داگیرکەری شار بیانشاریتەوە کە بە ئەسپەکانیان بە هەموو کووچەی کۆڵانەکانی شاردا دێن و دەڕۆن، ئاخر ئەوی دایک ئەوە منداڵەکان نەبوون کە ئازار دەدران و دەچەوسێنرانەوە، ئەوە ئەو بوو دەدرایە بەر قامچی و پشتی تووێژی هەڵدەدا و نێزەی تیژ بە ورگیدا دەکرا و کسپەی لە جەرگی هەڵدەستاند.

کاتێک خۆی دابوو بەسەر منداڵەکانیدا تا قامچییەکان بەر ئەو بکەون نەوەک ڕۆڵەکانی، ئەوە ئەو بوو هەموو شەوێک دەینالاند و ئاە و نزوولەی بوو، قومێک ئاویان نەدەدایە و لە تینووانـدا چاوی کوێر دەبوو، دەنکە خورمایەک چیە ئازاری سکی برسییان نەدەسرەواند، مەککە هەنووکە حسابی خۆی لەتەک دانیشتووانیدا جوودا کردبوویەوە، ڕۆڵەکانی خۆی حەشار دەدا و بۆ دەرەوەی

خۆی دەناردن و دەست لەسەر چاو تا دەبوونە تاریکی و ون دەبوون ڕەوانەی دەکردن و تا دەبوونە ڕۆشنایی و هەڵم و بیابان دەیناردنە ئاسمان.

خۆر تیشکی بەیانیی خۆی گرتە سەر و گەردنی مەککەی دڵشاد کە هەنووکە ڕۆڵەکانی بە بیابانی دوور سپاردبوو، چاویشی بڕیبوویە ئەو پەنابەرانەی بە ڕێگا لماوییەکانی بیاباندا هەڵدەگژان و ئەویش بە دەریا و لە ڕێگەی دەریاشەوە سپاردەی سەرزەویی ڕەش و پاشای عادیل، پاشای حەبەشە دەبوون.

هێشتا بۆنی عەتری مەعنەویی ئەوان لەسەر سینگ و بەرەک و کووچە و کۆڵانی مەککەدا مابوو، کە هەواڵی کۆچی سیوسێ لە یارانی موحەمەد ئەم بەیانە لەناو شاری مەککەدا تەقییەوە، کە تێیاندا کوڕە مامەکەی (جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب) و کوڕە دەوڵەمەندەکانی وەک: (موسعەب و عوسمانی کوڕی عەفان) لەناو ئەواندا هەن، ئەمە هەنگاوێکی نوێی خواکەی موحەمەد یان فێڵێکی تازەی پیاوە ساحیرەکە بوو! کە تەنها ڕۆڵە و بەندەکانی بە یاخیبوون لەوان هان نەدەدا و لەتەک بەرژەوەندی و خواکانی ئەواندا دژ بێنەوە، بەڵکو بۆ سەرزەویی دیکەیانی دەناردن، دەبوو زۆر بەخێرایی بەریان لێ بگرن.

ئای چەند هیلاک بوون، لە کۆتاییدا شیوێکیان دۆزیەوە و تێی خزان، بەردەکانی ژێر قایشەکانیان لا دا و لە شەکەتیدا خەویان لێ کەوت، ئاخر ئەوانیش ترساو و ماندوو بوون، نەیاندەتوانی پێڵوەکانیان لە کەوتنەسەریەک بپارێزن، بیابان ئەو شەوگەڕە خەوتووانەی ئاخنییە ناو دەمی خۆیەوە و پاشان دەمی داخست و ئەوانی شاردەوە، سوارانی قورەیش هەر ئەملا و ئەولایان بوو ئاوانیان بۆ نەدۆزرایەوە.

هەنووکە ناشێت بیگێڕینەوە کە ئەوانەی کۆچیان کرد چەند ڕۆژ و چەند هەفتە بەڕێوە بوون، چۆنچۆنی بە ترس و لەرزەوە بیابانی پڕ لە ئاژاوەی مرۆڤ خۆر و سەرزەویی خێڵانی وەحشیی مرۆڤفرۆشیان بڕی، چەند ڕۆژێش لەناو کەشتیی تەختەی سەر ئاو کە بەدەم شەپۆلانەوە دەهات و دەچوو تا لە سنووری مەملەکەتی عادیلانەی نەجاشیی پاشای حەبەشە ئاودیو بوون، کارەکانی خوا بەو شێوەیەن، گەر بیەوێ ئەوانی تۆقیو و لە دەستی خزمانی ستەمکار هەڵهاتوو لای پاشایەکی بێگانەی ناموسڵمان ڕێزیان لێ دەگیرێت و پێشوازیی گەرمیان لێ دەکرێت و لەسەر زەویی ڕەشی ئەودیو دەریا هەوای ئازادی هەڵدەمژن.

دونیا زۆر گەورە دەهاتە بەرچاو، ئەوان هەزاران میلیان بڕیبوو بۆ ئەوەی ئیمانی خۆیان بپارێزن، ئەوانیش هەزاران میل بەشوێنیاندا هاتبوون و تا ئیمان و خۆشیان بەرنەوە، ئەوان بە بێدەنگ و ملی ڕێگایانەوە هەموو لم و گردە لمینەیان گرتبوویە بەر تا بە دەریا بگەن و دەریاش بۆ سەرزەویی عەدالەتیان ببات. ئەوان دەوڵەمەند نەبوون کە عەودالّی سەروەت و سامان بن، بەڵکو ئەمان دەوڵەمەند بوون کە ئیمانیان هەبوو و ئازاری هەبوو، لە هەموو شتێک بێبەش کرابوون.

بۆ کۆچی حەبەشە، خەڵکەکە گوێیان لە دەنگی ڕەتبوونی گروپەکە بوو، دەرگایان کردەوە، بەڵام هیچیان نەبینی، مەککەش بووبووە مرۆڤ و ئەوانی دەپاراست، ئەو ئێستا بیری هاتبووەوە کە شاری پیرۆزە، گۆڕەکانی ناخی هەڵدرابوونەوە پیاوان و ژنانی تێدا هاتبوونە دەرەوە: ئیبراهیم و ئیسماعیل و هاجەر و هەموو پێغەمبەران تا بگاتە باوە ئادەم و دایە حەوا هەموو لەوێ ئامادە بوون.

هانی موسڵمانانیان دەدا کە بەرگە بگرن و ئازارەکانیان سووک دەکردن هەر وەک چۆن لە ناخی مردووواندا هیچ کەسێک نامرێت و لە کاتی تەنگانەدا زیندوو دەبنەوە و دەگەنە فریای، ئاواش هەموو چاکانی ناو مەککەش زیندوو بووبوونەوە، هەر وەک چۆن مرۆڤ لە کاتی تەنگانەدا خراپەکانی خۆی لەبیر دەکات و لە خوا دەپارێتەوە، ئاواش مەککە خراپەکانی خۆی لەبیر کردبوو، نیوە مرۆڤ و نیوە دار و دیوار و نیوە شتەکانی وەبیر دەهاتەوە.

هاتنی ئیبراهیم و خێزانەکەی، بەجێهێشتنی دایک و کوڕەکە لەو سارا چۆڵەدا، هاتن و ڕۆشتنی دایکێک، واتە هاجەر، بە برسێتی و تینوویەتی و گریانی ساواکەی و تەقینی ئاوی زەمزەم لەژێر پێکانیدا، پاشان فەرمان بۆ سەربڕینی کوڕە تاقانەکە لەلایەن باوکە پیرەکەوە و بێ ئەملا و ئەولا کردنی کوڕەکە و دواتر دروستکردنی ماڵی خوا لەلایەن باوکە پیرەکە و کوڕەی سەربڕاوەوە، خشت خشت نانە سەر یەک و بەرزکردنەوەی دیوارەکانی، پاشان مانەوەی شوێنی بەردەکە بە خاڵی و گەڕان بە بیاباندا بەردێکی شیاویان دەست نەکەوت، دواتر لە بیابان بەردی لە ئاسمانەوە هاتوویان دۆزیەوە و لە شوێنی خۆی دایان نا.

دەبێت ڕۆحی مەککە هەمان ڕۆحی ئەوانەی ئێرە بن، کە لێرە لەژێر ئاسمانی ڕووتدا ژیابن، وا توانیویەتی دوای ئەو هەموو دوورکەوتنەوەیە جارێکی دی لە قوواڵایی خۆیدا بیاندۆزێتەوە. ڕاستە ماوەیەکە مەککە ڕۆحی خۆی بەجێ هێڵاوە و شوێن نەفسی کەوتووە و ئیدی فریشتەی ڕۆحی بۆ دێو وەرچەرخاوە.

هەموو ئەوانەی ناپیاوانە ستەمیان لە چەوساوان دەکرد، بەشێک بوون لە نەفسی ئەو، هەموو ئەو پیاوانەی شەو تا بەیانی مەستانە لە باوەشی ژنانی خراپ و فاحیشەدا ڕۆژ دەکەنەوە، بەشێک لە نەفسی ئەون، هەموو ئەو بازرگانانەی نەوەک مووڵک و ماڵی خەڵکی، بەڵکو جەستە و گۆشتی مرۆڤەکانی دیکە دەکڕن و دەیانکەنە کۆیلە، ئەوانە بەشێکن لە نەفسی مەککە، بەڵام ئەو بەشە تووێژێکی تەنکە بەسەر ڕۆحیەوە، هەر وەک تۆزی تەنکی بیابان کە بە دوای تێپەڕبوونی بای سەموومی هەموو شتێکی ئەو شارە دادەپۆشێ و هەر بە تێپەڕبوونی ئەو بایە و هاتنی بای سەبا ئەو تۆزە دەڕوات.

شار بە سپیەتیی خۆیەوە بەیانییەکی زوو کە هەر دەڵێی بۆیەی گەچیان بەسەردا ڕشتووە بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە، هەر بەو چەشنەش ڕۆژێک دێت و ئەم تۆزی نەفسە بەسەر ڕۆحی مەککەوە لا دەچێت، کە باری گران کردووە و گیانی بە نوور شۆراوی دەردەکەوێت.

لە کۆتاییدا سااڵانێکی درێژی بێکۆتایی بڕانەوە و هەواڵێک لە ئاسمانەوە گەیشت بە شارێک کە خۆی لەبیر کردبوو، زۆرێک ڕەنجیان دەدا و کەمێکیش هەر لە ڕێوە ڕەنجی ئەوانیان بۆ خۆیان دەدزی، ئەوانیش کە بە برسێتی و ترس و ئازار گۆشکرابوون، لە چرکەساتێکدا تووشیان نەبووبوو، بەڵکو هەر لەدایکبوونیانەوە هەتا مردنیان هەر وا دەژیان، بۆیە وایان نەدەزانی ژیان بێجگە لەوە هیچ شتێکی دیکە بێت، بەڵام دڵی نادیاریان پڕ لە ئاگر و ئازار بوو، ئازاری چەوسانەوە و ئاگری ئازادی، شار تێک چووبوو، پێویستی بە کەسێک بوو کە ڕزگاری بکات.

هەواڵی ئەم قوتاربوونە لە ئەشکەوتەوە دەستی پێ کرد، ئای چەند بەختیار بوو ئەوەی باوەڕی پێ هێنا، دڵی زیندوو دەبێتەوە و چاوی دەکرێتەوە، دیوەکانی دیکەی ژیان دەبینی، دەستەکانی باوەش بە چێژ و خۆشیدا دەکات و پێکانی بەرەو کانیاوی بەختەوەری دەبەن، لەو کانیانە کە کانیاوی باوەڕهێنانە

دەتوانێت سوێند بخوات کە هەرچەند شتەکانی هەمان شتی پێشوون، بەڵام ئەو جیهانە بووەتە جیهانێکی دیکە.

هەنووکە سیوسێ مرۆڤ کە چاویان کرابوویەوە و بوونیان گۆڕابوو ترس و ئازار و برسێتی و تینوێتی و تووڕەی قایمی خۆڵ کە بە بەرگ و دەموچاویانەوە نووسابوو و هەرکام کۆڵەپشتێک کە بە پشتیانەوە بەستبوو، هەرکام داریەک کە بە دەستیانەوە بوو و ڕێی دوور و فراوانی بیابانیان بۆ بەهەشت و خۆری نزیک و تیشکی سووتێنەریان لێ وەرگێڕدرابوو، وایان دەزانی بە باخە فراوانەکان و شەقامە دووروودرێژەکانی ژێر دارە بەرزەکانی بەهەشتدا پیاسە دەکەن.

ئایەتەکانی قورئان کە سەرکردەکەیان فێریانی کردبوو، بەهێواشی و بەکۆمەڵ دەیانوتەوە و ڕێیان دەبڕی و بەتەما بوون هەر لە مەکەوە تا دەریا و لەوێشەوە سواری وشتری گەورەی تەختەیی ببن، بۆ سەرزەویی ڕەش و بەهەشتی عەدالەتی حەبەشە و نەجاشی بڕۆن، هەندێک بڕۆن و هەندێک خۆیان بشارنەوە و پاشان بە ڕۆژدا لە پەسێو و شاراوگەی بیابانی ڕووت خۆیان وەشارن و بە شەویش چەند ئەستێرە ڕێنموونییان بکەن و بڕۆن و بڕۆن تا بە مەقسەد دەگەن.

هەنووکەش کە مەککە جگەرگۆشەکانی بەرەو بیابانی فراوان ڕەوانە کردبوو، ڕێگەی دابوو هەواڵی ڕۆشتنی ئەوان بای نەبینراو لەم زار بۆ ئەو زار بەناو کووچە و کۆڵانەکانیدا بیهێنێ و بیبات، بە گوێی گەورانی بێدین و دڵڕەقی دژە موحەمەد و یارانی بگات، ئەوانیش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەن باسیان بکەن و لە ناونیشانی ڕۆشتووان بپرسن و لە ڕاستیی بابەتەکە دڵنیا ببنەوە، لە خۆشیی ئەوەشدا چێژ ببەن کە هێشتا سەری پەتەکە لە دەست ئەماندایە و موحەمەدیان لەتەکدا نییە و هەرکات بیانەوێت دەیخەنە داوەکەوە و وەڵەفەکە تووند دەکەنەوە.

ئەوسا بە لەخۆڕازیبوونەوە و بە کۆدەنگی وتیان: بۆ کوێ دەچن، هەموو بیابانیان پڕ لە سواری ڕەشپۆش دەکەین، دەیانگرین و بە پشتی وڵاخەکانیانەوە دەبەستینەوە و بە پێی پەتی و تۆزاوی و برسی و تینوو و دەیانهێنینەوە، بەناو شاردا دەیانگێڕین و دەیانکەین بە پەندی زەمانە.

*** *** ***

هەنووکە شەو داهاتبوو و ئاسمان چلچراکانی خۆی هەڵکردبووو لە دوورەوە دیار بوو کە شارەکانی ئاسمان ئاوەدانن، لێرەش لە زەوی لە سەرزەویی ڕەشدا کۆشکەکەی (ئەصحەمەی کوڕی ئەبجوری) نەجاشی چلچراکانی هەڵکرابووون، ئەم مـــاڵە خواپێـــداوە بە نـــووری چراکـــان و بە نـــووری عەدالەت ئـــاوەدان بووبوویەوە لە هۆڵی گەورەی کۆشکدا هەموان ئاماده بوون.

لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا پاشا لەسەر کورسیی پاشایانەی خۆی بە بـاڵای بەرز و قژی لوول و پێستی قەترانی و لێوی قایم و قژ و ڕیشی سپی و قەتقەتکراوی خـــۆیەوە، کە بەســـەر ســـینگیدا هـــاتبووە خـــوارەوە و ســـەلیبە ئـــاڵتوونییەکەی سەرسـینگی کە لەژێـر یەخە کـراوە و بە ئـاڵتوون پەراوێزکـراوەکەی، دەیویسـت خۆی پێشان بدات، گۆچانی پاشایەتیی عادیلانەی خـۆی بە دەسـتەوە گرتبـوو، کە کەمەیەکـی لە ئەڵمـاس دروووسـتکراوی هەبـوو، لەپشـت سەریشـیەوە حەزرەتـی مەسیحی لەخاچدراوی ناسک و گۆناسوور، لێوزەرد و ئێسک دەرپەڕیـو، لاواز و بێگیان هەڵواسرابوو.

لە لای ڕاستیەوە پێنج شەش پاتریاکی بە قەد و بـاڵای ڕێک و ڕەش و ڕیشـی سپیی خۆیانەوە کە هەرکامیان ملوانکەیەکی لە دانی فیل دروووستکراو و خاچێکی ئاڵتوونیان لە ملدا بـوو، بە گۆچـانی گەورە و درێژی قەشـانەی خۆیانەوە، لەنـاو ئەوانـیش لە نزیـک پاشـادا سـەرەک قەشـە دڵنیـا و بێـدەنگ وەسـتابوو، لە لای چەپیشەوە هەموو وەزیر و کاربەدەستان هەندێک لاواز و زۆربەی قەڵەو بە ڕیز هەرکەس بەگوێرەی پایە و نزیکیی لە پاشاوە دانیشـتبوون. پاشـا ئەندێشـەی کرد دەبێت ئەم بابەتە بە لای خێڵی دەوڵەمەند و ناسراوی عەرەبەوە زۆر گرنگ بێت، وا بەو هەمـوو دیـارییەوە دوو پیـاوی ناسـراو و باشـترین نێـردراوی خـۆی بـۆ ناردەوە.

پاشـا سـەیرێکی دوو پیـاوە دەوڵەمەندە قورەیشـییەکەی کرد و ناسـینیەوە کە چەند جـاری دی بـۆ لای ئەم هـاتبوون، ئەوەیـان "عەمـری کـوڕی عـاس" بە جلـی ئاورشمینی سەوز و مێزەری قەترانـی تێکەڵ بە هێڵـی زەرد و لە زیـو و ئـاڵتوون و ئەنگوستیلەی پڕ هەر هەشتپەنجەی نقێمی بەردی نایـاب و ئەڵمـاس و شـەوە و یاقووت مرواریـیەوە هەردوو دەست لەسـەر ورگی دەرپەڕیوی دانرابـوون و قیت و ڕێک وەستابوو، دەمی لەوێ دابەش کردبوو، ڕیشی ڕەشکراوی چەوری خـۆی بۆ سەر غەبغەبەی ژێر چەناگەی خۆی شۆڕ کردبوو.

لەولاشیەوە هاوڕێکەی (عەبدوللای کوڕی ڕەبیعە) بە هەمان سەبکی جلپۆشین، بەڵام لەباتیی جلی سەوز جلی سپی بە عەبای دەوڵەمەندانە و گرانیەوە کەمێک دوورتر، بەڵام بااڵبەرزتر ئارام و دووربینتر وەستابوو، لەو لای ئەوانیشەوە هەموو موسڵمانەکان بە لیباسی هەژارانەوە کۆمەڵێک ژن و پیاوی داماو بە دەموچاوی بەری و فریشتانەی خۆیانەوە بە تۆپەڵێکی گەورە بە ڕیز و ڕێکوپێک وەستابوون.

دڵی پێی دەوت: دەبێت ئەمانە زۆر برسی و چەوساوە و بەستەزمان بن و گیانیان لە خەتەردا بێت، وا بۆ دووەم جار ئەو هەموو ڕێ دوورەیان بڕیبێت و هانایان بۆ ئەم هێنابێت.

پاشا گۆچانی خۆی هەندێک هەڵبڕی و پاشان هۆڵەکە لە دەنگی وی زرنگایەوە کە نووکی کانزایی وی بە بنی ڕەق مەڕمەڕیندا کێشا، ئەوجا لەسەر کورسییەکەی هەڵسایەوە و بە حیرسەوە لە دوو میوانەکەی ڕوانی و وتی: بە ناوی خوا، با بزانم ئێوە هاوڕێیان (عەمر و عەبدوللا) ئێوە چ دەعوایەکتان لەسەر ئەم کۆچبەرانە هەیە کە پەنایان بۆ ئێمە هێناوە؟

عەمر بە هەموو بەالغەت و قسەزانیی خۆیەوە کە زۆرتر پشتی بەو هەموو زێڕ و زیوە دەبەست کە بۆ پاشا و پیاوانی ئایینی و دەمی کاربەدەستانیشی پێ چەور کردبوو تا گوتەکانی، چاوی ڕێزی لە بەرامبەر پاشادا دانەواند و هەنگاوێک چووە دواوە و پاشان ڕووی لە مرۆڤە گەنج و هەژارەکان کرد کە بە جلی پیناوییەوە لەویان دەڕوانی، دەستی بە ڕووی ئەواندا هەڵبڕی و جارێکی دی سەری لە بەردەم پاشادا دانەواند و هەڵبڕی و وتی: (ئەی پاشا، چەند گەنجێکی سەرلێشێواو هاتوونەتە وڵاتەکەت "ئەمەی بە دەنگی مرۆڤێکی عاقڵ و دونیادیدەوە وت") ئەوانە لە ئایینی گەلەکەیان جوودا بوونەتەوە و نەشهاتوونەتە ناو ئایینەکەی تۆوە.

ئایینێکی داهێنراوی خۆیان، نە ئێمە و نە تۆش نایزانین (هەنووکە تاوێک دڵنیا بوو بەم گوتە کورت و فێڵبازانەی خۆی جێکەوتی لەسەر پاشا داناوە) ئەوجا بە سۆز و میهری دڵسۆزانەی خۆی بۆ ئەو کۆمەڵە لە نیشتمان هەڵهاتووە و لە ئایینی باوپیران دەرچوون، وەک پیاوێکی ڕیشسپی و حەکیم و سەنگین وتی: ئێمە (بۆ عەبدوڵڵای هاوڕێی ڕوانی) پیاوماقوولانی خێڵەکانی خۆیان لە باوان و مام و خزم و تیرەکانیان بەشوێنیاندا ناردوویانین بۆ ئەوەی بیانەدیتەوە

دەستمان. دەیزانی بڕیارەکانی پاشا لەسەر بنەمای عەدالەت و ژیرین، بۆیە بە بەڵگەی عەقڵی و دانپێدانراوی خۆیەوە وتی: ئەوان باشتر دەیانناسن و چاکتر دەزانن کە لەسەر چی ڕەخنەیان لێ دەگرن و لۆمەیان دەکەن.

پیاوانی ئایین و دەوڵەت چپەچپیان تێکەوت و پاتریاکەکان کە خەڵاتی خۆیان وەرگرتبوو تا لە ساتێکی وادا قسەی حەق بکەن و بە چاو لەوبەریان ڕوانی، کە وەزیرەکان هەر بە چاوەکانیان تکای فریاکەوتنیان دەکرد و ڕوویان کردە نەجاشی و وتیان: ئەی مەلیک ئەم دووانە ڕاست دەکەن، بیاندەرەوە دەستیان با بیانگێڕنەوە بۆ ناو خێڵ و زێدی خۆیان، وەک ئەوەی وتبێتیان ئێمە خەڵاتی خۆمان وەرگرتووە با لە شەڕیان ڕزگارمان بێت.

عاس لەبەرخۆیەوە دەیگوت: سەیری ئەمانە چەند داماو و بەستەزمانن وەک ئەوە وایە هاتبنە پێشوازیی مەرگی خۆیان، ئینجا بە هاوڕێکەی وت: ئێستا چارەیان دەکەم، سەیریان ناکەیت چۆن بە چپە و دوو دوو بە دزییەوە لەناو خۆیاندا قسە دەکەن، زەمانی کپکردنی ئەوانی لەئاییندەرچوو هاتۆتە پێش. ئێستا دەبێت ڕوونی بکەینەوە سزای گومڕایی، حەوانەوە و تەخت و پاشایەتی نییە، بەڵکو مەرگ و چوارمێخەکێشرانە.

پاشا جارێکی دی عەسای پاشایانەی هەڵبڕی و توند بە زەویدا کێشایەوە و هەمووان کپ بووبوون، بۆ ساتێک سکووت حوکمفەرما بوو و ئەو نەریتی وا نەبوو زوو بڕیار بدات، دەبوو گوێ لە لایەنی دووەمیش بگرێت کە خەڵاتیشیان نەهێنابوو پێش ئەوەی بێنە لای پاشا، بەڵام بڕیاریان دابوو تەنها ڕاستی بڵێن و دەرەنجامەکەشی هەرچی بێت با ببێت.

پاشا لەوانی ڕوانی، وتی: ئەو ئایینە چییە کە خۆتان پێی لە گەلەکەتان جوودا کردۆتەوە و نەشهاتوونەتە ناو ئایینەکەی منەوە و هیچ ئایینێکی دیکەش؟

جەعفەر، ئامۆزاکەی موحەمەد، کە لە پێش هەمووانەوە وەستابوو و قسەکەریان بوو، سەری هەڵبڕی و بە دەنگێکی نەرمونیان، بەڵام بوێر و جوامێرانە وتی: ئەی پاشا، ئێمە خەڵکێکی نەفام بووین. هەنووکە ئاوڕی بە لای عەمر و عەبدوللاّدا دایەوە و بەزەیی پێیاندا هاتەوە. مردارببوومان دەخوارد و بتمان دەپەرست. پەیوەندیی خزمایەتیمان دەپچڕاند و لەگەڵ دراوسێدا خراپ بووین. (ئەو شتانەی لەناو هەموو ئایینە ئاسمانییەکانی وەک ئایینی مەلیکدا خراپ بوون) هەناسەی هەڵکێشا و لە وەتەری حەساسی پاشای دا:

بەهێزەکانمان لاوازەکانمانیان دەخوارد. لەسەر ئەو دۆخە بەردەوام بووین (وەک ئەوە بە پاشا بڵێت: ئاگات لێیە دەیانەوێت لێرە لە بەردەم تۆدا هەمان کار ئەنجام بدەن). پاشان بابەتێکی ئاشنای بە ڕۆحی پاشادا دا و وتی: تا خودای گەورە لە خۆمان پێغەمبەرێکی بۆ ناردین.

پاشا لە جێی خۆی هەستایەوە دوو هەنگاو بە مەسافەی یەکسان لە هەردوو لا نزیک بوویەوە، جەعفەر بەم نزیکبوونەوەی پاشا خەنی و درێژەی دایە: باوانی دەناسین ڕاستگۆیی و سپاردەپارێزیی دەزانین. بۆ عەمری ڕوانی کە هەنووکە دەیویست شتێ بڵێت و نەیدەتوانی، پێی وا بوو ناشێ لە ڕاستیی ئەم گوتانەی دوای جەعفەر هیچ بڵێت. بانگی کردین بۆ پەرستنی خودا و یەکتاپەرستی و وازهێنان لەو دار و بەردانەی خۆمان و باوباپیرانمان دەمانپەرستن.

عەمریش زانی ئەم گوتانە بە ڕۆحی پاشا حەکیمانەتر و ژیارانە بوون، نەک ئەوانەی ئەو، هەرچەند لە هۆنینەوەیان توانای زۆری بە خەرج دابوو، بۆیە لێوەکانی کرۆشت و لە تووڕەییدا خەریک بوو هەڵم لە سەری هەڵدەستا و لەژێر میزەرە گرانبەهاکەیدا دەبووە ئارەقە و ئاو.

جەعفەر درێژەی پێ دا و وتی: فەرمانی پێ داین ڕاستگۆ بین، ئەمانەت بپارێزین و پەیوەندیی خزمایەتی نەپچڕێنین. چاک بین لەتەک دراوسێدا و دەست لە حورمەتشکێنی و خوێنڕشتن هەڵبگرین. واز بهێنین لە فاحیشە و قسەی ناڕاست و خواردنی مااڵی بێباوک و تۆمەتبارکردنی ئافرەتی داوێنپاک.

گوتەکانی جەعفەر نەک هەر پاشای گیر دا و بیری خستەوە ڕێگاکانی گەیشتن بە خوا ئەو چاکانەن کە ئەم گەنجە لە سەروەرەکەیەوە فێریان بووە، بەڵکو عەمریشی بۆ ساتێک وەبیر هێناوە و بۆ ساتێک حەبەشە و پاشا و دووڕەوڵاتیی بەجێ هێڵا و بۆ مەککە و بۆ لای موحەمەد گەڕایەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: بابەتەکەی موحەمەد ئەوە نەبوو کە ژیر بوو و ڕەفتاری جوان بوو، بەڵکو بابەتەکە ئەوە بوو دڵی ئەو جوودا بوو، دڵی ئەو هێندە گەورە بوو جێی هەموانی تێدا دەبۆوە، ئەوان حەزیان لێ نەبوو ئەو ئەوانی خۆش بوێت، ئەوان حەزیان دەکرد کە ڕقی لێیان بووایە تا بیانوویەکیان هەبا بۆ ڕقلێبوونی.

کێشەی ئەوانیش ئەوە نەبوو کە زۆر گێل و نەزان بوون، نا بەڵکو زۆر زیرەک بوون، ئیدی نەیاندەتوانی عوروج بکەن و باڵ بگرنەوە، بەڵکو بەسەر

زەویدا بە لارەلار دەچوون و تەنها دەیانخوارد و دەیانخواردوە و دەخەوتن و باوەشیان دەکردەوە، نەیاندەتوانی سەر هەڵبڕن تا پێش ئەوەی بگەن ئەودیو خەرەندەکە ببینن نەکەونە ناوییەوە.

ئەوان قەومێکن ڕەزامەندی بۆ موحیبەت نانوێنن و عیشقیان خۆش ناوێت، پەردەی کەپوویان بە بۆنی پیسی ڕق و دوژمنایەتی دەلەرێتەوە و کەیفیان دێت، بە بۆنی عیشق و ئەوین دەڕشێنەوە وەک قالۆنچە وان نزایانە عومریان درێژ بێت تا لەناو سەرگین و سەنێردا ژیان بەسەر بەرن، ئیدی نازانن تەمەنی درێژ تا شوێنەکەت نەگوازیتەوە هەر لە پیسیدا دەتهێڵێتەوە. کاتێک موحەمەدیان دەبینی موحیبەت بۆ هەموو شت دەنوێنێت، لە ترس و خەشمدا ئارەقەیان دەڕشت و بە چاوی بوغزەوە خەریک بوو هەڵی بخلیسکێنن، بەڵام ئەو جارێکی دییش بەموحیبەتەوە بۆیانی دەڕوانی.

پاشا چاوە گەشەکانی وەک پشکۆ داگیرسابوون و عەدالەت دەست و قاچی گرتبوو، ئەو لە سەرەتاوە بەزەیی بەو هەژارانەدا دەهاتەوە، بەڵام هەنووکە گیرۆدەی گوتە بەنرخەکانی ئەوان بوو و لای بە لای ئاڵتوونی دانراوی میوانەکانەوە نەدەکردەوە، دەیویست بڕوات باوەش بەم سپیپۆشەدا بکات، بەڵام نا ئەو دەبوو وەک ڕاهاتبوو لە هەموو دادوەریی خۆیدا دەبوو ئارام و بێدەنگ گوێ ڕادێرێت، پاشان دەستی بە نیشانەی خاچکێشان دانا و هیۆر و شاد بۆ ئەوەی لە گوتەکانیان گوێ ڕادێرێ و بە دەنگێکی نەرم بە جەعفەری وت بەردەوام بێت و بدوێت:

جەعفەر بۆ ساتێک وەستا، وەک بڵێی لەوە بترسێت نەتوانێت وەسفی لائیقی سەروەرەکەی و هەواڵی ڕاستەقینەی پەیامەکەی بگەیەنیت، بەڵام بە خۆی وت: ئازا بە جەعفەر، لە بیرت بێت خوا تۆی کردۆتە نوێنەری ئامۆزاکەت کە پەیامەکەی بەم پاشایە بگەیەنێت، دەزانی هەموو خوشک و برا چەوساوەکانت لە پشتتەوە چاوەڕوانی تۆن کە بە وشەکانت شەڕیان بۆ بکەیت، پارێزگاری لە نەگەڕانەوەیان بکەیت، بەسە ئیدی مەترسە و ئارەقە مەکە و بەردەوام بە: فەرمانی پێ داین تەنها خودا بپەرستین و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین و ڕۆژوو بگرین. لەسەر ئەو ئایینە خودایە کە بۆی هێناین شوێنی کەوتین و هاوبەشمان بۆ بڕیار نەدا و هەرچییەکمان لەسەر

قەدەغە کـرا لە خۆمانمـان حەرام کـرد و لـە هەرچییەکـیش ڕێـگە پـێ درایـن، حەڵاڵمان کرد.

بێدەنگییەکی قوڵ لە هۆڵی پاشـایەتیدا بـاڵی کێشـا، هەمـووان گوێیان لە پاشـا بـوو کە قـورس و حەیـران هەناسـەی دەدا و کەس نەیـدەزانی بیـری لە چـی دەکـردەوە. چاوەکـانی داخسـت، لەوانەیە لە دڵـی خۆیـدا دەیـوت، ئەم گـوتە بەهەشـتییانە ناشـێت گـوتەی سـەرزەویی دۆزەخـی ئەو عەرەبـانە بێـت، کە ئەو هەندێکیانی وەک عەمر و عەبدوللای لێ دەناسین. چاوەکانی هەڵهێنا و بڕۆکانی بـۆ سـەر و بـۆ خـوارەوە بـرد و لە جەعـفەری ڕوانـی و جـارێکی دی پێڵـووی چاوەکانی بەسەر بیلبیلەکانیدا داگرت و گوێقوڵاغی وتەی نـوێی جەعفەری بـوو: کەچی خێڵەکەمان بە گژماندا هاتن، بەم گوتەیە عەمر شـڵەژا و دەسـتەکان و پێ و پلی بەنائارامی دەبزواند.

جەعفەر زێتر ئەوی بەتەنگی هێنا کە ناوی خێڵی دووبارە کردەوە: خێڵەکەمـان تووشی بەڵایان کردین، بـۆ ئەوەی بمـانگێڕنەوە بـۆ بتپەرسـتی و حەڵاڵکردنەوەی ئەو شـتە پیسـانەی حەرام کرابـوون، کاتێـک زۆریـان بـۆ هێنـاین و سـتەمیان بەرامـبەر کـردین و نەیانهێشـت خـودای خۆمـان بپەرسـتین، هـاتین بەرەو مەملەکەتەکەت، تۆمان بەسەر خەڵکی دیکەدا هەڵبژارد، حەزمـان لە نزیکیت کرد، داخواز بووین لای تۆ ستەم لە ئێمە نەکرێت.

ئەڵبەت جەعفەر بە درێژایی شەوی ڕابردوو لەگەڵ خوشک و براکانی هەمـوو ئەو قسانەی هۆنیبوونەوە و سـادە و سـاکار هەموویـان لەسـەری کۆک بـوون و تەنها پشتیوانیشان حەقیقەتی پەیامەکەیان بوو.

پاشـا هەنـووکە چـاوی دەکـردەوە و دادەخسـت بە یەک هەنگـاو بـۆ دواوە گەڕایەوە و چـووەوە سـەر عەرشـەکەی و بـێ ئەوەی دارەکەی بە زەویـدا بکوتێتەوە لەسـەر عەرشـەکەی دانیشـت و لە فیکرەوە ڕۆ چـوو. پاشـا ڕووی لە جەعـفەر کـرد و بە زمـانی نافەرماندەرانە گـوتی: ئایـا شـتێکت لەبەرە لەوەی کە خوا بۆ پێغەمبەرەکەتانی ناردووە؟

جەعفەر هەنووکە لەوە دڵنیا بوو خوا بە فریای خۆی و هاوڕێکانی کەوتـووە، بە خۆشییەوە وتی: بەڵێ.

پاشا وتی: بۆم بخوێنە.

جەعفەر سەرەتای سورەتی مەریەمی بۆ خوێندەوە: (بسم الله الرحمن الرحيم، الم ذكر رحمه ربک عبده ذكريا...) پاشا بە پەشۆکاوییەوە لەسەر کورسی هەڵسایەوە و بۆ لای جەعفەر بزوا، ئازار لە خۆیەوە پێچا و دڵی گوشی، پاشان سینگی لەت کرد و کرایەوە و هەموان بینییان دەگری و هێندە گریا و لێوی هەڵقرچاند تا ڕیشی تەڕ بوو کەشیشەکانیش هێندە گریان تا کتێبەکانی دەستیان تەڕ بوون. پاشا بە هەناسەهەڵکێشانەوە و بە هەنسکدانەوە چاوی بڕییە ئاسمان و وتی: سوێند بێت ئەمە و ئەوەی عیسا هێناویەتی لە یەک تاقەوە هاتوون: بڕۆن... بڕۆن سوێند بە خوا هەرگیز ئەمانەتان پێ نادەمەوە.

دوو پیاوەکە کە هەنووکە کەوتبوونە ورتەورتی ناڕەزایەتیەوە. زۆر بەخێرایی بۆ دەرەوە هەنگاویان دەنا، هەر کە گەیشتنە ئاستی دەرگای گەورەی کۆشکەکە لەناکاودا عەمر وەستا و ڕووی کردە هاوڕێکەی دەمی خەجاڵەتی و تەملەسەرنیشتووی کردەوە و بە تووڕەبوونەوە کە دەماری لاملی لەتەکیدا توند بووبوونەوە وتی: ئەمڕۆ دەڕۆین، سوێند بێت سبەینێ وا بۆیان دێمەوە لە ڕەگەوە دەریان بهێنم.

عەبدوللا کە لە تەریقبوونەوەی ئەمڕۆیدا دەستی بە دەمیەوە گرت، کە قسەی کرد و دەیزانی سبەینێش هەر وەک ئەمڕۆ دەبێت: شتی وا نەکەیت ئەوانە خزمن با لەگەڵ ئێمەش جیاواز بن، بەڵام عەمر تووڕە بوو و لە کاتی قسەکردندا دەمی کەفی دەکرد و دەیگوت: سوێند بێت ناچمەوە تا ئەو کارە نەکەم.

بۆ سبەینێ دەستی عەبدوللای گرت و وتی: وەرە برای بەستەزمان با بڕۆین و ڕۆشتنە بەردەم کۆشک و داوای بینینی پاشای بە بیانووی مالئاوایی کرد و هەلی قۆستەوە و وتی: پاشا ئەمانە دەربارەی عیسای کوڕی مەریەم شتی خراپ دەڵێن. دیسان بابەتەکە سەری هەڵدابوویەوە و هەمدیس پاشاش حەزی لێ بوو گوێی لە ئەوان بێت تا بزانێت دەربارەی سەروەرەکەی چ دەڵێن.

پیاوان و ژنانی کۆچکردوو بە بەرگی دڕاو و پێنەکراوەوە صەف وەستان و لێی پرسین دەربارەی عیسای کوڕی مەریەم چی دەڵێن: ئەوجا دەنگی نوێنەرەکەیان کە جەعفەر بوو لەناو فەزای پڕهەیبەتی کۆشک و عەرشی پاشادا بیستراوەوە و وتی: ئەوە دەڵێین کە پێغەمبەرەکەمان بۆی هێناوین: عیسا بەندە و پەیامبەرە و ڕۆح و وتەی خودایە کە بەخشییە دایکی مەریەمی داوێنپاک. پاشان سکووتێکی قوول بالّی کێشا و هەموو پاشایان بینی کە

دارەکەی لە زەوییەوە هەڵبڕی و بۆ سەرەوەی ڕاگرت و وێستی بدوێت، بەڵام نەیتوانی گریان قورگی گرت و قوڵپ قوڵپ هەنسکی دا بە دڵی پڕەو وتی: سوێند بە خوا ئەمە و ئەوەی عیسای کوڕی مەریەم وتوویەتی لەم دارە تێنەپەڕیوە و پاتریاکەکان کەوتنە یەکتر ڕوانین و خشە و بۆڵە و مقۆمقۆ.

پاشا بۆ ساتێک وەستا. هەمووان بێدەنگ بوون، وەک بڵێی بۆ وەڵام گوێیان ڕادێرابێت، دەنگی پاشا هاتەوە بەر گوێ: سوێند بە خوا هەرچییەک بکەن ئەوە هەڵوێستی منە. دوای ساتێک وەستان ڕووی پڕ لە هەیبەت و ترسی بڕییە موسڵمانەکان و گوتی: ئێوە لە سەرزەوی منـدا لە ئەماندان هەر کەسێک گوتەیەکتان لەگەڵ بڵێت دەبێت باجی بدات، سێ جار لەسەر یەک ئەمەی وتەوە: کە پێم خۆش نییە بەقەد ئەندازەی شاخێک ئاڵتوونم هەبێت و ئێوە ئازار بدەم.

ماوەیەک هیچ دەنگێک لە هۆڵەکەدا نەبوو، نە دەنگی جووڵە و نە دەنگی گریان، پاشان بە پڕتاو هەستایە سەر پێ و بەرەو دەرگای تایبەتی چوونەدەرەوەی خۆی بە نیازی دەرچوون دەرپەڕی و پاشان گەڕایەوە و بە دارەکەی دەستی ئاماژەی بۆ دەستوپێوەندەکانی بە هەناسەبڕکێوە کرد و وتی: دیارییەکان بدەنەوە بەو دووانە. سەری بۆ لای عەمر و عەبدوللا هەڵبڕی دەستی بۆیان ڕایەڵ کرد و بە وروژانەوە گوتی: پێویستم پێیان نییە. خوا کە ئەم مەملەکەتەی دامێ بەرتیلی لێ وەرنەگرتم، تا منیش تێیدا وەری بگرم. دەربارەی بە گوێی کەسی نەکرد تا منیش لە ئەمری ئەودا بە گوێی خەڵکی بکەم. بە چاوی سوور و گۆنای تەڕەوە ڕووی کردە نوێنەرەکانی قورەیش و پێی گوتن، پارەکانتان لەتەک خۆتاندا بەرنەوە. ئەو دووانەش بەسەرشۆڕییەوە دوای چوونی پاشا سەیری خزمەکانیان دەکرد و کە هەنووکە ئەوان سەرکەوتوو بوون هیچیان نەوت و بوخچە پڕ لە زێڕەکانیان هەڵگرت و عەبدوللا لە عەمری ڕوانی، ڕوانینێک وەک بڵێی بڵێت: ئەمە کار بوو تۆ کردت!

ئەگەرچی هەمووان شایەتیی زەلیلیی قورەیش بوون لە بەرامبەر ڕۆم و عەجەم و پاشای حەبەشەدا، بەڵام هەموانیش شایەتیی شەڕەنگیزی ئەو بوون لە دژی موحەمەد و یارانی.

ئوم سەلەمە کە دوای چەندین ساڵ ئەم داستانەی دەگێڕایەوە لەو گفتوگۆیە سڕ دەبوو و پێکەنین دەزایە چاوەکانی.

سییەم: کافران ناو لە پێغەمبەر دەنێن

(ئەو کە لە زەینیدا بێجگە لە ژمارە و پارە هیچی دیکە نەدەگوزەرا، مرۆڤیش تەنها هەر ئەوە دەداتەوە کە لە ناویدا پێوەی خەریکە، وتی: با پارە بدەین.)

هەر ئەو شـەوە پـێش ئەوەی چـاوەڕوانی مانـگ بـکەن، کە لە پشـتی کێـوی نوورەوە سەر بهێنێتە دەر و دیوی شاراوەی مەککەی غەمگین بە نـووری خـۆی بخـاتە دەر، ئەوان چـوونەوە یانەکەیـان تـا بڕیـاری قۆنـاغی دواتـری شـەڕی مـوحەمەد بـدەن، چاویـان لە گەورەی ئەنجـومەنەکە بـوو کە چـاوی دەگێـڕا و هەمووان ڕاوەستابوون کە ئەو چی دەڵێت.

نەیانزانی بە چاوەکانی هێما بۆ شتێک دەکات، یاخود دەیویست بیر بکاتەوە و زەینی لە نیوەڕێدا وەستابوو و نەیدەتوانی بگاتە دەرەنجام. هەمـووان بەدەوری ئەودا بـۆ مـاوەیەک زۆر بە مەزاجی تـاڵەوە وەستابوون هـیچ قسـەیەک نەکرا و ئەوسـا یەکێکیان ڕووی کردە مـامەکەی مـوحەمەد و وتـی: دە شـتێک بڵـێ (وەک وتبێتیان لەژێر باری قورسی بێدەنگی ڕزگارمان بکە).

ئەو کە لە زەینیدا بێجگە لە ژمـارە و پـارە هیچـی دیکە نەدەگـوزەرا، مـرۆڤیش تەنها هەر ئەوە دەداتەوە کە لە ناویدا پێوەی خەریکە، وتی: بـا پـارە بـدەین، بەڵام گوتەکەی گێڕایەوە، ویستی بڵێت: بـا پـارە بـدەین و مـوحەمەد لەنـاو بەریـن، بەڵام بیری کەوتەوە ئەمە هیچ سـوودێکی نابێت، بە گەڕانـدنەوەی گـوتەکەی بـۆ یەکەم جار دانی بەوەدا نا کە پارە هەموو شتێک نییە.

وتیـان: چارەیەکت لایە؟ سـەری زلـی ڕاوەشـاند و وتـی: نـا مـن تەنهـا گـوێ لە گوفتاری ئێوە دەگرم و لە کرداری ئێوەش دەڕوانم بزانم چی دەکەن.

ئەو هەرچی پێ وترابوو و وتبووی، خۆی و ژنەکەشی هەرچییان پێ کرابـوو و کردبوویان: کچەکانی موحەمەد کە دەزگیرانی هەردوو کوڕەکەی بوون تەڵاقی دابـوون، ئەو بـاش دەیزانـی لەنـاو دونیـای عەرەبـدا کچتەڵاقـدان چەنـد لەسـەر پیـاوەتیی پیـاو دەکەوێت، کاتێک ئەمەشـی کردبـوو قاقـا پێکەنیبـوو و وتبـووی بـا موحەمەد و خەدیجە بگەڕێن مێرد بۆ کچەکانیان بدۆزنەوە.

لە مـاڵی خۆیەوە هەرچی پاشماوە و گۆزەی شەرابی پیسیان هەبوو بـۆ مـاڵی موحەمەدیان هەڵدەدا، هەرکات موحەمەد پێویستی بە بێدەنگی بـووایە بـۆ ئەوەی

لەتەک خواکەیدا بدوێت، ئەم بە هەموو تەمەنی پیریەوە کە لە کەنار گۆڕ دەلەرزی دەستی دەکرد بە خواردنەوە و سەماکردن و چەقەنەلێدان و تیروکەوانی دەگرتە دەست و تیری دەگرتە ژووری نوێژەکەی موحەمەد بۆ ئەوەی لەناوی بەرێت.

ژنەکەشی گۆیا شیعر دەڵێت، جنێو و بالۆرەی دەهۆنیەوە و بە دەنگی بەرز بە موحەمەد و خانەوادەکەی دەگوت، دەچووە بیابان بە خزمەتکار و کەنیزەکەکانیان هەرچیان دەستکەوتایە لە لاکی ئاژەڵی تۆپێو و درکودااڵیان دەهێنا و لە حەوشە و ڕێگای ماڵی موحەمەد هەڵیان دەڕشت، لە کونی دەرگای ماڵەکەیانەوە سەیریان دەکرد و هەر کە موحەمەد یان هەرکام لە ئەندامانی خێزانەکەی تێدەپەڕین یان تەشەریان لێ دەدان یاخود داروبەردیان تێدەگرتن و هەموو منداڵ و هەرزە و مەست و خوێڕییەکانی شاریان کۆ دەکردەوە و دەیانهێنان لە بەردەم ماڵی خۆیان خڕیان دەکردنەوە و تا هەر مێینەیەک لە ماڵی موحەمەد بێتە دەرەوە بە چاوە نەخۆشەکانیان هەڵیان لووشن، هەموو ئەم کارانەش دراوسێکانی دیکەش لە مامەکەیەوە فێری بوون.

ئەویش وەک ئەوان چاوەڕوان بوو، ئەویش وەک ئەوان هەموو توانای خۆی خستبووە گەڕ تا پەرگاری برازاکەی لە کار بترازێنێت، دڵۆپی گەورەی ئارەق لە ناوچاوی چرچولۆچی دەهاتە خوارەوە.

چارەسەر نییە. هەر هیچ نەیوێرا ئەوە بەوان بڵێت، خەریکی وتنەوەی ئەم وشانە بوو بەو کەسەی لە خۆی دروست کردبوو و گفتوگۆی نەبیستراوی لەتەکدا دەکرد، عوتبە سەری لەبن گوێی ئەبولەهەب نا: بیر لە چی دەکەیتەوە.

ئەو هیچ وەاڵمی نەدایەوە و تەنانەت سەری هەڵنەبڕی و هیچ گوتەیەکیشی لە زار نەهاتە دەرەوە. هەمووان چاویان بڕیبووە نێوان دوو لێوی ئاوساوی ئەو کە لەژێر سمێڵی زلیدا ئەوەی سەرەوەیان شارابوویەوە، بەاڵم دووبارە ئەو هیچی نەگوت. هێنایان و بردیان کەڵەشێری بەیانی قووقاندی، پانزە پیاو دوای بڕیاردان قیت ڕاوەستان بە نیازی گەڕانەوە بۆ ماڵ مێزەرەکەیان لەسەر سەریان ڕێک کردەوە و تا ئەو کاتەی (وەلیدی کوڕی موغەیرە) دەبینن لەتەک موحەمەددا قسە دەکات یەکتر نابیننەوە، کە تازە لەخەو هەستاون و بە چاوی ئاوساوەوە لەو دووانە دەڕوانن تا بزانن وتوبێژەکانیان بە کوێ دەگات.

هەنووکە ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو، لەباتی ئەوەی موحەمەد بکوژن، ناوی دیکەی لێ بنێن، کە ئەمەش کوشتنی بوو بە جۆرێکی دیکە. هەمووان بۆ مااڵ نەگەڕابوونەوە و ژنەکانیان بێ ئەمان لە ئێوارەوە بە خۆتلدان بەشوێن ئەماندا دەستیان گێڕا و خەویان لێ کەوتبوو، دواجار ڕۆژ بووەوە و خەڵکی شار کەوتنە خۆکێشانەوە و هەناسەدان و ژنان لە بەردەرگا دانیان بە مریشکان دەدا و پێکەوە چەنەبازییان دەکرد.

ئەوان لە بیری ڕۆشتندا بوون، کە کابرایان بینی بەسەر سێ قاچەوە دوو پێکەی و گاڵۆکەکەی لەبەردەمیاندا وەستابوو، کە کاری ناونانی موحەمەدیان بەو دەسپارد.

ئاخ کەی بەتەواوەتی خۆر هەڵدێ و خەڵکی بۆ سەر و کار و کاسبیان نشێو دەبن تا ئەمانیش بتوانن موحەمەد ببینن و پیرەکە ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە دواتر بۆ لای ئەمان دەگەڕێتەوە ناوی نوێی لە زەینی خۆیدا بۆ ئەمان هێناوە.

خۆر سەری هەڵهێنا، لەوەش زیاتر خەریک بوو بە ئاسمانەوە لار بووبوویەوە سێبەری خانوو و وشتر و مرۆڤانی سەر شەقامەکان بەقەد خۆیان لێ هاتبوو، هەر پانزەیان لە دوورەوە لە پیاوە پیرەکەیان دەڕوانی کە بەرەو دەرگای مزگەوت بزوا، لەو دەرگایەوە چووە ژوورەوە کە ڕاست بۆ لای موحەمەدی دەبرد.

هەر لە دوورەوە ئەویان بینی کە لە جەستەی موحەمەد نزیک دەبۆوە، ئەو هێندە لە حوزووری خواکەیدا ڕۆ چووبوو، جەستەی بێگیان بووبوو، ئەو نەمردبوو، بەڵام لێرە نەبوو. دوو جار بانگی لێ کرد: موحەمەد... موحەمەد... ئەوجا هاتەوە و جەستەی وەستاوی جوولەی توندی تێکەوت و بۆ لای ئەمی ڕوانی، پیاوی پیر سامی لێ نیشت، وەک ئەوەی بە هەموو تەمەنی دوورودرێژی تا ئێسا کەس وا بۆی نەڕوانیبێت.

نیازی دڵی خۆی پێ نەگوت و ئەوەشی شاردەوە کە بە قسەکردن لەگەڵیدا ترس لە دڵیدا دروست بووە. ئەو لەو پیاوانە بوو کە ئاگاداری هەموو ئەو شتانە بوو کە دەگوزەڕا، بەتایبەت بابەتە گەورەکەی هەواڵهێنانی موحەمەد لە ئاسمانەوە و ترساندنەکانی خەڵکی بەوەی تیاچوون بەڕێوەیە، ئەمە بۆ خەڵکی داماو و بەستەزمان ئەوانەی هیچی وایان نەبوو ئاسایی بوو، بەڵام بۆ کەسێکی وەک ئەم کە زۆری کۆ کردبوویەوە و تا ئەم کۆتاییەش کە سەری لە پەنا گۆڕدا

دەلەرزا هێشتا هەر حەزی لە هێز و لە پارە بوو، لەپێناو ئەو دووانەشدا زۆر شتی کردبوو و بینیبووی و بیستبووی، ئیتر هەموو ڕێگە و فێڵە باوەکانی کۆکردنەوەی ئەو دووانەشی دەزانی.

کە ئاوڕی لە ڕابردوو دەدایەوە، بیرەوەرییەکانی وەک ڕێگای دوورودرێژی ناو بیابانن، بەڵام بەخێرایی دەیبردە ئەو بەشە زۆر دوورەی مەملەکەتی ناو زەینی کە هەموو کاڵا و ئامرازانەی تێدا عەرز دەکرا کە بە نیازی بەدەستهێنانی پارە و هێز و ئەو چێژەی لە بەدەستهێنانیان و تەنیایی و بێئەنجامیی ژیانیان پێ دەشاردرانەوە.

لە سوپای زەبەلاح و بریسکەی شمشێری نەبڕاوەی دەسەڵاتداران و تا بگات بە خەڵوەتی پڕ لە خەو و خۆراک و ورگی پڕ لە چەوریی پیاوانی ئایینی، تا بگاتە گوتەی نهێنی و فیکەکردنی (سسس.. سس..سس)کردن و گرێدان لە پەتی جادووگەران و ڕەملێیدانی و خۆل بۆ ناو با پەرتکردن و دەستخوێندنەوەی دەست و ناوچاوی فاڵگیران، چەند شەو و ڕۆژ لە ئاسمان ڕوانینی ئەستێرەناسان و گوێ لە هەواگرتنی هاتیفەکان، کە بەتەما بوون جنۆکە و پەرییەکان لەناو هەوای هیچتێدانەبوو تا دەستی پێوە بگرن و هەواڵی ئاسمانیان بۆ بدزن تا بگات بە شیعری لە ڕووکەشدا جوان و لە ناوەڕۆکدا خاڵی.

لە حیکمەتی سوپای شاعیرانی عەرەب کە هەموو بیابانی عەرەب و تەنانەت کۆشکی دەسەڵاتدارانی ڕۆم و فارسیشیان تەنیبوو، بە گوتەکانیان جادووی لە زەینی وریا و زیرەکی پاشا و پیاوانی دەوڵەت دەکرد وەک ئەوەی لەم زەینە زۆر وریا و بلیمەتەدا خۆراکی بریتی بێت لە بابەتی ناژیرانە تا لە دەست ترس و داوەکانی ژیری ڕزگاری بکات و تا دەگەیشت بە جادووگەران و پێشبینیکەرانی داهاتوو کە بەوریاییەوە هێندە بە ژیرانە و گشتگیرانە داهاتوویان بەو شێوەیە دەهێنایە ئیستا کە موشتەریەکانیان پێیان خۆش بوو وا بێت نەوەک ئەوەی داهاتووی قەت بەدەستنەگەشتووی خۆی چۆن دەبوو بەوان بڵێن تا بگات دەرهێنانی شێوەی خودا و فریشتەکان لە داروبەردی ڕەق.

لەتلەتکردنی خودایەتی خوا و نیشاندنی ڕۆحی بەخاکبوو و نەگەڕاوەی باوباپیران لەناو ئەو داروبەردەدا تا بەردەوام باوباپیران لێرە بوونیان هەبێت، ئەویش نەک لە پێناو خۆشەویستیی باوباپیران، بەڵکو لەپێناو پێویستبوونی ئەوان بۆ هێشتنەوە و دەستخستنی دەسەڵات و پارە، هەر ئەو کارەی هەنووکە

ئەوانی گەورەی قورەیش ئەنجامی دەدەن و ئێستا بە ڕابردوو و دەچەسپێنن و وەک گەورەی عەرەب خۆیان دەنوێنن و کاروانی بازرگانیی نەبڕاوەی خۆیان پێ دەپارێزن.

هەموو ئەم بیر و ئەزموونانەی بە تەمەنێکی دوورودرێژ بە جەستەی نەدیتراو و ڕۆحانیەتی خۆیانەوە لە زەینیدا خەوتبوون، هەنووکە بە پرتاو کەوتنە جووڵە و هەڵفڕین و بە داخستنی دوو چاوە ژێرئاوساوەکەی بە چرکەساتێک و بە شکاندنی یاساکانی کات و شوێن و سەیرکردنی تەمەنی دوورودرێژ لە یەک ئاندا هەموویانی بینی کە بە حەواوە هەڵواسرابوون، بە کردنەوەی چاوەکانیشی بە یەک ئانی دی بۆ جیهانی دیتراو و بۆ لای موحەمەد گەڕایەوە.

وتی: سەیرکە برازا ئەم کەللەپووت و هیچ تێدا نەماوەی من زۆر بە سەختی لە هەوڵی پاراستنی ئەو ئەزموونە تەمەن دوورودرێژەدایە کە عەقڵ بە ڕەنج و ئارەقڕشتن کۆی کردوونەتەوە و هەرچەند بۆنەکانیان عەیامێکە جیهانی فانیان بەجێ هێڵاوە، لە کۆنیدا شڕ و وڕ و درِاون. لەم ڕۆژانەدا لە ترسی تەنهایی و بێمایەبوونی خۆ بیرم لەوە کردەوە کە هەموو ئەوانە هیچیان منیان بە حەقیقەت نەگەیاند.

لەو دەرەنجامە ترسناکە دونیا لە بەرچاوم تاریک بوو و چەند شەو و چەند ڕۆژ پێوەی تلامەوە، کە شەو بوو نە مانگ کە بە ئاسمانەوە وەک قەڵوەزەی شیر بەسەر شار و شاخ و بیابااندا نوور دەڕێژێ و تەنهایی و ڕەنج و غوربەتی کاروانیان و شەوان و کۆڕگێڕانی مەی و مەستی مانای پێ دەبەخشێت و ئەو هەموو ئەستێرەی هاوەڵانی کچان و بێوەژنانی سەر سەرینی تەنهایی و بە چاوبڕین لەوان بە پرتەی نەشمیلی خۆیان کە وەک چاو بەخێرایی دەکرێنەوە و دادەخرێت و هەوالّی سواری داهاتووی شازادەیان پێ دەدەن کە دێت و ئەوان بۆ پشتی ئەسپەکەی هەڵدەدا و بۆ مەملەکەتی خەونەکانیان دەبا.

بە ڕۆژیش خۆر کە چرای هەرگیز نەکوژاوەی خودای خواکانە لەپڕ نەما و چادری شینی هەڵدراوی ئاسمانی لێ بوویەوە و شاخەکان هەڵکەندران و بوومەلەرزە هات و شاخەکانی هەڵکەند و فەرشی زەردی بیابان پارچەپارچە بوو، دەنگی گەورە لە سەرووی شار وەک هەڵۆی گەورە دای بەسەر خەڵکیدا.

خانووەکان وەک ئێسکی ڕزیو بە دەست دەستی زلی ڕواوی سەیر و خێراوە دەپروکان و خەڵک بە گریان و ڕۆڕۆ و قژپژاو و چاوئەبڵەق بوو هاتبوونە دەرەوە، دەهاتن و دەچوون و بەرەو شوێنی نادیار کەوتبوونە ڕێ، هەمووی نەفسی نەفسی بوو و دەڕۆشتن و ئەوانەی لەناو ئاە و گریان نالە و ئازاردا بەجێ دەمان و منداڵانی شیرەخۆر و بێچووە ئاژەڵانی بەستەزمان و پیرەپیاوانێکی وەک من بوون کە لەوێ بەجێ دەمان.

لە ڕۆژێکی وادا ئەوەی پێویست بوو دوو قاچی نەچەماوە و جەستەیەکی ڕێک بوو، کە بتوانێت وەگەل ئەو حەشاماتە بکەوێت، کە هەڵدەهاتن و حیکمەت و ئەزموون هیچ سوودی نەبوو، چونکە ئەو حیکمەتانە تەنها بۆ ئەو جیهانە دەشیان کە خەریک بوو وێران دەبوو.

برازا! چەند ڕۆژە لە ترسی ئیمکانی ڕۆژێکی وا ئەم مامە پیرەی تۆ نە خەو نە خۆراکم نەماوە، چی بکەم؟ باشە جەستە کە بەجێی هێڵاوم! تا زەینیش بەکەڵک دێت و ئەمیش نەبووەتە پووشی بەر با، خوا بەزەیی پێمدا هاتەوە و فریشتەی زەینی پیرمی لاو کردەوە و بە هانامەوە هات و بۆ لای تۆ باڵی گرتەوە، تا بەڵکو لای تۆ چارەسەرم دەست کەوێت بۆم بخوێنە لەوەی لە لایەن خواکەتەوە بۆت هاتووە، تا ئەم دڵە هەزار پارچە و عەقڵە خورافاوەی مامەت ئارام بگرێت.

موحەمەد لە نیازە نەوتراوەکەی پیرەپیاو گەیشت کە هەنووکە خۆی وا دەنواند بە تاسەوە و بە نیازی قوتاربوون لە بەڵا گەورەکە گوێی بۆ ئەو ڕادێراوە تا ئەوانەش ببیستن کە لە دوورەوە لە هەوڵی زانینی دەرەنجامی کارەکەی پیرەپیاون، نەوەک بیستنی حەقیقەت. خوێندی بە دەنگی پێغەمبەرانەوە لە جیهانی غەیبەوە هات و خوێندی، چ خوێندنێک، بە چێژ و عیشقەوە، نە بە مەبەستی پارە و هێز. هەر ئایەتێکی کە دەیخوێند بە گوتە و کردەی هەموو ئەوانەی دەپێوا کە پێشتر بینیبوونی و گوتە و کردەکانیان ڕەنگدانەوەی باوەڕ و سۆز و ویستەکانیان نەبوو، موحەمەد و خوێندنەوەکەی وەک هیچکام لەوانە نەبوو ئەو بە هەموو باوەڕ و سۆز و ویستیەوە بۆ حەقیقەت و لەپێناو حەقیقەتدا بە هەموو بوونی دەیخوێند ئەو لێرە نەبوو، لە شوێنی دیکە بوو، دەنگی ئەو شوێنەی دیکە بە گوێ پیرەکانی ئەو دەگەشت و دار و دیواری ماڵی خودای پێ دەزرنگایەوە، وێنەی جیهانی دیکەن نا وێنە نەبوون، بەڵکو مەخلووقی

هاندەر و ترسێنەری جیهانی دیکە بوون، کە ئەو ناوەیان تەنیبوو و بە بەرچاوی پیری ئەمەوە دەهاتن و دەچوون! ئەمە چی بوو دەیبیست دەیبینی و تێیدا دەژیا، زەینی فریای کێشانە و پێوانەی نەدەگەیشت. ئەمە نە سیحر بوو نە جادوو نە جنۆکە و نە شێتی بوو، نە فێڵ و خۆسەپاندن و بەدەستهێنانی هێز و پارە، ئەمە حیکمەت و حەقیقەت بوو لەو حیکمەت و حەقیقەتانەی تەنانەت پیرێکی دونیادیدەی وەک ئەمیش بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوەیان ناگرێت. بۆیە چەناگەی لەسەر گۆچانەکەی هەڵبڕی و زاری فریا نەکەوت بێژێتی، بۆیە دەستی ڕاستی بە ئاماژەی کۆتاییپێهێنان ڕاتەکاند و دواتر دەمی کردەوە و هاواری کرد: بەسە... بەسە!

کاتێک موحەمەد لە قورئانخوێندنەکە بووەوە، دیتی شەیتان لە شێوەی (وەلید)ی پیرەپیاودا ڕۆشتووە و دوا هەنگاوی لە جیهانی غەیب و قورئان و بەهەشت و مزگەوت ناوە، خەریکە بۆ جیهانی بت و پیلان و نشێوبوون بۆ چاڵەکانی دۆزەخ ئاودیو دەبێت، هەر لەو جیهانەشدا سەرکردانی بەد پێشوازییان کرد و بە یەک دەنگ وتیان: (ئادەی... ناوی چی لەوە دەنێیت کە بیستت، وەک ئەوە وا بوو بڵێن: چی بوو بە گوێ گەورە و شۆڕەکانتدا بۆ ناو زەینی پیرت تێپەڕی).

(وەلید) هیچ وەڵامی نەدانەوە و بەپەلە گاڵۆکەکەی بە ئەرزەکەدا دەکوتا و بەخێرایی قەرەبالّغییەکەی وەک کەشتی شەپۆلی دەریا لەت بکات دەخستە لاوە و بەخێرایی بەرەو یانەی کۆبوونەوەکان دەبزوا، بە جۆرێک هیچکام لەوان کە هەموویان لەو کەم تەمەنتر بوون فریای نەدەکەوتن.

هەر کە گەیشتە دیوەخانە شاهانەییەکەی گەورانی پلانگێڕ و ناولێنەری موحەمەد، دانیشت و بە جۆرێک هەناسەی پیرانەی هەڵدەمژی کە سینگی بەرز دەبوویەوە و خەریک بوو دڵی لە قەفەزەی سینگیدا بیتە دەرێ و چاوەکانی ئەبڵەق لە شوێنێکی دوور دەیانڕوانی و هەمووان چاوەڕوانیان لێ دا، ئەو نەمردبوو و هەناسەی قورسی دەدا و دەستێکی بە گۆچانەکەی و دەستەکەی دیکەشی بۆ بەرگرتن لە ڕووخانی دیواری جەستەی پیری وەک کۆڵەکە هەڵدابوو، بەڵام هەرچەند دەیاندواند کەچی کاردانەوەی زیندوویەتیی بەوان نیشان نەدەدا.

ئەو لە گێژاوی بڕیارێکی چارەنووسسازدا بوو، بەو ئاخیرەی تەمەنی دەرفەتی جۆرێکی دیکەی ژیانی بۆ ڕەخسابوون، ئەو دەوری پڕ لە هاتوبات بوو، بەڵام تەنها و سەرگەردان لە بیابانی فراوانی شارە پڕ لە باخاتەکانی بەهەشت و چاڵە ئاگرین و دۆزەخییەکانی دۆزەخدا دەهات و دەچوو ئێستا بۆ خۆی دەیتوانی یەکێکیان هەڵبژێرێت، فریشتەی لای بەهەشت دەستیان بۆ ڕایەڵ دەکرد و دەیانوت وەرە، شەیتانیش خەریکی شاردنەوەی گڕی هەڵچووی ناو دۆزەخ بوون لێیەوە دەیگوت: نەکەی ئەوەی عومرێکە لە سامان و پێگە و دەسەڵات کۆت کردۆتەوە لەدەستی بدەی. تۆ بەرگەی ئەو نەفرەت و ئازار و دەردەسەریە ناگریت ئەو مەنجەنیقەی بۆ موحەمەد و یارانی تاویان داوە، ساتێک بیری بەهەشتی دەکردەوە و زەردەخەنە دەیگرت، ساتێکیش ئاگری دۆزەخ چاوەکانی پێ دادەخست و جووڵەی بیلبیلەی ژێر پێڵوی چاوەکانی بەوانی دیی دەگوت، موحەمەد ئەم کابرایەی بۆ چ سەرزەوییەکی ترسناک بردووە.

ئەوان بەردەوام تێیان دەسرەواند و بانگیان دەکرد و دەیانشۆکاندەوە (وەلید) ئەوە چیتە تۆ لە کوێی؟ لەپڕ کابرا هاتەوە دەنگ و بە هەرایەکی گەورەوە وتی: دە لێم گەڕێن! با بیر بکەمەوە، بە دەنگەکەی هەموان ترسان و لێی دوور کەوتنەوە و لەبەرخۆیەوە دەیوت: شیعرە، نا بەخوا شیعر نییە، فێڵ و فوو و تەلیسم و فاڵگرتنەوەیە، نا بەخوا ئەو فاڵگرەوە نییە. نا شێتی و کەفچڕاندن و دەستوەشاندنە، نە بە خوا ئەوەش نییە، کەواتە سیحر و ئەفسوونە و ژن و پیاو و دایک و ڕۆڵە لەیەکتر جوودا دەکاتەوە. لچی هەڵقرچاندن و دەستی بۆ دەمی بێدانی برد و قەپی لە دەستانی گرت و ئەوجا بەتوندی دەستی بەرز کردەوە و داینەواند و قەپی بە قۆڵەکەیدا کرد و هەموان لێیان دەڕوانی لەبەرخۆوە دەیانوت، موحەمەد سیحری لە ژیری عەرەب کردوە و ئەمیشیان هەبوو کەچی تێک چووە. پیرەپیاو بۆ ئەم جیهانە گەڕایەوە و ڕووی کردە هەموان، دیار بوو کە بڕیاری دابوو دواترین هەلی ژیانی لەدەست بدات و و ژیانی دونیای کە بۆ ئەو ئاخر و ئۆخری بوو، بەسەر جیهانی نەبڕاوەی ئەوەی موحەمەد پێشانی دابوو فەزڵ دابوو.

وتی: گوێم لێ گرت.

ئەوەی ئەو دەیگـوت نە شـیعر و نە سـیحر و نە شـێتی و نە فێـڵ و جـادوو پەتگرێدان بـوو. هیچکـام لەوانە نەبـوو، مـن هەمـوو ئەوانە دەناسـم، بەڵکـو ئەوە ئاسمان و خوا بوو. ناشێت هیچکام لەو ناوانەی لێ بنێین. لە مێشکی خۆیدا هەر گەز و پێوانەی دەکرد و خودا بیکوژێت بۆ خۆی و پێوانەی باوەڕی خۆی گرنگ نەبـوو، دەبـوو شـتێک بڵێـت هەمـووان بـاوەڕی پـێ بهێـنن، سـەری سـووڕاند و سـەیری دەوروبەری کرد و چاوەکانی درەوشـانەوە و وتـی: لـێم گەڕێـن بـا بیر بکەمەوە بزانم چ ناوێکی بۆ دەدۆزمەوە.

هەمـووان بێـدەنگ بـوون و بێـدەنگییەکی قـورس کۆبـوونەوەکەی گـرت و پیرەپیـاو خەریکـی کێشـانە و پێـوانە بـوو، دەیهێنـا و دەیبـرد، لە کۆتاییـدا ڕووی دەمی لە وان کرد و گوتی هیچکام لەو شـتانە نییە کە ئێمەی عەرەب بینیومـانن، ئەمە بە تەواوەتـی شـتێکی دیکەیە و ئەوەشـی مـوحەمەد فێر دەکـات بەتەواوەتـی کەسـێکی دیـکەیە، بەڵام نزیکترینیـان لەوەی بە زەینـی کڵـۆڵی ئـێمەی عەرەب و مرۆڤگەلی مەحکووم بە شوێن و کات ئاشناترە ئەوەیە بڵێن جادووە، سـیحرە کە (گـوتەیەکی هێنـاوە جـادووە، جیـاوازی دەخـاتە نێـوان کـوڕ و بـاوک و پیـاو و براکەی و ژن و میرد و مرۆڤ و خێڵەکەی).

لێبگەڕێن با هەمـوو ئەوانەی زەینـی بیرکردنەوەیـان نییە تـا تێفکرێن و چـاوی بینینیـان نیـیە ورد ببـنەوە، خـودا دونیـای بـۆ چاوێـک ڕازانـدۆتەوە کە ببینێـت و دڵیـان نیـیە تێـڕابمێنن و ناشـتوانن گـوێگرێکی بـاش بـن ئەوانەی نابیسـتن بەوانـی ببیستێنن کە ساحیرە و بڕایەوە! ئێستا ئارامیـان گرت و هەمـوو شـتێک نیشـتەوە سـەر ڕەوتـی جـارانی و ئەوانـیش دڵنقـێم بـوون. ئەو قسـەی خـۆی کردبـوو، هەستایەوە و بێ ماڵئاوایی کەوتە ڕێ و لە دەرگای کراوەوە بە فیکەفیکی دەمی تەقەی بە ئەرزدا کوتانی گۆچانی ئاودیو بوو.

لە ڕێگا بە پێ پانەکانی لەنێو مەککەدا هەنگاوی گەورەی دەنـا، دەیویسـت لەو درۆ گەورەیەی لە یـانەکە کـردی دوور بکەوێـتەوە، هەر دەڕۆشـت و درۆ لێـی دوور نەدەکەوتەوە. درۆکە لەناو خۆیدا بوو لە یانەکە نەبوو پێویستی بەوە بـوو باوەڕ بە خۆی بهێنێت ئەوەی وتی درۆ نەبـوو، بەڵام نەیـدەتوانی، شـەیتان فریـای کەوت و لە شـێوەی یەکێـک لەو هاوڕێیـانەی تەمەن کە هەنـووکە زۆر کەمیـان لەناو شاردا بە زیندوویی مابوو و فریاکەوت و دەستخۆشـیی کارەکەی لێ کرد و دەستی خستە ناو دەستیەوە بۆ لای ماڵی ئەم لەو سەری سەرەوە لە گەڕەکی

پیاوماقوولان هەڵگەڕان. ئەو پیر و پەککەوتە بوو نەیدەتوانی تا کۆتایی بابەتەکە بڕوات و بزانێت ئەم درۆیەی ئەمیش تا کوێ بڕ دەکات، لەو کاتەدا پانزە پیاوی گەورەی قورەیش شایی و فوغانی ناونانی موحەمەدیان دەگێڕا و ناوی تازەی (موحەمەدی جادووگەر)یان لە یەکتر پیرۆز دەکرد.

ئەوان نەیانزانی ئەم خۆشی و فوغانە ئەم ناوە درۆزنە تا سەر نابێت، ئەوان لە سەردەمێکی هەڵەدا لەدایک بوون و تەنها کاتی ئەویش کاتێکی زۆر نا چەند سەباحێک و هەڵهاتنی گەش و چالاکانەی کە کاری ڕۆژانەی دەست پێ دەکات و ئێوارەیەکی شەکەتانەی کە هەموو گیانی خوێناوی بووە، شەکەتێک بۆ حەوانەوە و خەو و تیماری برین و خۆسازدان بۆ ڕۆژی دواتر ئاوا دەبێت و درۆکەیان لە هەموو دوورگەی عەرەب و بە گوێی خەڵکدا بڵاوە پێ دەکات.

موحەمەد و یارانی بۆ هەر کوێیەک دەڕۆن وەک سێبەر بە شوێنیانەوەیە وەک شەیتان بە ڕاسەریانەوە باڵەکانی ڕادەوەشێنێت، زمانی لە گوێگرانی موحەمەد دەردەهێنێت و پاشان پەتی هەڵواسراوی ئەوان کورتە و لە ئاسمانەوە دەکەوێتە خوارەوە و لانی کەم بە گوێی عاقڵانی بەشەردا ناگات و پەتەکە دەکەوێتە خوارەوە. لای ئەوان ژیر و حەکیم موحەمەد ناوی ساحیربوونی لێ دەسڕێتەوە و ناوە ڕاستەقینەکەی بۆ دەگەڕێتەوە کە موحەمەدی ڕاستگۆ و ئەمین و پێغەمبەری خودایە. کۆشکی دونیای پایەداری ئەو درزە، ئەوانیش کە بە ناونانەوە بەستراوەتەوە درزێکی گەورەی تێدەکەوێت و بۆ پینەکردنی ئەو قوڕە گەچاویە، فێڵێکی دیکە دەگرنە بەر کە ئەو درزەی پێ پینە ناکەن.

دیوارەکانی کۆشکی ئەوان و درزێک و دووانی دیکەی تێدەبێت، سەرەنجام کۆشکەکە شەقار شەقار دەبێت و دادەڕووخێت، دەڕمێت بەسەریاندا و هەپروون بە هەپروون دەڕووخێت، تەنها موحەمەد بە ساغی کە تەنها هەندێ تۆز لەسەر شانی نیشتووە بەناو جیهانی مردووواندا هەنگاو دەنێت و لە شاری نەبووانەوە بۆ شاری زیندووان هەنگاو دەنێت. بەڵام پێش ئەوەی ئەو داڕمانەی دوای هەزار و چوار سەد و چلوپێنج ساڵ دواتر کە لای ئێمە دیارە، ئەوان هەموو مردن و موحەمەد بەزیندوویی بەردەوام تا ئەمڕۆ دەبێتەوە بە پێغەمبەر، لەم ڕۆمانەدا باس بکەین پێش هێنانی هەنگاوی دواتری پیلانی ئەوان هەندێ لە کورتی بەری درۆی ئەم ناونانەی موحەمەد، ئەوانی بێدین باس دەکەین:

مانگ بە تەنها و بە چاوی کراوە و درشتی خۆیەوە بە نووری شیرئاسا و فێنکی خۆیەوە بینینی دەڕشتە سەر جەستەی لە تاریکیدا ڕاکشاوی ژێر بانی ئاسمان و بیابانی تەختی زەوی، ئەوان جارێکی دیش خەریکی تەگبیری کاری ئەم کابرایە بوون کە ئاگری لە ژیانی ئەوان بەردابوو، بوون و نەبوونیانی سوتاندبوو و بازرگانیی ئەوانی بێڕەونەق کردبوو.

ئەمە قۆناغی دووەمی لیژنەکە بوو، یەکەمیان سزادان و قەتڵوعامی شوێنکەوتووان و دەرکردنیان بوو، قۆناغی دووەم کە هەنووکە دەستی پێ کردبوو ئەوە بوو و بچنە سەر ئایینەکەی موحەمەد و پەشیمان ببنەوە یاخود لەگەڵی ڕێک بکەون.

هەر هەمان ئەو لیژنەیەی بۆ ئەوە دروست بووبوون کە ئەو ئاگرە بکوژێننەوە، لە کۆشکی ئەنجومەن مابوونەوە چاریان ناچار بوو بڕۆن بۆ لای و لەتەکیدا ڕێک بکەون. دوای ئەو بڕیارە هەنووکە ئەوان بێ ورتەیەک لێی دانیشتبوون. بایەک لە دەرەوە خۆی کرد بە ژوورەکەدا و مەشخەڵەکەی کوژانەوە، تەگبیری پێش کوشتنی ئەو بوو کە وەک خۆی دەیوت، نا نەیدەوت بەڵکو دەیکرد و وەک باپیرەی تەوری بە دەستەوە گرتبوو و بتەکانی شکاندبوون، نا... نا... ئەوانی نەشکاندبوو، بەڵکو لە ماناکانیان خاڵیی کردبوونەوە.

وایان دەزانی خێراترین ڕێگا بۆ بێبەهاکردنی کاری هەر پێغەمبەرێک، یەکێک لەم دوو ڕێگایەیە یەکەم: خۆت وا پێشان بدەیت کە ئەوت قەبوولە و پاشان پەشیمان ببیتەوە. دووەمیان: ڕێکەوتنە لەگەڵی، ئەوەی یەکەمیان نەدەکرا، چونکە لەناو شار لە بەرچاوان بوون، هەرچەند لە ژێر زەبری شیر و زێڕدا هەندێک لاواز و بێمروەتیان بەو کارە ناچار کرد، بەڵام ڕێگەی دووەمیان ڕێگەی ماقوول و بەڕێزانەیە ئەگەر موحەمەدیان پێ قایل کرا ئەوە کاری گەورەیان ئەنجام داوە، خۆ ئەگەر نەشکرا ئەوە لە بەهای کارەکەی موحەمەد کەم دەکەنەوە، ئەگەرنا خۆیان بە ژیر و ئاشتیخواز دەخەنە ڕوو.

ئەمە قۆناغی پێش کۆتایی بوو، دەبوو دواخاڵ دابنێن و بچنە سەری لەوێوە ئەو کابرایە لەناو هەموو عەرەب سووک و ڕیسوا بکەن و درۆیەکی وای بۆ هەڵبەستن کە خۆشیان باوەڕ بە درۆبوونی نەکەن، ئەو شەوەی بە حیلەوە

بڕیاری هەڵبژاردنی گفتوگۆیان لەتەک (مـوحەمەد)دا ڕۆژەکـەی هەر هەموویـان بەرەو ماڵی گەورەی قورەیش ئەبوتالیب بەکەیفەوە کەوتنە ڕێ.

ڕۆژێک کە چـرای خـۆر، کـە بە دەسـت دوای ئەوەی پێخەفـی ڕەشـی شـەوی لەسـەر خـۆی لا دابـوو بە پەیـژەی نەدیتـراوی ئاسـماندا چەنـد پـلەیەک سـەر کەوتبوو، دەستی هەڵبڕیبوو و چڕیی خـۆری لە سـەرووی شـاخی نـوورەوە بـۆ دیتنی مەککە ڕاگرتبوو.

مەککەش کە هەنووکە ئەوان بە شادییەوە لەنـاو شـەقامە پانەکـانی هەنگاویـان دەهاوێشت لە نێـو تیشـکی خـۆری هەڵکشـاودا دەدرەوشـایەوە و خانووەکـانی لە ناو بەرگی سپی و قسـڵینی خـۆی دەبریسکانەوە و بـاش دەسـتی بە کـاری خـۆی کردبـوو، نەرم نەرمـێ هەمـوو ئـاڵا ڕەنگاورەنگەکـانی نـاو شـاری دەشـەکاندەوە. ئاڵای تیرەکان کە هەرکامیان ئاڵای بە ڕەنگی تایبەتی خۆیـان هەبـوو، ئـاڵای سـەر مەزار و پەرسـتەگەکان، ئـاڵای سـەربانی ژنـانی بەدخـوو کە بـۆ ڕاکێشـانی موشتەری هەڵدرابوون.

هەرکـام لە پیاومـاقوواڵان لە نەخشـەی بـێ چارەسـەری ئەم جارەیـان لە دژی مـوحەمەد بە جۆرێـک لە ئاکاریـان دەردەکەوت. هەنـدێکیان پەلەیـان بـوو و پێش ئەوانی دی دەکەوتن و لایان بۆ ئەوانی دی وەردەگێڕا و دەیـانوت: دە خێرا کەن درەنگە با بگەین.

هەندێکی دیکەیـان پەڕی تاوسـینی شـین و سـوور و زەردی سـەر مێزەری بە ئـاڵتوون پەراوێزکـراوی خۆیـان بە جـووڵانی جەسـتە و هەنگـاوی پـڕ شـانازی خۆیان زێتر بە دەم باوە دەبزواند، هەندێکیان لەیەکتر نزیک دەبوونەوە و سـەری قسـەیان دادەمەزرانـد و شـوکری خواکانیـان دەکـرد کە بـۆ دواجـار دەردی بـێ دەوای موحەمەدیان لە کـۆڵ دەکردنەوە. یەکێک لەبەرخـۆوە وڕەوری بـوو و لە قۆناغی پاش سەرگرتنی کارەکەیان نەخشەی دادەڕێژا.

هەندێکیان لە زۆری شـەرابی دوێنێ شـەوی هێشتا چاوەکانی بـۆ هەڵنەدەبـڕان و مەستانە هەنگاوی دەنا ئەگەر لەبەر گرنگی ئەو کارە نەبوایە بەم چێشـتنگایە لە خەو هەڵنەدەسـتا، لەتەک ئەمانـدا بـۆ مـاڵی ئەبوتالیـب بکەوێـتە ڕێ. یەکێکیشـیان خاوەن حیکمەت و ژیـری بـوو و قسـەکەری ئەوان بـوو زۆری بـۆ کەللەی خـۆی هێنـابوو و سـەری قسـەی ڕێـک دەخسـت. هەسـتی دەکـرد کـاری ئەم لە کـاری

مـوحەمەد گرانتـر بـوو، ئەو هەر وەک خـۆی بـوو، ئەم بـوو دەگـۆڕا خەریکـی شاردنەوەی حەقیقەتی خۆی و ڕقی لە موحەمەد و خواکەی بوو.

دەبـوو ئێسـتا لە بەردەم ئەو هەمـوو ئەشـراف و پیاومـاقوولّەی مەکـکەدا لە غوروری خۆی بدات و ڕووپامـایی مـوحەمەد بکات. پێکەنین و هاتوبـاتی ئەوانـی دەهـاتەبەر گـوێ، کە لە پشـتیەوە بە جلـی ڕەنگاوڕەنـگ و زێڕینیـانەوە کە بە تیشکی خۆر دەدرەوشانەوە و نەعلە یەمەنیە گرانبەهاکانیان بە زەویدا دەکوتا. چ عەیبی نییە ئەمەی منیش هەر ئەوەی ئەوانە تەنها هەر هێندەیە من باشـتر دەزانـم دەری ببـڕم و ئەوان تەنهـا لە دڵیـانە، مـن بە زار دەری دەبـڕم و ئەوان بە مـل لەقاندن قایل بوونی خۆیانی بۆ دەردەبڕن.

بە هەر شوێنێکی ناو شـاردا تێدەپەڕین عەتـری گرانبەهـای ئەوان هەوای مـاڵە هەژارەکـانی ئەمـبەر و ئەوبەری شـــەقامی دادەگـرت و مـرۆڤە کۆنەپۆشـــەکان لەبەریان دەست بە سینگەوە هەڵدەستانەوە و منداڵان کایەکانی خۆیان ڕادەگرت، بـۆ نـاو سـێبەری دیوارەکـان دەکشـانەوە. پیرەژنـان کە نەیانـدەتوانی بەر دەرگـا بەجێ بهێڵن ڕوخساریان بە دەمی بزواو و بێ ددان و چەناگەی درێژ و چـاوی بچووک و قژی سپی و چڵکنیانەوە کە لە ژێر لەچکەکانیان هـاتبوونەری دەبـڕیە ئەوان. وشـتر و ئەسـپ بە چـاوی بەقوولّاچـوو و مێشـاویی خۆیـانەوە لەمانیـان دەڕوانی. گا و بزنـانی لەڕ و نەخۆش کە هەمـوو کووچە و کۆڵانیان تەنیبوو بە بۆنی پاشەڕۆی گەنیوی خۆیان هەوای ئەو گوزەرەیان بۆندار کردبوو، جەستەی ئێسـکاوی و کەفەڵـی لاوازی خۆیـان لە پشـتی کەڵـلەی قوپـاو و دەموچـاوی دەربۆقیو خۆیان دەشاردەوە.

ئەبوجەهـل کە هەنـووکە پـێش کـۆمەڵەکە کەوتبـوو، بە دەنگێکـی ئـارام و بە تیژیەوە کە پڕ لە ئارامی خۆنوێنانە و تەژی لە دەسـەڵات بـوو بـانگی کـردن: بـا بـــڕۆین! وەک وتبێتـــی ئەگەر لەبەر ناچـــاری نەبـــووایە مـــن ڕێـــم لە شـــوێنی کۆنەپۆشـــان و مـــرۆڤ و ئـــاژەڵی لات و ئێســـکاوی و ســـک قوپـــاوی وەک ئەم گەڕەکانە دەکەوت!

ئەشرافیان بەسەر گردی سـەفادا بە دیـوی گەڕەکە دەوڵەمەندانەکادا هەڵگـژان و بە دیوی شیوی ئەبوتالیبدا نشیو بوونەوە. ئەوان بە نەفسی فیز زلی خۆیانەوە هاتن و هەمووان ورگیان پێشیان کەوتبوو و سەریان هەڵبڕی و قەدیان بە ڕێکی ڕاگرتبوو و بە کلی چاوەوە بۆ خوار خۆیان دەڕوانی.

به مێزەری ئاورشمین و سمێل و ڕیشی چەورکراو و قژە ڕەشەکانیان کە ڕەشتر کرابوون و چەور بە ڕۆنی زەیتوون بریقەیان دەدا، بە پشت و لامل و سەر گوێکانیاندا لە ژێر مێزەرەکەوە دەهاتنە خوارەوە، عەبای عەرەبی کە بە دەستی دەست ڕەنگینان چنرا بوو، لەبەر بوو و بە نیشانەی فەخری دەوڵەمەندانە لە کاتی جووڵەیاندا بەسەر زەویدا دەخشا.

ئەوان ئێستا هاتبوونە ئاستانەی دەرگای ژووری تایبەتی ئەبوتالیب کە ئەگەر ئەم پێغەمبەرایەتیەی نەبووایە دەبووە ژووری موحەمەد و دەبووە گەورەی بەنی هاشم، بە ڕیز لێی دانیشتن و لەبەر ئەو تیشکەی خۆر کە هەوڵی دابوو و سەرکەوتوو بوو لە هەوڵەکەیدا و هاتبوویە ژوورەکە، زنجیری مل و ئەنگوستیلەی گەورەی هەر هەموو پەنجەکانی دەستیان کە هەموویان لە ئاڵتوون بوون دەبریسکانەوە.

سێبەری دوو بەرامبەری هەرکامیان کەوتە سەر لم و یەک لە دوای یەک بۆ ماڵی ئەبوتالیبی گەورەیان کەوتنەڕێ، دەنگی نەعلە دەوڵەمەندانەکەیان و خشەی جبە و عەبا دەوڵەمەندانەکانیان کە بە زەوییەکەدا دەخشا لە ناو هەر کۆڵانێکدا دەچوون تا گەیشتنە ماڵی ئەبوتالیب دەنگی دەدایەوە.

ئەبوتالیبی پیرەپیاو لەبەر دەرکی حەوشەی ماڵی فراوان، بەڵام هەژارانە و ناپۆشتە و پەرداخەکەی بە هەموو هێزی خۆی هەستابوویە سەرپێ و لە سەر قاچەکانی بە هاوکاری گاڵۆکەکەی کە دەستی ڕاستی لەسەر دانابوو، دەستی چەپێشی بۆ سێبەری چاوەکانی ڕاگرتبوو خۆی ڕاگلاند و چاوەڕوانی زۆرینەی گەورانی قورەیش بوو، کە ئەم جارە بە پێچەوانەی جارانی پێشوو بە ناوچاوی مۆن و تاڵەوە نا، بەڵکو بە خەندە و خۆشیەوە کە ناوچاویان بە عارەقی بەرخۆرەکە دبریقایەوە بەرەو ئەوێ دەهاتن.

ئەمیش زۆر دڵخۆش بوو کە پێش ئەوەی کەوانی ڕۆژگار تیری مەرگی بۆ ڕەها بکات و دڵی لەت بکات، دەیبینی گەورانی قەومەکەی و برازاکەی ڕێکدەکەون و بە مەبەستی ڕێکەوتن و گفتوگۆ لەو دوورەوە بە دیارکەوتوون و موحەمەدیش هەمیشە ئامادەبووە وا عاقیبەت ئەمانیش کەوتنە سەر هەوای چارەسەر و بۆ ماڵە گەورە و بە شکۆ و هەژارانەکەی ئەو دێن.

پیاوان لەبەر دەرگا وەستان دەستیان نەگەیشتە ئەڵقەڕێز بە نیازی مۆڵەتی چوونە ژوورەوە چونکە ئەبوتالیب بۆ خۆی و دڵی فراوانیەوە بە زەردەخەنەوە

لە پێشوازیان بوو، هەموو پیاوانی جوان و تازەپۆش لەگەڵ پیرەپیاو دەستیان خستنە ناودەست و هەواڵپرسیان کرد، ئەوانەی پێشەوەی باش بە چاوەکانی بەسەرکردەوە و ئەوانەی دواوەش کە دوورتر بوون بە دەنگیان ناسیەوە، خوڵکی دڵگوشایانەی عەرەب و نەجیبزادەی خۆی کردن و پێشیان کەوت و بە ڕووگەی دیوەخان بە هەنگاوی پیرانە و هێواشی خۆیەوە وەبەریان کەوت.

هەرکە لەوێ دانیشتن و هەواڵی موحەمەدیان پرسی کە هەنووکە دەیانویست گریە و ئازاردانی ئەو کۆتایی پێبهێنن و لەگەڵی ئاشت ببنەوە. ئەوان لەوێ دانیشتبوون کە موحەمەد لە ئاسۆوە دەرکەوت و ناوچاوی وەک خۆر دەدرەوشایەوە، موحەمەدیش پێشانیدا کە بە دیداری ئەوان خۆشحاڵە. دەستەکانی هەڵبڕی لەتەک یەک بەیەکی ئەوان تەوقەی کرد و هاوەڵانیشی کە لەپاش ئەو ڕیز بووبوون کەوتنە خەندەوە.

موحەمەد بە خۆی و سوپای کۆنەپۆشانی شوێنکەوتووی خۆیەوە، وەژوور کەوت و هەر بەو ڕێکیەی هاتە ژوورەوە و لەو لایەی ژوورەکە کە موحەمەدی لێ دانیشت ئەوانیش ویستیان دانیشن. کە زۆرێک لە پیاوماقوولان دەستیان کردە مشتەکۆڵە و بۆ لای دەمی خۆیان برد و دەستیان بە کۆکە کۆک کرد، هەمووان دواجار سەیری گەورەی گفتوگۆکارانی خۆیان کرد، ئەو جارێکی دی قورگی ساف کرد و بە زەردەخەی زۆر لە خۆکەرانەوە ڕووی کردە موحەمەد، بە لاچاویشی لە شوێنکەوتووانی داماوی ڕوانی و وتی: وتتان گفتۆگۆ بکەین، بەڵام بڕیار نەبوو لەتەک ئەم کۆیلە هیچ تێدا بەستەنەبووانە دانیشین.

خەندەی سەر لێوی ئەوان دڕێژەی نەکێشا، چونکە ئەوان مۆڵەتی کۆبوونەوەی خۆیان لەتەک ئەوان نەدا، چونکە ئەوان لە ئاستی ئەمان نەبوون و موحەمەدیش ڕوانێنێکی تووندی گرتە ئەوان و لە نیازی بەدیان تێگەیشت، بەڵام لە هیدایەتیان بێ ئومێد نەبوو.

یارانی موحەمەد ڕوخساری لە برسانا زەرد و قاچ و مل و سینگی خۆر سوتوی ڕەشیان سورهەڵگەڕا و موحەمەدیش لە شەرماندا ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد، بۆ ساتێک حەپەسا و ڕووی لە مامەی پیر و خاوەن ماڵ کرد کە شتێک بڵێت، بەڵام هیچی نەگوت. ویستی هەڵسێتە سەرپێ و لەتەک هاوەڵانی کۆبوونەوەکە بەجێ بهێڵێت کە بێدەنگ لێی دانیشتبوون، زەینی پیری بەڵام وریای فریاکەوت و هاتە ناو قسانی نەوتراوە و داوای لە برازاکەی کرد کە

بەرژەوەندی لەوایە با وابێت کە ئەوان دەڵێن. با پێچەوانەی نەریتی خێڵی گەورەی قورەیش بێت لەتەک میواندا، بەڵام باشترە لەم دۆخەدا چاوی لە ئاستیدا دابخرێت ئەمەش هەر دووربینیە.

ڕوخساری ڕەش هەڵگەڕابوو، لێوەکانی وشک بووبوون و بە شەرمە لە یەکە یەکەی هاوەڵانی ڕوانی و دەستی لە سەرشانیان دانا و پیرۆزی کردن و فەرمانی پێدان کە ژوورەکە بەجێ بهێڵن. کۆنەپۆشانیش چاویان بڕی بووە لێوی سەروەرەکەیان و هەرچی بفەرموایە وەهایان دەکرد.

ئەو سەیری ئەوانی دەکرد و سەری لە بە گاڵتەگرتنەکانی بوونی خوا و ڕۆژی دوایی و شتە گرنگەکانی دیکە لەلایەن ئەوانەوە سوڕدەما، بە زمانی نەوتراو دەیگوت: ئەگەر ژیانی پاشەڕۆژ نەبێت ئەوا هەموو جیدی بوونێکمان لە دەست دەردەچێت.

ئەوان داوای ڕێکەوتنیان لەبارەی ئایین و خودایەکەوە بوو، کە ئایین و خواکەی ئەو نەبوون ئاگای لەو بوو و چاوی دڵی بۆ هەڵدەبڕی و بە زمانی سەر لەتەک ئەوان دەدوا و بە زمانی دڵ لە لای ئەو بوو: وای لە دەستی ئەمانە کە دەربارەی هەموو شتێک دەدوێن، بەڵام لە بارەی تۆوە هیچ نااڵێن!

دەرکەرانی پۆشتە و پەرداخ دەرکراوانی کۆنەپۆش هەر دووکیان پێویستیان بە ئەوی ڕێنیشیاندەر بوو: ئەوان چونکە لە تاریکیدا نەیاندەبینی و پێویستیان بە چرای ڕێ بوو. بۆ ئەمانیش چونکە نووری خۆری خوا هێندە ڕۆشن بوو نەیان دەتوانی یەکسەر سەیری بکەن و پێویستیان بە مانگێک بوو کە نووری تیژی خوایان بۆ ناسک بکات و لێیەوە ببینن.

جیاوازییەکەیان هەر ئەوە بوو، وای لە حاڵی ئەوان چاویان داخستبوو و نەیاندەویست لە تاریکی خۆیان ڕزگار بکەن، بۆ چاوێکیش نەکرابێتەوە چرای ڕۆشنی خواش ژیانی ڕۆشن ناکاتەوە. ئای بۆ حاڵی ئەمانیش کە چاویان کرابوویەوە و دەیان ڕوانیە نووری مانگی ئەو کە نووری خودای دەدایەوە و بووبوونە هاوڕێ و ئەنیسی ئەو بۆیە گەنجی خۆیان دەستکەوتبوو.

ئەوان موحەمەدیان دەبینی و مانگی پێغەمبەریان نەدەبینی بۆیە هێندە بۆ دونیا قاڵ و باڵیان بوو و ئەمانیش موحەمەدیان دەبینی چاویان بڕی بوویە ئەو و عاشقی نووری ئەو بوون، بۆیە ململانێ لای ئەوان نەما بوو، هەر کە مرۆڤ

عاشق بوو ئیدی شەڕ نامێنێت، لەتەک هەموو شت ئاشتی پەیدا دەکات و هێزی دڵی بۆ پەیدا دەبێت، بۆیە ئەوانی شڕۆڵ ترسیان نییە.

مرۆڤیش عاشق نەبوو دەبێتە هەزار پارچە و ترساو، وای ئەمانی بە دەسەڵات چەند ترساو بوون، ترساو لە مرۆڤی بێدەسەڵاتی وەک یارانی ئەم بە جۆرێک بەرگەی دانیشتنیان لەتەک ئەواندا نەدەگرت و بە بیانووی لە ئاستی ئەواندا نەبوون لەتەکیان دادەنیشتن. ئەو هەردوو لای باش دەناسی. ئاخر ئەو پێغەمبەری هەر دوولا بوو، جیاوازییەکە ئەوە بوو ئەوان باوەڕیان پێهێنا بوو و ئارەزووی لەگەڵدا بوونیان دەکرد و ئەوان پشتیان لێ دەکرد.

ئەمان باوەڕیان پێ هێنابوو و جیهانیان بە نووری مانگی ئەو ڕۆشن بوو، ئەمان کە ئەو نوورەیان دەبینی بە چاوی کوێر و نابیناوە بە نەزانی هەنگاویان دەنا و پێیان لە دار و بەرد هەڵدەکەوت و دواجار هەر بەو نەبینینەی خۆیانەوە بەناو چاڵی دۆزەخ نشێو دەبوون، حەفتا پاییز پێیدا دەچوونە خوارەوە دەستیان بۆ شتێک هەڵدەبڕی کە خۆیانی پێوە بگرنەوە کەچی دەستیان بەر دووکەڵ و هەوای بەتاڵ دەکەوت.

ئەمانی سەروەر بە بیبنینی ئەوانی نەدار تووشی هێڵنج دەبوون، هەرچەند ئەوان لەمان ئاگاتر و پاکتر بوون، بەڵام جلەکانی ئەمان تازەتر بوون، ئەوانی قورەیشی بۆ ئەوە دروست بوون کە فەرمانڕوایەتی عەرەب بکەن، هەموو سااڵێک ئەوانی دی کۆڵێک پارە دەهێنن و دەیدەنە دەست ئەمان و چەند خول بە دەوری ماڵی خوا دەسوڕێن و کۆڵێک گوناهیش کە لەسەر کێوی عەرەفات هەڵیدەڕێژن و پارەکانیان بۆ ئەمان و گوناهەکانیان بۆ خوا، ئەم کارە بەم لاتولوتانە ئەنجام نادرێت.

ئەم لە دڵی خۆیدا دەیگوت: بەڵام ئەوان نەیاندەزانی هەر ئەوانەی ئێوە لە خوار خۆتان سەیریان دەکەن ئەوانیش چەکی تایبەتی خۆیان هەیە و شەڕ هەڵدەگیرسێن و بە قریوە قریوەوە هێرش دەبەن و کوشتار و تااڵن دەکەن و قیامەت هەڵدەستێنن و ئاگر لە دار و شار و لادێ بەردەدەن، هەموو ئەو شارانەی لەناو دڵی ئەواندا بوونی هەیە هەمووی ژێر و ژوور دەکەن.

هیچیان نەبوو تەنانەت جلێکی ساغیش کە لەبەری کەن ئەوەی هەیانبوو تەنها خودی خۆیان بوو ئەوان پێوەر لایان ماڵ و سامانی هەبوو بوو، کەچی ئەمان بوونیان هەبوو بۆیە ڕازی نەبوون لەگەڵیان دانیشن.

لە دڵـی خۆیـدا وتـی: ناچـارم، بەڵام سـەرکەوتنی ئەم گفتوگـۆیە ئەوانـی هاوسـەفەری کـاروانی پێغەمـبەرەکەی شـاد دەکـات. کە هەرکـام لەوانـی سـەد بەرامـبەر ئەوان خۆشدەویسـت فەرمـانی شـەرمنانەی خۆیـدا کە بـڕۆن و ئەوێ بەجێ بهێڵن. هاوەڵان هەڵسانەوە بەرەو دەرگای کراوە کە بەر لە ساتێک لێوەی هاتبوونە ژوورەوە لێوەی چوونە دەرەوە و بۆ لە دونیای داخراوی ناو ژوور و لەتەک ئەو نەفرەتینە، بەرەو جیهانی کراوەی بیابان و شاخ و دار و درەخت و ئاژەڵی وەحشی دوور و مرۆڤانی هەژار و ئاژەڵی ماڵی خزمەتگوزاری نزیک بە خۆیان ئاودیو بوون.

نیگایەکی کردە دەرەوەی دەرگا، کە لە دەرەوە یارانی ئازیزی ئەو بوون و لە پشـت ئەوانەوەش مـاڵی خـوا، مـوحەمەد بـێ یـارانی لەتەک دوژمنـانی فێڵبـازدا مـــایەوە کە وەک جـــاران نەبـــوون گوتەکانیـــان نەرم بـــوون زەردەخەنەی ڕوکەشـانەیان بـۆ دەکـرد، بەڵام هـیچ کامیانیـان نەیانـدەوێرا چـاو لە چـاوی مـوحەمەد بنـێن، بـزەی وایـان لەسـەر لێـو پێشـاندا کە ئەو هـیچ کـات بـزەی ناهەمواری وای لای هیچکام لە یارانی نەدی بوو.

هەموویـان خۆیـان لە ئەنـدامێکی خۆیانـدا کـورت کردبـوویەوە، یەکیـان بـێ ئەوەی هـیچ دەنگێکـی لێـوە سـەرهەڵبدات، لێـوە کەرویشـکیەکانی بزوانـد و گۆنـا شۆڕەکانی بۆ بن بەزی بن چاوەکانی هەڵبڕی کە وەک دوگی پشـتی مەڕ شـۆڕ بووبوونەوە.

یەکێکیان دەستی بە ڕیشی ڕەشـیدا دەهێنـا و یەکێکیـان خەریکی سمێڵی بـوو، یەک یەک مووەکانی لێدەکردنەوە و فڕێی دەدان، یەکێکی دیکەیان قـاچی چەپی و پاژنەی قاچی ڕاستی بەوەستاوی ڕاگرتبوو و پەنجەکانی هەڵدەگرت دادەگرتەوە، پێشـەوەی پـێڵاوەکەی بە زەویـیەکەدا دەکێشـا، ئەوی دیـکە ڕیشسـپیان بـوو و هەنـووکە خـۆی بـۆ سـەر گۆچـانی چەنـاگەی ڕیشـاوی داگـرت بـوو و بە زەقـی چاوەکـانی بڕیبـوونە سـینگ و لاملـی مـوحەمەد، بە درێـندە خـوویی دەیڕوانـی و چاوەڕوان بوو بزانێت موحەمەد وەڵامی چییە؟

پیرەپیـاو ئەوسـا لـە مـاڵەکەی ئەو خزمـان وەک مێرووڵە لە هـاتوچۆدا بـوون، بەڵام هەنـووکە لە ترسـی تـۆمەتی پشـتیوانی لە مـوحەمەد کەس نەدەهـاتە مـاڵی، ئێسـتا بە بینینـی مـاقوواڵانی مەککە لەبەر دەرکەی کـۆڵێ بە کەیـف و شـاد بـوو، ڕووی کـردە مـل ئەسـتوورانی شـار وێسـتی خەبەردارێ خـۆی لە هۆکـاری

هاتنەکەیان ڕابگەیەنێت، دڵی بەوە خۆش بوو کە چەندین ساڵە لە مەککە هیچکام لە پیاوانی ماقوڵ و هەژارانیش سەریان بە سەرینەوە نەناوە و لە ترساندا نەخەوتوون.

دەوڵەمەندان لە ترسی لە دەستانی پێگە و بوون و نەبوونیان، هەژارانی شوێنکەوتووش لە ترسی ڕەنج و برسێتی و ئازار کە دەسەڵاتداران بۆیان تاودەدان، هەنووکە بە خۆشحاڵیەوە کۆتایی دەهات. ئەو بۆ چەند ساتێ بۆ چەندین ساڵی پێشتری کێشەی ئاژاوەی قەومی خۆی گەڕابوویەوە هەنووکە بۆ ناو کۆبوونەوە گەڕایەوە. پیرترینیان کە هاوڕێی مامی بوو ئەو گەورەیان نەبوو، بەڵام وەستای قسان بوو و هەر بە دانیشتنەوە توند تەکیەی لە سەر گاڵۆکی خۆیدا و بزەی مانادارى خۆی بەسەر هەموواندا بەخشکرد و وتی : ئادەی ئامۆزا و برازای من بزانم چیت هەیە؟

نوێنەری پیاوانی ماقوڵ خۆی جەم و جۆر کرد، سەری ورچ ئاسای خۆی پێش زمانی وەردەسووڕان و غەبغەبەکەی وەک کەژاوەی سەر پشتی وشتر دەکەوتە جووڵە، بە بزەیی تیرئامێز و چاوانی پڕ لە ئێرەییانەی خۆیەوە لە موحەمەدی دەڕوانی، ئەوجا سکی پڕ لە هەوا کرد و وشەی پیاهەڵدەرانەی لێ دروستدەکردن و هەڵی دەڕشتنە سەر سفرەی وتووێژەوە، هەمووان ئەشهەدوویان بۆ دەکرد و تەنها ئەبوجەهل نەبێت لە کاتێکدا چاوی لەبەر پێی خۆی دانەواندبوو، جار جار لە ماڵ و حاڵی هەژارانەی ئەبوتالیبی دەڕوانی کە لەوێ دانیشتبوو و هیچی نەدەگوت.

موحەمەد لە سەرەتا هیچی نەدەگوت، تەنها گوێی لە پێداهەڵدان و هاتوهاواری ئەوان دەگرت. دڵی موحەمەد دەیزانی ئەوان ڕاست ناکەن، بەڵام مێشکی دەیگوت: لەوانەیە کارەکە سوودی هەبێت، ئەوان بە کۆمەڵ هاتبوونە مەیدان کەچی موحەمەد دەیویست هاوڕێ هەژارەکانی لەتەک خۆی بەرێت، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، ئەوان داواکاری سەرەکی خۆیان لە موحەمەد کرد و لەسەر زاری نەزان، بەڵکو باوکی نەزانینەوە کە بەلای خۆیانەوە بە باوکی ژیری ناوبانگی دەرکرد بوو بێزئامێزانە بەیانکرد:

تۆ خواکەی خۆت زۆر خۆش دەوێت هەتا لە پێناو پەرستنی ئەودا خۆت و یارانت بەرگەی گەزەندەترین ڕەنج و برسێتی و تفت و تاڵیتان گرت، ئەمەشی بە زمانێکی هەڕەشە ئامێزەوە وت: (ئێمەش ئایینی باوباپیران کە خواکانمانن زۆر

خۆش دەوێن و هەر کەس لە دژیان بوەستێت یان بە درۆیان بخاتەوە، ئەوا بەرگری دەکەین و هەموو سزا و ئازارێکی دەدەین) موحەمەد ئەم گوڕەشەیەشی بە کامی دڵ قبوڵ کرد.

وەرە با ڕێکبکەوین و تۆ خواکانی ئێمە بپەرستە و ئێمەش خواکەی تۆ لە هەمان کاتدا دەپەرستین یان ماوەیەک خواکانی ئێمە و ماوەیەکیش خواکەی تۆ دەپەرستین. لای بە لای هاوڕێ زۆرەکانیدا کردەوە و بە زمانی ئەوانەوە ڕایگەیاند: کە ئەوان هاتوون نیازی ڕێکەوتنی خۆیان بەو ڕادەگەیەنن، ئەو یەکێک بوو لەوان، بەڵام بە پشتی ئەوانی دی پێکەوە بوێریان دایە بەرخۆ و لە لێوانی موحەمەدیان ڕوانی تا دوا وتەی خۆی بڵێت.

بە وتنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەیان موحەمەد بە تووڕەییەوە برۆکانی هەڵتەکاند، بەڵام هیچی نەگوت و لە نەزانی ئەو کابرایە سەری سوڕما و پاش بێدەنگیەکی قووڵ و حەسرەت ئامێز لێوەکانی لێککردنەوە (خزمانی من گەورانی خێڵانی قورەیش ئەوە ئێوە چی دەڵێن، یانی خواگەلی درۆزنی خۆتان لەتەک خودای ڕاستەقینە وەک یەک بزانن، ئێوە بە تەمان ئەو دووانە وەک یەک بپەرستڕێن؟).

نا من هەرگیز خوا نەبووەکانی ئێوە ناپەرستم، ئێوەش ئەگەر بێجگە لەو هەر خودایەکی دیکە بپەرستن ئەوا خودای منتان نەپەرستووە، ئاخر خودای من خودایەک نییە لە پەنای خواکانی دیکەدا، بەڵکو هەر ئەو خودایە، نە بە دەستی مرۆڤ تاشراوە (وەک ئەوە وا بوو بێژێت کە ئێوە خواکانتان بە دەستی خۆتان تاشیوە و خولقاندووە. خودای من لە سکی مرۆڤ نەهاتۆتە دەرێ و ناوکیان بڕی بێت و نە سکیشی تۆو و کۆرپەلەی خوا و مرۆڤێکی هەڵگرتووە و لێوەی بێتەدەرێ، وەک ئەوەی وتبێتی ئێوە خواکانتان لە شێوەی خۆتان دەخولقێنن و هەر بە گوێرەی حەز و فامی کاڵی خۆتان تایبەتمەندی مرۆیانەی خۆتان بەو دەبەخشن).

خودای باڵادەستی من دەبێت بە حوزور و سام و هەیبەتەوە لەبەردەمیدا بوەستیت و بە چپەوە نیاز و وشەکانی خۆتی بۆ دەربببڕیت، لە وەسفکردن بە هیچ سیفەتێکی مەخلووق بۆ ئەو خۆت بە دووربگرێت و سکووت و بێدەنگی هەڵببژێریت. ئیدی دەستی بە خوێندنی ئەو ئایەتانە کرد کە باسی پەیوەندی ناوەسفکراوی ئەو و خواکەی دەکەن و هەر بەو وشانەش کە بە دەنگێکی

لەرزیـــو و ســـامداری پێغەمـــبەرانەوە بە جـــۆش و خـــرۆش و بە هەیـــبەتەوە دەیخوێندەوە. ئەوانی لەتەک خۆی بەرەو ئەبەدیەت برد و لەتەک خۆی سـەفەری پێکردن، ئەوانیش بە خۆیان نەبوو لەسـەر پێکانیان هەڵسانەوە شـەق و ڕەق لە پشـتی مـوحەمەدەوە گۆنـا و غەبـغەبە زلەکانیـان وەک سـێوی سـوورهەڵگەڕان، لێوەکانیـان کرانەوە و بەو تەسـبیحەی مـوحەمەد دەیـوتەوە گەرویـان کرایەوە و ئەوانیش دەیان وتەوە و دواجار سـەری لە بەردەم ئەوی نەدیتراو و هەرچیشـی لەنـاو سـەردا بـوو دانـا و ئەوانـیش سـەریان خسـتە سـەر ئەرز و ژوورەکە بە دەنگی سەر خستنە سەر ئەرزی هەمووان دەنگی دایەوە.

بێدەنگیەکی قـوڵ ژوورەکەی داگرت و بێجگە لە هەنسـک و ئـاخ هەڵکێشـانی کافران و چرپەی تەسبیحاتی نیوە کپ و نیـوە بیسـتراوی مـوحەمەد زێتر هیچی دیکەی تێدا نەدەبیسـترا. ئەمە کۆتـا هەوڵـی گفتوگـۆی نێـوان مـوحەمەد و ئەوان بـوو، کە پێشـتر چەند جـاری دیـیش بـێ ئەم لەتەک مـامی و لە بەردەم مامیشـیدا لەتەک ئەمدا دوابوون. لە هەر دوو جاریش بێجگە لە ڕەتکردنەوە و بزەی تەڵخی بێ ئومێد بوون هیچیان دەست نەکەوتبوو.

ئەوە بوو جارێک بە مامیان وتبوو: ئێمە باشترین کوڕی خۆمانت دەدەینێ بۆ خۆت و تۆش موحەمەدمان بدەرێ تا بیکوژین، ئەوجا ژیرترین کـوڕی ژیرتریـنی عەرەب بە پێشـنیازەکەیان قاقـا پێکەنـی بـوو وتبـووی: یـانی مـن کـوڕی خۆمتـان بدەمێ تا بیکوژن و ئێوەش کوڕی خۆتـانم بدەنێ تـا بەخێـوی بکەم!! (ئەوی ژیر داهـاتوویەکی بەناوبـانگی وای بـۆ خـۆی و تیـرەکەی لە برازاکەیـدا دەبینـی کە هەمـوو کـوڕانی عەرەب بەهـای نینـۆکی ئەویـان نەبـوو). ئەو جـارەی دیـیش هاوتەمەنەکانی ئەبوتالیب کە هەنـووکە وەک ئەو دونیایان خواحـافیزی لێکردبـوو و ژیرترەکـانی ئەوان بـوون، هـاتبوونە لای عەبـدولموتەلیب و وتبوویـان: ئەم برازایەی تۆ چی دەوێت؟ تا ئەم مامانەی خۆی بۆی ئەنجام بدەن.

ئەوجـا مـوحەمەد بە وەحشـەت و سەرسـوڕمانەوە لە تێگەیشـتنی پیـاوانی قورەیشی ڕوانی بـوو، تەنانەت لە بانگهێشـتەکەی مامەشـی بیری کردبـوویەوە و عارەقەی سـارد نیشـتبوویە هەمـوو گیانی، لە ڕووی نائومێدیەوە بەوانی وتبـوو: (مـامە گیـان وەڵـلا ئەگەر مانـگ بەو نـووڕە سـپی و جـوانەی خـۆیەوە کاتێـک کە هەڵـدێت هەمـوو دونیـای پـێ چەور دەکـاتەوە شـاخ و دەریـا و بیابـان دەخـاتە خەندەوە، بخەنە ژێر باڵی ڕاستم و خۆریش ئەو چـرا هەرگیـز نەکوژاوەی خـودا

که هەر ڕۆژ لە ســەری بــوونەوە دەســت بە ســەفەر دەکــات و ئێــوارەش لەو ســەرەوە تــا ئــاودیو بــوون لە بەخشندەیی خــۆی ناوەســتێت و تیشکی خوێنــاوی خۆی بــۆ ئاسمان زەوی دەنێرێت بــخەنە ژێر بــاڵی چەپمەوە مــن واز لەم کــارەم نــاهێنم) بەمە بەوانــی وتبــوو: بــزانن چەنــد شــتی زۆر هەیە و ئێــوە هەتــانە و دەتانەوێت، بەڵام من نامەوێت.

جا یان ئەوەتا لە پێناویدا دەمرم (بە باسی مەرگی ئەوی ئازیز، مامەی ڕەنگی دەموچــاوی زەرد هەڵگەڕا) یــان خــودا ســەرم دەخــات (بە باســی ســەرکەوتنیش ئــاڵای شــەکاوەی مــوحەمەد و ناوبــانگی خێڵــی ئەوان بووبــوونە بــزە و لە ســەر لێوی ئەو نەخشا، ئەوجا بە ڕووکردنە موحەمەد وتی: (برۆ برازاکەم چــی دەکەی بــیکە، چــونکە مــن قەت پشــتت بەر نــادەم) وەڵامــی ناڕاســتەوخۆی ئەوان بــوو، نەیانتوانی بوو بە وتنی شتێک لێوەکانیان هەڵبێنن و ماڵی ئەبوتالیبیان بەجێ هێڵا بوو، ئەبوتالیب بە دڵخۆشی نەشارداوەی خۆی بــۆ بوێری برازاکەی بە کەیفەوە ئەوانــی تــا بەردەرگــا ڕایــی کــرد، مــانگی بە ئاسمانەوە لە شــێوەی کــاملی خــۆی دیتبوو کاتێک بۆ ژوورەوە وەرگەڕابوو، دەموچاوی موحەمەدی بینی کە بە جێی مەشــخەڵە بە دەســت بــراوەکەی ئەو کە ڕۆشــنتر دیــار بــوو هەمــوو ژوورەکەی غەرقی نوور کردبوو.

مــوحەمەد ڕووی کردە ئەوان و دەســتەکانی هەڵبڕی و بە دەنگی دەردەوی و حەســرەتی خــۆی بــۆ ئەوان بە نائومێــدیەوە وەڵامــی دانەوە بــۆ چەنــد ســاتێک نغرۆی کۆمەڵێ وشــە بــوو: (نەخێر خزمــانی مــن ئەگەر ئــاوا خــوا بپەرستن، ئەوا هەرگیــز ئەوتــان نەپەرســتووە و ڕێــز خــودایەتی ئەوتــان نەگرتــووە) دواتــر لەرزەیەکی ســەیر لە دەنگی دروســت بــوو و بە شــێوەیەک کە هەر ئەو تــوانی بیڵــێ و کەس نەیتــوانی بێژێتی (ئەوتــان خۆشنەویستووە). ئەو چاوەکــانی بــڕیە ئەوان کە بــێجگە لە جەســتەیەکی بێگیــان لەوێ نەمــابوون و بــۆ ســاتێک لەوانــی ڕوانی کە لەوێ وەستا بوون. مەودای بیرکردنەوەی بەوان دا تــا بیر لە ڕزگــاری خۆیان بکەنەوە.

هەنــووکە گــروپەکە لە زەویــیەکە پشــتیان ڕاســت کردبــوویەوە و لە شــوێنی خۆیان مابوونەوە، لە موحەمەدیان دەڕوانی ئەو دیار نەبــوو ئەوەی هەبــوو تەنها دوو چــاوی عەرەبیــانەی جــوان بــوون کە داهــاتووی ئەوانــی دەدایەوە و ســاتێک میهر و ساتێک ئاگر بــوون، هێشــتا وەحشــەتی ئەو دۆخەی تێی کەوتبــوون بەری

نەدابووون، کە ئەوان بۆچی هاتبوون و تووشی چی بوون! بە هەراسانیەوە لە یەکتریان ڕوانی، ئاوا بڕوا دەبێت ئەوان بچنە سەر دینەکەی موحەمەد و خواکەی ئەو بپەرستن.

قسەی دڵی هەموویانی خستە سەر زاری باوکی نەزانی: (نا ئێمە شتی وا ناکەین) هەر ئەوەیە کە وتمان: (خواکانی ئێمە و خواکەی تۆ بە یەکەوە). کابرا بە چاوەکانی لە پێش زاریەوە درێژەی دایێ: (بەو شێوەیە هەر دوو لامان لە خواپەرستی یەکتر هاوبەش دەبین) چاوێکی بڕیە هاوڕێکانی و بازگۆی کرد: (ئەگەر ئەوەی تۆ دەیپەرستیت خێری تێدا بێت پشکێکمان بەردەکەوێت، ئەگەر ئەوەی ئێمەش خێری تێدا بێت تۆش پشکێکت بەردەکەوێت).

دڵی موحەمەد بە تیری ئەم گوتەیان خوێناوی بوو و سینگی گوشرا. خودایە چی بکات زێدەکەی ئەو ئاوا و گەورەکانی ئەمانەن کە دوای بینینی حقیقەت ئاوا پشت لە ڕاستی دەکەن! بەبێ ئومێدیەوە بەوانی وت: بڕۆن نەمن ئەوە دەپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن (ئەوەی کە ئێوە دەیپەرستن، ئەوە نییە تا بپەرستڕێت) نە ئێوەش ئەوە دەپەرستن کە من دەیپەرستم (کە چەند ساتێک لەوەو بەر ڕوخساری نەدیتراوی خۆی پێشان دابوون.

ئەوانیش سەریان بۆ زەوی لەبەردەمیدا ڕاخستبوو و هەر بڕیاری ئیمانهێنانی خۆیان پێویست بوو تا هەموو خراپەکانیان بۆ چاکە وەرگەڕێت و باڵیان لێبڕوێت، لە دەرگای تۆبەوە بۆ ئاسمانی غەیب عوروج بکەن و ئەوا ئێستا جارێکی دی بە پەتی بەرژەوەندی هەوەسی خۆیان بە زەویەوە گیر دابوو، هەنووکە نکوڵی کەسێکیان دەکرد کە لەو سەری سەرەوە بۆ ئەوانی دەڕوانی حەقی خودایەتی ئەویان پێشێل دەکرد.

وای خودایە لە سەمەرەیی ئەم ئاژەڵە دوو پێیە کە دەتوانێت بگاتە کوێ و کەچی هەر لە خۆی دەترسێت، لەبری ئەوەی بۆ ئاسمان بڕوانێت هەر لە چێڕ و خۆشی کەم تەمەنەکانی ئێرە دەگەڕێت، بە چاوی فرمێسکاویەوە دەستی بۆ لای دەرگا هەڵبڕی و بە نیشانەی فەرمانی پاشای نیشانی بەواندا کە بڕۆن. ئەوان خۆیان بە خاوەن دەسەڵات دەزانی و گەورانی شار بوون، هیچیان پێ ئەنجام نەدرا هەر هێندە نەبێت بە خامۆشی بۆ ئەویان ڕوانی و بە شوێن یەکدا ملی ڕێیان گرتەبەر و خۆریش لەودیو دەرگاکەوە بە هەموو گڕی خۆیەوە بەسەر سەریانەوە بە تووڕەییەوە وەستا، زەوی لە حەسرەتی گەرمای خۆی نەیدەزانی

چی بکاتظ و هەر داد و بێدادی بوو. ئەو کاتەی گفتوگۆ کۆتایی هاتبوو و ئەوان هەڵسابوونەوە سەر پێکانیان و چاوی هەڕەشە ئامێزی خۆیان دەبڕیە موحەمەد، لە سەرەتاوە زۆر بە ئارامییەوە هاتن کەچی ئێستا لە بەردەم ئەو پیاوە پیرۆزەدا کردیانە هەرا و زەنایەک کە سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسی. ئەو لەناو ئەو هەموو سەر و سەدایەدا کە گوێی نەدەدایێ، گوێی لە دەنگی عەبدوللا بوو کە بە "یا ڕسول الله" لەبەر دەرگا بوو و بانگی دەکرد.

ئەو بۆ لای ئەو هەڵسا، بەڵام گروپەکە بە بۆڵە بۆڵ بەر ئەم کەوتن و بەرەو دەرگا ڕۆشتن هەر کە نابینا کۆنەپۆشەکەیان لەبەر دەرگا بینی هەموویان سەریان هەڵبڕی و بۆ ئەولایان وەرچەرخاند و لە پێشدا لچ و لێویان هەڵقرچان، پاشان بە خەباسەتەوە دەمیان دابەشکرد و وتیان: هم.. هەر لەبەر ئەم شەل و کوێرانەیە موحەمەد پشتی لە کەسوکاری کردووە.

ئەوان ڕۆشتن و بۆ ساتێک بیری لە خزمانی خراپی خۆی کردەوە، ئەو نەیتوانی دان بە ئاییینی ئەوان بنێت، چونکە ناحەقی بوو، بەڵام ئەوانی وەک خۆیان قەبوولْ بوو و دوا وشەی بریتی بوو لەوەی کە (ئاییینی خۆتان بۆ خۆتان)، بەڵام ئەوە ئەوان بوون ئەمیان وەک خۆی قەبوولْ نەبوو و تەنها بەو شێوەیان دەویست کە دەیانویست وابێت (ئاییینی خۆم بۆ خۆم) و بۆ ئەمەش پلانی دواتر و ئازاری زۆرتریان بۆ ئامادە دەکرد.

بۆ ساتێک چاوی بڕیە مالّەکەی خودا و لە دڵی خۆیدا بە خودای ئیبراهیمی وت: خودای خۆی و هەموو پێغەمبەرانیش بوو و ڕوو بە ئەو چاوەکانی داخست، خودایە چۆن لەگەڵ ئەو دیوە ڕووبەڕوو ببمەوە؟

ئەوجا گوێی لە دەنگی عەبدوللا بوو، کە بانگی دەکرد (ئەی پێغەمبەری خوا پرسیارم هەیە). وای خودایە چی بە خۆی کرد، بیری کەوتەوە لەکاتی گفتوگۆکەدا لەتەک ئەوانی بێدین ئەمی پشتگوێ خستبوو، ئەو دەیویست کاری گەورە ئەنجام بدات، ئەگەر توانیبای ئەوان باوەڕ پێ بهێنێت، ئەوا هەموو عەرەب، بەڵکو هەموو دونیا شوێنی دەکەوتن.

ئەو دەمە بانگ کردنی ئەوی نەدەبیست (ڕۆحم بە قوربانت بێت ئەی پێغەمبەر)، بەڵکو ناوچاوی پێکەوە نابوو و پشتی هەڵکردبوو و ئەوی لەبیری کردبوو، ئەو چاوی نابینا و بە گاڵۆکی دەستیەوە تەقە تەق بەسەر چەند شتدا کەوتبوو و بەسەر گردی سەفادا سەرکەوتبوو بانگی ئەمی دەکرد، ڕێی جادەی

بۆ ئەم دوورودرێژ و بۆ خەڵکی کورتی بۆ لای سەروەرەکەی گرتبوویەبەر، لەم و ئەو هەواڵی دەپرسی کەسیان هێندە خۆشیان نەدەویست تا بیان بینیایە، بینین بینینی چاوی دڵە و دڵیش پەیوەندیی بە خۆشەویستیەوە هەیە، خۆ ئەگەر بە چاوی سەریش بیاندیایە خۆ بەمیان نەدەگوت.

ئەو هات بوو پرسیاری گەورەی هەبوو، هێندە گەورە بە قەد ڕۆحی. هەموو بوونی ئاوساندبوو و کەللەی بەسەریەوە نەبوو، بەڵکو بە کۆڵیەوە بوو و پشتی پێی چەمابوویەوە لە سەروەرەکەی دەگەڕا، تا ئەو کە لە گەورەیە لە کۆڵی بکاتەوە و کۆلی سوک بکات، بەڵام ئەم کۆڵی قورسی نەدیتراوی ئەوی لەبیرکرد بوو. ئەم پێشتر یارانی وەدەرنابوو، باشتر بوو کە وا نیشان بدات کە نە ئەو و نە هیچ کەس لە وانەی ناو ژوور دەنگی ئەویان نەبیستووە. ئەوانی گەورە کە گوێ خۆ بە زلزانەکانیان گوتەی هەژارێکی وەک ئەویان نەدەبیست و ئەمیش دڵی لای بوو، بەڵام پشتی تێکردبوو و بۆ هاوەڵانی جێهێشتبوو تا تەگبیری بکەن.

یارانی هەژاریش گوێیان بە دەرگاوە نابوو، لە درزی دەرگای تەختەبینەوە دەیان ڕوانیە ئەودیو کە هەمووان تووندتر لەسەر مەرجی ڕێکەوتنی خۆیان پێداگریان کرد. ئەوان هەموویان لەلایەک و موحەمەدیش لە لایەکی دی کە ئەوان دەنگیان هەڵدەبڕی و ئەویش بە ئارامی وەڵامی دەدانەوە، دەنگی ئەوان لەودیو دەرگاکەوە بە یارانی موحەمەد دەگەیشت کە دەیان نەڕاند، چونکە ئەوان ڕازی نەبوون لە ژوورەوە لەتەک ئەوان دابنیشن، سەروەرەکەیان لەو کارە گرانەی قایلی کردن کە هاوکاری بکەن و ئەو بە تەنها بۆ ئەوانی دڵڕەق بەجێ نەهێڵن.

هەر لەم کاتەدا بوو عەبدوللا بە دەستێکی ڕایەڵکراو و دەستەکەی دیشی لە زەوی دەئەژوان و سەری بەلای شانیدا وەرگەڕاند بوو، هەوڵی بێ ئەنجامی بینینی بە گوێکانی دەدا و هەنگاوی دەنا و بەردەوام هەواڵپرسی سەروەرەکەی دەکرد، هەواڵی زۆری پرسی بوو تا لای ئەمان لەبەر دەرگای ئەبوتالیب گەیشت بوو. بۆ لای پێغەمبەر و بازرگانانی بێدین وەڕێدەکەوت و یاران ڕێیان لەو گرتبوو، نەیاندەهێشت بە خۆشەویستەکەی بگات و لەو کاتەوە هەر ناوی ئەوی لەسەر زاربوو.

بانگی دەکرد: ئەی پێغەمبەری خوا منم عەبدوللا. من کەسم نیە ئەی پێغەمبەر تەنها تۆ بووی بە کەسم، تەنها هەر تۆ بووی دەستت گرتم ئەی ئێستا

بۆ وەڵامم نادەیتەوە، تۆ لە کوێی خۆشەویستم. یاران دەیانویست بەری لێبگرن و دڵیان بۆی دەسوتا. ئاخر ئەوان ئەمانیان وەدەر نابوو و ئەویش لەتەک ئەوانی بۆ ئەمانی بکوژ و ببڕ و ئازاردەر دانیشتبوو. ئەوان دەیانزانی پێغەمبەر بە چ ئازارێکەوە لەتەک ئەوان دەدوێت.

بانگی پێغەمبەری دەکرد و هەر چەند لە ناوەوە بۆ وەڵامدانەوەی دەسوتا، بەڵام وای پێشان دەدا کە نابیستێت، بەڵام کێ دەتوانێت ئەو نابینا بەتاسەیە بۆ بەهەشت، لە گەڕان بە شوێن "موحەمەد"دا ڕابگرێت! بۆیە هەر دووبارەی دەکردەوە پێغەمبەری خوا لە کوێیە؟ یا ڕەسولەڵا... کەسێک وەڵامم بداتەوە، عەساکەی وەبەر خۆی نابوو و بە شوێن ڕێدا دەگەڕا و موحەمەدی لێ ون بووبوو دەیویست بیدۆزێتەوە، کاتێک گەیشتە شوێنەکە موحەمەد لەتەک کافرانی بێدین لە گەرمەی هاتوبات بوو.

ئەوان دەکەوتنەڕێ تا لەگەڵی سەودا بکەن، ئەویش سەودای ناچاری، نەیانتوانی بە هەموو کوشت و کوشتار و ئەو هەموو ڕێگەی ڕووبەڕوو بوونەوەیە ڕێی لێبگرن، هاتبوون لەگەڵیدا ڕێک بکەون. بە ترازووی قازانج و زەرەر ئەگەر هەموو دەست نەکەوێت، ئەوا هەمووی لە دەست مەدە و ئەگەر هەر لە زیاندا بووی هەوڵ بدە بە کەمترین لێی دەربچی. ئەوەی لەناوەوە دەگوزەرێت هەر ئەوەش دەدرێتە دەرەوە.

وا دیار بوو پێغەمبەریش ئەزموونە کۆنەکانی بازرگانی وەبیر هاتبوویەوە، لەتەکیان لە گەرمەی مامەڵەدا دەیویست بە قازانجی پێغەمبەرایەتیەکەی و دواکەوتووانی، کە هەنووکە هیچیان نەبوو مامەڵەی پێوە بکەن تەنها خودی خۆیان نەبێت، ئەو مامەڵەیەش نرخەکەی زۆر گران دەکەوت.

ئەو دەیویست ئەوان تێ بگەیەنێت کە ئەوەی ئەم هێناویەتی لەو بابەتانەیە ناتوانیت لەتی بکەیت یان وەری دەگریت یان ڕەتی دەکەیتەوە، بەڵام ئەوان بە عەقڵی حسابگەڕی خۆیانەوە داوایان دەکرد کە لە مەرجەکانی بێتە خوارەوە، تا مامەڵەکەیان ڕێک بکەوێت. ئەوان داواکاریان بوو و هەموو بوونیان لەناو داواکانیاندا ئامادەبوو، موحەمەدیش گوێی لە عەبدوللا بوو کە بانگی دەکرد.

خۆرەتاو خەریک بوو سەری لەسەر شاخەکەی ئەوبەر نزیک دەکردەوە سێبەری گەورەی شاخ (شیوی ئەبوتالیب)ی دەخستە ژێر هەیمەنەی خۆیەوە کە گفتوگۆ کۆتایی هات، تا ئێوارە هەر لە قسە و گفتوگۆدا بوونـ لەو سەرەوەش

خۆر لەو داوا هەلەق و مەلەق و بێ حیکمەتانەی گەورانی قورەیش و ئەوان لە ژوورەوە خۆی خوێناوی کردبوو، دەیویست سەری خۆی هەڵبگرێت و بڕوات. موحەمەد و یارانی ئەو برین و خوێن و غەمەی ئەویان دەدی، بەڵام ئەوانی بێدین تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەش بان نەیان دەبینی.

ئاخر بینینی نیشانەی وەدەرکەوتووی ناو دونیا مرۆڤی ئاگا و بینای دەوێت، ئەوان هەرگیز نەیاندەتوانی ئەو جوانیە بە سامەی خلۆربوونەوەی وەک گوڵ سوری خۆر بەرەو ڕۆژئاوا نابینن کە پێش ئاودیو بوون لە چیاکان بە چاوی پڕ لە خوێنەوە کە لە بەرەی یاخی و بێئاگای مرۆڤ دەڕوانێت، ببینن.

ئەوەش پەندی تەنها یەکێ لەو هەزاران ئایەتە بوو کە کتێبەکەی موحەمەد باسی دەکردن، (ئای چەند ئایەت هەن کە ئەوان بەلایاندا تێدەپەڕن و لێیان بێ ئاگان)، بەڵام دیسان ئەوان ئەم ئایەتە و موحەمەدیان نەدەبینی. دەیزانی ئەو لەتەک ئەمانەدا بە ئاشتی ناگات، سێبەری گەورەی بێ ئیمانی لەسەر ئەوان بینی. تەواوی ژوور بێدەنگ بوو دەنگی هەناسەی لێوە نەدەهات.

ئەو هەموو پیاوەی لەم شارەدا خواپەرستیان دەکرد هەر لە ئیبراهیمی باوەگەورە تا ئیسماعیل و تا باپیرەی تەواوی ئەوان لە دەوری ماڵی خوا حوزوریان هەبوو، یەک یەک لەبەر چاوی دەهاتنە ژوورەوە ئەمان جێگەی ئەوانیان گرتبوویەوە. ئەوان بۆچی باوەڕیان پێنەهێنا، ئەوان نەیانتوانی وشەکانی ببیستن تەنها گوێیان لە ئاوازی سامناک و بە چێژی خوێندنەکەی بوون.

ئەوانە تێنەدەگەیشتن یاخود نەیاندەویست تێبگەن، ئەوان مەبەستیان گەیشتن بە حەقیقەت نەبوو، بەڵکو ئەمە داوێک بوو دەیانویست ئەم بخەنە ناوێوە، هەنووکە خۆیان کەوتبوونە ناو داوی خۆیانەوە، موحەمەد زەردەخەنەی کرد عەبدوللاڵی نابینا زەردەخەنەی سەندەوە، موحەمەد خەندەی ئەوەی هاتێ کە بیری کردەوە کاتێک ئەوان وەڵامی موحەمەدیان بیست چۆنن.

ئەوانی بینا بەلای زۆر ئایەتدا تێدەپەڕین و لایان بەلایدا نەدەکردەوە، لەوانەیە باسەکە هەڵسانی قیامەت بێت ئەو کاتەی بە هەزاران مردوو بەردی سەر گۆڕەکانیان هەڵدەدەنەوە و کرمەکان لەسەروو ملیان لا دەبەن، لە تەپوتۆزی خاک و لە سەروملیان دەتەکێنن و کەس لەو حاڵە وەحشەت ناکات، چونکە کەس لەوێ نیە تا وەحشەت بکات، بەڵام ئەو خۆی قیامەتی لەناو شارەکەیان و

هەناوی هەموو خەڵکی بیابان و لەوانەشە لە داهاتوودا لە هەموو جیهان بەرپا دەکات.

دەشتی کاکی بە کاکی قیامەت هاتە بەرچاوی کە هیچ گیاندارێکی تێدا نییە و لە پڕ بایەک هەڵدەکات و گەواڵە هەورەکان لەتەک خۆی دەهێنێت و پاشان باران بەسەر دەشتی لماوی بێدار و درەختدا دەباڕێت.

هەزاران مردوو لە شێوەی ڕووەکی پاقلە دێنەدەرێ، جا لەبەر خۆردا وشک دەبنە و ئێسقانیان ڕەق دەبێت و لەشیان لە نۆژەن و سەر لەنوێ دروستدەبێتەوە. لەو ڕۆژەدا ئەوان لە خۆیان دەپرسن ئەوە هەمان ئەو پیاوە بە هەیبەت و دەسەڵاتدارانەی قورەیشن کە وایان لێهاتووە.

مرۆڤ دەبێت لانی کەم قیامەتێک لە خۆیدا بەرپا بکات، قیامەتێک لەناو خۆدا هەر ئەو قیامەتەی وەهۆش خۆی دەهێنێت و هەر چرکە و هەر ئانێک ئەو قیامەتە دەبینێت کە لەو بوونەدا ڕوو دەدات و هەموو شتێک لە تێداچوونداید یاخود بەرەو تێداچوون دەڕوات.

ئەوەی ئەم قیامەتەی بوو بێت ئیدی لە قیامەتی گەورە و ترسەکانی وەحشەت نایباتەوە هەر ئەوانە لە قیامەت دەترسن کە پێشتر قیامەتی ناوەوەی خۆیان نەدیت بێت، ئەوەی قیامەت دەبینێت ئەو هەیبەت و سەروەت و سامانەکەی نەماوە و لە جێی ئەو تەنها جەستەی ڕووت و خۆڵاوی و کرم خواردووی هەیە کە دەستەکانی لەناو هەردوو ڕانی دادەنێت تا گەڵای درەختێک یان پارچە قوماشێکی نەبووی دەستکەوێت و بە جلی خۆی بکات.

هەنووکە موحەمەد چاوی بڕیبوویە ئاسمان و لە مانگی دەڕوانی کە زەوی و ئاسمانی پڕ لە نووری وەک شیر و ئاسمانیشی بە قوماشی ڕەنگی تێکەڵ بە شین و ڕەش داپۆشی بوو. هەموو ڕووداوە گەورەکانی قیامەتی هاتە بەرچاو لە دڵی خۆیدا گوتی حەیف ئەم گەردوونە بە نەزم و جوانیە هەمووی تێک دەچێت، دواتر بەخۆی وت حەیفی ناوێت، چونکە ئەگەر خوا کە ئەو نەزمی ئەم بوونە تێکدەدا بە نەزم و ڕێکوپێکیەکی نایابتر خەلقی دەکاتەوە.

هەر وەک هەموو شتێک بۆ ئەوەی بۆ بوونێکی باشتر بێتەوە مەیدان پێویستە بمرێت و ئەو بوونەی پێشتری بەجێ بهێڵێت. ڕێک وەک چۆن تۆوەکان دەکرێنە ناو خاکەوە و هیچ نیشانەیەکی ژیانیان لەسەر زەوی بۆ دیار نامێنێت، تا ئەوەی بەهار چەکەرە دەکەن و تۆوی مردوو سەردەردێنن و ژیانی نوێیان دەخولقێت،

هەر وەک چۆن منداڵ لە جیهانی بچووکی ناو سکی دایکی دەمرێت تا لێرە ژیانی فراوانتر دەست پێبکات. هەرواش ژیان لێرە کۆتایی دێت تا لەو دیو ژیانی جوانتر و مەزنتر درووست بێتەوە.

مەرگ و قیامەت تەنها مەرگی تۆقیوی ئەو بێدینانە نیە کە بوێری بیر لێکرنەوەیانی نیە، دەبێت مەرگی ئەوانی دیکەش ببینی کە درگای چوون بۆ بەهەشت و جیهان بەختەوەری نەبڕاوەیە، بەڵام ئەمەش بە وێنەی قیامەت تەنها بۆ ئەو کەسەیە کە پێشتر مەرگی ئەزموون کردبێت.

مەرگ پچڕاندنی هەموو زنجیرەکانە کە بە دونیایانەوە دەبەستێت، ئیدی ئامادەی فڕین دەبێت، بەڵام ئەوەی ئەم مەرگەی نەکردبێت ئیدی ئەو مەرگەش بە کۆتایی دەبینێت، کەواتە دواجار مەرگی ئەوێ ئاوێنەی ژیانی ئێرەیە و ئەوەی لەو مەرگە بترسێت پێشتر ترساوە.

لە بیری داوای نەشیاوی ئەواندا ساتێک لەرز گرتی و عارەقە بە ناوچاویدا هاتە خوارەوە، ئەو داوایەی ئەوان بە جێگەی نکوڵی کردن بوو لە پەیامەکەی و لە تاکانەیی خودا، کە ئەو زۆر بە قووڵی و ئارامی ماناکەی چەشت بوو و ژیانی لەسەر ڕێکخستبوو.

لە مەرگ ڕاما کە لەم بوونە خولقاوەدا لەو مەزنتر و حاڵی لەو تەنهاتر بۆ هەر مرۆڤێک بوونی نییە کە تەنهایە و تەنها، لە مرۆڤبوونی مرۆڤەکان وردبۆوە: هەموشیان توانای ڕزگاربوونیان هەیە و لەوێ هیچ کەس کۆڵی هیچ کەس هەڵناگرێت و یەکسانی و عەدالەت و ڕیبا و ڕیا کە ئەوان لە ڕێگەیانەوە ستەمیان لەوانیدی دەکرد، لە غرور کە ئامرازی دەستی دیلێتی و ڕێگری لە ئازادی مرۆڤ بوو.

قەبووڵی ئەوەی ئەوان مانای ئەوە بوو ئەم چووبوویە ناو دینەکەی ئەوان، خودای تاقانە تەنها یەکێک بوو لە پەنا بتەکانی ئەواندا نە خودای تاک و تەنها و بێ شەریک، ئەمەی ئەوان دەیانوت سەری نەگرت و عەبدوللا نەیدی کە موحەمەد بۆ قەومەکەی بۆ مرۆڤایەتی بۆ هاوڕێکانی بۆ وێرانەیی دونیا گریا.

ئەو لەوە دڵنیابوو ئەوان تیادەچن، هەرواش بوو چونکە ئەو گوتەی ڕاستەقینەی بۆ هاتبوو، هەر ئەو گوتانەی لە داهاتوودا دەبوونە کردار و هەموو ئەوانی بە مردوویی دیتبوو، بە زانینی ئەو حەقیقەتەش هەموو گیانی لەرزی هاواریکی دڵتەزێن و خەماوی ڕازی بە فەرمانی ئەو هاواری کرد خودایە

خـودایه. ئەو میحـنەت کێشـانە دەپـارایەوە: خـودایە ئەگەر ئەمـانیش نەبـن ئەوا نەوەکانیـان، هەمـوو شـوێنکەوتووانم و کـۆی نەوەی ئـادەم بەزەییت بە ئـێمەی لاواز و هەژاردا بێـتەوە. دەنگـی خـۆی لە نـاو خۆیـدا گـوێ لێبـوو لە میحرابـی قوولّترین جێگەی ناو دڵیدا دەنگی دەدایەوە چوو بوو لێی دوور کەوتبوویەوە، لە سـاتێکدا بە دەنگی عەبـدوللّا: ئەی پێغەمبەری خـودا ئەی هەمـوو کەسـی مـن، بـۆ ئێرە گەڕایەوە.

ئێسـتا کە ئێـوارە هـاتبوو وتـوێژ ئەنجـامی نەبـوو، ئەوانـی جـواب کردبـوو و یارانی لەپشت دەرگاوە چاوەڕێیان دەکرد، هەنـووکە دەنگی عەبـدوللّای دەبیسـت، ئەوە گـوێ نیـیە دەنگەکـان دەبیسـتێت، بەڵکـو ئەو مشـتەکۆڵە گۆشـتەی دڵە کـاری لەو شێوەیە ئەنجام دەدات.

مـــوحەمەد لە کاتێکـــدا چاوەڕەشـــەکانی وەک یـــاقوتی بەر مانگەشـــەو دەبریسـکانەوە هەڵسـایەوە بـۆ لای دەنگـی عەبـدوللّا بـزوا و لە ڕاسـتیدا خـودا عەبـدوللّای بـۆ دەستخسـتنی پرسـیارەکانی بـۆ ئێـرە نە هێنـابوو، بەڵکـو بـۆ دڵـدانەوەی ئەمـی هێنـابوو، ئـای... عەبـدوللّا گیـان: یـاخوا بەخێـر بێیـت، چـاوە نابیناکـانی تـۆ ئەوە دەبیـنن کە چاوەکـانی ئەوان بەسـەریدا بـاز دەدەن و وەک کەرە وەحشی (زێبرا) تێدەپەڕن، بەڵام هەستی پێناکەن.

ئەوان لەو نەگەیشـتن عەبدوللّا کە لەم دەگـات کە ئامـادەی کـۆچی گەورەیە و ئەوان بە تەمـای مـانەوەی هەمیشـەیی ئێرەن، بەپەلە بەرەو ڕووی ڕۆشـت، بەڵام پـێش ئەوەی بگـاتە بەر دەرگـا عەبـدوللّای نابینـا وەژوور کەوت، ناوچـاوی عەبدوللّای دڵسـاف لە پاکیدا دەبریقایەوە، ئەوان هەموویـان ڕۆشـتبوون و دەنگە دەنگیـان لەوێ بەجێمـابوو کە لە ژەووڕە چـۆڵەکەدا مـوحەمەد و عەبـدوللّا ڕووبەڕووی یەکتر وەستا بوون.

موحەمەد دەستی نووڕینی درێژ کرد عەبدوللّا نەیبینی، بەڵام هەستی پێکرد و دەسـتەکانی خسـتە نـاو دەسـتی سـەروەرەکەی، عەبـدوللّا قەتـی ڕێـک و سـەروو ئاسـای ڕاگرتبـوو و پێسـتی گەنـم ڕەنگـی و هەتاوسـووتی لەنـاو شـان و مـل و تووکی سپی و تەنکی سەر سینگی و قاچ و قوولّی خـوار ئەژنـۆی کە کراسـە بـێ یەخە و کـورتەکەی لـوتفی نوانـد بـوو، ئەوانـی نمایـان دابـوو و چـاوانی خـڕ و لە گلێنە دەرپەڕیو و بێ نووری خۆی وەک ئەوەی بیەوێت بیبینێت، دەسـتی ڕاسـتی لەسـەر عەسا و دەستی چەپیشی لەناو دەستی "موحەمەد"دا بوو.

ئەو نزیکی موحەمەد کەوتەوە بانگی کرد: یا ڕەسوولەڵا، ئەو کات موحەمەد بۆ ئەو بەرز دەبوویەوە وەڵامی دایەوە: گیان... عەبدوللا گیان...

ئەم چەند ئەوی خۆشدەویست هەنووکە زۆر لەوە زێتری خۆشی دەویست، چۆن ڕێگەی بە خۆی دابوو پشت لەمی چاوساغ بۆ ئەوانی نابینا بکات! عەبدوللا هەنگاوی گەورەی هەڵهێنایەوە و هەر دوو دەستەکەی بە کراوەیی بە شوێن موحەمەد دا دەگران تا بیدۆنەوە، دەستەکانی موحەمەدیش بە شوێن پەنجەکانی ئەوەوە بوون تا بیانخەنە ناو خۆیانەوە. عەبدوللا لە پەنا موحەمەد لە شوێنی گەورانی قورەیش دانیشت و پرسیاری هەبوو، بۆ پرسیاری لە پرسیار کرد ئاخۆ دەتوانێت پرسیار بکات؟

موحەمەد بە هەڵەداوان وەڵامگۆ بوو: بپرسە عەبدوللا گیان بپرسە.

بۆ ئەم تازە درەنگ بوو، وەڵامی پرسیاری ئەوی بۆ ئەوانی نەفام پشتگوێ خستبوو، خوا لەسەر ئەو سەرەنشتی کردبوو، ئەو بۆ ساتێک غافڵ بووبوو و ئەوانی بە ئەم گۆڕی بوو. پرسیاری هەبوو جارێکی دیکەش کتێبەکانی مێژوو باسی ناوەرۆکی پرسیارەکەی عەبدوللایان نەکردووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پرسیاری گەورە بوو بۆیە بە شوێن مرۆڤێکی گەورەی وەک موحەمەدیش بۆ وەڵامەکەی گەڕا بوو، کەچی ئەو پشتی تێکردبوو و وەڵامی نەدابوویەوە.

عەبدوللا نەیبنی، بەڵام چاوەکانی موحەمەد پڕ لە فرمێسک بوون، ئەو نەی دەبینی، بەڵام ئەی ئاخۆ خوا کە لە هەر لاوە دەیڕوانی ئەوی نەدەبینی؟

موحەمەد سەری عەبدوللای نایە سەر سینگی، چاوەکانی لە ترس زویری خۆشەویستەکەی وەک دوو پۆلوو داگیرسا بوون، پێویستی بە فرمێسکی چاوەکانی بوو تا بیانکوژێنێتەوە. ئیدی عەبدوللا نابینایەکی نەخۆش و داماوی بێچاو نەبوو، بەڵکو ئەو گەورەترین مرۆڤی سەرزەوی بوو. کێشانە و پێوانەی حەقیقەت بوو، بەو خوا بۆ ئەم پێوەرەکەی ڕاست کربوویەوە و تایەکەی دیکەی ترازوەکە بەرز بووبوویەوە، ئیدی ئەمی نابینا بوو کە سەری لەسەر ئەژنۆکانی دانابوو و جەستەیەکی بچووک و ڕۆحی گەورەی هەبوو و لە لایەوە هەڵکوڕما بوو پشتیوانی ئەمی دەکرد و دینەکەی سەر دەخست.

ئای خودایە! حەیف ئەم کەسانی وەک ئەمانەی هەیە و وەقتی لەتەک ئەوانەدا سەرف دەکات کە هیچ لەم ناگەن، ڕازاوەندنەوەی دونیا بۆ چاوێکە کە ببینێت،

موحەمەد خەریک بوو بە هەڵە لە ڕێساکە دەگەیشت، بەڵام نابینایەک ئەوەی بۆ ڕاست کردەوە.

موحەمەد دڵی بۆ عەبدوللا بە جۆش بوو، ئەوان ڕۆشتبوون کە بیری کەوتەوە نەدەبووایە لەباتی دەنگی عەبدوللا کە بە شوێن ئەو لە کاتی گەڕاندا بوو، یەکێک لەو شتانەی نەدەبوو لەبیریان بکات، ئاخر زەینی ئێمە هەمیشە لەو کاتانەدا شتمان وەبیر دەهێنێتەوە کە کاتی وەبیرهێنانەوە نییە و لەو جێیەش پێویستە وردەکاریەکان پێبداتەوە کۆڵەوار دەوەستێت.

موحەمەد زێتر لە عەبدوللا نزیک بووەوە و سەری بە سینگی خۆیەوە نا کە بۆناوی پێغەمبەرانەی لێوە هەڵدەستا، پەڕی کەپووی عەبدوللا بەو بۆنە خۆشە لەرایەوە، زێتر سەری نووساند بە سینگی سەروەرەکەیەوە و ئەویش بە دەستی سەری ئەوی نەوازش کرد، چاوە پاکەکانی نیشتنە ناو ئاو و بە گۆناکانیدا هاتە خوارەوە، ئەوە چۆن بوو عەبدوللای بۆ ئەو مرۆڤە بێ هەست و خەیاڵانە لەبیرکرد بوو.

وەی... عەبدوللا گیان، ئەی هاوڕێ دڵ ڕۆشنەکەم، نەئەبووایە تۆم بۆ ئەوان پشتگوێ بخستایە، ئەو ناو چاوی بۆ کەس نەهێنابوویە یەک کەچی ئێستا بە دەنگی بەریانەی عەبدوللا لۆچ کەوتبووە دەموچاوی نوورانی و بۆ ئەوەی دەنگە کە نەبیستێت ڕووی وەرگێڕابوو، ئەو تووندتر عەبدوللای بە خۆیەوە دەنووساند و لەتەک خۆیدا بۆ ئەبەدیەتی دەبرد.

وەی... عەبدوللای حەقیقەت ویست، لە دڵی خۆیدا دەیگوت تۆ دەزانی من لە تۆ زیتر خۆشم دێت تا لەوان، من تۆم زۆر خۆشتر دەوێت، ئاخر ئێمە لە کەسانێک خۆشمان دێت نە لەبەر جەستە و لاریان، ئێمە کەسانێکمان خۆش دەوێت لەبەر ئەوەی ڕۆحمان پێکەوە گونجاوترە، لەبەر ئەوەی هاودڵین، خوا دەزانێت من لەتەک تۆ هاودڵم نەوەک ئەوان.

وەرە عەبدوللا گیان وەرە با بچینە ژوورەوە، دەستی عەبدوللای بەرنەدەدا و هەڵەی خۆی هەڵدەسەنگاند. هەڵەی ئەوانی پێغەمبەر تەنها بە نیەتیان ناپێورێت، ئەو دەیویست ئازاری عەبدوللاکان کۆتایی پێ بێنێت، ئەو دەیویست دونیا ڕزگار بکات ئەوانی دوژمن لە خۆیان ڕزگار بکات. ئەو هەرگیز مەبەستی بە کەم سەیرکردنی عەبدوللا نەبوو.

ئێستا ئەم دووانە وەک خۆر و مانگ بۆ ساتێک لە جیهانی نەدیتراو ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و ئەم وەک خۆر تیشکی خۆی بارانده ناوچاوی دڵی عەبدوللا و بە چاوی بینا و پڕ لە نوورەوە لە موحەمەدی دەڕوانی، موحەمەدیش دڵی کراوەی لە چاوە کراوەکانیدا وەک دەرگای پڕ لە نوور بۆ عەبدوللا واز بوو، وەک خۆر تیشکی خۆی دادەبارانده ناوچاوی دڵی بینەری ئەو و عەبدوللا بەو نوورە چاوە ڕۆشنەکانی دڵی کەوتنە ورشە و پڕ لە نوور بوون.

لێرە لە جیهانی نەبینراو هەموو شت بە پێوە وەستا بوو کات وەستا بوو و خۆر ئاگر بارانی بیابانی دەکرد و قەڵوەزەی نووری سازگاری دەبارانده ژووری بێدەنگ و خاڵی لە هەموو شت، تەنها لە دوو دڵی بۆ یەک سووتاوی ئەوان. عەبدوللا چاوەکانی نەیاندەبینی و موحەمەدیش چاوەکانی داخستبوو، بۆ ئەوەی لەوێ هەر لەو شوێنەی کە عەبدوللای لێبوو باشتر ببینێت.

ئەوەی لەوێ ڕووی دەدا، خەونێکی گەورەیە، بەڵام خەون نەبوو، ڕاستی بوو، عەبدوللا بە خۆشەویستی قوواڵی مامۆستاکەی چاوانی بێ فرمێسکی دەگریان و موحەمەدیش بۆ خۆشەویستی هاوڕێکەی و بۆ ئەو هەڵە پێغەمبەرانەیەی کە جۆرێکی تایبەتی هەڵە بوو و هەنووکە ئەو ئەنجامی دابوو داوای وا بوو خوا لێی خۆش بێت، عەبدوللای عاشق وەڵامی پرسیاری دەویست و موحەمەدی مەعشوقیش لێخۆش بوونی گوناه. هەمیشە وا بووە عاشق شتێکی لە مەعشوقدا دۆزیوەتەوە و مەعشوق شتێکی دی.

موحەمەد لەوە دڵنیا بوو کە خواکەی هەر چەند ئەمی خۆش دەوێت، بەڵام ئەم هەڵەیەی بە تۆماری بوونەوە تا ئەو ڕۆژەی مرۆڤ بوونی ماوە دەچەسپێنێت و ئیتر عەبدوللا و موحەمەد لە پەنا یەک دانیشتن و سەریان بەسەر یەکتردەوە لارکردەوە و دەستیان بە ڕاز گۆڕینەوە کرد و عەبدوللا شاد و دڵئارام لە خزمەتی موحەمەدا دەیپرسی و موحەمەد بە دڵی بریندارەوە وەڵامی دەدایەوە.

عەبدوللا لەتەک هەر وشەیەکی لەسەر زاری موحەمەد دەردەچوو سەرێکی بۆ لار دەکردەوە و وشەکانی موحەمەد زێڕ بوون دیار بوو لە دڵی خۆیدا بە دیقەتەوە ئەمدیو و ئەو دیوی دەکردن تا ببروسکێنەوە.

حیکمەتە نایابەکانی گوتەکانی موحەمەد ئەوانی بێدین بە چاوی سەر نەیان بیست، بەڵام لە لایەن گوێکانی عەبدوللاوە بە شێوەیەکی وا بە تام و چێژەوە وەرگیران و بۆ ڕۆح وەرگیڕان لەوەش زیاتر کە موحەمەدی بێژەریان چاوەڕێی دەکرد، چەکی کاریگەری ئەوی پێغەمبەر تەنها وشە بوو، بەڵام ئەو مرۆڤ بوو و خوا نەبوو کە هەموو دەرەنجامەکانی کار و وتەکانی بزانێت، بەڵام بە گوشینی دەستەکانی بە دەستەکانی عەبدوللا لەو قیامەتە دەگەیشت کە ئەو بە وتەکانی لە ناوەوەی عەبدوللا بەرپای دەکرد.

ئەوان وتیان و وتیانەوە، سەرەنجام ئەوە ڕوویدا کە موحەمەد لێی دەترسا و خەوشی نەدیتراوی ئەوی بە بینراوی وەک ئاوێنە لەبەر چاوان تا قیامەت پێشان دەدا و فڕەفڕی خوا دەیبینێت و بێگومان هەرچی کردووە بەرچاوان دەکەوێت. بە دڵی پڕ و موحیبەتەوە یەکەم کەس عەبدوللا بوو کە بۆی خوێندەوە.

ئەو ڕقی لە عەبدوللا نەبوو، بەڵکو ئەویش بااڵی فریشتەی کەوتە بەرگوێ و دواتر هەر لە پاڵ عەبدوللای نابینادا ئایەتی جوبرەئیل باڵەکانی لێکنا و ئایەتی سەرزەنشتی ئەوی بە هۆی عەبدوللای نابیناوە بۆ خوێندەوە موحەمەد بۆ ساتێک لەرزی و هەموو گیانی نیشتە عارەق و بە دڵی غەمبار و ڕازی بە فەرمانی خواوە ئایەتەکانی وەرگرت.

(ناوچاوی دا بەیەکدا و پشتی وەرگێڕا، کاتێک نابیناکە بۆ الی هات) ئایا نەیدەزانی کە ئەم ئەوی زۆرتر خۆش دەویست، ئەم پێغەمبەر و ئەویش لەم بابەتەدا مامۆستای ئەو بوو، ئەم جارە ئەو وانەی بەم وتەوە و کە نابێت ئەم بە تەمای پێگەی کافران بێت. ئاخر گەورەترین ئامرازی سەرخستنی ئەو دڵی پاکی دەیان هاوڕێی وەک عەبدوللا بوو، کە بێ لەبەرچاوگرتنی دەستکەوت ئەرکی قورسی پێغەمبەرداری و ئیمانداری لەتەک ئەودا بەش دەکرد.

زانی هەڵەی کردووە بە خۆی دەگوت: پێغەمبەران مرۆڤن، تۆش پێغەمبەری کەواتە تۆش مرۆڤی و مرۆڤەکانیش هەڵە دەکەن، ئەوەی گوڵی بوویت دەبێت دڕکیشی قەبوڵ بێت، ئەو هەڵەی کردبوو، بەڵام هەڵەی ئەم وەک هەڵەی مرۆڤەکانی دیکە نەبوو. هەڵەی ئەم لەو هەڵانە بوو کە الی مرۆڤانی دی بە هەڵە نەدەهاتە ئەژمار، ئەو ئەو کاتە مرۆڤ بوو و دواتر بوو بە پێغەمبەر، پێغەمبەرایەتی ئەو شتەیە کە ئەم دەیزانی و ئەوان نایزانن، بۆیە نەدەبوو بهێڵێت هەڵەی وا بە سەریدا تێپەڕ بکات.

گـوێی لە دەنگـی مرۆڤـان بـوو لە دوورەوە لەو پەڕی جیهـانەوە دەهـات، چـراکەش کـز کـز دەسـوتا و لە عەبـدوللای دەڕوانـی بە گرمـۆڵەکراوی لە بەر شـەپۆلانی تیشـکی کـزدا سـەراپا جارێـک سـور و جارێـک ڕەش دەبـۆوە، لە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت: سـەربازەکانی خـودا زۆر و زەبەنـدەن، هەڵەبـوونی کـارەکەی موحەمەد لە ڕێگەی نابینایەکەوە پێشان درا.

گیانی دەستی کردبوو بە ئەشکەنجەدانی، بەڵام ئەم بۆی تیمـار نەدەکرا، ئەو لەو دانیشـتنە زۆرتـر خێـری بینـی کە ئەوان چاوەڕوانیـان دەکـرد، بەمەش گەورەترین دەرسی وەرگرت کە هەرگیز ڕێگاکانی ئەم و ئەوان یەک ناگرنەوە.

مـوحەمەد و ئەوان لەیەک شـوێن، بەڵام لە دوو جیهـانی جـوودا دەژیـان، ئەو نوسـخەی ڕاسـتەقینەی بەسـەر زار دەهێنـا و تەنهـا خەبەری لە قیـامەت نەدەدا، بەڵکو قیامەتی هەڵدەستاند و ئەوانیش لە هەوڵی ئەوەدا بـوون هاوشـێوەی قەڵبی دینەکەی پێشان بدەن، ئیدی مـوحەمەد لە هەر کوێیەک دەدوا یـاخود پەیـامەکەی دەخوێندەوە، ئەمانیش داستانی وڵاتی دووریان دەهێنـا و دەیـانوت: ئـێمەش شـتی وامان لایە!

سی و یەکەم: گەمارۆی شیوی ئەبوتالیب

(ژنانی شیردەر یەخەی کراسیان لە ژێر لەچکەکانیاندا ترازاند بوو تا شیر بە منداڵە برسیەکانیان بدەن، هەرچەند سنگیان گوشی، بەڵام هیچی تێدا نەزا، ئاخر خۆیان هیچیان دەرخواردی جەستەیان نەدابوو تا بۆ شیری وەربگێڕێت)

مـرۆڤ تـازە نەدەچـوویە نـاو ڕۆژە سـەختەکانەوە، بەڵکـو ڕۆژەکـانی هەر هەموویان سەخت بـوون. نێوان هەر سـەختی و ئازارێک و سـەختی و ئـازارێکی دیکە سەختی و ڕەنج و ئازار بوو، هەر دوولا ئازاری یەکدیان دەدا، کافران ئێش و ڕەنج و ئازاریان بەسەردا دادەباراندن. موسڵمانەکانیش بە خۆگری و خـۆنەدان بە دەسـتەوە و بگـرە بەدەسـتگرتیان بە پەتـی بەخـتەوەری هەردوو سـەرەکە، یەکیـان شـادی نـاوەکی و ئەوی دیـان شـەرم بـوو، ئەوانیـان ئـازار دەدا و بەڵکـو شێت و شەوێڵ کردبوو.

موحەمەد بووبووە کرمـی نـاو داری گیـانی ئەوان لە نـاوەوە دەیخـواردن، هەر ڕۆژە بـێجگە لە دەیـان و سـەدان کۆنەپـۆش هەر ڕۆژە پاڵەوانێکیـان لە دینـی باوبـاپیرانی هەڵـدەگەڕانەوە، ڕۆژێـک عـومەری بە هەیـبەت و قیـافە و ڕۆژێـک حەمـزەی پـاڵەوانی لێـوەردەگرتنەوە، بەسـتە دارەکەی تیرەکـانی قوریشـی لەیەک جوودا کردبوونەوە و بە ئاسانیش یەکە یەکە دەیشکاندن.

هەنـووکە شمشـێری پیـاوانی "بەنـی هاشـم"ی بـاوەگەورەی و شمشـێری دواکەوتـوانی یەکیان گرتبـوو، ئەگەر بە نیـازی کوشـتنی دەسـتیان بـۆ بردبـا ئەوا لەم شـێوە بـێ دار و ئـاوەدا خوێنیـان دەڕژا و باڵندانی گۆشـتخۆریش بە هەلـی ئەوەی تـا ئێسـتا گۆشـتی چەور و خزمەتکـاری وەک ئەمانیـان نەچەشـتووە، لە ئاسـمانەوە ڕا بۆیـان بـۆ دەنـووک تێچەقانـدن و پێسـتەی چەور لە ئێسـقان لێکـردنەوە بۆیـان دادەبەزیـن. دەبـوو تەگبیـری بـێجگە لە خـوێن و کوشـتاریان کردبـا، تەگبیرێـک تەنهـا بـۆ مـوحەمەد ڕەنـج و ئـازار نەبـا، بەڵکـو هەمـوو ئەو هاوخوێنانەی خۆشیان کە پشتگیری ئەویان کردووە.

گەورانـی قـورەیش هەموویـان لە بیرکـردنەوەدا بـوون، کە بەیەک دەگەیشـتن یەکتریـان نەدەبینـی، شـەیتان بـۆ ئەمیـان دەبـووە ئەوی هاوڕێیـان و بـۆ ئەویـش دەبـــووە ئەم و لەشـــێوەی مەی و ژن و ســـمتی بەرجەســـتە و مەمکـــی

عـارەقکردووی کچـان، کە هەرکـام لەوان پێشـتر دەیانخسـتنە ژێـر لەزەتـی چاوەکانیانەوە، هەنووکە بێتام و چێژ بوون و لەتەکیان دەیگوت و دەیگوتەوە، تـا لە کۆتاییـدا بە تەگبیـر گەیشـتن، تەگبیریـان لەسـەر زاری بـاوکی حـیکمەت لە ئەنجـومەن ڕاگەیاند، تەگبیرێک کە کوشـتار و مەرگ نەبـوو، بەڵام زۆر لە مەرگ کـاریگەرتر بـوو. ئەوێ ڕۆژێ وەک هەر جارێـک ماتـڵ نەبـوون تـا شـەو بێـت، هەسـارە گەورە و بچووکەکـان کـۆ ببـنەوە و وەک مەشـخەڵی ئـاگر یـان وەک چـاوی کەمتیـار لە دوورەوە بدرەوشـێنەوە، بەڵکـو هەر بە ڕۆژی نیـوەڕۆ لەنـاو شاردا جارِی بۆ دراو و هەموو قورەیش بە ژێر سێبەری دیواری شەقامە پان و پچڕ پچڕەکانی مەککەدا لۆژە لـۆژ خـوار بـوونەوە و لە (زیـف)ی (بەنـی کەنـانە) و لە شیوی (موحسـەب) کۆبوونەوە.

خـۆر تـا یەک میـل لەسـەر سـەریان دابەزی بـوو و دەینەڕانـد و لە ترسـناکی دەرەنجامی ئەو کارەیان ئاگاداری دەکردنەوە، بەڵام کەسیان سەری هەڵنەدەبڕی تـا ببینـێ، لە ترسـی تیشـکی خـۆرە سـوتی ئەو چاوەکانیـان بـۆ هەڵنەدەبـڕدرا. ترسـی گەورەی مـوحەمەد بەسـەر وەهمـی ژینـی دەوڵەمەنـدانە و خۆپـارێزی لە خۆر و عارەقە و تۆز و گەوزاندندا زاڵبوو، ئەوانی نازدار و خۆشگوزەران ژیـانی ڕابوارن و شەراب و ئاوی سازگار و خۆراکی خۆشیان لەبیر کرد و بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێت سـەلماندیان کە دەتـوانن وەک کـۆیلان بە بێ ڕەنـگ و خـۆراکی خۆش و سێبەر و ڕابواردنیش بەبەر تینی خۆرەوە درێژە بە ژیان بدەن.

هەموو خەڵکی مەککە لەو بیابانە وەک ئاوێنەیەکی گەورە لەبەر خـۆر ڕاگیـرا بـوون و تیشـکی ئەویـان دەدایەوە، لەسـەر ئەو پەیمـانەی پێشـتر لە دژی (بەنـی هاشم) و (بەنی عەبدولموتەلیب) بە خێرایی ڕێکدەکەوتن کە (لەمەو دوا نە ژن و ژنخوازی و نە سەودا و مامەڵە، نە هاوڕێیەتی و تێکەڵاوی و هاتوچۆ و سەردان و قسـە لەگەڵـداکردن و مەرحەبـایی سـەرەڕێ و دڵـدانەوە و وتوێژیـان لەگەڵـدا نەکەن تا موحەمەدیان نەدەنە دەست بۆ کوشـتنی)، ئەم باسـی کوشـتنەش هەر لە زەین و ڕۆحی ئەبوجەهلدا بوو.

پەیمانیـان نووسـی و گەورەی تێرەکـان لەبـاتی هەمـوو خەڵـکەکە پەنـجەی خوێناویان لەسەر دانا، لەباتی "بەنی هاشم"یش مامەکەی مـوحەمەد (ئەبولەهەب) مۆری پێدانا. ئەو کە هەمیشە وابوو سەری پڕ لە ژمـارە بـوو، بەڵام ئەم جـارە بە ئیشتیهایەکی زیاترەوە چووە وێزەی ژمارەکان و دەیزانی ئەمە لە دەسـەڵاتی ئـەم

بەسەر براکەیدا (ئەبوتالیب) زیاتر دەکات و هەلیش بۆ ئەم دەڕەخسێنێت بەر لە مردنی قاسەکانی پڕتر لە دراوی زێڕ بکات.

لە پەیماننامەکەدا تا ئەو سەریان بەرد بوو کە (هەرگیز بە هیچ شێوەیەک ئاشتیان لەگەڵدا نەکرێت) خۆیان بەزەییان نەبوو نووسیان: (بەزەییان پێیاندا نەیەتەوە) جارێکی دیش (تا موحەمەدیان بۆ کوشتن نەدەنە دەست) ئەمە خەیاڵی دووبارە و هەمیشەی ئەبوجەهل بوو، بە تەما بوو بۆ چەند مانگێکی دی سەری موحەمەد لەناو مەنجەڵێکی مسین لەبەرەم گەورەکاندا دانرا بێت.

هەمووان هاوار هاوار لەناو شاردا بڵاویان کردەوە، ئەم شڕپۆشانە شوڵیان لێ هەڵگێشاوە و بە تێکدانی میشکی لاوانمان و دان لە تاری دڵی کۆیلەکان، ئاشوبمان بۆ دەنێنەوە، نابێت لێگەڕێین ئاوا لەبەریان بڕوات، دەبێت لە قەڵەمڕەوی مەملەکەتی خۆمان وەدەریان نێین.

هەر واشیان کرد دوای ئەوەی پەیمانی ستەمکارانەی خۆیان لە دژی گەورەی خۆیان و برازاکەی بەست کە ئامادە نەبوو ڕادەستی ئەوانی بکات و یەکە یەکە چوون و هەمووانیان بە زۆری شیر و نێزە و تیر لە ماڵی خۆیان بۆ ئەم شێوەیان فڕێدان، ئەم پێش هەموویان کەوتوو و خۆی و ژنە دەوڵەمەندەکەی کە هەنووکە زۆربەی سەرمایەکەی لە دەست دابوو، پێشیان کەوتن و لەم برسێتی و داماویەدا بەشداریان بوون.

قورەیش و موحەمەد و خزم و یارانی لە شیوێک وەستانەوە، بەڵام ئەم لە هەموو نا ئارامتر و تۆقیوترە، ئەوە زێتر لە سێ ساڵیشە لە شیوێکی نزیک شاری مەککە، کە لە ڕاستیدا گەڕەکێکیشە لەو شارە گەمارۆیان خستۆتە سەر دانیشتووانی و هەموو ئەوانەش لە گەڕەکەکانی دیکەی شارەوە هاوبیر و خزمی پشتیوانی موحەمەدن بۆ ئەو شێوە ماڵیان گواستەوە، یاخود ناچار بە گواستنەوەی کراون. بارودۆخی خەڵکی ئەم بەشە دابڕدراوەی مەککە بەدحاڵ و پەشێوە. هەمووان سێ ساڵە لەم شیوەدا لەگەڵ برسێتی و نەخۆش و بێ دەرەتانیدا دەجەنگن، ئازایەتی دەوێ ئیمانەکەت لە باوەش بگرێت، ئەوانیش ئەو ئازایەتیەیان هەبوو بۆیە بەو دۆخەشەوە ئیمانی خۆیان لەباوەشدا بوو.

خەریکە زۆربەیان لە پێکەوتوون، ئەمیش خوا نامەی بۆ نارد بوو کتێبی بۆ ناردبوو لەگەڵیشیدا خوێن و ئازاری ناردبوو، ئەم هەر وەک چۆن نامەکەی بەدڵ هەڵگرتبوو وەک شاخ ئازارەکانیشی بە کۆڵەوە گرتبوو، بەڵام ئەم ژیانەی ئەوان

ئازاریان دەدا، ئاخر ئەم سەروەر نییە و ئەوان کۆیلەی بن، بەڵکو ئەم پێغەمبەرە و ئەوان برا و خوشکی ئەون.

ئاخر ئەم ئازار و برسێتیە تاکەی درێژە دەکێشێت؟! مانگ بەو لا سەرەوە مانگێکیش لە خوارەوە هەم لە شەو و هەمیش لە گەڕەکی پۆشراو برسیان و داماوانی دەڕوانی کە لێرە و لەوێ ناڕێک لە بەردەم مااڵەکەی باپیرەیی و ماڵانی مامەکان و هەموو جێیەکی شێوەکەدا چادریان لێهەڵدابوو کە یارانی هەژاری ئەو لە تەواوی گەڕەکەکانی دیکەی شارەوە بۆ ئێرە گواستبوویانەتەوە.

ژنانی شەکەت و سەرگەردانی منداڵانی برسی لەسەر لم و پشقڵ و قەرسەقوڵ لێی دانیشتبوون و ژنانی شیردەر یەخەی کراسیان لە ژێر لەچکەکانیاندا ترازاند بوو تا شیر بە منداڵە برسیەکانیان بدەن، هەرچەند سنگیان گوشی، بەڵام هیچی تێدا نەزا، ئاخر خۆیان هیچیان دەرخواردی جەستەیان نەدابوو، تا بۆ شیری وەربگێڕێت.

دەنگی نزولە و نااڵە و نرکەی پیاوانی پیر و نزولەی ژنانی هیلاک و ماندوو، کە بە هەناسەبڕکێوە سەریان بۆئاسمان هەڵدەبڕێت و لەو دیو نووری مانگەشەو و ئەستێرەکان کە بە پرتەپرت هەڵدەبوون و دەکوژانەوە، لەو دیو پەردەی بە ڕۆژدا شین و هەنووکە تاریکەوە کە ئەو هەموو ئەستێرەی پێوە هەڵواسرا بوو، سەیری ئاسمانیان دەکرد دەنگی تاساوی ئەوان لەگەڵ حەپە حەپی سەگ و لورەی ئاژەاڵنی وەحشی کە لە دوورەوە دەهات کپی شەوی دەشڵەقاند. هەر ڕۆژە خۆی و خەدیجە هەموویان بە سەر دەکەنەوە هەبوو و نەبوویان بەسەر ئەواندا دابەش دەکەن، خەدیجەی دەناردە لای ژنانی الواز و دەموچاو قوپاو و قژپژاو و بێ گۆشتی ئێسکن و جەستە تۆزاوی ڕەش و شین هەڵگەڕاو ئەوانەی لە تاو برسێتی منداڵانیان وەختاووەخت زمانیان بەر هیچ قووت و خۆراکێک ناکەوێت، زۆر جار لەپڕ دەکەون و بڕست و توانا لەدەست دەدەن و نەخۆش و داوی لەبری دەرمان خۆراکی بە دزی بەدەستی ئەوان گەیشتوو یاخود بە پارەی خەیاڵی کڕدراو بەوان دەدەن، ئیدی ملیان دەسوڕێنن و کەللەی بێ گۆشتیان دەلەقێنن و چاوی بە قوواڵدا چوویان دەکەنەوە.

خۆی و ژنە پێشتر خواپێداوەکەی، ڕۆژ تا ئێوارە لەناو ئەو خەڵکە بێ پەل و پۆیەدا دێن و دەچن، ژنەی بەستەزمانی کە هەنووکە لە پیری دابوو هەموو تەمەنی و هەموو پارەکانی بۆ کاروباری ئەنجام نەبینراوی مێردەکەی بە زایە

دابوو، ئەوی بازرگان سەرمایەکەی کە کۆکراوەی ڕەنجی تەمەنێکی خۆی و دوو جار هاوسەرگیری و سەدەیەک میراتی مالّە باوانی بوو، هیچ بازرگانێک مالّی خۆی لە پێناو شتێکی نەبینراوی ئەگەر و نەگەردا سەرف ناکات، بەڵام عەیامێک بوو لەو بازرگانیەدا نەما بوو، هەنووکە خەریکی بازرگانی لە جۆرێکی دیکە بوو.

قوڕەیش لە سەر مالّ و حالّی خۆیان وەدەری ناون، ئەوان تەنانەت نەیانهێشت بە نرختترین کەلوپەلی ژیانیان لەتەک خۆیان بهێنن، ئەمیش بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە، بەڵام یارانی بەوەفا و خزمانی جوامێری حەزیان لێنەبووو کەس بەزەیی پێیاندا بێتەوە، ئەوان حەزیان دەکرد خەڵک ئاواتیان پێ بخوازێت، ئاخر ئەوان لە هیچیان کەم نەبوو، ئەمیش دەیزانی ئەوان لە هیچیان کەم نەبوو، تەنها شتێک نەبێت کە ئەویش شت نەبوو هەر کەس ئەو نە شتەی نەبێت هیچی نییە. ئەوان سەفەری دوور ئەنجام دەدەن بۆ شام و یەمەن دەڕۆن، کاروانی گەورە ڕێک دەخەن و ئەو هەموو شتە دەهێنەنە ناو مەککە و بەسەر زەوی بیاباندا بڵاوی دەکەنەوە کەچی ناتوانن ئەو ناشتە بە دەست بخەن کە لە هەموو شت لێیان تەنانەت لە ڕەگی بناگوێیان نزیکترە، بەڵکو لە ناو ئەواندایە. ئێستا دڵی ئەوان پڕ بووبوو لە تووڕەیی و عیشق و چاوەڕوانی ئەوە بوون شتێک ڕووبدات. تا پارچەیەک نانیان دەسکەوێت کە سکی خاڵی ئەمانی پڕ دەکرد و هەناسەیەکی ئاسودەییان دەدا و بۆ منداڵانی ئێسک و چاو دەرپەڕیویان مەمکی ژنان پڕ لە شیر دەبوونەوە، بۆ پەیداکردنی خۆڵ و خاشاک لمی گەرمی بیابانیان ئەمدیو و ئەودیو دەکرد و قوڕەیشیان پێیان پێدەکەنین، ئەوان ڕقیان لە کەس نەبوو، بەڵکو دەیانویست خۆیان گەرم بکەنەوە و لە برسا نەمرن.

ئێستا ئەم بەو برسێتیەوە بەردەکەی لەسەر سکی تووندتر کردبوو لە خەمی یاران و خزمانی برسیدا لە مەککەی دەڕوانی، ئەوان لەو بەرەوە بەزەییان بەماندا نەدەهاتەوە قەسدیان ئەوە بوو لە برساندا بیانکوژن، بە تایبەت ئەم کە لایان دەستپاکترین و خەتابارترین بوو، هەموویان دەیانویست لەناوی بەرن و لە شاری باوباپیرانی وەدەریان نێن، بەڵام ئاخر بۆ کوێ ڕۆشتبان ڕوویان لە کوێ کردبا ڕوانینەکان تەژی لە خەم بوون.

ئەو خەمانە بۆ کێ هەڵبڕێژێت؟ لەگەڵ مامۆستاکەی دەدوا ئەویش باڵەکانی دەنیشاندە ئەرز و گوێێ لێ ڕادەدێرا و دڵی دەدایەوە و بۆ سەفەری دوور ئامادی دەکرد زۆرجار دەیوت: گەورەی فریشتان خوا هەزار جار سوپاس بۆ

خـوا کە تـۆیش هەیـت ئەگینـا ئەم خەمـانەم بە کـێ وتبـا خەدیـجە و مـامم کە بڕستیان لێبڕاوە و ئەبوبەکر و یـاران کە لە برسـاندا دەتلێنەوە و بەردیـان لەژێر قایشەکانیان لەسـەر سکیان داناوە و گیـا و پێسـتەی فڕێدراو دەخـۆن. ئەو ڕۆژە خاڵە خۆشەویستەکەی (سـەعد) بـۆی گێڕایەوە کە بـۆ پێویستی خـۆی چووبـووە دەشـتایی بە هـۆی تەرایـی میـزەکەیەوە پێسـتەیەک درکەوتـووە و هێنـاویەتی چەوریەکەی دامـاڵیوە و خـواردوویەتی، دڵـی زۆر پـڕ بـوو وەک گـۆزەیەک لە ئاسـمانەوە بەردرابـوویەوە و بە حەواوە دەڕوشـت، ئەگەر جـوبرەئیلی لە ئاسمانەوە نەگرتایەوە ئەوا دەیدا لە ئەرز و هەپرون بە هەپرون دەبوو، ئەو لە هەموو کەس زیاتر شتی دەربارەی وی دەزانی.

ئەو هەر وا نەبـوو بە پێغەمـبەر ئەو هەر وا نەبـوو بە مـوحەمەد، ئەو لەو هەمـوو تەنیـاییەی خۆیـدا لەو مەرگ و زیندووبوونەوەی خۆیـدا لەتەکیـدا بـوو، زەحمەتـی کێشـابوو، فریشـتە ئـازار ناچەژێـت ئەگەرنـا دەشـا بوترێـت ئەویـش لەتەکیدا ئـازاری چەشـت بـوو تـا بووبـوو بە خـاوەنی فەزیلەتـی وا کە سـەرەڕای ئەو هەمـوو ئـازارەی ئەوان بـۆ خـۆی و بـۆ مـامەیی و خەدیـجەی و خزمـانی و یارانی و دابڕانیان لەم شێوەدا کەچی هێشتا دڵی بۆیان لێبدات و بەزەیی پێیاندا بێتەوە. لەوبەری ڕوانی کە هەنـووکە قەبرسـانێک لەوێ ڕاسـت بووبـوویەوە ئەو پیـرە کەنەفـت و ژن و منـدااڵنەی تێدا بە خـاک سـپێردرا بـوو کە بەرگەی تـاوی نەخۆشی و برسێتیان نەگرتبوو و هەر لەم شیوەدا هاتبوون بەالوە و مردبوون.

ئەو دەبوو وەک ئیبراهیم هەموو شتەکانی بە قوربـانی بکات. ئەوەی ئیبـراهیم و ئەیوبی برای کردبوویان، دەبوو بریـانێک لە دڵیدا دروسـت ببـن بە هـیچ شت سـارێژ نەبنەوە. قوربانی لە دەستدانی هەموو شـتە بە بەهاکانی دەبـوو پشـتیوانی نەمێنێت و خۆی و تەنها خۆی بەو هەموو بریـنەوە بەرخۆدان بکات و هەڵگژێ و سـەرکەوێت، ئیـدی وەک ئەیـوب مووڵـک و مـاڵی و وەک یوسـف بـاوک و وەک ئیبراهیم کوڕ و باوک و مامی کە پشتیوانی بـوو، خەدیـجە کە دااڵدەدەر و ئەڤینی بوو، وەی خودایە چۆن بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرم؟

هەر ئەم بەیـانیە مـامە نـاوداڕەکەی نااڵەنـاڵ بەسـەر (سـەفا)دا سـەردەکەوت و ئەوی پیر نەیدەتوانی هەنگاو هەڵبێنێ و بە شاخەکەدا هەڵگژێ و ئەم بەزەیی پێدا دەهاتەوە لە قووڵایی ڕۆحیەوە بەزەیی پێدا دەهـاتەوە، هەلمەتـی بـۆدا و باوەشـی

پێدا کرد و شەرمی لە خۆی دەکرد کە مایەی ئازار بوو بۆ ئەو کەچی ئەو بە زەردەخەنەوە وەڵامی دەدایەوە.

چەند نەخۆش بوو، بەڵام دڵگیر و دڵشاد بوو، ئەم سپێدەیە لە خەو هەستاوە بۆ بەردەم مااڵی خوا هەنگاو دەنێت لە خۆشی هەواڵەکەی بەسەر گاڵۆکیدا داوە و هەنک هەنک بۆ بەردەم مااڵی خودا هەنگاو دەنێت ئەو هەنووکەش سەرۆکی ئەنجومەنی خێڵی قورەیشە، بەڵام برسی و نەخۆشە و بەو حاڵەشەوە بەم سپێدەی بەیانە کە خۆر دەستی لە ژێر چەناکی داناوە و لە خزمەتی بەرەی ئادەمدا لەو سەرەوە ڕاوەستاوە پیرەپیاو بە شاخەکەدا هەڵگژاوە.

موحەمەد دەیزانی ئەم پیرە دونیادیدە مەرگی بۆ خۆی پێ گرنگ نییە بۆ پیر و پەکەوتەکانی دیکەشی بەاڵوە گرنگ نییە، هەرگیز خۆی سەرشۆڕی خزمانی بێ دڵ هاوسۆزی ناکات، بەڵام بەزەیی بە منداڵانیدا دەهاتەوە کە هەر ڕۆژە و هەندێکیان لێ دەمرێت لە پێناو خۆیدا نا، بەڵام لەپێناو ئەو هەژار و منداڵە بەستە زمانەنانەدا هەرچی پێبکرێت ئەنجامی دەدات. هەرچەند بڕیاری مەرگی داوە و تەنانەت ئەگەر مردبێتیش پشتی برازاکەی بەرنادات، ڕاستە بێ نمود و بێ ماڵ و سەرمایە بوو، بەڵام وەرەی بەرز بوو حەکیمانە دەیڕوانیە بیابان، ئەم نەیدەزانی بەو هەموو حیکمەتەوە بۆ ئەو دڵە پیرەی قایل نابێت باوەڕ بە موحەمەد بهێنێت، ئەگەرچی هەر ئەو دڵە پیرە دەیزانی کە برازاکەی ڕاست دەکات.

وەی خودایە لەبەر گەورەیی خۆت پێش ئەوەی تاقیم بکەیتەوە و خۆشەویستانم لێوەربگرێتەوە، ئاخر ئەم شەو لە بەردەم سوری چراکەدا لە لاوازی و بێ حاڵی خەدیجەی دەڕوانی کە هەنووکە پیر بووبوو و سێ ساڵ لەم شیوەدا، ئای ئەوی شازادەی ناو ژنانی مەککە بەم حاڵ گەیشتبوو! دەیزانی ئەویش دەڕوات، ئەو دەبوو تەنانەت خەدیجەش لە دەست بدات خودایە لەم دۆخەیان دەربکەی.

هەر هەواڵێکی ئاسمانیش دەگەیی خێرا دەستیان دەبرد بۆ بەرەموچەکە و دەیان نووسیەوە، ئەوان دەیانزانی ئەو قسانە مایەی ڕزگاری ڕۆحی ئەوانن، بەو برسێتی و ترسەوە گوڕی نووسینەوەی ئەو قسانەیان هەبێت. ئەو وتانە ڕزگارکردنی هەموو دونیا و هەزاران هەزار ڕۆحی وەک ئەوانە، هەر بۆیە ئەوان دەیانەوێت کە ئەو وشانە لەسەر پەڕە بە نەمری بمێننەوە، ئەوانی بێ حاڵ و ماڵ لەم شیوەدا لە بەردەم بای ترس و برسێتی و لە بەردەم هێرشی برسێتی ژن و

منداڵیانەوە، بێژن و لە بەردەم ئەمدا چۆک دابدەن و گوێ لە وتەکانی ئاسمان بگرن. ئەوان دەبوونە کاتیبی وەحی و بۆ خۆشیان لەناو دونیای درەختی بەرز و ژیانی کۆشک و چادری شاهانە و گۆشتی باڵندە و شەرابی بە چێژ و زەماوەندی ناو حۆریاندا لەزەتیان دەبرد، یاخود لە ئاگری دۆزەخ دەترسان و زراویان دەچوو لە هەر دوو حاڵەکەدا کەلامی خوا هێندە سازگار بوو واوەیلا و ئازارەکانی ئێرەیان لەبیر دەچۆوە.

ئەم بەردەوام لە وڕەی لەبن نەهاتووی پێغەمبەرانەی خۆی بەشیانی دەدا و قورئانیان بۆ دەخوێنێت و نزایان بۆ دەکات و ئەوانیش قارەمانانە دەست بە ڕۆحی خۆیانەوە دەگرن و مل بە ستەمکاران نادەن. بەم جۆرە کاری پێغەمبەرایەتی بە ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانی وەڕێوە دەچوو و ئەگەرچی زۆر گران لەسەر خۆی و لەسەر خزمە خۆشخۆر و یارە داماوەکانی کەوتبوو.

ئەوسا ئاگرەکان کوژانەوە و منداڵە برسیەکان لە چواردەوری ئاگرەکان خەویان لێکەوت ئەم بەسەر خەوتواندا هەنگاوی نا و بەرەو گردەکەی سەفا سەرکەوت. کاتێک کاتی شێوخواردن دێت شارنشینانی مەککە خەریکی گلاندنی تیکەی چەورن و شوێنکەوتووانی بە سکی برسیەوە سەریان دەنێنەوە.

سەیری لای ماڵەکەی ئەبوتالیبی گەورەی قورەیش کرد کە ئێستا بووبووە جێی برسیان و نەخۆشان، بەو لادا چاوی سووڕان و خەدیجەی کردەوە چاو، خەدیجە هەنگاوەکانی بۆ نەدەگوازرانەوە و باوەشێک خۆراکی بە باوەشەوە لەو بارە خواردنەی خوشکەزاکەی (حەکیمی کوڕی حوزام) ئەم شەو بە دزی چاودێرانی قورەیشەوە بۆی هێنابوون دەیبرد بەسەر خەڵکی ئاوارەی ئەم شێوەدا دابەش بکات قاچەکانی بۆ نەدەگوازرانەوە.

خەدیجە دەموچاوی زەردی مەیلە و سەوز هەڵگەڕا بوو، لێوەکانی شین بووبوونەوە دەست و قاچە لەرزیوەکانی ئاوسا بوون. ئەوە خەدیجەی شۆخ و شەنگ خۆشگوزەرانترین ژنی مەککە بوو وای لێهاتبوو، هەموو پارەکانی لەپێناو مێردەکەی سەرف کردبوو، هەبووو نەبوو خۆی بە سەر لاتولوتە شوێنکەوتووەکانی ئەو دابەشکردبوو. ئەو بۆ خزمەکانی و شوێنکەوتوانی بۆ ئەو دۆخەی مرۆڤایەتی کە لە هەموو شوێنێک و لە ئێستا و داهاتوو بوونی هەبوو چاوانی پڕ لە فرمێسک بوون.

هەنووکە ئەم لەم گردەوە لە مامەی پیری دەڕوانی کە هەنگاوی دەنا و هەموو ژنان و منداڵانی دەڕوانی کە لە برساندا ڕەنگی مردووانیان لێ نیشتووە و لەو سارایە لەسەر فەرشی لم دانیشتبوون، قوڵ لە کارەکانی خودای ڕادەما، لەتەک ئەوەی بۆی هاتبوو کەوتبووە گاز و گیرەوە لە بگرە و بەردەیەکی قوڵ و سکووتێکی دڕێژی نەباودا لە فیکرەوە دەچوو پرسیاری لە خودای خۆی دەکرد: خودایە یانی تۆ هەر وا لێدەگەڕێیت ئەو کافرانە ئەم بەندانەی تۆ لەناوبەرن! دەچووە لایان بۆ سوکنایی دڵی غەمبار و سکی خاڵیان قورئانی بۆ دەخوێندن و قسەکانی وەک خورما و نان دەڕژایە دڵیانەوە و گەوران تێر دەبوون و وردەکانیش بە بینینی دەموچاوی پڕ لە شادمانی دایک و باوکیان خەو دەیبردنەوە. وەی مامە خۆشەویستەکەم، پیرەی حەکیم و گەورەی قورەیش، ئەگەر خزمی من نەدەبووی منیش نەدەبوومە پێغەمبەر و شوێن قسەی خوا نەدەکەوتم، تۆ چەندێک بە ئارامی کۆتایی ژینت بەڕێ دەکرد. وەی خەدیجە شۆڕەسواری ژنانی مەککە، هەی ژنە سەرکەوتوو و بازرگانی گەورە، تا من نەهاتبوومە ژیانتەوە بۆ خۆت ئارام لە کۆشکەکەی خۆتدا دەژیای.

خەدیجەی خۆشەویست لە بیرتە لەو کاتەوە پێم ناوەتە خانووی تۆوە و چەند ئازارم بە تۆ گەیاندوە، لێ نەگەڕام تا تۆم لە کۆشکی شاهانی خۆت چێژ لە ژیانی دەوڵەمەندانەی خۆت بەری و بۆ شیوی ئەبوتالیبم ڕاکێشایت و برسی و تینووم کردی، ئەم خەدیجەی دی لەوێ لە ناوەڕاستی شێوەکەدا کەوت.

لەبەرچاوی چاوی شاخەکانی ئەم بەر و ئەوبەر سووڕایەوە، وەک ئەوەی قیامەت هەڵسابێت و زەوی ئاسمان بەر یەک کەوتبن و ئاسمان وەک فەرشێک لولکرا بێت و لە جێی ئاگری سور هەڵایسا بێت. ئەم لێرە بوو کە خەدیجە کەوت، ئەو کەوتنە کەوت، ئیدی خەدیجەی جاران پشت و پەنای موحەمەد دایکی هەژاران نەبووەوە بە خەدیجەکەی جاران و چاوەکانی داخست بوو، ئەم بۆ لای خۆشەویستەکەی هەڵدەهات تا گەیشت. ژنان بەسەر دەستان بۆ مااڵەکەی ئەبوتالیبیان گواستەوە چاوەکانی موحەمەد بە بینینی خەدیجە لەو دۆخەدا فرمێسکیان تێزا. خەدیجە نەخۆشە! چووە سەری خەدیجەی بینی ڕەنگ بزرکاو لە برساندا کەوتووە، ئەم خۆی گەیاندێ سەری لە سەر چۆکی خۆی دانا بانگی دەکرد: خەدیجە.. خەدیجە.. پشتیوانەکەم، ئەو کە جاران بە یەک بانگ کردنی ئەو سەد جار (گیان) لەسەر زاری دەهاتنە دەرەوە، کەچی هەنووکە گەرووی وشک

بوو به ئەستەم وەڵامی دایەوە، چەند ساتێک بە کپی بۆی دەوەستا، ئەوجا بە چەند جار هەوڵدان وەڵام دەدایەوە و دەیگوت: گیانەکەم.

ئیدی خەدیجە نەخۆش کەوت و چەند ڕۆژی دییش مامەی پیریشی نەخۆش کەوت، لە ژووریێکی دیکەی ماڵەکەدا هەناسە بڕاوانە لێی ڕاکشا بوو، ئەو بیری دەکردەوە و گوێی لە زەنگی خەتەری نەبیسراو بوو: ناشێت خوا بە مەرگی ئەم دوو پشتیوانەی تاقی بکاتەوە. ناتوانێت بەرگەی ئەمەش ناگرێت. ئەو پەیمانی سەرخستنی پەیامەکەی بەم داوە، ناشێت ئەو سەرکەوتنە بەناو ئەو هەموو ڕەنج و خوێن و ئازارەدا تێپەڕێت.

هەرواش بوو ئەو کاتەی لەسەر گردەکە لە شیوەکە و خەڵکەکەی ورد دەبوویەوە نەیدەزانی دوای ئەم ڕۆژە سەختانە کە کەسوکاری کڕین و فرۆشتنی لەتەکدا نەدەکردن و ژنی لێنەدەخواستن و ژنیشی نەدەدانێ و هەوڵی کوشتنی ئەمیان دەدا، مامە و ئامۆزا و پورزاکانی تا بەیانی بە برسێتی و دەرد لەسەر سکەوە دانان پاسەوانیان دەکرد و مامی ئەمی لە جێگەی خۆی دەخەواند نەوەک بیکوژن. خوا لە یەک ساڵدا ئەو دووانەی لێوەردەگرتەوە، ئەویش هونەری ناونانی وردی خۆی دەخستەگەڕ و ناوی لێدەنا ساڵی غەم.

*** *** ***

ڕۆژێک (هیشامی کوڕی عەمر) کە بە دزیەوە خواردنی دەگەیاندە شیوە نەفرەت لێکراوەکەی جێگەی مەرگی منداڵان و ژنان و بلاوبوونەوەی نەخۆشی یەکێک کە هەنووکە دوای سێ ساڵ و نیو لە هەژارکردن و برسی کردن هەرجار بیری لێدەکردنەوە، بەڵام ئەم جارە چەشتی کە ئەوانەی لە شیوی ئەبوتالیب زەجر دەکێشن کەسوکاری ئەو خۆی گەیاندە لای (زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەیەی مەخزوم) کە ئەویش کەسی نزیکی پێغەمبەر و خوشکەزا و دۆستی ئەبوتالیب بوو.

ئەم دەیزانی کە ئەم بە دزی کەسوکاریەوە کە دڵی خۆیان کردبوویە بەرد، هەستی خزمایەتیان تێدا نەهێڵابوو، بارە وشتری خۆراک دەنارد ئەودیو گردی سەفا و هەندێک چەقەی برسیانی ئابلۆقەدراوی دەخوساندەوە. لە کاتێکدا سەری

لە سەر دەستانی دانەواند و بە سۆزەوە پێی وت: زوهەیر چی بکەم. دووبارەی کردەوە: من چی بکەم!

هەنووکە زوهەیر هەموو گیانی بوویە گوێ تا بزانێ ئەم پیاوە چی دەڵێت، کابرا نەیهێشت سەرنجەکەی هەر بەو خێرایە دروستی کرد بوو لەبەین بچێت: وەڵڵاهی پیاوێکی دیکەم لە گەڵ بووایە ئەو پەیماننامەیەم دەدڕاند.

ئیدی دڵی ڕەقی گەورانی قورەیش نەرم بوو چاوانێک پڕ لە فرمێسک بوون شەو بە دزیەوە کۆبوونەوە، خوا زمانی یەکێکیانی بە بیانوو گرتبوو هەتا پەیماننامەکە هەڵوەشێنێ.

بێ ئەوەی هیچ بڵێت بە چاوەکانی بۆ زوهەیری دەڕوانی، وەک ئەوەی وتبێتی ئەوانی شڕ و شەواڵ نان و قوتێک کە لە مەرگ ڕزگاریان بکات، قومێک ڕۆن و سرکە کە بە شوێن دەنکە خورمایەک یان تیکەیەک نانی ڕەشی جۆیان نییە تا بیدەن بە منداڵانی قاچ و قوواڵ باریک و سک ئاوساو، هەموو ئەو شتانە ئێمە نەک بە ئەسپە ڕەسەنەکانمانی نادەین، بەڵکو بە ئاژەڵە پیر و کۆیلەکانمانیان دەدەین، وەڵا خوا ڕابەرداری نییە و مەرجی خزمایەتی نییە کە ئێمە لە گەرمی بێشین و لە تەڕی بنۆشین و ئامۆزاکانمان لەبەر سەرما و برسێتیدا وەڕەقەوە بێن. ئەوسا سەری داخست و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوو و وتی: دەزانم برا، بەڵام من بە تەنها چیم پێ دەکرێت؟ ئاخر تاکەی ئەوانە لەبەر گوناهی نەکردوو و سەختی و تاڵاوی ژیان بچەژن.

کابرا وتی: تۆ لەگەڵمان دەبیت؟

وەک ئەوەی پێی وتبێت خەڵکی دیکەش هەن، زوهەیر لە مەبەستەکەی هیشام تێگەیشت و دڵی بۆ بنەماڵەی خاڵوانی دیلی تەنگ بوو، ئەگەر ئەوی خزمی دوور خەمی ئەوانی بێت ئەوا ئەمی خزمی نزیک زێتر لە خەمیاندا بوو، چەند ساڵە بیری لێکردبوویەوە و چارەیەک بە زەینیدا نەهاتبوو.

ئەمیش بۆ ئەوەی مەسافەی ساردکەرەوە نەکەوێتە نێوان داواکەی هیشام و زەینی لە زووەوە مژۆڵی خۆیەوە، بۆیە بە خێرایی هەڵی دایێ: من پیاوێکم دۆزیەوە لەو تیژ هزرانەی عەرەب بوو کە دەیزانی کەی گوتە جێگەی خۆی لەناو خەیاڵی ترساو و شڵەژاودا دەدۆزێتەوە، بە خێرایی وتی: کێیە؟

وتی: منم.

نەیهێڵا کاردانەوەی هیشام لەسەر گوتەکەی ببینێت بە خێرایی و لە ترسی سەرنەگرتنی کارێکی بەو مەزنیە، تەنها بەم دووانە وتی: برۆ پیاوی سێیەمم بۆ بدۆزەوە. زوهەیر نەک تەنها پیاوی سێیەم، بەڵکو پیاوی چوارەم و پێنجەمیشی هێنایە سەرخەت و هەنووکە درزێکی لەناو کۆدەنگی گەورانی قورەیشدا دۆزیبوویەوە دڵی هەندێکیانی بە گوتەکانی و هەندێکی دیکەش هەر لەو سەرە وەختەدا وەک دەستێکی نەبینراو هەر ئەو دەستەی یەکەم جار خولقاندبوونی دڵیان نەرم و شل و پڕ لە خوێن بووبوویەوە، خوا خوای کەسێک وایان بوو کە بیانوویەکیان دەستکەوێت و ئابلۆقە هەڵبگیرێت. بەڵام لە ئەنجامەکەی ڕاڕا بوون، بۆ نموونە (ئەبولبوختەری) وتی: جاکەس هەیە پشتیوانی ئەم کارە بکات؟، وەک ئەوەی وتبێتی: جا کێ دەوێرێت دەست بۆ کارێکی وا گەورە بەرێت.

هیشام وتی: زوهەیری کوڕی ئومەییە و موتعەمی کوڕی عەدیشمان لە گەڵدان. ئەویش کە هێشتا ژمارەی پیاوەکانی پێ کەم بوو، وتی: برۆ پێنجەممان بۆ بدۆزەرە.

هیشام هەنووکە ترسی وەک تەم نیشتووی سەردڵی ئەم پیاوە خۆ بە پیاوزانەی دەبینی. سەری ڕەزامەندی بۆ دانەواند و لە با خێراتر کە عەباکەی بە باوەشی هەواوە بە دوایدا زۆر بە خێرایی ڕای دەکرد چووە لای (زومعەی کوڕی ئەسوەد) و ئەوەی دەزانی کە مرۆڤەکان وەڵامی عەقڵیان لەبەر کۆشکی سۆزیانەوە گوزەر دەکات. باسی خزمایەتی و مافەکانی بۆ کرد و ئەوەی بەسەر بەنی هاشمدا دەهات پێش چاوەکانی خستە بەر دڵیەوە. ئەویش وتی: ئایا بۆ ئەو کارەی منی بۆ بانگ دەکەیت کەسی دیکەمان لەگەڵە؟

هیشام بە شادیەوە ناوی ئەوانی دیکەی درکاند و ئەوجا هەر ئەو شەوە کاتێک دڵی بەردینی سەرکردەکانی دیکە لێی دەدا و لە خەوی قوواڵدا دەیانپرخان و غەبغەبە زلەکانیان لەتەک هەر هەناسەیەک دەهات و دەچوو. هەر پێنجیان لە (جیحۆن) کۆبوونەوە و پەیمانی هەڵوەشاندنەوەی پەرەی پەیماننامەکەیاندا، خوداش لەسەر چرای خۆی بۆ هەڵکردبوون و پێکەنینی بە کاری مرۆڤ دەهات، زوهەیر کە لە هەمووان زیتر خۆی بە نزیکی بەنی عەبدولموتەلیب دەزانی: وتی من پێش هەمووتان دەست پێدەکەم!

بەیانی لە شاخەکەوە خۆر هەڵهات و بە ئاسماندا سەرکەوت خەریک بوو بەناو قەدی ئاسمانەوە لەسەر شاری مەککە ڕادەوەستا، پێنج هاوپەیمانەکە بە

دڵی پڕ لە ترس و شادی دەرکەوتن، شادی کۆتایی هێنان بەو مەرگەساتەی خزمەکایان تووشی بووبوون، ترسی ئەوەش کارەکەیان سەر نەگرێت و ئەوسا خوا بۆ خۆی دەزانێت چ دەرەنجامێک چاوەڕوانی ئەوانە لە ناردنە لای ئەوانەی لە شیوەکەدا کە دەموچاوی قوپاو و قووڵی باریک و شین و مۆری هەرکام لەوانیان دەهاتە بەرچاو کە وەک لە گۆڕەوە ڕاستبووان بۆ ئەمانیان دەڕوانی یاخود خێڵەکەیان قورەیش دەبێت کە خوێن پژان و کوشتن و دووبەرەکی بوو.

ئەو کاتە هاتبوو کە هەموو پیاوانی دیاری قورەیش ئەوانەی دەیانویست هەواڵی شار و دەوروبەر و هەموو جیهان بزانن، تا هەواڵی شوێنی کاروانە وشتری بەبار نەباوەی قورەیش لە ڕێگەی دوورودرێژی بیابان تێبگەن، یاخود لە کڕێن و فرۆشتنی فەرشێکی ئێرانی یان شەرابی ناسراوی ڕۆمی و کۆیلە و کەنیزەکێکی ڕفێنراو و لەم بازاڕەدا پێشاندراو تا بە نرخێکی هەرزان دەستیان بکەوێت، ئیدی ئێستا ئەو کاتە بوو کە هەمووان لە بەردەم ماڵە گەورەکەدا و لە سایەی خوا یەک دەستەکەی هوبەل کە سایەی بەسەر هەمووانەوە بوو لێرە کۆ بووبوونەوە.

زوهەیر کە سێبەرەکەی بەقەت خۆی بوو و بەرزی بااڵی ئەوی پێشان دەدا، لە کاتێکدا زنجیرە ئاڵتوونیەکەی گەردنی بە تیشکی خۆرەکە بریسکەی دەدا، ڕۆشت بۆ ئەوەی بەوان بڵێت ئێوە بە پەریشانی بە دەوری کەعبەدا دەسوڕینەوە، بەاڵم ئەوانیدی کە ئازار دەدەن، دواتر هەنگاوی نایە ناوەڕاستی مەیدانەکە و چاوی بڕیە ئاسمان و بازۆڵەکانی بۆ سەرەوە هەڵبڕیوە وەک ئەوەی بۆ ئاسمان بدوێت.

مەبەستی هەموو ئەوانە بوو کە لەوێ کۆبوونەوە بەپەلە پەلەیەکەوە وەک ئەوەی پەرۆشیەکی بە تین بەخۆیەوە پێچا بێت و ویستی شتێک بڵێت، بەاڵم ئەو کە یەکێک لە ڕەوانبێژانی عەرەب بوو بۆ ساتێک هیچی پێنەوترا، هەستی بە هەڵەرزین کرد و دڵۆپ دڵۆپ عارەق لە ژێر چاوەکانیەوە بۆ سەر ڕیشە ڕەشەکەی کە لە چڕی و ڕەشیدا لە ڕیشی خاڵوانی دەکرد دەتکی، هەستی دەکرد وشەکان بۆ شوێنێکی زۆر دووری عەقڵی ڕۆشتبوون و هەرچەند بانگی

دەکردن نەدەهاتنەوە. هاوڕێکانی هەرکامیان لەبەرخۆوە دەیوت: ئەو دەترسێت، لە وتنی ئەو شتە گرنگە دەترسێت هیچی پێ ناوترێت.

زوهەیر هەناسەیەکی هەڵکێشا و مرۆڤ لە زۆر شوێندا تەنها هەناسە هەڵکێشانە و بە دەنگی بەرز وتی: (ئەی خەڵکی مەککە ڕەوایە ئێمە هەموو نان بخۆین و جل لەبەر بکەین و لە کاتێکدا "بەنی هاشم"یش بەرەو فەوتان بڕۆن، نەکەس شتیان پێ بفرۆشیت و نەکەس شتیان لێبکرێت!) بە جۆرێ ئەمەی وت کە هەستی یەکسان خوازی هەرکام لە تیرەکان لەتەک خێڵی گەورەکەیان کە بەنی هاشم بوو و هەنووکە برسی و داماو بوون ببزوێنێت و وەک ئەوە وا بوو کە بێژێت ئێمە هەموومان یەکسانین، ناشێت هەندێکمان یەکسانتر بین.

بەپەلە بە ڕەوتی تەوافکردن دەستی بە ڕاکردن کرد و چەند هەنگاوێک بەرەو لای دیواری بەیت هەڵهات و پاشان لای کردەوە و بازێکی دا و بە تاسەیەکی پڕ لە خوێنەوە کە لە لاملەکانیەوە بۆ لای دەمی هێنا بوو هاواری کرد: وەڵڵاهی دانانیشم هەتاکو ئەو پەرە ستمکارە دوابڕاوە لەناو نەبرێت.

ئەمە لە کاتێکدا و کە هەموو گەورە پیاوانی قورەیش و ئەو کۆیلە و کەنیزەکانەش بۆ کاری گەورەکانیان بەوێدا ڕەت دەبوون لەم سەر بۆ ئەو سەری مەیدانەکە بۆ زوهەیر ئاوڕیان دایەوە، لە ناکاوێکدا بوو بە مقۆمقۆ و پیاوان بۆ یەکتریان ڕوانی و لە پێشان هەموان واقوڕماو و هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو دواتر بوو بە هاوار هاوار و جنێودان، کەس نەیدەوێرا پشتگیری بکات، بەڵام زۆرینە دژی بوون و نەخێر نەخێریان دەکرد.

(ئەبوجەهل) لەو لاوە لە سوچێکی مزگەوت گوێی ڕادێرا بوو چاوەکانی ئەبڵەق مابوون و دەستێکی لەسەر ورگە زلەکەی دانابوو و بە دەستەکەی خەریکی هەڵکەندنی مووی سمێلە زلەکانی بوو و بیری دەکردەوە.

ئەو لە دۆخی خراپی بنەماڵە مێملەکەی خۆی و شوێنکەوتووانی باش دەزانی و ئەمە سۆزی نەدەبزوان و قورساییەکی لەسەر دڵی دروست نەدەکرد، ئاخر ئەو دڵی نەبوو، بەڵام مەرگیان هەموو عەرەب نەفرەتبارانی دەکردن، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ڕێگەی گەڕانەوەی موحەمەدو خزمانی بدرێت بێنەوە ناو مەککە و

قـورەیش هەمـوو ڕێسـەکەی لـێ دەبێـتەوە بە خـوری و بەڵاکە ڕووبەڕوویـان دەبوویەوە و جارێکی دییش مـوحەمەد ئەوان و خواکان و حەزەکانیانی بە گیر دەهێنـایەوە. (ئەبوجەهـل) وەک پـارێزەری بەرژەوەنـدیەکان قـورەیش هەرگیـز لەتەک هەڵگیرانـی ئـابڵوقەدا نەبـوو. بە تـووڕەییەوە هـاتە پێشـەوە ڕووی کـردە زوهەیـر کە هەنـووکە کـاری خـۆی تەواو کردبـوو ئەوە ئەوانـی دیـکە بـوون هەموویان دەدوان و کەس گوێی لە دەنگی کەس نەبوو، خەڵکەکە و دەستەکانی بۆ هەمووان ڕایەڵ کرد و هەمووان بێدەنگ بوون.

بە زوهەیـری وت: کە هەنـووکە ئەوان دوو بە دوو لە ناوەڕاسـتی خەڵکەکەدا وەسـتا بـوون: درۆ دەکەیـت بە خـوا نابێـت بـدرێنرێت، ئـەوی تـریش پشـتگیری هـاوڕێکەی کرد و هەڵێدایە: تـۆ درۆ دەکەیـت، ئـێمە ڕازی نەبـووین بە نووسـینی ئەو پەیماننـامەیە کاتێک کە نووسـراوە. وەک ئەوە بـوو بڵێـت تـۆ هەر خـۆت بەو کـارەت ویسـتووتە بـازاڕەکە بـۆت یەکـلا بێـت. ئەبـولبەختەریش وتـی: زەومەعە ڕاست دەکات ئێمە ڕازی نابین بەوەی تێیدا نووسراوە پێی قایل نین. ئەو دەبێت هەندێ لەو کۆیلە یاخیانە بکوژێت جا شـوێنکەوتی مـوحەمەد بـن یـان ئەو دەبێت هەیبەتی قورەیش لە دڵی ژێر دەسـتەکانیدا ڕۆچێنێت، لە ڕاستیشدا بە نیاز بـوو توانای خۆی بەسەر گەورە وتیرەکانی قورەیشیشدا بچەسپێت.

(مـوتعەم)یش بە ئەداکردنێکـی ڕەوان و سرووشـتیەوە پشـت لە ئەبوجەهـل و ڕوو لە هاوڕێکـانی وتـی: ئێـوە ڕاسـت دەکەن هـەر کەسـێکیش وەک ئێـوە نەڵێت خۆی و ئەوەش بۆی نووسیوە دەیدەینە دەست خـوا. وەک بڵێی خـوا تـۆڵەی ئەو مردوو و برسی و نەخۆشانەی شـیوی ئەبوتالیب ون ناکات. ئەوجـا دەسـتەکانی بۆ ئاسـمان هەڵبڕی و ڕایگرتن لە خەڵکەکەی ڕوانی و دواتر کە زانی ڕۆڵەکەی تەواو بـوو هەر بە حەواوە بەری دانەوە. پاشـان (هیشـام)یش هەر بەو شـێوەی شـــەو لەســـەری ڕێکەوتبـــوون هەمـــان ئەدای مـــوتعەمی بە شـــێوازی تـــایبەتی خۆیەوەکرد.

(ئەبوجەهل) هەنووکە لەم کارە بە بەرنامەیە سەری سوڕما بوو مێشکی خۆی بۆ خستەکار و لەبەر خۆوە بۆڵە بۆڵێکی کرد: ئەمە کارێکە بەشەو تەگبیری بۆ کراوە، لە شوێنێکی تردا پرس و ڕای لەسەرکراوە.

(ئەبوتالیب)یش لە کاتێکدا هەمووان بە پێوە بوون ئەو نەبێت بە دانیشتانەوە کە بە نەخۆشی و پیری دەستەکانی دەلەرزین و بەری چاوی لە برسانا سەوز هەڵگەڕابوو وتی: برازاکەم هەواڵی داوە کە کرمی دیوار و مۆرانە ڕێکەوتنەکەی خواردوە تەنیا ناوەکەی خوا نەبێت، هەمووان زۆر ئەوەیان پێ خۆش بوو و وتیان ئەگەر برازاکەت ئەوەی وتبێت ئەوا هەڵی دەوەشێنینەوە.

نوتقی پێنجەمەکە و وتە لەرزاوەکانی گەورەکەیان ئەبوتالیب بووبوونە وتەی کەسێکی شارەزای وتەی ناو قورەیش وەک ئەوە بوو بێژێت: بەینێکی تر هەموویان هەموو خزمەکانتان لە برساندا دەمرن و ناچار دەبن بچن لاشە مردووەکانیان لە چڕنووکی دەنووکی دااڵە لاکخۆرەکان وەربگرنەوە و تا لە ژێر گڵی بشارنەوە، ئەوان نوتقیاندا و گوتەکان نیشتبوونە سەر دڵە بەردەکان و کردبوونیەوە بە گۆشت و وتیان بڕۆن پەیماننامەکە بهێنن.

راست لەو کاتەدا ئەبوتالیب وشەیەکی نەخۆشی لەدەم هاتەدەر کەمیان بیستی، بەڵام هەمووان وەستان و بۆڵای ئەو لایان کردەوە ئەوجا ئەو وچانیدا و دواتر دەستی بە قسان کردەوە، هەوڵی زێتری دا تا هەمووان گوێیان لە دەنگی بوو بە گەورەی تیرەکانی قورەیش گوت: من کە بەقەد تەمەنی چۆلەکەیەکم نەماوە بۆ خۆم نییە. من ئەگەر بەتەنها بام، بەلامەوە گرنگ نەبوو کە ئابلۆقە هەڵگرن، نەچوومە ژێر ڕەزاڵەتی ملدان بۆ ئێوەی دڵڕەق و خزمانی بێ ئەمەک، بەڵام من بەزەییم بە ژنان و منداڵانی برسیەوە دێتەوە کە بڕستیان لێبراوە.

هەمووان زانیان ئەبوتالیب جارێکی دیکە بەم گوتانەی پشتیوانی خۆی بۆ برازاکەی جەخت دەکاتەوە، هەنووکە خەڵکەکە بە حەماسەتەوە بەرەو ژوور و شوێنی پەرەکە لەناو ماڵی خوا بزوان و پێنج هاوڕێکەش لە پێش هەموویانەوە تەنها ئەبوتالیب و ئەبوجەهل نەبێت کە ئەم لە ڕقاندا و ئەویش لە نەبوونی یارا و پیریدا لە جێی خۆیانە بزوان. بۆ هەڵوەشاندنەوەی لە بەردەم نامە

هەڵواسراوەکەدا وەستان. ئەمان هەڵیان نەوەشاندوە ئەو هەر خۆی نەماوە (کرم) وەک سەربازی خوا هەمووی خواردوە ئەمەش بووە نیشانەیەک دیکەی ڕاست پەیامی مومەحەمەد کە ئەبوتالیب لە خۆشیاندا جێی بە خۆی نەدەگرت و بۆ ساتێک نەخۆشی و برسێتی خۆی لەبیر چووەوە.

هەمووان دەستیان ڕادەوەشاند و هاواریان دەکرد: بیهێنن پەیماننامەکە بهێنن. ئەو پارچەیەی کە ناوی خودای پێوە بوو بۆیان نەدڕا بوو هێنایان و ئەوی دیکەیان هێنا نەیاندڕاند چونکە بۆ خۆی وەری بوو و هەمووان بە یەک دەنگ هاواریان کرد پەیمانانامەکە هەڵوەشایەوە.

موحەمەد لە ناو کەسە برسیەکانی لە مالّی مامی خوا هەواڵی ئەمەی پێدرا و لە خۆشیدا چاوەکانی نیشتنە ناو گۆمی فرمێسک و لە ئەندێشەی قوولّدا ڕۆچوو بوو ئاخۆ هەنگاوی دواتری پەروەردگاری چی دەبێت؟ بەم چەشنە دابڕان و حەساری سەر موحەمەد و بەنی هاشمیان هەڵگرت.

هیچ ڕۆژێک دووبارە نابێتەوە هیچ شەوێک وەک یەک نییە، ئەمە یەکێک لەو ڕۆژە دووبارە نەبووانەی ژیاننامەی موحەمەدە کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە و کۆتایی برسێتی و ئازار بوو. ئەوان دەبوو ڕۆحیان بە ئارامگرتن پڕچەک بکەن تا سەرکەون، هەنووکە ئەمە ئەمە وردە سەرکەوتنە و سەرکەوتنی گەورەکەش دواتر بوو، وای بە حاڵی کەسێک کارەکانی خوا بە پێوانەی دڵی خۆی بپێوێت، کافرانی بێدین بە بیری خۆیان گەز و پێوانەیان کردبوو، هەنووکە گەز و پێوانە و دوکان و کڕین و فرۆشتنیان تێکدرابوو.

خودا مرۆڤی لەبیر نەکرد بوو، ئەو لە نزیکی ستەمکارترین مرۆڤ و وەحشیترین ئاژەڵ و قاقڕترین وشکانی و تۆفانیترین زەریا و گەرمترین هاوین و کڕێوەترین زستاندا بوونی هەبوو، کە هەموویان و زۆر شتی دیکەش ئازاری مرۆڤیان دەدا. ئەویش هەر ئەوەی دەویست کە مرۆڤ دەیویست ڕزگارکەرێک بێت و ئەو لەو قوڕەی تێی نیشتووە دەربکات، دواجار دواییین نێردراوی خۆی دەنێرێت و تا مرۆڤەکان بەو هەموو ئازار و دواتر شادی هەڵگیرانی ئازار قوتار بکات.

سی و دووییەم: لەتکردنی مانگ

(پێغەمبەر نزای لای خواکرد کە مانگ لەت بکات، خوداش کاری لەو شێوەیەی کرد تا بەوان بڵێت ئەو مانگ لەت دەکات بۆ ئەوەی مانگەکەی تر ببینن کە پێغەمبەرەکەیەتی)

ڕۆژ بە ڕۆژ کافرانی دژ بە موحەمەد لە ناوەوە هەست بە دۆڕانی زێتر و لە دەرەوەش بۆ پۆشینی ئەو دۆڕانە هەرچی ئازاری تووندتری یارانی ئەویان دەدا، هەر ڕۆژە و هەونەرێکی نوێ لە ئەشکەنجەدانی ئەوان بە خەرج دەدەن، لەو پێناوەدا ژیانی پڕ لە حەوانەوە و ئارامی خۆیان پڕ لە قێز و بێز کردووە، وای لێهاتووە دەم بە گۆشتەوە نادەن هێندە خوێن و گۆشتی توێ تووێکراو و خوێ تێکراو و سوتاوی بەر خۆری یارانی موحەمەد و بۆنی جەستەی بە ئاسنی گەرم داخکراو و بەر تینی خۆری نزیکی جەستەی سووتاوی ئەوانیان بەر پەردەی بزواوی کەپوویان کەوتووە.

خۆشیان نازانن بەو سزادان و ئازاردانە چیژ دەبەن یانیش ئازار دەچێژن؟ لە ترساندا یاخود لە دەرخستنی هێز و توانای ئازاردان ئەو هەموو تەکنیکە بۆ یەکتر دەگێڕنەوە و کۆڕی خواردنەوەیان پێ گەرم دەکەن، پەیکێ هەڵدەدەن و دەگرین و پەیکێک هەڵدەدەن قاقا پێدەکەنن. خۆشیان نازانن پێکەنینی دۆڕانە یاخود گریانی سەرکەوتنی داهێنانی هونەر و تەکنیکی نوێی ڕەنج و ئازاری نوێی ئاژەڵی دوو پێی وەک خۆیان، ئەمان تەکنیک دەگۆڕن و سزا زێتر دەکەن و ئازار زێتر دەکەن دەکەن.

ئەوان لەسەر بیروباوەڕ و ئایینی باوباپیران دەرچوون سور و مکوڕتر دەبن، هەرچی دووکەڵی برژانی گۆشت و بزمار پێدا بۆ ناوەوە داکوتین، شریقەی قامچی و جێ برینی شیلاقی زێتر بە پشتیانەوە و لە هۆش خۆچوون و بەرگە نەگرتن و هەرچی سووربوونی زیاد و زیاتر لە سەر یەکخودایی و (ئەحەد... ئەحەد) کردن. هەموو شار و دەشتی فراوانی (بەتحا) بووەتە سزاخانە و بۆنی گەنیوی جەستەی نیوە زیندوو و لاکی مردووی مرۆڤی لێوە دێت و قەلەکان بە ئاسمانەوە دەسوڕێنەوە تا ئەو دەمەش هێشتا گیان لە لاشە جوێ نەبۆتەوە

داگەڕێنە خـوارەوە بە زەبـری دەنـووک و چڕنـووک گۆشـت و ئێسـقان ڕۆح و بەدەن لە یەکدی جوێ بکەنەوە.

ئەمان هەموویان بە تەواوەتی بوونەتە وەحشی مرۆڤخۆر و چێژ لە ئازار و مەرگی مـرۆڤ دەبەن. شـەوان خەویـان نییە و بە دەم ئـازاراوە دادەچڵەکـێن و خەویـان لە خێـزان و دەر و دراوسـێیان حەرام کـردووە، ژنەکانیـان ژووری نوسـتنیان لـێ جـوێکردوونەتەوە و دراوسـێکانیش پەنـجەرەو دەرگاکانیـان تەختەکوت کردووە تا گوێیان لە نالّە و هاوار هـاواری ئەمـانی گەورەی قورەیش نەبێت. شـەوان لەمـاڵ دێنەدەرێ و کـۆڕی خـواردنەوە گەرم دەکەن و کێبرکێی ئەوە دەکەن کامیان لە تەکنیکی نوێی سزادانی یارانی مـوحەمەد ئەفراندن دەکەن، لە ڕووکەشدا بە شانازیەوە و لە ناوەوە بە ئازارەوە بۆ یەکدی باس دەکەن.

مامەکەی عوسمانی کـۆڕی عەفان، زیرەکترین پارە پەیداکەری نـاو تیرەکانی قورەیش کە لەسەر بەردی ڕەش پارەیان پێکەوە دەنا، بە مەستی بـۆ یەکەم جار لەبـاتی ئەوەی باسـی هـونەری پەیداکردنی پـارە بکـات باسـی هـونەری سـزادانی بـرازاکەی دەکـرد و لە دڵیشـیدا ئەو کـوڕە زیـرەکە پشـتی لە دونیـای پـارە پەیداکردن کردەوە و شوێن کوڕە سەر لێشێواوەکەی عەبدولموتەلیب کەوتووە. قاقا پێدەکەنی یاخود بۆ برازاکەی دەگریـا و دەیـوت، عوسـمانی ناسـک و نـازدارم لە حەسیرێکی پەلی دارخورماوە پێچـاو و هەڵمواسـی پاشـان لە ژێرەوە قـانگم دا هەتا نەبووراوەوە دام نەگرت، کە هێنامە خـوارەوە ئەو عوسـمانە جـوان و پێسـت سپیە وەک دێوی ڕەش بە دووکەڵ ڕەش داگەڕا بوو.

باوکی موسعەب کە ژن ئاغایەک بوو هەر نەبێتەوە، هەمـوو مووڵک و مـاڵی لە دەست ژنەکەیدا بوو و بە ئارەزووی خۆی بەمـلاو بەولادا تەخشـان و پەخشـانی دەکـرد و خەرجـی عەتـر و عتـوری شـازادەی گەنـجە هاوتەمەنەکـانی خـۆی و موسعەبی دەکرد ئەو بە بێزەوە بۆ مێردەکەی دەڕوانی و خـۆی نەدەدایە دەسـتی و ئەویش لە داخانا دەهاتە کۆڕی خـواردنەوەی گەورانـی قورەیش بە مەسـتیەوە و بە خۆشـیەوە دەیـوت: چەنـد شـەوە ژنەکەی خەوی نیـیە، کـوڕەکەی شـوێن مـوحەمەد کەوتـووە و سـوێندی خـواردووە ئەگەر پەشـیمان نەبێتەوە لە دینـی موحەمەد هیچ ناخۆم و ناخۆمەوە هەتاکو بمرم!

یەکێـک لە هاوڕێکـانی بە مەسـتیەوە وتـی: هەڵوێسـتی کـوڕە نازدارەکەتـان چۆنە؟

عـومەیر (بە پێکەنیـنەوە): کـوڕە نـازدارەکەی دایە دەڵێـت: تەنـانەت ئەگەر بشمریت هێشتا هەر پەشیمان نابمەوە!

فرمێسک تێکەڵی پێکەکەی بوو بۆ کوڕە نازدارەکەی گریا و وتی: دەترسم کـوڕەکەم لە دەسـت دەربچێـت، و لەوێ ژنە زاڵـمەکە هیچـی نـاداتێ و وا لەوێ وەک مار کاژی هەڵداوە.

بـۆ دڵـدانەوەی عـومەیر یەکێـک لە کـوڕانی خواپێـداوی "بەنـی عەبدولـدار" هەڵیدایێ و گوتی: کۆیلەیەکمان هەیە گرانترین نرخی هەبوو و هەمـوو کاروبـاری ماڵی ئێمە لەسـەر شانی ئەو بـوو "ئەفلەح" کە هێندە کارکەر بـوو ناومـان لێنابوو "ئەبـو فەکـیهە" بەم دوایـیە ئەویـش داویەتـی لەسـەری و لێمـان یـاخی بـووە و ناچارین زیندانی بکەین و دەست و قـاچی بە گـوریس ببەسـتینەوە و لەسـەر ڕوو بەسـەر زەویدا ڕای دەکێشین و پێستی سـەر و سـک و ناوچـاوی بە زەوییەکەوە بەجـێ دەمێنێت. پیـاوە دەسـت ڕەنگـین و شـیر دڕووسـتکەرەکەی کـۆیلەی "ئـوم ئەنمار" خاوەنەکەی بۆ خۆی نەیدەتوانی سزای بدات بـۆیە سـزادەرانی قورەیشـی سەرپشـک کردبـوو کە چۆنیـان بوویێت مەملـوکەکەی سـزا بـدەن تـا لە ئـایینەکەی موحەمەدی وەربگێڕن و جەستەی ڕێک و قژە پڕەکانی بسووتێنن.

ئەوانـیش دەهـاتن بە قژەکـانی ڕایـان دەکێشـا و لە کـوڕەی ئاسـنگەرەکەی پشکۆیان دەردەهێنـا و بە جەسـتەی ڕێک و جوانیـانەوە دەنـا و بۆسـۆی چەوری گیانی دەگەیشتە لای خواکەی لە ئاسـمان و ملیـان بـادەدا و ناوشـانیان دەشـکاند، بە پێـی پەتـی لەسـەر تەپـی پشـکۆی گەشـاوە ڕایـان دەوەسـتان و سـوتانی بـن پێکـانی تەوقـی سـەری دەهێنـایە کـوڵان، پیـاوەکە بـۆ سـاتێک ڕاوەسـتا بـۆنی دووکەڵی سوتانی قاچەکانی خەباب لە کەپوویدا بوو و ئەوجـا پێکەکەی هەڵـدەدا و دەیوت پاشان جەستەی بووراوە و نیوە گیانی ئەومان بۆ (بەتحـا) ڕادەکێشـا و بەردمـان لەسـەر سـینگی دادەنـا تـا ئەو کـاتەی هـۆش خـۆی دەهـاتەوە نەتوانێت هەڵسێتەوە.

یەکێـک لە بنەمـاڵەی (بەنـی مۆمـل) کە خێڵـێکن لە بەنـی عەدی هێنـدە لە کەنیزەکەکەیان دەدا و کەس دەسـتیانی نەدەگرت تـا وازی دەهێنـا و دەیـوت هـیچ شـتێ وازی پـێ نـاهێنێ تەنهـا ماندوو بـوون نەبـێ. لە ژنـانی کەنیزەی دیکەشـیان دەدا ئەمە لە شیمەی ئەوانی عەرەبیش دوور بوو بـۆ نموونـە: زەنیە و نەهـدیە و کچەکەیـان و ئـوم عـوبەیس هەرچەنـد کـۆیلە بـوو، بەڵام دەرمـانسـاز و چـاری

برینەکانی هەموو ئازادەکانی مەککەی دەکرد ئەویشیان وەک ئازاری پیاوان، ئازار دەدا.

ئاخ لە دەستی کورەکەی "ئەبو قوحافە" کە هەموویانی کڕیەوە و ئازادی کردن و هەر وەک بیلال و عامری کوڕی فەهیرەی کڕیەوە. ئەوجا بەناوهێنانی ئەبوبەکر گۆزەی پڕ لە شەرابیان بۆ ناو جامی لە گڵ درووستکراو لارکردەوە و قاقا پێکەنین، باسی ئەوەی ئەو کابرا سەیرە!! هەموو سەروەت و سامانی لە پێناوا هاوڕێکەیدا خەرج کردووە. مەگەر موحەمەد ئەگینا هیچکام لە شوێنکەوتووانی بەقەت ئەم بازرگانە سەرکەوتووە لاواز و بێجەستە و گیانە دەستی ئەوانی نەگرتووە.

ئەبوجەهل کە ئەمشەو کپ و بێدەنگ هەر دەیخواردەوە و پێک وەدووی پێک هەڵیدەدان، هەمووان دەیانزانی کە کەس هێندەی ئەو سزای موسڵمانی نەداوە، بەناوهێنانی ئەبوبەکر هەستی کرد زۆر ڕقی لەو کابرایە دەهاتەوە، هەر لەبەر ئەوەش زۆر بە باشی ئەوی دەناسی. بۆ ئەوەی کەسێک بە باشی بناسی دەبێت زۆر ڕقت لێی بێتەوە، تا بیانوویەکت بە دەستەوە بێت بە تەواوەتی بە هەناویدا بچیتە خوارەوە. ئەم بە هەناوی ئەودا چووبووە خوارەوە. هیچکام لە شوێنکەوتووانی وەک ئەو نەگۆڕابوو. ئەوان هەموویان گۆڕا بوون، لە ڕاستیشدا هیچ شتێک وەک شوێنکەوتنی ئایینی نوێی موحەمەد کەس ناگۆڕێت.

هەندێک بازرگان کە تەنها بیر لە پارە دەکاتەوە بە میهر و بە سۆز دەکات، هەندێکیش تا ئاستی هەژارکەوتن دەستبڵاو و بەخشندە دەکات وەک ئەوەی بە کوڕەکەی ئەبوقوحافەی کردبوو، هەندێکیش ئازاد و بەختەوەر دەکات وەک ئەو هەموو کۆیلە و کەنیزەکانەی کە هەر ئەم بازرگانە ئازادیان دەکات، هەندێکی خۆش گوزەران و ژیان پڕ لە بەختەوەریش کەم خەو دەکات و ئارامیان ناهێڵێت و خەویان دەزڕێنێت و لە بۆشایی دەڕوانن و لەتەک نەبینراودا گفتوگۆ دەکەن و هەڵدەستن و دەچەمێنەوە و سەر دەخەنە سەر ئەرز و دەست هەڵدەبرن وەک ئەوەی دووبارە لەم کابرایە واتە ئەبوبەکری دەگێڕنەوە.

ئەو هەموو داماو و بەستەزمانانەی شوێنکەوتووی موحەمەد پێویستیان بە دڵسۆزی هاوڕێکەی واتە ئەبوبەکر هەیە تا لە دەست ڕەنج و ئازار ڕزگاریان بێت. ئەم نازانێت ئەوانە لەم جیهانەدا چ ئەرکێکیان هەیە تا ئەو پارە نازدارانەی خۆی بۆ ڕزگارکردنیان خەرج بکات.

هەر وەک لەوەش ناگـات مرۆڤێکـی دەوڵەمەنـدی وەک ئەو چـۆن دەتوانێـت گوێ لە داماوانێکی وەک ئەوانە بگرێت! کە باسـی شـتانێک دەکەن کە پەیوەندیان بە زێڕ و زیو و زۆر و فریوەوە نییە، ئەم بۆ خۆی حەزی لە هیچکام لەو شـتانە نیـیە. ئەو چـۆن دەتوانێـت لەگەڵ هـاوڕێکەی بیـر لە خـودا و ژیـان و مەرگ و ڕزگارکردنی مرۆڤ بکەنەوە، ئایا ئەوان لەم ژیانەدا هیچ ئەرکێکی دیکەیان نییە.

ئەو بـاش مـوحەمەدیش دەناسـێت، بەڵام دانـی پێـدا نانێـت کە ئەو هەمـوو حـیکمەتە لە نـاو دانە وردەکـانیەوە وەک دەنـگ لەنـاو هەواوە دێـنە دەرەوە. ئەم دانی بە ژیری و چاکبوونی و حەق ویستیدا دەنێت، بەڵام هەر ئەو حەقویستیەی مەترسی بۆ ئەمانی سەروەرانی قورەیش درووست دەکات. لەمەشدا هـاوڕێکەی هەمـان هەڵوێسـتی هەیە ئەم ئەوە ناشـارێتەوە کە خەریـکە بە قەت بـوغزی بـۆ موحەمەد داخی ئەوی لە دڵدایە.

زۆرجـار دەیانبینێت کە مـوحەمەد دەدوێت و ئەو بە هەمـوو شـان و شـکۆی دەوڵەمەندانەی خـۆیەوە دەسـتەوئەژنۆ لە بەرامـبەری دادەنیشـێت و بە نیشـانەی تێڕامان دەستە باریکەکانی بـۆ دەموچـاوی باریک و ڕیشـی لە بناگوێی کـورت و لە چەناگـەی درێژیـدا دەهێنێـت، جەسـتەی بـاریکی لەبەردەمیـدا بە نوشـتاوەیی ڕادەگرێـت و دەموچـاوی دەبـاتە بەردەمـی و چاوەکـانی دادەخـات، وەک ئەوەی گـوێ لە شـتێکی گرنـگ ڕابگرێـت سـەری هەڵنابرێـت، وەک ئەوەی لەوێ نەبێـت بەڵکو لەتەک هاوڕێکەی بۆ ئەو بەهەشتە ڕۆشتبن کە ئەو باسی دەکرد و پێکەوە لە ژێر سێبەری درەختە هەتا ئاسمان هەڵچووەکانی پیاسە بکەن.

ئەبوجەهـــل کە بیـــری لەو دەکـــردەوە ئەوەی نەدەزانـــی کە ئەبـــوبەکر لە ڕووکەشـدا ئـارام و بێـدەنگ بـوو، بەڵام لە نـاوەوەدا قیـامەتی تێـدا هەڵسـابوو، بێدەنگیەکەی ئەو لەو بێدەنگیانە بوو کە خۆی بەسەر جیهانێکی گڕگرتوودا داوە، تـا ئـاگر هەمـوو دونیـا نەگرێت. یـان وەک ئەوەی کـارێکی گەورەی ڕزگـارکردنی هەموو جیهانیـان بە هەمـوو دامـاو برسـی و ڕەجاڵ و نەخۆشـانەی خـۆیەوە بەو دووانە و بەو دە دوانزە شوێنکەوتووانی مـوحەمەدەوە ڕزگـاری بکەن. سـەیریان دەکـات وەک ئەوەی لەم خـاکی بیابـان و دوورەی مەککە نەبـن یـا بـۆ شـوێنی بە هەیبەتی وا سەفەریان کردبێت، جەسـتەی وشـک بوویـان لێرە بەجـێ هێشـتبێ و تەنیا ئەوەی بە ئێرەیانەوە دەبەستێتەوە، فرمێسک و گریانەکانیانە.

ئەم نازانێ چۆن دەتوانێت کە پێی ناخۆش نەبێت لەتەک لاتولوتەکان دانیشێت و هەمووان بە گوێ و دەم کراوەوە باسی شتگەلی وەک کۆتایی هاتنی گەردوون و تێداچوونی ئەو هەموو ژن و مۆڵک و ماڵەی سەرزەوی و سەر لەنوێ دروستبوونەوەی بکەن.

ئیماندارەکان هەموو لێرە سزا دەدران، بۆنی سوتانی پێستی لە دین دەرچووەکان بەسەر لمەکەوە بەجێدەما، ئاسمان بەسەر سەریانە وەک ساجی شین گەرم داگەڕابوو و نە فریشتەیەک نە مەشخەڵێک نە دەنگێک نە هیچ نیشانەیەک لە ئاسمانەوە دیار بوو، تا ئەوەی موحەمەد و یارانی لە خۆیان دەپرسی نەبادا ئێمە دۆڕا بین و هیچ سەرکەوتنێک بوونی نەبێت، وا دیار بوو ئەو خودایەی بەو لاسەرەوە لە زەوی دەرانێت نیازی هیچ سەرکەوتنێکی ئەمانی نییە. بە ئامانجی زەربەلێدانی ئەبوبەکر پەنجەکانی کردنەوە و پاشان کردنیە مشت و بە ئامانجی تێسرەواندنی ناوسکی قوجاندنیەوە و لە توندی پێداکێشانی دانە جیرکەرەی بە خۆی هێنا. ئاخر ئەو لە هەوڵی بەرامبەرکردنەوەی ئەو هەموو بێ حەسەب و نەسەبانەی دەوری موحەمەد لەتەک ئەمانی ناو ئەم کۆڕی ڕابواردن و خواردنەوەدایە.

لە هەر شوێنێک بەگیریان دەهێنن بۆ ئەوەی واز لە شوێنکەوتنی موحەمەد پەشیمان ببنەوە، ئەو خێرا فریایان دەکەوێت بە حوکمی پارەکانی و نەسەبی ڕزگاریان دەکات. هەر کەس لەو بڕوانێت دەزانێت ئەویش وەک هاوڕێکەی سەنگین و بە شکۆوە پارەکانی خۆی دەخاتەگەر. ئەو بۆخۆشی نازانێت کە ئەو بابەتە تا سەر ناڕوات و ڕۆژێک دادێت پارەکانی کۆتاییان دێت و عەقڵە بازرگانیەکەشی فریای ناکەوێت.

ئەم چووزانێت ڕەنگە کۆتاییشی نەیەت. ترسێکی زۆری لەسەر ئەو و دەسەڵاتی دروستکردووە. ترسی موحەمەد و بنەماڵەکەی کۆتایی نەهاتووە ترسی ئەم کابرا باریک و دەنگ دەرنەهاتووەشی هاتۆتە سەر، کاتێک دەدوێت دەمە بچووک و چەناگە دریژەکەی دەبزوێنێت، دەتوانی وشەکانی بژمێری.

ئەو بەو دەنگە لاوازەی خۆیەوە دوای موحەمەد لە هەموو کەس زیاتر پەستی دەکات و وادەزانێت بووەتە ملۆزمی، هەموو ئەو شتە گەورە و گرنگانەی کە بیری لێدەکاتەوە و هەر نەخشەیەک دادەڕێژێت بە ئەشکەنجەدانی شوێنکەوتووانی موحەمەد و پێشاندانی دەسەڵات لە بن نەهاتووی خۆی، خێرا

ئەو دێت و لە دەستی ڕزگاریان دەکات و پاشان لە ئاستی ئەماندا خۆیان حسێب دەکەن، شان لە شانیان دەدەن گوایە ئەوانیش وەک ئەمان ئازادن.

ئێستا کە بیر لەو کابرایە دەکاتەوە هەر هێندە نییە لە مەراقاندا کە لە سەری نەتەقێت و هەمیشە لە ڕۆژێک گەڕاوە کە تۆڵەی ئەو نەخشە لێ تێکدانەی خۆی لەو بکاتەوە. تا ئەو ڕۆژە هات و ئیدی ئەمیش چیرۆکی ئەشکەنجە و لێدانی ئەبوبەکری بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە.

ئەم حەزی لەو خۆگریەی بوو، نەیزانی چۆن ئەو هەتا زۆرتری لێبدرایە بەو جەستە لاوازەی خۆیەوە زۆرتر بەرگەی دەگرت. هەمووان لێی خڕبوونەوە تا توانیان لێیاندا (عوتبەی کوڕی ڕەبیعە) بە نەعلە ژێر بزماری و تەختەبینەکانی خۆیەوە کە لە قاچەکانی کردبوونەوە و بە دەستەکانی لە پشتەوە لێیدا و لێیدا لە کاتێدا ئەو لە پێشەوە خەریکی مشتوەشاندن و بەرگری لە خۆکردن بوو ئەو لە پشتەوە بە پشتملیدا کێشا و و بینی کە پشتدا کەوت و ئەوسا هەمووان تێی بەربوون نە نەعلێک و نە دووان کێشایان بە دەموچاویدا، هێندەیان پێدا کێشا هیچ کەم لە ئەندامەکانی دەموچاوی لە یەکدی جوودا نەدەکرانەوە.

ئەو مرۆڤ بوو، بەڵام خۆڕاگر بوو، هەتا لە هۆشی خۆی چوو هەر متمانە و باوەڕی خۆی بە هاوڕێکەی دووپات دەکردەوە، ئای کە دڵی پێخۆش بوو کە بە هاندانەکانی ئەم هێندەیان لێدابوو، ئەم لەوێ نەکشایەوە تا ئەو کاتەی خزمەکانی لە تیرەی (بەنوتەمیم) پەیدا بوون و خستیانە ناو پێخەف و بەچوار دەست بۆ ماڵەوەیان بردەوە. ئەو نەمرد حەزی دەکرد مردبا، بەڵام بە ئارەزووی ئەم لێیاندا و لەوی نەمرد وا پێشبینی دەکرد کە دواتر بمردایە، بۆیە یەکێک لە پیاوەکانی بە شوێن هەواڵی دواتریدا نارد.

زانی نەمردووە و خۆزگە مردبا و چیتر نەیدیایە، ئیتر ئەم نەیدیایە بە کڕنوش و پارانەوە و خوێندنی کتێبەکەی موحەمەد لە نوێژگەکەی کە بە گریانەوە و دەنگی نەرمی دەیخوێنێت و گەنجانی قورەیش لە خشتە ببات. ئەو بە شوێنکەوتنی جەنازەی نەمردووی ئەبوبەکر لەلایەن پیاوەکانیەوە زانی کە نەمردووە، بەڵام نەیزانی کە بردیانە ماڵەوە و تا ئێوارە دایکەپیرەکەی بە خنەخن بە ساقە و قوربانی بوو و بۆی گریا و کوڕەکەی ئەبوقوحافە هۆشی بە خۆیدا نەهاتەوە.

هەر کە چاوەکانی کردنەوە دایک دەیەوێت خواردن و خوارنەوەیەکی دەرخوارد بدات، بەڵام کوڕە هەر وەک منداڵ ورک دەگرێت و مل نادات و داوای لە دایکی هەیە بۆی ئەنجام بدات تا بیخوات، دایکەش هەر وەک چۆن بە منداڵی داواکانی بەجێدەهێنا ئێستاش هەوڵی بەجێهێنانی داوای کوڕە گەورەکەیی ئێستا و لەبەرچاوی ئەودا منداڵەکەی جاران دەدات.

ئێوارە هات و خۆر دواین تیشەکەکانی خۆی گرتە ماڵەکانی مەککە و پێش ئەوەی ئەو کۆیان بکاتەوە و لەپاش خۆی بەجێی هێڵان و ئاودیو بوو. ئاسمانی شین لە دونیای نیوە سوور و نیوە ڕەش دەرکەوت و دایەی پیر هاتە لای کوڕەکەیەوە تازە چاوی کردبوویەوە، هەندێ نان و ئاوی بۆ هێنابوو تا بیخوات و بیخواتەوە و گیانێکی وەبەردا بێتەوە، بەڵام کوڕە نەیخواردەوە و ژن و منداڵەکان هەر چواردەوریان لێ گرتبوو و بە چاوە غەمبارەکانیان تکایان لێدەکرد کە بیانخوات.

سەری لارکردبوویەوە چاوەکانی نەیاندەبینی، بەڵام بە جۆری ڕاگرتنی سەریدا دیار بوو ئەو کوڕە بریندار و شەکەتەکەی دەبینی بە ئازار و خوێنەوە لە بەیانیەوە بێهۆشە و هەنووکەش کە چاوی کردۆتەوە، ناچێت ژێر باری ئەوەی تیکەیە نان بجوێ و تەڕایی چەند دڵۆپە ئاوێکیش گەرووی وشکی تەڕ بکاتەوە. دایکی بە تەمەن و ژنی سەلارەی خۆی بەساقە و قوربانی دەکرد، ئاخر ئەو لە بەیانیەوە ئەشکەبای خوا نەچوو بووە هەناویەوە، کوڕەکەی چل و هەشت ساڵ بوو، بەڵام هەرچی لە دایکێتی ڕۆڵە وردەکەی جارانە خۆی بە قوربانی دەکرد و دەستی ڕادەگرت و تیکەی نزیکی دەمی دادانا و دەیویست دەمی بکاتەوە و بیباتە ئەودیو دەمی وردیلە و وەک دەنکە زەیتوونی دەرکەوتوو لەناو لقی وردی دەموچاویەوە، بەڵام کوڕە دەیگوت: نەخێر هەتا خەبەری هاوڕێکەی موحەمەدی کوڕی عەبدوللا نەزانێت.

کوڕە دەیگوت: هیچ ناخۆم تا هەواڵی پێغەمبەری خودا نەزانم.

دایکەش دەیگوت: نازانم لە کوێ بزانم!

کوڕەکە چاوی نماوی خۆی دەبڕیە دایکی و هەر بە نازی بچووکی خۆیەوە دەیوت: برۆ بۆ لای "ئومجەمیل" کچەکەی خەتاب هەواڵی لایە ئەگەر دەتەوێت نان بخۆم؟

دایکەش لە ترسی نان نەخواردنی کوڕەی خۆی دەگەیەنێتە لای ئومجەمیل و هەواڵی موحەمەد دەپرسێت، ئەویش دەزانێت کە باوەڕی بە موحەمەد و دینەکەی ئەو نەهێناوە، بەڵکو ئەوە سۆزی دایکایەتیە ئەوی بۆ لای ئەم هێناوە، دایکایەتیش لای زۆر کەس لە ئایینی باوباپیران گرنگترە.

من ئایینی ئەبوبەکر و موحەمەدیش ناناسم، کوڕەکەم بۆ لای تۆی ناردوم تکات لێدەکەم ئەو خەریکە دەمرێت و دەم بە هیچەوە نادات.

ژنە بە هەستی نهێنی پارێزانەی خۆیەوە دەڵێت: با برۆین بۆ لای کوڕەکەت.

- ئەرێ وەڵڵا بە ساقەت بم با برۆین!

ژنە لای ئەبوبەکر لە حوزوری دایکی بتپەرستیدا هیچ نالێت.

مەترسە دایکم خۆمانەیە، پێغەمبەری خودا سەلامەتە. ئەوسا ئەبوبەکر هەر بە هیلاکی و ئازار و برسێتیەوە خۆی هەڵدەبڕێت و دەڵێت: بڵێ ئومجەمیل ئێستا پێغەمبەری خوا لە کوێیە؟ ئومجەمیل بە چاوێکی لە "ئومولخەیر" دایکی ئەبوبەکر دەڕوانێت و دەڵێت: ئەو لە شوێنە هەمیشەییەکەی لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمە.

*** *** ***

ڕۆژێکیش خۆر لە ئاسمانەوە بۆ ناو هەوا دابەزی بوو، کەس نەیدەوێرا لە پەنا دار و دیوار خۆی پێشان بدات ئەگینا تیشکی گەرمی هەتاو ئەوەندە توند بە تەوقە سەریدا دەدا چاوانی ڕێشکە و پێشکەیان دەکرد، لەوێ لەسەر لمی گڕگرتوو بۆی پاڵ دەکەوت و هۆشی لە خۆی نەدەما.

یارەکانی موحەمەدیش لە ماڵەکەی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم بەو گەرمایە قسەی ترسناک و گەرمتریان دەکرد و ڕوخساریان لە حەژمەت گەرما و ترسناکی باسەکەیان وەک هەنار سوور هەڵدەگەڕا، کێ دەتوانێت لەباتی پێغەمبەری خوا بوێری ئەوە بکات و بچێت لە بەردەم بتە گۆشت و ئێسقاندارەکانی قورەیش کەلامی خودا ئاشکرا بکات؟ عەبدوللاڵ کە لە سوچێکدا خۆی بەسەر دارەکەیدا دابوو و بە دەنگێکی ئارام و کپەوە وتی: من.

وتیان: نا.. تۆ نا.. دەبێت یەکێک بڕوات کەسدار بێت کە بەرگری لێبکەن، ئەگەر ویستیان دەستی بۆ بەرن. (هیچ کەس خۆی دروست نەکردووە تا بەو

شێوەیە جەستەی بسازێنێت کە ڕووبەڕووی هەموو ترسناکیەک بێتەوە، ئەوان شەرمیان کرد کە بڵێ نا ئەو قوڕەی خودا بۆ دروستکردنی تۆ بە دەستیەوە گرتووە کێشەکەی هێندە نەبووە کە بشێت بەرگەی لێدان و ئازار بگرێت و پارچە پارچە هەڵنەوەرێت).

عەبدوللا دەیزانی هاوڕێکانی خەیاڵیان لە کوێیە کە بۆ ئەو دەڕوانن، ئەو لە هەمووان زۆرتر وەزنی نەبووی خۆی دەزانی، بەڵام ئەوەشی دەزانی هەڵسان بە کاری لەو شێوەیەش پەیوەندیی بە جەستەوە نییە و ئەوە دڵی بە غیرەت دەتوانێت توانای وا بنوێنێت کە لە مرۆڤە هەرە باڵابەرز و لێهاتووەکان بوەشێتەوە. ئەمیش دەیزانی زۆر گرانە، بەڵام لێی دەوەشێتەوە کاری لەو شێوەیە ئەنجام بدات. دارەکەی دەستی بەسەر شانیدا دابوو و بە سەری بچووکیەوە بە ئاوازی شادی بەخش قورئانی دەخوێند، شتێکی لە یارانی کردبوو و قوڵە باریکەکان دەگواستەوە کە لە ژێر جلە کورتەکانیدا باریکتر لە دەزووی ناو دەرزی بەرگدروو دەردەکەوتن.

بانگیان کرد: بۆ کوێ عەبدوللا؟

وتی: بۆ بەردەم ماڵی خودا و ئایەتەکانی خودا دەخوێنمەوە، دەڕۆم لوتیان لە خاک دەژەنم.

وتیان: شتی لەو جۆرەت پێ ئەنجام نادرێت جەستەت نییە.

وتی: ئەگەر ڕۆح حەزی لێبێت جەستە مانای نابێت و هەموو شت دەبێتە ڕۆح.

پێیانگوت: عەبدوللا تۆ بێکەسی ئەوان دەتکوژن.

ئەو وەڵامی دابووەوە: ئەو تەنها پشت بە خودا دەبەستێت. ئاخر ئەو لە وابەستەگەلی بێهودە خۆی ڕزگار کردبوو، ئەوانەی سەرچاوەی هەموو ترسەکانی بەرەی ئادەمن.

قورئان خوێندنەکەی کابرای شوان لە دڵێکەوە دەهاتە دەرەوە تامی ماچ و لە ئامێزگرتنی نەچەشتبوو، هێندە دڵگیربوو و هەموو ئەوانی بۆ ناو باخی بەهەشت و سەیری چاڵە قوڵەکانی دۆزەخ دەبرد. جارێکیش مامۆستاکەی سەری لەسەر ڕانی دانا بوو و چاوەکانی لێکنابوو، وتبووی: عەبدوللا قورئانم بۆ بخوێنە، ئەمیش بە حەپەسانەوە وتبووی: من قورئان بۆ تۆ بخوێنم لە کاتێکدا بۆ تۆ دابەزیوە!

نەیویست بوو عەبدوللا شەرمەزار بکات و ئاخر من حەز دەکەم لە غەیری خۆمەوە ببیستم. ئەمە مانای وا بوو کە من حەز دەکەم لە زاری تۆوە ببیستم، ئەی شوانە جەستە بچووک و بە هیمەتەکە، مامۆستاکەی ئەوی ناو نابوو جێی ڕاز و نهێنییەکانم لە نێوان ئەو و ئەمدا هیچ پەردەیەک بوونی نەبوو. زۆرێک لەوانەی نەسەبی جیاوازی عەبدوللا و موحەمەدیان نەدەناسی عەبدوللایان بە یەکێک لە ئەندامانی ماڵی موحەمەد دەزانی. عەبدوللا وەک یەکێک لە کوڕانی موحەمەد دەهاتە ئەژمار، وەلێ ئەو لە ڕووی نەسەبەوە کوڕی نەبوو.

عەبدوللا لە سەرەتاوە سام چووە دڵیەوە و لە بەردەم ئەو هەموو مرۆڤە بێ بەزەیی و سەرکردانەی قورەیشدا، ئەم یەکەم کەس بوو کە گوتەی خودای دەخوێندەوە. بۆ ساتێک وشەکان لەسەر زاری دەخزان و پاشتر یەکانگیری دەنگی گەرووی شمشاڵ ئاسای خۆی و وشە ئەبەدی و ئاسمانیەکانی خودای دابەزیوی بۆ سەری دڵی محەمەدی ڕێکخستەوە، ئەوجا خوێندی و بە خوێندنەکەی مەلانی بەسەر هەوای فراوانی مەککەوە بۆ دەنگی باڵندانەی خۆیان بۆیان سەندەوە و فریشتەکانیش ببۆیان سەندەوە و بۆ جیهانی باڵایان گواستەوە.

هەنووکە عەبدوللا بە دەنگی مەلەکووتیانەی خۆی قورئانی دەخوێند کە هێندە خۆش قورئانەکەی خوێند کە ئەگەر تەنها چەند ئایەتی دی بخوێنایە جوبرەئیل سەناخوێنان بە هەموو باڵەکانیەوە دەردەکەوت و کافرانی بێدینیش لەم چێشتنگایەدا خەریکی سەودای خەڵەتاندن و ڕوپامایی خۆیان بوون. کە گوێیان لە دەنگی شوانەکە بوو وتیان: (ئیبن ئوم عەبد) چی دەکات؟ (وەک بڵێی ئەم دەنگە و ئەم نەغمە بان مرۆییە لە گەرووی ئەودا چیە کە دەیچریکێنێت!).

وتیان: خەریکی خوێندنەوەی هەندێک لەوەیە کە بۆ موحەمەد دابەزیوە.

ئەوان لە بار و بازاڕ بۆی هاتنە دەرەوە، بەڵام ئەو هەر لە خوێندن بەردەوام بوو: (الرحمن علم القران... فبای الاء ڕبکما تکذبان) ئەوان دەیانزانی کە بە وانی بوو هەموو نیعمەتەکانی گیانی گرتبوون، بەڵام ئەوان پەیامەکەی خودایان بە درۆ دەخستەوە. ئەمەش بەزمی تازەی موحەمەد بوو کە بوێری بەبێ بەهاترین پیاو و لاوازترین جەستە و شوانی مەککەش دابوو بێت، سینگی دەپەڕێنێت و بۆ یەکەم جار وتەکانی موحەمەد لە بەردەم ئەماندا بخوێنێتەوە.

باش بوو که ئەوی بێ قیللەت و بێکەس و هەژار بە کاری لەو شێوەیە هەڵسا بوو، ئیدی هەمووان بوێری ئەوەیان بۆ بوو کە هەڵسن و بچن تێی بسرەوێنن، هەموو پیاوانی ئازا و ترسنۆکی قورەیش لێی کۆبوونەوە، بە دەست و بە قاچ و بە گۆشت و ئیسقان بە دار و قامچی و خەنجەر و گۆچان دەستیان بە لێدانی کرد. هەرچەندیان بەسەر و گوێلاکیدا کێشا، ئەو هەر خەریکی خوێندنی قورئانی خۆی بوو، هەتا ئەوە زەبەلاحەکە بە ئەنگوستیلە ئەڵماسە دڕکاویەکەی بە بناگوێیدا هێنا و گوێی هەڵقڵیشان و خوێن بە بناگوێدا هاتەخوارەوە چاوەکانی عەبدوللا پڕ لە فرمێسک و ئایەتەکان کە بە زاریدا دەهاتنە دەرەوە خوێناوی بوون و بێ ئەوەی واز لە قورئان خوێندنەکەی بهێنێت جەستەی بچووکی چەمایەوە و پاشان بە پشتدا کەوت، ئەوجا ئەو هەموو مرۆڤە تێر چەوری خۆرە بە نەعلی تەختە بەر بوونە سەر و گوێلاکی و بە ژێر پێیەکانیان دەموچاویان وەک پیازی پیشاو پلیشانەوە و ژێر پێکانیان بە خوێنی دەموچاوی ڕەنگیان گرت.

چاوە خوێناویەکانی ڕاست و چەپ کەوتبوون و گۆنا قوپاوەکان و دەمولوتی هیچیان لە یەکدی جیا نەدەکرانەوە. ئەوجا لێی گەڕان تا دووان لە کۆیلە ڕەشە گەورەکانیان جەستەی بچووکیان هەڵبڕی و پاڵیان پێوەنا و بۆ سەر و سەکوتی خوێناویەوە بۆ لای یارەکانی ناردیانەوە ئەوانیش پێیان وت: نەمان وت تۆ مەچۆ با کەسێک لە ئێمە ئەم کارە بکات کە کەسوکاری هەبێت و هەر کە دەستیان بۆ هێنا شمشێرەکان بە پشت سەریەوە بریسکەیان بێت.

ئەویش لە کاتێکدا ئازاری گورچک بڕی لە سەریدا هەست پێدەکرد و هێشتا بزماری ژێر نەعلی ئەوانی بێ دینی لەناو دەموچاو و کەللەیا دەچەشت، وای دەزانی سەری بچووکی بەقەد شاخی نوور ئاوساوە و هێندە قورس بوو و بەسەر لاشەی بچووکیەوە بۆی ڕانەدەگیڕا و لەتری دەدا و سەیری ئەوانی دەکرد لەناو دەریای فراوانی لمدا لەسەر شەپۆلان دەهات و دەچوون.

چێژی لە عارەقی ڕۆنیشتووی گیانی تێکەڵ بە ئازار و خوێن دەبرد، ئینجا زەردەخەنەیەکی کرد و ددانەکانەکانی لە نێوان درزی دروستبووی نێوان دوو لێوە نەبووەکەیەوە دەرکەوتن و وتی: سوێند بە خوا هیچ کات بە قەت ئێستا بێدینانم لا کەم نەبووە، دەتوانم سبەینێش بە هەمان کار ڕقیان هەڵبسێنمەوە. وەک ئەوە وابوو بێژێت ئامادەم سبەینێش بە هەمان دەردم بەرنەوە.

هاوەڵانی کە نیوە بە دڵی پڕ و چاو بەگریان و نیوە خەندە و ئافەرینانە بۆ ئازایەتی بەو جەستەی بچووکیەوە وتیان: نا..نا.. ئەوەی ئەمڕۆ ئەنجامتدا لە داخنان بە دڵی ئەواندا بەسە. وەک ئەوەی وتبێتیان ئەو لێدانەی ئەمڕۆ کاری سبەینێ و دوو سبەینێ و هەتاهەتای ئەنجام دا ڕووگەی کەشتی مێژووت گۆڕی، دواجار و بۆ یەکەم جار کەلامی خوا لەسەر زاری یەکێک لە هاوەڵانی ئەویش شوانێکی بێ قیللەتی وەک تۆ لە بەردەم بەیتی خودا بەرامبەر بە نادیەکانی قورەیش خوێندرایەوە.

هەمووان بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە ئاهەنگیان گێڕا و سرودی بەهەشت و شەرابی بەهەشتیان لەسەر زاری دەنگە خۆشەکەی عەبدوللاوە کە بۆنی خۆشی مەڕ و بزن و بیابانی دەدا و چرکەی پەریانی بەهەشتی لە گەروو دەهاتە درەوە، ئەوی شوان بە جۆرێک قورئانی دەیخوێند، بێجگە لە پێغەمبەر کەس نەیدەتوانی بەو شێوەیە بیخوێنیت بۆ چەند ساتێک پێکەنن و لە بەهەشتدا پاڵیان لێدایەوە.

دواتر بۆ ناو دونیای کلۆڵ گەڕانەوە و بە گریانەوە چێژیان برد کە هەندێک لە باری سەرشانی پێغەمبەریان سووک کرد و توانیان هەندێک لە ئەرکی قورسی ڕووبەڕوو بوونەوەی سەردارانی کافریان خستە سەر شانی خۆیان و فیکەیەکیان لەو وەحشە کرد کە بۆ خواردنی ئەو وەستابوو، تا ڕوو بۆ لای ئەمانیش وەرگێڕێ و بۆ ساتێک چاوەکانی لەسەر ئەو لابدا و یارمەتی هەڵگرتنی هەندێ لە ئازاری قەپ تێگرتنەکانی ئەوانی سەروەرانی بێدین بدەن. بۆ ئەمەش هەمووان ئافەرینی عەبدوللایان کرد و جەستەی بچووکیان نەوازش کرد و برینەکانیان تیمارکرد.

ئەوان دەیانزانی تامی خوێن و ئەشکەنجەدانی قورەیش لەسەر جەستەیان ناسرێتەوە و شەڕێکی یەک لایەنەیە قەت کۆتایی پێنایەت، تەنانەت ئەگەر بۆ چەند ڕۆژ و شەوێکی بی ئازار لەوان بگەڕێن، ئەوە تەنها وەستانێکی کاتی شەڕەکەیە و پلانی هەزاران قامچی وەشێنرا و دڵە پڕ لە خوێنی ڕژاوی ئەمان و سووتانی بە ئاگری داخ و بەر خۆری گەرمەسووی سەرلمی جەستە ئەمانە، ئەوان ئاگاداری دڵی دڵنیای خۆیانن و ئاگایان لە پەشێوی و ترسی ئازاری داهاتوو و نەبڕاوەی خۆیانە. هەتا کەی ئەم ئەشکەنجە و ئازارە نابڕێتەوە. ئیدی بڕیاریان داوە ڕووبەڕوو ببنەوە. ئەوان دەترسن، بەڵام دەیانەوێت کردار بکەن ئەوان ئازاریان چەشتووە، بەڵام ئیتر نایانەوێت بیچەژن.

ئەو ڕەنگی سورهەڵگەڕا لەوان دڵگران نەبوو، بەڵام لە نەبینینی دەرەنجامی حەقیقەت تەنانەت لە لایەن ئەوانی هاوەڵیشیەوە تووڕەبوو، ئاخر ئەمە بۆ خودی ئەوی پێغەمبەریش بە هەمان شێوە بوو، ئاخر ئەویش وەک ئەوان مرۆڤ بوو هەموو کەمهێنانە مرۆییەکانی ئەوان لەم و توانای چاکەکاریەکانی ئەوانیش لەمدا بوونی هەبوو. تەنها هەر هێندە بوو خوا ئەوی تا ئەوپەڕی توانا چاکەکاریانە گەیاندبوو و کردویە پێغەمبەر، لە ڕۆژێکی ئەوەی کەمهێنان و ماندووبوونە ئینسانیەکەی خۆیدا لە ئازار و توانای بە کۆتا گەیشتووی هاوڕێکانی ماندوو بوو بوو و لەتەک ئەواندا وتبووی: سەرکەوتنی خوا کەیە؟

خوا دڵی هەر زوو میهری بۆی بزوابوو و وتبووی: سەرکەوتنی خوا نزیکە. ئەمیش هەر زوو پەی بە هەڵەبوونی خۆی برد بوو و گریا بوو هەنسکی دابوو، ئەوان گومانیان لە ڕاستی پەیامی پێغەمبەرەکەیان نەبوو، بەڵام ئەوان هەم شەکەت و هەمیش پرسیاریان هەبوو، ئاخر لای ئەوان تەنها پێوەری پێشاندەری ڕاستەقینە، پرسیارە. ئەو ڕۆحی خۆی بە میواندار بۆ هاوەڵانی ڕاخستبوو بۆ خۆشی لەوسەری سەرەوە خەریکی چێژ و عەیش و نۆشی ڕۆحی خۆی بوو، بەسەر خوانی نوورییندا سەری دانەواند بوو، پرسیاری ئەوان ئەوە بوو کە ئایا ئەوان لەسەر حەق نین، ئایا سەرکەوتنی ئەوان مسۆگەر نیە؟

شانی لەسەر عەبا بەسەرین بووەکەی هەڵبڕی و لە ئازار و ڕەنجی ئەوان دەگەیشت، بەڵام لە پێناو تەسەلا و سووک کردنی ئەو ڕەنجانەشدا نەیدەتوانی درۆبکات، حیکمەتی پێغەمبەر بوون هەر لە منداڵیەوە ئەوی ڕاهێنا بوو کە هیچ شتێک ئەوە ناهێنێت لەگەڵ کەسێکدا درۆ بکەیت، تەنانەت ئەگەر کەمکردنەوەی ئازاری ئەویش بێت، چونکە ئەوان لە گرۆی پێغەمبەرانن و لەوە گەیشتبوون ئەوە تەنها حەقیقەتە مرۆڤ قوتار دەکات تەنها حەقیقەت!

بۆیە ڕووی لەوان کرد و لەو باوەڕدارانە پێش ئێوە کەسانێک هەبوون کە چاوی بۆ ئەوانی برایانی ئازارچەشتوو و داماوی ڕابردوو پڕ لە فرمێسک بوو و ئەوجا هاتەگۆ: بەڵام هیچکام لەو ئازارانە وای لەوان نەدەکرد واز لە ئیمانەکەیان بهێنن (وەک ئەوە بوو بێژێ ئەو هەموو ئازار بە جەستە و بە دەم هاوارکردنەیان دەوتەوە تا بە هەموو بوونیان لە ژێر بۆنی سوتانی جەستە و نالەی قامچی فیچقەی خوێن و نرکەی بزمار پێداکوتان و بە دەنگی ژن و منداڵی لە چاڵدانراو و دەنگی خاکەناز و بێڵ و خاک بەسەرکردندا بڵێن و بە ڕزگاری

بگەن و بە وەڵامە مەزنەکە بگەن). جوابەکەی ئاوا بوو کە عەدالەتی خودا بە جۆرێکە تەنانەت لەگەڵ ستەمە کاتیەکانی ئەوانیشدا دێتەوە.

ئەوانیش بە گریانی پێغەمبەر لە دونیای مەزوڵمییەتدا دەگریان و لە پرسیار و داواکەی خۆیان پەشیمان دەبوونەوە.

ڕۆژێکی دییش هاتنەوە خزمەتی شمشێری تیژیان لە کێلان دەرکێشا بوو و پێیان وت: ڕێگەمان بە تا بە شمشێر حەق سەر بخەین و تۆڵەی خۆمان بکەینەوە! نائارامی و سیما و جلوبەرگ و خۆ ئامادەکردیان دەیگوت کە ئەوان ئامادە بوون: نەوەک بۆ هەمیشە مانەوە، بەڵکو بۆ شەهیدی. بە جۆرێک بوون کە پێی بێژن یەڵڵا پێشمان کەوە تا قەتڵوعامی کافران دەست پێبکەین، جا یان سەردەکەوین یان خوێنمان دەڕژێت و لەم ڕۆژگارە کە ئەوان بەسەرمانیان هێناوە ڕزگارمان دەبێت.

دیاربوو ئازار و ئەشکەنجە ئەوەی لەبیر بردبوون کە ئەوان بۆ ناو و شۆرەت نەدەجەنگین، تەنانەت بۆ ئەوەش نەدەجەنگین کە بەسەر دوژمناندا سەربکەون، ئەوان بۆ ئەوە دەجەنگین کە گرۆی ئادەمی ڕزگار بکەن. ئەویش بە ئارامی پێغەمبەرانەی خۆی فەرمانی پێدان کە شمشێرانی هەڵگێشراو بۆ ناو کەلان بگێڕنەوە. بە زار نەیوت، بەڵام وانەی ئەوەی پێدان کە ئەویش چەکی خۆی هەیە بۆ شەڕکردن کە لە جینسی ئەو چەکانەی ئەوان نییە. چەکێک هەم بڕەندەتر و هەمیش لە سایەی ئەو چەکەدا سەرکەوتن مسەوگەرترە.

ئەوانی ماندوو لە گێژاوی دونیایەکی شیرک ئامێزدا گێژیان دەدا و دەهاتن و دەچوون و پێویستیان بەهەوایەکی خاڵی و پاک بوو تا بیر بکەنەوە، ئەو لە هەستەکەی ئەوان دەگەیشت و هەستی دەکرد ئەو بوو بوویە دایک بۆیان، هەر ئەوە بوو سینگی شیری تێدا نەدەهات.

ئەو هەموو ئازارەی ئەوانی دەدی، ئیدی ئەویش ماندوو دەبوو لای ئەوان هیچی نەدەگوت، بەڵام سەرێکی بۆ لای هاوڕێ نەدیتراوەکەی هەڵدەبری و لەبەر خۆوە دەیگوت: خودایە ناشێ ئەوەی من کردوومە هەمووی هەڵە بێت! ئەوە چەند ساڵە لەتەک ئەم خەڵکە ململانێ دەکەم لەسەر ڕێی خەڵکی دەوەستم بۆ بەهەشت هانیان دەم بە دۆزەخ دەیان ترسێنم، ئازار بە هاوڕێکانم دەگات ئایا وازیان لە خراپەکاری هێناوە نانی برسیەکانیان داوە کۆیلەکانیان ئازاد کردوە ڕۆحی خۆیان ڕزگارکردووە.

ئای لەم مرۆڤە هەر خەریکی پێوانە کردن و بردنەوەو دۆڕانە، وا دیار بوو ئەوان پێڕەوی لە شمشێر دەکەن نەوەک لە ئەم، بە شمشێرەکانی دەستیان بڕیاری خۆیان دابوو دڵی بە میهر و بەرخی ئەوان هەنووکە بۆ شێر وەرگەرابوو و دەینەڕاند، موحەمەد ئەمەی بە نیشانەی خراپ دەبینی، بۆیە خۆی کۆکردەوە و پەڕەی لوتی لەرەی تێکەوت و دەموچاوی سورهەڵگەڕا و وتی: ئەوانی پێش لە ئێوە هەیانبوو، بە شانەی ئاسن گۆشتیان لە ئێسقانی جوودا دەکردەوە، بەڵام هەرگیز پەشیمان نەدەبوویەوە.

ئەوان لەسەر چۆک لە بەردەم سەرورەکەیان دانیشتن و سەریان لە ئەرزی لماوی بەرپێیانی ئەوبڕی و سەریان دانەواند، پێغەمبەر بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، چاوی بڕیە جەستەی زەبوون و ڕۆحی بریندارى ئەوان و سۆزی بۆیان بزوا و بەوانی وت: خودای گەورەش ئەم ئایینەی خۆی سەر دەخات.

بۆ ساتێک ڕۆحی ئەوانی لاواندەوە و داهاتووی گەشی هێنایە ئێستایان و وتی: (ڕۆژێک دادێ وای لێ دێت سوار لە سەنعاوە بۆ حەزرەمۆت دەڕوات و لە هیچ ناترسێت بێجگە لە خودا نەبێت) دوورترین ڕێگەی ناو خەیاڵ و سارای فراوانی عەرەب و ترسناکترین ڕێگەی پڕ لە وەحشیانی مرۆڤی چەکداری بە تیر و شیر و تاڵانکەر بەوان پیشاندا کە کاروانی هەزار وشتر و بە سەدان پارێزەری دەمامکدارەوە توانی بڕینی ئەو ڕێگەیەی نییە.

جارێکی دی بە سۆزەوە لەوانی ڕوانی و دڵی بۆ برین و ئازارەکانیان تەنگ بوو، چاوەکانی نیشتنە ناو فرمێسک و بەو داهاتووە دڵنیاکەرەش لێوەکانی خەندەیان تێزا و وتی: بەڵام ئێوە پەلە دەکەن (وەک ئەوە وا بوو بێژێت ئێوەی جوتیار گەلێک ماندوون، بەڵام دەبێت ئارامتان هەبێت و ڕێز لە کاتی نێوان چاندن و دووریەوە بگرن).

پاشان یەک یەک ئایەتەکانی سەرکەوتنی دینی خودای بەسەر ئەواندا خوێندەوە: (هەر لە پێشەوە وتەی ئێمە بۆ بەندە نێردراوەکانمان چەسپاوە کە ئەوان سەرخراون)، (ئەوانەی کۆچیان کرد دوای ئەوەی ستەمیان لێکراوە لە دونیادا نیشتەجێیان دەکەین بە جوانترین شێوە و پاداشتی ڕۆژی دواییش مەزنترە ئەگەر بزانن).

ئەو بە دەنگی پێغەمبەرانەی خۆی هەموو ئەو ئایەتانەی سەرکەوتنی داهاتووی بە ئەوان دەبیستان، لە کاتێکدا ئەو داهاتووی دەبینی و چاوەکانی لەوێ بوون.

ئەوان هەموو هاتنەوە هۆش خۆیان و لێی چوونە پێشەوە ویستیان شتێ زیاتر لەو دواڕۆژە خۆشە بزانن، بەڵام ئەو لەوێ نەبوو و هیچی نەبیست بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوەی ئایەتەکانی سەرکەوتنی ئایینەکەی و بیری برا پێغەمبەرە سەرکەوتووەکانیانی دەخستەوە (بە دڵنیاییەوە لە یوسف و براکانی نیشانەن بۆ ئەوانەی پرسیار دەکەن).

هەنووکە ئەوان وەڵامی پرسیاری نەکراوی خۆیان وەرگرت، کە ئەوە خودی سەروەوەرەکەیانە دەبێتە پاشای سەرتەختی باوانی و حوکمی مەملەکەتی عەرەب دەکات، شمشێر بە دەست و سوپای زەبەلاحی وەک کەشتی بەسەر لمی بیاباندا خستوتە جووڵە و دەرگای بۆ هەموو کەس کراوەیە کە بیەوێت شوێنی بکەوێت، ئەوی کەشتیەوانیش لە پێشی کەشتیەوە وەستاوە و دەستی ڕایەڵ کردووە و ڕێنموونی دەکات، لە هیچ بەندەرێک بە هەمیشەیی لەنگەر ناگرێت و دەڕوا و دەڕوا و هەموو سەرزەوی ڕۆم و عەجەب، واتە هەموو جیهان دەگرێت.

ئەوان ئەوەیان بیر دێت ڕۆژێک، کاتێک مامەی مابوو و هەموو ئازارێکی ڕۆحیان دەدا، بەڵام هەرگیز توانای دەستگەیشتن بە لەناوبردنیان نەبوو. بە ئامادەیی مامەی هاتنە لای و وتیان دەتکەین بە گەورەی خۆمان، ئەویش وەڵامی دانەوە و وتی: ئێوە شوێنی من بکەون دەبنە خاوەنی زەوی عەرەب و عەجەب.

یارانی بەوپەڕی دڵنیاییەوە چوونە دەرێ و بەو هەواڵانە شاریان پڕکرد و کافرانی پۆشتە و بە دەماخ هەرکات ئەوانیان بدیایە مشتێ ئێسک و پروسک و جل شڕ و قووڵ باریک بەرەو ڕوویان دەچوون لەسەر زاری یەکێک لە سەرکردە قۆشمەکانیان (ئەسوەدی کوری مەتلەب) دەیانگوت: هەڵسن پاشاکانی سەرزەوی بەرەو ڕووتان هاتن، ئەوانەی بەسەر کیسرا و قەیسەردا زاڵ دەبن. ئەوجا هەموو ئەو پیاو ماقوولە لە مەجلیسی ڕابواردنی خۆیان وەک ئەوەی بۆ پێشوازی پاشایان هەستن بە سام و هەیبەتەوە بۆ ئەو لات و داماوانە دەوەستان. دواتر دەیانکرد بە سەما و چەپڵە لێدان و فیکەکێشان.

هەرچەند ئەوان پێدەکەنین و هەڵدەقونین و پەنجەیان بۆ ئەمانی پاشای بێ مەملەکەت ڕادەکێشا، ئەمانیش زۆرتر لەسەر بە پاشا بوونی خۆیان سوورتر دەبوون و لەسەر ئەوە جەختیان دەکردەوە، کە کەشتی ژێر کۆنترۆڵخەری هەموو جیهانی ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار لەسەر زەوی باخ و دارخورماوە دەکەوێتەڕێ و پاشان بۆ مەککەی بێ پەروا دەگەڕێنەوە، تا بیخەنە ناو کەشتی خۆیانەوە، ئەمەشیان لە سەروەرەکەی خۆیان بیستبوو.

لەپڕ ئەم گوتەیە ئاوێک بوو بەسەر ئاگری هەڵچووی ڕابواردنی ئەواندا کرا و لە ترساندا لە خۆهەڵتەکاندن کەوتن و لە شەپۆری پێشوازی گاڵتەییانەی خۆیان دەستیان کێشایەوە و کپ بوونەوە. ئەوان دەیانزانی سەروەرەکەی ئەوان هەرگیز هەواڵی درۆنادات تەنانەت ئەگەر هەواڵی داهاتووش بێت.

هاوەڵەکەی کە هێشتا یەکێک لە بازرگانان و سەروەرانی قورەیش بوو و هەر ڕۆژە و سەرمایەکەی کەمی دەکرد بەوە مرۆڤە کۆیلە و زەلیلەکان لە قورەیش دەکڕینەوە و ئازادی دەکردن لە ئانی شەڕ و گیروداوی هەردوو سوپای وەک یەک بە دەسەڵات و وەحشی ڕۆم و لە تەک عەجەمدا وەعدەی دەدا لە چەند ساڵی داهاتوودا ڕۆمیانی مەسیحی بەسەر فارسی ئاگرپەرستدا سەردەکەون و ئەو ڕۆژەش ئەمانی موسڵمان بەسەر ئەوانی کافردا زاڵ دەبن.

لە هەموو ئەوانەشدا باوەڕیان بە سەروەرەکەیان بۆ ئەوەی بە کامی قوواڵی ئیمان بگەن قسەیەکیان لە قسەی مەحبوبیاندا نەبوو، بە گوتەی سەروەرەکەیان ئاو بەسەر ئاگری دەرونیاندا کراو و هیۆربوونەوە و لە ئاگری دۆزەخ دوورکەوتنەوە، سەریان نا بەسەری یەکترەوە و بە خەونی سەرکەوتنی ئەم دونیا و چوونە بە هەشتی ئەو دونیاوە خەوتن.

ئەو بۆ سەر سفرەی خۆی ئەوانی بانگهێشت نەکردبوو، بەڵکو ئەوان بۆ خۆیان بۆ لای هاتبوون و ئەو خواردن و خواردنەوەی پێ نەدابوون، بەڵکو وشەی پێدابوون لە سەرەتاوە برسی بوو بوون، دوایی هێندەیان لێخوارد کە زەین و ڕۆحیان لێی حەوایەوە و خەویان لێکەوت. ئەو هەندێ جار دەچووە لای هاورێکەی و فرمێسکی تەنهایی خۆی لەگەڵدا هەڵدەڕشت، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: هەتا هاوڕێیەکی وا هەبێت دونیا لە تیاچوون دەپارێزرێت، دە ڕێگام بدە تا بچمەوە بیابان لە ئاو و ئاوەدانی دوور بکەومەوە و خزم و کەسەکانیشم ئیدی کەم بە دەست منەوە ئازار بچەژن.

ئەو بـۆچی گومـانی لە کـارەکەی بـا ئەو پـێش هەمـوو کەس بـاوەڕی بە پێغەمبەرایەتیەکەی خۆی هێنابوو، ئەو باوەڕهێنانەشی کلیلی قوفڵی هەموو دەرگا داخراوەکـان بـوو. خۆشـی ئەوەی پـێ بەخشـیبوو کە گـوێ لە دەنگـی فریشـتە بگرێت کە خودی بەهەشتیش بە قەت ئەمە خۆش نییە.

سـۆز و هەڕەشـەکانی خودای دەهـاتە بەرچاو، خەبەرە یەقینەکانی بەرچاوی خۆی دەبینی، دەچووە ناو ئەزموونی پێغەمبەرایەتی خۆیەوە، دەیدی وەعدەکانی خودا هەموو هاتوونەتە دی، ئەم و یارانی لە شاری ویدا بە ئارامی و خۆشـیەوە دەژین و هەموو سەرزەوی عەرەب و بیابانی مرۆڤ خۆر لە ئارامیدایە سـوار لە یەمەنەوە بـۆ شـام دەڕوات و کەس دەسـت نـاهێنێتە بەری کە ئەگەر هەواڵـی پێغەمبەرانە نەبوایە ئەوە لەو کاتەدا خەیاڵێک زیاتر نەبوو. ئەمـانە بۆ وا دەکەن، ئەمیش دەترسـا و ڕاستگۆیانەش ترسـەکان و وێنەکانی کە لەبەرچاوی بـوون و ڕووداوەکانی داهاتوو کە لەناویان دەژیا بۆ ئەوانی دیکەی دەگواستەوە. کافرانی دڵڕەقی دەهـاتە بەرچـاو کە نانیـان لە هەژاران دەگرتەوە و کۆیلە و بەندەکانیان دەچەوساندەوە و لەناو خۆیدا دەیوت لە بەسـەرهاتی گرانـی ئەو ڕۆژە کەسـیان ڕزگاری نابێت.

لە پاشـەڕۆژی ڕوانـی هەواڵە مەزنەکە دای لە کەللەی، بەڵکـو دای لە ڕۆحـی چاوەکانی داخست تـا کەس بە ترسـەکانی نەزانێت، عـارەقەی کرد لەبەر چـاوی قیـامەت هـات و ئاسـمان لـول بـوو، خـۆر و مانـگ دایـان لەیەک و پاشـان ڕەنگی هەموو ئاسمان وەک ڕەنگی گوڵ سوور بوو لە پڕ زەوی کەوتە لەرزە و شـار و ئاوەدانیەکانی زەوی دەهاتن و دەچوون زەوی قڵیشی دەبرد و مرۆڤەکان ئەبڵەق سـەریان لـێ تێکچـوو، ئـاژەڵان خۆیـان بە شـاری مرۆڤـدا دەکـرد و ئـاژەڵانی وەحشی نێچیری خۆیان دەدی و هەڵمەتیان بۆ نەدەبردن.

دایکـان ڕۆڵەی خۆیـان بەجـێ دەهـێڵا، ڕۆڵە لە دایـک و بـاوکی نەدەپرسـیەوە ئەمە قیـامەتی ڕاسـتەقینە بـوو، لە هەنـاوبەوە لەو ئایەتـانەی بـۆی دابەزی بـوون دەهـاتنەوە سـەرزاری و دەیویسـت بەوانـی بگەیەنێت، بەڵام ڕوویـان نەدەدایە، بەڵکو پشتیان تێدەکرد و نەک هەر خۆی، بەڵکو کەسوکاری لە مامەڵە و کڕین و فرۆشـتن بێبەش کردبـوو، ئەو و خەدیجەیـان ناچـار کردبـوو لە مـاڵەکەی لە گەڕەکـی دەوڵەمەنـدانەوە وەدەرنـێن و بێـت لەم شـیوە لەتەک مـاڵی مـام و

کەسەکانی بژی و لێرەش مامی لە جێی خۆی بخەوێنێت، هەر شەوە و یەکێک لە مام یاخود کوڕەکانی لە جێی ئەو بخەوێنێت نەبادا بیکوژن.

پاشان ڕۆژی هەڵسانەوەی هاتەوە بەرچاو ئەوی دەیبینی و هێنایە بەرچاوی ئەوان، بەڵکو خستیە ناو هەناویان و لە ناو هەرکامیاندا پەسڵانێکی هەڵسان و سەرکەوتنی دونیا و پێگەی خۆیان لە بەهەشتدا بە بەسیرەت بینی دەموچاویشیان بۆ پەنجەرەیەک بەسەر بەهەشتەوە وەرگەڕا و ئەوەی دەبینرا سی و دڵ و گۆشت و ئیسقان نەبوو، بەڵکو باخ و میوە و ئەوەش دەبیسترا بای سەموومو و تف و لەعنەتی کافران نەبوو، بەڵکو دەنگی ڕوبارەکان و گەڵای وەریوی پاییزی بەهەشت بوو کە ئەمان بەسەریدا پیاسەیان دەکرد.

ئاسوودە بوون هەرکامیان پێیان وابوو یەک دانەن، بەڵام ئێستا ئەوان سەدان بوون. مەترسی بوونە بێگانە لە سەرزەوییەکی نامۆ کە ئەوان لێی دەژیان ئەو وەک وەستایەکی دانا دڕکێک لە قاچی منداڵێک دەربهێنێت لە هەناوی ئەواندا دەرهێنا. بابەتەکە گۆڕینی منی نەفسە بە منێکی قوواڵتر کە ئیدی دونیایەکی دیکە لەگەڵی دەخولقێت و دونیا دەبێتە دونیایەکی دی.

ئەوەی ببووە هۆی ترسەکە گرنگی نامێنێت، شمشێریان دانا، بەڵام هەستیان بە زیندوویی زیاتر دەکرد لە پێشوویان، تێگەیشتن کە ئەوە شمشێر نیە سەریان دەهێنا، بەڵکو فێربوونی هەڵکردن لەتەک تەنگوچەڵەمە کە چەکە کۆنەکەی کە هەموو پێغەمبەران سوودیان لێ بینیوە. ڕۆشتن بۆ سەرزەوی جەنگ و مەیدانی تێکەڵبوونی عارەق و بریسکە و تەقەی شمشێر و خوێن کە دواتر، ڕوویدەدا و ئەوەی ئەوانی تێدا سەردەخست و شیری و کەوان و تیری دەستیان نەبوو کە هەڵدەبڕان و ڕادەوەشان.

سەرکەوتن هەنووکە زۆر زووتر لەو کاتە دەستی پێکردبوو، ئامرازی سەرکەوتنەکانیش لە داواکانی ئەواندا شەڕ و جەنگ و هەرا نەبوو، بەڵکو سەرکەوتن لەو داوا و لەو پرسیارانەدا بوو کە موحەمەد دەیکردن، ئەو ئەوانی تێدەگەیاند و ئیمانهێنان ڕووتێکردنە و بۆ ئەمەش نابێت دیلی زانینەکانمان بین، هەموو چەکەکان ئامرازی دەستی مرۆڤی نەگریسن، تا چەکەکان ببڕن دەبێت مرۆڤ بۆ فریشتە وەربگەڕێت ئەویش فریشتە دوو پێ و گۆشت و ئێسقاندار کە ئەندێشەی پوختە و پاکژ بووبێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی ئیمانەوە کە پاکژی بۆ ئەندێشە دەگێڕێتەوە.

ترس باڵی بەسەر مەککەدا کێشا بوو، دەرگای ماڵی موسڵمان قوفڵ درابوون، ئەو بیابانە فراوانە جێی ئەوانی تێدا نەدەبوویەوە. هەموو دوژمنانیش دەیانزانی کە موحەمەد ترسنۆک نییە، بەڵکو ئامرازی تایبەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆی هەیە، ئەگەرچی ئەوان لێی تێنەدەگەیشتن.

تەنانەت دوژمنە سەر سەختەکەی لە هەرچی زۆرتر بوونی سزاکانی شوێنکەوتووانی و جۆری کاردانەوەی موحەمەد سەری سوڕدەما و ئەو بە پێکەنینەوە لە گوتەکانی موحەمەد ڕادەما و دەیگوت: ئەو بۆ بەهەشت دەعوەت دەکات هەوای بەهەشتیش خۆشە، بەڵام هەوای ئەزریش خراپ نییە. بۆیە من وەک ئەو بۆ سەرووی ئاسمانەکان و بۆ بەهەشت سەفەر ناکەم، بەڵکو هەر لێرە دەمێنمەوە، خواکان نەیبڕن هەر ئەو ڕێگەیەی ئەو باشترینە، ئیدی مشتی ئاسنینی خۆی کە پێویستی ئەو قۆناغە بوو خستبوویە گەڕ.

*** *** ***

شەوێک کە ماڵەکەی خەدیجە و موحەمەد و شاری مەککە لە ژێرتیشکی مانگدا دەدرەوشانەوە، یارانیشی لە دەوری مانگی دەموچاوی ئەو بوون، هەڵای ڕەنج و ئازاری خۆیان بوو، ئەو باش لەوان دەگەیشت، ئاخر ئەو یەکەم جار و پێش ئەوان بە دەرد و عەزاب ئاشنا بوو، ئەگەر ئەو ئومێدە بەڵایە و مەلەکووتیەی ئاسمانە نەبووایە کە موحەمەد بەوانی ناساندبوو، ژیان دەبووە چ دۆزەخێک!

ئەم دونیایە چ زیندانێکی بچووکە! ئەگەر پەنجەرەیەکی لەسەر جیهانە فراوانە نەبینراوەکەی ئەودیو نەبووایە، دەردە قوواڵەکانی بوون مانایان نابێت، ئاخر ئەوە بۆچی وایە ئێمە دەیکێڵین و مردن درەوی دەکات؟ ئەوان مرۆڤی سادە و ئازاردراو بوون وتەکانیان هێندە بە قووڵایی زماندا نەدەچوون کە بتوانن ئەو حەقیقەتە گەورانەی پێدەربڕن، بەڵام ئەو بەشەی ڕۆح کە بە زمان دەرنەدەبڕدرا جەستە فریا دەکەوت و دەیخستە ڕوو، ئیدی پریشکی ئاگر لە ڕوخساری دەباری و زمان پرسیاری لێو سوتێنەری هێنایە سەر زوبان، بەڵام دەستەوسان دەبوو.

دونیای تەنها و بێکەسی هەرکامیانی توشی وەحشەت دەکرد، سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و بە وتن یاخود بە نەوتن دەیگوت: خودا تەنها تۆ هەیت لێگەڕێ پاڵت پێوە بدەم، ترس و لەرزم لە جێی خۆیدا دەمێنێت، بەڵام کەسیان لە ڕێگەیان پەشیمان نەدەبوونەوە، تەنانەت کە ئازار بۆ جیهانی دەست نەکەوتنی هەناسەی دەبردن و دەیانبینی کە هەستی مەرگە کە لە حەوادا شەپۆل دەدا. بایەکی نیوە گەرم لە دەشتەکەوە دەهات، گەرم خۆی بە ئەرزی سووتێنەردا دەدا، کاتێک چاو دەکاتەوە شاخ و باران و بیابان دەبینێت، کاتێکیش چاو لێکدەنێت، خودای باران و بیابان.

ئامادەبوون بۆمان دەبێتە پەناگەیەک لە دژی ئازار چەشتن و هێزی ڕووبەڕوو بوونەوەمان دەداتێ، لەگەڵ شکۆمەندیدا. بڕوا پێمان دەڵێت هەرگیز تەنها نین، گۆڕانکاریش وامان لێدەکات نهێنییەکەمان، خۆشبوویت، لەوە زیاتریش دەڕۆین کە ئەوان وێنایان کردبوو، ئەگەر پێغەمبەر نەبووایە ئەو شەوە تۆقە دەیترساندن، بەڵام لەبەر ئەوەی پێغەمبەر بوو ئیدی فریشتەیەک وەک ئەستێرە لە ئاسمانەوە کشا و وەک دڵۆپێک بارانی نوور لەبەردەمیدا کەوتە خوارەوە و سکووتی سامناکی شەوی شڵەقاند.

ئەگەر پێغەمبەر نەبووایە بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی نەدەگرت، بەرگەی ئەو هەموو برین و خوێنەی نەگرت کە تەنها خوێن و ئازاری هاوڕێکانی نەبوون، خوێن و ئازاری ئەو مرۆڤە حەقیقەت ویستانەش نەبوون کە لە داهاتوودا دروست دەبوون، ئەو شەوە هێشتا لە دایک نەبووبوون، هیچ جیاوازی نەبوو ئازاری ئەوانی دییش ئازاری ئەو بوون، ئاخر ئەو ڕۆحێکی گەورە بوو.

خوشکانی ئازا و کۆیلەی خۆیان دەهاتە بەرچاو کە هەنووکە لەوێ ئامادە نەبوون، هاتە بەرچاوی کە بە قژ ڕایان دەکێشان و پێستی پشتیان بە خاکەکەوە بەجێدەما و قریشکەیان دەگەیشتە ئاسمان.

ئەی خودا تەنها ئەوەی کە بۆ بەندەکانی خوات ڕابینیوە، بە ئێمەشی ببەخشە کە ئەویش ئازادیە، چاوەڕوان دەمان تا بزانن خوا چیان بۆ دەکات، چاوەڕوان دەمان و خوداش کەسانی وەک ئەبوبەکری دەنارد و هات و ئەوانی کڕی ئیدی ئازاریان نیشتەوە، ئەمان لەتەک ئەوانی دی هیچ جیاوازیان نەبوو هەر وەک ئەوانی دی هەوایان هەڵەمژی و هەر وەک ئەوانی دییش لە ژێر ئەو زەویيەدا شی دەبنەوە و دەبنەوە بە خاک.

ئەوان لە خزمەت سەروەرەکەیان دەمی وتە و دەمێ بە چاو و دەمێکیش ڕۆح بە بێدەنگی هەر لە گفتوگۆدا بوون، شەو بێدار بووبوویەوە بە تەما نەبوو خۆی بە دەست بەیانیەوە بدات. ئەوان بە شمشێر و تفاقی شەڕەوە بۆچی هاتنە خزمەت پێغەمبەرەکەیان و هەنووکە ئەو و ئەمیش دەبوو بە چەکی بێچەکی ڕووبەڕوو ببنەوە، ئەوەش خەو نەبوو شتێکی ترسناک بوو ئەو ئەرکە گەورەیان بەوان سپاردبوو، هەر بە بیرلێکردنەوەی هەموو گیانی مرۆڤی دەخستە لەرزین.

خودا لەوە دەگەڕێت کە کافران بە شێوە خۆش و ئاسانەکە بژین و دژایەتی خوا بکەن، نەفرەتی لە شێوەی ئەوانی مرۆڤدا لە هەموو کووچە و کۆڵانان وەستاوە و هەر شێوەیەکی بوێت لە خۆی دەگرێت و مرۆڤی داماو لە خشتە دەبات. ئەوجا ڕۆح فریا دەکەوت و ئەوانی بە جیهانی جوانی ئارامی دەبەخشی و سوکنایان بۆ دەهات.

لە دەرەوە بای سەموومِ هەڵی کردبوو و بەتوندی خۆی بە دار و دیواردا دەکێشا، بیریان لەحاڵی خۆیان دەکردەوە بۆیە هاتن بۆ لای و وتیان: شتێک ناکەیت؟ ئەویش وتی: چی بکەم من تەنها فەرمانی ئەو دەگەیەنم چاوەڕوانم لەوێوە لەو سەرەوە فەرمانم بۆ بێت، دەبێت ئارام بگرین، ئەوانیش پێکەنینیان بەو حاڵەیان لەتەک سەروەریان دەهات و هەنووکە ئیدی لەوە دڵنیا بوون کە هیچ فەرمانێکیش لە دەرەوە نەدەگەیشت.

ئیدی لە باسی سەرکەوتنی کەم تەمەنی ئێرە دەگەڕان و سەفەریان بۆ سەرزەوی نەبڕاوەی ڕۆح دەکرد و شەو باڵی بەسەردا دەکێشا و تا دەیانتوانی نوێژیان دەکرد و دڵی خۆیان بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی هەڵدەڕشت و ئەویش بە دەنگی ئاسمانی ئایەتەکانی بەهەشتی بۆ دەخوێندنەوە و تا ئەوەی دەچوونە بەهەشت و لەوێشوە سەریان بەسەر یەکتریەوە دەنا. لەوێ بۆ کەیف و شادی و بیری ئێرەیان دەکرد، لێرەش بەسەر یەکتردا دەکەوتن و لە هیلاکیدا خەویان لێکەوت و لە خەویشیاندا لەتەک پێغەمبەرەکەیان لە بەهەشتدا بوون.

تەنها ئەو نەبێت کە لەمەدا لەوان جوودا دەبوویەوە، خەو لەتەک خۆی نەبرد ئەوە چاوەکانی بوون بێ ئەرک کێشانێکی زۆر لە بەرامبەری هێرشی خەو بەرەڤانیان دەکرد و ئەوان پاسەوانی براکانی ئەم بوون کە لەوێ خەوتوو و نەمردوو لەوێ کەوتبوون. ئەوان بە بوونی ئەم هەستیان بە ئیمان و ئارامی قوواڵ دەکرد، شوێنی خاڵی برا و خوشکە ئازاردراوەکانیان لە ژووڕەکەدا چۆڵ

بوو. بە بێدەنگی ژوورەکەی دەنگی گڤەی با کە لە دەرەوە وەک بڵێی دەنگ ئاە و ئازاری ئەوان بوو دەگەیشت، ئەمانیش بە دەستەوسانی نەیدەزانی چی بکەن ئەو لە دڵێ خۆیدا دەیوت تۆ بڵێی کارەکە تەواو بووبێت، هیچ ڕێگ چارەیەک نەبێت، لە براکان دەڕوانی و لە ئارامییەکی قوواڵدا لەبەر خۆیەوە بۆ ئەوان نزای دەکرد، دەیگوت: تۆ بڵێی ئەم و ئەم کۆمەڵە کەمە هەر ئەوان بن کە خوا بینای کۆتا ماڵی نەبینراوی خۆی لەسەر شانی ئەوان ڕۆنا بوو، چۆن ئەم مشتە خەڵکە کاری وایان پێ ئەنجام دەدرێت!

ئەمە چ ئەرکێکی قورسە بەسەر ئەم و ئەواندا درا بوو، ئاخر چۆن دەتوانرێت ڕێ لە خۆخەڵەتاندن و خۆبەزلزانی و وەهمی خۆ بە شتی لە خۆ گەورەتر زانی مرۆڤ بگیرێت و ناتوانرێت وا لە زۆرینەی مرۆ بگیرێت کە بە بەندایەتی ڕازی نەبێت و ناشتوانرێت تا ئەبەد ڕێ لە هەندێکی دیکەش بگیرێت واز لە دەستێوەردان لە کاری ئاسمان و خودایەتی بهێنن، خوایە ئەم کارە بە کێ دەکرێت کە بە هەر جێیەکدا دەڕۆیت شەیتان ئەوێی کردووە بە زێدی خۆی.

ئەمان ڕۆح و جەستەیان بە دەست مرۆڤەوە شەکەت و پەژارە بوون. نیازیان بە ڕەحمەتی خوداکەیان بوو، پێکەوە دەستیان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و هاواریان لە خوا دەکرد و حاجەتی خۆیان بە چاوی فرمێسکاویەوە بۆ بەیان دەکرد، خوا هەموو شتێکی هەیە تەنها حاجەتی نییە، لە کاتێکدا ئێمە هیچمان نییە تەنیا حاجەتمان هەیە. پەنای بردە بەر کتێبەکەی، کە کتێبەکەی ئەو وشە نەبوو، بەڵکو پیشاندەری تواناکانی خولقێنەری وشە بوو، لە سینگیدا هەڵی گرتبوو، ئیدی بە تەواوەتی ڕوون بوو کە خوا هێزی خستۆتەگەڕ و لەسەر خستنی پەیامەکەدا ڕۆڵی هەیە.

ئەو لەو گۆشەیەدا شەڕ و قیل و قاڵی ئەوانی دوژمنی لە کۆڕبەندی مەستی و ڕابواردن نەدەبیست، کە لەو سەری شارەوە قەتیسکردنی لەناو دیواراندا مەحاڵ بوو، بە دەم ڕۆشتنەوە ئێستای لای جەستەی خەوتووی هاوڕێکانی بەجێهێڵا و بۆ گەنجی گەڕایەوە، کە لە مانگی دەڕوانی ئەو منداڵی خۆی بۆ ئێستا هەڵگرتبوو، ئەو منداڵیە لە بەین نەچووبوو، هیچ شتێک لە بەین ناچێت هەموو شتێک لە جێیەک لە جێیەکان بۆمان هەڵدەگیرێت. هەر ئەو کاتە بە پێچەوانەی هاوڕێکانی ئەو نە بەدووی پارە و نە بەدووی ژنەوە بوو، بەڵکو بەدووی شتێکەوە بوو لە هەر دوو ئەو دوو شتە گەورەتر بوو.

ئەو کاتانەی لە بیابان جەستەی لە ژێر جلە شڕەکەیدا دیار بوو، سادە و دڵپاک بە هەر جێیەکدا دەڕۆشت هەموو شت پێشوازی لێدەکرد. بە ڕۆژدا ئەوەی لە ژێر تیشکی خۆر و بە شەویشدا مانگ و لە پشت مانگ و لە ژێر قەڵبەزەی تیشکی مانگدا دەشۆرا. ئەم دڵی هاوڕێکانی دەدایەوە، بەڵام بە دەست قەومی خراپەوە زۆر دڵێشی بۆ خۆی دەمایەوە بەرەو هەر جێیەک دەڕۆیی دەستیان بە ڕوویەوە دەنا، ئاوارە و بێ ئۆقرە دەسووڕایەوە ئیدی گیانی لە خەتەردا بوو، دەبێت لەناو ئەو خەڵکە ترسناک و ساردەدا توانای خۆراگری خۆی بسەلمێنێت. پێغەمبەری بریندار لە خەیاڵیدا بوو کە ڕۆژێک یارانی دەکوژن و ئازاری دەدەن و ڕۆژێکیش داوای مۆجیزەی لێدەکەن.

ئەو شەوێک لە شەوان بە ئامانجی بە گوێ دادانی حەقیقەت خۆی گەیاندە کۆڕی بێداری گەورانی قورەیش، ئەوان لەباتی ئەوەی خۆیان بدەنە بەر تیشکی مانگی حەقیقەتی پێغەمبەرایەتی ئەو، کەچی ئەوان داوای لەتکردنی مانگی ئاسمانیان کرد کە وەک شاژنێک بەو لا سەرەوە خۆی پیشانی ئەوان دەدا و ئێرەییان پێدەبرد کە لەوان مەزنتر و جوانتر بوو. بەمەش هەم لە بە درۆ خستنەوەی موحەمەد سەرکەوتوو دەبوون کە دڵنیابوون کاری لەو شێوەی لێوە نەدەوەشا و هەمیش لە ئازاری بینینی جوانی مانگ ڕزگاریان دەبوو، ئەوان نەیاندەتوانی جوانی هیچ شتێک لە دەرەوەی خۆیان ببینن.

پێغەمبەر نزای لای خواکرد کە مانگ لەت بکات، ئەوەش خوا بوو کە کاری لەو شێوەیەی کرد تا بەوان بڵێت ئەو مانگ لەت دەکات بۆ ئەوەی مانگەکەی تر ببینن کە پێغەمبەرەکەیەتی، لەتکردنی مانگ مانای وابوو کە ئیدی ئەو مانگە نەک ئەو. دوای حەوت سەد ساڵ شوێنکەوتوویەکی پێغەمبەر کە ناوی ئاسمانی ئەو "مەولانا" بوو، لەوە گەیشت و بە زمانی ئەوەوە کە جارێکی دییش پێغەمبەر لە جیهانی ئەودا بووبوویەوە بە پێغەمبەر، لە وەڵامی ئەودا سەرەوەرەکەی دەربارەی لەتکردنی مانگ دوابوو فەرمووی: لەتبوونی مانگ مانای ئەوە بوو ئیدی من مانگم نەوەک ئەو. دوای حەوت سەد ساڵ بینی کە مانای لەتبوونی مانگ بە ئاسمانی مەککەوە چی بوو کەچی ئەوان نەیان دەبینی!

مانای ئەوە بوو سەردەمی مرۆڤ دەستی پێکرد بوو و سەردەمی مانگ و شت کۆتایی هات بوو، سەردەمی بیرکردنەوە بوو، بەڵام ئەوان بیریان

نەدەکردەوە، لە سەردەمی مرۆڤدا نە ڕۆژ و نە مانگ و تەنانەت ئاسمانیش نە لە سەرەوە نە لە دەرەوە نین، بەڵکو لە ناوەوەی مرۆڤدان.

لەناو نوری درەوشاوەی ناو دەریای ڕەشی یاقوتی شەودا وەک مەلە بکات هەنگاوی دەنا و هەنووکە ئومێدی سەرکەوتنی هەبوو گوێی لە دەنگی زەوی بوو کە قڵیشی دەبرد و بارانی لەناو خۆیدا جێگە دەکردەوە. ئومێدی بوو دەیزانی قەد کۆتایی نایەت، یاسایەک لە مەککە بەرقەرار دەکات کە هەژاری و نەخۆشی برسێتی تیدا کەمتر بێت.

لەتکردنی مانگ واتە ئەو جیهانی باڵا و بەهەشتی بۆ ناو بوونی ڕاستەقینەی شوێنکەوتووانی گواستبوویەوە و ئەو جیهانەی هەندێ جار وەک هەواڵ بەوان دەگەیشت و هەندێ جار دەهاتە بەرچاویان و هەندێ جاریش دەچوونە ناویەوە و لەناویدا دەژیان و ئەزموونیان دەکرد، هەندێک جاریش لەتەکیدا دەبوونە یەک و بۆ ماوەیەکی کاتی بە تەواوەتی دەیانچەشت و بۆ چەشتنە تەواوەتیەکەی پاش مەرگ هەڵبگیرێت، ئیدی لەوێ پێکەوەبوونی هەمیشەیی جووداوبوونەوەی تێدا نەبوو. لەسەر دەستی ئەم هیچ موجیزەیەک ڕووی نەدابوو، لە ڕاستیدا موجیزەکانیش بۆ ئەم و لەبەرچاوی وەک ئەوانی دیکە ڕوویدا بوو، تەنها هەر هێندە بوو بۆ ئەم بە ڕێژەیەکی زێتر و شەفافتر بوو، ئیدی ئەم بە موجیزەی گۆڕانی هاوڕێکانی کرانەوەی چاویان دڵشاد دەبوو، ئەو لەو مرۆڤانە تەنها بە شادی خۆی شاد نەبوو، بەڵکو شادیەکانی لەتەک ئەوانی دیکە بەش دەکرد و بە شادی ئەوانیش شاد دەبوو. ئای کە بە چێژە بۆ ئەمیش کە هاوڕێکانی دێن و بە چێژەوە باسی چێژەکانی خۆیانی بۆ دەکەن.

ئەوان کە دەچوونە خزمەت سەروەرەکەیان یاخود کتێبەکەی ئەویان دەخوێندەوە یاخود سەفەری ناو نوێژیان ئەنجام دەدا، ئیدی دەچوونە شوێنێکی دیکە و جیهانی ئێش و ئازاریان بۆ ناو جیهانی فریشتان بەجێ دەهێڵا. ئای خودایە چ چێژێکیان دەبرد و گوێیان لە فڕە فڕی باڵی فریشتەکان دەبوو، ئەمانیش لە ژێر جلەکانیاندا باڵیان لێ دەڕوا و بە نیاز دەبوون بۆ ئەوێ باڵ بگرنەوە.

هەناسەی ئەوانیان بۆن دەکرد، پێکانی ئەوانیان دەبینی گوێیان لە پێکەنینەکانی ئەوان دەبوو و دەیانویست بیانگرن، بەڵام بۆیان نەدەگیران و لەژێر پەنجەکانیندا فرتەیان دەکرد و خۆیان ڕادەسکان، ئەمان دەستیان گەرمایی

جەستەی نووریني ئەوان و نەرمی پێستی وەک شیریان دەکرد، بەڵام نەیان دەبینین، ئەمان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ئەو جیهانی ئەزموون و چێژە درێژە بکێشێت و یان فریشتە بێتە جیهانی ئەمان و بۆ هەمیشە لەتەکیان بمێننەوە یاخود ئەمان بۆ لای ئەوان سەرکەون و ئیدی هەرگیز نەگەڕێنەوە. هەر وەک چۆن جارێک یەکێک لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەرەکەیان وتی: من لەباتی پێغەمبەر میعراجم بکردایە، ئەوا هەرگیزا و هەرگیز نەدەگەڕامەوە. ئەمان دەیانەوێت لەو جیهانەدا بمێنەوە کە جیهانێکی دیکە بوو و مرۆڤ تێیدا دەگۆڕا و دڵێ دەبووە دڵێکی دیکە و ئیدی چاوی گوێشی دەبووە چاو و گوێیەکی دیکە و ئیدی ئەو شتانەیان دەبینی کە لە کاتی دیکەدا نەدوبینران و ئەو دەنگانەیان گەوێ لێ دەبوو کە هەرگیز نەدەبیستران، چونکە لە جینسی دەنگەکانی دیکە نەبوون.

پێیان لەسەر خاکی لمینی سەر زەوییەکی دیکە دەنا کە هەرگیز لمی بیابان نەبوو، دەستیان بە گەڵای گوڵێکدا دەهێنا کە لێرە بوونی نەبوو، ڕەوح و ڕێحانێک بەر پەڕەی کەپوویان دەکەوت و دەیلەراندەوە کە لە وڵاتی عەرەباندا بوونیان نەبوو، ئەمان فریشتەیان بانگ دەکرد و یاخود ئەوان دەستیان بۆ ئەمان ڕادەکێشا و بانگیان دەکردن کە نە ئەوان دەستیان بەمان دەدا و نە ئەمانیش ئەوانیان دەبینی و تەنها گوێیان لە قلەی پێکەنینەکانیان دەبوو. چ چێژێک بوو خوای ئەمان لەو چرکە ساتانەدا ئەمە پێ خەڵات کردبوون، بەڵام سەد حەیف درێژەی نەبوو و تەنها ساتێکی کورت و دەبڕایەوە.

دەنگی فریشتەکە نەدەما و دونیا بە بێ سەروبەری خۆیەوە جارێکی دی قیافەی پیشان دەدایەوە و ئەمان هەڵوەدای چێژی بە کام نەگەیشتوو و هەمیشەیی خۆیان بۆ سەروەرەکەیان دەهێنا و ئەویش بە زەردەخەنەوە سەیری دەکردن و دەیگوت: چەشتتان ئەمانیش دەیانگوت: بەڵێ چەشتمان و ئیدی ئەو بە نیشانەی شادی و موژدە، چاوی دەبڕیە چاوەکانیان و دەیفەرموو: ئەوە خودی ئیمانە. ئەوسا ئەمان شەکوایان لە بڕانەوەی ئەو چێژە دەبرد و دەیانگوت: بۆچی بەردەوام نییە بۆ بۆ؟ ئەویش وەڵامی دەدانەوە: ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتەتان بەردەوام بن ئیدی فریشتە دێت و دەستی دەخاتە ناو دەستەکانتان و تەوقەتان لەگەڵ دەکات.

سی و سێیەم: لەسەر جێگەی مەرگی ئەبوتالیب

(بای بیابان هات و مەشخەڵی هەڵگیرساوی دیوارەکەی بزواند، دەموچاوی زەرد و ئامادەبووی بۆ مەرگ ڕۆشتووی بۆ ساتێک نیوە سور و نیوە ڕەشی پیشاندا و بەوانی تری وت: کە موحەمەد هەر چیتان پێبڵێ ئەوە لە هەموو شت بۆتان باشترە)

ئەبوتالیب لەناو ماڵەکەی لەسەر تەختی مەرگ ڕاکشا بوو، ئەو پەیکەرە ئێسکێکی بێ گۆشت بوو، ڕیشێکی سپی درێژ کە لە خوار چاوانیەوە دەستی پێدەکرد و تا سەر پەراسووە دەرکەتووەکانی لە ژێر یەخەی کراسە درێژە سپیەکەی داپۆشی بوو، چاوە قوواڵەکانی کە زۆر شتی ئەم دونیایەیان دیتبوو داخرابوون و سینگی بەرز دەبوویەوە و نزم دەبوو و بە ئەستەم هەناسەی دەدا. موحەمەد و ڕۆڵەکانی و فاتیمەی ژنی (هاوسەری ئەبوتالیب) کە بە حاڵ لەسەر پێکانی خۆی دەگرت و هەموو برا و خوشکەکانی بێجگە لە یەکیان کە ئەویش "ئەبولەهەب" بوو لەسەر جەستەی نەبزواوی ڕاوەستا بوون. ئەو کە ئەمڕۆ چەندین ڕۆژ بوو نەخواردبووی و نەخواردبوویەوە و لە جووڵەی جەستەش خۆی بەری کردبوو.

بۆ ساتێک چاوەکانی هەڵبڕی و نینۆکەکانی بزواند و بانگی کرد: موحەمەد، موحەمەدیش چاو پڕ لە فرمێسک دەستی لەناو دەستی مامی ئازارچەشتووی نا. موحەمەد گوێی لە فڕە فڕی باڵەکانی فریشتەی مەرگ بوو، کە بۆ سەرەوەختی مامی هاتبوونە ئەوێ و خۆیان بەو پیشاندا و سەلامیان لێکرد، مامی کە هەنووکە توانای بەرگەگرتنی لە دەستدا بوو توانای وتنی وشەیەکی بە باشی نەبوو چاوی بڕیە دەموچاوی لە نووردا غەرق بووی برازاکەی.

بە دەنگێکی دوور وەک ئەوەی لە شوێنێکی دوورەوە بێت و بە زمانی ئاوساوی ناودەم و لێوی وشکیەوە هەوڵیدا و وتی: من تەواو بوومە برازا خۆشەویستەکەم. لێم ببووره من هەر ئەوەندە فریاکەوتم کە پشتیوانت بم. من تەنها ئومێدم بە تۆیە درێژە بە گەورەیی بدەیت و ببیتە گەورە و سەروەری بنەماڵەکەمان، نازانم لەوانەشە گەورەی هەموو عەرەب خەیاڵی من هەر هێندە بڕ دەکات.

بـرازا ئەرکە گەورەکەی لە دڵیـدا پڕتەویـدا و لە ترسـی گەورەیـی ئەرکـی سەرشـانی خەریـک بـوو لەرز دایـدەگرت، بەڵام خـۆی گـرتەوە، پیـرە پیـاویش بێترس لە گوێ لێبوونی ئەوانی دی، ویستی سـەنای برازاکەی بکات. بـای بیابـان هـات و مەشـخەڵی هەڵگیرسـاوی دیـوارەکەی بزوانـد، دەموچـاوی زەرد و ئامادەبووی بۆ مەرگ ڕۆشتووی بۆ ساتێک نیوە سور و نیـوە ڕەشی پیشاندا و بەوانـی تـری وت: کە مـوحەمەد هەر چیتـان پێبڵـێ، ئەوە لە هەمـوو شـت بۆتـان باشـترە. ئەو لە کاتێکـدا گـوێی بـۆ هەوا هەڵـدێرا بـوو تـا دەنگـی وەڵامـی ئەوان ببیسـتێت، بـۆ مـاوەیەک دەمـی دابەش کـرد و مـرخە مـرخ هەناسـەی دەدا و بە بێدەنگی مایەوە. لە چاوەڕوانی وەڵامد مایەوە، دەنگی بیابـان لە دوورەوە دەهـات کە وەک دەریا لرفەی بوو شەپۆلی لە لم دروووست بووی دەهێنا و دەبرد.

چاوی بڕیە نـاو قـوواڵایی تـاریکی ژوورەکە کە ڕۆشـنایی مەشـخەڵەکە بە بـای بیابان تێیدا وەجریوە کەوتبوو. گوێی لە هـیچ کەس لە ئامـادەبوان نەبـوو کە هـیچ بڵێن هەموویـان وەک تارمـایی بە هەر چـواردەوری جێگەی مەرگی وێدا وەستا بوون، ئەمەش نیشانەی هەمووان بە گوتەی گەورەکەیان بوو.

پیرەپیاو چاوەکانی بۆ دوور دەڕوانی، شـوێنێک کە باوبـاپیرانی ئەوی لێ بـوو هەموویـان بە بەرچاویـدا بـۆ پێشـوازی ئەو هـاتبوون. مـوحەمەدیش دەیزانـی هـا ئێستا و تاوێکی تر مامەی پیری بۆ لای ئەوانـی دی دەڕوات کە ئەویـان بەجێهێڵا بـوو، دەیویسـت ئەو هەلە کەمەی مـاوە لە دەسـتی نەدا و مەشـخەڵی ڕۆحـی چەخماخە پێوە بنێت و بە هەڵگیرساوی بۆ لای ئەوانی بنێرێت. مـامە ئەو هەمـوو ڕەنج و ئازارەت لە پێناو منی برازات وەگیـانی دڵ قەبـوڵ کرد، ئەمجار لە پێنـاو من نا، بەڵکو لە پێناو خۆت، چونکە مـن تـۆم خـۆش دەوێت بـاوەڕ بە پەیـامەکەی خوا بهێنە کە خوا بۆ منی ڕەوانە کردووە.

مامە کە لە سـەرەمەرگدا بـوو خەریـک بـوو بـۆ ئەودیـو ئـاودیو دەبـوو بـواری گەڕانەوەی بـۆ ئێـرە نەبـوو ئەمە دوایـین هەل و دوایـین وەڵامـی بـۆ مـوحەمەدی برازای دەبوو، ئایا ئیمـانی دەهێنـا و تاوسـی ڕۆحـی بـۆ بەرزبـوونەوە لە شـەقەی باڵی دەدا و ڕاست بۆ ئەو جێیەی کە بـاپیرانی لە ئیبـراهیم و ئیسـماعیل و ئەوانـی دیکەی لێیە. یاخود قەفەسـەی جەستە و خـاک دەرگـا لەو باڵندەیە ناکاتەوە و بـۆ ئەبەد لە ناو خۆیدا زیندانی دەکات.

ئایا له پێناو ئازادیدا باڵندەکە لەتەک قەفەسەکەدا دەجەنگا؟ هێندە بە لاکانیدا دەدا تا پەڕەکانی دەوەرین و سەرەنجام پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت و پەڕێک بە باڵەکانیەوە نەمێنێت، دەرگای قەفەسی بۆ دەکرایەوە و دەفڕی یاخود لەوێ لە کونجێکدا کزۆڵی دەکرد و بەوێ ڕازی دەبوو؟

هەمووان لە پیرەپیاو نزیکتر بوونەوە بە تاسۆخەوە هەمووان بە دیندار و بێدینەوە لە هەوڵی گەیشتنی هەوای وەڵامی ئەو لە لێوە شینەکانیەوە بە گوێکانیان بوون، ئەو چاوەکانی کرانەوە و بە هەواکەوە هەڵواسران و شتانێک لە ئەشکەوتی دەمی هاتنەدەرێ، نەیانزانی وشە بوون و یاخود ئازار و ئاخ ماندووبوون بوو، بێجگە لە موحەمەد کەس ئەوەی نەزانی و دواتر کابرای ماندوو دوا هەناسەیدا و ڕوخساری شین و جەستەی ئێسکنی بێ حەرەکەت کەوت. هەمووان کەوتنە حەرەکەت و بۆ سەر ئەو سەریان دانەواند.

مامە عەباس دەستی دایە دەماری لاملی کە ئیتر لێی نەدەدا و سەیری ئەوانی دیکەی کرد و وتی: (تەواو).

یەکێکی دیکەیان وتی: لە دەست خەمی قەومی نابەکار ڕزگاری بوو.

فاتیمەی پیرەژن و هاوسەری بە پشتی چەماوەوە لێی نزیک بوویەوە هەردوو لێوی نایە سەر ناوچاوی و ماچی میردەکەی کرد و زەمزەمەی کرد: ڕۆحی گەڕایەوە خزمەتی باوکی باپیری و دۆستانی و جەستەی خاکی لێرە بەجێهێشت. هەرکامیان شتێکیان لە زار هاتە دەرەوە هەندێک هاوار و هەندێک کڵپەی گریان تەنها موحەمەد نەبێت کە لە هەمووان زێتر خۆشی دەویست فرمێسک لە چاوەکانی باریە خوارەوە و نیشتە سەر ڕیشی سپی کە هەنووکە بە پڕتاوی نوور لە درەوشانەوەدا بوو نزای نەوتراوی کرد.

هەرا هەرا لە مااڵی ئەبوتالیب بەرزبوویەوە کە گەورەی قورەیش کۆچی دوایی کرد، ئیتر کەس نەیزانی باوەڕی بە پەیامەکەی موحەمەد هێنا و یانیش نا، گێڕانەوەکانی دوای مردنی موحەمەدیش جیاواز بوون، دەڵین ئایەتی (تۆ ناتوانیت هیدایەتی ئەو کەسە بدەیت کە خۆشت دەوێت) دەربارەی ئەو هەر لەو کاتەدا دابەزین. چاوە خەمبارەکانی موحەمەد بۆ مەرگی مامی پشتیوانی فرمێسکیان دەڕشت، بەاڵم ئەمە واتە ئیمانهێنانەکەی بۆ کەس یەکلا نەبووەوە.

ئەم مەرگە ئازاری گەورەی موحەمەد بوو، تەنها چەند ڕۆژ بوو گەمارۆی سێ ساڵەی پڕ لە برسێتی کۆتایی هاتبوو و ئەو غەمە بەتەواوەتی نەبڕابوویەوە

غەمێکی دیکە دەستی پێکرد بوو. ئیدی موسیبەت و تاقیکردنەوەکان بە دەستی گوشادەوە بۆ ئەم دەهاتن، بەڵام ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو کە گەورەکانی قورەیش و مامە لە نەریتی بنەماڵە وەرگەڕاوەکەی مەرگی ئەویان لە پێناو پاراستنی ئەو بۆ موحەمەد پێ خۆش بوو.

ڕۆژان تێپەڕین و خۆر پەرتەوی نووریتی خۆی بەسەر بیابان و هەر دوو شاخی ئەمبەر و ئەوبەری مەککە وەک تۆڕ هەڵدەدا و کەڵەشێر و مریشکەکان تۆزی سەر پەڕی دوێنێی خۆیان لەسەر پەڕیان ڕادەتەکاند و مەڕ و بزنان هەڵدەستانە سەرپێ و مانگا و وشتران ملیان هەڵدەبڕی، کاری بەردەوام و ڕۆژانەی خۆیان بەر لە خواردن واتە کاوێژکردن دەست پێدەکردەوە.

کەرەکان بە بینینی شەیتان کە ئەویش بۆ سەر کاری خۆی بەڕێوە بوو دەیانزەراند، بەرخ و کار و گوڵکەکانیش کە دوێنێ شەو باش برسیان بووبوو، ئیدی لە دایکی خۆیان داوای شیریان دەکرد و هەموویان پێکەوە دەیانباعاند و دەیان باڕاند و دەیانبۆڕاند، هەمووانیش لە چاوەڕوانی ئاژەڵی قوت و دووپێدا بوون کە خۆراک لەبەردەمیان هەڵڕێژن، یاخود وەبەرخۆیان دەن و بەرەو زەوی فراوانی بیابان بیانبزوێنن، درک و داڵ و خۆراکی بەلاش و وەلاشی خوایان دەرخوارد بدەن.

لەبەر تیشکی ڕۆژدا خانووە سپیەکانی مەککە وەک ئاوێنە تیشکیان دەدایەوە و پاشان لە سەفەری ڕۆژانەی خۆی بۆ ناوەڕاستی ئاسمانی شین بەو لا سەرەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسمان هەڵدەکشا و بە دوو چاوی نەبینراوی سورەوە وەک شێر لەوانەی دەنەڕاند کە ئازاری موحەمەد و یارانیان دەدا، بەڵام ئەوان گوێیان لێ نەبوو. شەویش بە عەبای ڕەشی خۆیەوە دەپێچان تا لە ئازاری توندی کافران بیانپارێزن.

ئەوانی موشریک هەر موشریک بوون وەک بڵێی دوای ئەبوتالیب بوێری ئەوەیان بە خۆدا بوو موشریکتر بن. ئەوە گەورترین شەریک دانیان بۆ خوا نەبوو کە دار و بەردیان لەباتی خوا دادەنا، بەڵکو ئەوە بوو کە خۆیان لەباتی خوا دادەنا. ئەم خۆبەخوازانە ورگ زل و سەرتاشراو و ئەندامانی ئەنجومەن و سەرکردەکانی تیرەکان هەنووکەش لەبری خوا بڕیاری کوشتنی موحەمەدیان دابوو، بەڵکو ئیدی تەنانەت خوێڕی و کەم فامەکانیش بوێری ئازاردانی ئەویان

پەیدا کرد. بوێری جێبەجێکردنی فەرمانی وەهمی بتەکان و ئایینی باوباپیریان لە ئازاردانی موحەمەد دابوو.

دوای ماوەیەک لە پاش مەرگی ئەبوتالیب ڕۆژێک موحەمەدی شازادە بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، مەستێکی بە تورەکەیەکەوە کە بۆنی تۆپیوی ئاژەڵی لێدەهات، لە پێچی پێش گەیشتن بە ماڵەوە لێ پەیدا بوو، هەر کە گەیشتە ئاستی موحەمەد تورەکەی پڕ سەرگینی ئاژەڵی بە شان و ملیدا کرد، پیسایی ورگی و ڕیخۆڵە بە پشت و سکیدا هاتنە خوارەوە و ئەوی سەروەری ئاسمان خۆی بە جلە پیسەکان و بۆن ناخۆشیەوە خۆی بە حەوشەی ماڵدا کرد و کیژۆڵەیەک لە دەرکە دەرکەوت و ئەم پیاوەی بینی کە پیسایی ناو سکی ئاژەڵ بە گیانیدا دەهاتە خوارەوە سەیری ئەوی دەکرد و سەیری دەکرد و دەگریا. خۆی لە گەردنی باوکی ئالاند و باوکەش بۆ ئەوی دەڕوانی و دەیگوت: مەترسە ڕۆڵە مەترسە خوا باوکت دەپارێزێت.

کچە بچووکە بێ دایکەکەی گریا و لەتەکیدا ڕۆحی هەموو کچانی بێ دایکی دونیا بۆ باوکی بێکەسیان گریان، کچەکە عەباکەی لە باوکی دەکردەوە و جلەکانی دیکەی پاک دەکردەوە کە باوکی لەوی ڕوانی و گوتی: مەگری کچم خوای گەورە باوکت دەپارێزێت، لەبەرخۆیەوە دەیوت: قورەیش کارێکیان نەکرد زۆر ئازارم بدات، هەتا ئەبوتالیب وەفاتی کرد.

ئاخۆ چ ڕۆژگارێکی گوزەراند بێت ئەو کە هێشتا ئەبوتالیب مابوو هەوڵی کوشتنیان دەدا و ئەبوتالیب لە ترساندا لە جێگەی خۆی دەیخەواند، بە بیستنی مەرگی باوکی کە قەت نەیدیت بوو دڵی ئەو پڕ لە حەسرەت بوو، بە مەرگی دایکی لە باوەشی گەرم و پڕ سۆز و خەوتنی سەر سینگی دایە و بە مەرگی باپیرەی ڕێز و پێگەی لە ناو کەسوکاری لەق بوو ناچار بە ڕۆشتن بۆ بیابان و ژیان لەگەڵ مەڕ و بزن و وشتران بوو و بە مەرگی مامیشی لەناو شارەکەی خۆیدا بە ترس و تەنها و بێ پشتیوان مایەوە.

سی و چوارەم: مەرگی خەدیجە

(خەدیجە دەیویست بڕوات و خۆی کۆدەکردەوە و بە تەماشاکردنەکەی بەمی دەوت بۆ وەستاوی وەرە لامەوە یارمەتیم بدە تا لە کارەکەمدا سەرکەوتوو بم، ئەو منەتی نەدەکرد، ئاخر منیش زۆر یارمەتیم دایت تا لە کاری پێغەمبەرایەتیەکەت سەرکەوتوو بیت)

خۆرئاوابوون سێبەری بەسەر مەککەدا دەکرد، بیابان خۆی لە جلەکانی ڕامااڵی بوو و ڕووت و قووت لە ژێر نووری سور و سێبەری شتی بەرزی نەوی زەردەپەڕدا ڕاکشا بوو، خۆری خەمگین لە دوورەوە لە پەنجەرە و دەرگای کراوەی ماڵەکەی موحەمەدی پێغەمبەرەوە لە گەڕەکی دەوڵەمەندنشینانەوە هەوڵی چوونە ژوورەوەدا بوو تا گۆنای زەرد و چاوی داخراو و زوڵفی نیوە ڕەش و نیوە سپی کە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبوونە دەرەوە نەوازش بکات.

موحەمەد و هەر چوار کچەکەیی و هاوڕێ کۆنەکان و ژنە خزمەکان و عەلی و زەیدیش لەسەر سەری وەستابوون، کەنیزەکی ڕەقوتەق و پیریش کە دایکی موحەمەد بوو و دایکانەش زوو زوو عارەقەی ناوچاوی خەدیجەی دەسڕی و جلەکانی ڕێک دەکردە و لێوی وشکی تەڕ دەکرد و ئاوی سازگاری بە گەروویدا دەنارد چاڵی هەناویەوە. خەدیجەی نەخۆشیش تا دەی بردەوە و دەینااڵند و موحەمەدیش سۆزی بۆی دەبزوا و فرمێسکی بۆ دادەبارانند و لە دڵی خۆیدا دەیوت: مەناڵێنە!. خەدیجە مەناڵێنە!. ناڵێنی تۆ لە هەموو دونیای ئەوان بە نرختر کە لە پێناویدا هەموو بوون دەشێوێنن.

ساتێکیش خەدیجە چاوە غەمبارەکانی هەڵدەبڕی و وەک ئەوەی گوێی لە مێردەکەی بێت دەیڕوانی، ڕوانینێک کارەساتێکی نهێنی ئامێز و کپ تێیدا ڕەنگی دەدایەوە، کارەساتێک ئاگر بوو لەو ڕوانینەوە بۆ ئەم دەهات و گڕی لە هەموو بوونی بەردەدا. خەدیجە دەیویست بڕوات و خۆی کۆدەکردەوە و بە تەماشاکردنەکەی بەمی دەوت بۆ وەستاوی وەرە لامەوە یارمەتیم بدە تا لە کارەکەمدا سەرکەوتوو بم، ئەو منەتی نەدەکرد، ئاخر منیش زۆر یارمەتیم دایت تا لە کاری پێغەممبەرایەتیەکەت سەرکەوتوو بیت. من دەڕۆم بۆچی لەو

دوورەوە وەستاوی. موحەمەد بە چاوی دڵی پڕ لە میهر و پێغەمبەرانەی لە مانای نیگاکانی هاوسەرەکەی دەگەیشت و سوکە لەرزێک بە قوولایی بوونیدا چوو و بووە ئاوێکی سارد و لەسەر ناوچاوی نوورینی بۆ ساتێک بروسکایەوە و بووە هەڵم. ئەو بە چاوەکانی بانگی دەکرد و ئەمیش لە ئامادەبووان شەرم.

خەدیجە دەیوت: بۆ نایەی دەزانم چەندەت خۆشت دەوێم، وەرە سەرت بخەرە سەر کۆشم با قژە ڕەشەکانت نەوازش بکەم، وەرە با پێش ماڵئاوایی تێر تێر بۆنی عەتری پێغەمبەرانەت بکەم. لە بینینی حاڵی ژنەکەی و گوێ لێبوونی نەوتراوەکانی ترسێک دڵی داگرت و دڵی وەتەپە کەوت. دەیوت: خۆ نیازت نییە بە تەنها بەجێم بهێڵیت!

ئەو لە هەموان زێتر ئەوی دەناسی، ئەو هەموو شتانەی لەو بینی کە هیچ کەس تەنانەت هیچکام لە ئامادەبووانیش نەیان دیتبوو، سەرەڕای چاکەی لەتەک هەموان هەبوو و هەموویان بە دایکی خۆیان دەزانی. موحەمەد دەستی خستە ناو دەستی گەرمی ژنەکەی کە وەک ئاگر گەرم بوو، ئای خەدیجە سەرەتا من و تۆ بە تەنها لەسەر هەموو شیوەکانی دۆزەخ وەستا بووین تا پاس بکەین و هەموو ئەوانەی بە وروژم نزیک دەبوونەوە پاڵیان پێوەنێین و دووریان بخەینەوە. ئافەرین کاری زۆر مەزنت کرد تۆ بەشێکی گەورەی پێغەمبەرایەتیەکەی من بووی. دەستی خستەسەر ناوچاوانی، دەمی برد تا ناوچاوانی ماچ بکات.

خەدیجەی زۆر دوور ڕۆشتوو و گەڕایەوە، بۆنی هەناسەی خۆشی مێردەکەی لەسەر جەستەی خۆی هەست پێدەکرد، بۆ ساتێک چاوی لە چاوی بڕی و دەموچاوی خڕ و کەللەی ماسی ئاسای خۆی بڕیە ئەوان و بە هەناسە بڕکێوە زۆر لەسەرخۆ قسەی دەکرد، بە شێوەیەک زۆر بە زەحمەت گوێیان لە دەنگی بوو بە کچەکانی و زەید و هیند و عەلی و بە هەمووانی دەوت: ئاگاتان لە پێغەمبەر بێ. وەک ئەوەی تەنها تاقانەی خودا و دوایین پێغەمبەر نەبێت، بەڵکو تاقانەی ئەو و چەپکە گوڵی دیاری ئەویش بێت. ئەو ڕاستی دەکرد چونکە نەک هەر هەموو سامانی لە پێناو ئەودا دانابوو، بەڵکو ڕۆحی و ژیانی و هەنووکەش مردنی لە پێناو ئەودا بوو.

ئێستاش لەسەر جێخەوێکی هەژارانە لە بەردەم نزیکەکانی کەوتۆتە گیاندانەوە، ئەو دوایین ڕاسپاردەی ئەو بوو و بەوانی ڕادەسپارد. لە کاتێکدا

هەموو ئومەتەکەی کە ئیدی ئەوی دایک هەموویان و کچەکانی و هیند و ڕوقیە و ئومکەلسوم و فاتیمە و ئومئەیمەن و زەید و عەلی و هەژارانی بە دڵی تەنهای موحەمەد ڕادەسپارد، موحەمەد و دڵی موحەمەدی باش دەناسی کە ئێشی بچووکی ئەوان ئازاری گەورەی ئەو بوو. ئەویش هەموو ئەو شتانەی لە موحەمەد بینی بوو کە هیچکام لەوان نەیان دیتبوو، ئەوان بۆ ئەوەی ببیننن دەبوو وەک ئەم سەرکەون و ئەویش داوای سەرکەوتنی لەوان دەکرد.

چاوەکانی بۆ دواجار لە مێردەکەی بڕی و بۆ ڕۆشتن پێڵوەکانی بەسەر بلبیلەکانیدا هێنا و ئەو دەیویست بڕوات. کاڵێ دەویست بار بکات، کاڵێ! بار مەکە، بۆ ئەو لا کۆڵی پێچابوویەوە و دەڕۆشت ئەگەر نەڕۆشتایە بە دڵنیاییەوە کاری پێغەمبەرایەتیەکەی بە جۆرێکی دیکە دەبوو. ئەو سەری ڕەزامەندی لە بەردەم خوادا دانەواند بوو و ملی لە بەردەم فەرمانی ئەودا لە موو باریکتر بوو، ئەو موحەمەد و پێغەمبەر بوو، بەڵام ئەویش لە حیکمەتی شتەکان بە تەواوەتی تێنەدەگەیشت.

زۆر شت و زۆر کەسی لە دەست دابوو، نا ئیتر ئەمەیان نا. خوایە چی بوو خوا بۆ ئەمەیان بۆ ئەم لێگەڕابا، ئاخر هەر ئەو بوو لە لەحزە تۆفانیەکاندا ئەوی بە تەنها بەجێ نەدەهێشت. ئەو ئازیزترینی کەسە ماوەکانی ئەو بوو، یوسفی ئەمی یەعقوب بگرە لەویش ئازیزتر بوو، بەڵام دەبوو تەنانەت ئیسماعیلی تاقانەش ببێتە قوربانی کە لەگەڵیدا ئەمی ئیبراهیمیش سەردەبڕدرا. دەیزانی خواکەی بە میهرە، بەڵام زۆر ناخۆش و گرانە شایەتی بەجێهێڵانی ئازیزترین کەست بیت.

چاوەکانی دەپڕتان و دەیویست جارێکی دییش چاوەکانی هەڵبێنێت و سەیری موحەمەدیان پێ بکات، بەڵام نەیتوانی دەستەکانی بەسەر سەرچەفەکەدا گیرا و لە دەستەکانی موحەمەد گەڕا و بەتوندی دەستەکانی گرت و زۆر شتی وت کە موحەمەد تێگەیشت و ئەوانی دی فریا نەکەوتن لێی بگەن، چونکە بە زاری هیچی نەوت. هەر هێندە نەبێت بیستیان هەر لەبەر ئەوەی زۆر بەلایانەوە گرنگ بوو ببیستن کە (اشهدوا ان لا اله الا الله و اشهدوا محمد ڕسول الله)ی وت و دوا هەناسەیدا.

ئەو دەمەی خـودا گیـانی خەدیـجەی وەرگـرتەوە تەواوی فریشـتەکان لەوێ بـوون، نەیانـدەزانی وەک مـرۆڤ بگرین، بەڵام غەمبـار بـۆ لە دەسـتانی ئەو و بـۆ غەمباری موحەمەد لە سکووتدا دەژیان.

خەدیـجە سـێ جـار لەدایـک بووبـوو، لەدایکبوونێـک کە لە هەنـاوی دایکـیەوە هـاتبووە دەرەوە، لەدایکبـوونێکیش کە لەتەک (مـوحەمەد)دا هاوسـەگیری کردبـوو لەدایکبـوونە گەورەکەش ئەو کـاتەی بـاوەڕی بە پێغەمبەرایەتـیەکەی مێـردەکەی هێنابوو، گەورەترین پشتیوانی بوو. سێ لەدایکبـوون و یەک مەرگ و بـۆ دواجـار مەرگی، لێرە مرد بوو و لاشەی سارد و سڕی هەنـووکە لەسـەر جێگەکەی دانرا بوو، جارێکی دی لە سەرزەوییەکی دی لە دایک دەبـوویەوە، بەڵام هەرگیز و بـۆ جاریکی دیکە شەرابی مەرگی نەدەنۆشیەوە. خۆرە ڕۆشنەکەی ناوچـاوانی لەتەک خـــۆری ئەم ئێوارەیـــدا ئـــاوا بـــوو و جـــارێکی دی لە ســـەرزەوییەکی دیـــکە هەڵدەهاتەوە.

مـاڵی مـوحەمەد خرۆشـا بە شـوێن پـاچ و بێـڵ و گـۆڕ هەڵکەندنـدا خزمـان نێردران، مەنجەڵ و قازان ئاگریان خرایە ژێر تا جەستەی نازداری خەدیجەی پێ بشۆردرێت. تا هەموو ئەم کارانە کران خۆر سـەفەری ڕۆژانەی ئەمڕۆشـی وەک هەمـوو ڕۆژەکـانی کۆتـایی پێهێنـا، شـــەویش مـانگی لەســـەر ســـەری نـابوو و ئەستێرەکانی بە کۆڵیەوە پێچابوو و بۆ مەککە بۆ ئەم دونیا و لە ڕێوە هاتبوو بـۆ مەککە و بەردەرکی ماڵی موحەمەد گەیشتبوو. دوو ئەستێرە لە سـەر کۆڵـوانە و پشـتی دایکیـانەوە سـەریان هەڵبڕی بـوو و نووریـان هەڵدەڕژانە حەوشـەی مـاڵی خەدیجە.

مـوحەمەد لە خەدیـجەی ڕوانـی کە ئەوی بینـی لە ژێـر تیشـکی چـرادا سـپی هەڵـــگەراوەوە و بە تەواوی پـــاکیزەی خـــۆیەوە دەدرەوشـــایەوە، ئەمـــیش و خەدیـجەش ئەم چەنـد ڕۆژەی نەخۆشـیەکەی ئەو زۆری هێنـابوو وەک درێژایـی تەمەنـی بیسـت و پێـنج سـاڵەی هاوسـەرگیران پێکیـانەوە هەردووکیـان بەرگەی ئازارێکی گەورەیان ئەمڕۆی گرتبوو.

ئەمە دوا شەوە ژنەکەی لە ماڵەکەیدا بێت. (ژیـان چەند پڕ ئـازار بـوو، تەمەن چەند کورت بوو، خەدیـجە نەیهێشـت ئەو بەهەشـتەی مـن و تـۆ لە دونیـای پڕ لە ئـازاردا درووسـتمان کـرد بەردەوام بێـت). (ئەی خەدیـجە تـۆ هـاوڕێی نەبەزی ڕۆژانی جەنگی من بووی کە هەرگیز پشـتت بەر نەدام، تـۆ ڕۆشـتی و نـازانم مـن

کەی بە تـۆ دەگەم، هەڵـبەت حیکمەتێـک لەم کـارە هەیە کە مـن نـایزانم خـودا تەنانەت نەیهێڵا تەنانەت تۆی پشتیوانیشم تا کۆتایی ڕێ لەگەڵم بیت).

ڕووی لە ژنە ڕەنگ پەڕیـوە بێ هەناسـەکەی بـوو کە لەوێ خـانەدان و خـانم خانمێ لێی ڕاکشا بوو، سەیری کچەکانی کرد کە هەموویان هەڵسـابوونە سـەرپێ و بە یەک هـوروژم بـێ هەرا هەرا دەموچـاوی هەمووییـان فرمێسـکباران دەکـرا، ئەوجـا فـاتیمەی بچـووک دایە خـوڕەی گریـان، سـێ خوشـکە گەورەکە یەک یەک ئەوییـان گـرتە بـاوەش و بە مـاچکردنی هەردوو گۆنـای زەرد و غەمبـاری نەوازشیان کرد. فاتیمە لە دایکی نزیک بـووەوە دەسـتی لە گەردنـی ئاڵاند لە نـاو جێگای ئارام و چاوەکانی لەناو مەرگی هەمیشەییدا بوو. مـوحەمەد چەند هەنگـاو لە کچەی بچووکەکەی نزیک بوویەوە و لەسـەر جەستەی دایکی هەڵیبڕی.

کچە لای بەلای باوکیەوە کردەوە و سەری بە سینگی بـاوکیەوە نـا، مـوحەمەد تەڕایی فرمێسکی کـچەکەی بە سـینگیەوە کرد و بە هەر دوو دەسـتەکەی سـەری لە سـینگی کـردەوە و چـاوی بـڕیە ناوچـاوی، بـاوک و کـچ لە یەکتریـان ڕوانـی، قسـەیەکی تازەیـان بـۆ وتـن پـێ نەبـوو. بـاوکە ناوچـاوی کـچەکەی مـاچ کـرد و هەنیسکی ئەوی گرت، دواتر هەموو کچەکان بە باوکیانەوە نووسان و باوەشـیان پێـدا کـرد و بـۆ دایکـی بێجوولەیـان کە لەوێ ڕاکشـا بـوو گریـان. بـاوکەش بـۆ دڵدانەوەی ئەوان گریانی بۆ ناوخۆی گێڕایەوە.

خەدیـجە گـوڵی باخەکـان لەوە شـەرم دەکەن لەو بـاخەدا تـۆ دەرکەوی وان بپشکوون. هەنـووکە بـۆ لای چـرای دیـوارەکە بـزوا کە لە حـاڵی خـامۆش بوونـدا بـوو و ڕۆنـی تێکـردەوە، ئەو بە ئـارامی لەتەک مەرگـی خەدیجەشـدا مـامەڵەی دەکـــرد، ئەمەش یەکێـــک لە گەورەتـــرین و نـــیعمەت و دەســـتکەوتەکانی پێغەمبەرایەتیەکەی بوون.

ئەمان بێدار و خەدیجە خەوتوو، ئاوی قازانەکانیش هاتە کوڵ و جەستەی بێ جـووڵە و نەرم و شـلی خەدیجەیـان بـرد تـا بیشـۆن و جلی سـپی لەبەر بـکەن، هەمووان نوێژی ماڵئاوایی و وادەی بینینەوەی یەکتریان لە قیامەت لەسـەر خوێند و کاتی هاتبوو بۆ دوا مەنزڵی و لە ماڵەکەی خۆیەوە بۆ مـاڵی هەمیشـەیی بیبـەن، بەڵام خەدیـجە چاوەکـانی تاریـک بووبـوون دەرگایـان نەدەبینـی و قاچەکـانی ڕێگەیـان نەدۆزیەوە. دەســتەکانی بە خــاڵی لە دوای عومرێـک لە پــارەداری و

بازرگانی کرابوونەوە و نەدەبزوان. بۆیە دەبوو ئەوانی دی هاوکاری بکەن، بە تەختە و لەسەر دەستان هەڵی بگرن.

جەنازەی قورس لە مااڵ هەڵگیرا و تەنها کەمینەیەک لە خزمان و هاوئاییناڵ لەگەڵی بوون و بێباوەڕانیش لە دڵی خۆیدا بەو مەرگەی ژنە بازرگانە دڵخۆش بوون، بەاڵم هیچیان نەدەگوت، ئەستێرەکان و مانگ بە سەرەوە لەتەک دڵی غەمباری موحەمەد دەڕۆشتن، ئەوانیش لە خوارەوە هەنگاوی قورسیان دەنا و بەرەو دوا مەنزڵی بە ڕێیان دەکرد.

هەمیشە دوعای بوو ئەوی خودای باڵادەست تا دوا هەناسەی عومرم ئەم شەریکەی ژیانم ئەو ڕۆحەی دڵەی نەسرەوت و نائومێدەی منی تێدا مت دەبوو و ئارامی دەگرت و خۆر لە دونیای ئەمدا هەڵهاتبوو، ناسک... ناسک... چوونی ئەمی پڕ لە نەشئە و خۆشی دەکرد، ئەو خۆرە لە بیابانی ڕۆحی ئەمدا قەت ئاوا نەبێت، کەچی هەنووکە خۆرەکەی بە دەستی خۆی دەخستە ناو چاڵەوە، خۆری داگیرساوی خۆی بە خاک دادەپۆشی.

موحەمەد و زاوا بە وەفاکەی کە هێشتا باوەڕی بە پێغەمبەر نە هێنابوو، بەاڵم زۆر ڕێزی لە خەسووی مردووی کە پووری بوو و لە خەزووری کە پێغەمبەرە، ژنە مردووەکەیان لە تابوتەکە گرتە باوەش کە جلی سپی مااڵواییی پۆشی بوو، دایانگرتە ناو گۆڕەکە و موحەمەد دوا دەست لێدانی جەستەی مردووی ژنەکەی کۆتایی پێهێنا، بە فرمێسک مااڵواییی لێکرد و بەردیان لەسەر دانا، و هەر بە دەستەکانی خۆی خۆڵی بەسەر جەستەی بێگیاندا کرد.

ئەی خاکی پیرۆز ئەی ئەوەی ئێمە لە تۆ دروستبووین و بۆ لای تۆش دەگەڕێینەوە، ئەوا خۆشەویستێکی دیکەم پێ سپاردیت ئەوە خەدیجەی پشتیوانم وەک باوکم و باپیرە و دایک هەر کاتێک کە کاتی هات بمدەرەوە، مااڵواوا خەدیجە مااڵواوا نەمدەویست برۆی خەدیجە نامەوێت، ئاخر تۆ ڕۆح لاوێنەری من بووی مااڵواوا! پاشان لێوە خەمبارەکانی هەڵبڕی و ڕووی کردە کچەکانی و پاشان لە جەستەی خەدیجەی ڕوانیەوە، ئێستا ئەو بە ئارامی ڕاکشا بوو و حەوا بووەوە و لە ئازار و مەینەتیەکان ڕزگاری بووبوو! ئیدی نە ئەو شەوە و نە هیچ نیوەرۆ و ئێوارەیەکیش کە لە ئەشکەوت یاخود لە شار و ئاوەدانی لە کاری تاقەت پڕوکێنی پێغەمبەرایەتی دەگەڕایەوە پێشوازی لێنەدەکرد. بە چیچکانەوە دانیشت و بەردەوام بوو لە بەخۆڵ بەسەردا کردنی جەستەی ژنەکەی و بە خۆیی دەوت:

(سوپاس خەدیجە بۆ ئەو هەموو یادەوەریانەی پێکەوە لە بووندا ئەنجامان دان، کە ئیدی هەرگیز ناسڕێنەوە، سەرەڕای ڕۆشتنی تۆ هێشتا هەر بەردەوام دەبین خەدیجە!). ئەو هەر زوو لەوە گەیشتبوو کە چ بەخششێکی خودایی بوو بۆ ئەو.

کاریان ئەنجامدا و کاتی گەڕانەوە و بەجێهێشتنی خەدیجە هاتبوو. پاشان لەسەر گۆڕی ژنەکەی هەڵسایەوە، ڕووی کردە کچەکانی و وتی: ئیدی دایکتان ئازار ناچەژێت، لە سەرەتاوە بێ دایکیان زۆر لاگران بوو، لەبیریان چوو کە دواتر بێ دایکیان ئەوان هێندە بێکەس دەبن، بەڵام ئەوان و هەموو ئامادەبوان بەرە بەرە چوونە ناو مانای نهێنییەوە و حیکمەتی وتەکەی پێغەمبەریان چەشت.

هەندێ جار هەندێ قسە تەنانەت ئازاری دایک مردنیش سوک دەکەن و صەبوری بۆ مرۆڤ دەهێنن، خەدیجەش بۆ ئەوەی باش لەوان بڕوانێت کە چۆن لە قوولایی ڕاستی وتەکەی باوکیان تێدەگەن، لێرە چاوەکانی داخستبوون و لە هەمان کاتدا لەوێ لە دونیاکی تر کردبوونیەوە، ڕاستی گوتەکانی مێردەکەی دەچەشت و خەندەی دەکرد.

کچەکان و هیچکام لە یاران و عەلی و زەیدی لاویش وەک دوو دایک مردوو نەدوان، تەنها بە فرمێسک خەدیجەیان لە ڕۆح و بیرەوەریاندا دەژیاندەوە، ڕۆحی خەدیجە بووبوویە تەیرێکی باڵ نەخشین و لە جیهانی ئەودیو مەرگەوە دەفڕی و بەناو ڕەحمەتی خوادا هەڵبەز و دابەزی بوو و ئەوەی لێرە لەبەردەستی مێردەکەی و کچەکان و هاوئایینەکانیدا مابوو تەنیا جەستەی لە خاک درووستکرا بوو کە بە جلی هەژارانە داپۆشرا بوو، خاک بوو دەبوو بۆ خاک بگەڕێتەوە وەک هەموو جەستەکانی دی شی دەبێتەوە.

لە کاتێکدا باڵەکانی وەک باڵی باڵندەیەک بۆ بێچووەکانی ئاوەڵاکرد بوون، بەسەر کچەکانیدا دابوون لە پێش هەموو خزم و هاوڕێکانیەوە هەنگاوی قورسی دەنا و کچەکان لە باوکیان دەڕوانی و فرمێسکیان دەسڕی و لە قەبرسانەوە گەڕانەوە. چەند مەشخەڵ لە پێش هەموانەوە لە پێچ و کۆڵانەکانەوە لە ژێر قەڵوەزەی نووری ئەستێرە و تریفەی مانگدا بەرەو ماڵی ئەوسای خەدیجە گەڕانەوە، کە بەهەر پێچێکدا گوزەریان دەکرد موحەمەد یادێکی لە خەدیجە دەکرد و بۆنی هەموو شتێکی دەکرد کە خەدیجەی بەلادا تێپەڕی بێت.

خەڵکەکە بە هەر کۆڵانێکدا دەڕۆشتن ئەویش بیری ئەوی دەکرد، (بە کۆڵانی شارێکدا بگەڕێم کە تۆ بۆ شاری خامۆشان بارت لێ کردبێت!)، خشەی پێکانیان

لە سکووتی ئەو شەوە دەهات و موحەمەد گوێی ڕادەدێرا (بەسەر خاکێکدا بگەڕێم کە تۆی لە ژێردا بیت!) لە بەردەم مااڵیشدا بەوانی نەگوت، بەاڵم زۆر گران بوو لای (بچمەوە مااڵێک تۆ لە پێشوازیمدا نەبیت) بیری ئەرکی گرانی داهاتووی خۆی دەکرد (ئەرکێک بگەیەنمە جێ تۆ پشت و پەنام نەبیت، ئای ژنەکەم!).

هاوڕێی هەمیشەیی لەبیر نەچووبوو (سوپاس خوایە سوپاس لە هەموو کارێک تۆ ئەنجامی دەدەی لە هەموو شتێک کە ئێمە هیچمان نییە، هەمووی هی تۆیە و هەموو کەسێک کە تۆ پێمان دەبەخشی و هەر خۆشت دەیبەیتەوە هەموو جووڵە و هیزێک لای تۆوەیە). کە چووە ژوورەوە نوێژگەکەی بینی کە هەمیشە خەدیجە لەوێ کۆتری نزای بۆ ئاسمان هەڵدەدا و بە خەدیجەی لەوێ نەبووی بە زمانی نەوتن دەگوت: (ڕەنگە وا باش بێت، ژنەکەم خوا خۆی باش دەزانێت دەبێت من و تۆ لەیەکتر جوێوە بین، ئاخر خوا دەڕەنجامی هەزاران هەزار ساڵ دەزانێت، من چی دەزانم من دەبێت هەوڵ بدەم لەو ئەنجامە دوورانە تێبگەم، هەرنا بزانم ژیان هەر ئێرە نییە ژیان دیوی دیکەی هەیە).

زۆر ئارام لەوێ دانیشت و کچان و خزمان بازنەیان بە دەوردا کێشا. چرا کۆژاوەکە هەڵبووبوویەوە (پێغەمبەرایەتی ئاراماییەکی وای پێ بەخشی بوو کە لە کاتی ترس و قەلەقیدا دەیتوانی ئارام لەتەک گرفتەکاندا ڕووبەڕوو بێتەوە).

بیرەوەری ئەو شەوە تا ئەبەد لە ڕۆحی موحەمەدا هەر مایەوە و خەدیجەی لەبیر نەچوویەوە تەنانەت دوای مردنیشی ژنەکانی غیرەیان پێدەبرد، لەوانەش ژنە بووکە خۆشەویستەکەی ڕۆژێک تاسەی خەدیجە هاوسەری کرد و ناوی هێنا، ئیدی ئەو تەقاندیەوە و وتی: بێجگە لە پیرەژنێک شێک نەبوو، پیاوە ناوچاوی پیرۆزی هێنایەوە یەک و ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد و وتی: ئەرێ خەدیجە ڕۆژێک پشتیوانم بوو کە هەموو خەڵکی لە دژم بوون.

بریتی ساڕێژ نەبووی ئەو تا مردنی تا هەموو ئەو جارانەی دواتریش کە بەردەوام دەبوویەوە بە پێغەمبەر ئەوەی دەردەبڕی کە:

ئای خەدیجە وای خەدیجە هاتمەوە لە ڕێوە، مەڕۆ واوە بێ
هەوری کۆڵوانەت لە لام ماوە جێ
تا کەی نااڵەم وەک نااڵە نەی بێ
تا کەی ڕەنگم وەک زەردە بەی بێ
ئەوەندەم هەڵکێشا هەناسە بە دڵ
بیابان سووتا دڵم هاتە کوڵ

بەاڵم لە ئەزموونی پێغەمبەرانەی خۆی هێندە چوو بوو و دەیچەشت کە: (حیکمەتەکانی هەناسە تا کۆتایی بۆ کەس نامێنن). بە بینینی ئەم حیکمەتە گریا، گریانەکەی زۆر ماندار بوو، چونکە پێغەمبەران ناگرین تا نەگەنە بێ ئومێدی.

کاتی بوو دەبوو بۆ لای دۆستی دێرین بڕوات، فەرمانیدا خۆیان بۆ نوێژ ئامادە بکەن، نوێژی بەڕپاکرد و چووە بارەگای حوزور، دەنگی پێغەمبەرانەی ئەو شەوە دەنگی دایەوە نەوەک خزمان و فریشتەی باڵدار کە بۆ دڵدانەوەی بەردەوام لە ئاسمانەوە دادەبەزین، لە پشتیەوە قەتارەیان گرتبوو و سەفی نوێژیان بەست بوو، بەاڵکو لە سکووتی خەمینی شەودا هەموو گەردوون گوێی لێبوو. لە باوەشی ژنە ئازیزەکەیەوە بۆ باوەش و منداڵدانی دۆستە ئازیزەکەی دەگەڕایەوە و خەمی دووری خەدیجەی بەو دەگوت، مەبەستم ئەشکەوتی "حەرا"یە کە هەمیشە وەک دایکی بە بەزەیی لە باوەشی دەگرت و لە ئازاری دونیای وەحشی دەوروبەری دەپپاراست.

ئای خەدیجە! ئەو تەنها خێزانی بەوەفای نەبوو، ئەو دایکی کێبڕکێکاری دایکی دووەمی بوو کە ئەشکەوت بوو، ئێمەی مرۆڤی داماو هەرگیز بێ دایک ناژین، ئاخر لەناو هەرکام لە ئێمەدا منداڵێک هەیە، ئەو منداڵە هەرگیز گەورە نابێت پێویستی بە لایلایە و شیرپێدان و ژیرکردنەوە و خەواندن هەیە.

پێشتر ئەو دایکی هەموو ئیمانداران بوو، هەموو پێغەمبەران دایکی هەموو منداڵانی خۆیان و ئەندامانی ئومەتەکەیانن، ئیدی موحەمەد ئەرکی دایکایەتی زۆرتری پێ سپێردرا و ئەویش دایکایەتی کچەکانیەتی، هەرچەند ئەوانیش دەیانویست دایک بن بۆ باوکیان، لە هەموویان زیتر فاتیمە بوو کە هەر وەک

دایکی باوکی بوو و موحەمەد پێی دەگوت: دایکی باوکی، هەر وەک دایکی لە ئازار دەیپاراست.

لە پاش مەرگی ئەو ئیدی قۆناغێکی دیکەی تەنهایی و ئازاری موحەمەد دەستی پێکرد، بە تایبەت کە دوای ئەوەی مانگ لە شێوەی ناوکە خورما دەرکەت و گەورە بوو وەک دەموچاوی جوانترین ژنی دونیا خڕبوویەوە و بچووک بوویەوە، بووە بە دەنکە خورما، ئەمەش شەش جار دووبارە بوویەوە ئیدی ژنە خۆشەویستەکەی خەدیجە لە کاتێکدا دەستی لەناو دەستی موحەمەدا بوو بۆ لای خوا گەڕایەوە، بەڵام ئەم بە ئیمانەوە کە هەموو کەس دەیزانی نەک تەنها پارەکانی بەڵکو ئیمانەکەی بەشێکی گەورەی پەیامەکەی موحەمەد بوون ئیدی ئەمجار موحەمەد تەنهای تەنها بوویەوە.

خەدیجە، چ پەنجەیەک، چ بەخشندەیەک، چ ڕۆحێک، چ پێکەنینێک، چ دەموچاوێک، چ پشتوانیەک، چ سەرمایە و دەسەڵاتێک و ئەوە چ دڵێکە کە تۆی لە بیر بچێت؟ بۆ هەمیشە لە دڵیدا مایەوە. کاتێکی دیاریکراو نییە بۆ ئازاری کەسێکی خۆشەویستی لە دەستچوو، بەهەر شوێنێکدا دەڕۆشت بۆنی خەدیجەی لێدەڕژا.

سی و پێنجەم: لە تائیف هەوڵی دەرەوەی شار

(دوو زەلامیان بینی هەموو شاری تائیف شوێنیان کەوتبوون، دار و بەرد و وشەی ناشیرین و ئاخ و تفیان تێدەگرتن)

هەر کات لەتەک خودای خۆی دەچووە خەڵوەتەوە ڕەحمی ئەو دایکە هەزاران ساڵەی هەڵدەبژارد و منداڵ دەبووەوە و پاک پاکیش لە ساتە قورسەکانی ژیانی هەر لەوێ تێر شیری نووری دەمژی، لەوێ دەگریا و نزای دەکرد، ئەو نزایانەی هی ئێرە نەبوون، بەڵام بۆ ئێرە بوون بۆ ئێرە دەهاتن هەر لەوێش نتمی لە خۆی دەبڕی و خەوی لێدەکەوت، کە لە ئەشکەوت هاتەدەرێ ئەستێرەی بەیان بە لاسەرەوە بەوی دەڕوانی و بەخێرهێنانەوەی دەکرد، ئاخر ئەو لە سەرزەوییەکی زۆر دوورەوە هاتبوویەوە.

لەوە دەچوو پێیان وتبوو کە دەبێت زیاتر بەرگە بگری ڕێی سەختترت لە پێشە، سەختتر لە هەموو ئەو ڕێیانەی بە هێزی ئارامی لەسەر ئازار و هەموو خۆشەویستانت یەک بە یەک بەجێیان هێڵای لە لاریی ڕێگەدا ناشتنت، ئەوجا ئێستا دەبێت هەرچی تەنهاتر ڕێگە بگرێتەبەر، وەک غەریبەیەک لە بەردەم مرۆڤانی دیدا بگەڕێی و داوای یارمەتییان لێبکەیت، یارمەتی ڕزگارکردنی خودی خۆیان تۆ وەک غەریبەیەکی ون بگەڕێی و ئەرکی سەرشانی خۆت بەوان بگەیەنی لە پێناو ئەوەشدا بە هەموو شت ڕازی بیت.

خۆی و کوڕەکەی ماڵە چۆڵەکەی خەدیجەیان بەجێ هێڵا و بای گرتە باوەش و چاوی لە ئاسمان بڕی و بەرەو بیابانی فراوان جووڵا. هەرگیز هاوسەفەری هەمیشەیی نەبینراو ئەوی بەجێ نەدەهێڵا، پێشی دەکەوت و بەو شوێنەدا دەیبرد کە پێویست بوو پێیدا بڕوات، لە بڕینی ڕێگای دوور و دریژدا دڵنەوایی دەری بوو. شەو ئەستێرەکان بە لاسەرەوە و لمی بیابانیش بە زەوییەوە سپی سپی دەبڕیسکانەوە، تەنها کوڕەکەی واتە: (زەید)ی لەتەک خۆی برد و گاڵۆکێک بە دەستیەوە و هەندێک لەو پارانەی بازرگانی هاوبەشی خۆی و خەدیجەشی خستە باخەڵی، بۆ شوێنی پێشتر نەبینراو بمگرە و هاتم.

چەند هەنگاویان ناو و چەند دڵۆپە ئارەق هاتنە سەر ناوچاوان و بە گۆنادا شۆڕبوونەوە و چەند باڵندە لە ئاسمان و چەند گیاندار لە زەوی بە گومانەوە

سەیری ئەملا و ئەولایان کرد و سەلامیان لێکرد، چەند پەڵە هەور لە بەر تینی گەرمادا توانەوە و ڕۆحی خۆیان بەخشی تا سێبەر بۆ ئەم دوو موسافیرە دڵ پڕ لە غەمە بکەن و بە لای چەند دەواردا تێپەڕین، چەند دەرگا بە ڕوویاندا داخران و چەند ڕوخساریش لە بەردەمیاندا کرچ بوون و چەند مرۆڤ قەترەیەک ئاویان نەدانێ و پشتیان تێکردن و چەند ڕۆژ بە خواردنی چەند دانە خورمایەک ڕۆژیان بە شەو گەیاند تا گەیشتنە ئەو شوێنەی فەرمانی گەیشتنیانی درا بوو.

ئەو لەتەک زەیدا ڕۆشتن و ڕۆشتن تیشکی خۆر وەک باران، بەڵام گەرم و سوتێنەر بەسەریاندا دەباری، ئاسەواری مرۆڤیان لێوە دیار نەبوو تا دواجار شار و ئاوەدانی خۆی پیشان دان، باخ و باخات و کۆشک و تەلارەکانی تائیف دەرکەوتن.

شارەکە وەک بووکی ئاسمان لەوێ جلی سەوزی لەبەرکردبوو و جوانیەکەی پرشنگی دەدا و هەر چەند دەیویست بالا بنوێنێت، بەڵام لە فراوانی بیاباندا بچووک دەبوویەوە. موحەمەد لە پێشەوە هەنگاوی گەورەی دەنا و زەیدیش لە دوایەوە بە حاڵ فریا دەکەوت، ئاخر موحەمەد پەلەی بوو زوو ئەرکەکەی بەجێ بهێنێت. ئەوان هەر بەردەوام بوون و دەڕۆشتن و موحەمەد باسی خوای دەکرد و عەقڵی زەید گوێی ڕادەدێرا، ئەم لە باخاتی بەهەشت دەدوا ئەو داهاتوو دەهاتە بەرچاوی لە بن دارانی بەرز و گوڵانی سوور و زەرد و شین و پەپوولە و شەراب و عەیش و نۆشیدا لەتەک یاران دانیشتوون، بیر لە ڕۆژگاری سەختی ئێرە دەکەنەوە، ئەو لە قووڵی چاڵە ئاگرینەکانی دۆزەخ دەدوا وەک ئەوەی بە چاوی خۆیان بیانبینێ، چاوەکانی پڕ لە ئاگر دەبوون و لەبەر تینی گەرمای بیابان جەستەی خۆرسووتی گەرم دادەهات.

بە وتەکانی موحەمەد ڕۆحی ڕۆشن دەبووەوە، دەرگای نوێی لێ دەکرایەوە و لەو دەرگایانەی مرۆڤ پێیاندا بۆ ئاسمان سەردەکەوێت، جار جار دەچووە خەیاڵەوە و دەوەستا و دواتر بە پڕتاو هەوڵی دەدا بە موحەمەد بگاتەوە، کە لەبەردەمیەوە وەک ئەوەی لەتەک کەسێکی نادیار بدوێت بە زمانی تایبەت کە پێیان دەوت (زیکر) دەدوا و ئەم تەکانی دەدا تا بەودا بگاتەوە و بە وەشاندنی بەردێک لە بنە دڕکێکی نیشانەکراو یاخود هاواڕێک لە ئاسکێکی چاوڕەش کە بە حەزەرەوە بۆ ئەمانی دەڕوانی و بە هاوارەکەی بازێکی بەرز و درێژی دەدا و دەبریقایەوە، ئەو گەنج بوو و خوێنی قڵپی دەدا و تەکانی بە خۆی دەدا کە

بەخێراییەکی وا دەڕۆشت ئەم هەموو جەستەی دەبووە هەناسەبڕکێ تا بەو بگات.

زەید وتی: ئەوا گەیشتین.

کە گەیشتنە تائیف ئێوارە بەرەو ئاوابوون دەچوو قەڵا و باخەکانیان بینی کە لە ژێر تیشکی لار و زەردی خۆردا وەک ئاڵتوون دەبریسکانەوە، بۆنی لمی بیابان لە ئێوارەدا کەپووی هەردووکیانی پڕ کردبوو، باخە تریکان هەر دوولای ڕێگەکەیان گرت بوو، بۆنی تریی بە شەراب بوو ئەو ناوەی تەنی بوو، هەورەکان بە ئاسمانی شینەوە نووسابوون و ڕەنگی سوور و زەردیان لە هەر لایەکی سەرەوە دەدایەوە

زەید وتی: چ شارێکی تەڕ و سەوز و زەرد و ئاوداڕە.

موحەمەد و زەید هەواڵی ماڵی گەورەکانی شاریان پرسی کە لەناو قەڵا بەرزەکانی خۆیانەوە لە ناو باخی خورما و تریی تەڕدا غەرقی عەیش و نووشی خۆیان بوون، بەینێک بێ وەڵام هێشتنیانەوە و پاشتر هەر بە پاسەوانەکانی بەردەرگای دەرەوەی خانووەکانیان وەڵامیان بۆ ناردنە دەرەوە کە ئەوان ئامادە نین لەگەڵ کوڕی گەورەی قورەیش کۆ ببنەوە، ئەمەش هەر لە ترسی قورەیش بوو. موحەمەدیش بێدەسەڵاتانە لە بەردەگا دوور کەوتەوە، خۆ ئەگەر دەسەڵاتی دونیاشی هەبا بە ترس و زۆر ڕێگای خۆی نەدەسەپاند، ڕێگا دەگیرێتە بەر نەوەک بسەپێت. ئەو نەیدەویست ئەو بە زەبر و زۆر خەڵکی ناچار بە شوێنکەوتنی بکات ئەو دەیویست بە سەبر و ئارامی ئیمان بچێتە دڵیانەوە.

گەورانی شار کە بە بەرگی ناسک و ئاوریشمینی خۆیانەوە لە پەنجەرەی بەرز و گەورەی خانوەکانیان لەو دوو ڕێبوارە ڕەنجبردەیان دەڕوانی کە بە ڕووکەش وەڵامی ئاشتیانەی ئەوانیان دایەوە، بەڵام لە ژێرەوە بە کۆی دەنگ فەرمانیان دەرکرد، لە پێشان منداڵە بزێو و چەتوونەکان پاشان کۆیلە و کەنیزەکان و دواتر پیرەپیاو و ژنە گۆچان بە دەستان کە هەنووکە هەڵدەهاتن و هەڵچوونانە هەنک هەنک جنێویان دەدا، هەموویان وەک شەپۆلی لم دەهاتنە پێشێ و بە بەرچاوی گەورەکانیانەوە، بەڵکو بە فەرمانی ئەوان هەر شتێکی بەردەستیان کەوتبا لە دواین پێغەمبەر و خۆشەویستی خودایان دەگرت.

وەک بڵێی هەموو شار کەسێکی تێدا نەما بێت، هەمووی لەوێ کۆ بووبوونەوە و نەوەک بۆ گوێ لێگرتنی وشەکانی خوا کە لەسەر زاری ئەو

پێغەمبەرە نازدارە دەهاتنەدەرێ، بەڵکو بۆ بەردبارانکردنی، منداڵانی بێگوناە و دایکانی بەسۆز و پیاوانی ئازا و بە زەبر بەرد و داریان بە دەستەوە گرتبوو و دەیانگرتە ئەو غەریبەیەی چەکی تەنیا دەستەکانی بوون کردبوونیە قەڵغان و ئەویش بەشی هەموو گیانی نەدەکرد، ئیدی خۆێن لە دەموچاو و دەست و سینگ و قاچی دەهاتنە خوارەوە.

زەیدیش بەسەریدا دەچامەیەوە تا ئەو دار و بەرد و قیژە و هاوار هاوارە لە خۆشەویستەکەی دەگیران بەر ئەو بکەون و موحەمەدیش وەک باوکێکی بەسۆز باوەشی بۆ کوڕەکەی دەکردەوە و عەباکەی بە دەوردا دەگێڕا و سەری دەخستە سەرسینگی خۆی تا ئەو بەڵایانەی بۆ ئەو دێن بەر ئەو بکەون، هەردووکیان بووبوونە یەک گیانداری بەستەزمان، کە لە ژێر زەبری ئازار و پیاکێشاندا هەر چوار قاچەکەی بگوازێتەوە لەباتی بۆ پێشەوە بەملا و بەولادا بڕوات و لەتر بدات و بکەوێت و هەڵسێتەوە، زەید موحەمەدی لە خۆی خۆشتر دەویست، موحەمەدیش هەر وا بەڵکو ئەو زوو ئەوی لە خۆی خۆشتر ویست بوو.

دەڕۆشتن و زەبر دەدران و جنێو دەدران بە شوێنیانەوە پەنایەک نەبوو لە پێداکێشان پەنایان بدات. کەوتوو بوونە هەلەکە سەما و جیقە و فیکە و لە بینینی خۆێنی بەربووی ئەمدیو غەریبەیە کە لە ناوچاو و قاچ و قولیاندا دەهاتنە خوارەوە چێژیان دەبرد و فیکەیان لێدەدا و هاتوهاوار و قاقا پێدەکەنین جڕتیان دەکێشا. ئاخر ئەمە هەڵگەڕانەوە نەبوو لە نەریتی باوپیران، کەسێک نەبوو بڵێ دەبێت حورمەت لە کوڕی گەورەی عەرەب بگیرێت، وای لە قەومی خراپ چی بەو پێغەمبەرەیان دەکەن کە هیچی نەوتووە تەنها ئەوە نەبێت وتوویەتی (اللە) خودایە و هیچی لەوان نەویستووە، تەنها چاکی و قوتاربوونی خۆیان نەبێت.

کوڕەکە نەیدەتوانی بەر لە شەپۆلی خەڵکانی هێرش بەر و لێزمەی بەردی باریو بەسەر سەروەرەکەیدا بگرێت، هەندێ جار بەرد بەر ناوچاو و گەردنی دەکەوت و خۆێن چۆڕاوگەی دەبەست تا دەهات ژمارەی بەردهاوێژان زۆر و زۆرتر دەبوو.

تاوای لێهات و شوانەکانیش مەڕەکانیان بەجێهێڵا و بە خۆیان و سەگەکانیانەوە هاتن و پێش ئەوەی بگەن قۆچەقانیەکانیان زوو زوو پڕ لەبەرد دەکرد و گیف و هوڕ لەم دوو غەریبەیان دەگرتن و سەگەکانیش کە هەنووکە

دەیانبینی خاوەنە دووپێکانیان بۆ گەپ بەردیان لەوان دەگرت و ئەوانیش بە ڕاستی خوێناوی دەبوون حەپە حەپ بە نیازی کەڵبەگرتن لە گیانیان هەڵمەتیان بۆ بردن، دوو غەریبەکەش بێدەسەڵاتانە هەنک هەنک ڕایان دەکرد و هەڵدەهاتن.

موحەمەد لە لاقی باریک و پێ خوێناویەکانی زەیدی دەڕوانی کە جارێک لە ڕاست و جارێک لە چەپی گەورەکەیەوە وەک باڵی شەمشەمەکوێرە عەباکەی کردبوویەوە و خۆیشی لەناویدا بە حەزەرەوە دەبزوا نەوەک تیرێک نێزەیەک لە دوورەوە بگیرێتە سەروەرەکەی، هەنووکە موحەمەد بە زەیدی وت: لە من بگەڕێ تۆ لاوی دەتوانی هەڵبێ بڕۆ من بەجێ بهێڵە، جەستەت زەربەی بەردەکەوێت و ژان و ئازاری دەبێت، بەڵام دڵنیابە خوا پارێزگاری لە بوونی من دەکات.

زەید دەیگوت: ڕۆحم بە قوربانت بێت چۆن کاری وا دەکەم! هەموو ئازارێکت بۆ من بێت هەموو دار و بەردێک بەر من بکەوێت هەموو قامچی و گۆچانێک لە من بسرەوێت و من بمرم و تۆ بمێنی، من بمرم هیچ لە دونیای خوا ناگۆڕێت تۆ بمری پەیامی خوا پەکی دەکەوێت. ئیدی بازیاندا و هەڵهاتن و تا سێ میل لە دووری شارەوە لێیان نەگەڕان و شوێنیان کەوتن، خۆیان کرد بە دەرگای کراوەی باخی دوو براکە (عوتبە و شەیبە)ی کوڕانی (ڕەبیعە)دا.

ئەوان لە ژێر سێبەری کەپری بەرزی بەردەم کۆشکی خۆیان لێی ڕاکشا بوون، گوێیان لە هەرا هەرا و دەنگی جنێو و فیکە و هوڕ و حەپەی سەگ و پێی هەڵهاتوودا بوون لەشوێنی خۆیان بە تەمەڵیەوە ڕاست بوونەوە. لە هەناسەبڕکێ و غەم و تۆزی سەر ناوچاوی دوو نەدیدەکەیان ڕوانی بە خزمەتکارەکەی وت: هەندێ ترێ و ئاو بۆ ئەو غەریبانە بەرە. خزمەتکار هەر لە دوورەوە هەستی بە ڕۆشناییەکی سەیر لە ژێر تەپوتۆز و خوێندا کرد کە دەدرەوشایەوە.

دووان لە گەورەکانی ئەو جێیە هەرا هەراکەیان بینی کە بەلای باخی تریکانیاندا تێدەپەڕی بە پرتاو بە جلی ئاوریشمین و شاهانەی خۆیانەوە دەرپەڕینە دەرەوە ئەو دوو زەلامەیان بینی هەموو شاری تائیف شوێنیان کەوتبوون و دار و بەرد و وشەی ناشیرین و ئاخ و تفیان تێدەگرتن، چاوی بڕیە یەکیان و چاوەکانی ناسیەوە لە تایەفەی بەنی هاشمی دەکرد و ڕێگەیدا تا تێپەڕن. ئەوان تێپەڕین و چووە سەر ڕێگاکە و هەردوو دەستی وەک پەیکەر ڕایەڵ کرد و نەیهێڵا خەڵکەکە بەوان بگات، ڕێگەیدا بۆ ناو بەهەشتەکەی ئەو

بڕۆن کە باخی فراوانی خورما و تڕێ بوو و لێیان گەڕا بۆ خۆیان لە دووڕەوە بحەوێنەوە ئازارە بەسۆکانیان بکۆڵنەوە، یەکێکیان لەبەر دەرگاکە و ئەوی دیکیش لە پەنایدا لە ژێر سێبەری دارخورمایەک کەوتن و پاڵیان دایەوە.

دونیا بە شێوازێکی پیرۆزانە و سامناک ئارام بوویەوە، باڵندەکان جیکە جیک بەسەر سەری غەریبەکە هەڵنیشتن و ناوچاوی خوێناوی هەر دووکیان دەدرەوشایەوە، کابرای خاوەن مااڵ لەناو خۆیدا دوو پەل بووبوو، پەلێکی دەیگوت: ئەمانە لە ئایینی باوباپیر دەرچوون شایستە لەوە زیاتر بوون، پەلێکی دیکەیشی دەیوت: دواجار مرۆڤن و تینوو و برسیانە و بریندارن و ئازاریان هەیە.

لە کۆتاییدا دڵی بەردیان خوێنی تێزا و نەرمبوویەوە و بووە خاک و هەرچەند دەیانناسی و دەیانزانی کوڕی گەورەی قورەیشە، بەاڵم لێی نزیک نەکەوتنەوە و خزمەتکاری خۆیان نادە الی هەندێک ئاو و تڕێ بۆ ئەو دوو غەریبە ڕاونراوە بەرێت. خزمەتکار لێیان چووە پێشەوە و دەستی ڕایەاڵ کرد ئاو و تڕێی لێیان نزیک کردەوە و لە پێشاندا بە تەمەنەکەیان دەست و مەچەکی خوێناوی و تۆزاوی بۆ تیکە برد و بە (بسم اللە) وتن، بۆڵە تڕێی لە بۆشەکە کردەوە و بۆ دەمی برد.

ئەوە چیت وت؟ (بسم الله)

ئەو زاراوەیەی خەڵک بیابان بەکاری ناهێنن.

هەنووکە موحەمەد و زەید بە پاڕێزەوە چوونە ناو شارەوە، ئەگەرچی گەورەکانی تائیف شەڕێکی گەورەیان هەاڵیسان و پێغەمبەر و زەیدیان بۆ دەرەوەی شار وەدەرنا، لە ڕاستیشدا لە ڕێگەی فەرمانەکانیەوە کە موحەمەدی بۆ ئەوێ پێنێردرا بوو وەک ئەوە وا بوو خواشیان لە شارەکەیان کردبێتە دەرەوە.

کاتێک مرۆڤ باوەڕی بە خوا نەبێت و ئەو لە وجوودی بکاتە دەرەوە ئەوا هەر زوو لە شار وەدەری دەنێت و ئەگەر بۆشی بکرێت منداڵانی وەدوو دەنێت و وەک زەید و موحەمەد تا بەردبارانی بکەن، بە هیکە هیک هەناسەی سوار بێت و ئارەقەی زەرد و شین هەڵبڕێژێت و لە ناچاریدا خۆی بە ئاستانە و باخی دوژمندا بکات. ئەوە خوای بە هەزار شەڕ و گیروگار لەسەر عەرشی ناو

هەناوی خۆی هێناوەتە خوارەوە کە لە ناو دڵیایەتی و دەستی شەیتانی بە نیشانەی بردمانەوە هەڵبڕیوە و لەسەر کورسی شاهانە داینواوە.

هەنووکە منداڵان و شێت و وێتەکان کە بە دەنگی بەرز و قاقا پێدەکنین و لە پێداماڵین و خوێناویکردنی ئەمان دەدوان دوورکەوتنەوە، بەرە بەرە هەرا هەرا و پێکەنینەکەش کەم بوویەوە و نەما و ئەمانیش هەناسەیەکیاندا و لە بن ئەم دارمێوەدا بۆ ساتێک حەوانەوە.

دەستی بۆ ئەوان ڕایەڵ کرد و ئەویش دەستی بۆ تڕێیەکە برد و وتی بە ناوی خوا. کوڕەی خزمەتکار سڵەمیەوە نەیزانی ئەوە چی بوو لە زاری ئەو غەریبەیەی بیست. ئەو زاراوەیەی قەت لێرە نەبیستبوو بە پیاوەکەی وت: چیت وت؟ ئەویش دووبارەی کردەوە بەناوی خوا. کوڕەکە وتی: تۆ یەکتاپەرستی؟

پیاوەکە لە ناوی ئەمی پرسی وتی: (عەداس).

پیاوەکە پێی وت: خەڵکی کوێی و چ ئایینێکت هەیە؟

ئەویش لەوەڵامدا وتی: من نەسرانیم، خەڵکی نەینەوام.

پیاوە شەکەتەکە وەڵامگۆ بوو و وتی: خەڵکی شاری پیاوە چاکەکەیت یونسی کوڕی مەتتا؟

خزمەتکارەکە: تۆ چووزانی یونسی کوڕی مەتتا کێیە؟

مرۆڤی پیرۆز و ماندوو هەواڵی جیهانی دووری پێدا و وتی: ئەو برای منە، پێغەمبەر بوو. سەیری عەداسی کرد، عەداس جوانی شەرمی لێبینی و پیاوەکەش دەموچاوی خۆی وتی: منیش پێغەمبەرم.

ئەو خەنی بوو بەوەی خوا ئەم پیاوەی نارد بوو، تا بیر لە ئازارەکانی براکەی یونس بکاتەوە، چیرۆکی براکەی بۆ گێڕایەوە. گەنجەکە بەسەریدا دانەویەوە تا دەست و قاچە خوێناویەکانی ماچ بکات. باوەڕی بەو هێنا و بە پشتیوانی خۆی حلێوی کرد، دڵیان بۆ یەکتر کردەوە لە موحیبەتدا زمانیان پڕا و قسەی زۆریان هەبوو بۆ یەکتری بکەن، بەڵام خاوەن کار لێ نەدەگەڕا لەوە زیاتر بمێنێتەوە بۆیە بە چاوی فرمێسکەوە بەجێی هێڵا و وادیار بوو لە جیهانی دی بە یەکتر دەگەنەوە.

نیگاکانی بە ملی باریک و لاملی خۆرسوتاویدا دووریەوە، ئەمی شازادە ئەوی کۆیلەی لە خۆی خۆشتر دەویست هەنووکە کە دڵی گیرابوو و کە لە تائیف

دوور کەوتبوونەوە و مێگەلی مرۆییش بەرەو دوا گەڕانەوە و بەرەبەرە بچووک و بچووکتر بوونەوە و لە ناو تۆزی بیابان‌دا ون بوون، خودا لە دەستیان ڕزگاری کردن. ئەم زەیدە لە پێناو ئەمدا چی نەچەشتووە، سەیری کوڕەکەی کرد هەتا ئێستاش عاباکەی بەسەر سەریدا دابوو و لە خوارەوە تا نزیکەی ئەژنۆی قاچە ڕەش و لەڕ و لاوازەکانی بەدەرکەوتبوون کە خوێنیان لێدەچۆڕا. برین و خوێناو و جێ بەردەکانی لە قاچەکانی بەدەرکەوتن، هەر کە بینی ئەم سەیری دەکات زۆر بە خێرایی عاباکەی داگرت و قول و قاچی پێداپۆشی.

بەم کارەی سێبەر لەسەر دەموچاوی نیوە عارەق و نیوە خوێنی دەرکەوت و مووی نەرمی دەوری چەناگەیی خوێناوی بوو، گۆنا قوپاوەکانی بووبوونە بازنەی خوێنی سوور لە لا ملی جۆگەلەیان بەست بوو، لوتی قوپا بوو و ناوچاوی ئاوسا بوو و لێوەکانی جوانی قورەیشیانەی نەبوو، ئەگەرچی بە کوڕی موحەمەد ناسرا بوو، بەڵام جوانیەکی سوێر و پیاوانەی هەبوو کە موحەمەد بە باوکایەتی ئەوەوە شانازی دەکرد.

ئەویش چاوە بچووکەکانی دەبڕیە پێغەمبەرەکەیی و لە ماندووبوونی دەڕوانی هەر کاتێکیش ئەم بە چاوە عەرەبیەکانی ڕوانینەکانی بۆ دەسەندەوە، ئیدی ئەو شەرمی دەکرد و چاوی دادەخست. ئەو بە بێدەنگی دڵی ئەم دەدایەوە و دڵدانەوەی ئەم خۆشەویستەی ئاسمان کە گرۆی ئادەمی لە زەوی چی پێ دەکەن، ئەو تۆز و خۆڵانەی بە عاباکەیەوە بوو هەمووی تەکاند و لە خۆی کردەوە و پاشان کردیە سێبەر بۆی کە ئەم هەرچەند ئەو خۆی دابوویە بەری.

ئەو دار و بەردی زۆرتری بەرکەوتبوو، دڵی بۆی پڕ بوو و لێوەکانی هەڵقرچان و چاوەکانی فرمێسکیان پێدا هاتە خوارەوە و بەسەریدا چەمیەوە و چووە ژێر باڵەکانی بە نەوازشەوە لە زەوی هەڵبڕی، ئاخر ئەو سێ جار ڕزگاری کردبوو جارێک لە کۆیلایەتی قوتاری کرد بوو و جارێک بووە باوک بۆ ئەو. جارێکیش بووبوویە مایەی هیدایەت و لەتەک خۆیدا بۆ جیهانی نەبینراو و باخی بەهەشتی برد بوو. ئەم جارەش لەم ڕێگە سەخت و ئازاراویەدا بە هاوڕێی خۆی قەبوولّی کرد بوو: من بە قوربانت بم یا "رسول الله" با بڕۆین بە ڕێگەکەدا بەرەو شیوی نشێو بوونەوە عارەقاو و خوێناو لە جێ پێکانیان لە پاش خۆیان بەجێ دەما و لە تیشکی خۆر دەبڕیسکایەوە و لە تینی گەرما

تەڕایـیەکەی دەبـووە هەڵـم و خـوێنەکەش دەبـووە پەڵەی ڕەش و بەسـەر لمـی بیابانەکەوە بەجێ دەما.

باوک و کوڕە بە شیوەکەدا داگەڕان، هەر دووکیان سەریان دانەواندبوو خۆر بە هەمـوو تینـی خـۆیەوە لە هەمـوو بیابـانی دەدا و پەڵە هەورێـک فریـاکەوت و ئەوانی خستە باوەشی سێبەری خۆیەوە، پێغەمبەر لە زەیدی دەڕوانـی و سـۆزی بۆی بزوا و پاشـان سـەری ئەوی نووسـاند بەسـینگیەوە و نەوازشـی کرد، بەڵام گەنـجەکە لێوەکـانی بە یەکـدا دووڕابـوون و زمـانی وەسـتا بـوو و هیچـی پـێ نەدەوترا، فرمێسک بە چاوە ورد و ڕەشـەکانیدا دەنیشـتنە سـەر سینگی باوکەکە. ئەو هیچـی نەدەگوت، بەڵام بە هەنسـکەکانی هەمـوو شتێکیشـی وت، وەک ئەوەی وتبێتی ئەم هەموو ئازارە لە پای چی؟

کە گەیشتنە (قەرنولسەعالیب) کە (قەرنولمەنازیل)یشیان پێ دەگوت، لە ئاوێـک گەڕا، بەڵام هیچی لێنەبوو پیرە داڕێکی دۆزیەوە عەباکەی خۆی بۆ باوکە کەنفت و خوێنـاویەکە داخسـت و دیسـانەوە گەنـجە لەوی ڕوانـی و سـکووتێکی سـەیر هەموو شوێنەکەی تەنی بوو و باڵندەیەکیش بەو نـاوەدا گـوزەری نەدەکرد، هـیچ کامیان هیچیان نەدەگوت بێجگە لە دەنگی دڵی خۆیان گوێیان لە هیچ نەبوو.

دەنگی پێغەمـبەر بێدەنگی شـکان و دەسـتەکانی هەڵبڕی و نەک لەتەک ئەمـدا بەڵکـو لەگەڵ ئاسـمانیدا دەسـتی بە قسـان کـرد ئەمـیش بـۆی نەدەسـەندەوە تەنهـا هەناسـەکانی خـۆی حەپس کردبـوو، نزاکـانی ئەو بە ڕۆحـی ئەمـدا ڕۆدەچـوون: (خـودایە لاوازی و بێدەسـەڵاتیم لە بەردەم خەڵکـدا بـۆ لای تـۆ دەهێـنم، ئەی لە هەمـوو بە بەزەییەکـان بە بەزەییتـر، تـۆ خـاوەنی بێدەسـەڵاتەکانی و تـۆ خـاوەنی منیشـی! بە کێم دەسـپێری بە بێگانەیەک کە ئـازارم بـدات یـاخود دوژمنانێـک کـە کاری منت داونەتە دەست.

گەر تۆ لەمن زویر نەبیت من هیچ باکم نییە، پارێزی تۆ بۆ من کرانەوەی دڵی منە. پەنـام بـۆ نـووری پیـرۆزی تـۆ کە هەمـوو تاریکسـتانی ڕوونـاک کـردۆتەوە، گشت کاروبـاری دونیـا و ئـاخیرەتی لەسـەر بونیـاتنراوە کە لەوەی تـووڕەیی تـۆم بەسـەردا ببارێت، یان خەشمت بمگرێت، هەمـوو ڕاز و نیازێـک بـۆ لای تـۆیە، هـیچ جوولّە و هێزێـک بـێ تـۆ بـوونی نیـە) زەیـدیش بە حەسـرەت و ئـاخ هەڵکێشـانەوە گوێی لە نزاکانی ئەو دەگرت و ترس و هەیبەت بە ڕۆحیدا دەچووە خوارێ.

لەپڕ بینی هەورێکی سوور و سەوز و زەرد بەری ئاسۆی گرت و هەورەکە ڕاست بەرەو لای ئەمان دەهات. هەستیان بە نەوازشی نوورێکی میهرەبان کرد کە لە هەورەکەوە بەسەر ئەماندا دەباری و بیابانەکە بە شوێنێکی وەک بەهەشت وەرگەڕا. خۆشە خەندەیەکی قوواڵ لە ڕۆحی ئەمانەوە بۆ چاوانیان سەری کرد و هەموو جەستەیانی تەنی، ناوچاویانی نوقمی ماچی نووراوی کرد. زەید دەمی نیوەکراوەی خۆی بۆ نەدەهاتە یەک و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەگەر دەبێ بەهەشتیش ئاوا بێت بەهەشتێک لەتەک پێغەمبەری خودا بێت.

ئیدی زەید فریشتەی وەحی بینی کە بە حەوت سەد باڵی نوورینیەوە بە حەواوە بە بزوانی باڵەکانی شەپۆلی دەریای نووری لە هەوادا درووست دەکرد و بە زمانی فریشتانەی خۆی سەلامی لە پێغەمبەر کرد و پێغەمبەریش لای بە لای زەیدیشدا کردەوە و لە کاتێکدا چاوە شادەکانی دەدرەوشانەوە وتی: ئەوە جوبرەئیلە سەلامت لێدەکات. هەر دووکیان بۆ هەورەکەیان ڕوانی هەورێک لە ڕوکەشدا هەور و لە ناوەڕۆکدا شار و مەنزڵگەی فریشتان بوو.

جوبرەئیل بە پێغەمبەری وت: ئەوە فریشتەی شاخەکانە لە ژێر فەرمانی تۆدایە، سەلامت لێدەکات و دەڵێت: ئەگەر بتەوێت هەر دوو شاخەکەی ئەم بەر و ئەو بەری مەککە (ئەبولقەیس و وقیعان) دەهێنێتەوە یەک و لە ناوی دەبات.

فریشتە باڵەکانی کردبوویەوە و لە ئاسمانەوە بۆ زەوی داگەڕا بوو و فریشتەیەکی نائاشنای دیکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، مامۆستا و خوێندکار لەو فەزا تاریک و غەمبارەدا پێکەوە بە شادیەوە کۆبوونەوە و ئەو ناوەیان نووریاران کرد. ناوچاوی موحەمەدیش گەرچی خوێن و تۆز وەک پەڵە بە سەر چراوە بوون، بەڵام چرای دەموچاوی داگیرسابوو، جوبریلی باڵ نەخشین ئاماژەی بۆ فریشتە تازەکە کرد و گوتی: ئەوە فریشتەی شاخەکانە خودای باڵادەست بۆ لای تۆی ناردووە، لەژێر فەرمانی تۆدایە هەرچی پێ بفەرموویت ئەو ئەوە ئەنجام دەدات.

فریشتەکە دەست بە سینگ و باڵەکانی لێکنابوو و خۆی کۆکردبوویەوە کە هەنووکە لە مرۆڤێکی جوامێرزادەی دەکرد کە هەموو خولەکانی تەواو کردبێت و هەموو پلە سەربازیەکانی بە دەست هێنابێت، هاتە پێشەوە و سڵاوی لە ڕێزی فریشتانەی بۆ ئەم غەریبە ئازاردراوە کرد و سەری دانەواند کە هەنووکە زەیدی کۆیلەی دامەزراوە گەیشتبووە قۆناغی ئەوەی ئەو ئەزموونە ئاسمانیەی بە

خـزمەت گەیشـتنی فریشـتە گـوێ لێبـێ و دەنگـی فریشـتە ببیسـتێت و ڕەنگیـان ببینێـت. فریشـتەکە بە مـوحەمەدی وت: هەرچـی تـۆ بفەرموویـت ئەوە ئەنجـام دەدەم، ئەگەر بتەوێـت هەر دوو شـاخەکە لێـک دەدەم و هەمووێـان لەو نێـوانە لەناو دەبەم بە شێوەیەک کەس نەزانێت کە بوون.

فریشـتە تەنهـا فەرمـان جێبەجـێ دەکەن فریشـتە نە خۆشـی و نە ئـازاری مرۆڤیـان هەیە، ئەوان تەنهـا سـەربازن و سـەربازیش تەنهـا کـاری هەنـووکەیی جێبەجێ دەکەن، نە دەزانن ڕق چیە و نە لە خۆشەویستیش دەگەن و نە دەتوانن لە فەرمـان دەرچـن، ئەوان هەرگیـز نـازانن گونـاە چـیە تـا لە چێـژی تـۆبە بـگەن، ئەوان هەمیشـە هەنـووکە دەبیـنن و نـازانن ئەوەی ئەمـڕۆ لە گوناهـدایە لەوانەیە سبەینێ جەستەیەکی گەرمی ڕۆحێکی داگیرساوی لە هەناویدا هەڵگرتبێت.

ئەو دایک و باوکەی ئەمڕۆ تـاوان دەکەن لەوانەیە نەوەکانیـان کە هەنـووکە لە پشتیاندا بێ چـاو و گـوێ کەوتـوون سـبەینێ کە لەو پشـتانە جـوێ بـوونەوە ببنە مرۆڤێکی بـۆ خـوا سـوڵحاو، کـاری مـرۆڤ وەک کـاری جوتیـارە و لەوانەیە ئەو تـۆوەی هەنـووکە دەیچێنـێ سـبەی دوو سـبەی لە وەرزێکـی دیـکەی ژیانـدا بدورێتەوە. لەوانەیە ئەو دارەی هەنووکە ئەو باخەوانی دەکات و عومرێکی بوێت تـابەری خـۆی بـدات، لەوانەیە لەو تـۆوە زۆرانەی هەڵیـان دەڕژێـتە ناوسـکی زەوییەوە لە دەیان دانەیەکیان سـەوز بێت و ئەوسـا ئەو دانەیە بەسـە بـۆ ئەوەی ڕەنج بەخەسار نەبێت و کارەکەی بەرهەم بدات، مرۆڤی گەشـتوو وەک فریشـتە نییە هەموو ئازارێک تەنانەت ئازاری برسێتی و تینوویەتی و چاوەڕوانی تـا کـاتی خۆی بێت و خوا پاداشتی ئەو کارانەی پاییز ئەنجامی داوە هاوین بیداتەوە.

مـوحەمەد مـرۆڤ بـوو و فریشـتە نەبـوو، بـۆیە سـەیری داهـاتووی ڕەنجـی ئێستای کرد و وتـی: نـا... نـا... لەوانەیە لە نەوەکانیـان کەسـێک هەڵکەوێت کە لە داهاتوودا ئەم پەیامەی منی قەبوڵ بێت.

فریشـتە وەڵامـی موحەمەدیـان بیسـت و ڕێزیـان لێنـا و کشـانەوە و باڵەکانیـان وەک باڵی تاووس لە سـەرەتاوە نێوان ئاسـمان و زەوی و پاشـان سـەرکەوتن و لەگەڵ سـەرکەوتندا بچـووک دەبـوونەوە، ئیدی ئەو هەمـوو ڕەنگە لە نـاو ڕەنگی شینی ئاسماندا توانەوە و نەمـان، فەزای ئینسـانی گەڕایەوە. چـاوی بـڕیە ئاسـمان و هیچـی نەوت کە زەیـد گـوێیی لـێ بێـت، بەڵام وەک ئەوە وابـوو بە شـێوازی

تایبەتی پێغەمبەرانە وتبێتی: خوایە بە ئومێدم تۆوی ئادەمیانی چاک لە ناو ئەم بەرەهوتەدا بترۆکێ و درەختی ئیمان لێرەدا سەوز ببێت.

زەید ئەوی بینی لە پێشاندا وشک و بێجووڵە ما و پاشان بە هەراسانیەوە کەوتە ئەندێشە و پاشان سەری بە سەری هەر دوو ئەژنۆیدا شۆڕکردەوە. هەوا کپ و بێ جووڵە و نووربارانیش بەردوام بوو. ئەم گەورەکەی خۆی باش دەناسی لەبەر خۆیەوە دەیگوت: هەر چەند نزاکانی نیشانەی شەکەتی ناکۆتای ئەون و دەیزانی خوا گوێی لە وتەکان بووە، بەڵام فەرمانی وا لە پاشا ئارامگرەکەم ناوەشێتەوە، هەرواش بوو کە ئەم بۆی چوو، بینی پێغەمبەر سەری یەک لە دوای یەک بە نیشانەی ناڕەزایی ڕاتەدەکاند لێوە وشکەکانی لێکبووەوە: (نا ئومێدمە پەروەردگارم لە پشتی ئەمانە نەوەیەک بخاتەوە و تەنها خوا بپەرستێت و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن). لە پاش وەڵامی وی فەزای داگیرساوی ئەو دەوروبەرە دامرکایەوە و فریشتە باڵیان گرتەوە بۆ ئاسمان سەرکەوتن و لە قوواڵاییدا ون بوون. بەهەشت لەوێ کۆتایی هات و لەپڕێکدا دونیا و بیابان دەستی پێکردەوە.

ئیدی لە شیوی "نەخلە"دا لە هەوارگەی (السیل الکبیر) و (الزیمە) هەواریان خست، لە شەکەتاندا لە پەنا ئاو و لەوەڕەکەدا پاڵیان لێدایەوە، بەردەکانیان کە لە برساندا لەسەر سکیان دانابوو لادا و لەو لای ئەوانەوە کانیاوێک ئاوی شیرین لە قولایی بیابان دەجۆشا و وەک مەڕ لە هەوڵی ئەوەدا بوو بۆ لای ئەمان بگات تا پێغەمبەر لا مشتی لێ بگرێت و ئاوی ئەم بەر زاری ماندووی بکەوێت.

زەید سەیری ڕوخساری پێغەمبەری کرد چاوەکانی وەک ئەوە نەیان دەنواند کە بۆ ئەو بڕوانن ئەگەرچی بۆ ئەویشیان دەڕوانی، بەڵام لە شوێنێکی دیکە بوون شوێنیکی دوور ڕەنگە هیچ شوێنێکیش نەبوو بێت، هزری کاڵ و خامی ئەم چووزانێت خۆشەویستەکەی کە بە خوێن و عارەقە و جلی دراو و پێڵاوی بەجێ ماوەوە لەبەردەمیدا دانیشتووە، بۆ کوێ ڕۆشتووە هەرگیز وا نەبوو ئاوا لە ساتە وەختی ترسناکدا بەجێی بهێڵێت. ئەو ساتەوەختانەی وەحی دابەزین چ ساتەوەختانێک بوون، ساتەوەختی شادی بەخش و یاخود لەرز و ترس لە ڕاستیشدا کۆکەرەوە هەر دووکیان بوو، ئەزموون و چێژی ڕۆحی و ترس و

بیمی بەرپرسیارێتی، وای ئەو چ ئەرکێکی گەورەی دابوو بە کۆڵی خۆیدا یان ڕاستتر بڵێم چ ئەرکێکی گەورەیان بە کۆڵدا دابوو. ئیدی چەند ڕۆژیش لەوێ مایەوە، جارێکی دیش پەنای دووری سەرزەوی بۆ مەلەکووت ئاسمانی وەرگەڕا و بووە شوێنی نزا و نوێژی پێغەمبەرانە، پێغەمبەریش بە دەنگی پێغەمبەرانەی خۆی ئەوەی بۆی دابەزی بوو. لە کاتێکدا فریشتان لە هەڵبەز و دابەزدا بوون پرتەی باڵ ڕاوەشاندنیان پڕ لە ڕەنگی نەدیتراو و بۆنی ئاسمانی کردبوو، تەواوی شیوەکە کەوتبووە جۆش و خرۆشەوە.

لەو لای ئەوانەوە ژیانگەی خێڵی پەریان بوو، دیار بوو عەیامێک بوو لە ئادەمیان دابڕابوون، یاخود خۆیان لە وەحشەتی ئەوان پەنا دابوو هەندێکیان سیتەی ئەم گۆڕانکاریەی ناو ئەم مەملەکەتە ئاسمانیە تازە هەڵداوەیان کرد، گوێیان لە قورئان خوێندنەکەی موحەمەد بوو و هەرواش بە پرتاو بۆ ناو خێڵەکانیان گەڕانەوە و پێیان ڕاگەیاندن گوێیان لە خوێندنێک نوێ بوو کە دوای خوێندنەکانی موسا دابەزی بوو، ئێستا هەموویان بە چاوان وەستاو و دەمی کراوەوە لەم پێغەمبەرە نوێیەیان ڕوانی و ئەوانی وەهۆش خۆ هێنایەوە کە بەوانی دەوت: ئیمان بهێنن و هەموویان ئیمانیان هێنا.

موحەمەد بۆ خۆی بێئاگا لەوەی فریشتەش بە فڕین و پاڕێزگاری موحەمەدەوە ئاگایان لەم هەموو کەین و بەینەی بۆ هەواڵی خۆشی ئیمانهێنانی خێڵی پەریانیان بەو گەیاند و لە دوو سورەتی کتێبەکەیدا بۆ ئەبەد لەناو شوێنکەوتووانی دوا نەبیدا تۆمارکران. زانی ئیدی سنووربەندیەکان پێچەوانەوە بوونەتەوە و ئەم هەوڵە لە ئاسمانەوە گیانی پڕکرد لە شادی باری قورسی ڕەوانەوە و ئازاری بەرەی مرۆیان دایەوە و لە هاوسێ نەدیتراوەکانی چێژی بەرد و پاشتر بە شانی سووک و پێیەکانی کە وەک باڵ لە ناو هەوادا دەگوازرانەوە بەرەو مەککە گەڕانەوە.

*** *** ***

ئەمان چەند ڕۆژە ڕێیەک لە شاری تائیفەوە بەناو بیابانـدا هاتبوون، خۆر بۆ ئاسـمان هەڵکشـابوو و ئەمـانی تێپەڕانـدبوو، ڕاسـت بەسـەر سـەری شـاری گوناهبـارەوە کە هەنـووکەش بە گـاڵتەوە هـەوااڵی لە شـاربەدەرکردنی پێغەمبەرەکەی خوایان لەم زار بۆ ئەو زار دەگواستەوە و بە شێوازی ئازاردانی ئەمان و هەڵهاتنی موحەمەد و کوڕەکەی پێدەکەنین.

خـۆریش بە تـووڕەییەوە بە لاسـەریانەوە گـوێی لە هەمـوو شـتێکیان بـوو ئاگربـارانی ناوشـاری دەکرد، بـای نەبینـراویش بەو دەوروبەرەدا هەر دەهـات و دەچوو و ویزە ویزی بوو، ئەگەر لەبەر نارەزایی موحەمەد نەبوایە ئێستا شـاری ئەمدیو و ئەودیو و خاپوور دەکرد.

موحەمەد و کوڕەکەی قاچی خوێناویان هەڵدەبڕی، جارێک کەمێک دەڕۆشـتن و جـارێکی دیـش بـۆ سـاتێکی کەم دادەنیشـتنەوە، هەورێکیش پـێ بە پێی ئەوان سـێبەری بـۆ دەکـردن. هەنـووکە هەمـوو بریـنەکانیـان دەکـزانەوە و هەسـتیان بە برسـێتی و تینـوویەتی نەدەکـرد، بەاڵم ئـازاری جەسـتە و غەم دڵـی ئەوانـی لـول دەدا. بە تـایبەت مـوحەمەد کە زەبـری زۆرتـری بەرکەوت بـوو، گـاڵۆکەکەی و قاچەکانی لایـان بەلای شـاری گوناهبـارەوە کردەوە، کە خۆشـیان نەیاندەزانی چ کارێکیـان ئەنجـام داوە ئەوێیـان بـۆ مەککە بەجێهـێڵا کە نەیاندەزانی چ ئـازارێکی دی لەوێش چاوەڕوانیان دەکات.

لای بە لای کـوڕە گەنـجەکەدا کـردەوە، تـا لە سـەرەوە خـودا و فریشـتە و لە خوارەوەش مرۆڤ و بیابان و منداڵ هەبـن نابێت لە هـیچ بترسـین، هـیچ لە جێی خۆی نەمێنێت، ئەوی خودا کە هەنـووکە زۆر هەسـتی بە نزیکی وی دەکرد و بە شـەرمەوە ناوی دەهێنا، پێویستی بە هیچ نییە و هەمـوو شـتێک دەگـۆڕێت ئـێمەی مـرۆڤ کە پێویسـتیمان بە گـۆڕان هەیە زێتـر دەگـۆڕین، بەاڵم مـرۆڤ دەبێـت لە پێشدا خۆی بگۆڕێت ئەوجا شتەکانی دیکەی پێ دەگۆڕێن.

ئەمـان بەنـاو ڕۆحـی ئـارامی خۆیانـدا بـۆ مەککە گەڕانەوە کە لە دەرەوەش بیابـان وەک نـاوەوی ئـارام بـوو، تەنـانەت درکە ڕەش هەڵگەڕاوەکـان و قەدی درەخـتە بـێ گەاڵکـانی بیابـان و ئاسـمان و خـۆریش بەو الســەرەوە دەریـای دووریش زوو زوو هەوری دەنارد تـا گیانی خۆی بە خۆر ببەخشێت و سـێبەر بۆ ئەمان بکات.

وەک بڵێ شەکەت و ماندووم، خودایە هەوار ماندووم لە دەست بەندەی بێ بەندوباری پڕ ئازاری تۆ هیلاکم بە دەست خزمانی بە دەسەڵات و بێ دڵ و لە تۆ نەترساو و دڕووستکراوی تۆ شەرمەندەم خوایە چارم نییە خودایە.

ئەوجا مرۆڤی پیرۆز کە دە ڕۆژی تەواو بوو بە نیازی کردنەوەی چاوی دڵی بە شوێنکەوتنی خەڵقی تائیف شارەکەی بەجێهێڵا بوو. خەڵکی ئەو شارە سەر سەوزە بە دەردێکیان برد کە کەس تەنانەت شارە دڵڕەقەکەی خۆی ئازاری وایان پێنەگەیاند بوو، زۆر دواتر لەکاتی گەورەیی دونیایی خۆی و دوای زۆربەی سەرکەوتنەکانی لێیان پرسی: ئایا قەت ئازاری وەک شەڕی ئوحود ڕووی تێکردووی؟ کە جەرگ و دڵی مامە و هاوڕێکەیان و لوتی حەفتا هاوڕێیان بڕی بوو.

وتی: ئەوەی بینیم لە قەومەکەم خراپترین شتێک لێم بینین لە عەقەبە (لە تائیف) بوو کە خۆم پیشانی (ئیبن کیلال)دا (مەبەستی گەورەی تائیف بوو) لەو ڕۆژەدا بوو کە بەدەمیەوە نەهات، ئیدی بۆ خۆی هەڵهات و تا (قرنولمەنازیل) هۆشی نەهاتەوە.

خۆی گەیاندە ماڵی هەمیشەیی و خۆی و ماڵی کۆنینەی باپیرانی مرۆڤایەتی و خۆی کرد بە ئەشکەوتی حەرادا، تا بە دەست و پێی بریندار و خوێن و تۆزاویەوە بچێتە حوزوری خودا. زەید شەرمەزارانە کە لەتەک سەروەرەکەی بۆ دیداری خوا لە شوێنی یەکەم ئەزموونی پێغەمبەری و دابەزینی فریشتەی وەحی ڕۆشتبوو زۆر دڵخۆش بوو، لێوە وشکەکانی و ڕەنگە پەڕیوەکەی بڕیە سەروەرەکەی کە ئێستا لە هەموو دونیا و لەمیش خۆی دابڕی بوو. ئەم هەر چاوەڕوانی کرد تا ئەو هاتەوە و نوێژی تەواوکرد و بە زەیدی وت: خۆت کۆکەرەوە بۆ ناو مەککە دەڕۆینەوە.

زەید داچڵەکی و لە ناو جلە دەڵپ و پیناوی و خوێناویەکەی خۆیەوە لە شاری گوناهباری دەڕوانی. ئەوە باوکی ئاخۆ دەیویست چی بڵێت؟ برۆکانی لە تووڕەییدا هێنایەوە یەک و لەعنەت لە دڵیدا سەری هەڵدا و پەرەی بە دەمی هەناسەی گەورەی دەدا و پەڕی لوتی دەلەرایەوە و دەیفیکان، لە تاو ئازاری پێشتری سەروەرەکەی گوێی نیازی لاساری و گوێنەگرتنی نەبوو، بەڵام لە دەنگی ئێستای ئەو نەبوو. موحەمەد دەنگی هەڵبڕی: زەید کوڕەکەم، ئەی

هاوسەفەری من، وتم: هەڵسە خۆت بپێچەرەوە، با بڕۆینەوە بۆماڵ مەگەر گوێت لە دەنگم نییە.

کوڕە لە کاتێکدا لە دڵی خۆیدا خەڵکی شاری نەفرەتباران دەکرد وتی: چۆن دەڕۆیتەوە بۆ ناویان لە کاتێکدا ئەوان دەریان کردی؟

موحەمەد چاوی لە شاری بێ ئاگا کرد و سبەینێی دوورتری ئەو شارەی هاتە بەرچاو و بە بێ تووڕەبوون بە کوڕەی وت: ئەی زەید ئەوەی تۆ دەیبینی خوای گەورە دەرووی خێری لێدەکاتەوە، پاشان بۆ ساتێک لە خۆی و ئەوی ڕوانی و چاوەکانی داخست تا ناوەوەی خۆی ببینێت و زەمزەمەی کرد: پێغەمبەر و ئایینەکەشی سەردەخات، خەندەیەک کەوتە سەر لێوەکانی.

زەید لە ترسی لە فەرمانی دەرچوونی پێغەمبەر هەموو گیانی کەوتە لەرزین و دڵی بۆ کردەوە تا بزانێت فەرمانی بە چیە. بە دەنگی ئارام و پێغەمبەرانە ناردی بۆ لای پیاوێکی خێڵی خوزاعە کە بەو ناوەدا بووبووە شەریکی بزن و مەڕان و شوانی دەکرد تا بچێت بۆ لای گەورەکەیان (ئەخنەسی کوڕی شەریف) هەتا پەنای بدات. چاوەکانی زەید لەو داوایەی مامۆستاکەی خوێنیان تێزا و دانەکانی قۆچە قۆچیان تێکەوت. ئارەقەی ناوچاوی سڕی و دەستەکانی بە نیشانەی گوێڕایەڵی هەڵبڕی و کوڕەی ڕەشتاڵە بە تولە ڕێدا بۆ خوارەوە داگەڕا و پاشان بە هەواڵەوە گەڕایەوە کە ئەخنەس وتوویەتی: من پەیمانم داوە، پەیماندەریش ناتوانێت پەیمان بە کەسی دیکە بدات.

ئەم جارە ناردیەوە بۆ لای (سوهەیلی کوڕی عەمر) کوڕەش بە هەناسەبڕکێوە لە کێوەکە دابەزی و چووە شار و خۆی بە کۆشکەکەی سوهەیلدا کرد و ئەویش وتبووی: بەنی عارم (کە خێڵەکەی خۆی بوو) قەت بەسەر (بەنی کەعب)دا (مەبەستی قورەیش بوو) پەنای کەس نادەن، پاشان پێغەمبەر کوڕەی بۆ لای (موتعەمی کوڕی عەدی) نارد، ئەوجا بە تەنها مایەوە و خۆر کەوتە ئەودیو کێوەکەی بەرامبەر، تاریکیش لە کێوەکە بۆ ناو شار دابەزی و مەزنترین ئەستێرەی سەر لە ئێوارە وەک مەشخەڵ بەسەر سەری شاری گوناهبارەوە هەڵواسرا.

ئەستێرەکان یەکە یەکە و دواتر بە کۆمەڵ دەرکەوتن و بەسەر پرچی ڕەشی چەوری ئەوسا و تۆزاوی ئێستای پێغەمبەرەکەدا درەوشانەوە و ئەویش گوێقوڵاخ لە هەواڵی دونیای مەخلووق لەتەک خالیقدا ورتەورتی بوو: خودایا..

خودایا.. ویستی بڵێت کەی سەرکەوتنی خۆت دەنێریت؟ بەڵام نەیتوانی و لە گوتەکەی پەشیمان بوویەوە. لەوە دڵنیا بوو کە خوا دەروازەی شاری لێدەکاتەوە و ئەمیش بە سەربەرزی بۆ شار دەگەڕێتەوە. ئەو هەنووکە لەوە گەیشتبوو پێغەمبەرێتی واتە ئەوەی شارەزای ویستی خوا بێت، ئیدی چووە ناو جیهانی نەدیتراوی پەرستن و نزاوە لە هەموو شتێکی ئێرە گوزەرا بوو لە خوێن و ئازار لە تۆڵە و تووڕەبوون، ئەمە ساتی مەزنی ئەو بوو کە هاتبوو.

نزای کرد و نزای کرد بەو نزایە ئازاری دڵی نەما و فرمێسکی چاوی سڕانەوە و بە دڵی گوشادەوە هەستایە سەرپێ، تەپوتۆز و خوێناوی لە دەموچاوی پاک کردەوە و ڕوو بە شار بە پێوە وەستا، لەو کاتەدا بوو کە کوڕە بۆ سەرەوە دەگەڕایەوە و پێکانی بووبوونە باڵ لەم بەرد بۆ ئەو بەرد ئەوی باڵندەیان دەگواستەوە و هەواڵی ئەرێنی موتعەمی بە پێغەمبەر گەیاند.

هەر لەو کاتەی کە "عەدی" چەکی بەست و بە کوڕەکانی و پیاوانی خێڵەکەی وت: چەک ببەستن، دەست بە شمشێر و دەموچاوی داپۆشراوەوە لە ڕوکنەکانی بەیت بوەستن، چونکە من موحەمەدم پەنا داوە. پێغەمبەر دەستی دابوویە گاڵۆکەکەی و جەستەی بریندارى خۆی بە چیاکەدا دابەزاند.

زەید بەو کاڵفامیە ڕووکەش و کۆیلەییە دەرەکی و حیکمەت و ئازادیە ناوەکیەی خۆیەوە لەوە گەیشت کە ئەو کێیە؟ ئەوان بە زۆرزانی ئازادەیی ڕووکەش و کۆیلە بوونەی ناوەکیەیانەوە نەیانتوانی حەقیقەتی ئەو ببینن. چەندە لە شاری پیرۆز نزیکتر دەبوونەوە، دڵی کوڕە زۆرتر دەخورپا و تۆ بڵێی بهێڵن بچنە ناو شارەوە، شاری خۆشەویست گەر هێڵابایان قەت لێی دەرنەدەچوو.

ساتێک بە موحیبەتەوە لە باوکی خۆی دەڕوانی، ئەو شادمان بوو بەوەی ئەم ماوە لە خزمەتیدا بووبوو، هەموو ڕەنج و ئازارەکانی لەتەکدا بەشکرد بوو و ساتێکیش بە ڕقەوە لە مەککەی دەڕوانی، ئەم شارە لە چی دەچێت؟ لە قومارچیەکی مەست و سەرخۆش کە هەموو ئێوارەیەک دەگەڕێتەوەماڵەوە و دوای ئەوەی هەرچی هەبووە هەمووی داناوەوە و بە باخەڵی خاڵیەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە. باوکی کە تکای لێ دەکات لەو ڕەفتارەی پاشگەز بێتەوە خوێناوی دەکات و بە شەق بەردەبێتە دایکی بە هەڵدانی شەقێک لێی نوکی پێڵاوەکەی خوێناوی دەبێت و ژن و منداڵەکانی بەر شەق و زلە دەدات و هاوار دەکات هەموتان دەکوژم.

یان لە ئەرزێک دەچێت کە خاوەنەکەی جوتیارێکی کارامەی بۆ گرتووە کە شوخمی لێبدات و بیکێلێت تۆوی گەنم و جۆ بخاتە ناو هەناویەوە. ئێستا کە وەرزێر کاری خۆی تەواوکردوە و چاوەڕوانی ڕەحمەتی خوایە پەڵە هەورێکی ناسک و ئاووس بە باران بە ڕەنگی سوور و زەرد و ڕەشی بۆ بنێرێت، کەچی فریشتەی هەوران بەر قامچی بروسکەی بدات و بەرەو زەوییەکە بێت لەپڕ سەر و سەکوتی ئیبلیسێکی لێ تایین بێت و بە مەشخەڵی ئاگراوی گەورەی دەستیەوە بچێتە ژێر هەورەکە و گڕی بدات، هەورەش لە تینی گەرمای ئاگر ببێتە هەڵم و لە حەوادا ون بێت و زەوییەکش لە دوورەوە بە دەم و لێوی وشکەوە سەیری ئەو هەورە بکات کە هی ئەم بوو، بەڵام بە زاری وشکی ئەم ناگات.

زەید دەبینی ئەو هەوری ڕەحمەتە پێغەمبەرایەتی موحەمەدە و ئیبلیسەکانی مەککەن کە بە ژان و ئاگرەکانی دەستیانەوە ڕێ لە بارینی دەگرن، بەڵام ئەم هەورە وەک هەورەکانی دیکە نییە و قەت نابێتە هەڵم، بەڵکو ئەو دەریایە و تەنها فێنکی بە نزیکەکانی نابەخشێت، بەڵکو هەورەکانی بۆ شوێنە دوورەکانیش دەنێرێت و ئەو زەویە بە پیتانە دەژێنێتەوە کە ئەگەری سەوز بوونی تۆوەکانیان هەیە، ئیدی ئەگەر بەردی ڕەقوتەق سوودی لێ نابینێت، بەڵام زەویە بە پیتەکان پڕ لە سەوزایی و دار و مەزرا دەکات.

لانی کەم ڕێگە بدرێت پێشەواکەی وەک غەریبەیەک هەر هیچ نا وەک غەریبەیەک بچێتە ناو شاری مەککەوە. باوکەش لە دونیای فیکری دوورتردا لە ڕۆحی گەورەتر لە شاری مەککە دەیوت: گرانە زۆر گرانە بەرگەی هاواری ئەو هەموو ڕۆحە بگرێت کە خۆیان بە تۆوە هەڵواسیوە، ئاخر خۆ ئەمیش مرۆڤ بوو. ماندوو و شەکەت بۆ ناو شار ئاودیو دەبوو، چاوانی لێکنابوون و کچەکانی و برایانی لە زەینیدا دەرنەچوو بوون کە هەنووکە نەیدەتوانی بە وان بگات، کانیاوی فرمێسکی بە ژێر پەردەی ناسکی پێڵوی چاوەکانیدا دەهاتنەدەرێ.

خودایە بەزەییت بەم بەندە لاوازەی خۆتدا بێتەوە، خۆی وەک دایکێک هاتە بەرچاو کە هەرچەندی دەکرد بالەکانی بە بێچوەکانیدا نەگەشتن تا لە بەرد تێگرتن و ئازاری منداڵان بیانپارێزن، ئەو دایکێک بوو تەنانەت نەیدەتوانی

خۆشی بپارێزێت، ئێستا لەگەڵ پلانی نەزانراوی خوا ڕووبەڕوو بووبوویەوە هەرچەندە سەخت بوو، بەڵام ئەو متمانەی بە خوا هەبوو، سەربەرزانە گۆچانی بە ئەرزیدا دەکوتا و ڕێگای دەبڕی. قۆناغێکی ئازاربەخش و شەکەتکەری بڕی بوو، لە سەفەرەکانیدا بۆی دەرکەوت کە ژیان سەفەرە و دەبێت بڕۆی ژیان خانە و لانەکان نین، بەڵام سەفەر کردن نەوەک گۆڕینی شوێنەکان کە ئەمەیان شتێکی تەواو جیاوازە.

(موتعەم) بە چین چین گۆشتی لامل و غەبغەبەی ژێر ڕیشیەوە، لەتەک کۆمەڵێک ئەسپ سواردا کە تا ژێر چاویان چەکداربوون هاتن و دەوروبەری مزگەوتیان کردە تەپوتۆز، بە دەنگی حیلە و پێی ئەسپ و تەقەی زنجیری بەستراو و تەقەی شمشێری بزواو لە ناو کێلاندا مەیدانەکە دەنگی دایەوە.

خەڵکەکە لە دوور بێ جوولّە وەستان و هاتن و ڕۆشتنی ئەسپەکان ئەوانیانی شڵەژاند، ئێستا کاتی نیوەڕۆ بوو لە دوورەوە دوو بیابانگەڕ چاوەڕوانی نێو شاریان دەکرد. پیاوانی ئەنجومەن لە ماڵەکەی پەنا بەیتدا بە سەرسامیەوە دەرکەوتن، ئاواتی کافران هاتبوویەدی و موحەمەد بۆ خۆی لەشار دەرچووبوو و ئەوەشیان بە دەنگی بای شەیتانی خۆیان بیست بوو کە لە تائیف چیان بەسەر هێنابوو، ئیدی هەر وەک چاوی دڵیان لە بەرامبەر ئەو داخستبوو، هەنووکە دەرگای شاریان لەبەردەمدا داخستبوو و هەڕەشەی ئەوەشیان کردبوو هەر کەس ڕێگای هاتنە ژوورەوەی بۆ بکاتەوە ئەوا لەگەڵ ئەماندا ڕووبەڕوو دەبنەوە.

ئەوان پیاوی عەبای سپی پۆشیان بینی لە دوورەوە وەک ئاڵا دەشەکایەوە و خۆی و کوڕێکی لاوی ڕەشتاڵە کە دەمێک لەم لایی و دەمێک لەولا وەک ئەوەی لە شتێک بیپارێزێت بۆ لای ئەوان دەهاتن.

پیاوی پیرۆز بە ناوچاوی نوورانی جلی چرچ و لۆچ و خوێناوی خۆیەوە هاتە ناو شارەوە، کە زەیدیشی لەگەڵدا بوو بە تێپەڕینی بە هەر کۆڵانێکدا دەرگاکان دادەخران و منداڵان لە وازیەکانیان دەستیان هەڵدەگرت و بۆ سەر سوچی کۆڵانان هەڵدەهاتن. پیاوانی شمشێر بەدەست لە دەرگاوە دەردەکەوتن،

پیرەژنان کارەمەڕ و مریشکی خۆیان دەبردە ژوورەوە و سەگەکان زماندەرێنان هەناسەیان دەدا و سکیان بەرز و نزم دەبوویەوە و کلکیان دەخستە ناوگەڵیان و لە ناوەڕاستی شەقامەوە بۆ پەنا دیوار دەکشانەوە و لە و دۆخە نائاسایییەدا سەرهەڵبڕاوانە لەم لاو لەو لایان دەڕوانی.

دوو پیاوەکە نەوەستان تا چوونە (بەیتولحەرام)ەوە، (موتعەم) کە بەسەر پشتی وشترەکەیەوە بوو ئاژەڵەکەی دەسووڕانەوە و هاواری دەکرد: هۆو خێڵی قورەیش، من موحەمەدم پەنا داوە، کەس لە ئێو هەڵنەکوتێتە سەری.

موحەمەد گەیشتبووە ڕوکنی کەعبە و نوێژی دابەستبوو و کوڕەکەی لە بەردەم ئەو هەموو شێرەدا بە گاڵۆکێکەوە بە پێوە پاسەوانی دەکرد. موحەمەد لە نوێژ بوویەوە و سەلامی لە هەموو مەخلووقاتی خوا لەوانەش لەوێ بۆ کوشتنی وەستابوون کرد، هەڵسایەوە و بەرەو ماڵەوە کشا، لە کاتێکدا موتعەم و کوڕەکانی وەک دڕکی چواردەوری گوڵ ئەویش گوڵی پێغەمبەرایەتی هەر چوار دەوریان گرت بوو هەتا چووە ماڵەوە.

کافران دەستەوسان وەک بت بە پێوە وەستابوون خوا، پلانی ئەوانی کۆتایی پێهێنا کە دەیانویست بەچوونە ناو شاری مەککە ئەم و هەموو بنەماڵەی عەبدولموتەلیب و تیرەی هاشم شمشێرەکانیان بە حەواوە بگرن و هەر هەشت تیرەکەی دیکەی قورەیش لە دژیان یەک بگرن و بدەن بەسەریاندا و خوێناو لەناو مەککە هەڵسێ و تۆرەمەی موحەمەد و کەسوکاری ببڕنەوە و بۆ هەمیشە لە شەڕی ڕزگاریان بێت.

سی و شەشەم: ئیسرا و میعراج

(موحەمەد شوێنێکی نەبوو بۆی بڕوات، تەنها فڕین نەبێت، ئەو فڕی و فڕی و فڕی)

عەیامێک بوو پەیوەندی نێوان ئاسمان و زەوی پچڕابوو، بێجگە لە هەواڵەکانی کە بۆ ئەم دەهاتن هەواڵێک لەسەرەوە دەهات و نزا و ئازار و نزولەکانی کە سەردەکەوتن و کەس سەرنەدەکەوت. تاکە یارەکەی خەدیجەش بە تەنها لە مەککە دەسووڕایەوە و ڕۆحی ناسکیان بریندار دەکرد و کەس نەبوو بەرگری لێبکات. دەهاتەوە لە دوورەوە لە ناو کورەی ئاگری کافرانی بێدینەوە، بەڵام کەس پێشوازی لێنەدەکرد، خەدیجە نەبوو کە عەباکەی لێبگرێت و خۆی بە قوربانی ئازار و غەمەکانی بکات. ئەم باش ئەوەی دەزانی ئەگەر خەدیجە نەبووایە، ئەوا پێغەمبەرایەتیەی ئەو قەد بە ئەمڕۆ نەگەیشت. خەدیجە ئەم دەچوو بۆ شەڕی ئەوانی کافر هێشتا خەوەکانیان تەواو نەبوو بوو، خەدیجە گیان تۆ لە کوێ بووی؟

لە تاو ئازاری خۆی و شوێنکەوتووانی ئارامی نەبوو ڕزگارکەری مرۆڤ لە شاخ دەمایەوە، شەو لە ماڵی خزمە نزیکەکانی ڕۆژی دەکردەوە. تا شەوێک لە ماڵی خۆی بوو دوو شەو دەچووە ماڵی دڵسۆزێکی، ئەوان بە شوێن ڕزگارکەری مرۆڤ و کوڕی گەورەکەیانەوە بوون –هەر ئەو کوڕەی کە بڕیار بوو ببێتە دەم ڕاست و گەورەی شارەکەیان، چونکە پاکترین و ژیرترینیان بوو– تاکو بیکوژن.

بۆی کرابا ئەم سەرزەوییەی بەجێ دەهێڵان، بەڵام بۆ کوێ ڕۆشتبا، ئەو دڵێکی بوێر و نەترساوی هەبوو لەوان نەدەترسا، بەڵام هەموو دەرگاکانی بیابانی فراوانیان لێ داخستبوو، لەناو مەککەدا کارەکەی زۆر بە هێواشی بەڕێوە دەچوو بە شوێن جێیەکی دیکە بوو تا لەوێوە بۆ زاڵبوونی بەسەر دێوی مەککەدا بێتەوە، بەڵام ئەو شوێنە کوێ بوو؟ هیچ جێیەک نەبوو تێیدا بۆ ساتێک هەوای ئازادی هەڵمژن، هێشتا برینەکانی خەڵکی تائیف بەسەر جەستەیەوە بوون بۆیە نزای بوو: خوای گەورە شوێنێک.

بۆ مرۆڤی چەوساوە و بێ خانە و لانە هیچ چارەیەکی نیە تەنها سەرهەڵبڕین نەبێت، کاتێک دوژمن بە شوێنیەوەیەتی و هاگا پێی بگات و ئەم بە

قاچەکانی هەڵبێت و دوژمن بە ئەسپەکانی لێی نزیک بێتەوە و ئەم بەسەر شەقامدا ڕابکات و خۆی بە کۆڵانێکی تەسکدا بکات، ئەم بە شەکەتیەوە هەڵبێت و دوژمن لێی نزیک بێتەوە تا خەنجەر بکوتێتە پشتی و بە دەمیدا بخات و ئەم گوێی لە هەناسەی ئەسپەکان بێت کە لە دوایەوەن و لە کۆڵانەکەدا بەلادا بڕوانێت، بەڵام هیچ ڕێیەک بۆ ڕزگاربوون نەبێت و بەلای چەپدا بڕوانێت و بواری قوتاربوونی نەبێت، لە پێشیشەوە کۆڵانەکە داخرا بێت، هیچ چارەیەکی ڕزگاربوونی نەبێت.

لەو کاتەدا سەر بۆ ئاسمان هەڵدەبرێت، چونکە هەموو ڕێگەکانی زەوی گیراون، موحەمەد چاوی لە ئاسمان بوو، چونکە هەموو ڕێگەکانی زەوی لێ گیرابوون. وادیار بوو ئاسمانەکان وەڵامی پرسیاری بێ وەڵامی سەروەری مرۆڤایەتیان دابوویەوە. موحەمەد لەم سەفەرەیدا زەوی و ئاسمانی بەجێهێڵا و ئاسمانێک لای ئەوان لای خوارەوە لە چادرێکی شینی گەورە دەکات و لەوە ناچێت بواری پێدا تێپەڕینی هەبێت.

موحەمەد سەفەری کرد، هەموو هەبووەکان کەسەکانی لەوێ بەجێهێڵا و تەنها خۆی لەتەک خۆی ئەو باری سەفەری لێکنابوو، دونیای بەجێدەهێڵا نەک لەبەر ئەوەی کاری لێرە تەواو بووە، دەبێت بڕوات بەڵکو لەبەر ئەوەی دوای سەفەر بۆ دونیا بگەڕێتەوە کارەکانی بە باشتر ئەنجام بدات.

ئاسمان بۆ خۆی ڕادەکێشا و لە دەستی زەویش نەدەبوویەوە، ئەم وەک دایکێک تواند بە خۆیەوە گوشی بوو و بەری نەدەدا، ئەویش هەزاران ئەستێرەی بۆ پێشوازی داگیرساند بوو، ئەم شەوە فریشتەکانی خوا وەک دایکێک پڕ بووبوون لە سۆز و بەزەیی و پێیان وتبوو: وەرە با بڕۆین.

سێ فریشتە بە باڵی دڕێژی شەش سەد و حەوت سەدی خۆیانەوە لە چاوەڕوانیدا وەستا بوون و بە ئاژەڵێکەوە کە لە مەککەدا وێنەی نەبوو، کە لە گوێدرێژ گەورەتر و لە ئێستر بچووکتر بوو، بە حەواوە قتم پقتم غاری دەدا و لە ژێر سمەکانیدا نوور دەبریسکایەوە.

ئەم ئیدی لە ئاسمانەوە شتەکانی دەبینی لەم لاو و لەو لاشەوە فریشتە بە باڵی گەورەی زەرد و شین و سووری گەورەیانەوە دەفڕین و بۆ سەرزەوی پیرۆز مزگەوتی ئەقسا دەکشان. ئەو لە کاتێکدا لێرە لە زەوی هیچ کەس لە پێشوازیدا نەبوو، لەوێ لە جیهانی نەدیتراو هەموو پێغەمبەران و بە ڕیشسپی و

گەنجیانەوە لە پێشوازیدا بوون. بە بینینی هەرکام لەوان ڕۆحی لەرزێکی بە چێژی تێدا دەگەڕا.

ئیدی سواری بوراق ئاسمان بمگرە و هاتم، دەڕۆشت و ڕێژنەی سەرنجی گرتە ڕێگای بە ئەستێرە داپۆشراو و لە سەرەتاوە وەک پەپوسولەیمانە لە نزیک زەویـیەوە دەفڕین، جوبرەئیل و ئەم لە پێشەوە و فریشتەکانی دیکەش باڵیان ڕادەوشاند و بیابانی فراوانیان بەرەو شاری پیرۆز و شوێنی کۆبوونەوەی هەموو پێغەمبەران لە بەیتولمەقدیس لەو سەرەوە دەڕوانی، بیابانێک بەو فراوانیە خۆی لە بەردەم مانگەشەودا لە هەموو دار و خێوەتێک ڕووت کردۆتەوە. چاوی بە کاروانێکی گەورەی قورەیش کەوت کە وشترێک پێشیانەوە بوو، دیاریکرد چووە خوارەوە لە گۆزەی ئاوی سەرداپۆشراویان ئاوی خواردەوە کە کەسیان ئاگای لێنەبوو، هەمووان خەوتبوون.

ئەو هەموو پێغەمبەرە لە پێشوازی ئەودا بوون لە نیگای هەرکامیان ورد دەبوویەوە ڕەزامەندی قوواڵی خۆی لە ڕۆحی هەرکامیاندا دەبینی بە باوەشی گەرم پێشوازیان لێدەکرد و لە خیزە خیزی شادی بەخشی هەرکامیانەوە هەموو ئازارەکانی مەککەی لەبیر کردبوون، لێرە لە دونیای ناو پێغەمبەران تەژی بە ئاشتی و ڕووناکی بوو.

زۆر قەدریان لێنا و موحیبەتی زۆریان بۆ نواند، ئەو ئیش و بێ دەرەتانیەی لەبیر چووەوە کە تووشیان دەکرد، ئاخر ئەو بە تەواوەتی لە مەککە و بێ باوەڕانی دڵڕەق دوور کەوتبووە و بۆ خۆی لەناو ئەو نوور و ئارامییەدا دەفڕی کە جیهانی بااڵی گرتبوو. ئەو هەنووکە لە جیهانی پڕ لە خووی بەدی ئەوان دابڕا بوو و چووبووە ناو جیهانی نەبینراو و ئارامی پێغەمبەرانەوە، سەفەری ڕاستەقینە ئەمە بوو نەوەک ئەو سەفەرانەی قورەیش لە زستان و هاوینـدا ئەنجامیان دەدا، ئەوان لەوێ لە ئازارەکانی خۆیان نەدوان، بەڵکو لە ئازار و تۆڵە و ستەمی مرۆڤ و شوێنکەوتووان دوان، ئاخر ئەوان بە خۆیان و پێغەمبەرایەتیەکەیان بۆ شوێنکەوتوانانیان بوو.

ئەو ئەزموونی دوورودرێژی ئەوانی لەناوچاوی هەرکامیان لەتەک قەومەکەیان خوێندەوە ئەوان هەرکامیان ئەوەی بکرێت لە ئەزموون بۆ ئەم برا دواییەی خۆیان گواستەوە.

ئەوە چ پێشوازیەک بوو ئەو پیاوانەی لەوێ بوون نور لەناوچاویان دەباری! مزگەوتی ئەقسا ڕەنگ باران بوو، فەرموویان لەم کرد و خستیانە پێشەوە و نوێژی بۆ کردن و بە دەنگی پێغەمبەرانە و ئاسمانیانەی خۆی قورئانی بۆ خوێندن، نوێژی بە کۆمەڵی پێغەمبەرانە ئەنجامدرا و دواتر هەر وەک چۆن بە گەرمی و پێغەمبەرانە پێشوازیان کرد هەر بەو جۆرەش بە گەرمی و پێغەمبەرانە مالئاواییان لەتەکدا کرد.

ئەمیش مالئاوایی لەوان کرد، لە ڕاستیشدا مالئاوایی نەبوو، هەموویانی لەتەک خۆیدا دەبرد بە ئەزموونی بە کۆمەڵی هەموویانەوە بۆ سەرەوە سەرکەوت. جارێکی بە سواری بوراق لەتەک فریشتەکان بۆ سەرەوە سەرکەوتن و ئەمیش هەر بۆ سەری دەڕوانی، سەرکەوت و نێوان زەوی و ئاسمانی بە ئەستێرە و فریشتە و هەموو ئاوەدانیەوە بینی. ئیدی ئەو لەو سەرەوە وەک داری سەروو دەڕۆشت و بەختەوەر دەبوو، ئەوانی دیکەش لە سەرزەویدا شەلە شەل، بەڵکو بە جەنگ و شەڕە شەق وەدوویدا وێڵ بوون و نەیان دەدۆزیەوە، ئەوان دەیانویست بە خەبەر بن، بەڵام ڕزگار نەبن، ئەوان هەتایە گیرۆدەن، گیرۆدەیی پابەندی ڕزگاریە نەک بەختەوەری، ئەوان بەختەوەریان لەوەدا دەبینەوە هەر لەو حاڵەدا بمێننەوە کە تێیدا بوون.

لە کاتکێدا ئەو دەیگوت: زوو وەرن بۆ ڕزگاری یانی بەرز ببنەوە و هەڵشاخێن و سەرکەون، ئێوە دەبێت بگۆڕێن و بار قورسی کۆڵتان فڕێ بدەن و سەرکەون، ئەوان دەبوو لەو کۆڵانەیان بگەڕێن کە هەر خودی خۆیان بوون، واتە دەبوو لە خۆیان بگەڕێن، ئەگەر ئەوان لەویان بپرسیایە چیت لە ئێمە دەوێت؟ ئەوا بە دڵنیاییەوە وەڵامەکەی ئەوە بوو کە ئێوە دەبێت ئێوە نەبن، هەر بۆ ڕزگاربوونیش هەردوو دەستی ڕایەڵ دەکرد و تا ببنە دەروازەی ڕزگاری ئەوان.

سەردەکەوت بەرەو باوەشی گەرمی ئاسمان ڕۆشت و بە بەختەوەری گەشت، لە بەختەوەریش واوەتر چوو، ئەو باوەڕی یەقینی بەم سەفەرەی خۆی بوو و هەموو بابەتگەلی دونیاکەی دیکە لەبەردەمیدا بە ڕوونی دەرکەوتبوون کەس نەیدەتوانی بە درۆیان بخاتەوە. هەموو دۆستان و دوژمنانیش لەو خواری خوارەوە بوون، پێویستی بەوە بوو کە خوو بەو تاریکی و ڕۆشناییە سەیرەی

که چـوار دەوری تەنـی بـوو بگرێت، زەنگـی کۆتـایی دونیـا، کۆتـا زەنـگ نـیـە و چەندین زەنگی دیکەی بە شوێندا دێت.

بیـری لەوە کـردەوە کە شـوێنی ڕاسـتەقینەی مـرۆڤ ئەم سـەری سـەرەیە کە هەر وا بە هـاوەنتە بـۆ ئەو خـواری خـواڕە فڕێـدراوە، بـۆیە ئەو لە هەمـان ئەو شـوێنەی کە بە ئەرز و ئـاوی باوبـاپیری دەزانێـت غەریبـی هەسـت پێـدەکات. خراپترین دەردێکیش کە بـاوکی دەردانە، دەردی غەریبیە، شـەوێک بەو هەزاران سـاڵە ڕێیە بە سـواری بـوراقەوە بە پشـتی بۆشـایی و چۆڵەوانی ئاسـماندا فڕین، ئاسمانەکانی بینی و ئەستێرەکانی بینی، ڕەنج و ئازارەکـانی بینـی، هەسـتی دەکـرد کە هەر بەوەی لەو شوێنەی کە دەبێت ببێت هەست بە ئارامی زێتری دەکرد.

سـەرکەوتن بـۆ ئەو سـەرەی نیشـانەی ڕۆحـی پێغەمـبەرانەی خـۆی دەبینـی هەمـوو شـتێکی بینـی بەڕێـوە بـوو، کاروانەکـان ئاژەڵەکـانی ڕۆژ و باڵنـدەکان و دەریاکـان و کەشـتیەکان مرۆڤەکـان بەڕێـوە بـوون، هەمـوو بەرەو لەنگەرگـرتن بەڕێوەبـوون زەوی و ئەسـتێرەکان هەر هەمـوو دەڕۆشـتن. ئیـدی ئەو زانـی کە تەنها هی سەردەمەکەی خۆی و شـارەکەی خـۆی نیـیە، مـرۆڤ ئەگەر بیەوێت لە سنووری خۆی تێپەڕێت، دەبێت وەک ئەمی موحەمەد بفڕێت و بڕوات و بڕوات. سەفەری کرد بۆ شوێنێک ئەو لەوێ غەریبە نەبوو هەمـوو کەس ئەوی دەناسـی ناوی بەسەر زمانی هەموانەوە بوو.

لە ئاژەڵەکەی کە هەنووکە ئەوی لەسـەر پشـتی خـۆی هەڵگرت بـوو دەڕوانـی، ئاژەڵێـک بـۆ سـەرەوە و بـۆ شـوێنێکی دی و دونیـایەکی دی و لای کەسـانێکی دیـکەی دەبـرد. هەسـتی بە ڕەنـج و ئازارەکـانی ئەم دەکـرد و شـادی بەخشـانە هەنگاوی گەورەی دەنا، ئەوە تەنها هەنگاوی ئەو نەبوو، بەڵکو هەنگاوی ئازادی بەخشی ئەمیش بـوو کە هەسـتی دەکرد لەگەڵ هەر خوتـوەیەکی ئەو لە تەنگیەک ڕزگاری دەبوو و بەرەو کرانەوەیەک دەڕۆشت.

ئەو لەوە گەیشـت لەو سـەرەوە هەمیشـە ڕێـگەیەک بـۆ ڕزگـار بـوون هەیە، ئەویش ئەو دەمەی هەموو ڕێگەکانی خوارەوەت لێدەگیرێن، بـواری تەک و جمت نامێنێت، هەموو پێغەمبەران داوای عوروجیان لە مرۆڤەکان کردووە، کە دەگەنە حەرەمی ئیلاهی ئیدی لە ئاسماندا خۆیان دەبینـنەوە ئیدی زەمینی خۆیـان بە جێ دەهێڵن، بـۆ ئاسـمانی خۆیـان دەڕۆن، هەمـوو مرۆڤێک ئاسـمانی تـایبەت بە خـۆی هەیە، بـۆی سـەردەکەوێت و هەر وەک چـۆن هەمـوو کەس زەوی خـۆی هەیە و

تێیدا پاڵ دەداتەوە. لە هەر ئاسمانێک لە خزمەت پێغەمبەرێک میوان بوون ئەمەش مانای کاتی بوون و زوو تێپەڕبوونی دەگەیاند.

لەوانەیە ئێمە سەرزەوییەکانی دیکەمان خۆشبوێن نە لەبەر ئەوەی تازەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەتەک بیروباوەڕەکانمان زۆرتر دەگونجێن. مرۆڤەکان لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیان هەر ئەو شتە دەبینن‌ەوە کە لە ناو نیشتمانی خۆیان ئارەزووی هەبوونی دەخوازن. ئەو هەموو ئاسمانە فراوانەی خۆشدەویست نەک تەنها لەبەر جوانی و فراوانی کە نەیدەزانی سەیری چی بکات، بەڵکو لەبەرئەوەی ماڵی دۆستانی خوا و برا پێغەمبەرەکانی بوون یەک یەک ئاسمانەکانی بڕی.

لە هەر ئاسمانێکیش دڵێک پێشوازی دەکرد لە ئاسمانەکە فراوانتر چاوێک بۆی دەڕوانی کە لە هەزار خۆر درەوشاوەتر بوو، چەند شتی بینی کە ئارەزووی ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەی لە بیریان نەکات، ئاخر زەینی ئێمەی مرۆڤ کە ئەویش مرۆڤ بوو هەمیشە لەو کاتانەدا شتمان وەبیر دەهێنێتەوە کە کاتی وەبیرهێنانەوە نییە، لەو جێیەش پێویستە وردەکاریەکان پێبداتەوە کۆڵەوار دەوەستێت، بەڵام ئەو جارە ئەو نە زەینی کۆڵەوار بوو و نە شتەکانیشی لەبیر دەچوون، ئەو تەنها شتەکانی نەدەبینین و دەنگەکانی نەدەبیستن، بەڵکو ئەیچەشتن و لەناویاندا دەژیا. هەنووکە بە چاوی خۆی دەیبینی کە ژیانی دونیا بێ بەها بوو ژیانی ڕاستەقینە لێرە لە ئاسمان بوو، چی نەبینی؟

هەموو پێغەمبەران ئەرکی خۆیان جێبەجێکردبوو و حەواوە و ئارام لەم سەری سەرەوە پاڵیان لێ دابوویەوە، لەگەڵ هاوڕێکەی سەرکەوتن و دەرگای ئاسمانی گەورەی لێکرایەوە، باوە ئادەم بە ڕیشی سپی لۆکاوی خۆیەوە دەم بە خەندە پێشوازی لێکرد، شانازی بەم کوڕەی خۆیەوە کرد کە تۆرەمەی پێغەمبەرامەی لەودا کۆتایی دەهات و ئەو دەبووە دواین نێردراوی خوا کە ئەو بۆ خۆی یەکەمیان بوو.

چاوەکانی بڕیە نەوەکەی و سڵاوی لێکرد و بۆ جیهانی باڵا بەخێرهێنانی کرد (وەکو بڵێی پێی وت: دەبینی ئێمەی لەگڵ دروستکراو دەگەینە شوێنی وا کە تەنانەت فریشتەکانیش ناگەن و ئەویش دانی بە پێغەمبەرایەتیەکەیدا نا)، (بەمەش سوپاسی ڕۆڵەکەی کرد کە درێژەی بە ڕێگەی پێغەمبەرایەتی ئەوان داوە).

خوداش بۆ پیشاندانی درێژبوونەوەی ڕێگەکەی، موحەمەدی بردەوە سەرەتا و گیانی هەموو پێغەمبەرانی لای ڕاستی ئەوەوە پیشاندا و کە هەزاران بوون

ڕۆڵەی ئازیزی باوەگەورە بوون، بە مەرگیان بۆ لای ئەو سەرکەوتبوون و پاشان دەموچاوی پێغەمبەری بۆ لای چەپ وەرگێڕا تا داهاتوویی لەسەر زەوی دوور و لەوێ نزیک و لەبەر چاوان ببینێت، گیانی پیسی تاوانباران لەوانەش هەموو ئەوانەی لە مەککە ئەویان ئازار دەدا ببینێت.

لە دڵی خۆیدا دەیگوت: خوایە من چی دەبینم ئەم جارەش من خوێنەوار نیم تا تەفسیرێکم بۆ ئەمەش ببێت! نا هیچ تەفسیرێکی بۆ نییە، هەر سەردەکەوت و دەڕۆشت و نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕوات و بە کێ دەگات چی دی و چی نەبینی؟

باوەگەورە مالّئاوایی لێکرد و بە ناو دونیای ئارام و سکووتی دوورودرێژی نێوان ئاسمانی یەکەم و دووەم سەرکەوت، کردنەوەی دەرگای فراوانی ئاسمانی دووەم بێدەنگیەکەی شلّەقاند.

دەنگی فڕین و دەست هەڵبڕین و پێکەنینی پێشوازی هەزاران فریشتە بیستران کە سەفیان بەستبوو، پاشان دوو برای خوێناوی، کە یەکیان سەری لە لاشەی کرایەوە و ئەوی دییش لە ئانی بزمار داکوتان و چوارمێخە کێشراندا بۆ ئاسمان هەڵبرا (یەحیای کوڕی زەکەریا) و (مەسیحی کوڕی کوڕی مەریەم) بە باوەشی ئاوەڵاوەوە بۆ پێشی دەرکەوتن، هەر سێکیان بە چاوەکانیان فرمێسکی شادی ڕزگاربوونیان لە قەومی ئازاردەر ڕژان، هەر دووکیان پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕی و باوەڕی بەردەوامی و ڕۆشتنیان پێهێنا، تا ئەو ڕۆژەی وەک ئەوان بۆ هەمیشە بە ئاسمان دەگات. بە فرکەی باڵەکانی جوبریل و هەنگاوی گەورەی بوراق بۆ ئاسمانی سێیەم سەرکەوتن، لە کاتێکدا ئەم چاوەکانی لە هەموو شتیان دەڕوانی و هەر شتی ئاسمانی بوون بە لای فریشتەدا گوزەریان دەکرد، کە بە لایاندا پۆل پۆل تێدەپەڕین و سڵاویان دەکرد.

بۆ ساتێک هەستی دەکرد کە لە دەرگا دەدەرێت و دەرگای سێیەم کرایەوە و براکەی یوسف بە هەموو جوانی خۆیەوە دەرکەوت و پێشوازی لێکرد، سەلامی باوکی و هەموو براکانی بەو گەیاند و دەستی پشتیوانی خستە ناو دەستەکانی و باوەڕی پێهێنا، پاش ڕاز و نیاز و خۆشی ڕزگاربوونی دەستی فێڵ و حیلەی هاوخوێنان مالّئاوایان لەو جوان خاسەی شانازی جوانانی جیهان کرد و سەرکەوت و لای بەلایدا کردەوە کە هێشتا دەستەکانی بۆ ڕاوەوەشاند.

بۆ ئاسمانی چوارەم و بە بەرگدرووەکەی پێغەمبەران کە بە شیکپۆشی خۆیەوە لە پێشوازیدا بوو گەیشت، گفتوگۆی لە ڕووکەشدا جیاوازی سەردەمی

هەردووکیان و لە ناوەرۆکدا یەکبوونیان کرا، باوەڕی بە پێغەمبەرایەتیەکەی هێنا و جارێکی دیکەش بۆ ئاسمانی پێنجەم بەناو جیهانی ڕازاوەی سەلیقەی پێشتر نەبینراودا سەرکەوتن، کە جیهانی دەرەوەی هەرکامیان و ئاسمانی ئەوانیش ڕەنگدانەوەی ناوەوەی ئەوان بوو.

هەموو مرۆڤێک و هەموو شار و ئەستێرە و ئاسمانێکیش ڕابردووی خۆی هەیە، ڕۆژێک دەبێت ڕابردووی بۆ دێتەوە و لەناویدا دەژی ئەو ڕابردووەی خۆی خۆش دەوێت، ئیدریس پێغەمبەر ڕابردووی خۆی خۆش دەویست، بەناو جیهانی ڕابردووی ئێستای ئیدریسدا بۆ ئاسمانی پێنجەم و پێشوازی هارونی کوڕی عیمران سەرکەوتن کە پێشوازی لێکرد و دانی بە پێغەمبەرایەتیەکەیدا نا.

دواتر لە ئاسمانی شەشەمدا بە براکەی موسای کوڕی عیمران گەیشت، زۆر شتیان پێکەوە وت، بەڵام هێندەی بە چاوەکان شتیان وت بە لێوەکانیان نەیان وت. کاتێک موسا دانی بە پێغەمبەرایەتیەکەی موحەمەدا نا، مالئاوایی لێکرد و جوبریل و موحەمەد بۆ ئاسمانی بانتر تێپەڕی بوون، کەچی ئەو هەر دەگریا.

لە ئاسمانی حەوتەم بە خزمەت باوەپیرەی ئیبراهیمی بتشکێن گەیشت، باوەشی خۆی بۆ کردبوویەوە و ئەمیش سەری ماندووی بە سینگی باپیرەیەوە ناو بۆنی خۆشی عارەقی دروستکردنی بەیت و بیابانی دووری عەرەبی لە جەستەی پیریەوە دەهات و بۆ ساتێک چاوەکانی لێکنا و لەسەر سینگی سکونەتی بۆ هات.

کاتێکش لێی دوورکەوتەوە هەستی کرد باڵا و قیافە و چاوەکانی هاوشێوەی چاوی باپیرەی بوو. هەستی دەکرد منداڵ دەبووە و دەچووە باوەشی باپیرەی حیکمەتەکانی ئەمی لەسەر زاری ئەوە گوێ لێبووە. بۆ ساتێک لەو دوورکەوتەوە هەستی کرد کە ئاگر پێشتر چوار دەوری تەنی بوو، دەیویست لرفەی بدات هەنووکە بۆ نوور وەرگەڕابوو بووبووە خەرمانە و مانگی سپی جەستەی ئەو پیرەپیاوەی تەنی بوو.

پاشان بەرزکرایەوە بۆ (السدرة المنتهى) سەیرترین و بەرزترین داری گەردوون و دواتر جوبریل وەگەلی کەوت و بۆ مەزنترین پەرستگا کە خوای تاکانەی تێدا دەپەرسترا. ڕۆشتن و کە هەر دەڕۆشتن و دەڕۆشتن و فریشتەیان بە هەزاران دەبینی سەریان لەسەر زەوی بوو و سوجدەیان دەبرد، هەزارانیان زمانیان بە ویردی و ستایشی خواوە دەبزوا و هەزارانیان دەستیان هەڵبڕی بوو

نزایان دەکرد، گۆشەی ماڵەکە و نێوان پایەکانیان بە دەنگ و جووڵەی جەستەی نووررین و فریشتانەی خۆیان پڕ کردبوو، ئەم جیهانێک بەو ڕۆحانیەتە و ماڵێکی بەو گەورەییەی قەت نەدیتبوو.

دەیزانی بۆ کوێ دەڕۆن، ڕۆحی پەلەی بوو کە زوو بگات وای ئەم جارە کێ چاوەڕوانی دەکرد بە بیرلێکردنەوەشی کە نەیدەتوانی بیربکاتەوە موچرکە بە گیانیدا دەهات ئەو بە خزمەت خودای خۆی دەگەیشت.

جوبریل بە باڵەکانی و موحەمەدیش بەسەر پشتی بوراقەوە بە سەروو زەمین و بۆ سەرووی ئاسمان سەفەریان کرد، تا ئەو جێیەی تەنانەت جوبریلیش نەیدەتوانی لەوە زیاتر لە خواوە نزیک بێتەوە کە ڕێگەی پێدرابوو. موحەمەدی ڕایی کرد و بە تەنها لەو جێیە مایەوە. ئەو دەبوو بە تەنها و بێ هاوڕێکەی لە جیهانی لە لایەن مرۆڤەوە ئەزموون نەکراودا هەنگاو بنێت.

چ شادی و فوغانێک فریشتە بە فرتە فرتی باڵ و تەقوتۆقی هێنان و بردنی کوپەی مەی و پێداماڵینی پیاڵە لە بادە، ئەو هاواری و ئەو ئەهای ساقی بۆم تێکە ئەم چاوی کلا نەدەکرد، ئاگای لە هەموو ئەوە بوو لە فراوانیە نەبڕاوەی سەرەوەدا دەگوزەرا، بێئاگا لەو هەموو هەرا هەرایەی هەموو ئاسمانەکان پێی دەنگیان دەدایەوە. ئای خوایە چ خۆشی و شادیەک! دەتگوت شادی هەموو ژیان نەدیتراوی ئەو لەو ساتە کەم و فراوانەدا کورت و چڕ بووەتەوە.

هەنووکە لە هەموو مەخلووقات تەنانەت لە جوبرەئیلی هاوڕێشی دوور و دوورتر دەکەوتەوە، بەڵام لە حەقیقەت نزیکتر دەبوویەوە، نووری حەقیقەت چاوی نەدەبرد، چاوەکانی دەیانڕوانی، بەڵام ڕۆحی دەبرد و بۆ لای خۆی کەمەنکێشی دەکرد. ئەو لەو کاتەدا لە ناو بێدەنگی و سامدا نەدەترسا، ترسی لە خوارەوە لە زەوی جێهێشت بوو، ئەو لەو بانەوە لەو فراوانی و کپیەدا دڵخۆش بوو.

ئەو لەبەر خۆیەوە قسەی دڵی دەکرد، هەنووکە کەسێک گوێی لەو دەگرت بۆ لای خۆی دەستی دەگرت و وەک دایک، لە دایک خۆشەویستتر دەستی بۆ ڕادەگرت و دەیوت: وەرە نزیک بەرەوە ئەمیش نزیک دەبوویەوە. ئەم هەرچی لە سینگیدا لە مرۆڤەکانی وەشارد بوو لەوێ لە بەردەم ئەودا بەرەڵای کردن. ئەو دەیبینی نوور وەک ئاوی دەریا شەپۆلی دەدا و دەستی دەدایە بەر قەڵبەز و کەفی نوورەکە و ئەو لە خۆی شەرمی دەکرد و بچووکی خۆی و جۆرەکەی

دەدی ئەو هەستی بە گەورەیی خۆی و هاوجۆرەکەی دەکرد. وەی خوایە ئێرە کوێیە؟ ئایا خەون دەبینێت یاخود ئەمە ڕاستیە، چما شوێنی ئاواش بوونی هەیە؟

حەزی دەکرد لەوێ بمێنێت و هەموو نەهامەتیەکان لەبیر بکات، کە لە بیابان و مەکەکە تووشی بووبوون. هەر سەیری پێشەوەی دەکرد و بۆدواوە لای نەدەکردوە ئەگەر لای بکردباوە دەیدی کە جێپێکانی لە ئاسمان دەدرەوشانەوە، ئەو ئاسمان و ئەستێرە تا مەلەکووت سەرکەوت، ئەو هەموو ئەوەی لا ڕوون بوو کە چۆن لە خاکەوە بۆ فەلەک سەرکەوت. ئەو لەوێ کە هات شەو بوو، بەڵام لێرە لە ڕۆژی ڕوون زۆر ڕوونتر بوو.

ئەو بە تاقی تەنها لەوێ هیچ دەنگێک و هیچ جوولّەیەک نەبوو، ئەوێ سەرزەمینی درەوشاوەی پیرۆز بوو. تیشکێکی ڕۆشن نووری بێسنوور هەموو جێیەکی گرت بوو، ئەو جێیە وەک هیچ جێیەک نەبوو کۆشک بوو کۆشکی شاهانە، بەڵام کۆشکیش نەبوو ئەی خوا هاوار ئەوی مەخلووقی لاواز بۆ ئەم جێیە لەهەمان کاتدا درەوشاوە و لە هەمان کاتیشدا سامناکەیان هێنا بوو.

بۆنێکی سەیر بەو ناوەدا بڵاودەبووبەوە، بۆنی عەتاراوی بەیان کە هێشتا خۆر بە تەواوەتی سەری دەرنەهێناوە و بیابانیش هێشتا بەرگی شەوی لەوێ لانەداوە، بۆنی قوولّی بیابانی لێدەهات یاخود بۆنی ئێوارە بوو، ئەو دەمەی ئاژەڵانی ڕۆژ بەرەو لانەوە شارەکانیان دەگەڕێنەوە، ئاژەڵانی شەویش خۆیان ئامادە دەکەن کە تاریک دابێت و لە لانەی بەرتەسکی خۆیان بەرەو جیهانی فراوان بە پڕتاو لە شەقەی باڵ بدەن.

ئەو چاوەکانی کردبوونەوە هەتا چاوبڕ بکات نوور بوو، سەرزەوییەکی فراوان بوو ئەوێ کوێ بوو؟ کوێیەک لەو ناوەدا بوونی نەبوو زەمەن چ زەمەن و کاتیش نەبوو ئەوە مەملەکەتی کات و شوێنی نەبوو. دەنگێک کە لە بێدەنگی سوتانی مۆمی دەکرد و دەنگ نەبوو ئەم گوێی لێبوو، ئەوە دەنگی مرۆڤ نەبوو دەنگی ئەو بوو دەنگی خوا بوو کە بەمی دەگوت: تۆ ئەی بەندەی ئازارچەشتووی من تۆ قەبوولّکرای. ئەویش پڕ بە جیهانی فراوانی هەناوی خۆی هاواری کرد: تۆ ئەی ئەو کەسەی بە شکۆی خوایانەی خۆت قەبوولّمت کردووە لە من ڕازی بووی ئیدی من چیم؟ هەستی دەکرد چاوەکانی زیاتر و زیاتر دەکرانەوە، من چیم تا لە تۆ ڕازی نەبم!

سەدای شەرمن لە هەیبەتی ئەو جێیە شکۆمەند و سامناکەدا لەم دەردەچوو و بە لارەی پڕ لە شەرم و ترسەوە مەوجی دەدا، دەڕۆشت و لە سەرەوە بە وەڵامی پڕ لە شادی چێژی قوواڵەوە وەڵام دەدرایەوە بە گوێی ئەم دەگەشتەوە.

سەدایەک کە سەدای مەخلووق نەبوو، سەدایەک بوو پەنجەرەی نوێی لەناو ئەمدا دەکردە و دەبووە دەرگا و ئەمی بۆ جیهانی دیکە دەبرد. جیهانێک کە هیچ چاوێک پێشتر نەیدی بوو، هیچ گوێیەکیش گوێی لێنەبوو بوو و بە دڵی هیچ مەخلووقیشدا ختورەی نەکرد بوو.

ئەو سەرزەوییە هیچ مرۆڤێکی لێنەبوو، هیچ فریشتە و شەیتانێکی لێنەبوو، هیچ مەخلووقێکی لێنەبوو تەنها ئەو نەبێت، ئەویش کە مەخلووق نەبوو، ئەو خالیق بوو ئەو خوا بوو. ئەم نە لەو چۆلی و بێدەنگیە دەترسا و نە لەو هەموو ڕێ بڕین و دوورکەتنەوەش ماندوو و شەکەت بوو، کە بە درێژایی سەدان هەزاران ساڵ لە مەککە دوور کەوتبێتەوە، ئیدی ئەوێ سەرزەوییەکی دیکە بوو دوای مەشەقەت و ڕەنجکێشان و هەڵکژان و خەبات و کارکردن نە ماندووە و نەبێزار و بێ ئومێد.

هەنووکە بە تەواوەتی ئەوەی دەچەشت کە لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا چی بەسەردا هاتووە خۆی و یارانی چی چەشتووە و لە پێناو چیشدا ئەوەی بەسەر هاتووە. ئەمەی دەیدی لە خەیاڵی ئەو لە ئازار و ڕەنجەکانی لە قوربانی و لە دەستچووەکانی لە برسێتی و بێبەشیەکانی هاوڕێیانی لە خەم کەسەرەکانی گەورەتر بوو، لە هەموو شت گەورەتر بوو، لە یەک شەودا ئەوا جیهان و ڕێساکانی لەکاتێکی زۆر کەمدا سووڕا هیچی لە دونیای ئەوێ نەدەکرد.

ئیدی ئەو لەوە قوواڵتر لە ئایەتەکانی هەموو شت گڕ تێبەربوون و هەڵوەشان و تێداچوونی دونیا و ئاسمان بە جۆرێکی دیکەی دروستبوونەوەی بوون تێدەگەیشت، لەوە دەگەیشت کە ئەوە کۆتایی نییە، وەرزێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە و مەرگ کۆتایی نیشتنەوەی باڵندەی ڕۆح نییە و فڕینێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە. ئەو هەستی دەکرد لە جیهانێکی شەپۆیو و پڕ لە ئاژاوەوە هاتووەتە ناو جێهانێک کە پڕ لە ڕێسا و ئونس و ئارامییە.

ئەو لەو جێیەدا تەنها بوو، بەڵام تەنهایی ئەو مانای تری وەرگرت بوو، ئاخر ئەو تەنها نەبوو تەنها هی مەخلووقی بوونی ئەو، تەنیایی ئەوێ خالیق مانای پێدەبەخشی. تەنهایی بڕاوەی ئەم لەناو تەنیایی نەبڕاوەی ئەودا بۆ ئەبەد درێژ

دەبوویەوە، ئەو هەنووکە لە هەموو شتێک تەنانەت لە سێبەرەکەی خۆشی تەنها بووبووییەوە و لە هەموو شت واوەتر ڕۆشت بوو، لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکی تێپەڕاند لە بە هەشت و دۆزەخ ئاودیو بووبوو.

وامەزانن ئەمە هەر لە خۆوە دراوەتە پاڵ ئەو یان شوێنکەتوانی بۆ گەورەکردنی زیادەڕەوی دەکەن و دەیدەنە پاڵی، نا ئەو هەموو ئەوەی یان بە وتراوی بە چەشتن و ئەزموون بۆ سەدان بگرە ملیۆنان مرۆڤی گۆشت و ئێسقانداری لە پاش خۆی بەجێهێڵاوە. ئەو بەشەشی بشێت بە زمان و وتن بۆ ئەوانی دی با بکرێت بێ پەروا لە باوەڕپێهێنان یاخود بە درۆخستنەوە بۆ دۆست و دوژمنانی نوتق داوە و هەموویانی بە سەرسوڕمان هێناوە.

لە پاش ئەویش هەزاران بە شوێن ئەودا دەڕۆن و لە نزمی زەوی ناو نەفسی خۆیان بۆ ئاسمان ڕۆح و جیهانی باڵا بە گوێرەی توانای باڵ و تاقەتی ڕۆحیان عوروج دەکەن و باڵ دەگرنەوە، ئاخر ئەو لەپاش خۆی دەرگاکەی بە کراوەیی بەجێهێڵاوە و وتوویەتی: من چووم و دیتم چەشتم و هاتمەوە کێ لە ئێوە دەتوانێت با بێت.

ئەو ئازا بوو، گەیشتن بەوێش تەنها کاری بوێرانە، بوێری بڕینی هەموو پەتەکانی کە بە خاکەوە دەتبەستن، بوێری خۆ بەجێهێڵان، بەڵکو پێنان بە خۆتدا کێ بوێری هەیە دەتوانێت ئەویش بڕوات بە ئاسمان و جیهان و خوای خۆی بگات. هەر کەسە و بە قەت خۆی لەو سەری سەرەوە لە فڕین چێڕ ببات، ئەگەر بتوانێت درەختی ڕۆحی گەورە بکات ئەویش بەوەدەبێت هەموو دارهەژگ و دەوەن و دارە دڕکاویەکانی هەڵبکەنێت و ئیدی هەموو فڕینەکانی دونیا، هەموو گەشتە ڕۆحیەکان، لە هەڵکەندنی دارە دڕکاویەکانی ناو ڕۆحەوە دەست پێدەکەن.

کارێکی سەخت و نەکردە، بەڵام هەموو کەس دەتوانێت ئەو کارە بکات کە زۆر سەخت و گرانە، بەڵام دەتوانێت وەک موحەمەد توانی، بەڵام هەر کەس بە گوێری توانای خۆی. عوروج و سەفەری ئاسمان یەک جۆر نییە هەزاران جۆری هەیە، هەر کەسە و عوروجی خۆی هەیە. ئیدی هەموو چاک بوون و چاوکرانەوەکانی مرۆڤ لەم سەرکەوتنەوە ڕوو دەدەن. مەحاڵە کەسێک بتوانێت چاک بوو بێت و گوڵی حیکمەتێکی لێ ڕوا بێت و پێیەکی بە شتێکی زەمینی و بڕاوەدا نەنابێت و قاچێکی بۆ هەڵگژان هەڵنەبڕی بێت، لەگەڵ هەموو هەنگاونانێکیش باڵی لێ نەڕوێت و باڵەکانی لەناو شانی دەرنەهاتبنە دەرەوە،

دواجار لەتەک گەیشتن بە دوندی بەرزترین شاخی ناو هەناوی خۆی بۆ جیهانی بالا لە شەقەی بالی نەدابێت.

وەی خودا ئەم مەخلوقە عەجیبەی خۆت دەتوانێت و هەر خۆیەتی توانای بە سەرزەویدا ڕۆشتن و فڕین خۆی دیاری دەکات، گەر بیەوێت دەتوانێت بال بگرێتەوە و بڕوا و بڕوا. تەنها بوێری پێویستە گەر نەیەوێت تا ئەبەد لەم خواری خوارەوە دەکاتە جێگەی مانەوەی خۆی، ئەویش ئەو کاتەیە کە بوێری نییە قاچەکان لە زەوی ببڕێت، ئاخر مرۆڤ هەرچی ئەنجام داوە لەو بۆڕیەوە ئەنجامی داوە بە بوێری خۆی سەری هەڵبڕی، قەتی خۆی ڕاستەوە کرد و خۆی لە ئاژەڵان جوێکردەوە.

هەر وەک چۆن منداڵێک کە لە دوورەوە بە دەستی هەڵبڕاوی دایکی ناگات هەوڵ دەدات و خۆی هەڵدەبڕێت و لە کەوتن ناترسێت و بەسەر پێکانیەوە خۆی دەگرێت و دەڕوا و دەڕوا تا بە دەستی دایکی بگات، ئێمەی منداڵی پێنەگرتووش تا بە خوا بگەین دەبێت بۆ پێشەوە تەکان بدەین و دەکەوین بە ئەرزیدا دەدەین تا دواجار ڕاست دەبینەوە، بەڵکو بۆ سەرەوە وەسەر هەوادا دەڕۆین بە دەستی نەدیتراوی خوای خۆمان دەگەین.

بریا هەموو ئەوانەی ئازاریان چەشت ئەمەیان دیتبا کە ئەم دەیبینی، حەیف سەد حەیف وەی خەدیجە، بریا لێرەبای کە مێردەکەت لە زەوی چۆن ئازاریاندا و لە ئاسمان چۆن پێشوازیان لێکرد! وای باپیرە خۆزگە دەتدی کە نەوەک تەنانەت ئەوەشی تێپەڕاند کە تۆ پیشبینیت کردبوو، ئەو نەوەک گەورەی مەککە و قورەیش، بەڵکو گەورەی ئاسمان و ئەفلاک دەرچوو. وەی دایە کاشکی دەتدی کە کوڕە هەتیوە بێ باوک و بێنازەکەت چۆن فریشتە دەوریان لێدا و بۆ ئاسمانیان هەڵبڕی وەی دایە خۆزگە دەتدی.

هەنووکە چاوەکانی ئەو لە هەموو شت لە هەموو ئازار و ڕووداو و مەرگ خاڵی بووبوونەوە، تەنها لە نوور پڕ بووبوون. ئەو لەو دیو زەمەنەوە لەسەروو ئاسمانەوە لەتەک دۆستدا لە عەیش و نۆشدا چاوە عەرەبیەکانی پڕ لە شادی دەبوون و ئەوانی زەمینیش لە زیندانی نەفسی خۆیاندا وایان دەزانی تا هەتا هەتایە ڕێیان لە بڵاوبوونەوەی پەیامی ئەو گرتووە.

چاوی پڕ لە ناو فرمێسک و نووردا دەشۆرا و بۆ ڕوانین نوێ دەبوویەوە دەستەکان پڕ لە تاقگەی نوور هەڵدەبڕان و سینگی بۆ هەڵمژینی شادی و ڕەزامەند و ڕاز دەکرایەوە و دەکرایەوە.

ئەم لەو نزیک دەبوویەوە و گوێی لە هەناسەکانی خۆی بوو کە پڕ لە ترس و شادی و هەوای پاکی قودوسی هەڵدەمژی. چاوی لەو بوو لەم نزیک دەبوویەوە تا وەک تیر و کەوان بەسەر ئەمدا شۆڕ دەبوویەوە، ژیان لەوێ غونچەیەک بوو لە کاتی کرانەوەدا سوور و ناسک دەچوویەوە.

ژیان لەو چرکەساتەدا دەریایەک لە دەنگی سەیر بوو کە هەرگیز دەنگی وای نەبیست بوو، کات لەوێ چەند خاو دەڕۆشت و دەبڕایەوە، لە بنەڕەتدا کات لەوێ نەبوو تاوەکو خێرا بڕوات. ئەوانەی خوارەوە و زەوی، هەموو گیانیان بەبەر خۆرەوە و مەرگ لە سێبەرەکانیاندا چوارمشتی لێی دانیشتووە.

ئەو لەوێ هەموو قەلەقیەکانی لە پاش خۆی بەجێهێڵا بوو، قەلەقی ئیمان نەهێنانی قورەیش و ئەو قەلەقەی قەومەکەی لە نێوان پارێزگاری لە دینە بێ ماناکەیان، ئەو ئایینەی لە سروتی کەم نەبوو لە بۆنەی کەم نەبوو و لە خواگەلی کەم نەبوو لە قوربانی و گۆشت کەم نەبوو، لە ئاودانی حاجیانی کەم نەبوو، بەڵام سارد و گەرموگوڕ نەبوو، لە مانای ژیانی کەم بوو لە شەرم و تەقوای کەم بوو. لێرە ئەم چالاک و شادان بوو، شاد و چالاک چالاکتر لە سەر زەوی، ئەوە ئەوان بوون، مەلول و بێ بێتاقەت خۆیان مەست دەکرد. ئەم چالاک و لە عەرشەوە شەوق و نوور هەموو شتێکی ڕۆشن کردبوویەوە و ئەم نەیدەویست هیچ هەلێک لە دەست با و بۆن هەموو شوێنێکی گرت بوو و مەلەلەکانی مەککەی لەبیرکرد بوو، ئەوە ژیانی ڕاستەقینە بوو کۆتەکانی خاکی لە خۆی دامالّی بوو

ئەو کە هەنووکە بە کامی دڵ گەیشتبوو و بە خزمەتی مەعشوقی گەیشتبوو، بۆ لای جوبرەئیلی مامۆستای گەڕابوویەوە. هێشتا سات و هەیبەتی ئەوێ بەری نەدابوو هێشتا بۆنی خۆشی ئاستانەکەی خوا لە ئەمی مەخلووق دەهات. سواری بوراق بوو و ڕوحولقدوس بە ڕاوەشاندنی بالّەکانی پێشی کەوت تا داهاتووی بەرەی ئادەمی پیشان بدات.

پێش ئەوەی بەو جیهانە تا هەنووکەش جێگە نەزانراوەی خوا لەسەر سنوور بگات، فریشتە بە دوو گۆزەی ڕازاوەی یەکێک پڕ لە شەراب و مەستی و ئەوی

دیـیش شـیری تێدابوو ئەمـیش هەر بە ئـارامی و پێخـورپە دەسـتی درێـژ کـرد و شـیرەکەی وەرگـرت و بە نـاوی خـوا نـای بەسـەریەوە. دەنگێـک لە دەرەوە و لە شـوێنێکی نەزانـراوەوە یـاخود لەنـاو خۆیـدا پێی وت: ڕێگەی فیترەتـت هەڵبـژاردا! ئەگەر مەیەکەت هەڵبژاردایە ئومەتەکەت سەری لێ تێکدەچوو.

ئەو درەخـــتە بەرزانەی بینـــی بە ئاســـماندا هەڵچووبـــوون، گەڵا گەورەی سـەوزیان لێدەتکا، ئەو ڕەنگـانەی کـە ڕەنـگ بـوون، بەڵام هیچکـام لەو ڕەنگـانە نەبـوون کە ئەو دیتبـوونی، ئەو سـێبەرانەی لە لای ئەمەوە لەم نزیکـانە دەسـتیان پـێ دەکـرد، بەڵام ئەم نەیـدەزانی بە کـوێ دەگەیشـتن، ئەو ڕووناکیەی دەهـات و سـەرچاوەکەی خـۆر نەبـوو، بەڵام لە سـەدان خـۆر ڕۆشـناییەکەی بەتینتـر بـوو، بەڵام ڕۆشـناییەکی فێنـک بـوو ڕۆحـی ئـارام دەکـردوە سـوکی دەکـرد و وای لـێ دەکرد کە بفڕێت.

ئەم حەزی دەکرد گوێی لە دەنگی ئەو بـێ، تکای دەکـرد ئەویش فەرمانیـدا بـە فەرمـــانی وەســـڵی هەمیشـــەیی، فەرمـــانی عـــوروجی بەردەوام بـــۆ ئەم و بـــۆ ئومەتەکەی، فەرمانی نوێژ و لە مەقامی عوروجدا وەستان ئەویش ڕۆژانە پەنجـا جار ئەم بۆی دەرکەوت زۆرە خوایە زۆرە من مەستم، بەڵام بێ ئاگانیم ئاگـام لە توانای لاوازی مخلوقـانەی خـۆمە خـوایە گیـان بەزەییت بە مـن و ئومەمەتەکەمـدا بێتەوە، ئاخر ئێمە ئازاری لاوازی خۆمان بۆ هەڵناگیرێت.

ئـێمە لەو خـوارەوە دەبێـت بـاجی لاوازی خـاک بـوونی خۆمـان بـدەین، ئـێمە دەمانەوێـت هەمیشـە لە عـوروجی نەفس و حـوزوری تـۆدا بـین، بەڵام بەرگەی وەســڵی بەردەوام نـاگرین تکـام هەیە ئەی خـوای مـن، تکـا دەکەم تکـا، ئـای چ گفتگۆیەکی شیرین چ ڕازێکی گەورە لە نێوان موحەمەد و خواکەیدا ڕوویـدا، خـوا خۆی دەیگوت من ڕۆژی پەنجا جار دێمە ژوانت کەچـی عاشـق دەیگوت: نـا مەیە زۆرە نـاتوانم، ئەو هـاتنە ژوانـی بـۆ ئەمـی عاشـق دەکـاتە کـامی دڵ کەچـی دەڵێت نامەوێت!

وەی خوایە! ئەمە چ ڕاز و نهێنییەکە ئەو دەیڵێ و ئەمـیش دەڵێت: نامەوێت، چ نهێنییـەکە ئەم تکـا دەکـات و ئەو دەزانێـت تەنـانەت ئەمـی سـەروەری عاشـقانیش بەرگەی وەسڵی بەردەوام ناگرێت. ئەمجا هەر وەک بابەتەکە پێچەوانە بـووبێتەوە تا ئەوەی ڕێککەوتـن لەسـەر ئەوەی ڕۆژی پێنج عـوروج بـۆ ئـومەتەکەی ئەوانـەی زەوی نیشتمانیانە و لەو دروستکراون و بۆ ئەویش دەگەڕێنەوە.

بۆ ئەوانەی وەک ئەم ناتوانن بۆ سەرووی ئاسمان بفڕن تا لەوێ لە زەوی وەک پەپوسلێمانە نزیک بە خاک بفڕن و بەردەوام بفڕن لەم چل بۆ ئەو چل لەم نوێژ بۆ ئەو نوێژ هەڵکژێن و ئەمی مەعشوقیش لەو سەرەوە بۆ لای ئەوان داگەڕێتە خوارەوە، دڵی بچکۆلەی ئەوان بکاتە مزگەوتی پێگەیشتنیان ئەوان بەرگەی هیجرانی هەمیشەیی ئەو ناگرن و هەر وەک بەرگەی وەسڵی هەمیشەیی ئەویش ناگرن. ئەو دادەبەزێتە خوارەوە ئەوان و دەورەوبەریان بۆ منی ئەبەدی ئەو دەگرێت ئەوەی پێی دەوترێت سکونەت، ئاخر سکونەت هیچ نییە جگە لە حوزوری خوا لەو شوێنەی پێی دەوترێت سکونەتی گرتووە، خوا سکونەت دەنێریتە خوارەوە سکونەت خودی خوایە کە دێتە خوارەوە، لەو عوروجەی ئەوان و نزولەی ئەودا ئەوە دروستە دەبێت کە نهێنی خیلقەتە و خەلافەتە ئەوەی پێی دەوترێت پەرستن سڕی بەیەک گەیشتنی خالیق و بەندەیە.

چاوە عەرەبیەکانی وەک ئەستێرەی گەش بە نەرمی هەڵدەهێنا قەد و قیافەی ڕێکی بۆ دواوە گێڕایەوە و زۆر بە حەیا و بە شەرمەوە لە گواستنەوەی پێکانی بە قەد هەر پێیەکی پروشەی نوور هەڵدەبەزی و دەنیشتەوە تا ئەوەی پەردەی نووور لەبەرچاوی دادرایەوە لە ئاستانەی عەرش هاتەخوارەوە تا "سیدرەتولمونتەها" دابەزێنرا، نەوەک هەر لە نەشئەی چێژی تەواودا بوو، بەڵکو کەیل بوو لە شادی.

ئەو بە قوولّی ئەوەی زانی ئەمە پاداشتی ئەو غەم و ناقەراریە بوو کە بوونی و پێغەمبەرایەتیەکەی و ئازارانێک کە دوژمنانی بۆیان دەخولقاند، تەنیای و غەریبیەک لە دووری خەدیجە و مامی ئەو نازدارانە کە ڕۆشتن و ئەویان بە تەنهایی بەجێهێڵا و نەگەڕانە دواوە بۆیان دروستکرد بوو، گەڕایەوە ئەو جێیەی کە جوبرەئیلی تێدا بەجێهێڵا بوو، ئەمە پاداشتی لێ حەرام بوونی خەوی شەوانی بوو کە بۆ ئەم سەری سەرەوە باڵیان پی بگرێتەوە. ئەو هەنووکە دوور لە نیشتمان و خەدیجە و مام و باپیرە و دایک و هاوڕێکانی بەم بەرزیەوە بوو، خەدیجە هاتمە ماڵەکەت تۆ لەوێ نەبووی، لێرەوە دوور لە هەموان بۆ نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی گەڕابوویەوە.

لە ئاستانەی خودایی لەو شوێنەی هیچ کەسی پێ نەگەیشتبوو تەنانەت برا پێغەمبەرەکانی، دابەزیە مەیدانی مەخلووق لە سەرزەوی بردنەوەوە هاتەوە بۆ سەرزەوی دۆڕان و ئازار و شکست، ئەگەرچی ئەو هێشتا لەو سەرەوە لە

جیهانی مەلەکووت بوو، بەڵام بۆ ناو جیهانی فریشتە و مرۆڤە باشەکان کە پێغەمبەران بوون گەڕایەوە ئەو نەبوو بە خودا ئەو بەندە بوو، بەڵام لە جیهانی مرۆڤ و مەخلووق گەلێ زێتر ڕۆشت بوو ئەوێ جیهانی بێ سورەت بوو.

هەر کە هاتەوە ئەم دیو، ئیدی وێنەکان دەستیان پێکردەوە، لە پێش هەموویانەوە وێنەی هاوڕێ و مامۆستاکەی کە جوبرەئیل بە باڵە زۆر ڕەنگین و گەورەکانیەوە کە ئاسۆی جیهانی مەلەکووتیشی گرتبوو، ئەم جار لەو مەخلووقە بەهێزە، بەڵام پاکە نزیک بوونەوە لە باوەشی گرت و لێوەی نزیک بووەوە تا ئەوەی دوولای کەوانێک لەسەر یەک دابنرێن لەوەش نزیکتر لەوێش مەخلووقات هەبوون لەوێش فەزا و سەری چادرەکە و ناو چادرەکە هەبوو، بەڵام ئەوێ زۆر فراوانتر ئەوەندە فراوان کە فریشتەکان بە فڕینی باڵەکانیان تێدا بێن و بڕۆن و بەراستی لەبەر خالیقیاندا بچەمنەوە.

وای خوایە! ئەو سەرزەوییە بۆ ئەو بە سەر باڵی جوبرەئیلەوە چەند فراوان بوو لەوێش خانوو و ماڵ هەبوون، بەڵام ماڵ و خانووی گەورە خانووی ماڵی فریشتەکان بەسەر باڵی جبریلەوە بۆ گەورەترین کۆشکی پیرۆزی ئەو مەملەکەتە بزوا کە هێندە گەورە بوو، زمانی ئەو نەیدەتوانی بیگەیەنێتە خەیاڵی ئەوانەی کە ئەو دواتر بۆی باس دەکردن، ماڵێک ئاوەدان و قەرەباڵغ بە فریشتەی باڵدار و نوورپۆش و ئارامەکانی لەو ماڵەدا ئەوان بەردەوام ستایش و پەرستنی خودایان ئەنجام دەدا، هەر ڕۆژێک حەفتا هەزار فریشتە بۆی دەهاتن و دوای دەرچوونیان جارێکی دیکە نەدەگەڕانەوە و حەفتا هەزاری دیکە دەهاتن.

ئەو لە کاتێکدا هێشتا گەرمی ئەودیو جیهانی بوونی لە وجوودیدا هەڵگرتبوو، هێشتا بۆنی سێوی ئەو جیهانەی باڵاتر کە تکێنرا بوویە بوونی دەیدایەوە هێشتا ڕۆحی کراوە و فراوان لەو ماڵەی "بەیتولمەعمور" فراوتر بوو، لەناو ئەو ماڵەدا گەڕا و فریشتەی بینی ستایشی خوای خۆی کرد و سەری بۆ ئەو خستە سەرزەوی پیرۆز.

جارێکی دییش موحەمەد لەتەک جوبرەئیل فڕیەوە بۆ ئەو شوێنەی براکەی موسای لێ بوو ئەویش وەک ئەم خاوەن شەریعەت بوو باشتر لە هەموان تواناکان و کاریگەری سەردەمەکان لەسەر ئەو مەخلووقە دووپێیەی کە پێیان دەگوت مرۆڤ دەناسی، ئەو لە ڕوانین و ڕۆحی موحەمەد لە ئەزموونی خۆی لە تۆرەمەی نەوەی ئادەم، شەڕ و ململانێکان لە ئاژاوە و مل نەدانەکانی لە

بەشداریکردنی لە نووسینەوەی چارەنوس و دەیزانی ناتوانێت، بشتوانێت زۆر قورسە کە ڕۆژی پێنج جار بچێتە ئاستانەی خودا و حوزور پەیدا بکات.

ئەو بۆ هاوکاری براکەی بە موحەمەدی وت: زۆرە بڕۆ داوا لە خوا بکە بۆت کەمتر بکاتەوە موحەمەد هەستی بە سامناکی بابەتەکە کرد و خامۆش بوو لەتەک خامۆشی ئەودا هەموو ئەستێرەکان و فریشتە و پێغەمبەران بێدەنگ و خامۆش بوون شەرمی کرد بە هاندانی براکەی هەوڵی ئەوە بدات بچێتەوە حوزوری باری تەعالا.

موسا دەیزانی مرۆڤی سەردەمی براکەی بۆ یەکەم جار هەندێک کار دەکات لەوەتەی ئەم مەخلووقە لەسەر دووپێکانی هەڵساوەتەوە و بۆ ئاسمانی ڕوانیوە کاری لەو شێوەی ئەنجام نەداوە، ئەنجامدانی کاری لەو شێوەیە بڕستی لێدەبڕێت و بواری ڕاز و نیاز گۆڕینەوەی لەتەک خوادا بۆ ناهێڵێتەوە، سۆز و ترسێکی پیرۆز بۆ براکەی دایگرت. ئەویش لە نێوان دوور ڕوانینی وەڵامدانەوەی خۆشەویستانەی موسا و حوببی بۆ ئومەتەکەی و شەرمی لە خوای خۆی نەیدەزانی بۆ عەرش سەرکەوێ یاخود لە فەرشی مەخلووق ڕێگەی خەبات و هەڵکژانی بەردەوام بگرێتەبەر.

دەنگێکیش لە ناجێیەکەوە کە دەنگی قوولایی خۆی بوو لە ناخیەوە بە ترسێکی قوڵ و لەرزینەوە ستایشی خوای کرد، ترسی یاخی بوون و ملنەدانی مرۆڤ بۆ فەرمانی خودا. یاخی بوونی مرۆڤ لەو سەرەوەش موسا ترسانی لەبەرخۆیەوە بێگەڕانەوە نزای دەکرد خواش لەوسەری سەرەوە گوێی لێبوو.

دەنگی شیرین لە ناویەوەوە و لە دەرەوە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا لە سەرەوە کەوتە بەرگوێکانی، دەنگی ئیلاهی بوو بەر ڕۆحی کەوت و ئەوانی دیش گوێیان لێ بوو، فەرمووی: پێنجە، بەڵام بەرامبەر بە پەنجایە لە شوێنێک هەزار ساڵ دوورتر لە زەوییەوە لە شەوێکی کپی وەک ئەو شەوەدا، بڕیاری چوونە خزمەت پەروەردگاری وەرگرت.

ئەوە سەوقاتی ئەو بوو لەو شەوەدا بۆ هەموو ئەوانەی هێنایەوە چ سەوقات و شادیەک کە دواتر دوای چەندین کات باسی ئەو فەرمانەی دەکرد شیرینی ئەو شادیە دەهاتەوە سەر زمانی، هەنووکەشی لەتەکدا بێت هەر کەس ئەو داستانە دەخوێنێتەوە ئاوی شیرین دەڕژێتە سەر زاری.

ئەو شەوی ملنەدان و فیتنەکانی ئەوانی بەجێهێڵابوو، بۆ ئاسمان سەفەری کردبوو، بەڵام ئەنجامی هەموو کارە خراپەکانی ئەوانیشی بە خەم و پەژارەوە بینی، دۆزەخ جیهانی قێزەون و سوتان و هەو و کیم و داخکردن چ مەملەکتێکی گەورە و زیندانێکی سەیر بوو. سەرزەوییەکی تاریک و پیس و پۆخڵ و نەفرەتلێکراو کە ئەگەر پێغەمبەر نەبوایە کەس بەرگەی بینینی نەدەگرت.

دانیشتووانی ئەوێ بە دەموچاوی بی پێست و سەری بێ مووی سوتاو و دەست و قاچ و قولی دەمار دەرپەڕیو و گۆشت بە دەرەوە بوو، دەمی بێ لێوی پڕ ئازارەوە هاواریان دەکرد و بە چاوی نەبووی سوتاوە دەیانڕوانی و هیچیان نەدەبینی، ئەو بە خۆی دەوت: ئەی ڕۆحی من دەبێت ئەمەش ببینی ئەم هەموو ئازار و فوغانەش گەورەیی پێغەمبەرایەتی خۆت ببینە و هونەری بەرگەگرتن و خۆراگری زیاتر بسەلمێنە.

چاوی بڕیە گەورەی پاسەوانانی ئەوێ کە هیچ پێنەدەکەنی، لە دەموچاویدا هیچ گەشی و خۆشیەک تەنانەت بۆ پێشوازی ئەمیش دیار نەبوو، وای ئەگەر لە مەحکەمەی ئیلاهیدا بە مەحکووم دەربچی و بتدەنە دەست ئەمە و هاوڕێکانی کە ناوی "مالیک" بوو.

ئەو زیندانی تەماح و ململانێی ئەوانی بۆ ئاسمانی بێ نیازی و هیچ نەویستن بەجێهێڵا بوو، وای ئێرە ئەمە چ شوێنێک بوو، هەموو خراپەکانی ئەوانی بە بەرچاویەوە لەوانی سزادراودا دەبینی. بخۆرانی مالّی هەتیو لەوێ سەریان وشتر ئاسا درێژ بووبوو، ئاگر وەک چەو و وردەبەرد دەرخواردیان دەدران و لە دواوەیان دەردەچوو. سووخۆرەکان سک ئاوساو لەوێ کەوتبوون و نەیاندەتوانی ببزوێن و لە ئاگر خۆیان ڕزگار بکەن.

زیناکارانیش لەوی کە گۆشتێکی پاک و جوانیان لەبەردەستدا بوو و گۆشتێکی گەنیویش کە بە بۆنی هاڵاوەکەی مرۆڤ لە هۆش خۆی دەچوو کەچی ئەو گۆشتە پیس و بۆگەنەکەیان دەخوارد. ئەو ژنانەشی بینی کە توانای خۆڕاگری دایک بوونی خۆیان خستبووە گەڕ و کاری ترسناکی خستنەوەی وەچەی زۆڵ بوون، کە بە عەزاب و ماندووبوونی زۆرەوە بە مەمکەکانیان هەڵواسرابوون.

چی نەبینی، هێندەی عەزاب بینی کە ئەگەر لەبەر ئەرکی پێغەمبەرایەتی نەبوایە نەیدەگێڕایەوە و هێندەش شادی بینی کە ئەگەر هەر کەس هەزار یەکی

ئەوەی بە خەیاڵیدا بهاتایە ئۆخزنی خۆشی شاگەشکەی پێدەکرد و دەبورایەوە، ئەو لەوێ شتگەلێکی بینی هی ئەو سەردەمە نەبوون هی کۆتایی بوون، سەرەتا و هەوڵ نەبوون سەرەنجام و کۆتایی بوون.

ئەو سەلامی بینی سەلامی بیست سەلامی چەشت، ئەو لەوە گەیشت ئەوانەی هەموو وێنەکە نەبینن تێناگەن، ئەو شەوە عوروجی کرد و دڵنیا بوو لەوەی هەمووان بۆ ئەوەی تێبگەن عوروجێک قەرزارن، هەر کەس فڕێنێک قەرزارە ئیدی هەر کەس بە قەد باڵای خۆی بە قەد توانای خۆی.

ئەو بەردەوام پوختە دەبوو چی دی و چی بیست چ باس و خواست و ڕاز و نیازێک بەقەد هەزاران ساڵ ئەو دەنگانەی بیستنی ئەو ڕەنگانەی بینینی ئەو بابەتانەی هەر بە خامۆشی و سکووتەوە وتران، بەڵام هاتەوە ئەڵقەی دەرگاکەی ماڵی "ئوم هانی" هەر دەلەرایوە.

*** *** ***

هاتەوە دەیزانی ئەوان باوەڕی پێناکەن، ئەوان بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بکەن دەبوو ئەوانیش عوروج بکەن، هەندێ شت بە باس کردن نییە دەبێت خۆشت بچێتە ناوبەوە ئەوسا لێی تێدەگەی، بۆ ئەوەی تێی بگەیت دەبێت لەپێشدا پێی بگەیت هاتەوە دەیزانی ئەوان باوەڕی پێناکەن، بەڵام چ باک، ئەو جارێکی دی بە تەواوی وجوودیەوە بووەوە بە پێغەمبەر. ئەو بە تەواوەتی پێغەمبەر بوو، پێغەمبەرەکان بۆ ئەوەی بەردەوام پێغەمبەر بن دەبێت بەردەوام عوروج بکەن. چیرۆکی عوروجکردن و پێغەمبەرایەتی پێکەوەن، ئەو لەم عوروجەیدا بە تەواوەتی پێغەمبەر بوو وەک یەکەم جار لە ئەشکەوتی حەرا کە بۆ یەکەم جار بووە پێغەمبەر هەر ئەو جارەش سەفەری ئەنجامدا سەفەری دوور دوور، سەفەرێک بوونی پێش پێغەمبەر بووی خۆی تێدا ئەنجامدا و گوشراو گۆڕا چووە ناو دونیای پێغەمبەرایەتیەوە.

ئەم جارەیان وەک جاری یەکەم لەرزی لێ نەنیشت ئەم جارەیان ئارام و کپ گەڕایەوە سەر زەوی، ئاخر ئەم جارە خەدیجە لەوێ نەبوو کە سەری لە باوەشی دابنێت و بیلاوێنێت، خەدیجەیەک نەبوو دڵی بداتەوە وەرەقەیەک لەوێ نەبوو بەڵێنی پشتیوانی پێبدات. ئەو ئەم جارە تەنها بوو، ئەو و خودا و شەو و

مەککە و تەنهایی، بەڵام ئەم جارە سینگی کراوەتر بوو لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیاتر و لەو سەرەوە ئەو سەری کارەکەیی خۆی بینی، وێنەکە کە وێنەی سەرتاسەری ژیانی ئەو بوو بە تەواوەتی هەمووی دیبوو، تەنانەت ئەوەشی بینی کە هەموان لە بینینی دەترسن ئەویش مەرگە و پاش مەرگی خۆی پێغەمبەرایەتی خۆی کە بێ خۆی بەردەوام دەبوو.

ئیدی ئەم جارەیان ئەگەرچی تەنها بوو، بەڵام شەکیبا و خۆراگرتر بوو مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆراگڕ بێت دەبێت هەموو وێنەکە بە تەواوەتی ببینێت ئەو ئەم جارە هەموو وێنەکەی بە تەواوەتی بینی. لەو بەرزاییەوە داگەڕا بۆ زەوی ئەو دەمەی زەوی تەنها ئەستێرەیەک بوو قورس قورسێ بە باری گوناهەوە دەبزوا و گران گرانێ نووری خۆری دەدایەوە.

هەر بەو ڕێیەی کە ڕێی هەزاران ساڵ و لەتەک مامۆستا و هاوڕێکەی گەورەی فریشتان، لەو سەری سەرەوە بۆ زەوی گەڕایەوە. جارێکی دی لەو ئاسمانەوە بۆ خاکی عارەبان گەڕایەوە، لە دەریای فراوانی لمی بیاباندا شاری مەککەی بینی. لەپەنا ماڵەکاندا وەستا و هەموان بۆ ئەوان بۆ لەتەک خۆی بردبوونی، دڵی دەیویست هەموو ئەوەی دیتبووی بۆ ئەوانیشی بگێڕێتەوە.

تازە ئەو هەرگیز تەنیا نەبوو خۆی کرد بە ماڵی ئامۆزاکەیدا خۆی کردەوە بە شەوی کپی مەککەدا، بەیانی بابەتەکە دەتەقیەوە دەبووە باسی کووچە و بازاڕان کەمێک باوەڕیان پێدەکرد و زۆرێک بە درۆیان دەخستەوە.

بۆ سبەینێ دەستیان بۆ هەڵدەبڕی هەندێک سەردەکەوتن و هەندێکی دیش ئەمەیان دەکردە بیانوویەکی دیکەی داگەڕان هەنگاوی سست هەڵهێنان و خۆکوتانەوە بە زەویدا، هەندێک سووک دەبوون و باڵیان دەگرتەوە و هەندێکیش قورس دەبوون هێندە قورس قاچیان بۆ هەڵنەدەبڕا، ئیدی ئەم باکی نەبوو هەنووکە چاوەکانی قورس بووبوون پێویستی بە حەوانەوە بوو، جارێکی دی سبەینێ ڕۆژێکی دوور و چونێکی فراوانی لەبەردەستدا بوو.

لە کۆتاییدا سبەینێی دوور نزیک بوویەوە، موحەمەدیش چیرۆکی عوروجی خۆی بە گوێی خەڵکی مەککەدا داو ئیمانداران پێی ئیمانداڕتر و کافرانیش گومڕاتر بوون. دیسان سبەینی هات و ئاشتیەکان و شەڕەکان دەستیان پێکردەوە، ئاشتی نێوان چاوانی موحەمەد و چاوانی یاران، ئاشتی مەسافەی نێوان زاری موحەمەد و گوێی یارانی.

شەڕیش دەستی پێکرد شەڕی نێوان هەواڵی موحەمەد و عەقلی تەمەڵ و تێ نەگەیشتووی بێدینانی قورەیش. ئەو هەواڵی داو ئەوان ڕەدیان کردەوە، ئەو بەوردی لە گشتەکەی دواو و ئەوان تاقیانکردەوە، ئەو ڕاستی وت و ئەوان بە درۆیان خستەوە، ئەو بە هێمنی دوا و هەموو ئەوەی دیبووی وەک خۆی گێڕایەوە، ئەوان بۆی بوونە ئافات و بەسەریدا بارین.

هێرشیان کردە سەر، هێرشی دەسەڵاتدار بۆ بێ دەسەڵاتیک، هێرشی خێڵێک بۆ تەنیا کەسێک، هێرشی گروپێک هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نەمابێت تەنها هێرش و زۆرکردن نەبێت، هێرشی خەڵکانێکی ماندوو کە کۆشکێکی هەزار قاتی لە درۆ هەڵچنراویان هەڵکردبێت و هەنووکە بە فووی نەبێنراوی وشەی زارێک کە هیچ شتێکی نەبوو پێی بەرگری لە خۆی پێبکات تەنها وشە نەبێت، جارێکی دی وشە ئەوانی دەترسان. شارێکی گەورە تەنها لە وشەی سەر زاری کەسێک دەترسان.

وتیان: چیت دی؟

ئەویش وتی و وتی، چ وتنێک و چ ئەفسوونێک لەسەر زاری دەهاتە دەرەوە، ئەو لەو ماڵەیدا بە تەنها هەموو ئەوەی بینی کە بە هەزار هەزار پیاوی شاعیر و ڕەوانبێژی ئەوان باس نەدەکرا. لە کاروانی قورەیش دوا کە هەنووکە لە کوێیە و چ وشترێکیان لە پێش ئەوانی دیکەوە بە ڕاگرتنی سەروو ملی جەستەی خۆی بە ناوەوە دەبۆڕێنێ.

وتیان: باسی بەیتولمەقدیسمان بۆ بکە. بەڵای خۆیانەوە بابەتێکی قۆشمەیان هەڵبژاردبوو، چونکە دەیانزانی کە موحەمەد هەرگیز بۆ شاری پیرۆز سەفەری نەکردبوو، شکۆی بینینی پەرستگای مەزن و شکۆی کۆشکە کۆن و قەڵای دێرینەکانی ئەو شارەی بە دڵ نەچەشت بوو. ئەوان باوەڕیان نەکردبوو لە پێشوازی گەرم و باوەشی ئاوەڵا و دەستی ڕایەڵکراوی پێغەمبەران و فریشتان نەیتوانی بوو بە تەواوەتی لە شکۆی ماڵی پیرۆز و قیبلەی یەکتاپەرستانی ئەو ڕۆژگارە ورد بێتەوە. ترسا نەزانێت وەسفی بکات و بە درۆ بخرێتەوە، بەڵام خوا هەر زوو فریا کەوت و کەمهێنانەکانی زەینی ئێمەی بەشەری بۆ پڕکردەوە کە هەمیشە ئەو کاتەی پێویستمان بە وەبیرهێنانەوەیە بۆی ناکرێت وردەکاریەکان بداتەوە، مزگەوتی مەزنی هێنایە بەرچاوی و چۆن بوو وەک خۆی باسی کرد.

بەمەش زەینی دەسەوسانی ئەوانەی کە ئەوێیان دی بوو دەسەوسان و چاوەکانی ئەوانی ئەبڵەق کرد و نەیانتوانی بە درۆی بخەنەوە، بەڵام دڵی ڕەقیان باوەڕی نەهێنا و ئینکاری کرد، ئاخر ئەوە زەین نییە باوەڕ دەهێنێ بەڵکو ئەوە دڵە دادەمەزرێت و بە حەقیقەت مل دەدات.

لەهەرچی دەدوا وا بۆی بەیان دەکردن وەک ئەوەی لەبەرچای ئەوان ڕووبدات، ئەو هەموو شتێکی دەبینی ڕقی ئەوانیشی بینی کە لە چاوە سوورەکان دەمارە دەربۆقیوەکانیاندا دەهات و دەچوو ئەو گوێ نەبەو ڕقە و نە بە نیازە خراپەکانی ئەوان نەدا.

ئەو چی نەدەبینی و چی نەدەبیست لە نرکەی زەوی لە داخی بە درۆخستەوەکانی ئەوان، ئەوان لای خۆیان وایان دانابوو کە داستانی ئەو کۆتایی هاتووە و کەچی ڕۆحی ئەم تازە تازە بووبوویەوە، بە شێوەیەک دەدوا دەوروبەری دەبووە بەرامەی ئەو باخانەی کە دیبوونی وا لە دۆزەخ دەدوا کە نەفسی بێ باوەڕی هەرکامیان دەبووە چاڵی قوواڵی دۆزەخ.

تڕێی گەییوی باخەکانی تائیف بە ئیمانهێنانی ئەو مەست دەبوو، ئەو چۆن درۆی دەکرد! دوور لە ئەو هەموەی بە وتنی ڕاستی لە دەستی دابوو، بەڵای ئەوەوە ئەوەی نەدەهێنا تەنها وشەیەکی درۆ لەگەڵ ئەوان بڵێ، چەند قەومێکی خراپی هەبوو درۆیان لە ڕاستی پێ باشتر بوو، ژیان بە درۆ بەدەست نایەت.

ئەوان نەیاندی بوو و نەیاندەتوانی بفڕن و بڕۆن و چاو بکەنەوە و ببینن، ئیدی ئەویشیان بە خۆیان دەپێوا. ئەو دەیزانی هەموو شت هی ئەوە، ئەو پاشای سەرزەوییە ئیدی کەی گرنگە بە درۆخستنەوەکانی ئەوان و لێدان و ئازارەکانی ئەوان، ئیدی دەستیان بەو ڕاناگات ئیدی چ باک لە هەوڵی کوشتنەکانی ئەوان ئەو ئەو هەموو شادیەی دیبوو چش لە بە درۆخستنەوەی ئەوان کە تەنها گەردێکە لە تۆزی نەعلەکانی، چش لە ئانی هاموشۆی ئەمدا بەناو کۆڵانەکانی مەککەدا چی دەڵین،.. چش.

لە سەرەوە وشەی بۆ هات تا لە خوارەوە بۆ سەرەوە خەڵک ببزوێنێت، کێشەی ئەو ئەوە نەبوو کە باوەڕی پێبکەن، کێشەی ئەو ئەوە بوو چۆن بڕوا بەوان بهینێت کە دەبێت ئەوانیش سەرکەون.

گەورانی نەگۆڕاوی قورەیش هەمیشە دەیانویست وەک ئەو پێغەمبەر بن گەورە و ناسراو بن، حیکمەت لەسەر زاریان بێتەدەرێ، بەڵام ئەم جارەیان نا،

ئەم جارەیان ئاواتیان بە جێگە و پێگەی پێغەمبەر نەدەخواست، هەواڵەکانی ئەم جارەی موحەمەد بۆ ئەوان درۆیەکی زەق بوون، بۆیە گەورەکانی شارێک بە پشتدا دەکەوتن و قاقا پێدەکەنین، ئەوان لە عوروج نەگەیشتن، ئاخر بۆ ئەوەی لە عوروج بگەن دەبوو ئەوانیش عوروج بکەن و لە دەرەوە لە بوون بڕوانن ئەوان نەیاندەتوانی شتی وا بکەن، بەڵکو نەیاندەتوانی ئەنجامی بدەن.

عوروج لەسەرەوە ڕوانینە بۆ هەموو جیهان ئەوان کە تەنها کە پیاوی خۆیان بەرژەوەندیەکانی خۆیان بوون چۆن دەیانتوانی هەموو جیهان ببینن، ئەوان نەیان دەتوانی هەموو جیهان ببینن بۆیە عوروجیان نەدەکرد. هەر بۆیەش باوەڕیان بە عوروج نەدەکرد لە هەواڵەکانی ناو عوروجی ئەویش نەدەگەیشتن.

هەر ڕەنگ بوو و هەر دەنگ بوو بەسەریدا دەباری، هەر نوور و هەر وشە بوو بەسەریدا دەباری، هەر فرمێسک بوو بە چاوەکانیدا بۆ سەر ڕیشی ڕەشی دەهاتنە خوارێ و هەر داوا بوو ئەم دەیکرد و بۆی جێبەجێ دەکرا، هەر نزا بوو وەڵام دەدەرایەوە و هەر شەرم بوو بە سکونەت وەردەچەرخا.

ئەو کە ڕەگی لە زەوی هەڵکەندرا بوو هەنووکە وەک بەدەم باوە درابێت ئەویش بای ئەبەدیەت بۆ ئەم دووڕە هێنرا بێت، سەر زەوی ڕەزامەندی و ئاشتی لەتەک خۆی و لەتەک بوون سەرزەوییەک تەنها سەرزەوی خۆی و مەعشوقی ڕاستەقینە ئەو بە تەنها سکووت، سکووتێکی سەیر هەموو شوێنێکی تەنی بوو. ئەم دەیویست هەرچی زێتر بڕواتە پێشەوە گوێی لە هیچ نەبوو تەنانەت دەنگی گواستنەوەی پێکانی دەست و قاچەکانی لەبیر کرد بوو ئەو بووبوویە چاو دەیڕوانی بووبوویە گوێ و ئاوازی خوایانەی گوێ لێبوو, بووبوویە کەپوو بۆنی خوایی دەئاخنیە دەماخی دڵی خاڵی لە هەم و غەمێک زەینی خاڵی لە هەموو گرفت و تێگیرانێک لەتەک قەومەکەی بۆ ئەوەی هەوای دەوروبەر بۆنی خوای بدات.

ئێستا دەیزانی کە چۆن توانی بەرگەی دووری بگرێت هەروەها هەنووکەی هەستی بە بێبەش بوونی کافرانی دەبینی. دەنگی خوا چ دەنگێکی قوڵ و شادیهێنەر و سامهێنەر بوو نەوەک هەر بۆ گوێکانی، بەڵکو تا ئەوپەڕی قوڵایی ئەم دەچوو، نەیدەزانی خوایە هەنووکە چۆن بەرگەی جارێکی دیکەی

جوودابوونەوە و گەڕانەوە بۆ ناو ئەم نەزانانەی دەگرت. هەرچی وردبوونەوە لە دونیا و ئەوەی تێیدایە بە تێگەیشتن لەوەی لەوێ چ دەگوزەرێت ئامادە ناکەن، ئەوێ بە تەواوەتی بینینێکی دیکە و بیستنێکی دیکە و یاخود دەشێت بوترێت ڕۆحێک و دڵێکی دیکەی دەوێت.

بۆ ئەوان دەدوا و چاوەکانی لە شوێنێکی دیکە لە دوور دەیڕوانی: شار و کۆشکەکانی ئەوێ هەرگیز وێنەی ئەوانەی ئێرە نین کە تەنها بوومەلەرزەیەک شێت بوونێکی چەند ئانی زەوی بەسە بۆ ئەوەی لە بنەوە دەریان بهێنێت وەک ئەوە لە سەفەرەکانیدا بینی بوونی تەنها ئاسارێکی شێواو و دوور لە جێگەی خۆیان هیچی دیان لە پاش بەجێنەما بوو.

ئەوەشی دەبینی کە لە ڕوکەشدا بێ پەیوەند و دوور لە زەین دەبینران، جادەکان بۆ ئەوەی شاخەکان ببڕن بە دەوریاندا پێچ دەخۆن. بێگانەیەکی خۆمانە غەریبەیەک لە ناو ئەو هەموو ئاشنایەدا، مرۆڤێک لە ناو ئەو هەموو فریشتەیەدا. ئەوان باوەڕیان پێنەکرد، ئەویش لە خۆشی بینینی ئەو دیمەنانەی بینی بوونی چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوو.

هاتەوە زەوی و هەموو شتێ وەک خۆی بوو، تەنها ئەم گۆڕا بوو شتەکانی دی هیچیان نەگۆڕا بوون، هەمان بت و هەمان بەشەر، هەمان ئەبولەهەب و هەمان ئەبوجەهل هەمان مەستی و هەمان ستەم هەمان پلان، هەمان شار و هەمان ئاسمان، هەمان شەو و هەمان مانگ و هەمان ڕۆژ و هەمان خۆر، هەمان شاخی داکوترا و هەمان بیابانی فراوان، کە تا ئەبەد ڕاکشا بوو، هەمان بای نەبینراو و کە بەرگی تۆزی لەبەر خۆی دەکرد خۆی بە شاردا دەکردەوە، هەمان وشتری بەستەزمان کە لە پەچەکانەدا بە بێدەنگی دەڕوانێت و ساتێک لە کاوێژکردندا ناوەستێت، هیچ کامیان نەگۆڕا بوون.

بەڵێ... هەموو شتەکان گۆڕابوون، چونکە ئەم گۆڕا بوو، ڕوانینەکانی ئەم گۆڕا بوون، چاوە عەرەبیەکانی هەمان چاو بوون، بەڵام ڕوانینەکانی ئەم جیاواز بوون، بەم ڕوانینە پێغەمبەرانەی ئەو ژیان تامێکی دیکەی هەبوو ئەو دەیویست ئەو تامە بەوان بگەیەنێت، ئەو دەیویست ئەوانیش ئەو تامە بکەن، ئەوانیش وەک

ئەم بفڕن. ئەو مەککەی بەجێ هێشت لە کاتێکدا ئەو پێویستی بەوە بوو بەقیەی عـومری لەو شـارەدا لە پەنـا بیرەوەریەکـان و گـۆڕەکەی بـاپیری و دایکـی و خەدیجە، لەناو ماڵەکەی خەدیجە و لەتەک منداڵەکانی بەسەر بەرێت.

دەنگی قامچی و نالەی وشتر دەنگی لە گەروودا خنکاوی کۆیلەکان کە تەنها بە چاوەکانیان دەریان دەبڕی، خەندەی پێی پاوانەی ژنانی تۆزاوی کە لەتەک دەنگی پێکەنینی بە ناز و عیشوەیان دەبووەوە بەیەک، چوون نێو بازاڕی ئەم، ڕێک وەک ئەوە وابوو لە کپی و ئارامی بەهەشتەوە بۆ ناو فەزای ئازار و هەرا و هۆریای دۆزەخ ڕابکێشن.

باعەباعی مەڕان و سمکۆڵانی ئەسپ و زەنگی ملی بزانانی ڕەش بەو ناوەدا دەسـووڕانەوە و سـەگەکان کە لە دوورەوە خۆیـان لەنـاو خـۆڵ و لمـی بیابانـدا دەگەوزان، هەمـوو ئاژەڵەکـان لەویـان دەڕوانـی. لە یەکتـر ڕوانینـی مـرۆڤ و ئاژەڵیـان ورد لە ڕوانینـی ئـاژەڵ لە مرۆڤێک کە تـازە لە سـەرزەوییەکی دیکەوە هاتبێت. ئەو هەر لە منداڵیەوە هـاوڕێی ئاژەڵان بـوو، بەڵام دوای پێغەمبەربـوونی ڕوانین و هاتن و چوونیان مانایەکی دیکەی وەرگرت بوو.

ئەگەر تەمەنـی ئەو دەچـووە سـەرەوە لەم خـاک و زەویـیەوە لەو سـەری سەریشـەوە شـتانێک هەبـوون یـارمەتی ئەویـان دەدا کە هەسـتی پێغەمـبەرانەی خۆی بااڵتر بکات. ڕووداوەکان تا چەند کاتێکی دیاریکراو لە پاش خۆیان بەجێ دەهێڵن، بەڵام جێکەوتی ئەو ڕووداوە بۆ هەموو ژیانی ئەو و لە ڕێی ئەویشـەوە بـۆ هەمـوو مرۆڤـایەتی تـا هەتـا بـوو. ئەوان خەریکی کارانێک بـوون نە لە نەبوونیان ڕەنجیان دەبرد و نە بوونیشیان بەختەوەری ئەوانی زێتر دەکرد.

بە جۆرێـک شـتەکانی دەگێـڕایەوە وەک ئەوەی فـراوان و گەورەیـی بـوون ئاسمانی هەستی ئەوانیش ببزوێنێت بـۆ شـوێنێک کە خـودی خواوەند لەوێ بـوو. لەوانەیە ئەو پێش ڕۆشـتنی بـۆ ئاسـمان ئەو پرسـیارەی لە خـوای خـۆی کردبێت بۆچی ژیانی ئەم ئاوایە بۆ ئەو وا بەم دەکات خزم و خوێشانی لێوەردەگرێتەوە؟ دۆستانی دەداتە دەست دوژمنانی تا ئەوانی گورگ وەک مەڕ سـەریان ببرن. ئەو وەبیـری هـات ئەو ئـازارانەی کە لەسـەر براکـانی بـوون پێشـتر ئەوان بەویـان

ڕادەبوارد لەوانەیە هەندێکیان وا لێ کردبێت، بۆچی پیاوێکی پیاوانەی وەک ئەم وای بەسەردا هات!

ئەو لەو جوانیەی لەوێ دەستی کەوتبوو چەند جێکەوتی لە پاش خۆی بەجێهێڵا و چەند وێنەی لێگرتن و بە ڕۆحی بۆ هاوڕێکانی گواستەوە، ئەو وێنانەی چاوەکانی ئەو بینی بوونی، هەر وەک چەند بابەتیشی لەتەک خۆی هێنایەوە وەک چۆن بازرگانەکان دەچنە شوێنان و دیاریەکانی ئەو شوێنانە لەتەک خۆیان دەهێننەوە. ئەو هەموو قوماش و فەرشە ڕەنگاورەنگەی ناو مەککە نیشانی گەیشتنی سەفەری کاروانیانی مەککە بوون بەو شوێنانە ئەویش لەتەک خۆیدا چەندین دیاری هێنایە کە گەورەترینیان نوێژ بوو، کە دیاری لەو شێوەیە پێش ئەم کەس لەتەک خۆی نەیهێنابوویەوە.

لەوساوە دیدەی ئەوی بینی، مەرحەبای کەسی دی پێنەکرا، لەوساوە خەوی لێزڕا بە تەمای شەوێکی دیکەی وەک ئەو شەوە بوو. لەو شەوەدا چی بینی چی نەبینی ئەو شادی و غەمەکانی لە شێوەی بەهەشت و دۆزەخدا بینی، بەهەشت بەو فراوانی بەرامەی لە دووری خۆیەوە و دۆزەخیش لە شێوەی دزێو و ئازاری خۆیدا، بە خۆشی ئەهلی بەهەشت چێژی چەشت و بە ئازار و گریەی دۆزەخیانیش ئازاری چەشت و هەناوی گڕی تێبەربوو.

هەموو ئەوەی دیتبووی هەموو ئەوەی لە عوروج و ئاسمادا دیتبووی بۆ ئەوانی کافرانی باس دەکرد، بابەتەکە ئەو هەموو شتە نەبوو کە ئەو لەو شەوەدا بینی بوونی، بەڵکو ئەو وردەکاریانە بوو کە لە سەفەرەکەی دەیگێڕایەوە. بە لوتفی سەفەرەکەی هەنووکە جۆرێکی دیکە شار و دەوروبەری دەبینیەوە، ئەوان چی دەکەن و بۆ وا دەکەن، ئێمە سەفەرەکانمان تەنها بە شوێن و خەڵکی نوێ ئاشنامان ناکەن، بەڵکو داوا دەکەن بە جۆرێکی نوێ دەوربەرمان بناسینەوە یاخود ناسینەکانی پێشترمان قوواڵتر بکەینەوە.

ئەم سەفەرەی موحەمەدیش هەر دوو کارەکەی بۆ ئەنجامدا، هەمیش جارێکی دیکە خۆی و پێغەمبەرایەتیەکەی و ئازارەکانی هاوڕێکانی و دڕندەیی ئەوانی دی و ناسیەوە و هەمیش ناسینە پێشترەکانی و پێغەمبەرایەتیە پێشترەکەیی و

ئامانجەکەی کە گۆڕانی ئەوانی دیکە بوو قوولّتر بووەوە تاسەی بۆ دروست بوو و پەیوەندیەکانی دروستکردەوە و ئازارەکانیشی مانایەکی دیکەی وەرگرتەوە. لەو شارە بچووکەدا زەوییەکی حاسڵخێز دروست بوو کە بەشی هەموو مرۆڤایەتی خەلە و خەرمانیدا، ئەو لەو کەسانە بوو کە لە کەمترینەکانی ئەوانی دی زۆرترین بەهرە ببات. ئەو لەو سەفەرەیدا فێربوو، کە بە شتە نزیکەکانی زۆرتر سوود ببینێت، لە هەموو ئەوانی ڕوانی نووری چراکان بە کزی و بێدەنگی زەرد و ڕەش دەچوونەوە. زەمانێک مەککە ئەو چیرۆکی سەفەرە ئاسمانیەکەی خۆی تێدا دەگێڕایەوە، مەککە شارێکی بچووک لەناو عەرەبدا گرنگ و بۆ غەیری عەرەبیش بچووک و نەناسراو بوو.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی خۆرەتاو بوو، ئای خودایە ئەوە چۆن بۆ ئەوان باس بکات باوەڕی پێبکەن یان نا؟ ئەو ئیتر لە باوەڕ نەکردنەکانی ئەوان ڕاهاتبوو، بۆیە بێ باکانە دەستی بە گێڕانەوەی سەفەرەکەی خۆی کرد، ئەوانیش پرسیارە خەندەئامێز و گاڵتەجارپەکانی خۆیان ڕووبەڕوو کردەوە.

ئەو بۆ شوێنێک سەفەری کرد بوو کە هەرگیز ئەوان جەستەی عارەقاوی و پێ تۆزاویەکانی خۆیان بۆ نەگواستبوویەوە. ناهەقیان نەبوو کە باوەڕی پێنەکەن، ئەو گەشتی کرد بوو گەشتی جیاواز لە گەشتەکانی ئەوان، نە بۆ نان و نە ڕابواردن بوو. ئەو دیمەنانەی بینی کە پێشتر ئامادەی بینیان بوو و هیچکامیانی لە دەست دەرنەچوو، هەموو شتەکان نوێیانە خۆیان دەنواند، هیچ ئاماژەیەک بە میوانداریەکی پێشتری لەو شێوەیە دەرنەدەکەوت.

ئەو شتانەی بینی کە بە هۆی کارانێکەوە دروست بووبوون کە ئەوان هەر وا گوزەرا و بە سەریاندا تێپەڕی بوو، ئەو بە بێدەنگی دەرگاکەی لا تەرەز کرد و بەسەر هەوای کپی شەوەوە چووە ژوورەوە ئەو لە سەفەرێکی دوور، بەڵام ئاسان و بە کاتێکی کەم گەڕابوویەوە.

ئەو هەموو ئاسمانی ئەم جیهانەی تەی کرد و کەچی ئەوان بێباک و خەوتوو دەیانپڕخان. هاتبووەوە سەر جێگەی خۆی خاوەن ماڵ ئاگادار نەبوو.

*** *** ***

بـۆ ئەو، ئەمە میعراجـی چەنـدین جـارەی بـوو، کە یەکەمیـان عـوروجی نـاو ئەشـکەوت بـوو کە بە لەرز و قـرچەی دانەوە خـۆی گەیانـدە خەدیـجە، ئەویـش گرتیە باوەش و نوازشی کرد، بەڵام ئەم جارە نە خەدیـجەیەک هەبـوو تـا ترسـی بـڕەوێنێتەوە و نە ئەبوتالیبێک کە پشـتی بگرێـت، ئەو جـارە پـێش هەمـوو کەس خەدیجە باوەڕی بە ڕاستی بینینەکانی هێنا ئەم جارەش ئەگەرچی هەموو شـار لە دژی بوو، بەڵام شوێنکەوتووانی باوەڕیان بەو دەهێنا.

کاتێک بە مەبەستی بە درۆخستنەوەی موحەمـەد، هەوالّەکەیـان بە هـاوڕێکەی ئەبـــوبەکر گەیانـــد، ئەو لە فەزاییەکـــی ســـەیر و لە وەڵامێکـــی بەلای ئەوانەوە چاوەڕوان نەکراودا وتی: ئەگەر ئەو شتی وای وتبێت ئەوا مـن بـاوەڕی پێدەکەم، چونکە ئەو لەوە زیاتریشی وتووە و من باوەڕم پێکردوە.

گەڕایەوە کاتێـک لە ژێـر سـێبەری درەختەکـانی بەهەشـتدا لەتەک جوبرەئیـل پیاســەی کـرد و لە ســەرەوە بـۆ چـاڵە قـوواڵ و ئاگرینەکـانی ڕوانـی، گەڕایەوە ئەرزێک لە کاتێکدا پڕ پڕ بـوویەوە لە نیشـات، ئـاواتی ئەوە بـوو شـوێنکەوتووانی هێندە لەسـەر خاک نەمێنەوە بۆ ئەو سەرە بڕۆن.

بە دڵی گەرمەوە بە زمـانی پێغەمبـەرانە هەوالّە خۆشـەکانی ئەو لاســەرەی بـۆ دەگێڕانەوە و بە ئارامی و زمـانی پێغەمـبەرانەوە لە هەوالّە ناخۆشـەکانیش دەدوا، دواتر بە دەموچاوی وەک مانگ ڕووناکەوە سـەیری ئامـادەبووانی کرد و ترسـی ئەوەتان نەبێت ئێوە لەوانە نین، ئـاخر ئێوە باڵتـان داوەتە بەر ئەرکێکی گران لە کاری پێغەمبەرایەتیمدا هاوکاری منن و ناهێڵن بکەوم.

ئەوانیش بە چاوانی بە بەزەییـانە و پڕ لە بـاوەڕ و ترسـەوە لەویـان دەڕوانـی، ئـای چەنـدی خۆشدەویســتن و ئەویـش ئەوانـی زۆر خۆشدەویســت دەیزانـی ڕووداوێکـی گەورەی وەک میعـراجیش دەرەنجـامی کـردەوە گەلێکـی لە ڕوکشـدا بچـووکی وەک ئەم پێکەوە بـوونەی ئەم و ئەوانـی سـادەیە. کاتێـک ئەو و ئەوان پێکەوە دەبوون خـوداش بـۆ ئەوان زیـاد دەبـوو، دەیـوت: بچێـژن لە نیعمەت لەوە زیاترم پێیە بۆتان کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە.

لە دڵەوە پێدەکەنی و سوپاسی خوای دەرکرد کە ئەو خەونە خۆشەی دیت بوو نا ئەوە خەون نەبوو ڕاستەقینە بوو کە هەنووکە هێشتا لەوێ نەگەڕابوویەوە لە ڕۆحیدا لەتەک ڕووداوەکانی دەژیا لە ناو ڕۆحیدا بوون. خوا سەفەرێکی وای بە من دابوو کە لە ڕاستیدا خوێی بەسەر ژیانی ئەم و هاوڕێیانیدا کرد بوو تا بۆگەن نەکات و بێ ئومێد نەبن.

دواتر هەر کات بێزاری و تەنهایی ڕووی تێکردبا، سەرێکی لە ڕووداوەکانی سەردەمی میعراج دەدا کە هەمیشە لە ناوەوەیدا بوون و دەیگوت: لە شەوی میعراجدا بینیم ئەویش ئەو دەمەی کە ئاگادارکردنەوەیەکی گرنگی پێ بووایە یاخود بیویستایە بابەتێکی نائەخلاقی ڕاست بکاتەوە. بەم گەڕانەوەیەش ڕاست ئەو بابەتە زشتە نەبینراوە دەبوویە وێنەی یەکێک لە ڕووداوەکانی دۆزەخ کە لەو شەوەوە بۆ ئەبەد بەسەر ئەودا ڕژا. ئەی بۆ باسی ئەو هەموو پێغەمبەرە ناکەی کە ئەو شەوە لەتەکیاندا ژیا و ماچی کردن و...هتد، هەنووکە هەرکامیان بە دەمارەکانیدا دێن و دەچن، ئاخر ئەم ئاخیریانەوە و هەموو ئەوان لەمدا بوونیان هەیە. ئەو بۆ یارانی گێڕایەوە کە شەوڕەویم پێکرا بۆ ئاسمان سەرکەوتم.

هەندێ ڕووداو لە ژیانی مرۆڤەکاندا دەوری چارەنووسساز دەگێڕن هەتا ماون ناتوانن لە ژێر کاریگەریان دەرچن، بەڵکو دوای خۆشیان کاریگەری بەردەوامیان بۆ ئەمی پێغەمبەر دەبێت. میعراج و پێش ئەوەش ئەشکەوتی حەرا و بە پێغەمبەر بوونی لە خۆی و پاش خۆشی تا قیامەت بەردەوام بوون، ئیدی ئەو هەنووکەش بەردەوام دەچێتەوە میعراج و بە خوای خۆی شاد دەبێتەوە مولاقاتی دۆزەخیان دەکات و بە بە هەشتدا گوزەر دەکات، سێوێ لە باخەکانی لێدەکاتەوە و بۆن خۆشی ئەو سێوە لەتەک خۆیدا بۆ دەرونی دەهێنێتەوە و بەردەوامیش دەبێتەوە بە پێغەمبەر.

جارێکی تر بە ناوی خوداوە کۆڵانەکانی مەککە پڕکران لە درۆنان لە دژایەتی کردنی پێغەمبەرەکەی جارێکی تر بە ناوی خواوە ویستیان ئەوی پێغەمبەر بە درۆبخەنەوە، لە هەموو جێیەک بڵاویان کردەوە وا لەوێ موحەمەد بانگەشە

دەکات دەڵێت چووە بۆ سەروو ئاسمانەکان، جارێکی‌تر بە ناوی ڕاستیەوە ئەم سەفەرەیان بە درۆخستەوە جارێکی تر بە ناوی عەقڵەوە، ئەم باڵگرتنەوەیان بە ئەفسانە و درۆ دانا. وای لە گەورە درۆزنەکانی قورەیش هەنووکە بەرگریان لە خوا و ڕاستی و عەقڵ دەکرد بۆیە پەنایان بۆ هاوڕێکەی برد دەزانی هاوڕێکەت چی دەڵێت بانگەشەیی چوون بۆ سەرووی ئاسمانەکان دەکات.

هەر کە وایان دەگوت ئەو ناوەوەی پڕ لە ئاگری تووڕەبوون بوو، پاشان کە چێژەکانی دوینێ کە هێشتا بەجێی نەهێڵا بوو دەکەوتەوە بەر چاوی، ئیدی ئەو ئاگرە بە ئاوی خۆشەویستی کوژایەوە. ئەو نەخۆش نەبوو کە داستانێکی درۆزنانە لەباتی داستانە ڕاستەقینەکە دابنێت. سرووشی بۆ دەهات و بە تەواوەتی بێدەنگ دەبوو و پاشان دەستی دەدایە ئامرازەکانی و یەکێک لە یارانی بانگ دەکرد کە بۆی بنووسێت و ئەزموونە پیرۆزەکەی بۆ تۆمار بکات تا موجیزەی وشە لە پاش خۆی بۆ شوێنکەوتوانی بەجێ بمێنێت.

هەرواش بوو ڕووداوی ئەو شەوەی هەروەک چۆن بۆ ئەوانی گێڕایەوە هەروا بۆ ئێمەش پاش هەزار و چوار سەد و چل و پێنج ساڵ موحەمەد بووەتەوە پێغەمبەر و بۆمان دەگێڕێتەوە، بەڵام ئێمە وەک کافرانی مەککە ناکەین کە باوەڕی پێنەکەین، بەڵکو هەروەک ئەبوبەکر تەنانەت ئەگەر ئەوەشمان لە زاری خۆی نەبیستبێت کە دڵنیابین ئەو شتی وای وتووە ئەوا باوەڕی پێدەکەین.

سی و حەوتەم: لەسەر سەرینی نوێی هاوسەرگیری

(ژنان هەموویان چاکن، هەموویان جوانن، هەموویان ئەنیسی گیانی پیاوانن، پیاوان بێ بوونی ئەو مەخلووقە ناسکانە، لەم دونیا زبر و بیابانە قاقڕەدا بار نابەن)

خەدیجە مردوو و بەرەبەرە ئازارەکانی مەرگی مانداری لە ناو بنەماڵەکەیدا کاڵ بوونەوە، بەڵام بریندی مەرگی بە سوێی ئەو لە دڵی موحەمەدا تا ئەبەد ما، چرای شادی و کەیفی ماڵی کوژایەوە و ماڵی بەخشندەیی و ئاوەدانی بێ ڕەونەق ما و چەند ساڵ بێ هاوسەر و هاوسەرین شەوان تاوێک سەری دەنایەوە و تاوێک هەڵدەستایەوە و دەردی دڵی خۆی لەتەک هاوڕێی نەبینراو و هەمیشەی خۆی بە هەوا دەدا و تا ڕۆژێک هاوەڵانی پێشنیازی ئاوەدانی ماڵیان بۆ کرد.

ئەویش ئەگەرچی لە چالاکیەکی گەنجانەی بێ وێنەدا دەژیا، بەڵام هەستی بە پیری خۆی و لەتەکیشیدا پیربوونی شتەکانی دەوروبەری دەکات، ئیدی دەستی لە هەر شتێک وەردەدا ئاماژە بە تەنیایی دەکات، هەموو مرۆڤێک وا هەست دەکات و هەموو پێغەمبەرێکیش مرۆڤە.

موحەمەدیش پێغەمبەر بوو بۆیە ئەویش وەک هەموو مرۆڤێک ئەوێی ئاوەدان، بەڵام ئێرە و زەوی و خاک و جەستەی چۆڵ و تەنها بووو ئەو قەت خەدیجەی لەبیر نەکرد، بەڵام ماڵەکەی کاروبار و منداڵی گەورە بوون، بە ماڵی گەورە کچانی شووکردوو و ڕۆحی پێی خۆش نەبوو، بەڵام جەستەی ئەوەی بە بیانوو گرت و لە ساتێک لە ساتەکانی هەستی تەنهایی خۆیدا داوای هاودەمێکی لێکرد و ئیدی خوا وەفریای کەوت.

ژنە لە خانەدانەکانی قورەیش بوو ژیر و سەلار، بەڵام شوێنکەوتووی موحەمەد بوو. لەبەر دینەکەی ئەویش لەتەک میردەکەیدا (سوکرانی کوڕی عەمر) هەنگاوی نابوو و لەوێ لە ولاتی غەریبی لەتەک ئەودا ژیا بوو، هەر لەوێش میردەکەی لە دستدا بوو، ئیدی ئەو لەتەک یارە کۆچەرەکانی دیکەی

مـوحەمەد و جـوودا لەوان دوو جـار غەریبـی تەنهـایی چەشـت بـوو. غەریبـی دووری نیشـتمان و غەریبـی لە دەسـتدانی مێـرد، بەڵام ئەو بەرگەی گـرت بـوو هەرچەنـد زۆربـوون لەوانەی داوای هاوسـەرگیریان لێکـرد بـوو، بەڵام ئەو کـاتی گەڕانەوەی بە تەنهایی بێ مێرد ڕێگەی نیشتمانی گرتبوو.

ژنان هەموویان چاکن، هەموویـان جـوانن، هەموویـان ئەنیسـی گیـانی پیـاوانن، پیـاوان بـێ بـوونی ئەو مەخلـووقە ناسـکانە، لەم دونیـا زبـر و بیابـانە قـاقڕەدا بـار نابەن. سـەودەی حەکیم و عاقڵ جارێکی دیکە مـاڵی مـوحەمەدی ئـاوەدان کـردەوە ئەم لە سـاڵی دەیەمی پێغەمبەراتیەکەیدا بـوو بەشـێکی ئەرکـی پێغەمبەرایەتیەکەی کەوتە سەر شانی ئەو، ڕۆح و جەستەی موحەمەدی حەواندەوە (سـەودەی کچـی زومـعە) هەر ئەو ژنە بـوو کە لە هەمـوو سـەفەرە گرانەکانـدا هەنگـاوی دەنـا و لەتەک مێردەکەیدا دوور دەکەوتەوە و لە هەمـوو کـارە گرانەکانـدا ئەگەر وەڵامـی لە ئاسمان دەست نەکەوتبا پرسووڕای پێدەکرا.

ئەو هەرگیز ژنی بە سـوک سـەیر نەدەکرد، بۆ یەکەم جار ژنێک ئەوی قەبـوڵ کـرد، لە کاتێکـدا هەمـوو جیهـان ئەویـان ڕەت کـردەوە. ئەو پێشـتر هەمـوو خراپیەکـانی مرۆڤـی بینـی، بەڵام ئەو مەخلـووقە دوو پێـیە هەمـوو گیـانی خـراپە نەبـوو، ئەو هەندێ لە چاکەکانی دیتبـوو و هەنـووکەش هەندێکی دیکەیـانی تـاقی دەکردەوە. بەڵێ ئـاوا بـوو ئەو ژنەی دوای مەرگی لە بیر نەچـووی خەدیجە کە هەمیشە دەهـاتەوە سـەرە وەختـی و نـاوی ئەو بەسـەر زاریـدا دەهـات هـاتە مـاڵی موحەمەد و بووە پشت و پەنای.

سی و هەشتەم: لە دەرەوەی شار

(ئەم بە دووی کڕیارەوە بوو، ئەوان کڕیاری کاڵاکان و ئەمیش کڕیاری خودی مرۆڤەکان بوو، ئەوان لە بەرامبەر هەبووەکاندا دینار و درهەمیان دەدا و ئەم لە بەرامبەر کڕینەکان ڕزگاری!).

لەم مەوسیمی حەجدا بازاڕی دونیای قورەیشیان گەرم بوو، بە ڕەسمی دەیان ساڵەیان خەریکی زیادکردنی هەبووەکانی خۆیان لەسەر حسێبی بوونی هەموو عەرەب بوون، بە گوتەی خۆیان هەموو عەرەب بە درێژایی ساڵ کۆیان دەکردەوە و لە کۆتاییدا لە هەموو ڕێگەکانەوە بە باری ئاژەڵ و وشتری لەڕ و قەڵەو لەم سەر و ئەو سەری بیابانە و لەتەک کۆمەڵێ نیاز و گوناهەوە دەیانهێنا و دەهاتن گوناە و نیازەکانیان لەسەر کێوی عەرەفات و بتە گەورەکان هەڵدەڕشتن و پارەکانیشیان دەخستە بەردەم دەوڵەمەندەکانی قورەیش.

ئەوانیش زۆر بێ بەزەییانە دەیانماشینەوە ئیدی هەموو هەبوو و نەبووی بیابان و عەرەب دواجار لە خزمەتی قورەیشدا دەبوون و هەموو بیابانیان زەلیلانە بەوانیان دەدا و بە شانازیشەوە سەروەری ئەوانیان قەبووڵ بوو.

موحەمەد لە کونجێکی بەردەم ماڵی خوادا لێی دانیشت بوو لە هەموانی دەڕوانی، جلی بازرگانانە و سەروەرانەی قورەیشی لەبەر بوو و ئەویش وەک ئەوان بازرگان بوو. بازرگانیەکەی وی وەک ئەوەی ئەوان نەبوو، ئەمیش بە دووی کڕیارەوە بوو. ئەوان کڕیاری کاڵاکان و ئەم کڕیاری خودی مرۆڤەکان بوو، ئەوان لە بەرامبەر هەبووەکان دینار و درهەمیان دەدا و ئەمیش لە بەرامبەر کڕینەکان ڕزگاری.

ئەم بازرگانە لە لایەک و هەموو بازرگانانی دیکەی قورەیش لە لایەک لە کێبڕکێدا بوون. ئەم دەیویست ئەوان لە فرۆشتنی کاڵاکانیاندا بێ غەل و ڕاست سەودا بکەن و ئەوانیش دڵڕەقانە دەیانویست ئەم بێ کڕیار بکەن. لە ڕوکەشدا ئەوان لەم کێبڕکێیەدا سەرکەوتوو بووبوون. ئیدی لەو هەرزان هەزار حاجیەی بە بەردەمیدا تێدەپەڕین کەس نەیدەویست یاخود نەیدەتوانی لا بەلای محەمەد دا بکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا بازاڕی دەست بڕینی ئەوان گەرم بوو. بۆیە ئەم لەم

حەشاماتەی دەڕوانی و لە کاری خوا سەری سوڕ دەما لە ڕوکەشدا بێدەنگ و بە زمانە بچکۆلەی بە خودای خۆی دەگوت.

خوایە! تێگەیشتن و ئەزموونی ژیانی هاوبەشی ئەم مەخلووقە دوو پێیە چەند لە سەروو توانای مرۆڤەوەیە، چەند گرانە ناسینی ئەو لە هەناوی خۆیدا چەند سروشتی جیاوازی هەڵگرتووە، ئانێ سکونەتی نییە و هەزار جۆر هاتوچۆ و هاتن و ڕۆشتنی هەیە بەسەر ڕێگە جۆراوجۆرەکانی پشتی زەویدا بە دەریا و بیابان و شیو و بەرزاییدا لەتەک هاتن و چوونی بەردەوامی شەو و ڕۆژدا دێت و دەڕوات سەفەری جیاواز و ڕێگەی جیاواز، بەڵام لە سەفەری ناوەکی خۆیدا تەنها دوو جوواڵەی هەیە، سەرکەوتن و عوروج یاخود داگەڕان و شۆڕبوونەوە.

عوروج و سەرکەوتن بۆ شوێنێک کە هیچ مەخلووقێکی دیکە پێی نەگەیشتبێت و نزیکبوونەوەیەک هیچ فریشتەیەک ناگاتە ئەوێ، باڵەکانی نەسوتێن و نوورێک چاوی بەهێزی هیچ مەوجوودێک بەرگەی بۆ ڕوانینی ناگرێت، مرۆڤ نەبێت. داگەڕانێکی واش کە هێندە دەچێتە ناو زوڵمەت و وەحشەتی واوە هیچ نەفرەت لێکراوێک بەوێ نەگات.

ئەم مەخلووقە کە دەتوانێت بە شوێنی وا بگات ئەم خۆخەڵەتاندن و گەمەیە چیە لێرە بۆ خۆیان سازداوە، ئەی ئەم لەناویاندا چی دەکات؟ پەنا بەخوا، نا... نا... ئەو نەیدەتوانی ئەوان بەجێ بهێڵێت ئەو لە حەد بەدەر بەو برایەتیە مرۆییەی ئەوانەوە بەستراوبوو، هەر چەند ئەوان ئازاریان دەدا، بەڵام ئەم ئەوانی خۆشدەویست. ئەو هەموو میهرەبوونەشی لەبەر ئەو خۆشەویستیەی بەرەی مرۆڤ بوو، بەڵام ئەی بۆ ئەوان بەدەمیەوە نەدەهاتن و بەردەوام دژایەتییان دەکرد؟ جەستەشی کۆکردەوە قاچەکانی هەڵبڕی و سەری خستە نێوان هەر دوو ئەژنۆکەی و خۆی وەک چەپکەیەک لێکرد و بە هەردوو دەستی لە پشتی قاچەکانیەوە چەپکەکەی بە تەواوەتی بەستەوە، چاوەکانی ڕوو بە خەڵکەکە بەکراوەیی داخست و لەناوەوە چاوی بیری کاراکرد.

تۆ بڵێی شکستی هێنا بێت! ئەمە کێ بوو ئەمەی بە گوێدا دەچرپان؟ شەیتان بوو خرپەی دەخستە ناو هیواکانیەوە. ئەم بێ ئومێدیەوە ناوسەری خۆی ڕاوەشاند نانا هەموو ئاوات و هیوای من سەرکەوتنی ئایینی خوا بوو. من دڵنیام دڵنیا خوا ئەم هەورە ڕەشە لا دەدات و خۆری ڕاستەقینە بە پرچی نوورینی خۆیەوە دەردەکەوێت نابێت هەر وا کۆمەڵێک مەست و سەرخۆش بڕیار لە

شارەکەیان، بەڵکو لە هەموو جیهان بدەن بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەتەک دواین تاقانەی پێغەمبەران بەردەوام بن.

هەنووکە ئەوان وای بۆ دەچوون کە لەمیان بردبوویەوە و بازاڕیان ڕوو بە کەسات کردبوو، هەموو ڕێگەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردبوو هەموو دونیایان تێگەیاند بوو، هەزار تۆمەتی وەک شێت و ساحیر و جادووگەریان بۆ هەڵبەستبوو، (ئەو تۆمەتانەی بۆ کەسێکی وەک ئەم مەرگی باشتر بوو کاری وەک ئەوانەی ئەنجام دابا) ئەو وەسفە خراپانەیاکیان بۆ بەکار دەبرا.

لەم سەر و لەو سەری شارەوە خەڵکیان بۆ دانا بوو سیمای فێڵبازان و نوورینی ئەمیان بە خەڵکی ناساند بوو ئەم بوو بوویە ناسراوترین کەسی ناو عەرەب، بێ ئەوەی بیناسن و لەگەڵیدا بژین. بۆیە خەڵکی گێژ و وێژ لە دووڕەوە و لە ژێر لێوەوە خەشم و نەفرەتیان بۆ دەنارد و لێی نزیک نەدەکەوتنەوە، مرۆڤە ژیر و عاقڵەکانیش بە دەست پەڕۆیان دەئاخنیە گوێکانیان تا گوێیان لە گوتەکانی نەبێت و ئەفسوونیان لێبکات.

بێ باوەڕی کەی بیەوێت وەک بای بیابان و وەک هێرش و شەڕ و ئاژاوە وەک کاروانی دەولەمەندی و زێڕ و زیو وەک سروتی ئایینی و حەج و نەزر و نوێژ، حەجی بێ بەرگ و خاڵی لە مانا و نوێژێک کە تەنها فووی هەناسەیان و چەپڵەی بەریەکەوتنی دەست و قرچەقرچی چەمانەوەی جومگە و بەیەکدا کێشانی ئێسکەکانیانە، ئای خودایە، ئەم شارەی تۆ چەند خاڵیە لە تۆ و لە ناوی تۆ! ئەوان لە ناوەوە تاریک داهاتوون، ئەو تاریک داهاتنەی ناویان دەرەوەشیانی تاریک کردووە، ئەو لەو خەڵکەی دەنۆڕی کە دەسووڕانەوە، هۆن هۆن فرمێسکی بە چاوەکاندا بۆ دەهۆنینەوە، ئەمانە بۆ وا بە خۆیان دەکەن. مامە و خەدیجەش بۆ خۆیان دەرگاکەیان کردەوە و لێیاندا و ڕۆیین، تەنها منیان بەتەنهایی بەجێ هێڵا.

لەگەڵ بیستنی نەغمەی ئەودا دایک و باوکت بیر دەچێتەوە نەغمە ئەو زۆر شیرین و بێوێنەیە. باڵی ڕووتی خۆیان بە ڕووناکی سپارد بوو، لە کەنارەکانی شەپۆلی دەریای سپی حاجیان دەڕوانی کەبەرەو کەناری ئەم دەهاتن و هەر کە دەگەیشتنە لای و لێی نزیک دەکەوتنەوە خێرا وەک لە نەخۆشی توشبوو بە تاعوون دوور دەکەوتنەوە، بەڵێ ئەو هەنگوینی پێ بوو شیرین وەک شەکر، بەڵکو لە شەکریش شیرینر، ئەو شیرینیەی لە دەمی ئەواندا تاڵ بوو، بە دەوری

کەعبەدا بۆ خوا دەگەڕان لە ڕاستیشدا بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە. ئەو فێری سووڕانەوەی بە دەوری خوای دەکردن و کەلامی خودای بۆ دەخوێندنەوە.

هەڵدەسایەوە لێیان نزیک دەکەوتەوە و بانگی دەکردن، ڕزگاری ئەوانی دەویست، دەیویست لەو دەریای فیتنە نەجاتیان بدا، نەجاتی خۆی لە قوتاربوونی ئەواندا دەبینیەوە. عەیامێک بوو هەر ڕۆژ و هەر شەوێک بە فەرمانی خوا بۆ لای بەندەکانی دەهات و بە گوتەی خۆی هەرکات ئەوی ویستبا ئەو لەکن بەندە یاخیەکانی بوو، ئاخر ئەو خودای ئەوانیش بوو. ئیدی بۆ دیداری خودا تەنها نەدەچووە ئەشکەوت، بەڵکو هەنووکە جەستە بوو بووە ئەشکەوت و پەرستگە و جێی کۆبوونەوەی خۆی و فریشتەکان.

لێرە لەو کافرستانەدا فریشتە ئەوی دەگوشی و هەر وەک چۆن ئاسمان بە شەواندا دێتەخوارێ و ئەستێرەکانی لە بیابانەدا دەڕوێنێت و هەر وەک چۆن عاشقی زەوی دەبێت، دەبێتە فرمێسک و دەتوێتەوە و تۆوی زەوی بەو بارانە ئاو دەخۆنەوەوە و دەتەقن، ئاواش حیکمەتی نوێ و ئیمانی نوێ لەناو ئەودا دەڕوێن و گوتەی نوێ سەوز دەبن، ئەو هەموو وتانەی کە لە کتێبەکەیدا خوا پێی دەبێژێت کە قول و بڵێ، ئەوە مانای وایە زۆر دار و درەختی وتن لەناو تۆدا نێژراوە و هێشتا زۆر شت ماوە کە بیڵێی، ئەم بەردەوام وتەکانی دەگوت و کە مایەی ڕزگاری ئەوان بوو و ئەم دەیوت و ئەوان نەیان دەبیست.

دەیگوت و دەیوتەوە و ماندوو نەدەبوو هەر بۆ ئەوانەی دەوروبەری نەدەگوت، بەڵکو بۆ ئەو هەزاران و ملیۆنانەی دواتر دەهاتن و ئەو کات لە دایک نەبووبوون، ئەوانیش پڕ دەبوون لە وتن و ئەمان نەیاندەویست بیبیستن، دەیدی لەباتی ئەمی وەک خۆیان گۆشت و ئیسقاندار بۆ لای بتانی بەردین و مردوو دەڕۆشتن. ئیدی بیری شکاندنی ئیبراهیمیانەی لە زەینی هاوڕێیانیدا سەوز دەبوو، ئەوێ ڕۆژێ یەکێک لە یارانی پێی وت: ئەدی بۆچی بتان نەشکینین! ئەم لە دڵی خۆیدا دەیوت: نا ئەگەر ئێمە بت بشکێنین، بتپەرستیمان لەناو نەبردووە بتی ڕاستەقینە لەناو هەناوی ئەواندایە دەبێت ئەوە بشکێنین.

ئەوان نازانن هێندە بەدبەخت و داماون و ئەو مێشکی ئەوان فراوان دەکات، ناهێڵێت تەنها لەو پەنجەرەیەوە بڕوانن کە لای ئەمانەوە دیارە، بەڵکو دەستیان دەگرێت و دەیانبات تا ئەودیویشیان پیشان بدات، پێیان دەڵێت: وەرن کەسەکانم

وەرن برایان خوشکان، وەرن ئەگەر ئەم دیویش ببینن ئەوا وانالێن و بۆ ئەوەی وێنەی تەواوی خانووەکە بێتە بەرچاوتان دەبێت ئەو دیویش ببینن. هەموو بابەتەکە لەو سەیرکردنەوەی ئەو دیوەوەیە، ئەوسا هەموو گرفتەکان لەوەوە دەست پێدەکات.

گرفتی شڵەقانی جیهانی وەهمین و نەریتی درۆزنانەی ئێوە، ئەوسا ئێوە دەمرن و دەبێت بمرن جیهانی بینینی ئێوە دەمرێت، بەڵام مەرگێک زیندوویەتی بە شوێنەوەیە ژیانی نوێ دەست پێدەکات، ئەمە تەنها بوێری دەوێت، بوێری دەستبەرداری ژیانی هەڵە و ئازایەتی دەستپێکردنی ژینی نوێی ئیمانهێنان واتە بوێری ڕیسک و خۆگۆڕین و ئەزموونی بازرگانی نوێ و کڕین و فرۆشتنی دیکە لە جۆرێکی دی. ئێوە بازرگانن ئەوەی من دەیڵێم هەر بازرگانیە، بەڵام بازرگانیەکی ئازایانە. ئەوان لەم بازرگانیە نوێیە تێنەدەگەیشتن، یاخود نەیان دەوێرا تێبگەن. ئاخر ئەوان لە کاری خۆیاندا زۆر زیرەک و لەم بازرگانیە نوێیەدا تەمەڵ و نەزان بوون.

یەکێک لەوان (تۆفەیلی کۆری عەمری دوسی) پیاوماقوولّ و شاعیر و سەرۆکی خێڵەکەی بوو. کە بە بەردەم سەروەردا تێپەڕی هەر زوو ئەوی ناسیەوە، بەڵام میهرەبانیەکیان بەرامبەر نەنواند، ئەو بۆ ڕەحمەت بانگی دەکرد، بەڵام ئەو لەوانە بوو نەفرەتیان بۆ دەنارد و لێی دەترسان، ئاخر ئەوان بە ساحیر و کاهین ناویان برد بوو، کە لە خشتەیان دەبات و لۆکەی لە گوێکانی ئاخنی بوو تا گوێی لە دەنگی نەبێت، سەروەر بە تکاوە بانگی دەکرد، بەڵام ئەو نەیدەبیست.

لەپڕ لایەکی بە لایدا کردەوە و میهرەبانی ئەوی بینی، زەردەیەکی قووڵی بۆ کرد و تەنها بەو زەردەیەش ڕۆحی ئەمی برد و لە دڵی خۆیدا دەیوت: حەیفت نەکرد لای خۆی ژیری قەومەکەی خۆمم، خەڵک بە شاعیر و حەکیمم دەزانن. ئەم بەزمە چیە بۆ خۆمم سازداوە پەڕۆم لە گوێکانم ئاخنیوە، گوایە گوێم لە وتەی مرۆڤێک نەبێت باشە من لە چی دەترسم؟ ڕاستە گوتە کاریگەری خۆی هەیە و لەسەر مرۆڤی ژیر و دانا لە هەوەس جێکەوت زۆرتری هەیە و ڕۆحی ئەمدیو و ئەودیو دەکات بەڵام هەموو گوتەیەک نا ئەم لە هەموو کەس گوتە ناسکترە گوێی لێدەگرم.

ئەمی عاقڵ هەر کە خۆی بۆ کردەوە، ئیدی ئەو لەگەڵ خۆی بردی و مراندی و زیندووی کردەوە. مرۆڤی دیکەی لێ پەیدا بوو، ڕۆشت و چاوەکانی بە خۆشیەکانی بەهەشت کرانەوە و بە ترسی دۆزەخیش لێوە لەرەی لێهات. ئەو نەیدەبیست، بەڵکو دەیبینی ئەو نەیدەبینی، بەڵکو سەفەری دەکرد بەناو باخی وشەدا، ئەو سەفەری نەدەکرد بەڵکو دەیخوارد و دەیچەشت، ڕۆشت و ڕۆشت و دواتر هاتەوە.

ئەوان چ درۆیەکی گەورەیان لەتەکدا کردبوو، ئەویان بە ساحر جادوگەر پێ ناساند، ئەوەی ئەو دەیگوت قسەی سیحر و شێتەکان نەبوو تەنانەت قسەی شاعیرانێکی وەک ئەمیش نەبوو ئەوە گوتەی زەوی نەبوو، بەڵکو گوتەی ئاسمان بوو لێوەکانی هاتنە لەرزین لەبەردەمیدا چەمیەوە ویستی دەستەکانی ماچ بکات لە دڵی خۆیدا دەیوت ئەمە ئەو شتەیە ئەوان لەسەری دژایەتی دەکەن چاوی شاد بوو بوو، بریسکەی نووری دەبینی بە بەرچاویدا تێدەپەڕین و پێغەمبەریش بە سەریدا نەویەوە و گرتیە باوەش.

ئەو بە گەوهەری خۆی گەیشت بوو، باوەڕی وا بووو خێڵەکەی ئەو وەک خێڵەکەی پێغەمبەر نین کە ئەم گەوهەرانەیان نەوێت، داوای لە پێغەمبەر کرد کە ڕێگەی بدات ئەو سەرمایە گرنگە بۆ خزمەکانی ببات، ئای لە عاقڵەکانی قورەیش چۆن ئاوا شتێک لە دەست خۆیان دەدەن؟ بە سەروەرەکەی وت: من لەناو خێڵەکەمدا قسە بیستراوم دەگەڕێمەوە بۆ لایان و بۆ لای ئایینەکەت بانگیان دەکەم. دوعام بۆ بکە بەڵگەیەکم هەبێت. نزای پێغەمبەر گیرا بوو و نزای بۆ کرد خوا نوورێکی لەناوچاویدا وەک بەڵگە خولقاند، پیاوەکە لەبری پێخۆش بوون لەو نیشانەیە ترسا نەوەک خەڵکەکە بڵێن خوا پێی نواندوە، ئیدی وەک موسا نیشانەکە چووە قامچیەکەی.

باوک و هاوسەرەکەی بانگ کرد و باوەڕیان هێنا و خێڵەکەی زۆر درەنگ ملیاندا، بەڵام ئەو لێیان نەگەڕا، وەک پێغەمبەرێک کە نیشانەی قامچی وەک پەرجوو پیشان دەدا و حەقیقەتی ڕوون دەکردەوە و ئەو پێغەمبەر نەبوو، بەڵکو نوێنەری دواپین پێغەمبەر و ڕزگارکەری مرۆڤ بوو، تا دواترینیان موحیبەتی بۆ نواندن و یارمەتی خۆ ڕزگارکردنی دان، لە شەڕی خەندەقدا خۆی و حەفتا بنەماڵە لە خزمەکانی بۆ بەرگری هاتنە ناوشاری مەدینە و لە شەڕی یەمامەدا شەهید بوو.

ئەوی تریان (سویدی کوڕی سامت) شاعیرێکی دانای شاری سەوزی (یەسریب) بوو کە بە هۆی حیکمەت و پێگەی، ناویان نابوو کاملّەکە. پێغەمبەر بانگی ئەوی کرد و وتی: لەوانەیە ئەوەی لای تۆ لەوە بێت کە لای منە: پێغەمبەر پێی فەرموو تۆ چێت پێیە؟ گەنجەکە بە شەرمەوە کە بەشێک بوو لە حیکمەتەکەی وەلّامی دایەوە: حیکمەتی لوقمان.

رزگارکەر هەموو گیانی بووە گوێ و دلّی بۆ کردەوە و فەرمووی بۆم باس بکە: ئەویش بۆی باس کرد و وەستا تا بزانێت ئەم چی دەلّێت؟ موحەمەد وتی: ئەمە جوانە، بەلّام ئەوەی لای من جوانترە حیکمەتێکی قوولّتری پیشاندا و سەیری گەنجی حەکیمی کرد و قورئانی بۆ خوێندەوە و زەردەخنەی خستەسەر لێوەکانی و چەناگەی لەرزی و چاوەکانی داخران و لە نووری دەرەکی بڕان، دیار بوو بە نووری ناوەکی گەشانەوە و ئیمانی بە پەیامی موحەمەد هێنا و گەڕایەوە شارەکەیی و زۆری نەبرد لە شەڕی (بوعاس) کوژرا و حیکمەتی لوقمان و حیکمەتی موحەمەدیشی لەتەک خۆیدا بردە ژێر گڵ.

ئەوی تریان زۆر لە دوورە هاتبوو، لەوانە بوو کە تەنها حەقیقەتی بەلاوە گرنگ بوو، هەموو تەمەنی بە شوێنیدا گەڕا بوو، زۆربەی مرۆڤە چاکەکان حەقیقەتیان بەلاوە گرنگە و ئەو یەکێکە لەو سێ بابەتەی دەسبەرداری نابن کە ئەوانیش حەقیقەت و جوانی و چاکەن، حەقیقەتویستەکان دوو جۆرن جۆرێکیان دادەنیشن و تەمەلّانە چاوەڕوان دەبن تا حەق ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. جۆرێکیشیان چالاکانە تا ئەو سەری دونیا بە شوێنیدا دەڕۆن. ئەبوزەر لەمەی دووەمیان بوو بەس بوو بۆی تا حەقێک لەوپەڕی دونیا ببیستێت و ئیدی بەرەو ڕووی دەڕۆشت تا پێی دەگەشت. لەو دوورەوە لەناو قومی زبر و ڕێگری خۆی کە کەس نەیدەوێرا خۆی لە قەرەیان بدات شەوان خەوی لێنەدەکەوت و نەیدەتوانی هەواڵی هاتنی ڕزگارکەر لەبیر بکات.

براکەی لە حەجدا هەواڵی موحەمەدی بۆ بردەوە و زانی کە ئەو حەقەیە ئەو بە شوێنیدا وێلّە، بەلّام دانەمرکا هەتا بە چاوی خۆی دەیبینێت، بەلّام ئەو دلّی ئاوی نەخواردەوە و توێشەبەرەی خۆراکی پێچایەوە و بەسەری داریەوە کرد و بە هەموو بیابانی پڕ لە ترسناکیدا بە پێ و بە تەنها بۆ شاری مەککە هات.

خۆی وەک دەشتەکیەکی نەزان و زبر خستەڕوو و هەر بە ڕەسمی دەشتەکیەکانیش چووە سەر ئاوی زەمزەم دەمی خستە ئاوەکە و خواردیەوە و

چووە ناو مزگەوتەوە کەس هەستی بە بوونی ئەو نەکرد، چونکە خەڵکی وەک ئەو زۆر دەهاتنە مەککەوە، بەڵام ئەو لە هەموو شتێک ورد دەبووەوە و لە شتێکی تایبەتیش دەگەڕا کە تەنها بە چاوەکانی بۆی دەگەڕا و بە زمانی هیچی دەربارە نەدەوت. عەلی بەلایدا تێپەڕی و چاوە گەورەکانی بڕیە چاوی، ئەم پڵنگەی بیابان وتی: پێدەچێت تۆ پیاوێکی غەریبە بی. ئەمیش وەک ئەوەی چاوەڕوانی پرسیارێکی وا بێت وەڵامی دایەوە: بەڵی.

بێدەنگ بۆ ماڵیان شوێنی کەوت و ئەم هیچی نەوت و ئەویش هیچی نەپرسی. بەیانی بە بێدەنگی دەرگای کردەوە هێشتا دونیا تاریک بوو و ئەرز و ئاسمان بەخەبەر نەهاتبوو و لەتەک دەرکەوتنی ئەودا لە کولانەی مریشکانەوە کەڵەشێرێک بانگی خۆری دەکرد، چۆن زانیبووی کە ئەم پەلەیەتی ئیدی بۆ ڕۆژی دواتر درەنگ کەوتووە و چووە بەردەم مزگەوت و هەواڵی موحەمەدی نەپرسی هیچ کەس هەواڵی نەدایێ، چونکە شاری دەوڵەمەند و تەمەڵ لە ماڵ درنەچوو بوو.

دواتر عەلی بەلایدا تێپەڕی و پێی وت: هێشتا کابرات نەدۆزیوەتەوە؟

ئەم خۆی بێ ئاگاکرد و وتی: نا

عەلی دەستی گرت و پێی وت: کابرا تۆ چیت دەوێ بۆچی هاتووی بۆ ئەم شارە؟

-ئەگەر بە کەس نەڵێی ئەوا پێت دەڵێم.

- بیستومە پیاوێک لێرە هەیە دەڵێت پێغەمبەرم و براکەم هەواڵی بۆ هێنام.

دەستی بۆ سەری دڵی برد و وتی: دڵم دانەسەکنا و خۆم پێ نەگیرا و حەزم کرد خۆم ببینیم (ئەمەی زۆر بە تاسەوە وت و چاوەکانی لە شوێنی هەڵهاتنی خۆر لە شاخەکە بری).

عەلی پێی وت: ڕێگەی خۆتت دۆزیوەتەوە و منیش هەمان ڕێگەم هەیە، شوێن من بکەوە منیش بۆ لای ئەو دەچم، ئەگەر شتێکی ترسناکمان هاتە ڕێگا ئەوا من دادەنیشم و خەریکی پێڵاوەکانم دەبم تۆش بە ڕێگەی خۆتدا بڕۆ. ئینجا گەیشتن و لەگەڵی چووە ژوورەوە و هەرگیز ئەو چرکەساتەی ئارامی و میهرەبانی دڵگیریەکەی لەبیر نەچوو کە بە خزمەتی سەروەرەکەی گەیشت.

باسی ئیسلامی بۆ کرد و ئەمیش دوو گوێی هەبوو و دووانی دیکەی بۆ قەرز کرد، بە دڵ بیستی و حەقیقەتی ڕاستی پێغەمبەری نوێی بۆ دەرکەوت و

موسڵمان بوو، سەروەر وتی: ئەبوزەر ئەم فەرمانە بشارەوە و بڕۆرەوە بۆ ناو هۆزەکەت، کە هەواڵی سەرکەتنی ئێمەت پێگەیشت ئەوجا وەرەوە (ئەمەشی بە دڵنیاییەکی سەیرەوە لەو دڵنیایانەی تایبەت بە پێغەمبەرانە وت)، بەڵام ئەم وای نەکرد وتی: سوێند بەو کەسی تۆی بە حەق ناردوە لەناویاندا بە بەرزی هاوار دەکەم. ئەوجا چووە مزگەوت و وەستا تا پۆل پۆل قورەیشیان بە مزگەوت گەیشتن و ئەوسا هەڵسایەوە و بە دەنگی پڕ لە بای بیابانەوە کە لە کەللەی ئەوە هەڵی کردبوو وتی: ئەی خێڵی قورەیش من شایەتی دەدەم (لا الە الا اللە) و (محمد ڕسول الله).

هەموویان لێی خڕبوونەوە ئادەی پڕدەنە گیانی ئەو لە دین وەرگەڕاوەیە. بۆی هەستان و بە دار و نەعل و قامچی تێی بەربوون. لێیاندا، ئەما چ لێدانێک، کە خەریک بوو بمرێت.

عەباس فریای کەوت و جەستەی زلی خۆیدا بەسەریدا و بەری لێدانەکان کەوت و دەستیان هەڵگرت و ئەویش هەڵسایەوە و ڕووی تێکردن و وتی: پیاوی غەفاری دەکوژن لە کاتێکدا ڕێگەی بازرگانیتان بەسەر خێڵی غەفارەوەیە (وەک ئەوە وا بوو بێژێت هەوای هەناسەتان لەوێوە دێ). ئیدی لێی گەڕان و بە خۆیێن و جلی شڕەوە لە مزگەوت کەوت و شەو بە چ حاڵێک تێپەڕی و ڕۆژ بوویەوە.

ئەنجا بە چ حاڵێک هەستایەوە و چووە بەردەم خەڵکەکە و قسەکانی دوێنێی دووبارە کردەوە وتیان: ئادەی لەو هەڵگەڕاوەیە پەڕ بدەنەوە (دیارە بەو لێدانەی دوێنی عاقڵ نەبووە) باش بوو عەباس وەدەرکەوت و هەمان کاری دوێنێی دووبارە کردەوە.

سی و نۆیەم: لە شیوی عەقەبە

(ئەو بەهەشت و دۆزەخی بۆ هێنانە ئەو شەو و بیابانە، لەو شیوەدا پیشانی دان، کەسیان لەبیری نەما کە لە شیوێکی ترسناک و نزیک لە دوژمن، بۆنی خۆشی بەهەشت و بۆکروزی سوتانی دۆزەخیان بەر کەپوویان دەکەوت).

بەو شێوەیە (موحەمەد) بە خەندەی سەر لێو و بە غەمی سەر دڵی خۆیەوە، بەڵام ئارام و ئاسمانی ڕۆژانێک و مانگانێک و وەرزانێک بیابانی تەی دەکرد و لە هەواری ئەم خێڵەوە بۆ هەواری ئەو خێڵی دیکە دەچوو، گا قورئانی بۆ دەخوێندنەوە و میهرەبانی خوای بەسەردا دەبەشینەوە و گا لەتەک خۆی دەیبردنە بەهەشت و بەزم و خۆشی لە بن نەهاتووی ئەوێی پێ پیشان دەدان.

گا بەرەو چاڵە قوواڵەکانی دۆزەخ چاوەکانی دەبردن و لە ڕێگەی مەرگەوە ئاودیو دەبوون و ئەوان دەیانویست لە دەستی مەرگ قواتاریان بێت کەچی ئەو پێی دەوتن یەڵڵا وەرێکەون کاتتان تەواو بوو و کاتی زۆرتان هەبوو کە لە ڕابواردن و کەیف و شادیدا سەرفتان کرد، هەنووکەش ئەو پردە لە موو باریکترەی سیرات دەبینن بەسەر چاڵی قووڵی دۆزەخەوە، دەبێت بەسەریدا تێپەڕن کە تێناپەرن و دەبێت بکەونە ناو ئاگری گەورەوە!

گا لە جەرگەی نیوەڕۆ ئەو کاتەی مەنجەڵی زەوی دێتە قووڵ، لەم سەری بیابانەوە ڕێی تەی دەکرد و گا شەوانی ساردیشی ئەو دەمەی ئەستێران دەنیشتنە زەوی و بە جریوەی خۆیان سەلامیان لەو دەکرد، ئەو دەمەی بای فێنکی بیابان و تاریکی شەو جێ پێکانی دەسڕیەوە، لەم شیو بۆ ئەو شیو لە سەر نوکی پێ دەڕۆشت و بە چرپە دەدوا بۆ خێڵان و کاروانیانی بیابانگەڕ تا ئەمە خوایە تاکە کەسێک وەڵامی ئەم نا، بەڵکو وەڵامی دۆستە هەمیشەییەکەی ناوخۆی بداتەوە، بەڵام کەسی دەست نەدەکەوت تا چاوەکانی بکاتەوە و دیوەکەی تری بوون ببینێت یا سەیری ئاسمان بکات و بڵێ: (ئەی خوایە خەریکە درەنگ دەکات و تەمەن هێندەی نەماوە با لەتەکیدا بکەومە ڕێ و هیدایەت وەربگرێت). ئەمیش لە شادومانیدا ناوچاوی پرشنگ بدات و عارەقی خۆشی لە قژە ڕەشەکانیەوە بۆ سەر گۆنا ناسکەکانی بێتە خوارەوە و بڵێ سوپاس سەد

جار سوپاس که دواجار کەسێ پەیدا بوو باوەڕ بە ئایینەکەم بهێنێت، بەڵام ڕۆژان دەهاتن و دەچوون ئەو کەسە هەر پەیدا نەبوو.

ڕۆژەکان تێدەپەڕین و ئەو جۆرێکی دی دەژیا لەوە دەگەڕا کە بەلای ئەوانەوە ژیان نەبوو. ئەمان و ئەو لە یەک جوودا بوون بوونیان جوودا، ڕوانینیان جوودا، سەفەریان جوودا، خۆشیان جوودا و ژیانیان جوودا. ژیان لای ئەم گرتنی دەستی منداڵێک و نەوازشی وشترێک و سەردانی داماوێک و چەمانەوەی ناوەوەی خۆی بوو. تەنانەت شوێن و کاتی حەوانەوەی ئەو لەوان جوودا بوو.

ئەو دەیزانی خوا کاری بەو ماوە و دەستی ئەوان پێیدا ناگات، ئەمە بەشی حسێبی ئاسمانی بوو، بەڵام بەشی زەمینی حسێبی جوودا بوو، دوژمنان وایاندەزانی دوای مەرگی مامی ئیدی لەدەستیان قوتار نابێت، ئەویش زۆرجار بۆ شوێن گومکێیان بە شەو لەناو شاخ و ئەشکەوت لەتەک ئاژەڵانی وەحشی دەمایەوە، ئیدی نە خەدیجەیەک مابوو کە دڵی ئاسمانی بلاوێنێت، نە ئەبوتالیبێکیش کە جەستەی خاکی بپارێزێت، ئاخۆ چەند تەنها بوو بێت ئەو ڕۆژانەی کەسی نەبوو کەسی بێکەسان و ئەوی بێ کەسیش نەبێ کە تەنها خودا بوو. ئەوان نەیاندەویست بێجگە لە خۆیان کەس چێژ لە ژیان بەرێت و هیچ کەسیش هێندە نینۆکی نەبێت کە سەری خۆی پێ بخورێنێت. ئەویش دەیخواست هەموو کەس وەک ئەم پڕ بە گەرووی پێبکەنێت و پڕ بە چاوەکانی ڕازی بێت. ئەوان لە بازاڕدا دەستی کڕیارەکانی خۆیان دەبڕی کە وەک ئەمان گۆشت و ئێسقان و هەر وەک ئەمانیش زەینیان توانای ئەوەی نییە کە ئەوەی هی ئەوە و لەناو (نەوتن)دا شاردراوەتەوە بدۆزێتەوە.

ئەو دەچووە بیابان و دەشتەکیەکە زبرەکانی بە وشەکانی دەشۆرد و ئەو هەواڵانەی تەنها پێغەمبەران نەبێت کەسی دی نایزانن بۆ ئەوان دەهێنایە سەر زمان. ئەوان پڕی سکیان دەیانخوارد و پڕی چاوەکانیان دەخەوتن و برسی و بێخەو و نەنوستوەکانیان لە خەیاڵدا نەبوو ئەو لە ئاسمان ڕادەما و جەنگ و برسێتی و نەخۆشی ستەمی مرۆڤەکان و تەنانەت سزای دۆزەخیانیش لە پاش مردن هەر لێرەوە تا قیامەت شەفاعەتی ئەو بۆ هەموو مرۆڤەکان لە ڕۆحی ئەودا دەوروژان. ئەو و ئەوان زۆر جیاواز بوون ئەوان لە ڕابردوودا دەژیان و ئەو لە ئێستادا، ڕابردوو بە هەموو مردوویی و لێرە نەبوونی خۆیەوە، ئێستای

ئەویش بە هەموو زیندوویی خۆیەوە، ئەوان لە پێناو ڕابردوودا ئێستا و داهاتووشیان دەکردە قوربانی.

ئەوان لە مەرگ دەترسان و هەر شتێک ئاماژەی بۆ مەرگ تێدا بووایە لە خۆیان دوور دەخستەوە. ئەم مەرگی بە کرانەوەی دەرگاکە دەبینی، ئەوان سیەکانیان پڕ لە چێژ و شەوانیان پڕ لە مەستی و بەیانیان پڕ لە خەو دەکرد، ئەو سینگی پڕ لە ئاگایی لە خۆیی و شەوانی پڕ لە ڕاز و سپێدانی پڕ لە ویرد دەکرد. ئەوان لەو دیو دەنگیانەوە و ژیانیانەوە مەرگ و تێداچوون و بوون بە خۆڵی هەمیشەیی و نەگەڕانەوە بۆ ژیانی دی هەبوو. ئەم لەو دیو دڵیەوە ئیمان و ئارامی و لە پاش مردینیشەوە ئەبەدیەتی دەبینی. هەر بەوە بەرگەی ئازاری دووری یارانی دەگرت، بەڵکو بەرگەی ئازاری بەردەوامی دوژمنان و هەڵگرتنی باری بوون بوو.

وای خوایە پێغەمبەرایەتی چەند کارێکی گرانبوو! ئەگەر بۆ هەتا هەتا بووایە، وەی ڕاپەراندنی کارەکان چەند گران بوو ئەگەر بینینی پەروەردگار و ڕۆشتن بۆ ژیانی هەمیشەیی نەبوایە. تێپەڕبوونی ڕۆژ و ماگ و ساڵەکان چەند گران بوون ئەگەر متمانە بە سەرکەوتنی خوا نەبووایە. بەرگەگرتن لە دەرەوە چەند قورس بوو ئەگەر چێژ و ئیمان و دڵنیایی نەبووایە. هەموو ئەمانەی بە هاوڕێ نەبینراوەکەی دەوت و هەنگاوی دەنا ئەوەی لەگەڵی دەدوا کەسێ نەبوو لە دەرەوە خۆشی نەبوو، بەڵام منێ لە خۆی منتر بوو.

چاوی لە ئاسمان بڕی، مانگ لەتەک ئەو هەنگاوی دەنا و لە ئازار و تەنهایی دڵی دەدایەوە، جارجار باڵندەیەکی شەو لە پڕ دەفری بێدەنگی قوواڵ و فراوانی بیابانی دەشڵەقاند و مارمێلکەیەک چاوە شووشەییەکانی دەبڕیسکانەوە، یاخود مارێک سینگی بەسەر لمدا دەخشاند و بە عیشوەوە لە بەردەمیدا ئەم سەر و ئەو سەر سەری تا نزیک کلکی دەبزاند و قەتێیەک پڕتەی دەکرد و هەمووان سەلامیان لەم دەکرد و بەرەو شار دەکەوتەوە ڕێ. روانینەکانی ئەم لەوان چەند جیاواز بوو، ئەوان بە مەرگیان کاروانی ژیانیان کۆتایی دەهات، وشتری جەستەیان یەخی دەدا و دەهات بەلادا و کاروانی ئەو بەردەوام دەبوو و هەڵۆی

بەرزەفری گیانی ئەم دوای نیشتنەوەی جارێکی دی هەڵدەفڕیەوە. چەند جیاواز بوو ئەو لەوان، ئەو دەیپرسی و نزای دەکرد خوایە کەی ئەمانە وەهۆش خۆ دێن؟

ڕۆژەکان هاتن و ڕۆشتن و ئەو لە ڕێی حاجیاندا سفرەی ڕۆحی خۆی دادەخست و ئەوان قوماشی کاڵا و ئەوان موشتەریەکانیان زیاتر و پارەکانیان زۆرتر دەبوون و ئەویش گوێیەک قسەکانی نەدەبیست ئەی خوایە ئەم بازرگانە سەرکەوتووەی بۆ وای لێهاتووە! فریشتەی سرووش بە شێوەی جیاجیا بۆی دەردەکەوت، فریشتە تەنها فەرمانی دەگەیاند. ئەو فریشتە بوو و هەستی بە ئازار و مەینەتیەکانی مرۆڤ نەدەکرد نەیدەزانی ئەم ماڵ و منداڵی هەیە و دەبێت زەحمەت بکێشێت و هەڵگژێت و بەردەوام بڕوات، مەککە تەنها هەنگاوی یەکەم بوو لە ڕێگای درێژی پێغەمبەرایەتی خۆی تا قیامەت، هەموو کەسێک کامی بە بۆنی شتێک پڕ بووە ئەویش بە کامی پێغەمبەرایەتی پڕ دەبوو، مرۆڤەکان بە گومانەوە سەیری ئەودیو دەکەن. دەبوو متمانەی بەو پیاوە باڵدارە بێت، کە لەو دیو پەنجەرەکەوە دەهات و پەردەکەی هەڵدەدایەوە و کە پەردەش هەڵدرایەوە هەرچی لە ژێردا بێت دەرەکەوێ، ئەم باش ئەوی دەناسی، چاوی متمانەی کرابوویەوە، پێغەمبەرایەتی فێری زۆر شتی کرد کە پێشتر هەرگیز بیری لێ نەکردبوونەوە، متمانەش بە جیهانی پاکی فریشتان یەکێ لەوانە بوو. ئەو هەمیشە دەیتوانی ببێتەوە بە شوان و ببێت بە بازرگان و لەوانەشە ژنێکی جوانتر لە خەدیجەی دەست کەوێت، بەڵام پێغەمبەرایەتی چی؟ ئیدی ئەمەیان هەر بەرەو پێشچوون بوو و بواری گەڕانەوەی تێدا نەبوو.

سەختترین کاری ئەم بوونەیان بە کۆڵی ئەودا دابوو، کارێک پێویست بوو بە تەواوەتی خۆی بگۆڕێت، گۆڕان لە مرۆڤەوە بۆ پێغەمبەر، مرۆڤ گرانترین کار بوو کە دەبوو ئەنجامی بدات، ئەو دواین کەس بوو ئاوا کارێکی ئەنجام دەدا، ئەگەرچی ئەوانی فریشتە لەوە دڵنیا بوون کە دەتوانن کاری لەو شێوەیە ئەنجام بدەن، بەڵام بۆ ئەمی لە قوڕ دروست بوو و زەمینی، زۆر قورس و گران بوو بتوانێت جیهان ببەزێنێت.

ئەم تەنهایە و ئەوەی بەسەر ئەم هاتبوو، بەسەر هەموو کەسدا نایەت، بەڵام ئەم تەنها نەبوو هەزاران پێغەمبەری وەک خۆی پێش ئەم بوونیان هەبووە. خوا تەنهایە ئەم هەموو شتەش تەنها بۆ ئەوە بوو لەو تەنهایە تێبگەین. ئەم مرۆڤ بوو و سەدەها و هەزاران مرۆڤی وەک ئەم ئێستاکە بوونیان هەبوو و لە داهاتووشدا پەیدا دەبوون، وەک ئەوانی دی ژیانی بە لاوازی دەستی پێکرد ئەو دەمەی لە موحیبەتی دوو لایەنەی ئامینە و عەبدوللا ئەم هاتە بوون.

ئەو دەمەی ڕۆڵەیەکی بچووکی بێدەسەڵات بوو و بەرەبەرە هەڵکشا و تا گەیشتە لووتکەی بەهێزی کە تەمەنی چل ساڵی بوو، ئەوجا ڕووداوە گەورەکە لەودا ڕوویدا و لەتەک هەڵکشانی تەمەن ئەمیش جەستەی بەرەو لاوازی داگەڕایەوە. هەر ڕۆژە و کەمهێنانێکی جەستەی بوو، بە تایبەت ئەو هەموو ئازار و داخانەی ئەوان بە دڵیاندا دەکرد. ئێستا پەنجا و یەک ساڵ تەمەنیەتی و جارێکی دی بە شاخی نووردا بۆ ئەشکەوت پەناگەی هەمیشەیی خۆی هەڵدەزەنی لای بەلای مەککەدا دەکاتەوە. ئەزموونێکی سەیری قوڵ دایگرت.

سبەینێی هەموو ئەوانەی کە لەوێ لەو خوارەوە دەبزوان هاتە بەرچاوی کە جەنازەی هەموویان کەوتبوون و پاشان خرانە ناو گڵ و دواتر پووش و پەڵاش لەسەر گۆڕە درز بردووەکانیان ڕوا و دواتر ڕۆژگاری دوورودرێژ باکانی خۆی یەک لە دوای یەک نارد و جێکەوتێک لە گۆڕەکانیشیان نەمایەوە.

لەرزێکی سەیر بە جەستەیدا گوزەرا بوو بە تایەک و کەوتە ناوچەوانی بووە عارەق و بە لاجانگەکانی و ڕیشی ڕەشیدا کە هەنووکە چەند دانە مووی سپی تێکەوتبوو هاتە خوارەوە. بۆ ساتێک لەتەک کەسە خۆشەویستەکانی خۆی ژیا کە ئەویان بەجێهێڵا بوو (باپیرە و دایکی و مامەی و خەدیجە) کوان نازداران چیان لێهاتووە؟ کۆچی نازداران ڕۆشتبوو و نەگەڕایەوە. ئەزموونی قوولی کرد کە هەموو شتێک لە ئانی ڕۆشتنی نەگەڕانەوەیەدایە، ئەوە تەنها خوایە ناڕوا و دەمێنێتەوە. دەبێت تەنها پشت بەو ببەستریت. تەمەن هەڵدەکشا و هەر کەسە و دەستی بە کاری خۆیدا ڕۆشتبوو و ئەمیش بە کاری پێغەمبەرانەی خۆیەوە مژوڵ بوو. ئەوان لەسەر بتسازی و ئەمیش لە سەر مرۆڤسازی خۆی بەردەوام

بـوو، بەڵام لە ڕووکەشـدا کـارەکەی حاسـیلێکی وای نەبـوو. چـی لەتەک ئەم مـردووانەی قـورەیش بکـات کە لەبەر نەفسـی ڕۆشـتوو و مردوویـان گـوێ لە پەیامی جاویدانی ئەم ناگرن. چارە چی بوو وای بۆ ڕۆشت کە چـارە ئەوە بێت کاتی کارکردنی خۆی بگۆڕێت.

لەم ڕێگەیەوە درێژەی بە کارەکەیـدا بە شـەوان بە تـایبەت لە کـاتی حەجـدا سـەری لە هەواری حاجیـانی خێڵانـی غەیـری قـورەیش دەدا، کە هەنـدێ وەک سـەرکردەیەکی ترسـناک کە بیەوێـت بەرەو شـەڕێکی بـێ ئەمانیـان لەتەک قورەیشی گەورەترین خێڵی عەرەبدا ببات بۆیان دەڕوانی و لە خۆیان دووریان دەخسـتەوە و هەنـدێکیش لەو شـەوە تـاریکەدا لە بەردەم دەموچـاوی نـوورینی ئەودا کە لە یەکتریـان دەڕوانـی و کڕوکـپ گوێیـان بـۆ ڕادەدێـرا، بەڵام کەسـیان باوەڕیان پێی نەدەهێنا. تەنها داوایەکی ئەویش کە بەجێیان دەگەیاند بریتی بوو لەوەی بـۆ سـبەینێ لای قـورەیش ناویـان نەهێـنن، ئەویـش لەبەر ئەو نـا، بەڵکـو لەبەر خۆیان تـا بە گومـانی شـوێنکەوتنی ئەو پێگەیـان لە لای قورەیش لەق نەبـا ئیتـر مرۆڤەکـان هێنـدەی بـاوەڕی هەڵەی لە دەسـتدانی پـێگەی لای ئەوانـی تـر ڕاڕایـان دەکـات، هێنـدە جێبەجـێ نەبـوونی پێویسـتیە ڕاسـتەقینەکانیان زەینیـان بە خۆوە مژوڵ ناکات.

ئەم بە نهێنـی پەیـامی خـوای بە هەمـوو شـوێنێکی بیابـان دەگەیانـد و لەو لاشەوە قورەیش سوارەی بە هەر چوار لای بیابانـدا لەتەک وەسفی "مـوحەمەد"دا دەنـارد تـا هەمـووان لە ترسـناکی ئەو پیـاوە لە ئـایین دەرچـووە بە هەمـووان بگەیەنـن. ئەم سـاڵیش وشـترەکان بە هەڵـبەز و دابەز لەقانـدنی مـل و بزوانـدنی کۆپـارەی پشـت و دەرپەڕانـدنی سـینگیانەوە لەو پەڕی وڵاتـی عەرەبەوە ئەو هەموو سپی پۆشـەیان دەهێنـا و بە هەمـوو عیشـوە و نـازێکەوە لە بەردەم ئەمـدا کە ڕۆژ تا ئێوارە لەوانی دەڕوانی و لە کەسێک دەگەڕا کە وەڵامی بداتەوە.

لەم سـەرزەمینە دووڕە دەسـتەی سـەرزەویدا، لەم مانگـانەی حەجـدا هەزاران زیارەتکاری غەریبە لەبەر خۆری بیابانـدا سـوتاو لە هەمـوو ڕێگە ئـاوی و لمـاوی و بەردەوی و سوور و ڕەشی پان و بەرین و باریک و بزنە ڕێکانەوە بە وشـتر

و ولاخی داماو و بەرەو بۆ سەر زەوی مەککە دەهاتن. بۆ سەرزەوی وشکی بێ ئاو و سەوزایی صولح و ئاشتی دەهاتن و هەموو درندەیی و خوێن و تاڵان و برۆی دڕێژایی سااڵیان لەبیر دەکرد، هەلەکەیان دەقۆستەوە و دەستیان لەو کارە بەد کارە بەدانەیان و ئاژاوە و هەرا و زەنا خۆیان دەکشاندەوە، کاروان لە دوای کاروان هێکرا بۆ ناوەڕاستی بیابان بەردەبوونەوە، بەاڵم کە دەگەیشتنە نزیک ئەم ئیدی بە زووییی ڕادەبردن و بە مڕ و مۆنی لێیان دەڕوانی.

ڕۆژانی حەج پیاوانی سەر شان ڕووتی سپی پۆش بە هانکە هانکە وەاڵمی خوا و بتە دروستکراوەکانیشی دەدایەوە و (لبیک اللهم لبیک) و هاواری یەکتاپەرستانە و ئاسمانی ئیبراهیم و کوڕەکەی لەولاوە بە هاتنە دەری دەنگی ناوەکی خۆیان وەاڵمی یەکتاپەرستانەی خۆیان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لەم بوونەدا دیاری دەکرد، بەاڵم ئەو دەنگە هەنووکە بووبووە یادەوەریەکی دوور و لەبیرکراو ئێستا لە سەرتاسەری سەرزەوی پیرۆز هاواری زیارەتکاران دەنگی دەدایەوە کە لە خوا و شەریکەکانی بانگیان دەکرد. هەرکامیشیان وەاڵمی نێردراوی ئەویان پشتگوێ دەخست.

*** *** ***

سااڵی یانزەیەمیش موحەمەد کە لەتەک هەر دوو یارانی ئەبوبەکر و عەلی بە ڕۆژ تا ئێوارە لەناو خێاڵنی زۆرینە زبر و نەفام و کەمینە لە بەاڵگەی عەقڵ بیرەوەخەر و ژیر و بۆ فەرمانی دڵ گوێ ڕادێر و بە میهر گەڕابوونەوە و بە شەودا هیلاک و شەکەت بە کەمێک دەسکەوتی دڵخۆشکەر و زۆرێک وەاڵمی نائومێد کەرەوە، بەاڵم بە هیواوە بۆ ناو شار و ماڵ و منداڵ گەڕابوونەوە.

شەش لەو گەنجانە کە لەناو تێرەکانیان قسەیان ناخوات تا قسەی ڕیشسپیان وەستا بێت، بەاڵم زووتر لە پیران پێشبینی چارەسەرەکان و گۆڕانەکان دەکەن و لەوانیش زووتر دەست بۆ گۆڕانەکان دەبەن. ئەوان لەو وەرزی زیارەتەدا لە گۆشەیەک لە شوێنی هەمیشەیی مانەوەی خێاڵەکەیان لە کاتی زیارەتدا دوور لە پیاوماقوواڵن دانیشتبوون، لە چارەی شەڕی دوو سەدەیان دەدوان. لەو دەمەدا موحەمەد و عەلی و ئەبوبەکر لە ئەنجامی سەردانی بیابان لە قسە خۆشەکانی

ئەبوبەکر بۆ خێڵی هوزەیل و گوێگرتنە بە حەزەرەکان و ئیمان نەهێنانی خێڵی شەیبان ئەگەرچی وەڵامی ئومێدبەخشانەیان دابوویەوە و لە بێ مروەتی (بەنی ثەعلەبە) دەدوان، کە وەک هەموو عەرەب ڕوویان لێوەڕگێڕان.

دوو هاوڕێکەی مالئاواییان لە موحەمەد کرد و ڕێی مالێیان گرتەبەر، دوای ئەوەی بە سەوەروەرەکەیان وت: بەشی ئەمڕۆمان تەواو تا سبەینێ و دەرچوونێکی دیکە جارێ خواحافیز. شەرمیان کرد بەویش بڵێن تۆش بڕۆ بحەوێرەوە، ئاخر پێغەمبەران مرۆڤن و تۆش پێغەمبەری مرۆڤیش پێویستیت بە حەوانەوەیە.

ئەو لەبەر ئازاری مرۆڤ خەوی نەبوو، فریشتەیەک چپاندیە گوێکانی و دەستی نەبینراوی ڕایەڵکرد و بۆ ئەو جێیەی ڕێنموونی کرد کە گەنجە خەزرەجیەکان چیرۆکی شووم و خوێناوی خۆیان بەسەر ئەو هەموو ڕێگەی بیاباندا بۆ ئێرە هێنابوو و بە بینیان موحەمەدی سەرناس دڵی گەشایەوە پێش ئەوەی هیچ بڵێت، لە دووڕەوە زانی ئەمانە لەوانە بوون کە شایستەی ئەوە بوون بیانکاتە شەریکی ئەزموونی خۆی و هاوڕێ فریشتە نەبینراوەکەشی بە نیشانەی ڕاستبوونی پێشبینیەکەی چاوە فریشتەییەکانی داخست.

ئەو هەنووکە پەنجا و یەک ساڵ، بەڵام وەک ئەوان بگرە زیاتر لاو و چوست و چالاک لێیان نزیک بوو بووەوە: ئێوە کێن؟

ئەو بە دڵ ئەوانی ناسیبوو ئەگەرچی بە زوبان نەیدەزانی کێن؟ لێرە هاودڵی لە هاوزمانی بەهێزتربوو. ئەوانیش بەچاوی کراوە و دەموچاوی شادەوە پێش ئەوەی بە زمان وەڵام بدەنەوە وەڵامیان دایەوە و زاریشیان فریاکەوت و گوێا بوو: وتیان چەند کەسێکی خەزرەجین. وەک ئەوەی وتبێتیان لە بێ چارەسەری شەڕی دوو سەدەی قەومەکەمان بێزارین و بە دوای چارەسەر دەگەڕێین.

ئەویش ئەوەی دەزانی، بەڵام نەیدا لە ڕوویان لە دیوێکی دیکەی ئەوانی پڕسی: هاوپەیمانەکانی جولەکە؟

کەس لە عەرەب لەو لایەنەی ئەوانی نەدەپرسی، هەنووکە ئەم غەریبە لەو پرسیارە مەبەستی چی بوو وتیان: بەڵێ.

کابرا جەستەی لە گەورەکانی قورەیشی دەکرد، بەڵام ئەوان لوتبەرز و فیزن بوون، ئەم لە دڵا چەسپیو و گوتار شیرین حەزیان لێبوو بزانن، ئەم شازادەیە چی لەوان دەوێت؟

پاشـان لەو تـاریکە شـەوەدا ئەو چەنـد مشـتە خـۆڵە لە پیـاوە نـوورانیە سپیەکەیان دەڕوانی کە نووری لە ڕۆشنایی مانگ بڕی بوو، ئای لەو فەزایەی لە تاریکی شین باوی ئاسمان و بێدەنگ و نووری موحەمەد دروست بووبوو، جـارێکی دیـیش فریشـتە هەر لە ئەرز تـا ئاسـمانیان تەنـی بـوو، چـاوەڕوانی ڕووداوێکی سەیری دیکەیان دەکرد.

وتە وتە نەبوون ئاگر بوون دڵی ئەوانی سووتان، ویستیان لە حەشارگەکەیان بێنەدەرێ و ئەگەرچی لە مەوسیمی حەج و وەرزی ئاشتیدا بوون بکوتنە سـەر کافرانی ئازاردەری موحەمەد و یارانی کە لە ترسـی ئەوان نەدەچـووە مـاڵەکەی خۆی و لە مـاڵی یـاران و کەسـەکانی دەمـایەوە یـاخود لە شـیو و شـاخان ڕۆژی دەکردەوە.

سەیری یەکتریان کرد و هەمـووان لە یەک کاتدا و بەیەک دەنگ وتیـان: ئەمە خـۆیەتی، هەمـان ئەو کۆتـا پێغەمـبەرەیە کە یەهـود مـژدەی هـاتنی و لەنـاوبردنی هەموو دوژمنەکانی خۆیانی پێ دەدەن، بە یەکتریـان وت، ئەمە لەوە زۆر باشترە کە بۆی هاتوون و دۆزینەوەی پشـتیوانیە بـۆ خێڵەکەیـان لەنـاو خێڵە بەهێزەکـانی وەک قورەیش، بۆ بەزاندن خێڵی ئەوسی دراوسێ و قەتل و عامکردنیان.

سوێندیان بۆ یەکتر خوارد ئەو ئەوان و ئەوسـیش یەکدەخا و بە قوتـاربوونی خۆیان و هەموو جیهان بە شوێن خۆیاندا دەبات. ئەمە هەڵێک بوو دەسـت ئەوان و تەنها ئەوان کەوتبوو ئەگەر هەزار سـاڵ پێشتر لەدایک بـووایەن و هەزار سـاڵی دیـکەش بژیـایەن باوەڕیـان نەبـوو کەسـی دیـکەی وەک ئەم پیـاوەی بەردەمیـان ببینـنەوە. هەردوولا ئەو تـاریکی و ترسـەیان بڕی کە ئەو شـەوە لەو شـیوەدا کۆ بووبوویەوە.

هەتا کاتی بەرە بەیان ئەو دەمەی شەو دەیەوێت هەڵسێتەوە و بـارگە و بـن و پێخەفی ڕەشـی پڕ لە ئەسـتێرەی بەسـەرخۆوە لادا و بەنیـازی بەجێهێڵانـی و ئەم ژووڕە گەورەی پێـی دەڵـێن گـەردوون کە شـوێنی ئەو و هاوکـارەکەی کە ڕۆژە تێدا نابێتەوە، بـۆ ئەو بەجـێ بهێڵـێ. ئەم لاوانە لەتەک ئەو پیـاوە قەد ڕێک و چـاو گەورە و دان وردەدا کە بەردەوام ڕۆشـنایی و خەنـدەیان بە دەمـی دەبەخشـی دوور لە چاوی ڕاز و نیازیان گۆڕیەوە.

ئەو بەهەشت و دۆزەخی بۆ هێنانە ئەو شەو و بیابانە و لەو شـێوەدا پیشـانی دان، کەسـیان لەبیـری نەمـا کە لە شـیوێکی ترسـناک و نزیـک لە دوژمـن بـۆنی

خۆشی بەهەشت و بۆکروزی سووتانی دۆزەخیان بەر کەپوویان دەکەوت، ئەگەرچی ئەو دووانە زۆر دوور بوون و لە پاش مەرگەوە بە هەزاران بە پێ ڕۆشتن و ڕێبڕین و گەیشتن بە مەحشەر و چاوەڕوانی لە ژێر تینی لە میل نزیکتری دەستی خۆر و حیساب و وەرگرتنەوەی نامەی ئەعمال بە دەستی ڕاست یاخود چەپ.

پاشان هەزاران هەزار مرۆڤی ڕووت و قووت کە کەسیان سەیری کەسی دیکەیان ناکات، لەبەر نارەحەتی دۆخەکە و پەڕینەوی ئەو هەمووە بەسەر پردی لە موو باریکتری سیراتدا پێی دەگەشتن و ئەوان هەموو فراوانی باخ و باخاتی بەهەشت و قوولّی زۆر قوولّی دۆزەخیان لە سەر زاری ئەوە بیست و بە چاوی خۆیان لێرە لەم بیابانەدا بینی.

ئەویش لە سەر زار و ڕۆحی بریندارای ئەوانەوە یەسریبی بینی کە چەندین ڕۆژ بە سواری وشتری تیژ لە شارەکەی ئەوەوە دوور بوو و تەنها بە ئامانجی پاراستنی کاروانی بێ کۆتای دەولّەمەندانی نەبووایە بەلای هیچ کەس لە خەلّکی شارەکەی ئەم بوون و نەبوونی گرنگ نەبوو، کە چ ڕق و کوشت و کوشتارێکی تێدا ئەنجام دەدرا و هەر ئەو شارە لە داهاتوودا دەبووە شاری ئەو و هەر ئەم گەنجانە و هەزارانی دیکەی دەهاتە بەرچاو کە وەک کەسوکار و بەلّکو لەوەش نزیکتر پێکەوە دەژیان.

ئەوان بە دۆزینەوەی ونبووی خۆیان زۆر دلّخۆش بوون. ئەویش پاش تێپەڕینی چەندین ساڵی پێغەمبەرایەتیەکەی بۆ یەکەم جار دیتی عەرەبەکان دژایەتی ناکەن و شادی دەردەبڕن و سەیری یەکتر دەکەن گوێیان لە نەغمەکانی ناو دلّی بوو نەدامەتیان نەما پەشیمانی لە ئایینی ئەودا کافری بوو پەشیمانی واتە دیلێتی ڕابردوو، ئەو لەوانی دەویست کە ئیدی نابێت دیلی ڕابردوویان بن.

دواتر هاتنە گۆ و لە تەحەیور دەرچوون و وتیان: هەبێ و نەبێ ئەمە هەر ئەو پێغەمبەرە مەوعودەیە کە یەهودیەکانی یەسریب باسیان لێوە دەکرد، دەبێت ئەمان پێش یەهود پێی بگەن!

پەیامەکەی ئەو پەیامی گۆڕانکاری بوو هەر کەس دەچوو بۆ لای بە دەموچاوێکەوە دەهاتەوە، کەسێ پێشتر بیدیایە سوێندی دەخوارد ئەو دەموچاوە ئەوە نەبوو کە پێی ڕۆشت. ئەگەر لەوێ بوویتایە دوای بیستنی ئایەتەکانی خوا دەتبینی دەموچاوی هەر شەشیان ئەو دەموچاوانە نەبوو کە پێش بینینی

موحەمەد و بیستنی ئایەتەکانی هەیان بوو. ئەی خوا ئەمە چی بوو گوێیان لێ بوو چیان بیست و چیان بینی! بە دەموچاوی نوێی خۆیانەوە کە هەرکامیان خەریک بوو بەوی تریان بڵێت تۆ گۆڕاوی و ئەویش لە وەڵامدا بڵێ تۆش هەروەها گۆڕاوی!

هەموو ئەوەی دەشا بەوانی بگەیەنێت و فەرمانی خوا بوو گەیاندی و پێش ڕوون بوونەوەی ئاسۆ پێش ئەوەی زیارەتکارنی هاوسەفەری ئەوان و خزمانی بە شوێن کوشتنەوە بوونی ئەم بە یەکەوە بیانبینن. یەکتریان بەجێهێڵا و گەنجەکان مۆڵەتیان لە سەروەرەکەیان وەرگرت کە ئەوەی ئەم شەو و بینیان و بیستیان و چەشتیان و باوەڕیان پێهێنا و شایەت و ئیمانیان هێنا، بەڵێنیاندا پەیامەکەی موحەمەد بە خزمە بە یەکەوە شەڕکەرەکانیان بگەیەنن.

هەر واشیان کرد و تا ئەوەی پەیامی ئاسمانی موحەمەدیان بە هەموو شار گەیاند و خەڵکیان لەتەک خۆیان بۆ شوێنی بەرز و ئاسمانی مەلائیکەستان هەڵبڕی و باڵ پێگرتنەوە و لەو سەرەوە لە ڕابردووی تاریکی خۆیان دەڕوانی و پەشیمان بوون لەوەی لەو خوارەوە لەسەر شتی بێمانا و بە وەهمی خێڵەکیانە ئەو هەموو ساڵە لە یەکتریان کوشتبوو و خوێنیان ڕشتبوو.

ئیدی پەیامی دەریا ئاسای موحەمەد پێش ئەوەی بۆ یەسریب بڕوات و بۆ مەدینەی وەربگێڕێت بە ڕۆحی هەور ئاسای ئەو لاوانەدا تەڕایی و بارانی خۆی بۆ سەر ڕۆحی وشک هەڵاتو و شەقاربووی ئەو شارە گەیاند. هەر ئەو تەڕایی و بارانە خوێنی شەڕی دوو سەد ساڵەی شستەوە و نەسیمی ئاشتی دوای بارانی بە هەموو ماڵێکیدا گێڕا و کەم ماڵ هەبوو لەو نەسیمە بۆنی خۆشی دوای بارانی پێغەمبەرایەتی بە پەنجەرە کراوەکانیدا بۆ ناو خۆی پەلکێش نەکات.

ئەوان و ئەو دەستیان لەیەکتر ئاڵان و بەیعەتیاندا و بۆ ماڵئاوایی یەکتریان لە باوەشگرت و بۆنی خۆشی پێغەمبەرایتی زێتر بە هەناویاندا چوو و پەڕەی لوتیان پێی هاتەوە یەک و دوور کەوتەوە.

وەعدەیان بە یەکتردا کە ساڵی دادێ لە هەمان شوێن و هەمان تاریکی و هەمان کاتدا یەکتر ببینەوە، دەرەنجامی کاری خۆیان بۆ ئەو بگێڕنەوە کە ئەو پێش بینینیان خواکەی هەموو شتێکی لەمەڕ ئەوان بۆ گێڕا بوویەوە. هەرواش بوو ئەو شەش لاوە کە کتێبەکان ناویان تۆمارکردن و لە تۆماری خواشدا بە پشتیوانە پێشترینەکان تۆمارکران و ئەمانە بوون:

"ئەسعەدی کوڕی زەرارە" لە خێڵێ بەنی نەجار، بە باڵای بەرز و حیکمەتی نەجیب زادەیی و بەماڵەی ناوداری لە دوای موحەمەد لە هەموو کەس زیاتر لە جێگرتنی ئیسلام لە مەدینە ڕۆڵی هەبوو، دووەمیان کە بە چاوی داخراو و سەری خوارکردوو و ڕۆحی ئاگاوە گوێی لە ئایەتەکانی قورئان دەگرت "عەوفی کوڕی حاریس ئیبن عەفراء" لە خێڵی بەنی نەجار بوو. دوای ئەمان کوڕەکەی "مالیکی کوڕی عەجلان" لە تێرەی بەنی زەریق، بە پێچەوانەی جەستەی پان و کورتیەوە کە لە دوای ئەوانی دی دەچوو ڕۆحی خێرا تاسەی گەیشتن بە بەهەشتی بوو، "قوتبەی کوڕی عامری کوڕی جەدیدە" کە ئەگەرچی زۆر بێدەنگ بوو، بەڵام زەینی ڕۆشنی هەر کات لەوان زووتر حەقیقەتی دەدۆزیەوە و بە یەک ڕستەی کورتیش دەیگەیاند.

(عەقەبەی کوڕی عامیری کوڕی ناب)یش لە سەرەتاوە حەزی لە هیچ نەبوو تەنها هاوڕێیەتی سەعد نەبێت لە خێڵی بەنی سەلەمە هەر لەبەر ئەویش ئەم جارە زیارەتی مالّی خوای کردبوو، بەڵام کە گوێی لە گوتەکانی موحەمەد بوو دەتوانی سوێند بخۆی لە سەعد زیاتر هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو وشە ئاسمانیانەی هەنووکە لە زاری موحەمەدەوە لە زەمین کەوتووانەی دەدا، دواترینیان کە چیرۆکی ئەم جوامێرانەی یەسریب کە لە غەمی قەومەکەیاندا بوون لەسەر زاری ئەوەوە بە ئێمە گەیشت، کە دواتر هێندە دڵی وەک میوەی بەهەشت موحەمەد پێی وت: ئەگەر منت نەدۆزیەوە بۆ دۆزینەوەی کاری دروست لە دڵت بپرسە یەکێک لەوانەش هەواڵی مەرگی خۆی بەودا کاتێک ناردی بۆ یەمەن و پێی وت: لەوانەیە کە سالّی داهاتوو هاتیتەوە لەم مزگەوتەمدا نەم بینیتەوە.

شەش کەسەکە سالّی داهاتوو لە پەیمانی عەقەبەدا بوونە دوانزە، تەنها حەکیمەکە دڵ ناسەکەیان (جابری کوڕی عەبدوللا)یان لەتەکدا نەبوو لە چاوەڕوانی بەستنی پەیمانی عەقەبەی یەکەم هەر لەو شێوەدا کە ئیدی ئەوێ شیو نەبوو و زەوی نەبوو، لە هەر چوارلا بە ترس گەمارۆ درا بوو، بەڵکو بەهەشت بوو، پڕ لە ئارامی و دڵنیایی بوو، ئەوێ شیو و جێیەکی نهێنی و ترسناک نەبوو، بەڵکو ئەوێ بەقەت پانتایی ئاسمانی پڕ لە هاتوچۆی فریشتە بوو. ئەوە ئەوان نەبوون بە هێواشی دەدوان ئەگەر کەسێکیشیان بە سروشتی عەرەبی خۆیان دەنگی هەڵبڕیبا خێرا ئەوانی دی چەمکی قۆڵی کراسەکەیان

دەگـرت و دایـان دەچڵەکانـد، بەڵکـو ئەوان فریشـتە بـوون و فریشـتانێک ئەو شـوێنەیان ڕۆشـن و نـووڕانی کردبـوو، بە سروشـتی فریشـتانەی خۆیـان بە ئارامی و لە سەر خۆ لەتەک سەروەرەکەیاندا دەدوان.

حەوت فریشتەی دیکەی لە سەر دوو پێ وەستاو و بێ باڵیان لەتەک خۆیان هێنـا، کە لە کتێبەکانـدا لە سـەر گێـڕانەوی یەکێـک لەو فریشـتانە کە (عوبـادەی کوڕی صـامتی غەنەمـی) لە خەزرەج بـوو داستانی ئەو کارە نـاوەزە ئاسمانیە لە دونیای بیابـان و دووری عەرەب دوور لە چـاوی خزمەکانیـان لە شـەوی تاریـک، بەڵام ڕۆشنی عەقەبە گێڕایەوە.

فریشـتەکانی دیـکەش: (مەعـازی کـوڕی حـاریس کـوڕی عەفـراء) کە بـراکەی هێنـدەی وت و وتـی، تـا دڵـی ڕۆشـن بـووەوە لەتەکیـان هـات. پێنجەکەی دیـیش سـیانیان خەزرەجـی بـوون (زەکـوانی کـوڕی عەبـدولقەیس و عەباسـی کـوڕی عوبـادەی کـوڕی حەنـزەڵە) و یەکێکیـانیش هاوپەیمـانی خەزرەج کە هەنـووکە بە یەکێـک لەو خـێڵە حسـێب دەکـرا (یەزیـدی کـوڕی سـەعلەبە) بە پـێچەوانەی بانگەشەی عەرەبەوە کە خوێن بنەمای پشتە و بۆ بە هێزی و بەرژەوەندی خێڵ بە هاوپەیمانی خەڵکی دیکەیان دەکردە بەشـێ لە خێڵەکەیـان یـاخود لە ئەندامانی خۆیان و بنەماڵەکەیان، وای لە کارەکانی مرۆڤی درۆبێژ بۆ بەرژەوەندی هەرچی بوێ پێچەوانەی بنەما دیارەکانی ئەنجامی دەدا و دواتر لەسـەریان حەوت حەوت دەکوژێت و حەوت حەوتی لەسەر بە کوشت دەدات.

دووانەکەی دییش (ئەبولهەیسەمی تەیهـانی و عـوەیمی کـوڕی سـاعیدە) بـوون، کە لە تیـرەی ئەوسـی ڕکابـەر و دوژمنیـان بـوون، هەنـووکە دۆسـتایەتی کـوڕانی خەزرەجیـان لە دوژمنـایەتی کەسـوکاری هەر دوولا پـێ بەهێزتـر بـوو، لەتەک ئەواندا بەو تاریکییە بۆ ئەم شوێنە پەست و پەنایە بێ ترس و لەرز هـات بـوون. بەم پەیمانەشـیان نەک هەر هـاوڕێ، بەڵکـو بـوونە بـرای ئەبەدی، بـرایەتیەک لە بەهەشتی ئەو شـەوەوە دەسـتی پێکرد و بـۆ بەهەشـتی نەبڕاوەی پـاش مەرگیش بەردەوام بوو.

ئەوان هـاتن و لەتەک مـوحەمەدی پێغەمـبەری خـوا کە لە شـەوێکی ئـارام و قـورس و سـامناکدا پەیمـانی عەقەبەی یەکەمیـان بەسـت، کە بە پەیمـانی ژنـانە ناوبـانگی دەرکـرد چـونکە عەرەب خەریکـی شـەڕ و شـۆڕ بـوون و شـەڕیش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پیـاوان دەیـانکرد و یەکتریـان دەکوشـت و ئـازار و فرمێسـک

و منداڵی وردیان له پاش خۆ بۆ ژنان به سنگی قوپاو و قژی پژاو و جلی ڕەش و فرمێسکی سەر سەرینی بێ هاودەم بەجێدەهێڵا.

ئەوان پەیمانیانـدا مەیـدانی نەبەرد و ئـاژاوە و خـوێن بەجـێ بهـێڵن و بـۆ بەهەشـتی نـاو خێـزان و ئاشـتی نـاو باوەشـی ژنەکانیـان بگەڕێـنەوە و بخـۆن و بخۆنەوە و قاچ لە یەکدی بئاڵێنن و نەوە بخەنەوە و زەوی بکێڵن و بەرهەم زیاد بکەن و نـزای بەرەکەت لە خـوا بـکەن، سـەلامێکیش لەو فریشـتانەی بەرەکەت لە ئاسمانەوە دەهێنن و بۆ دراوسێکان بڕوانن و ئازاریان بۆ یەکتر نەبێت، سـەلامی خـواش بـۆ یەکتـر بنـێن و دەسـتی دایـک و ڕێشسـپیانیان مـاچ بکەن و بەهەشـتی سـەرزەوی بخـولقێنن، سـاڵێکیش مۆڵەتیـان بێـت واتە سـاڵی دوانزەیەمـی پێغەمبەرایەتی تا بە ئەزموون توانای چەسپاندنی ئەوە بسەلمێنن.

سـاڵی دواتـر لە پەیمـانی عەقەبەی دووەم ئەو بەهەشـتەش تێپەڕیـنن و بە پەیمانی خەبات و هەڵگڕان مەلەکووتی خوا بە مرۆڤایەتی بگەینن و ببنە شـایەت بەسەر هەموو مرۆڤایەتیەوە، ئەرێ ئەگەر مرۆڤ لێببڕێت ئەوا دەتوانێت لە خۆی تێپەڕێت کە بە درێژایی مێژووی مـرۆڤ لەم ئەستێرە بچـووک و دوور لە ژیـان، بۆ هەموو پەیامێک مرۆڤانێک هەبوون ئەوەیان دەسەلماند، ئەوانیش یەسـریب بـۆ کۆچی موحەمەد ئامادە بکەن.

چلەم: لە یەسریب کە خەریک بوو دەبووە مەدینە

(دەردەکە ئەویشی گرت و پەنگێکی هێنا و پەنگێکی برد، دەموچاوی خاوەن باخی دونیایی بۆ دەموچاوی باخەوانی بەهەشتی وەرچەرخا و خۆی نەگرت، شیرینی خورما و تریکانی بەهەشتی چەشت، کە بۆ خۆی لە لقەکانی بەهەشتی دەکردنەوە).

ئەوان لە گوتەی سەروەرەکەیان بە تەواوەتی گۆڕابوون و دەموچاویان پرشنگی دەدا شوێنیان بە خۆیان نەدەگرت دەیانویست پڕ بە گەروویان هاوار بکەن هەموو دونیا تێبگەیەنن، بەڵام ئەو نەیهێشت و وتی، جارێ ئەمە سەرەتایە هێشتا یەکەم هەنگاومان ناوە، ئەو هەنگاوەی عەرەبی ئەو سەردەمە بە پەیمان پێدانی ژنان ناویان دەبرد.

موحەمەد دەیزانی ئاوا نابێت، دەبێت بەرەبەرە هەنگاو هەنگاو ئەو شاخە گەورەیە ببڕن تا دەگەنە لووتکە ئەو هەنگاوانەی دەبێت بنرێن کە هەزاران هەزارن، لە پێناو گەیشتن دەبێت باری خۆیان سوک بکەن هەموو شتێکیان دانێن پەیمانی قوربانی بە خۆیان و هەبوو و نەبوویان بدەن، بەڵام ئەمە هێشتا کاتی نەهاتبوو دەبوو ئەوە بۆ جاری دواتری بینینەوەیان هەڵگبیرێت.

کەس بەم کارەی ئەوانی نەزانی، ئەوان گەڕانەوە ناو کەسوکاریان و شەو لەتەک داخستنی چاوەکانیان ئەویش خەوت و ڕۆژ بوویەوە موحەمەد هاوڕێ نازدارەکەی کوڕە عەتریلەکەی دایکی (موسعەبی کوڕی عومەیر)ی لەتەکدا ناردن شەو و ڕۆژ تێدەپەڕین، خۆر و مانگ لە سەفەری ڕۆژ و شەوی خۆیان بەردەوام بوون و مرۆڤ و ئاژەڵ و بیابان و شاخ و دەریاش خەریکی کاری پیرۆزی ڕۆژانەی خۆیان بوون. موسعەبی بە تەمەن منداڵ و ناسک و جوانکیلە لەگەڵیاندا خەریک بوو، تا ئەوەی هیچ مااڵێک لە یەسریب نەما بوو ئیسلامی تێنەچێت و خوا فریشتەکانی خۆی ناردە خوارەوە و زەوی ڕۆحەکانیان ئەمدیو و ئەودیو کرد و داری ئیمانیان تێدا چاند.

ڕۆژێکیان ئەسعەد پێش برا مەککەییەکەی کەوت و بردیە گەڕەکی ماڵە سێبەردار و دەوڵەمندەکانی بەنی (ئەشهەل و بەنی زەفەر) کە دارخورما باڵ بەرز و گەردن زەرافەکانیان، بەشێکی گەورەی ئەو زەوییە ڕەق و وشکەلانەیان

بۆ بەهەشت وەرگێڕابوو. چوونە ناو باخەکەوە و لەسەر ئاوی شیرینی بیری مەڕەکە لە ناوەڕاستی باخەکەدا بوون.

موسڵمانەکان لە دەوریان خڕبوونەوە وەک ئەوەی لە بنی دارەکانی بەهەشت و لەسەر ئاوی ڕووبارە سازگارەکانی ناو باخەکانی ئەوێ دانیشتبن و بە یادی دونیای ناخۆشەوە خەریکی چەقاندنی چەرەساتی وشک بوو و لێکردنەوەی میوەی نزیکی تەڕی بەهەشت بن، کە بۆ بەردەمیان نزم بووبوونەوە. ئەمان بە ئەرک کێشان بۆ خۆیانی لێی بکەنەوە، ئاوا ئایەتەکان کە موسعەب بۆ ئەوانی دەخوێندەوە ئەو باخە زەمینیەی بە باخی نەبڕاوەی سەروو ئاسمانەکان و بەهەشت وەرگێڕا بوو. ئەوان لە بەهەشت دانیشتبوون و لە خۆشی بابەتەکان چاویان ئەبڵەق بوو و پەردەی کەپوویان دەبزوا و بووبوونە فریشتە و باڵندەی بەهەشت لە مەملەکەتی نەبڕاوەی پاش مەرگ لە شەقەی باڵیان دابوو.

(سەعدی کوڕی مەعاز) و (ئوسەیدی کوڕی حوزەیر) کە لە پیاوماقوواڵانی گەڕەک و خاوەنی زۆرترینی باخەکان بوون، لێرە لە زەوییەوە لەوانیان دەڕوانی چێژ و پێکەنین و گوێگرتن و ڕوانینی بە تاسەی ئەوانیان دەبینی، بەاڵم بەهەشتیان نەدەبینی، مرۆڤ بۆ ئەوەی لە دونیا بەهەشت ببینێت دەبوو پێشتر ئیمانی هێنا بێت، کە ئیمانی هێنا، ئیدی چاوی دەکرێتەوە و بە چاوانی تەماشای بەهەشت و دۆزەخ دەکات و بەشداری خواردنەوەی بێ مەستبوونی بەهەشتیان دەبێت، هاوار هاواری دۆزەخیانیشی دەبیست. ئاخر ئەم دووانە ئەو دەمە ئیمانیان نە هێنابوو، بۆیە بێجگە لە کۆمەاڵێک ڕووت و ڕەجاڵ کە خەریکی دوان و خەیاڵات بوون هیچیان نەدەبینی.

(سەعد) بە (ئوسەید)ی وت: ئادەی برۆ بۆ لای ئەو دووانە کە هاتوون لاواز و کاڵۆاڵکانمان گۆچ بکەن، برۆ پێیاندا هەاڵبشاخێ و دەریان بکە و ڕێگە مەدەن، جارێکی دیکە بێنەوە باخەکەمان. ئاخر ئەسعەد کوڕە پورمە ناتوانم ئەگینا خۆم دەڕۆشتم. ئوسەید دارەکەی دەستی هەاڵگرت کە سەری ڕمی پێوە بوو و بە تووڕەبوونەوە بۆیان چوو: ئەسعەد چاوی لە کابرا بوو وەک ڕەشەبا تووڕە و خێرا بەرەو ڕوویان دەهات. بە ئارامی بە موسعەبی گوت: ئەوە گەورەی هۆزەکەیە بەرەو ڕوومان دێت و ڕاست و ڕەوان هەموو شتێکی پێبڵێ.

موسعەبیش کە هێشتا لە بەهەشت بوو و ڕۆحی لەناو ئایەتەکاندا بااڵی گرتبوویەوە بە متمانەبوون بە ڕاستی ئەوەی دەیچەشت وتی: ئەگەر دانیشت قسەی لەگەڵ دەکەم.

(ئوسەید) هەر گەیشتە ئاستیان ئاگر لە دەمی دەباری هەر وەک لەباتی میوەی خۆشی بەهەشت میوەی باخەکەی ئەمیان لێ کردبێتەوە وتی: چی ئێوەی هێناوەتە ئێرە؟ دەتانەوێت داماوەکانمان فریو بدەن؟ ئەگەر خۆتان خۆش دەوێت دوور بکەونەوە.

موسعەبی لاو، بەاڵم پیر و گەیشتوو بە حیکمەتەوە بێ خۆ تێکدان وتی: برا دانیشە و گوێمان لێبگرە، ئەگەر بە دڵت بوو وەری بگرە، ئەگەر بە دڵیشت نەبوو چی دەکەی بیکە. هەر وەک ئەوە بوو وتبێتی: ئێمە تەنها گوتەمان پێیە، نەهاتووین مواڵکەکەت داگیر بکەین. دەتوانیت نەهێڵێت لە بن سێبەری دارەکانت یادی دارە بەرزبەزەکانی بەهەشت بکەین.

وتەکەی موسعەب کە لە بەهەشتەوە هاتبووەوە، ئوسەیدی هێنایەوە سەرخۆ و وتی: باشت وت. ئیدی دارە مردووەکەی وەک نەمامی زیندوو بە ڕێکی چەقاندە زەوی. موسعەب لە بارەی ئیسلام و سەروەرەکەیەوە باسی بۆ کرد کە هەنووکە بە جەستە لێوەی دوور بوو و بیری دەکرد و پێش ئەویش لە بارەی خوداوە بۆی دوا، کە هەنووکە و پێشتر و دواتریش لە هەموو جێیەک ئامادە و حازرە و بە یادکردنی چاوی پڕ بە فرمێسک بوو. بە عیشقی حەقیقەتەوە بۆی دوا و قورئانی بۆ خوێندەوە.

ئیدی ئەوەی بەسەردا هات کە پێشتر بەسەر هەرکام لە ئامادەبووواندا هاتبوو. دەردەکە ئەویشی گرت و ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد دەموچاوی خاوەن باخی دونیایی بۆ دەموچاوی باخەوانی بەهەشتی وەرچەرخا و ئیدی خۆی نەگرت و شیرینی خورما و تریکانی بەهەشتی چەشت کە بۆ خۆی لە لقەکانی بەهەشتی دەکردنەوە، وتی: ئەم وتانە چەند جوان و شیرینن، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بێتە ناو ئەم ئایینەوە (وەک ئەوە وابوو بڵێت بچێتە ناو ئەو بەهەشتەوە و قەت نەگەڕێتەوە) دەبێت چی بکات؟

پێیان وت: خۆت بشۆ، جلەکانت پاکژ بکەرەوە (خۆ مرۆڤ ناتوانێت بە چڵک و پیسیەکانی ئێرەوە پێ بخاتە ناو باخەکانی بەهەشتەوە، پاشان شایەتومان بهێنە،

(بچۆرە ناو کاروانەکەوە کە هەنووکە دەیەوێت بکەوێتەڕێ) و دوو ڕەکات (بۆ سەفەرەکەت بکە و وەڕێ کەوە، چونکە نوێژ سەفرە).

هەموو ئەو کارانەی ئەنجامدا و ڕۆشت ئەو هەمووە چی بوو لەوی بینی و بیستی و چەشتی و بۆنی کرد و دواتر بۆ لای ئەمان گەڕایەوە و پێی وتن: پیاوێکی تـرم لەگەڵدایە، ئەگەر شـوێنتان بکەوێت (ئەویش لەتەک کاروانەکەدا بکەوێتە ڕێ) هیچ کەس لە خێڵەکەی نامێنێت شوێنتان نەکەوێت. ئێستا ڕێگەتان پیشان دەدەم بۆ لای ئەو پیاوە.

ڕمەکەی بە ڕیشـــەوە لە زەویـــیەکە هەڵکێشـــا و بە پەلە بـــۆ لای ســـەعد گەڕایەوە. کە لە دوورەوە وەک پاشـــا لەنـــاو حاشـــیەکەیدا دانیشـــتبوو و لەو گروپەی دەڕوانی لە دەوری منداڵە لە دڵی خۆیدا دەیوت باشە ئەو خەڵکە داماوە چـــاوەڕوانی چـــی لەو کـــوڕە دەســـت و پـــێ ســـپیە دەکەن کە بیانـــداتێ وا چواردەوریان لێداوە و دەمیان دابەشکردوە و چاویان بڕیوەتە چاوەکانی و بە حیرســـەوە بـــۆی دەڕوانـــن! پاشـــان بیـــری لەوە کـــردەوە خـــواکەی مـــوحەمەد چاوەڕوانی لەم منداڵە و ئەم بەستەزمانانە چیە کە بۆی بکەن؟

ئەو نەیدەزانی هەر ئەو منداڵە شڕ و وڕەی هەنووکە بە ئارامی و سەبوریەوە ڕەخنەکانی قـووت دەدا و بە هەمـوو بـوونیەوە گـوێی لە بەرامـبەر دەگـرت، ئەو پێشتر مەست و دڵشاد، جوانترین جلی دەپۆشی و گرانترین بۆنی ڕەنگداری لە خـۆی دەدا و قـژە ڕەش و درێژەکـانی بە مـۆدی گەنجـانی جوانخاسـی مەکـکە لە ناوەڕاستی سەریدا بۆ دوو بەش دابەش دەکرد.

لەتەک هاوڕێکانی هەر ئێوارە ئاگریـان هەڵـدەکرد و تـا بەیـانی لە ژێر تـریفەی مانگ و جریوەی ئەستێرەدا بە دەنگی بەرز گۆرانیان دەچـڕی، تـا دڵدارەکانیان لە نـــاو گەڕەکە ســـەرترەکانی شـــار و لەنـــاو کۆشـــکە میرانەکـــانی بازرگـــان و پیاومـــاقوولانی گوێیـــان لە دەنگـــی ســـوتانی عاشـــقانەی ئەوان بێـــت کە تکایـــان لێدەکەن دەرگـای دڵیـان بـۆ بکەنەوە، چـونکە قەتێی بە شـەواڕە کەوتـووی دڵـی ئەوانی عاشق لە ناو هێلانەی دڵی ئەواندا نەبێت، ئارام ناگرێت.

ئەو نەیدەزانی ئەو گەورەی گەنجانی خۆشگوزران و بە مەسـروفترینیان بـوو کە دایکی هەمـوو گەنجینە پڕ لە زێڕ و زیـوە زۆر و زەبەندەکانی باوکی لەبـری خەرجە گـران و بێماناکـانی ئەودا دانـابوو، ئەویـش لەو کـارەی خۆیـدا واتە:

ڕابواردن و سەیر و کەیف و شادی کەمترخەمی نەدەکرد و پێش هاوڕێکانی دەکەوت، بە هەموو کووچە و کۆڵانانی مەککە و مێرگ و سەیرانگەی دەوری شاردا ڕۆژە ڕێیەک بۆنی عەتری دەڕۆشت، ئەو کە ڕێی دەبڕی ڕێی نەدەبڕی بەڵکو سەمای دەکرد و هەموو جار کە باوکی بێدەسەڵاتی لە دایکی دەپاڕایەوە: خانم! کوڕەکە، کەم بە ناز و بە سەردا دابارانـدنەکانی خۆت بێ نازدار و بێدەست و پەنجە بکە!

دایکە هاواری بەسەر مێردەکەیدا دەکرد و دەیوت: ئا ناتەوێت کوڕەکەم وەک منداڵانی خەڵکی لاتولوتی گەڕەکەکانی خوارەوەی شار بێناز و داماو و بەنج و گیرفانی خاڵیەوە پەروەردە بکەم! پیاوەش کە لە بەرامبەر شمشێری تیژ و سامناکی زمانی ژنەکەی هیچی پێنەدەوترا بە بێدەنگی دەکشایەوە و حەسرەتی ئەو هەموو زێڕ و زیوەی بوو کە ژنەکەی بۆ کارە بێمانا و ئاکارە هەرزەکارەکانی کوڕەکەیان سەرفی دەکرد.

هەر ئەو کوڕە بەڵێ، هەر ئەو کوڕە، هەرزە عاشقە هەر ئەو لاوە بێکارەی دەست و پێ سپیە، کە شوێن موحەمەد کەوت تەنها باوەڕی نەگۆڕا بگرە بوونی گۆڕا و مەوجوودێکی دیکەی لێ پەیدا بوو، دایکی نەک تەنها پارەکانی لێگرتەوە بەڵکو خۆشەویستی دایکانەی خۆی لێگرتەوە، کە گەلێ لە پارە و زێڕ زێتر نەخشی لە ڕابواردن و حەز و شادیەکانی ئەودا بوو.

بەڵام ئەم هەموو ئەوەی قەبوولکرد و دڵی گۆڕا و ژیانی گۆڕا و ئاکاری گۆڕا بەرگی گۆڕا و عەتری نەما و قژی چەوری وشک بوویەوە و سەماکردنەکانی بۆ ڕۆشتنی ئارام گەڕایەوە، لەباتی ڕوانین بۆ پەنجەرەی کچانی دڵداری خۆی و گۆرانی و سەماکردن، چاوانی لە ئاسمان دەبڕی و چاوەکانی بە فرمێسک و بە خوێندنی کتێبەکەی موحەمەد لە دڵشادی ڕوکەش و مەستی هەنگاوی پڕ لە لەتری خوارنەوەوە بۆ ئارامی و شادی قوولْ گۆڕا، لەباتی مەستی بۆ هەڵسان و دانیشتنی بە ڕیتم و بێدەنگ و مانادارای بەردەم مەعشوقی نەدیتراوی خۆی وەرگەڕا.

ئەو پەتانەی کە بە دایک و دەولەمەندی و ڕابواردنیەوە دەبەستەوە هەموویان پچڕان، تۆشەبەرەیەکی کە چەند دانە خورما و بانێکی ڕەشی ڕەق و کوپەیەکی گچکی سرکەی تێدا بوو، دای بە شانیدا و بە تاکی تەنها خەندان و نەترساو بۆ ئەم شارەی ئەمان هات و وا لە بەردەم ئەمدا بە حیکمەت و ژیریەوە دڵی گەورە و ورد و دەولەمەند و هەژاری ئەم شارەی بۆ خۆی بردووە، ئافەرین موحەمەد بۆ خۆت و مەشخەڵێک لە دڵی شوێنکەوتووانی خۆتدا هەڵتکردووە و دونیای تاریکی پێ ڕۆشن دەکەنەوە، هەر بەو مەشخەڵەش بەوانی دییش ڕێی تاریکی نەدیتراوی ناو جیهانی خۆیان بدۆزنەوە.

ئوسەید لە کۆڕی شاهانەی سەعد چووە پێشەوە. کپ و بێدەنگ کە جەستەی بۆ لای هاوڕێکەی هاتبووەوە، چاوەکانی لەوێ لەو جێیە بەجێمابوون کە دەستیانگرت بوو و بۆ ئەوێیان برد بوو، سەعد پێی وت: ها چیت کرد؟ بەڵام ئوسەید هیچی گوێ لێنەبوو و سەعد گوتەکەی بۆ دووبارە کردەوە:

ئوسەید کە بۆ لای هاوڕێکەی هاتبووەوە وتی: هیچ، قسەم لەگەڵ هەردووکیان کرد، ڕێم لێگرتن وتیان: چی دەڵێیت وا دەکەین. بەڵام شتێکیان وت: زۆرم پێ ناخۆش بوو، وتیان (بەنی حاریسە) چوون بۆ ئەسعەد تا بیکوژن، چونکە زانیویانە پورزای تۆیە. ویستوویانە تۆڵەت لێبکەنەوە ئوسەید دەماخی هاورێی چەند ساڵەی خۆی دەناسی و بە مەکرەوە ئەمەی وت، بەمە باوباپیرانی شەڕکەری دوو سەدە لەسەر یەکی خەزرەجی کە لە هەناوی سەعد خۆیان مات دابوو بەخەبەرهێنا.

پیرەکان لەناو سەعدا کەوتنە هەڕەشە و ڕمەکەیان بە سەعد هەڵگرت و بە پەلە بۆ زانینی ڕاستی و دروستی مەسەلەکە بۆ لای ئەسعەد و موسعەب بە پەلە ڕۆشت. کە ڕۆشتە ئەوێ ئەوانی بینی لە کۆڕی عەیش و نۆشی بەهەشتیانەی خۆیاندا ئارام دانیشتبوون، زانی هاورێکەی ویستوویەتی گوێیان لێ بگرێت. هەندێک شت بە گێڕانەوە لێیان ناگەیت، دەبێت بە چاوی خۆت بیان بینی، نەخێر: بەڵکو تێیاندا بژی و بکەویتە ناویانەوە، ئەوسا لێیان دەگەی.

(سەعد) گەیشتبوویە ئەوێ، بەڵام لای ئەوان حوزووری نەبوو، بۆیە دەستی کرد بە قسە پێ وتنیان، ئەوجا ڕووی کردە پوورزاکەی وتی: ئەبو ئومامە سوێند بە خوا لەبەر خزمایەتی نەبووایە ئەمەم لێ قەبووڵ نەدەکردی، ئایا تۆ کەسێک دەهێنیتە ناو مااڵمان ئێمە پێمان خۆش نییە، (دەیویست بڵێ: نەریتی عەرەب نییە، بێگانەکان و نامەحرەمەکان لەناو بنەماڵەکە و خێڵەکەی خۆیان دابنێن).

پێشتر ئەسعەد بە موسعەبی وت بوو: پیاوێک بەڕێوەیە تایەفەیەک بە شوێنیەوەن، ئەگەر ئەمەمان لەتەکدا بێت هیچ کەسێک لەوان لە ئیمانهێنان دوا ناکەوێت. موسعەب لەبەر کابرای تووڕە هەڵسا و بە نەرمی زمانی فریشتەیەک پێی وت: سڵاوی خوا لە تۆ دادەنیشی قسەت بۆ بکەم (سفرەی ئاسمانی بە خواردنی وشەت بۆ ڕابخەم) ئەگەر پێت باش بوو (خۆراکەکەی بە ڕۆحتی خواردن) قەبووڵی بکە و ئەگەر پێشت خۆش نەبوو ڕەدی بکەرەوە.

سەعد: گەورە و ژیری خێڵەکەی بوو بۆ ئەو نەشیاو بوو بانگەشەی ئاوا ژیرانە (خوانی نەبینراوانە) ڕەت بکاتەوە. وتی: گوتەیەکی باشت وت!

خۆی بەسەر ڕمەکەیدا داو تاوێ گوێی لە موسعەب گرت، کاتێکی زانی هەر ئەو منداڵە هەڵسایەوە دەستی گرت و بۆ لای خوا و بەهەشت و بۆ لای موحەمەد لە ڕێگەی ئایەتەکانەوە سەفەری پێکرد، یەک یەک بە مەنزڵگە دڵگیر و خۆشەکانی جیهانی ئیمانیدا برد. لێی نەگەڕا تا ئیمانی نەهێنا دڵە تووڕە و تونده مرۆییەکەی بۆ دڵی شەرمن و بە میهری فریشتانە وەرگێڕا.

کاتێک هاتەوە ناوچاوی گۆڕا بوو، پێش ئەوەی بە زاری هیچ بڵێت: لە شەرماندا سەری داخست و بێدەنگ بوو پاشان زاری هەڵهێنا و وتی: ئەرێ ئێوە چی دەکەن ئەگەر موسڵمان ببن؟ ئەمانیش هەمان ڕێگەی پوختەبوون و کاروانی بوون و سەفەری نوێژیان پێ وت و ئیمانی هێنا، بۆ ناو قەومەکەی گەڕایەوە و بینیان گۆڕاوە و ئەو ڕووەی هەیەتی ئەو ڕووە نییە کە پێی ڕۆشت، ڕاستیان دەگوت: ئەوەی ئەو وەریگرتبوو بۆ گۆڕان بوو لەوەی کە هەبوو، نەوەک بۆی زیاد کردن. ئەمیش بە وێنەی هاوڕێکەی کە هەنووکە لەوێ دانیشت بوو و لەوی

دەڕوانی، بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆی بەوانی وت: ئەی خێڵی بەنی ئەشهەل، (مەبەستی خزم و حاشیەکەی خۆی بوون) ئایا من چۆنم بە لاتانەوەوە؟

ئەوانیش دەنگیان هەڵبڕی و وتیان: تۆ گەورەی ئێمەیت، ڕاکانت لە هەموو کەس ژیرانەترن و لە هەموومان قسە ڕۆشتووتریت.

وتی: گوتەی ژن و پیاوتان لەتەک من حەرامە تا باوەڕ بە خوا و پێغەمبەرەکەی نەهێنن. ئیدی ژن و پیاو بە هەڵە داوان بۆ لای موسعەب کەوتنە ڕێ و هەموویان ئیمانیان هێنا تەنها یەک پیاویان نەبێت، کە تا شەڕەکەی بەدر بە بێ ئیمان مایەوە و ئەو ڕۆژە بێ ئەوەی یەک نوێژ بکات شەهید بوو، ئەو دەمەی پێغەمبەر دەریبڕی وتی: ئەو پیاوەی کاری کەمی کرد و پاداشتی زۆری پێ بڕا، ئەویش (ئوسەیرنمە) بوو، شەهید بوو لەکاتێکدا نوێژێکی نەکرد و ناوبانگی دەرکرد.

سەعد بە پێکەنینەوە لە خزمەکانی دەڕوانی و سەیری موسعەبی دەکرد، ئەوجا لەوە تێگەیشت کە ئەو هیچ چاوەڕوانیەکی لەوان نییە، چونکە ئەو کاری خۆی دەکات ئەگەر لەسەر دەستی منداڵێکی وەک ئەمەش بێت، بەڵکو ئەوە ئەمانن چاوەڕوانیان لە خوا هەیە کە هەموو شتێکمان بۆ بکات.

موسعەب لە ماڵی ئەسعەد مایەوە و مەدینەی لە شاری ئاژاوە و خوێنەوە بۆ شاری زۆرینە فریشتە وەرگێڕا و ماڵێک نەما بوو فرتەی بالی فریشتەی بەسەردا تێپەڕ نەکات، بە نووری ئیمان ڕۆشن نەبوو بێت، تەنها ماڵی (بەنی ئومەییەی کوڕی زەید) و (خەتمە) و (وائیل) نەبێت کە شاعیر (قەیس) و کوڕی (ئەسلەت)، شیعرەکانی دیواری نەبینراوی لە نێوان ئەوان و بەهەشتی پڕ لە مرۆڤ و فریشتەی دراوسێکانیاندا دروست کرد بوو و نەیانهێڵا ئەو دیوارە بڕووخێنن تا سالی پێنجەمی کۆچی و گەمارۆ و چاڵ و خەندەق دوا کەوتبوون، بەڵام نەیاندەتوانی چاویان لە ئاستی ئەو نوورستان و هاوبات و ئامۆشۆ گەرموگوڕەی نێوان ئاسمان و زەمین دابخەن و چوونە خزمەت پێغەمبەر و ئەویش بە خۆشحاڵیەوە بۆ باخی بەهەشت پێشوازی لێکردن و ئیمانیان هێنا.

چل و یەکەم: پەیمانی عەقەبەی دووەم

(هاتبوون بە چاوی بچووکی تۆز لێ نیشتووی ڕێگای دوورودرێژی بیابان و بە پێ و پلی ئاوساوەوە، ڕۆحی خۆیان بۆ ڕاخستبوو تا بۆ ناو بوونیان هەنگاو بنێ و لە سوچی دڵیاندا سکونەت بکات).

چراکان لە مەککە هەڵبوون و ئەوان لەگەڵ هاوسەفەریە بتپەرستەکانیان هاتوباتیان کرد و هێندەیان وت: تا چاوانی ئەوانی سەفەری نیشتن و لەتەک ئاژەڵان، ڕۆژ کە سەریان لە بن هەنگڵیان نابوو و چاویان داخستبوو خەویان لێکەوت، بەرە بەرە چراکانی ناو مەککەش کوژانەوە و شار لەبەرچاوان ون بوو و هەر ئەوەی بێدینان کوژانەوە، ئەمانی موسڵمان لەتەک پێغەمبەرەکەیان دوای چەند پەیوەندی نهێنی و ژێر بە ژێر ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبوون لەتەک ئاژەڵانی شەو کە هەنووکە چوست و چالاک لە نێچیران دەگەڕان، هەموویان بە پسکە و بە گورجی بەرەو شێوەکە شۆڕبوونەوە.

حەفتا و سێ پیاو و ژنی یەسریبی بوون، کە بە تەما بوون لە داهاتوودا ببنە برای ئیمانی ئەو، ئەوان تەنها بەشێکی کەمی ئەو حاجیە موشریکانە بوون کە لە شاری خورما و تریوە بۆ زیارەتی ماڵی خوا هاتبوون. شەو هەموو تاریکی خۆی گرتبوو بە باوەشەوە و لەم شیوەدا هەڵی ڕشتبوو، چاو چاوی نەدەبینی حەفتا و سێ غەریبەی حاجی سپی پۆش لەناو ئەم تاریکییەدا چاوەڕوانی کەسێک بوون.

گەورەترین مۆجیزە ئەو سەردەمە کە لەپێناو ئەوانی دی و لە هەموو شتێکی خۆی گوزەرابوو و لە پێناوی ئەوانی دیدا هەموو زەجرێکی کێشابوو و دەیکێشا، بە نووری مانگی دەموچاوی خۆیەوە بۆ لای ئەمان لە شیوە تاریکەکە شوێنە نهێنییەکەیان هات و مامە باڵابەرزە بێباوەڕەکەی، بەڵام متمانەپێکراوەکەی (عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب) لەتەک خۆیەتی بوو. هەمووان ئامادەی ڕێوڕەسمی پیرۆز و پەیمانی مردن و ژیان لەناو بیابانی ترسناکی پڕ لە ئاژەڵی وەحشی و مرۆڤی دژە خودا بوون.

ئەمان گەلێ دڵشاد و بەختەوەربوون لە هەمان کاتدا بە سام و هەیبەت لەتەک کۆتا ڕزگارکەری مرۆڤ ڕووبەڕوو بوون. خۆشحاڵ بوون بەم ژوان و

پەیمانە وەک چۆن زەوی وشک بە هاتنی هەوری نەعرەت و بروسکەکێش و بۆنی تەڕی هەوای پڕ لە باران بۆن خۆش دەبێت.

هاتبوون دزداشەی تایبەت بە خەڵکی یەسریب و شمشێر بە دەست و دەموچاو داپۆشراو و عەگاڵی لە مووی وشتر دروستکراو بە سەرەوە بە چاوی تیژەوە لەویان دەڕوانی و چێژیان لە سەیرکردنی ڕەنگی پێغەمبەرانە و جوانخاسی هاشمیانەی ئەو دەبرد، مێژووی باوباپیرانیان دەیوت: ئەگەر ئەوان چاوەکانیان لە قورەیشیەکان بچووکترە، بەڵام ئەگەر بیانەوێت ئەوا دەتوانن چەند بەرامبەری ئەوان وردتر ببینن و بۆ دوورتر بڕوانن.

هاتبوون بە چاوی بچووکی تۆز لێ نیشتووی ڕێگای دوورودرێژی بیابان، بە پێ و پلی ئاوساوەوە ڕۆحی خۆیان بۆ ڕاخستبوو، تا بۆ ناو بوونیان هەنگاو بنێت و لە سوچی دڵیاندا سکونەت بکات. ئاخر ئەوان لە ڕێدا بڕیاری ئەوەیان دابوو ئیدی نابێت بهێڵن پێغەمبەر لە ژێر هەڕەشەی کافرانی بێدینی قورەیشدا بژی و لەناو شاخ و ئەشکەوتان لەتەک ئاژەڵانی کێوی بمێنێتەوە.

بێدەنگی و تاریکی بە مانای شەو ئامادەبووانی داپۆشی بوو، هەمووان چاوەڕوانی ئەوە بوون کە پێغەمبەر پەتەکە بگرێت بە دەستەوە و سەری قسەی تەژی لە خەبەری ئاسمان و دڵدانەوە بگرێتە دەست، بەڵام عەباس یەکەم کەس بوو بە دەنگی بەرزی هاتە دەنگ کە دەنگی ئەم وەک گڕی ئاگر بوو. ئەگەر لەبەر سامناکی دۆخەکە نەبووایە سکووتی شەوی دەکردە هەڵای بازاڕی گەرمی چێشتنگاو، ئەو کاتەی دوکانداران کاڵاکانیان لە سەرەتای فرۆشدان و دەیانەوێت بە حوکمی نەعرەتەی دەنگیان ساغیان بکەنەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش وتی: ئەی گرۆی خەزرەج (مەبەستی خەڵکی یەسریب بوو بە ئەوس و خەزرەجیشەوە)، ئێوە دەزانن کە موحەمەد کەسی ئێمەیە، دەیزانی منداڵێکی وەک موسعەب لە مەدینە چی بە باوەڕی کۆنی ئەو شارە کردووە، نەتانهێڵاوە کەس لەونەی لەسەر ئایینەکەی ئێمەیە دەستدرێژی بکاتە سەر، ئەم لەناو خێڵەکەیدا سەربەرز و پارێزراوە.

ئەگەریش دەزانن کە دەتوانن ئەو بەڵێنەی پێی دەدەن دەیبەنە سەر، ڕێ لە نەیارەکانی بگرن ئەوە ئەرکێکە دەیخەنە سەرشانی خۆتان، ئەگەر دەشزانن دەیدەنەوە پاش دەرچوونتان لێرە سەرشۆڕی دەکەن (نامەڕدانە پشتی بەردەدەن، ئەوا هەر لە ئێستاوە وازی لێبهێنن، چونکە لەناو کەسوکاری

خۆیایەتی) و (بە دەردی بێدەرمانی شوێن نەکەوتنی کەسەوە لە نێوان و شار و شاخ و بیابانداو بێت و بڕوات). وەک ئەوە وابوو بڵێت بۆیشی هەیە لێی پەژیوان ببنەوە بۆیە ئەگەر دەزانن بەرگەی ناگرن هەر ئێستا بیڵێن!

هەندێک چاوانیان پڕ لە فرمێسک بوون و هەندێکیش هەنسکیان دەدا و هەندێکیش بە خەندەوە شادی خۆیان دەردەبڕی، ئەنسارەکان لە یەکدی نزیک بوونەوە و لە یەکتر جوێ بوونەوە، وەک بڵێیت حەیفیان لێهات بێت، کە ئەو پیاوە ئەگەرچی مامی پێغەمبەرە هێشتا توانا و تامی ئیمانی نەچەشتووە، ویستیان وەڵامی بدەنەوە، بەڵام لەبەر پێغەمبەر وەڵامی تریان دایەوە و وتیان: هەرچیەکت وت گوێمان لێ بوو ئەوجا ڕوویان لە پێغەمبەری خوا کرد و وتیانەوە: ئەی پێغەمبەری خودا (ئەو گوتەیان زۆر بەلاوە شیرین و تازە بوو) بەڕێزت فەرموو بۆ خۆت و بۆ خوات چیت پێ خۆشە ئەوە بکە.

پێغەمبەر خودا زاری هەڵهێنا و سوپاسی خوای کرد و چاوەکانی بڕینە شوێنێکی دوور و لەناو جیهانی وتراوی خوادا سەفەری کرد و ئەوانیشی لەتەک خۆی برد. ئەوانیش لە دونیای وتەکانی و ئاوازی قورئان خوێندنەکەی چوونە خوارەوە کە دونیایان لەبیر نەکرد، بەڵکو لەبەرچاویان بچووک بووە. ئەوان غەرقی دەنگی فریشتەئاسا و پێغەمبەرانەی ئەو بووبوون کە ئایەتەکانی قورئانی بۆ دەخوێندنەوە. ئەوان خوایان باش ناسی و ترس لە بوونیان چووە دەرەوە متمانەیان بە سەرکەوتنی پێغەمبەر لا دروستبوو.

بە وتەکانی کە وەعدەی پاداشتی گەورەیدا و لە سزای دوژمنایەتی ئایینی نوێ، ڕۆژی پەسڵان و پاش پەسڵانی هێنایە شیوەکە، کە مرۆڤ تەنها خۆی و کردەوەکانی لەتەک خوا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەوانی لەتەک تەنهایی و غەریبی خۆیان ڕووبەڕووی کردنەوە کە تا چ ئەندازەیەکی وەحشەتی تەنهایی ناو خێڵ و کەسوکاریان دەیانترسێنێت، ئەوان دەیانزانی کە خەریکن چ هەنگاوێک دەنێن ئەنجامیان لا ڕوون بوو کە هەمووی ئازار و ماندوو بوون بوو، بۆیە متمانەیان لە خۆیان دەویست و سوکنایی و دڵنیایی لە پێغەمبەر.

ئاواز و ماناکانی و خوێندنەوەی بە شکۆی قورئان، لە لایەن کەسێکەوە کە بۆ سەر دڵی ئەو دابەزی بوو وا بوو وەک ئەوەی لە دونیای تاریکە شەوی خوێناوی عەرەب لەتەک خۆی بردبێتنی بۆ مەملەکەتێکی دوور دوور. بەناو خۆیاندا ڕۆشتن دیتیان ئەو جیهانەی ناوەش شارێکی زۆر گەورەیە کە

عەیامێکی گەورەی دەوێت تا بەناویدا گوزەر بکەیت، کۆڵان بە کۆڵان و جادە بە جادە پێیدا بپەڕێتەوە، کە لەوانەیە مرۆڤ دەیان ساڵە بژی و هەرگیز پێچی یەکێکیان تەی نەکات. ئەم ڕۆشتنەش چەند گواستنەوەی سەفەری گەڕەک و گەڕەکە، هێندەش چوونە خوارەو و نغرۆ بوونە کە دەبێت لە هەمان کاتدا لە هەر دوو ئاستەکەدا ببزوێیت.

هەر ئەو کاتەی گەڕەکە تاریک و بێ زێراب و پۆخڵ و پڕ مەملەکەتی گەڕەکی سەوزایی و پڕ لەخۆری درەشاوە و مەخلووقی ڕەنگین و ماسک دەگات، هەنووکە ئەو بەو دەنگەی خۆیەوە بەو ڕوانینە وەک چرا لەبەردەمیاندا هەڵکرا بوو، لەو حەقیقەت و حیکمەتانەی وەک ئامراز دابوویە دەستیان هاوکاری ئەوانی کرد و ئەوانی بۆ قوواڵترین و جوانترین جێگەی بوونیان پەلکێش کرد، لەو دوورەوە و لەو سەری سەرەوەوە لە خۆیان و بوونیان دەڕوانی، هەر بۆیە گوتەکەی عەباسیان پێکەم بوو کە پارێزگاری لێبکەن.

وتیان: ئەی پێیغەمبەری خوا لەسەر چی پەیمانت بدەینێ؟

موحەمەد بە دەنگێک کە تازە لەناو جیهانی نەبینراوی وەحیەوە دەهاتەوە وتی: پەیمانتان لەگەڵ دەبەستم کە بەرگریم لێ بکەن وەک چۆن بەرگری لە ماڵ و منداڵتان دەکەن.

(بەرائی کوڕی مەعرور) کە هێشتا دەنگ و ئاوازی خوێندنەکەی موحەمەد بەری نەدابوو دەستی ڕایەڵکرد و بە دەنگی بەرز کە هێندەی نەما بوو ئەوانی دیکە دەست لە دەمیەوە بگرن و بۆ خۆی هێواشی کردوە: بەڵێ بەو کەسەی بە ڕاستی تۆی کردوە بەگەیەنەری پەیامەکەی بەرگریت لێدەکەین وەک چۆن بەرگری لە خۆمان دەکەین. (بەمەش ئەوەی تێپەڕاند کە پێغەمبەر داوای کرد) پەیمانمان لەگەڵ ببەستە ئێمە پشتاوپشت کوڕانی جەنگ و شەڕ بووین.

بەڵام (ئەبوهەیسەمی کوڕی ئەلتەیهان) چەند هەنگاوێک چووە پێشەوە و شمشێرەکەی سووڕاند و وتی: پێغەمبەری خوا لە نێوان ئێمە و جووڵەکەدا بەڵێننامە هەیە، ئەگەر ئەوان پچڕاندیان و ئێمەش لەگەڵ تۆدا بین، ئایا وازمان لێناهێنیت و بگەڕێیتەوە بۆ ناو کەسەکانت؟ کە وای دەوت: گوێیان دەبیست، بەڵام نەدەچووە، عەقڵیانەوە و لە بەرخۆوە دەیانوت تۆ بڵێ شتی وا ڕووبدات!

تۆفانەکە ئەمانیشی گرت بوو، جا خۆ بە دەست خۆیان نەبوو، تەنانەت ئەگەر ڕێگەی وەک ئەوەی موحەمەدیان نەگرتایەتەبەر دواجار کە هەموو تیرە و

خێڵەکانی جیهان تاڵان دەکران و دەکوژران و بارمتە دەکران و خوێنیان دەڕژا و پیاوانیان بە کۆیلە و ژنانیش کەنیزەک و لاقە دەکران، جا باشتر نەبوو ئەوان نەک تەنها ڕێگەی ڕزگاری خۆیان، بەڵکو ڕزگاری بەرەوەی ئادەمی بگرنە خۆ، ئەوان سادە و داماو بوون، بەڵام لە هەمووان باشتر پێغەمبەریان ناسیەوە.

ئەویش باش ئەوانی ناسی هەر ئەو شەوە کاتێک پێشبینی دەرەنجامی کارەکەی خۆیان کردبوو، وتیان پەیمانەمەیەک لە نێوان ئێمە و جووەکاندا هەیە، هەر چەند خێریان لەو پەیمانامەیە نەدی بوو، هێندەی مایەی شەڕ و ئاژاوەنانەوە بوو نیو هێندە مایەی پاراستنی ئەوان نەبوو، ئەوەشیان دەزانی ئەگەر پشتیوانی پێغەمبەر بکەن، ئەوان دژایەتیان دەکەن.

ئەویش باش لە هەزری داهاتووی بابەتەکە تێگەیشت بوو، ئەوان زۆر ڕۆشتبوون، بەڵام دڵی ئەوان نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی دڵی پێغەمبەر پێی گەیشت بوو، بۆیە لە داواکەیان زەردەخەنەی کرد و وتی: (خوێنمان خوێنە و تیاچوون بە تیاچوونە، من لە ئێوەم ئێوەش لە منن، شەڕ دەکەم لەگەڵ ئەو کەسەدا کە ئێوە جەنگی لەگەڵدا دەکەن، ئاشت دەبم لەگەڵ ئەو کەسەدا کە ئێوە ئاشتی لەتەکدا دەکەن).

ئەو لە پشتەوە بەلەمێکی حەشار نەدا بوو، هەر کاتێک کەشتیەکە تێکشکا ئەوان بە تەنهایی لە بەردەم زمان دەرهێنان و قرچەقرچ و تۆفانی گەردەلوولی خێڵانی درندەی بیابانداا بەجێ بهێڵێت و لێبدات و بڕوات. ئەوان نەوەک سۆزی پارێزگاریاندا، بەڵکو داوای مانەوەی لایان کرد تا لە پەناو پەسێوەکان ببڕێت لە هەمان کاتیشدا ئاستە ڕوکەش و سەختەکانی سەروەری بوونی تەی بکات و سەرکەوێت یاخود داگەڕێت تا بگاتە چینە خوارتر و بانترەکان، لەوێ ئیدی سەرەنجامی هەر دوو سەفەرەکەی بە دونیای جوان و نوورانی پڕ لە ئەو کرد.

پێغەمبەر هەناسەی خۆی دەگرت و وشەکان بە هێواشی ئەدا دەکرد، خۆی کە تووش بوو بوو سەرەڕای هەڕەشەی مەرگ، ئەو لە کەس نەدەترسا، بەڵام نەبادا ئەوانی غەریبە تووش بکات و خەرمانی ڕەنجی بەربا بدات و بسوتێنێت. خوا هێشتا کاری مەزنی پێیان بوو ئەوانی لەسەر زەوی گل دابوویەوە تا بە بەرنامەکانی ئەو بگەن، ئەوانی بە تەنها لەو خەرەندە بەجێنەهێڵا بوو تا بە نائومێدیەوە بمرن، بەڵکو دەستی بۆ ڕایەڵ کردبوون، هەتا بیگرن و بۆ ڕزگار بوون سەرکەون.

شارەکەی ئەوان هەزاران ساڵە چاوەڕوانی پێغەمبەرێکی دەکرد، یاخوا بەخێر بێن سیانزە ڕۆحی ئازار چەشتووی ئەویش چاوەڕوانی لیقای وای دەکرد، ئێستا ئەوان دەبوونە شوێنی دەستپێکردنی ڕزگاری مرۆڤایەتی، ئامادەی قوربانی بوون و دەیانویست هەر لەو شەوەوە دەست پێبکەن.

ئەمەش مانای وابوو پەیوەندیەکانی لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆی بەشەر زۆر لەوە زێتر چوو و خزمایەتی خوێنی تێپەڕاند. زەردەخەنەی موحەمەد بۆ ئەوە بوو لای خەڵکی کاڵفام ئەوە نەدەزانرا، بەڵام بۆ ئەو نەک مانای وابوو کە پەیامەکەی جێی خۆی گرتبوو، ئیدی پێش دەرکەوتن سەرکەوتبوو. خوداش بە نیشانەی سەرکەوتن ئەو خەندەیەی لە سەر لێوانی ئەو نەخشاند بوو، ئەو پێکەنی و ئەم و ئەوان لەم سەر بوونەوە دەوەستن و بە زمانی ئیمان لە خوا و لە بەهەشت و لە فریشتە کە بەسەر سەریانەوە فڕەفڕ دەفڕن و لە باڵندە و شاخ و بیابان و دەریا دەڕوانن.

ڕاستیان وت: ئەوانەی پێش ئەمان هاتبوون و ئەزموونیان کردبوو، ئاخر ساڵی پار دوانزە لەمان لە هەمان جێ و لە هەمان کاتدا هەندێ لەمەیان ئەزموون کردبوو، موحەمەد مەشخەڵی بۆ هەڵبڕی بوون و دوور دووریان دیتبوو و دوژمنایەتی ناوخۆیان لەبیر کردبوو، لە دونیای نزم و چاڵی دۆزەخ هەڵیبڕی بوون و بە ئەزموون مامەڵەی لەتەک خوادا پیکرد بوون و گەشتی بەهەشتی پێکردبوون، لەو سەرەوە لە باخی بەهەشتەوە چاڵە قوواڵەکانی دۆزەخی پێ نیشان دابوون، چاوپێکەوتنی دۆزەخیانی پێکردبوون و گفتوگۆی ئەوەی لەتەکیاندا بۆ ساز دابوون کە بە چ کرداریک ئەوانی بۆ بنی دۆزەخ هەڵدابوو (بەیعەتی لێوەرگرتبوون)، کە ئەوە ئەگەر باخ و بێستان و بەهەشتی خوای پاش مەرگیش نەبا ئەوە خۆی بۆ خۆی بەهەشتێک بوو، ئەگەر ئەوان بۆ خۆیان چەشتبوویان بۆیە هەر دوانزەیان هاتبوونەوە.

ئەوە بەهەشتی ژیان و چەشتن بوو، بەڵام ئەم ساڵ لەوەی تێپەڕاند، بەهەشتی خەبات و ڕەنج و گوڕانکاری هەڵسانەوە و ماندوویەتی سام و عارەق ڕشتنی چووبوویە سەر. بەهەشتی ڕازی نەبوون بە هەشتی چاک بوون و حەوانەوە بەهەشتی ئەوەی کرمەکە لە قۆزاخەکەدا نەمێنێتەوە، بەڵکو باڵ بگرێتەوە و ببێتە پەپوولە باڵەکانی لێک بنێت. بەهەشتی ئەوەی ئێمەی زەمینی هەوڵی عوروج و چوونە ئاسمان بدەین، هەوڵی ئەوەی باخچەیەکی گچکە بۆ

خۆم ساز نەدەم، بەڵکو هەوڵ بدەم لەتەک هاوسەفەرەکانم فێردەوسێکی گەورە بسازینم، بیانکەمە شەریکی سێبەر و شادی و ئارامی، تا ئەوەش دێتەبوون، دەبێت قافڵەکە بەردەوام بێت. ئەم بەیەتە و ئەم بەهەشتە ئەوەی پاری تێپەڕاند بوو، واوەتر چووبوو و دەبوو ئامادەی واوەتربوونیش بن. بەڵێ ئەوان پێویستیان بە ڕێبەر و پێشەوا بوو، بۆیە هەر لە خۆیان پێغەمبەر دوانزە ڕچەشکێنی ڕێگا ئەزموون نەکراوەکانی بۆ دانان کە بکەونە پێشیان و لە دونیای پڕ لە تۆفان و ترس و تەنهاییدا پێشیان بکەون و ئەوانیش پشتیوانیان بن.

بە دڵی گەرم و چاوی فرمێسکاویەوە دڵیان کردە نیشتمانی وشەکانی و دەرگای ڕۆحیان کردەوە کە جارێکی دیکە بروسکەی ڕۆحی پێغەمبەرانەی خۆی لە جەستە و ڕۆحی ئەوان دانا، ئیدی ئەوان بوێر و ئازا بوونەوە و بوێری پێشەوایی کردنی پێبەخشین.

بە ڕوانینی پێغەمبەرانەی خۆی بۆ ئەوان دەڕوانێت، ڕوانینێک لە چاو ئەم شەو موحەمەد یارانی نوێی پەیدا کردبوو، ئەوەشی باش دەزانی کە هیچ شتێک هێندە هاوڕێیەتی پەیامەکەی بۆ ناو دڵ و ماڵ و گەڕەک و شارەکان و سارا و دەریا ناگوازێتەوە. دەبوو پانتایی هاوڕێیەتی ئەو و مرۆڤانی چاک فراوان و فراوانتر با، دەبوو هاوڕێی ناسک و هاوڕێ سازێک لەتەک ئەواندا بنێرێت کە پێشتر بە بۆنی عەتر و چەوری قژەکانیەوە خەڵکی بۆ لای خۆی دەبرد، هەنووکە لە ڕێگەی گیرفانی خاڵی جلی شڕ و برسێتی و سینگی فراوان و دڵی پڕ لە حیکمەتیەوە هیچ کەس لەتەکی دانەنیشێت کە بە شوێن خۆیدا نەیبات.

ئەو مرۆڤێکە و بووەتە فریشتە، هەر هێندە نییە باڵی لێنەڕواوە کە بفڕێت، ڕەنگی دوو باڵی نەبینراویشی هەبێت تەنها موحەمەد دەینبینێت کە بە ئاسماندا پێیان دەفڕێت، موحەمەد ئەو لاوە فریشتەیەی زۆر خۆشدەویست هەرچەند پاشەڕۆژی ئازاردەری مەرگی ئەخلاقی ئەوی لەبەر چاوە کە چۆن ئەو کوڕە شازادەی خۆشەویستی دایکی شەهید دەبێت، جلەکانی بەشی ناکەن لە کاتی خستنە ناو گۆڕیدا کراسەکەی بۆ سەرەوە هەڵدەکشین قاچەکانی دەرەکەون و قاچەکانی دادەپۆشن و سینگ و سەری دەردەکەوێت و بە ناچاری بەگیای بیابان جەستەی خوێناوی دادەپۆشن، ئەو مرۆڤە فریشتە شەهیدەیان لەتەکدا ناردن و لەو ڕۆشتنەی ئەوەوە ئەم شەوە دروست بوو.

کورێک که هێزی ئەو لە چاوە شەرمنەکانیەوە سەرچاوەی گرتووە لەو ڕوانیانەی کە ئەگەر بەر مرۆڤ بکەون، ئەوا هێندە موحیبەت دەڕژێتە گیانیەوە گیرۆدەی دەبێت. گیرۆدەی شەفەقەت و عیشقی، ئیدی خۆی پێناگیرێت و خۆشەویستی موحەمەد لەتەک خۆی دەبات و هەموو ئەوانەش لەگەڵیدان بە شوێن خۆیدا دەبات.

کورێک بووە مایەی ئەوەی هەموو مااڵێکی مەدینە پەیامی خوای پێ بگات و پێش ئەوەی کۆچ ڕووبدات. لە ڕۆژی ئوحود کە کافران قەسابی دەرهێنانی جەرگ و دڵی یارانی موحەمەد لە مەیدانی شەڕدا دابنێن، ئەمیش تووشی دەردگەلی خۆی بکات. ئااڵ بە دەست بە شیر هەردوو دەستی کە ئااڵی هەڵگرتووە لە الشەی بکەنەوە و ناوشانیشی بە نێزەیەک تا هەناوی بسمن. چاوەکانی بۆ مەرگی ڕەنجاوی موسعەب پڕ لە فرمێسک بوو کە ئەو هەموو مرۆڤە جوامێرەی لەم شیوەدا خڕ کردبوو.

ئەو شەوە بەیعەتیاندا و ئەمە جاری سێیەم بوو کە یەسریبیان بە پێچەوانەی هەموو عەرەبەوە لەتەکی قسە دەکەن. ئەم ساڵ کە ساڵی سیانزەیەمی پێغەمبەراتیەکەی بوو. لە تاریکیدا پیاوان دەستیان بە دەستیەوە ئااڵند و ژنانیش دەستیان نەخستە ناو دەستیەوە، بەاڵم دەستیان بە سینگیانەوە نا و بەیعەتیاندا. ئەویش لە بەرامبەردا پەیمانی بەهەشتی دەدانێ، بەیعەت مانای ئەوەی ئیمان هەتا هەتایە ئەو و ئەوان پێکەوە گرێ دەدات، ئەوان هێندە گەرم بووبوون هەر مشتیان لە سەر دەسکەی شمشێریان بوو کە لە الیەن سەروەرەکەیانەوە مۆڵەت بدرێن قەتڵ و عامی کافران دەست پێ بکەن.

لەو ڕۆژەوە و لەو بەیعەتەوە مێژووی هەموو دونیا گۆڕا، گەردوون پێچی خوارد، ژیان و مەرگێکی دیکە دەستی پێکرد، ململانێ و هەڵکژانێکی دیکە هاتە بوون. ئەم بەیعەتە پەیوەندیەک لە نێوان موحەمەد و یارانی تازەی ئەوانەی بە پشتیوانان ناونران دروستکرد، پەیوەندی خوێن و خێڵەکی پەیوەندی ژن و ژنخوازیش نەبوو، پەیوەندیەک لە هیچکام لە پەیوەندیە باوەکانی ئەو ڕۆژگارە نەبوو لە هەموو ئەو پەیوەندیانەش قوواڵتر بوو. وشەکانی وا لە سەرەخۆ دەوتن کە نیشان لە ئارامی ناو ڕۆحی لەو هەلومەرجە ترسناکەدا بکەن. لە بینینی جوامێری ئەو مرۆڤە لە خۆبردووانەدا بۆی دەرکەوت کە هیچ وەخت کارەکانی

به زایه نەچـوون و مـرۆڤ شایسـتەی ئەوەیە لە گەیانـدنی پەیـامی خـودایی متمانەی پێ بکرێت و هاوکاری ڕزگاربوونی بکرێت.

گوێیـان لە دەنگـی باڵنـدەی شـەو بـوو کە غـاغ غـاغ لە ئاسـمانی دوورەوە دەسووڕایەوە، ئەوان ئەو شـەوە نەخشـەی دونیایەکی نوێیان دارشت کە پێشتر لەناو عەرەبدا ناوێکی لێ نەنرا بوو، ئەو جیهانەش لە یەسـرییی نیوە عەرەبی بتپەرست و نیوە جولەکەی تاکانە پەرستەوە دروست دەبوو کە تا ئەو کاتە وەک بەشێکی دیار لە جیهانی عەرەب حسێبی بۆ نەدەکرا.

وشـەکانی بە جۆرێک بـوون هەمـوو شـتێکیان دەگـۆڕی داهـاتووی خۆیـان و کاروباریانی تەنانەت سەرەنجامی لە پـاش مەرگیشیان هێنانە بەرچـاو، بەڵام ئەو دواجـار مـرۆڤ بـوو و پیـر بووبـوو ئـازاری چەشـت بـوو. خزمەکـانی بە شـوێن ئەوەوە بـوون کە هەر کارێک بۆ هەرەسـهێنانی بەرنـامەکەی ئەنجـام بـدەن و تـا ئەو سـەری ڕێگەکە بـڕۆن و لە نـاوی بەرن. خزمـانی قەدری ئەم خـزمە عاقڵ و دەسـتپاکەی خۆیـان نەدەزانـی. ئەو گـەنجینەیەک بـوو لەم شـەوە تـارەدا دەبریسـکایەوە و زێـڕ و بەردێـک بە بەهـای وابـوو کە دەیهێنـا ئەمـان لە پێنـاو پارێزگاری لێکردنی ژیانی خۆیان مـاڵ و منداڵیان بـخەنە خەتەرەوە. قورەیشیان بە لـوتبەرزی خۆیـان نـاتوانن ئەو هەمـوو حـیکمەتە ببیـنن لەم پیـاوەدا هەیە، سـبەینێ لە چەنـد ڕۆژ ڕێـگە لەو لای خۆیـانەوە ئەمـان بە گەورەی خۆیـان دەیناسـێنن و لە ڕێی ئەوەوە خۆیان و جیهـان ڕزگـار دەکەن. بەهـۆی ناسـیاری ئەوەوە جیهـانێکی نـوێ دەهێنـنە بەرهەم کە هەر کەس شـوێنی ئەوانـی دیتبێت وەسوڕمان بێت.

مـوحەمەد لەسـەر زەوی ڕاودەنرا و بە گـوتەی شـوێنکەوتووانی لە مەدینە لە نێوان شاخ و بیاباندا بـۆ پاراستنی خـۆی و پەیداکردنی پشـتیوانی لە هـاتووچۆدا بوو، ئەو بە شوێن گەیاندنی وشـەی خواوە بوو و ئەوانیش بە شوێن ئەوە بوون کە لەنـاوی بەرن. ئەوان بـرای ئەو بـوون کەسـەکانی خـۆی بـۆ لای ئەوان جێـدەهێڵا، مرۆڤەکـان هەمـووان بـرای یەکتـرن، بەڵام ئەوان نـازانن کە یەکتـری دەکوژن، ئەو و ئەوان دەبوو سنووریک بۆ ئەو بێسـەروبەریەی بوون دابنێن.

کـاری خـوا زۆر لە جێـی خۆیـایەتی، ئەوانە هەر ئەو مرۆڤـانەبوون کە بـۆ کـارەکەی وی تاشـرا بـوون، ئەو سـارای دوور و ئەمـلا و ئەولایـان بـۆ دەگەڕا کەچی ئەوان بۆ خۆیان هـاتبوونە بەردەسـتی. وەک دوو ئـازیز ئەو شـەوە لەتەک

یەک دوان کاروباری خوایان لەتەک مرۆڤدا حەل و فەسڵ دەکرد و ئەو دەیوت و ئەوانیش بە ئارامی بە پێچەوانەی خووی سارانیشینانەوە سەریان دادەنەواند و گوێیان دەدایێ، ئەوان دەیانوت و ئەویش بە خامۆشی و خاکەڕاییەوە خامۆش دەبوو و گوێی لەوان ڕادەدێرا. وتەکانی وا بوون کە ئیدی ئەوان هاوسەفەری هەمیشەیی ئەون و لە یەکتر جوودانابنەوە.

ئەوان ژمارەرەی هاوڕێکانی ئەویان زێتر دەکرد و ئەویش تێر بووبوو، نۆرەی پەیمان و کار بوو. بۆ ئەمەش دەستیان بۆ مەولاکەیان درێژکرد و ئەویش دەستە نوورینەکانی کە لەناو تاریکییەکەدا درەوشانەوە خستە ناودەستی خاکی و هەندێ نەرم و زۆرێک زبریانەوە تەنها دوو ژنەکە نەبێت، کە بە نیشانەی پەیمان لەتەک ئەوانیش دەستی لە سەر سینگی دانا و چاوەکانی داخستن و هەرچی دەوت ئەوانیش لەتەکی دەیان وتەوە، ئەو کارێکی بەوان کرد کە لە خۆیان زێتر فراوانی بەوان بەخشی.

بە بینین و گوتەکانی سوکناییان بۆ هات و ئەوان لەو مەمنون بوون کە چاوی ئەوانی کردەوە لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان داینان و ئەوانی بە خۆیان ناساند، کە لەم بیابانە دوورەدستەدا خوا فڕێی نەداون، بەو وتانەی ئەوانی لە خۆیان بەرزتر کردەوە و کردنی بە بەشێک لە پێغەمبەرایەتیەکەی.

ئەوانیش بۆ خۆیان خەریک بوو دەچوونە ناو بابەتەکەوە و تا هەنووکە تەنها لەو کەسانە بوون کە تەنها بۆ خۆیان نەبێت بۆ خێڵەکانی دیکە گرنگ نەبوون، بۆ خۆیان دوژمنایەتی ناوخۆیان بە درێژایی دوو سەدە درێژەی هەبوو، بەڵام بۆ ئەوانی دی لەوانە بوون کە مرۆڤی بێوەیی دەناسران و مەرگ و ژیانیان بۆ ئەوانی دیکە هیچ گرنگ نەبوو، ئێستا ئەوان بۆ ئامانجی مەزن کەوتبوونە جووڵە، ئەوەی بۆ ئامانجی پیرۆز و گەورە بێت، دەبێتە مرۆڤێکی دیکە تەنانەت خەڵکی حسێب بۆ نەکراوی وەک دوو تیرەی ئەوس و خەزرەجیش بێت.

ئەو هەنووکە لە خۆیان ڕزگاری کردبوون و بتەکانی ناوەوەیانی شکاند بوو. کاتێک بتەکان لەناوەوە بشکێن، ئیدی بتە دەرەکیەکان بۆ خۆیان نامێنن. هەنووکە ئادەمیان بۆ دوو بەرە دابەش بووبوون، بەرەی ئەوانەی دەیانتوانی و دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و مەست دەبوون و ماچیان دەکرد و ئەوانەش لە لاکەی دیکە مەزڵوم و بەستەزمانەکانن. ئەو ئیدی ئەمانی هەڵبژاردبوو تا

لەتەکیان شاری خۆی بینا بکات و بۆیە پەیمانی بەواندا کە بۆ لای ئەوان کۆچ دەکات.

هەنووکە ئەوان باسی توانا و کردنەکانی خۆیان کردبوو، پێویستی دەکرد کە نەتوانینەکانی خۆی بزانێت ئەوجا بڕیارِ بدات، بە پێغەمبەربوونی موحەمەد تەنها توانای بەخشینی ئەبوبەکر و خەدیجە و پشتیوانیەکانی عومەر و حەمزە دەرنەکەوتن، بەڵکو دژایەتی و ڕێگریەکانی ئەبوجەهل و ئومەیە و ئەبوسوفیانیش خۆیان نمایان کرد. وەک ئەوەی ئەو ئاوێنەیەک بوو ئەگەر ئەو ئاوێنەیە نەبووایە نە چاکەکانی چاکەکاران و خراپەکانی خراپەکانیش کەس نەیدەبینین، ئەگەر موحەمەد نەبوایە کێ دەیزانی موسعەب هێندە چاک و ئەبولەهەبیش هێندە خراپە. پێویست بوو پێش پەیمان خۆیان بدەنە بەر ئاوێنەکەی موحەمەد تا بۆیان دەرکەوێت خۆیان چین، ئەوەی بتوانێت خۆی ببینێت ئەوا خودای بینیوە.

"ئەسعەدی کوڕی زەرارە" کە لە هەموو حەفتا نەفەرەکە گەنجتر بوو چووە دەرەوە و دەستی پێغەمبەری گرت و وتی: ئێمەی خەڵکی یەسریب، پشتی حوشترەکانمان بۆ ئەوە شکاندووە کە بێین بۆ لای تۆ. سەیرێکی بە مانای سەروەرەکەی کرد کە دەستی لەناو دەستیدا بوو، تەنها لەبەرئەوەی کە زانیومانە پێغەمبەری خودایە.

دەرکردنی ئەو لە ناو کەسەکانی جوودابوونەوەیە لە هەموو عەرەب و خوێن ڕشتنی باشەکانتان سەیری ئەو هەموو گەورەی تیرەکەی کرد کە لەوێ وەستا بوون، شمشێرەکان گۆشتتان لەت دەکات جا ئەگەر خۆتان دەگرن لەسەر ئەوانە فەرموون: بەیعەتی بدەنێ و پاداشتان لای خوایە. یان ئەوەتا لە خۆتان دەترسن ئەوە وازی لێبهێنن (لە کوێوە هاتوون بۆ ئەوێ بگەڕێنەوە) زانی دەماری پیاوانەی ئەوان ببزوێنیت وتی: یان ئەوەیە لە خۆتان دەترسن ئەوە وازی لێبهێنن (وای بە حاڵتان ئەگەر لەگەڵ دوژمنی بەهێزتر لە خۆتان بجەنگن کە قورەیشە) دەستی پێغەمبەری هەڵبڕی و وتی: ئەمە دەرفەتە بۆتان لای خوا. لەو سەرەوە (عەباسی کوڕی نەزلە) کە گوتاربێژی ناسراو بوو هاتە جواب و وتی: ئەرێ ئێوە دەزانن لەسەر چی بەیعەت بەم پیاوە دەدەن؟ ڕوانیە پێغەمبەری ئاشتیخواز.

وتیان: بەڵێ.

دەستی وەک نیشانەی هەڕەشە لەوان کرد و وتی: ئێوە پەیمانی دەدەنێ لەسەر شەڕکردن لەگەڵ ڕەش و بۆر (وەک بڵێ لەگەڵ هەموو شەڕکەرانی عەرەب) سووڕایەوە و دواتر وتی: ئەگەر وا دەزانن بە تاڵانکردنی ماڵتان و لۆقەکردنی شەرەفتان و کوژرانی پیاوماقوولتان، ئیدی ئەو دەدەن بە دەست کافرانەوە سوێند بە خوا ئەوا سەرشۆڕی دونیا و قیامەت دەبن، خۆ ئەگەر دەشزانن کە دەتوانن بەڵێن بەرنەسەر سەرەڕای لەناوچوونی ماڵ و سامان و کوژرانی پیاوماقوولان ئەوا دەست بدەنە دەستی، چونکە ئەوە سوێند بە خوا خێری دونیا و ئاخیرەتی تێدایە.

هەنووکە هەمووان لە جێی خۆیان جوولان، وەک ئەوەی سوێند بخۆن لە پێشدا ویستیان بە دەنگی بەرز دواتر بیریان کەوتەوە کە ئەوە نابێت ئەوسا بە نهێنی وتیان: پەیمان دەدەین... پەیمان دەدەین.

وتیان: ئەی پێغەمبەر خوا ئەگەر پەیمانت بدەینێ چیمان دەست دەکەوێت؟

وەڵام دایەوە: بەهەشت.

بەهەشتی نەبینراو کە هەنووکە لەبەر دەستان نەبوو بەرامبەر هەموو ئەو تاڵانیە بەردەستانەی خێڵەکانی عەرەب کە لە شەڕەکانیاندا دەستیان دەکەوت. ئەوان یەکەم قەومی عەرەب بوون کە بیر لە داهاتوو بکەنەوە و شتی تێداچوو بە شتی ئەبەدی و ماوە بگۆڕنەوە، ئەو شتە باشانە بکەن و ڕێگە نەدەن وەحشیەکانی ناوەوەیان بە سەریاندا زاڵ بن و لە پێشدا ئەو دێوانەی ناوەوەی خۆیان بدەن بە زەویدا و و زنجیریان بکەن، دواتریش لە دوژمنانی دەرەوەیان شمشێر هەڵبکێشن.

کۆبوونەوەکە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ کۆبوونەوەی فریشتان هەڵگەڕا بوو. ئاسان نەبوون ئەو شتانەی لەسەری ڕێککەوتن، بەڵام ئینسانیش بوون لە سەروو توانای مرۆڤەوە نەبوون. هیچ شتێک نەدەجووڵا و نە فریشتە کە باڵەکانیان لێکنابوو و وەک مرۆڤەکان لەوێ بە پێوەبوون نە مرۆڤەکانیش. هەمووان بە پێوە ڕەق و قیت وەستا بوون، چراکانی خواش بەو ئاسمانەوە نەکوژابوونەوە، بەڵام پرتەشیان نەدەهات، چاوەکانی سەر داخرابوون و چاوانی دڵ کرابوونەوە و هەموو شتێکیان دەبینی. هەم جوان هەم سامناک بوو، هەم ترس و هەم هەیبەت بوو، هەم نە وتن و لەیەکتر ڕوانین و هەمیش وتن بوو، ئەم دەیگوت و ئەوان بێدەنگ دەبوون، ئەوان دەیانگوت و ئەم گوێی دەگرت،

هەموو شتێکیشی هاوڕێ کۆنەکەی بەجێهێشت کە هەر خۆشی بە چاوی نەبینراوی خۆی ئاگای لە هەموو شتێک بوو.

(عەباس) بیری دەکردەوە: چۆناوچۆنی وێرابوویان تەنها کۆمەڵێک مرۆی بێدەسەڵات، بوێری وا بدەنە بەر خۆیان و بەو شەوە تاریکە دوور لە نیشتمان کۆ ببنەوە! چۆناوچۆنی توانی بوویان لە سەرزەوییەکی بچووک ژیان و ماڵ و منداڵیان بخەنە ترسناکیەوە! لەو دووری دوورە و بێن و بڕیاری ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو هێزی قورەیشی دێو و شەیتان ببینەوە، ئەوە مەککە بوو بە هەموو وەحشەت و درندەیی خۆیەوە زۆر نزیک و ئەوە یەسرییبی زێد بوو، کە زۆر دوور و زۆر داماو و بێدەسەڵات، ئەوان چۆن چۆنی و وێرابوویان بێن و پەیمانی ئاوا لەتەک برازاکەی ئەم ببەستن.

ئەوان باش لەیەکتر دەگەیشتن (عەباس) لەوە نەدەگەیشت، کاتێک وتیان: ئەگەر پەیمان بە تۆ بدەین چیمان دەست دەکەوێت، ئەوان دەیانزانی پێکەوە چی دەڵێن کاتێک وەڵامی دانەوە (بەهەشت). بەهەشت تەنیا دار و ئاو و باخ و میوە نەبوو کە ئەوانی بیابانی هیچیان نەبوو، کە ئەوان یەسرییبی جوودا لە جێگەی دیکەی بیابان هەندێکی هەبوو ئاوی شیرین و باخی تری و خورمایان هەبوو. بەهەشت شتێک بوو کەمێکی ئەوانە بوو، بەهەشت ئەوە بوو کە ئەوان و موحەمەد لێی دەگەشتن و بە چاو بۆ یەکدیان دەگواستەوە، بە خەندە و بە فرمێسک بەڵێیان بۆ یەکتر دەکرد، بەهەشت ڕێبڕین و بوون و مانەوە لای خوا بوو، ئەوان زۆر بە خێرایی لەوە گەیشتن و گەشتنە ئاستی پەیامی موحەمەد.

ئەوانی بۆ بەهەشت نەدەگواستەوە، بەڵکو بەندەکانی بەیەتەکە هەر خۆیان بەهەشت بوون. بەهەشتی سەرزەوی و نەبینراو کە ئەوان دەیانبینی خەڵکی دیکە، کە تەنانەت مامی پێغەمبەریش کە هەنووکە لەوێ وەستا بوو نەیدەبینی. سوپاس بۆ ئەو کە چاوی ئەوانی کردبوویەوە. وەی چ ئاو و هەوایە چ سروە و سەفایە چ نوور و ڕۆشناییەک لەو بەهەشتەوە دەهات کە لەو تاریکییەدا موحەمەد بۆ ئەوانی خولقاند.

هەنووکە ئەوان لە ژێر ڕەشماڵی کون کونی ئاسمان کە هەزاران کونی تێدا بوو، لە هەر کونێکیشەوە ئەستێرەیەک سەری دەرهێنا بوو ڕایەخی بەیەتیان ڕاخستبوو، پێویستیان بە وردە چیلکەی زێتر بوو کە ئاگرێکیش بکەنەوە کە

لەبەرەم ئەو سەرما جەرگەبڕەی شەوی بیابانی بێدینی پێگەرم بکەنەوە و ئاگری ئیمان هەڵبکەن.

وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا لەسەرچی پەیمانت بدەینێ؟

ئینجا پێغەمبەر بە سەر ڕۆحی ئەواندا چەمیەوە، بە شێوەیەک هەر لەو بوەشێتەوە، بەیانی وردەکاری پەیماننامەکەی کرد و دەیگوت و ئاواش دەیگوت وەک ئەوەی ئایینداری تەنها شتە گەورەکان نەگرێتەوە، بەڵکو دونیای شتە بچووکەکانیش بگرێتەوە، وتی: پەیمانم دەدەنێ لەسەر گوێرایەڵی لە خۆشی و ناخۆشیدا لەسەر خەرج کێشان لە بوون و نەبووندا (ئەگەر هەبوو بۆ هەمووانە و ئەگەر نەبوو ئەوا نیە). لەسەر (فەرمانکردن بە چاکە و ناکردن لە خراپە) هەمووان بەشداری یەکدی بن، لە (زێدەکردنی جوانی و چاکە و کەمکردنەوەی زشتی و خراپە). لەسەر ئەوەی کار بۆ خوا بکەن و لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسن. (دەیویست مرۆڤی ڕەسەن بەرهەم بهێنێت، هەر ئەو مرۆڤانەی چی مایەی ڕزگاریانە بەوە گرنگی بدەن).

لە سەر ئەوەی کە هاتمە لاتان بەرگریم لێبکەن، وەک ئەوەی بەرگری لە خۆتان و هاوسەران و منداڵەکانتان دەکەن (بە تەنها لەو بیابانە فراوانە بەجێی نەهێڵن) ئەگەر ئەوەتان کرد بەهەشتتان دەست دەکەوێت. ئەوەی کە ئێستا لەتەک ئەودا بوون بۆ خۆی بەهەشت بوو و ئەو ئەو قیامەتەی لەواندا قەوماند بوو کە ئەوانی دەگەیاندە بەهەشت.

ئەم دەدوا وشەکانی لەناو ئەواندا دەبوونە چرا، ئەوانیش ڕێگەی نوێیان پێ دەدۆزیەوە، ورچە ورچی زاریان دەهات و مامە باڵابەرزەکەشی لەوێ پاسەوانی دەکرد و دەیوت و ئەوانیش گوێیان لێ بوو، ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە هاتبوونە خوار و لە نزیک ئەوان ئەوانیش هاوڕێیانە و لە نزیک ئینسانەوە گوێیان گرتبوو، شایەتی ئەو دەستانەی پیاوان بوو کە لەناو دەستی نوورانی موحەمەدیان نابوو، هەر کە نۆرەی ژنانیش دەهات ئەوان و موحەمەدیش دەستیان بە سینگانەوە دەناو هەمان پەیمانی ئیمان و شوێنکەوتنیان دووبارە دەکردەوە.

مامەی باڵابەرز لە ڕێگەی دەڕوانی کە بێجگە لە کۆمەڵە غەریبەیەک و برازاکەی کەسی دی لێنەبوو، لە هەر چوارلاوە بیابانی چۆل دەبریسکایەوە تاشەبەردە ڕەشەکان بەو شەوە ڕەشە دەبریسکانەوە. وای کە عەیب بوو بۆ

مەککە و قورەیش غەریبانێک پەیمانیان بە ڕۆڵەکەی ئەو دەدا، ئەویش کام ڕۆڵە، ڕۆڵە ژیر و ئەمانەتەی لە خۆی بپارێزن.

نازانرێت مامەی بێباوەڕ چۆن بیری کردۆتەوە، کاتێک ئەو هەموو تاسە و داگیرسانەی ئەو غەریبانەی بینیوە. وەک ئەوەی خوا و فریشتەکان لەوێ بن و فەزا نوورانی بوو و ئیدی کارەکەی وی بەجۆرێکی دی دەگۆڕا بڕیاری نوێ دەربارەی هەموو ئەوانە دەدرا کە بێ ئاگا یاخود هێشتا لە دایک نەبووبوون.

کارەکە زۆر گرنگ و متمانە و هیوابەخش بوو، بەڵام موحەمەد دڵنیا و ئارام دەدوا وشە ترسناکەکانی بەیعەتەکەی بە زاردا دەهات. ئەوانیش هەڵدەسانەوە و دەچوون هەر بە دەستی خۆیان نەبوو، کاتێک زاریان هەڵدەهێنایەوە هەر ئەو وشانەیانەیان دەوتەوە کە موحەمەد دەیوت. هەندێکیان بە گریان و هەندێکیشیان بە بێدەنگی لەویان دەڕوانی.

دواتر ئەو کاتەی موحەمەد کاڵای تازە و گرانبەهای بەلاشی دابەش دەکرد کەچی کەس نەیویست، ڕۆژێک شەبەق لە ماڵ دەردەچوو و بۆ نانی شێو دەگەڕایەوە و دیسان ڕووی لە تاریکی شەو دەکردەوە و بەلەنگازە تەنها ڕێبڕین و ماندووبوون زێتر هیچی پێنەدەبڕا. خزمانی دڵسۆزی زۆر جار سۆزیان بۆی دەبزوا، لەو بێ ئەنجامیەی کاری ئاگادارییان دەکردەوە و دەیان وت: هەزار تۆبکڵت هەڵدا ئیدی بۆ دانانیشی؟

ئەو زۆر کاری ئەنجامدا بوو، ئازاری چەشت بوو هەژار کەوت بوو و هاوڕێ خۆشەویستەکانی، سومەیە و یاسر خوێنیان ڕژا بوو و بۆ بەهەشت ڕۆیشت بوون. خەدیجە و مامی ڕۆشتبوون، ئەوانەشی مابوون وەک تەختەی سەر ئاو بێ هەست و دەبوو ئەو کارەی بە ئەنجام گەیشتبا.

ئەگەر ئەویش لەو گەڕابا ئیدی ئەوە خوا بوو لەم نەدەگەڕا. ئەو بە دوایین پەیامبەری خۆی هەڵیبژارد بوو، خستبوویە سەر ئەو ڕێیە و دەبوو بە ئەنجامی گەیاندبا، ئاخر ڕێگاکان سەخت و ئازارەکان گەورە بوون و ڕزگارکردنی مرۆڤ زەحمەتی زۆری دەویست ئارامی و ماندوو نەبوونی دەویست، دەی ئەویش هەر خەریکی ئەو کارە بوو.

مرۆڤ بە حوکمی مرۆڤ بوونی خۆی هەم ئەمەی نەدەزانی و هەمیش پەلەی بوو، بەڵام ئەویش بە حوکمی خوایانەی خۆی تا کاتی نەهاتبا هیچ کارێکی نا بەجێی ئەنجام نەدا، وا دیار بوو ئیدی ئێستا کاتی هاتبوو کێوی بینی بوو و بۆیە

دەبوو بەفری تێبکات و کەس نەیدەزانی بە قودرەتی خوایانەی خۆی هەر لەناو عەرەبدا هێندە بەندەی ئامادە و سازی هەیە کە نەک هەر گوێ لە بەرنامەکەی دەگرن، بەڵکو ئامادەن لە پێناویدا بمرن.

هێندە هیۆر و لە سەرخۆ دەدوا دەتتوانی وشەکانی بژمێریت. لە نێوان هەر وشەیەک و وشەیەکی دیکەدا سکووتێک و لە نێوان هەر ڕستەیەک و ڕستەیەکی دیکەدا بێدەنگیەکی ئەبەدی بوو، مانگیش تریفەی ئارام و تەماوی خۆی بە سەریاندا دەپژاند. هەندێ جاریش مەلانی شەو لە کەناڕێکەوە کپی شیوەکەیان دەشڵەقاند، لەمبەر و ئەو بەری شیوەکەوە بەسەر سەری ئەماندا بۆ ناو قوواڵایی تاریکی دەفڕین.

هەر لەو کاتەی ئەوان قسەکانیان تەواو کرد و خەریک بوون بۆ ناو خێوەتەکانی خێڵەکان دەگەڕانەوە. خشەی جووڵان پێ بەسەر لمەکەوە هات و نەیانبینی، بەڵام زانیان ئەوە یەکێک لە چاوەکانی قورەیشە هەواڵی ئەو شەوە کە شیوی عەقەبە بوو بە جێگەی پیرۆز و خوا بۆ خۆی لە هەموو لایەک و فریشتەکانیشی لەوێ ئامادەبوون بۆ قورەیش دەبات.

ئەوان کابرایان دی کە بۆ لای کافران هەڵدەهات و تا دوور دەکەوتەوە هاواری دەکرد و دەنگی کپی شەوی تێک دەدا و چووە سەر گردۆڵکەیەک دەیقراند: ئەرێ خەڵکینە بۆ نایەن بۆ سەیری موحەمەد و شوێنکەوتووانی؟ ئەوەتا بۆ شەڕی ئێوە خڕ بوونەتەوە، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، هیچ چرایەکیش هەڵنەکرا چونکە هەمووان لە گەرمەی خەودا بوون.

پێغەمبەر فەرمووی: ئەوە وەحشەکەی عەقەبەیە سوێند بە خوا ئەگەر دەستم خاڵی دەبێت دەزانم چیت پێدەکەم. (عەباسی کوڕی نەزلە) شمشێری هەڵگێشا و لەتەکیدا حەفتا شمشێر هەڵگێشران و سوێندی خوارد ئەگەر ئەو فەرمان بدات ئەوا هەر ئەم شەو دەدەن بەسەر ئەهلی (مونی)دا. بە شمشێری هەڵگێشاوەوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەڵام ئەو ڕێگەی نەدان و فەرمووی: هێشتا فەرمانی خوێنم پێنەدراوە، پاش ئەوەی بەیعەت تەواو بوو پێغەمبەر داوای کرد کە دوانزە سەرۆک لە ناو خۆیان هەڵبژێرن، تا ببنە پێشەوایان و بە ڕێنموونی ئەوان بەندەکانی پەیمانەکە جێبەجێ بکەن.

لەو دۆڵە قاقڕ و تاریک و ترسناکەدا کاری گەورەی هەڵبژاردن ئەنجام درا، دوانزە نوێنەریان لە خۆیان هەڵبژارد، مرۆڤ چۆن دەتوانێت ڕزگاری مرۆڤ

دەســـەبەر بکـــات ئەگەر بە شـــیوی عەدالەتـــدا تێنەپەڕێـــت، تەنـــانەت ئەگـــەر لە ترسناکترین کاتەکان و نزیک لە مەرگ و دوژمنیش بێت.

بەیعەت تەواو بووبوو لە پێشان مامە و برازا ڕۆشتن، کە نزیک شار بوونەوە وێستیان ڕاستە و ڕاست بۆ ماڵ خوار ببنەوە، بەڵام لەوە دڵنیا بـوون کە چـاوانی ناو تاریکی بە شوێنیانەوەن، بۆیە لە دەروازەی شـاردا وەک دوو داری بێگەڵا لە ناوەڕاستی جادەکە چەقین و دواتر ڕایان گۆڕا و ڕۆشتن و بیابانیـان بـڕی، نـا بە بیابان و ڕێگەدا نەڕۆشتن، بەڵکو ڕێگەی لاوەکیان گرتەبەر لە ئەشکەوت خۆیـان حەشاردا و لە شـاخەوە داگەڕانە شـارەوە، کاتێک ئەوان چـوون وردە لمەکـان لە ژێر نەعلەکانیان کەوتنە قرچە قرچەوە.

سەگەکانی کەنار شار بە کلکە لەقە و ڕەق ڕاوەستانی خۆیـانەوە لە پێشـان بە مڕەمـــڕ و دواتـــر حەپەحەپەوە لە دوو تارمـــاییەکە دەوەڕیـــن، کە لە نـــاو غەریبەکـــانەوە دەهـــاتنەوە. خەڵـــکەکە زۆربەی خەوتبـــوون هەنـــدێک بە چـــاوی قورسەوە دەستیان بۆ مەشخەڵی دیوارەکان یاخود چرا پیوسـۆزەکان بـرد و لە دەشـــتەکەیان گـــرت، بەڵام بـــێجگە لە تـــاریکی هیچیـــان نەبینـــی بـــۆیە بـــۆ نـــاو جێگەکانیان خزانەوە.

ســەگەکانیش کە کەس بـاوەڕی بە حەپە حەپەکانیـان نەکـرد، کلکیـان خسـتەوە ناوگەڵیـــان و دوای خـــۆ وەشـــارندنەوەیەک ســـەریان خســـتە ســـەر هەردوو دەســـتەکنیان و جەســـتەیان لەســـەر قاچەکانیـــان دانـــا و هـــیچ لە دوو کەســـە دەمامدارەکە نەوەڕین کە بە بەردەمیاندا تێپەڕین، هەر هێندە نەبێت کە گەیشتنە ئاستیان یەکی چاوێکیان بۆیان لاترەک کرد و دواتر چوونە ناو جیهانی وەنەوز.

پشتیوانانی دووڕە نیشـتمان لە شـێوەکە مـابوونەوە وەک بـۆ مـاوەی خەریکی تەگبیری کـاری پەیوەند بە پەیوەندی ئاسـمان بە زەوییەوە بـوون. ئیدی بـۆ نـاو حاجیـانی خێڵەکەیـان گەڕانەوە و چـوونە جـێگەی خەوەکەیـان و چـاوی پـڕ لە ئۆخژنیـان داخسـت و خەویـان لـێکەوت. کاتێـک بەخەبەر هـاتن کە دونیـا ڕوون بووبووە و سـبەینێش کاتێک جلی سـپی حاجیـان بە تیشـکی خـۆر درەوشـایەوە کاتیک لەسەر کێوی نوور دانیشت بوو و بۆ ئەوانی دەڕوانی.

ســـوارانی قـــورەیش کە بە خۆیـــان ئەســـەپە ڕەشـــەکانیانەوە وەک یـــاقوت دەدرەوشانەوە خۆیان گەیاندە خێوەتگەی عەرەبە خەزرەجیەکـان و خەبەری ئەو

کۆبوونەوەی ئەم شەویان دانێ، ئەوانەش کە لەوێ ئامادە بوون خۆیان کڕ کرد و ئەوانەی کە لەوێ ئامادە نەبووبوون وتیان شتی وا نەبووە.

عەبدوللای کوڕی ئوبەی کە خۆی بە پاشای مەدینە دادەنا و وایدەزانی هەموو شتێک لەمەڕ قەومەکەی دەزانێت سوێندی خوارد شتی وا نییە، ئەگەر هەبوایە ئەوا من لێی ئاگادار دەبووم. ئەوجا ئەوانیش لغاوی ئەسپەکانیان توند کردەوە و بە جنێودان بە موحەمەد و شوێنکەوتووانیەوە بەرەو ناو شار کشانەوە.

ئەوە کۆتا ڕۆژی حەجی ئەو ساڵە بوو، خوداش بیابانی نارد کە پشتی خۆی بۆ ڕاخستن و بەسەر فەرشی لمیندا خۆیان و ئاژەڵانیان بۆ مەدینە گەڕانەوە. کاتێک قورەیش لە بابەتەکە دڵنیا بوو بە شوێنیان کەوت، بەڵام تا بە پەلە وەدوویان کەوتن، سواران ئاوزەنگی ئەسپەکانیاندا و بە شوێنیاندا چوون، بەڵام وشترەکانی کاروانەکەی ئەوان بە حاڵ پێیان لەسەر لمەکە دادەنا و بیابانیان بەجێهێشت. بیابان پێش ئەوان چەند شەو و چەند ڕۆژ لە مەککەی دور خستبوونەوە. تەنها دوانیان نەبێت (سەعدی کوڕی عوبادە) و (مونزیری کوڕی عەمر) بوون ئەسپی تیژڕەوی قورەیشیان شوێنیان کەوتن، (مونزیر) هەڵهات، بەڵام سەعدیان گرت و بە قەیتانی نەعلەکانی ئەویان بەستەوە.

ئەو پیاوماقوولەی یەسرییبیان دایە بەرقامچی بە قژە خەنەییەکانی بە سەر لمی بیاباندا تا مەککە ڕایانکێشا، لەو کاتەدا "موتعیمی کوڕی عەدی" و "حاریسی کوڕی حەربی کوڕی ئومەیە" هاتن و ڕزگاریان کرد، چونکە ئەوان کاروانەکانیان لە یەسرییەوە تێدەپەڕین. ئەویش بە تەنها ڕێی دووری بیابانی گرتەبەر، لەو کاتەدا کە خزمەکانی ئەویان لە دەست دابوو و ویستیان بە شوێنیدا بگەڕێنەوە، بینیان وا لە دوورەوە دەرکەوت.

موحەمەد بە دەست و پلی نووراویەوە گەڕایەوە ناو شاری مەککە، عەباسی مامیشی شاد و سەرشار لەو شادی و دڵاواییە چێژیان دەبرد، کە کەسێک خانوویەکی گەورەی سازدا بێت، بەڵام بێ مرۆڤ و ئاوەدانی بێت هەنووکە ئەو خانووە پڕ لە ئاوەدانی ماڵ و منداڵ و وەچە بوو بێت، ئەوانە برا و خوشک و وەچەی مەعنەوی موحەمەد بوون کە هەنووکە ماڵی پێغەمبەرایەتی ئەویان پڕ لە قاقا و پێکەنین کردبوو.

ماڵێک تا هەنووکە تەنها لە مەککە بوو و مزگەوتێکی گەورە، بەڵام زۆر کەم ڕوویان تێدەکرد وا هەنووکە بۆ شارێکی دیکە دەیگوازتەوە و تەنها ماڵێک تەنانەت ماڵێکی گەورەش نەبوو، بەڵکو دەبووە شارێکی گەورەی ئاوەدان ئەو شارەش یەسریب بوو کە دەبووە شار و ماڵی ئەو، شاری ئاوەدان بە برا و ڕۆڵەی ئەو.

ئەمەش دڵی عەباسی زۆر خۆش دەکرد کە موحەمەد و ماڵە شوشەییەکەی دەسپاردە کەسانێک وەک ئەم و کەسوکاری کە ئامادە بوون لە پێناویدا بژێن و تەمەنی خۆیان سەرف بکەن و شمشێر هەڵکێشن و برسی ببن و بترسن و ڕاڕا بن لە ئەگەری سەرکەوتنی، شاربەدەربکرێن وەک ئەوەی یارانی بۆ حەبەشە چەشتیان، هەر وەک ئەم و خزمەکانی و یارانی لە مەککە بگرە زیاتریش، ئەوەی ئەمان لە شیوی ئەبوتالیب و یارانی لە ماڵان و کوشتارگەی بەر خۆرەتاوی بیابانی مرۆڤکوژیدا چەشتیان.

وای خوایە چەند هەستی بە بار سووکی دەکرد، وەک بڵێی ڕۆحی ئەم تازە زاوا بێت و ئەڵقەی تازەیان کردبێتە دەست و بووکیان بۆ دابەزاند بێت. هەر وەک ئەو یەکەم جارەی بە گەنجی بووکیان بۆ دابەزاند، هەر بۆیە بە زەردەخەنەوە ڕووی کردە برازاکەی و پاڵێکی پێوەنا و وەک دوو باڵندە بن و ئەویش بە هاوڕێکەی بڵێت: بەسە خنەخن و قونە کردن، یەڵڵا با باڵ بگرینەوە هەتا زوو بگەین.

وایان هەست دەکرد لە ڕووی زەوی نین، ئەوان بەو سەری سەرەوە دەفڕن و بۆ خوارەوە دەڕوانن و بێ ئەوەی پێکانیان لە زەوی ببڕێت، لە شەقەی باڵیاندا و فڕین و فڕین و لە ماڵی خۆیان نیشتنەوە کە هێشتا زۆری بۆ ڕۆژ بوونەوە مابوو.

چل و دووەم: هەوڵی کوشتن

(ئەڕێ ئەمانە چ ڕەگەزێکن؟، سەگ و پشیلەکانیش یەکتر ناکوژن، بەڵام دەیانەوێت موحەمەد بکوژن و خوێنەکەی لەناو خۆیاندا بەش بکەن)

خۆری گڕگرتوو لە دوورەوە بەم ئێوارەیە بە دەموچاوی سوورییەوە ئامادە بوو لە شاخەکان خۆی بەو دیودا هەڵبدات. خانووەکان لەگەڵ خۆردا لە زەردەی ئێوارەدا چاویان لەیەکتری بڕی بوو. ئەندامانی ئەنجومەن، ئەهریمەن دزەی کردبوویە ڕۆحیانەوە یاخود هەر بۆ خۆیان ئەهریمەن بوون، دوای لێکدانەوەی هەموو ئەگەرەکان هەنووکە لە سەرەوەختی هەڵبژاردنی یەکێکیاندا بێدەنگ بوون.

ئەوان لە یەکتر جوودا بوون، بەڵام یەک کەس بوو کە لە هەموویاندا دووبارە دەبوویەوە، کەسێک کە لەباتی ئەوەی خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی خۆی بە پیسی و گەنیویەکانی زەویـیەوە بەستبووەوە. لەناو ئەم شارەی خوادا شەڕێک هەڵگیرسا بوو و ئێستا بڕیاری کۆتایی ئەو شەڕە بوو و دەبێت چاوەڕوان بین تا بزانین کامیان دەیباتەوە، ئەنجومەنی قورەیش یاخود ئامۆزاکەیان موحەمەد.

ئەو مرۆڤ بوو هەمان خۆڵ و پاشان گۆشت و ئێسقان دەبوو، مرۆڤ لە هەموو کەس باشتر لێی حاڵی بوایە، بەڵام دژایەتیان کرد. ئەو دەرگای گفتوگۆی دەکردەوە ئەوان دایاندەخست و تەنها هەر ئەوەیان ئەنجام دەدا کە ترسنۆکانە ئەنجام دەدرا، کاتێک کە توانای گفتوگۆیان لەتەک ئەم نەبوو تەنها بڕیاری سەر لێکردنەوە و کوشتنیان دەدا. نەفرەت لەو دەرەنجامە زەلیلانەیەی مرۆڤ لە دژی مرۆڤ.

ئەڕێ ئەمانە چ ڕەگەزێکن پشیلەکانیش یەکتر ناکوژن! بەڵام ئەوان دەیانەوێت موحەمەد بکوژن و خوێنەکەی لەناو خۆیاندا بەش بکەن. ئەو لە مانای ئارامی بەرزی و نەجابەت و جوانی ئاسمان دەگەیشت و لە ئەرزی دەنۆڕی کە دەیویست ڕێ بکات نەوەک کرمێک مێروولەیەک ژێر پێی بکەوێت، لە ئاسمانی دەروونی کە نەیدەتوانی دوای ئەزموون هەموو ڕێگاکانی هاندان و ترساندن بۆ وەرگەڕانەوەی موحەمەد و یارانی کارەکە بێ ئەنجام بوو.

ئەمە بـــابەتێکی ترســـناک بـــوو، نیشـــانەی ئەوە بـــوو کە ڕێگـــای ئەوان و ئامۆزاکەیـان بـۆ هەتـا هەتـایە لە یەکتـر جووداببـوویەوە، ئێسـتا لە هەمـوو کـاتێکی دیکە زێتر لە موحەمەد تووڕەبوون، دوای ئەم هاتنە پێشەوەی قـورەیش و وەڵام نەدانەوەی موحەمەد، ئیدی خەڵکی دەشتەکی و شـارنیش زێتـر تووشـی شـلەژان دەبـن. نابێـت لەوە بگەڕێـن کە سـەری هەڵبگرێـت و بـۆ بیابـان بـڕوات تەنـانەت لەوێـش عەرەبیـان لە دژ کۆدەکـاتەوە. دوای بڵاوبـوونەوەی ئیمانهێنـانی زۆرینـەی عەرەبـی یەسـریب هەموویـان بە شـوێن کۆتـا چارەسـەرەوە بـوون هەنـووکە هەرکامیان لەبەر پەنجەرەی کۆشکی شـاهانەی خـۆی دانیشـتبوو و توانـای خـۆی بە خەرج دەدا تـا بیرێکـی گرنـگ بە زەینیـدا بێـت و بـۆ سـبەینێ لە دانیشـتنی ئەنجومەندا وەربگیرێت و ئافەرینی هاوڕێکانی بەدەست بهێنیت.

یەکێک لەوانیش کە گەورەیـان نەبـوو، بەڵام لە هەمووبـان بە دەسـەڵاتتر بـوو (ئەبولجەهل) بوو، کە نەک هەر بیری لە مـوحەمەد بەڵکـو بیـری لە بنەمـاڵەکەی و ململانێی بنەمـاڵەی خۆیـان و ئەوانـی دەکـردەوە، ئەمە دوا دەرفەتـی ئەو بـوو کە فیکری خۆی بکات و دەبێت سبەینێ ڕای یەکلاکەرەوەی خۆی بسەپێنێت.

سـەیری هەمـوو ئەو مـرۆڤە تەمەڵ و بیر نەکەرەوەی دەکـرد کە چـواردەوری ئەویان گرت بوو و بێ ئەم هیچیان بۆ یەکلا نەدەبـوویەوە، ئەوانە مـردوو بـوون، بەڵام هێشتا دەیانخوارد و دەیاننۆشی لەوەدا وەک یەک وابوون.

وەی لە ترسنۆکی پیاوە ئازاکانی مەککە، ئەوانە هەمیشـە لە بابەتە بنەڕەتیەکە خۆیان لا دەدەن، چاوەکانی لە نێوان پێکەنین و بێدەنگیدا قەتیس مابوون، دەزانـێ کە سـبەینێ بە دەستەوسـانی دێـنە کـۆڕەوە و تـووڕە و داخ لە دڵ بە بینینـی موحەمەد کە ئاسودە و هێمن بۆ خـۆی لە سـەرزەوییەکی دیکە ئـوردوی لە دژی ئەمان و بازرگانیان تاوداوە.

بۆ ساتێک لەسـەر سـەرینەکە هەڵسـایەوە بـۆ ئەوانـی ڕوانـی کە سـبەینێ چەند تووڕەبـــوون، چ کوفرێکیـــان بەســـەر زاردا دەهـــات و چ لـــۆمە و جنێـــو و سەرزەنشـــتێکیان بە عەبـــدولموتەلیب و بەنـــی هاشـــم دەدا کە پشـــتی ئەویـــان بەرنەدەدا. ئەو کە لە دینی باوباپیران لای داوە و گاڵتەی بە خواکانی ئەوان دێت.

هەمووبـان ڕووبـان لە گەورەتـرین تەگبیـرکەری خۆیـان (ئەبـولحەکەم) ئەم دەکەن و چاوەڕوانی نوتقی دەبن. ئێستا ئەویش زۆر فێڵبـازانە بە سـەری لارەوە وای پیشاندەدا کە لە تێڕامان ڕۆچووە و نازانێت چـی بڵێت. سـەری هەڵدەبڕی و

سەیڵی دەکرۆشت و خۆی وای دەردەخا لە دەست بێ حەلی ئەو کابرایە خەریکە هەموو حیکمەت و ژێری خۆی لە دەست دەدات.

لە کۆتاییدا دێتەگۆ: تەنها یەک چارەسەر بوونی هەیە ئەویش (رشتنی خوێنیەتی) ئەوان ڕێگەیەکی دیکەیان نییە، هەر ئەوە نەبێت. دەیان بینێت سبەینێ بڕیار لە شتێک دەدەن کە لە ناوهێنانی هەموویان زەندەقیان چووە و دواتر ئارامیان بۆ دەگەڕێتەوە، کاتێک دەزانن کە هەموویان بەو کارە هەڵدەستن و ئەوسا بەنی هاشمیش ناتوانن ڕووبەڕووی هەموویان بوەستن.

ئەم شەو لە خۆشی مەرگی سبەی شەوی کوشتنی موحەمەد ئاهەنگ دەگێڕێت، ژنانی بێ حەیا سمت و کاکۆڵ و ناوقەدی خۆیان بۆ بادەدەن و ئەمیش بەردەوام دەمی دەنێ بە جلێکانەی شەراب و هەڵی دەقۆڕێتەوە.

بیری لە سەرەنجامی شومی موحەمەد دەکردەوە، فامی مەستی لای چۆڵ بوونی ڕێگاکە بوو و ئەمیش دەبووە تاکە شۆڕە سواری مەیدانەکە و لە کێبڕکێی دوورودرێژی نێوان بنەماڵەکەی و بنەماڵەی عەبدولموتەلیب کە قەت ئەمان لەوانیان نەبردبوویەوە، پێش دەکەوت و خەریک بوو ئەوان بەم پێغەمبەریەی موحەمەد، دەبوونە گەورەی قورەیش و عەرەب و بگرە تەواوی دونیا.

ئەم شەو بە ڕژانی خوێنی موحەمەدی کوڕی نازدار و خۆشەویستی عەبدولموتەلیب و عاقڵی تیرەکەیان ئەم خەونە کۆتایی دەهات و ئەم دەبووە و دانای عەرەب و قورەیش، هەر بە ڕاستیش وابوو لەو پلانەی بۆ لەناوبردنی موحەمەدی دانابوو بە جۆرێک خوێنی ڕژاوی ئەو بەسەر هەموو تیرەکانی قورەیش دابەش دەبوو. ئەو دانایی خۆی سەلماندبوو و (باوکی نەزانی) نەبوو، بیری لەو ناوە کردەوە کە موحەمەد لەوی نابوو.

ئای لەو ناوەی ئەو لەمی نابوو (باوکی نەزانین)، لە مەراقاندا برۆی لەرزی وتی: دەبێت بەم نەزانینەی خۆمەوە بە دەردی بێ دەرمانی بەرم، ئەو لێی نەدەترسا، چونکە بە تەواوەتی لەناو بابەتەکەدا بوو لە ترس تێپەڕی بوو، پەیامی خوا وەک خۆی دەیگوت بووبوویە جەستە و بە کۆڵانە بێ درەختەکانی مەککەدا دەگەڕا، ئەم چەند ڕقی لە سووربوونی موحەمەد لەسەر پەیامەکەی بوو. سەرەڕای ئەو هەموو ڕەنج و ئازارە بوون نەوەک کەس بیری لە نەجاتی ئەولا نەکردبۆوە، ئێستا ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە لای خواوە بۆ ئەوان هاتووە.

ئەو هەموو عەیش و نووش و گوناهەی سەرزەوی مەککە نەیتوانی ئەو بە لاڕێدا بەرێت.

ئەگەرچی ژمارەی شوێنکەوتووانی موحەمەد زۆر زۆرتر بووبوو و هەنووکە پەتاکە مەککەی تێپەڕاندبوو و یەسریبیشی گرتبوویەوە و هەندێک لە لاوە جوامێر و گەورەکانی قورەیشی لەتەک خۆی برد بوو، بەڵام هێشتا سەری پەتەکە لە دەست ئەماندا بوو، نەریت و پارەکانیان گرەنتی مانەوەیان بوو، ئەوجا بیری لە موحەمەد دەکردەوە و پێدەکەنی: وا دەزانێ ئەم کارە هەر وا ئاسانە کە بەوان بڵێ زۆر خۆری مەکەن و ئاوی شەیتان نۆش مەکەن و ناوگەڵتان بپارێزن، هەر وا بە سانایی بەگوێی دەکەن و ئەمە ڕاست وەک ئەوە وایە پێیان بڵێ: واز لە ژیان بهێنن و بمرن.

باسی حەق دەکات، کام حەق وەک ئەوەی خۆی چۆنە، یان ئەوەی ئەمان دەیانەوێت، حەق ئەوەیە ئەمان پێیان خۆشە و شەیتانیش هەر بەو شێوەی کە خۆیان دەیانەوێت بۆیان مسۆگەر دەکات، نەوەک بەو شێوە کە خۆی چۆنە. تەنها موحەمەد بوو ڕەدی ئەوانی دەدایەوە و جۆرێک باسی خواکەی دەکرد وەک ئەوە وا بوو خوا نایەوێت ئەو خوایە بێت کە ئەوان دەیانویست. ئەمان دەیانوت: ئێمەش باوەڕمان بە بوونی خودا هەیە، بەڵام ئەو هەڵی دەدایێ قسەی ئەو ئەوە نەبوو کە خوابوونی هەیە، بەڵکو قسە ئەو ئەوە بوو کە نابێت ئاوا بژین.

باش بوو باوباپیرانیان بۆ بەرپەرچدانەوەی شوێنکەوتووانی و نەوەکانی تا بگات بە موحەمەد خودایانێکیان سازدا بوو لە نەوعی خۆیان. ئێستا دەیزانی ئەوان خوا نەبوون ئەوانە بەڵای مەککە بوون، کە هەنووکە بەرامبەر بە موحەمەد و ئایینەکەی هیچیان پێ نەدەکرا.

ئەم لە مێشکیدا نەخشەی بۆ ئەوە دەکێشا کاری خواکانی ئەنجام دەدا ئەوەی لات و عوزا و هوبەل بۆیان نەکرا بوو، هەنووکە ئەم دەیکرد و هەرچی دەخولقاند تێکی دەدایەوە و گوێی لە خۆی دەگرت و ڕۆی دەنا و پاشان کەڵکی نەبوو و تێکی دەدایەوە و پشتی بە ئەهریمەن و شەیتانەکان دەبەست و پێکەوە کاریان دەکرد، سەرەنجام زەینی گەیشتە ئەنجام، ئەرێ وەڵڵا دۆزیمەوە هاواری کرد و خۆی پێچایەوە و بەرەو (دارولنەدوە) بەڕێ کەوت. جلێکی سەوزی

لەبەردا بوو و لە دواوە بە نیشانەی ئیفتیخاری دەولەمەند و دەسەلات بەسەر ئەرزدا دەکشا. عەبا ڕەشەکەشی وەک دوو باڵ بە هەواوە کرابوویەوە.

کتێبەکان نەیانتوانیوە ئەو کەف و چێژەی ئەو ئێوارەی ئەبوجەهل بنووسنەوە کە چۆن بەختەوەرانە نەخشەی کۆتاییهێنان بە موحەمەد و یارانی کێشاوە و شادومانانە بە پێچەوانەی هەر ڕۆژێکی دیکەوە بە قاقاوە خۆی بە دەرگای والای کۆشکە گەورەکەی باپیرەیاندا کردووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە لە تۆماری بوونـدا پارێزراوە و دوای ئەوەی ئەبوجەهل و پیلان و دژایەتی بووەتە تۆز و بای قەدەر بەناو هەوای فراوانی عەدەمدا بڵاوەی پێکردوون.

ئەو ڕۆژە لە شومی نەخشەکەی شەیتان ڕەنگی پەڕی، هەستی کرد ئەو ئیدی کاری نەماوە ئەگەر نەوەکانی ئادەمی کۆنە میملۆ ئاوا کاری یەکتر لەناوبردن ڕێکبخەن. ئەو هەمیشە خەریکی بەراودکردنی خۆی بوو لەتەک (موحەمەد)دا و خەونی بە تێکشاندنی و بەزاندنیەوە دەدی.

ئەو خەونی بە کوشتنی موحەمەدەوە دەبینی، موحەمەدیش خەونی بە گۆڕانکاری مەککەوە، هەندێ خەون ئەگەر بێنەدی بۆ مرۆڤەکانی دیکەش باشن هەندێ خەونیش هێنانەدیان مایەی خراپەن بۆ ئەوانی دی. هەر دووکیان زۆر حەزیان دەکرد کە خەونەکەیان بهێتەدی و زۆر هەوڵیشیان بۆ دەدا و هەرکامیشیان پشت بە کەسێکی دی دەبەست، موحەمەد هەموو کارەی بەجێ گەیاندنی فەرمان خوا بوو ئەبوجەهلیش پەیمانی لەتەک ئەهریمەن بەست بوو.

موحەمەد لە پێناو ئەو خەونەیدا زۆر ئەرکی کێشا بوو و هەموو پەت و گوریسانەی قرتاند بوو و کە بە زەویـیەوە دەیانبەستەوە و باڵی لێ ڕوا بوو، یاخود سواری ئێستڕێکی باڵدار بووبوو بۆ ئەو سەری سەرەوە سەفەری کردبوو، (مەبەستیشی لەسەری سەرەوە، سەرووی هەموو ئاسمانەکانە)، هەتیو کەوتبوو و هەموو کەسەکانی خۆشەویستەکانی لە دەستدا بوو.

دەموچاوی نوورانی ئەو لە شادی هاو ڕەگەزەکانی دەکرایەوە، بە بینینی ئازاریشیان سەرەتا حەیا وەک بەهێی زەرد بە دەموچاویەوە دەنووسا و دواتر سۆز وەک گوڵی سوور نەخشی لەسەر گۆناکانی دەبەست. ئەو بوێر بوو و دەیتوانی وەهمەکان وەلانێت و حەقیقەت بە گەردوون بڵێت. ئازا بوو و دەیتوانی هەموو کەس و هەموو شتێکی خۆش بوێت.

ئەمیش ڕۆژ بە ڕۆژ بە زەوییەوە دەنووسا و نەیدەتوانی مەککە بەجێ بهێڵێ، نەبادا مێمڵەکانی لە دەستی ڕابپسکێنن و دەیخوارد و دەیخواردەوە و ماچی دەکرد و دڕکەکانی دەیانپاراست و تەنانەت دڕکێکیش نە بە پێی خۆی نە هیچ کەسێکیشیدا نەچووبوو.

ئەگەرچی حەقیقەت دەکەوتە زەینییەوە، بەڵام لە ترساندا ملی بادەدا و لە بیری خۆی دەبردەوە، دەیتوانی بەرەو چاکتر خۆی بگۆڕێت، بەڵام گۆڕانکاری ترسناک بوو و هەموو پێگە و دەسەڵاتی ئەمی بێ سەروبەر دەکرد، ئەم ترسنۆک بوو نەیدەتوانی باری گرانی موحیبەت هەڵبگرێت، ئیدی شمشێری تیژی ڕقی هەڵدەکێشا و ناوچاوی تووڕەی لێوریژ لە بوغز و غەزەب دەبوو و بەسەر ئەوانی دیکەدا هەڵیدەڕێژا.

ئەو شیری دەخواردەوە و دەماخی خۆی بە هەنگوین شیرین دەکرد، ئەو ئاوی شەیتانی دەخواردەوە پێدەچوو ژەهر بخواتەوە، ئەو دەیزانی هەموو ئامانجەکانی مرۆڤ نایەنەدی بۆیە سەر لووتکەکەی گرتبوو و لە هەوڵی بە دەستهێنانی ئەو سەرترینەدا بوو کە لەسەر کەلی ئەزەلی بوو و خۆرێک بوو لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەدیەت گەشتی خۆی دەست پێکردبوو.

ئەمیش بە تەما بوو هەموو شتێک و هەموو ئامانجەکانی بێنە دی و بۆ ئەمەش ئەوەی خواری خوارەوەی هەڵبژاردبوو، ئەویش ئامانجە بنەڕەتیەکە کە پڕکردنی ورگ بوو، ئەم لەناو دەستەتە و دڕکەکانی بە باوکی حیکمەت ناودەبرا و بەو حیکمەتە نەگەیشتبوو، کە بۆ بەدەستهێنانی هەر شتێک دەبێت ڕێگەی تایبەتی بزانی، ئەم بۆ هەموو شتێک تەنها چەند ڕێگەی دەزانی و وای دەزانی بۆ بە دەستهێنانی هەموو ئامانجەکانی ئەو چەند ڕێگە بەس بوون. ئەوانیش ڕێگەکانی زێڕ و زۆر و خەڵەتاندن بوون.

بە تەماش بوو ئەم جیهانە هەمە جۆر و پڕ لە ڕێگە فراوانە بۆ تەنها ئەو چەند ئامرازەی خۆی وەربگێرێت. بۆیە کە موحەمەد سەیری کەمی و هەژاری، بێ دەرەنجامی ڕێگەکانی ئەوی دەکرد بە باوکی نەزانی ناوی دەبرد، هەژاران شوێنکەوتووانی ئەو نەبوون کە پارەیان نەبوو هەژار ئەو بوو کە وای دەزانی پارە هەموو شتێکە، داماو ئەو و هاوڕێکانی نەبوون کە ڕازی بوون و هەوڵی چاککردنی مامەڵەی هەڵەی خۆیان دەدا لەتەک ئەم بوونەدا.

داماو ئەو بوو وای دەزانی بە ژمارەی زۆری شوێنکەوتووانی دەتوانێت ئەم بوونە بگۆڕێت و بەو شێوە دروستی بکاتەوە کە بۆ ئەو گونجاوە، کاڵفام ئەوان نەبوون کە خوای خالقی ئاسمان و زەمینیان دەپەرست و جێ پەنجەی ئەویان لە پشت هەموو شت و ڕووداوێکی ئەم بوونەدا دەدیەوە، کاڵفام ئەو بوو کە خالقی خۆی خولقاند بوو و لە دار و بەرد بتی بۆ خۆی دروست دەکرد و پاشان دروستکراوی خۆی دەپەرست!

کاروانی ئەو نەبوو کە تەنها زستان و هاوین سەفەری شام و یەمەنی ئەنجام دەدا و دەرەنجامی لەباتی پێشەکی دەدا، شت و ژیان و جوواڵاوی جێگیر دەبن و وای دەزانی بۆ هەمیشە ئەو بەهێز و پایەدار و خاوەن وشە دەبێت، کاروانی ئەوان بوو کە دەیانزانی کاروان پێش کاروانچی ڕێگەیە و هەنگاونانە، ڕۆشتن لەم ڕێبڕینەشدا هەم کات و هەمیش شوێنەکان لە گۆڕاندان، شتێ دەڕوات و شتێکیش دێ و سەریان لەم هاتوچوونەش سوڕدەمێنێ، ئیدی دەشێت بوترێت کە گەورەترین دۆخی نەزانینی ئەو ئەوە بوو کە لەوە نەدەگەیشت کە ئێمەی مرۆڤ ناتوانین ئەوە بهێڵینەوە کە هەمانە.

دەسەاڵتدار ئەو نەبوو بە ترس و کوشتن بەسەر ئەوانی دیدا سەردەکەوت، بەاڵم بە ئازاری برسێتی و تینوێتی هەژاری ئەوانی دی نەدەگەیشت بە دەسەاڵت، ئەوە موحەمەد و یارانی و موسعەبی لاو بوون کە دەیاتوانی بچنە دڵی ئەوان و بە ئازاری بوون و نەبوونی ئەوان زەجر بکێشێن، بە زەبری وشە شاریک بۆ پێشوازی موحەمەد ئەویش بە دەستی خاڵی و بێ زۆر دروست بکات. ئەم پیاوەکانی وەک درک چۆن گوڵ دەپارێزن بیپارێزن، موحەمەد گوڵێک بوو بێ درک و بە ڕەنگە جوانە زۆرەکانی بە وتنی ڕاستەقینە و متمانەی بە باوەڕەکانی ئەوانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

جارێک لە ئەنجومەن ئەوەی وتبوو ئەویش بە ئێرەیی و ڕقەوە، کە هیچ کەسی نەدیوە لەناو یارانیدا هێندەی موحەمەد لەناو شوێنکەوتووانیدا خۆشەویست بێت. هەموو ئامادەبووانیش هەرچەند درکیان بە ترسناکی ئەو ڕاستیە کردبوو، بەاڵم بە ناچاری دانیان پێدا نابوو.

ئەم و ئەو زۆر جیاواز بوون و دەیشی زانی زۆر جیاوازن، بەاڵم ئەو جیاوازییەی دەشاردەوە. ئەوانی دیکەش ئەو جیاوازییەیان دەزانی و دەیانزانی ئەم لە دەست چوونەش خەتای ئەبولحەکەم بوو، بۆیان دەڕوانی و بە ئاماژەی

سەرزەنشت سەیریان دەکرد و لێوە شۆڕەکەیان دەبزواند، بەڵام نەیاندەوێرا هیچی پێ بڵێن. دواجار ئەو پێغەمبەر بوو، هەموو پێغەمبەرێکیش فیرعەونی خۆی هەیە، ئەمە بنەمای داستانەکەیە، ئەبوجەهلیش فیرعەونی ئەوی پێغەمبەر بوو.

ئەو چۆن هێڵابای موحەمەدی لە دەست دەرچووبا، ئاخر هەر لە مەککە ڕۆشتبا ئیدی هەرگیز دەستی پێ ڕانەدەگەیشت، سەرزەوی فراوان بوو بۆ هەر شوێنێک بیویستایە ملی ڕێی دەگرتەبەر پێشتر شوێنکەوتووانی گەیاندە سەرزەوی ڕەش، هەنووکەش جێگەی خۆی لە یەسریب خۆش کردووە، ئەگەر بهێڵێت لە شار دەربچێت ئیدی لەبەرچاو نامێنێت لەوانەیە وەک جاری پێشوو بۆ سەرووی ئاسمانەکان بڕوات، لەوانەیە ئەم جارە بۆ هەمیشە نەیەتەوە.

چۆن بهێڵێت بڕوات ئەو هەموو ئاشوبەی لەم شارەدا ناوەتەوە و بێت و بە دەردی باپیرەی گۆچان بە دەستەوە بگرێت، نا ئەم بە دەستیەوە ناگرێت، بەڵکو بە شانیەوە بنێت و بە ئاواز وتنەوە ئەویش ئەو ئاوازانەی ئەو بانگەشەی دەکات کە لە لایەن خواکەیەوە بۆی هاتوون، باپیرەی بۆ ئەشکەوت دەچوو و پاش چەند ڕۆژ دەگەڕایەوە و ئەم بڕوات و ئیدی هەرگیزا و هەرگیز نەیەتەوە.

هەموو هاوڕێکانی حەزیان لە ڕۆشتنی لە شار و قوتاربوونیان لە دەستدا بوو، تەنها ئەم بە تاکی تەنها نەبێت. ئەو حیکایەتی زۆری لەبارەی یارانی لە حەد بەدەری کە موحەمەد پەیدای دەکرد سازدا بوو، ئەگەر ڕێگایان دابا لە شار دەرچووبا و هەموو عەرەبی کۆدەکردەوە و لە دژی ئەمان دەجەنگا، بۆیە دەبوو نەهێڵن ئەو دەربچێت و هەر لێرە دیزە بە دەرخۆنەی بکەن.

وای لەو ڕۆژەی کۆبوونەوەی نهێنی گەورانی قورەیش بڕیاریاندا کە ئەم شەو ئاوە مەنگە تاریکەکەی مەککە بشەڵەقێنن، ئەم شەو خوێنێک لێرە بڕێژرێت. ڕووداوەکە نزیک و نزیکتر دەبووەوە، هەمووان بابەتەکەیان لە لا ڕۆشن بوو، تەنانەت لەتەک هەندێ لە خزمەکانیشی ڕێککەوتبوون. هەر بە نهێنی هەموو گەورەی تیرەکان ئاگادار کرانەوە. خودای موحەمەدیش ئەوی لە هەموو پلانەکان ئاگادار کردەوە و شەو هەڵکشا بوو موحەمەد بێ ترس لەسەر جێی خۆی نوستبوو.

نەنوستبوو و دڵی بە ئاگا بوو دوای شەهادەتی زۆرێک لە یارانی چاوەڕوان بوو، ئەو سەرتاپا لە لای خانەی وێرانەی ئەویشەوە گوزەرێک بکات، دەیزانی

شتی وا ڕووندات، ڕەفیقەکەی سەرەوە ئەمی بۆ شتی دیکە هەڵگرتووە شتگەلێ لە شەهیدی گەورەتر کە بۆ خەڵک باشن و بۆ ئەمیش مایەی ئازارن، ئیتر خەوت و هەرگیز ئاوا بەو قوولیە ئاوا خەوی لێنەکەوتووە.

ئەبولجەهل لەسەر هەر ڕێگەیەک ئیبلیسێکی ڕەشپۆش و توکنی دانابوو تا موحەمەد وەگیر بهێنێت ئەگەر لەوێوە تێپەڕ ببێت. سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد و دەنگی دەلەرزی کە قسەی دەکرد شوشە ڕەنگاورەنگەکانی ئەم پەنجەرەیەی (دارولنەدوە) کە ئەمان لە بەریدا دانیشتبوون تیشکی سپی بێ ڕەنگی ئەودیوی هەمە ڕەنگ دەکرد و دەیهێنایە ژوورەوە.

(ئەبولجەهل) بە چپە نیازەکەی بە هاوڕێکەی دەگوت. ئەمە لەو شتە گرنگانە بوو کە نابێت لە دانیشتنی ئاسایی ئەندامانی شورای قورەیشدا باس بکرێت، چونکە لانی کەم تیرەی بەنوهاشم کە هەنووکە سەرکردایەتی ئەنجومەن لای تیرەی گەورەی ئەوان (خێڵی هاشیم)ە، بۆیە دەبێت سەرکردەکە لە تیرەکانی دی بپرسێ و ئەوان یەک یەک و دوو دوو ئاگادار بکرێن. ئەبوجەهل برۆکانی چاوی چەپی شۆڕکردەوە و ئەو چاوەی داخست و دەستی ڕاستی خستە ژێر چەناگەی لەسەر لا، لە هاوڕێکەی ڕوانی و پێی وت: چارەسەر لەناوبردنیەتی.

پیاوەکە دەمی دابەشکرد و وەڵامگۆ نەبوو، سەیرێکی بە دەهشەتی ئەم کابرایەی کرد. وەک یەکێک بۆ یەکەم جار هەواڵی مەرگ ببیستێت زەندەق چووانە دووپاتی کردەوە (لەناوبردنی)!!

ئەبولجەهل زۆر بەلایەوە ئاسایی بوو وەک ئەوەی شەوێک بە مەستی لەگەڵ ژنێکدا ڕۆژ بکاتەوە یاخود وشترێک بۆ لات بە قوربانی پێشکەش بکات. ئەو لەو ئاگرە گەیشت کە دووکەڵەکەی بە سەریدا دەگوزەرا و وتی: ئەم کارە دەبێت بە شێتانە یاخود بە تەگبیر ئەنجام بدرێت.

(ئەبولجەهل) نەیشاردەوە هەندێ جار کاتێک ئەم لەناو درکە ڕەشەکانیدا (ئەو پاسەوانانەی بەرگری لێدەکەن و بەلایدا تێپەڕیون)، خەریک بووە لەپڕ شمشێرەکەی دەربکێشێت و سەری لە لاشەی جوودا بکاتەوە، بەڵام بوێری ئەوەی نەبووە ئەو بە تەنها و ئەم بە خۆی و ئەو هەموو پیاو و درکانەی شوێنیەوە ڕووبەڕووی بێتەوە توانای چاو بڕینە چاوەکانی ئەوی نەبووە!

بیری ئەو ڕۆژەی هاتەوە کە موحەمەد لە سوچێکی بەیتدا هەڵدەستا و دادەنیشت و سەری دەخستە سەرزەوی و لەتەک خواکەیدا چپە چپی بوو، ئەم

بەردێکی هەڵگرت وتی بە هاوڕێکانی: ئێستا دەچم دەیدەم بە سەریدا پانی دەکەمەوە و هەرچیش لەناو سەریدا بێت لەناوی دەبەم. ئەو بەرد بە دەستەوە چووە بان سەری، ئەو بێئاگا پشتی لەم بوو و لێرە نەبوو ئیدی بۆ ژیانێکی دیکە سەفەری کردبوو بۆ ژیانێکی ئارامتر.

لەبەرخۆوە دەیگوت: بەم بەردەی لەسەری دەدەم و دەیکوژم هەتا هەتایە قورەیش لە دەستی ئەم بەڵایە ڕزگار دەکەم، پیاوەکان سەیری یەکتریان کرد و لە خۆیان و ئەویان ڕوانی و وتیان لە شمشێرەکانی بەنی هاشم ناترسێت؟ بۆ چرکەساتێک هاتەوە هۆش خۆی و لە گوتەکەی پەشیمان بوو، بەڵام تازە بواری پەشیمان بوونەوەی نەبوو بۆیە لە سەر گوتەکەی سوور بوو و بەردەکەی بە هەر دوو دەستان بەرزکردەوە و بەرەو پیاوەکە هەنگاوی نا کە هەنووکە سەری لە زەوی سوی بوو، وەک ئەوەی نەک سەری بەڵکو هەموو بوونی لە بەردەم کەسێکی نەدیتراودا دابنێت.

هەنووکە بەردەکەی لە ئاست سەریدا ڕاگرتبوو و خەریک بوو بە هەموو هێزی بەسەریدا بەردادتەوە لەپڕ دەستەکانی و بەردەکەش بە حەوا وشک بوو و کابرا وەک بتی بەردین وشک ڕاوەستا و بۆ دواوە گەڕایەوە. کابرا دەستەکانی بە بەردەکەوە بۆ خوارەوە ڕاگرت بۆ ماوەیەک کڕ و هەموو مزگەوتیش لەتەکیدا بێدەنگ بوو، ئیدی ئەبوجەهل کڕ بوو و کشایەوە و بە پشتتدا هەنگاوی دەنا و بۆ لای هاوڕێیانی گەڕایەوە کە بە سەرۆکی ئەنجومەنی قورەیش پێدەکەنین و بە پشتدا دەکەوتن.

پاشان وتیان: ئەوە چیە ئەبولحەکەم ئەی پاڵەوان بۆ نەتتوانی کارەکە ئەنجام بدەی ترسای؟ ئەویش بە تاسەوە لێی دەڕوانین و لە ژێر لێوەوە وتی: نە سوێند بە خوا وشترێک لەسەر سەری وەستا بوو ئەگەر برۆشتمایەتە پێشەوە هەڵی دەلوشیم. ئەوان هەموویان گوێیان لە نالە وشتری زەبەلاح بوو نالەی وشترێک کە لەوەو پیش نالەی وشترێک زیاتر نەبوو هەموویانی دەترسان چونکە ڕەنگ بوو نیشانەی هێرش بردن بێت. هەموویان هەڵهاتن و ناو مالّی خوایان بەجێهێڵا کە هوبەلی بەردیش لەوێ پێیان پێدەکەنی و لە مەراقی بەندەکانی بە دەستێکی بڕاوەوە وەک بەرد جوولەی لێبڕا بوو.

دواجار ئەگەر گەورەکانی هەموو تێرەکان بە ژیرانە کاری لەو شێوەیە ئەنجام نەدەن ئەوا ئەم خۆی شێت دەکات و ئەو کابرایە لەناو دەبات.

ئومەیە دەیگوت: لەناوچوونی موحەمەد گەورەترین ئاواتی منە، بەڵام من لەبەر پیاوانی "بەنی هاشم" بوێری ئەوە ناکەم.

ئەوجا ئەبوجەهل سەری هێنایە بناگوێی (ئومەیە) و نهێنییەکی بۆ درکاند کە لەسەر ئەو کارە لەتەک زۆربەی پیاوانی بە دەسەڵاتی قورەیش ڕێککەتووە. ئومەیە لەپڕ کشایە دواوە و سەیری نەترسی و سەرەڕۆیی ئەم کابرایەی کرد کە شەیتانێکی غەرەزنی تەواوە، هەنووکە لە بەردەم ئەمدا بەرجەستە بووە ئەو شەیتانەش بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی هەستی شەیتانی خۆی لەناو ئەمدا پیشان بدات و لە قوولایی و ترسناکی ئەو پیلانە بە ئەم بگەیەنێت، ئێستا بە دەنگی بەرز و زۆر وەحشیانە قاقا پێکەنی. لای بەلای ئەمدا کردەوە و دەستێکی خستە سەرشانی وەک بڵێی داوای لێبکات لەبەر هاوڕێیەتی نا، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی قورەیش پشتگیری بێت. ئومەیە چاوەکانی داخست و ئەوجا لەم ڕامایەوە و زەردەخەنەی ڕەزامەندی بۆ دەربڕی. دواتر ئەبوجەهل دەستی بۆ درێژکرد و ئومەیەش دەستی خستە ناو دەستی ئەبوجەهلی چەند ساڵ لە خۆی لاوتر و ئەوانەی لە (دارولنەدوە) ئامادەبوون بۆیان ڕوانین زۆریان دەیانزانی بابەتەکە چیە و کەمێکی بێ ئاگاش بە زەردەخەنەی ئەمان پێدەکەنین.

ئەبوجەهل لە شوێنی خۆی هەستا، بەڵام نیگا تیژەکەی موحەمەد لە شوێنی خۆی ڕایگرتەوە کە لەوێدا لەبەردەمیدا بوو و لەوێش نەبوو.

*** *** ***

خۆر کەوتبووە داوێنی چیاکەوەوە و لە ڕۆشناییدا مەلەی دەکرد، هەمووان بە عابا دەڵپ و درێژەکانیانەوە کە لە زەویەیەکە دەخشا خۆیان دەکرد بە (دارولنەدوە)دا، مێزەری ئاوریشمی زەرد و سووریان تێکەڵ کردبوو و دابوویان بەسەر شانیاندا، بە میسک و ڕۆنی زەیتوون ڕیشیان چەور کردبوو، بازنی ئاڵتوونیان لە دەستیان کردبوو.

شەیتانیش بە چاوە سوور و ڕیشە سپیە لولەکەیەوە لە دوورەوە دەرکەوت و لە پەنا دەروازە گەورەکەی (دارولنەدوە)دا خۆی حەشار دا، وەک ڕیشسپی یەکێک لە خێڵەکانی عەرەب خۆی پیشاندان و بە زمان و ڕا وردەکانی و دیاریە بە بەهاکانی سەرنجی پاسەوانەکانی ڕاکێشا، هەرچەند ئەمە نەبووە مایەی

ڕێگەپێدانی چوونە ژوورەوەی، بەڵام سەرتاشراوی ئەندامی دیاری مەشوەرەت لە دوورەوە چاوی لەوان بوو و دیقەتی پیرەپیاویدا و وا هاتە زەینی کە هاوکاریان بێت لە پلانەکەیاندا و هەنگاوی ناو و وتی: ڕێگەی بدەن بابێتە ژوورەوە!

گەورەترین سفرە و شەراب لەوێ دانرابوو، هەمووان پەلەی خواردنەوەیان بوو، وادیار بوو مەسەلەکەیان زۆر بەلاوە گرنگ بوو بۆیە هەرگیز بەو گەرمیە بانگێهێشتی دانیشتنی ئاسایی نەکرابوون کە خۆراک و شەرابیشی لەتەکدا بێت. سەرەنجام دەست بە قسەکرا و ئەبوجەهل ڕووی کردە هەمووان و وتی: کات درەنگە، بەڵام هێشتا هەر دەکرێت بۆ ڕزگاربوون شتێک بکرێت، ئەوانی دی سەیری یەکتریان دەکرد و نەیاندەزانی باسی چی دەکات، بەڵام ئەبوجەهل لە کاتێکدا دەستی بە ڕیشیدا دەهێنا و وتی: یارانی موحەمەد هەموو لە شار دەرچوون ماوەتەوە خۆی سەرە گەورەکە ئەگەر بێت و بڕوات و ئاوایەک لە دژمان دروست بکات گەورەترین گرفتمان بۆ دروست دەبێت.

هەمووان هەنووکە لە بابەتەکە تێگەیشتن و لەناوخۆیاندا بوو بە مقۆمقۆیان جا چی ماوە نەیکەن؟ ئەبوجەهل داوای پێشنیاری لە هەمووان کرد، وەک هەموو جار هەر ئەو شتە نەریتیەکانی پێشتری وتەوە.

یەکێ وتی: تووشی بەڵای دەکەین، گورگان خواردی دەدەین لە شاری وەدەردەنێین، مەرگی بێکەس مانەوە کە لەم بیابانە قاقڕەدا هیچ جۆرە مەرگێک لە دوورکەوتنەوە لە خێڵ و تەنها مانەوە خراپتر نییە.

یەکێکی دیکە وتی: دەیگرین و دەیبەین لە بازاڕی کۆیلە فرۆشان دەیفرۆشین.

یەکێکی دیکە هەڵیدایە: عەرەب دەڵێن قورەیش ئازادەکانی خۆی دەکاتە کۆیلە و دەیانفرۆشێت، بەمەش پێگەی ئێمە لەناو عەرەبدا لەنگ دەکات.

یەکێکی تریش وتی: مەراق کوژی دەکەین بەردەوام دەبین لەسەر سزادانی شوێنکەوتووانی، ئەو حەز دەکات بمرێت و ئازاری شوێنکەوتووانی نەبینێت.

بەڵام ئەبولحەکەم چاوەکانی داخستبوو و دەستەکانی تەکان دەدا و دیار بوو هیچکام لەوانەی بە دڵەوە نەنووسا بوو هاواری کرد: بەس نین.. بەس نین.. هیچکام لەوانە بەس نین. لەو ڕۆژەوە ئەم هەواڵەی موحەمەد ڕووی لە مەککە کردوە، بێجگە لە ئاژاوە هیچ شتێکی ترمان نەبینیوە، خەتابارى یەکەم خودی

مـوحەمەدە کە بـووەتە هـۆی ئەوەی ژن لە پیـاو، کـوڕ و کـچ لە دایـک و بـاوک بکات. دەبێت ئەو لەناو ببرێت، بەهەر نرخێک هەیە لەناو ببرێت.

ئەوان گوێیان لە باسی کوشتنی کوڕی گەورەکەیان بوو، مامەشی ئەبولەهەب لەوێ دانیشتبوو و گـوێی لێبـوو، مەسـتی پـارە هەمـوو شـتێکی ئەوی بـرد بـوو، غیرەتـی بەرامبەر خـوێنی بنەمـاڵەکەی نەدەبـزوا! هەمـووان سـەیریان کـرد، باسـی کوشـتنی بـرازاکەی بـوو، بەڵام ئەو وەک باسـی کوشـتنی نەناسـێک وەریگرتبـوو! ئەوان زانیـان ئەمیـان لەتەکە، ئەی شمشـێرەکانی بەنـی هاشـم و قارەمانەکـانی دیکەی وەک حەمزە و عەلی چی لێبکەن؟

ئەبوجەهل دەیگوت: دەبێت بکوژرێت، بەڵام چۆن؟

ئەوان هەر لە گفتوگـۆدا بـووە کە پیرەپیاوێـک لە دەرگـا دەرکەوت و بە هەموویان ئاشنا بوو و کەسیشیان نەیاندەناسی ئەو پیاوە پیر و ژیرەکەی ناو هەناوی هەموویان بوو کە دەیگوت: تەگبیر هەر ئەوەیە کە باوکی حیکمەت وتی. ئەبولحەکەم لە جێی خۆی هەڵسا و دەستی پیرەپیاوی گرت و لە پەنای خـۆی لە شوێنی خاڵی سەرۆکی ئەنجومەن داینا.

شـەیتانی پیـر هەڵـی دایـێ و وتـی: مـن پێتـان دەڵـێم چـۆن ئەو بکـوژن و خوێنەکەی ون بکەن. دەنگی غەڵبە غەڵب و هەرا هەرا بەرز بـوویەوە ئەم پیرە کێـیە هـاتووە تەگبیـر بـۆ ئەوان دەکـات تـا ئێسـتا لە کـوێ بـووە؟ ئەوان داوای یارمەتییـان لەو نەکـرد بـوو کەچـی دوای ڕێکەوتـن لەسـەر نەخشـەکە نەفرەتـی پێشـیان کەوت تـا بـۆ جێبەجێکردنـی ڕێنموونیـان بکـات! هەمـووان بـۆ تـاقی نەخشەسـازی و پلانـی سـەربازی بە ڕێ کەوتـن کە لەهەمـان کۆشـکەکەی (دارولـنەدوە)دا بـوو، بـوونی ئەو جـۆرە ژووڕانە نیشـانەی دەسـەڵات و پـلان و دەوڵەتداری قورەیش بوو. ئەبوجەهل داوای لێکردن تـا سـاتی جێبەجێکردنـی لای هـیچ کەس تەنـانەت نـاو مـاڵ و منـداڵی خۆشـیان باسـی نەکەن. ئیـدی ئەوان لە یـانەکە دەرکەوتـن و لەنـاو شـاردا پەرش و بڵاوبـوونەوە، هەر ئەو ڕۆژە گـۆڕانی مەرگی موحەمەدیان کە هێشتا زیندوو بوو لە سـەردا بـوو. ئەوان وایـان زانـی سـەرکەوتوو بـوون، بەڵام زیـاتر لە چـاڵەکەدا نوقـوم بـوون، فریشـتە و ئیبلـیس سەرسام و لە دەهشەتدا لە خراپی ئەهلی ئەو مەملەکەتە ڕادەمان.

*** *** **

کۆبوونەوە تەواو بووبوو و ئێوارە هات، خۆر کە تیشکی نیوە سوور و نیوە زەردی خۆی ڕژاندە ئەم شیوەی کە مەککەی تێدا هەڵکەوتبوو و لە ترسی بینینی پلانی شوم لە شاخەکان ئاودیو بوو. ئیدی نۆرەی شەو بوو کە بە ناچاری ڕێگە بدات شەیتانەکان ئەو نەخشانەی بە ڕۆژدا تەنها لە تاریکی زەینیاندا هەڵیان گرتبوو، بە چپە بەیەکتریان وتبوو: ببنە تارمایی و لە تاریکیدا بێنە دەرەوە و جامەی ڕەشی کردە بەڕۆشن، ئەگینا هەرچیان کردبوو و هەرچیان وتبوو بە با دەچوو.

بایەکی توند هەڵی کرد و بیابان وەک هیچ شەوێکی دیکە نەبوو لماوی و ڕووتەن و خۆی بە دیوارە ڕەش و کۆڵانە بێدارەکانی مەککەدا دەدا و دەرگا و پەنجەرەکانی وەقرچە خستبوو و هەواڵی تاوانێکی دەدا و ئەم شەو خوێنێکی پیرۆز لە سەرزەوی پیرۆز دەڕژێنرا، هەمووان خەوتبوون، یاران و خزمانی موحەمەدیش لە گەرمەی خەودان.

لە دوورەوە هاتن و قاچیان بەر هەرچی کەوتبا ڕەشەباش هەرا و سەدای دەنایەوە ئەوانەی بۆ چرکەیەک بەخەبەر هاتبان دەیانوت چ ڕەشەبایەکی تونده، لە هەر کووچە و گەڕەکێکەوە پێیان دەگواستەوە. کە لە هەموو گەڕەکانەوە هاتبوون و ئەوان کوڕی ئازا و هەڵبژێراو و پڕ چەککراو بە چاکترین و تیژترین شیری گەورەی خێڵەکەیان و ئەوان تارمایی بوون و لەپشتی دەمامک و جلە ڕەشەکانیانەوە کەس نەیدەناسینەوە،

بۆ ئەوەی ئەگەر تیرەی بەنوهاشم هەوڵی تۆڵە سەندنەوەی بکوژی کوڕەکەیان بدایە نەیانزانیایە کێ بوون، ئەو شەوە لە هەر چوارلای مەککەوە بۆ ماڵەکەی موحەمەد هاتن و ڕەشەباش جێ پێکانی سڕینەوە و خۆیان بە ماڵی موحەمەدا کرد، بە لێدانی یەک شیر ئەو هەموو شمشێرە کە شمشێری هەموویان بوو لە موحەمەدیان دەداو خوێنیان بەسەر جێگە خەوەکەیدا دەپژاند و بە پڕتاو بۆی دەرچوون.

جارێکی دییش با جێ پێکانی دەسڕینەوە بە جۆرێک دەتوانی سوێند خواردبا کەس لە ماڵ نەهاتۆتە دەرێ و ئەو خوێنەش لە لایەن هێزی نەبینراوی شەیتانەکانەوە ڕژا بێت و تۆڵەی سوکایەتی کردن بە خواوەندەکانیان کردبێتەوە. کوڕانی قورەیش هەرکامیان بە خەنجەری دەبانی خۆیەوە کە لە تاریکایی شەودا

دەبریسکایەوە و بە دەموچاوی هەڵبەسراوەوە لە بەردەم کۆشکەکەی خەدیجەی ڕەحمەتی لە چاوەڕوانیدا وەستابوون.

هەمووان لە ئان و ساتی خۆیاندا هاتن و دەرگاکەیان لاترەز کرد و جەستەی ڕاکشاوی نێچیرەکەیان دی، بەڵام نەچوونە ژوورەوە. سەیری پیاوە خەوتووەکەیان دەکرد و بەردەوام چاویان لێ لا نەدەدا. سەیرکردنی خەوتوویەک بە شێوەیەکی بەردەوام مرۆڤ ئاشوفتە دەکات. بۆ ساتێک هەمووان وەنەوزیاندا و بە دەنگی بەربوونەوەی شمشێرەکانی دەستیان بەخەبەر هاتن، دیار بوو خەوەکە زۆر کەم بوو و خێرا لە نێچیرەکەی ناو جێگەیان ڕوانی کە هێشتا لە گەرمەی خەودا بوون، هەرکام شیرەکەی هەڵبڕی بوو و بە هێواشی هەنگاوی دەنا.

بەسەر ماڵەکەدا دابارین و لە ئاستی خەوتووەکەدا شیر بە حەواوە ڕاوەستان، تاکو ئەو کاتەی کە ئەو لە کاتی خەودا ئەو کاتەی مرۆڤ بێ هیچ ئاگاداری و بەرگریەکە بەسەریدا بدەن، ئەمە پیلانەکەی دوێنێ ئێوارەی ئەبوجەهل و شەیتانی کەولّە پیر و گەورەکانی قورەیش لەوانەش مامە ڕیباخۆرەکەی ئەبولەهەب بوو.

خوا خرپەیەکی خستە دڵیانەوە لەوانەیە ئەو نەبێت بە دەستی ڕاستیان چەرچەفیان لەسەر هەموو جەستە لادا، خەوتووەکەش لەسەر چەرپاکە ڕاکشا بوو و ئەو هەموو شیرە لەسەر سەری وەستابوون و ئەو هیچکامیانی نەناسی و ئەوان هەموویان ئەویان ناسیەوە ئەوە عەلی ئامۆزای بوو کە لەسەر جێگەکەی ئەو نووستبوو لەو کورت تر بوو، بەڵام قایمتر بوو.

لەو تاریکییەدا بۆیان جوێ نەکرابوویەوە، ئەوان بە درێژایی دوینێ شەو چادودێری ئەویان کرد بوو چاوەکانیان ئەملاو ئەولایان لێهاتبوو و تا بە دەرگای ماڵەکەیاندا کرد بوو و چاوەکانیان نەیانهێڵا بوو لە ماڵ بچێتەدەرێ تا ئەمانی دەمامکدار و شمشێر بە دەست گەیشتبوون، لەتەک گەیشتنی ئەواندا بووبووە تەم و ڕۆشنایی و لەناو تاریکی شەودا لەوان ون بووبوو.

سەرەنجام خوا ڕەحمی بە مرۆڤانی داماو کرد و ڕزگارکەری ئەوانی لە دەستی بکوژانی قوتارکرد. هەبێ و نەبێت هەر ئەو چرکەساتەی وەنەوزەکە بووە، ڕاستیشیان وت: ئەو دەمە ئەو لە ماڵەکەی هاتە دەرێ و مشتێ خۆڵی بیابانی لە دەست ڕەشەبا وەرگرتەوە و نەیهێڵا بیبا و بەناوچاوی ئەوانیدا

وەشـاند و بـاش هاوکـاری کـرد بەر هەر هەموویـان کەوت و خەوانـدنی و ئەوە ئایەتەکـانی زاری بـوون بەوانـدا دەپژانـد و کـوێری دەکـردن، ئەوی گۆشـت و ئێسـقاندار وەک ڕۆحـی نەبینـراو بە هێواشـی پێکـانی گواسـتەوە و لای بەلای ئەواندا کـردەوە و ڕۆشـت و بـاڵای بە کـۆڵەکەیەک دەچـوو کە بە بەرزی بـاڵای دارخورماکانی مەدینە کە بۆ ئاسمان کشابوون.

بە چاپۆکی جحێڵی گەنجێکی بیست ساڵەوە هەنگاوی دەنا، لەناو تاریکیدا ون بـوو. ئەوان هەمـوو جێیەکـی شـاری بە شـوێندا گەڕان، بەڵام نەیانـدۆزیەوە. بە تەنیشت دیوارەکاندا دەڕۆشت تا خۆی گەیاندە ماڵی ئەبوبەکر و هـەر بـەو شـەوە بـە دەموچـاوی هەڵبەسـتراوەوە بـەرەو کـەناری شـار هـەر ئـەو شـوێنەی ئـاژەڵی تیژڕەو بە درێژایی بیابانی ڕێگای قەمچ و پێچی پێچەوانەی کەنار دەریـا دەبوونـە هاوسـەفەریان ڕۆشتن و ئەوانی بە خەوتوویی لە پاش بەجێهێڵا.

خەیاڵیـان خـاوە نیـازی لە دڵا خـراپ نیشـتووی نـاو هەنـاوی ئەوان بتوانێـت نەزمـی ئەم بـوونە تێک بـدات و ئـەوان دەسـتیان بـە موحەمـەد بگـات و بتـوانن خوێنی بەسەر لمـی بیاباندا بڕێژن، یـاخود بـە کـۆتکراوی بـۆ مەککەی بگێڕنـەوە. بـەڵکو ئـەو لەبـەرچاوی ئـەوان زۆر بە خێرایـی لە بیابـانی فـراوان ون بـوو وەک بڵێی توایەوە.

بـە چرپـە دەسـتەکان بـۆ خەوتووەکـە بـران و پێخەفەکـەیان هەڵدایـەوە، ئـەوجا بینیـان ئـەوەی ڕاکشـا بـوو ئـەو نـەبوو، لە سـەرەتاوە بە وەحشـەتەوە سـەری هەڵبڕی و تەواوی جەستەی بووبووە نیگا و لەوانی ڕوانـی، بەڵام پاشـتر زۆر لـە کارەکەش نەحەپەسا وەک بڵێی بۆ شتی لەو شێوەیە خۆی ئامادە کردبوو.

کوڕێکی گەنجی چوارشـانە بـوو، زۆر بـە ئـارامی لـەناو جێگەکـەی هەڵسـایەوە کە سەری نێزە و شیرەکان لە جەستەی چەقین و بەڵام سەری لەناویان تێپـەڕی. دەسـتی خسـتە سـەرچاوەکانی و پرواندنی و سـەیری ئـەو هـەموو شمشـێر و خەڵکەی کرد کە بەسـەر سـەریەوە وەستا بـوون، ئەوەندە بـە لەسـەرخۆ لـەوانی ڕوانـی وەک لـە خـەوێکی ئـارام بـە خەبـەر بووبێتـەوە. ئـەو لـەوانی ڕوانـی نەیناسینەوە، چونکە دەموچاویان داپۆشرابوو، بەڵام ئەوان، ئەویان ناسی.

وتیان: عەلی، ئەی موحەمەد کوا؟ لە کوێیە؟

سـەرەڕای ئـەوەی ئـەوان یەخـەیان گـرت و هاواریـان بـە سـەردا کـرد، بەڵام کوڕەکە هەر بە ئارامی مایەوە و وتی: نازانم؟

ویستی بڵێت: ئەو ئەمی بە دیار سپاردەکانەوە بەجێهێڵاوە، نەوەک لە ترسی ئەوان بەڵام گێڕایەوە، ئەو ئەوەی بە خیانەت لە سەروەرەکەی حسێب کرد و لە دڵی خۆیدا هێڵایەوە.

یەکێک لەوان وتی: با بیکوژین ئەو بە کوڕی ئەو دەژمێردرێت. خۆی یەکەم کەس بوو دەستی بۆ ناو تاریکی هەڵبڕی و شیرەکەی لە ئاسمان بریسکەی دایەوە و ویستی بۆ گەردنی کوڕەکەی بە خێرایی ڕابگرێت، بەڵام یەکێک لەوانی دی لەباتی ئەوەی بە وەشاندنی شمشێر لە کوشتندا هاوکاری بکات، وتی: نەکەی ئەمە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکەیە، ئێمە بۆ کوشتنی موحەمەد هاتووین نەوەک عەلی.

ئیدی بە شێوەی ڕێکوپێک و بە شوێن یەکدا کشانەوە و هەر کام بە بازێک بۆ ناو تاریکی لەبەرچاوان ونبوون. کوڕەکە کە بە تەنهایی لە ژوورەکەدا بوو، لەو کەسانە بوو کە زۆر بە ئازا ناسرابوو، بەڵام ئازاکانیش دەترسن، جیاوازی ئەوان لەگەڵ ترسنۆکەکاندا تەنها ئەوەیە کە ئەمان ترس بڕیارەکەیان پێناگۆڕێت. عارەقەی پشت ملی خۆی سڕی و زوڵفە ڕەشەکەی کە بەهۆی خەوەوە ژاکابوون و دەستی تەڕی عارەقاوی پێداهێنان و پەنجەی دەستی خستە ژێر زوڵفی درێژ و جوانی گەنجانەی و بۆ پشت سەری هەڵیدانەوە.

لەگەڵ ئەوەدا هەموو شتەکان بەرەو کۆتایی دەچوون، بەڵام بڕیاری بەیانی هەموو ئەو سپاردانەی خەڵکی مەککە بگێڕێتەوە، کە لای سەروەرە دەستپاکەکەی دایاننا بوو، کەچی ئەوان بۆ کوشتنی کوڕە ئازاکانی خۆیان بۆ سەر جێگەکەی نارد بوو.

خودا لەوان گەڕا، تا بە ئازاری نەهاتنەدی ئاواتی سوورکردنی جێگەکەی بە کوشتنی موحەمەد بە خەوتوویی لەلایەن پیاوانی ئازای هەموو تیرەکانەوە بتلێنەوە.

چل و سێیەم: کۆچ

(هەر زوو هەواڵ لە (دارولـنەدوە) دەرچـوو ڕۆشـت و بە هەمـوو بیابانـدا بڵاوبوویەوە، هەر کەس بە تەمای بە دەستخستنی خەڵات بوو، کۆڵی پێچایەوە و سـواری وشـتر یـان ئەسپی خـۆی بـوو، بە شـوێن ئـازیزی بوونـدا کە بیابـان دەیشاردەوە، بەڕێ کەوت).

مەککە دڵێکی نەماوە تـا چـاو بکـاتەوە، ئەو لە کەرامەتـی خـۆی تەوەلا بـووە و لە خوا ناترسێت، شـەیتان لە نـاو هەردوو ڕان و بـانتر لە زگیـانەوە و بـانی بـانتر لە سەروو دڵیانەوە لە مێشکی بەرژەوەندیخوازی ئەوانەوە سـەرەوخوار دەسـتی بـردووە و قـاچی بازرگانـانی ئەو شـارەی گرتـووە و بەرەو دۆزەخ پەلکێشـیان دەکات.

زوو زوو هەر ئەو دەمەی بـــاوە گەورە (ئیبـــراهیم) و ژنەکەی (هـــاجەرە خـاتوون) لە دوورەوە هەزاران هەزار جـار پێیـان گواسـتەوە و هـاتن و گەشـتنە ئێـرە کە بـێجگە لە شـیوێکی وشـکی بـی ڕووەک و ئـاو زێتـر نەبـوو، بـاپیرە و خێزانەکەی لەوێ مـانەوە. خـودا فەرمـانی بە بـاپیرە دەدات کە ژنەکەی و منـداڵە شیرەخۆرەکەی لەوێ بەجێ بهێڵێت.

ئەویـش خـودای بە خـوایەکی دڵـڕەق و بێبەزەیـی نەدەناسـی، خـودای بە میهرەبـان بەخشـندە ئـەزموون کردبـوو، ئەوانـی بە تەنهـا لەو قـاقڕە بەجێهـێڵا و دواتر لە ژێر پێی قاچی منداڵەکە ئـاوی زەمـزەم تەقی. بـاپیرە کاتێـک گەڕایەوە کە منـداڵەکەی گەورە بووبـوو ڕەش و سـپی لەیەکتـر جـوودا دەکـردەوە و یـارمەتی باوکیدا مـاڵێکیان بـۆ خـوا سـازدا و دواتـر خیلّەکـان لە دەوری ئـاو و مـاڵی پیـرۆز خڕبـوونەوە و ماڵەکـان لە شـیوەکەدا ڕاسـتبوونەوە و شـوێنکەوتووانی ئیبـراهیم زۆربوون.

خۆر و مانگ لە سـەفەری شـەو و ڕۆژی خۆیـان بەردەوام بـوون و ڕۆژان و مانگـان و سـاڵان تێـپەڕین و هەوەسـی خراپەکـاری مـرۆڤ هەڵیـدا و لە دینـی ئیبراهیمـی بـاوەگەورە لایانـدا و بـت لە جـێگەی خـوا پەرسـترا، خـودا دوایـین پێغەمبەری خۆی هەر لە خەڵکی شیوەکە نارد و خەڵکی پێشتر دامـاو لە سـایەی شوێنی شار و پیرۆزی ماڵی خودا کە کاروانی زستان و هاوینیان ڕێک دەخست

هەنووکە دەوڵەمەند بوون و لە دژی بوونەوە و زۆر ئازاریاندا و دوێنێ شەویش بە هەموویانەوە هەوڵی کوشتنیان بە چاوی نوستووە و لە ناو جێگەی خەودا دا، بەڵام خوا لە دەستیان دەربازی کرد و هەنووکە دوو ڕۆژە شوێنی ونە و نازانن خوا وەک جارەکەی دی بۆ ئاسمان هەڵیبڕیوە، یاخود زەوی هەڵی لوشیوە.

چۆن دەکرێت ئەم قەومە خراپەی قورەیش بناسیت، ئەم پێش نیوەڕۆیە کە سێبەری هەرکامیان هاتۆتە یەک و بەقەت خۆیانی لێهاتووە، وەک خۆر لەوان نەڕوانێت کە لە بەردەم مزگەوت و دەوروبەری ماڵی باپیرە (دارولنەدوە)دا لە قسە نهێنییەکانیاندا دێن و دەڕۆن، لە ونبوونی موحەمەد دەدوێن و بۆ ئەوەی خزمانی ڕیشسپی و لاوی ئەوێ نەزانن چی دەڵێن ملیان بۆ لای یەکتر لار دەکەنەوە، لە پلانی ڕێگری لە دەرچوونی خزمەکەی ئەواندان، تەنانەت ئەگەر بە بەهای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوانی ڕیشسپیاندا بێت. ئەم جارە بۆیان ئەنجام نەدرا دەبێت تا ئەو دەمەی کارە گرنگەکە سەر دەگرێت، ئەگەر هەموو سەروەت و سامانیان داناوە هەڵبکەنەوە. بە پلانی تۆکمەی دوێنێ شەویانەوە نەیانتوانی ئەو لەناوبەرن، پێش ئەوەی لە شار بڕوات و لە دەستیان دەربچێت. دوو ڕۆژ بەسەر ونبوونی "موحەمەد"دا تێپەڕیوە، ئەو دوو ڕۆژە بۆ ئەوان بە ئەندازەی بیست ساڵ بە سەودا و موخاتەرە و قازانج و زەرەری بازرگانی ڕۆحی بوونی ئەوانی بردووە.

ئامۆزاکەیان هێنا و ئازاریاندا تا هەواڵی موحەمەد کە بۆ ئەو لە باوک فەرزتر بوو بەوان بدات. سپاردەکانی ئەوانی لای موحەمەد بەوان گێڕابوویەوە، زۆر ئازاریاندا هیچیان هەڵنەکران. لێیان دەدا و دەیانپرسی موحەمەد لە کوێیە ئەو یەک وەڵامی دەدایەوە: نازانم. کاتی نەبوو لەتەک ئەم لاوەدا کە پەروەردەی موحەمەد بوو کات بە فیڕۆ بدەن و لێی گەڕان و پاڵیان پێوە نا و یەڵڵا بڕۆ لە کۆڵمان بەرەوە.

لە دەستەوسانیدا دەستیان کرد بە لۆمەکردنی خەتاکاران، ئەمە هەموو خەتای (ئەبولەکەم) بوو کە پلانی تۆکمەی نەبوو، ئەویش بە خەتای ئەوانی دەزانی کە لە کوشتنی ئەو دوا دەکەوتن و لەبەر ئەوەی کوڕی گەورەکەیان بوو، ئیدی لەو زامە گەڕان کە گەورە بێت، ئەو گەورەترین زامی سەر جەستەی ئەوان بوو دەبوو داخی بکەن و لە جەستەیانی بکەنەوە.

ئەوان لە حەیس و بەیسی خەتا و خەتاکاری یەکتردا بوون، کە موحەمەد و هاوڕێکەی بێ پسکە ڕۆشتبووت و بە نیازی کۆچی نەگەڕاوە لە دەرەوەی شار بە هەناسەبڕکێوە هەنگاویان دەنا. هەواڵدەرەکان هەواڵی شوێنی چۆڵی موحەمەدیان لە هەموو شوێنێکی شاردا ڕاگەیاند.

(ئەبولحەکەم) کە هەنووکە بەرپرسی مەرگی موحەمەد بوو هاواری کرد لە توندی دەنگی هاواری ئەو کۆشکی باپیرە دەنگی دایەوە: بەسی کەن لەم خەتا و خەتاکاریە تا لە دەستمان دەرنەچووە بڕیاری خێرا بۆ گرتن و هێنانەوەی بدەن. هەر بە خێرایی خەڵاتی گەورەیان ڕاگەیاند: سەد وشتر بۆ هەر کەسێک کە موحەمەد بە زیندوویی بۆ مەککە بگێڕێتەوە، هەر کەس هەواڵی جێگەی بوون یاخود مردنی بەوان بگەینێت. هەر زوو هەواڵ لە (دارولنەدوە) دەرچوو، ڕۆشت و بە هەموو بیاباندا بڵاو بوویەوە، هەر کەس بە تەمای بە دەستخستنی خەڵات بوو کۆڵی پێچایەوە و سواری وشتر یان ئەسپی خۆی بوو، بە شوێن ئازیزی بووندا کە بیابان دەیشاردەوە، بەڕێ کەوت.

قورەیشیش هەزاران سواری خۆیانیان بڵاوکردەوە، تا ئەو جێیەی بۆیان کرا ڕێگاکانی دەرچوونیان تەنی. لە ڕووتەنی فراوانیان ڕوانی، بۆ دۆزینەوەی مرۆڤ لەو جێیەی ئیمکانی خۆشاردنەوەی تێدا نەبوو، گوێیان لە هەموو ورتەورتی کپ و نهێنی ئامێزی بای بیابانیش گرت، تاوەکو دەنگی هەناسەی هەڵکێشراوی مرۆڤی لە پانتایی بیاباندا ون بوو بەوان بگەیەنێت.

*** *** ***

ڕۆژی هیجرەت وەک هیچکام لە ڕۆژەکانی دیکە نەبوو، ڕۆژێک لە مێژووی مرۆڤایەتی و ژیانی "موحەمەد"دا هاوشێوەی نەبوو، بۆ ئەبوبەکریش کە هاوەڵی کۆچی موحەمەد بوو ڕۆژێکی شادی هێنی وابوو، جارێکی دی لەدایک بوونەوە بوو هێندە بە ئارەزووەوە سەیری شتەکانی دەکرد و خواحافیزی لە هەموو شت دەکرد.

ڕۆژی کۆچ بۆ ئەبوبەکر ڕۆژی دڵدانەوەی خودا بوو، ئاخر ئەو هاوڕای خۆشەویستەکەی بوو کە دەیوت: من و تۆ هاوسەفەرین، تۆ هاوڕێی کۆچی منی! ئەوە چ شادمانیەک بوو ئەو بەیانیە کە لە ئەودا خۆی دەنواند حەجمینی بە خۆی

نەدەگرت. هەر دوێنێ هاوڕێکەی پێی وت بوو: تۆ هاوڕێی سەفەری منی ئیدی لە خۆشیدا وەها گۆڕا، تەنانەت ڕۆڵەکانی نەیان دەناسیەوە، خەلقوخوی وابوو هەموو هەبوو و نەبووی خۆی لەتەک خۆیدا پێچابوویەوە.

بەیانیەکەی ئەو دەمەی مەلانی شەو جریوە جریو خەریکی کاسبکاری و نان دەرهێنان لە شاری مەککە بوون، ئەبوبەکر هەر زوو وەک فریشتەیەک کە خوا بە کارێکی گرنگی سپاردبێت بە سەرزەویدا فڕی و خۆی گەیاندە ئەو دوو ئاژەڵە تیژڕەوەی لە دەرەوەی شار بۆ ئەم سەفەرە ئەبەدیەی ئامادە کردبوون. لەو بەر ئەم بیابانەوە لەو سەرەوە دوای چەند شەو و چەند ڕۆژان، ئیدی شاری ڕۆنراوی نوور و خوا چاوەڕێیان دەبێت و بۆیە ڕێی ئەو بیابانە مەزنەیان، بەڵام بە ڕێی پێچەوانەی شاری ئەوەوە گرتەبەر، کە هەنووکە لە بەردەم تیشکی خۆری زۆر نزیکدا کە پێ بە پێی ئەمان دەڕۆشت ڕێیان بڕی.

موحەمەد بە غەمی دڵی خۆیەوە بە بیابانەدا گوزەری دەکرد، ئەو هەمیشە غەمێکی لە دڵیدا بوو تەنانەت کاتێک دەیدی هاوڕێ کڵۆڵەکانی پێدەکەنین، پێیان سەرسام دەبوو.

کاروانیەکان لەتەک گوتەکانی ئەو بۆ سەیرکردنی دووبارەی بیابان پەلکێش دەکران، ئەوان هێندە دڵیان بە جوانی بەرەهوتی و چۆڵی بیابان دەکرایەوە، پێدەچوو بۆ شادمانی دڵی ئەوان بەهەشت هەندێکی بیابان بێت، (عەبدوللا) جار جار گۆڕانی بیابانی بۆ وشترەکان دەوت و ئەوانیش بە جووڵەی بە ڕیتم و ئارامی خۆیانەوە کە جەستەی کاروانیانی لەتەک خۆی جارێک بۆ پێش و جارێک بۆ دوا دەبرد. چاوی پاکی کراوەی خۆیان دەبڕیە ڕێگای دوور و دیار بوو ئەوانیش بە تەما بوون ببنە ئاژەڵی خۆشبەختی بەهەشت و لەوێ بە کەیف و شادیەوە لە لەوەڕی بێکۆتایی بەهەشت بلەوەڕێن.

ڕۆشتن و ئەبوجەهل و مەککەیان بۆ داخی سەرنەگرتنی پلانی پێغەمبەر کوژیەکەی بەجێهێڵا، بە تەما بوون بیخزێنە قەفەزێکەوە بە تاوانی دەرچوون لە نەریت و ئایینی باوباپیران. بە هەموو کووچە و کۆڵانی مەککەدا بگێڕدرێت و بەر بەرد و تف و لەعنەتی بدەن دواجار لە حەرەمی ماڵی خوا دا بە تاوانی دەرچوون لە ئایین هەڵبواسرێت. نا... نا... لاشەکەی بە خاچەوە بەجێ بهێڵرێت و تا تینی خۆر تەرایی تێدا ناهێڵێت.

دواتر داڵە لاکخۆرەکان بەسەریەوە دەنیشنەوە و بە چرنۆک و دەنووکی زل و لاریان بەر دەبنە لاشەکەیی و لە پێشان دەنووکێک و دووان چاوە جوانەکان لێدەکەنەوە، پێ زلەکانیان لە پشتە سەری گیربکەن و لێی بکەنەوە و بەردەوام بەربنە لاشەی نیوە تەڕ و نیوە وشکی بەر خۆرەتاوی و ئەوەی پێی بڵێن نەرم و چەوری پێوەی نەهێڵن، تەنها ئێسک و پروسکی نیوە سوور و ڕەشی وشکەهڵاتوو بە دارەکەوە بمێنێتەوە.

ئەو خەیاڵی دەکرد و ئەم خەیاڵانەشی لە نەفی پڕ لە ڕقی لە موحەمەد و نەفسی بەد و بووم ئاسایەوە سەرچاوەی دەگرت. نا... نا...، ئۆخەی هەنووکە ئاواتەکانی دەهاتنە دی نەوەک تۆڵەی خۆشترویستنی موحەمەد و ئەگەر سەروەر بوونی ئەوی لەناو هەموو تیرە و تایفانی مەککە و داخی دوورودرێژی دەیان ساڵەی باوباپیرانیشی لە "بەنی هاشم" دەکردەوە کە هەمیشە لە پێش باوپیرانی ئەمەوە بوون و سەروەری و سەلاری خۆیان بەسەر قورەیشدا سەپاندبوو.

چ خەیاڵێکی خۆش، بەڵام بە دڵنیاییەوە نە بەنی هاشم و نە هەموو عەرەبیش لێ ناگەڕێن کوڕی گەورەی عەرەب بەو دەردە ببرێت. ئەوجا هەزاران شمشێر و سواری ڕەشپۆش پەیدا دەبن پاسەوان و خەڵکی لە ترسی ئەوان لە مەیدانی خاچ دەکێشێنەوە و دەمێننەوە، ئەم و هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن و خزم و خوێشیان ئەو لە خاچەکە دەکەنەوە و بە بەرچاوی ئەمەوە قوتاری دەکەن یان ئەوەتا شمشێری هەڵکێشراو دەوەشێنرێت، تیرەی قورەیش دەبنە دوو بەرە ئەمان و ئەوان سەر و دەست و قاچ دەپەڕێت و خوێن فیچقە دەکات و حورمەتی قورەیش دەشکێت.

ئەو سمێلەکانی دەکرۆشت و زمانی نەدەبزوان، بەڵام بە زمانە بچکۆلەی لە ناوە دەیگوت: نا... نا... کە هێنامانەوە مەیدانەکە هەر ئەو کاتەی حەشامات جنێوی پێدەدەن و ئەویش ڕەنگ زەرد و ترساو لەوان دەڕوانێت یاخود ناڕوانێت سووک و ئاسان لە قەفەزی دەردەکەن و دەیهێنن لە زەبەلاحترین کۆیلەی ناو شار بە بەهای ئازادکردنی زلترین شمشێری ڕۆمی یان تیژترین تەوری ڕۆمی دەدەنە دەست کە ئەم خۆی هەردووکیانی هەیە، بە یەک دەست ڕاوەشاندن سەری لە لاشەی بکاتەوە.

ئەوجا کار لە کار دەترازێت و نە خزمەکانی نە خواکەی هیچیان پێ ناکرێت و دەبێتە عیبرەت بۆ هەر کەسێکی دی و ئیتر کەس ناوێرێت هیچ بڵێت، چونکە لە باوەڕی قەوم و تیرەکەی هەڵگەڕاوەتەوە و دواتر سەری بە دەرگای شارەوە هەڵبواسرێت و بۆ هەتا هەتایە شکۆی شاری پیرۆز و مەزنی مەکە بسەلمێنێت.

هێشتا غەرقی خەیاڵاتی خۆی بوو کە پرمەی ئەسپی هەواڵهێن گەیشت کە موحەمەد و هاوەڵەکەی لە ڕێگەی دوور دووڕەوە بۆ یەسریب ڕۆشتوون. بانگی کۆیلەکانی دەکات و داوای کەنیزەکە ڕۆمیە سەماکەرەکانی دەکات تا بۆی با بدەن و گۆرانی بۆ بڵێن، ئەویش دۆلکە لەسەر دۆلکە مەی هەڵبدات. ئەگەر موحەمەد بۆ ئەوپەڕی دونیا بڕوات ئەم هەر شوێنی دەکەوێت

ئەوان بە تەمابوون موحەمەد دوایین ڕۆژی سەرزەوی کە زۆر دوور نەبوو لە لای ئەوان بەسەر ببات، کەچی هەنووکە وەک ماسی لە ژێر دەستیان هەڵخزی بوو و بۆ ناو دەریای بیابان و بە مەلەی چەند ڕۆژە دەریا و بیابانی دەبڕی و لەو سەرەوە بە یەسریب دەگەیشت، ئەمە هەموو پەنی ئەبولحەکەم و بڕیارە هەرزە و سەرەڕۆیانەکانی ئەو بوو.

موحەمەد و هاوکاروانیەکانی هەنووکە مەککەیان بەجێ هێشتبوو، خامۆشیەکی سەیر هەموو شوێنێکی تەنی بوو، ئاسمان بەو لاسەرەوە قوواڵ پڕ لە ئەستێرە بوو بێجگە لە دەنگی پێی نەرمی وشترەکانیان کە بەر لمی بیابانەکە دەکەوت و پرمەی وشترەکەش کە وەک دەنگێکی گەورە دەکەوتەوە گوێیان لە هیچ نەبوو! ئەبوبەکر هەر زوو ویستبووی لەتەک موسڵمانە کۆچەرە یەکەمینەکان بەرەو حەبەشە ئیمانەکەی لەتەک خۆی بەرێ و پارەکانی بۆ منداڵەکانی و دایک و باوکی بەجێ بهێڵێت و بڕوات تا ئەوەی گەورەی تیرەی فراوانی بیابان نشینی (ئەحباش) کە هاوڕێی بوو بە دەنگی گەورەی بیابان بۆ ئەمی دەنگ کز دوا بوو و پەشیمانی کردبوویەوە.

باشیشی کردبوو ئەگەر بهاتبا و ڕۆشتبا، هەنووکە مێژووی ئیسلام بە جۆرێکی دیکە دەبوو، ئیدی هەر لەوساوە بە شوێنی وەڵامی پرسیاری نەوتراوی دڵیدا لە هاتوچۆدا بوو و ئازاری خۆی بۆ سەروەر باس دەکرد تا ڕۆژێک پێغەمبەر پێی فەرموو (مۆڵەتی کۆچکردنم پێدراوە) ئەمیش وەڵامی دابوویە ئەوە مانای کۆچ و هاوڕێیەتیە، ئەویش وتوبوویەوە: ئەوە کۆچ و هاوڕێیەتیە.

لەوساوە هەموو بەیانیەک کە دەچووە بازاڕ و زەینی بە سەوداوە مژوڵ دەبوو ئێوارانیش کە بۆ لای مااڵ و منداڵ دەگەڕاوە هەر ڕۆحی لای هەواڵی هاوڕێکەی کە گەیەنەری هەواڵە مەزنەکانی ئاسمان بوو و بۆ ئەم هاوڕێیەتی کۆچیش لە هەواڵە مەزنەکان بوو. تا ئەوەی نیوەڕۆی دوێنێ کە قەت کاتی هاتنی ئەو بۆ مااڵی ئەم نەبوو، بە دەموچاوی پۆشراوەوە دوای چەند ئەم مااڵ و ئەو ماڵ کردن لە شەوی پێشترەوە کە قورەیش هەوڵی کوشتنیان دابو گەیشتبوو و فەرمانی هاوڕێەتی و هاوسەفەری پێ بوو.

ئەمیش یەکە و ڕاست هەواڵی بە وشترەوان دابوو کە وشترەکان ساز بدات، چونکە کاروان دەکەوێتە ڕێ. هێندە بە هاوسەفەری موحەمەد دڵخۆش بوو، ترسناکی ڕێی لەبیرکرد بوو. ترسناکی ڕێی دوور تەنها بۆ کەسێک کە لە ئەوێنی هاوڕێیەتیدا نەسووتا بێت، وێرانکارە. هەر دوێنێ شەو پێش بەرەبەیان کە هێشتا ئەستێرەی بەیان بە قەبارەی گەورەی خۆیەوە شوانی ئەستێرەکانی دیکەی کردبوو و بۆ ئەودیو شاخەکە ئاودیوی کربوون و هەر خۆی مابوو بە تەما بوو خۆیشی بڕوات لە دەرگای پشتەوەی ماڵەکەیان چوونە دەرەوە، دوای ئەوەی هەموو ئەرکەکانی سازدانی سەفەریان لە نێوان خۆیان و منداڵەکانیان دابەشکرد، ئەسما خۆراک و ئاوی بۆ ئەشکەوت بۆ دەهێنان و عەبدوللاڵش گوێقوڵاخ هەر لە بەیانیەوە لە ماڵ دەردەچوو و هەواڵی بۆ دەگواستنەوە.

دواتر ڕۆڵی شوانەکە و وشترەوان و ژنەش لە ماڵەوە، ئەرکی مااڵی بێمێردی دەگرتە ئەستۆ و بە چاوی نیوەکراوەوە لە بەردەم خەزووری نابینا و بۆ منداڵی گەڕاوەی دادەنیشت و باوەڕی پێدەهێنا کە مێردەکەی هەموو شتێکی بە نەخشە داڕشتووە، وەاڵمی دووبارەی ئەوی کە ئایا بڕی پارەی پێویستی بۆ ئەوان بەجێ هێشتووە دەدایەوە. ئەوجا بۆنی سوتانی چێشتەکەی دەهات و بە خێرایی بۆ لای ئۆجاخەکە بۆ ژوورەوە دەگەڕایەوە. دواتر زانرا منداڵەکان باوکە پیرەکەیان خەڵەتاند بوو. ئاخر ئەو داماوە دەیزانی ئەوە هەر هیچ کوڕە سااڵحەکەی بەجێی هێاڵ بوون، ئەو دەیزانی کوڕە چ سەخاوەتێک بە خەرج دەدا و بەم دەست و بەو دەست هەر خەریکی ئازادکردنی کۆیلە و کەنیزەکانە.

پیرەپیاو وتبووی: بابزانم ئەو کە خۆی ڕۆشتووە چی بۆ منداڵەکانی بەجێهێاڵوە، ئەوجا ژن و کچەکان وتبوویان: هیچ غەم مەخۆ باپیرە دیناری زێڕ و درهەمی زیوی زۆر بۆ بەجێهێاڵوین، ئەویش لە ترسی مەرگ، دەاڵێن هەمیشە

پیرەکان هەرچەند دەرفەتی کەمیان ماوە، بەڵام زۆرتر لە لاوەکان غەمی ژیانیان هەیە.

- پیشانم دەن بزانم؟

جا ئەوانیش بەردی خر دەکەنە تورەکەوە و دەستی پیرەپیاو دەخەنە سەریان و دەڵێن: ئەوەتا باپیرە هیچ غەمت نەبێت ئەوەتانێ!! ئەویش بە بەردەکان دڵخۆش دەبێت و دەڵێت: دەی.. دەی..!

بێ ئاگا لەوەی بەردە و خۆ زێڕ و زیویش مرۆڤ بەهایان پێ بەخشیوین بێجگە لە بەرد کە نەدەخورێن و نە لەبەر دەکرێن هیچ شتێکی دیکە نین!

باوکی ئەبوبەکر کە دونیای ڕووناکی بۆ جیا نەدەکرایەوە بەرد و دینداری بۆ وەک یەک وابوو لەوەی کوڕەکەی بەجێی هێڵابوو دڵنیا بوو، ئەبوبەکر منداڵەکانی و باوک و دایکی بە تورەکەیەک بەردەوە لەباتی پارە و ئاڵتوون بەلای خواوە بەجێهێڵا، خۆشی لە هەموو ئەو ڕەگانەی ئەویان بە زەویەیەوە چەقاندبوو هەڵکەند و خۆی لە باوەشی عەیش و نۆش دەرهێنا و شوێن هاوڕێکەی کەوت. ئەمەش مانای هاوڕێیەتی و خۆ بە قوربانی کردنی هاوڕێ تێکۆشان لە پێناو ڕزگاریدا بوو.

هەموو ئەوەی وەدڵدا هات کە پێکیانەوە لەتەک موحەمەد لەو شارەدا ئەنجامیان دابوو، چ ئازارێکیان چەشت بوو، چ ئیمانێک چ چێژێکیان وەرگرتبوو و چ برایەتیەکیان کردبوو، شاری مەککەیان لە شاری بتانەوە بۆ شاری نوور و فریشتە وەرگێڕابوو، جارێکی دییش فریشتە و وەحی و دابەزین و نزا و نوێژ و دەست و دەنگ هەڵبڕین بۆ ئاسمانیان هەڵدایەوە.

ئەوە بوو پێغەمبەر وەڵامی ئەو چاو و دەستە هەڵبڕاوانەی دایەوە کە هاواریان بوو کەی دێ کەی دێ، ئیدی ئەو هات و ئەمانیش بوونە پشتیوانی و لە پێناویدا چ نەبەردێکیان ئەنجامدا و چیان نەبەخشی و چیان بە کامی دڵ قەبول نەکرد! هەموو هاتەوە بەرچاویان هەموو ئەوەش لە شاری خوادا، تا کار گەیشتە پلانی کوشتن و لە شار وەدەرنان.

*** *** ***

بە ڕۆژدا کـــچەکەی هەرچیـــان هەبـــوو دەیپێچـــایەوە و بە پشـــتوێنەکەی دەیبەستەوە، بۆ ناو ئەم شاخ و داخەی بۆ باوکی و هاوڕێکەی دەهێنا. باوکیان مااڵی بۆ دایک و باوکی پیر و ئەمانی منداڵ بەجێهێاڵ بوو و شوێنی باوکیان لە ماڵەکە چۆڵ بوو و مەککە دەبووە هەواڵی نەوتراو و با بۆ ماڵەکەی ئەمانی دەهێنا باڕەش دەیکردە تەقە تەق و ئەمانی ڕۆڵەی پیاوی هەڵهاتوو و لە ئایین دەرچووی دەترسان.

ئەمان هەمیشە گوێقوڵاغی هەواڵی نوێ بوون. پیاوان بە شوێن هەواڵی باوکەوە هەریەک بۆ الیەک چووبوون (عەبدوللا) بۆ ناو ئاوەدانی و لە دەمی ئەم و ئەو ڕوانین کە دەدوان تا خەبەری نوێ بزانێت و شەوان بە باوەی بگەیەنن و (عامری کوڕی فەهیرە)ی کۆیلەش مەڕەکانی دەلەوەڕاند و بە ڕێگەی ئەماندا دەهاتەوە تا شیر بە دوو موسافیرەکە بدات و جێ پێی ئەمانیش بسڕێتەوە کاتێ خواردن و هەواڵیان بەوان دەگەیاند.

تەقەی دەرگایان لێدرا، چوو دەرگای کردەوە، دیتی قەڵەوێکی کەچەڵ لە ئاستانەی دەرگا وەستابوو، ئەو نامەردە دەستی بە پیاوان نەدەگەیشت ئێستا هێرشی بۆ سەر ژنان هێنا بوو. کچە لە سەرەتاوە بە ترس و لەرزەوە دەیڕوانی هەنووکە کە زانی بەرامبەر چ ترسنۆکێک بۆتەوە ئیدی ترسی نەما و چاوی کردەوە. باوکی دەست نەدەکەوت هاتبوو ئازاری ئەمانی دەدا، (ئەبولجەهل) پرسی: باوکت لە کوێیە؟

باوکی و هاوڕێکەی لە سنووری ئاستانە و دەسەاڵتی ئەو تێپەڕی بوون، خەریک بوو لە داخاندا خۆی دەکوشت، خۆی مەست دەکرد و دەیخواردەوە و هەرچی بەر دەست بکەوتایە دەیشکاند، دەستی بە پیاوانێکی وەک موحەمەد و ئەبوبەکر نەدەگەیشت دەستی بە ئازاردانی منداڵان و ژنان و کۆیلانی بێ دەسەاڵت کرد، ئێستاش هەڵی کوتابوویە سەر مااڵی ئەبوبەکر، کچە گەنجەکەی دەرگای کردبوویە و هەواڵی باوکی لێپرسی بوو و ئەویش وتبووی، نازانم!

زلەیەکی لە بناگوێی سڕەواند و گوارەکەی گوێی کەوت و دەمولوتی ناسکی خوێناوی بوو، کچە نەترسانە سەری هەڵبڕی و پێش ئەوەی بە زاری هیچ بڵێت بە چاوەکانی هەموو شتێکی بە کابرای جڕ و جانەوەر و چاو بزە وت: داوەشێی پیاو! هۆو.. گەورەی قورەیش بە هەموو موڵک دەسەاڵتی خۆتەوە لە بیابانی

گەورەی عەرەبدا هیچت لەتەک پێغەمبەر و باوکم پێناکریت، ئەوجا هاتووی هێز و زۆرت بە سەر ئێمەی ژێردەستەدا تاقی دەکەیتەوە.

بۆ ئەوەش هەرچی زیاتر بێتوانایی ئەو زەبەلاحە کە پڕی چوارچێوەی دەرگاکەیان بوو بە خۆی پیشان بدات، ئەشکەوتی دەمی پڕ لە ئاو کرد و لە زاری چووە دەرێ و بوو بە تف و بە دەموچاوی گەورەی قورەیشدا سواغدا، کارێک پێشتر کەس نەیوێرا بوو بەرامبەری ئەنجامی بدات.

کچە هەستی بە ئازایەتی کرد و حەزی دەکرد خوا ئەو چرکەساتەی ئەو پیاوە لە خۆباییەی بە تف و زەلیلی بینی درێژە بکێشێت، کابرا شێت بووبوو و دەستی برد خەنجەری بەر قایشی ئاڵتوون و زیوینی هەڵکێشا و بۆ سەر سەری ئەم کچەی بەرزکردەوە و ویستی بیسرەوێنێتە سەر سینگی. کچەش نەترسانە نزای مااڵئاوایی دەخوێند، پیاوەکە شەیتان وەبیری هێنایەوە کە نەکەیت حورمەتی قورەیش بە کوشتنی کچۆڵەیەکی بێدەسەاڵت لەکەدار نەکەیت.

ئەوجا شل بوو و دەستە بۆ هەوا ڕایەڵ بووەکەی شۆڕبوویەوە، کچەش چاوەکانی کردبوونەوە و پێکەنینی بەو بێدەسەاڵتیەی ئەو دەهات.

*** *** ***

دوو موسافیرەکە لە ماڵ دەرچوون لە زەینیان پێشتر هەموو شتێکیان ئامادەکرد بوو، بەاڵم لە بیابان سەریان لێ تێکچوو بوو، نەیاندەزانی بۆ کوێ بڕۆن تا خوا دەستی گرتن و بە پێچەوانەی ڕێی شاری (یەسریب) بەرەو خواری بردن ڕێگەبی یەمەن و دواتر بۆ لای شاخ بە قاچی خوێناویەوە کە لە تاشە تیژەکان دەکەوت بریندار بوو. هەوڵیدا لەسەر لا بڕوا تا خوێنی لەسەر بەردەکان نەبریسکێتەوە و دوژمنان نەیکەنە نیشانەی دۆزینەوەیان و بەرەو ئەشکەوتی (سەور) سەرکەوتن، بریندەکانی قاچی هێندە قوڵ بوون دەمێک ئەبوبەکر دەستی دەگرت و دەمێک هەوڵی دەدا لە کۆڵی بگرێت، بەاڵم ئەو نەیدەهێاڵ و لە بەردەم ئازاردا کۆڵی نەدەدا و کۆچی خۆی بوو، دەبوو خۆشی ئەنجامی دابا.

ویستبوویان بۆ شوێنی دوور بڕۆن، بەاڵم دوا جار بڕیاریان دابوو هەر لەوێکانە لەو ئەشکەوتە لەو نزیکانە لابدەن، ئاخر مرۆڤ تا نزیکتر کەمتر دەبینێت، تا ئەوەی لەناو خۆیدایە نابینێت، هەر بۆیە نە خۆی و نە خوای خۆی

که دووەمیان زۆر نزیک و نزیکتر لە دەماری و دووەمیشیان خودی خۆیەتی ناخاتە بەرچاوی، ئەبوبەکر کاری زۆری بەجێهێڵا بوو و هەنووکە بۆ ڕزگاری ڕۆحی بەم بیابانە بەرینەدا شوێن موحەمەد کەوتبوو و شاد بێخەم باوکە پیرە نابیناکەیی و منداڵەکانی بەجێهێڵا بوو.

سەروەر ویستی بڕواتە ناو ئەشکەوتەوە، ئەم سوێندی خوارد کە نا هەرگیز نابێت، دەبێت ئەم لە پێشدا بڕوات، تا هەرچی ترسناکی لەو ئەشکەوتەدا هەیە بۆم ئەم بێت، هەر دەردێک بۆ ئەو بێت بەر ئەم بکەوێت.

چووە ژوورەوە شیرەی کراسەکەی هات لە ژوورە وە ئەم هەر نەیزانی چی لەوێ لەو تاریکییەدا دەگوزەرێت، بانگی کرد ئەی پێغەمبەری خوا وەرە ژوورەوە. ئەو ڕۆشتبووە ژوورەوە، بە کراسەکەی کە هەنووکە کۆمەڵێک پەڕۆ زیاتر نەبوو هەموو کونەکانی ئەشکەوتی گرتبوو، دوو کونیش مابوون، هەردوو قاچەکەی بەوانیشەوە نا. سەروەر قاچی بریندارى ئازارى هەبوو زۆر خوێنی لەبەر ڕۆیی بوو، دڵی دەهات بەلادا خەوی دەهات یاخود دەبوورایەوە، ئەبوبەکر سەری خستە سەر چۆکی و ئەو قاچانەی کردە سەرینی کە بە کونەکانیەوە نابوون.

ئەو خەوی لێکەوت و ئەمیش کسپە لە دڵی هەڵسا و گڕی گرت، خەریک بوو چاوەکانی دەهاتنە دەرەوە تووکی سەری دەوەری. ئازار خەریک بوو تووکی سەری دەوەراند، دەڵێن مار لەیەکێک لە کونەکانەوە ویستی قاچی ماچ بکات، بەڵام قاچی گەست، نەیویست ئەو بەخەبەر بهێنێت. ئازاری لەناو خۆیدا خواردەوە، بەڵام ئازار بۆئاو وەرگەڕا و ئاو بووە فرمێسک و بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە، لە گۆنای بووەو و کەوتە سەر ڕومەتی ئاڵی خۆشەویستەکەی.

ئەو خەوتبوو ئاگای لە ئازارەکەی هاوڕێکەی نەبوو، بەڵام بە دڵۆپە فرمێسکەکەی ئەو چاوەکانی کردەوە، کە سەری هەڵبڕی دیتی چاوانی ورد و کەچ و خوار بوون و ڕەشکە و پەشکەیان دەکرد، وتی: ئەوە چی بوو بە قوربانت بم، هاوڕێ وەڵامی دایەوە من بە قوربانت بم. لام وایە مار گەستمی. ئەمجار ئەو قاچی ئەمی گرتە باوەش دیتی لە بنی قاچیدا جێگەی دانەکانی مار دەمی دابوویەوە!

ڕەحمەتی خوا تەنها ڕۆحی مرۆڤ لە باوەش ناگرێت، بەڵکو جەستەشی، هەر بۆیە دوای تفەکەی هەناوی خۆشەویستەکەی کە لە شوێنی گازی مارەکەیدا

ئارامی گرت و حەوایەوە، دوژمنان بە هەموو شاخ و دەشتدا گەڕان هەموو بەرد و پەسێو و گردە لمینەکانیان وەزن کرد و هیچیان نەدۆزیەوە. لە کاتێکدا ئەسپە گران بەها و ڕەسەنەکان شەکەت بوو بوون هێندە بە بیابانداو سووڕابوونەوە و دواجار بۆ لای ئەشکەوتی (سەور) بە ڕێکەوتن کە قاچەکانیان بە بەردی تیژ و بەردی زەبەلاحدا هەڵدەئەنگوتن بە شاخەکەدا سەرکەوتن.

لە ڕاستیدا ئەوێ ئەشکەوت نەبوو، قوپانێکی بچووک بوو لەناو چاوی شاخەکەدا و تەنانەت جێی کەسێکیشی تێدا نەدەبوویەوە کە بە ڕاحەتی تێیدا دابنیشێت و چوونە بەردەگا و سەیری ئەملا و ئەولای شاخەکەیان کرد و لەسەر بەردی گەورەی بەردەم ئەشکەوتەکەدا بە شوێن دوو سوارەکەدا بۆ دووریان ڕوانی، هیچ بیریان بۆ ئەوە نەچوو کە ئەوان لەو شوێنە بەرتەسکە و لە ژێر ئەو بەردەدا بن بۆیە ئەبوبەکر بە پێغەمبەری وت: ئەگەر سەیری ژێر پێیان بکەن ئەوا دەمانبینن.

هەڵۆ و قەلەڕەشەکانیش لە قووڵایی ئاسماندا بەسەر سەریانەوە دەسووڕانەوە پێکەوە هەردوو دۆستەکە دانیشتن و هەردووکیان دڵێکی گرانباریان هەبوو ئەگەر بەوانیان زانیبا چی دەبوو. ئەبوبەکر لە جیهانی بینراو ئاودیو بووبوو، بەڵام دیار بوو وەک موحەمەد زۆر واوە نەچووبوو، هێشتا گوێی لە پڕمە و دەنگەکانی ئەوان بوو لەم دیوەوە لەم ئەشکەوتەکە و ئەودیو ڕۆحیانەوە بۆ ئەوان دەگەڕان، بەڵام پێغەمبەر زۆر ڕۆشتبوو لەتەک دۆستەکەی بوو. کاتێک ئەبوبەکر وتی: ئەگەر سەیری ژێر پێیان بکەن دەمان بینن! دەیویست بڵێت دەترسم لە تۆ دەترسم نەوەک خۆم، بەڵام گیرایەوە و بە جۆرێکی دیکە وتی: ئەگەر سەیری ژێر پێیان بکەن ئەوا دەمانبینن.

موحەمەد لەو سەرەوە لەتەک هاوڕێ نادیارەکەی بوو. بە هاوڕێکەی ئەمسەری وت: گومانت چۆنە بەرامبەر دوو کەس کە خودا سێیەمیان بێت، کە خودا لەو ئەشکەوتەدا لەتەک ئەوان بوو.

کۆترەکان کە لەبەر دەرگای ئەشکەوت هێلانەی خۆیان دروست کردبوو و ئەمان بۆ یەکتریان دەڕوانی بێ ئەوەی هیچ بڵێن لە یەکتر دەگەیشتن دەمێ شادی دەموچاوی دەگرتن و دەمێک فرمێسک بە چاوانیاندا دەهاتە خوارەوە کە بە شادی ئەمان دەیانگەیاند. دەنگی گڤەی باش دەهات کە خۆی بە سەر بیاباندا دەگڤان و خۆی بە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا دەکێشا. جاڵجاڵۆکەش کە مالّی

لاوازی خۆی دەرگای ئەشکەوتی تەنی و چاوانی بێدینانی لەمان دوور خستەوە. جالجالۆکە و کۆترەکان وەک مرۆڤ گفتوگۆیان کرد و بۆ ڕزگاربوونی ئەوان ڕێککەوتن. ئەم دوو هاوڕێیە لەو ئەشکەوتەدا چ شەو و ڕۆژێکیان بەسەر برد، چ ئەزموونێک، هاوڕێکە چ لە جیهانەکەی ناو ئەوی دیتبێ. دوژمن هەموو دەوروبەر بە شوێنیاندا دەگەڕا و ئەوان ئارام و دڵنیا لە تاریکیدا نوێژ و زیکریان دەخوێند. ئەمان ڕێگەیەکیان بۆ دەرچوون نەما بوو بۆ خۆیان لەو دیو دونیاوە لەتەک خوای خۆیان بوون.

مەککەیان لە دونیای گوناە و خراپەکاری بەجێهێڵا بوو هەنووکەش لە هەوڵی گوناهی گەورەی پێغەمبەرکوژی پەلە قاژەی بوو. لەناو ئەو ژاوە ژاوەی مەککەدا دڵ ئاگای لە گوتەی خوا بوو، لەناو بیاباندا باشتر ئەو دەنگە دەبیستا یەکەم جار موحەمەد دەیبیست و پاشان لە ڕێگەی موحەمەدیشەوە بە ئەبوبەکر دەگەیشت.

هاوڕێی سەفەر چۆن چۆنی یەکەم شەوی دەرچوون لە مەککە و نزیکی لە پێغەمبەرەوە لەبیر بکات، نەک هەر ئەو هیچ کەس لە موسڵمانان لەبیریان نەکرد، بۆیە ئەو هیجرەتە بوو بە بنەمای مێژووی ئەوان. کافران بابەتەکەیان گەیاندە کۆتایی و بنبەست ڕاست لەو کاتەدا هەموو دەرگاکان دادەخرێن، خوا دەرگای دیکە دەکاتەوە مەککە بە کۆتایی ڕێگە گەیشت بۆیە مەدینە ئێستا دەستی پێدەکرد.

ئەبوبەکر لە پێغەمبەری دەڕوانی، ئای چەند خۆشە مرۆڤەکان وەک ئەم دووانە یەکتریان خۆش بوێت و بێترس بە تەختایی فراوانی بیاباندا هەنگاو بنێن و لە مەرگ و تاڵان نەترسن. ئەگەر لە فریشتەکانی گەڕاوە لە زەویت بۆ ئاسمان بپرسیایە ئەوە بۆچی هێندە دڵشادن؟ وەڵامی ئەوان دەبێتە ئەوەی دوو موسافیر لەو بیابانە نیازی گواستنەوەی دونیای مرۆڤیانە لە بۆگەنی و شەڕەوە بۆ نوور و ئاشتی.

موحەمەدیش سەیری ئەبوبەکری دەکرد، لەوەو پێش هیچ کەسێک هێندی ئەم پیاوە بێ جەستە و لاوازە هێندە دەست و چاو و ڕۆح و ماڵی بۆ پارێزگاری لە کەسێکی دیکە بەکار نەهێناوە.

ئەگەر بمانەوێت لە کۆچ کردندا ڕێی ئەو و هاوڕێکەی بگرینە بەر ئەوا دەبێت ئازارەکانی ئەو بژێنینەوە لەو ترسە بگەین کە هەموو شیو و بیابانی تەنی بوو

ئەو عارەق و خوێنە ببینینەوە کە لە جەستەی دەردەچوو، وای سەروەرەکەم چیان پێنەکردی؟

هەنووکە دوژمن لەسەر سەریان وەستابوو، ئەوانیش بێ هیچ ئامرازی بەرگریکردنێکی دیار خۆیان بە دەستی نەبینراوی خوا سپاردبوو نێوان ئەوان دوژمن تەنها تەونی جاجالۆکە بوو کە ئەویش لاوازترین دیوار و مالّ بوو، ئەوانیش کەنفت و شەکەت، خەوی هاوڕێ بەزەیی پێیاندا هاتەوە لە گەڵ خۆی بردنی. دوژمنانیش ئەوێیان لە شەوی تاریکدا بەجێهێڵا، سێ شەو لەو ماڵە کۆن و تاریکترەی مرۆڤ مانەوە کە بێجگە لە نوری دەموچاوی سەروەرەکەی هیچ نورێکی دیکەی لێ نەبوو.

بە تێپەڕبوونی سێ ڕۆژان لەو گۆشەنشینیە کپ و سامناکە ئاسمانیەدا، سەکینەتی خوایان بۆ دابەزی گزنگیدا بە خۆشحاڵیەوە لە ژێر بەردەوە بۆ فراوانی بەر ئاسمانی شین هاتنەدەر، چاوەڕێی کوڕ و کچەکەی بوون تا هەم خۆراک و هەمیش هەواڵی شاریان بۆ بهێنن.

لە ڕووناکی سپێدەدا جەستەی مێینەی هیلاکی (ئەسمای کچی ئەبوبەکر) بە دوو مەنجەڵ و گۆزەی کە بەملا و ئەو لای قیافەیدا شۆڕ بووبوونەوە، یەکیان خۆراک و ئەویتریان نۆشاوی تێدابوو و کوڕەش (عەبدوللای کوڕی ئەبوبەکر) کە لەبەر تیژی هەوای ساردی بەیانی بە مێزەرێکی سپی دەمامکی کردبوو، واتە وات و هەواڵی کافرانی ڕۆژ و شەوی پێ بوو لێیان نزیک بوونەوە. پێش ئەوەی خۆر سەری لە شاخەکەوە هەڵبێنێت کوڕ و کچە باوکیان و هاوڕێ پێغەمبەرەکەیان بەجێهێشت، تا دوژمنانی تەمەڵ لە خەو ڕانەبوون و بە هۆی ڕۆڵەکانیەوە شوێنی ئەوان بزانن.

هەر دووکیان هاوەڵی یەکتر بوون، بەڵام هەرگیز بەو ئەندازەیە لەیەکدی نزیک نەبوونەوە، ئەبوبەکر بۆنی خۆشی پێغەمبەر بە گیانیدا دەچوو هەستی بە هەناسەی فێنکی دەکرد کە بە سەر دەموچاویدا دەپژا، جەستەی گەرمی کە بەسەر جلەکەشیەوە بەر ڕانی دەکەوت کە سەری لەسەر دانابوو، دەبێت لە چی بترسێت کە مرۆڤێکی گەورەی لەتەکدایە ئەمیش شوێنی دەکەوێت لە هەردوو سەفەرەکەیدا ئەو سەفەرەیان کە بۆ سەرەو و بەرەو ئاسمان سەردەکەوێت و ئەوەشیان کە بە دریژایی بیاباندا بەرەو یەسریب دەڕوات.

لەم ئەشکەوتە تاریکەدا دیقەتی دایە ئەو جەستە جوان و ئارامەی کە ڕۆحێکی مەزنی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە. ئەو ڕۆحە مەزنەی بە تاکی تەنها دەستی پێکرد و ویستی بێ سەروبەری دونیا ڕاست بکاتەوە کە مەککە و هەموو دونیای تێکەوتووە. لە پێناو ئەوەدا هەموو ڕەنجێکی بە ڕۆح وەرگرت تا ئەوەی ئەو نازدارە بە نیازی کوشتنی هەڵیان کەوتایە سەر ماڵەکەی.

ناچار لە شار دەرچوو و هەنووکەش لەم تاریکییەدا بە هێزی قەلبەوە بێترس و ئارام لە سەر چۆکی ئەم خەوتووە، لە کاتێکدا لە هەموو جێیەک حەلەوەلایانە و دەیانەوێت بیگرن و بە زیندوویی و لەناو قەفەزدا لە مەیدانی گەورەی شارا دایبنێن، و منداڵ و گەورەیان بەلایدا تێپەڕن و بیکەنە عیبرەت و دواتر چوارمێخەی بکێشن و سەری لە لاشەی مردووی جووداببکەنەوە و بە دەروازەی شاردا هەڵیواسن تا بۆ هەمووان ببێتە عیرەت.

لەگەڵ پێهەڵگرتنی خۆر بۆ ئاودیو بوون شەویش خەریک بوو لە بیابانەوە بەرەو دامێنی شاخەکە و پاشان بەرەبەرە بە تاشەکەدا هەڵکشا و گەیشتە لای ئەشکەوتی سەور و بۆ ئەوەی ئەو دوو پەنهانە وەشارێت پەردەی تاریکی بە سەر هەموو شوێندا داو ئەستێرەکانی داوێنی شەو بە حەزەرەوە لەو شاخە و لە درزی ئەشکەوتەوە لە ناوەیان دەڕوانی کە ئەوانی تێدا بوو، هەر ورتەورتیان بوو. ئیدی جێگەکە ئەوە نەبوو کە قسە تەسەلایان بدات بۆیە دەستیان بە دوعا و نوێژکردن کرد، ئاوا لە ئەشکەوتدا نزای دەکرد گیانی بە دیوار و بەردی ئەشکەوتەکەدا دەکرد. سەری خستبوویە سەر ئەرز ئەوەیشی لەسەر خاک دانابوو کە لەناو سەریدا بوو، جیهان بێدەنگ بوو بێدەنگیەکی سامناک و لەگەڵ هەموو ئایەتێک ئەویش ئەزموونێکی قوواڵی موحەمەدیانە دەیگرت.

ئەم دەیزانی چی لەودا دەگوزەرێت، ئەگەرچی کەمێکی لای ئەو بوو زۆرەکەی لای خۆی ما بوویەوە. لە شەوی تاریکدا سێ ڕۆژان لەو ماڵە کۆن و تاریکترەی مرۆڤ مانەوە کە بێجگە لە نووری دەموچاوی سەروەرەکەی هیچ نووریکی دیکەی لێ نەبوو.

*** *** ***

هەموو شتەکان گۆڕان و پەیوەندی نێوان ئاسمان و زەوی گۆڕا، ئەو لە بارەی بەهەشت و دۆزەخەوە بۆ ئەوان نەدەدوا، بەڵکو ئەوانی دەستگرتبوو و لە دۆزەخی ڕۆحی خۆیان ڕزگاری کردبوون و هێنابوونی لە بەهەشتی ئیمان داینابوون، هاوڕێکەی خەریکی کاری ناوەوە بوو و لە دەمارەکانی لاجانگ و ڕوانینی چاوەکانی ئەوەیان پیشان دەدا. ئەو حەزی لای ئەو بوو، کەچی ئەو بەردەوام بۆ لای ئەوانی دەناردەوە بۆ ئەوەی جارێکی دی هەڵگژێتەوە، ئەوسا خەدیجەی لەتەک بوو هەنووکە ئەوی وەرگرتبوویەوە بۆ ئەوەی تەنها بە هیزی وشە و بێ شمشێر ڕووبەڕووی ئاژەڵی درندە بێتەوە.

ئەوان تەنها بە کردەوەیان بەڵکو ڕاستتر وایە بڵێین بە ژیانیان پەیامی خوایان دەگەیاند. ئاخر لە کەس ناترسێت ئەوەی وەک ئەو پێغەمبەر بێت زۆر دیاری گەورە وەردەگرێت، خوارترینیان نەترسان و گەورەترینیان ئیمان و ئارامییە.

ئیدی کە سواری ئاژەڵەکە بوو کە بووە هاوڕێی تەمەنی ئەو و هەتا سەری نایە گۆڕەوە پێکەوە بوون. بە خەمێکەوە لە دەربڕین نایەت سەیری شاری کرد و فرمێسکانی ڕیشی ڕەشی تەڕ کرد. شارێک زیاتر لە نان و شیر و خورما نانی ئەو تینی دەدانێ. خواحافیزی لە هەموو شتێکی مەککە کرد لە بووکی شار (مالّی خوا)، لە هەژار و نەدار و کۆیلەکان و لە باڵندە و ئاژەڵانی لە ئەشکەوت و ژنە هاوڕێکانی خەدیجەش.

ئەو مالّەی نەیدەویست بیڕووخێنێت، بەڵکو دەیویست پاکی بکاتەوە، وەک هەردوو باپیرەی بۆ خواپەرستان ئەوانەی دەچەمانەوە و سەریان دەخستە ئەرز پاک بکاتەوە مالّئاوایی لە ئەستێرە و مانگی مەککەش کرد، شاخەکان هەر بە ڕاوەستاوی چاویان لەو بڕی بوو لەتەک هاوڕێکەی بەسەر وشترەکانەوە بە بێدەنگی پێ نەرمەکانیان بە لمی ئەرزەکەدا دەنا.

تەنانەت مالّئاوایی لەو بەردە ڕازاوانەی "دارولنەدوە"ش کرد کە گەورەکان پیلانی لەناوبردنی ئەویان تێدا کێشابوو، ئاخر ئەوان تەنها دار و بەرد بوون و تاوانیان نەبوو. موحەمەد دەستی هەڵدەبڕی و شاری بەرەکەت دەدا و بۆی دەڕوانی و دەیگوت: تۆ ئەی شاری خۆشەویست ئەگەر دەریان نەکردایەم قەت بەجێم نەدەهێڵای، هەرچەند نزیک دەبوونەوە مەککە گەورە و گەورەتر خۆی دەنواند، مەککەی گەورە و فراوان شاری هەموو عەرەب هەنووکە جێگەی ڕۆڵەی وەک ئەمی تێدا نەدەبوویەوە. ئاو لە چاوەکانی دەچۆرا، ئەو هەموو

ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەی هاتە بەرچاو کە لەوێ گوزەراندبووی هاوڕێکەی وتی: یا ڕەسولەڵڵا با بڕۆین. لەو ماوە کورتەی ژیانی ناو ئەشکەوت، کە ڕۆژ بوو بەرەی بەشەر بۆی دەهاتنە بیابان تا وەک نێچیرێک ڕاوی بکەن کە شەویش بە هەموو هەڕەشە و ترسناکی خۆیەوە دادەبەزی سەر هەر دووکیان و ئەوانیش سەریان بە یەکترەوە دەنا و دەخەوتن.

بیابان بە چۆڵەوانی خۆیەوە دەردەکەوت و هیچ نەدەبینرا، بەڵام ترس هەموو لایەکی دەتەنی هیچ نەدەبینرا و هەموو شتێک دەبینرا و هەموو شتێک لە بۆشایی بیابانەوە دەهاتنە گوێ، دەنگی گورگ و کەمتیار و چەقەڵەکان.

ئەو گوتە شیرینانەی لەسەر زاری دەهاتنە دەرەوە، ئەو بیرەوەریانەی لە یادگە دەهاتنە دەرەوە. بیرەوەری هەموو ئەوانە چاکەیان لەتەکدا کردبوو، باوکی کە هەرگیز نەیدیت بوو، باپیرەی و دایکی و خەدیجە و سومەیە و وەرەقە و یاسر کە لە مەککە بەجێی نەهێشتبوون، بەڵکو ئەوان لە ئاسمان بوون و بە ڕێی کردبوون.

ئەوان بۆ خۆیان چووبوونە بەهەشت و خۆیان زەحمەتی ڕێبڕینیان گرتبوویە ئەستۆ، بەڵام ئەمیش شادومان بوو و بەوەی توانیبووی هاوکاری ئەو ڕێبڕینەیان بێت، ئاخر باش مرۆڤی ناسی بوو، ئەو مرۆڤەی ئەگەری ئەوەی هەبوو، کە تەنها تیکە نانێکی چەور و باوەشێکی گەرم و دەست هەڵبڕین و خۆچەماندنەوەی زەلیلانە و فێڵبازانەی ئەوانی دی بۆی زەمینگیری بکات.

ئەو ئیدی ڕزگاربوونی مەزنی دەست پێکردبوو، ئیدی بۆ هەمیشە و هەرگیز ئەوان دەستیان پێیدا ناگات، ئەڵبەت نەیدەزانی چی دەخوات بیری لای شوێنێکی دیکە بوو. گوێی بۆ ئەو نەغمە هەندێ جار وەحشی و تیژە و هەندێ جار نەرمەی ئەوی دەگرت کە قورئانی دەخوێند، شەوی پیرۆزی ناو ئەشکەوتەکەی بۆ هەناوی خۆی هەڵدەمژی، ئەو شەکەتی بڕینی نهێنی و ئاشکرای بڕینی دوورودرێژی ڕێ بوو، بەڵام چێژی لە هاوڕێیەتی خۆی و پێغەمبەر دەبرد کە یار بوو هاوڕێیەتی هەمیشەیی و ئەبەدی بوو لە پێش هاوڕێیەکەیەوە چووە ناو ئەشکەوتەکەوە.

ڕێگاکانی لە ماڵەوە دوورکەوتنەوە چەند ناشیرین و دزێو بوون، هەموو هەوڵەکانی بۆ ڕزگاری دانیشتووانی تۆ دام دەرەنجامی دیاریانە بوو دڵنیابە

ڕۆژێک دێمەوە، بەڵام بە سەرکەوتوویی، نەوەک هەر من سەرکەوتووم، بەڵکو هەموو خەڵکەکەشت بەسەر خۆیاندا زاڵ و سەرکەوتوو بوون.

خەدیجەی لێرە بەجێ مابوو، ئەو هەموو ئیمانداڕەی ئیمانیان لە دڵی خۆیاندا هەڵگرتبوو و کەسیان دەست نەدەکەوت دەردەدڵی خۆیان لە تەکدا بکەن. ئیدی خۆر و ئاسمان ئەستێرە و دەریا و بیابان هاتبوونە ناو ئاوازی ئەوەوە و بوونە ئایەت و لە ناو سینگی ئەودا هەموویان لە درەوشانەوەدا بوون.

خەدیجە، جوێبووەنەوە زۆر قورسە، جوێبوونەوەی تۆ قورستر، ئەی شارەکەم جوێبوونەوە قورسە. ئەوان وەدەریان نام من چیم لەوان دەویست؟ وایان لێکردم.

*** *** ***

لەو بیابانەدا شرە دەواڕێکی لاکەوتە و سوتاو بە سەرسینگی بیابانەوە دەبریسکایەوە، چادرێک لەو بیابانە سەوز بوو، پیرەژنێکی شڕۆلە بەری ڕێی لێگرتن و کە کەوتبووە ئەم دەریا لماویە. پیرەژنێک و مەڕێکی لات و بێ خز و بز لەو قاقرە سەریان نابوویە سەریەک و لە تینوویەتی و برسێتیدا خەویان لێکەوتبوو، خوا ئەوانی خۆشویست کە پیاوێکی نارد کە بەرەکەت بخاتە ڕزق و ئەمانیشی خۆشویست کە بیانوویەکی پێبەخشین کە تێریان بکات.

دوو سوارەکە چوونە بەردەمی و پیرەژن بە جلە چرچ و لۆچەکانی و لێوی ئاوساویەوە دەرکەوت دەموچاوی کون کون و بەخاڵ کوتراو بە ڕەسمی دانیشتووانی بیابان و سک و سینگ قوپاو دەتوت چەند ڕۆژە هیچی نەخواردوە، بەڵام قاچەکانی مەحکەم و جیر وەک بڵێی دوو داری بێ گەڵا و بەرگی بیابان بوون کە بای سەموم وشکی کردبوون، ئەوە (ئوم مەعەبەد) بوو، هەر کەس لەوێوە تێپەڕیبایە خۆراکی دەدایە و کاروانیش دەستی دەبرد پارچەیەک پارەی بۆ ڕادەگرت کە لەو بیابانەدا هیچ ڕۆڵێکی نەبوو.

کاروانیەکان کە چوار بوون، چاوەڕوانی لوتفی میوانداری بوون، بەڵام هیچی نەگوت. ئیدی ئەمان برسی و تینوویەتی ناچاری کردن داوای قوتێک بکەن. لە بیابان برسێتی و تینوویەتی و ترسی دەشتی نەبڕاوە گەورەترین حوکمفەرماییە

و تەنانەت وا لە کەسێکی وەک موحەمەد و ئەبوبەکریش دەکات داوای خۆراک بکەن، بەڵام ئەو هیچی نەبوو کە بیانداتێ.

موحەمەد وتی، ئەو مەڕە چیەتی ئەویش عەیامێک هاوڕێی مەڕ و بزنان بووبوو و ئەوانی باش دەناسی. ژنە وتی: داماوە لەبەر لاوازی نەیتوانی لەتەک ڕانە مەڕەکەدا بچێتە سارا. لە ئاژەڵی بەستەزمانی ڕوانی ئاژەڵ بە تەواوەتی بێ ڕەنگ و هەڵپڕوکاو بوو، ئێسکەکانی دەربۆقی بوون، وەک ئێسکی ئاژەڵی مردارەوە بوو بە هەموو ئێسقانیەوە وەستابوو، بەڵام هیچ گۆشتێکی پێوە نەبوو و پێستەیەکی بە پەڵە پەڵەی خوری وەریوی بەسەردا درابوو، مێش بە دەوری چاوەکانیدا کە ئاوسا بوون هەر گیزە گیزیان بوو.

پێغەمبەر فەرمووی: ئەوە شیری تێدایە، بەم گوتەیەی ڕۆژگاری پڕ لە شیری گوانی خۆی وەبیر مەڕەکە هێنایەوە. پیرەژن لە ئاماژەکانی قسەی غەریبەکە تێنەگەیی.

وتی: بە خوا زۆر لەوە داماوترە شیر لە گوانیدا بێت.

پێغەمبەر فەرمووی: مۆڵەت دەدەیت بیدۆشم!

ژنەکە سەیری لەم گوتەیەی کابرا هات: بەڵی بە قوربانت بم ئەگەر شیری تێدا دەبینی بیدۆشە. قاچە پێخاوسەکانی لەسەر لمی بیابانەکە دانا و هەنگاوی نا و چوو بۆ لای مەڕی ڕەقوتەق و بێگوان، ژنەکەش چوو و باوەشی بە مەڕە لەرەکەدا کرد و هێنای لە بەردەم پێغەمبەردا لەسەر لمەکە داینا، پێغەمبەر لە کەناری ئاژەڵە بێ گیانەکەدا دانیشت و گوانەکانی پاک کردەوە و ناوی خوای لێهێنا و نزای کرد دەستی بە گوانە چرچەکانیدا هێنا.

ئاژەڵە لەڕەکە چێژی لە بەدەست پێداهێنانەکەی ئەم دەبرد و ئەمیش ئاوا دەستی بە گوانی ئاژەڵەکەدا دەهێنا، وەک ئەوەی کە دەستی خستبێتە ناو ڕوبارێکی شیرەوە کە لەو بیابانەدا گوزەری دەکرد.

گوانەکەی پڕ بوو، ئاژەڵ گەشایەوە لێی دەچۆڕا. دەفری گەورەی پڕ کرد و دای بە ئوم مەعبەد تا چەقەی خوسایەوە و سکی برسی تێر بوو و هۆشی ڕوانینی هاتەوە ئەوە چیە دەیبینێت! جارێکی دیکە دەفرەی پڕ کردەوە دای بە هاوەڵەکانی هەرکامیان تێری خواردەوە و دەمولێوی سڕی و دواتر بیسمیلا خۆشی خواردیەوە جارێکی دی دەفرەی پڕ لە شیری سازگار کرد بۆ (ئوم مەعبەد)ی بەجێهێڵاو سوپاسی خوا و پاشان مەڕەکەشی کرد کە لەم بیابانە

وشکەدا شیریان بەوان بەخشی بوو ئەوان نەیانبینی، بەڵام ئەو ئاگای لێبوو کە مەڕەکەش سوپاسی ئەوی کرد کە بە کەڵک بوونی بۆ ژیان بۆ گێڕایەوە.

ئوم مەعبەدیان لە شادومانی و سەر سوڕماندا بەجێهێڵا، ئەو ئەمجار لە وەرگرتندا دڵشاد بوو ئەوسا لە بەخشندەییدا، ئاخر ئەوەی دەبەخشێت دڵشادترە لەوەوەی کە وەریدەگرێت، ئەمی ناسراو بە بەخشندە لەو بیابانە ئەم جارە لە بەخشندەیی ڕێبوارێک زۆر دڵشاد بوو. کاروان مالئاوایان لە ئوم مەعبەد کرد و ڕۆشتن تا بوونە خاڵێک ڕەش دەیاننواند و پاشان خاڵەکەش ون بوو، ئاوا برسێتی ڕۆحگەلی ناو ئەو بیابانەی دامرکاندەوە.

ئەوەی بۆ نواندنی موعجیزە نەکرد، بەڵکو دەیویست سکی خاڵی بەرەی مرۆڤ تێر بکات، هەموو سەرکەوتنی ئەو لە پێناو تێرکردنی ڕۆحی ئەواندا بوو، ئەو هەموو ڕەنجەی کێشا بوو بۆ ئەوەی ئەوانیش هەڵگژان بکەن و برسێتی و تێنوویەتی هەناوی خۆیان تێر بکەن، دەڵێن پێغەمبەران کارەکانیان بۆ گۆڕینی خۆیان نییە چونکە ئەوان کاتێک ئەرکی مەزنی پێغەمبەرایەتی دەگرنە خۆ کە بە تەواوەتی گۆڕاون!

(ئوم مەعبەد) زۆر خەڵکی ڕایی کردووە، نانی بە زۆر کەس داوە هەموو بیابان مااڵی ئەوە نان بدەی برا و خوشکە مرۆڤەکانی بووە، زۆر چاوەڕوان بووە غەریبەیەک لە دوورەوە دەربکەوێت ئەم دەواڕە شڕەی ئەم لەو بیابانە چۆڵەدا تەنها بە هێنانی هەواڵی ئاوەدانی دوور پڕ لە هەرا و دەنگ بکات، ئاخر بۆ مرۆڤی لە سارا ژیا و دوور هیچ شتێک بەقەت ئەوە چێژی نییە گوێی لە هەرا هەرای ئەوانی دیکە بێت.

زۆر بوون ئەوانەی بێرەدا تێپەڕین و ئەوان وتوویانە و شتێکیان بەخشیوە و ئەمیش تینوویەتی برسێتی شکاندوون، بەڵام لە ژیانیدا هیچ جارێک کەسێکی ئاوا ڕووی لە دەواڕی شڕی ئەم نەکردوە و گوتە و دیاری، وەک ئەمەی ئەمی بۆ نەهێناوە، لەبری ئەوەی شتێکی لە شارەوە بۆ بهێنێت، مااڵەکەی ئەمی کردە شوێنی شت و ڕزق و ڕۆزی، لەباتی ئەوەی هەواڵی بداتێ، بۆ خۆی هەواڵ بوو و زمانی ئەمی پژان و دواتر بۆ میردی گێڕایەوە.

خودای ئەمە کێیە؟ کە لەناو ئەو هەزاران ڕێبوارەی بێرەدا تێپەڕیون تەنها ئەو سەرنجی تیژی ئەمی بیابان نشینی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، ئەو سەرنجانەی وەک هەڵۆ لە سەرەوە لە بیابانی چۆڵ و هۆڵدا کەرۆشک و ئاسک دەدۆزنەوە

و ڕاوی دەکەن لە کاتێکدا خەڵکی بیابان نەناس هیچی تێدا نابینن، چاوە پیر و هەڵۆیەکانی ئەمیش گوتار و کردارەکانی ئەوی ڕاوکردبوو، لە ڕاستیدا ئەوە ئەو بوو کە ڕۆح و ڕوانینەکانی ئەمی بۆخۆی بردبوو، گۆڕانێک ئەمی گۆڕا هیچ کەس وا نەیگۆڕی بوو. چاوی کرایەوە شتانێکی بینی لەودا نەبوایە قەت نەدەبینران.

ژنە بە ڕووی خۆش و باوەشی والا و لەزەتی دوای تێریەوە بەدەم پیاوەکەیەوە هات کە لەبەردەمیدا وەستا هێندە بە قیافە بوو پیاوەکە بۆ سەرەوەی دەڕوانی تا ڕووی خۆشی ببینێت.

ژنە وەسفی کابرای نوورانی کرد کە لەوێوە تێپەڕ بووی کرد وا وەسفی کرد لە سەفەرەکەی گێڕایەوە و هێنایەوە بەردەم مێردەکەیی و وتی: دەموچاوی گەش و کراوە، بە ڕەوشت (بە شەرمەوە تەنانەت لە منی پیرەژنی دەڕوانی و چاوەکانی دادەخست) کەڵەگەت، سەرێکی بچووک. جوان خاس، چاوڕەش، مووی برۆکانی باریک و درێژبوون و بەیەک گەیشتبوون، مووەکانی قژی سەری زۆر ڕەش بوون، دەنگی پیاوانە بوو.

ئەوجا وردتر وشەکانی خۆی هەڵسەنگاندن و بەدەم وردەکاری ژنانەوە و ئەمیش لە هەموو ژنانی دونیا وردتر بە گەرمیەوە لە موسافیرەکە دوا: (گەردنی بەرز بوو، سپێنەی چاوی زۆر بوو، برژانگەکانی چاوی زۆر بوون، مامناوەندی بوو، لەبەرچاودا هێندە کورتەبالا نەبوو کە بچووک دەربکەوێت، ئەوەندەش بالابەرز نەبوو درێژ دەربکەوێت، لە نێوان دوو لقی درەختێکدا ناوەنجیەکەیان بوو، لە هەر سێ لقەکە قەشەنگتر بوو، لە هەموویان شکۆدارتر بوو، چەند کەسێکی هاوەڵی دڵسۆزی لەگەڵدا بوو چواردەوریان دابوو، کە قسانی دەکرد هاوەڵەکانی بە وریاییەوە گوێیان لێدەگرت، کە فەرمانی دەدا خێرا جێبەجێیان دەکرد، لە لایەن هاوەڵانیەوە گەورە و گوێ بۆگیراو و دەور قەرەباڵغ بوو، گرژ و مۆن نەبوو، بەرامبەرەکەی نەدەشکاند و تەریقی نەدەکردەوە).

کابرا بە دەستی ڕیشی خۆی گرت و زەردەخەنەیەکی هاتێ و وتی: خۆیەتی ئەوەی قورەیش بە بڕیاری خێرا و دڵاوایی خۆیەوە خەڵاتی سەد وشتریان بۆ ئەو کەسە دانەوە کە بە زیندووی یان مردوویی هەواڵ لەو بدات.

بەڵام حەیف نییە پیاوی ئاوا باڵندەی مەرگ دەنووکی لە چاوەکانی بچەقێنێت و هەرچی پێخورا لە گۆشتی لە لاشەی بکاتەوە و ئەوەی بۆی لێنەکرایەوە بۆ کرمی زەوی بەجێ بهێڵێت بۆ خاکی وەربگێڕێت.

ئەو ژنەکەی خۆی دەناسی کە قەت درۆ ناکات بڕیاریدا بە ناڕاستەوخۆ هەواڵ بە کەسوکارەکەی بدات و لە تاریکی شەودا لە مەککە نزیک بوویەوە، بە ناوی جنۆکەوە شیعری هۆنیەوە و لە شیعرەکەیدا گەیاندی کە موسافیرەکە بەرەو یەسریب بەڕێوەیە و کەسەکانیش هەر بە ناوی هەواڵی خەیاڵاوی جنۆکەوە لەوە گەیشتن کە کاروانەکەی موحەمەد لەدەستی قولە ڕەشەکانی قورەیش کە بە هەموو بیاباندا بڵاو بوونەتەوە، دەربازی بووە.

ئوم مەعبەد زۆر بیری لە دوو سوارەکە و دووانەکەی دی کە لەتەکیانن بوون کردەوە، لەو تێپەڕین و ڕێی ئەصڵی خۆیان گرتەبەر لە پێشاندا سێبەرەکانیان لەبەریان دەچووە ڕێی دەکرد و پاشان خۆیان و سێبەرەکەیان بوونەوە یەک، پاشان تاریک داهاتن. تا ئێستا کەسی وا نووڕانی نەدیتبوو کە بە لای ئەو دەواڕە شڕەی ئەودا تێپەڕێت، ڕەنگە چەند ساڵە خواوەند بە هەر دوو دەستی خۆی ئەملاو ئەو لای گرتبێ تا ئەو بەرەو ئەم شوێنە پێکانی بگوازێتەوە کەوا ئێستا بە ویستی خۆی بەرەو ڕووی دەڕوات.

وەلای چادرەکەیدا وەک ڕێبوارێک ڕەد بوو بە شوێن ئەسەری وەستا بە پێوە، بەهار تێپەڕی و ئەمە دواجار بوو ئەو بەلای چادرەکەی ئەواندا تێپەڕ بێت نە ڕۆژ قەراری هەبوو نە شەو خەوی هەبوو، ئیدی نەهاتەوە دونیا مردن بوو و ئیتر قەد ئەو بەرەکەتەی بەو ناوەدا نەبینیەوە بەلای ئەودا تێپەڕی دەم بە پێکەنین و دڵ بە غەمەوە.

کۆچی سوری بەلای ئەودا تێپەڕی، ئای داخی داخم نەیناسی ئاخ چاوەکانی کوێر بێت ئەو کێ بوو کە ئەو نەیناسی؟ ئاخ جارێکی تر دەهاتەوە و باڵاکەی بە بیانووی کۆچەوە دەبینیەوە، بەڵام نا ئیتر هەرگیز نەیبینیەوە ئەو بیابانەی بۆیە خۆشویست چونکە ئەوی پێدا تێپەڕی، خۆ ئەم یەخسیری ئەو بوو بۆ نەهاتەوە لە دووی باڵای ئەو، خۆشی لەم حەرام بێت، ئاخر نووری ئەو دای لە هەموو شتێک، بەڵام ئەم کوێر بوو و ئەو نوورەی نەبینی.

*** *** ***

ئەستێرەکان ئاسمانیان بەجێهێڵا بوو، تەنها ئەوانە نەبێت کە درەنگ وەخۆ هاتبوون و ئاسمانی شین باو ئەوانیشی لە هاتنی خۆر ئاگادار کردبوو و ئەوانیش خەریک بوون بەرەو قووڵایی نەبینراوی ئاسمان سەفەریان دەکرد. پیاوانی تیرەی (بەنی مەدڵەج) بە دەوری ئەو ئاگرەدا کە تا بەیان خۆی سوتاند بوو و هەنووکە تەنها تینی گەرما و خۆڵەمێشی نیشتوو و هەندێ پۆڵوی ئەرخەوانی لە ژێر خۆڵەمیشدا خۆی وەشارد بوو، مابوویەوە و نووچیان دابوو، ئەژنۆیان بە سینگیانەوە نووساند بوو و هەردوو دەستیشیان وەک دەسک کردبوویە باقەی جەستەیان، چاویان لە ئاگرەکە کە هەنووکە وەک ئاگر نەمابوو، کلا نەدەکرد.

هێندەش شەو هێنابوویان و بردبوویان، کەسیان هیچی نوێی پێ نەمابوو دەربارەی ئەو خەڵاتەی کە قورەیش بۆ هەواڵی دوو موسافیرەکە دای نابوو، جوودا لەوەش هەرکام لە وانە پێی باش بوو کە خەڵاتەکە بۆ خۆی بێت و بۆیە کۆتا بیرەکانی دەربارەی دۆزینەوەی ئەو دوو هەڵهاتووە لەتەک هاوخێڵەکانی دابەش نەدەکرد و لە جیهانی بیر لە خەیاڵی خۆیدا ڕۆچوو بوو.

بیریان دەکردەوە، قورەیش بە تەما بوون لاشەی هەر دووکیان موحەمەد و هاوڕێکەی سبەینێ لە بەردەم مزگەوتدا دابنێن تا خەڵکی تف و لەعنەت بارانیان بکەن و دەیانگوت: ئەبولحەکەم بە هەموو بیابانـدا جاری داوە، بەو پێیە لە شازادەکانە و بە شێوازێکی ناسک و نایاب لە زەوی هەڵدەبرم لە ئاسمانی مەککە هەڵیدەواسم. ئەم بە خۆی دەگوت، باشە ئەو لە خزمەکانی ناترسێت، پاشان بۆ خۆی دەسەندەوە: نا.. هەنووکە ترسی لە بەنی هاشم شکاوە هەر هیچ نا لە پیلانی کوشتنی ئەودا مامەی گەورەی ئەو تیرەیان لەتەکدا بوو. ئەمەش هەڵێکی باش بوو بۆ کەسانێکی وەک ئەمیش کە ئەوانیان گرتبا و خەڵاتی خۆیان وەرگرتبا. لەو کاتەدا یەکێک لە پیاوانی خێڵەکە کە وەک سێبەر بێدەنگ هات و چووە لای گەورەی کە دیار بوو زۆر دوور هاتبوو، بە گوێیدا چرپاندی کە ئەم ئێوارەیە سێبەری سوور و درێژی دوو غەریبەی بە بەردەمدا تێپەڕیوە بەرەو کەنار دەچوون و وا دیار بوو دوو لە دین دەرچووەکەی قورەیش بن.

کابرای سەرۆک لە پڕ لە کابرای ڕوانی و چاوەکانی بریسکەیاندا و ویستی بە پڕتاو هەڵسێتەوە، بەڵام لەبیری بوو کە نابێت پیاوان دیکەی چواردەوری ئاگری ناوەڕاستی ببینن و هەموو دونیا بەو بابەتە بزانن، بۆیە بە هەر چوار

پەنجەی دەستی ڕاستی ئاماژەی بە کابرا دا کە بڕوات و بە ئاماژەی بزوانی ڕووشی ئەوەی گەیاند کە ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئەو دەیڵێت ئەوا خەڵاتی دەکات.

دواجار خۆر سەری گڕگرتووی خۆی لە بنی تەختی بیابانەوە دەرهێنا و بە نیازی ناوەڕاستی ئاسمان هەڵگڕا و هەموو پیاوانی دەوری ئاگر جێگەکەیان بەجێ هێڵا و بەرەو دەوارەکانیان کشان تا بخەون سوراقەش بەرەنگاری بێخەوی و ناخۆشی ئەم بەیانیەی دەگرت، چاوی بڕیە چاوی ئەسپە کریتەکەی و لەیەکتر گەیشتن و بەرەو لای کشا و یەک تەکان خۆی هەڵدایە سەرپشتی و ئاوزنگی بە چێژی سرەواندە سکی ئاژەڵەکە و بۆی دەرچوو.

ڕۆژی سێیەمی گەشتە میژووسازەکەیان، دوو هاوڕێکە لەتەک شوانە و ڕێنموونیکارەکەشیان ڕێی بیابانیان گرتبوویەبەر، گوێیان لە دەنگی سمکۆڵانی ئەسپ بوو بە شوێنیانەوە و دیاربووو، بە غاردانێکی خێراش هاتبوو. تووند تووند هەناسەی دەدا، ئەمان لایان کردەوە، دیتیان ئەسپێکی یاڵ درێژی ڕەنگ قەترانی بە سواریێکەوە لە پشتیدا بوونەتەوە یەک و کابرا کە تەنها چاوەکانی بە دەرەوە بوون شمشێری لە کەلانە دەرکێشا بوو و عارەقاوی و ماندوو بە دەنگی گەورەوە بانگی کردن هۆ کابراینە ڕاوەستن.

سوراقە بە گردێک تەپوتۆزەوە خەریک بوو دەگەیشتە لایان و پێغەمبەر وتی: خوایە شەڕیم لێ لابدەیت، بای بیابانیش عەباکەی کە بەملا و بەو لای مووی ئەسپەکەیدا شۆڕ بووبوونەوە لەگەڵ غارکردنی ئەسپەکەیدا بە هەواوە وەک ئاڵا دەشۆکایەوە، دیار بوو هەموو لمی بیابانی بەحەواوە دابوو و کردبوویە تەپوتۆز وا بەو خێراییە ئەمانی گرتبۆوە. دەنگی پتر و خێراتر بوو و ئاوزنگی ئەسپی دا و ویستی بێتە پێشەوە، بەڵام ئەسپ وەک ئەوەی دێوێکی لە بەردەم خۆیاندا بینبێت لە ترسانا حیلانی و نیوەی پێشەوەی هەڵبڕی و لەسەر پاشکۆی هەڵسایە سەر پێ و سوارەکەی سەرپشتی هەڵدایە زەوی.

سوارە هەستایە سەرپێ و تۆزی لە خۆی تەکاند و وەک سەرخۆش بۆ لای ئەسپەک بزوا کە لەولا وەستا بوو و خۆی هەڵدایە سەر پشتی ولاخەکەی و جارێکی دییش بۆ لای دوو وشتر سوارە کە بە ئارامی لەولا وەستابوون چووە پێشێ و ئەم جارە ولاخەکە تا هەردوو ئەژنۆی نیشتە لمی بیابانەکە. هێشتا هەر مەستی دەسکەوتنی خەڵاتی موحەمەد گرتن بەری نەدابوو دابەزی و ڕەشوەی

ولاخەکەی ڕاکێشا و لەناو دەریای لمدا کە تا ژێر سک گرتبوو هێنایە دەرێ و ئەمجار دوور کەوتەوە بە خێرایی. کابرا دوورکەوتەوە ڕەشوەی ولاخەکەی توند کرد بۆ لای ئەمان گەڕایەوە و هێندە بەتوندی ئاوزەنگی ولاخەکەی دا ئەو ئاژەڵە بەستەزمانەکە لە تاو ئازاری ناوسکی بە هەموو توانای دەرپەڕی و بەرەو لای کاروانیان بزوا.

گەیشتە ئاستی چەقینی پێشوو ویستی باڵ بگرێتەوە و بەسەر شوێنی چەقینەکەدا باز بدات، بەڵام ئەمجار زێتر لە جاری پێشوو ئەو دوو مەخلووقە نیشتنە ئەرز. یەکێک لە موسافیرەکان وتی سوراقە واز بینە، وەک ئەوە وابوو بڵێت، ئەوە کاری نەکردەیە و خۆراکی تۆ نیە. کابرا ئەمجار بە تەواوی مەستی خەڵاتی بەری دابوو و خەڵاتی دیکەی دەبینی کە چاوەڕوانی بوو. ڕاوەستا وەک ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئەسپەکەی کەوتۆتە کوێوە.

ئەوان دەڕۆشتن ئەم دەستی هەڵبڕی و بۆ ئەوانی ڕاکێشا، خەریک بوو تێدا دەچوو هاواری دەربازی لێکردن کە فریای بکەون، کاروانیەکان وەستان و لای بەلایدا کردەوە، کارە دەرەکیەکانی مرۆڤ گونجاون لەتەک ئەوەی لەناوەیان دەگوزەرێت، ئەم جارە سوار ئەسپەکەی بوو و ئازەنگەی دا ئیدی بێ ئەوەی دەستەکانی بچەقن و بروسکە لە ژێر نالەکاندا بەرز بێتەوە و ببێتە دووکەڵ ئەم لە زەوی بگلێنێت و سەری قارەمانانەی بکەوێتە ئەرز، ئاژەڵەکە بە پشتی خۆی و زەویش وەک ڕێگەیەکی تەخت ئەوی بەوان گەیاند. پاشان بە شمشێر و ئەسپەوە بۆ لای ئەمان بزوا و دەستی بە قژە ڕەشە تۆز و عارەقاویەکەیدا هێنا کە هەنووکە مێزەرە و خودە قارەمانانەکەی پێوە نەمابوو. ئەوجا لەوان چووە پێشەوە، هەتا لە موحەمەد و دۆستەکەی نزیکتر دەبوویەوە زۆرتر نووڕانی دەهاتنە بەرچاوی کە دونیای پڕ لە گوناە و تاریکی ناوەوەی ئەویان ڕۆشن دەکردەوە.

ئەمە چی بوو دەیبینی! ئەوەی ڕوویدا بەس بوو بۆ ئەوەی ڕاستی پێغەمبەرایەتی موحەمەدی بۆ دەرکەوێت. دەنگی هەڵبڕی و بە چاوی فرمێسکاویەوە ئیمانی هێنا. ئەو هەموو خەڵات و زێڕ و وشتری قورەیشی لە بیرکرد بوو تەنها غەمی خۆی بوو، لەبەر تینی ئەو گەرمایەدا وەک لە سەر شەختە و بەفر بە ڕووتی وەستا بێت هەڵدەلەرزی. لەسەر ئەژنۆکانی لە بەردەم وشترەکاندا کەوتە سەر زەوی. بۆ هەڵەی خۆی دەگریا کە خەریک بو

مـوحەمەدی بە مولّـک و وشـتر دەگـۆڕیەوە. دەگریـا و دەگریـا. لە شـەرمی ئەو کارەی چەند سات لەوەو پێشی عارەقەی دەردەدا.

مـوحەمەد لەوی دەڕوانـی و بە چاوەکـانی دەیگـوت: خـۆت سـەرزەنشـت مەکە بـاش فریاکەوتیـت تـۆ تەنهـا نیـت ئـێمە تەنهـا نـین خوامـان لەگەڵە، هەنـووکە ئەو هەموو دونیای لە بیر کردبـوو و خـۆی دۆزیبـوویەوە مـوحەمەدی دۆزیبـوویەوە، ئـاخر ئەم لە کـوێ ڕێنمـوونێکی وەک ئەمەی دەسـت کەوێـت کە ڕاسـت بەرەو بەهەشتی بەرێت. ئەمیش لە سـەروەرەکەی دەڕوانـی، ئەو لە چ نەبەردێکدا لەتەک ڕۆحـی شـەیتانی بەرەی مرۆڤـدا دەژیـا، هەنـووکە ئەمـیش بووبـویە جەنگـاوەری شـــەریکە شـــەڕی و هاوکـــاری بـــوو تـــا دونیـــا بگۆڕێـت. نەک هەر خەڵاتەکەی قورەیشـی دەسـتکەوتبا، بەڵکـو هەمـوو دونیـاش هـی ئەو بـا بـێ ئەم ئیمـانە هـیچ نەبوو.

سـوراقە لەتەک خـۆی دەدوا و دەیـوت: ئەوە ئەو چـی دەکـرد دەیویسـت کـێ بگرێت! سەیری ئاسمانی کرد مـانگی بە لا سـەرەوە بـوو وتـی: فەلەک مـانگەکەی من جوانە یاخود مانگەکەی تۆ، ئەم بەیانیەی ئەو چی بەسەر هـات چـۆن دڵەکەی دۆڕاند، دیدەی چی بینی خۆ ئەم بەیانیە ئەو بـوو بە مەخلـووقێکی دی، هەنـووکە لەوە گەیشـت بـوو کە ئەم مـرۆڤە و هاوڕێکـانی کە بەم بیابـانە چـۆڵەدا تێـپەڕ دەکەن سەردەکەوێت. لە شـەرماندا عـارەقەی ناوچـاوی خـۆی دەسـڕی و سـەری دانەواند بوو دەیوت: پێغەمبەری خوا قەومەکەت خەڵاتیان داناوە بۆ هەر کەسێک بتدۆزێتەوە، دەیانەوێت بە زیندوویی یاخود مردوویی بۆ مەککەت بگێڕنەوە.

تەکانیـدا و لە تـورەکەی شـۆڕەوە بـوو بە هەردوو لای وڵاخەکەیـدا و پـڕ لە خـۆراک بـوو هێنـایی و خسـتیە بەردەم وشـترەکانیان، بەڵام ئەوان، پاشـای بـێ سـوپا لەو بیابـانە چـۆڵە نەیویسـت و هاوڕێکانیشـی بێباکـانە لایـان بە لایـدا نەکردەوە و هـیچ پرسیارێکیشـیان لێنەکرد. ویسـتیان ببزوێن دواجـار داوایەکیان لێکرد و وتیـان: خەڵکمـان لـێ لابـدە و ئیـدی ڕەشـوی لە خـوری درووسـتکراوی ڕەنگاورەنگی وشترەکانیان بۆ ڕۆشتن تووند کردەوە. ئەم هێنـدە لە سـەرکەوتنی ئەو مرۆڤە تەنهایە لەتەک چەند کەسـە کەمەدا دڵنیابوو داوای لێی هەبـوو ئەویش نووسـراوی دڵنیـابوون بـوو. سـەروەر فەرمانیـدا بە شـوانەی خـوێنەوار دواجـار ئەمیش لەم گەشتە چەند ڕۆژێەدا ئەرکی خۆی هەبوو کە بۆی بنووسێت.

نووسینی شوانێک بۆ دواتر لەو کاتەدا کە پایتەختی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی سەرزەوی کەوتە دەستی شوێنکەوتووانی، لەو ڕۆژەدا نووسراوەکەی موحەمەد کە بە دەستی شوانەکە نووسرا ڕۆڵی هەبوو، پشکەکەی خۆیان لە دەستکەوتەکانیان دایە، کە ئەو هەر زوو پشکی خۆی لە میراتی موحەمەد دەستکەوتبوو کە ئەویش ئیمانهێنان و گۆڕانکاری خۆی بوو، ئیدی مالئاویی لەم سەربازە نوێیە کرد و بە تەنها بۆ پارێزگاری لە چۆلەوانی و پاسەوانی باکان وەک شێری بیابان بەجێهێڵا. بەو شێوەیە ئەو پیاوەی بەیانی بۆ بەدەستهێنانی نرخەکەی لەو خەڵاتەی بۆ گرتنی دایان نابوو ئێوارە بووە پاسەوانی. ڕێگەکە کە هەر کەس شوێن گومکەی بکردایە ڕێی لێ هەڵە دەکرد

ئەوان ڕۆشتن و لێی دوورکەوتنەوە و ئەمیش لەسەر پشتی ئەسپەکەی وەک پەیکەری بێگیان وشک وەستا بوو و بە شوێنیاندا دەیروانی و هەتا لە چاوان ون بوون، سەری بۆ سەر (مەکتوب)ی ناو دەستی چەماندەوە و خوێندیەوە و بە وەعدەکانی دڵخۆشبوو و لێوەکانی بە زەردەخەنە کرانەوە و دانە سپیەکانی بریسکانەوە کە یەکێک لەوانەش بریتی بوو: لە وەعدەی بەخشینی بازنی دەستی شای فارسەکان، کە دواتر پایتەختەکەی دەکەوتە دەست شوێنکەوتوانی موحەمەد. ئەو دەمەش ئەم تەنها سەربازێکی پیر بوو لە سوپای عومەردا، لەناو ئوردوی گەورەدا جاریان بۆ داو ناویان بەسەر زاراندا هێنا و بانگیان کرد، سۆزی پێغەمبەریان بۆ هێنایەدی و بازنەی پاشایان کردە دەستی، ئەو دەمەش هەر ئەو بازنانەی ئەگەر دیاری موحەمەد نەبوونایە لا گرنگ نەبوون، چونکە لەوان زۆر گرنگتری دەستکەوتبوو، ئەویش (ئیمان) هێنان بە موحەمەد بوو.

ئێستا بە دڵ لە (مەکتووب)ی ڕوانی و خستیە سەرچاوەکانی و قڵپەی گریانی خۆی گوێ لێ بوو. ڕەشوەی ئەسپەکەی تووند کردەوە و بۆ دوا گەڕایەوە، زۆر دڵی خۆش بوو کە دۆستی تری گرتبوو، غەمباریش بوو کە لێی نزیک کەوتەوە لە ڕۆحی وەگەلی نەکەوت، یارەکەی ڕۆشت و ئەم بۆ ئەو بێ قەرار بوو عومری تێپەڕی و هەر ئەو ساتەش خۆش بوو کە بە خزمەت ئەو گەیشت، ئێستا بوو بوویە مانگ و لێی دوور کەوتوو بووەوە. ئیدی دواتر و بۆ هەمیشە تەنیا ناوی ئەو و خوداکەی (لا اله الا الله، محمد ڕسول الله) ئەوی لە سەر زوبان بوو.

*** *** ***

لەتەک هــاوڕێکەی لەو چەنــد ڕۆژەدا هێنــدە بەنــاو ڕەنــج و برســێتی و ماندوویەتی حەزەردا تێپەڕین، کە دوو کەس لە لـووتکەی تێکۆشـان لە پێناوی ڕزگاری مرۆڤایەتیدا پێی تێپەڕ دەبـوون، ڕزگـاربوونی ئەو دووانە لەو سـەفەرەدا و قوتاربوونیـان لە دەسـت دوژمنانیـان، قوتـاربوونی هەمووماـنە کە دەمانەوێت ڕزگار ببین.

هەر بۆیە هێندە خۆشمان دەوێن، هێندەش دەترسـین پێ بە پێی ئەوان قاچ دەگـوازینەوە سـەیری ئەمـلا و ئەولا دەکەیـن بـزانین کەسـیان بە شـوێنەوە نیـیە، ئازارەکانیان ئازاری ئێمەیە خورپەکانیان خورپەی ئێمەن، تەنهاییەکانیـان تەنهایی ئێمەشــن، بە کــورتی ئەوە تەنهــا ئەوا نــین کە ســەفەر دەکەن و دوژمنــان بە شوێنیانەوەن، بەڵکو ئێمەشیان لەتەکداین، سەفەری ئەوان کۆتایی نەهـاتووە و تـا هەنووکەش لەناو ئێمەدا سەفەر دەکەن.

ئەو دەبوو هیجرەت بکات ئەگینا کاری پێغەمبەرایەتی ئەو سـەری نەدەگرت و مرۆڤــایەتی لە خــۆی کــۆچی نەدەکــرد. ئەوســا لە گــۆمی گەنیــوی نەزانــی و بتپەرستیدا دەمایەوە، ئەو دەبوو ئازار بچێژێت و خۆری لە مەککە ئاودیو بێت و لە مەدیــنە هەڵبێـتەوە، تــا دینــی خــودا ســەرکەوتبا. ئـێمەی لەتەک خــۆی بــۆ سەرفرازی کۆچ پێکربا، ئەگەر بهاتبا و هەر ئەو کاتەی لە کۆشکەکەی خەدیجە پـاڵی دابـاوە و بیوتـایە هەر ئێرە خۆشـە و خـوا لێمـان تێکنەدا، ئیدی بە گـوتەی کافرانی بێدین بەو دواییە ژیانی خۆش و ماڵی ئـاوەدان بە مـاڵ و منداڵ ئەوی بە لاڕێدا نەبردایە.

کـاروانی بچـووکی کـۆچی مـوحەمەد پەیمـانی خۆیـان لەتەک بیابانـدا تـازە کـردەوە. هـاوڕێیەتی وشـتر و گەرمـای ڕۆژ و لە خـۆر پەنـاگرتن و بەشـەودا لە ئاسـمان ڕوانـین، کە ئەسـتێرە هێنـدە لە زەوی نزیـک دەبـوونەوە دەتـوانی بە دەسـتەکانت بیانگریت، نـوێژ و ئـاو لە بیرانـی دوور هەڵگـۆزین و ئەگەر ئـاویش نەبـوو ئەصـڵی بـوونی مـرۆڤ کە خـاکە بەسـەرخۆدا کـردن و ئـارامی بیابـان کە هەموو شت گوێرایەڵی خوا بوو و لەپڕ هەڵکردنی بیابان و هەڵسانی قیامەت.

بە شـەواندا لە دەوری ئـاگر خـڕ بـوونەوە و لـورەی گـورگ و سـەدای لەپـڕ فڕینی فڕندانی تاریکی و هەوڵـی ئەودیـوی نەبینـراو کە جیهـانی غەیـب بـوو پـڕ لە هەڵـدیر و ئـاگر و پـرد و ڕێـی باریـک و وەسـتانی بەردەم خـوا و چێـژ و

خۆشیەکانی باخ و باخاتی بەهەشت کە لە بیابانە بەرەهوت و ڕەقوتەقەدا ئەوانی بۆ دەچوو و چێژێک کە سەروەر بەوانی دەبەخشی و قیامەتێک لە هەناویاندا هەڵی ساندبوو.

قاچی وشترەکان و جەستەی ماندوو لە سەفەری بیابان و ڕۆحیش بۆ خۆی لە دەرگای مەرگ ئاودیو بووبوو، لە ژێر سێبەری دار و درەختی بەهەشت پیاسەی دەکرد و میوەی تازەی لە لقەکانی دەکردەوە و ئاوی ساردی هەڵدەقۆراند، جلی ئاوریشمیان دەپۆشی و لەتەک هاوڕێیان لەسەر قەنەفەی نەرمونیان پاڵدانەوە و لە تەماشای ئاگر و سزای دۆزەخیان ئەبڵەق بوون و نزاکردن بەس نەبوو، ئاخر ئەوان لەوانە نەبوون.

لەوێ پێغەمبەر و هاوڕێکەی ئەشکەوتی کە هەنووکە دوو هاوڕێی دیکەیان بۆ پەیدا بووبوو، ئەوانیش (عەبدوللای ئرەیقت) وشترناس و ڕێگەناس لە تیرەی (لەیس) کە ئەبوبەکر پێش چەند مانگ دوو وشتری تیژڕەوی ناسراوی تیرەکەی لا کڕی بوو و پارەی ئاڵف و بەخێوکردنیشی پێدابوو و دوای شەوی سێیەم لە بەردەم ئەشکەوتەکەدا ڕایگرتن و قیافەی بەرز و ڕەشتاڵ سینگ و پشتی باریک و ڕیشی لولی خۆی بەوان پیشاندا، هاوڕێی کۆنی کڕین و فرۆشتنی ئەبوبەکر و بنەماڵەکەی بوو و پێشتر موشریکێکی متمانە پێکراو بوو و هەنووکە بەم چەند ڕۆژە کە بەقەت دەیان ساڵ تەمەنی زێتری بەو دابوو ئیمانی هێنابوو.

چوارەمیش پێشتر کۆیلە و دواتر شوانەکەی ئەبوبەکر (عامری کوڕی فرەیهد) کە لەو ڕۆژەدا کاری نزیکترکردنەوەی مەڕەکان بوو بۆ ئەوەی شیری تازە دەرخواردی تاقانەی پاشماوەی پێغەمبەران بدات و مەڕەکان بهێنێت و ببات تا جێ پێی کوڕ و کچی خاوەن ماڵەکەی بسڕێتەوە. دواتر کاتێک زانی ناتوانێت مەڕەکانی تا یەسریب بەو بیابانە فراوانەدا بگوازێتەوە و بە دڵی پڕەوە بەجێی هێڵابوون، شوێن کاروانەکە کەوتبوو و بووبووە چوارەم کەسی هاوڕێی سەفەری مێژوویی.

کاروان بە ڕێگەی دوور و پێچ و نائاسایی بۆ مەدینە دەجوولا، کە لە پێشدا بەرەو یەمەن داگەڕا و پاشان بەرەو دەریای سوور دواتر پێچی بە ڕێگاکە کردەوە، ڕێگای نوێی بۆ سازدا لە خواروی (عەسفان)ەوە کەوتە ڕێ بەرەو (ئەمج) پاشان وشترەکانیان بە ڕێ خست لە (قەدیدی ناس) و بە تینی گەرمی گۆشت برژانی خۆی گوزەری پێکردن و بە بەر تینی خۆرەوە کەوتنە بەرەو

(خەرار)، دواتر بەرەو گردەکانی (سنیەتولمرە) دواتریش لە (لقیف) با پاڵی دەنان بۆ (مەجاج).

گەرما زۆری بۆ دەهێنان بە گوتەکانی سەروەر فێنکیان دەبووبەوە خۆیان دەگەیاندە (مرجح زیل عوزوەین) و گردی وەک ورگ ئاوساوی (بەتن زیلکشر) و (جداجد)یان دەبڕی کە عەبدوللا بە ناوەکەی زەردە دەیگرت.

ئینجا (ئەجرەد) و (زاسللەم) و (بەتن و ئەعدامەدلەجە و تەعەهن) کە ئەمەی دوایان زۆر لە ناوەکەی سەختتر بوو، بەرەو (عەبابید) کە ناوی بالندەکانی ئەبابیلیان بیر ئەندامانی گروپەکە دەخستەوە کە خوا دوژمانانی خۆی پێ لەناوبردن، بە (فاجە) دا تێپەڕین و دەستیان خستە سەرچاوانیان و بۆ نزماییەکانی (ئەلعەرج) دابەزین. پاشان بەرەو گردی (سەنیة العائر) لای ڕاستی (رەکوبە) و وشترەکان ملیان درێژ کرد و جەستەیان خوارکردەوە و بەرەو (بەتنرئەم) و (قوبا)یان لێ دەرکەوت.

لە سوراقە تێپەڕین و ئەبابورەیدەیان لێ پەیدا بوو، کە هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو، ئەگەر پارێزی کاروانی قورەیش لەم ناوە نەبووایە چۆن سکی ئەو هەمو شوێنکەوتوو و خێڵەی خۆی تێربکات کە لە دەوری بوون، هەنووکەش هەر لەبەر قورەیش نا لە بەر ئەو نا، بەڵکو لەبەر خەڵاتەکە دەبوو ئەم دووانە بە زەبری شمشێر بگرێت، بیانبات و تەسلیمی قورەیشیان بکاتەوە.

ئەوانیان فڕێ دابوویە ناو دەشتاییەکی فراوانی گەرمەوە بێ خۆراک و ئاو دەمردن، ئەمە دوا هەڵی گۆڕانی ژیانی ئەوان بوو داوای لە شوێنکەوتووانی کرد هەر زوو خۆیان پێچایەوە (خۆر خەریک بوو دەنیشتە ئەو سەری بیابانەوە، وەک هێلکە دابنێی بە سەری سوور و سپی خۆیەوە لەوێ دانرابوو).

(ئەبوبورەیدە) و حەفتا سواری خێڵەکەی شمشێر بە دەستەوە کە ئاژەڵەکانی ژێریان بەتوندی دەئاژووت لە هەوڵی گەیشتندا بوون بە کاروانەکە، کە هێمن.. هێمن.. سێبەریان لە سەر خاکەکە درێژ بووبوو و خۆر لە ژێر سکی وڵاخەکانیان دیار بوو. ڕێگایان دەبڕی و بە بینیینی ئەمان کە لە دوورەوە هاوڕێیان دەکرد و ئاژەڵەکان ڕیتمی ڕێبڕینی خۆیان نەگۆڕی، وەک بڵێی لە سوارەکانی سەر کۆپارەی پشتیانەوە فێری تامی نەترسان بووبوون و بە کردەیی دەیانچەشت.

سوارەکان پێیان گەیشتنەوە و تەپوتۆز لە ژێر پێی چوار پێ و دووپێکاندا بەرز بوویەوە، سەرکردەی سوارەکان بە دانانی دەستی لەسەر لێو و ناوچاوی سڵاوی لەوان کرد و بەسەر کاروانیەکاندا نەڕاندی: کامتان موحەمەدی کوڕی عەبدولموتەلیبن؟ کاروانیەکان هیچیان نەگوت، بۆ ساتێک بێدەنگی و ڕەنگی بیابان لەبەر تیشکی ئێوارەدا بوونەوە یەک. دەنگێکی ئارام و قوواڵ لە یەکێک لەکاروانیانەوە سەری هەڵدا من موحەمەدم چیت لە ئێمە دەوێ و تۆ لە چ خێڵێکی؟

وتی: لە (ئەسلەم).

ڕووی شیرینی پێغەمبەر بۆ ئەبوبەکر وەرچەرخا و ئاگای لە ململانێی ناوەوەی پیاوەکە بوو زانی بە کام لادا دەگەڕێت وتی: سەلامەت دەبین.

ئەم پیاوە بە نیازی خەڵاتی خوێنی ئەوان هاتووە کەچی ئەو بە هاوڕێکەی دەڵێ ئێمە پاریزراوین، دواتر پیاوە پیرۆزەکە وتی: تێرەکەت کێن؟ وتی سەهمین.

وتی: سەهمەکەت دەربکە.

دەیزانی لە ناخیدا چ تیرێک لە دڵی چەقیوە.

ئەوانەی دەوروبەر لە قووڵایی گفتوگۆی نێوان ئەم دووانە تێنەگەیشتن، کە پێش ئەوەی بە وتەکانیان شت بڵێن بە چاو لە یەکتربڕینەکانیان هەموو شتیان وتبوو و لە یەکتر گەیشتبوون. بێدەنگیەکی سەیر دەوروبەری گرتبوو دەستەکان بە شیرەکانەوە وشک بووبوون، وشتر و ئەسپەکان چاوە جوانەکانیان پڕ لە میهربانی بڕیبوویە لمی بیابان و نە قاچیان دەبزواند و نە ئەسپەکان دەیانپڕمان و نە وشترەکان کاوێژیان دەکرد، موحەمەد چاوەڕێ بوو (ئەبوبورەیدە)ش لە بیر کردنەوەدا بوو.

ئەو لە نێوان دوو ڕێیانێکدا گیری کردبوو، لەگەڵ خۆیدا لە گفتوگۆدا بوو، و نەیدەتوانی یەکلایی بێتەوە، نەیدەزانی گوێ لە کێ بگرێت، لە کام بەشەی بوونی؟ ئەوەیان کە دەیگوت سەد وشتر کەم نین بۆ خۆت تا کوڕ و کوڕەزات لێ دەحەوێیتەوە و پێگەت لەناو کەسوکار و هەموو دوورگەدا گەورەتر دەبێت، ئەو دەمە لەباتی تەنها حەفتا شمشێر بە شوێنتەوە سەدان و هەزاران شوێنکەوتەت دەبێت یان ئەوی تریان کە پێی دەگوت پێویستە شوێن حەقیقەت بکەویت.

تـۆ پیـاوێکی عـاقڵی له بیابـانەوه فێربـووی که ئاشـتی نـاوەکی و ڕاسـتی و جـوامێری له هەمـوو وشـتری دونیـا زیـاترە. تـۆ مرۆڤ لە دەسـت دەدەی، بەڵام دەیان جۆر سەرمایەت دەست دەکەوێت کە ئاشتی و ئارامی تەنها یەکێکیانە، تۆ سەیری ئەم دوو پیاوە بکە لە چیان کەم بوو ئەویان کوڕی گەورەی قورەیش و دەوڵەمەند، ئەمیـان خـانەدان و بازرگـانی سـەرکەوتوو کـە هەمـوو مرۆڤانیـان و ژیانیـان بەجـێ هـێڵاوە و بیابـانی ترسـناکیان گرتـۆتەبەر. لە دڵی خۆیـدا دەیگـوت: ئەوە بـۆچی ئەو شـار و ڕابـوارن و گەورەیـی و خوداپێـداویەی خۆیـان بەجـێ هـێڵاوە و ڕوویان لەم بیابانە بەرەهوتە کردووە؟

ناشێ ترسنۆک بی هەموو شـتێک لە ئـازایەتیەوە دەسـت پێدەکات، ئەوان زۆر ئـازا بـوون کە پێیـان بە هەمـوو شـتێکی خۆیانـدا نـاوە، تـۆش لانـی کەم ئـازایەتی ئەوەت هەبێت بیانپۆشـە و لە ئاسـتی نـاوچەی قەبیلەت بە سـەلامەتی ڕەوانەیـان بکە، بەڵام لاکەی تری نەیدەهێڵا تاسەر بڕوا و خێرا خێرا پێی دەوت ئـاخر سـەد وشتریش کەم نییە.

بەڵام ئەم خێرا وەڵامی دەداتەوە: بێدەنگ بە پیـاوخراپ عەیـامێکە گـوێم لە تـۆ گرتووە و چیم بەچی کردووە؟ گریمان هەموو وشتری دونیا هی من دەبوو، ئایـا ئەوە وەڵامی من لە ڕارایی و ڕوانینەکانی شەوانم لە بیابان دەداتەوە؟

ئیدی ئەم جارە لەم دووڕیانەدا بەو ڕێگەیەدا ناڕۆم کە تـۆ پێم دەڵێی، ئەوان زۆر نەترسانە لەو حەفتا چەکدارەیان دەڕوانـی کە بە دەوریانـدا دەسـووڕانەوە و ئەوانی دەشتەکی و ناسراو بە مرۆڤە زبرەکـان دەیانقریواند و شمشـێرەکانیان بە هەوادا بـا دەدا و بە جۆریـک دەیانسـووڕان لە بەردەم تیشـکی خـۆردا ڕوونـاکی تیژیان بەر ناوچاوی دوو سوارەکە بکەوێت.

بە بینینی ئەم دۆخە خەریک بوو بڕیـارێکی نهێنـی لەهەناویـدا سـەری هەڵدەدا. لە پڕ داچڵەکـی و ئەبرۆکـانی هـاتنەوەیەک ناوچـاوی خۆرسـوت و ڕەشـی خـۆی هەڵبڕی و ڕیشە لـوول و درێژەکەی بەرزکردەوە و چاواکانی بڕیە مـوحەمەد و وتی: تۆ پیاوێکی سەر ڕاست و پیاوچاکی، ناتوانم خـۆم بخەڵەتێنم و تـۆ بدەم بە دەستەوە تەنها بۆ سەد وشتر بە ڕاستی کارێکی لـەو چەشـنە نـامەردی و دووڕە لە جوامێری.

شایەتوئیمانی هێنا و ئیدی ئەم توانی چاکە بەسەر مولکدا زاڵ بکات، لایە چاکەکەی خۆی وەک پاڵەوان دێوی لای چەپی خۆی خستبووە ژێرەوە. دەستی برد مێزەرە سپیەکەی سەری داگرت و وەک ئاڵا کردی بە ڕمەکەیەوە!

پێغەمبەری وەک پاشا بە ڕێخست و دواتر وەزیرەکەیی و دواتر خۆی و خێڵەکەی وەک پاسەوانی پاشا بە شوێنیەوە بەوانی وت: پاشای ئاسایش و ئاشتی هاتووە، ئێمە دەبینە سەربازی ئەو، دونیا پڕ لە دادپەروەری دەکات. تا ئەوپەڕی سنووری ناوچەی دەسەڵاتی خێڵەکەی لە بیابان ڕەوانەی کرد.

بابەتەکەی تەنها خۆی نییە پاراستنی خۆی، ئەگەر مەبەست خۆی بوایە ئەوا لە ژیاندا هیچی کەم نەبوو، بەڵکو ئەم کارەکەی ئەم بە جۆرێکە تەنانەت ئەگەر هەر خۆشی با تاکێتی خۆی تێدەپەڕاند چ جای ئەوەی هەنووکە ئەو کۆمەڵێک خەڵکی لەتەک بوو شاریک لە دووڕەوە چاوەڕوانی دەکرد و کۆمەڵێک شوێنکەوتووی نەناسراو و کەسوکار و بیرەوەری خۆشەویستانی لە مەککە بەجێهێڵا بوو.

راستی وت: ئەو پاشای ئاسایش و ئاشتی بوو، هاتبوو تا دونیا پڕ بکات لە دادوەری هەر بۆیە کە (زوبەیر)ی پورزای گەیشت کە لە سەرپەرشتی قافڵەی بازرگانی شامدا دەگەڕایەوە، جلی چڵکن و کۆنی کاروانی موحەمەدی خستە کەنارەوە و موحەمەد و ئەبوبەکری بە جلی سپی پاشایانەوە پۆشتە کرد تا خەڵکی مەدینە بە پەلی خورما و گۆبەند و گۆرانیەوە، وەک مەزنترین پاشای دونیا پێشوازی لێبکەن.

*** *** ***

دەنگی سەر قافڵەچی لە دورەوە دەهات کە گۆڕانی خەمینی بۆ وشترەکان دەوت تا بیری زادگایان بکەن و هەوڵی هەرچی زیاترنانی هەنگاوی گەورە بۆ گەڕانەوە بدەن، ئەو گۆڕا، دەنگی خوا دەوڵەمەندە بە زمانی جوودا بۆ ئێمەی مرۆڤ دەدوێت، موحەمەد گۆرانیەکانی عەبدوللای پێخۆشبوو کە وشترەکانی دەلاواندەوە، تاوێ بۆ ئەوی دەڕوانی و زەردەخەنەیەک بەسەر لێوەکانیەوە دەبریسکایەوە.

تاوێکیش سەفەری ناوەکی خۆی بۆ مەدینەی ناوخۆی دەست پێدەکرد، ئیدی دەڕۆشت و هیچی لێرە نەدەما تەنها چاوەکانی نەبێت کە گەورە و ڕەش و درشت دەیان ڕوانی و هەموو شتێکیان دەدی و هیچیشی نەدەبینی. بە دڵنایییەوە ئەو جۆرە ڕوانینەی ئەو جۆرێک لە نوێژ و زیکری تایبەتی پێغەمبەرانە بوو.

پێش ئەوەی لە شاخەکەی دەوری مەدینە لە ناو تولەڕێ ڕەق و بەردینەکاندا ئاودیو بێت، لای بە لای بیابانداکردەوە و دەستی بۆ هەڵبڕی ستایشی ئەوی کرد، کە وەک دایکێکی بەسۆز ئەم چەند ڕۆژە ئەوانی لە باوەشی خۆی هەڵگرتووە، لە هەموو ئازار و هەر شتێکی نەخوازراو پاراستنی و ئەوا هەنووکەش لەسەر لەپی دەستی هەڵی گرتوون و لەسەر ئەم شاخەوە دەیانداتە دەست شاری پیرۆز.

جارێکی دی بە چاوەکانی بۆ بیابانی دوورودرێژی ڕوانیەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێت سوپاسی کرد کە ئەو هەموو میهرەبانیەی لەتەک ئەواندا نواندوە. بیابانی ئازیز هاوڕێی ئەو هەموو پەیامە نهێنی و نەدیتراوە بووی کە خوا لەم چەند ڕۆژەدا لە باوەشی تۆی ئازیزدا بۆ منی ناردنە خوارەوە. من دایکم زۆرن کە لە ئازار پاراستوومیان ئەوە دایکە لە ئازاری کۆرپەکەی هاوبەشە. کاتێک لە مرۆڤەکان بێزار بووم یاخود ئەو کاتەی ویستوویانە ئازارم بدەن من هەر لە منداڵیەوە بەردەوام بۆ لای تۆ و باوەشی ئارامت گەڕاومەتەوە.

بەرەو مەدینە داگەڕان سەفەرەکەی دوو موسافیرەکە کۆتایی هاتبوو، بەڵام سەفەر هێشتا سەرەتای بوو. گەورانی نەفسپەرستی مەککەش هەنووکە دەیانزانی کێیان لە دەست دابوو، ئیدی بۆنی خۆشی پێغەمبەرانە لە شارەکەیان بڕا بوو!

ئیدی دوای دابڕانی ئەو مەخلووقە پاک و ئەمانەتدارە شارەکەیان چ شومێک دەیگرێت ئەم بە بیری شارەکەی گا شادومان و گا غەمبار دەبوو، شادومان بەوەی دواجار لانکەیەکی بۆ ڕۆڵەکەی دۆزیبوویەوە کە تێیدا ئارام بگرێت کە ئەویش پەیامەکەی بوو، ئاخر هەموو پێغەمبەران دایکن و کۆرپەیەکیان هەیە کە پەیامەکەیانە، پێویستیان بە شوێنێکە ببێتە لانکە بۆی و تێیدا پەروەردەی بکەن.

گاهێک غەمبار بوو، چونکە شارەکەی مەککەی پیرۆز نەیتوانی ببێتە ئەو لانکەیە بۆ پەیامە ئاسمانیەکەی، ویستی شتێک بڵێت، بەڵام هیچی نەگوت، چونکە ئاسمان هەموو شتێکی وتبوو، هەرچیەکی وتبا ئەوەی خوا وتبووی بەس بوو.

ئەو سامانە مەزنەی ئەوانی وەلا نا و ژیانی هەژاری هەڵبژارد و لەتەک ئەو لاتولوتانە بۆ مەدینە چوو. ئەو کۆچی کرد و ئیمەش ئەگەر بمانەویت لە کۆچ کردندا ڕێی ئەو و هاوڕێکەی بگرینەبەر، ئەوا دەبێت ئازارەکانی ئەو بژێنینەوە لەو ترسە بگەین کە هەموو شیو و بیابانی تەنی بوو ئەو عارەق و خوێنە ببینینەوە کە لە جەستەی دەردەچوو، وای سەروەکەم چیان پێنەکردی؟

دیتی دونیا بە تەواوەی گۆڕا بوو ترس و خۆشاردنەوە بوونی نەما بوو تەواوی لمی وردی لە ژمارە نەهاتووی سەر ڕووی بیابان لە ژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە، هەموو دونیا گۆڕا بوو ئەوە دونیا نەبوو کە گۆڕابوو، بەڵکو ئەوە ئەو بوو گۆڕابوو، خەڵوەتی سێ ڕۆژەی ئەشکەوت کۆتایی هاتبوو و وشتر ئامادەبوون بۆ سەفەرکردن. وشترەوان خورمای وشکی دەدا بە وشترەکان تا کامیان شیرین بکات و ئامادەی ڕۆشتن بن. ئەوان بابەتەکەیان گەیاندە کۆتایی و بنبەست ڕاست لەو کاتەدا هەموو دەرگاکان دادەخرێن خوا دەرگای دیکە دەکاتەوە، مەککە بە کۆتایی ڕێگە گەیشت بۆیە مەدینە ئێستا دەستی پێدەکرد.

ئەوان چۆن توانیان بەناو ئەو هەموو مرۆڤە وەحشی و ئاژەڵە ئاسایەدا ئەو هەموو بیابانە تەی بکەن، کە خۆر لە لایەک کە ناوی ڕۆژ بوو مانگ و ئەستێرەش لە لایەکی دی کە ناوی شەو بوو کێبڕکێی هاوڕێیەتی ئەوانیان بوو، ئەم ترسی ئەوەی هەبوو، بەڵام ئەو هیچ ئارام و بێباک، ئاخر ئەو لە ناخیدا ئیمانێکی بە خالیق هەبوو تا ئەبەد متمانەی دەکردە قەڵغانی پاراستنی و خۆشەویستیەکی بۆ مەخلووق هەبوو ترس و وەحشەتی وەک تەم لەبەر تینی گەرمای خۆردا دەتاوانەوە.

خوایە ئەوە چ نەترسی و متمانەیەک بوو نەک هەر جیهانی نادیار، بەڵکو جەستەی بینراو بالای جوان و ڕووی خۆش و زمانی شیرین لەتەک هاوڕێکەی و دوو وشترەکەی کە هاوڕێیان بوون، سوپاسی ئەوانی دەکرد کە زەحمەتی ڕزگارکردنی ئەو دووانەی لە شەڕی کافران ترساو لە چاکی ئەو ڕزگار کردبوو، سوپاسی هەوای دەکرد کە بە بەرزایی بالای شاخە نەبینراوەکان بەسەر سەریانەوە دەبزوا و هەوری لە دەریاوە دەهێنا کە سێبەری بۆ ئەمان دەکرد.

سوپاسی دەریاشی دەکرد و کە هەوری بێ پێی دەنارد تا لێوی شەقاربووی بیابان تەڕبکاتەوە و نەرم ببێت و بتوانێت بۆ ئەمان پێ بکەنێت و سوپاسی باڵندەکانی دەکرد کە بە لاسەریانەوە دەهاتن و دەچوون و قەتێکان کە بە پڕتاو

دەردەچوون و ڕێیان بۆ دەستنیشان دەکردن و هەڵۆ بەرزەکان کە لە دوورەوە بە پەلەپەل دەهاتن و لەسەر سەری ئەمانەوە لە ترساندا دەیانقریشکان، تا لە بۆسەی سامناکی نەبینراو لە ڕێیاندا حەزەری خۆیان وەربگرن.

سوپاسی بەردی سەر ڕێیانی دەکرد کە دەبوونە باڵیفەی، سوپاسی شەویش هەرکات خەویان بهاتایە دەبووە پێخەفی گوڵگون بە گوڵ ئەستێرە و ئەو ڕێبوارە شەکەتبووانەی دادەپۆشی، سوپاسی جەستەی دەکرد کە ئەو هەموو ئازار و تەنیایی و برسێتی و شەکەتیەوە هاوکاری ئەم بووە و ئەمی بەم حاڵەی گەیاند بوو، سوپاسی هەموو بوونی دەکرد کە ئەمی لە گڵ دروستبوویان هێندە بەلاوە گرنگ بوو سوپاسی خوای بوونیشی دەکرد کە ئەو ئەرکە تاقەت پڕوکێنەی بەم سپاردبوو و تا هەنووکەش هەڵی سووڕاندبوو.

موحەمەد و هاوڕێکەی زانیان بەم کۆچەیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان و پەیامەکەی داوە، لە پێشیەوە دەڕوا و بۆ شاری تریێ و خورما کە پێشتر هەواڵی پێدرابوو و ڕۆشتنێ بوو بواری گەڕانەوەی نییە، چاوەکانی لەسەر ڕێگەکە و لەتەک بزوانی بە ڕیتمی وشتردا ئەویش دەبزوا، بەڵام دڵی بە قووڵایی ئاسمانەوە لکاو بوو لای خوای مابوویەوە. ئەوان بۆ پێشەوە دەڕۆشتن، بەڵام ئەو لەوێ دەماو بۆ هیچ جێیەک نەدەبزوا.

هاوڕێکەی بە ڕوانینی موحەبەتیانە لەوی دەڕوانی، خوایە ئەو هاوڕێیەی ئەو لە چی خولقابوو کەوا بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی گرتبوو؟ خوایە ئەم دڵەی مرۆڤیش لە چی خولقاوە کە ئەو خۆشەویستیەی ئەوی لە دڵی ئەمدا هەڵگرتووە؟ نەیدەزانی چۆن خۆی بە قوربانی بکات، جارێک لە پشتەوە جارێک لای ڕاستی دەگرت و جارێک لای چەپ و دەمێکیش دەکەوتە شوێنی تا لە هەر ئەگەڕێک بیپارێزێت.

ئەوان پێکەوە بەسەر زەویدا دەڕۆشتن لە دونیای دزێوی ئەوان دەرچوو بوون، نا هێشتا دەرنەچوو بوون، چونکە ماڵ و منداڵی هەردووکیان لەوێ بوون و دڵیان لایان بوو، بەڵام تەنانەت ئەگەر منداڵانیشیان لەوێ نەمان، ئەمان هێشتا دڵیان بە شارەکەیان دەسوتا، ئاخر ئەوان ڕابردوویان نا، بەڵکو ڕۆحیان و ماڵی خودا و بیرەوەریەکانیان لەوێ بوون، بەڵکو لەتەکیان هێنابوویان غەمیان بوو و نەیاندەتوانی بەجێی بهێڵن.

هەنووکە ئەوا لەم نێوانەدا لە دونیای نزمی بێدیناں بووبوون و هێشتا بە جیهانی بالای سەروو ئاسمان نەگەیشتبوون، ئەم ڕێگەیان بەم بیابانەدا تەی دەکرد و بۆ ئەوێ دەڕۆشتن ئەم هەنووکە لەتەک موحەمەدا بۆن و بەرامەی ئەوی پێدەگەیشت و پەردەکانی کەپووی پێ دەلەرێنەوە، وەک کەسێک بۆ کەنار ئاوێک بڕوات و بۆ ئەوەی سواری کەشتی ببێت و لە کەنار دەریا لە ولاخەکەی دابەزی بێت، بەڵام هێشتا سواری بەلەم نەبوو بێت.

ئەم لە هاوڕێکەی گەیشتبوو، ئیدی یەسریب کەشتی ئەوانە و لە وشکانیەوە هەڵیانـدەگرێت و بەسـەر دەریـای ئیمانـدا دەیانبـات، ئەوەشـی دەزانـی کە سواربوونی کەشتیش کێشەی خۆی هەیە، دەریاش لرفە و زریان و شەپۆلانی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەشی دەزانی ڕێساکانی دەریا وەک ڕێساکانی وشکانی نین بە تایبەت کە ئەگەر ناخودای کەشتیەکەش، کەسێکی وەک موحەمەد بێت.

ئەمان پێکەوە بەرەو دونیای جیاواز دەڕۆشتن و بە هەر هەنگاوێکیان بەرەو جیهانی ئاشتی و فریشتە، بەڵکو واوەتریش دەگەیشتن، بۆیە ئەوان بەو دوو وشـترە سـپیە تیژڕەوەیـان هەرچـی زیـاتر بەرەو مەدیـنە هەرچـی خێراتـر نەدەڕۆشتن، بەڵکو دەفڕین.

وای لە چێژی ئەو ڕۆژانە کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە، چ چێژ و هاوڕێیەتیەک چ خـۆ گـۆڕینێکی ترسـانێک و بەتـام!! چ خـۆ پەنهـانکردنێکی بەلەزەت، چ وانە و عیبرەتێکی بە بەهـا، لە بەهـای هەمـوو سـەروەت و سـامانێکی بە بەهـاتر، ئەمـان لەتەک هەوردا کـێ بەرکێیـان بـوو کە بەری تینـی خـۆری لێبگرێـت و خـۆریش هەوڵی دەدا لە پەنا هەوران خۆی وەشارێت تا تیشک بەر ئەوان نەکەوێت.

لەتەک ئەو سـەروەرە ڕۆژی خـوا لە بیابـان زۆر بە خێرایـی دەڕۆشـت، ئەم ماوەی پێکەوە ئەزموونی دەیان ساڵەی تێدا دروست بوو بوو، کاتێکی دەزانی خۆر بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا و لەو سەرەوە خەریک بوو ئاوا دەبوو.

سڵاویان لە هەموو شتێکی بیابان دەکرد، تێدەپەڕین و لە هیچ شت ترسیان نەبـوو، نە ئـاژەڵانی ڕۆژ بـۆ پەلامارداندیـان شـوێنیان دەکەوتـن و نە قەلە لاکخۆرەکـانیش بە دووی لێکـردنەوەی گۆشـتی بەتـامی مـردووەوە بـوون کە لە نزیکیانەوە دەنیشتنەوە، نە دەنگی چەقەڵ و لورەی گورگانی شـەویش کە دوو بە دوو بۆ یەکتریـان دەسـەندەوە بـۆ هەوالّـی گۆشـتی چەور بـوو، بەڵکو هەمـووی

هەواڵی هاتنی کۆتا ڕزگارکەر و سەفەری مێژووگۆڕی دوایین پێغەمبەریان بە یەکتر دەدا.

ئەوان دوو سوار و دوو هاوکاروانی دیکە، دوور لە ئاوەدانی مرۆڤ بەو ڕێگا پڕ لە ڕێبڕ و بیابانیانی دڵڕەق بۆ سازدانی جیهانێکی دیکە دەڕۆشتن. ئەو ئیدی و بۆ هەمیشە هاوڕێی ئەو بوو، هاوڕێی پێش گفتۆگۆی ئاسمان و زەوی و هاوڕێی ئازار و ترس و بەخشندەیی هاوڕێی بردنەوە و دۆڕانی شەڕ و هاوڕێی مەرگ و بەجێهێلانی دونیا و هاوڕێی جیگرتنەوە و بەڕێوەبردنی دونیای پاش ئەو دواتر هاوڕێی هەڵسانەوە و زیندووبوونەوە و دواجار هاوڕێی بەهەشت و پێکەوە مانەوەی هەمیشەیی.

ئەم لە شەڕی نەفسی خۆی ڕزگاری بووبوو و شەیتانەکەی موسڵمان بوو، بەڵام لە شەڕی نەفسی ئەوان نەخێر، کە لە شارەکەیان دەرچوو بوو و دەیویست بۆ شوێنی دوور بڕوات کەچی ئەوان شوێنی کەوتبوون.

لەبەرچی زوڵمی لێکرا و لە شار وەدەرنرا، نەیانهێشت لە پەنا ماڵی خوا وشەکانی خوا بخوێنتەوە و بۆ ئەو سەری بخاتە سەر ئەرز. ئەو دواین نێردراوی خوا و ڕاستەقینەترین دەنگی مرۆڤی ئازارچەشتوو و داماو، بە پێوە وەستان و هەڵسان و دانیشتن و کڕنوش بردنەوە دەچووە دیداری خوا و بە ئاستانەی مەلەکەتی فریشتان و باڵاتریش دەگەیشت.

ئەو مەککەی ناو ڕۆحی لەتەک خۆیدا بۆ مەدینە دەبرد و هەنگاوی دەنا و سوپاسی وشترەکەی ژێری دەکرد، کە ئەم ئەو هەموو ئەرکەی خستبووە سەر شانی ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانە ئەو هەموو زیکر و قورئانە ئەو هەموو برایەتی و هەژاری برسێتیە ئەو هەموو ئازایەتی و بێدەسەڵاتیەی خۆی و براو خوشکانی لەم شارەدا بۆ ماوەی سیانزە ساڵی تەواو ملنەدان و سەرکەوتن و نەکەوتن، ئای چ ڕۆژگارێک بوو! ژیانی ناو شاری مەککە یاخوا بڕوات و قەت نەگەڕێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش "ئەبوجەهل" و هەرکام لەوان هەموو قورەیش پێکەوە بۆ ڕاوکردنی موحەمەد و هاوڕێکەی تورەکەی دیناری زێڕ و درهەمی زیویان هەڵدەڕشت. موحەمەد لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە پەنجا ساڵە چۆن توانیویەتی لەتەک مرۆڤانێکی خراب و وەحشی مەشرەبی وەک ئەمانەدا بژی هەر بیری دەکردەوە، ئەو لەشاری مەککە بەو شێوەیە ڕۆشت و بە چ شێوەیەک دێتەوە،

ئەو لەو شوێنە هەڵەکەنراو لە شوێنێکی دی دەگیرسایەوە. هەوارگەی کۆنی لە مەککە بێناز بوو و هەوارگەی نوێی لە مەدینە پیرۆز دەبوو.

ئەوان و دەڕۆشتن و خەیاڵیان لەوێ بوو کە لە پشتی ئەو بیابانەوە لە دوورەوە شارێک چاوەڕوانیان دەکات. شارێک ئازارەکانی ئەمان بۆ چێژ و غەمەکانی ئێرە بۆ شادی و تاریکی و جەهالەتی ئێرە بۆ حیکمەت و ڕۆشنایی وەردەگێڕێت.

وای لەم ژیانە کە ئەوانی کافر بە کۆتایی و بێمانای دەبینین کەچی ئەبەدی و ڕازئامێزە. کافران زەینیان لاواز و پشتیان بەهێزە، نازانن هەر ئەو پیاوەی ئێستا دەریان کرد شوێنی کەوتن تا بیگرن و زەلیل کوژی بکەن دوای دە ساڵی دی بە خۆی و سوپای لە بن نەهاتوویەوە دێتەوە و ئەو دەم ئەوان خۆیان بە ناچاری بەدست ئەوەوە دەدەن.

هەنووکە پێغەمبەرایەتی بۆ هەستێکی سەیر وەرگەڕابوو، کە ئەوانی دوو موهاجیرەکە هەیان بوو. ئەوان ویستیان لە شار دەرچن و دواتر بگەڕێنەوە، بەڵام ئەو دەرچوونە یانزە ساڵ درێژەی کێشا ئەو دەمەی گەڕانەوە، ئیدی مەککە بە تەواوەتی گۆڕا بوو مەککە بۆ گوناهەکانی خۆی فرمێسکی دەڕشت.

ڕۆژێک ئەو لە مەککە لەدایک بوو، مەککە لە چیدا دەژیا و ڕۆژێکش مەککەی بەجێهێڵا وای لە گەورەکانی قورەیش لەمە تێنەگەیشتن. ئەگەر چاویان بکردایەوە ئەوا دەیانبینی، بەڵام ئەوان نەیانبینی چونکە نەیانویست چاویان بکەنەوە هەر ئەمە بوو پێیان دەگوت کوێری.

ئەبوبەکر سەری لاردەکردەوە دەیگوت و نەیدەگوت، بیابان لەگەڵ تۆ دەریایە، غەریبی لەگەڵ تۆ نیشتمانە. ئەوان بۆ ئەوە دەڕۆشتن کە جیهانێک دروست بکەن کە بۆ ئەوە بشێت خەڵکی بۆ بانگەشە بکەن. هەرچەند هەمووی بیابان و درەختێکی بە پێوە وەستاو نەبوو، بەڵام پانتایی بەرین دوو سوارەکەی دەشاردەوە و بێترس هەنگاویان دەنا.

کاروان گەیشتە مەدینە و کافران لە بیابانەدا بە شوێنیاندا دەسووڕانەوە، وایانزانی دەتوانن ڕێ لە گەیشتنیان بگرن. ئەوان نەیانزانی چونکە ئەو هەر زوو لە مەککە و لە دونیای ئەوان دەرچوو بوو، هەر ئەو کاتەش لە ناو مەککە بوو لە

جیهانێکی دیکەدا دەژیا بۆ مەملەکەتێکی دی سەفەری کردبوو. ئەو بۆچێیەک ڕۆشتبوو کە شوێن نەبوو.

ئەو کاتەی لە ئانی عوروجدا چوو بووە دەرەوەی سارا و بیابان و هەموو بوون، وای لە نەزانی قورەیش ئەویان ڕێ نەدا بچێتە مەککەوە، ئەوان دڵی برینداریان جاریکی دیکە شکاند، ئەوان جەستەی بریندار و خوێناویان ڕێگری لێکرد بچێتە سەرزەوی پیرۆزەوە ئەوان نەیانزانی ئەو بۆ زەوییەکی پیرۆزتر ڕۆشت بۆ شوێنێک کە لە بنەڕەتدا شوێن نەبوو.

ئەو لە مەککە دەرچوو بوو، هێشتا گەورانی قورەیش سوارەکانیان لەم سەری بیابانەوە تا ئەو سەر تۆزیان بە شوێن خۆیاندا هەڵدەستان و خەڵاتیان بۆ بە دەستخستنی ڕادەگەیاند. ئەوان بەم کارانەیان ئەوەیان دەسەلماند کە ژیانی یەکتاپەرستی و پێغەمبەرایەتی ئەو لە ژیانی ئەواندا زۆر گرنگە و ناتوانن بێ ئەو بژین. هەمیشە وابووە مرۆڤەکان پێوەریان حەقە و بێ حەقیقەتیش ناتوانن بژین، جا یان بە شوێنکەوتنی یان بە دژایەتی کردنی، ئەوان ئەوەی دووەمیان هەڵبژاردبوو، بەو کارانەشیان ئەوەیان دەسەلماند.

موحەمەد کۆچی کرد، ئەم کۆچە کۆتا نەبوو، بەڵکو سەرەتا بوو، دەرکران نەبوو، بەڵکو گەڕانەوە بوو، ئیدی لەو شەوەوە مەککەی بەجێهێشت، ئەو سەفەری کردبوو، ئەو هیجرەتی کردبوو، هیجرەتێک گەڕانەوەی نەبوو، هیجرەتێکی ستوونی بوو. زەوی کە ئەوی لە باوەش گرت بوو شانازی بە خۆیەوە دەکرد هەنووکە کە جێ پێکانی لەناو چاوی خۆیەوە نەدەبینی قوواڵپی گریانی دەهاتێ و ئاسمانیش کە تۆزی قاچە ماندووەکانی ئەوی کردبوویە سورمەی چاوەکانی شانازی بە خۆیەوە دەگرت لێزمەبارانی ڕەحمەتی دادەباراند.

بیابانیش بەو مەزنی و گەورەییەی خۆیەوە شانازی بەو دوو کۆچەرەوە دەکرد کە بەسەر پشتی وشترەکانیانەوە بە هاتن و چوونی بە ڕیتمی ولاخەکانیان چاوی پشت دەمامکەکانیان بۆ دوور دەیڕوانی، ئەوا چەندین ڕۆژە

ئەم بیابانە پان و بەرینەیان گرتۆتەبەر، خۆر هەموو بەیانیەک کە ڕادەبێت سەیری ئەوە دەکات کە ئەم دوو سوارە تا کوێ گەیشتوون.

وشترەکانیش لە پێگەی گەورەکانیان دەگەن جارێک حوشترەکەی ئەبوبەکەر وەدوا دەکەوێت و دەبێتە سێبەری وشتری هاوڕێکەی و جارێک ترس دڵی دادەگریت و دەیەوێت پێشی بکەوێت، نەبادا لە پێشەوە بۆیان بێن و جارێک ئەملا دەکات و جارێکیش ئەولا، وەک بڵێی ئەم بیابانە فراوانە جێی ئەوی تێدا نابێتەوە بە وێنەی سوارەکەی دەیەوێت خۆی بە قوربانی وشترە هاوڕێکەی بکات.

ئەی مەدینە، پاشا و گەورەی تۆ وەخاکەراییەوە بەڕێوەیە و بۆ لای تۆ دێت، ئەو نەیتوانی لەوەی دەبوو ببێت خۆی بشارێتەوە ئەو نەیتوانی لە مەککە بینێتەوە ئەو دەبوو دەربکرێت ئەوان وەک مانگ و خۆر لە مەککە ئاوا دەبوون جارێکی دیکە لە مەدینە هەڵدەهاتن، کە لای کردەوە شاری مەکە جارێکی دی وەک دایکێک لە سکی خۆیدا هەڵی گرتبوو و پرسیارەکانی پێغەمبەر بۆ مەککەییەکانی دەووتوە

تەنها ئەوانیان لە شار دەرنەکرد، بەڵکو منداڵەکانیشان لە مەککە بە تەنها بەجێهێڵا، تا برسی و سوک و ڕسوا بن، لەوێدا نغرۆ بوو نەیزانی چەند سنووورانی بری، هەنووکە وەعدەی خودا دەهاتە دی، هەر زوو ئامۆزاکەی خەدیجە بەمی وت: کەسێک بۆ ئەوە بشێ ناوی پێغەمبەری خودای لێبنرێت،دەبێت بارگە و بنەی لە کۆل بنێت و بکەوێتەڕێ و شار و خزم و دوستانی بەجێ بهێڵێت.

ئەو مەککەی بەجێهێشت، بەڵام جێکەوتەکانی لە پاش خۆی لەو شارە بەجێما، ئەو کۆڵانانەی ئەو پێیاندا تێپەڕی بوون ئەو هەتیوانەی دەستی بەسەردا هێنابوون و ئەو پیرەژن و پیرەپیاوانەی لە بەردەرگای ماڵەکانی ئەوسای خۆیان و هەنووکەی منداڵەکانیان دادەنیشتن و ئەم سەلامی لێدەکردن، ئەو تیشکە کورتانەی خۆر کە بە تەوقی سەری مرۆڤیدا دەدا و جەستەی داماو دەسوتێنێت،

ئەو هەورانەش بە پڕتاو دێن و گیانی خۆیان دەکەنە ئاو و دایدەباڕێنێت تا موحەمەد لە تینی خۆری مرۆڤسۆز بپارێزن.

زەمەن نەیدەویست ببێتە ڕابردوو و ئەو کاتانە بپارێزێت. دوور لە ژیانی بتپەرستان و ڕیباخۆران و مرۆڤخۆرانی گەورەی قورەیش، ئەو پێکهاتە لە باوان نەکردانەی لەپڕ لەم شارە پیرۆزەدا پەیدا بوون و هەموو کونج و کەلەبەریان پڕ لە دار و بەرد و خورمای پەرستراوکرد و ناوی خوایان لێناون، لەتەک منداڵ و پیرە ژن و پیرەپیاو و کۆیلە و خەڵکی سادەی مەککە دەژیا.

موحەمەد و هاوڕێکەی لە مەککە کۆچیان کرد، بەڵام مەککە لە ڕۆحیدا نەسڕایەوە، بەڵکو جیهان بوویە مەککەیەکی گەورە. ئەو کۆچەی موحەمەد ڕەمزی سەفەری دیکە بوو. ئەو سەفەرەیان لەتەک هاوڕێکەی هەر ئەو جارە بوو و دەبڕایەوە، بەڵام سەفەرەکەی دیکە بەرەوام بوو و هەتا ڕۆژێک مرۆڤ لەسەر گوێی زەوی دەما ئەویش دەما، کۆچ تەنها یەک جار نەبوو، هەر وەک چۆن پێغەمبەرێتی موحەمەد بۆ یەکجار نەبوو و بەردەوام دەبوویەوە بە پێغەمبەر.

لەم بوونەدا هەموو شتێک لە سەفەردایە و بەردەوام لە گوزەردایە، هەموو بوون بێجگە لە خودا بەرەو کۆچی نەمان دەڕوات و لەبەر ئەوەی دواجار تەمەن کورتە و دەبڕێتەوە، نابێت بە کۆتا هاتووەکانەوە ببەستیتەوە ئەمە سەرەکیترین وانەی پەیامی موحەمەد بوو، بەڵام خزمانی خراپ لە مەککە لێی نەدەگەیشتن. ئەم بوونە دەڕوات و قیامەتی دوای ئەم پەیدا دەبێت.

ئەوەی ئێرە کە ئەوان خۆیان پێوە شەتەک داوە و لە پێناویدا ئازاری ئەوانی دیکە دەدەن، کۆتا وەرزی بوون نییە و وەرزی دیکەی بە شوێنەوەیە. پەیامەکەی ئەو لەو وەرزە بوومەلەرزە خولقێنە دەدوا و قیامەتی لەناو ئەوان هەڵدەستان، نابینیت قورئانەکەی ئەو لە شاری گوناە زۆربەی ئایەتی خێرا و گەرمی قیامەتن بە دابەزینی بەردەوامی ئەو ئایەتانە وەک ئەوە وا بوو پێیان بڵێ خۆتان لە ژێر ئالودەبوون بە دونیاوە ڕزگار بکەن و خۆیان بگەیەنن بەو

وەرزەیان کە بەهارە بە هەموو شادی و کانیاو درەوشاوەیی خۆیەوە یان کە هاوێنە و هاوێنێکی سوتێنەر کە بەر هەر شتێک بکەوێت دەیکاتە قەقنەس.

قیامەت وەرزێکی تری ئەم بوونەیە کە دێت و ئیتر هەموو شتەکان دەوەستن. کە هات ئەو دەمە حەسرەت دەکێشن دەڵێن: هات. ئێوە هەمووتان بۆ ئەو وەرزە دەچن هیچ لێرە نامێنێت، ڕەشەبا بە تەنهایی بە بیاباندا هەڵدەکات و قیامەت دێت، بیابان نامێنێ تا جێ پێکانی وشتری تیا دەرکەوێت، قیامەت دێت وەک وەرزێکی نوێی ژیان.

موحەمەد سوپاسی بیابانی دایک و خەدیجەی هاوڕێ و وشتری هاوسەفەر و ئەستێرانی ڕێنموونیکار و ئاژەڵانی دڵسادەی خۆراک بەخش و درەختانی بە باوەشی سێبەرەوە لە پێشوازیدا بوو دەکرد، لەو ئاژەڵ و مێروولانەی دەڕوانی کە لە ڕوانینیاندا پیرۆزی خیلقەتی دەبینی و ڕێگەکانیش کە بەسەر پشتیان بۆ شوێنی دوور دووریان دەبرد، ئەو زانی سەفەر تەنها ڕۆشتن بۆ شوێنی دیکە نییە.

ئەم پێغەمبەرایەتیە کۆڵێک نەبوو تا بیگەیەنێتە شوێنی خۆی و ئیتر بحەوێتەوە، ئینجا پشتی ڕاست بکاتەوە و بڵێ: ئۆخەی و ئیتر باشە ئێرەم باشە و ئیدی دەحەوێمەوە، تا ئەو ڕۆژەی مەککەی بەجێهێڵا، ئارامی نەگرت و دەستی بۆ هەر شتێک دەبرد دادەگیرسا، بە لای هەر شتێکدا تێدەپەڕی بۆی دەکرایەوە و ئیتر بۆی دادەگیرسا و بەجێی هێشتایە ئەوا سیس دەبوو و دەکوژایەوە.